
# له‌ ده‌وڵه‌تی كاهینی سۆمه‌ره‌وه



# به‌ره‌و شارستانیه‌تی دیموكراتیک

## به‌رگی یه‌كه‌م

عه‌بدوڵڵا ئۆجالان

عەبدوڵڵا ئۆجالان

# له دەوڵەتی کاهینی سۆمەرەوە
# بەرەو شارستانیەتی دیموکراتیك

بەرگی یەکەم

له ده‌وڵه‌تی راهیبی سۆمه‌ره‌وه‌ به‌ره‌و شارستانیه‌ته‌تی دیموكراتییانه‌

نووسه‌ر : عه‌بدوڵڵا ئۆج ئالان

وه‌رگێڕانی له‌ توركیه‌وه‌: لوقمان عه‌بدوڵڵا

چاپی یه‌كه‌م : شوباتی ٢٠٠٢

چاپی دووه‌م: ٢٠٠٤

چاپی سێیه‌م: ٢٠١٠

تیراژ : ١٠٠٠

چاپ : چاپخانه‌ی

ژماره‌ی سپاردن:

# ناوەڕۆك

پێشەکی.................................................................... ٩

## بەشی یەکەم

**کۆمەڵگای کۆیلەداری و پێشکەوتنی شارستانیەت..............................**

آ ـ سۆمەر: ئەو شارستانیەتانەی لە کەناری دیجلە و فورات لە دایك بوو........

ب ـ بە دەزگا بوون و رۆڵی مێژوویی شارستانیەتی سۆمەری..................

ج ـ ئەنجامە جێگیر و هەمیشەییەکانی شارستانیەتی سۆمەر................

د ـ پێشکەوتنی مێژوویی و کێشەی چۆنێتی پەلهاوێشتن و بڵاو بوونەوە.....

هـ ـ قۆناخی پێگەیشتن و بڵاو بوونەوەی شارستانیەتی کۆیلەداری............

و ـ سەردەمی دەوڵەت ـ شاری کۆیلایەتی رۆژهەڵاتی ناوین..........

ز ـ ریفۆرم و بەرخودان بەرامبەر شارستانیەتی کۆیلەداری.................

I ـ لە دایك بوونی ئایینی تاکخودایی و جێگەی لەنێو شارستانیەتدا

II ـ بەرخودانی پێکهاتە ئەتنیکیەکان و شارستانیەتی کۆیلەداری......

III ـ پێشکەوتنی بیری فەلسەفی و شارستانیەت

(پوختەی مێژوویی پێشکەوتنی رۆح و هزر) .................

خ ـ لوتکەی شارستانیەتی کۆیلەداری........................................

١ ـ شارستانیەتی گریك ..................................

٢ ـ قۆناخی رۆمای شارستانیەتی کۆیلەداری........................

٣ ـ دەرکەوتنی میدیا ـ پارس و جیابوونەوەی

ڕێبازی رۆژهەڵات ـ رۆژئاوا ......................................

ح ـ رووخانی شارستانیەتی کۆیلەداری.........................................

## بەشی دووەم

**سەردەمی شارستانیەتی دەرەبەگایەتی**.......................................

آ ـ ناسنامەی ئایدیۆلۆژی سەردەمی دەرەبەگایەتی........................

ب ـ ئیسلام وەك هێزی شۆڕشگێڕی سەردەمی دەرەبەگایەتی..............

ج ـ بە دەزگا بوون و پەلهاوێشتنی شارستانیەتی دەرەبەگایەتی...................

د ـ لوتکە و رووخانی شارستانیەتی دەرەبەگایەتی............................

ﻫ ـ لە جیاتی ئەنجام..............................................................

## بەشی سێیەم

**شارستانیەتی سەردەمی سەرمایەداری**........................................

آ ـ لە دایك بوونی شارستانیەتی سەرمایەداری و ناسنامەی ئایدیۆلۆژی............

ب ـ پێشکەوتن و بە دەزگا بوونی شارستانیەتی سەرمایەداری...................

ج ـ چاخی پەلهاوێشتن و لوتکەی شارستانیەتی سەرمایەداری....................

د ـ قەیرانی گشتی شارستانیەت و چاخی شارستانیەتی دیموکراتی...............

## بەشی چوارەم

**شوێن و کات و هەلومەرجی گەشە کردنی**

**ناسنامەی ئایدیۆلۆژی شارستانیەتی نوێ**

## بەشی پێنجەم

**ئایا نەریتی کلتووری رۆژهەڵاتی ناوین**

**دەتوانێ ببێتە سەنتێزی شارستانیەتی نوێ ؟**

"ئەم بەرگرینامەیە پێشکەشە بەو شەهیدانەمان کە
لە پێناو رزگاری گەلە خۆشەویستەکەیان و
ئەو جوگرافیایەی لانکەی لە دایکبوونی مرۆڤایەتییە،
قارەمانانە گیانیان بەخت کرد"

# پێشەکی

لە قۆناخی دادگایی ئیمرالیدا هەلومەرج وەهای پێویست دەکرد بە خێرایی رێ لەپێش ئەو توندوتیژییە بگیردرێت، کە لە ئەنجامی دەستگیرکردنی مـن لەمیانەی پیلانگێڕیەوە هاتە ئاراوە. بەمڕەنگەش دەرفەت نەدرێت ئامانجەکانی پیلانگێڕان و کۆڵەکەکانیان ئەنجامگیر ببێت. بۆیە ئەگەر بە شێوەیەکی سنوورداریش بێت، هەنگاونانێکی راست و بەجێ لەپێناو رەخساندنی کەش و هەوایەکی ئاشتی و شەرەفمەندانە پێویست بوو. هەڵوێستی هەرە کردارییانە ئەوە بوو بەرگرینامەکەم لەسەر بنەمای پێشخستنی ئاشتی و چارەسەری دیموکراتییانە بێت. هەرگیز پێویستە ئەوە لەبیر نەکرێت لەو هەلومەرجەدا کەش و هەوای سزادانێکی (لینجی) سیاسیانەی بێ دادگایی کردن سەپێنرابوو. مـن وای بۆ دەچم کە دەورووبەر و ناوەندە بەرپرسیار و واقیعبین و لۆژیکیەکانی تورکیاش لەژێر ئەو هەلومەرجەدا لە رەوشێکی وەهادابوون زۆر لەوە دووربوون دەرك بە چۆنیەتی پێشکەوتنی لۆژیکی ئەم پیلانگێڕیە بکەن، یاخود بۆ ئاراستەیەکی بەمجۆرەی پێشکەوتنەکان ئامادە نەبوون. دەتوانین بڵێین لە هیچ ئاستێکدا زەمینەی بڕیاردانێکی گونجاو لە ئارادا نەبوو، یاخود سنووردار بوو. بە

شـێوەیەکی سـەرەکی پیلانگێڕیەکـە لـە ئاسمانـەوە دیارییـەکی پێشـکەش بـەم شـۆڤینیزمە کـرد کـە گەیشتبووە ئاستی "**هستریا**"، بەمجۆرەش لە سەدەی بیست و یەکـەمـدا "**لەیستۆکی مەیدانی ئارانا**"ی ڕۆما ئامادە دەکرا، واتە نێچیر دەرخواردی شێر دەدرا. لێرەدا چڕبوونەوەی توندوتیژییـەکی کوێرانـە هاتە ئاراوە کە لـە دەرەوەی ئامانجـەکانی PKK و تەنانـەت دژی ئامانجەکانیشـی دەبـۆوە. چـەندە بـە ئێشـە و جێگـای داخـە تـەواوی ئەوانـەی دژ بـە یـەکتری بـوون باوەڕییـان بـەوە کردبـوو، یـان ناچـار کرابـوون، بـەمجۆرە تێبگـەن و پێویسـت ببیـنن کـە پـەیڕەوکردنی هێرشـی گیانبـازی بـە شـێوەیەکی دژوارانە، مافی بەرگری ڕەوایانە. لایەنی هەرە خراپی ئەم مەسەلەیەش ئەوە بوو لایەنەکان زۆر لـەوە دوور خرابوونـەوە لـە ڕاسـتینەی ئـەم پیلانگێڕییـە تێبگـەن. یـەکێك لـە خیانەتـە هـەرە مەزنـەکانی سەردەم خیانەتی ئەو کەسانە بوو کە تا ئێستاش خۆیـان بـە دۆسـت و ئـازادیخواز نیشـان دەدەن، لـەم سۆنگەوە کەسانی هەرە ستەملێکراو و خاوەن هەڵوێستی قارەمانانە بە شێوەیەکی بێ بەزەییانە لەنێو دەبردران و لەبیر دەکران. مەیدانیش بۆ ئەو خیانەتکار و نۆکەرانە دەمایەوە کـە لـە بۆسـەدا بـوون و لەڕابردووشدا بە بێ شومار بە زەمینەی بەمجۆرەدا تێپەڕ ببوون.

لە ڕاستیدا هەموو شتێك بە گوێرەی لەنێوبردنی من ڕێکخرا بوو. بە شێوەیەکی سەرەکی ئامانج پاکتـاوکردنی جەسـتەیی بـوو. ئەگـەر ئەمـەش پێـك نەهاتایـە، ئـەوا بێکاریگـەرکردن و لـەناوبردنی مەعنەوی ئامانج بوو. سەرەڕای ئەوەی سەبارەت بەم مەسەلەیە زۆر سەرقاڵی بیرکردنەوە بووم، بەڵام شیمانەی ئەوە ناکەم جیاواز لەمە ئامانجێکی دیکەیان هەبووبێت. پیلانگێـڕی هێنـدە قـووڵ و پـڕ لـە نهێنی بوو، کە بەڕاستی بۆ پووچەڵکردنەوەی پێویسـتی پێهـەڵگرتنێکی **مرۆڤایـەتی** وەهـا بـوو کـە لـە ئاستی **موعجیزە**دا بێت. هەموو شتێك بەگوێرەی چارەنووسێکی بێ بەزەییانەی وەها ڕێکخرابوو، کـە تـەواوی جیهـانی خسـتبووە نێـو هەڵوێسـتێکی دژ، تەنانـەت هـەڤاڵانم و دۆسـتانی هـەرە نـزیکیش بـە گوێرەی بیروباوەڕی و بەهای ئەخلاقییان، لە "**مردنێکی شەرەفمەندانە بەولاوە**"، ئومێدێکی دیکەیان نەبوو. ئەمە لۆژیـکی سـەردەم بـوو. لۆژیکی دۆست و دوژمنانیش بـەمجۆرە بـوو. ئەمـەش ئـەو خاڵـە بوو کە هەست و باوەڕیەکانی تەزاندبوو. هەموو شتێك منی مەحکومی تەنیایەکی ترسناك دەکرد. بە گوێرەی یاساکانی شەڕ گوللـەباران کـردن نـاتوانم بڵـێم سـزایەکی دوورە، سـەرەڕای ئـەوەی بـە مافێـك دادەنرێت، بەڵام ئەم مافـە بـۆ مـن ڕەوا نـەبینرا. شارسـتانیەت دەیخواسـت بـە شـێوەیەکی دیکـە تۆڵـە بسەنێتەوە.

مـن هـیچ کاتێـك لـەپێناو ناووبـانگ و قارەمـانێتی ڕۆڵـم نـەبینی و کـارم نـەکرد. هـەروەکو چـۆن خاوەن جەسارەتێکی کوێرانەی وەهاش نیم کە شیمانە دەکرێت، سەرباری ئەوەی داخوازیم ئـەوە بـوو

وه‌ك راستینه‌ی خۆم بناسریێم، به‌ڵام زۆر باش بۆم روون بۆوه‌ كه‌ ته‌نانه‌ت نزیكترین هه‌ڤاڵانیشم به‌ گوێره‌ی راستینه‌ی خۆم نامناسن. به‌ڵام تایبه‌تمه‌ندییه‌كم هه‌بوو كه‌ نه‌مده‌توانی خیانه‌تی لێبكه‌م؛ **ئه‌ویش ئه‌وه‌بوو كه‌ ده‌بوایه‌ درێژه‌ به‌ ره‌وشی ئه‌و منداڵه‌ بده‌م كه‌ خیانه‌ت له‌خه‌یاڵه‌كانی ناكات، هه‌ر بۆیه‌ خوداوه‌نده‌كانی شارستانیه‌تم نه‌ده‌ناسی و له‌نێو دام و ده‌زگاكانیدا نه‌ده‌توامه‌وه‌ و بۆ ژنه‌كانیان نه‌ده‌بووم به‌ پیاوی ماڵ.** دیالیكتیكی كه‌سایه‌تیم له‌ پێشكه‌وتنێكی به‌مجۆره‌ سه‌ركه‌وتبوو. زۆر له‌مێژبوو كێشه‌كه‌ ئه‌و سنووره‌ی تێپه‌ڕاندبوو كه‌ ناكۆكییه‌كی ئاسایی ناوخۆی توركیا بێت. ئه‌و پێگه‌یه‌ی كه‌ تێیدابووم ناچاری ده‌كردم رۆڵی پرۆمیتۆسی هاوچه‌رخ ببینم. هه‌روه‌كو چۆن له‌ خاچدانی من له‌نێو گاشه‌ به‌رده‌كانی ئیمرالی جیاوازییه‌كی ئه‌وتۆی له‌گه‌ڵ له‌ خاچدانی پرۆمیتۆسی ئه‌فسانه‌یی نییه‌ كه‌ له‌ چیاكانی قه‌فقاسیا له‌ خاچدرا، لێكچوونێكی چه‌نده‌ به‌ئێش و خه‌مگینه‌ كه‌ له‌ خاچدانی منیش له‌لایه‌ن نه‌وه‌كانی زیۆسی خوداوه‌ندی "**ئه‌سینا**"وه‌ ئه‌نجامدراوه‌.

مۆسكۆش كه‌ یه‌كێكه‌ له‌ ناوه‌نده‌ هه‌ڵبژێردراوه‌كانی شارستانیه‌ت، وه‌ك چۆن گه‌مه‌ی بێ هاوتا و چه‌په‌ڵانه‌ی به‌رامبه‌ر به‌ سۆسیالیزمی بونیادنراو ئه‌نجامدا، كه‌ ئومێدی ملیۆنه‌ها خه‌ڵك بوو، ئه‌وا سه‌باره‌ت به‌مه‌سه‌له‌كه‌ی منیش به‌ بێ هیچ شه‌رم و سڵه‌مینه‌وه‌یه‌ك له‌پێناو قه‌رزوه‌رگرتن له‌ سه‌ندوقی دراوی نێوده‌وڵه‌تی "IMF"، هه‌مان رۆڵی دووباره‌ كرده‌وه‌. له‌ڕۆماش گۆڕه‌پانی كلاسیكی كۆیله‌داری و لێكدانه‌وه‌ ورده‌كانی سه‌رمایه‌داری سه‌رده‌م هیچ به‌هایه‌كی یاسایی و ئه‌خلاقییان نه‌ده‌ناسی و هه‌موویان پێشێل ده‌كرد و به‌تیرۆرێكی سایكۆلۆژی سه‌رسووڕهێنه‌ر له‌پێناو پاراستنی كه‌رامه‌ت منیان ناچاری شه‌ڕێكی مه‌زن ده‌كرد. منیش ناچار ده‌بووم پێداویستییه‌كانی ئه‌م شه‌ڕه‌ جێبه‌جێبكه‌م. ئه‌سیناش به‌ شێوه‌یه‌كی هێنده‌ چه‌په‌ڵانه‌ باوه‌ڕی دۆستانه‌ی به‌كارهێنا كه‌ ته‌نانه‌ت گڵاوترین و پیسترین سۆزانیش خه‌یاڵی بۆ ناچێت و ناوێرێت ئه‌نجامیبدات، به‌مجۆره‌ش منی بۆ پایته‌ختی "**كینیا**"ی وڵاتی هۆڤان به‌ دیاری ده‌نارد. به‌مره‌نگه‌ چركه‌ دوای چركه‌ زیاتر رووی ره‌ش و ته‌ڵه‌كه‌باز و بێ هه‌ستی شارستانیه‌تی سه‌ده‌ی بیسته‌م ئاشكرا ده‌بوو كه‌ له‌ به‌رژه‌وه‌ندی خۆی به‌ملاوه‌ بیر له‌ هیچ شتێكی دیكه‌ ناكاته‌وه‌، منیش له‌ به‌رامبه‌ر ئه‌م راستینه‌یه‌ سه‌رم سووڕده‌ما. هه‌ر ئه‌م واقیع و راستینه‌یه‌ی لایه‌نی به‌رامبه‌ر بوو كه‌ هێزی به‌رپه‌رچدانه‌وه‌ی له‌ مندا به‌ربه‌ست كرد، ئه‌مه‌ش راست بوو. ئه‌گه‌ر ئه‌و ده‌وروبه‌رانه‌ی چاوه‌ڕوانی هه‌ڵوێستێكی جیاواز بوون، هه‌موو لایه‌نه‌كانی راستی تێنه‌گه‌ن و تا مۆخی ئیسقانیان هه‌ستی پێ نه‌كه‌ن، ئه‌وا ده‌رئه‌نجامی هزری و ئه‌خلاقی پێویست به‌ده‌ست ناهێنن.

هیچ کاتێك باوەڕیم بەقەدەر نەهێناوە. بەڵام ئەو چارەنووسەی هێزەکانی قەدەر بۆیان دیاری کردبووم، ئەوە بوو کە لەخاچی هاوچەرخی سەدەی بیستەمدا بە تەنیا و بە بێ دەنگی لەلێواری گۆڕەوە چاوەڕان بکەم. وەك داخوازییەکی واتادار و گەوهەری خۆم دەبوایە تا دوا تریپەکانی دڵم و تەنانەت تەواوی ئاستی وشیاریم لەخزمەتی **مرۆڤایەتی** بەکاربێنم و پاشان ئاراستەی ڕووداوەکانم بۆ ڕاستەڕێی سروشتی خۆی بەجێ دەهێشت.

له کاتێکدا پێناسەیەکی پوختەی دۆزی ئیمرالی بۆ ئەو کەسانە دەکەم کە دەخوازن لێی تێبگەن، ئاماژە بەوە دەکەم کە ئەوەی پێشم خستووە ڕەخنە و ڕەخنەدانێکی ڕووکەشی و چاوەڕوانکردنی شێوازێکی دیکەی ژیان و لێبوردن نییە. ئەو گۆڕانکارییانەی ئاراستەیەکی وەها بگرێت هەرگیز واتای گەوهەر و ژیانی من نابەخشێت. ڕەوش زۆر لەمە جیاوازترە و پێویستی بە دەرك پێکردنی ڕەسەنایەتی و تایبەتمەندێتی ئەم بوویەرە هەیە. لەبەر ئەوەی هیچ گومانێکم لەوە نەبوو کە هەڵوێستی ئاشتی و برایەتی لە گەوهەری قووڵی خۆمەوە هەڵدەقوڵێ، هەربۆیە بە بێ هیچ دوودڵییەك هەنگاوم بۆ هاوێشت و ڕێگام بەوە نەدا مەسەلەی هەڵوێستی سیاسی دەرکەوێتە پێش کە پێویست بوو نیشانبدرێت، هەروەها بە گوێرەی چاوەڕوانی ڕەوتە چەپڕەو و ڕاستڕەوکانی شارستانیەت هەڵوێستێکی توند و دۆگماتیکیانەم نیشان نەدەدا و خۆم نەدەکرد بە ئامرازێکی دەستیان. دەبوایە لێرە لە شکۆمەندی بگەڕێم و لەژێر فشار و نەفرەتی شارستانیەتی هاوچەرخ تێك نەشکێم. بەها و بایەخم بەهەر هەڵوێستێکی سیاسییانە دەدا کە بەڕاستەڕێی ئازادی و ئاشتییەکی شەرەفمەندانە و ژیانێکی برایانە و هاوبەشدا تێپەڕ ببوایە. هەروەکو چۆن هێندە باوەڕیم بە بەهای دوورگە سیاسییە جیاجیاکان نەدەهێنا و باش دەمزانی بە ئەندازەی ئەوەی شتێکی خەیاڵین، لەهەمانکاتدا ڕێگا لەپێش هەژاری و نەداری دەگەنەوە، هەربۆیە لە هەموو ئاستێکدا پێویست بوو لەسەر بنەمای ئازادی ڕا دەربڕین، بژاری یەکپارچەیی وڵات هەڵبژێرم. وەك ڕابردوو بە بێ ئەوەی بکەومە نێو هەڵوێستی جوداخوازی زۆرەملێیانە و یەکێتییەکی زۆرەملێیانە، دەبوایە بە پێودانگێکی تایبەت درێژە بەم هەڵوێستە واتادارەم بدەم.

ئەمەیە گەوهەری بەرگرینامەکانی ئیمرالی. ئومێدەوارم لەگەڵ بەسەرچوونی کات زیاتر دەرك بە بەها و بایەخەکەی بکرێت. ئەگەر توانیومانە ئەو تیرۆرە ڕاستەقینەیەی سەر تورکیا بوەستێنین کە وەك چارەڕەشییەك ببوو بە چارەنووسی، تا ڕادەیەك کۆسپمان خستۆتە بەردەم بەرژەوەندییەکانی زۆردار و بازرگانەکانی شەڕ و هەروەها توانیومانە لە ڕێگای دیموکراتییانە تێکۆشانی سیاسی واتادار و هەمیشەیی بکەین و چۆنیەتی پەیڕەوکردنی تێکۆشانی چەکداری لەسەر

بنەمای بەرگری رەوامان، نیشانی ئەو دەوروبەرانە دابێت کە ئاشتی ناخوازن، ئەوا ئەمە ئەو واتایە دەبەخشێت کە بووینەتە خاوەن هەڵوێستێکی مێژوویی وەها ئەو کەسانەی خاوەنی راستی و دادپەروەری و هەستی گەوهەرین، بەهاو بایەخی پێبدەن.

لەبەر ئەوەی باوەڕیم بەوە هێنا کە بەرگرینامەکەم گوزارشت لە بەهایەکی مێژوویی دەکات و بەرلە هەموو شتێك بە واتای بەرگرینامەی کلتووری رۆژهەلاتی ناوینە لە بەرامبەر رۆژئاوا و شارستانیەتی ئەوروپا, ئەوا لەهەمانکاتدا لەمیانەی پشت بەستن بە رۆشنکردنەوەیەکی راست سەبارەت بە مێژوو لە پلاتفۆرمێکی یاسایی دیموکراسییانەی گەردوونیدا نوێنەرایەتی کردنی گەلان بە ئەرکێکی خۆم دەزانم، ئەوا مافی پێشکەشکردنی بەرگرینامە بۆ دادگای مافی مرۆڤی ئەوروپا بەکار دێنم. هەروەها لەمیانەی بەرگرینامەکەم کە بەئاستی بەدیهێنانی مافی چارەسەرکردنی تەواوی کێشە کۆمەڵایەتییەکان گەیشتووە, ئامانج بەلاوەنانی گرێ کوێرەی سیستەمی ئۆلیگارشییانەیە کە لەگەڵ ئامانجی ئاواکردنی کۆماری تورکیادا ناکۆکە, ئەگەر بەشێوەیەکی سنوورداریش بێ ئەوا لەسەر بنەمای پشت بەستن بەرێگاچارەی ئاشتی و یەکێتی دیموکراسییانە هەڵوێستێکی بەمجۆرە بە هەڵە نابینم کە ئەم پلاتفۆرمە رۆڵێکی باش لەمەسەلەی ئەندام بوونی تورکیا لەیەکێتی ئەوروپادا ببینێت. ئەوروپا لەریزی پێشەوەدایە. ئەگەر بێت و ئاوێتەبوون لەگەڵ ئەو لایەنانە ئەنجام نەدەن کە بۆتە هۆی دەوڵەمەندی شارستانیەتەکەی, ئەوا ئەو کلتوورانەی رۆژهەلات و رۆژهەلاتی ناوین کە بەردەوام باوەڕیم بەگەوهەرەکەیان هێناوە دەرفەتی ئەوەیان نابێت بتوانن قەڵەمبازێك ئەنجام بدەن. هەروەکو چۆن قۆستنەوەی دەرفەتی هاوبەشی کردن لەبەهاکانی ئەوروپا لەپێناو بەرژەوەندی دادوەرانەی هێزە کۆمەڵایەتییەکان وەك لەقەڵەم دەدرێت، شتێکی سووك و بەکرێگیراوی نییە, ئەوا لەهەمانکاتدا دژایەتیکردنەکەی پێشکەوتنخوازی نابێت و شتێکی روون و ئاشکرایە لە پاشفەڕۆیەتییەکی کوێرانە بەولاوە هیچ واتایەکی دیکە نابەخشێت.

لەبەر ئەوەی ئەو هەلومەرجەی رێگای لەبەردەم دەستگیرکردنم کردەوە, ئەو لایەنانەی ئەوەیان ئەنجامدا هێزە دەسەڵاتدارەکانی شارستانیەتی هاوچەرخ بوون, هەربۆیە شتێکی روون و ئاشکرایە کە پێویست دەکات بەرگرینامەکەم بە گوێرەی ئەم راستینەیە پێشکەش بکرێت. ئاشکراکردنی گەلێك لایەنی بەسەرهاتی ئەوروپام کە گەلێك ئەزموونی تێدا بەدی دەکرێت, لە ریزی پێشەوە دێت. ئەگەر بێت و سەرچاوەی مەسەلەکە تەنیا بۆ راستینەی تورکیا و رۆژهەلاتی ناوین بگەرێنینەوە, ئەوا ناشێ تەواوی راستییەکان ببینین. بە ئەندازەی بینینی سەرچاوەی کێشەکە, ئەوا گەڕان بەدوای چارەسەری لەنێو راستینە و واقیعی شارستانیەتی ئەوروپادا زۆر گرنگە. هەر لەبەر ئەوەی گەلێك لەو

بزووتنەوانـەی بـەرزگاری نەتـەوەیی نـاوزەد دەکـرێن نەگەیشـتن بـەم ئاسـتە گشـتگیرییە, یـان ئـەوەتا بوونە دیلی ئەو رێگاچارانەی کە لەمێـژە ئـەوروپا تێپـەڕی کـردوون و ئێسـتاکە وەکـو زنجیر لـەپێیان ئالاوە, یان لەنێو قووڵایی سیاسەتی "**پەرتکە و زاڵ بـە**"دا دەخنکێن. بەئەنـدازەی ئـەوەی ماوەیـەکی درێـژە ئـەوروپا دیـاردەی لـەجۆری نەتەوەپەرسـتی و ئـایین پەرسـتی و دووربـوون لەدیموکراسـییەتی تێپەڕانـدووە و لەهەمانکاتـدا ئـیتر بـەدەزگابوونی نێـو دەوڵـەتی و ژیـان لەسـەر بنـەمای هەمـەڕەنگی کلتـوور و مـافی تاکەکـەس وەکـو سیسـتەمێکی دیموکراسـییانە خـۆی سـەلماندووە و بۆتـە بەهایـەکی هاوچەرخی گەردوونی. ئەم هەڵوێستە سەرەکییە شیکردنەوەیەك سـەبارەت بـە شارسـتانیەت دەکاتـە پێویستیەك.

خاڵێکی دیکەی گرنگیش ئەوەیە ئەو تراژیدیایەی سەبارەت بە کەسایەتی من هاتۆتە ئاراوە جگە لەوەی مەسەلەی تاکە کەسێك دەرباز دەکات, هەروەکو بە شێوەیەکی کرداریش دەرکەوتووە, گوزارشت لـە راسـتینەی گـەلێك دەکـات, واتـە راسـتینەی گـەلی کـوردە. پێناسـەکردنی راسـتینەی کـوردان بـە شێوەیەکی راست و دروست رێگا لەپێش ئەوە دەکاتەوە ئەو کێشەیەی هەر لـە ئێسـتاوە بۆتـە رۆژەڤـی ئەوروپا, بە شێوەیەکی راست دەستنیشان بکرێت. بەشێوەیەکی سەرەکیش ئەم دەستنیشان کردنـە بـۆ تورکیا خاوەن رۆڵێکی هێندە گرنگە کە چارەنووسی دیموکراسییەت دیاری دەکات. لەم چوارچێوەیەدا پێشـکەوتنی چارەسـەری دیموکراسـییانە لـەتورکیا رۆڵێکـی گرنگـی دەبێـت لەپێشخسـتنی چارەسـەری تەواوی کێشەکانی رۆژهەڵاتی ناوین, قەفقاسیا, ئاسیای ناوین, بەلقان. گرنگی و مـەزنی ئـەم کێشـەیە لەئاستی نێودەوڵەتیدا لـەم راسـتینەوە سەرچـاوە دەگرێـت. ئـەو هەڵوێسـتانەی تـاکو رۆژی ئـەمڕۆمان نکوڵی لەکێشەکە دەکەن یاخود بە پێچەوانەوە هەڵوێستی زێدە رۆیین و دەرفەتی چارەسەرییان نییـە و تـاوەکو رۆژی ئـەمڕۆمان بـەردەوام بـوو، هـەروەکو چـۆن کێشـەکە لـە رۆڵـە پۆزەتیفەکـەی دوور دەخاتەوە, لەهەمانکاتدا رێگا لەپێش ئەوە دەکاتەوە کە قەیران و بنبەستبوون قووڵ بێتەوە و درێـژە بکێشێت و بەردەوام بێت.

لـە رۆژگـاری ئەمڕۆمانـدا گفتوگۆیـەکی چـڕوپڕ سـەبارەت بـە مەسـەلەی کـورد ئـەنجام دەدرێـت, بێگومان لەبەر ئەوەی خاوەن رۆڵێکی گرنگین لە گەیشتنی کێشەکە بەم ئاستەی ئەمڕۆ, هەربۆیـە بـە بناخەگرتنی هەڵوێستێکی تێـر و تەسـەل و چارەنووسسـازانە بـۆ بەرگرینامەکـەم بایـەخێکی تایبـەت لەخۆوە دەگرێت.

لەم چوارچێوەیەدا ئەگەرچی بە شێوەیەکی زۆر قووڵیش نەبێت وەلێ شیکردنەوەیەکی مێژوویی خاڵە گشتیەکانی شارستانیەت دەکـەین, جگـە لـەوەی لەمیانـەی ئـەم شـیکردنەوە بـۆ نێـو سەرچاوەی

کێشەکە درێژ دەبینەوە, ئەوا بۆ چارەسەرکردنیشی پشت بە رێنومایییەکانی ئەم شیکردنەوانە دەبەستین. هەروەکو چۆن سیاسەتی نکوڵی و هەڵوێستە هۆڤێتی و شۆڤینییەکان دوور لە بەهای زانستین و کین و کاردانەوە لەخۆوە دەگرن, لەهەمانکاتدا نەیهێشتووە راستەڕێ دەستنیشان بکرێت و هۆکاری سەرەکی خراپی و زیانە هەرە مەترسیدارەکان بووە. بێگومان هێشتنەوەی کێشەکان رووبەڕووی رزین, پێویستە خراپترین شێواز بێت. لەوانەیە لۆژیکێکی تایبەتی بە لەنێوبردن هەبێت, بەڵام رزین هیچ لایەنێکی نییە کە بەهای لۆژیکی هەبێت.

هەروەکو چۆن لە کێشەی تەواوی ئەو گەلانەدا دەبینرێت کە دووچاری کێشە کۆمەڵایەتییە بنچینەییەکان هاتوون, ئەوا پێناسەکردنی راستینەی گەلی کورد و دەستنیشان کردنی نەخۆشییەکانی و دۆزینەوەی رێگا چارە بە شێوەیەکی راست و دروست, گرێدانێکی چڕوپڕی بەم شێواز و نزیکبوونەوەیە هەیە. لە قۆناخی دەرکەوتنی PKK دا جگە لە کاریگەرییە دۆگماتیکیەکانی ئەو سۆسیالیزمە بونیادنراوەی لەنێو کەم و کورتی دا بوو, لەهەمانکاتدا کاریگەرییە سۆزداریەکانی (عاطفي) نەتەوەپەرستی سەرەتایی بوونە هۆکاری سەرەکی ئەو بنبەستبوون و زیان و ئێش و ئازارانەی دواتر کە هاتنە ئاراوە, هەربۆیە جێبەجێکردنی ئەو ئەرك و تێکۆشانەی لەکاتی خۆیدا پێویست بوو ئەنجام بدرێ ئەگەرچی درەنگیش بێت و بوو بێتە هۆکاری ئەم هەموو ئازارانەی رابردوو, هەربۆیە ئەمڕۆ پێویستە هەرکەسێك بەگوێرەی هێزی خۆی ئەم ئەرکە جێبەجێ بکات. هەڵبەتە تەنیا ئەو کەسانەی خاوەن هێز و هەستی بەرپرسیارێتین دەتوانن وەڵامی پێویستییەکانی ئەم ئەرکە بدەنەوە.

ئەنجامدانی شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی سەبارەت بە هێڵە گشتیەکانی شارستانیەت لەم پێناوەدایە. دەشێ ئەمە بۆ چەندین گەل و کۆمەڵگاکانی دیکە یەکلا بووبێتەوە. چونکە تێکۆشانە مێژوویی و کۆمەڵایەتییە بەرفراوانەکانیان ئەم دەرفەت و تواناکارییەی خوڵقاندووە. بەڵام بۆ راستینەی کوردان پێویستییەکە و واتابەخش دەبێت. لە کاتی ئەنجامدانی ئەوە پێویست دەکات مێژوو بە بناخە وەربگیردرێت. ئەگەرچی بە شێوەیەکی پڕشنگدار و بە شێوەی هێڵی گشتی نەبێت، دیسان مێژوویەکی کوردان هەیە. لێرەدا بە بێ ئەوەی ئەم مێژووە رۆشن بکەینەوە, ناشێ لە رۆژگاری ئەمڕۆمان تێبگەین و ناتوانین ئەو راستییە دەستنیشان بکەین کە چۆن دووچاری بنبەست بوون هاتووە و چۆنیش چارەسەری بۆ بدۆزینەوە. کاتێك میتۆدی پێشکەوتنی مێژوو سەربکەوێت ئەوا هێزێکی بێ هاوتای چارەسەری دێتە ئاراوە و لەهەمانکاتدا رێگا لەپێش ئاسانکاری دەکاتەوە. تەواوکردنی رێنماییە مێژووییەکان لەسەر بنەمای قۆناخە بنچینەییەکان دەرفەت و تواناکاری ئەوە

دەرەخسێنێ کە لەڕۆژگاری ئەمرۆمان تێبگەین و شەوەزەنگ ڕۆشن بکەینەوە و ڕێنماییە دەوڵەمەندەکانی چارەسەری بەدەست بێنین. کاتێك دەرك بەوە بکرێت, هەم هەڵوێستە ئایینی و دەمارگیری نەتەوەپەرستی تا چ ڕادەیەك چاوەکانی کوێر کردووە و هەڵوێستە خەیاڵییەکانی لەیەك لایەنەوە مەزن کردووە, ئەوکاتە بایەخی مەزنی ئەم نزیکبوونەوەیە ئاشکرا دەبێت. لەلایەنێکەوە ئەم کارە هێندە درەنگ نەکەوتووە. کاتێك ئەم کێشەیە لەگەڵ کێشەی فەلەستین و کێشە هاوشێوەکانی بەراورد بکرێت, ئەوا دەبینین کە بەلاوەنانی بنبەستبوون و شانبەشانی ڕیشە ئایینیەکەی, دەستبەردان لەو شێوازە نەتەوەپەرستییەی کە چەندین سەدەیە بەسەختی بەردەوام دەکات جگە لەوەی دەتوانرێت بەهەنگاوێکی زوو دابنرێت لەهەمانکاتدا هەڵوێست و پێویستییەکی زانستی دیموکراسییانەی هاوچەرخە. بینینی نوێکاری لەشێوازدا لەلایەن هەر توێژ و دەزگایەکی پەیوەندیدار و ئەنجامدانی ریفۆرمی پێویست لەهەڵوێستەکانی, خاوەنی گرنگییەکی ژیانییە. پێکهاتە بەرفراوانەکەی قەیرانی تورکیا ئەمە دەکات بە ئەرکێکی لەپێشینە و دەست لێبەرنەدراو.

بێگومان یەکێك لە ڕەهەندەکانی پەیوەندییە مێژوویی و هەنووکەییە بە کاریگەرەکانی ڕاستینەی کورد, پەیوەندی **کورد ـ تورك**ە. بە بنەماگرتنی ئەم بوارەی پەیوەندی بە شێوەیەکی قووڵ و تێر و تەسەل پێویستییەکی ژیانییە. ئەگەر دەخوازرێت ئەو چارەسەرییەی بێتە ئاراوە لەسەر بنەمای پێکهاتەی یەکێتی وڵات و یەکێتی دیموکراسییانە بێت, ئەوا ئەم ڕەوشە دەبێتە هۆی بایەخدانێکی زیاتر بەشیکردنەوەی زانستی مێژووی پەیوەندییەکان. ئەو کەسانەی ناخوازن دان بەکێشەی کوردیشدا بنێن دەبێ ئەوەیان بە بیر بێنینەوە کە, با یەکێتی کۆمەڵگا و دەوڵەتە تورکیەکان لەژێر سایەی دەوڵەتێکی هاوبەشدا لەولاوە بمێنێت, تەنانەت هاوکارییەکی سنووردارییش پێویستی بەوە هەیە کە پێکهاتەی مێژوویی و ڕاستینەی ئەمرۆ بە شێوەیەکی ڕاست پێناسە بکرێت و ئەمەش وەکو مەرجێك خۆی دەسەپێنێ. لەڕۆژگاری ئەمرۆشماندا زۆر بەڕوونی ئاشکرا بووە کە هەڵوێستە سۆزدارییەکان ڕێگا لەپێش کین و کاردانەوە دەکاتەوە. ئەمە شێوازێکی هەڵە و ناتەواوە. هەربۆیە لەڕۆژگاری ئەمرۆماندا ئەنجامدانی ریفۆرمێکی دیموکراسییانە سەبارەت بەپەیوەندی کورد ـ تورك وەکو ئەرکێکی بەپەلە خۆی دەسەپێنێ و پێویست دەکات چۆنیەتی و لایەنە باش و خراپەکانی ئەم پەیوەندییە سەرلەنوێ هەڵسەنگێنرێت و سەر لەنوێ ڕێکخستن و ریفۆرم لەم بارەیەوە ئەنجام بدرێت. بێگومان ریفۆرم سەرچاوەی خۆی لەدینامیکیەتی ناوخۆوە دەگرێت؛ بەڵام ئەو تێڕوانین و باوەڕییەی , کە تورکیا خۆی بە پارچەیەکی ئەورووپا دەبینێ و داخوازی تەڤلیبوونی یەکێتی ئەورووپای هەیە, گرنگی مەسەلەکە دوو هێندەی تر زیاد دەکات. هەلومەرجی سیاسی ناوخۆ و

دەرەوە نەك ریفۆرم دەكات بە بارێك, بەڵكو دەرفەتی ئەوە دەكاتەوە كە لەو پێكهاتە قەیراناوییە مەزنە رزگاری بێت كە دووچاری هاتووە.

بەرگرینامەكەم لەو بەشەی كە تایبەتە بە PKK گرنگییەكی زیاتر لەخۆوە دەگرێت. ئەنجامدانی هەڵسەنگاندنێكی زانستییانە سەبارەت بە PKK نەك تەنیا بۆ ئەندامانی PKK و جەماوەرە بەرفراوانەكەی, بەڵكو بۆ ئەوانەش پێویستییەكە كە دژایەتی دەكەن و لەرەوشی ركەبەریدان. لە قەڵەمدانی PKK تەنیا وەكو تیرۆرێك, هیچ لایەنێكی چارەسەری لەخۆوە ناگرێت. بە پێچەوانەوەی ئەمەشەوە, ئەگەر بڵێین **"هەموو ئەو كارانەی ئەنجامماندداوە پیرۆزە"**, بەرەو هەڵەی مەزنمان دەبات. لە رۆژگاری ئەمڕۆماندا تەنیا بۆ واقیعی توركیا بەمجۆرە نییە بەڵكو دیاردەی PKK و كوردان لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناویندا راستینەیەكە لەگەڵ یەكتردا تێكەڵ بوون. ئەنجامدانی شیكردنەوەیەكی وردەكارانە سەبارەت بە PKK بە ئەندازەی رێ خۆشكردن بۆ پێشخستنی رەخنەدانێكی واتادار, لەهەمانكاتدا رێگا لەپێش ئەگەرەكانی رێگاكانی چارەسەری دەكاتەوە.

كاتێك باس لە PKK دەكرێت پێویست دەكات هەر دوو زاراوەی **"تیرۆر"** و **"جوداخوازی"** روونبكرێتەوە چونكە گرنگییەكی مەزن لەخۆوە دەگرێت و زیاتر كراون بە دوو رۆژەڤی سەرەكی. بێگومان پێویستە ئەو سەرچاوە مێژوویی و كۆمەڵایەتییەی كە ئەم دوو زاراوەیە پێیەوە گرێدراون باش ببینین و, هەروەها لەبەرچاو دەربازكردنی ئایدیۆلۆژیا و پراكتیكی شۆڕشە هاوچەرخەكان پێویستییەكە. شتی لەمە گرنگتر و مەرجی هەرە سەرەكی ئەنجامدانی هەڵسەنگاندن و شیكردنەوەیەكی زانستیانەیە سەبارەت بەو تیرۆرە سەپێنراوەی كە بەدرێژایی مێژوو پەرەی پێدراوە و بەشێوەیەكی هەمیشەیی و بەردەوام راستینەی كوردانی بەرتەسك كردۆتەوە. قەدەخەكردنەكانی تەنیا لە ئاستی ئابووری, كلتووری, كۆمەڵایەتی و سیاسی نەهێشتووە, بەڵكو هەڵوێستێكی تیرۆریستی وەها هەیە كە لە ئاستی دەستووری بنچینەییدا قەدەخەكردنی زمان رەوا دەبینێ و پیادە دەكات, هەربۆیە هەڵسەنگاندنی ئەم رەوشە هەم لەبواری سیاسی و سەربازی و هەم لەبواری یاسایی و دیموكراسییەوە پێویستییەكی ژیانییە. هەربۆیە پێشخستنی شیكردنەوە و روون كردنەوەی ئەو زاراوە و بیرۆكانەی لەلایەنی بەرامبەرەوە سەرچاوە دەگرێت, دەرفەت و زەمینە بۆ PKK دەرەخسێنێت, گرنگییەكی بەرچاوی هەیە. لەسەر ئەم بنەمایەش ئەنجامدانی روونكردنەوەی سیاسی و یاسایی سەبارەت بە زاراوە و بیرۆكەی لەجۆری سۆسیالیزم, سەربەخۆیی, ئازادی, دیموكراسی, نەتەوەپەرستی, توندوتیژی, تیرۆر, یەكپارچەیی, نەتەوایەتی, یەكێتی و جوداخوازی و دەستنیشانكردنی راستی و چەوتییەكانیان زۆر گرنگە. لەبەر ئەوەی PKK تا رادەیەك بەشی خۆی لەكاریگەری ئەم زاراوە و

بیرۆکانە وەرگرتووە, هەربۆیە دەستنیشانکردن و روونکردنـەوەی لایـەنی تیـۆری و پـراکتیکی PKK, رۆڵێکی گرنگی دەبێت لە گەیشتنی قۆناخ بە چارەسەرییەکی پۆزەتیفانە.

ئێستا ئەوە ئاشکرا بووە کە هەڵوێستی تاوانبارکردنی زێدەڕۆیی یاخود بە پێچەوانەوە هەڵوێستی خۆپاراستن، بە هیچ جۆرێك خزمەت بە چارەسەری ناکات. کاتێك هەڵسەنگاندن سـەبارەت بـە PKK پێشدەخرێت, ئینجا ئەمە چی لەناو خۆیدا بێت یان دەرەوە, بـە لایـەنی ئـەو یـاخود دژی ئـەو, دەبـێ تایبەتمەندێتی کێشەی کورد رەچاو بکرێت کە لەنێو ئێش و ئازار و هەلومەرجی تونـد و تیژیـدا قـاڵ بۆتەوە و لە زانست و لە پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و تەنانەت ڤەبوونی سیاسی بێبەش بووە, بـەردەوام فشار و قەدەخەی لەسەر پەیڕەو کراوە. ئەگەر پەیوەندی نێوان کار و کاردانەوە نەبینرێت, ئەوا ئـەو شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنانەی ئەنجام دەدرێت دوور لە راستی دەبێ و ئـەنجامی سیاسـی مەترسـیدار لەگەڵ خۆیدا دەهێنێ. ئەمەش گەوهەری ئەو هەڵوێستانەیە کە نەك تەنیا چارەسەری لەگەڵ خۆیـدا ناهێنێ بەڵکو بەرەو هەڵدێرمان دەبات و بنبەستبوون لەگەڵ خۆیدا دێنێ. بەلاوەنانی ئەم رەوشە لای من زۆر گرنگە. بە ئەندازەی ئەوەی بە بەرپرسیارێتییەکی مەزن پێداویستییەکانی جێبەجێ دەکەم, لەهەمانکاتدا بە ئەرکێکی مێژوویی دەزانم. چونکە ئەمە ئەرکێکی سـەختە و کەسـانی دیکـە نـاتوانن جێبـەجێی بکـەن. ئـەو هەڵسـەنگاندنانەی سـەبارەت بـە PKK دەکرێـت واتـادارە و رۆڵێکـی کاریگـەر لەدۆزینـــەوەی چارەســـەریدا دەبینـــێ و دەرفـــەت بـــۆ پێشخســـتنی رەخنـــەدانێکی پێویســـت و واقیعـــی دەڕەخسێنێ. هەروەکو چۆن هەڵوێسـتەکانی وەك مـەحکومکردنی رەهـا و تاوانبـاری کـردن, دەرفـەتی ئەنجامدانی وەرچەرخان کـەم و تەنگەبـەر دەکـات, لەهـەمان کاتـدا هێـز بـەو چـەمك و هەوڵوێسـتانە دەبەخشێت کە دۆگماتیکە و جەخت لەسەر بەردەوامکردنی شێوازی کۆن دەکاتەوە. کاتێـك پـراکتیکی ئەو هەڵوێستانە بێنینە بەرچاو کە بەرامبەر بـە مـەیلی لایەنـە چـەپڕەو و راسـت رەو و ئایینیـەکان, دەرگای سیاسەتی دیموکراسییانەی داخست و رێگای لەپێش خۆ دووبارەکردنـەوە و لەدەسـتدانی بـەها کردەوە, ئەوکاتـە گرنگـی و بایەخـداری ئـەم هەڵوێسـتەمان بـە شـێوەیەکی زەقـتر بـۆ ئاشـکرا دەبێـت. رەوشـی بـاڵابوونی ئـەوروپا لـەم بارەیـەوە بـۆ ئـەو سیاسـەتە دیموکراسـییانە دەگەڕێتـەوە کـە دوای ئەزموونێکی درێژخایەن پێی گەیشت و بە هەموو شێوەیەك دەرگای لەپێش هەموو جۆرە ئازادییـەك کـردەوە. باوەڕهێنـان و دەرفـەت دان بـە راسـتی ئـەم شـێوازە رێگـای هـەرە هاوچـەرخ و چارەسـەری کێشەکەیە.

دەسـت بـەردان لـە توندوتیـژی وەکـو شـێوازێکی چارەسـەری کێشـەی کـورد, ئەگـەر بەشـێوەیەکی سنووورداریش بێت, بەلاوەنانی سیاسەتەکانی فشار و نکوڵیکردن لەنزیکـەوە پەیوەنـدی بـەو ڤەبوونـە

گەوهەریــەوە هەیــە کــە ســەبارەت بــە بــژاری دیموکراســییانە هاتۆتــە ئــاراوە. هــەروەکو چــۆن قەدەخـەکردنی پـەروەردە و راگەیانـدن دەرهـەق بـە زمـان و کلتـوور زێـدەڕۆییترین شـێوازی تـیرۆرە, لەهەمانکاتــدا بــەردەوام بانگــەوازی بــۆ تــیرۆری بەرامبــەریش دەکــات. لــەنێو PKKدا توندوتیــژی تاڕادەیەك لەکۆنترۆڵ دەرکەوتوە و جار جار چەمکی پاراستنی رەوای دەرباز کردووە. ئـەم راسـتییەش زۆر بەباشی دەزانرێت کە لەرۆژگاری ئەمڕۆماندا ئەم رەوشە لەلایـەن هەنـدێ بزووتنـەوە گەیشـتۆتە ئاسـتێکی یـەکجار بـەرزی زێـدەڕۆیی. بەرامبـەر بـە رەوشـێکی بـەمجۆرە ئاگربەسـتی یەکلایەنـە و هێشـتنەوەی هێزەکـان لـە رەوشـی بـەرگری رەوا و دەرەوەی سـنوور, تاوانبارکردنـەکانی سـەبارەت بـە "**تیرۆریزم**"ی مایەپووچ کردۆتەوە. ئەو هەنگاوەی پێویستە بهاوێژرێت ئەوەیـە کـە ئـەو هەڵوێسـتانە پەیڕەو بکرێت کـە رێگـا لەبـەردەم فۆنـاخی دیـالۆگ و یـەکێتی دیموکراسـییانە دەکاتـەوە و رەوشـێکی بەمجۆرە بهێنرێتـە ئـاراوە کـە بـە تـەواوەتی دەسـت لـە چـەك بەربـدێت. پێویسـت دەکـات شـوێنگەی ئێستای PKK لـەم چوراچێوەیەدا هەڵسـەنگێنرێت و ئەمـەش دەرفـەتێکی بەبایـەخ دەرەخسـێنێ بـۆ ئەوەی رێگا لـەو پێشـکەوتنانە بگێردرێـت کـە لـە داهـاتوودا رێگـرتنی زەحمـەت دەبێـت. هێشـتنەوەی رێگای وەرچەرخانی دیموکراسییانە و یاسایی لەبەردەم PKK زۆر لەشێوازی قەدەخـە کـردن و لـەناو بردنی یەکجارەکی واقعییانـەترە و شانسـی پراکتیزەکردنـی هەیـە و رێگـای هـەرە راسـتی چارەسـەری سیاسیانەیە.

بـە بـێ ئـەوەی لـە بەرگرینامەکەمـدا دەسـت لـە نـەرمایی هەڵوێسـتێکی بـەمجۆرە بەربـدەم ئـەم چارەسەریەم وەکو بژار و شێوازێکی سەرەکی دیار کرد کە لەبەر چاوان بگیرێت. لەتەواوی رۆژهەڵاتی ناوین و لەنێو سنووری ئەو دەوڵەتانەی کە کێشەی کوردی تێدایە, لەجیاتی دووبارەبوونەوەی شێوازی پێکـدادانی جوداخـوازی ــ نەتەوەپەرسـتی, لەسـەر بنـەمای داننـان بـە مـاف و ئازادییـەکان یـەکێتی دیموکراسییانە و برایەتی گەلان و ئاشتیم وەکـو هەڵوێسـتێکی سیاسـی و واقیعیانـە دەستنیشـان کـرد. گـەلێك ئـەزموونی هاوچـەرخانە بوونەتـە گـەواهی ئـەو راسـتییانەی کـە جگـە لـەوەی پێکدادانـەکانی نەتەوەپەرستی تەسك رێگای لەبـەردەم بێچـارەیی کردۆتـەوە, لەهەمانکاتـدا ئەمـەش دەرکـەوتووە کـە تەنانەت لەو نموونانەی کە سیمای چارەسەریشیان پێوە دیارە گێروگرفت و کێشـەی خـراپتری لەگـەڵ خۆیدا هێناوەتە ئاراوە. بەرپرسیارێتییەکی مەزن بۆ ئەوە پێویست دەکات کـە نەهێڵـدرێت جوگرافیـا لەبارەکەی کوردستان بۆ شەڕ و پێکدادان بخرێتە نێو رەوشێك وەکو دووەمین ئیسرائیل ـ فەلەستینی لێ بێت. پێویست دەکات بەردەوام بژاری رۆژهەڵاتی ناوینی دیموکراسییانە وەکو ئامانجێکی سـتراتیژی لەبەرچاوان بگیردرێت.

قۆناخی دادگای مافی مرۆڤی ئەورووپا لەهەمانکاتدا دەرفەتی ئەوەمان پێدەدات کە تواناکاریـەکانی یاسا لەپێناو چارەسەری تاقی بکەینەوە یاخود بەکارهێنانی وەکو شانسێك بایەخدار بێت. پـەیمانی مافی مرۆڤی ئەورووپا کە تورکیاش بە شێوەیەکی یاسایی پێیـەوە گرێـدراوە جگـە لـەوەی کەسـێتی مـن پەیوەندیدار دەکات, لەهەمانکاتدا رەوشێکی گشتی دێنێتە بەرچاوان. هەر سێ مافە سەرەکیەکانی کـە نەتـەوە یـەکگرتووەکان پەسـندی کـردووە واتـە مـافی تاکـە کەسـی, مـافی مـەدەنی و مـافی ئـابووری و کۆمەڵایەتی, ئەوا لەلایەن پەیمانی مافی مرۆڤی ئەورووپا بە شێوەیەکی بەرفراوانتر هەبوونی ئازادانەی کلتـوور و گـەلان دانـی پیـانراوە و جێبـەجێکردنی پێویسـتیەکانی بەسـەر تـەواوی ئەنـدامانی خـۆی کردۆتە ناچاریەك. ئیتر گەلێك لەو دۆزانەی بردراونەتە دادگای مـافی مرۆڤـی ئـەورووپا ئـەوە دەکەنـە ناچارییەك کێشەکە بە شێوەیەکی ریشەیی بگرنە دەست, واتە لەگـەڵ ئـەوەی کـە مەسـەلەی کەسـێتی تێپـەڕ دەکـات, لەهەمانکاتـدا ئـەوە دەکاتـە پێویسـتیەك کـە بگاتـە پێوانەیـەکی یاسایی. ئـیتر بڕیـاری جیاجیا سەبارەت بە هەزاران دۆزی یەك لەدوای یەك واقیعی و گونجاو نییـە, لـەم پێنـاوەدا پێویست دەکات و بۆتە ناچاریەك کە پەرلەمانـە نەتەوەییـەکان دان بـە یاسـایی بـوونی ئـەم بڕیارانـە دابنـێن. تورکیـا تاکـە ئەنـدامی کۆنسـەی ئەورووپایـە کـە ئـەو داواکاریيانـەی کەوتۆتـە سەرشـانی, لـە سـەرووی هەمووشیانەوە ماددەی سەبارەت بە مافی ژیانی, جێبەجێ نەکردووە. تەنانەت لە قۆناخی بەرئەندامی لـە یـەکێتی ئـەورووپاش پێویسـتی و داواکارییـەکانی پێوانـەکانی کۆپنهـاگنی جێبـەجێ نـەکردووە کـە رێگاخۆشکەرە بۆ گەیشتن و پێکهێنانی پەیمانی مافی مرۆڤی ئەورووپا.

چاوەڕوانی دەکرێت دۆزی تایبەت بە کەسێتی مـن کارێگـەرێتی لەسـەر خێرابـوون بکـات. ئامـاژە بەوەش دەکەم کە ئەگەر تورکیا ئامادە بێت و بخوازێت, ئەوا من بۆ چارەسەرییەکی دۆستانە کـراوەم. ئەو لایەنەی بەرگرینامەکەشـم بـە شـێوەیەکی راسـت و بـەجێ دەرفـەت و رۆڵـی یاسـا لـە پێشخسـتنی چارەسـەرییەکی سیاسـییانە هەڵدەسـەنگێنێ. بـە کـورتی لـە بەرگرینامەکەمـدا ئـەوە بـە بایەخـداری دەبینرێت لەجیاتی ئەو شێوازە سەربازی و سیاسـییە دژوارانـەی بـە شـێوەیەکی بـەربڵاو لـە رابـردوو بەکار دەهێنـرا, لـە چوارچێوەی پێوانـەکانی دەوڵـەتی یاسـایی دیموکراسـییانە دەرفـەت بەچارەسـەری بـدرێت؛ بەرگرینامەکـەم بـەو هیوایـە پێشـخراوە کـە تورکیـا بـە هەڵوێسـتێکی بەرپرسـیارانە ئـەم پێداویستییەی خۆی هەڵسەنگێنێ و چارەسەری دۆستانە بەرفراوان بکات و دەرگا لەبـەردەم دیـالۆگی سیاسی ئاوەڵا بکات. تاوتوێ کردنێکی تێر و تەسەلی رەوشی کەسێتیم وەکو ئەرکێکی مێژوویی بـینی. هەرچـەندە بـە زمـانێکی ئـەدەبی بێـت و لـە دەرەوەی داخوازیـە تەکنیکییـەکانی دادگـا بێـت بـەڵام باسـکردنی هەنـدێ بوویـەر لـەپێناو رۆشـنکردنەوەی بنـەما شـاراوەکانی دۆزەکـە ئەرکێکـە نـاتوانین

بەلاوەی بنێین. نەك تەنیا پێشێل کردنی یاسای نێودەوڵەتی بەڵکو بنپێکردنی گەلێك بەهای ئەخلاقی ناچاری کردم کە بە شێوەیەکی زۆر قووڵ بەرگرینامەکەم بگرمە دەست. ئەوەی لە رەوشی کەسێتی مندا دەبینرێ تەنیا تراژیدیایەکی ئەم قۆناخەی گەلی کورد نییە. تەنیا لە رێگای روونکردنەوەی بەرفراوان و هەمەلایەن دەتوانرێت ئەو تەنیاییە سەرسووڕهێنەرەی مێژووی رەش و بەردەوام بوون بە ئامرازی پیلانەکان و ئەنجامدانی خیانەتە بێ هاوتاکان رۆشن بکرێتەوە. لێرەدا ئامانج ئەوەیە هیچ نەبێت ئیتر لەمە بەولاوە سنوور بۆ ئەم تراژیدیایە دابنرێت و راستەڕێی پێشکەوتنی هاوچەرخ بگیردرێتە بەر. دەشێ ئەم بەشە وەکو پوختە و بەشی کۆتایی بەرگرینامەکە هەڵبسەنگێندرێت.

دەشێ ئەو بەرگرینامەیەی لەسەر بنەمای ئەم پێشەکییە پێشم خستووە گەلێك کەم و کورتی لەخۆوە بگرێت. جگە لە نەبوونی هەندێ پێداویستی سەرەکی لەهەمانکاتدا کاریگەری خراپی رەوشی تەنیایی سێ ساڵەم لە ئیمرالی لەسەر زمان و بیرم (ذاکرة) هۆکارێکی گرنگە. بەڵام لەبەر ئەو ئەزموونانەی لە پراکتیکە دژوارەکانی رابردووم وەرگرتووە و هەروەها لەبەر ئەوەی باوەڕیم بەوە هەیە ئاستی ئەو قاڵبوونەوەیەی پێی گەیشتووم, خزمەت بە دەورووبەرە پەیوەندیدارەکان دەکات, بۆیە بۆ ماوەیەکی درێژە یەکەمجارە دەنووسم و هەوڵمدا ئەم ئەرکە جێبەجێبکەم.

## به‌شی یه‌که‌م

# کۆمه‌ڵگای کۆیله‌داری و پێشکه‌وتنی شارستانیه‌ت

# کۆمەڵگای کۆیلەداری و پێشکەوتنی شارستانیەت

کێشەی کورد کە گەوهەری دۆزەکەی من پێکدێنێ خاوەنی راستینەیەکی کۆمەڵایەتی بەمجۆرەیە کە لەناوخۆیدا بێشومار دووچاری قۆناخەکانی پەرتەوازەبوون هاتووە. ئەم راستینەیەش هەر لەسەردەمی دەرکەوتنییەوە تاوەکو رۆژگاری ئەمڕۆمان لەنزیکەوە گرێدراوی پێشکەوتنەکانی راستەڕێی شارستانیەت و پەیوەندی و ناکۆکییەکانییەتی. ئەو هەڵسەنگاندن و شیکردنەوانەی بەگوێرەی پێودانگە هاوچەرخەکان سەبارەت بە پێکهاتە نەتەوەیی و چینایەتییەکان دەکرێت,

تواناکاری و دەرفەتی ئەوە نادات بە تەواوی دەرك بە راستینەی کوردان بکرێت. هەرچەندە لەم چوارچێوەیەدا هەندێ هەڵسەنگاندنیش ئەنجام بدرێت, ئەوا دوور لەواقع دەبێت و ئەنجامی سیاسی ئەوتۆ دێنێتە ئاراوە ناتوانرێ دەستبەرداری لێبکرێت و گەلێك هەڵە و کەموکورتی لەخۆوە دەگرێت. تەنانەت کێشەکە سنوورەکانی رۆژهەڵاتی ناوینی دەرباز کردووە, جێگرتنی لەنێو رۆژەڤی وڵاتە هاوچەرخەکان لە سەرووی هەمووشیانەوە ئەوروپا, ئەم راستینەیەی کردۆتە ناچارییەك کە کێشەکە لەسەر بنەمای بەرفراوانی مێژووی شارستانیەت تاوتوێ بکرێت. ئەگەر بێتو بەشێوەیەکی راست و دروست ئەو بنەمایانە پێناسە نەکرێت کە کێشەکە پشتی پێدەبەستێت, ئەوکاتە کۆسپ دەخرێتە پێش ئەوەی ئەنجامی یاسایی راست لەگەڵ خۆیدا بێنێ.

پەیمانی مافی مرۆڤی ئەوروپا و دادگای مافی مرۆڤی ئەوروپا دوو دەزگای یاسایی دیموکراسییانەن کە شارستانیەتی ئەوروپا لەم قۆناخانەی دواییدا پێشی خستوون. راستینەیەکی حاشا هەڵنەگرە کە نوێنەری هەڵبژاردە و هەرە باڵای شارستانیەتی ئەم قۆناخە، بە گوێرەی پێوانەی بەهاکانی ئەوروپا دەستنیشان دەکرێت. کوردان، کە لە رۆژگاری ئەمڕۆماندا بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان لە رەوشێکی زۆر تایبەتیدا لە دەرگای ئەوروپا دەدات, لە راستیدا سەرچاوەی سەرهەڵدان و لەدایك بوونی ئەم شارستانیەتەن. ئیتر دایکێکی بەساڵاچوو, دادپەروەری لەو نەوانەی خۆی چاوەڕوان دەکات کە بەهەزاران ساڵە لەلانکەی خۆیدا مەزنی کردن و ئەمڕۆ وایان لێهاتووە دایکی خۆیان نەناسن. ئایا دان بەمافی ئەم دایکەی شارستانیەت دادەنرێت؟ کێشەکە بەمجۆرە بووە بە گرێکوێرە. هێزی بە کۆمەڵگابوون و هێزی تاکەکەسێتی بوون رووبەڕووی یەکتر بوونەتەوە. جوگرافیاکانی رۆژهەڵات, رۆژئاوا, ئاسیا, ئەوروپا, ئەنادۆڵ, یۆنان سیناریۆی پشت پەردەی ئەو شانۆگەرییەی رووداوی ئیمرالی پێکدەهێنن.

ناتوانرێ نکوڵی لەوە بکرێت و تەنانەت ئەگەر مرۆڤێکی زۆر ئاسایی بە وشیاری تەماشای مەسەلەکان بکات, ئەوا دەپرسێ کێ بوون ئەوانەی ئەم شانۆگەریە یاساییەیان نووسی, چۆن رۆڵە سەرەکییەکان دابەش کران, ئەکتەرە سەرەکی و لاوەکییەکان کێ بوون و خواستیان پەیامێکی چۆن بدەنە بینەرەکان؟ دوای پرسیارکردنیش بەدوای وەڵامی پرسیارەکانیدا دەگەڕێت. لێکۆڵینەوەی دۆزەکەم لەچوارچێوەیەکی تەسك و مەسەلەیەکی تاکەکەسی لەلایەن دادگای مافی مرۆڤی ئەوروپا مەترسی ئەوەی لێدەکەوێتەوە کە گەلێك راستی رەچاو نەکرێن و ببێتە پەردەی کۆتایی شانۆگەرییەکە. ئەگەر بێتو لەم دەزگا تایبەتانەی یاسای دیموکراسییانە, دادگا و بڕیارێکی دادوەرانەش بەرێوەنەچێت, چونکە ئەم دەزگایانە بەرهەم و دەرئەنجامی کاردانەوەی پێشکەوتنێکی

خوێناوی و بەئێش و ئازاری مێژوویین, ئەوا دیسان لەبەر ئەوەی باوەڕیم هەیە کە دەرفەت بە ئەنجامدانی هەڵسەنگاندنێکی ئازادانە دەدات و بۆ ئەوەی ئەم دادگایە نەبێتە پەردەی دوایی شانۆگەرییەکە، رۆشنکردنەوەی ئەو مێژووە رەش و خوێناوییە بە ئەرکێکی سەرەکی خۆم دەزانم. دەخوازم ئاماژە بەوە بکەم کە ئەو هەڵسەنگاندنانەی بەشێوەی چەند بەشێکی سەرەکی بەئامانجی پێشخستنی بەرگرینامە پێشکەشی دەکەم, دەخوازم ئاماژە بەوە بکەم کە بەهۆی ئەو لاوازییەی (ذاکرة) کە لە ئەنجامی بەتەنیا مانەوەم لەژوورێکی تاکەکەسیدا هاتۆتە ئاراوە، دەشێ بەرگرینامەکەم هەندێ کەم و کورتی لەخۆوە بگرێت. لەبەر ئەم هۆکارانەیە کە دۆزی مێژوویی, ئەنجامدانی هەڵسەنگاندن و شیکردنەوەی مێژوویی دەکاتە پێویستییەك. بۆ ئەوەی ئەم دۆزەی، کە لە ئەنجامی ئێش و زیانی مەزن دەرکەتۆتە مەیدان ببێتە ئەزموونێکی سوودبەخش و پێویست بۆ هەموو کەسێك, پێویست دەکات بەرپرسیارەکان بە شێوەیەکی سەرکەوتووانە ئەرکی روونکردنەوەی مەسەلەکان جێبەجێ بکەن. هەر ئەمەش پێویستی و شایستەی دۆزی مێژووییە. تا چ رادەیەك ئەم ئەرکە بە شێوەیەکی واتادار جێبەجێ بکرێت, ئەوا بەو ئەندازەیەش خودی دۆزەکە شایستەی تایبەتمەندێتی مێژوویی دەبێت.

## آ ــ سۆمەر: ئەو شارستانیەتەی لە کەناری دیجلە و فورات لە دایك بوو

تەواوی بەشەکانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان لە سەرووی هەمووشیانەوە زانستی خوداناسی و نەژادناسی و شوێنەوارناسی لە ئەنجامی ئەو لێکۆڵینەوە بەرفراوانانەی ئەنجامیانداوە, ئاماژە بەوە دەکەن کە سۆمەریەکان خاوەنی یەکەم شارستانیەت و کۆمەڵی خاوەن دەوڵەت و مێژووی نووسراوەن. ئەگەر بێتو ئەوە رەچاو بکەین کە بۆ ماوەیەکی درێژخایەن خودی مێژوو و دام و دەزگاکانی سەرخان و ژێرخانی کۆمەڵگای دەوڵەتی بەڕاستینەیەکی لێکچوو لەقەڵەم دەدرا, ئەوا زێدە رۆیی نابێت ئەگەر بەگەورەترین پێشکەوتنی مێژوو دابنرێت. بەدەوڵەت بوون بەلایەنە باش و خراپەکانییەوە بەقەڵەمبازێکی مەزنی مێژووی مرۆڤایەتی دادەنرێت. لە رۆژگاری ئەمڕۆشماندا دەوڵەت وەك ئامرازێکی بە کۆمەڵگا بوون و گشتگیرترین دەزگا, لەسەر بنەمای هێڵە گشتییەکانی سەردەمی لەدایك بوونی، درێژە بەهەبوونی خۆی دەدات. دەوڵەت شێوەی ئەو باڵادەستییەیە کە کراوەتە سەر بەرهەمە

جیاوازەكانی رەنجی مرۆڤ. هەربۆیە ناسینی سۆمەریەكان، بە واتای ناسینی خۆمان و رۆژگاری ئەمڕۆمانە. ئەگەر سۆمەریەكان نەدۆزرابانەوە, ئەوا شانبەشانی لەبیركردنی سەرچاوەی شارستانیەتی دایك, خۆشمان لەبیردەكرد و نەماندەتوانی بەشێوەیەكی راست و دروست دەست بە لێكۆڵینەوە و نووسینەوەی مێژوو بكەین. لەبەر ئەم هۆكارەشە كە سۆمەریەكان بەواتای رابردوومان دێت, بە ئەندازەی رابردوومان وەكو دوێنێ لێمان نزیكە. لە رەوشێكی بەمجۆرەدا دەبێ بپرسین چۆن سۆمەر ئاواكرا و كام دەزگای سەرەكی شارستانیەت لەخۆوە دەگرێت؟ ئەو لێكۆڵینەوە مێژووییانەی ئەنجامدەدرێت رۆژ لەدوای رۆژ بەشێوەیەكی بەرچاو وەڵامی راستی ئەم پرسیارانە دەداتەوە.

بێگومان هەبوونی پێشكەوتنی كۆمەڵایەتی بەر لەقۆناخی بەدەوڵەت بوون, بووە زەمینەیەك بۆ كۆمەڵگای دەوڵەتی. بەگوێرەی پەیڕەوكردنی بیرۆكەی زانستی مرۆڤناسی ئەوە سەلمێنراوە كە پریمیتە بەراییەكان ــ واتە یەكەمین باپیرە گەورەی مرۆڤ كە مەیموونە ــ شەست ملیۆن ساڵ بەر لەئێستا پێكهاتوون و بیست ملیۆن ساڵ بەر لەئێستاش لەئەنجامی هەلومەرجی سروشتی ژینگە لەمیانەی ئامێری سەرەتاییەوە ئەوجۆرە لە ئەفریقیا پێشكەوت كە لەسەر هەردوو پێی دەوەستێ. لە ئاكامی ئەنجامدانی لێگەرین و وردبوونەوە لە پاشماوەی داڕووخانەكانی جوگرافیای رۆژهەڵاتی ئەفریقیا, دەریای سوور, دەریای سپی سەلمێنراوە كە سێ ملیۆن ساڵ بەر لەئێستا لێشاوی كۆچ و بڵاوبوونەوەیەكی گرنگ لە ئارادا بووە. ئەوە دەبینرێت كە بە درێژایی نزیكەی یەك ملیۆن ساڵە رۆژهەڵاتی دەریای سپی و كەوانەی تۆرۆس ــ زاگرۆس ــ بە گوتنی مێژوو نووسەكان هیلالی زێڕین (الهلال الخصیب) ــ بوونەتە جێگای چڕبوونەوەی ژمارەی دانیشتووان. لێرەدا ئەو تواناكاری و هەلومەرجە رەخساوەی لە ئەنجامی رەوشی جوگرافیا و هەبوونی دانەوێڵە و ئاژەڵی جۆربەجۆر دەرەخسێت, رۆڵێكی سەرەكی دەبینێت. ئەو نیشتەجێیانەی كە ژمارەیان یەكجار زیادبووە, لەم جوگرافیاییەوە بەهەر چوار لای جیهاندا بڵاو دەبنەوە. هەبوونی ئەم تایبەتمەندێتیە بە شێوەی بۆماوەیی (GENATIK) لە مرۆڤەكانی ئاسیا و ئەوروپای رۆژگاری ئەمڕۆماندا سەلمێنراوە. هیلالی زێڕین بە تایبەتیش نێوانی هەردوو رووباری دیجلە و فورات كە ناوە مێژووییەكەی میزۆپۆتامیایە, خاوەنی رۆڵێكی سەرەكی و درێژخایەنە لە پێكهاتنی كۆمەڵگای كۆمۆنەی سەرەتایی. لەگەڵ دەستپێكردنی كۆتایی هاتنی قۆناخی بەستەڵەكی لە بیست هەزار ساڵ بەر لەئێستا و جێگرتنەوەی كەش و هەوای فێنك و باراناوی لەجیاتی ساردی و وشكایی, ئەوا لەساڵانی نێوان دوانزدە تا بیست هەزار ساڵ بەر لەئێستا, رێگای لەبەردەم پێشكەوتنی كۆمەڵگای مەزۆلیتیك كردەوە. بە شێوەیەكی

بـەربلاو لەناوچـەکەدا راسـتی پاشمـاوە و بەڵگـەی سـەبارەت بـە کۆمـەڵگای چـاخی بـەردینی نـاوین (مەزۆلیتیك) دێت.

لەبەر ئەوەی پێشکەوتنە کۆمەڵایەتییەکان لەنزیکەوە پەیوەنـدی بەکـەش و هـەواوە هەیـە، ئـەوا ئەو وشکاییەی نزیکەی دە هەزار ساڵ بەر لەئێستا لـەناکاو هاتـەئاراوە، لـەجیاتی شـێوەی پێشـکەوتنی نێچیرکردن و کۆکردنەوەی بەروبووم، رێگای لەپێش ئەم قۆناخە کردەوە کە لـە مێـژوودا بـە شۆڕشـی نیۆلیتیك دەناسرێت. تاوەکو ئێستا لەبەشی سەرووی دیجلە و فورات دا پاشماوەی کۆمەڵگای نیۆلیتیك وەکو مێژووی کۆن دەبینرێت. دەشێ گەوهەری شۆڕشی نیۆلیتیك وەکو شۆڕشی لادێ پێناسە بکرێـت، کـە لەسـەر بنـەمای دەسـتپێکردنی کشـتوکاڵ و مـاڵیکردنی ئـاژەڵ هاتۆتـە ئـاراوە. ئـەو لێکۆڵینـەوە ئەرکۆلۆژیانەی لە ئەنجامی هەڵکەندنی شوێنەوار لـە ناوچـەکانی دیاربـەکر ـ ئـەرگانی چـای ئۆنـۆ ـ چـەمێ کۆتەبـەر و باتمـان ـ چـەمێ خـەلان و ئورفـە سـیڤەرەك ـ نەوالاچـۆری، کـراون، مێـژووی نیشـتەجێبوونی بەکۆمـەڵ بـۆ دە هـەزار سـاڵ پ.ز دەگەرێننـەوە. ئـەو لوتکـە و گردۆڵکانـەی لـەخاك پێکهاتوون و دەکەونە نێوان رووباری دیجلە و فورات، یەکەمین گوندەکانی شۆڕشـی نیـۆلیتیکی لـەژێر خۆی حەشارداوە. بەکوردی گوند بە واتای لادێ (KOY ـ بە زمانی تورکی) دێت. ئەمەش بە زمـانی لۆییەکان کە کۆنترین گەلی ئەنادۆڵە واتای "وڵاتی شوێنە بـەرزەکـان" دێـت. سـەرەتـا ـ **گونـدوانـا** ـ یـە دوایـی دەگـوترێـت **کوردیـان** و دواتـریـش بـە گـوێـرەی زاراوەی سـەلجوقـیـیـەکانـی ئـێـران ـ **کوردستان** ـ ی پێدەگوترێت. لەبەشـی تایبـەت بـە مێـژووی کوردسـتان، دەتوانرێـت لێکۆڵینەوەیـەکی بـەرفراوانتر سـەبارەت بـەم بابەتـە بکرێـت. ئـەو گردۆڵانـەی لـە رۆژگـاری ئەمرۆشمانـدا بـەردەوام دەیبینین، بە شێوەیەکی روون و ئاشـکرا نیشـاندەدات کـە بـە شـێوەیەکی قـووڵ و بـەرفراوان شۆڕشـی نیۆلیتیـك لـەم ناوچـەیە بەرێوەچووە. تـاوەکو ئێسـتا لـەهیچ شـوێنێکی جیهـان شـوێنەوارێکی کـۆنی بەمجۆرەی نیشتەجێبوونی بەکۆمەڵ نەدۆزراوەتەوە.

هـەروەکو چـۆن کۆمـەڵگای مـەزۆلیتیکی لێـرەوە بەجیهانـدا بڵاوبۆتـەوە، لەهەمانکاتـدا هـەموو کەسێك ئەم تێڕوانینە وەکو تێروانینێکی زانستییانە پەسند دەکات کـە کۆمـەڵگای نیـۆلیتیکیش لـەم خاکەوە بەهەر چوار لای جیهاندا بڵاوبۆتەوە. وەکو چۆن ئەم لێشاوە بنەڕەتیانە گرنگترین سـەردەمی پـێش دەسـتپێکردنی مێـژوون، ئـەوا لەهەمانکاتـدا بـەهۆی بـەرفراوانی لایەنـە کۆمەڵایەتییەکەیـەوە تایبەتمەندێتی ئامادەکردنی هەلومەرجی سەرهەڵدانی شارستانیەت لەخۆوە دەگرێت. لەماوەی نێـوان ٤ تا ٦ هەزار ساڵ پ.ز کۆمەڵگای نیۆلیتیك لە ناوچەی دیجلەی ناوەڕاست و فورات پێشکەوتووە، کاتێك کۆمەڵگای نیۆلیتیك گەیشتە ئەو قۆناخەی کە بە کلتووری خەلەفایـەتی دەناسـرێت، لەسـالانی شـەش

هەزار ساڵ پ.ز لە باکووری ئەفریقیا، میسر، خوارووی فورات، کەنداوی بەسرە و ئەنادۆڵی ناوین و چەتال هۆیك بڵاوبۆوە و لەدەوروبەری ٥٠٠٠ ساڵ پ.ز لە قەفقاسیا و باکووری دەریای رەش و بەلقان و باکووری رۆژهەڵاتی ئێران و هیندستان و پەنجاب و کەنارەکانی ئیندۆس بڵاوبۆوە، لە ٤٠٠٠ ساڵ پ.ز لە چین و تەواوی ئەوروپا، ٣٠٠٠ ساڵ پ.ز گەیشتە کیشوەری ئەمریکا. لەسەر بنەمای ئەم بەڵگانەی کە لە ئەنجامی لێکۆڵینەوە بەدەست هاتوون، ئەوا تێڕوانینی زانستییانەی سەبارەت بە مێژوو ئەوە دەسەلمێنێ کە ئەم شێوازەی پەلهاوێشتن و بڵاوبوونەوە، بیرۆکەی هەرە نزیکن لە راستی. کلتووری تەل خەلەفی تەواوی ئەو ئامێرانەی خولقاندووە کە بۆ شارستانیەت پێویستە. گلکاری، تەور، گاسن، خوری رستن، تەون، هاڕین، ئاواکردنی گوندی بەکۆمەڵ، پێچکە، ئامێری لەبەردی کانزای دروست کراو، پەسندکردنی ئەستێرە وەکو هێما (ئیشارەت)، ئایدیۆلۆژیای بەگوێرەی چەمکی خوداوەندی ژن و هتد، تەواوی ئەم ئامێرانەی بوونە ئامادەکارییەك بۆ شارستانیەت، بەرهەمی مرۆڤە بلیمەتەکانی سەردەمی بەرەبەیانی مێژووە. ئەگەر بێتو رۆڵی ئەم داهێنانە لەگەڵ پێشکەوتنە مێژووییەکان بەراورد بکرێت، ئەوا تەنیا لەگەڵ سەدەی شانزدەهەم و بیستەم بەراورد دەکرێت. جێگای ئەم کلتوورە لە مێژوودا واتایەکی بەوجۆرە لەخۆوە دەگرێت.

بڵاوبوونەوەی ئاوەڕۆکانی دیجلە و فورات لە لیتە دەشتەکانی نزیك کەنداوی بەسرە و لە ئەنجامی هەوڵی ئەو گروپانەی نوێنەرایەتی کلتووری تەل خەلەفیان دەکرد، رێگای لەپێش زیادبوونێکی وەهای بەرهەم کردەوە کە تا ئەو کاتە نموونە و هاوتای نەبینرابوو. پێشخستنی جۆگەلەی ئاو و کشتوکاڵی ئاودێری لە ئەنجامی ئەو وشکاییەی لەماوەیساڵانی سێ ـ چوار هەزار ساڵ پ.ز دەرکەوت، رۆڵێکی دیاریکراوی لە زیادبوونی بەرهەمدا بینی. کاتێك ماسی و ئەو خورما زۆرەی کە هەبوو، هاتە سەر بەرهەمەکانی دیکە، ئەوا ئەم جوگرافیایە وەکو چەمکێکی بنچینەیی بەهەشت لە هزری مرۆڤایەتیدا جێگیر بوو و شانسی دەستپێکردنی قۆناخێکی مێژوویی بەدەستهێنا. ئیتر قۆناخی "**مێژوو لە سۆمەرەوە دەستپێدەکات**" دەستییپێکردبوو. لەمیانەی پێشخستنی نووسینی بزماری لە سێ هەزار ساڵ پ.ز بەولاوە، قۆناخی مێژووی نووسراو دەستی پێکردووە.

سەرەڕای ئەوەی گەلێك تایبەتمەندی هەن کە شارستانیەتی پێ بناسرێت و پێناسە بکرێت، بەڵام ئەو تایبەتمەندێتیەی رۆڵی دیاریکراو و سەرەکی و یەکلاکەرەوەی هەیە ئەوەیە کە، رەنجی مرۆڤ زیاد لەپێویستییەکانی خۆی بەرهەمی بەدەست هێنا و بوو بەئامرازی موڵکایەتی و بەرهەمی زیادە و پەیوەندی کۆیلایەتی. شێوەی ئەو شارستانیەتەی سۆمەریەکان ئاوایانکردووە بە "**زیگوراتی راهیبەکان**" ناوزەد دەکرێت کە رۆڵی یەکینەکانی عیبادەت، کاری کۆمەڵکاری و ناوەندی

بەڕێوەبردنی کۆمەڵگای دەبینی. ئەو سەنتەرانەی کە بوونە ناسنامەی کۆمەڵگا و واتایەکی پیرۆزی پێدەدرا وەکو نوێنەری سیستەمی ئاسمان لەسەر زەوی واتادار و پیرۆز دەبینرا. بناخە و کرۆکی ناوەندەکانی کار و ئەنجوومەن, پەرستگای مەزن و بڕیارگای سەربازی و ناوەندەکانی پەروەردە و کلتوورن کە دوای ئەوە بەدرێژایی تەمەنی شارستانیەت پەرەی پێدرا؛ واتە سەرچاوەی سەرەکی بەدەزگابوونی دەوڵەتە. ئەو داهێنانە نوێیەی بەدەوڵەت ناو دەبرا واتە زیگوراتەکان بەهۆی ئەو بەرهەمە زۆرەی لێیکەوتەوە هەر لەسەرەتاوە لەلایەن ئایدیۆلۆگەکانی ئەو سەردەمە لەلایەن راهیبەکانەوە بە پیرۆز راگەیەنرا؛ بەمجۆرەش وەکو نوێنەری سیستەمە پیرۆزەکەی ئاسمان لەسەر زەوی لە هزر و بیری خەڵك جێگیرکران و دەکران بە سەرچاوەی بە کاریگەرترین دەسەڵات.

ئەمەش لەلایەکدا وەکو ئامێرێکی بەرهەم هێنان رێگا لەبەردەم بەرهەمێکی بێ هاوتای رەنجی کۆیلەکان دەکاتەوە, لەسەر ئەم بنەمایەش ئەو مرۆڤانەی لە دەرەوەی بەرهەم هێنان دەمانەوە، دەرفەت و کاتی ئەوەیان بۆ دەرەخسێ بە کاری ئایین و پیشەی دەستکاری و بەڕێوەبەرایەتی خەریك بن و خۆش گوزەران بن, لەلایەکی دیکەشەوە لەگەڵ خولقاندنی سیستەمی خوداوەندەکان لەلایەن ناوەندی بەڕێوەبەرایەتی سۆمەریەکان زیگورات (زەقورە) ئەمە بەواتای دەستپێکردنی قۆناخی زاڵ بوونە بەسەر مێشك و هزر و پێکهاتە رۆحییەکان. بەردەوام پێشکەوتنە ماددی و مەعنەوییەکان یەکتریان تەواوکردووە؛ موڵکایەتی پیرۆز و خێزان و ئەو دەزگا ئایینیانەی بوونە کۆڵەکەی سەرەکی خێزان سەرلەنوێ شێوەیان گرت؛ بەمجۆرەش لەسەر بنەمای خوێن و رەچەڵەك کۆمەڵگا، بوو بە خاوەنی پێکهاتەیەك کە لەمیانەی دەزگا و چینایەتی نوێ نوێنەرایەتی بکرێت.

لە راستیدا دەوڵەت, سۆمەریەکان دایانهێنا. پێشەنگەکانی ئەم قۆناخە بە ئەندازەی ئەوەی لە سەرەتادا ئایدیۆلۆگی مەزنن, لەهەمانکاتدا لە رەوشی سەرەتایی و پێکهاتەی سەرەتایی چینێکدا بوون, کە وەکو بەڕێوەبەر لە رێکخستنی کرداریيانەی بەرهەمدا خاوەن رۆڵ بوون. ئیتر هیچ کۆسپێك لەئارادانەبوو کە قۆناخی راهیبەکان بەرەو قۆناخی شای راهیب هەنگاو بهاوێژێت. زەمینەی ماددی و مەعنەوی بە تەواوی پێگەیشتبوو. ئێستا کاتێك لێکۆڵینەوە و لێگەرین سەبارەت بەو بەڵگە و دیکۆمەنتەی سۆمەریەکان بکرێت, کە لەبەر دەستدان, ئەوا بەشێوەیەکی زانستییانەتر لەهۆکاری ئەوە تێدەگەین بۆچی هەر شتێکی ئەنجامیانداوە بەسیستەمی خوداوەند ناوزەدیان کردووە. بەڵام لەو سەردەمەدا مرۆڤ لەجیاتی ئەوەی وەکو سیستەمێك بیناسێت کە مرۆڤ ئاوایکردووە, وەکو سیستەمێکی خودایی سەرزەوی باوەڕییان پێدەهێنا کە راهیبەکان ئاوایانکردووە. شێوەی سەرەکی

بیرکردنەوە لەجیاتی زانین لەسەر بنەمای باوەڕهێنان بوو. هەموو شتێك هی سیستەمی خوداوەندەکان بوو. بەبێ هیچ گومانێك باوەڕییان بەمە دەهێنا.

هیچ ئایدیۆلۆژیایەك بە ئەندازەی میتۆلۆژیای سۆمەریەکان تا ئەو رادەیە کاریگەری لەسەر مرۆڤ نەکردووە. مرۆڤ سەری سوڕ دەمێنێ لەوەی, چۆن سۆمەریەکان ئەم میتۆلۆژیایەیان دۆزییەوە و کردیان بە تیۆلۆژی, گرێدراو بەمەش چۆن وەکو دەوڵەت و ئایدیۆلۆژیا رێکیان خست و کردیان بە بنەمای تەواوی ئەو لێشاوە ئایینی و فەلسەفییانەی کە پاشان سەریان هەڵدا و کردیان بە سەرەتایەك بۆ دەستپێکردن, هەروەها چۆن وەکو شێوازێکی سادە و سەرەتایی ئەدەبیات و هونەر واتایان پێبەخشی. نابێ سەرمان لەوە سووڕ بمێنێ کە سۆمەرناسی رۆژ لەدوای رۆژ گرنگییەکی زیاتر و بایەخدارتر بێت. سەرچاوە زۆر گرنگە. تاوەکو ئەم سەرچاوەیە شینەکرێتەوە, ئەوا تەواوی مێژوو مەحکوومی ناتەواوی و چەواشەکارییە. هەربۆیە سۆمەر زۆر گرنگە, بەڵام جێگای داخە کە تازە بەتازە دەرك بەم گرنگییە دەکرێت و دەرئەنجامی گرنگ ئاشکرا دەبن.

دەتوانین بەمجۆرە دەسکەوت و رۆڵی سۆمەریەکان لەپێشکەوتنە مێژووییەکان ریزبەند بکەین:

آ ـ دۆزینەوەی نووسین.

ب ـ دۆزینەوەی بیرکاری و رۆژ ژمێر.

ج ـ دۆزینەوەی یەکەمین میتۆلۆژیای بەرفراوان و تیۆلۆژی.

د ـ داهێنانی دەزگای دەوڵەت, سیاسەت, جیابوونەوەی چینەکان.

هـ ـ دۆزینەوەی یاسا و دەستووری نووسراوە.

و ـ داهێنانی شارۆچکە, پەرستگا, پیشەکاری, بەناوەندیبوونی بازرگانی.

ز ـ موڵکایەتی تایبەت و بەکۆمەڵ.

خ ـ داهێنانی خانەدانی و خێزانی پیرۆز.

ح ـ داستان و ئەدەبیاتی نوسراو, مۆسیقا.

ر ـ یەکەمین داگیرکاری و ئیمپریالیزم.

دەتوانرێت گەلێك زاراوە و دەزگا و سیستەمی دیکە بخرێنە سەر ئەمانەی باسمان کرد. بەڵام ئەم تابلۆ سنووردارەش ئەوە روون دەکاتەوە کە پایە و سەرچاوە سەرەکییەکانی شارستانیەت پێکهاتووە. ئەوەی دوای ئەو پێشخراوە سنووردارە و لەبواری چەندایەتییەوە؛ لق و پۆپی سەرچاوە سەرەکییەکە و چالاکی پەرەپێدانە. گوتنێکی سۆمەریەکان هەیە کە زۆر بەکاریان دەهێنا و خۆشیان دەویست, ئەویش "ME"یە واتە یاسا, دەشێ بە تایبەتمەندێتیەکانی شارستانیەتیش ناوببرێت. واتە دەرك

بەواتای داهێنانەکانیان دەکەن و بە یاسا پیرۆزەکان (**ماکان**) ناو دەبرێت. تاوەکو ئێستا ١٠٤ ی ئەوانە ژمێردراون. لەوە دەچێ ئەم ژمارەیە زیادبکات. نەوەد و نۆ تایبەتمەندێتی سەرچاوەی خۆی لەم زاراوەیەی سۆمەریەکانەوە وەردەگرێت.

بابەتێکی دیکەی سەرەکی کە دەتوانرێت لەو باسەی دەرهەق بە سۆمەریەکان تاوتوێ بکرێت ئەوەیە کە لە مێتۆلۆژیاکاندا گوزارشت لە قۆناخی ناکۆکییەکانی نێوان سەردەمی دایکسالاری و باوکسالاری دەکات. لەگەڵ ئەوەی لە سیستەمی باوکسالاری دەوڵەتی سۆمەردا خوداوەندی ژنی ناوچە شاخاوییەکانی باکوور و باشوور, کە سەرەتا بە "**نین هورساك**" دەناسرا و لەنێو کوردانیشدا بە ئەستێرە دەناسرێ, کەوتە پیلانی دووەم و شانبەشانی پێشکەوتنی کۆیلایەتی و لە ئەنجامی لەدەستدانی هێز لەلایەنی ژن و شکاندنەوەی بە لایەنی رەگەزی دیکەدا, بووە مەیدانی پێکدادانی مەزن. لە سەردەمی سۆمەریەکاندا ژن رێزی لێدەگیرێت و هێشتا هەموو شتێکی لەدەست نەداوە؛ لە سیستەمی خوداوەندی پیاواندا (لە سۆمەر) ژنان دەستیان بەسەر نیوەی بوارەکاندا گرتووە. "**نین هورساك**" بە شێوەیەکی دژوار و رووبەڕوو لەگەڵ خوداوەندە فێڵباز و وشیارەکەی پیاوان **ئەنکی** لەنێو ململانێدایە و بەشێوەیەکی گشتی ئەم ململانێیە بە رێککەوتن ئەنجامگیر دەبێت. کاتێك دوای ئەوە وەکو **ئینانا** رووبەڕوومان دەبێتەوە, کاتێك وەکو ژنە خوداوەندی خوڵقێنەری نیۆلیتیك "**ماکانی**" خۆی واتە داهێنانەکانی خۆی لە شارۆچکەی جێنشینی ئەنکی **ئەریدۆ** بۆ شارۆچکەی خۆی **ئورك** دەگەڕێنێتەوە، بەمەش دەبێتە خاوەنی سەرکەوتنێکی شکۆمەندانە. هەروەها لەبەر ئەوەی لە میتۆلۆژیای سۆمەریەکاندا بیر و باوەڕی رەها جێگای باسە, هەربۆیە ئایینی بووە. لە راستیدا تەواوی ئەو شەڕ و پێکدادانانەی ئەنجامدراوە رەنگدانەوەیەکی روون و ئاشکرای بە دەوڵەتبوونی سۆمەر و ململانێی چینایەتی و شەڕی نێوان شارۆچکەی بنەماڵە خانەدانەکان بووە. هەرگیز مرۆڤە ئاساییەکانی ئەو سەردەمە شەڕیان لەگەڵ یەکتری نەکردووە. لە سیستەمی خوداوەندەکاندا شتێکی بەمجۆرە روونادات, چونکە کۆیلەکان تەنیا دەتوانن ببن بە سێبەر. تەنیاخوداوەندەکان خاوەنی ئیرادەن. تەنیا ئەوان دەتوانن بەناوی خەڵکەکانی دیکە شەڕ بکەن و رێککەوتن ئەنجام بدەن. ئەمەش باڵادەستییەکی ئایدیۆلۆژی ئاشکرا و بەرچاوە و نوێنەرایەتی گەوهەری ئەو زاراوە و رێوڕەسمانەی دەوڵەت دەکات, کە دوایی پەیدابوون و بە ناوەندیبوونی دەوڵەت لە تەواوی بوارەکانی سیستەمی ئایینی, یاسایی و سیاسییەوە لەخۆوە دەگرێت. هەرچەندە شێوەی ئەم باڵادەستییە رووخساری خۆی گۆڕیبێت, بەڵام تاوەکو ئێستا بەردەوام دەکات.

# ب ــ بەدەزگابوون و رۆڵی مێژوویی شارستانیەتی سۆمەری

سەرەڕای ئەوەی قۆناخی شارستانیەت بە شێوەیەکی شکۆدار لە سەردەمی سۆمەریەکانەوە دەستی پێکردووە, بەڵام هۆکاری سەرەکی نەبوونی بەخاوەن جێگا و رۆڵێکی شایستە لە مێژووی زانستیدا, بۆ درەنگ دۆزینەوە و دەرك کردن بەم راستینەیە و هزری باڵادەستی ئەوروپا دەگەڕێتەوە, کە خۆی بە ناوەندی هەموو شتێك دەزانێ. خۆ بەناوەند زانین "**ئۆگۆیستی**" شارستانیەتی یۆنان ــ رۆما لەم لایەنەوە رۆڵێکی گرنگ دەبینێ. لە راستیدا هەر هەنگاوێکی شارستانیەت خاوەن سروشتی خۆخۆیی وەهایە, کە هەموو پێشکەوتنەکان لەخۆیدا سنووردار دەکات و بەخۆی دەستپێدەکات. سۆمەریەکانیش لەنێو هەڵوێستێکی من منێتی بەمجۆرەدا بوون و هەموو شتێکیان کرد بە موڵکی خۆیان, بەڵێ سۆمەریەکانیش بەرامبەر بە بەهاکانی سەردەمی نیۆلیتیك کەوتنە نێو هەمان هەڵوێستەوە. خوڵقاندنی هەموو شتێك تەنانەت خوڵقاندنی خۆشیان بە سیستەمی خوداوەندەکانەوە گرێداوە. شتێکی زۆر روون و ئاشکرایە کە سیستەمی میتۆلۆژی ــ تیۆلۆژی سۆمەریەکان سەرچاوەی تەواوی ئەو زاراوە و دام و دەزگایانەن کە لەڕۆژگاری ئەمڕۆماندا هەن. دەتوانین بەشە سەرەکییەکانی ئەم کاریگەرییە بەمجۆرەی خوارەوە ریزبەند بکەین:

آ ـ پێکهاتنی کۆمەڵگای چینایەتی. لەلایەنی زانستەوە پەسند کراوە کە قۆناخی بەکۆمەڵگابوون خۆی لەخۆیدا سەرەکیترین دیاردەی گۆی زەویە کە لەلایەن مرۆڤەوە ئەنجامدراوە.

لەکاتێکدا قۆناخی پەرەسەندنی تەواوی بوونەوەرەکان بەشێوەیەکی سروشتی و پلە بەپلە بەرێوە دەچێت. ئەوا لەکۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا لەسەر بنەمای ئیرادە و وشیاری مرۆڤەوە بەشێوەیەکی زانستی بەڕێوە دەچێت. ئەو قەڵەمبازەی لەئەنجامی قۆناخی دەرك پێکردنی مرۆڤەکانی جۆری "**هۆمۆسلیانس**" هاتە ئاراوە و لە رۆژگاری ئەمڕۆماندا دەروازەی لەپێش پێکهاتەی زمان کردۆتەوە, دەرفەت و تواناکاری بۆ پێکهاتەی کۆمەڵگای خاوەن ئیرادە رەخساندووە. لە قۆناخی گروپە سەرەتاییەکانی ــ هۆڤێتیشدا مرۆڤ لەئاستی کۆمەڵە ئاژەڵە پێشکەوتووەکاندا دەژیا. کاتێك مەزنبوونی بواری مێشك و بەکارهێنانی ئامێر و تەکنیك پێشکەوت و لەلای هۆمۆسلیانس گەیشتە ئاستی قەڵەمبازێکی چۆنایەتی, لەڕاستیدا بەواتای پێکهاتنی یەکەمین و سەرەکیترین قۆناخی شۆڕشی کۆمەڵایەتی بوو. سەرەکیترین تایبەتمەندێتی ئەم شۆڕشە کۆمەڵایەتییە دەرك پێکردنی پۆزەتیف

بوونی ژیانە بەشێوەیەکی کۆمەڵ. هەروەها پێکهاتنی یەکەمین فاکتەرەکانی ماددە, ئەوا لە بە کۆمەڵگابوونیشدا هەمیشەیی بوونی یەکینەی پتەو و پێشکەوتن و بەرێوەچوونی لەسەر هێڵێکدا جێگای باسە. بەر لە مێژووی شارستانیەت مێژوویەکی بەکۆمەڵگابوونی بەمجۆرە هەیە, کە هەزاران ساڵی خایاندووە.

لەم قۆناخەدا شۆڕشی گوندی نیۆلیتیك دووەمین قۆناخی مەزنە. ئەم شۆڕشەی کە نزیکەی ١٢ هەزار ساڵ بەر لەئێستا پەرەی سەندووە, گەورەترین هەنگاوی بەکۆمەڵگابوونە. کاریگەری ئەم هەنگاوە لەمیانەی کاریگەری ماددی و مەعنەوی دەزگاکانی لەسەر پێشکەوتنی مرۆڤایەتی دیارە و تاوەکو ئێستا ئەم کاریگەرییە لەسەر پێکهاتەی هزری بەردەوامە. ئەوەی هزری ژیانێکی ئازاد و سروشتی داهێنا, کە ئەمرۆ بۆتە داخوازییەك، دۆستایەتییەکی زیندووی لەگەڵ سروشت و پێکهاتەی رۆحی دۆزییەوە, کە هێزە تۆقێنەرەکانی خوداوەند ناتوانن بەسەریدا زاڵ بن و کاریگەری لێبکەن، داخوازی یەکسانی نێوان ژن ـ پیاو و چاندن و نێچیرڤانی و ئەو بەرهەم و ئامێرانەی داهێنا کە تا ئەمڕۆکەش شارستانیەتی ئەوروپا بەخێودەکەن، پێکهاتە و زاراوەکانی بیرکردنەوە و زمانی داهێنا و کانزای دۆزیەوە و بەکاریهێنان و ئەو فاکتەرە سەرەکییانەی خوڵقاند کە تاکو ئێستا بەردەوام شارستانیەتی بەخێو کردووە, شۆڕشی گوندی نیۆلیتیك و پێکهاتەی کۆمەڵگای نێشتەجێی لادێییە, کە لەسەر ئەم بنەمایە پێشکەوت. ئەگەر ئەو سیستەمە مەزنەی کۆمەڵایەتی نەبوایە کە بە پشت بەستن بەو ئامرازانە پێشکەوت و شارستانیەتی ئافراند و لەمیانەی دەشت و سروشتەوە دیجلە و فوراتی بەخێو کرد و لەخۆوە گرت, ئەوا نە کۆمەڵگای چینایەتی سۆمەر و دەوڵەت و دەزگاکانی سەرخان, نە رێبازی پێشکەوتنی شارستانیەتەکانی دوای ئەو دەهاتە ئاراوە. دەتوانرێت بگوترێت مێژوو رانەدەوەستا و مسۆگەر لەشوێنێکدا کەلێنی دەکردەوە و بەوروژم پێشدەکەوت. ئەمە شیمانە و بیرۆکەیەکە. ئەم مێژووە بونیادنراوە بەهەند وەردەگیردرێت, ئەمەش تاکە هەڵوێستی گونجاوی مێژووی زانستییانەیە. هەربۆیە لەپێناو نووسینەوەی مێژوو بەشێوەیەکی راست و تێگەیشتنی راست سەبارەت بە مێژوو و ئەم هەڵوێست و نزیکبوونەوەنانە گرنگییەکی ژیانی هەیە.

بەگشتی ئەگەر کۆمەڵگاکانی دەرەوەی ئەوروپا, بە تایبەتیش رۆژهەڵات بەشێوەیەکی راست دەرك بەرۆڵی مێژوویی خۆیان بکەن, ئەوا لە رۆژگاری ئەمرۆماندا باوەڕیان بەخۆیان بەهێز دەبێت و تواناکاری و دەرفەتی ئەوەیان بۆ دەرەخسێت کە بکەونە سەر راستەرێی خۆیان. مەترسیدارترین لایەنی ئیمپریالیستانەی شارستانیەتی رۆژئاوا لایەنی باڵادەستی ئایدیۆلۆژیە؛ هەتا ئەم باڵادەستییە تێك نەشکێندرێ, ناشێ لەمیانەی هێزی گەوهەری خۆیی، رێگای پێشکەوتنێکی سیاسی و ئابووری

بگێردرێتــە بــەر و لــە نێــو سیســتەمێکی دروســت و دادوەر و راســتەقینەی جیهــان، هاوبــەش بــن و شــوێنگەیەکیان هــەبێت. تــاوتوێ کــردن و قووڵکردنــەوەی ئــەم بابەتانــە لەبەشــە پەیوەســتدارەکاندا بەگرنگ دەزانم و لەشوێنی خۆیدا دەبینم. ئەگەر ئەمە وەکو زێدەکردن و پاشماوەش ببینرێت، وەلێ لەو باوەڕەدام ئامـاژە نـەکردن بـە بابـەتێکی بەمرەنگە کـەم و کورتی جددی لەگـەڵ خۆیـدا دێنێـت. لەبەشەکانی داهاتوودا زۆر بەباشی ئاماژە بەوە دەکرێ و روون دەکرێتەوە. تاکرەوێتی بەرلەوەی پێك بێت کە، کۆڵەکەیـەکی سـەرەکی شارسـتانیەتی ئەوروپایـە و لـەنێو دام و دەزگاکـانی مـاڤی تاکەکەسـیدا مۆرکێکی فەرمی بوونی وەرگرتووە و، بەدرێژایی سەدان هەزار ساڵ هەوڵ و تەقەلایەکی مـەزن دراوە بۆ ئەوەی یەکەمین گروپی پێکهاتە سەرەتاییەکانی مرۆڤ بۆ نێو بەکۆمـەڵگا بـوون رابکێشـن. تـەواوی پێکهاتـە سـەرەتاییەکانی ئـایین و بـیر و باوەڕیـە بەراییـەکان لـەپێناو گرێـدانی مـرۆڤ بـە سیسـتەم و کۆمـەڵگا لـەنێو شـەڕ و ململانێـدا بـووە و لـەم بـوارەوە هەوڵـەکانی خـۆی کـەم نەکردۆتـەوە. تـەواوی دەزگاکـانی دایـك سـالاری، باوکسـالاری، جادووگـەری، شـامانیزم، راهیبـێتی و پێغەمبەرایـەتی، لـەپێناو ئـەوەدا بـووە کـە مـرۆڤ لـەژێر کاریگـەری ئـارەزووە ئاژەڵییـەکان رزگـار بکـات و گرێـدراوی یاسـاکانی کۆمەڵگا و سیستەم بێت. دەشـێ ئـەو شـێوازانەی لـەم پێنـاوەدا بـەکارهێنراون زۆر بـەئێش و سـەیر و سەرسـووڕهێنەر ببینـرێن؛ دەبـێ پێشـکەش کردنـی دیـاری و قوربـانی، لەسـەرووی هەمووشـیانەوە پێشکەشکردنی مرۆڤ بەقوربانی، وەکو پارچەیەکی پەروەردەی سەرەتایی ببینرێت و ئەمەش لەپێناو ئافراندنی هێزی بەکۆمەڵگابوونی جۆری مرۆڤە. نابێ بڵێین کۆمەڵگایەکی هۆڤانەیە و بەمجۆرە پشت گـوێی بخـەین. پێویسـتە ئـەو کۆششـانەی شارسـتانیەتی لەگـەڵ خۆیـدا ئافرانـد و مرۆڤـی لەڕەوشـی ئاژەڵێتی رزگار کرد و بەشێوەیەکی گونجاو سروشـتی خسـتە ژێـر خزمـەتی خۆیـەوە، وەکو هـەوڵێکی مەزن و رەسەنی مرۆڤ ببینرێت. ئەگەر ئەم هەوڵ و کۆششانە نەبوایە ئەوا ئێمەش بوونمان نەدەبوو. لـەنێو رەوشـێکدا کـە شـیمانەی هەیـە لەهەرکاتێکـدا جەهالـەت هەلومەرجـەکانی سروشـت بکـات بـە دۆزەخێك، گرتنە بەری رێگای جیهانی بەهەشت، گرێدراوی رێچکەی زەحمەت و بەئێش و ئازاری بـە کۆمەڵگابوونە. لەکاتێکدا دۆزەخ، کەمرۆڤ لەڕاستی خۆی دوور دەخاتەوە، وەکو یـەکێك لەسـەرەکیترین زاراوەکان لەهزری مرۆڤدا جێگیربووە، ئەوا زاراوەی بەهەشت واتای بانگەوازیە بۆ ئومێد و ئاییـندە و ژیانێکی مرۆڤانە.

کاتێـك لێکۆڵینـەوە سـەبارەت بـەو ئـایین و میتۆلۆژیانـە دەکـەین کـە لای ئێمـە وەکـو بابـەتێکی کۆمیدیا دەبینرێت، ئەوا نابێت چیرۆکی ئەوە لەبیر بکەین کە مرۆڤ چۆن بوو بەمرۆڤ.

ئەگەر ئەمە لەگەڵ یاسایەکی فیزیا بەراورد بکەین، دەبینین هەروەکو چۆن بەیەکگرتنی ئەتۆمەکانی ئەو هایدرۆجینانەی وزەی خۆر پێك دێنن، دەبن بە ئەتۆمەکانی هیلیۆم, ئەوا لەپێناو بەدی هێنانی وزەی کۆمەڵایەتی و ئەنجامدانی تەقینەوە پێویستی بەم دیاردەیەی کۆمەڵگابوون هەیە. ئەگەر بێت و کەسایەتییەکانی دایك, باپیر, تەوتەم, خوداوەند, جادووگەر, راهیب و پێغەمبەر وەکو دەزگا خولقێنەرەکانی قۆناخ ببینین، ئەوکاتە بە شێوەیەکی راست و دروست دەرك بەکۆمەڵگابوون دەکەین. یەکێك لەتایبەتمەندێتیە سەرەکییەکانی شارستانیەتی رۆژئاوا یاخود ئەورووپا ئەوەیە کە هەندێ لایەنی ئەو قۆناخە پێچەوانەی کە بەرەو پێشەوەی بردووە ئەوەیە کە لەژێر ناوی ئازادی تاکەکەس، ئەو پێکهاتە کۆمەڵایەتییانەی بەگوێرەی بەرژەوەندی خۆی نابینێ, پەرتەوازە دەکات. ئەو کەسایەتی و دەزگا سەرمایەدارییانەی کە لە تەواوی پادشا و دەوڵەمەندەکانی مێژوو دەوڵەمەندتر و بەدەسەڵاتترن، بەرهەمی ئەم فەلسەفە بەرەواژوون. لە کاتێکدا تەواوی ئەو کەرەستانەی بەکۆمەڵگابوونی کە لەسەر بنەمای رەنجی ملیۆنان ساڵەی مرۆڤ هاتۆتە ئاراوە و ئەو جوگرافیایەی پشتیان پێی بەستووە و پێکهاتەکانی سەرخان و ژێرخان و لایەنە ماددی و مەعنەوییەکانی کە بەگوێرەی بەرژەوەندییەکانیان نییە, بەکورتی لەکاتێکدا تەواوی ئەم لایەنانە پەرتەوازە دەکەن کە قازانجی لێوە نابینن, ئەوا ئەو لایەنانەش دەکەن بەمولکی خۆیان کە بەگوێرەی بەرژەوەندییانە و قازانجی لێدەکەوێتەوە. یەکێك لەو بابەتە سەرەکییانەی لەرۆژگاری ئەمڕۆماندا لەلایەن فەیلەسووفەکانەوە هەڵوەستەی لەسەر دەکرێت ئەوەیە ئەم رەوشە تا چ رادەیەك پەیوەندی بە شارستانیەتەوە هەیە و تا چ رادەیەك دووری شارستانیەت و تەنانەت دەرەوەی کۆمەڵگایە و بەرەو بەئاژەڵبوون دەچێ. بەشێوەیەکی بەرفراوانیش لەبەشی پەیوەستداردا ئاماژە بەوە دەکەین ئەو کاردانەوەیەی بەناوی " سۆسیالیزم " سەری هەڵدا تا چ رادەیەك بەگوێرەی ئامانجەکانی خۆی بوو.

کاتێك هەوڵدەدەین داهێنانی سۆمەریەکان جیابوونەوەی چینایەتی و کۆمەڵگای دەوڵەتی چینایەتی پێناسە بکەین, هاوکات ئەگەر ئاماژە بە پێشکەوتنە مێژووییەکانی بەرلەوە نەکرێت ئەوا هەڵسەنگاندنەکەمان بە ناتەواوی دەمێنێتەوە. تیۆریە داتاشراوەکانی سەبارەت بە کۆمەڵگای کۆیلەداری هێندە رۆڵێکی روون کەرەوە و یەکلاکەرەوەی نەبووە. بە تایبەتیش لەبەر ئەوەی بەشێوەیەکی بەرجەستە "**سۆمەر**" شینەکراوەتەوە هەروەکو چۆنیەتی ئاواکردنی روون نەکراوەتەوە و ئاماژەی پێ نەکراوە. تەماشای دەوڵەتی کۆیلایەتی رۆما و ئەسینا کراوە و بەهەندێ ئەنجامی گشتی گەیشتوون. لەوانەیە لەقۆناخی پێگەیشتن و پووکانەوەی کۆیلایەتی ئاماژەکردن بەم نموونانە سوودێکی خۆی هەبێت. بەڵام ئەگەر بێت و سەرچاوە سەرەکییەکانی مێژووی شارستانیەت و

پێکهاتەی کۆمەڵگای چینایەتی شینەکەیتەوە و لێکۆڵینەوەی لەسەر ئەنجام نەدەین, هەروەکو چۆن تایبەتمەندێتی زۆر لەیەکتر جیاواز لەخۆوە دەگرێت، رەوشی بەرجەستە لەنێو هێڵە گشتییەکانیدا بەشێوەیەکی راست و واقعی بەرچاو دەرباز نەکەین, ئەوا ناتوانرێت تێگەیشتنێکی راست سەبارەت بە مێژوو بەدی بهێنرێت, ئەگەر بەدیش بێت گەلێك کەم و کوڕی ژیانی و هەڵە لەخۆوە دەگرێت. هۆکاری لەسەر راوەستان و بایەخدان بە کۆمەڵگای سۆمەر بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە مێژوو لە سۆمەردا دەستپێکردووە، بۆ تێگەیشتنی رێبازی پێشکەوتنە بەرجەستەکانە. هەروەکو چۆن زانستەکانی کۆمەڵگا و مێژووی رۆژگاری ئەمڕۆمان بەم راستینەیە نەگەیشتوون, ئەوا بە گوێرەی من، کەم و کوڕی مەزن و هەڵە و بە هیچ دانان و زێدەڕۆیی لەخۆوە دەگرێت. یەکێك لە هۆکارەکانی پێشخستنی ئەم بەرگرینامەیە پێشخستنی بانگەوازیەکە لەپێناو پێناسەکردنێکی راست سەبارەت بە کۆمەڵگا و مێژوو، چونکە نیشاندانی هەڵوێست بە گوێرەی پێوانەکانی دادپەروەریم بە پێویست بینی. دەربازبوون لەو کۆمەڵگایانەی لەسەر بنەمای رەچەڵەك و خوێن پێکهاتوون بۆ کۆمەڵگایەکی سیاسی، گرێدراوی گەشەکردنی دەزگاکانی کۆیلایەتییە. ئەمەش زەمینەی ماددی بۆ وەرچەرخانە گەوهەرییەکان دەڕەخسێنێ. ئەو زێدە بەرهەمییەی لەئەنجامی رەنجی کۆیلەکان دێتە ئاراوە، تواناکاری ئەوە دەبەخشێت کە لەسەرەوە گەوهەری چینێکی نوێ لە توێژی بازرگان و پیشەکاران بێتە ئاراوە کە وەکو بژاردەیەکی کارگێڕین و کۆنفیدراسیۆنی تیرەکانی تێپەڕاندووە و پشت بە پەیوەندییەکانی خوێن و رەچەڵەك نابەستێ. بەمجۆرەش هەر سێ کۆمە لەسەرەکییەکەی کۆمەڵگا شێوەی خۆی گرت کە تاوەکو رۆژگاری ئەمڕۆمان بەردەوامە. هەروەکو چۆن جیابوونەوە لەمیانەی هێڵی تیژدا یەکلا نەبۆتەوە, لەهەمانکاتدا بەتەواوی لەپەیوەندییەکانی رەچەڵەك و خوێن دانەبڕاوە. ئەمانە بەشێوەیەکی گرێدراو بەیەکتر پێشکەوتوون. ئەم پێکهاتە کۆمەڵایەتییە گوزارشتێکی روون و ئاشکرای هزری نییە. بەڵام روون کردنەوەی لەمیانەی گوزارشتی میتۆلۆژیاوە، یەکێك لە کارە سەرەکییەکانی نووسەر و شاعیرە سۆمەریەکان بووە. هیچ شارستانیەتێکی دیکە وەکو سۆمەریەکان لە ئارادا نییە کە قۆناخی کۆیلایەتی لەمیانەی چیرۆکی میتۆلۆژیا بە شێوەیەکی سەرنج راکێش و لەچوارچێوەی سیستەمی خوداوەندی پیرۆز، پێشکەش بە تەواوی کۆمەڵگا بکەن. راستتر بڵێین تەواوی ئەو ئایدیۆلۆگ و بەڕێوەبەرانەی کۆمەڵگا چینایەتییەکانی کە پاشان دەرکەوتوون، خۆراکی سەرەکییان لە میتۆلۆژیای سۆمەریەکان وەردەگرن و بەگوێرەی هەلومەرجی تایبەتی خۆیان رەخساندوویانە. واتە ئەو میتۆلۆژی و تیۆلۆژیانەی پێکهاتوون یاخود بەنوێ دادەنرێن، بەردەوامکردن و لاسایکردنەوەی جۆری سۆمەریەکانە. میتۆلۆژیای سۆمەریەکان باڵادەستییەکی ئایدیۆلۆژی وەهای

ئـــاواکردووە کـــە تەنانـــەت پادشـــا ڕاهیبـــەکانیش لەبـــەرزترین ئاســـتدا بوونەتـــە خوڵقێنـــەر و پێداویستییەکانی یاساکانی خوداوەنـدیان جێبـەجێ کـردووە. لـە ڕاسـتیدا ئەوانـەی خـوڵقێنراون ئـەو باڵادەستیە ئایدیۆلۆژیەیە کە بەرژەوەندییەکانیان بەیەکجاری مسۆگەر دەکات. بەڵام پێشکەشکردن و سـەپاندن و ئیقنـاع پێکـردن و باوەڕپێهێنـانی خـەڵك بـەوەی کـە ڕەنگدانـەوەی سیسـتەمی ئاسمـانی پیرۆزی خوداوەندە لەسەر زەوی، هونەرێکی مەزن و ئاشکرای خوڵقاندنی کۆمەڵگایە.

لە ساڵانی ٤ هەزار تـاوەکو ٢ هـەزار سـاڵ پ.ز، کۆیلـە بـە تـەواوەتی لەڕەوشـی بەندایـەتی و وەکـو سێبەر وابوو. لەنێو ئەم سیستەمەی کە لەپەرستگاکانەوە بەڕێوە دەبرا، لە شای ڕاهیبەوە بگرە تاوەکو دەگاتـە ڕەنجـدەرێکی کێڵگـە (سـەپانێك)، دەبوایـە بـە گـوێرەی ئـەو جێگـا و ڕۆڵـە بجووڵێتـەوە کـە دەستنیشان کراوە. هەروەکو چۆن ئەستێرەکانی ئاسمان خاوەنی سیستەمێکی نەگۆڕن, ئەوا سیستەمی سەرزەویش ناچار بوو بەمجۆرە بێت. تەنانەت نەدەشیا بیر لەشێوازێکی دیکە بکاتەوە. لەنێو چەمکی سیستەمێکی بەمجۆرەدا هەسـت و سـۆز ئـەو واتایـە دەبەخشـێت کـە خوداوەنـد دەیخوازێت. هەسـت و سۆزێك بە گوێرەی داخوازی تاکە کەسەکان نابێت. هەروەها هزرێکی بەدەر لەهزری خوداوەندەکانیش نابێت. سیستەمێکی وەها جێگای باسە کە چۆن فەرمان بدرێت بەمجۆرەیە و سیستەمێکە نەسەرەتا و نە کۆتاییشی نییە. ئەم میراسە ئایدیۆلۆژیەی چینی باڵادەست و چەوسێنەر کە پشت بە ڕەنجی کۆیلە دەبەستێت زۆر سەرنج ڕاکێشە. کاتێك پادشای خوداوەند مردووە, لەبەر ئـەوەی وەکـو خوداوەنـدەکان خۆیان بە نەمر زانیوە, بۆیە تەواوی ماڵ و موڵکیەتی، بە ئامانجی بەردەوام کردنی ژیـان لـە جیهـانی دیکە، لەگەڵیدا ژێرخاك کراوە. پاشماوەی لاشەی نزیکەی ٧٠٠ کەس لە گۆڕی پادشایەك ژمێردراوە کە زۆربەیان ژن بوون، هەندێکیان ژنی بوون و ئـەوانی دیکـە خزمـەتکار. زۆربـەی زۆری ئەمانـەش ئـەو کۆیلانە بوون کە بەزیندوویی لەگەڵ پادشادا خراونەتە گـۆڕ و زینـدە بەچـاڵ کـراون. ئـەم چالاکی و کردەوەیان بەئەرکی خۆیان زانیوە. تەنانەت ئەوەشیان بەخەیاڵدا نایەت ترس و ئێش و ئازارەکانیـان بدرکێنن. بوویەری لێکچووی ئەمە لەگۆڕستانی فیرعەونەکانی میسریشدا زۆرجار بینـراوە.

باوەڕی و شێوازی عیبـادەتی قوربانیـدانی مـرۆڤ لەلایـەن سۆمەریەکانەوە لەنزیکـەوە گرێـدراوی بەهێزی ئایدیۆلۆژیای کۆیلایەتییە. چینە باڵادەست و چەوسێنەرەکان لـە سایەی ئـەو گۆڕانکـاری و نوێبوونەوەیەی بـە درێـژایی مێـژووی شارسـتانیەت بەرامبـەر بـە وشـیاربوونەوەی مێشـك و ئـیرادەی مـرۆڤ ئـەنجامی دەدات, باڵادەسـتی ئایـدیۆلۆژی پاراسـتووە. ئـەم زنجیرەیـە تەنانـەت بـۆ سـاتێکیش نەپچڕێنراوە و بەردەوام لەمیانـەی ئەنجامـدانی گۆڕانکـاری و خـۆ نوێکردنـەوەدا بـەهێزتر بـووە. لـە کاتێکدا ئامرازەکانی دەوڵـەتی سـۆمەری، لـەم پێنـاوەدا سادەترین ئـامرازی بـاوەڕپێکراو بـوون, بـەڵام

ئەوانەی دواتر لەمیانەی ئەو ئایدیۆلۆژیا بێ ژمارانەی کە خۆشیان باوەڕیان پێی نەبوو چینەکانی ژێر خۆیان ناچارکردبوو باوەڕی پێبهێنن، بۆیە بەردەوام سیستەمیان پتەو و بەهێزتر دەکرد. هەرچەندە مرۆڤایەتی تاوەکو رۆژگاری ئەمرۆ، لەپێناو دەربڕینی هزر و ئیرادە بەشێوەیەکی ئازادانە، لەنێو هەوڵ و کۆششی مەزندا بووبێت, وەلێ کۆیلایەتی زۆر لەوە دووربووە کە ئەم شێوازەی بالادەستی تێکبشکێنێ. بە پێچەوانەوە لەمیانەی ئەو هەولانەی لەڕێگای دەزگاکانی پەروەردەوە درا, کرا بە مولکی گشتی و بەردەوامکردنی بەهێزتربوو. ئەمڕۆش لەمیانەی ئەو تەکنۆلۆژیا هاوچەرخەی لە ئارادایە بەهێزێکی ئەوتۆ گەیشتوون کە تەنانەت بەسەر بچووکترین خانەکانی بۆهێلی ــ جینی (Gen) مرۆڤیشدا زاڵ و بالادەستە. لەنموونەی سۆمەردا ئەمە زیاتر بە شێوەی کۆیلایەتی پەرستگای گشتی پێشدەکەوێت. بەلام هەرچی لەڕۆما و ئەسینایە زیاتر شێوەی کۆیلایەتی تایبەت بالادەست و باوە.

ب ــ یەکێك لەو پێشکەوتنە گرنگانەی لە سایەی پرەنسیپەکانی کۆمەلگای سۆمەردا هاتۆتە ئاراوە، ئەو ئاستەیە کە جیاوازی رەگەزی پێی گەیشتووە. ئەو هێزەی کە سۆمەر ئافراندنی و ئەو هێزەی بەسەر بەرهەمی سەردەمی نیۆلیتیك زاڵ و بالادەستە، ژنە. چاندن و مالیکردن تا رادەیەکی زۆر داهێنانی ژنە. هەروەها لەبەر ئەوەی سروشتی ژن وەلامی پێداویستییەکانی داوەتەوە بۆیە سیستەمی ژیانی جێگیر، واتا شۆڕشی گوند، مۆرکی ژنی پێوەیە. دۆزینەوە و داهێنانی گلکاری, تەون کردن, هاڕینی دانەوێلە ئەو کارانەن کە ژن پێشەنگایەتی کردووە. خێزان لە دەوروبەری ژن کۆبۆتەوە و رەچەلەك بە گوێرەی ژن دەستنیشان کراوە. سیستەمی دایك سالاری بالادەستە. ئەمەش واتای ئایدیۆلۆژی خۆی لەو بیر و باوەڕیە ئایینیانە دەبینێت کە خوداوەندەکانیان ژنە و نموونەی لە خێزان و ئەستێرەکاندا دەبینرێ. واتا و گوزارشتی ئایدیۆلۆژی ئەو جیاوازیە رەگەزیەی لە کۆمەلگای سۆمەریەکاندا شانبەشانی جیاوازی چینایەتی پێشدەکەوێت، بە شێوەیەکی چڕوپڕ لەمیتۆلۆژیادا دەبینرێت. رەنگدانەوەی جیاوازی ستاتۆ لێرەدا زۆر زەق و بەرچاوە. لە کاتێکدا شوێنگەی خوداوەندە ژنەکان سەرەتا لەپێشەوە دەهات، وەلێ لەگەڵ بەسەرچوونی کاتدا لاواز دەبێت؛ لە سەردەمی بابلیەکاندا سەرەتا لە کەسایەتی "**تیامات**" لێدانێکی کوشندەی بەردەکەوێت. کوڕی بچووك "**مەردۆك**" نوێنەرایەتی کلتووری پیاوسالاری دەکات کە بەخێرایی بەرەو تاکخوداوەندی هەنگاو دەهاوێژێت. حەزرەتی ئیبراهیم کە دواتر دێت و ئەم کلتوورە بەبناخە دەگرێت, رۆڵی باپیری ئەو پێغەمبەرانە دەبینێت کە تاکخوداوەندی بەبنەما دەگرن. لەکاتێکدا ژنان لە رابردوودا بە ئەندازەی راهیبی پیاو لەپەرستگاکان بەکاریگەر بوون, ئەمجارە لەمالدا دەکەوێتە پیلانی دووەم. یەکەم جێگای

سۆزانیەکان داهێنانی سۆمەریەکانە کە بە "**موساکاتدیم**" ناوزەددەکرا. لێرەدا شوێنگە و رۆڵی ژن بە ئەندازەی دووەمین شەپۆلی شارستانیەت نەکەوتووە. لە تەواوی میتۆلۆژیای سۆمەریەکاندا ستاتۆیەك رەنگدەداتەوە کە نزیکە لەتەبایی و رێککەوتن.

ج ـ یەکێك لەداهێنانە سەرەتاییەکانی سۆمەریەکان دەوڵەت و شۆڕشی شارە. لەکاتێکدا سەردەمی نیۆلیتیك پشت بە شۆڕشی گوند و کشتوکاڵ دەبەستێ، ئەوا کۆمەڵگای شارستانیەت لەمیانەی ئاواکردنی شار و ئەو دەوڵەتە پێناسە دەکرێت، کە لەسەر بنەمای دروست کردنی شار ئاوابوو. لێرەدا هەم بە دەزگابوونی ژێرخانی ئابووری و هەم لەمیانەی بەدەزگابوونی سەرخان کە دەوڵەت سەنتەریەتی، بە شێوەیەك رێگای لەپێش سەرلەنوێ رێکخستنەوەی ژمارەیەکی زۆری کۆمەڵە جیاجیاکانی مرۆڤ کردەوە کە تا ئەو سەردەمە لە مێژووی کۆمەڵگادا نەبینرابوو. ئەو پێکهاتەیەی کۆمەڵگا کە مەزن و ئاڵۆز بووە، هێزی نوێ و بەدەزگابوون لەگەڵ خۆیدا دێنێ. لەمیانەی بەدەزگابوونی نووسین، ئەدەبیات، ژمێریار، رۆژ ژمێر، تەندروستی و پەروەردە دەبن بە پیشەی نوێ. تەواوی ئەو پیشانە و تەنانەت ئەوانەی لەمانەش دەچن زادەی یەکەمین داهێنانەکانی سۆمەریەکانە. لەم سەرلەنوێ بە دەزگابوونانەدا لە پاڵ پەیوەندییەکانی رەچەڵەك و لەجیاتی ئەو، لەسەر بنەمای پشت بەستن بە تایبەتمەندێتی پیشەکاری، پێکهاتەی نوێی کۆمەڵایەتی شێوەی گرت. ئەو دەزگا کۆمەڵایەتی و شێوازە پەیوەندییانەی کە سۆمەریەکان رێگایان لەپێش ئاوەڵاکرد، تاوەکو رۆژگاری ئەمڕۆشمان بەردەوامە، بەڵام لەلایەنی بەرفراوانی و وردەکاریدا دەوڵەمەند دەبێت و بەمجۆرە درێژە بە بەردەوامبوونی خۆی دەدات. ئەگەر زنجیرەیەك ئەڵقەکانی سەرەتای نەبێت، ئەوا ئەڵقەی کۆتاییش بێ واتایە.

د ــ بە دەزگابوونی بوارەکای ئابووری سۆمەریەکان خاوەنی رۆڵ و شانسێکی بەمجۆرەن کە سەرەکیترین پێکهاتە و بونیادی شارستانیەتن. پەیوەندییەکانی نێوان موڵکایەتی تایبەت و موڵکایەتی گشتی پەرەی سەندووە و بە ئاستی دەزگابوون گەیشتوون.هەردوو شێوازی موڵکداری لەسەر خاك لەئارادا بووە و دانی پیانراوە. لەمیانەی دابڕانی پیشەکاران لە خاك، پیشەی نوێ و سەربەخۆ هاتۆتە ئاراوە. ئەو پیشە جۆربەجۆرانەی کە ئیتر بۆتە راستینەیەکی دەست لێبەرنەدراو لە سەرووی هەمووشیانەوە بازرگانی، دارتاشی، تەون کردن، گڵکاری، کانزاکاری لە بواری ئابووریدا، بوونەتە کۆڵەکە سەرەکیەکانی کۆمەڵگای سۆمەری. لێهاتوویی و توانای نوێبوونەوەی سۆمەریەکان تاڕادەیەکی مەزن پشت بە توانست و هێزی ئەم پیشانە دەبەستێ. هەروەها دەزگاکانی پێغەمبەران و بلیمەتان لە نزیکەوە گرێدراوی ئەم پیشانەیە.

هـ ــ دەزگاکـانی پێکهاتـەی سـەرخانی کۆمـەڵگای سـۆمەریەکان زۆر دەوڵەمەنـدە و نوێنەرایـەتی خوڵقکارییەکی وەها دەکات تا ئەو رۆژە هاوتای نەبینراوە. یەکەمین نموونەی بەشە بیروکراتییـەکانی دەزگاکـانی دەوڵـەتی وەکـو پاشـایەتی, ئەنجوومـەن, سـەربازی, وەزارەت پێـك دەهێنرێـت و دەبـن بـە سەرچاوەی سەرەکی ئەو پێشکەوتنانەی دواتـر لـەم بـوارەوە دێنـە ئـاراوە. ئـەو بەهایانـەی بەشـێوەی زاراوە و یاسا و رێسا پێکهێنراون, هێنـدە تۆکمـە کـراون کـە هێـز و توانـای ئـەوەیان هەیـە تارۆژگـاری ئەمرۆمان بەردەوام بن. ئەگەر بێت و سەرچاوەی پێکهاتنی ئەم لایەنەش نەبینین و هەڵنەسەنگێنین, ئەوا ئەو شـیکردنەوەیەی سـەبارەت بـە رۆژگـاری ئـەمرۆمان دەکرێـت کـەم و کـورِ و هەڵـەی جـددی لەخۆوە دەگرێت.

و ـ خوڵقکاری ئایدیۆلۆژی و بە دەزگابوون رۆڵێکی گـرنگ دەبینـێ لـە گۆرانکـاری و گەشـەکردنی هــزری مــرۆڤ. داهێنانــە مێتۆلۆژیــەکانی ســۆمەریەکان و شــێوازەکانی پەرســتن، رۆڵــی بــەنزین و چەورکردن دەبینن لەکاروباری دەزگاکانی سەرخان و ژێرخانی کۆمـەڵگادا. بەرێوەبـەرانی سـۆمەر بـە تایبـەتیش توێـژی راهیبــەکان زۆر بــە چـاکی دەرکیـان بــەوە کردبـوو کـە بـە بـێ ئـەوەی خـەیاڵی ئایدیۆلۆژی و شێوازەکانی چۆنیەتی هەرس کردن و بەرجەستەکردنی بۆ کۆمەڵگا دانـەهێنن، نـاتوانن چەرخی سـەردەم هەڵسوورێنن. هـەر لەبـەر ئـەوەی بـەرێوەبردن و رێکخسـتنی کۆمـەڵگای گونـدی ــ نیۆلیتیك زۆر سادەیە چونکە پشت بە کشتوکاڵ و بەخێوکردنی ئـاژەڵ دەبەسـتن, بۆیـە پێویسـتی بـە یاسـا و دەزگـای بـەرێوەبردن و هـزری ئـاڵۆز نییـە و پێویسـتی بـوون بـۆ سەرچـاوەیەکی دەوڵەمەنـدی میتۆلۆژی پێشنەکەوتووە. بە ئەندازەی ئەوەی لە کۆمەڵگای ئەو سەردەمەی سـۆمەریەکاندا پێویسـتی تێپەراندنی ئـەم قۆناخـە دەرکەوتبێتـە پـێش کـە لەمیانـەی بـیر و بـاوەرە سـەرەتاییەکانی تەوتـەم و ئەستێرەناسی گوزارشتی لێدەکرا کە پشت بە کلتووری دایك و باوك دەبەستن, ئەوا دەزگای راهیبەکان پێشکەوتنێکی گرنگ بەخۆیەوە دەبینێ و دەبێتە دەزگایەکی سەرەکی.

وێنە (تصور) ئایدیۆلۆژیەکانی سۆمەریەکان تەنانـەت لـە رۆژگـاری ئەمرۆشمانـدا جێگـای سـەرنج راکێشان و سەرسوورمانە. هەرچـەندە لێکۆڵینەوەیـەکی زیـاتر پێشبخرێت، دەرك بـەوە دەکرێـت ئـەو پێکهاتە میتۆلۆژیانەی کە بناخەی زانستی خواناسی و ئەدەبیاتن، ئەو تەسەورانەی کـە کاریگەریـەکی زێدەیان کردۆتـە سـەر پێکهاتـەی ئایـدیۆلۆژی مێـژووی شارسـتانیەت. پێکهاتـەی هـزری سـۆمەریەکان رۆڵێکـی گـرنگ و بەکاریگـەر دەبینـێ لـە پێکهـاتنی بناخـەی تـەواوی بـیر و باوەریـە دۆگماکـان. لـەم چوارچێوەیەشدا زانستی سۆمەرناسی یەکێکە لـەو لقانـەی زانسـتی مێـژوو کـە رۆژبـەرۆژ گرنگیەکـەی

زیاتر دەبێت. پێکهاتەی دۆگماتیکی شێوەکانی بیرکردنەوە تاوەکو دوایی بۆ وەرچەرخانی دیالیکتیکیانە کراوەیە و سەرچاوەیەکی دەوڵەمەندی خولقکارییە.

دەشێ هەندێ تایبەتمەندێتی و پێکهاتە بنچینەییەکانی یاسا و رێساکانی هزر بەمجۆرە ریزبەند بکەین:

١ ـ پێکهاتەیەکی سەرەتایی دیالیکتیکی نیشان دەدات. هەروەکو چۆن ئاسمان بەرامبەرەکەی زەویە, لەهەمانکاتیشدا نوێنەرایەتی پرەنسیپێکی بەمجۆرە دەکات لەم دوانە یەکێکیان نێرە و ئەوی دیکەیان مێیە. ئاسمان بە "**ئەن**" زەویش بە "**کی**" ناو دەبرێت. "**ئەنکی**" شێوەی نێرێتی ئەم یەکێتییەیە و زۆرباش هەست دەکات کە لەگەڵ خوداوەندەی ژندا رێککەوتووە. ئەنکی سەرچاوە و باپیرەی زاراوەی باوکە. تەواوی خوداوەندە ژنەکان بۆ خۆی دەهێنێ و رێگا لەپێش منداڵبوونێکی یەکجار زیاد دەکاتەوە. خوادەوەندی ژن "**تیامات**" کە دوای هەمووان لە دایك دەبێت لەلایەن خوداوەندی بابلیەکان "**مەردۆك**" لێدانێکی کوشندەی بەردەکەوێت و لە ریزی دەستەی خوداوەندەکان بەدەر دەنرێت. لە ساڵانی ٢٠٠٠ پ.ز بەو لاوە بیروباوەڕی خوداوەندی ژن و ئەو چیرۆکە میتۆلۆژیانەی گوزارشتی لێدەکەن، بە رادەیەکی مەزن دوا دەکەوێت و دووچاری بەلاوەنان و پەسندنەکردن دێت. ئەم گۆڕانکارییەش لە نزیکەوە پەیوەندی بەو کەوتنەی ژنەوە هەیە کە لە ئاستی ستاتۆی کۆمەڵایەتیدا دووچاری هات. پرەنسیپی نێرێتی ـ باڵادەستی پیاو ـ زاڵ بوونی خۆی لەنێو پێکهاتەی کۆمەڵگا و دەوڵەتدا تۆکمە و بەهێز کرد. لە ئاکامی ئەوەی دەسەڵاتی پادشایەتی بە شێوەی ئایینی تاکخودایی و باڵادەستی پیاو لە بەرزترین دەزگاکانی دەوڵەتدا تاوەکو یەکینە هەرە ژێرەکانی جێگیر بووە، ئیتر بەپێی دەربازبوونی کات میتۆلۆژیا شێوەی بیر و باوەڕییەکی مسۆگەر لەخۆوە دەگرێت، کۆمەلگا وەرچەرخانێکی ئایدیۆلۆژی و ئەخلاقی مەزن بەخۆوە دەبینێ. پادشاکان یا ئەوەتا راستەوخۆ بۆ خۆیان خوداوەندن یاخود رۆڵی نوێنەریکردنی خوداوەند دەبینن. بەمڕەنگە بە شێوەیەکی سەرسووڕهێنەر پەیوەندی نێوان **کۆیلەدار ــ کۆیلە** گۆڕدراوە بۆ پەیوەندی **خودا ــ بەندە**. بیر و باوەڕی سەرەکی میتۆلۆژیا و ئایین و وەرچەرخانی یاسا بۆ دەستوور، پێشکەوتنێکی مێژوویی و کۆمەڵایەتی مەزنە و دەرئەنجامی گرنگ لەگەڵ خۆیدا دێنێتە ئاراوە. پەرستگاکانی سۆمەریەکان و (**ئودوبا**) واتە ئەکادیمیای کلتوور یان ئەو دەزگا هزریانەن کە تا دواڕادە کاردەکەن بۆ ئەوەی دەسەڵاتی **پادشا ـ راهیبەکان** پێشبکەوێت و بەردەوام بێت. بۆ پێکهاتنی میتۆلۆژیا لەلایەکەوە ئایین کە بە واتای زانستی خوداناسی دێت, لەلایەکی دیکەشەوە ئەو بیرۆکە و ئەندێشانەی بە شێوەی داستانی ئەدەبین، ئەرکی تایبەت و سەرەکی راهیب و نووسەران و بیریاران بوون. "**نیپور**"ی پیرۆزیش

لەلای بابلیەکان دەبێتە سەنتەری ئەو کلتوور و ئایین و ئەدەبیاتەی کە بە هەزاران ساڵ بەردەوام دەبێت.

٢ ـ سیستەمی بیرکردنەوە پشتی خۆی بە سیستەمی ئاسمانی دەبەستێت. هەروەکو چۆن ئەستێرە و مانگ و خۆر شێوازێکی نەگۆڕی جوڵانەوەیان هەیە, هاوکات دەبێ یاساکانی سەرزەویش نوێنەرایەتی ئەم یاسا ئاسمانیانە بکەن. دەوڵەت و پادشای ـ راهیب بە ناوی خوداوەند نوێنەرایەتی ئەم سیستەمە دەکەن. ئیرادەیان پیرۆزە و وتەکانیان یاسایە. هەموو هێزەکانی سەر رووی زەوی هەر یەکە و خودایەکیان هەیە. هەمان شت بۆ هێزەکانی کۆمەڵگاش بەڕێوە دەچێ. ناشێ هیچ تایبەتمەندێتی و بوونەوەرێکی بێ خوداوەند بوونی هەبێت. دەبێ ئەمە بە شێوازی هزری "**خودایی**" زانستی خوداناسی ناوزەد بکرێت. ئەم شێوازەی بیرکردنەوە دواتر پێشکەوتنێکی مەزن دێنێتە ئاراوە و دەبێتە بناخە و سەرەتای فەلسەفەی یۆنان (گریکی کۆن) و ئەو هزرە زانستییەی کە لە ئەوروپای هاوچەرخدا پێشکەوتووە. هەرچەندە لەسەر بنەمای یەکتری رەت کردنەوە و نکوڵی کردن ناکۆکییەك لە نێوان ئەم قالبە سەرەکیانەی شێوازەکانی بیرکردنەوەدا هەبێت, بەڵام لەبەر ئەوەی دەرهاوێشتەی یەکترن و یەکدیان ئافراندووە پەیوەندییەکی توندیان بەیەکترەوە هەیە. بۆیە تاوەکو پەیوەندییەکانی نێوانیان ئاشکرا نەکرێت ناتوانرێ مێژووی ئایینەکان و مێژووی فەلسەفە و مێژووی هزری زانستی بە شێوەیەکی راست روون بکرێتەوە. شێوازی بیرکردنەوەی سۆمەریەکان بە گوێرەی خۆی بە واتای پێشکەوتنێکی مەزن دێت. پاشان یاساکانی خودا بە شێوەی یاسای زانستییانە دەرکەوتوونەتە پێشمان.

٣ ــ زاراوە سەرەکییەکانی میتۆلۆژی وەکو مرۆڤی یەکەم, بەهەشت و دۆزەخ, لە بەهەشت دەرکردن و تۆفان لەنێو هزری سۆمەریەکاندا، جێگا و شوێنێکی گرنگیان گرتووە. ئەو رەوشە ناکۆك و سەخت و زەحمەتەی لەنێو سروشت و کۆمەڵگادا دەرکەوتوون گێڕانەوەیان بە شێوەی زمانی شیعر و داستان داب و نەریتێکی سۆمەریەکانە. ئەو دیاردە سروشتی و کۆمەڵایەتییانەی بە گوێرەی خۆیان ناویان لێناوە و کردوویانە بە تیۆرییەك، بە شێوەی سیستەمێك گوزارشتی لێدەکرێت. تیۆلۆژییەکانیان لەسەر هەر بوویەر و پەیوەندییەك پیادە دەکەن و ئەنجام لەهەر یەکەیان وەردەگرن. ئەم هەڵوێست و نزیکبوونەوەیەش رێگا لەپێش تەقینەوەیەکی هزری دەکاتەوە. هیچ شتێك لە هەڵوێست و دادگایی کردنەکانی ئەم سیستەمە رزگاری نابێت, هیچ شتێکیش بێکار و دەست بەتاڵ نییە. هەموو شتێك گرێدراوی یەکترە. هەروەکو بڵێی رووبەڕووی شێوەی سەرەتایی یەکەمین پرەنسیپی دیالیکتیك بووینەتەوە. یەکەمین یۆتۆپیا و داستان سەرچاوەی خۆی لە سۆمەریەکانەوە

وەردەگرێت. یۆتۆپیای بەهەشت، ژیانی ئادەم و حەوا و دەرکردنیان لە بەهەشت، یەکەمین شەڕی براکوژی نێوان هابیل و قابیل و داستانی کەسایەتی گلگامێشی **نیوخودا ــ نیو مرۆڤ** بە شێوەیەکی تۆمارکراو گەیشتۆتە رۆژگاری ئەمڕۆمان. ئەوەی لەم یۆتۆپیا و داستانانەدا باسی لێوەکراوە، زۆری و زەحمەتی ئەو ناکۆکیە کۆمەڵایەتییانەیە کە لە ئەنجامی ئەو ململانێیانە دەرکەوتن، کە ئامانجی گەڕانەوە بوو بۆ گەوهەری یەکسانی رۆژانی سەردەمی نیۆلیتیك. گێڕانەوە و هزرەکەش بەمجۆرەیە. بۆ روون کردنەوەی زانستییانە زووە و کاتی نەهاتووە. لێرەدا ژیری و هزری مرۆڤ زۆر لەسەردەمی چەرخی زانستی دوورە. دەبێ لەبیرنەکرێت، هەروەکو چۆن زانستیبوون لە شارستانیەتی یۆنان ــ رۆما زۆر سنووردار بووە، ئەوا فەلسەفە زۆر لەوە دوورە کە لەژێر کاریگەری میتۆلۆژیا و تیۆلۆژیا رزگاری بووبێت.

ز ـ ئەوەی بۆ یەکەمجار کردەوەکانی ئیمپریالیزمی و داگیرکاری کرد بە سیستەم، شارستانیەتی سۆمەرە. "**سەرجۆن**" کە بنەماڵەی خانەدانی ئەکەدی دامەزراند و تەواوی نیمچە دەوڵەتەکانی سۆمەریەکانی فەتح کرد و کردنی بەیەك، بە یەکەمین ئیمپراتۆر ناوزەد دەکرێت. سەرجۆن قۆناخی دەوڵەتی داگیرکاری دەستپێکردووە. دەوڵەتی شاری سۆمەریەکانی پێش لەو، جگە لەوەی هەندێ پایگای سەربازیان لە پێناو خۆپاراستن و بازرگانیدا ئاوا دەکرد، پەنایان نەدەبردە بەر هێرشەکانی فەتح و داگیرکاری. بەڵام هەرچی **سەرجۆنە** خولقێنەری قۆناخی سیستەمێکی خۆ فرەکردن و پەلهاوێشتنە لەسەر بنەمای پەیڕەوکردنی توند و تیژی، چونکە لەجیاتی پێگە سەربازیەکان کۆلۆنیەکی بەرفراوان و لەنێو شارەکانیشدا شاری سەرەکی (پایتەخت) ئاوا کرد، ئەوەی تەواوی ئیمپریالیست و داگیرکارەکان دوای ئەو ئەنجامیانداوە تۆکمەکردن و پەیڕەوکردنی ئەو سیستەمەیە. کوشتنی مرۆڤ بە شێوەیەکی نەخشە بۆکێشراو، دەست بەسەرداگرتنی هەموو شتێکیان، بە کۆیلەکردنیان، داگیرکردنی ئەو شوێنانەی بەرژەوەندی و قازانجی خۆیان تێدا دەبینن و لەسەر دەسەڵات هێشتنەوەی ئەو تاقم و کەسانەی بە گوێرەی خۆیانە، یەکێك لە قۆناخە گرنگەکانی پێشکەوتنی مێژووییە. دەبێ بەمجۆرە لەقەڵەم بدرێن کە بە شێوەیەکی رێك و پێك ئیمپراتۆریەتێکی گەردوونییان لەو قۆناخەدا ئاواکردووە. هەربۆیە لەم چوارچێوەیە سۆمەریەکان جگە لەوەی کۆمەڵگای دەوڵەتی ــ چینایەتین، لەهەمانکاتدا شارستانیەتێکی ئیمپریالیستی وەهایە کە خاوەن پێکهاتەیەکی فرە ئەتنیکییە.

ر ـ شەرەفی نووسینی یەکەمین رێسای یاساکان تایبەت بە سۆمەرکانە. سۆمەریەکان یاساکانی دەستووریان لەسەر بەردەکان هەڵکەندووە و نووسیویانە و بەمجۆرە، سەبارەت بە دەرك پێکردنی و

پـەیڕەوکردنی یاسا سـەرەکییەکانی بـەڕێوەبردنی کۆمـەڵگا گرنگـی و بایـەخێکی تایبـەتیان پـێداوە. ناوبـانگی یاسـاکانی **ئورنـامۆ و حـامورابی** تـاوەکو رۆژگـاری ئـەمڕۆمان هـاتووە. بـەها سـەرەکییەکانی شارستانیەتی وەکو مۆسیقا, هۆنراوە، بناخەی چالاکی و کـردەوە سـەرەکییەکانی رۆژگـاری ئـەمڕۆمان پێك دێنێ. سەلماندنی ئەم تایبەتمەندێتی و راستییانە شتێکی هێندە سەخت و ئاستەم نییە. هەروەکو چۆن ئاواز و ستران و گۆرانی بە ئامراز و مەقام و شێوازی خۆیان دەگەن, بەمڕەنگە بە هـەزاران ساڵ کاریگەری لەسەر قۆناخەکانی دوای خۆی کردووە.

**س** ـ بەهۆی گرنگییەکەیەوە خاڵێکی دیکە کە پێویستی بە یەکلابوونەوە هەیـە، بابـەتی نـەژادی سـۆمەریەکانە. ئایا خـاوەنی چ جـۆرە تایبەتمەندییـەکی ئـەتنیکین و, هەڵوێستیان بەرامبـەر نـەژادە جیاوازەکانی تر چۆنە؟ چ پاشماوەیەکی نەژادی ئەم شارستانیەتە ماوەتەوە کە مۆرکی خۆی لەمێـژوو داوە؟ بێگومان ئەم پرسیارانە گرنگن و پێویست دەکات لەم بارەیەوە لێگەڕین و لێکۆڵینەوەکان قـووڵ بکرێتەوە. شوێنی سۆمەریەکان جێگای بەیەك گەیشتنی دوو ناوچەی سەرەکین کـە رۆڵێکی مـەزنیان لەمێـژوودا بینیـوە. شـتێکی روون و ئاشـکرایە مەملەکـەتی سـۆمەریەکان کـە دەکەوێتـە ئـەو دەشـتە بەپیتانـەی نێـوان بیابـانی عـەرەبی و زنجـیرە چـیای زاگـرۆس ـــ تـۆرۆس، بـە ئەنـدازەی ئـەوەی شارستانیەتی خۆی پێشخستووە، بەردەوام رووبەڕووی پەلامار و داگیرکاری دەبێتەوە. هـەروەکو چـۆن سـەردەمێك ئیمپراتۆرییـەکانی یۆنـان و رۆمـا جێگـای سـەرنجی هـەموو لایـەنێك بـووە، هاوکـات شارسـتانیەتی سـۆمەریش لەسـایەی ئـەو دەوڵەمەندییـەی خوڵقانـدبووی ببـوە جێگـای چـاوتێبڕینی دەرەوە. جگـە لـەوەی کـە بەخۆشـی بـەردەوام پـەلی بـۆ دەرەوە هاوێشـتووە. کاتێـك پرەنسـیپی کـار ـــ کاردانەوە بە شێوەیەکی چڕوپڕ بکەوێتە بواری کردارییەوە، ئەوا راسـتینەیەکی دەسـت لێبەرنـەدراوە کە حوکم و کاریگـەری دیـالیکتیکی بـە شـێوەی پێشـکەوتنی مێـژوویی بـەڕێوە دەچێت. لـە باشـووری رۆژئاوا (سامی) سـامیەکان, لـە بـاکووری رۆژهـەڵاتیش ئاریـەکان (ئاریـان) هـەروەکو سـۆمەریەکان بـە **"هۆریـت"** ناوزەدیـان دەکـەن. ئـەم نـەژاد و رەگەزانـە بـە ئەنـدازەی ئـەوەی شارسـتانیەتیان هـەرس نەدەکرد هاوکات بەردەوامیان بە هێرشەکانیان دەدا و هەنگاویان بۆ دواوە نەدەهاوێشت.

دەشێ ئەم هەڵوێستە کۆتاییەکانی سۆمەریەکان روون بکاتەوە، بەڵام دەرفەتێکی سنوورداریش بۆ روون کردنـەوەی سەرچـاوەکەی دەڕەخسێنێ. لەئـەنجامی ئـەو لێکۆڵینەوانـەی دەرهـەق بـە نووسـینە هەڵکەندراوەکان کراوە، لەو تاتەقوڕینە و ئاسەوارانەدا دەرکەوتووە، کـە بڵاوبوونـەوە و کۆچـبەری لـە باکوور و رۆژئاواش ئەنجامدراوە. ئامۆریەکانی کە لە باشوور و رۆژهەڵاتەوە هاتوون، لەبەر ئەوەی بـە شوانکاریەوە خەریك بوون، هیچ ئاسەوارێکیان لـەپاش بـەجێ نـەماوە. پێدەچێ ئـەم گروپـە کۆمۆنـە

بچووکانە کە لەم دوو ناوچەیەوە هاتوون، یەکەمین یەکینەکانی نیشتەجێبوونیان ٦٠٠٠ ساڵ پ.ز ئاوا کردبێ. توانستەکانی ناوچەکەی دەرهەق بە بەرهەمی جیاواز و بە پیت بۆ ماوەیەکی درێژخایەن، رێگای لەپێش وەرچەرخانی پێویست کردەوە و جیاوازی نەژادی سۆمەریەکانی خوڵقاند. هەبوونی گەلێك وشە کە سەرچاوەی خۆی لە ریشەی هەم هۆریەکان و هەم ئامۆریەکان وەردەگرێت و جێگرتنیان لەنێو پێکهاتەی زمانی سۆمەریەکاندا، ئەم نزیك بوونەوەیە پشت راست دەکاتەوە. بەڵام ئەمە بەو واتایە نایەت کە سۆمەریەکان قەومێکی رەسەن نین، بە پێچەوانەوە هەروەکو چۆن لە گەلێك شوێنی جیاوازدا روویداوە، یەکینە کلتووریە جیاوازەکان تێکەڵ بە یەکتر بوونە و لە سەنتێزێکی باڵاتردا بە یەکتر گەیشتوون و کوولتوورێکی نوێیان خوڵقاندووە, ئەمەش سەرچاوە رەسەن و راستەقینەکەی ئەم نموونە زەقانەیە کە ئاماژەمان پێکرد.

## ج ــ ئەنجامە جێگیر و هەمیشەییەکانی شارستانیەتی سۆمەر

هەروەکو لە هەموو کلتوورەکاندا روویداوە، بە تایبەتیش لەبەر ئەو دەرئەنجامەی لێی کەوتۆتەوە و ئەو شوێنە مێژووییە هەمیشەییەی کە هەیەتی، شارستانیەتی سۆمەریش بە گۆڕانکاری و وەرچەرخانی بەرچاودا دەرباز بووە و بەمجۆرەش لەنێو ئەو کلتوورە جیاوازانەدا درێژەی بە هەبوونی خۆی داوە، کە بە تایبەتیش رۆڵێکی سەرەکی لە ئاواکردنیاندا بینیوە و لە شوێن و جێگایەکی بەمجۆرەدا جێگیر بووە کە بە پێی دەربازبوونی کات دەرك بە نرخ و بەها مێژوویەکەی کراوە. بنەماڵەی خانەدانی ئەکەدی **سەرجۆن** کە بە گرانی مۆرکی سامی پێوەیە، یەکەمین نموونەی گرنگی گۆڕانکارییە کە لەمێژوودا دەستنیشان کراوە. زمانی فەرمی و باڵادەستی کلتووری بەتەواوەتی بەگوێرەی کارەکتەری سۆمەریەکانە. لەسایەی دەسەڵاتی ئەم بنەماڵە خانەدانە لە ماوەی نێوان ٢٣٥٠ تا ٢٢٥٠ پ.ز دا، چڕبوونەوە لە پێکهاتەی زمانی سامیەکان دا دەبینرێت. تا رادەیەك وەکو کاردانەوەیەك بەرامبەر بەم چڕبوونەوەیە، گۆتیەکانی کە ریشەیان بۆ ئاری ـ هۆریەکان دەگەڕێتەوە، دژە هەڵمەتێك بە هاوکاری خانەدانێکی دیکەی سۆمەری ئەنجامدەدەن و بەمڕەنگە وەرچەرخان و هاوسەنگییەکی نوێ دێتە ئاراوە. کلتووری **ئێران ـ ئیلام** سەنگین دەبێت و مۆرکی خۆی لێدەدات. لە ٢٠٠٠ ساڵ پ.ز دا بە شێوەیەکی بەردەوام داگیرکاری و دەست بەسەرداگرتنی باشوور و رۆژهەڵات لەلایەن گروپە سامی و ئامۆریەکان روودەدات. ئیتر لەگەڵ رووخانی سێیەمین بنەماڵەی خانەدانی

"ئور" قۆناخی میرنشین و دەوڵەتی ـ شار دەستپێدەکات کە بە گرانی مۆرکی ئامۆریەکانی پێوەیە. لەساڵانی ١٨٠٠ پ.ز و لە ئەنجامی دەسەڵاتی بنەماڵەی بەناوبانگی حامورابی ئامۆریەکان, سۆمەریەکان بە تەواوی هێزی سیاسیان لەدەست دەدەن. ئیتر زمانی سۆمەریەکان لەڕێ و رەسمی فەرمیدا بەکار ناهێنرێت. زمانی فەرمی زمانی ئەکەدی بابلیەکانە کە بناخەی سەرەکی زمانی ئاشووری و کلدانی رۆژگاری ئەمرۆمانە. ئیتر زمانی کلتووری تەواوی رۆژهەڵاتی ناوین بابلیە واتە زمانی ئارامییە. ئەمجارە لەمیانەی ئەو پەلامارەی لە باکوورەوە لەلایەنی ئەو هیتیت و کاسی و میتانیانەوە روودەدات کە سەر بە ئاریان ـ هۆریەکانن. لە ساڵانی ١٦٠٠ پ.ز سەرلەنوێ هاوسەنگی لە نێوان هەردوو کلتوور ئاوا دەکرێتەوە، بەڵام دیسان ناوەندی مێشکی بەڕێوەبەرایەتی بابلە و زمانەکەشی بابلیە. ئیتر تەواوی کلتووری سۆمەریەکان بە پارزنگی بابلیەکاندا دەرباز دەبێت و قۆناخی دەستپێکردنی شێوازی تیۆلۆژی و ئەدەبیاتی بابلی جێگای پڕ بایەخی خۆی لەمێژوودا دەگرێت. زانستی ئەستێرەناسی و بیرکاری بابلیەکان هەڵمەتێك ئەنجامدەدات. بنەماڵەی خانەدانی ئاشوور ــ ئامۆری نەینەوا کە دەکەوێتە باکووری بابل، هەنگاوێکی دیکە ئەم قۆناخە بەرەو پێشەوە دەبات. بەمرەنگە رێبەرایەتی کلتووری و ئایدیۆلۆژی بابلیەکان و رێبەرایەتی سیاسی ـ سەربازی ئاشووریەکان دەست بەسەر تەواوی رۆژهەڵاتی ناویندا دەگرن.

قۆناخەکانی بابلی و ئاشووری شارستانیەتی سۆمەری، قۆناخی تەواوبوونی وەرچەرخانی ئەکەدیەکان و راستەوخۆ بڵاوبوونەوەیەتی بۆ تەواوی رۆژهەڵاتی ناوین و شوێنەکانی دیکەی جیهان. ئەمەش بە رادەیەکی زیاتر لە ئەنجامی بەکارهێنانی شێوازی توندوتیژی ئیمپریالیزمیانەوە بەدی دێت. دەسکەوتە ئایدیۆلۆژی و کلتوورییەکانی زۆر سنوورداره. زمانی سۆمەری وەکو زمانێکی دێرینی پیرۆز، لەمیانەی فەلسەفە و ئەو وەرگێڕانە بەردەوامانەی لێیەوە ئەنجام دەدرێت، رۆڵی گرنگی خۆی بۆ بڵاوبوونەوە لەتەواوی جیهاندا دەگێڕێت. پەسەندکردنی یەکتری لەلایەن کلتووره خۆجێییە جیا جیاکان بەپێی دەربازبوونی کات دووچاری گۆڕانکاری دێت. بەڵام شتێکی مسۆگەرە کە یەکەمین نموونەی دێرین سۆمەره. هەبوونی زمانی سۆمەری لەساڵانی بەرەبەیانی زاییندا بەتەواوەتی کۆتایی پێدێت.

کاتێك تەماشای شوێنگەی شارستانیەتی سۆمەری لەنێو مێژوودا بکەین ئەوا زۆر بە باشی ئەم راستییەمان بۆ روون دەبێتەوە کە هیچ شارستانیەتێك بۆ ماوەیەکی درێژخایەن و بە قووڵاییەکی بەمجۆرە کاریگەری نەکردۆتە سەر مرۆڤایەتی. لە ماوەی نێوان ٤ هەزار ساڵ پ.ز تاوەکو ٢ هەزار ساڵ پ.ز بە شێوەیەکی راستەوخۆ، لەماوەی نێوان ٢٠٠٠ ساڵ پ.ز تاوەکو سەرەتاکانی زایین بەشێوەیەکی

ناڕاستەوخۆ، هەم مژیین و هەم بەخێوکردنی مرۆڤایەتی لەلای پێڕەوکارانی سۆمەریەکانەوە جێگای باسە. ئامادەکردن و هەمیشەیی کردنی سیستەمی کۆیلایەتی لەلایەن دامودەزگاکانی سەرخان و ژێرخانی کۆمەڵگا و پیرۆزکردنی لەمیانەی دۆگمای ئەخلاقی ـ ئەدەبی، سەرکەوتن و شکۆمەندیە، کە هیچ ئایدیۆلۆژیایەکی دیکە ناتوانێ ئەنجامی بدات. تاوتوێ کردن و هەڵوەستەکردن لەسەر واتای ئەم دەرئەنجامە سوودێکی بێ سنوور و بێ ژماری هەیە. بۆ شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی شارستانیەت، پێویست دەکات ئەم واتایە ئاشکرا و روون بکرێتەوە. ئەگەر بێت و لەمیانەی هێڵە ئەستوور و گشتییەکاندا شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنێکی بەرجەستە ئەنجام بدرێت, دەشێ ئەمانە دەستنیشان بکرێت:

١ ـ شارستانیەتی کۆیلەداری سۆمەریەکان لەسەر بنەمای بەهای کۆمەڵگای نیۆلیتیکدا هەڵکشاوە کە گەلان بە درێژایی ١٠ هەزار ساڵ لە ناوچەی هیلالی بەپیت (الهلال الخصیب ) پەرەیان پێدا و پێشیانخست. هەروەکو چۆن هەندێ جار لەمیانەی بازرگانی و هەندێ جاریش لە رێگای توندوتیژی و زیاتریش لەمیانەی سەپاندن و پەسندکردنی سیستەمە بەرهەمدارەکەیان، تەواوی زانست و **"ئامرازەکانی"** سەردەمی نیۆلیتیکیان کردووە بە موڵکی خۆیان, ئەوا پیشەکاری و بەهرەکانی دیکەیان گەیاندۆتە ئاستی بەدەزگابوون و لەپێناو هەبوونی خۆیان کردوویانە بە بەرهەم و دەوڵەمەندییەکی نائاسایی. هەروەکو چۆن لە رۆژگاری ئەمڕۆماندا لە هەڵوێستەکانی ئەمریکادا بەرامبەر بە گەلان دەبینرێت بە هەمان شێوە ئەو گروپە ئەتنیکی و گەلانەی کۆمەڵگای نیۆلیتیکیان ئاواکرد، لە بەرامبەر ئەم باڵادەستی و بەرزبوونەوەیەی شارستانیەتی کۆیلەداری سۆمەریەکان، بە هەڵواسراوەیی ماونەتەوە. ئیمپریالیزمی سۆمەر بەتایبەتیش لە قۆناخی ئاشووریەکاندا گەلانی بە جۆرێك سەراوبن و دەربەدەر کردووە کە تاوەکو ئێستاکە کاریگەرییەکەی بەسەر رۆژهەڵاتی ناوین و تەواوی جیهاندا ماوە. لەلایەکەوە شێوازی راکێشان لەسەر زەوی و سینگ تێکوتان، لە لایەکی دیکەشەوە پەرتەوازەکردنی بوونەتە شێوازێکی تیرۆر و ریشەکێش کردن، وێرانکردنی شوێنەوار بە جۆرێك مۆرکی خۆی لەنێو چاوانی مرۆڤایەتی داوە کە ناتوانرێ بسڕدرێتەوە. شێوەی یەکەمینی پەیرەوکردنی داگیرکاری و باڵادەستی لە سەردەمی کۆمەڵگای چینایەتیدا، بە شێوەیەکی نەخشە بۆ کێشراو و سیستەماتیك لەسەر مرۆڤ، تاوەکو رۆژگاری ئەمڕۆمان بەردەوامە. ئەگەر لەم سەردەمەشدا لەمیانەی پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیاوە فڕکردنی مرۆڤ بە شێوەیەکی نەخشە بۆ کێشراو و بە سیستەم، بە بەراوردکردن لەگەڵ رابردوو، بە شێوەیەکی بەرفراوانتر بەڕێوە دەچێ, ئەوا ئەم رەوشە وەکو **بۆهێڵ** (جین ـ Gen) لە هزری کۆمەڵگادا جێگیر بووە و بە شێوەیەکی قووڵ گرێدراوی پراکتیکی

یەکەمین شارستانیەتە و لەوێوە سەرچاوە دەگرێت. چۆن "**بۆهێلە**"کانی مرۆڤ پێك دێت، بە هەمان شێوەش رێگا لەپێش چۆنێتی پێکهاتنی نموونەی هاوشێوەی ئەمە دەکاتەوە, هاوکات هزری کۆمەڵگاش "بۆهێل"ی پێکهاتووی هەیە و لە کۆمەڵگاکانی دواتردا جێگیر دەبێت و رێگا لەپێش هەمان شێوەی کاریگەری خۆی دەکاتەوە. لەکاتێکدا بەردەوام توێژە چەوسێنەر و دەسەڵاتدارەکانی کۆمەڵگا دەوڵەمەند دەبن و رێگا لەپێش زیادبوونی بەرهەم دەکەنەوە, ئەوا توێژە چەوسێنەر و ئاراستەکراوەکانی کۆمەڵگا، بەردەوام لاواز دەبن و لەنێو کەم و کورتی دا دەژین. لەگەڵ ئەوەی دیالیکتیکی ستەمکاری و چەوسانەوەی مرۆڤ ئاوا کراوە, بەڵام تاوەکو ئێستا نەتوانراوە رەوڕەوەی ئەم چەرخە بوەستێنرێ. مرۆڤایەتی ئەتۆم پارچە دەکات, بەڵام تاوەکو ئێستا لەوە دوورە ئەم چەرخە پارچە بکات و تێکیبشکێنێ. لە راستیدا ئیتر هەم زیادبوونی بەرهەم و هەم کەم بوونی، بێواتایە. ئەگەر هەردووکیان نەبن، ئەوا کۆمەڵگا لەنێو هاوسەنگیدا دەبێت و بەختەوەر دەبێت.

بەڵێ ئەم رەوشە رێگا لەپێش سەرهەڵدانی مەیلی بەرخودانی ئازادیخوازی مرۆڤ و سەرهەڵدانی شەرەف و رێبازێکی جیاوازی مێژوو و ئێشی مرۆڤ دەکاتەوە کە لەسەر بنەمای ئەو تێگەیشتن و وشیارییە پێشکەوتن، کە مرۆڤی لە ئاژەڵ جیاکردەوە. لە جوگرافیای رۆژهەڵاتی ناویندا دەزگای پێغەمبەرایەتی بە تەواوی ئەم مانایە دەبەخشێت. لەم یەکەمین نموونە شکۆدارەدا دەبینرێ کە کاتێك (شارستانیەت) یاخود کۆمەڵگای نیۆلیتیکی یەکسان و دوور لە شەڕ، کە لە هزری مرۆڤایەتیدا بە شێوەی خەیاڵی بەهەشت رەنگ دەداتەوە، لە ئەنجامی دزیەکی مەزندا دەڕفێنرێ. ئەوانەی دوای ئەو دەمێننەوە بەردەوام لە مێژوو بەدەر دەنرێن و بەمرەنگە شارستانیەت بە بێ مێژوو دەستپێدەکات. لەمیانەی ئەو بەهایانەی کە کردوویەتی بە موڵکی خۆی و دۆزینەوە و ئافراندنی بەدەزگابوونی دەوڵەت, تەواوی ئەو تاك و گروپە ئەتنیکیانە قووت دەدات کە بێتواناکارین و دەبێتە هۆڤێکی تەواو.

٢ ـ وەکو پوختە و پێناسەی کۆمەڵگای چینایەتی لەدایکبوونی دەوڵەت لەلای سۆمەریەکان بە شێوەیەکی نائاسایی و سەرسووڕهێنەرە. ئەمە ئامرازێکی وەهایە کە هیچ خەیاڵێك نییە نەیتوانیبێ بەدیبێنێ و تاوەکو ئێستاکەش ئەو لایەنە زەق و سەنگینەی دەوڵەت بەمجۆرە دەبینرێ. گوتنی "**یان دەبێ خاوەن دەوڵەت بیت یا ئەوەتا روو رەشیت**" سەرنج راکێشە؛ واتاکەی هێندە قووڵە و ئەوە دەبەخشێت کە پیاوی خاوەن دەوڵەت, نەتەوەی خاوەن دەوڵەت، خۆی خاوەنی هەموو مافێك دەبینێ، هەروەکو لە خوداوە بۆی دابین و دیاری کرابێت.

دەوڵەتی سۆمەر کە سەرچاوەی ئەم هێزەی دەوڵەت روون دەکاتەوە, لەبەر ئەوەی یەکەمین و ساواترین نموونەیە، گونجاوترین و شیاوترین ئامرازی شیکردنەوەی شارستانیەت دەداتە دەست. بە جارێك هەم بەرامبەر تاکە کەس و زیاتریش بەرامبەر ئەو گروپە ئەتنیکیانەی کە تاك جێگای خۆی تێدا دەگرێت، هەروەها بەرامبەر بە تەواوی توێژەکانی کۆمەڵگا کە لەدەرەوەی دەوڵەت ماونەتەوە، بەهێزبوونێکی ئاوارتە و بێپێوانە جێگای باسە و ئەم هێزە بەردەوام تۆکمە و پتەو دەکرێت. راهیبە سۆمەریەکان سەبارەت بە پێکهاتنی دەوڵەت، بە شێوەیەکی فێڵبازانە و هەم بە کارامەیی لە رێگەی داهێنانە ئایدیۆلۆژیەکانیان، هزری کۆمەڵگا دەئافرێنن. شتێکی سەرسوورهێنەرە کە لەمیانەی ئەم هزرەدا دەوڵەت بەنوێنەری سیستەمی ئاسمانی لەسەر زەوی دەبینرێت. بێگومان ئامانجی سەرەکی ئەفسانە (میتۆلۆژی) و زانستەکانی خوداناسی ئەوەیە کە لە دایکبوونی کۆمەڵگای چینایەتی، وەك سیستەمێکی سروشتی زاڵ و باڵادەستی بکەن. ئیتر دەسەڵاتی خوداوەند لە رێی دەسەڵاتی ئەم پادشا ــ خانەدانانە نوێنەرایەتی دەکرێت کە تازە بە تازە بەرز دەبنەوە. بەڵام راگەیاندن و پێشکەشکردنی بە شێوەیەکی راستەوخۆ و ئاشکرا, هەروەکو چۆن ناتوانن باوەڕی کۆمەڵگای پێبێنن، ئەوا ناشێ و ناتوانرێ دەوڵەت دابمەزرێندرێت و بەردەوامی پێبدرێت. سەرەتا لەلایەنی ئایدیۆلۆژیەوە دەوڵەت ئاوا دەکرێ و سەردەخرێ، لەپاشان لەگەڵ گەیشتن بە ئایدیۆلۆژیایەك و یەکبوونی (ئامرازەکانی) کۆمەڵگای نیۆلیتیك لەگەڵ بەرهەمی زیادە، دەوڵەت لە دایك دەبێت. لەگەڵ ئەنجامدانی یەکەمیان، دووەمیشیان بەدیدەهێنرێت, کاتێك هەردووکیشیان بەیەکتر گەیشتن رێگا لەپێش بەرهەمێك دەکاتەوە کە تا ئەوکاتە نموونەی نەبینراوە.

شتێکی روون و ئاشکرایە پەرستگای سۆمەریەکان سەرچاوەی سەرەکی دەوڵەت پێکدێنێت. واتە هەروەکو چۆن دواتر بانگەشەی بۆ کرا، هزری دەوڵەت گوزارشتی زانستیانەی مێشکی مرۆڤ نییە, بەڵکو گوزارشت لە بواری دۆگماتێك و تیۆلۆژیەوە دەکات. پێناسەیەکی سادە و نوێ پێشکەش دەکەم. لەقۆناخە سەرەتاییەکانی جیابوونەوەی چینایەتیدا کە هێشتا هزری زانستی پێك نەهاتبوو، دەوڵەت کە گەوهەری شارستانیەتە، گوزارشتێکی تیۆلۆژی زاراوەی دۆگماتیکە. سەرچاوەی لە زانستەوە وەرناگرێت، بەڵکو بیر و باوەڕە دۆگماکان بناخەکەی پێك دێنن. لەم بوارەشدا ئەو ئامرازەی کە هەرە زێدە لە دەرەوەی سەردەمە، دەوڵەت خۆیەتی؛ بە تایبەتیش ئەو شێوە کلاسیکیانەن کە نەبوونەتە موڵکی گەل. لە بەشەکانی داهاتوودا دەبینین هەرچەندە بە شێوەیەکی سنووورداریش بێت، گرنگترین و پێشکەوتووترین هەنگاو کە ئەوروپا لەم بارەیەوە هاوێشتوویەتی، پێشخستنی دیموکراسیەتە لەناو

کارەکتەری دەوڵەتدا. بێگومان ئەمەش لەئەنجامی خەباتی رزگاریخوازی بێ هاوتای گەل و چین و نەتەوەکان بەدیهاتووە.

پەیوەندییەکی توند لەنێوان دەوڵەت و خوداوەند, لەنێوان هزر و بیر و باوەڕی تاکخودایی و ئەو دەوڵەتە هەیە کە لەبواری ناوەندی بوونەوە پێشکەوتووە. تا چ رادەیەك خودا خاوەن هێز و بەجۆرێك نیشانی بدەیت کە ناتوانی پێی بگەیت و لێی تێبگەیت و بە خاوەنی هەموو تایبەتمەندییەکانی دابنێیت ـ کە ئەمانەش تایبەتمەندێتیە سەرەکییەکانی شارستانیەتن ـ ئەوا بەو ئەندازەیەش دەوڵەت و ئەو دەمامکەی خۆی لە ژێردا حەشارداوە واتە (شارستانیەت)، بەهێز و تۆقێنەر و بە جۆرێك نیشان دەدرێت کە ناتوانرێ لێی تێبگەیت و پێیبگەیت. لەهەمانکاتدا ئەمانە تایبەتمەندێتی پادشاکانن. گەوهەری پەروەردەی پادشا، چۆنیەتی بەدەست هێنان و وەرگرتنی ئەم تایبەتمەندییانەیە. ئەمە پێویستی و شایستەی نوێنەری خوداوەندە. بەر لە کۆمەڵگای چینایەتی تەوتەم پوختەی ناسنامەی ئەو کۆمۆنە بووە کە نوێنەرایەتی کردووە؛ هەروەکو نازناو بوو. هەر لەبەر ئەوەی کۆمەڵگا خاوەنی کارەکتەرێکی چەوسێنەر نەبوو، بۆیە لایەنێکی ترسێنەر و تۆقێنەری بەمجۆرەیان نەبوو. هەروەها خوداوەندیش نەبوون. لەوکاتەی کە کارەکتەری چەوسێنەری لای سەرۆك هۆز و تیرەکان پێشدەکەوێت، تەوتەمیش وردە وردە بەرەو شکۆمەندی خودایی بەرز دەبێتەوە؛ لەسەر زەوییەوە جێگا دەگۆڕێت و بۆ ئاسمان بەرزدەبێتەوە. لە تایبەتمەندێتیەکانی (نزیك، دەست پێگەیشتن, نەترس) دووردەکەوێتەوە و لەجیاتی ئەو تایبەتمەندێتیەکانی (دوور, کەس پێی ناگات, تۆقێنەر) وەردەگرێت. بەمجۆرە خیانەتی کۆمەڵگای چینایەتی بەرامبەر گەوهەری خۆی دەستپێدەکات.

بێگومان هەڵسەنگاندن و لە قەڵەمدانی دەوڵەت بەتەواوەتی وەکو ئامرازێك کە راستەوخۆ پشت بە درۆ و دەلەسە و دزی دەبەستێ، کەم و کورتییەکی مەزن لەخۆوە دەگرێت. دەرکەوتنی دەوڵەت تەنیا لەمیانەی ئەو تایبەتمەندییانە روون ناکرێنەوە. ناوەڕۆکی ئاڵۆزی کۆمەڵگای چینایەتی, زیادبوونی داخوازی و پێداویستی دابەش کردنی کار و پیشە, کێشە هاوبەشەکانی ئاسایش، پێویستی بە هەبوونی کۆردیناسیۆنێکی گشتی رەها نیشان دەدات, هەربۆیە بە ئەندازەی ئەوەی چینی باڵادەست و چەوسێنەر دەوڵەت پەسند و ئەرێ دەکات, ئەوا سەپاندنی خۆی وەکو راستینەیەکی دەست لێبەرنەدراو، گرێدراوی سەرهەڵدانی ئەم پێویستییانەیە. شینەکردنەوەی دەوڵەت بە شێوەیەکی راست بۆ ئەم دوو تایبەتمەندێتیەی کارەکتەرەکەی دەگەڕێتەوە. ئەمەش رێگای لەپێش پێشخستنی دوو جۆرە شرۆڤەی دۆگماتیك کردۆتەوە. چینەکانی دەوڵەت (لایەنگرانی) هەموویان بەخودایی و

بەگزادە پیرۆزەکان ناوزەد و شرۆڤە دەکران, چینە رکەبەرەکانی دەوڵەتیش بە لایەنگرانی شەیتان و نەفرین لێکراو و رووڕەش ناوزەد و شرۆڤە دەکران. لە رەوشێکی بەمجۆرەدا دەوڵەت گوزارشت لە ناسنامەی کۆمەڵگایەك دەکات کە ناکۆکی لە نێوان بەرژەوەندییە جیاوازەکاندا هەیە و هەژاری چینێك و دەوڵەمەندی چینێکی دیکە گەیشتۆتە لوتکە و بە بێچارەیی ماوەتەوە. هەر لە سەردەمی پەیدابوونیەوە تا رۆژگاری ئەمڕۆمان خەریککردنی دەوڵەت لە بواری هزر و پیادەکردندا بە خۆڕایی نییە. چونکە سەرچاوەکەی خودایییە. لێرەدا لەپەیوەندی زانست ـ سروشت دا خوداوەند بەلاوەنراوە. بەڵام دوورە لەوەی لەنێو کۆمەڵگادا بەسەری‌بخات، چونکە دەوڵەت لەئارادا هەیە. لەو شوێنەی کە دەوڵەت هەبێت بەردەوام خوداوەند هەیە.

٣ ـ کاتێك لێکۆڵینەوە سەبارەت بە شارستانیەتی سۆمەر بکەین دەبینین کە دیاردەیەکی دیکەش پێویستی شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی خۆی دەسەپێنێ. بەئەندازەی شیکردنەوەکانی مارکس سەبارەت بە دەوڵەت و پارە, میتۆلۆژی و زانستی خوداناسی کە لێیەوە سەرچاوەی گرتووە گرنگە ـ بە زمانی یۆنانی تیۆلۆژی پێ‌دەگوترێت, بە عەرەبیش ئیلاهیات ــ تیۆری مارکس دەسکەوتی نوێی بۆ زانست لەگەڵ خۆیدا هێناوە. بەڵام بە گوێرەی من، هەڵسەنگاندنی بناخەی ئایدیۆلۆژی دەوڵەت وەکو هێزێکی بچووك و سادە، جددیترین کەم و کورتی تیۆرییەکەی و مەترسیدارترین لایەنیەتی. گوتنی ئایین "**ئەفیۆنی کۆمەڵگا**"یە و دەربازبوونی مەسەلەکە بە شێوەیەکی سادە و رووکەشی یەکێکە لە هۆکارە سەرەکییەکانی نەگەیشتن بە سەرکەوتن. بە گوێرەی من بە لانی کەم هێندەی شیکردنەوەی "**پارە**" و "**دەوڵەت**" پێویستی بە شیکردنەوەی ئیلاهیات هەیە. راستینەی سۆمەر بەشێوەیەکی روون و بەرچاو ئەم پێویستییە نیشان دەدات. بۆ شیکردنەوە و تێگەیشتنی شارستانیەتی سۆمەر. مسۆگەر پێویست دەکات ئیلاهیاتەکەی شیبکرێتەوە. خوداناسی زانستی تێکۆشانی چینایەتی سۆمەریەکانە. بە بێ ئەوەی رەنگدانەوەی زاراوە و بیرۆکەکانی خوداناسی بەسەر کۆمەڵگا شیبکرێتەوە ناتوانرێ ئایدیۆلۆژیای سۆمەریەکان و ئەو دونیا کۆنە شیبکرێتەوە کە پشتی پێ دەبەسترێ. ئەگەر ئایینە تاکخودایییەکان شینەکەنەوە ئەوا ناتوانن چۆنێتی پێکهاتەی هزر و ئەدەبیاتی کۆمەڵگای دێرین و چەرخەکانی ناوین و تەنانەت کۆمەڵگای رۆژگاری ئەمڕۆشمان شیبکەنەوە و هەڵسەنگێنن. مۆرکی ئیلاهیات لەهزری تەواوی کۆمەڵگاکانەوە دراوە. ئەگەر ئەم مۆرە نەدۆزرێتەوە و نەسڕدرێتەوە ئەوا ناتوانرێ لەسەر بنەمایەکی زانستییانە کۆمەڵگایەك ئاوا بکرێت کە بە ئەرێیی بیر بکاتەوە. مەزنترین کەم و کوڕی و هەڵەی "**سۆسیالیزمی بونیادنراو**" ئەوەیە کە تەنانەت بە لێواری بوارە مێژوویی و ئایدیۆلۆژیەکانی کۆمەڵگادا تێنەپەڕیوە و لەبواری شیکردنەوەی دەوڵەتدا یەك لایەنەیە. هەروەکو

چۆن تەنیا لەمیانەی شیکردنەوەی پارە و سەرمایە راستینەی کۆمەڵگا بەتەواوی روون ناکرێتەوە, بەپێچەوانەوە رێگا لەپێش ئەوە دەکاتەوە بکەوێتە باوەشی شێوەیەکی دیکەی ئەو ئایدیالیزمەی کە بەردەوام رەخنەی دەکات. ئەمەش هەر وەکو ئەوەیە کە چۆن "**سۆسیالیزمی بونیادنراو**" لەخۆیەوە تەسلیمی باوەشی سەرمایە بوو. هەروەکو لێرەشدا دەبینرێت کە هەوڵماندا روونی بکەینەوە هزری مارکسیستی ناتەواو بە کەم و کورتی ئاراستەگرتنی بەرەو ئەنجامێکی بەمجۆرە کردبووە ناچارییەك.

هەروەکو چۆن هێز و توانای ئایدیۆلۆژی شێوەی ئیلاهیات لە پارە کەمتر نییە, بەهەمان شێوە لەهێزی دەوڵەتیش کەمتر نییە. لەڕاستیدا هەرسێکیان لەناو یەکتردان و لەگەڵ یەکتردا ئاوێتە بوون. لەوانەیە هیچ سێکوچکەیەك لەمێژوودا نەبۆتە خاوەن دەرفەت و توانایەکی بەمجۆرە لەمیانەی ئاوێتەبوون و دزەکردن بۆ ناو یەکتری و هێزێکی مەزن پێکبێنن. ئەمەش تا رادەیەك هاوشێوەی پەیوەندی "**باوك, کوڕ, رۆحی پیرۆز**" دەچێت. نەك تەنیا لێك دەچن بەڵکو شێوازی پێکهاتنیشیان وەکو یەکە. یەکێکیان بەپێی تێپەڕبوونی کات دەبێتە ماددییات، ئەوی تریان دەبێتە دیاردەیەکی مەعنەوی. ئەم سێ کوچکە لە لای سۆمەریەکان بەیەکەوە لکاوە, لەم سێ کوچکەیە یەکێکیان هێزی دونیا, ئەوی دیکەشیان هێزی ئاخرەتی لێ لە دایك دەبێ. ئەو سۆمەریانە ئێمە بە دواکەوتوویان دەبینین باوەڕی بەم درۆ و دەلەسانە ناهێنن؛ باش دەزانن کە خۆیان خوڵقاندوویانە و زۆر چاکیش دەرك بە چۆنێتی کەڵك لێ وەرگرتنیان دەکەن. شتێکی سەیرە بەڵام پاشڤەڕۆترین و توندڕەوترین وشکە باوەڕەکان وەکو زانست و زانایانی رۆژگاری ئەمڕۆمان وابوون. هەروەکو چۆن مرۆڤەکانی سەردەمی سۆمەریەکان لەزانستی رۆژگاری ئەمڕۆمان دوور بوون ئەوا مرۆڤە هەرە زاناکانی رۆژگاری ئەمڕۆشمان بەو ئەندازەیە لە ئیلاهیاتی سۆمەریەکان دوورن. لێرەدا دەمارگیری زیادکراوە. راستینە لە هەر دوو لایەندایە. جگە لە بە دواداگەڕان و دۆزینەوە و جێگیرکردنی لە شوێنی گونجاودا هیچ رێگایەکی دیکەی دەربازبوون دیار نییە. هەروەکو چۆن کوڕ بە بێ دایك ناناسرێت, ئەو زانستیش بە بێ ئیلاهیات ناناسرێ.

لێرەدا بانگەوازیەك بۆ ئیلاهییات لەئارادا نییە. زانست بەرپرسیارە لەوەی نەیتوانی رێگا لەپێش ملیۆنان قوربانی سیستەمە دۆگماتیکەکان بگرێت, لەبەر ئەوەی بە یەکەوە شیکردنەوەی دەرهەق بە ئیلاهیات و دەوڵەت و شارستانیەت ئەنجام نەدا, کەوتە نێو رەوشی ئەو جادووگەرەی کە بووە قوربانی جادووەکانی خۆی. ئایدیۆلۆگەکانی کۆمەڵگای هاوچەرخ کە بانگەشەی ئەوە دەکەن پشت بەزانست دەبەستن تەنیا ئەگەر تەواوی بوارەکانی کاریگەری بەناو یەکدا چوونی سیانیەکانی ئیلاهیات ـ دەوڵەت ـ پارە بەشێوەیەکی هاوسەنگ و هەروەك چۆن لەگەوهەرەکەیدا جێگیر بووە شی

بکەنەوە و بەگوێرەی ئەوە پرۆژەکانیان سەبارەت بە کۆمەڵگا پێش بخەن. لەوانەیە بەئامانجەکانیان بگەن و خۆیان لە کاریگەریە داڕووخێنەرەکانی جادووەکانیان رزگاربکەن. ئەم بابەتانە لای من زۆر گرنگە, لە بەشەکانی داهاتوودا دەخوازم باسیان بکەم.

٤ ـ کاتێ کۆمەڵگای چینایەتی سۆمەر و سەرچاوەی ئەو مێژووەی شارستانیەت هەڵسەنگاندنی دەرهەق بکرێت کە رێگای لەپێش کردەوە بابەتێکی دیکەی زۆر گرنگمان بەرچاو دەکەوێت ئەویش ئەو کاریگەرییەیە کە کردوویەتیە سەر پەیوەندی نێوان زانست و فەلسەفە و میتۆلۆژی و ئایین. بانگەشەیەك هەیە ئاماژە بەوە دەکات کە زانست و فەلسەفە لەگەڵ شارستانیەتدا پێشکەوت, تێڕوانینەکەی دیکە بانگەشەکەی پێچەوانەی ئەوەیە. بەشێوەیەکی گشتی تێڕوانینێکی بەمجۆرە پەسند دەکرێت کە داهێنانەکانی ٦ تاوەکو ٤ هەزارساڵ پێش زایین کلتووری تەل خەلەفی کۆمەڵگای نیۆلیتیك ـ تەنیا دەتوانرێ لەگەڵ ئەو داهێنانە تەکنۆلۆژیانە بەراورد و پێوانە بکرێت کە لەسەدەی شازدەهەم بەدواوە سەریان هەڵدا. بینینی کۆمەڵگای چینایەتی وەکو سەرچاوەی تەکنۆلۆژی و داهێنانە زانستییەکان بەشتێکی راست و بەجێ دانانرێت. بەپێچەوانەوە لەنموونەی سۆمەریەکان، کە بالادەستی ئایدیۆلۆژی دەوڵەت رۆڵێکی موحافەزەکارانەی تێدا گێڕا، دەبینرێت کە بەرزترین ئاستی زیادبوونی تەکنۆلۆژیا و زانست بەر لە کۆمەڵگای چینایەتی هاتە ئاراوە. دۆزینەوە و داهێنانی تەکنیك و زانست کە سۆمەریەکان زیادیان کردبێت، سنووردارە. ئەوەی ئەنجامیدا پاوانکردنی کشتوکاڵ و دەوڵەمەندی تەکنۆلۆژی و زانیاری کۆمەڵگا و ئاواکردنی بالادەستی ئایدیۆلۆژی بوو بەسەریدا. زانیاری وەکو بەرهەمێکی رەنج و پراکتیکی مرۆڤ و تەکنیك نابینرێت، بەڵکو وەکو تایبەتمەندێتیەکی خوداوەندەکان دەبینرێت کە بە دلۆڤانی خۆیان بەزەییان بەخزمەتکارەکانیان (مرۆڤ) دێت و پێی دەدەن. یەکێك لە چەواشەکاریە هەرە گەورەکانی مێژوو ئەوەیە. هێزی چەواشەکردنی ئایدیۆلۆژی راهیبە سۆمەریەکان لە مێژووی کۆمەڵگای چینایەتیدا؛ مەزنترین رۆڵی لەئاواکردنی دەوڵەت و زاڵبوونی جیاوازی چینایەتی لەکارەکتەری شارستانیەت دا هەیە. لەوانەیە ئەگەر ئەم چەواشەکاریە لەمیانەی ئایین و میتۆلۆژیای سۆمەریەکان نەبوایە, ئەوا بەو خەڵەتاندن و بالادەستیە ئایدیۆلۆژیە، زانست، تەکنۆلۆژیا و فەلسەفە لەمیانەی پراکتیکی بەرهەم هێنانی ئازادانەی مرۆڤ دەبووە خاوەنی دەرفەتی پێشکەوتنێکی خێرا و زووتر.

لەبەر ئەوە یەکەمین نموونەی مێژووی سۆمەر ــ ئارکەتیب ــ زۆر گرنگە: چونکە لەکاتێکدا ئاستی ئازادی پەیوەندییەکانی کۆمەڵگا بەگوێرەی زانیاری و تەکنۆلۆژیا و داهێنانە فەلسەفییەکان لەبارتربوو, ئەوا هەرچەندە فشار و خەڵەتاندنی ئایدیۆلۆژی پێشکەوت, زانیاری و فەلسەفە پاش

کەوت, واتە بەدەست خستنی زانیاری ڕاست دەرهەق بە سروشت و ئاستی شرۆڤەکردنی گشتی، کەوتنێکی جددی و بەرچاوی بەخۆیەوە بینی. لەکۆمەڵگای چینایەتیدا بەتەواوی دابڕانی توێژێك لەبەرهەمهێنان و توێژە بەرفراوانەکەی دیکەش لە مرۆڤ بەولاوە هەروەکو بڵێی پارچەی ئامێرە، کراوە بەکۆیلە, ئەم ڕەوشە سەرچاوەی هەموو دۆگما ئایینیەکان پێك دەهێنێ. ڕۆڵی زاڵ و باوی چینی ڕاهیب بەدرێژایی مێژوو بەمجۆرەیە. لە کاتێکدا ئامرازێکی ساختەی بەهەشت و دۆزەخ و چەمکێکی خوداوەندی سزاکار پێشکەشی ئەو مرۆڤانە دەکات کە خزێندراونەتە نێو ئێش و ئازار و بەمجۆرە تۆکمەکراوە و بەردەوامی پێدەدەن, ئەوا خۆیان و دەوروبەرەکانی بەڕێوەبەرایەتی بە بێ ئەوەی کاربکەن و ڕەنج بدەن، هێزی بەرژەوەندیە ماددییەکانیان بەشێوەیەك لەم جیهانەدا پێش دەخەن و لەنێو دەوڵەمەندییەکدا دەژین کە هاوتاکەی نەبینراوە. هەربۆیە ئەو ئامرازەی بەڕادەیەکی هەرە زیادە بەکار هێنراوە و پەنای براوەتە بەر ئەوەیە کە بەردەوام خەیاڵ و ئامرازەکانی باڵادەستی ئایدیۆلۆژی، واتە ئایین و میۆلۆژیای لەخزمەتی چینە باڵادەستەکاندا پێش خستووە. لەکاتێکدا سەرەتا پەرستگاکان سەنتەری بەهەرم هێنان بوون, دواتر ئەم ڕۆڵە کەوتە سەر ئەو ئەکادیمیانەی کە لەگەڵ دەرکەوتنی توێژی ڕۆشنبیر ـ نووسەران سەریهەڵدا. بە تایبەتیش لە شارستانیەتی یۆنان ـ ڕۆمان سیستەمی ئەکادیمی فەیلەسوفەکان دەردەکەوێتە پێش. لە شارستانیەتی سۆمەردا بۆ یەکەمجار نموونەی سەرەتایی سەنتەری کلتووری لە "**نیپور**" و ئەکادیمیای ئەدەبیات لە "**ئەدوبا**" وەکو شێوەیەکی سەرەتایی دەبینرێت. لەهەمانکاتدا ئەم پێشکەوتنە شانسێکی بەمجۆرەی هەیە کە وەکو یەکەمین زانکۆی مێژووی مرۆڤایەتی جێگای خۆی گرتووە.

نابێ لە دەرئەنجامی ئەم هەڵسەنگاندنەدا نرخاندنێکی وەها بکرێت کە ئایین یەکسانە بە چینی دەسەڵاتدار یاخود یەکسانە بە دەوڵەت. بێگومان لەبەر ئەوەی لەو سەردەمەدا چەمکەکانی سروشت بەسەر کۆمەڵگادا زاڵ بوو، هەربۆیە چەندین چەمکی ئایینی سەرەتایی، زاڵ و باڵادەست بوون. بە تایبەتیش چەمکی تەوتەمی تیرەکان و چەمکی ئایینی باوکسالاری و دایکسالاری بە بنەماگرتووە. باوەڕییەکی ڕۆحانی گشتی زەمینەی کۆمەڵایەتی پێویستی پێشکەش بە هەمووجۆرە جادوو و سیحربازییەك دەکات و دوور لە چەمکێکی زانستیانەی سروشت دەژین. بەڵام کاتێك کۆمەڵگای چینایەتی پێشدەکەوێت و ململانێی نێوان بەرژەوەندییەکان زیاددەکات, ئەوا ئەو دابەشبوونەی کە لە بواری ئایین و میتۆلۆژیادا ڕوودەدات، بە لایەنی سیستەمی باڵادەست و چەوسێنەردا دەشکێتەوە؛ چینی نوێی ڕاهیبەکان چەمکە کۆنەکانی ئایین بە تایبەتیش جادوو سیحربازی نەفرینی لێدەکات و بە گوناهی ڕادەگەیەنێ. مژدەی مەیل و کردەوەی خۆشی وەکو خێر و پیرۆزی بڵاودەکاتەوە. لە

ڕاستیدا دابەشبوون و پارچەبوونی کۆمەڵگا بەمجۆرە، ڕۆڵێکی سەرەکی لەپێکهاتنی بناخەی ململانێی نێوان شەیتان و خودا دا دەبینێ. میتۆلۆژیاکانی سۆمەر بە شێوەیەکی زۆر ڕوون و ئاشکرا ئەمەی ئاشکرا کردووە و خستۆتە ڕوو. چەواشەکاری بۆ ئەو قۆناخە مسۆگەرە, بەڵام ئەگەر لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا تەماشابکەین, ئەوا بێچەندوچوون دەبینین کە کارەکتەری چینایەتی هەیە. بە تایبەتیش دەرکردنی ئادەم و حەوا لە بەهەشت دەربڕینێکی میتۆلۆژی و سەرەکی دەستپێکردنی جیابوونەوەی چینایەتییە و چیرۆکە میتۆلۆژیەکەی زۆر سەرنج ڕاکێشە و بە شێوەی هۆنراوەیە. لێرەدا پێویستی ئەوە نابینم وەکو نموونە پارچەیەکی بیهێنمەوە و باس بکەم. ململانێی نێوان **هابیل** و **قابیل** ڕەنگدانەوەی ململانێی نێوان ئەو دوو لایەنەیە کە بەکشتوکاڵ و شوانکاریەوە خەریکن.

لاوازبوونی ستاتۆی ژن و لەدەستدانی ئەو شوێنگە و ڕۆڵەی لە ئەنجوومەنی خوداوەندەکان ــ **پانتائۆن** ـ هەیانبوو، لەمیانەی گێڕانەوەیەکی میتۆلۆژی شیعرئامێزانە پێشکەش دەکرێت. هەروەها لە ئایینی تاکخودایی کە هەنگاوێك لەپێشترە هەم لەلایەنی دەربڕینی ئایدیۆلۆژی و چەواشەکردن و هەم لەنێو کۆمەڵگادا ژن لەڕەوشی ڕەگەزێکدایە کە خراوەتە نێو ڕەوشی کۆیلایەتییەوە. لە هەموو بوارێکدا لە ناوخۆ داخراوبوون و داخستنی دەم و زمانی جێگای باسە. هیچ شوێنەوارێکی سەردەمی خوداوەندە ژنەکان نەماوە. لەبەر ئەوەی لەرابردووشدا ئادەمی ناچاری ئەنجامدانی یەکەمین گوناه کردووە، بۆیە ئەو ڕەگەزە سەرەکیەی تاوانبار و گوناهبار کراوە بەرامبەر بەم ڕەوشە بەرپرسیارە. لێرەدا لەمیانەی میتۆلۆژی و لەڕێگای ئەو ئایینەی سەرچاوەکەی لەمیتۆلۆژیاوە دێت، باڵادەستیەکی زەق بەلایەنی ڕەگەزی پیاودا دەشکێتەوە و بەمجۆرە ڕەوایەتی پێدەدرێت و زاڵ دەکرێت. لە هەموو ئاستێکیشدا سەردەمی باڵادەستی پیاو شکۆدار دەکرێت و دەبێتە نوێنەرە پیرۆزەکەی ئایین. لێرەدا بە شێوەیەکی تەڵەکەبازی پێشخستنی مێژووی کۆیلەکردن جێگای باسە. کاتێك تەماشای میتۆلۆژیای سۆمەریەکان بکەین دەبینین لەکاتێکدا بابە "**ئەنکی**" وەکو بلیمەتی مەزن و فێڵباز لەمیانەی لۆژیکی ڕیککەوتن و تەبایی پێشکەوتووە, لەگەڵ دەرکەوتنە پێشی"**بال**"ی خوداوەندی بابل مەردۆك لە کەسایەتی "**تیامات**" هەموو جۆرە لێدانێکی کوشندەی لە خوداوەندی دایك داوە. داستانی خوڵقاندنی بابل "**ئەنومائەلیش**" خاوەنی گرنگییەکی دوو لایەنیە. کارەکتەری ڕەهای پادشایەتی سەریهەڵدا و لەمیانەی یاساکانی حامورابی گرنگییەکی مێژوویی پەیدا کرد و ئەمەش تۆمارکراوە. لە لایەکی دیکەشەوە لە میتۆلۆژیای سۆمەریەکاندا ئەو یاسا ئایینیە مسۆگەرانەی کەس بۆی نییە دژی دەرکەوێت ڕێساکانی خۆی هێناوەتە ئاراوە. ئەمە نوێنەرایەتی قۆناخێکی مەزنی کۆیلایەتی ڕەگەزی و چینایەتی دەکات و ڕێگا لەپێش بەدەزگابوونێکی مەزن دەکاتەوە. لەمیانەی خوداوەندەوە بە

ئەندازەیەکی هاوشێوە، بێسنوور رێگای لەپێش دەسەڵاتێکی رەها کردۆتەوە. هەروەها ژن بۆ نێو کۆیلایەتی ماڵی تایبەت و گشتی فووڵبۆتەوە و ئەمەش گەیشتۆتە ئاستی بە دەزگابوون و یاسابوون. کاتێك قۆناخی ئایینە فرە خوداوەندە ژن و پیاوەکان دواکەوتنێکی مەزنی بەخۆیەوە بینی، ئەوا تاوەکو دوایی دەرگا لەپێش مێژووی ئایینە مەزنەکانی تاکخودایی ئاوەڵا بوو، کە لە جوگرافیا و کلتووری رۆژهەڵاتی ناویندا بە باپیرێتی حەزرەتی ئیبراهیم خەلیل کراوە بەسەمبۆڵ.

لە کاتی ئەنجامدانی ئەم هەڵسەنگاندنانە ناتوانرێ بگوترێ رۆڵی سۆمەریەکان بە تەواوەتی نێگەتیفە, هەرچەندە کارەکتەری یاساکانی پێشکەوتنی رووداوەکانی زانست زانستیانە نەبێت، وەلێ جەخت لەسەر ئەوە دەکەمەوە کە رەنگدانەوەی گوزارشت و دەربڕینێکی رەمزییە. هەروەکو چۆن ناخوازم هزری خوداوەند وەکو بتپەرستیەکی تەوتەمی سادە ببینم و بەمجۆرە هەڵیسەنگێنم، وەلێ لەو باوەڕەدام کە سیستەمی گەردوونی هزری خوداوەندی، کە لەسەرەتادا شکۆدارکرا و برایە ئاسمان و دواتر کرا بە تاکخودایی، وەکو قۆناخێکی سەرەتای بیردۆزەی رێژەیی گشتی و تایبەتی رۆژگاری ئەمڕۆمان هەڵبسەنگێنرێت کە ئەوکاتە رەمزی بوو, لە زانستی بوون دووربوو. راستترە و لە جێگای خۆیدایە. بەڵام دەبێ بەگرنگیەوە ئاماژە بەوە بکرێت کە بەشێوەیەکی بنچینەیی رۆڵە زاڵ و باوەکەی گوزارشت کردنە لە پەیوەندییە چینایەتییەکان. دەربڕینی زانستییانەی جیهانی هێزە سروشتیەکان کە کۆمەڵگاش پارچەیەکە لێی بەردەوام لەنێو پێشکەوتن دایە. هەروەها کاتێك شارستانیەتی سۆمەری لەمیانەی میتۆلۆژی و ئەو یاسا توند و باو و موحافەزەکارانە، لەسەر بنەمای رێبازی فەرمی دەوڵەت بەرەو پێش دەبات, هەرچەندە لەمیانەی ناوزەدکردنیان بە "**شەیتان**" و "**جادووگەر**" و "**سیحرباز**" لەلایەن داروەدەستە فەرمیەکانەوە تاوانبار بکرێن رۆڵێکی گرنگیان لەپێشخستنی زانیاری زانستی و فەلسەفی ئەو توێژانەوە هەیە کە بەلاوە نراون و بەرژەوەندییان لە رەوشی رکەبەریدا هەیە. بەکورتی دەتوانین بڵێین بۆ ئەنجامدانی شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنێکی راست دەرهەق بە شارستانیەت لەبەرچاوگرتنی پێشکەوتنی میتۆلۆژی و ئایینی و فەلسەفی و زانستی بەلایەنە پێشکەوتووخواز و موحافەزەکارەکەیەوە، بۆ هەردوو توێژە کۆمەڵایەتییەکە گرنگییەکی ژیانییە.

## د ــ پێشکەوتنی مێژوویی و کێشەی چۆنێتی پەلهاوێشتن و بڵاو بوونەوە

لەبەر ئەوەی لە نزیکەوە پەیوەندی بە بابەتەکەمانەوە هەیە، پێشخستنی هەڵسەنگاندنێك لەئاستی پێناسەکردنی رێچکەکانی چۆنێتی نزیکبوون لە مێژوو بە گرنگ دەزانم. ئەو شێوازانەی

دەرهەق بە مێژوو تاوتوێی دەکەین، دژایەتیکردنی نێوان ماتریالیزم و ئایدیالیزم نییە. ئەو ململانێ و رکابەرایەتییەی نێوان پێڕەوەکان زۆر لەوە دوورە کە گەوهەری پێشکەوتنەکان نیشان بدات. هەروەها روون کردنەوەی مێژوو لەسەر بنەمای ململانێی تاکەکەسی قارەمانێتی ـ چینایەتی رۆڵێکی هێندە رۆشنکەرەوەی نییە. کێشەیەکی دیکە کە زۆر لەنزیکەوە گرێدراوی ئەم کێشەیەیە، پەیوەندی نێوان پێشکەوتنی کۆمەڵگا و مێژووە. راستتر بڵێین ئەنجامدانی شیکردنەوەی کۆمەڵگا و شارستانیەت بە بێ دەستەوەگرتنی کات (زمان) تا چ رادەیەك راستە؟ گەلێك بەشی سۆسیۆلۆژی بێمێژووە. وەها لەقەڵەم دەدرێت کە بەشێوەیەکی کت و پڕ پێشکەوتنەکان بەدی هاتوون و تەواوی شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنە ئابووری، یاسایی، سیاسی و سەربازییەکان لەسەر ئەم بنەمایە پێشدەخرێت. ئەمەش بەناوی زانستی بوونێکی بێگەردەوە ئەنجام دەدرێت. لەلایەکی دیکەشەوە لەکاتێکدا پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی بۆ قۆناخی مێژوویی بەشی جیاواز جیا دەکرێتەوە، هەمان پەیوەندی داتاشراو و بەستەڵەك بەردەوام دەکات؛ بە شێوەیەك دەگێردرێتە دەست و تاوتوێ دەکرێت هەروەکو بڵێی لەقۆناخ و سەردەم جودایە و پەیوەندییەکی دیاریکرا و لە نێوانیاندا نییە. هەر قۆناخێك، یان ئەوەتا نکوڵی لە قۆناخی پێشتر دەکات یاخود وەکو کەرەستەیەك بۆ خزمەتی هەڵوێست و نزیکبوونە خۆییەکانی خۆی بەکار دێنێ.

لە ئەنجامدا مێژوو دەخرێتە ئاستی واتایەکی نزمی هێندە بەرتەسك کە بەشێوەیەکی سەرەکی تەنیا بەگوێرەی دیاریکردنی هەبوونی خۆی بەکاری دێنێ. لە رۆژگاری ئەمرۆشماندا کێشەی ئەنجام نەدانی هەڵسەنگاندنێکی واقیعی لەئارادایە. بەبێ ئەوەی هیچ زێدەڕۆیی و بچووك کردنەوەیەك هەبێت، دەبێ ئەوە دیاری بکرێت هەر قۆناخێك چی لەقۆناخەکەی دیکە وەرگرتووە و چی پێشکەش کردووە و ئەگەر قۆناخێك نەبێت ئەوی تریان دەبێت یان نا. لەم چوارچێوەیەشدا ئەگەر بگوترێت هێشتا چەمکی زانستییانەی دەرهەق بە مێژوو لە قۆناخی گاگۆرە و ساوایەتی دایە ئەوا لە هەموویان راستترە. هەربۆیە باوەڕ دەکەم هەڵسەنگاندنی هەڵوێستی خۆم لەچوارچێوەی ئەم تێڕوانینە رەخنە ئامێزانە واقیعی تر بێت. بەتایبەتیش لەقۆناخی سنووردرابوونی زانیاریدا هەڵوێستە کتابی و قاڵبییەکان تا دوارادە مەترسیدارە و ئەنجامی دوور لەواقیعی لەگەڵ خۆیدا هێناوە. بەکارهێنان و دانانی لیستە ئامادەکراوەکان وەکو شیکردنەوەی مێژوو، کۆمەڵگا تەنانەت ئەو زاناکۆمەڵایەتیانەشی رووبەڕووی بەرپرسیارێتیەکی مەزن کردۆتەوە کە خۆیان لەهەموو کەسێك زانستی تر دەبینن. "**سۆسیالیزمی بونیادنراو**" کە بانگەشەی ئەوەی دەکرد لە بەرزترین ئاستی زانستیدایە، هەڵوێستەکانی هەمان ئەو دەرئەنجامانەی لێکەوتەوە کە هەڵوێستە دۆگماتیکیەکانی ئایدیالیستی

لەگەڵ خۆیدا هێناوە. ئەوەی بناخەی ئەو ئەنجامە پێك دێنێت، خودی چەمکی خۆ سەنتەر بینینە کە لە سۆمەرەوە هاتووە. هەر چەمکێکی بە بن ئەرێکردنی دامەزراوی سیاسیدا دەربازبووبێت، ئەوا تەنانەت ئەگەر بە زانستیترین چەمکیش دابنرێت ئامرازێکی سەرەکی نیشاندان و سەلماندنی رەوایەتی سیستەمە. ئەوەی ئەنجامدراوە زۆر لەوەی راهیبەکانی سۆمەر جیاوازتر نییە. لەبەر ئەوەی بەشێوەیەکی بەرفراوان زانیاری زانستی بەکاردەهێنرێت، لەوانەیە ئەمە زۆر مەترسیدار بێت.

لەسەردەمی قۆناخی زانستیدا ئەو خراپەکاریەی بە شێوەی رتوش کردن و زێدەڕۆیی و بچووك کردنەوە لەژێر ناوی زانستی کۆمەڵگا دووچاری دێت، زۆر لەوە زیاترە کە لەئەنجامی هەڵوێستە میتۆلۆژی و ئایینیەکان دێتە ئاراوە. ئەگەر میتۆلۆژیا و ئایین ئەفیۆن بێت، ئەوا زانستی چەواشەکراو خەنجەرێکە لە گەوهەری کۆمەڵگا دراوە. چەندە بەلاوەنانی کاریگەری سڕکەری و بێ هۆشکەری ئەفیۆن بەسانایی بەلاوە دەچێت, ئەوا سارێژکردنی کاریگەری برین و کوشندەیی خەنجەر هێندە ئاستەمە.

یەکێك لەو هۆکارە سەرەکیانەی کە وایکردووە سیستەمەکانی فشار و چەوسانەوە پشت بە زانست و تەکنۆلۆژیا تا ئەم ئاستە مەزن و زەبەلاحە ببەستن, بێگومان لە شێوازی ئەشکەنجە زیاتر، بەشێوەیەکی بنچینەیی گرێدراوی شێوازی ئافراندن و بەکارهێنانی زانستە. مسۆگەر زانست و نوێنەرەکانی زانست بەرامبەر بەم رەوشە بەرپرسیارن. هەروەکو چۆن راهیبەکانی سۆمەر بەرامبەر دەوڵەت و شارستانیەتی سۆمەر بەرپرسیار دەبینرێن هاوکات لەوان زیاتر، بەرپرسیار بینینی زانایان گرنگییەکی مەزن لەخۆوە دەگرێت. بەرپرسیارێتی رێچکەکانی پەیڕەوکردنی زانست و زانایان بەرامبەر بەو هەژاری و پیسکردنی ژینگە و نەبوونی یەکسانی نێوان رەگەزەکان, هاوسەنگی ئەتۆمی سامناك، زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان و تەقینەوەی بێسنووری تەکنۆلۆژی و کێشەکانی دیکە، کە لە ئەنجامی هەر دوو شەڕی جیهانی و شەڕەکانی دیکە هاتە ئاراوە, بەرپرسیارێتی زانایان لە سیاسەتمەدار و فەرماندە سەربازییەکان کەمتر نییە, بەڵکو زیاترە. راهیبەکانی زانست رێگایان لەپێش رێچکەیەکی بەمجۆرە کردەوە. بەرپرسیارێتی زانکۆکانی رۆژگاری ئەمرۆمان لەپەرستگاکانی سۆمەری و چەرخەکانی ناوین کەمتر نییە و لەمیانەی هەڵوێستی موحافەزەکاری و من منێتی بەرامبەر بە قۆناخ، کەوتوونەتە ناو بەرپرسیارێتیەکی مەزن. تاوانبارکردنی چەرخەکانی دێرین و ناوین و خۆ پاك دەرخستن لەمیانەی **ناوی "شێوازی زانستی"** بەهەر حاڵ خاوەنی بەهایەکی بەوجۆرە نییە کە پاك و بێگەردی بکات. ئەمە زێدەڕۆیی نییە. هەموو پێودانگەکان ئەوە نیشان دەدەن کە ئەو قڕکردن, ئەشکەنجە, هەژاری و نەخۆشییەی سەدەی بیستەم لەگەڵ خۆیدا هێنا، لەکۆی تەواوی سەدەکانی دیکە

زیاترە. لەم میانەشدا ئەوە دەسەلمێنرێت: ئەگەر بەڕاستی بەرپرسیارێتی بەرامبەر بە مێژوو و کۆمەڵگا هەستی پێبکرێت, ئەوا پێویست دەکات ئایدیۆلۆژیای فەرمی ئەو رۆژگارەمان و ئەو شێوازانەی پشتی پێدەبەستێ و ئەو شاکارانەی هێناویەتە ئاراوە و شێوازی زانست و بە تایبەتیش ناچاریەکە چۆنێتی پراکتیزەکردنی بە رەخنەدانێکی ریشەییدا دەرباز ببێت. تاوەکو ئەم ئەرکە بەشێوەیەکی سەرکەوتووانە جێبەجێ نەکرێت، ئەوا لەو تاوانباری و دادگایی کردنە رزگاریان نابێت کە بەلایەنی کەم رێگایان لەپێش خراپەکاریەکی هێندەی چینی راهیب و جادووگەرەکان کردۆتەوە.

هەربۆیە ئەوەی پێویستە پێش هەموو شتێك ئەنجام بدرێت ئەوەیە کە هەڵوێست و چۆنێتی نزیکبوونەوە بەرامبەر بە مێژووی کۆمەڵگا راست بکرێتەوە و مسۆگەر ئەزموونە سەرەکییەکانی گرێدراوی ئەنجامە ئەخلاقیەکان بمێنێتەوە. لەڕەوشێکی پێچەوانەدا جادوو یاخود تەریقەتێکی چەواشە کە لەژێر کۆنترۆڵ دەرکەوتبێت هەروەکو چۆن لەڕەوشێکی بەمجۆرەدا نییە کە وەکو **چەرنۆبل** و **هیرۆشیما** رووخێنەر و بەئێش و ئازار بێت ئەوا جادووگەر و پیاوێکی ئایین (زانایەکی ئایینی) لەزانایەك (پیاوێکی زانست) مەترسیدارتر نییە.

دەخوازم بڵێم: لە پشت هەر رووداوێکی کە رێگای لەپێش داڕووخان و ئێش و ئازار کردبێتەوە، زانایەك (پیاوێکی زانست) هەیە کە لەمێژە لەبەهای مەعنەوی و ئەخلاقی دابڕاوە و بە بێ ئەوەی پرس بکات ئەم پلانە خزمەت بەکێ دەکات و دژی کێیە, پیلان و پرۆگرامی تایبەت جێبەجێ دەکات. هەڵە و بێ پێوانەیی و نایەکسانی و بێ دادیەکی مەزن و چەمکێکی ناتەواوی سەبارەت بە مێژوو، کۆمەڵگا و بنەماکانی ئەم رەوشە پێکدێنێ. ئەگەر زانست ئەم کێشە مەزنانە چارەسەر نەکات ئەوا لەم رەخنە و تاوانباریە گرانە رزگاری نابێت. چونکە ئەو راستییەی لەئارادایە. رەخنەیەکی رەوا و بەجێی خۆیەتی.

لەسایەی رۆشنایی ئەم رەخنەیەدا گرنگی مێژوویی بەستنەوەی پێشکەوتنی شارستانیەتی بە سۆمەریەکان و بەستنەوەی سۆمەریەکانیش بەسەرچاوەی کۆمەڵگای نیۆلیتیك، زۆر باشتر دەرکی پێدەکرێ. چونکە مێژووی شارستانیەت بە سۆمەریەکانەوە دەست پێدەکات. سۆمەریش پشت بە شۆڕشی گوندی ـ کشتوکاڵی و یەکەمین لێشاوی مەزنی کۆیلایەتی دەبەستێت کە مرۆڤ لەمیانەی پشت بەستن بە زەمینە بە پیت و بەرەکەتەکەی ئەو دەشتە بەرهەمدارەوە خولقاندنی، کە دەکەوێتە ئەو ناوچە دەشتاییانەی کە ئاوەڕۆی دیجلە ـ فوراتی پێدا تێپەڕ دەبێت. ئەمەش بە شێوەیەکی بەردەوام لە ١٠ هەزار ساڵ پ.ز ئەگەر لەمیانەی بەهای وشك کردنی خۆشی بێت، تەواوی شارستانیەتێکی جیهانی لە سەرووی هەمووشیانەوە شارستانیەتی سۆمەری بەخێوکردووە. ئەو

دایکەی شارستانیەتە کە بەرهەم دێنێ دایکی زایینی شارستانیەتە. زەوی و مرۆڤی ئەو سەردەمەن کە مێژوو (بە واتای نووسین) و پەیڕەوکردنی پرەنسیپی دیالیکتیکی دەستپێکرد. بەهۆی سۆزداری و ولاتپارێزیەوە ئاماژە بەو مەسەلەیە ناکەم. ئەگەر بەمجۆرە دەرکی پێبکرێت زۆر هەڵەیە. لەپێناو ئەوەی پەیوەندی دیالیکتیکی مێژوو بەشوێن و کات، بە شێوەیەکی راست ئاوابکرێت، ئەمە زۆر بە گرنگ دەبینم. ئەو رەخنانەی لەڕۆژگاری ئەمڕۆماندا پێشکەوتن و بە شێوەیەکی گشتیش پەسند کراون، منیش بەو ئامانجە بە کورتی ئاماژەم پێکرد تاوەکو پێویستیەکانی جێبەجێ بکرێت. لەبەر ئەوە بە جەخت کردنەوە دیسان لەسەری دەوەستم و تاوتوێی دەکەم چونکە شیکردنەوەی شارستانیەت پێویستییەکی ژیانییە بۆ دەستپێکردنی سەرەتایەکی راست و دروست. چونکە زۆر باش دەزانرێت کە هەر بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی و مێژوویی ئەگەر دەستپێکەکەی بەڕاست و دروستی دانەنرێت هەرگیز بە شێوەیەکی راست پێناسە ناکرێت. ئەگەر کۆمەڵگا و مێژوویێکی بە شێوەیەکی راست پێناسە نەکرابێت، بەردەوام دەبێتە سەرچاوەی مەترسی و قەیران و لەم رەوشە رزگاری‌نابێت.

ئەگەر بێت و سەرچاوەی مێژوو بە شێوەیەکی راست دانرابێت و دەستنیشان کرابێت، ئەوا گرنگی پرسێکی بەمجۆرە پێشدەکەوێت، ئاخۆ سەرچاوەی دیکەش نییە؟ یاخود ئەگەر هەبێت ئەوا پەیوەندی نێوانیان چۆنە؟ سەبارەت بەم مەسەلەیەش هەڵەیەکی مەزن ئەنجامدراوە چونکە شێوەکانی کۆمەڵگا بەجۆرێك دانراوە هەروەکو بڵێی قەدەرێکە و لەمیانەی دەربڕینێکی قاڵبی ناچاریدا خراوەتە روو. لەم چوارچێوەیەدا جیاوازییەکی هێندە زۆر لەنێوان ماتریالیزمی دیالیکتیکی مارکس و دیالیکتیکی ئایدیالیزمی هیگل دا نییە. بێگومان شێوازەکانی چەمکی مارکس و هیگڵ دەرهەق بە شرۆڤەکردنێکی راست سەبارەت بەمێژوو گرنگییەکی مەزن لەخۆوە دەگرن. ئەمانە تاوەکو ئێستاکەش سەردەمیان بەسەر نەچووە. هەر لەبەر ئەم هۆیەشە ئەم دوو شێوازە لەسەرووی هەموویانەوە بەرپرسیار دەبینرێن بەرامبەر خستنە روو و ئاشکرابوونی راستیە بەرجەستەکانی دەرهەق بە مێژوو و کۆمەڵگا. بەگوێرەی شێواز بە رادەیەکی زێدە بەرجەستەبوون خراوەتە پلانی (پلەی) دووەم، یاخود بەئەندازەی ئەوەی خزمەتی شێوازی کردووە، بەهایەکی بەرجەستەی پێدراوە. بە تایبەتیش کاتێك بەرەو سەدەی بیستەم هەنگاو هاوێشترا بەپێچەوانەوە تەنانەت وردترین و بچووکترین لایەنەکانی بەرجەستەبوونیان کرد بە "**لقی زانستی**"و راستینە سەرەکیەکەیان لەژێر ناوی بابەتی"**زانست نییە**"خستە پیلانی دووەم "**پیاوانی زانست**"ی خستۆتە رەوشی "**زانا پاشڤەرۆکان**".

بێگومان ئەوەش سەرچاوەی خۆی لەوەوە دەگرێت کە زانکۆ و زانایان رۆڵی راهیب و پەرستگاکانیان دەرباز نەکرد و خۆیان لێ رزگار نەکرد. بۆیە جەخت لەسەر ئەوە دەکەمەوە کە نابێ

هیچ کاتێك ئەمە لە بیر بکرێت: ئەگەر لە ئاستی تاکە کەس دا خۆ بە سەنتەر بینین تێپەڕیش کرابێت، ئەوا لە ئاستی دەزگاکاندا مسۆگەر لەسەردەمە سەرەتاییەکان و سەردەمەکانی ناوین پێشکەوتوتر نییە و لەگەڵێك لایەنەوە پاشکەوتوترە و کۆمەڵگا لەلایەنی ئەخلاقیەوە زۆر مەترسیدارترە.

"**سۆسیالیزمی زانستی**" کە خۆی بە پارێزەری رەنج و نوێنەری یەکسانی نیشان دەدات, تاوەکو ئێستا زۆر لەوە دووره هەڵگرِی ئەم تایبەتمەندێتیەی خۆی بێت. بەڵگەی سەلمێنەری ئەمەش ئەو بێ دادی و تەنگژە ئەخلاقیە مەزنەیە کە "**سۆسیالیزمی بونیادنراو**" رێگای لە پێش کردەوە و تێیکەوت. بێگومان ئەمەش تۆڵە سەندنەوەیە بەرامبەر نزیك نەبوونەوەیەکی راست و دادپەروەرانە بەرامبەر بە مێژوو و کۆمەڵگا. ئەم تێڕوانینە پەسند دەکەم: مێژوو و کۆمەڵگا پێکهاتە و پەیکەرێکی زیندوون. مسۆگەر زوو یان درەنگ وەڵامی ئەوانە دەداتەوە کە بەچەوتی شرۆڤەیان دەکات یاخود نکوڵیان لێدەکات و ئەو شەقازلەیەی تێهەڵدەدات کە مافی خۆیەتی. بەستنەوەی پرۆگرام و پرۆژە کۆمەڵایەتییەکان بەقاڵبی داتاشراو و تێڕوانینی هەڵە سەبارەت بەمێژوو، بەئێش و ئازارترین ئەنجامەکانی لەمیانەی "**سۆسیالیزمی بونیادنراو**"و"**فاشیزمی بونیادنراو**" و گەلێك دام و دەزگای دەوڵەت و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان دەرخستۆتە روو. هەرشتیکی بناخەی بە شێوەیەکی هەڵە دانرابێت و لەکات و شوێنی خۆیدا ریفۆرمی پێویست ئەنجام نەدات ئەوا بە گوێرەی ناوەڕۆکەکەی خۆی دووچاری داڕووخان دێت. هیچ قۆناخ و سەردەمێك هێندەی ئەم سەردەمەمان لەنێو راستینەی ئەم یاسایەدا نەژیاوە.

سەرچاوەکانی دیکەی کە مێژوو بەخێو دەکەن و لەخۆوە دەگرن هەمەجۆرن. قورسایی هێزە هەمەجۆرەکان لەئارادایە. لێرەدا کێشە و مەسەلەی بنچینەیی سەرچاوەی سەرەکی لێشاوەکەیە؛ هێزی بەڕێوەبردن و بەخێوکردنە. تەنیا ئاوەڕۆ و گۆلە بچووکەکان بەجیا هێندە سوودمەند نابن. بەڵام کاتێك لەسەرچاوەیەکی سەرەکیدا کۆبکرێتەوە و بکرێت بە بەنداوێك، دەتوانرێت بکرێت بە وزەیەك کە سوود بەخش بێت. مێژووش کێشەیەکی بەمجۆرەی هەیە کە ببێت بە رووبارێکی سەرەکی. پێشکەوتنی مێژوویی بەشێوەیەکی سەربەخۆ و جودا بەواتای ئاوەڕۆ و گۆلی بچووك نایەت. مێژووی بەمجۆرەش هەیە. بەڵام وەکو رێبازێکی سەرەکی یان ئەوەتا سەرچاوەکانی دیکەی تەنگەتاو کردووە و تەقڵی خۆی کردووە و بەمجۆرە لەخۆوەی گرتووە، یاخود بەهۆی بەتەنیا مانەوە وشك هەڵاتووە, بەڵێ راستینەی سەرچاوەی سەرەکی بەمجۆرەش هەیە. رووباری سەرەکی لێشاوی مێژوو لەمیانەی بەخۆوە گرتنی چەندین لق و پۆپی دیکە تاوەکو رۆژگاری ئەمڕۆمان هاتووە. ئەگەر

لەمیانەی کاتدا لەنێو هەندێ گێژەڵۆکدا دووچاری سوورِانەوە و وەستانیش هاتبێت، ئەوا دیسان وەکو لێشاوی رووبارێك وایە کە بەردەوام مەزن و خێرا دەبێت. لێرەدا ئەرکێکی سەرەکی مێژوونوسانە، ئەوە دەستنیشان بکەن کە کامە یەکینەی کۆمەڵگا لەکوێ و لە چ کاتێکدا و بە چ شێوەیەك رۆڵیان گێڕاوە و بەهێزیان کردەوە. دەستنیشان کردنی لە دەرەوە مانەوەی مێژوو لەمیانەی ئەم شێوازەدا زۆر سانایی دەبێت. گفتوگۆی سەبارەت بەوەی، ئایا پێشکەوتنەکان بەشێوەی هێڵێکی راست بەرەو پێشەوە چووە یاخود بەشێوەی ئەڵقەی زگزاگی سەرەڕای ئەوەی گرنگە بەڵام سەبارەت بە شێواز دەکەوێتە پیلانی دووەم.

شتێکی روون و ئاشکرایە کە ئەم هەڵوێستەمان گرێدراوی هۆمانیزمێکی قووڵە. پێویستە باش بزانین کە ئەو کۆمەڵگایەی لەلایەنی ئێمەوە بە نەتەوەپەرستییەکی توندڕەو دادەنرێت، لەلایەنی مێژووەوە بەخێو کراوە. نموونەی هەرە بەچاوی ئەمەش کۆمەڵگای یەهودیە (جولەکەیە). ئەو کۆمەڵگایە کە بەدرێژایی مێژوو خۆی بە نەتەوەپەرستێکی توندڕەو و خاوەن شوێنگەیەکی باڵا و جیاواز دەبینێت کۆمەڵگایەکە بەڕادەیەکی هەرە زیادە لەلایەنی سەرچاوە سەرەکیەکانی مێژوو بە خێو کراوە. هەروەکو چۆن یەهودیەکان ئەو کۆمەڵگایەن کە لە هەموو کەسێك زیاتر خۆراکی خۆیان لەلایەن سۆمەری مەزن, میسر, فینیقیەکان, یۆنان, رۆما, ئەوروپا و نوێنەرە بەهێزەکەی **"ئەمریکا"** وەرگرتووە بەخێوکراوە, هەروەها ئەوەی بە شێوەیەکی هەرە زانستیانە تەڤلیان بووە و پێویستیەکانی بەخێوکردنیان جێبەجێکردووە، کۆمەڵگای یەهودیەکانە. لەم چوارچێوەیەشدا مێژووی یەهوودیەکان مێژوویێکی وەهایە کە بە باشترین شێوە تایبەتمەندێتی بەناویەکدا چوونی تایبەتی و گشتی بوونی نیشانداوە. دیسان تەڤلیبوون و رۆڵی گرنگی رۆشنبیرە بەرەچەڵەك جوولەکەکان لەئاستی جیهاندا بەشێوەیەکی قووڵ گرێدراوی ئەم تێگەیشتن و تەڤلیبوونە مێژووییەیە. هێزی کۆمەڵگای یەهودیش سەرچاوەی خۆی لەم راستینانەوە دەگرێت.

ئەنجامێکی دیکەی هەڵوێستی من ئەوەیە کە بەڕادەی واقیعی بوونەکەی پێویستی نرخ و بەهاپێدان دەکاتە پێویستییەك. هەروەکو چۆن مێژوو یەکپارچە و هەمەلایەنە, ئەوا لەنێو ئەم یەکپارچەییەشدا هەر بەشێك جێگا و بەهای خۆی هەیە. ناتوانرێت نکوڵی لەبەهای بچووکترین کۆمەڵگا و تەنانەت سادەترین تاکیش بکرێت. هەروەکو چۆن مێژوو لەکۆمەڵگایەکدا رەنگ دەداتەوە, ئەوا کۆمەڵگاش لە مێژوودا رەنگ دەداتەوە، بە هەمان شێوە کۆمەڵگا لە تاکە کەس و تاکەکەسیش لە کۆمەڵگادا رەنگ دەداتەوە. وەکو دەربڕینێکی پەیڕەوکردنی شێوازی دیالیکتیکیانە سەبارەت بەمێژوو، ئەوا ئەو ئەنجامە سەرەکیەی ماتریالیزمی مێژوویی پێیدەگات، لەم فۆرمیلەدا شاراوەیە و لە ئاستی

بەهای بیر و باوەڕیەکی زانستییانەی دادەنێم. لەو باوەڕیەدام کە روونکردنەوەی ئەم کێشانەی سەبارەت بە شێواز، لەبەشە پەیوەندیدارەکاندا تاوتوێ دەکەین و ئەمەش پێویستیەکی گرنگە.

## هـ ـ قۆناخی پێگەیشتن و بڵاوبوونەوەی شارستانیەتی کۆیلەداری

کاتێك کۆمەڵگای سۆمەر لەبەرهەمهێنانی ئابوریدا بەرهەمە زیاد و نائاساییەکەی خۆی سەلماند, ئەوا بەڵگەی بوون بەکۆمەڵگای بالآی بەدەست هێنا. زیادبوون و بالآتر بوونی بەر و بوومەکانی بەرهەم هێنان لەتەواوی شارستانیەتەکانی دواتردا وەکو پێوانەی دیاریکردنی هێز بەکار دەهێنرا و بەردەوامی پێدەدرا. کۆمەڵگا بە بەروبوومەکان، کۆمەڵگای بەهێزن, هەربۆیە دەبنە سەنتەری سەرنج راکێشان و جێگای هەڵکشان و داکشانی پەلهاوێشتنی و بڵاوبوونەوە. دەتوانرێ ئەم زیادبوونەی بەرهەم لەلای سۆمەریەکان لە دانەوێڵەی وەکو گەنم و جۆدا، یەك بەرامبەر بەهەشتا بژمێردێت. ئەم دیاردەیە بەشێوەیەکی زەق و بەرچاو نیشان دەدات کە چۆن بەگوێرەی سەردەمی خۆی رووبەڕووی هێزی کارتێکردن و پەلهاوێشتنی و بڵاوبوونەوە بۆتەوە. ئەو بەرهەمە زیادەی بەدەست هاتووە جێگا بە چەندین یەکینەی پیشەکاری و بازرگانی دەدات و ئەمەش واتای ئەوە دەبەخشێ کە لەدەوروبەری ئەو پەرستگایانەی کە سەنتەری بەرهەمهێنانن، رێگا لەپێش پەیدابوونی شار و شۆڕشی شار بکاتەوە. ئەم قۆناخەی کە لە دەشتەکانی خوارووی میزۆپۆتامیا دەستیپێکرد رێگای لەپێش خوڵقاندنی رێکخستنی شێوازی دەوڵەتی چینایەتی, شار, کۆمەڵکاری, بکاتەوە کە ناسنامەی باوی سیاسی یان بوو. ئەمەش واتای شۆڕشێکی سیاسیە. لەکاتێکدا ئەو بەها کەڵەکەبووانە بەر لەهەموو شتێك رێگایان لەپێش کێشەی ئاسایش دەکردەوە، ئەوا گرنگی بوونی ئامرازەکانی خۆپاراستن و پەلاماردان خۆی سەپاندووە و ئەوەی کردووە بەناچارییەك کە ئامراز و تەکنیکەکانی شەڕی بەگوێرەی ئەو سەردەمە دەرکەونە پێش. ئامێر و تەکنیکی پاچ و تەور و گاسنی لەمس دروستکرا کە پێشتر لە بەرهەمهێنانی کشتوکاڵیدا رۆڵێکی دیاریکراویان دەبینی، ئیتر ببوو بە ئامێر و تەکنیکی شەڕ. چەکی لە مس دروستکراو، هەروەکو بالآیی چەکی ئەتۆمی رۆژگاری ئەمرۆمان بەهێزبوونێکی لەگەڵ خۆیدا هێناوە. ئیتر وای لێدێت کە بەواتای هێزی چەکداری ئەو سەردەمە هیچ هێزێك لەئارادا نییە بتوانێ بۆ ماوەیەکی درێژ بەرامبەر بە کۆمەڵگای سۆمەری خۆی رابگرێت.

ئەگەر هێزی رێکخراوەیی لێهاتووانەی هاوشێوەی ئۆرگانیزاسیۆنی دەوڵەت، لەگەڵ هێزی پەرستگا کە رۆڵی وزە و چەور کردنی کۆمەڵگا دەبینێ، بخەینە سەر دووەمین شێوەی باڵابوون، ئەمە بەو واتایە دێت جارێکی دیکە لەمیانەی هێڵە گشتیەکان ئەو هێزەمان پێناسە کرد کە مێژوو دەستپێدەکات. رووبەرووی سیستەمێکین تەنیا بەوە ناوەستێ خۆی بەرێوە ببات و بپارێزێت, بەڵکو لەمیانەی هێزی سنووربەدەری پەلهاوێشتنی و بڵاوبوونەوە خۆی سەپاندووە و سەلماندووە. کاتێك لە کەسێتی سەرجۆنی دامەزرێنەری خانەدانی ئەکەدییەکان ئەوەمان بینی کە چۆن بۆ یەکەمین جار بوو بە ئیمپریالیزمێکی رێکخراو و نەخشە بۆ کێشراو ئەوا باشتر لەمە تێدەگەین. لەسەر بنەمای پشت بەستن بە سیستەمی کۆمەڵگای کۆیلەداری قۆناخی ئیمپریالیزم دەستپێدەکات. دەتوانرێ ئەمە بەیەکەمین هەڵکشان و داکشانی شارستانیەتی مێژوو دابنرێت, واتە دەتوانرێ بە یەکەمین قۆناخی پەلهاوێشتن و رووبەڕووبوونەوەی پەلهاوێشتن دابنرێت. دەتوانرێت رۆڵی سەرجۆن لە مێژوودا بەم شێوەیە هەڵسەنگێندرێ کە بۆ یەکەمین جار ئەو نیمچە دەوڵەتانەی شاری سۆمەریەکان، کە لەگەڵ یەکتریدا ناکۆك بوون، کرد بەیەك و لەمیانەی هێزە یەکگرتووەکەیاندا پەلوپۆی بۆ دەرەوە هاوێشت، تەواوی هێزە پەلهاوێژەکانی دواتر ئەم نموونەیان تۆکمە کرد و لاساییان کردەوە. کەواتە تەنانەت لەبواری لەدایك بوونی شارستانیەت و بەدەزگابوونییەوە قەرزاری سۆمەریەکان نین بەڵکو لەبواری پەلهاوێشتنی و بڵاوبوونەوەش قەرزاری سیستەمی سۆمەریەکانین. ئەگەر بێت و دەورووبەری ساڵانی ٤٠٠٠ تا ٢٥٠٠ پ.ز بە قۆناخی لەدایك بوون و بەدەزگابوون پەسند بکەین, ئەوا لە ٢٥٠٠ی پ.ز بەدواوە رووبەڕووی قۆناخی ئیمپریالیزم و کۆلۆنیالی سۆمەر دەبینەوە کە تاوەکو ئێستا زۆر بەوردی لێتوێژینەوەی سەبارەت دەکرێت و لەگەڵ بەسەرچوونی کاتیش زیاتر پشت راست دەبێت. ئەگەر لۆژیکی ئەم قۆناخە بەشێوەی لقی سەرەکی ریزبەند بکەین بەمجۆرەیە:

آ ـ پەلهاوێشتن و بڵاوبوونەوە, پشت بە بەرهەمی زیادە دەبەستێت کە لە کەڵەکەبوونی کەلوپەلە ئامادەکراوەکان و پێداویستی بەرهەمی زێدە بۆ کەرەستەی خاو پێویستی هەبوونی بازاڕێك نیشان دەدات و یەکەم جار کڕین و فرۆشتنی بازاڕەکان بەدەزگا دەکرێت, دەکەوێتە نێو قۆناخی پەرەسەندن. لەسەر ئەم بنەمایەش چینی بازرگان وەکو چینی داینەمۆی پەلهاوێشتنی لەدایك دەبێت و رۆڵی مێژوویی خۆی وەردەگرێت کە رۆڵی داینەمۆی ورووژاندنە.

ب ـ هەم پێشخستنی "**تەکنیك**"ی چەکی لە مس دروستکراو, هەم بەرهەم هێنانی بە ژمارێکی زۆر رێگا لەپێش پەیدابوونی هێزێکی چەکداری پرۆفسیۆناڵ (پسپۆڕ) و بەدەزگابوونی دەکاتەوە و لەگەڵ سیستەمیش دەربازی نێو قۆناخی پەلهاوێشتنی و بڵاو بوونەوە دەبن. بە شێوەیەکی فراوان و

نەخشە بۆ کێشراو قۆناخی تاڵان دەست پێدەکات. بۆ یەکەمین جار رەچەڵەکی مرۆڤ بە ئامانجی تاڵان کردن و کۆیلە کردن, بەشێوەیەکی پیلان کراو مرۆڤی هاو رەچەڵەکی خۆی قڕ دەکات. ئەو مەسەلە لەبەر ئەوە هێندە گرنگە؛ لەنێو سیستەمی تەواوی ئاژەڵەکاندا چالاکییەکی بەمجۆرە بەرچاو ناکەوێت کە ئاژەڵێك ئاژەڵێکی دیکەی جۆری خۆی لەنێو ببات و قڕ بکات. تەنانەت لەناوبردنێکی بە پیلان و نەخشە بۆ کێشراو بەهیچ جۆرێك بوونی نییە. بۆ یەکەمین جار مرۆڤ ئەنجامی دەدات. بێگومان ئەمە لەگەڵ پێشکەوتنی کۆمەڵگای چینایەتی دێتە ئاراوە و پەرەدەسەنێ. لەسەردەمی نیۆلیتیك و قۆناخەکانی دیکەی هێشتا جیابوونەوەی چینایەتی پێش نەکەوتبوو کردەوەیەکی بەمجۆرە نابینین. تەنانەت لەو نموونانەی کە بە درندەیی ناوزەد دەکرێت، ئەوە سەلمێنراوە کە بەرادەیەکی زۆر سنووردارە و ئەمەش وەکو شێوازێکی عیبادەتە و لەپێناو ئامانجێکی پیرۆزە. زەقترین شێوازی ئەم کردەوەیەش یاسای "**کوشتنی پادشایە**". ئەم شێواز و کردەوە خوداییانەی نوێنەرایەتی لەدایك بوون و مردنی وەرزەکانی ساڵ دەکات, ئەوا دواتر بە شێوەیەك بەردەوام دەکات کە لەجیاتی منداڵەکانیان ئەو خزم و کەسە نزیکانە دەکاتە قوربانی کە لەشێوەی منداڵەکانیان دەکەن.

بێگومان لەناوبردن و هێرشەکانی بەشێوەیەکی نەخشە بۆ کێشرا و بەئامانجی تاڵان کردن، وەکو کردەوەیەکی چینی چەوسێنەر ــ باڵادەست پێشدەکەوێت و دەبێت بەسیستەم و هەروەکو بڵێی چالاکییەکی ئاسایی مێژووە, رەوایەتی پێدەدرێت. پاشان لەمیانەی پیرۆزکردنی ئایین و داب و نەریتەکان، چالاکی قارەمانێتی دەبێتە مافێك و دەکرێت بەداستان. چینێکی ناو کۆمەڵگا یاخود جیابوونەوەی چینایەتی ئەمە دەکاتە ئامانجێکی سەرەکی. تا ئاستی بوون بەپیشەیەك بەرزدەکرێتەوە. بەمجۆرە سەردەمی "**مرۆڤ گورگی مرۆڤە**" دەستپێدەکات. دەبێ سەرچاوەی نەفرەت لێکردنیش لەم پێشکەوتنەدا ببینرێت. چونکە گرنگترین داستانی سۆمەریەکان "**نەفرەتکردن لە ئاگادە**" پەیوەندی بە تەختکردنی شاری پیرۆزی **نیپور** هەیە کە لەلایەن ئەکەدییەکانەوە تەفروتونا کرا. هەربۆیە بۆ یەکەمین جار لە مێژوودا، ئاگادە خاوەنی ناوونیشانی "**نەفرەت لێکردن**"ە.

ج ـ لە کاتێکدا ململانێ و پێکدادانی ناوخۆی دەوڵەتەکانی شارۆچکە بچووکەکان رێگایان لەپێش ئەم قۆناخە کردەوە, ئەو پێداویستییانەی کە مەزن بوون، بە ئیمپریالیزم بوونی کرد بە پێویستییەك. بڵاو بوونەوەی کۆمەڵەکانی کۆمۆنەی پێشووتریش بەرەو هەموو لایەنێکەوە جێگای باسە, بەڵام ئەم بڵاوبوونەوەیە بە ئامانجی تاڵان کردن نییە و پشت بەزاڵبوون و حوکم کردن نابەستێ. ئەمە رەوشێکە پشت بەپێداویستییە سروشییەکان دەبەستێ و گرێدراو بە یاسای بە یەکەوە ژیان پێشدەکەوێت و بەشێوەیەکی چڕوپڕ روودەدات, بە تەواوەتی لە کردەوە و پراکتیکەکانی تاڵان و

داگیرکاری ئیمپریالیزمی کۆیلەداری جیاوازترە. بەکورتی چینی باڵادەست و چەوسێنەر کە لە ناوەوە تەنگەتاو بووە، هەم بۆ ئەوەی لەم فشارە رزگاری بێت و هەم بۆ ئەوەی ببێتە خاوەن قازانج، وەکو سیاسەتێکی بنچینەیی قۆناخی ئاراستەکردن فشارەکانی ناوخۆ بۆ دەرەوە دەستپێدەکات.

**د ـ** ئەم سێ هۆکارە سەرەکییە لەژێر ناوی راستینەی **"لەمیانەی پەلهاوێشتندا خۆت مەزن بکە و بژێنە"**. دەبێتە سەرەکیترین یاسای شارستانیەتی چینایەتی. ئەم شێوازەش تایبەتمەندییەکی سروشتی شارستانیەتە. گرێدراو بەئامانجەکانی بڵاوبوونەوە گەلێك جۆر و شێوەی جیاوازی هەیە. جگە لەو شێوازانەی کە ئامانجی تاڵانکردنی ساتەوەختیە, یاخود لەسەر بنەمای کۆنترۆڵ کردنی سەرچاوەی ئاسن و زیو پێش دەکەوت کە بە گوێرەی ئەو سەردەمە ماددەیەکی خاوی ستراتیژییە، ئەوا لەلایەکی دیکەشەوە شێوازی بەمجۆرە هەن کە ئامانجیان ئاواکردنی کۆلۆنی بازرگانییە و لەسەر ئەم بنەمایەش دەخوازن شاری نوێ دابمەزرێنن. هەروەها جگە لەو بڵاوبوونەوە بازرگانییانەی کە پشت بە دابینکردنی ماددەی خاو و فرۆشتنی کەلوپەل دەبەستێ، ئەوا نموونەی ئەو بڵاوبوونەوە پەلهاوێشتنیە ئایین و ئایدیۆلۆژیانەش زۆرن کە ئامانجی لەپێشینەیان پاراستنی ئەو پەرەستگایانەیە کە هاوشێوەی پەرەستگاکانی خۆیانن. بەگوێرەی تایبەتمەندێتی ئەو گۆڕەپانانەی بڵاوبوونەوەی تێدا ئەنجام دەدرێت، یا ئەوەتا بەشێوەیەکی کاتی یاخود هەمیشەیی نیشتەجێ بوون پەیڕەو دەکرێت. لەدوای ماوەیەکی گونجاودا شێوازە هەمیشەییەکان لەمیانەی ئەو پەسند کردن و هەرس کردنەی لەهەردوو لایەنەوە نیشان دەدرێت، دەبنە گۆڕەپانی نوێی شارستانیەت. لۆژێکێکی بەمجۆرەی پێکهاتن و ئاواکردن رۆڵێکی مەزن لەپێکهاتنی بناخەی مێژوودا دەبینێ. تەواوی ئەو لێکۆڵینەوانەی سەبارەت بەسەرچاوەکانی شارستانیەت ئەنجامدران پشت بەتەواوی ئەو بیرۆکانە دەبەستن کە شوێن و کاتی سەنتەری بڵاوبوونەوە بەسۆمەریەکان دادەنێت. لەمیانەی بەڵگە زانستییەکاندا سەلمێنراوە کە هیلالی زێڕینی نیۆلیتیك و میزوپۆتامیای سۆمەریەکان رۆڵێکی کاریگەر و دیاریکراویان هەیە لەپێکهاتنی ناوەندە سەرەتاییەکان.

١ ـ **شارستانیەتی میسر:** یەکێك لەو کۆمەڵگایانەی کۆیلایەتی کە یەکسەر دوای سۆمەریەکان سەریهەڵدا شارستانیەتی **"میسر ــ نیل"**ە. کاتێك شارستانیەتی میسر هەڵدەسنگێنین هەبوونی کۆمەڵگای نیۆلیتیکی باکووری ئەفریقیا نابینرێت کە پشتی پێ ببەستێت و رەسەن و بەربڵاو بێت. شیمانەی هەرە لەپێش ئەوەیە کە هەروەکو چۆن شۆڕشی کشتوکاڵی کە لە هیلالی بەپیت پێگەیشت بەهەموو لایەکدا بڵاو بۆوە, ئەوا ٦ هەزار ساڵ پێش زایین گەیشتۆتە ئەم هەرێمەش.

لەلایەنی ریزبەندی مێژوویی ئەم هەڵسەنگاندنە بەگوێرەی لۆژێکی پەلهاوێشتنی گونجاو و کۆکە. لیتە دەشتە بە پیت و بەرەکەتەکانی رووباری نیل دەرفەت بۆ شۆڕشێکی شاری هاوشێوە دەڕەخسێنێ. لێرەشدا دیسان شوێن پەنجەی شۆڕشی شاری سۆمەریەکان لەنێو گەوهەرەکەیدا دەبینرێت. بەڵام رادەی بەرزی بەرهەم هێنان رێگای لەپێش ئەوە کردەوە کە میسر لەماوەیەکی کورت خایەندا، لەمیانەی قۆناخێکی هەرس کردندا پێکهاتەی تایبەتی خۆی بخولقێنێ. ئەگەر بەهۆی زوو پشت بەستنی بێت بە کلتووری نیۆلیتیك یاخود بەهۆی توانستی هەرس کردنی خێرای بێت ئەمە وایکردووە میسر وەکو کۆلۆنیەك نەبێت و ببێ بە شارستانیەتێکی رەسەن و دەرفەتی ئەوەی بۆ بڕەخسێ وەکو کۆمەڵگایەکی چینایەتی شێوە بگرێت. بەڵام سەرەڕای ئەم تایبەت بوونەی، ئەمە راستییەکی مێژووییە کە ئەگەر شۆڕشی کشتوکاڵی هیلالی بەپیت و شۆڕشی شاری ــ سۆمەریەکان نەبوایە، شارستانیەتی میسر بە شێوەیەکی سەربەخۆ نەدەهاتە ئاراوە. هەروەکو چۆن بە بێ هەبوونی رووباری نیل بیر لەهەبوونی شارستانیەتی میسر ناکرێتەوە، ئەوا بە بێ هەبوونی هیلالی بەپیت و شۆڕشی شار و گوندی سۆمەریەکان، بیر لە هەبوونی بەرهەمەکانی نیل و شارستانیەتی میسر ناکرێتەوە. گرنگترین بەڵگەش ئەمەیە کە ئەو جوگرافیا و هەلومەرج و کەش و هەوای کە نیلی ئابلۆقە داوە، لەمەش گرنگتر ئەوەیە کە تەنیا بەشێوەیەکی جیا کلتووری دانەوێڵە و ئاژەڵ دەرفەت و تواناکاری بە شۆڕشی کشتوکاڵی نیۆلیتیك نادات. ئەگەر ئەمە بەدی هاتبوایە ئەوا بەهۆی ئەو هەلومەرجە نەگۆڕانەی، هەر لە زووەوە دۆڵی نیل دەبووە لانکەی شۆڕشێکی شار و کشتوکاڵ: نەك دوای شۆڕشی کشتوکاڵ و شاری میزۆپۆتامیا بەڵکو پێشتر پێشکەوتنی بەخۆیەوە دەبینی. رۆڵی راستەقینەی نیل لەو تایبەتمەندێتیەوە سەرچاوە دەگرێت کە لەمیانەی ئاودێری خاکێکی گونجاو و بە بەرهەمی هەیە. کاتێك ئامرازە پێویستیەکانی کشتوکاڵیشی پێگەیشت کەوتە نێو قۆناخی شارستانیەتێکی تایبەت و خێرا.

شارستانیەتی میسر لە دەورووبەری ساڵانی ٣ هەزار پ.ز دەستی پێکردووە و بە بێ ئەوەی هێندە گۆڕانکاری بەسەردا بێت تاوەکو سەرەتاکانی زایین بەردەوام بووە. لە بوارەکانی بیناسازی و شێوەکاری جۆرەکانی نووسیندا پێشکەوتنێکی لە سۆمەریەکان جیاوازتری بەخۆوە دیوە. بە تایبەتیش لەبواری بیناسازیدا کارامەبوونیان لەئاستێکدایە کە تەنیا دەتوانرێت لەگەل رۆماییەکان پێوانە بکرێت. گواستنەوە لەمیانەی بەلەمی چارۆکەداردا تاڕادەیەکی بەرز پێشکەوتووە. ژماردن و دەستنیشانکردنی ساڵ و وەرزەکان لەمیانەی ئەستێرەکانەوە بەشێوەیەکی رێکخراوترە. لەگەڵ ئەوەی بەدەزگابوونی دەوڵەت زیاتر ناوەندییە دەرفەت بە ژمارێکی زۆری دەوڵەتی ــ شار نادات. زیاتر دابەشکردنی

بەڕێوەبردن لەجۆری هەرێمە. ئەویش وەکو سۆمەریەکان بە شێوەی سەردەمە دێرین و ناوین و درەنگەکان لەلایەن زیاتر لە سی خانەدانەوە بەڕێوە بردراوە. لەکاتێکدا سەرەتا راهیب گرانیەکەیان پێك دەهێنا, دوایی بە گوێرەی بالآبوونی راهیبی ـ پادشاوە بووە. چەمکی پادشایەتی ـ خودا زاڵ و بالآدەستە. پێکهاتەی میتۆلۆژیاکەی بە گوێرەی سۆمەریەکانەوە هەژارترە و بە شێوەی رەنگ دانەوەیەکی سنوورداری سۆمەریەکان پەرەدەسەنێ. لێرە بە یەك گەیشتنێکی خودایی سێکوکچەی باوك ـ دایك ـ کوڕ جێگای باسە. وەکو رەنگدانەوەیەکی وشکی سیستەمی ئاسمانی لەسەر زەوی خۆی بەڕێوە دەبات. لەسەر ئەم بنەمایەش بونیادێکی بەهێزی بالآدەستی ئایدیۆلۆژی ئاوا دەکات. هەر لەبەر ئەم سەرچاوەیەیە کە داب و نەریتەکانی راهیبی میسر بەشێوەیەکی بەهێز تاوەکو رۆژگاری ئەمڕۆمان هەبوونی بەردەوامە. هەوڵەکانی کۆلۆنی ئیمپریالیستەکان زۆر سنووردار دەمێنێتەوە. پەیوەندی نێوان یۆنان ـ فینیقیەکان کە بە ئامانجێکی بازرگانی بوو، کاریگەری لەسەر پێشکەوتنی شارستانیەتەکانی خوارتری ئەم ناوچەیە کردووە. لەنێو رووباری سەرەکی شارستانیەتدا تەنیا رۆڵی لقێك دەبینێ. ئەگەر بێت و بەرامبەر بەوەی کە سۆمەر سەرچاوەی سەرەکییە، رۆڵی شارستانیەتی میسر لە لقێك زیاتر دابنرێت، ئەوا شیمانەی زێدەڕۆیی لەم هەڵسەنگاندنەدا بەهێزە. بەلآم دیسان یەکێکە لەو شارستانیەتانەی کە لەماوەی نێوان ۳ هەزار ساڵ پ.ز تاوەکو سەرەتاکانی زایین رۆڵێکی گرنگی هەبووە لەپێشکەوتنی رێبازی سەرەکی شارستانیەتی کۆیلایەتی. رۆڵی شارستانیەتی یۆنان لە تێرکردن و بەخێوکردنی رۆما هەرچەندە کەم و بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆش بێت بەلآم لەبیر ناکرێت. هەروەکو چۆن نەیتوانی ئەفریقیا بۆ شارستانیەت بکاتەوە, بەلآم توانیویەتی بازرگانی لەنێویاندا پێش بخات. سەبارەت بە دەستپێکردنی پێشکەوتنی بازرگانی بە کەشتی چارۆگەدار لە نیل، دەریای سوور, دەریای سپی گەلێك شت قەرزاری شارستانیەتی میسرە.

لەگەڵ ئەوەی بە گوێرەی سۆمەریەکان میسر لەلایەنی میتۆلۆژیەوە هەژارە بەلآم خاوەنی شوێنگەیەکی گرنگە لەپێشکەوتن و پەرەسەندنی ئایینە یەکتاپەرستەکان. لەگەڵ ئەوەی کە ئایینی تاکخودایی پەرەسەندنی بەخۆیەوە بینیوە، بەلآم سنووردار ماوەتەوە. لەمیانەی رۆڵی بەهێزی چینی راهیبی میسر لە پەروەردەکردندا شوێنگە و سەنتەری پێگەیاندنی کادیرە ئایینی و میتۆلۆژیەکانی یۆنان (گریکە)یەکانە. تاوەکو پێنجەمین سەدەی پ.ز پێشەنگەکانی فەیلەسوف و راهیبە یۆنانیەکان بە رادەیەکی مەزن خۆراکی خۆیان لەپەروەردەکانی میسر و بابل وەرگرتووە.

ئەگەرچی بەهۆی ئەو پێشکەوتنە خێرا و تایبەتمەندێتیەی بێت یاخود بەهۆی مەزنێتیەکەی، لەدوای سۆمەریەکانەوە شارستانیەتی میسر لەپێشکەوتنی شارستانیەتی کۆیلایەتیدا لە ریزی دووەمدا خاوەن رۆڵێکی گرنگ و بەنرخە. لەتێرکردن و بەخێوکردنی سیستەمدا بەڕێوەبەرە و بە بەرهەمە. لە پیادەکردنی قووڵایی سیستەمی کۆیلایەتیدا هێندە بەرەو پێش چووە, بەتایبەتیش ترسناکی رەنجی کۆیلەکان کە بۆ ئاواکردنی ئەهرامەکان (پیرامیتەکان) بەکار هێنراوە، هێندە زەق و سەرنج راکێشە و هۆکاری سەرەکی مانەوەی گەلێك ئیمپراتۆریەتە لەسەرووی هەمووشیانەوە ئیمپراتۆریەتی رۆما چونکە جەسارەتیان لێیەوە گرتووە. بێگومان ناتوانرێ رۆڵ و کاریگەری سیستەمی میسر لە چاندنی بۆهێڵی (جین) کۆمەڵایەتی لەبیر نەکرێت لەوەی کە تاوەکو ئێستا دەسپۆتیزم لەرۆژهەڵاتی ناویندا بەهێزە. هەروەکو چۆن بەشێوەیەکی قووڵ کۆیلایەتی چالاك کرد, ئەوا دەسەڵاتی سیاسی و ئایینیشی بەو ئەندازەیە کردووە بە خاوەنی چالاکبوونێکی بەتوانا. لەمێژوودا رۆڵی سۆمەریەکان سەبارەت بە لە دایك بوون و پێشکەوتنی سیستەمی کۆیلایەتیدا چەندە دیاریکردووە، ئەوا رۆڵی میسریەکانیش لەپێگەیشتن و بەردەوامبوونی بەم ئەندازەیە گرنگە.

**٢ ـ شارستانیەتی هاراپا و موهانجادرۆی دۆڵی هیندستان ـ پەنجاب و ئیندۆس:** لە دەورووبەری ٢٥٠٠ ساڵ پ.ز رووبەڕووی لقێکی دیکەی شارستانیەتین، کە قارچك ئاسا ئاوا دەبن. ئەمەش لە شێوەی میسر دەچێت کە زیاتر لاتەریك کراوە. لەبواری بیناسازی و نووسیندا پێشکەوتنێکی سنوورداری سەلمێنراوە. شیمانە دەکرێت لەمیانەی رێگای زەریای هیندی پەیوەندی بە سۆمەریەکانەوە هەبێت. لەدەوروبەری ٥ هەزار ساڵ پ.ز لەڕێگای ئێرانەوە شێوازەکانی نیۆلیتیکی ناسیوە, بەڵام لەوە زیاتر کە بەرهەمی شۆڕشی کشتوکاڵی ئەم ناوچەیە بێت, شیمانەی ئەوە دەکرێت لەمیانەی شێوازی کۆلۆنی بازرگانی گرێدراو بە سۆمەریەکان پێشکەوتبێت. شیمانەی ئەوە هەیە کە کاتێك دەگەڕێینەوە ٢٠٠٠ ساڵ پ.ز، بە شێوەیەکی گشتی شانبەشانی ئەو وشکاییەی روویداوە، ئەوا ئەم لقەی شارستانیەت نەیتوانیوە بەرگەی ئەو قەیرانە بگرێت کە لەهەموو ناوچەکانی شارستانیەت هاتۆتە ئاراوە و بەمجۆرە لەدەرەوەی مێژوودا ماوە و کوژاوەتەوە و کۆمەڵێکی تێدا ژیاوە کە تاوەکو ئێستا نەزانراوە. هەروەها ئەوە دەبینرێ کە هێندەی شارستانیەتی میسر نەبۆتە خاوەنی سەربەخۆیی و تایبەتمەندێتی و بەردەوام نەبووە. شارستانیەتی هیندستان لەئەنجامی پەیوەستبوونی بە شوێنی نیشتەجێبوونی گروپە بەهێزەکانی ئاریان لەساڵانی ١٠٠٠ پ.ز دەبێتە خاوەنی ئەم بەردەوامی و تایبەتی بوونە.

٣ ـ **شارستانیەتی چین:** چین کە دەکەوێتە سنووری رۆژهەڵاتی کیشوەری ئاسیا لە دەوروبەری ساڵانی ٤٠٠٠ پ.ز سەردەمی نیۆلیتیکی ناسیوە کە لەلایەنی هیلالی بەپیت هاتۆتە ئاراوە. شوێنەوارێکی گەوهەری پێشکەوتنی شۆڕشی کشتوکاڵی تێدا نابینرێت. رووباری زەرد لەمیانەی ئەو رێکخستنە لەبارەی کە بە گوێرەی ئاودێری و بەرهەم هێنانە، رۆڵی رووباری نیلی میسر دەبینێ. جگە لە ئاودێری دەستکرد جوگرافیا و کەشەکەی بۆ کشتوکاڵی کلتووری دانەوێڵە لەبارە. لەدەوروبەری ساڵانی ١٥٠٠ پ.ز لەسەر بنەمای پێشکەوتنی کۆمەڵگای چینایەتی ئیمپراتۆریەتێکی کۆیلەداری بەهێز لەچین ئاوا دەبێ و هێندەی میسریەکان لەڕەوشێکی توندی ناوەندی بووندا پێشدەکەوێت. هەروەکو لەنموونەی شارستانیەتی هیندستان بینرا، دووچاری وەستان و پچڕان نابێت. گەلێك قۆناخی پلەبەپلەی پارچەبوون و ناوەندی بوون دەرباز دەکات و خۆی دەگەیەنێتە رۆژگاری ئەمڕۆمان. لەگەڵ ئەوەی دەسکەوتێکی زۆرتایبەتی بۆ شارستانیەت دەستنیشان نەکراوە, تایبەتمەندێتیەکی بەمجۆرەشی هەیە کە دەتوانێ بەردەوام خۆی تێر و بەخێو بکات. شارستانیەتی چین لە سەرەتاکانی دەستپێکردنی زایین واتە لەسەردەمی شارستانیەتی رۆما، لەمیانەی لێشاوێکی بەهێز دەتوانێ تەڤلی لقی سەرەکی شارستانیەت ببێت. لەگەڵ بەیەك گەیشتن و یەکبوونی رێبازی شارستانیەتی ئاسیا و ئەوروپا ئەوا چەندین لقی ورد و درشتی کۆمەڵگای شارستانیەت تەڤلی رووباری سەرەکی دەبن. رووباری سەرەکی مەزن دەبێ و خێرا دەبێ. ئەو هێزە کۆمەڵایەتییانەی لەباکوور و باشوورەوە بەرەو ئەو هێڵە دێن کە لە زەریای ئەتڵەسیەوە بەرەو زەریای مەزن درێژ بۆتەوە تایبەتمەندێتیە سەرەکییەکانی رێبازەکە بەردەوام بۆ دەزگاکانی سەرخان و ژێرخانیان دەگوازنەوە و هەندێ رەنگی تایبەتمەندێتی خۆشیان تەڤلی دەکەن و بەمجۆرەش رۆڵ لەپێکهاتنی دەوڵەمەندی مێژووییدا دەبینن. راستینەی واتای ئەفسانەیی و مێژوویی رێگای ئاوریشم لەو رۆڵەوە سەرچاوە دەگرێت کە لەم دەوڵەمەندبوونەدا گێڕاویەتی.

لە دابەش کردنی شارستانیەت بەسەر کیشوەرەکاندا ئەو رۆڵەی کە دەکەوێتە بەشی ئەمریکا ئەوەیە کە لە ٣٠٠٠ ساڵ پ.ز نیۆلیتیکی ناسیوە و پێنج سەدە پ.ز دەربازی شۆڕشی شار بووە. ئەو کیشوەرە کە لەنێو سنوورەکەی خۆیدا پێشکەوتنێکی سنوورداری بەخۆیەوە بینیوە, ئەوا بەپشت بەستن بە کۆلۆنی کردنی داگیرکاری ئەوروپا، زۆر درەنگ و لەسەدەی بیستەم لەمیانەی پێشەنگایەتی ئەمریکا لەئاستی جیهاندا رۆڵی بینیوە.

٤ ــ لەکاتی پەلهاوێشتنی شارستانیەتی سۆمەریەکان و بەرەنگاربوونەوەی پەلهاوێشتنەکەدا پێشکەوتنی راستەقینە لەگۆڕەپانی دراوسێکاندا روویدا. لە رۆژهەڵات و باکوورەوە هۆریتەکانی بە

رەچەڵەك ئاریان, لە باشوور و رۆژئاواشەوە ئەو گروپانەی رەچـەڵەکیان بـۆ سـامیەکان دەگەڕێتـەوە و ناویان ئامۆریتە، لە بەرامبەر ئەو هێز و دەوڵەمەندییەی سۆمەریەکان کە لـە نێوانیـان بـەرەو لوتکـە هەڵکشا، کەوتوونەتە نێو جموجۆڵێکی مەزنەوە. ژیانی جێگیر و هێمنی سیستـەمی گونـدی کشـتوکاڵی جێگـر و سیسـتـەمی رەوەنـدی شـوانکاری لەبەرامبـەر ئـەم دەوڵەمەندیـە دەکەونـە نێـو هەژانـدنێکی مەزنەوە. کۆمەڵگای ئاریان لەنێو رەوشێکی بەمجۆرەدا نـین کـە بتـوانن ئـەم سیسـتەمەی کشـتوکاڵی و بەخێوکردنی ئاژەڵ تێپەڕێنن کە بەقووڵایی لەنێویدا دەژیان. هـەر لـەزووەوە سـۆمەریەکان دەسـتیان بەسـەر ئـەم توانـا و باڵابوونـەدا گـرت. تـیرە شـوانکارەکانی ئامۆریـت زۆر لـەژیانی شـار و کشـتوکاڵ دووربـوون و لـەنێو هەلومـەرجی دژواری بیابانـدا بـە تایبـەتیش کـاتی زیـادبوونی وشـکایی لـەپێناو بەردەوام کردنی ژیان دەکەوتنە نێو شەڕێکی یەکجار دژوارەوە. واتە لە سەرووی ئەوانەوە بەهەشتێك بەرز دەبێتەوە. رووبەڕووی چارەنووسێکی وەها بوونەتەوە، یا ئەوەتا وەکو کۆیلەی خزمەتکار یـاخود وەکو فـاتح رۆڵـی خۆیـان ببیـنن. لـەڕۆژئاوا شارسـتانیەتی میسـریش رووبـەڕووی رەوشـێکی هاوشـێوە بۆتەوە. یان ئەوەتا شارستانیەت لەم تاقیکردنەوەدا قازانج دەکات و بەرامبەر بەربەرێتی سەردەکەویٚ و بـڵاو دەبێتـەوە, یـان ئـەوەتا دەخنکیٚ و کـز دەبـیٚ و دەکوژێتـەوە. رووبـەڕووی سـاتێکی هەسـتیاری قۆناخی دیالیکتیکین کە مێژوو دیاری دەکات و یەکلای دەکاتەوە. لەڕاستیدا ئەو قۆناخەی کـە ڕێگـای لەپێش پێکهاتنی شارستانیەتی سۆمەر کردەوە گرێدراوی جموجۆڵی ئەم تیرانەیە. بەڵام کاتێـك خـۆی باڵادەستی دەگرێتە دەست, ناکۆکی جیاواز دەرکەوتن.

لـە دەوروبـەری ٢٥٠٠ سـاڵ پ.ز کاتێـك شـار دروسـت کـردن (بـە شـار بـوون) گەیشـتە سـنووری سروشتی خۆی و لەپێناو موڵکایەتیدا پێشبڕکیٚ و شەڕی نێوانیـان تونـد بـوو, خانـەدانی سـەرجۆن بـە رەچەڵەك سامی ئەوەی کرد بە سیاسەتێکی سەرەکی کە لەمیانەی توند و تیژی، ناکۆکیەکان سەرکوت بکات و بەرەو دەرەوە سەفەربەری بکات. جیاوازی سەرجۆن ئەوەیە کە ئەو چالاکیە قارەمانانەی تاکە کەسی کە ناوە بە ناوە وەکو ڤەبوون بوو روویاندەدا، لەم رەوشە دەرخست و خستیە نێـو قۆنـاخێکی کۆلـۆنی بـە پـیلان و سیسـتـەمی بڵابوونـەوە. لەمیانـەی ڕێگاکـانی وشـکانی و دەریـا و رووبارەکـان قۆنـاخێکی باڵادەسـتی بازرگـانی بـە هـەر چوارلادا کراوەتـەوە. لەنووسـینی سـەر کێڵـە بـەردەکان ئـەم قۆناخە بەجۆرێکی سەرفراز و شەرفمەندانە یادی دەکرێتەوە. لەماوەی نێوان ٢٥٠٠ تا ٢٠٠٠ ساڵ پ.ز کۆلۆنیەکانی بازرگانی لە رۆژهەڵاتی دەریـای سـپی بـەرەو دەریـای رەش, لـەناوەوەی ئێـران تـا دەگاتـە دوورگە و کەنارەکانی کەنداوی بەسرە، بەشێوەی هەرەس ئاسا بڵاو بۆتەوە. فینیقیەکان لەرۆژهەڵاتی دەریـای سـپی، هیتیتـەکان لـەناوەوەی ئـەنادۆڵ, میتانیـەکان لـەباکوور و ناوەڕاسـتی میزۆپۆتامیـا,

لەرۆژهەلاتی زاگرۆس و ئێران ئیلامیەکان لە دوای یەکەم کردەوەکانی کۆلۆنی کردن، دواتر هەروەکو لەمیانەی نووسراوی سەر کێلە بەردەکان دەرکەوتووە لە ئەنجامی بەرخودانێکی خوێناوی درێژخایەندا سەربەخۆ بوونە و گەیشتوونەتە ئاستی هێزی سیاسی و دەوڵەتی خۆیان ئاواکردووە. ئەمەش هەروەکو لەقۆناخی داگیرکاری سەرمایەداریدا بینرا، لەو دەوڵەتە خۆجێیی و فیدارسیۆنانە دەچێت کە دوای شەڕەکانی بەرخودان ئاواکران. کۆلۆنیەکانی ئیمپریالیستی سۆمەری و شانبەشانی ئازادبوونی ئەو پێکهاتە خۆجێیانەی لەم میانەدا کاریگەریان لێکرا و جودابوونەوە و بەهێز بوون, ئەم قۆناخە مێژووییەی تازە کراوەتەوە, ڕێگای لە بەردەم پێشکەوتنی گرنگ کردۆتەوە. هەم پەسندکردن و لەمیانەی جودابووندا، گەیشتن بە کۆمەلگای چینایەتی، هەم لەئەنجامی ئەو پێشبڕکێیەی لەزیادبووندایە، پێکدادان و دەوڵەتی بچووکی خۆجێی دێتە سەر شانۆی مێژووەوە, ئەمانەش تایبەتەندێتی ئەم قۆناخەن.

لە کاتێکدا لەماوەی نێوان ٢٥٠٠ تا ٢٠٠٠ ساڵ پ.ز کۆلۆنی کردن لەسەر بنەمای سۆمەریەکان مەیلی زاڵ و باو بوو، ئەوا دەبینرێ کە سالانی دوای ٢٠٠٠ ساڵ پ.ز ئەو پێکهاتە سیاسییانەی لەدەورووبەری کۆلۆنییەکان پێشکەوتن، هێزیان بە قۆناخێکی نوێ دەدا و دیاریان کردووە. ئەم قۆناخە کە زیاتر لەسالانی ٢٠٠٠ پ.ز تاوەکو پێنجەمین سەدەی پ.ز بەردەوام بووە، لە مێژووی رۆژهەلاتی ناویندا واتایەکی مەزنی هەیە. لەمێژووی مرۆڤایەتیشدا بە لانی کەم بە ئەندازەی رۆڵی میسر و سۆمەری کلاسیك ڕێگا کردنەوەیان لەپێش چەندین پێشکەوتن, تەڤلی کردنی دەوڵەمەندیە خۆجێیەکان جێگای باسە. ئەمەش بەواتای ئەوە دێت سیستەمی کۆیلایەتی کە بەتەواوەتی وەکو چارەنووس و قەدەرێك بەسەر مرۆڤایەتیدا ساغ بۆوە، بەنێو پێگەیشتوترین قۆناخی خۆیدا دەرباز بوو. هەربۆیە لەهەموو لایەنێکەوە هەڵسەنگاندنی ئەم قۆناخە نوێیەی شارستانیەتی کۆیلایەتی گرنگیەکی مەزن لەخۆوە دەگرێت.

## و ــ سەردەمی نیمچە دەوڵەتی ــ شاری کۆیلایەتی رۆژهەلاتی ناوین

دوای ئەوەی سیستەمی کۆیلایەتی میسر و سۆمەر بەدەزگابوون و هەمیشەیی و بەردەوامبوونی خۆیان سەلماند ئەوا هەروەکو لە هەموو سیستەمە کۆمەلایەتیە بالادەستەکاندا دەبینرێت، دەربازبوونیان بۆ قۆناخی بلاوبوونەوە پێویستیەکی سروشتییانەیە. کۆمەلگای ئەو تیرانەی کە بە کشتوکاڵ و شوانکاری گوزەران دەکەن، دوای ئەوەی دەیانخاتە ژێر کاریگەری و پەیوەندی خۆیان, ئەوا

بەپێی دەربازبوونی کات ژیانی ئازادیان ڕووبەڕووی سنووردار بوون و لاوازبوون دەبێتەوە. سەردەم لەگۆڕاندایە. تیرەکانی کشتوکاڵ و شوانکاری کە لە دەوروبەری ١٠٠٠٠ ساڵ پ.ز پێکهاتوون، بەرامبەر بەم کاریگەریە لەمیانەی دووبژاردا کاردانەوە پێشدەخەن: ئەو توێژەی لە زیادبوون و هەژاربووندایە وەکو سەرچاوەی سەرەتایی هێزی کاری هەردوو شارستانیەت لەدەوروبەری شارەکانی سۆمەر و میسر نیشتەجێ دەبن. لەڕاستیدا لەمیانەی بەڵگەکانیشدا ڕوون دەبێتەوە کە قۆناخێکی بەمجۆرە لە ئارادا بووە. زۆر بە سانایی لەتەورات و چەندین نووسراوی بابلیەکاندا ڕوون دەبێتەوە کە گروپە سامیەکانی عیبرانی لە میسر و کاسیتی ئاریانی لە سۆمەر، وەکو هێزێکی کاری بێ دەرامەتی بەمجۆرە لەنێو هەلومەرجی ئازادیەکی نیوەچڵدا ژیاون. هەروەکو ئەو گوندیە هەژار و نەدارانەی ڕۆژگاری ئەمڕۆمان وان کە بە لێشاو بەرەو مەترەپۆڵەکان کۆچیان کردووە و ژیانێکی نیوە ئازادیان هەیە و هێزی کار پێکدێنن. ئەوەی دەمێنێتەوە بە گرانیش توێژی سەرەوەی تیرە وەکو ئەڵقەی سەرەکی هەر دوو هێزە ناوەندیەکە هەوڵدەدەن لە گۆڕەپانەکانی بالادەستی خۆیاندا چڕ ببنەوە و لەمیانەی بەجێکردنی شار وەڵام بدەنەوە. لەکاتێکدا سەرەتاوەکو بازرگانە کۆمبرادۆرەکانی گرێدراو بە سەنتەری ئیمپریالیزمی کۆیلەداری ڕۆڵ دەبینن, بەپێی دەربازبوونی کات نموونە بنەڕەتیەکە پەیڕەو دەکەن و دەگەنە ئاستی نیمچە دەوڵەتی شار.

شتێکی مسۆگەرە کە لە ٢٠٠٠ ساڵ پ.ز بەدواوە ئەم قۆناخە بەخێراییەکی زۆر لەجوگرافیای ڕۆژهەڵاتی ناویندا هاتۆتە ئاراوە. لەسەرەتا بیبلۆس و ئۆگاریت لە کەنارەکانی ڕۆژهەڵاتی دەریای ڕەش، لە باکووری سوریا یاخود میزۆپۆتامیای ناوین لەکار، کامش، سامسات, ئەبلە, ئورفا, حەران, ماری, لەئەنادۆڵی ناوەڕاستیش هاتوشاش, کانەش, لە ڕۆژهەڵاتی زاگرۆسیش ئیلام یەکەمین گۆڕەپانی نیشتەجێبونیانە, ئەو شوێنەی نیشتەجێبوونە، کە لە ئەنجامی یەکەمین شەپۆلی مەزنی بڵاوبوونەوەی سیستەم هاتە ئاراوە.

لەبەر ئەوەی لە سەردەمی نیۆلیتیکدا ناوچەکانی نیشتەجێبوون بەگرانی بە ئامانجی کشتوکاڵ بوون، بۆیە پێکهاتەی گوندیان تێپەڕ نەدەکرد. ئەم مۆدێلە نوێیەی ناوچەکانی نیشتەجێبوونیش بە گرانی لە ناوچە ستراتیژیەکانی سەر ڕێگاکان بوون و وەکو ناوچەی بارزگانی و شوێنی کەلوپەلی ئامادە ڕۆڵیان دەبینی هەربۆیە بەخێرایی دەبوون بە قەزا و ناوچەیەکی بەڕێوەبردن کە بە سەنتەری شارەکان ناوزەد دەکرێت. بەهادارترین ماددەی بازرگانی کە یەکجار نایابە و زۆر بەدوایدا دەگەڕێن گەوهەری کانزاکان و تەختەکانی داری ئەرزە "شجرة الأرز" کە لە چیاکانی تۆرۆس و لوبنان دا هەیە. شانبەشانی ئەمەش گەلێك بەروبوومی پیشە و وەستایی جیاواز لەسەرووی هەمووشیانەوە تەون و

گلکاری بەئامانجی بازرگانی دەرەوە بەرهەم دەهێنرێت، بە ئامانجی گۆڕانکاری و بازاڕ پارە دێتە ئاراوە, سیستەمێکی نووسین کە دەگاتە ئاستی نووسینی نامەی بازرگانی، بە تایبەتیش لەشارەکانی فینیقیەکان خاوەنی کارەکتەرێکی سادە و لەبار بوو بۆ بەکارهێنان. هێزی بازاڕ و پارە و نووسین لە زیادبووندایە. قۆناخ چینی بازرگان بە شێوەیەکی شکۆدارانە پێشدەکەوێت. بەواتایەکی دیکە لە مێژوودا قەوارەی پێکهاتەی چینی ناوین و کۆمەڵگای چینایەتی پێکدێت.

کاتێك راهیبەکانی پەرستگا و ناوەندەکانی بەڕێوەبەرایەتی و پادشا و بیرۆکراتەکان و توێژەکانی سەرووی تیرەکانی پێیانەوە گرێدراون وەکو چینی سەروو باڵا هەڵسەنگێنن، ئەوا هەرچەندە لاوازیش بێت چینی بازرگان و پیشەکاران کە ئیتر پەیوەندییان لەگەڵ تیرە بەرەو دابڕان دەچێت (چینی ناوەڕاستە, ناوین), چینی کۆیلەش کە بەرفراوانترن و پەیوەندییەکانی تیرەگەرییان بەرەو دابڕان چووە, کارەکتەری کۆمەڵگای چینایەتی ئەم قۆناخە دیاری دەکەن. بێگومان ئەم جیابوونەوە نوێیەی چینایەتی زۆر روون و یەکلا نەبۆتەوە. بەڵام ئەمە شتێکی مسۆگەرە کە زەمینەیەکی کۆمەڵایەتی ماددی هاتۆتە ئاراوە کە لەنێو ئەنجامدان و پێکهاتنی کردەوە و چالاکییە مێژووییەکان، بەرژەوەندی چینەکان نیشان بدات.

یەکێك لە کێشە سەرەکییەکانی مێژووی ئەم قۆناخە کە پێویستی بە هەڵسەنگاندنێکی گرنگ هەیە, دواترین قۆناخی بەربەریەت یاخود بەدەربڕینێکی دیکە دیاردەی کۆنفیدراسیۆنی تیرەکانە کە دەتوانین وەکو قۆناخی سەرەتایی دەوڵەتی شار هەڵیسەنگێنین، بەرلە قۆناخی بە شارستانیەتبوون ئەم قۆناخە لەنێو ئەو تیرە بە توانایانەدا پێشکەوتووە کە خزمی یەکترن. لێرەدا روون دەبێتەوە کە دوو هۆکاری سەرەکی رۆڵ دەبینن. لەلایەکەوە هەروەکو ناکۆکیە نێو خۆییەکانی نیمچە دەوڵەتەکانی ـ شار بۆ بەلاوەنانی ئەو پێکدادان و جیاوازیەی نێوان تیرەکان, بەڵام زیاتر بۆ ئەوەی بەرامبەر بە پەلامارەکانی هێزەکانی شارستانیەت خۆیان بپارێزن و دەسکەوتی بەگوێرەی بەرژەوەندییەکانیان بەدەست بێنن، پێویستی یەك بوون دێتە ئاراوە. دەتوانرێ ئەمە بە قۆناخی ئامادەکاری دەوڵەت بوون ناوزەد بکرێت. ئەمە شێوەگرتنێکی کاتییە. هێشتا لەناوەندی شارێکدا ئەرتەشێکی چڕکراوە نییە, پەرستگا و بیرۆکراسیەتی خۆی ئاوا نەکردووە. چینی ناوینی نەخوڵقاندووە. بەرامبەر بە هەڕەشەی ناوخۆ و دەرەوە هەرساتێك شیمانەی پەرتەوازە بوونی هەیە. ناوێکی دیکەی ئەم قۆناخەی مێژووش قۆناخی قارەمانێتییە. ماوەیەکی کورت بەرلە پێکهاتنی دەوڵەتی ناوەندی کۆیلەداری ئەم قۆناخە هاتۆتە ئاراوە, لەلای سۆمەری و میسریەکان لەساڵانی ٣ هەزار پ.ز, لە سەردەمی پێگەیشتنی سیستەمی کۆیلەداریشدا لەلایەنی هیتیت و هۆرییەکانی بەرەچەڵەك ئاریان لەماوەی نێوان ٢٥٠٠ تا

**٢٠٠٠ پ.ز, لە کەنعانی و ئامۆریتەکانی بەرەچەڵەك سامی لەساڵانی ٢٠٠٠ تا ١٠٠٠ پ.ز روویداوە. وەکو قۆناخی ئامادەکاری و بەرایی سیستەمی کۆیلایەتی یۆنان ـ رۆما و هیندستان و چین لە ماوەی نێوان ساڵانی ١٥٠٠ تا ١٠٠٠ پ.ز لەژێر سایەی شێوەی بەهێز و کاریگەردا ژیاون.**

**پێویست دەکات بە شێوەیەکی قووڵ دەرك بە قۆناخی فیدراسیۆنی تیرەکان بکرێت. تیرەگەرێتی و خێڵایەتی کە تاوەکو ئێستاکەش لەم جوگرافیایە (رۆژهەڵاتی ناوین) بەهێزە, هێزی خۆی لەم مێژووەوە دەگرێت. نەك سەدان بەڵکو هەزاران ساڵ لەژێر ئەم شێوەبەندیە (فۆرماسیۆنە) تێپەڕیوە و قارەمانێتی مەزن نیشاندراوە. لە راستیدا بەواتایەکی دیکە ئەم قۆناخە مێژووی خێڵەکان یاخود بەگوزارەیەکی دیکە مێژووی "پێکهاتە ئەتنیکیەکانە".**

**قەوم، زۆر بەر لە مێژووی خانەدان, ئایین و چینەوە دێت. بۆ گەیشتن بە چەمکێکی راستی مێژوو, پێویستە کێشەی مێژووی پێکهاتە ئەتنیکیەکان چارەسەر بکرێت. ئەگەر چەرخی سەرەتایی بێت یاخود چەرخەکانی ناوین و نزیکەکان بێت، ئەو وەکو چەرخی خانەدان و ئایین و قەوم سەپاندوویانە و رەوایەتیان پێداوە. ئەو چەمکانەی کە چەرخی سەرەتایی بەچەرخی خانەدان و هی ناوینیش بە چەرخی ئایین و چەرخە نزیکەکانیش بە هی نەتەوەپەرستی دادەنێت و دەخوازێت فەرمییان بکات، زۆر لەوە دوورە کە مێژووی ئاڵۆزی کۆمەڵگاکان بەشێوەیەکی بەرجەستە نیشان بدات. هەربۆیە مێژوو تا ئەو رادەیە چەواشەکراوە کە زۆر ئاستەمە بتوانێ بە شێوەیەکی راست و واقیعی مۆرکی خانەدان و ئایین و قەوم لەشوێنی خۆیدا دیار و جێگیر بکەیت. وەکو دیارە ناچارییەکی مەزنە دەبێ سەر لەنوێ مێژووی مێژوو بنووسرێتەوە. تاوەکو تەواوی زێدەڕۆیی بە هیچ دانان، ناتەواو و بچووك بینین و نووسینە چەواشەکاریەکانی بە ئەنقەست نووسراون و تا دەگاتە چەوتی نزیکبوونەوەکان لەمێژوو, یەکلا نەکرێتەوە و هەموو لایەنەکانی ئاشکرا نەکرێت، ناتوانرێ راستییەکانی ببینرێ و مافی خۆی پێبدرێت.**

**هەرچەندە بنەمایەکی نووسراوە بەردەست نەکەوێت بەڵام "مێژووی ئەتنیك" واتایەکی بەمجۆرە دەبەخشێت کە لە مێژووی ئایین, خانەدان و قەوم واقیعیتر و خاوەنی رۆڵێکی درێژخایەنترە. مەزنترین پێشکەوتنی پێکهاتە خۆیی و بابەتییەکانی ئەتنیك (سیستەمەکانی تیرە و خێڵ) لە سەردەمی شوانکاری و کشتوکاڵی نیۆلیتیك هاتۆتە ئاراوە. "قەلان" (کۆمەڵەی تیرە بەراییەکان) کە ناوەندی سەرەکی یەکینەی بنچینەیی کۆمەڵگای بیانییە (هۆڤێتی) هیچ کاتێك ژمارەی لەچەند سەدێکەوە تێپەڕی نەکردووە. شێوازی ژیانی ئەشکەوت و گەڕۆکی زاڵە. لە وەرز و کەش و هەوا دژوارەکاندا لەمیانەی نێچیرکردنی ئاژەڵ و کۆکردنەوەی دانەوێڵە گوزەرانیان دەکرد.**

ئەم کۆمەڵگایانەی لەڤلان پێکهاتوون و تاوەکو کۆتایی دواترین قۆناخی سەهۆڵبەندی (٢٠٠٠ ساڵ پ.ز) ژیاون بە یەکتری دەچن و سیستەمێکی سنووورداری دەنگیان هەیە و لەقۆناخی زمانێکی سەرەتایی ئەوتۆدان کە لایەنی هێما (ئیشارەت) تێیدا باڵادەستە. رۆحانیەك (ئانی میست) و پەیڕەوکارێکی تەوتەم خاوەنی چەمکێکی هزری ئاییینین، ٩٨٪ ی مێژووی مرۆڤایەتی بە ژێر ئەم شێوەیەی پێشکەوتنی کۆمەڵگادا تێپەڕیوە. تایبەتمەندێتی و مێژووی هیچ ئایین, خانەدان, قەومێك پێك نەهاتووە. نزیکەی ٢٠ تا ١٠ هەزار ساڵ پ.ز لەدوای قۆناخێکی تێپەڕ بوون (قۆناخی مەزۆلیتیك) دەربازی قۆناخی نیۆلیتیك (تیرە بەربەرەکان) بوون. کشتوکاڵ وماڵداری کردنی ئاژەڵ سەرچاوەی سەرەکی گوزەرانن و سیستەمی گوندی جێگیر بە بنەما دەگیردرێت. کۆچبەری سنووردار کراوە. وەکو تیرەی دایکسالاری خزمی یەکتر دەژین. هەندێ جار ژمارەیان دەگات بە هەزاران. بەڵام ئەوە نابینرێ کە پێنج هەزاریان تێپەڕاندبێت.

ئازادی تیرە هەستێکی زۆر بەهێزە. پەرستگای ئەو ئایینانە پێشدەخرێت کە مۆرکی خوداوەندی ژنی پێوەیە. لەم قۆناخەدا لەهەموو شوێنەکانی نیشتەجێ بووندا پەیکەری بچووکی خوداوەندە ژنە سەرەکییەکان لەزۆر شوێن دانراوە و هەیە. ژن لەمیانەی ئەستێرە و مانگەوە نوێنەرایەتی دەکرێت, بەڵام زیاتر خاوەن گرانییەکی بەمجۆرەیە کە بەدایکی سروشتی هێزە سروشتییەکان دادەنرێت. تێگەیشتنی ئەمە زەحمەت نییە. لەمیانەی رەنجی خوڵقاندنی کشتوکاڵ و ماڵیکردنی ئاژەڵ، هەروەها وەکو دایکی ئەو منداڵانەی دەیانهێنێتە دونیاوە, لەمێژوودا بەگەورەترین شێوە پیرۆز دەکرێت. لەواتایەکدا هێزی خوڵقێنەری ژیانە. سروشت و خاك دایکە. ئەو هێزەی سروشت و بەروو بوومی دانەوێڵە و دارەکانی دۆزیەوە، دەبێتە نوێنەری خوداوەندە ژنەکان و وەکو کارەکتەرێکی سروشتی، واتابەخش دەبێت. گرنگی ژن ـ دایك کە بە شێوەیەکی نائاسایی زیاد دەکات, بەرامبەر بەپیاو رێگا لەپێش باڵابوونێکی زەق و بەرچاو دەکاتەوە.

لە کاتێکدا نێچیرگرتن ئامرازی گوزەران و ژیان بوو، رۆڵی پیاویش هێندە بەهێزبوو, وەلێ کاتێ نێچیروانی دەکەوێتە پلەی دواوە بۆیە پیاو یەکجار لاواز دەبێت. مێژووی ژن واتای مێژووی دانەوێڵە, وڵاخی کورتە باڵا, دارەکانی میوە, خانوی گوند, درووماان, قازمە و دەستاڕە؛ دەبێ بگوترێ سیستەمێکە تێیدا رێزگرتن لەسەر بنەمای رەنج و بەرهەمە: واتای مێژووی ئەو بەرهەمانەی لەمیانەی رەنج خوڵقێنران و ئەو منداڵانەی گەورەکراون و ئەو سیستەمەی ماڵ و شوێنی حەوانەوەیە. هەروەها بە واتای مێژووی گواستنەوە لە یەکگەیشتن بە هێمای سەرەتایی بۆ زمانێکی دەوڵەمەندە، کە تێیدا لە رێگای ئامێرە بە واتاکانی بەرهەم هێنان زاراوە دادەهێنرێت, هەربۆیە

مێژووی دەربازبوونی مرۆڤایەتییە بەرەو پێکهاتەی هزری. بەم شێوەیە دەستنیشانکردنی بیرۆکە و زاراوەکانی مێژووی ئەتنێك واقعی و گرنگە. کاتێك لەساڵانی ٤ هەزار پ.ز قۆناخی گاسن بۆ کێڵگەکان دەستیپێکرد و شوانکاری گرنگی پێدرا, جێگای ژن لەقۆناخی بەرهەم هێناندا تەنگ کرایەوە. بەپێی دەربازبوونی کات لەماڵدا دەمێنێتەوە و ئەمەش قووڵ دەبێتەوە تادەگاتە ڕۆژگاری ئەمرۆمان. هەربۆیە شتێکی مسۆگەر و حاشاهەڵنەگرە کە لەکاتی نووسینی مێژوودا شوێنگەی ژن بە گوێرەی ماف و ڕاستی خۆی دیارنەکراوە و زۆر دووری ئەم ڕاستییەیە. لەگەڵ قۆناخی شارستانیەتبووندا باڵادەستی پیاو پتەوبوو ئیتر لەگەڵ دەربازبوونی کات ژن لەنێو دام و دەزگاکانی سەرخان و ژێرخانی کۆمەڵگای چینایەتی بەدەرنرا و ئەمەش بووە بناخەی نووسینی پەرتووکەکانی "**مێژووی بەدەر لە ژن**". لە ئەنجامی ئەو نایەکسانییەی لە نێوان ڕەگەزەکاندا هەیە چەواشەکارییەکی مەزن بەناوی مێژوو پێشکەش دەکرێت.

شانبەشانی ئەم هەڵسەنگاندنە گشتی و کورتەی دەرهەق بەپێکهاتەی ئەتنیك ئەنجامماندا، هەوڵدەدەین وەڵامی ئەم پرسیارە بدۆزینەوە: ئایا کۆنفیدراسیۆنی خێڵەکان چ کاتێك و لەکوێ بەرامبەر بەپێشکەوتنەکانی شارستانی پێکهاتووە و پێگەیشتوون؟ تا ڕادەیەکی مەزن مێژووی ڕۆژهەڵاتی ناوین گرێدراوی وەڵامێکی ڕاستی ئەم پرسیارەیە. ئەم لایەنە, واتە وەڵام لەنێو تاریکاییدا شاردراوەتەوە. دیسانیش دەتوانرێ قۆناخە سەرەکییەکانی سیستەمی تیرەکان بۆ سێ قۆناخ جیابکرێتەوە.

**١ ـ ئەو قۆناخەی کە کشتوکاڵ و شوانکاری پێشکەوت:** لە عەرەبستان و باکووری ئەفریقیا وەکو گروپی زمان و کلتووری سامی بە شێوەیەکی گشتی پەسند دەکرێت کە لە ماوەی نێوان ٩٠٠٠ تا ٦٠٠٠ پ.ز شانبەشانی بڵاوبوونەوەی کاریگەری کۆمەڵگای نیۆلیتیك لەناویاندا هاتوونەتە ئاراوە و پێشکەوتوون. بە پشت بەستن بەزنجیرە چیای تۆرۆس و زاگرۆس لەدۆڵ و دەشتەکاندا بەشێوەیەکی ناوەندیش لەو گۆڕەپانە جوگرافییەی بە هیلالی بەپیت و بەرەکەت ناودەبرێت، لە ماوەی نێوان ١٠٠٠٠ تا ٦٠٠٠ پ.ز وەکو گروپە داهێنەرەکانی نێچیرگرتن و کشتوکاڵی نیۆلیتیك. گەلانی بە ڕەچەڵەك ئاریان گرنگی و ڕۆڵیان زیادبووە. کاتێك لێکۆڵینەوە ئەتیمولۆژییەکان (زمان زانی) لەگەڵ ئەرکۆلۆژی (شوێنەوارناسی) یەکانگیر بکرێت, ئەوا مسۆگەر دەبێت کە گروپەکانی ئەم گەلە خوڵقێنەرەی کشتوکاڵ و نێچیروانین. بۆ ناولێنانی هەردوو گروپیش قەرزاری سۆمەریەکانن.

**٢ ـ دەربازبوون بەرەو دەزگابوون و سیستەمی خێڵایەتی:** لەو قۆناخەی کە کۆمەڵگای نیۆلیتیك لە هیلالی بەپیت دا لەژێر ناوی کلتووری "**تەل خەلەف**" ڕێگایان لەپێش بە دەزگابوونێکی

هەمیشەیی و جێگیر کردەوە, بەواتای قۆناخێك دێت کە گروپەکانی عەشیرەت "**خێڵ**" شێوەیان گرتووە. ئەم قۆناخەی کە لەماوەی ٦٠٠٠ تا ٤٠٠٠ پ.ز نزیکەی ٢ هەزار ساڵ بەردەوام بوو هەروەکو قۆناخی "**داهێنانە بنەڕەتییەکان**" ئامادەکاری شارستانیەت رۆڵێکی یەکجار گرنگ دەبینێ.

ئەوەی بە شێوەیەکی بنچینەیی سۆمەری ئامادە کردووە ئەم قۆناخەیە. لەو بوارانەی کە گشتگیریەکی ئابووری لە نێوان گروپە ئاری و سامیەکان دروست کردبوو جیاوازی دەردەکەوێت و لەتیرە هاوشێوەکان دەربازی خێڵی لەیەك جودا دەبن. هەر چەندە تێگەیشتن و هزرێکی بەهێزی خێڵایەتی پێك نەهاتبێت, وەڵێ لە رێگای قەوارەی هەبوونی بابەتییانەیانەوە توانیویانە ببنە کۆمەڵگای هەڵگری کارەکتەری ئەتنیکی. هەروەکو چۆن جیابوونەوەی چینایەتی و هەلومەرجە ماددی و ئابوورییەکانی سەردەمی نەتەوەییبوونی، کە قۆناخەکانی دواتر دەرکەوتن رۆڵێکی دیاریکراویان بینیوە، هاوکات هەلومەرجە ماددییەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی پێکهاتە خێڵایەتییەکانی دیاری کردووە و هێناوەتە ئاراوە.

**٣ ـ قۆناخی شێوەگرتنی شارستانیەت تاوەکو چەندین شێوەی سەرەکی چینایەتی و رۆژگاری ئەمڕۆمان:** ئەو قۆناخەی دەتوانین بە قۆناخی بەرخودان و بە شارستانی بوونی خێڵەکانی ناو ببەین؛ ئاستی تێگەیشتنی خێڵایەتی بەشێوەیەکی بەهێز پێشدەکەوێ, خۆدانانی بەئەندامێکی خێڵ بۆتە مەرجێکی دەست لێبەرنەدراوی ژیان, دەتوانرێت وەکو "**سەردەمی شیعر و داستان**"یش هەڵسەنگێنرێت. قۆناخێك جێگای باسە کە پڕە لەو شەڕ و پێکدادانانەی لە ئەنجامی زیادبوونی گرنگی کوێستان و خاك لەنێوانیان دەردەکەوێت، یاخود لەئەنجامی ئەو بەرخودان و دژە هێرشانە دێتە ئاراوە کە بەرامبەر هێزەکانی شارستانیەت نیشانی دەدەن. بۆ درێژەدان بەژیان پێویستە عەشیرەت بەهێز بێت. لەنێو خێڵیشدا پێویستە تیرە و بنەماڵەکان بەهێز بێت. بەڵێ ئەم واقیعە ماددییەیە کە هزری نوێی هێناوەتە ئاراوە. ئەوەی تاوەکو ئێستا لەچەندین کۆمەڵگادا بەهێز و کاریگەرە لە"**داستان و چیرۆکەکان**" بۆتە زمانی شیعر و چیرۆکەکانیان. قارەمانێتییەکانی شەڕی عەشیرەتی بێ کۆتایی و بەرخودان بەرامبەر هێرشەکانی دەرەوەدا لەمێژووی هەموو گەلێکدا جێگایەکی گرنگی گرتووە. گرێدراو بەهەلومەرجی گروپە کۆمەڵایەتییەکانی هەر پێکهاتەیەکی ئەتنیکی ئەم مێژووە، بەبێ ئەوەی گرنگییەکەی کەم بێتەوە مۆرکی خۆی لە چەرخەکانی ناوین و نزیکەکان داوە ــ واتە مۆرکی خۆی لە قۆناخی قەوم و نەتەوەکان داوە ــ ٤ هەزار ساڵ پ.ز لە ئاکامی پێشکەوتنی وشیاری عەشیرەتی، هەم هێرشەکانی هێزە جیاوازەکانی دەوڵەت و هەم عەشیرەتە خزم و دراوسێکان، هێزی پێکهاتەی ئەتنیکی رۆژهەڵاتی ناوینی هێناوەتە ئاراوە. ئەو راستینە

مێژووییەی تا ئەم رادەیە بناخەی بەهێزبوون و لەسەر پێ مانەوەی ئەم پێکهاتانەیە لە رۆژهەڵاتی ناویندا، ئەم تایبەتمەندێتییەیە. هەروەکو بڵێی هەر گروپێکی ـــ عەشیرەتێك، نەتەوەیەکە خانەدانێکە، تەنانەت لەلایەنی هزردا وەکو ئایینێکن و لە بواری یەك زاراوەییدا خاوەنی زمانێکە. شانبەشانی لاوازی شۆڤێنیزمی نەتەوەیی بەهێزبوونی شۆڤێنیزمی عەشیرەتیش ـ هزر و سۆزداری ـ سەرچاوەی خۆی لەم راستینەوە وەردەگرێت.

کاتێك لە بواری هەڵوێستی سەبارەت بە شێواز و وەکو زانیارییەکی پێویستی لەپێشینە تەماشا بکرێت، ئەوا دەبینین کە رۆژهەڵاتی ناوین لە ٢ هەزار ساڵ پ.ز تاوەکو سەدەی پێنجەمی پ.ز رۆڵێکی گرنگ و دیاریکراوی بینیوە لەپێگەیشتنی کۆمەڵگای کۆیلەداری و بوونی بە سیستەمێکی دونیا. تەنیا رۆڵی پێشەنگایەتی لە بواری ئاواکردن و بەدەزگاکردنی سۆمەر و میسر نییە. لەقۆناخی کامڵ بوون و پێگەیشتنیدا مسۆگەر پێشەنگایەتی لەجوگرافیای رۆژهەڵاتی ناوینە. بەرلەوەی ئەم بابەتە هەڵسەنگێنین با تەماشایەکی ئەو پێشکەوتنە شارستانیەتانە بکەین کە لەسەردەمی یەکەمین شەپۆلی بڵاو بوونەوە هاتۆتە ئاراوە.

I ـ **هیتیتەکان:** وەکو ئەنجامێکی پەلهاوێشتنەکانی کۆلۆنیەکانی سۆمەریەکان کە لە ناوچەکانی ئاسیای بچووك لە ناوەوەی ئەنادۆڵ پێشکەوت، شارستانیەتێکە لە ماوەی ١٩٠٠ تا ١٢٠٠ پ.ز حوکمی کردووە و مۆدێلی سۆمەری بەبنەما گرتووە. بە ئەندازەی ئەوەی ناوەندێکی گرنگی بازرگانییە، ئەوا پشت بەو توانستە دەبەستێت کە لە رێگای هەبوونی سەرچاوەیەکی زۆری کانزا، بەدەستی هێناوە و بەرەنگاری بابلی و ئاشووری و میسریەکانیش دەبێتەوە. لە ساڵی ١٥٩٥ پ.ز بابلی داگیر کردووە، لە ١٢٤٣ پ.ز پەیمانی کادەشی لەگەڵ میسریەکان ئیمزا کردووە. سەرەتا بە شێوەی کۆنفدراسیۆنی عەشیرەتەکان بوو، دوایی بۆتە خاوەنی پێکهاتەیەکی ناوەندی کۆیلایەتی. هەنگاونان و بوونی ئەنادۆڵ بەشوێنی شارستانیەت، بە رادەیەکی مەزن شوێنەواری سیستەمی هیتیتەکانە. ئەو گروپە ئەتنیکیانەی لەخۆوەی گرتووە لە باکووری رۆژهەڵاتدا **خالیدیەکان** (باپیرانی ئەرمەنیەکان)، لە باشووری رۆژهەڵات **هۆریەکان** (باپیرانی کوردەکان)، لە باشوور و رۆژئاوای ئەنادۆڵیش لەویەکان. هەرسێ گروپە ئەتنیکیەکەش خاوەنی پێکهاتەی کلتووری و زمانی ئاریانین. پاوانخوازی لەسەر سەرچاوەکانی کانزا گەوهەری هێز پێك دێنێت. چەمکی پاراستنیان، پاراستنی سەرچاوەکانی کانزا بە بنەما دەگرێت. بابلی و میسر و تەنانەت ئیمپراتۆری "**هێلینی**" تازە پێگەیشتوو، بەهۆی ئەوەی پێویستیەکی یەکجار زۆریان بە گەوهەری کانزا هەیە، بەردەوام لەگەڵ کۆنفیدراسیۆنی ئیۆن و میتانی لەنێو شەڕدان. بە تایبەتیش ئەو پێشکەوتنانەی لەبواری زیو و ئاسنەوە دێتە ئاراوە کە باب و

باپیرانی ئەرمەنیەکان بەکاری دێنن, گرنگترین دەسکەوتە کە بۆ شارستانیەت زیاد کراوە و بەرهەم هێنراوە. لێرەدا پێکهاتەی سێکوچکەیی خوداوەندی بە بنەما دەگیردرێت، ئەویش نوێنەرایەتی هێزی ئاسمان, زەوی و خاك دەکات و پشت بە میتۆلۆژیای سۆمەریەکان و گروپە ئەتنیکیەکان دەبەستێت. پێکهاتەی میتۆلۆژیا لەسەرەتا پشتی بە فرەخوداوەندی دەبەست, بەلام لەگەڵ پەرەسەندنی پادشایەتی ناوەندی ژمارە کەم دەبێتەوە و هەروەکو لەنموونەی سۆمەریەکان دەردەکەوێت, دادەکەوێتە ژێر تا دەگات ئەو پێکهاتە سێ گۆشەییەی گوزارشت لەرێککەوتن دەکات. هێشتا بەچەمکی یەك خواوەندی نەگەیشتوون. شەڕی خوداوەندەکان بۆ ماوەیەکی درێژتر دەخایەنێ. لەمیانەی رێککەوتنیشدا هێشتا شوێنگەی خوداوەندی ژن بەهێزە. بەلام لەمێژە رۆڵی یەکەمینی لەدەستداوە و پێ بەپێ گرنگی خۆی لەدەست دەدات. دەتوانرێت ئەمە بەکلتووری خوداوەندی ژن **کیبەلە** (کوپاپا) ناوزەد بکرێت.

هەروەکو چۆن لە ئاوا کردنی رۆما پێویستیان پێی هەبوو، ئەوا چەمکی ئاراستەی نوێژکردن، کە لە عەرەبستان بە قیبلە ناوزەد دەکرێت، پاشماوە و شوێن پەنچەی گرێدان بەم خوداوەندە ژنەیە. هەروەکو چۆن شارستانیەتی سۆمەری شارستانیەتی هیتیتی ئەنادۆڵی دیاریکردووە، ئەوا شارستانیەتی هیتیت لە رێگای ئییۆنای رۆژئاوای ئیگە و بەشێوەیەکی سەرەکیش لەمیانەی گەرووی چانەقەلا و لە رێگای شارەکانی تەروادە، کاریگەری لەسەر شارستانیەتی یۆنان کردووە. لەم چوارچێوەیەشدا بە پشت بەستن بە تەروادە "**سەردەمی قارەمانێتی**" رۆڵێکی مەزن دەبینی. گرنگی و رۆڵی مێژوویی تەروادە لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە تاوەکو سالانی ۱۰۰۰ پ.ز پایگەیەکی لەپێشی هیتیتەکان و بە گشتی دەرگای سەرەکی و ناوەندی بلاوبوونەوەی شارستانیەتی رۆژهەلاتی ناوین بوو. هەروەکو چۆن کانەش دەرگای گواستنەوەی شارستانیەتی میزۆپۆتامیایە بۆ ئەنادۆڵ، ئەوا ترواداە رۆڵی ئەو پرد و ناوەندە گرنگە دەبینێ کە شارستانیەت بەرەو بەلکان و نیمچە دورگەی یۆنان و تەنانەت بەرەو ئەوروپا دەگوازێتەوە. بەناوبانگی "**ئیلیادە**"ی **هۆمیرۆس** کە بەشێکی گرنگی شەڕەکانی تەروادەی خستۆتە ناوەندی چیرۆکەکەیەوە، بۆ ئەم رۆڵەی دەگەڕێتەوە کە مێژوو و شارستانیەت بۆ ئەوروپا دەگوازێتەوە. کەوتنی تەروادە (دۆڕاندنی شەڕ) واتای دەستپێکردنی سەرەتایەکی نوێی مێژووە.

II ـ **هۆریەکان، گۆتیەکان، میتانیەکان، ئورارتوو و مادەکان:** هەبوونی سەرچاوەی دەوڵەمەندی کانزا لە میزۆپۆتامیای سەروو و ناوین کە دەکەوێتە نێوان ئیمپراتۆریەتی هیتیت و ئیمراپۆریەتەکانی بابلی ـ ئاشووری و خالی دەربازبوونە بەرەو رۆژهەلات و رۆژئاوا و هەروەها

خاوەنی بەرهەمدارترین گۆڕەپانی کشتوکاڵ و بەخێوکردنی ئاژەڵە و خاوەنی کەش و هەوایەکی وەهایە کە ئاودێریەکەی سروشتییە، ئەمەش وایکردووە خاوەنی رۆڵی **"دایکی زایینی"** مێژوو و لانکەی بەخێوکردنی بێت.

لەهەمانکاتدا ئەم تایبەتمەندێتیە بۆتە هۆکاری ئەوەی لەهەر چوار لاوە هێرشی بکرێتە سەر و ببێتە گۆڕەپانی تالانکاری و داگیرکاری. سەرەڕای ئەوەی شوێنێکی سەرەکی لەدایك بوونی شارستانیەتە, هاوکات بە خاوەن نەبوونی پێکهاتەی ناوەندی و دەزگای هەمیشەیی و جێگیر لەنزیکەوە گرێدراوی ئەم تایبەتمەندێتیەیەتی. لە رەوشی ناوچەیەکی پشتێنەی دەرباز بوون رزگاری نەبووە. تاوەکو رۆژگاری ئەمڕۆمان شارستانیەتێك نییە کە لەلایەن ئەم ناوچەیە تێر و بەخێو نەکرابێت. ئەم تایبەتمەندێتیە هۆکاری ئەمە روون دەکاتەوە کە لەرۆژگاری ئەمڕۆماندا ناهێڵن تەنانەت وەکو دەنگی ئاژەڵیش بە شێوەیەکی ئازادانە زمانی خۆی بەکار بێنێ.

بەر لە ٦٠٠٠ ساڵ پ.ز پێکهاتەی ئەتنیکی ئەم ناوچەیە دەناسرێت. ناوەندەکانی شۆڕشی کشتوکاڵی لە خاڵ و شوێنی بە یەکگەیشتنی دەشت و ئەو چیایانەی لەگەڵ لقەکانی دیجلە ــ فورات درێژ دەبنەوە. ئەو لێگەڕین و شوێن هەڵکەندنانەی دەرهەق بە سەدان گرد ئەنجامدراوە مسۆگەر ئەم رەوشە دەسەلمێنێ. لەمیانەی لێگەڕینە ئەتیمۆلۆژی و ئەرکۆلۆژیەکان سەلمێنراوە کە بنەماکانی زمانی گروپی هیندۆ ــ ئەوروپی لە ناوەندەکانی ئەم گوندە کشتوکاڵیانە پێکهاتووە. کاتێك بوونی بە ناوەندی پێشکەوتنەکان، لەگەڵ تایبەتمەندێتیە سەرەکییەکانی ناوچەکە یەکانگیر بێتەوە، ئەم رەوشە وایکردووە سیستەمی تیرە و خێڵەکان بە شێوەی پێکهاتەی زۆر بەهێز شێوە بگرێت. کاتێك ئەم تایبەتمەندێتیانەی پێکهاتە ئەتنیکیەکان لەگەڵ جموجۆڵ و پەلهاوێشتنی هێزەکانی شارستانیەت یەکانگیر بێت، کە بە ئامانجی تالان و داگیرکاری بوو، ئەمە دەرفەت بەوە نادات وەکو ناوچەیەکی شارستانیەت ببێتە ناوەندێك.

لەژێر رۆشنایی ئەم نزیکبوونەوەدا دەردەکەوێت کە عەشیرەکانی لەژێر ناوی **"هۆری"**ن و لە یەك دەچن و پەیوەندی خزمایەتیان هەیە لەماوەی ٢٠٠٠ تا ١٥٠٠ پ.ز کۆنفدرسیۆنێکیان پێکهێناوە، بەلام نەیانتوانیوە ببن بە ناوەندێك و بە ئەندازەی هیتیتەکان پێشکەوتن بەدی بێنن. هوریەکان بەردەوام لەگەڵ هیتیتەکان و گروپە ئەتنیکیەکانی لوویی و خالیدی لە پەیوەندیدا بووە، کە بنەما کۆمەڵایەتییەکانی پێکهێنابوو، لە رێگای بازرگانییەوە رۆڵی یەکەم ئەڵقەی گواستنەوەی کاریگەریەکانی سۆمەر و بابل و ئاشوور دەگێڕن بەرەو باکوور و رۆژهەلات. بەهۆی ئەوەی دراوسێی شارستانیەتی سۆمەر و خاوەنی قۆناخی نیۆلیتیکن، خزمایەتیەکی نزیکیان لە نێواندا هەیە. لە

چەندین وشە و پێکهاتەی زماندا هاوبەشێتی جێگای باسە. تێڕوانینێکی پەسندکراوی بەمجۆرە هەیە کە ئەمەش لەقۆناخێکی یەکجار زووە و دواتر لە سەردەمی ئاوا کردنی سۆمەردا پێشدەکەوێت. لە بوارێکەوە ناوچەکانی شارە سۆمەریەکان و ناوچە کشتوکاڵیەکانی هۆریەکان لەنێو رەوشی رێکەوتنێکی سروشتیدا ژیاون. لە میتۆلۆژیای خوداوەندی ژن **ئینانا** و داستانی **گلگامێش** بە شێوەیەکی بەهێز راستی شوێن پەنجەی ئەم راستینە دێن. واتە سۆمەر ناوەندی شارستانیەتی هوریەکانە. پێویستی ئەوە نابینێت ناوەندێکی جیاوازی شارستانیەت ئاوا بکات. چونکە چەمکێکی بەمجۆرە تا دواڕادە بەهێزە کە دەڵێ: لەکاتێکدا ناوەندێك لە تەنیشتمانە و پێویستیەکانمان جێبەجێدەکات، پێویستی ئاواکردنی یەکێکی نوێ ناکات. شوێن پەنجەکانی ئەم چەمکە بەشێوەیەکی زۆر بەهێز تارۆژگاری ئەمڕۆمان هاتووە و بەردەوامە. ئەو رۆڵەی بینراوە بەواتای هەرێم و ئۆتۆنۆمی و فیدراسیۆنی ئەو هێزە سیاسیانەیە، کە لە تەنیشتیان بەسەنتەر بوونە. لێرەدا بۆمان روون دەبێتەوە ئەوەی لە رۆژگاری ئەمڕۆماندا لەم ناوچەیە لەئارادیە و روودەدات، بناخەکەی بۆ راستینەی ساڵانی سەرەتاکانی مێژوو دەگەڕێتەوە.

گۆتیەکان گروپێکی دیکەی ئەتنیکی بەرەچەڵەك ئاریانە و بە شێوەیەکی زیاتر لەڕۆژهەڵاتی سۆمەریەکان لەبنارەکانی زنجیرە چیای زاگرۆس دەژیان. لەو قۆناخەی کە دەوڵەتی ـــ شاری سۆمەریەکان دووسەرە بوون، وەکو هاوپەیمانی لایەنێك جوڵاونەتەوە. ئەو رێککەوتنەی لەگەڵ بەشێکی بەڕێوەبەرانی دەوڵەتی ـ شاری سۆمەری ئەنجام دراوە، رۆڵێکی سەرەکی بینیوە لەڕووخانی خانەدانی ئەکەدی سامی. تاوەکو رۆژگاری ئەمڕۆشمان مێژوو دەبێتە شایەدی رێککەوتنی بەمجۆرە. واتای وشەی گۆتی "Gud = Ga, Gameş" وشەی "گا ــ Ga" رۆژگای ئەمڕۆمان بە واتای گەلی خاوەن رەشەوڵاخ دێت. بەردەوام پێکهاتەی زمانی سۆمەریەکانی بەمجۆرە لەئارادایە کە زاراوەکان بەم شێوازە بەکار دێنن.

خانەدانی گۆتی لە دەوروبەری ساڵانی ٢٢٥٠ تا ٢١٥٠ پ.ز حوکمڕانێکی خانەدانی سەدساڵەیان ئاوا کردووە. ئەم خانەدانە حوکمڕانی لەسەر خاکی سۆمەریەکان بەڕێوە بردووە. ماوەیەك دوای ئەوە، کاتێك بەشێکی بەڕێوەبەرایەتی شارە سۆمەریەکان رێککەوتنیان لەگەڵ گروپە ئامۆریتەکانی بە رەچەڵەك سامیەکان بەست، ئەم خانەدانەیان رووخاند و دەربەدەریان کردن (وشەی ئامۆریت کە سۆمەریە بەواتای رۆژئاواییەکان دێت).

کاسیتەکان (کاسیەکان) ئەو توێژە هەژار و رەش و رووتانە بوون کە لە شارەکانی سۆمەریەکان دەژیان و زۆربەیان لە ناوچە شاخاوییەکانی باکوور و رۆژهەڵاتەوە هاتبوون. ناوە ناوە هێزەکانی

خۆیان کردووە بە یەك و رۆڵێکی گرنگیان لەگۆڕینی خانەدانــدا بینیوە. لەکاتی داگیرکردنی بابل لەلایەنی میتانی و هیتیتەکان لە ١٥٩٥ پ.ز، دەشێ باسی رۆڵی کاسیتەکانیش بکرێت. لەبوارەکانی کلتوور و بیروکراسیەتدا رەوتێکی بەگوێرەی خۆیان ئاوا کردووە. لەسەردەمی ئیمپراتۆریەتی عەبباسی لەو وەزیرە بەرەچەڵەك ئێرانیانەی بەرمەکیەکان و لەسەردەمی ئیمپراتۆریەتی سەلجۆقیش لە نموونەی وەزیریێتی "نیظام الملك" شوێن پەنجەی ئەم راستینەیە دەبینرێت. ئەم شێوازەی بیروکراسیەت تاوەکو سەردەمی کاسیتەکان درێژ دەبێتەوە. میتانیەکان, لەدوای ئەزموونی کۆنفدراسیۆنی هوری ئاواکرا و لە رەوشی فیدارسیۆنێکی بەهێزدایە. لەو تابلێتانەی دۆزراونەتەوە روون دەبێتەوە کە لەو شوێنەی رووباری خابووری لێ هەڵدەقوڵێ، خاوەنی شارێکە بەناوی "**واژۆکانی.**" گروپە زمانی هوری بەکاردێنن, بەشێوەیەکی زیاتر لەمیزۆپۆتامیای ناوین لە ناوچەکانی ئورفا, ماردین و شرناخی رۆژگاری ئەمڕۆمان حوکمڕانیان کردووە. لە ماوەی نێوان ١٥٠٠ تا ١٢٥٠ پ.ز لەئارادا بووە. ئاسنی خسۆتە ژێر رکێفی خۆیەوە. لە بەخێوکردن و پێگەیشتنی ئەسپ بە ناوبانگن. لەگەڵ ئاشووری و هیتیتەکان بەردەوام لەنێو رەوش و هەلومەرجی پێکدادانێکی دژواردا بووە. هەرە دوایی لەلایەنی ئیمپراتۆری ئاشووری "**سەلماناسار**" بە شێوەیەکی کاتی کۆتایی بەهەبوونی هاتووە.

**ئورارتوو** (بە سۆمەری واتای وڵاتی شوێنە بەرزەکانە) پارچەیەکی گرنگی شارستانیەتە کە لەلێواری دەریاچەی وان بەسەنتەر بووە. پشت بە گروپە ئەتنیکیەکانی خالیدی و هۆری دەبەستێت. بەپێی دەربازبوونی کات خالیدیەکان تێیدا بە کاریگەر بوون. شیمانەی هەرە لەپێش ئەوەیە خالیدیەکان باپیرەگەورەی ئەرمەنیەکان بن. بە شێوەیەکی زیاتر لە ناوچەکانی باکووری دەوڵەتدا دەژیان. ئەوە دەبینرێ کە پشتیان بە سەدان خێڵی بەرەچەڵەك هوری بەستووە, فیدراسیۆنە لاوازەکەی سەرەتایان بەهێز کردووە تاوەکو کردوویانە بەدەوڵەتێکی ناوەندی. لە ماوەی نێوان ١٠٠٠ تا ٧٠٠ پ.ز ژیاون. هەر لەبەر ئەوەی خاوەنی سەرچاوەکانی کانزا و ناوەندی تەختە و بەخێوکردنی ئەسپ بوون دووچاری هێرشە دژوارەکانی ئاشووریەکان هاتن. پادشا ئاشووریەکانی خاوەنی هێزێکی چەکداری بە تەکنیکی ئەو سەردەمە بوون و هەروەکو چۆن نەیاندەهێشت هیچ گەلێك ئۆقرە بگرێت, هەروەها لەبەر ئەوەی یەکەمین هێزبوون لەبەرامبەریاندا بەرخودان بکەن, هەربۆیە بە شێوەیەکی سەرتاپایی خالیدیەکان بوونە ئامانجی هێرشە نەبڕاوەکانیان. بۆ یەکەمجار لەمێژوودا درێژترین جۆگەلەی ئاوەڕۆیان دروست کردووە (بە درێژایی ٥٦ کم) و وەستایەتی دروستکردنی بەنداویان نیشانداوە. زمانی چینی هەڵبژاردە تێکەڵاوە. مەتنە پیرۆزەکانی سۆمەریەکان لە سیستەمی قۆنابخانەدا دەخوێنن. زمانی ئاشووری جێگای خۆی لەنێو زمانی دەوڵەتدا دەگرێت. هەروەکو لە

هەموو شوێنێك بەمجۆرەیە، پێکهاتەی زمان و کلتووری شارستانیەتی سۆمەری بە گرانی کاریگەری خۆی بەردەوام دەکات. زمانی عەشیرەتەکان جیاوازە و نەبۆتە بابەتی نووسین. ئەم مەسەلەیەش یەکێك لەو ڕاستینانەی ناوچەکەیە کە تا ڕۆژگاری ئەمڕۆشمان بەردەوامە.

لە کاتێکدا بەڕێوەبەرە باڵادەست و نۆکەرەکانیان خاوەنی زمان و کلتووری زاڵ و باڵادەست بوون, ئەوا عەشیرەتەکان خاوەنی زمان و کلتووری گەلی خۆجێی بوو.

ماوەیەکی کورت دوای ئورارتوویەکان ئەمجارە لە ڕۆژهەڵات وەکو بەردەوامی گۆتیەکان، فیدراسیۆنی عەشیرەتەکانی مادی بەرەچەڵەك ئاریان ڕێککەوتن لەگەڵ بابلیەکان دەبەستن و لە ساڵانی ٦٢٥ پ.ز ئیمپراتۆریەتی ئاشووری دەڕووخێنن. جارێکی دیکە بابل بۆ جاری دوایی باڵادەست دەبێت. فیدراسیۆنی سست و لاوازی میدیەکان بۆ خانەدانی ئەخمینیەکانی بەرەچەڵەك ئاریان ــ پارسن و تازە هەڵدەکشێن ڕۆڵی دەربازبوون (پرد) دەبینن. لەمیانەی کودەتای "**کیرۆس**"ی خوشکەزای پادشای ماد "**ئەستیاك**" دەسەڵاتی سیاسی بۆ یەکەمین جار دەکەوێتە دەستی ئەرۆستۆکراتەکانی پارسەکان کە لە ڕۆژئاوای باشووری ئێران چڕبوونەتەوە و دوای ماوەیەکی کورت لە دەوروبەری ساڵانی ٥٥٠ پ. ز بەدامەزراندنی ئیمپراتۆریەتێکی بەهێزی پارس ئەنجامگیر دەبێت.

III **ـ شارستانیەت لە ڕۆژهەڵاتی دەریای سپی؛** ئەو ناوچەیەی بەر لەهەموو شوێنێکی دیکە کاریگەری هەردوو سیستەمی سۆمەر و میسری کراوەتە سەر.

لێرەدا بناخەی مەزۆلیتیك و نیۆلیتیك بەهێزە. جێگای خۆی لەرۆژئاوای کەوانەی هیلالی بە پیت دەگرێت. لە ساڵانی ٤٠٠٠ پ.ز بەدواوە چڕبوونەوەی تیرە سامیەکان دەبینرێت. سەرچاوەی دەوڵەمەندی کە هەم میسریەکان و هەم سۆمەریەکان پێویستیان پێیەتی دارستانەکانی داری ئەرزە لە لوبنان. لە سێ گۆشەی میسر، ئەنادۆڵ و گریت دەتوانێ ڕێگای گواستنەوەی دەریایی بەکاربێنێ. خاوەنی زەویەکی کشتوکاڵی بەپیتە. هەر لەبەر ئەوەی جێگای کەوتۆتە سێ گۆشەی ئەنادۆڵ, میزۆپۆتامیا و میسر, بۆیە شوێنەکەی هەم بۆ بازرگانی ڕێگای دەریا، هەم بۆ بازرگانی ڕێگای وشکانی گونجاوە. فینیقی وەکو شارستانیەتی چینی بازرگان بەرئەندامی پێشکەوتنە. ئەمانە هەلومەرجە سەرەکی و دیاردەکانی ئافراندنی شارستانیەتی مێژوویی فینیقیەکانە. ناوە گشتییەکەی وڵاتی کەنعانیەکانی پێدەگوترێت.

هەروەکو کۆلۆنی کاناش لە ئەنادۆڵ، شارستانیەتی فینیقی پشت بەو کۆلۆنیانە دەبەستێت کە لە شارەکان، لەسەرووی هەمووشیانەوە لە بیبلۆس, تیر و لە باکوریش لەشاری ئۆگاریت، ئاواکران. کۆلۆنیەکانی ئەم ناوچەیە لەگروپی ئەتنیکی تێکەڵاو پێکهاتوون. هەروەکو لەلوبنانی ڕۆژگاری

ئەمڕۆماندا دەبینین, ئەوا هەر لەسەرەتاوە کلتوورێکی تێکەڵاو زاڵە. بەڵام لەنموونەی فینیقیەکاندا تایبەتی بوونێك لەئارادایە. بەگشتی خەریکی بازرگانین و بەتایبەتیش لە بازرگانێتی دەریای سپیدا وەك و قەومێکی دەریایی چاونەترس و لێهاتوو دەناسرێن. لە سەرەتاکانی ٢٠٠٠ پ.ز بوونەتە خاوەنی نیمچە دەوڵەتی ـ شاری تایبەت بەخۆیان. ئەم دەوڵەتە کە چواردەورەی بە سور (دیوار) ئابلۆقە دراوە بەگرانی خەریکی بازرگانین و بە پلەی دووەمیش پیشەکاری, بە تایبەتیش لە بواری دارتاشییەوە گەشەیان کردووە. کەشتی و کەشتیوانی فینقییەکان بەناوبانگە. تەنانەت لەقۆناخەکانی ئاواکردندا لەگەڵێك ناوچەی کەنارەکانی دەریای سپیدا کۆلۆنی پابەند بەخۆیان ئاواکردووە. گرنگترین دەسکەوتەکانی بۆ مێژوو ئەلف و بێی فینیقییە. زۆربەی زۆری ئەم ئەلف و بێیانەی لە رۆژگاری ئەمڕۆماندا بەکار دەهێنرێن, ئەم ئەلف و بێیە بنەما و نموونەی سەرەتاییان پێکدێنێ. لەگەڵ ئەوەی بەشێوەیەکی سەرەکی ئەفسانەی سۆمەریەکان کاریگەری کردۆتە سەر, ئەوا تایبەت بوونێکی جێگای بایەخیان هەیە. مەزنترین خوداوەندیان "**ئەل**"ە (اللـه لێرەوە هاتووە). لەژێر ئەویشیانەوە خوداوەندی هێز **بال** و خوداوەندی مردن **مۆد** (MOD) هەن. عەشتار بەناوی ئاستارتا لەئارادایە. بەشێوەیەکی بەربلاو منداڵان وەکو قوربانی پێشکەش دەکەن. ئەفسانەی قوربانیکردنی ئیسماعیل لەلایەن حەزرەتی ئیبراهیمەوە گرێدراوی ئەم داب و نەریتەیە.

له دوای میسری و سۆمەریەکان, کلتووری فینیقیەکانیش لەمیانەی پەسندکردنی یەکتر لەگەڵ یۆنان, رۆما, بێزەنت و ئیسلامییەکان و پاراستنی رەسەنایەتی خۆی، کاریگەرییەکانی تاوەکو رۆژگاری ئەمرۆشمانی هێناوە. تایبەتمەندێتیەکانی شارستانیەتی فینیقی لەژێر کلتووری علمانی لوبناندا شاراوەیە. بەئەندازەی ئەوەی خاوەنی رۆڵێکی گرنگە لە پێکهاتەی شارستانیەتی قەرتاجە و یۆنانی لە مێژوودا، ئەوەی بە رادەیەکی هەرە زێدە کلتووری یۆنانەکانی تێر کردووە، فینیقیەکانن. دیسان فینیقیەکان رۆڵێکی دیاریکراویان هەبووە لە گواستنەوەی ئەفسانە و ئەلف و بێی رۆژهەڵاتی ناوین بۆ یۆنان (گریك).

له ناوچەکانی ناوەوەی رۆژهەڵاتی دەریای سپی, لەسەرووی هەمووشیانەوە لەشاری وەکو قودس، شام، حەلەب, دووەمین قۆناخی دروستکردنی شار دەستپێدەکات. ئەم باژێڕانەی پشت بە بازرگانی دەبەستن, لەنێوان میزۆپۆتامیا, دەریای سپی, ئەنادۆڵ و نیمچە دورگەی عەرەب وەکو ناوەندی بازرگانی بەرز دەبێتەوە, هەروەها دەوروبەرە نزیکەکانیش بلێی بۆ کشتوکاڵ لەبارە. ئەم شەپۆلەی شارستانیەت چەندین کاروانی مێژوویی بەخۆوە بینیوە. وەکو ناوەندی گواستنەوە و پەسندکردنی کلتوورەکان خاوەنی جێگایەکی دیار و بەرچاوە. بە شێوەیەکی زیاتر پێکهاتەی زمانی تیرە سامیەکان

زاڵە. ناسین و داننـان بـە پێکهاتەیـەکی هەمـەڕەنگی کلتـووری لـە سایەی ئـەم هەلومەرجـە گونجاو و لەبارەیەتی. هەروەکو چۆن لەسالآنی ١٥٠٠ پ. ز لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا بەگشتی بەمجۆرە بوو، ئەوا لەم سەردەمەشدا جوڵانەوەی بە شارستانیەت بوون بە شێوەی نیمچە دەوڵەتەکانی ـ شار لەقۆناخی هەرە بەرزدایـە. بـەهۆی هەلومـەرجی جوگرافیـەوە دەسـەڵاتی هـیچ یـەك لـەبابلی، ئاشـووری، هیتیتـەکان (الحیثیین) و میسریەکانیان نەناسیوە. تا ڕادەیەك لەسایەی دیپلۆماسیەتەوە توانیویانە لەنێو هەرسێ ناوەند یاری بکەن و درێژە بەسەربەخۆی خۆیان بدەن. هەر تیرەیەکی تەنگەتاو بوو بێت، بەهۆی ئەم تایبەتمەندێتیەیەوە بۆ ئـەم ناوچەیە چوون. تـا ڕادەیـەك توانیویانـە ڕەسـەنایەتی و ئـازادی خۆیـان بپارێزن.

یەکێك لەو تیرانەی لە ئەنجامی گەوهەرێکی بەمجۆرە، لـە لایـەن حـەزرەتی ئیبراهیمـەوە بـۆ ئـەم ناوچەیە گواسترایەوە و ڕۆڵی گرنگ لە مێژوودا دەبینێ، تـیرەی عیبرانیەکانـە. لێکۆڵینـەوەکان ئامـاژە بەوە دەکەن کە ڕیشەی عیبـرانـیـەکـان لـە ئورفا (**ئـور = تەپـە، لوتکە**) و حـەران (بـە سـۆمەری = دەروازەی چـوار ڕێگـا)ی ڕۆژگـاری ئـەمڕۆمان دێـت، کـە ئـەو کاتـە وەکـو کۆلـۆنی سـۆمەریەکان بـەکار دەهێنـرا. کاریگـەری هۆریـت و ئامۆریـت هـەردووکیان بـە یەکـەوە لـەم ناوچـەیەدا دەبینـرێـت. شـوێن پەنجەی ئەم تایبەتمەندێتیانە لەکلتووری عیبرانیەکاندا دەبینرێت. ئەم موغامەرەیە شیمانە دەکرێت لەسالآنی ١٨٠٠ پ.ز لەسەردەمی پادشای بابلی حامورابی ڕوویدابێ، لە بەسەرهاتی ئەم تیرەیە دەچێت کە بەرژەوەندییەکانیان لەگەڵ نەمروودی پادشای شارێك تێکدەچێت. کاتێك توانستەکانی نیشـتەجێ بوون لەناوەندی ئەم شارانەدا سنووردار بوو کە فشار تێیدا توند بوو، لە لایەکی دیکەش لەبەرئـەوەی جێگای خۆیان لەهێڵێکی بازرگانیدا دەگرت، ئەوا جوڵانەوەی بەمجۆرەی تیرەکـان زۆر دەبێـت و دەشـێ ببینرێت. لە دۆکۆمێنت و بەڵگـەکانی ئۆگاریـت دەرهـەق بـەم سـەردەمە، هـەروەکو کۆچـی حـەزرەتی ئیبراهیم لە باکوورەوە بۆ باشوور، جوڵانـەوەی بـەمجۆرەی گـەلێك تـیرەی بازرگـان جێگـای باسـە. ئـەم تیرانـەی کـە بازرگـانی و شـوانکاری نیوەچـڵ بـوون بـە شـێوەی نیـو ڕەوەنـدی ـــ نیـو جـێگیری لـەنێو جموجـۆڵێکی بەردەوامـدا بوونـە. شـیمانەیەکی بـەهێزی بـەمجۆرە هەیـە کـە حـەزرەتی ئیـبراهیم کاریگەری کلتووری شاری ئوری سۆمەریەکانی کراوەتە سەر و پێکهاتە فرەخوداوەندییەکەیانی ناسیوە و وەکو سەرۆکی تیرەیەکی باوکسالاری لەمیانەی بە بەبنـەماگرتنی تەوتـەمی خـۆی و یـەکانگیرکردنی لەگەڵ ئەو لایەنانەی لە کلتووری ئایین و خوداوەندی قۆناخ وەریگرتووە، بەزاراوەی خوداوەندی یەك تیرە گەیشتووە.

بەرزکردنەوەی تەوتەمی تیرەکەی بۆ ئاستی خوداوەند و بەکارهێنانی ئازادی تیرەکەی وەکو زەمینەیەکی کۆمەڵایەتی وەرچەرخانی بەرەو تاکخودایی, هەروەکو چۆن گەورەترین شۆڕشگێڕێتی حەزرەتی ئیبراهیم لەبواری ئایینەوە دەردەخات, هاوکات گەوهەری ئەم وەرچەرخانەش نیشان دەدات. وەکو ئەنجامێکی کاردانەوە لە سیستەمی سۆمەریەکان دابڕاوە. بێگومان چەندین تیرەی ئامۆریت بەردەوام لەنێو ئەم کاردانەوەیەدا ژیاوە، لەگەڵ ئەمەشدا تەوتەمی تیرە سەرەتاییەکان وەڵامی پێویستییە ئایینیەکانی قۆناغ ناداتەوە. ئەمە مۆدێلێکە پێویستە بەلاوە بنرێت. ئەم هەلومەرجە مێژووییە, دوو لایەنە بناخەی ئایینی ئیبراهیم پێکدێنێت. وەکو هەنگاوێکی بچووك و بێ بایەخ دیار دەبێ، بەڵام لەلایەنی مێژووییەوە رۆڵی گەورەترین شۆڕشی ئایدیۆلۆژی بینیوە. نازناوی پێغەمبەر و باپیر و دامەزرێنەری ئایینی تاکخودایی لەخۆڕا نییە کە لە هەرسێ پەرتووکی پیرۆزدا (تەورات، ئینجیل و قورئان) باسی لێوە دەکرێت، بەڵکو بەهۆی ئەم رۆڵە ستراتیژیەیە کە گێڕاویەتی. ئیتر بە گوێرەی قۆناخی شارستانیەتی پێگەیشتوو، ئایینە فرەخوداییەکان، خەیاڵ و ناسنامەی پاشکەوتوون. ئەم شۆڕشە ئایدیۆلۆژیایەی کە خوداکەی نادیارە و ناکرێت بە بت، باشتر خزمەتی یەکێتی سیاسیانە دەکات و گوزراشت لە لۆژیك و پێشکەوتنی پێکهاتەی هزری مرۆڤ دەکات و پێشکەوتووخوازترین و باشترین وەڵامە کە لەکاتی خۆیدا دەرهەق بە قۆناخێکی مێژوویی دراوەتەوە.

ئەوەی لە داب و نەریتی حەزرەتی ئیبراهیم دا دەبینرێت, واتە دەست بەردانی لە بە قوربانیکردنی کوڕەکەی ئیسماعیل، کردەوەیەکە گەوهەری شۆڕشێك لەخۆوە دەگرێت. بەگوێرەی باوەڕی فینیقیەکان پێشکەشکردنی منداڵەکان وەکو قوربانی بۆ خوداوەند **بال**، عیبادەتێکی بەربڵاوی ئایینیە. تەنیا دەتوانن بەمجۆرە رێ لەکارەسات و خراپیە مەزنەکان بگرن. هەڵوێست نیشاندان بەرامبەر ئەو داب و نەریتە بەربڵاوە کە هەم زۆر دڕندانەیە و هەم ناچارییە, بەگوێرەی هەلومەرجەکانی ئەم قۆناخە وەکو شۆڕشێکی ئایینیە. رێگرتن لەبەقوربانی کردنی منداڵان، بوویەرێکی ئاسایی نییە و بەرامبەر بە سەرەتاییترین فەناتیزمی ئایینی، کە سەرەتاییە و بەربڵاو و ریشەییە, وەکو چالاکی وشیاربوونەوەی ویژدانی مرۆڤ، بەهایەکی مەزنی هەیە. ئەمە بەرامبەر بە پاشڤەڕۆیەتی چالاکیەکی مەزن و پڕ واتادارە. هەروەکو دیارە حەزرەتی ئیبراهیم تەنیا بە پێشخستنی ئەم دوو شۆڕشە ناوەستێ. واتە تەنیا بە رەتکردنەوە و هەڵوێست نیشاندان بەرامبەر پەرستنی بتە سەرەتاییەکان و بەقوربانی کردنی منداڵان ناوەستێ. "**ئەل**"ی کەنعانیەکان وەکو "**ئەل**"ی خوداوەنی ئاسمان پەسند دەکات.

له تەواوی نیمچە دورگەی عەرەبی **ئەل** دەبێتە **"ئەڵلا"** هەروەها شکاندنی داب و نەریتەکانی تەوتەمی تیرەکانی بیابانی عەرەبی و دەربازبوونیان بۆ قۆناخی تاکخودایی, گرنگترین قۆناخی شۆڕشی ئایینی تاك ـ خوداییە. ئەمە بەسانایی روو نادات, ماوەیەکی درێژ دەخایەنێ موساش ئەم ئەله وەکو تاکخودا بە بنەما دەگرێت, بەڵام بەتایبەتی خوداوەندی تیرەی عیبرانیەکانە. له کتێبی موقەدەس ئەم بابەتە بەم شێوەیە تێدەپەڕێ: **"ئێوەم لە خۆم مارە کرد و لە تەواوی مرۆڤەکان پایەدارترم کردن"**. ئەمە حوکمێکی گرنگە و رۆڵێکی سەرەکی دەبینێ لە پێکهاتنی ئەو داب و نەریتەی کە تاوەکو رۆژگاری ئەمڕۆمان گەوهەری تایبەتی کۆمەڵگای یەهودی هێناوەتە ئاراوە. هەروەها ناوەکەشی دەگۆڕن. موسا ئەمە ئەنجام دەدات. ئەو ناوەی سەرەتا **"ئەلۆهیم"**ه, دواتر لە ئەنجامی کردنی بە قەومێکی تایبەتی خودا، ناوی **Yehova** ی لێدەکرێت (ناوی **Yehudi** لێرەوە دێت). مانای وشەی ئیسرائیل **"ئەوەی لەگەڵ ئەل زۆرانبازی دەکات"**؛ واتە تیرەی عیبرانی بە ئەندازەی خوداوەند ئەل بەهێزە، ئەم تیرەیە هێندە بە شان و شەوکەتە دەتوانێ زۆرانبازی لەگەڵ خوداوەندی خۆی بکات.

ئەم وەرچەرخانانەی حەزرەتی ئیبراهیم لە ناوچەکانی کەنعانیەکاندا تێیدا ژیا لەکتێبی پیرۆزدا لەمیانەی شێواز و زمانێکی تایبەت وەکو فەرموودەی خودا دانراوە. ئیتر لەگەڵ مەزن بوونی تیرە، گرنگی و بایەخەکەشی زیاد دەبێت. ـ لەکاتی دەرکەوتن لەمیسر باس لە ٧٢ تیرە دەکرێت ـ کاتێك ژمارەیان زیاد دەبێت دەگەنە پایەی میرنشینی. سوود لە یەکێتی تیرە خۆجێییەکان و ناکۆکی نێوان نیمچە دەوڵەتەکانی ـ شار دەبینن. هەندێ جار لەگەڵ یەکتردا ناکۆك دەبن. هەروەکو رەوشی پێکدادانی ئەمڕۆی عەرەب ـ ئیسرائیل, هەر لەسەرەتاوە لەنێو رەوشێکی بەمجۆرەدا دەژین. ئەم ناکۆکی و پێکدادانە لەمیانەی هەمان کارەکتەرەوە تاکو ئێستا بەردەوامە. لەهەمان شوێن بەردەوامە, لەدەورووبەری قودس!

هەڵسەنگاندنێکی تایبەتی رەوشی تیرە عیبرانیەکان لەماوەی نێوان سەردەمی حەزرەتی ئیبراهیم تاوەکو قۆناخی دەرکەوتن لە میسر و پەیوەندی نێوان ئەم دوو قۆناخە و پێکهاتەیان زۆر گرنگە. ئەمە شتێکی سەیرە لە کتێبە ئایینیەکاندا بەشێوەی فەرموودەی خودا باس لەوە دەکرێت کە لەسەردەمی حەزرەتی ئیبراهیمیش کۆچبەری نەوەستاوە و تاکو میسر رۆیشتووە. هەروەکو چۆن تیرە هەژارەکانی ئاریان لەهەمان سەردەمدا لە ناوچە و شارە دەوڵەمەندەکانی سۆمەر لەژێر ناوی **کاسیتەکان** (لە زمانی سۆمەری، کاسۆ = هەژار، کاسیت = گەلی هەژار) نیشتەجێ بوون, ئەوا پێشکەوتنێکی هاوشێوەی ئەوەش بەرەو ناوەوەی میسر روویدا. چەندین تیرەی هەژاری بیابانەکان

بەرەو میسر کۆچ دەکەن. هەروەکو رەوشی رۆژگاری ئەمڕۆمان کە لە هەموو لایەکەوە لێشاوی کۆچبەری بەرەو ئەمریکا و ئەوروپا دەچێت. میسریەکان ئەم کۆچانە بە "**ئابیرو**" ناودەبەن (واتای وشەی **Abiru**, مرۆڤی تۆزاوی بیابانە). زاراوەی عیبرانی لەم وشەیە دروست کراوە. کاتێك تیرە لە ئورفا ــ حەڕان دەردەکەوێت, ناو و تایبەتمەندێتیەکی بەمجۆرەی نییە. لەمیسر هەژارن بەلام بەشێوەی ئازادییەکی نیوەچڵ درێژەیان بەژیانی خۆیان دەدا. هەروەکو لەنموونەی یوسف دا دەبینرێ, بەدەگمەن جێگای خۆیان لەناو بیروکراسیەت دەکەنەوە. چیرۆکی یوسف شێوەی ئەو فەرموودە پیرۆزەی خودایە سەبارەت بەو رووداوەی لەنێو بیروکراسیەتی میسر پێشکەوت. نموونەیەکی هاوشێوەی ئەوە لەچیرۆکی سەرجۆنی ئەکەدی سەر بە تیرەی ئامۆریت دەبینین کە بەشێوەی ئەفسانەیەکی تایبەت باسی کراوە. هەروەکو دیارە پێشخستنی چیرۆکی بەمجۆرە لەسەر ئەوەی یەکێك لە تیرەیەکی نەناسراو و بێ ناو و دەنگ، هەڵسێ خانەدانێك ئاوا بکات یاخود ببێت بە پیاوێکی دیاری کراوی دەوڵەت, بۆ مێژوو رابردوویەکی درێژخایەن دەگەڕێتەوە.

قۆناخی میسر بۆ عیبرانییەکان نزیکەی سێ سەد ساڵ بەردەوام دەبێت. شیمانەی هەرە لەپێش ئەوەیە کە لە یاخیبوونێکی ناوخۆی میسردا دەبن بەلایەنێك و یەکێکی بەناوی **موسا**، وەکو یوسف لەناو بیروکراسی دەوڵەتدا جێگای خۆی گرتووە و جێگای خۆی لە نێو ئەم ناکۆکیەدا دەگرێت، رەوشی مەترسی و پەیوەندی خزمایەتی لەگەڵ عیبرانییەکان ئەمانە هەمووی سەرەداوی دەستپێکردنی کۆچبەریەکی دیکە دەدەنە دەست. خوڕەوشتی ژیانی سەر بەستانەی تیرەکانی بیابان، رۆڵ لەم رەوشەدا دەبینین. هەم لەدەستدانی متمانە لەلایەن فیرعەونی میسر, هەم ئەو داخوازی و تامەزرۆیەی سەبارەت بە ژیانی کۆنی تیرە هەیانبوو, هەلومەرجی ماددی ئەم پێهەڵگرتنەن. وەکو شیمانە دەکرێت ئەو کۆچبەریەی لەسالانی ١٣٠٠ پ.ز دەستپێکردووە ژمارەیان نزیکەی ٢٥ هەزار کەس بووە. بەشێوەی ٧٢ تیرە پارچە ببوون. شیمانەی مەزن ئەوەیە کە تیرەی ئیبراهیم ژمارەیان چەند سەدێکی دەرباز نەکردووە. خێڵێکی مەزن یاخود قەومێك لەتیرە پێکهاتووە. (هجرة) کۆچبەری کە بابەتێکی سەرەکی نێو تەوراتە, هەروەکو دەزانرێ شوێن پەنجەکانی بەشێوەیەکی زەق لە مێژووەوە دیارە. هەروەکو بانگەشە دەکرێت ئەمە یەکەمین "**کاروانی درێژی ئازادی**" مێژووە، کە نزیکەی چل ساڵی خایاندووە, زۆر بەدژواری ئەنجامدراوە. بەبیابانی سینادا دەرباز دەبن و دوایی لەگەڵ ئەو تیرە نیشتەجێ و گەڕۆکانەی دەکەونە سەر رێیان, یان ئەوەتا لەگەڵیان دەکەونە نێو پێکدادان یان پەیوەندی دەبەستن.

موسا کاتێك لـه میسر بـوو لەلایـەنی راهیبێکی بیر و بـاوەڕی تاکـه خوداوەنـدی خـۆر "Aton" کاریگەری دەکرێتە سەر. له ناوچەی Midyan ی ئەوپەڕی رۆژهـەڵاتی دەریـای سووریش دەکەوێتـه ژێـر کاریگـەری راهیبێکـی بـه توانـا کـه نـاوی Yerto یـه. کاریگـەری ئـەو کێشـه ئاسـتەمانەی بەڕێوەبەرایەتی که لەناویدا ژیا و کاریگەری ئـەم بیر و باوەڕانـه بەیەکەوە رێگا لـەپێش دووەمین قەڵـەمبازی مـەزن و پێشـکەوتنی "**مـوعجیزەیی**" چـەمکی ئـایینی حـەزرەتی ئیـبراهیم دەکاتـەوە. موعجیزەکـان بـه واتـای قەڵـەمبازەکانی چارەسـەری کێشـەکانی ئـەم قۆناخـه دێـت. نەدۆزینـەوەی رێگاچارەی کێشەکان لەمیانەی رێگه و شێوازەکانی پێشوو چەمکەکانی پێویستی چەمك و کرداری نوێ نیشان دەدات. گوتەی پەرجوو (معجزة) ناوێکه لەم چەمك و کرداره نوێیانه نراوه. هەوڵیاندا ئەو گۆڕانکاریه هزریه مەزنـەی قۆنـاخی نـوێ کـه زوو بـەزوو و بەسـانایی پەسـند و هـەرس ناکرێـت، بـه موعجیزه ناوزەدی بکەن. گەلێك قۆناخی بەمجۆره له مێژوودا دەرباز بووه و خواستراوه که قەڵـەمباز و دەرکەوتنی پێغەمبەرەکان لەمیانەی ئەم زاراوانه واتادار بکەن و ئەمەش داب و نەریتێکی ناسراوه.

کێشـەکانی سـەردەمی دەرکـەوتنی موسـا زۆر دژوارن و گـەلێك لایـەنی شـاراوه لـەخۆوه دەگرێـت. لەمیانـەی چـەمکی تەسـکی بـەڕێوەبردنی چـەند تیرەیـەکی سـنووورداری کـۆن و پێکهاتـه هزریەکـەی بەڕێوەبردنی ٧٢ تیره ئاستەمه که گەیشتوونەته ئاستی به قەوم بوون و لـەنێو یـاخیبوون دان. تـەنیا بەهۆی کێشه مادددییەکانیان خێزانەکان (بنەماڵە) بەردەوام لەنێو کاردانەوەیەکدان که دەگاتـه ئاسـتی یاخیبوون. هەوڵەکانی تیرەکان بۆ گەیشتن بەئاستی باڵابوون و پایەداری کەم نابێتـەوە. هەلومـەرجی کۆچبەرێتیان سەخته و کاتێك بەو زەویانەدا دەرباز دەبن که مـوڵکی خۆیـان نییـه, بـەردەوام لەگـەڵ خەڵکه نیشتەجێکان دەکەونه نێو پێکـدادانی خوێنـاوی. لەهەرێمەکـەدا بـت پەرسـتی زۆر زینـدووه و تیرەکـانی خۆشـیان تـەقلی ئـەم رێ و رەسمانــه دەبــن و جێگـای خۆیـانی تێـدا دەگـرن. لـه رووی ئەوانەی"**گۆلکی زێڕینیـان دەپەرست**"**موسـا** ناچاردەبـێ سـزای مـردنـیـان بەسـەردا بـدات. ناشـێ و ناتوانرێ بەکۆنفیدراسیۆنێکی ئاسایی تیرەکان قۆناخ دەرباز بکرێت و لەژێر باری دەربکەون. پێویستی به گۆڕانکاری یاخود شۆڕشێکی ئایدیۆلۆژی و ئەخلاقی و بەڕێوەبردن هەیه.

هەروەکو له دەرکەوتنی پێغەمبەرەکانی دیکەشدا دەبینـرێ, موسـاش لـەژێر بـاری ئـەم کێشـانەدا, پـەنا دەباتـه بـەر سروشـت و ئەشـکەوت و بەتـەنیا دەمێنـێ و قاڵدەبێتـەوە. داب و نـەریتی شـامانیزم سەبارەت به کۆمەڵگا بوون هەنگاوێکه. له قۆناخی تیره و بنەما لەسـەرەتاییەکان نوێنەرایـەتی زانـا و رێبـەری مەعنـەوی لـەجۆری (راهیـب و شـێخ) دەکـات کـه چـالاکیەکی تێکـەڵاو و ئەفسووناویه و بـه تایبەتیش به ئامانجی یەکانگیرکردنی لاوەکانه لەگەڵ باوەڕی و داب و نەریتەکان و هـەرس کردنیـان,

دەرکەوتووە. شامانیزم هەروەکو بڵێی شێوەیەکی داب و نەریتی شێخی عەرەبستانە کە بەگوێرەی ناوچەکە ڕێکخراوە. بەڵام دەزگای پێغەمبەرایەتی زۆر لەدەزگای شێخایەتی بالاتر و پایەدارترە. داب و نەریتی شێخایەتی ئەرکەکەی ئەوەیە کە داب و نەریتە خولقێنراوەکە پەسند و زاڵی بکات و بەمجۆرە سیستەمی تیرە بەڕێوە ببات. بەڕێوەبەری داب و نەریتەکانە. ڕۆڵی زۆر نزیکی شامانیزمە. تەنیا بە لایەنی داب و نەریتی ئایینی سنووردار نییە, فێری تەواوی داب و نەریت و بەتایبەتیش بەکارامەیی فێری شێوازەکانی گەیشتن و بەدەست هێنانی هەلومەرجەکانی ژیانی ماددی دەبێت و بەڕێوەیان دەبات. پێغەمبەرایەتی زۆر لەمانە جیاوازترە. پێغەمبەرایەتی پێهەلگرتنێکی نوێیە, یۆتۆپیای ئاییندەیە. ئیلهام و فەرمانی ئەوەی لەئەستۆیە کە کۆن و رابردوو رەت بکاتەوە و بەلاوە بنێت و سەرلەنوێ لەمیانەی زاراوە و بەرنامەڕێژی نوێ، ئاییندە ئاوا بکات. پێغەمبەر وەکو راهیبیش نییە. راهیبەکان زیاتر بە نوێنەرایەتی کردنی ئایینێکی جێگیر بەرپرسیارن. بەڵام پێغەمبەر، ئەرکی بەلاوەنانی داب و نەریتی ئایینی کۆن و ئاواکردنی نوێترە.

لە کاتێکدا هەوڵدەدەم لەبەشەکانی دیکەدا هەڵسەنگاندنێکی بەرفراوان سەبارەت بە زاراوەی خودا بکەم, زۆر بەکورتی ئاماژە بەوە دەکەم کە ناسنامەی "**خودا**"ش بە گەلێك وەرچەرخانی جیاوازدا دەرباز بووە. زاراوەی "**ئەڵلا ـ Allah**" ی ئیبراهیم جیاوازە و گەلێك لایەنی نوێ لەخۆوە دەگرێت. لەنێو هەلومەرجە واقعیەکانی ئەم قۆناخە موسا, نەدەتوانێ وەکو میرێکی میسری بمێنێ و نەدەتوانێ ببێتە شێخێك یاخود راهیبێك. هەموو شتێك ناچاری قەڵەمبازێکی پێغەمبەرانەی دەکات. ئەگەر بە رادەیەکی سنوورداریش بێت کاریگەری داب و نەریتی ئیبراهیمی بێگومان لە مێژووی ئایینە تاکخوداییەکاندا موسا ناچاری قەڵەمبازێکی مەزن و دانانی بناخەکانی ئایینی "**موسەوی**" دەکات. ئەڵلا ناوی تایبەتی دەبێتە "**یەهوە ـ Yehova**"، پێویستی بەڕێوەبەرایەتیەکی توند وەك گوتنی "**ئێوەم لەخۆم مارە کرد، نابێ بچنە لای خودایەکی دیکە**" بە ئیرەیی لە دەمی **یاهۆڤا** دەردەخات. مرۆڤ دەتوانێ ئەم تایبەت بوونە لە راستینەی یەهودیەکاندا وەکو میللی کردنی ئایین ناوزەد بکات. نەتوانەوە و بەردەوام رووبەڕووبوونەوەی هەڕەشە و مەترسی مەزن بنەمای چەمکی ئایینی قەومی یەهودیەکانە. لەمیانەی سرووشە (وەحی) بەناوبانگەکەی لەچیاوە بۆ هات و لەگەڵ "**دەفەرمان**" لەدوا قۆناخەکانی کۆچبەری قۆناخی نوێی ئایینی کەمێکیتر شێوە دەگرێ. لەم قۆناخەدا موسا گەلێك تەگبیری یاسایی, دارایی و رێکخستنی پێشدەخات. نوێنەرایەتی و رێبەرایەتی ئایدیۆلۆژی و دارایی ئایینی نوێ بە براکەی, بە هارون دەبەخشێ. دەستەیەکی کاروباری یاسایی پێکدەهێنرێت. **یەشووع ـ Yeşu** ی بەناوبانگ دەکات بە فەرماندەی سەربازی. ئەنجوومەنێکی راوێژکاری لەسەرۆك تیرەکان

پێکدێنێت. هەندێ رکەبەران زۆر بە توندی سزا دەدات, دەیانکوژێت. هەنگاو بە هەنگاو لەرێی پێکدادان دەگاتە نزیکی قودس. وا شیمانە دەکرێت کە ئەم پێهەلگرتنە ٤٠ ساڵی خایاندووە. نیشتەجێبوون، ئەو خاکە پیرۆز و میوەدارە بوو کە **یاهۆڤا** بەڵێنی پێدا بوون؛ دوور بوو لەوەی میوانە نوێکان بە رەزامەندی پەسند بکات. هەندێ خزمی بەرەچەڵەك عیبرانی کە لەمێژە لەوێ ماونەتەوە بەکەڵك نایەت. بەکارهێنانی زەبر ئەنجام دیاری دەکات. هەروەکو رۆژگاری ئەمرۆمان! پیرۆزی و نەفرەت چەندە تێکەڵ بەیەکتر بوون! بەر لەوەی لە خاکی پیرۆزدا نیشتەجێ بن, وەکو فەرمانی خودا موسای کە زۆر ماندوو بووە, یەکێك لەگەڵ خۆی دەباتە چیای "**Nebo**" **نەبۆ** و دەکەوێتە خەوی مردن. لە کاتێکدا تەورات ئەم چیرۆکە بە شێوازی تایبەتی خۆی بە شێوازێکی سەرنج راکێشانە دەگێڕێتەوە, لەراستیدا بناخەی شێواز و تەرمۆنۆلۆژی ئایینە تاکخوداییەکان دادەنێ. لەوانەیە ئەم رووداوە بەشێوەیەکی دیکە بووبێت. بەلام گرنگی مێژوویی و ئەنجامەکانی پێهەلگرتنەکە بەرچاو و سەرنج راکێشە و چەندین پێشکەوتن لەخۆوە دەگرێت.

رووداوەکانی دوای ئەم قۆناخەی کاروانی عیبرانییەکان لەمیانەی ئەفسانە بەشێوەیەکی تێکەڵاو باسی کراوە. تاوەکو ساڵانی ١٠٠٠ پ. ز قۆناخێك بەرێوە دەچێ کە بە قۆناخی حاکمەکان ناو دەبرێت. لەرێگای ساول لەراهیبێتیەوە قەڵەمبازێك بەرەو پادشایەتی ئەنجام دەدرێت. واتە دوای قۆناخێکی درێژی کپ بوونی ئایینی, دەربازی بەدەزگابوونی سیاسی دەبن. لەمیانەی داود و سولەیمان قۆناخی قارەمانێتی دێتە ئاراوە. لە ئەنجامی هێرشی ئاشووریەکان پادشایەتی قودس نابێتە خاوەنی شانسی ژیانێکی درێژخایەن. لەئەنجامی رووخاندن و سووتاندنی قودس لەلایەن ئاشووریەکان لە سەدەی ٧ پ.ز، بابلیەکان لە ساڵی ٥٨٥ پ.ز کۆتایی بە هەبوونی سیاسی یەهودیەکان دێت. بەشێکی مەزنیان بەرەو بابل ناچاری کۆچ دەکرێن. لەقۆناخی بابل ئەفسانەی سۆمەریان پەسند کرد. توێژێکی نوێی نووسەر و رۆشنبیران دەردەکەوێت. لەگەڵ پێغەمبەرەکان ئیتر نووسەر و رۆشنبیرەکانیش جێگای خۆیان لە پەروەردە و بەرێوەبردن دەگرن. لەگەڵ دەست بەسەرداگرتنی بابل لەلایەن ئیمپراتۆری پارسەوە ئازاد دەبن و دووبارە دەگەرێنەوە قودس. قودس سەر لەنوێ بونیاد دەنرێتەوە. لەگەڵ هاتنی ئەسکەندەر قۆناخی هێلینی دەستپێدەکات، ئەسکەندەرییە پەیوەندی بە راستینەی هەبوونی یەهوودییەکانەوە هەیە و نەوەیەکی زمانی یۆنانی پێدەگەیەنرێت. دوای ئەوەی لەلایەن ئەم دوو سەرچاوەیە تێر دەکرێت واتە سەرچاوەی زمانی بابلی و یۆنانی, بەو بچمەی رۆژگاری ئەمرۆمان دەناسرێت و وەکو تەورات شێوە دەگرێت.

لە قۆناخی داگیرکاری هێلینی بۆ چەند ئایینزایەك پارچە دەبن. ئەمەش بەشێوەی موحافەزەکار و بەکرێگیراوە سادقیەکان، فەریسییەکان (کاریگەری پارسیان لەسەرە) ماکابییە رادیکالەکان (یاخیبووەکان). لەگەڵ داگیرکاری رۆما لە ٦٣ پ.ز ئەم یاخیبوون و پێکدادانانەی نێوان ئایینزاکان کۆتایی پێنایەت, کاهینەکانی نۆکەری رۆما ناتوانن ببنە کۆسپ تاوەکو قۆناخ لەدەرەوەی کۆنترۆڵیان نەبێت. جوڵانەوەی ئەسەنیە هەژارەکان و یەحیای واعیزکار، نوێنەری قۆناخی نوێن. بەرامبەر بە سیستەمی کۆیلەداری رۆمای گشتگیر بوو هەلومەرجەکانی ئایینی مرۆڤایەتی بەخێرایی پێدەگات. نەتەوەپەرستی کاهینەکان و زمانی فەرمی یەهودی ناتوانێ وەڵامی ئەم زەمینەیە بداتەوە. لە کاتێکدا پڕوپاگەندەی یەحیا رێگای لەپێش عیسا خۆشدەکرد، لەهەمانکاتدا بووە بەلای سەری خۆی و لەناو چوو. لە خاچدانی عیسا، لە ساڵی ٧٠ زایینی دووبارە رووخاندنی قودس لەلایەن رۆما و پەرتەوازەکردنی یەهودییەکان بۆ هەر چوار لای جیهان, رێگا لەپێش قۆناخێکی نوێی مێژوویی دەکاتەوە.

هۆکاری بەدرێژایی باس کردنی چیرۆکی عیبرانییەکان بۆ ئەوە دەگەرێتەوە کە پێناسەیەك بۆ ئەو رۆڵەیان بکرێت کە دەرهەق بە راستینەی دەرکەوتنی ئایینی تاکخودایی و سیستەمی کۆیلەداری بینیویانە و واتایەکی پێببەخشرێت. لە بەشی دوای ئەمەدا دەبینرێ کە لەلایەکەوە کلاسیکیە مەزنەکان و ئەو "**ریفۆرم**"انەی لەمیانەی فەلسەفەوە دەستیپێکردووە, لەلایەکی دیکەشەوە جوڵانەوەکانی ریفۆرم و سەرهەڵدانە ئایینیەکان سەرەتا لەبواری ئایدیۆلۆژی, دوایش لەلایەنی دەزگای سیاسیەوە سیستەمی کۆیلەداری ناچاری وەرچەرخان دەکات.

IV ـ **شارستانیەتی گریگ (یۆنان)**: لە دەوروبەری ساڵانی ٢٠٠٠ پ.ز دا دەبینرێ لە نیمچە دورگەی یۆنان شارستانیەتێك شێوە دەگرێت کە لایەن و رەسەنێتی تایبەت بەخۆی هەیە. لەنزیکەوە پەیوەندی لەگەڵ میسر و فینیقیەکان هەیە. نوێنەرایەتی لوتکەی رۆژئاوای شارستانیەت دەکات. سێیەمین سەرچاوەی تێرکردن و بەخێوکردنی نیمچە دورگەی یۆنانە. لەدروست کردن و بەرهەم هێنانی گڵکاری زۆر لەپێشە و بۆ هەموو شوێنێکی دەنێرێت. سیستەمێکی شکۆداری کۆشکی ئاواکردووە. لەمیتۆلۆژیا لەقۆناخەکانی دەستپێك دایە. **زیۆس** و **دەمەتەر** لەبەر لێواری زایینن. خاوەنی نووسینێکی سەرەتاییە کە لە نووسینی فینیقیەکان دەچێت. زیاتر گرێدراوی میسرە. لە ساڵانی ١٥٠٠ پ.ز یۆنان دووچاری داگیرکاری **میکان** دەبێتەوە و بۆ چەند سەدەیەك سەربەخۆییەکەی لەدەست دەدات. لەلایەنی شارستانیەتی رۆژهەڵاتی ناوینەوە ئەوکاتە یۆنان بەواتای دواترین خاڵی جیهان دەهات، واتای ئەوپەڕی گۆشەی رۆژئاوا بوو. نۆرەی خولقاندنی شارستانیەتی یۆنانە. لەژێر

کاریگەری و سایەی هەر چوار سەرچاوەی فینیقی و میسر و ئەنادۆڵ و گریت, ئەم شارستانیەتە لە دایك دەبێت کە دەبێتە تۆو و چەکەرەی شارستانیەتی ئەوروپا. لە دایك بوونی زایینە خوداییەکانی میتۆلۆژیای یۆنان، بە تایبەتیش ئەم زایینانەی (ئافراندن) لە زیۆسەوە سەرچاوە دەگرێت هەمەجۆری و ئاڵۆزییەکەی لەنزیکەوە پەیوەندی بەو راستینە ئاڵۆز و تێکەڵاوەوە هەیە. رووبەڕووی زایینێکی لەجۆری هورمزی حەوت مێرد دەبینەوە. سەرباری ئەو هەوڵانەی بۆ تایبەت بوونی ئەم شارستانیەتە دەیدەن و لەنێو چاوان و ران و هەموو شوێنێکی زیۆسەوە بەشێوەی جیاواز خوداوەند دەخولقێنن, بەڵام ناتوانن خۆیان لەم کاریگەریانە رزگار بکەن، شتێکی روون و ئاشکرایە کە لەهەر چوار لاوە شارستانیەتی خۆرهەڵاتی ناوین بۆ یۆنان گواستراوەتەوە. کاتێك مەسەلە "**ئەوروپا چۆن لە دایك بوو قەرزاری کێیە؟**" لەبەشی پەیوەندیداردا روون دەکەینەوە، پێویستە بە شێوەیەکی بەرفراوان شارستانیەتی یۆنان بگرینە دەست.

V ـ **شارستانیەتەکانی سۆمەر و میسر:** لە دەوروبەری ساڵانی ٢٠٠٠ پ.ز بە نێو وەرچەرخانێکی گرنگدا دەرباز دەبن. قۆناخی لەدایك بوونی بە شکۆ و دەزگابوون لەدواوە بەجێماوە. سۆمەریەکان لەدەوروبەری ساڵانی ٢٠٥٠ ـ ١٩٥٠ پ. ز لەڕێگای خانەدانی ئور دوای خۆکۆکردنەوەیەکی کورت خایەن لەسەر شانۆی مێژوو و دوور دەکەوێتەوە. نووسەرە سۆمەریەکانی هەستیان بە قووڵایی ئەم راستینەیە کرد و گەلێك لاوك و سەردوولکەو داستانیان دەبینرێت کە لەم بارەیەوە نووسیویانە. باسکردنی و گێڕانەوەی ئەو شارستانیەتەی مێژووی ئافراندووە زمانە ئەدەبیەکەی زۆر سەرنج راکێشە. ئەوە سەلمێنراوە کە نووسراوەکانی سۆمەریەکان سەرچاوەی سەرەکی تەواوی دراما کۆمیدیا و تراژیدیاکانی کتێبە پیرۆزەکانە. هەروەها ئەمەش سەلمێنراوە کە سەرچاوەی سەرەکی میتۆلۆژیا تازە پێکهاتووەکانی ئایینە تاکخودا پەرستەکان لەسۆمەریەکاندا شاراوەیە. یەکەمین نموونەی تەواوی دەزگا سیاسییەکانیش وەکو گەوهەر و بنگە رەسەنەکەی لەسۆمەر دەرکەوتووە و شەپۆل بە شەپۆل بەهەموو لایەنێکی جیهاندا بڵاو بۆتەوە. سۆمەر گرنگترین سەرچاوەی ئامێرەکانی ژێرخان و زانیاریەکانی سەبارەت بەو ئامێرانەیە؛ بەدرێژایی سەدان ساڵ هەوڵدراوە لەم سەرچاوەوە بۆ هەموو شوێنێکی بگوازێتەوە.

رۆڵی مێژوویی بابل و ئاشووریەکان بەم گواستنەوەیە سنووردارە. ئەم دوو خانەدانەی بەرەچەڵەك ئامۆریت ـ سامین لە ماوەی ١٩٠٠ پ.ز تاوەکو سەرەتاکانی زایین خەریکی سەرلەنوێ رێکخستنەوەی میراسی سۆمەریەکان و خواردن و بڵاو کردنەوەی بوون. رۆڵی تایبەتیان سنووردارە.

بابلیەکان هەوڵێکی زۆریان داوە تاوەکو میراسی سۆمەریەکان بنووسنەوە. بۆ ئەوان سۆمەریەکان بەواتایەکی پیرۆز دێت. قۆناخی شکۆداری بابلیەکانیش لەسەر بنەمای ئەم میراسە هەڵکشاوە. بابل لەدەوروبەری ١٨٠٠ پ. ز لەلایەن پارسەکانەوە دەستی بەسەردا گیرا و بۆ ماوەیەکی درێژ تاوەکو ساڵانی ٥٥٠ پ. ز پایتەختی جیهان بوو. منارەی بابل نوێنەرایەتی گوزارشتی هەرە کۆسمۆپۆلۆتیکی ئەم قۆناخەیە؛ خاوەنی رۆڵێکی مەزنە لە پێکهاتنی هزری ئایینی و ئەدەبی مرۆڤایەتی. بابل رۆڵێکی دیاریکراوی لە کامڵ بوونی سیستەمی کۆیلەداری و وەرگێرانی بنەماکانی بۆ زمانی نووسین و گواستنەوە و ناساندنی بەجیهان بینیوە. قۆناخی ٢٠٠٠ ساڵی رەسەنێتی سۆمەر, قۆناخی ٢ هەزارساڵی وەرگێڕان و نووسین و وەرچەرخان و گواستنەوەی بابلیەکانی بەدوادا هات، لە کاتێکدا ئەم قۆناخە ٤ هەزار ساڵییە خاوەنی رەسەن و بەرپرسیاری بەدەزگاکردن و کامڵ بوونی پێکهاتەی شارستانیەتی مرۆڤایەتییە, هەڵسەنگاندنی لایەنە باش و خراپەکانی ئەم رۆڵ و دەسکەوتانە ئەنجام نەدراوە. لەم بوارە مەودایەکی زۆر هەیە پێویست دەکات مێژوو بیبرێت.

ئاشووریەکان کردەوەی بڵاوبوونەوە و پەلهاوێشتن لەمیانەی سەفەربەری سەربازی دژوار و بازرگانی ئەنجام داوە. ماوەی نێوان ١٣٠٠ تا ٦٥٠ پ.ز سەردەمی راستەقینەی ئاشووریەکانە. لە مێژوودا رۆڵێکی مەزنیان بینیوە لەسەراوژێر کردنی شوێنی هەبوونە ئەتنیەکیەکان و وشك کردن و قڕکردنی بزووتنەوە ئەتنیکیەکان وەکو ئامانجێکی سەرەکی دەستنیشان کردووە. هەربۆیە لەگەڵ دەرکەوتنی ئاشووریەکان باڵادەست بوونیان بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی مێژوو بۆ شێوەی بیروباوەڕی و ئایینی و ئایینزاکان دەگۆڕێ. لەجیاتی مێژووی دەرکەوتن و کاروانی نەژادەکان, مێژووی رۆژهەڵاتی ناوین دەبێتە مێژووی دەرکەوتن و بەرێوەچوونی ئایینزا و ئایینەکان. ئاشوور ئیمپریالیزمێکی سەربازییە. ئاشووریەکان لەسەردەمی خۆیاندا لەمیانەی توند و تیژی باڵاتربوونی سەربازی خۆیان بەسەر هەموو لایەکدا سەپاندووە. ئەمەش میسر, ئەنادۆڵ, رۆژهەڵاتی دەریای سپی, میزۆپۆتامیای سەروو و ئێران دەگرێتەوە. بە بەراوردکردن لەگەڵ بابل رۆڵ و جێگایەکی لەپاشتری هەیە. پشت بە میراسی سۆمەریەکان دەبەستێ. کاری نووسین و بڵاوکردنەوەیان بەرێوەبردووە. لەبواری بیناسازیدا پێشکەوتوون. دواترین هێزی هەڵگر و راستەوخۆی سۆمەریەکانە.

ناتوانرێ رۆڵی پادشا ئاشووریەکان لە باڵادەست بوونی هزری کۆیلایەتی لەهزر و کردەوەی مرۆڤ لەبیر بکرێت و بچووکبکرێتەوە, لەپێشکەوتن و بەدەزگابوونی بازرگانیشدا رۆڵێکی دیاریکراویان هەیە. لەکاروانێکی نزیکەی هەزاری ساڵی شارستانیەتی کۆیلەدارێتی لەگەڵ بابلیەکانەوە پێشەنگایەتییان جێگای باسە. هەروەها ئەو سەرهەڵدانانەی ناوەندەکەی لە میزۆپۆتامیای سەروو بوو

لەمیانــەی رێککەوتنــەکانی هیتیتــەکانی ئــەنادۆڵ و میــدیای بــاکووری رۆژئــاوای ئێــران و بەشــێکی هێزەکانی رۆژهەڵاتی دەریای رەش بەرامبەر بەم رێبەرایەتییــە ئەنجامــدرا. رووەکــەی دیکــەی مێــژوو بەرەی بــەرخودان پێــك دێنــێ. مــەزنترین هــەوڵ و کۆشــش لەلایــەن میتــانی و ئورارتــوو بەرەچــەڵەك ئاریان نیشاندراوە, بەڵام لەکۆتاییش لەپەرتەوازەبوون رزگاریان نەبوو. ئەفسانەی کاوەی ئاسنگەریش سەرچاوەی خۆی لەم قۆناخە درێژخایەنەی بەرخودان وەردەگرێت. لەکۆتاییدا لەئەنجامی رێککەوتنی هێزە بابلی و میدیاییەکان لەدەوروبەری ساڵانی ٦٢٥ پ.ز و لە ئاکامی رووخان و سووتاندنی نەینەوای پایتەختی ئاشووریەکان، کۆتایی بە ئیمپراتۆریەتی ئاشووری هاتووە و نەیانتوانیوە بۆ جارێکی دیکە پشتی خۆیان راست بکەنەوە. بــەڵام کــار و چالاکییەکانی راهیــب و نووســەری ئاشــووریەکان بــەردەوام بووە . مەزنترین پەرتوکخانەی نەینەوا، توانیویەتی تاوەکو رۆژگاری ئەمڕۆشمان بێت. زمــانی ئــارامی ئاشــووریەکان هــەروەکو زمــانی یۆنــانی و لاتــینی, بەدرێــژایی ٢٥٠٠ ســاڵ وەك زمــانی شارســتانیەت رۆژهەڵاتی ناوین رۆڵی دان و ستاندن و پەیوەنــدی گێــڕاوە. یــەکێك لــە گەلــە یەکەمینــەکان کــە دوای عیسا بوو بەمەسیحی, ئاشووریەکانن کە لەبڵاوبوونــەوەی ئــەم ئایینــە لــە رۆژهــەڵات و تێکۆشــان دژی شارستانیەتی کۆیلەداری رۆڵێکی بەرچاویان بینیوە.

شارستانیەتی میسر لە ساڵانی ٢٠٠٠ پ.ز لە قۆناخی خانەدانە ناوینەکان درێژەی بــە پێشکەوتنی خــۆی داوە. لەســاڵانی ١٨٠٠ پ.ز دووچــاری داگیرکــەری هیکسۆســەکان (عیبرانییــەکانی ســەرەتا، بــە شێوەیەکی رێژەیی ئاریانین) هاتوون. لەدوای تێپەڕبوونی تەمەنی چەند خانــەدانێك لــەنێو خۆیانــدا هەرسیان دەکەن و ئەوانەی دەمێننەوە دەربەدەر دەکــرێن. لــەدوای دەســتپێکردنی قۆنــاخی خانەدانــە نوێیەکان لەساڵانی ١٥٠٠ پ.ز, میسر دەکەوێتە ژێر باڵادەستی ئاشووری و پارس و یۆنانیەکان و جــاری هەرەدواییش لە ساڵانی ٣٠ پ.ز دەکەوێتە ژێر دەسەڵاتی رۆماییەکان و بــەمجۆرە رەســەنایەتی خۆیــان لەدەست دەدەن. قۆناخی کلیۆپاترا رووی خەمناکی مێژووی ئەم چیرۆکە نیشان دەدات. هەروەکو چۆن کلیۆپاترا نوێنەرایەتی بەرخودان و خۆبەدەستەوەدان دەکات واتــە گوزارشــت لــە خۆکوشــتنی (انتحار) ژن دەکات، هەروەها گوزارشتی هەرەمەزن و شکۆداری ئەو شارستانیەتەیە کە ناتوانرێت لەبیر بکرێت.

## ز ــ ریفۆرم و بەرخودان بەرامبەر شارستانیەتی کۆیلەداری

کاتێك چۆنێتی دەربازبوون بەرەو شارستانیەتمان هەڵسەنگاند هەوڵماندا بەشێوەیەکی زیاتر هەڵسەنگاندن و شیکردنەوە دەرهەق بە دوو بابەت بکەین. یەکەمیان ئامرازە کەڵەکە بووەکانی بەرهەم هێنان, بەتایبەتیش ڤەبوونی خاکە بەپیتەکان بۆ ئاودان. ئەو تەکنیکەی لە مس دروستکرابوو بەشە بەرهەمی هەر تاکە کەسێکی زیاد کرد و ڕێگای لەبەردەم پێشکەوتنی پیشە و زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان کردەوە و شوێنی نیشتەجێی هاوشێوەی شاری هێنایە ئاراوە. جگە لەواتای (شێوەی کۆمەلگا) جەستەیی, لەنێو تەواوی پێکهاتەی کۆمەلگادا واتای شۆڕشێکی مەزنە. بەڕێوەبەرێتی ڕەچەڵەك و تیرەگەری کە لە یەکینەی بچووك پێکهاتبوو, نەیدەتوانی بۆ ماوەیەکی درێژ لەناو شار بەردەوامی بەهەبوونی خۆی بدات. شێوازی بەرهەم هێنان بۆ ئەمە گونجاو و لەبار نەبوو. جیابوونەوە و جیاوازی قۆناخی کار بلاوبوونەوەی ڕێکخستنی (ڕەچەڵەکی) لەگەڵ خۆیدا هێنا. شێوەی ڕێکخستنی تیرە کە بە گوێرەی کشتوکاڵ و شوانکاری بوو, ناچار بوو بەرامبەر بە دابەشکردنی کاری کشتوکاڵ و پیشەکاری بەلاوە بنرێت و, ئیتر سەردەمی بەسەر چوو بوو. ئەمە گەوهەری ڕاستینەی ماددی شۆڕشی شارە.

دووەمین بابەتی گرنگ کێشەی ئامادەکاری هزریە بەرامبەر ئەو گۆڕانکاریەی بەسەر شێوەی بەرهەمهێنانی ماددیدا هات. نەدەتوانرا ئەم شێوازەی بەرهەم هێنان لەهەلومەرجی شاردا درێژەی پێبدرێت، چونکە بەگوێرەی گونجاوی و لەباری ناوچە شاخاوییەکان و سەربەست گەڕان بوو. لەبەر ئەوەی پەرستگا لەهەمانکاتدا خاوەنی ڕۆڵی ناوەندێکی بەرهەمهێنان بوو، ناچار بوو هێزی بەڕێوەبەرێتی خۆی بەسەر کارکەرەکان ئاوا بکات. لەبوارێکی دیکەوە چینی ڕەنجدەری خۆی دەخولقێنێ و تەواوی کاتەکەی بەرنامەڕێژ دەکات و لەپێناو ئەو کارەی ئەنجامیدەدات پەروەردەی دەکات. ئەم ڕەوشە پێویستی بەشۆڕشێکی هزری هەیە. هەروەکو چۆن ئەوکەسەی لە شێوازی ژیانی تیرە دابڕێنراوە لەنێو هەلومەرجی شاردا دەکەوێتە نێو بۆشاییەکی تەواو, بۆ ئەوەی درێژە بەهەبوونی جەستەیی خۆی بدات دەبێ قایل و ئیقناع بکرێت. تەنانەت لەمیانەی زەبرێکی ڕووت و ڕەها ناتوانرێ ئاژەڵیش بۆ دەمێکی درێژ لە ئاخوڕ بهێڵدرێتەوە. ڕازی کردنی یەکێك بە بەردەوام پێدانی ژیان لەنێو هەلومەرجەکانی شار کە لەنێو هەبوونی ئازادی تیرەدا ژیاوە، تەرخان کردنی تەواوی کاتەکانی بۆ بەرهەمهێنان، پێویستی بە ڕازی کردنێکی تەواو و گۆڕانکاری ئایدیۆلۆژی و شۆڕشی هزری هەیە. ڕەوش و هەلومەرجە واقعیەکانی کارکردن و ژیان ئەوە ڕوون دەکەنەوە کە بۆچی ڕاهیبی پەرستگاکان ناچار بوون هەم بەڕێوەبردنی بەرهەم و هەم ئایدیۆلۆژیە نوێیەکە بەیەکەوە لەناو یەکتردا بەڕێوە ببەن. شێوەگرتنی یەکەم شارستانیەتەکانی سۆمەر و میسر لەنزیکەوە

گرێدراوی ئەم راستینەیەیە. ئەم راستینەیە زۆر بەباشی ئەوەمان بۆ روون دەکاتەوە کە بەرلە بەدەزگابوونی زاراوەی سیاسی و دەرکەوتنی پادشایەتی، هەبوونی راهیب مەرج بووە، چونکە راهیب ناچار بووە ئایدیۆلۆژیا بئافرێنێ و کوششێکی مەزن لەپێناو پەروەردەکردن بکات. پێویستە سیستەمی بیر و باوەڕییەکی بەمجۆرە پێك بهێنرێت کە بە یەکجاری باوەڕی پێبهێنرێ و بەشی ناڕازیبوون نەهێڵێتەوە. بەبێ ئەوەی سیستەمی باوەڕیەکی بەهێزی بەمجۆرە هەبێت, سیستەمی نوێی بەرهەمهێنان بەڕێوە نابردێت, توند و تیژی تەنیا مردن لەگەڵ خۆیدا دێنێ. مەزنایەتی میتۆلۆژیا و ئایینی سۆمەریەکان سەرچاوەی خۆی لەهێزی رازیکردنی ئەو مرۆڤە وەردەگرێت کە بۆ یەکەمجار کرایە "**کۆیلە**". ئەو ئایدیۆلۆژیایەی راهیبەکان ئافراندیان، یاخود بە گوزارشتێکی دیکە سیستەمی میتۆلۆژی و ئایینی هێندە بەهێزە کە خاوەنی رۆڵێکی مەزنە لەگواستنەوەی تەواوی قۆناخەکانی شارستانیەت بۆ رۆژگاری ئەمرۆمان. ئەگەر تیۆلۆژی (زانستی خوداناسی) سۆمەریەکان نەبوایە ئەوا نەئایینە تاکخوداییەکان و نەمیتۆلۆژیا و ئایینی یۆنان ــ رۆماییەکان بەو شێوەیەی کە هەیە دەردەکەوتن. چونکە لەم بوارەشدا مێژوو بە سۆمەریەکان دەست پێدەکات و هەلومەرجی قۆناخەکانی دواتر بەخۆیەوە گرێدەدات. بە شێوەیەکی گشتی لێکۆڵینەوەی پێشکەوتنی رۆح و هزر و بە تایبەتیش لێکۆڵینەوە سەبارەت بە پێکهاتەکانی میتۆلۆژیا و ئایین، زانستێکە هێشتا پێش نەکەوتووە. لەبەر ئەوە ئایین بە پەسندکردن و رەتکردنەوەی ئایینێك سنووردار کراوە، لە رۆژگاری ئەمرۆماندا بێبەرهەمە. سۆسیۆلۆژی وشك کە لەجێگای ئەمە دەخوێندرێت لە سۆفیتیکە (زانیاری بێ کاریگەری) کردنی راستی بەولاوە هیچ واتایەکی دیکەی نییە. هەرچیەك تاوەکو قوڕگ بکەویتە نێو میتافیزیا یان بەپێچەوانەی ئەوە واتە تەنیا ئەنجامدانی شیکردنەوەی هەلومەرجە ماددیە رەهاکان, لەچەواشەکردنی راستیدا بەرەو هەمان رەوشی بێ بەرپرسیاریێتی دەچێت. پەروەردەی هزری, فەلسەفی و تەنانەت پەروەردەی زانستی رۆژگاری ئەمرۆمان لەنێو قووڵایی ئەم نەخۆشیەدا دەژین. ئەم دەستنیشان کردنە بۆ ئەوە ئەنجام دەدەم: چونکە بەبێ ئەوەی رووداوەکانی نێو پەرستگای سۆمەریەکان تێبگەین, ناشێ لەرۆژگاری ئەمرۆمان تێبگەین. ناتوانرێت لە مزگەوت, کلێسا, حەورا و تەواوی ناوەندەکانی هونەر و تەنانەت زانکۆش بناسین و لێیان تێبگەین. بەگوێرەی ئێمە دەشێ **زیگورات** بە سیستەمێکی کۆن و پێوانەکانیشی بەگوێرەی رۆژگاری ئەمرۆمان کۆمیك ببینرێ. بەڵام نابێ لەبیر بکرێت کە چاوگی (هێلکەدانی) هەزاران دەزگای شارستانیەتە، سەنتەری دروستکردنی بۆهێڵی ـ جینی هزرە. یەکەم شوێنی عیبادەتە کە "**بەندەی خودای**" تێدا دروستکرا؛ سەنتەری یەکەمین فێرگەی مۆسیقا و ئاهەنگە، یەکەم زانکۆیە, یەکەمین ماڵی خوداوەندی ژن و

پیاوە, یەکەمین ماڵی تایبەتی و گشتییە. بە کورتی سەنتەری پێکهاتن و خوڵقاندن و ناسنامە و ناولێنانی دەزگا سەرەکییەکان و هەڵبژێردراوەکانی شارستانیەتە. تەواوی ئەو پەرستگا, فێرگە و هۆڵانەی دواتر ئاواکران تەنانەت ئەوانەی میسریش، شێوەی پێشخراوی ئەم مۆدێلەن. لەمیانەی ئەو بەڵگە و بیانوانە بۆمان دەردەکەوێت کە بە بێ ئەوەی بەشێوەیەکی قووڵ ئەو رووداو و بویەرانەی لەپەرستگاکانی سۆمەریەکان ئەنجام دراوە، لەوانە و پەروەردەکانی زانستی مێژوو و کۆمەڵگا نەگیڕدرێتە دەست، ئەوا بە وشیارییەکی راستەقینەی مێژوو و کۆمەڵگا ناگەین.

هەروەکو چۆن ئەم هەڵسەنگاندنە کورتە پێناسەی سۆمەرلۆژی (سۆمەرناسی) نییە, بەتایبەتیش بە هیچ شێوەیەك باسکردنێکی بەرفراوان نییە؛ تەنیا بۆ بەبیرهێنانەوەی پێویستیەکەیەتی. لەقۆناخەکانی دواتر لە زانکۆکانی ئەمریکا بۆتە بابەتێکی سەرنج راکێش و پەیوەندیدار چونکە هەستیان بە پێداویستی کردووە.

خوڵقاندنی "**بەندە**" لەلایەن سیستەمی خوداوەندەکانی میتۆلۆژیای سۆمەری, یەکێکە لە داهێنانە مەزنەکانیان, چونکە سەرەکیترین ئامرازی بەرهەمهێنان ئەم کۆیلەیەیە. کاتێك ئەوە بێنینە بەرچاوان کە چەرخێك و تەورێك چەندە بە زەحمەتی و لەوانەیە لەئەنجامی ئەزموونی هەزاران ساڵەی مرۆڤ دروست کرابێت, ئەوا پەسند دەکرێت کە چیرۆکی خوڵقاندنی ئامرازی "**کۆیلە**" بابەتێکی شایستە و بە بایەخی لێکۆڵینەوەیە. کاتێك ئەمە بێنینەوە بیری خۆمان کە گوندیەکی رەنجدەر و کارکەرێکی کارگە بە چ واتایەك دێت و چی لەژێر ئەم ناوانە ئەنجامدراوە, ئەوا باشتر لەواتای"**سیستەمی بەندە**" دەگەین کە درێژ خایەنترین و بە ئێش و ئازار و زەحمەتترین سیستەمە. ئەگەر تەنیا ئاواکردنی ئەهرامێك یاخود شارێکی کۆن بێنینە بەرچاوان ئەوا باشتر هەست بە مەزنایەتی و سەرسووڕهێنەری کارەکە دەکرێت. ئەرکی راستەقینەی زانستی مێژوو و کۆمەڵگا "**دەرك کردن**" و "**هەست کردنی رۆحی**" ئەم راستینەیە.

هەروەکو چۆن ئافراندن و بەڕێوەبردنی هزری بەندایەتی لەگەڵ دەرکەوتنی کۆمەڵگای چینایەتی واتادارتر بوو, ئەوا لەڕۆژگاری ئەمڕۆماندا ئەم کارە لەمیانەی گەیشتن بە ئەندازیاری و کارامەییەوە بەتۆکمە کراوی بەڕێوە دەچێت. لێرەدا شیکرنەوەی هزر, رۆح, وشیاری ئەنجام نادەم. بەڵام بە بێ ئەوەی ئەم لایەنانەی کۆمەڵگاکان ئاشکرا نەکەین، ئەوا روون کردنەوە و خستنەڕووی قۆناخەکانی مێژوو بە شێوەیەکی راست، سانایی و بەجێ نابێت. ئەو باسانەی پێشتر سەبارەت بەو بابەتە ئاماژەمان پێکردووە, بە ئامانجی ئەوە بوو بەلایەنی کەم ئەم پێویستییە لە ئاستی "**پێناسەکردن**" جێبەجێ بکرێت.

هەروەکو لەهەموو شێوەگرتنە مێژوویی و کۆمەڵایەتییەکاندا بینراوە, ئەوا بە دەزگابوونی کۆمەڵگای چینی کۆیلەدار کە لەئەنجامی رەنجی مرۆڤەوە پێکهات و دوای ئەوەی بەنێو هەلومەرجی هەمەجۆردا تێپەڕی، هاوکات بە ناچاری ئەنجامدانی گۆڕانکاری و وەرچەرخان پێویستییەکی سروشتەکەیەتی. ماتریالیزمی دیالیکتیکی ئەوەی فێر کردووین کە هیچ ماددەیەك (شتێك) وەکو خۆی نامێنێ و "**بە چەقۆی تیژی رۆژگار ماددەکەی پارچە دەکرێت**" و هی نوێ دەخولقێنرێت. ئەمە لەولاوە بمێنێ کە زانست بە تەواوەتی ئەرکەکانی خۆی سەبارەت بەو بابەتە جێبەجێ نەکردووە, تەنانەت چەواشەکارییە مەزنەکانیشی دەرباز نەکردووە و تەنیا کەرەستەکانی زانیاری بەسەر یەکدا کەڵەکە کردووە, بۆیە شتێکی روون و ئاشکرایە ئەوەی ئێمە بتوانین سەبارەت بەم بابەتە ئەنجامیبدەین، ئەزموون و تاقیکردنەوەیەکی پێناسەکردن دەرباز ناکات. بەڵام لەبەر ئەوەی وەکو ئەرکێکی گرنگی خۆمم بینی, هەموو کاتێك پێیەوە خەریك بووم؛ راست یان هەڵە, ئەوەی باسم کرد بەگرنگم بینی و هێنامە زمان.

بەڕێوەچوونی سیستەمی شارستانیەتی کۆیلەداری لەلایەن سێیەمین خانەدانی ئور و خانەدانەکانی ناوین لەدەوروبەری ساڵانی ٢٠٠٠ پ.ز بەمانای ئەزموونی سەرلەنوێ ئاواکردنەوە دێت. ناکۆکییەکانی سیستەم وەکو کارەکتەرێکی ناوخۆ و دەرەوە بەردەوام مەزن دەبێت. ئەزموون و پراکتیکی توند و تیژی و بێ رەحمانەی سەرجۆن و هەوڵەکانی لەپێناو بڵاوکردنەوەی سیستەمەکە لەدەرەوە دەرفەت و تواناکاری ئەوەی نەداوە بەرەباب و نەوەکانی لەسەد ساڵ زیاتر بەردەوام بکات، لەوە رزگاری نەبووە کە لەڕێگای هەمان ستەم و زۆرداریەوە پاکتاو نەکرێن. تەمەنی خانەدانی ناوینیش زۆر کورتە. ئیتر سیستەم بە شێوازی کۆن ناتوانێ بەڕێوە بچێت, هەروەها لەبەر ئەوەی سەرلەنوێ ئاواکردن لەلایەنی گەوهەرەوە ئەنجام نادرێت, تەمەنی درێژخایەن نابێت. قۆناخی پادشا ـ خوداوەندەکان لەبەردەوامکردنی باوەڕ پێهێنان و پیرۆزیەکەی جاران زەحمەتی دەکێشێ. سەرچاوەی زەحمەتی بینین هەم لەناوەوەیە و هەم لەدەرەوەیە. لەبەر ئەوە بەڕێوەبەرانی هەرێم و شارەکان بە گوێرەی مۆدێلی پادشا مەزن کراون ـ بەخێوکراون بەردەوام هەوڵی سەربەخۆ بوون دەدەن و لەم پێناوەشدا لەدەرەوە ژمارەیەکی زۆری رێککەوتن لەگەڵ هێزە جۆربەجۆرەکانی پێشدەخەن. لەمیانەی ئەزموون و تاقیکردنەوەیەکی درێژخایەندا هەست و دەرك بەوە دەکرێت کە سیستەمی "**پادشای ــ خوداوەند**"سیستەمی مرۆڤە. هەنگاو بە هەنگاو گۆڕانکاری هزر پێشدەکەوێت. هەر لە دەستپێکەوە ناکۆکی نێوان راهیب ـ پادشا لەئارادایە. گۆڕینی چەندین خانەدان لەلایەن پەرستگای راهیبەکانەوە ئەنجامدراوە.

ئەو شار و هەرێمانەی گرنگیان زیاد بووە بەردەوام بەدوای داخوازی و زیادکردنی هێزدا گەڕاون. تەنیا ئەو گۆڕە زەبەلاحانەی دروست کراون و زیندە بەچاڵ کردنی تەواوی ماڵ و موڵکی (خزمەتکار و نزیکەکانی پادشا) لەگەڵ تەرمی پادشا، زەمینەی مەزنترین شۆڕشی هزری و باوەڕی ئامادە کردووە و رێگای لەپێش کەڵەکە بوونی وشیاری کردۆتەوە. ئەو تەکنیکەی پێشکەوتووە و رێ لەپێش بەرهەمێکی زێدە دەکاتەوە تەنیا بەهۆی هەبوونی کۆیلە بەکار ناهێنرێ و لەکەنارێك دانراوە. بێگومان لەدوای ئەوەی پەیوەندی باڵادەستی بەسەر تەواوی ئەو ئامرازانەی بەرهەم هێنان زاڵکرا کە نیۆلیتیك خولقاندوویەتی، قۆناخێکی موحافەزەکاری دەستیپێکردووە, تاڕادەیەکی مەزنیش ئازادی پیشەکاران سنووردار کراوە. لەنێو هەلومەرجی تایبەتی خۆیدا, ئەویش یان ئەوەتا موڵکی کۆشکە یان هی پەرستگا. بەمجۆرەش تا رادەیەکی مەزن لە ئازادیەکەی رۆژانی رابردوو دوورکەوتۆتەوە. لەپێناو خۆی کار ناکات. لەکاتێکدا ژمارەی ئەوکەسانە لەزیابووندایە کە بەرهەم ناهێنن, بەرهەم هێنەرەکانیش لەدەسکەوتی بەرهەمەکانیان بێ بەش دەبن. فراوانبوون و ڤەبوون لەسەر بنەما چینایەتییەکانی راپەڕین و شۆڕشی هزریدا دەبینرێت. ئەو ترس و فشارەی خراوەتە ناویەوە رۆژبەڕۆژ لەقۆناخی گرنگ بەشێوەیەکی زیاتر تەنگەتاوی دەکات و گومان سەبارەت بە بنەماکانی باوەڕی زیاد دەکات. لەنێو رۆح و هزردا ئەوە دەنگ دەداتەوە کە پێویست بوو خوداوەندەکان هێندە بێ ویژدان نەبن. ئیتر هەستەکانی "**پاڕانەوە و یاخیبوون**" و ناڵین بەدەست ئێش و ئازاراوە گەیشتووە بە ئاست و رەوشێك تەحەمول ناکرێت "**ئەیوبەکان**"ی سیستەم ژمارەیان لەزیادبووندایە. ئەیوبی پێغەمبەری سەبر و ئێش, پێغەمبەری ئەو گۆڕانکاریە مێژووییەیە کە لەپێکهاتەی رۆح و هزردا هاتۆتە ئاراوە. نوێنەرایەتی ئەم قۆناخە دەکات.

لە دەرەوە دەرفەت و تواناکاریەکانی سەرهەڵدان و هێرش دژی سەرهەڵدان لەزیاد بووندایە. بەر لەوەی شارستانیەتی سۆمەر و میسر شێوە بگرن تیرە سامیەکانی بیابانی عەرەبی لەدوو قۆڵەوە, کەنعانی و ئامۆریتەکان لەرۆژهەڵات و رۆژئاوا لێشاوی کۆچکردنیان بەرەو ئەم ناوچەیە بەردەوام بووە. ئاریانەکان لەتەواوی ناوچە شاخاویەکانی باکوور و دەشتە بەپیت و دارستانەکانی، بەردەوام دژی هێرشەکانی ئیمپریالیزم بەرخودانی کردووە, بەمجۆرەش لەمیانەی ئەو ئاکامانەی لێیان فێربوون و ئەو چەکە زۆرانەی لەسەرچاوە کانزاییەکانی خۆیان دروستیان کرد ئیتر گەیشتنە هەلومەرج و رەوشێك کە بتوانن خۆیان بپارێزن و هێرش ئەنجام بدەن؛ لەگەڵ هاوپەیمانەکانی ناوخۆ بەردەوام لەگۆڕینی خانەدان رۆڵ دەبینن و تەنانەت خانەدان لەخۆشیان پێك دێنن. گۆتی و ئەکەدی و کاسیتی و هیکسۆسەکان ئەو نموونانەن کە شوێن پەنجەیان لەمێژووی ئەم پێشکەوتنانەدا

بە جێماوە. بە شێوەیەکی گشتی بەرەی **"فیدراسیۆنی تیرەکان"** لەهەموو شوێنێك ئاوا دەکرێت, بەرخودانێك بەرامبەر بە ئیمپریالیزمی کۆیلەداری بەڕێوە دەبردرێت. ئەم قۆناخەی بەرخودان رێگا لەپێش پێکهاتنی چەندین نیمچە دەوڵەتی نوێ دەکاتەوە. لەکاتێکدا ئەم رەوشە رێگا لەپێش لاوازبوونی سیستەم دەکاتەوە, ئەوا لەهەمانکاتدا لەپێناو پاراستنی خۆی بەرەو هێرشکاری و دڕندەیی ئاراستە دەگرێ. لەمیانەی رەوشی هێرشکاری بابلیەکانی سالآنی ١٩٠٠ تا ٦٢٥ پ.ز کە لەگەڵ حامورابی دەستپێدەکات و ئاشوورپانیپاڵ کۆتایی دێت و فشار و توند و تیژی سەرجۆنی قۆناخی ئاشووریەکانی دەرباز کردبوو. تەواوی پێکهاتە نەژادییەکانی رۆژهەلآتی ناوینی لەنێو ترس و تۆقاندن خنکاندبوو. هیچ پێکهاتەیەکی نەژادی نەما کە سەراوبن نەبووبێت. هەموو لایەك لەنێو ترس و تۆقاندندایە و بەدەست ئەشکەنجە و ئازارەوە دەناڵێنێ. لەگەڵ ئەوەی لەمیانەی مەزنترین سەردەمی بیر و باوەڕی زەمینەی کۆمەلآیەتی سەردەمی هزر تاوەکو بڵێی بەرفراوان بووە و کراوەتەوە, ئەوا بە پێی دەربازبوونی کات قۆناخی ئایینە تاکخوداییەکان و پێغەمبەران پێشەنگی سیستەمی باوەڕییە مەزن و یاخیبوونە رۆحییەکان خۆی دەسەپێنێ. بیری **مەسیح** (فریادڕەس) رۆژ لەدوای رۆژ وەکو چاوەڕوانییەك لە هزردا جێگیر دەبێت. ئەمە تەنیا گۆڕانکاری بیر و باوەڕ نییە, بەڵکو ئیتر زۆر بەباشی پادشا ــ خوداوەندەکان دەناسن و دەرك بەوە دەکەن کە ئەوانیش وەك خۆیان مرۆڤن, بەمجۆرە هەنگاو بۆ نێو قۆناخێکی مێژوویی ئەو هزرە دەهاوێژرێت کە بە میتۆلۆژی و تیۆلۆژی سنووردار و تێر نابێت و لێیان دادەبڕێت و ئیتر بیرکردنەوەی فەلسەفی خۆی دەسەپێنێ.

## I ـ لەدایك بوونی ئایینی تاکخودایی و جێگەی لەنێو شارستانیەتدا

دەرکەوتنی ئایینە تاکخوداییەکان سەبارەت بە پێکهاتەی رەوشت, مۆراڵ و هزری مرۆڤایەتیدا بەواتای شۆڕشێك دێت. گرێدانی بابەتەکە بە گفتوگۆی لەشێوەی **"خودا هەیە یاخود نا؟"** بەواتای شێواندن و چەواشەکاری دێت. بەمجۆرە باسکردنی کێشەکە گەوهەرەکەی پەردەپۆش دەکات و رۆڵە گرنگەکەی لەتاریکاییدا دەشارێتەوە. ئەوەی تاوەکو ئێستا ئەندام و زانایانی ئایینی تاکخودایی ئەنجامیان داوە لە پاراستنێکی رووت و وشکی خۆیان بەولاوە شتێکی دیکە نییە. ئەم زانا ئایینیانە هێندەی ئەوەی لە شیکردنەوەیەکی قووڵی کۆمەلآیەتی دوورن, ئەوا لەمەش گرنگتر زۆر لەوە دوورە کە رۆڵی پێشکەوتنی هزری مرۆڤ و پێکهاتەی لۆژیك و بیرکردنەوەی فەلسەفی لە دەرکەوتن و سەرهەڵدانی زانستەکان دیاری بکات. لەکاتێکدا سەرهەڵدانیان لە گرنگترین قۆناخە قەیراناوییەکانی

پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی, کارەکتەری شۆڕشگێڕانەیان نیشان دەدەن, یەکێك لەو بابەتە سەرەکییانەی کە پێویست دەکات وەڵامی ئەوە بداتەوە ئەوەیە کە دەبێ چی بەلاوە بنرێت، داهێنانە نوێیەکە زەمینە بۆ کام هزر و بەدەزگابوون دەرەخسێنێ.

تایبەت بوونیان لەنێو جیابوونەوەی چینایەتی و بە سیاسی بوون، گرنگییەکی زیاتری دەبێت. لەهەندێ شوێنی بەشەکانی پێشوودا ئاماژەمان بەو بابەتە کردبوو. لەبەشەکانی داهاتووش ئەگەر پێویست بوو هەوڵ دەدەین بەشێوەیەکی قووڵ و بەرفراوان هەڵوەستەی سەبارەت بکەین. لەم بەشەدا پێناسەی کۆمەڵگای چینایەتی ـ کۆیلەداری و رۆڵی لەپێشکەوتنی شارستانیەتدا دەستنیشان دەکرێت.

آ ــ خاڵی هاوبەشی شیمانە و دەستنیشان کردنی زانستی ئەم قۆناخانەی دوایی ئەوەیە کە سەرەکیترین بناخەی دەزگای شارستانیەت, سەرچاوەی خۆی لەشارستانیەتی سۆمەرەوە دەگرێت. میتۆلۆژیای سۆمەریەکان بە شێوەیەکی زۆر روون و سەرنج راکێش مەسەلەی هزری ـ **ئادەم یەکەمین پێغەمبەرە** ـ شیدەکاتەوە. تەنانەت چیرۆکی دروستکردنی حەوا لە پەراسووی ئادەمەوە، جێگای خۆی لە میتۆلۆژیای سۆمەریشدا گرتووە؛ لەبەر ئەوەی هەر تایبەتمەندێتیەك لای سۆمەریەکان خوادوەندێکی تایبەت بە خۆی هەبووە، ئەوا لەمیانەی بەڵگەوە سەلمێنراوە کە هەر کەسێکی نەخۆش دەکەوت لەلایەنی خوداوەند ئەنکییەوە چۆن دەخوڵقێندراوە. هێزی خوڵقاندنی لەپێشە و لە پەراسووی خۆیەوە خوداوەندی ژن ئینانا دەخوڵقێنێت. لەوەش گرنگتر چیرۆکی **"لە بەهەشت بەدەرکردن"** لە میتۆلۆژیای سۆمەریەکاندا بەشێوەی سەرنج راکێش و بە زمانێکی شیعر ئامێز باسی لێوە دەکرێت.

بەهەشت وەك زاراوەیەك پێویستی بە هەڵسەنگاندنێکی هەمە لایەنە هەیە. بەڵام ناتوانرێت نکوڵی لەوە بکرێت کە وەسف کردنی بەهەشت وەك شوێنێك کە رووداوەکانی سیستەم و توندوتیژی تێدا نییە و مرۆڤ وەك دۆست و پارچەیەکی سروشت تێیدا دەژی و یەکسانییەکی گشتی بەسەر پەیوەندییەکاندا زاڵە، وەك شوێن پەنجەیەکی هزری و ئومێدێکی گرێدراو بە قۆناخەکانی سەردەمی نیۆلیتیك پێش خراوە. شتێکی روون و ئاشکرایە کە بۆ چینی کۆیلەداری تازە هەڵکشاو، بەهەشت بە واتای جیابوونەوەیەکی کۆمەڵایەتی و دونیایەك دێت کە بە بێ ئەوەی کار بکەن رزگاریان دەبێت و ژمارەیەکی یەکجاری مرۆڤ وەك خزمەتکار لەژێر فەرمانی خۆیان بەکار دێنن. بەهەشت وەك زاراوەیەك دێتە ئاراوە کە خەیاڵی چینی ژێرەوەی کۆمەڵگای چینایەتی سۆمەر و ژیانی چینە هەڵکشاوەکە یەکانگیر دەکات. رۆڵی یەکەمین جیابوونەوەی چینایەتی کۆمەڵگا بە زمانێکی شیعر ئامێزانە و زیندوو لەخوڵقاندنی میتۆلۆژیاکاندا باس دەکرێت. مسۆگەر دوورگەکانی کەنداوی بەسرە

و کۆشك و پەرستگاکانی کەنارەکانی دیجلە ـ فورات بوونەتە سەرچاوەی ئیلهامی ئەم بەهەشت و میتۆلۆژییانە. لەو تابلێتانەی کە دۆزراونەتەوە و لێکۆڵینەوەیان دەرهەق کراوە، ناوی چوار خوداوەندی خوڵقێنەر (**ئان, ئەنلیل, نین هورساك, ئەنکی**) دەرباز دەبێت کە لە هەندێ بوارەوە وەك چاوگ لە پێکهاتنی ئایینە تاکخوداییەکان بەکار هێنراون.

ئەو چیرۆکانەی بە "**دیلمۆن**" ناوزەد کراون و تایبەت بە بەهەشتن, بە زمانێکی شیعرئامێزانە باسی زاراوە سەرەکییەکانی ئەو رووخسار و دیمەنانە دەکات کە دواتر دەرهەق بە بەهەشت پێشکەوتن. کۆشکی خوداوەند **ئەنکی** شاری ئەریدۆ کە ناوی "**ئابزوو**"ی لێنرا بوو, گوزارشت لە شێوە بەرجەستەکراوەکەی ئەم خەیاڵە دەکات (ئابزوو: سەرچاوەی وشەی حەوزە, نموونەی یەکەمین کۆشکی حەوزدارە) باخچە هەڵواسراوەکانی بابل و تەواوی کۆشکە پێشکەوتووەکان و کلتووری باخ, سەرچاوەکەی بۆ ئەم مۆدێلە سەرەتاییە دەگەڕێتەوە.

لە چیرۆکەکانی میتۆلۆژیای سۆمەریەکان سەرەتا **نین هورساك** دواتریش **ئینانا** کە لە سەرەتا وەکو خوداوەندی ژن رۆڵی خۆیان دەگێڕا لەگەڵ بەردەوام بوون و درێژبوونەوەی مێژووی شارستانیەت گرنگیەکەیان لەدەست دەدەن، تا ئاستی مەریەمی دایکی عیسا دێن. ئەم خستن و بێ رۆڵ کردنە تاوەکو دوایی لەکەسایەتی حەوادا پێشکەوتووە. هەروەکو چۆن دەگوترێ لە پەراسووی دەرداری ئەنکی دروست کراوە, ئەمە بەهەمان شێوە لەئەفسانەی ئادەم ـــ حەواش بەجێ کراوە. کاتێك نین هورساك خوداوەندە ژنی ناوچە شاخاوییەکانی زاگرۆس بوو, بەگوێرەی ئەنکی خاوەن شوێنگەیەکی بالآتر بوو (بە زمانی سۆمەری، نین واتای ناوونیشانی خوداوەندی ژنە، هور = شاخ، لوتکە، ساك واتای پارچەیە) ئەم ئەفسانە میتۆلۆژییە بە شێوەیەکی بەرچاو رۆڵی لەپێشینەی ژن لەقۆناخی شۆڕشی کشتوکاڵی و نوێنەری خوداوەندی ژن لەسەرچاوەکانی میتۆلۆژیای سۆمەریدا دەستنیشان دەکات، کە بەر لەوەی دابەزنە دەشتەکانی دیجلە ـ فورات بەگوێرەی پێکهاتەی زمانی ئاریان ناوی "**ستار**" بوو (دواتر بە زمانی ئەکەدی بووە عەشتار) بەشێوەیەکی روون و ئاشکرا ئاماژە بەهێزی کلتووری خوداوەندی ژن دەکات، کە بەرهەمی شۆڕشی کشتوکاڵی نیۆلیتیکە و چۆنێتی وەرچەرخاندنی لەلایەن سۆمەریەکانەوە دیاری دەکات.

قۆناخی خوڵقاندن و دروستکردنی مرۆڤ لە قوڕ لەلایەن ئەنجوومەنی خوداوەندەکانی سۆمەر زۆر سەرنج راکێشە (لە زمانی یۆنانی ناوی "**پانتائۆن**"ی لێنراوە) دیسان لە بەشەکانی دیکەی ئەم میتۆلۆژییە پەیوەندیدارەدا بە زمانێکی پیرۆز و تەواو شیعرئامێزانە باس لەوە دەکرێت، چۆن خوداوەندەکان لەکارکردن ماندوو بوون و ئیتر پێویستیان بەخزمەتکار دەبێت. خوداوەندەکان

تەنانەت بڕیار لەسەر چۆنێتی تایبەتمەندێتی خزمەتکارەکانیشیان دەدەن. شتێکی روون و ئاشکرایە کە سیستەمێکی چوارچواری "**بەندەی خودایی**"یان بەرنامەڕێژ کردووە وبەمجۆرە خولڵقاندوویانە. ئەمەش زۆر ئاشکرایە: کە ئەم قۆناخە باس لەپێکهاتنی توێژی سەروو و بیرۆکراسییەتی سەربازی, سیاسی, راهیبی سۆمەریەکان دەکات. لەکاتێکدا راهیب و توێژە رۆشنبیرییەکانی دیکە ئایدیۆلۆژیا دەئافرێنن و بڵاوی دەکەنەوە, هەڵبەتە زۆر باش دەزانن ئەگەر بەخەڵك بڵێن:"**وەرن ئێوە دەکەین بە خزمەتکار**" لەم کارەیان سەرکەوتوو نابن. زۆر باش دەزانن لەجیاتی بەکارهێنانی یەکینەی زەبر لەمیانەی زاڵبوون بە سەر پێکهاتەی رۆحی و هزری ئەوکاتەی مرۆڤ دەتوانن ئەم کارەی خۆیان جێبەجێ بکەن. کاری سەرەکییان ئافراندنی وەهمی میتۆلۆژی و ئایینیە. بەدیهێنانی سەرکەوتن لەم بوارەدا گرنگییەکەی لەو شەڕەی ناو زانکۆکانی ئەوروپا و ئەمریکا کەمتر نییە کە لەپێناو ئاواکردنی باڵادەستی ئەنجامی دەدەن. بە پێچەوانەوە بەگوێرەی ئەو سەردەمە هەمیشەیی و زانستی و سەرکەوتووانەترە. هەرچینێکی باڵادەست و هەڵبژێردراو بخوازێ بە شان و شەوکەت بێت, یەکەمین کاری ئەنجامی دەدات ناچارە خەڵکە پەیوەندیدارەکان رازی بکات و بیانکات بەخاوەن باوەڕی و ئاستی وشیارییان بەرز بکاتەوە. ئەگەر ئەمە بەسەرکەوتووانە ئەنجام نەدرێت و تەنیا بخوازن لەمیانەی ستەمکاری و تەڵەکەبازی و درۆ بەڕێوەیان ببەن، ئەوا لە ئەنجامی ئەزموونە لە ژمار نەهاتووەکان سەلمێنراوە کە پێشکەوتن بەدی نایەت. پێویستە سەرەتا باوەڕی و وشیاری بخوڵقێنرێ و لەم پێناوەدا شەڕ بەڕێوە ببرێت.

لێرەدا مەبەستمان ئەو بیر و باوەڕییە ئایدیۆلۆژی و زانستییە نییە کە پێشتر هەن. ئەمە کێشەیەکی سادەی پەروەردەکردنە. هەروەکو نموونەی سۆمەر, پێویستی ئاواکردنی تەواوی پێکهاتەی سەرخان و ژێرخانی کۆمەڵگای چینایەتی, وەك پێویستییەك و ناچارییەك خۆی دەسەپێنێ و بەگوێرەی ئەو سەردەمەش واتای لەدایك بوونی میتۆلۆژیایەکی مەزن و خوڵقێنەرە.

راهیبە سۆمەریەکان خەریکی ئەم کارە مەزن و مێژووییەن و ئەمەش سەرکەوتنێکە کاریگەری لەسەر تەواوی تەمەنی شارستانیەت دەکات. ئەم سەرکەوتنە تەنیا لەپێناو ئەو چینە باڵادەست و چەوسێنەرە ئەنجام نادەن کە لەبەرچاویان باڵا دەگرن. بەڵکو بۆ تەواوی کۆمەڵگای چینایەتی, بە گوزارشتێکی دیکە ئەم سەرکەوتنە بەناوی ئەو هێزانە تۆمار دەکەن کە نوێنەرایەتی شارستانیەت دەکەن. گرنگییەکەیان لێرەدایە. شتێکی هێندە زەحمەت نییە کە لێرەدا لەمیانەی پشت بەستن بەبەڵگەوە باس لەوە بکەم چۆن ئەمکارەیان ئەنجام داوە بەڵام جێگەکەی ئێرە نییە. بەڵام ناتوانرێ

نکوڵی لەوە بکرێت کە بابەتێکی سەیر و گرنگە سەبارەت بە یەکلاکردنەوە و پاککردنەوەی مێژووی رۆژهەڵاتی ناوین لەکاریگەری دۆگماکان.

چۆنێتی خوڵقاندنی ئادەم لەقوڕ، لەتەواوی کتێبە ئایینیە پیرۆزەکاندا باس دەکرێت. بەڵام سەرچاوەی سەرەکی ئەم باسکردنەش میتۆلۆژیای سۆمەرە. هەروەها لەگێڕانەوە و چیرۆکە شیعرئامێزەکەیدا باس لەوە دەکات کە ئەم قوڕە لەکەناری کام هەڵدێر هاتووە و کام خوداوەند خوڵقاندوویەتی (لەمیانەی زایین). بێگومان لەبەر ئەوەی مرۆڤ وەکو خزمەتکار دەبینن، بۆیە هەروەکو بڵێی لەپاشماوە و پیسایی خۆیان دەیانخوڵقێنن، گوزارشت و دەربڕینی بچووك بینینیان لەباسەکانی چیرۆکەکەدا زۆر بەسانایی دەبینرێت.

شتێکی بەمجۆرەش بەرچاو دەکەوێت کە ناوە ناوە تاکە تاکەی خزمەتکارە بژاردراوەکانی تەڤلی یەکینەکانی خۆی کردووە. دەبێ سەرنجی ئەوە بدەین کە ئەم بابەتە یەکەمین چیرۆکی خودایی نووسراوی گۆڕانکاری چینەکانە. لەکاتێکدا بەخۆیان لەئاسمان، مانگ، خۆر، ئاگر و هەوا دەخوڵقێنرێن، ئەوا مرۆڤ لەقوڕی پیساییەکانی ئەوان دەخوڵقێنرێن. چینی باڵادەست و چەوسێنەر دەتوانێ هێندەی بەئاقڵمەندی و ئاشکرا جیاوازی خۆی بخاتەڕوو.

هەروەها دەتوانرێ زاراوەی "**لە بەهەشت بەدەر کردن**" بە سانایی شیبکرێتەوە کە لە تەواوی پەرتووکە پیرۆزەکاندا باس کراوە. ئەمە لە نزیکەوە پەیوەندی بەو یەکلابوونەوانەی کۆمەڵگای چینایەتی سۆرمەییەکانەوە هەیە. ئەمە لەلایەکەوە گوزارشت لەدابڕانی چینی سەرووی دەکات، لەو هاوتەمەنانەی خۆیان کە پێشتر لە رێی رەچەڵەك بەیەکەوە گرێدراو بوون، لەلایەکی دیکەشەوە گوزارشت لەخستنی ئەو خزمەتکارانە دەکات کە کەوتوونەتە نێو رەوشی کۆیلایەتی و باڵادەستی چینی سەروو. زاراوەی "**میوەی گوناه**" وەکو بانگەشەیەك وایە کە ئیتر لەدەوروبەری سوفرەی کۆشکەکانیان جێگەی ئەو مرۆڤانە نەماوە، پەیوەندی خۆی بەهێرشێکی دیکەی ئایدیۆلۆژیەوە هەیە. واتە ئیتر جێگەی مرۆڤە خزمەتکارەکان لەو شوێنانەدا نابێت کە خۆیان تێیدا دەژین و وەك بەهەشت وایە. ئەم زاراوە نوێنەرایەتی رەنگدانەوەی جیاوازی چینایەتی چینی سەردەست دەکات کە خواستی بەهانەی جیاوازی خۆی بەدرێژایی مێژووی شارستانیەتی لەمیانەی هێڵێکی سوور، پەردەیەکی ئەستوور و دیوارێکی پۆڵایین نیشان بدات.

ئەفسانەی پێغەمبەر نووح، واتە هەروەکو چۆن رووداوی تۆفانیش جێگای خۆی لەنێو هەموو پەرتووکە پیرۆزەکاندا گرتووە، لەگەڵێك داستانی سۆمەریەکان لەسەرووی هەمووشیانەوە لەداستانی گلگامێش باس کراوە. بەشێوەیەکی زانستییانە دەستنیشان کراوە کە لەدەوروبەری ساڵانی ٣هەزار

ساڵ پ.ز کە هەڵکشان و زیادبوونی ئاستی ئاوی ئۆقیانووس لەئارادا بووە. لەبەر ئەوەی هەڵکەوتی دەریای بەسرە لەنزیك ئاستی زەویدایە, بۆیە لەسەردەمی سۆمەریەکاندا بووە هۆکاری چەندین لافاو و, ئاو چەندین شوێنی نیشتەجێبوونی لەگەڵ خۆیدا بردووە. ئەم ئەفسانەیە لەگەڵ زەمینەیەکی ماددی و رۆژگارێکی بەمجۆرەدا یەکتری دەبڕێ. ئەم رەوشە هۆکاری گواستنەوەی شوێنی نیشتەجێ بوونی سۆمەریەکانە بەرەو باکوور. بە ئەندازەی ئەوەی هۆکارەکانی ئەم گواستنەوەیە بەنەفرەت لێکردنی مرۆڤ لەلایەن خوداوەندەکانەوە گرێ دەدرێت, شیمانە دەکرێت وەك کاردانەوەیەك بەرامبەر بەزیادبوونی ژمارەی دانیشتوان لەنێو میتۆلۆژیادا باس کرابێت. وەکو کردەوە و چالاکییەکی سزادان دەمامکێکی ئایدیۆلۆژییان بەسەردا کێشاوە.

چیای جودی شوێنی گیرسانەوەی ئەم کەشتییەیە کە بۆ رزگاربوون لەتۆفان جووتێکی "**نێر و مێ**" و هەر زیندەوەرێکی لێ سوار بووە. هەروەها لەبەر ئەوەی جوودی چیایەکی هەرەبەرزی نزیکی میزۆپۆتامیای خواروە, ئەم مەسەلەیە پشت راست دەکات. تاوەکو ئێستاکەش لەهەرێمەکەدا وەکو شوێنی کەشتی نوح باسی لێوە دەکرێت. وشەی NUH و CUDI لەزمانی کوردی رۆژگاری ئەمڕۆمان واتای NWE و CiHDi دێت (di=dit و cu=ce و nuh=nwe). ئەم سێ وشەیە ریشەی زمانناسییان زۆر کۆنە, وشەی بنچینەیی تەواوی زمانە هیندۆ ــ ئەوروپییەکانە, ریشەکانی "deus, cih و nuh" بە روون و ئاشکرایی ئەمانە دەسەلمێنێ. هەبوونی ئەم رەگە و ریشانە بەڵگەی سەلمێنەری پەیوەندی زمانی ئارییە بەو شۆڕشە کشتوکاڵییەی لە ١٠ هەزار ساڵ پ.ز لەم هەرێمەدا رووی داوە. لەهیندەوە تاوەکو ئەوروپا سەرچاوە گرتنی گەلێك وشە لە هیلالی بەپیتەوە بەشێوەیەکی گشتی ئەمە پشت راست دەکات. پێشکەوتنی زمانی سەدان گروپ لەسەر بنەمای رەگ و ریشەی ئاریان, مەزنایەتی سەردەمی نیۆلیتیك و, لەبواری راستینەی ئەو رۆژگارەش دوورییەکەی سەلمێنەری هێزەکەیەتی.

ئەفسانەی پێغەمبەر ئەیوبیش بەرهەمی ئەو قۆناخەی سۆمەریەکانە کە تێیدا ئێش و ئازار و بێ ئومێدی باڵای گرت و قەیراناوی بوو. خوداوەندەکان وەڵامی پاڕانەوەی مرۆڤایەتییان نەدایەوە کە رووبەڕووی راستینەی ژیانێکی بێ ئومێدی و بە ئێش و ئازار ببوەوە. لەساڵانی دەورووبەری ٢هەزار پ.ز ئەم تەنگژە و قەیرانانە زیادی کردووە. شتێکی روون و ئاشکرایە کە پێغەمبەر ئەیوب کە تا ئێستا گۆڕەکەی لەئورفا ماوەتەوە, سەرچاوەکەی بۆ ئورفا دەگەڕێتەوە (هەموو ئەو وشانەی ــ ئور ــ یان پێوەیە سۆمەرییە "**شوێنەکانی نیشتەجێبوونی سەر کردەکان**"). ئورفا و هەرێمی دەوروبەری کە بە شاری پێغەمبەران ناودەبرێت، شوێنێکە کە سۆمەریەکان لەساڵانی ٢ هەزار پ.ز کۆلۆنییەکانی

خۆیان تێدا دامەزراندووە. لەهەمانکاتدا شوێنی ڕووبەڕوو بوونەوە و پێکدادانی هەردوو کلتووری مێژوویی گروپە گەڕۆك و شوانکارییەکانی ئامۆریتی ــ سامی ــ (بەردەوام لەبیابانەکانی عەرەبستانەوە بەرەو باکوور, بۆ میزۆپۆتامیا کۆچ دەکەن) و هوریەکانی باکوور کە بەکشتوکاڵەوە خەریکن و ریشەیان بۆ ئاریان دەگەڕێتەوە, لەوەش زیاتر هەرێمێکی سەرەکی مێژووی بازرگانی کردنی کۆلۆنییە سۆمەریەکانە. پێشکەوتن و پەرەسەندنی ئۆپۆزیسیۆن بەرامبەر بە سیستەمی سۆمەر گرێدراوی ئەم زەمینە و ڕاستینە ماددییەیەتی.

فرە کلتووری واتای هەمەڕەنگی هزرییە. لەبەر ئەوەی سنوور و خاڵی هەرە سەرووە, بۆیە کۆنترۆڵیان هێندە بەهێز نییە. شتی هەرە گرنگ ئەوەیە کە هەبوون و پەرستنی هزرە جێگیرەکان بەعینادەوە بەردەوامە. لەئەفسانەی حەزرەتی ئیبراهیمیشدا دەردەکەوێت کە لەسەردەمی قەیرانە گشتییەکان بەرامبەر نەمروودی ئورفا (بە سۆمەری، نەمروود= نازناوی پادشایە) سەرهەڵدان زیاد دەکات. ئەفسانە و شوێنی چەندین پێغەمبەری دیکە لەئورفا هەیە. بەمجۆرە ڕوون دەبێتەوە کە هەم کۆلۆنی ئیمپریالیستی سۆمەری لەدەرەوە و چیرۆکەکانی نەمروود کە نوێنەرایەتی دەکات, هەم ئەفسانەکانی دەرهەق بەپێغەمبەرەکان کە یەکەمین ڕکەبەر بوون, ئاماژە بەوە دەکەن کە ئورفا وەك شوێنی ململانێیەکی درێژخایەن ڕۆڵی بینیوە. جوگرافیای ئورفا, بەپیتی خاکەکەی, ئاو و هەواکەی, ناسنامەی کلتووری و پێشکەوتنی مێژوویی ئەم شیمانەیە بەهێز دەکات. کەمێکی تر باس لەوە دەکەین.

هەرێمی قودس ڕۆڵێکی هاوشێوە دەبینێ. لەکاتێکدا ئورفا بەشێوەیەکی زیاتر ئەم ڕۆڵە بەرامبەر ئیمپریالیزمی سۆمەر دەبینێ, بە هەمان شێوە قودس بەرامبەر ئیمپریالیزمی کۆیلەداری میسر دەیبینێ. هەردوو شوێنیش سەرچاوەی دەرکەوتنی پێغەمبەرانن. هەردوو شوێن وەکو ناوەندی ئۆپۆزسیۆنن. لە ساڵانی ٢ هەزار پ.ز بەدواوە دەرکەوتنی ئەم شار و هەرێمانە وەك ناوەندی ئایینە تاکخوداییەکان, سەرچاوەی خۆی لەم شوێنگەیانەوە دەگرێت. لە کۆچکردنی حەزرەتی ئیبراهیم بەرەو قودسەوە تاوەکو دەرکەوتنی عیسا بەمجۆرەیە.

پ ـ (باس لەوە دەکرێت کە "ئەبگەر"یەکانی ئەو سەردەمە کە بەسەر ئورفادا دەسەڵاتدار بوون، عیسایان بانگهێشتی ئورفا کردووە.) ئەو هاتوچۆیانەی بە درێژایی دوو هەزار ساڵی ڕابردوو لە نێوان ئەم دوو شوێنە ئەنجامدرا, بەهۆی ئەم شوێنگە مێژووییە بووە. ئەم دوو ناوەندەی ئایینە تاکخوداییەکانی لێ هەوێن کرا, نوێنەرایەتی ئەو زەمینە کلتوورییەش دەکەن کە ئەو سەردەمە لە ئاستی پیرۆزبووندا ئومێدی ئازادی لێدەکرا. لە ڕۆژگاری ئەمڕۆشماندا پێناسە کردنی ئەم دوو شارە

بە پیرۆزی، سەرچاوە و بناخە سەرەکییەکەی بۆ ئەو شوێنگەیان دەگەڕێتەوە کە ئەو کاتە بەرامبەر توندڕەوترین کۆیلەداری نیشانیان داوە. لەبەر ئەوەی رۆڵەکەیان زۆر مەزنە, بۆیە لە هزر و مێشکی مرۆڤایەتیشدا جێگایان مەزنە و لە بیر ناکرێن. ئەگەر بێت و رەوشی پێغەمبەرایەتی لە دەمامکە ئەستوورەکەی ئایین دوور و جیا بکەینەوە و هەوڵبدەین پەیوەندی و ناکۆکییەکانی لەگەڵ کۆنترین شارستانیەتی کۆیلەداریدا دیاریبکەین، ئەوا دەتوانرێت پێناسەیەکی نزیك لە راستی پێشبخرێت. دەتوانین وەکو بیرۆکەیەك تایبەتمەندیەکانی پێغەمبەرایەتی بەمجۆرەی خوارەوە هەڵسەنگێنین.

A ـ بە شێوەیەکی بەرچاو لە باوەشی کۆنترین دوو سیستەمی کۆیلایەتیدا پێشکەوتووە: هەم کاریگەری ئەو دەزگا ئایدیۆلۆژیانەی لەسەر کراوە کە یەکلابوونەوەی کۆمەڵایەتی هێناویەتە ئاراوە، هەم کاریگەری ئەو ئاڵۆزی و تەنگژانەی لەسەر هەبووە کە سیستەم خولقاندوویەتی. وەکو یاخی بوونەوەیەکی مەحشەر ئاسای ویژدان بەرامبەر بەو فشارە تۆقێنەرە سەر هەڵدەدات کە سیستەم دەیخاتە سەر پێکهاتەی هزری و شێوەگرتنی نەتەوەیی مرۆڤایەتی.

B ــ لە شێوەگرتنێکی ئایدیۆلۆژی سەربەخۆ زیاتر, هەوڵدەدات سەرلەنوێ شێوە بدات بەو لایەنانەی میتۆلۆژیا و چەمکە ئایینیە باوەکان کە بە شێوەیەکی بەرچاو و رووت لەگەڵ راستیدا ناکۆکن. هێزێکی ئەوتۆیان نییە دەزگا و چەمکە فەرمییەکان تێپەڕ بکەن. هەر چەندە لایەنی شۆڕشگێڕیان هەبێت, بەڵام تایبەتمەندێتیە زاڵ و باوەکانیان گەوهەری ریفۆرم لە خۆوە دەگرن. لە ئەنجامدا سیستەم نوێ دەکەنەوە و دەیگەیەننە رەوشێك کە توانای تەڤلی بوون و جێگرتن تێدا هەبێت.

C ـ توێژی هەژاری ئەو چینە کۆمەڵایەتییانەی بنەما کۆمەڵایەتییەکەیان یەکلابۆتەوە, ئەو بەشەی دەرەوەی توێژی باڵادەستی پێکهاتە ئەتنیکییە هەڵوەشاوەکان بە بناخە دەگرێت. بەردەوام کارەکتەرێکی بەمجۆرەشیان بەرچاو دەکەوێت کە لە کاتێکی کورت و بە خێرایی ئەو کەسانە بۆ خۆی رادەکێشێ کە بە تەواوەتی ناکۆکییان لەگەڵ سیستەمی رێبەرایەتی تیرەکان هەیە و لە دەزگا کۆمەڵایەتییەکان دابڕاون و بە تەنیا ماونەتەوە.

D ــ زیاتر لەوەی کە وەکو هێزێکی ماددی, سیاسی بجوڵێنەوە, بە شێوەی رێبەرایەتییەکی ئایدیۆلۆژی دەردەکەون، کە لایەنی مەعنەوی و ئەخلاقیان لەپێشە.

ئەم بابەت و تایبەتمەندێتییانەی دەتوانین زیاتر باسی بکەین, تاوەکو بڵێین ناوەڕۆکی بە دەزگا بوون روون دەکاتەوە. ئەگەر بێت و لەگەڵ تایبەتمەندێتی هەر سێ پێغەمبەرە مەزنەکە بەراوردی بکەین, ئەوا تا رادەیەك لە واتاکەی تێدەگەین. هەروەها ئەگەر بێت و لەسەر بنەمای ئەم

تایبەتمەندییانە تەماشای جوڵانەوە بەرچاوەکانی پێغەمبەرانی جوگرافیای ڕۆژهەڵاتی ناوین بکەین ئەوا دەتوانین بەمجۆرە پێشکەوتنەکانیان ڕیزبەند بکەین:

١ ــ ئیبراهیم سەبارەت بە چەمکەکانی ئایین لە ژێر ناوی تەوحید (یەکبوون) بناخەی سیستەمێکی داناوە کە پشت بە تاکخودایی دەبەستێت. خودای حەزرەتی ئیبراهیم خاوەنی تایبەتمەندێتی گرنگە. بەر لە هەموو شتێك لە یەکینەی خوداوەندکانی سۆمەر و میسر دابڕاوە. بە واتایەکی دی لە بواری خوداوەندی, سەربەخۆیی بەدەست هێناوە. ئەمەش وەکو "**سەمبۆڵ**"ێك بە شێوەیەکی گشتی ئاماژە بە ئازادی مرۆڤ دەکات و بە تایبەتیش ئاماژە بە ئازادی مانەوەی پێکهاتەی ئەتنیکی و تیرەکان دەکات. مسۆگەر بە گوێرەی پێکهاتەی ئایینی و میتۆلۆژی هەردوو سیستەمە کۆنەکە ناسنامەی خوداوەندی نویێ لە بواری ئازادیدا بە واتای هەنگاوێك دێت.

٢ ـ ناسنامەی خودایی بە تەواوی لە مرۆڤ جیاوازە, گەوهەرێکی بەمجۆرەی هەیە کە ناکرێت بە بت و نەمرە لە ئاستی ژووردا داڕنراوی (مجرد) جێگای باسە. هەم چەمکی ئایینی تەوتەمی تیرەکان, هەم چەمکی ئایینی چینایەتی کە ڕەنگدانەوەی پادشایەتی سیستەمی کۆیلایەتییە, بەلاوە دەنرێن. ئەمەش پێشکەوتنێکی ئایینی بەمجۆرە لە خۆوە دەگرێت کە موخاتەبەی تەواوی خەڵك دەکات و قۆناخێکی پێشکەوتووتری هزری بە بنەما دەگرێت.

٣ ـ لەمیانەی ئەم ڕەوشەشدا نوێنەرایەتی قۆناخێکی پێشکەوتووتری لۆژیکی هزری مرۆڤ دەکات. زاراوەی فرە خوداوەندی تەوتەمی بە شتێکی منداڵانە دەبینرێ و بە گوێرەی لۆژیکیش پاشکەوتووە. لە خۆوە گرتن و کۆکردنەوەی هەر کەسێك کە هزر و ویژدانی وشیار بۆتەوە بۆ ئەم تایبەتمەندێتیە دەگەڕێتەوە.

٤ ـ ئایین زیاتر لە نێو زەمینە و هەلومەرجی ئەو تیرانە دەردەکەوێ کە بە ڕەچەڵەك ئاری و سامین و لەگەڵ سیستەمدا نابن بە یەك و دەستیان لە فێربوون و خووڕەوشتی گەڕۆکی ئازادانە بەرنەداوە, هەروەها لە نێو ئەو زەمینانە دەردەکەون کە پیشەکار و کەسایەتی وەکو مەجنون و دەروێشی تێدا دەرکەوت. بە تایبەتیش تەنگژەی سیستەمی کۆیلەداری کە دوای ساڵانی ٢٠٠٠ پ.ز پێشکەوت، ڕێگا لەپێش هەڵکشانی شەپۆلە یەك لە دوای یەکەکانی پێغەمبەرایەتی دەکاتەوە و ئەمەش گرنگترین لایەنی جوڵانەوەی کۆمەڵایەتی پێك دێنێت.

٥ ـ جگە لەو دەوڵەتانەی ناوەندەکەیان سۆمەر و میسرە, ئەوا ئەو ژمارە زۆرەی نیمچە دەوڵەتی شارەکان کە لە نزیکەوە پەیوەندییان بە جوڵانەوەی پێغەمبەرایەتییەوە هەیە. بەرچاوترین نموونەش پادشایەتی عیبرانییە.

٦ ــ هەم بەهۆی کارەکتەری سیستەمی کۆیلەداری باڵادەست, هەم بەهۆی پێکهاتەی تیرەی باوکسالاری, باوەڕی ژن و خوداوەندی ژن بە تەواوەتی کۆتایی پێهاتووە. بە تایبەتیش لە دوای ئەوەی سۆمەریەکان لەلایەن گروپە ئامۆریتەکان لە سیاسەت دوور خرانەوە و قۆناخی ئیمپراتۆریەتی بابل دەستیپێکرد. ئەم مەسەلەیە یەکلابۆوە و مسۆگەرکرا. داستانی خولْقاندنی بابل (ئەنوما ئەلیش) گوزارشتی روون و ئاشکرایەتی. حەزرەتی ئیبراهیم و تەواوی خوداوەندەکان پیاون و جێگای ژن لە نێو سیستەمەکانیاندا نییە. جێگای ژن لە شەیتان نزیك کراوەتەوە. کاریگەری بابل لەسەر حەزرەتی ئیبراهیم و کاریگەری میسر لەسەر حەزرەتی موسا، رۆڵێکی بە کاریگەریان لە دوور خستنەوە و بەلاوەنانی ژن هەیە، لە نێو پێشکەوتنی کۆمەڵگادا. راستتر بڵێین لە قۆناخی شارستانیەتدا لە دوای سالانی ٢٠٠٠ پ.ز ژن بەردەوام ستاتۆیخۆی لەدەستدەدات. بەمرەنگە شانبەشانی جیابوونەوەی چینایەتی گشتی، جیاوازی رەگەزیش پێشدەکەوێت.

٧ ـ دواتر هزری تاکخودایی دەبێت بە ئامرازێکی ئایدیۆلۆژی کە بە شێوەیەکی فراوان لەپێناو تۆکمەکردنی دەسەڵاتی پادشا بەکاردەهێنرێت. یەك خودا = یەك پادشا وەکو (فۆرمیلەیەکی) هاوکێشەیەکی بەڕێوەبردن بەکاردەهێنرێت. هەروەکو چۆن لە قۆناخی سەرەتادا ئەم هزرە لە بواری پێشکەوتنی ئازادیدا وەکو هەنگاوێکی گرنگ رۆڵی بینی، لەهەمانکاتدا خاوەن گەوهەری لۆژیکی دارنراوی (مجردیة) بوو. بە واتایەکی دی چینی دەسەڵاتدار خوداوەندی باشەی ئایینە نوێیەکەی پەسند کرد و بە گوێرەی خۆی گونجاندووە.

هیچ گومانێك لەوەدا نییە کە دەزگای پێغەمبەرایەتی رۆڵێکی دیاریکراوی لە نەرمکردنی سیستەمە کۆیلەدارییە کۆنەکاندا بینیوە. ئەو لێشاوە ئایینیەی لەگەڵ بەلاوەنان و تێپەڕاندنی قۆناخی پادشاکان دەستیپێکرد، کە یاساکانی سروشتیان بەسەر رۆح و هزری مرۆڤایەتیدا پیادە دەکرد و بانگەشەی مەزنایەتی تاکخودایی دەکرد و پادشاکانیش ناچار بوون حیسابی خۆیانی تێدا بدەن، دووەمین جوڵانەوەی مەزنی شارستانیەتە کە لە رۆژهەڵاتی ناوین خولْقێندرا. هەر چەندە دووچاری لادانیش هاتبێت، وەلێ یاساکانی تاکخودایی لە بواری پێکهاتەی لۆژیکی مرۆڤ و بەڕێوەبەرایەتی دەوڵەتدا گوزارشت لەپێشکەوتن دەکات. بە تایبەتیش بەستنەوەی پێکهاتەی سیاسی لەلایەن یاسا ئایینیەکانەوە, بەکارهێنانی بێسنووری هێزی وەستاندووە. گۆڕانکاری ریشەیی پێکهاتەی هزر, راستی قۆناخێکی گرنگی پێشکەوتنی لۆژیك هات. قۆناخی ئیلاهییات هاوکات جیابوونەوەی "**شیعر، ئیلاهییات، فەلسەفە و پەخشان**" دێت کە شاعیر و فەیلەسوفی ئەڵمانی بەناوبانگ "**گۆتە**" سەبارەت بە بانگەوازیەکانی رۆح کە پێشیخست، ئەمەش بە تەواوی لەگەڵ هەڵکەوتی ئەو قۆناخەدا یەکانگیرە

کە ئایینە تاکخوداییەکان تێیدا باڵادەستن و دەزگای پێغەمبەرایەتی شکۆمەند و بەرز کراوەتەوە. ئەو تێکۆشانانەی لەژێر ناوی ئایینە تاکخوداییەکان بەڕێوەچووە، رۆڵێکی سەرەکییان بینیوە لە بەلاوەنانی هەر سێ ئیمپراتۆریەتە مەزن و درێژخایـەنـەکانی مـێـژوو (سۆمەر ـ ئاشوور, میسر و رۆما).

## II ـ بەرخودانی پێکهاتە ئەتنیکییەکان و شارستانیەتی کۆیلەداری

جۆرێك لەو جوڵانەوە مێژووییانەی کە لەسەرەتای لە دایك بوونیانەوە تاوەکو دوایی، سیستەمی کۆیلایەتی لەگەڵیاندا لە نێو شەڕ و پێکدادان بووە، ئەو یەکێتیە ئەتنیکییانەن (تیرە، خێل) کە وشیاربوونەتەوە. هەبوونە ئەتنیکییەکان کە لەسەردەمی نیۆلیتیکدا بە شێوەیەکی خۆخۆیی (عفوي) بوونە خاوەن پێکهاتەیەك, گوزارشت لە چینێکی وەکو چینی کارکەر دەکەن. بۆ درێژەدان بە هەبوونی خۆیان پێویستییان بە ئاستی تێگەیشتنی بەرخودان نییە. چونکە دوژمنێکی هێرشکار لە ئارادا نییە, هێشتا ئەم ناکۆکییانە دروست نەبوون کە رێگا لەپێش وشیاری ئەتنیکی دەکاتەوە. بەرخودان و یەکێتی ئەتنیکی پێویستی بە ئامانج هەیە. لەبەر ئەوەی ئەم ئامانجە ریشەکەی لە دەرەوە هاتووە، هەروەها لەبەر ئەوەی لەلایەن کۆمەڵگایەکی چینایەتییەوە ئاراستە دەکرێت, بۆیە پێویستی سروشتی ئەو ناکۆکییە رێگا لەپێش وشیاری دەکاتەوە. واتا ئەو کۆمەڵگا سیاسییە ــ چینایەتییە نوێیەی لە ئامێز و تەنیشتییانەوە گەشەی کرد، ئەم ناکۆکییە دەخوڵقێنێ. لە کاتێکدا توێژی سەرەوەی پێکهاتەی ئەتنیکی تەڤلی کۆمەڵگای نوێی چینایەتی دەبێت و جێگای خۆی تێدا دەگرێت, هاوکات توێژی ژێر، خۆی لە بەرامبەر هەڕەشەی هەمەجۆر دەبینێتەوە. لە سەرەتادا یەکینەکانی کۆمەڵگای چینایەتی لە رەوشی دوورگە جیاجیاکانی ئۆقیانووسی جیهانی نیۆلیتیك دان. هەڕەشە لاوازە. بەڵام کاتێك لەهەر چوارلاوە دوورگەکانی شارستانیەت گەشە دەکەن، ئەمجارە بۆ خۆیان دەبن بە دوورگەی بچووك. بۆ ئەوەی بە تەواوەتی قووت نەدرێن، لە بەرخودان و وشیاربوون بەولاوە هیچ بژارێکی دیکەیان نییە. بەهێزبوونی وشیاری ئەتنیکی لە رۆژهەڵاتی ناوین و هەرێمی دیکەش سەرچاوەی خۆی لەم پەرەسەندنە مێژووییەوە دەگرێت. لەگەڵ گەیشتنی شارستانیەتی کۆیلەداری بە قۆناخی ئیمپریالیستی، سەبارەت بە قەوارە ئەتنیکییەکان واتای هاتنی قۆناخی **"بوون**

**بە گروپی ئەتنیکی وشیار**" دێت. لەلایەنی پێشکەوتنی مێژوویییەوە دەشێ بەمجۆرە بەدواداچوونی ئەم قۆناخە ئەنجامبدرێت.

آ ـ جموجۆڵەکانی کۆلۆنیکردن لە ساڵانی ۳۰۰۰ پ.ز بە پشت بەستن بە شارستانیەتی شەڕ ئەنجامدرا، ئەمە رێگای لەپێش وشیاری پێکهاتە ئەتنیکییەکان کردەوە تاوەکو خاوەنداریتی لەسەرچاوەکانی کەرەستەی خاوی ناوچەکەیان و بەرژەوەندی خۆیان بکەن. کاتێك دەسەڵاتدارانی کۆلۆنییەکان لەمیانەی توند و تیژیەوە دەستدرێژیان بۆ سەر توانستەکانیان کرد, ئەمە دەستپێکردنی قۆناخی خوێناوی و وشیاری بەرخودانی لەگەڵ خۆیدا هێنایە ئاراوە.

ب ـ کاتێك بەرژەوەندی گرنگی ماددی کەوتە ناو مەسەلەکەوە, ئەوا هەم لە ناوخۆ، هەم بەرامبەر بە دەرەوە پێویستی سەرلەنوێ رێکخستنەوەی پێکهاتەی ئەتنیکی پێشکەوت, بە تایبەتیش بە دەستهێنانی هێزی پاراستن و هێرشکردن قۆناخێکی نوێیە. هەربۆیە لەمیانەی ئەو ئامرازانەی چەك کە لە کۆلۆنییەکان و لە قۆناخی شەڕی دژی ئیمپریالیستەکان فێربوون, پێکهێنان و ئاواکردنی فەرماندارییەتێکی سەربازی بۆتە ناچارییەك. ئیتر لەسەر پێ مانەوە و پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان گرێدراوی هێزە سەربازییەکانیانە.

ج ـ بۆ گەیشتن بە هاوسەنگی هێز, رێککەوتن لەگەڵ ئەوانەی رووبەڕووی هەمان چارەنووس و ناکۆکی بوونەتەوە بۆتە ناچارییەك. لە مێژوودا ئەم رێککەوتنە بە شێوەی "**فیدراسیۆنی تیرەکان**" رووبەڕوومان دەبێتەوە. یەك بوونی ئەم رەوشە لەگەڵ ناکۆکییەکانی ناو سیستەم و رێگاکردنەوەیان لەپێش گۆڕانکاری چەندین خانەدان, لە نزیکەوە پەیوەندی بەم قۆناخەوە هەیە. هەروەها ئەم قۆناخە هاوکاتی ئەو قۆناخەی خێڵەکانە کە بە "**قۆناخی قارەمانێتی**" ناودەبرێت.

د ـ دوو ئەنجام چاوەڕوانی ئەم فیدراسیۆنانە دەکات: یا ئەوەتا سەردەکەون و زیاتر ناوەندیبوون پێشدەخەن و دەبنە خاوەنی ناوەندی شار و دەبن بە دەوڵەت, یان ژێر دەکەون و پەرتەوازە دەبن و پەنا دەبەنە بەر چیا و بیابانەکان و هەوڵدەدەن خۆیان بپارێزن, یاخود وەکو دیلە نوێیەکانی کۆمەڵگای چینایەتی باڵادەست، دەتوێنەوە و لەناودەچن. بەرامبەر بەم راستینە بەردەوام رەوڕەوەی مێژوو بەمجۆرە دەسووڕێتەوە. ئەمە تا رۆژگاری ئەمڕۆمان هاتووە و بەردەوامە.

هـ ـ ئەم شێوازەی وشیاربوونەوەی خێل وشیارییەکی سنووورداری سەرەتایی قەوم لە ناواخنی خۆیەوە دەگرێت (قەوم = نەتەوە نەك میللەت.) وشیاری قەوم دوای وشیاری خێل دێتەئاراوە و لەگەڵ بەلاوەنانیشی پێشدەکەوێت. لەو پێکهاتانەی کە وشیاری خێلەکی تێیدا بەهێزبێت و رەگ و ریشەی خۆی داکوتابێت, وشیاری قەوم بە سانایی گەشە ناکات. لەو قۆناخانەی کە پێکهاتەی

خێڵایەتی بەش ناکات، ئەمە دەبێتە کۆسپ لەپێش قۆناخ و چارەسەری کێشەکاندا, بەمرەنگە وشیاری و پێکهاتەی نەتەوە هەنگاوێکی دیکە دەهاوێژێ. ئەم هەنگاوانە زیاتر خاوەن گەوهەرێکی سیاسی ـ سەربازین. لە ژێر رۆشنایی ئەم شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنانەوە دەتوانین ئەم پێشکەوتنانە لە مێژوو و جوگرافیای رۆژهەڵاتی ناویندا ببینین:

I ـ لێشاوەکانی تیرە سامیەکان لە سێ قۆناخی مەزندا رۆڵی گرنگیان بینیوە. تەڤلیبوونیان و رۆڵیان لە پێکهاتنی شارستانیەتی میسر و سۆمەر دیاریکراوە. لە قۆناخی دووەمدا زیاتر بەرخودانیان نیشانداوە. بە شێوەیەکی زیاتر رێبەرایەتییەکەیان لە رێگای پێغەمبەرایەتیەوەیە. لە رۆژهەڵات ئامۆریتەکان دژی سۆمەریەکان راوەستان و هێرشیان کرد, لە رۆژئاواش کەنعانی و عیبرانییەکان بەرامبەر میسر بەرخودانیان کرد و لە ناوەوەش هێرشیان کرد, ئەم دوو قۆناخە پێکدێنن. قۆناخی دەرەبەگایەتی ـ ئیسلامیەت, قۆناخی بڵاوبوونەوەی عەرەبە سامیەکانە. قۆناخی کۆتاییە. تاوەکو ئێستاش عەرەبەکان درێژە بە بڵاوبوونەوە دەدەن.

II ـ دووەمین گرووپی مەزن ئەوانەن کە بە ریشە ئاریانین. ئاریەکان لەساڵانی ٣٠٠٠ پ.ز وشیاری ئەتنیکییان زیادی کرد, لەلایەن سۆمەریەکانەوە گەلێك ناوی جیاوازیان لێنراوە. لەمیانەی وشەی "**هۆریت**" کە بە مانای (**خەڵکی وڵاتە بەرزاییەکان**) دێت ناوێکی گشتی لەو لێشاوە دەنرێت. گۆتییەکان, کاسیتەکان, میتانییەکان, ئورارتوویەکان و ماددەکان کە لقی هۆریتەکان بوون، یەکەمین نەوە پێك دێنن. بە هێزی وشیاری خێڵایەتی لە ناوچەکەدا سەرچاوەی خۆی لەم بەرخودانە درێژخایەنانەوە دەگرێت کە بەرامبەر دەستدرێژییەکان پێشکەوت. وای لێهاتووە کە خێڵایەتی ببێتە ئامرازی سەرەکی لەسەرپێمانەوە و لە لوتکەی چیاکانەوە درێژە بە هەبوون و بەردەوامی خۆیان دەدەن.

III ـ لقەکانی ئاریەکان کە لە هیندستان و ئەوروپا بڵاوبوونەتەوە (بڵاوبوونەوە جەستەیی نییە زیاتر کلتوورییە) بە شێوەیەکی زیاتر پێکهاتەکانی پالیۆلیتیك (چاخی کۆنی بەردین) دەڕوخێنن، قۆناخی سەرەتایی شۆڕشی کشتوکاڵی و دەزگاکانی نیۆلیتیك پێشدەخەن. ئامانج کۆمەڵگای چینایەتی نییە، بەڵکو پێکهاتە کۆمەڵایەتییە سەرەتایی و پاشکەوتووەکانە. لە ماوەی ساڵانی نێوان ٢٠٠٠ تا ١٠٠٠ پ.ز لەسەر بنەمای کلتووری ئاریان، لە زەریای مەزنەوە تاوەکو زەریای ئەتڵەسی پێکهاتە شارستانیەتەکان لەسەر بنەمای رەچەڵەکی چین, هیند, تورك و کات، لەمیانەی کاریگەرییەکانی سۆمەر و میسر دەرکەوتن و شێوەیان گرت. قۆناخی دووەمین شەپۆلی مەزنی بڵاوبوونەوە جێگای

باسە. جموجۆڵی مەزنی پێکهاتە ئەتنیکییەکانی گروپە بە رەچەڵەك ئاری، کە نوێنەرایەتی کلتوور و شۆڕشی کشتوکاڵ دەکەن، رۆڵێکی دیاریکراو لە پێکهاتنی شارستانیەتەکانی ئاسیا و ئەوروپا دەبینن.

IV ـ گەورەترین هێزی جیهان کە لەم سەردەمەدا, ئاوا بوو لە میزۆپۆتامیای خواروو بەرەو باکوور بڵاوبۆوە و دواتر کلتووری سۆمەریەکانی پەسندکرد و پەرەی بە زمانی ئەکەدیدا و کردی بە زمانێکی فەرمی, ئیمپراتۆریەتی **بابل ـ ئاشوورە**، کە نوێنەرایەتی چینە دسەڵاتدارەکانی ئامۆریتەکان دەکات. ئەم قۆناخە کە لەنزیکەی ساڵانی ٢٠٠٠ پ.ز دەستیپێکرد، لەگەڵ ئاواکردنی ئیمپراتۆریەتی پارس هەبوونی سیاسی خۆی لەدەستدا. ئەم قۆناخە بە تایبەتی بەمجۆرە دەناسرێت کە بۆ یەکەم جار لە مێژووی ئیمپراتۆریەتی ئاشووری بە شێوەیەکی خوێناوی دەسەڵاتی بەسەر تەواوی رۆژهەڵاتی ناویندا گرت. ئەزموونەکانی ریشەکێش کردن و لە ناوبردنی پێکهاتە ئەتنیکییەکان لە بەڵگەکانی ئاشووریەکاندا بە شێوەیەکی شەرەفمەند و سەرفرازانە باس دەکرێت. پێغەمبەرەکان رێبەرایەتی جوڵانەوە ئازادیخوازەکانیان دەکرد و زیاتر لەسەر بنەمای پشتبەستن بە گروپەکانی تیرە سامیەکان دەرکەوتن و بە شێوەی ئەو ئایینە تاکخوداییانە بوون کە حەزرەتی ئیبراهیم بە باپیرەیان دادەنرێت, هەروەها بەرخودانی فیدراسیۆنە خێڵە بە ریشە ئاریەکان، کە راستەوخۆ پشتی بە وشیاری و رێبەرایەتی خێڵایەتی دەبەست, رۆڵی گرنگیان لەپێشکەوتنی مێژوویدا هەیە.

وەکو ئەنجام, ئەو پێشکەوتنە سیاسییەی لە بەرامبەر ئیمپریالیزمی سیاسی پێشکەوت و لە نێو رەوشێکی تێکچڕژاویدا ژیا و لە ژێر شێوەبەندی ئایینی تاکخودایی شێوەی فیدراسیۆنی تیرە و ئایدیۆلۆژیای وەرگرت, ناوەندەکانی کۆیلایەتی کلاسیکی رووخاند و هەرچەندە نەیتوانیبێت بگات بە سیستەمی شارستانیەتی دەرەبەگایەتی, بەڵام رۆڵێکی دیاریکراوی لە هەژاندن و گەیشتنی بە شێوەیەکی نوێ بینیوە. رۆڵی ئەم بەرخودانانە لە نەرمکردن و ریفۆرمکردنی سیستەمدا مسۆگەرە. گرنگی ئەم جوڵانەوە مەزنانە لەپێشکەوتنی پێوانەکانی ئازادی و رزگاری و لە پێکهاتەی رۆحی و هزری مرۆڤدا ناتوانرێت بچووك بکرێتەوە. قۆناخی یاخیبوون و گەڕان بە دوای فریادڕەسێك بۆ درکاندنی ئێش و ئازارەکان، لەلایەن ئەو گروپانەوە دەستیپێکردووە کە وەك کالا و سێبەرێکیان لێکراوە و دەچەوسێنرێنەوە و ئاراستەدەکرێن. ئەمە قۆناخی لێگەڕینێکی مەزنە. لەگەڵ پێکهاتە ئەتنیکییەکان قۆناخی دەرکەوتنی پێکهاتە سۆفیگەراییەکانە (میستیك) لە جوگرافیای رۆژهەڵاتی ناوین. ئەمە جۆرێکی نوێی پێکهاتەی کۆمەڵایەتییە؛ ئەمەش وەرچەرخانێکی کۆمەڵایەتی وەهایە کە بەبێ ئەوەی پێکهاتە ئەتنیکییەکەی بەرچاوبگرێت, لەسەر بنەمای تەریقەتی نهێنی، یەکتری وەکو برا پەسند دەکات. هەربۆیە جیا لە کۆمەڵگای چینایەتی و کۆیلەداری, هەم جیا لە کۆمەڵگای ئەتنیکی

وەکو سێیەمین شێوەبەندی کۆمەڵایەتی تەڤلی کاروانی مرۆڤایەتی بوو. لەمیانەی جوڵانەوەی ئەمجۆرە گروپە کۆمەڵایەتییانە هەروەکو بڵێی مێژوو بووە بە"**مێژووی ئایین و ئایینزاکان**". گوتنی مێژووی ئایینەکان کە دواتر دەبێتە شێوەی سەرەکی گوتنەوە, بەرهەمی ئەم پێشکەوتنەیە. ئیتر مێژووی رۆژهەڵاتی ناوین سەرتاسەر مێژووی شەڕی ئایینی و ئایینزاییە و لە چەرخی ناویندا دەگات بە لوتکە. ئەم وەرچەرخانانەی ئەم گروپانە پێیدا دەربازبوون شێوەی بەرایی گروپە خاوەن گەوهەرە فەلسەفییەکانە . پێبەپێ لێگەڕینەکان لە بواری ئایین بەرەو بواری فەلسەفییەوە دەڕۆن. هەروەکو چۆن پێشکەوتنە ئایینیەکان بە تایبەتیش ئایینە تاکخوداییەکان لە نێو بونیادی میتۆلۆژیاکانەوە پێشکەوت, نزیکبوونەوە فەلسەفییەکانیش لەلایەن زەمینەی ماددی شارستانیەت و جموجۆڵە دەرك پێکراوەکانی گروپە سۆفیگەرییەکان کاریگەری کراوەتە سەر و هاتوونەتە ئاراوە. پێویستی سیستەمی کۆیلایەتی بە ریفۆرم و پێشکەوتنەکانی لە پێکهاتە رۆحی و هزرییەکانی مرۆڤ هاتە ئاراوە, ئەوەی کرد بە ناچارییەك کە لە بواری هزردا هەنگاو بۆ قۆناخی فەلسەفە بهاوێژرێت.

## III - پێشکەوتنی بیری فەلسەفی و شارستانیەت
## (پوختەی مێژووی پێشکەوتنی رۆح و هزر)

پێشکەوتنی پێکهاتەی هزری مرۆڤ پەیوەندی بە ئاستی کۆمەڵگاوە هەیە. بێگومان بۆ گەشەکردنی مێشکی مرۆڤ و گەیشتنی قورگ بە ئاستێکی دیاریکراوی فیزیۆلۆژی، مەرجێکی لەپێشینەیە. بەڵام هەرچەندە ئۆرگانەکانی بیرکردنەوە و دەنگ پێشکەوێت, ئەگەر نەگەنە ئاستی بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی و بێکارمانەوە, ئەوا لەمیانەی ئەزموونەکاندا ئاشکرا بووە کە رەوشی پریماتیکی (بوونەوەرە سەرەکییەکانی پێش بوون بە مرۆڤ, کە جۆرێکی پێشکەوتووی مەیموونە ـ و) پێشکەوتوو تێپەڕ ناکەن. مسۆگەر دەربازبوون لە بیر و دەنگەوە بۆ زمان لەمیانەی ژیانێکی بە کۆمەڵ پێشدەکەوێت و هەنگاوی گەوهەری بە خۆیەوە دەبینێ. ئەو شێوازی لەمیانەی چەند هێمایەکی سنوورداری بیر, کە هاوکاتی ئاستی بەرتەسکترین و سەرەتاییترین شێوەی کۆمەڵگا تیرە (قلان) دێت, هێما و ئیشارەتە. یەکەمین شێوەی زمان پشت بە ئیشارەتدان دەبەستێت. هێشتا هێما و رەمزەکان زۆر لەوە دوورن کە دەربازی سیستەمی دەنگی (درکاندنی) وشەکان بن. کاتێ ئەو هێز و پێویستییە ژیانییەی کە ژیانی کۆمەڵایەتی هێناویەتە ئاراوە خۆی دەسەلمێنێ و پراکتیزەکردنی لە مێشکدا رەنگدەداتەوە, ئەوا زۆرباش دەزانرێ کە پێشکەوتنی هزر بەرەو زمان خێرا دەبێت. دەتوانرێ

ئەمە بە یەکەمین و گەورەترین شۆڕشی مێژوویی مرۆڤایەتی دابنرێت. "**هەبوونی کلتووری**" بە هەموو شتێك دەگوترێت کە بەرهەمی پێشکەوتنی کۆمەڵگا بێت, لە دوای دیاردەی بێ گیان (جامد ــ و), گیا, ئاژەڵ, وەکو دیاردەیەکی چوارەم مسۆگەرکرا, واتایەکی بەمجۆرە دەبەخشێ کە بنەمای پێویستی زەمینەی ماددی زمان و هزر هاتە ئاراوە.

گەشەسەندنی هزر و زمان لەم پێکهاتەیەدا رەنگدانەوەیەکی پاسیف نییە. بەردەوامبوونی ژیانی کۆمەڵایەتی لەمیانەی پەیوەندییەکی پتەوی دیالیکتیکییانە پشت بەم یەکەمین شۆڕشە دەبەستێت. دیالکیتکی کۆمەڵایەتی لەلایەن ئەو پەیوەندییەوە دیاریدەکرێت کە لە نێوان هەبوونی کلتووری و هێزی مێشکدا هەیە, وەکو یاساکانی پێشکەوتن حوکم دەکات و لەمیانەی پراکتیزەبووندا نوێ دەبێتەوە و بەردەوام دەبێت. ئەگەر ئەم هێزەی نیشاندا لە نێو نزیکترین هێزی کۆمەڵایەتیدا دەتوێتەوە و پەرتەوازە دەبێت کە حوکم و یاسای تێدا پەیڕەو دەکرێت. ئەمە بۆ تەواوی کۆمەڵگاکان دەبێت یاسای پێشکەوتن و بە ماتریالیزمی دیالیکتیکی مێژوویی ناودەبرێت. لەم چوارچێوەیەدا دەبینرێت کە پێشکەوتنەکانی هزری مرۆڤ بە چەند قۆناخێکی گرنگدا تێپەڕیوە.

آ ـ ئەو شێوازە بیرکردنەوەیەی لەسەر بنەمای پێکهاتەی هزر بۆ ماوەیەکی هەرە درێژخایەن بەردەوام بووە ئەو قۆناخەیە کە مرۆڤ هەموو شتێکی وەکو خۆی بە بوونەوەری زیندوو لە قەڵەم دەدا. وەها باوەڕدەکات و مەزەندە دەکات کە هەر ماددەیەکی سروشت جەستە, گیایی, گیانلەبەر بوونەوەرێکی زیندووە و بیردەکاتەوە. کاتێك بابەتی باوەڕ پێهێنان شتی (بێگیان) بێت، بەرەو "**فەتیشیزم**" دەچێ و لە یەکەم قۆناخیشیدا رۆحانییەتێك جێی باسە کە تەواوی بوونەوەرەکان دەگرێتەوە و بڵاوبوونەوەیەکی گشتی نیشان دەدات. لە تەواوی گروپە سەرەتاییەکاندا ئەم شێوازەی بیرکردنەوە دەبینرێ, بە کورتی سروشت بە زیندوویی دەبینرێت. لە راستیدا ئەم شێوازەی بیر کردنەوەی یەکەمین مرۆڤ هەڵە نییە. بەڵام کاتێك بە شێوەیەکی خۆخۆیی (عفوی) گشتگیر دەبێت بە واتای کەوتنە نێو هەڵەیەکی مەزن دێت. بێگومان, زیندوویی ئەنجامێکی پێشکەوتنی سروشتی یاخود دەرئەنجامی ئۆرگانیزاسیۆنی ئاڵۆزی ژێر هەلومەرجەکانە. بەم واتایە, مرۆڤ ماددەیەکە بیر دەکاتەوە. بەڵام گەیشتنی بە سیستەمێکی ئۆرگانیك (ئۆرگانیزاسیۆن) بە گەلێك قۆناخدا دەرباز دەبێت, لە بچووکترین ماددەکانی وزە تاوەکو پێکهاتنی پارچە ئەتۆمییەکان و سیستەمی خۆر و تاوەکو ئەستێرەکان, لە ئەستێرەکانەوە تاوەکو پێکهاتنی هەسارەکان, لە هەسارەکان تاوەکو پێکهاتنی کەش و هەوای گونجاو و توخمەکانی خاك و ئاو, لەوێوە تاوەکو پێکهاتنی جیهانی زیندەوەری یەکخانە و گیا و گیانلەبەرەکان و تاوەکو پێکهاتنی دوا بەرهەمی ئەو پێشکەوتنەی ملیاران ساڵ بەردەوام بوو, کە

ئەویش ئەو بوونەوەرەیە کە بیر دەکاتەوە "**مرۆڤ**" ماوەیەکی زۆر درێژ دەخایەنێ. بەم واتایە مرۆڤ ماددەیەکە بە هێزی بیر کردنەوە و گیان گەیشتووە. ناگوترێت مرۆڤ تەنیا ماددەیە, بەڵکو دەگوترێت ماددەیەکە بیردەکاتەوە. کەواتە یەکەمین مرۆڤ بە هەڵەدا نەچووە, لەبەر ئەوەی بۆ خۆی گیانلەبەرە و بیردەکاتەوە, پرەنسیپەکەی وەها پێویست دەکات هەموو شتێك بەمجۆرە وەکو خۆی ببینێ. لە راستیدا ئەم پرەنسیپە رووکاری خۆی دەگۆڕێت و بەردەوام دەبێت. ئەم پرەنسیپە کە دەتوانین پێی بڵێین پرەنسیپی "**خۆ بە سەنتەر زانین**" بە شێوەی "**بنەماڵەگەرێتی**" ، "**تیرەگەرێتی**" ، "**سەرۆك تیرە, خێل**" ، "**خانەدانێتی**"، "**دەوڵەتگەرایی**" ، "**موڵکایەتی تایبەت**" ، "**ئایین گەرایی**" ، "**هەموو جۆرەکانی تاکڕەوێتی**"، بەردەوام دەکات.

ئەم شێوازەی بیرکردنەوە "**شامانیزم**" سیحربازی دێنێتە ئاراوە. گەوهەری شامانیزم و سیحربازی ئەو ئەزموونەیە کە لەمیانەی رێکخستنی هەندێ رێوڕەسمی، بە پشتبەستن بە (ماکێت) کۆکڵەی ئەو دیاردانە پێشدەخەن کە دەخوازن کاریگەری لەسەر بکەن و بخوازن بیخەنە نێو ئەو رەوشەی کە مەبەستیانە. ئەو گۆڕانکارییانەی زانست کە بە پێی یاساکانی مادده پێکدێت ئەم شامان و سیحربازانە دەخوازن لەمیانەی رێوڕەسمی ئەم یارییانەوە ئەنجامی بدەن کە لەمیانەی ساکارییەکی منداڵانە رێکیدەخەن. دەشێ شێوەکانی پراکتیزەکردنی ئەم شێوازانەی بیر کردنەوە (بێ‌واتا) بێت، بەڵام سەبارەت بە نیشاندانی ئیرادەی گۆڕانکاری، قۆناخێکی مەزن و سەرەتای پێشکەوتنە. بەر لە هەموو شتێك بیر لە پەیوەندی نێوان دیاردەکان دەکاتەوە, موداخەلە دەکات و لەو باوەڕەدایە ئەنجام بە دەستدێنێ. کاتێك ئەوە بێنینە بەرچاو کە لەو کەسانە پێکهاتووە، لەو سەردەمەدا خاوەنی پێشکەوتنی هزر و رۆحن و لە بواری پراکتیکیشدا بە تایبەتی لە بواری نێچیرگرتن و کۆکردنەوەی بەروبووم خۆیان سەلماندووە, ئەوا بۆمان روون دەبێتەوە ئەم شامان و سیحربازانە رووبەڕووی رۆڵێکی چەندە گرنگ و زەحمەت بوونەتەوە. نابێ بە گوێرەی خۆمان ئەمە راڤەبکەین, بەڵکو ئەگەر ئەمە پێوانە بکەین کە لە نێو ئەو هەلومەرجە سەختەی ژیانی ئەو سەردەمە، هەبوونی ئومێدێك تا چ رادەیەك رۆڵێکی گرنگی لەسەر پێ مانەوەی کۆمەڵگادا دەبینێت, دەتوانین واتایان پێبدەین. بە واتایەك ئەمانە رۆڵی یەکەمین زانا و پراکتیك زان دەبینن.

تایبەتمەندییەکی دیکەی ئەم شێوازەی بیر کردنەوە ئەوەیە کە هێشتا نەگەیشتۆتە قۆناخی خوداوەندی و ئایین. راستتر بڵێین ئەم شێوازە، پێکهاتەی هزر و باوەڕی ئەو بنەماڵە و تیرە سەرەتاییانە پێکدێنێت کە ٩٨٪ تەمەنی مرۆڤایەتیان پڕ کردۆتەوە, واتا یەکەمین ئایین پێکدێنێت. هەربۆیە دەشێ شامانیزم و سیحربازی بە یەکەمین دەربڕینی خاوەن دەزگا و رێکخراوی پێشکەوتنی

هزر دابنرێت. لە نوێبوونەوە و بەردەوامکردنی ئەم دەزگایانەدا رۆڵێکی هاوشێوەی پێشەنگایەتی دەبینێت. شامانەکان پێبەپێ لە ناو ئەو گروپانەی جێگای خۆیان تێداگرتووە، بوونەتە بنەماڵەی لەپێش و گرنگییان پەیداکردووە, ئەمە هۆکارێکی لەپێشینەی دەربازبوونە بەرەو سیستەمی تیرەیی باوکسالاری و دایکسالاری. ئاستی یەکسانی نێو کۆمەڵگا و هەلومەرجەکانی بەرهەمهێنان دەرفەت بەوە نادات لە پەیوەندی نێوان ژن ـ پیاو باڵادەستی پلەداری دەربکەوێت. ئەو ماددە, گیا, یاخود ئاژەڵانە دەکەن بە سەمبۆڵ کە بە رادەیەکی هەرە زیاد لە نێو ژیاندا پێیانەوە پەیوەندیداردەبن. ئەم رەمزانەی کە دەکرێن بە نازناو و ناسنامەی تیرە بە تەوتەم ناودەبرێت. ئەو رێز و باوەڕییەی بەرامبەر بە تەوتەم نیشاندەدرێت، لە راستیدا دەربڕینی سەمبۆڵی پابەندبوونیانە بە باپیرانیان و هەبوونی خۆیان؛ واتای هەستکردنە بە هێز و ناسنامەی خۆیان. لە پێکهاتەی باوەڕی ئەم قۆناخە درێژخایەنە وەکو گەوهەرێك باوەڕی بە زیندوویی هەموو شتێك دەکرێت, پیرۆزی بەو ماددە, گیا و ئاژەڵانە دەدرێت کە لەگەڵیاندا پەیوەندیدارن. ئەمەش بە "**مانا**" ناو دەبرێت. بە واتایەکی دیکە "**مانا**" دەبێتە بەهای ئەو رەنجەی کە بۆ ئەم ماددەیە خەرج دەکرێت کە پێیەوە پەیوەندیدارن. ئەمە لە رێگای تەوتەمەوە دەکەن بە رەمزێك و لێی بە خاوەن دەردەکەون و دەیپەرستن. لەدوای تەوتەم هەنگاو بۆ ئایینە فرە خوداوەندییەکان دەهاوێشترێت.

ب ـ شۆڕشی کشتوکاڵی و ماڵیکردنی ئاژەڵ رێگا لەپێش تەشەنەکردنی شێوەی بیرکردنەوەش دەکاتەوە. خاك, دانەوێڵەی چاندن, دارەکانی میوە و ئەو ئاژەڵانەی لە زۆر لایەنەوە سودیان لێدەبینرێت, دەردەکەونە پێش. سەرنجی مرۆڤ دەکەوێتە سەر ئەو بوونەوەرانەی کە زۆرترین توانستی ژیانیان پێشکەش دەکات. مرۆڤ دەخوازێ بیانناسێت و لەپێناویاندا رەنجدەدەن و بە پیرۆزیان دەبینێ, باوەڕی بە هەبوونی تایبەتمەندێتی نائاساییان دێنێ. کاتێك لە رۆڵی ژیانی وەرز و خۆر و باران تێدەگەن کە بۆ کشتوکاڵ و بەخێوکردنی ئاژەڵ هەیانە, زیاتر پابەندی ئەوانە دەبن و بە پیرۆزیان دادەنێن. ئەم دیاردانەن کە بوونی کۆمەڵایەتی مرۆڤی واتادار و دەوڵەمەند کردووە. بەهۆی گرنگییە ژیانییەکەیان بە بەراورد لەگەڵ بوونەوەرەکانی دیکە، ناوی تایبەت لەم دیاردانە دەنێن و پێبەپێ دەکرێن بە خوداوەند. لە تەوتەمەوە دەربازبوون بۆ خودا لەمیانەی پەیوەندییەکی قووڵ بە نیۆلیتیکەوە روودەدات و قۆناخێکی مەزنی پێکهاتەی هزر و باوەڕییە. سەبارەت بە هزری مرۆڤ و پێناسە کردنێکی نزیك لە راستی سروشت و دەرك کردن بە تایبەتمەندێتیەکانی، بەرهەمدارترین قۆناخە.

گروپە مەزنەکانی زمان کە لە مێـژەوە تـا رۆژگـاری ئـەمرۆمان هـەن، بەرهـەمی ئـەم قۆناخەیـە. گروپی زمانی سامی عەرەبستان و باکووری ئەفریقیا, گروپی هیندۆ ـ ئەورووپی بە ریشە ئارین کە لە هیندستانەوە تاوەکو ئەوروپا و ئەمریکا درێژدەبنەوە, لە باکووری ئەم هێڵەش گروپی فین ـ ئەویگار یاخود اورال ـ ئالتای گروپی قـەفقاس باسـك ــ دەریـای سـپی بـە گرانـی لـەم سـەردەمەدا پێکهـاتوون. لەبـەر ئـەوەی کلتـووری ئاریـانی شۆڕشـی کشـتوکاڵی ئەنجامـداوە, بۆیـە گروپێکـە خـاوەن زیـاترین و بـەرفراوانـترین کاریگەرییـە. چـەندە زاراوەی هـزری سـەرەکی هـەن کـە گرێـدراوی ژیـانی کشـتوکاڵین, سەرچاوەی خۆی لەم گروپە زمانە وەردەگرێت.

لەبەر ئەوەی هێزی پێشەنگی قۆناخی کشتوکاڵ و ماڵیکردنی ئاژەڵ ژن بوو, بۆیە شێوازێکی ژنان مـۆری خـۆی لەپێشـکەوتنەکانی هـزر و زمـان داوە. تـاوەکو ئێسـتا لـە چـەندین زمانـدا ئـەم پاشـگر و پێشگرانە بە کاردەهێنرێت. هەروەها لەبەر ئەوەی پێگەیاندنی دانەوێڵە و مـاڵیکردنی ئاژەڵـەکان بـە گرانی گر ێدراوی هـزر و پراکتیکـی ژن بـوو, ئەمـە رێگـای لـەپێش ئـەوەدا کـردەوە ببێتـە خوداوەنـدە دایکی تەواوی ئەم بەرهەمانە. لەمیانـەی ئـەو پەیکەرانـەی ژنـان کـە لـەو سـەردەمە ماونەتـەوە و لـە هـەموو شـوێنێکی نیشـتەجێی نیۆلیتیـك دانـراون, ئـەم راسـتییەمان بـۆ روونـدەبێتـەوە کـە ژن وەکـو خوداوەندێکی دەسەڵاتدار و بەربڵاو بۆتە خاوەن گرنگی و رۆڵ. ژن, هاوشێوەی خاکـە بـە پیتـەکان و دایکە خوداوەندی زایینە (ولادة). ژن دەبێتە خاوەنی پیرۆزییەکی مەزن, ئایینی کۆنی تەوتەم دەخاتە پلەی دووەم, بیر و باوەڕی خۆی زاڵدەکات, وەکو خـۆر, مـانگ, ئەسـتێرە و بـەها ئاسمانییـەکان بـەهای پێدەبەخشێت. لە زمانی ئاریان"**ستارك**" هەم بە واتای خودا, پیرۆزی مەزن, هەم بە واتـای ئەسـتێرە دێـت. بــە تــەنیا زاراوەی ســتار بــە شـێوەیەکی گــرنگ پێناســەی راســتینەی ئــایینی ئــەو قۆناخــە روونـدەکاتەوە. لەبەر ئەوەی ئاژەڵی وەکو گـامێش, چێڵ, بـزن و بـەراز بایەخـداربوون، دەگەیەنرێنـە ئاسـتی خوداوەنـدی و دیمەنـەکانیان بـە کاردەهێنرێـت. هـەر شـوێنێکی خوداوەنـدە ژنـەکانی لێبێـت, ئەوانیش هەن، لە گەلیاندا هاوبەشن. گامێشی بە ناوی ئـاپیس یـەکێك لـە گـرنگترین خوداوەنـدەکانی میسرە. "هۆرۆس" واتە بزن بوونەوەری پیرۆزن. تاوەکو ئێستا چێڵ لە هیندستان دەستی لێنادرێت.

دانەوێڵەی وەکو گەنم و گەنمەشامی، داری وەکو مازوو، دارمێو لە نێو ئەو بوونەوەرانـەدا جێگـای خۆیان دەگرن، کە خاوەنی پیرۆزییەکی خودایین و وەکو نیعمەتی سەرەکی دەبینـرێن. هێـزی "**مانـا**" لــە ئایینــەکانی پێشــودا بــەربڵاوبوو, بــۆ ژمارەیــەکی کــەمی بوونــەوەرەکان گواســتراونەوە, بــەڵام گرنگیەکانی لە رێزی پێشەوە دێت و, ئەو ژمارە زۆرەی کـە لـە تەوتەمەکانـدا هـەبوو داخراوەتـە نێـو خوداوەندە سنووردارەکان و, گەورەترین بوونەوەریش سـەمبۆلی هێـزی زایـین خوداوەنـدی دایکـە. لـە

ئاستی هەرێمەکاندا ناوی خوداوەندە ژنەکانیش دەردەکەوێت. تەنانەت یەك پەیکەری پیاو بوونی نییە و نابینرێت. پیاو لە باوەشی خوداوەندی ژن ـ دایك وەکو کوڕ ـ یاخود مێرد گرنگی خۆی هەیە. دووانەکانی عەشتار ـ دوموزی، ئیسیس ـ ئۆسیریس، ئافرۆدیت ـ ئادۆنیس، کیبەلە ـ ئادیس میتۆلۆژیاکان، نوێنەرایەتی کلتووری خوداوەندی ژن ـ دایك دەکەن کە سەرچاوەکەی لە قۆناخی نیۆلیتیك دێت و بناخەی کلتووری تەواوی مرۆڤایەتی پێکدێنێت. لێرەدا گرنگترین مەسەلە کە پێویستە لێی تێبگەین، ئەوەیە کە قۆناخێك بەر لە مێژوو هەبووە کە پیرۆزی و پێشەنگایەتی ژن لە ئارادابووە و پیاویش وەکو منداڵێکی هەژار گرێدراوی ژن بووە.

ج ـ هەروەکو چۆن شۆڕشی شار رەنگدانەوەی لەسەر پێکهاتەی کۆمەڵگا هەبوو، ئەوا رێگای لەپێش گۆڕانکاری بنچینەیی پێکهاتەی هزردا کردووە. مەزنترین نوێبوونەوە تێگەیشتن و دەرککردن بەوەیە کە کاریگەرییەکی راستەوخۆ لە نێوان یاساکانی قۆناخە سروشتییەکان و هێزە کۆمەڵایەتییەکاندا نییە. ئاستێکی هزری بەمجۆرە بەدیهاتووە کە لەمیانەی چالاکییە تاکەکەسییەکان کاریگەری لەسەر قۆناخە ئاساییەکان ناکات. ئیتر شامانیزم و سیحربازی گرنگی پێشوویان لەدەستداوە.

فاکتەری نوێی ئایینی ئەو پەرستگایەی لە دەوری شار دا ئاوا کراوە و راهیبەکەیەتی. ئەگەری ئەوەش هەیە کە کاریگەری شامانیزم و سیحربازی لە راهیبدا کۆبووبێتەوە. سیستەمێکی نوێ و خاوەن دیسپلین بۆ ئەو کۆمەڵگایە پێویستە کە دووچاری ئاڵۆزی هاتووە. سەرچاوەیەکی دیکەی پیرۆزی بۆ سیستەم پێویستە کە بەردەوام بایەخێکی خاوەن پیرۆزی پێدراوە. راهیبە سۆمەریەکان ئەم سیستەمەیان لە هێمنی و جموجۆڵە رێکوپێکەکەی ئاسمانی میزۆپۆتامیا دۆزیوەتەوە. سیستەمێکی سەرسووڕهێنەر لە ئاسمان بەڕێوەدەچێ. لەبەر ئەوەی پیرۆزترین سیستەم، سیستەمی ئاسمانە، ئەو سیستەمەی لەسەر زەوی بە بنەما بگیردرێت سیستەمی ئاسمانە. ناچارن سیستەمی رێکوپێکی تەنە ئاسمانییەکان بۆ جوڵانەوەکانی مرۆڤ لە ناو کۆمەڵگا بە بنەما بگرن. کەس ناتوانێ دژی بوەستێ و شتێکی بەمجۆرە بە خەیاڵی کەسیشدا نایەت. بیر و باوەڕییەکی بە هێز و جددی ئەمەش جێگای باسە. واتا ژمارەی خوداوەندەکان تا رادەیەك کەم دەبێتەوە و لە ئاسمان و ئەو بوونەوەرانە رەنگدەداتەوە کە نوێنەرایەتی ئاسمان دەکەن.

هاوکاتی ئەمەش قۆناخێکی زاراوەکان لە هزری مرۆڤدا دێتە ئاراوە. هزری مرۆڤ بەهێز بووە. شێوازی نوێی بەرهەمهێنان تا رادەیەکی مەزن رێگای لەپێش بەرهەمی زێدە کردۆتەوە. ئەو کەسانەی تەنیا کاتی خۆیان بە خۆ خەریککردن بە خەیاڵە هزرییەکان بەسەر دەبەن، زۆر بە سانایی بەشیان

لەو بەرهەمە زیادە جیادەکرێتەوە. کۆکردنەوەی ئەم بەرهەمە زیادانە لە عەمبارەکانی پەرستگاکان, لەگەڵ خۆیدا باوەڕییەکی مەزن بۆ راهیبەکان دێنێ کە لەم شۆڕشەدا رۆڵی پێشەنگایەتی دەگێرن. بەرهەمی زیادە بۆ ئەم چینە نوێیەش گەرەنتییە کە لە دەوروبەری راهیبدا کۆبوونەتەوە. ئەمە ئەو چینەیە کە رۆڵی بەرێوەبەرایەتی دەگێرێت و پێ بەپێ دەبێتە خاوەنی موڵك. رەنگدانەوە ئایدیۆلۆژیاکەی نوێنەرەکانی هێزە خوداوەندییە ئاسمانییەکانە لەسەر زەوی. **زیگوراتەکان** (زەقورەکان) وەکو ئەو بڕیارگایە وایە کە یەکینەکانی خوداوەند و نوێنەرەکانیان دەگەیەنێتە یەکتری. لە نهۆمی سەروو راهیب بەردەوام خەریکی کارەکانی خودایییە و لەمیانەی سەیرکردنی هەسارە و تەنە ئاسمانییەکان ئیلهام دەگرێت و پێشبینییە نوێیەکانی دەئافرێنێ. لە ژێرەوەش ئەو حوکمە خوداییانەی بۆ بەندەکانی روونکردۆتەوە کە مسۆگەر پێویستە جێبەجێ بکرێت و رەوشێکی عیبادەت کردنیانی بۆ رەخساندووە. شۆڕشی نوێی ئایینی بە شێوەیەکی رێکوپێك لە بڕیارگەدا سەرکەوتووە. بە ئەندازەی ئەوەی نوێنەرایەتی هێزە سروشتیەکان دەکات, لەهەمانکاتدا بە شێوەیەکی تۆکمە جیهانی خوداوەندەکان ئاواکراوە کە کۆمەڵگا لە ژێر ناوییەوە بەرێوەدەبن.

ئەو سیناریۆیەی بەر لە دەرکەوتن و لەگەڵ چینی باڵادەست نووسرا، دوای ئەوەی شانۆگەرییەکەی لەمیانەی شێوەیەکی پیرۆزی عیبادەت کردن لە تەواوی رۆح و هزرەکاندا نەخش کرا, ئیتر چینی باڵادەست بە مەزنایەتی رووخسارێکی خودایی خۆی نیشانی خزمەتکارەکانی دەدات کە بوونەتە بەندە. بە ئەندازەی ئەوەی لەمیانەی دووڕوویییەکی مەزن ئەنجامدراوە, ئەوا ئەو هزر و میکانیزمە نوێیەی ئایین کە لەمیانەی باوەڕهێنان بە باوەڕپێهێنانێکی مەزنەوە تەواوی رۆح و هزرەکانی بەکارهێناوە و تەسلیمیگرتوون. هەروەکو قاڵبی وەرزی ساڵ دووبارە دەبێتەوە و لەمیانەی گۆڕانکاری و وەرچەرخان تاوەکو رۆژگاری ئەمرۆمان بەردەوام دەبێت. ئەوەی بە شێوەیەکی بەهێز لە بۆهێڵەکانی (جین) مرۆڤەکانی رۆژهەڵاتی ناویندا جێگیر کراوە و بە ئەندازەی بەهێزیمان بناخەی لاوازیمانە, راستینەی بیر و باوەڕی سیستەم و داب و نەریتە کۆمەڵایەتییەکانە. ناوی کامە ئایین و هێزێکی لێبنرێت، ئەوەی بناخەکەی بە شێوەیەکی پتەو دانراوە و وەکو بەرداشە کۆنەکان تاوەکو ئێستا هزر و رۆحمان دەهاڕێت، چەرخی ئەم هزر و باوەڕییەی سیستەمە.

هەرچەندە هەستی پێنەکرێت, بەڵام شێوازی باوەڕی و بیرکردنەوەی سۆمەر ئەگەر بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆش بێت تاوەکو ئێستا کاریگەری لەسەر پێکهاتەی هزری و رۆحی مرۆڤایەتی بەهێزە و سیستەمێکە بایەخێکی جیهانی هەیە. سۆمەریەکان چەندین شێوەی هزر و ئایینیان لە ژێر گۆڕانکاریدا تێپەڕاندووە, بە گوێرەی هەلومەرجەکانی خۆیان گونجاندووە و گۆڕیویانە. هەروەها

دیسان بە گوێرەی سەردەم ئەوەی لە هزری فەلسەفییەوە تا دەگاتە هزری زانستی لەمیانەی بەکارهێنانی پەیوەندی دیالیکتیکی, سەرچاوەی سەرەکی دەستپێکردنی ئەوجۆرە وەرچەرخانانەیە.

سیستەمێکی بەهێزی پێوانەکان لە پێکهاتەی هزری و ئەخلاقی مرۆڤدا جێگیرکراوە. بە گوێرەی سیستەمەکانی پێشوو ئەو هێزەی شارستانیەتی هێناوەتە ئاراوە، قاڵبەکانی سیستەمە. لەبەر ئەوەی دەزگای نووسین و ئەدیبەکانی بە شێوەیەکی بە توانا بەڕێوە بردووە, توانیویەتی پایەداری و بالآبوونێکی بێچەند و چوون ئاوابکات. لەمیانەی ئاواکردنی هەماهەنگییەکی تەواو لەگەڵ هونەر بە تایبەتیش لەگەڵ مۆسیقا, لەم بوارەدا خاوەنی شێوازێکی بەمجۆرەیە کە تاوەکو رۆژگاری ئەمڕۆمان بە باشترین شێوە گوزارشت لە هەماهەنگی نێوان مۆسیقا و ژیان دەکات. ئایین سەرچاوەی سەرەکی مۆسیقاشە.

مەترسیدارترین لایەنی ئەم شێوازەی باوەڕی و بیرکردنەوە, بەهێزی تایبەتمەندێتی دۆگماتیکییە. ئەم دوگماتیزمەی لەسەر بنەمای هزری مرۆڤ ئاواکراوە, بناخەی تەواوی ئەو باوەڕی و هزرە دۆگمایانەیە کە لەمیانەی گۆڕانکارییەوە تاوەکو رۆژگاری ئەمڕۆمان هاتووە. لە سەردەمی جێگیربوون و بە دەزگابوونی کۆیلایەتیدا, زۆر زەحمەتە ئەم شێوازەی باوەڕی و بیرکردنەوە, بە واتایەکی دیکە لە ژێر کاریگەری چەمك و پراکتیزەکردنی ئاییندا زۆر زەحمەتە. لە زانیارییەوە بۆ زانست و فەلسەفە هەنگاو بهاوێژرێت. لە مێژووی شارستانیەتدا یاسایەکی گشتی بەمجۆرەیە هەیە: ئەو کلتوورەی بە شێوەیەکی هەرە زۆر شێوازی کۆمەڵایەتی پەرەپێبدات, ئەو کلتوورەیە کە هەرە زێدە بەرامبەر گۆڕان بەرخودان دەکات, بە سانایی دەست لە کلتووری خۆی بەرنادات, رۆژهەڵاتی ناوین ئێشی ئەم یاسایە دەکێشێ. تا چ رادەیەك ئەمە راستە کە هۆی بلاوبوونەوەی شارستانیەتی سەرمایەداری ئەوروپا بە شێوەیەکی سەرنج راکێش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بە شێوازی شارستانیەتی رۆژهەڵاتی ناوین نەژیاوە, ئەوا پێچەوانەی ئەمەش هێندە راستە. واتا کاریگەری قووڵی شارستانیەتی کۆیلایەتی لەسەر رۆح و هزر, وایکردووە هەرسکردن و دەزگابوونی رۆح و هزری سەرمایەداری لە رۆژهەڵاتی ناوین ئاستەنگ بێت. هەروەکو چۆن قەد و رەگی دار رێگا لەپێش چەکەرە کردنی چرۆی نوێ دەکەنەوە, ئەوا بە پێچەوانەوە لقێکی نوێ سەر بە رەگ نەبێت خۆی ناگرێت و دەهەژێت. ئەمە بۆ کلتووری ناوچەی هیلالی زێڕین کە شۆڕشی کشتوکاڵی هێناوەتە ئاراوە, بابەتێکە کە کاریگەرییەکی قووڵی بەجێهێشتووە. تاوەکو ئێستا ئەو ناوچەیە لە ژێر کاریگەری بەهێزی کلتووری نیۆلیتیك و خورەوشت و داب و نەریتەکانیدا دەژیت.

بەڵام ئەوەش مسۆگەرە هەروەکو چۆن ئەگەر شۆڕشی گوندی کشتوکاڵی نەبێت، ناشێ شۆڕشی شار و شارستانیەتی کۆیلەداری بێتەئاراوە, ئەوا بە پێی هەبوونی فاکتەرە ئایدیۆلۆژیاکانی شار و پێکهاتەی کۆمەڵگای چینایەتی و شارستانیەتی کۆیلەداری بە شێوازی هزری فەلسەفیش ناگەن. بە گوێرەی یاساکانی دیالیکتیکی ئەو شێوازە هزرییەی لە ئەنجامی شەڕی شێوازی فەلسەفی دێتە ئاراوە شێوازی کۆیلەدارییە. لێرەدا ناکۆکی فەلسەفە لەگەڵ کلتووری نیۆلیتیك نییە، بەڵکو لەگەڵ کلتووری کۆمەڵگای چینایەتییە. هەروەها فەلسەفە دەتوانێ پێویستی کات و خۆشگوزەرانی لە نێو سیستەمی کۆیلایەتیدا ببینێتەوە کە لەسەر بنەمای ئەو بەرهەمە زیادە دێتە ئاراوە کە کۆمەڵگای چینایەتی رێی لەپێش کردۆتەوە. لەمیانەی رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ یاسا و بەهاکانی سیستەمی کۆیلایەتی هێزی ناکۆکی جەمسەری دژ پێشدەخات.

**د ــ هزری فەلسەفی:** بەبێ ئەوەی پشت بە میتۆلۆژیا و دۆگما ئایینیەکان ببەستێ, هەوڵی روونکردنەوەی راستینەکانی کۆمەڵگا و سروشت دەدات. گەیشتنی هزری مرۆڤ بەم ئاستە, بەرهەمی گەشە کردنی کۆمەڵگایە. بوێری هزری تاکەکەس بۆ هەنگاو هاوێشتن بەرەو هزری فەلسەفی هەنگاوێکی مەزنی ئازادییە. بۆ یەکەمین جار مرۆڤ لەسەر بنەمای پشت بە خۆبەستن روونکردنەوە سەبارەت بە هەبوونی خۆی دەکات. خودی ئەم نزیکبوونەوە هەنگاوی پارچەکردنی قاڵبە جێگیرکراوەکانە. هەروەکو چۆن ئایینی تاکخودایی بتە تەوتەمییەکان و ئەنجوومەنی خوداوەندەکانی بەلاوەنا و رێگای لەپێش گۆڕانکاری بنچینەیی پێکهاتەی هزر کردەوە, هزری فەلسەفیش بەبێ خودا, یاخود بەبێ ئەوەی خودا بخاتە ناو مەسەلەکان، سەلماندی ئەم گۆڕانکارییە روودەدات و گەورەترین شۆڕشی لە مێژووی هزردا ئەنجامدا. ئەو هزرە کۆمەڵایەتییەی کە پشت بە میتۆلۆژیا و قالبە ئایینیەکان دەبەستێت باوەڕی بە کۆیلەبوون یاخود پشتبەستن بە لایەك و خۆ گونجاندن بە گوێرەیان وەکو پێویستییەکی ژیان و گوزەران دەبینێ. لەم پێکهاتە هزرییەدا دوورکەوتن یاخود دەرکەوتن لە دۆگما و باوەڕی و شێوازی عیبادەتەکەی, یەکسانە بە مردن و لە ناوچوون. ئەمە مەزنترین سزایە. بەهێزی و بێهێزی ئایدیۆلۆژیە دۆگماتیکەکان لەم تایبەتمەندێتیەوە سەرچاوە دەگرێت. تاك وەکو پەیڕەوکارێکی رەهای بێچەندوچوونی کۆمەڵگایە و پێیەوە گرێدەدرێت. لە بونیادێکی ئایدیۆلۆژی بەمجۆرەدا کۆمەڵگا لەمیانەی ئەو سەمبۆلانەی باوەڕی پێهێناوە و ئەو هێزەی بە بەهاکان دەبەخشرێت، دەتوانێ هەست بە بەهێزی خۆی بکات. بەڵام لەبەر ئەوەی لە قۆناخی تەنگژە و قەیراندا پێکهاتەیەکی هزری سەربەخۆ لە ئارادانییە کە ئەلتەرناتیف بخوڵقێنێ, ئەم

کۆمەڵگایە یان دەڕووخێ, یاخود خۆی دەخاتە باوەشی کۆمەڵگای پاشکەوتووتر, یان ئەوەتا لەلایەنی هێزێکی باڵادەست و پێشکەوتووتر دووچاری توانەوە و سڕینەوە دەبێت.

پێکهاتە بەهێزەکەی هزری دۆگماتیکیانەی رۆژهەڵاتی ناوین تەواوی ئەم ئەنجامانەی هێناوەتە بەرچاوان. بۆ نموونە کۆمەڵگای سۆمەر سەرەڕای ئەوەی خاوەن پێکهاتەیەکی نا ئاسایی بوو, لەسەردەمی قەیراندا لە شکستهێنان بەرامبەر تیرە بچووکەکانی چیا و بیابان رزگاری نەبووە. میسریش دووچاری هەمان چارەنووس هاتووە. سەرەڕای ئەوەی یۆنان و رۆما خاوەنی بنەمایەکی دیاریکراوی فەلسەفی بوون, بەڵام لە ئەنجامی ئەو داخراوییەی هزری کۆمەڵگای کۆیلایەتی، رێگای لەپێش هەڵوەشانەوە و رووخان و پەرتەوازەبوون کردەوە. بێگومان کاریگەری پەیوەندییەکانی موڵکایەتی کۆیلایەتی لەسەر شێوازی بەرهەمهێنان بناخەی ئەم رەوشە پێکدێنێ. بەڵام لە رێگای بەرخودانی پێکهاتەی ئایدیۆلۆژی، کە بەسەر تەواوی پێکهاتەکانی کۆمەڵگادا زاڵە، کۆسپی خستۆتە پێش کە لەسەر بنەمای تێپەڕاندنی قۆناخ قەڵەمبازێك ئەنجامبدات. ئەنجامنەدانی قەڵەمباز لە پێکهاتەی ئایدیۆلۆژیدا بێچارەیی و پەرتەوازەبوونە. پێکهاتەی دۆگماتیکی کە لە ناوەوە بەسەر هزردا زاڵە, وەکو کۆسپ و ئایدیۆلۆژیای بێچارەیی لە ناو کۆمەڵگاکاندا رۆڵ دەبینێ. درێژخایاندنی کۆیلایەتی چاخی دێرین لە نزیکەوە پەیوەندی بە زاڵبوونی هزری دۆگماتیکییانەیە بەسەر پێکهاتەی ئایدیۆلۆژی کۆمەڵگا. هەروەها لەبەر ئەم هۆیە دەرکەوتنی پێغەمبەرەکان بەهایەکی مەزنی پێدرا و هەر یەکە و بە هەڵمەتێکی شۆڕشگێڕی لە قەڵەمدراون, چونکە چەندین درزیان لەو پێکهاتە دۆگماتیکانە کردەوە کە دژی دەرکەوتبوون. پابەندبوونی شۆڕشی حەزرەتی ئیبراهیم بە شکاندنی بتێك, یەکەمین ئامانجی حەزرەتی مەحەمەد بەرەو بتەکانی کەعبە بوو, تەنانەت نیشاندانی گەورەترین نەفرەتی موسا بەرامبەر **"ئەوانەی گۆلکی زێڕین دەپەرستن"**. هەر لەبەر ئەم هۆیەیە لەسەردەمی خۆیاندا گرنگییەکی دیاریکراویان هەیە. بە ئامانج گرتنی سروشت و پارچەکردنی بۆ ئەم سەردەمانە، بە واتای شۆڕشێك دێت.

هەروەکو دەبینرێ قەیران و بێچارەیی ناوەندەکانی لە دایکبوونی شارستانیەتی کۆیلایەتی, لە لایەك رێگا لەپێش نیمچە دەوڵەتەکانی دەوروبەر دەکاتەوە کە نەرمتربووە و وشیاری ئەتنیکییەکەی بەهێزبووە, لە لایەکی دیکەوە لە بواری ئایدیۆلۆژیدا هەوڵدەدات لە رێگای لێگەڕینەکانی ئایینی تاکخودایی و سۆفیگەرایی رێگای دەربازبوون بدۆزێتەوە. دەرفەتی پێشکەوتنی فەلسەفە لەو هەلومەرجانەدا گونجاوترە کە گروپە رۆحانی و سۆفیگەراییەکانی تێدا زۆرە. دەرفەتی بیرکردنەوەی سەربەست لای ئەم گروپانە زیاترە کە دەتوانین وەکو ئەزموونی ئەو گروپانە ناویان ببەین کە بە

نهێنی دژی ئایدیۆلۆژی فەرمی کۆیلەداری سەرهەڵدەبڕن. لەوە زیاتر کە ببن بە خاوەنی دۆگمای دیاریکراو, لە نێو لێگەڕینێك دان تاوەکو سیستەمێك بدۆزنەوە خۆیان پێیەوە گرێبدەن و هزر و رۆحیان تێربکات و ترسەکانیان بڕەوێنێتەوە. ئەم گروپە رۆحی و سۆفیگەراییانە هەروەکو بلێی تەریقەتی چاخە دێرینەکانن.

فاکتەرێکی دیکەی گرنگ کە رێگای لەپێش هزری فەلسەفی کردەوە, پێشکەوتنی ئامرازەکانی بەرهەمهێنانە. شارستانیەتە یەکەمینەکانی کۆیلایەتی بە شێوەیەکی سەرەکی لەسەر بنەمای سەردەمی دۆزینەوەی مسی بەرزبوونەتەوە. بە مولککردنی مس, ئامرازەکانی کشتوکاڵ و پیشەکاری و ئامرازی سەربازی کە لەم کانزایە دروستکران, توانایەکی مەزنی بەهێزبوونی داوەتە دەست چینی کۆیلەدار. نەبوونی ئەم ئامرازانە و سنووورداربوونی بە ناوەند، پێکهاتە ئەتنیکییەکانی بە لاوازی دەهێشتەوە؛ بە ئەندازەی ئەوەی ئەم ئامرازانەیان بەدەست دەهێنا، بەرخودانەکانیان سەردەکەوت. بەڵام بڵاوبوونەوەی ئامرازەکانی ئاسن لە ساڵانی ١٠٠٠ پ.ز کاریگەرییەکی مەزنی دیموکراتییانەی کرد و بە جۆرێك بڵاوبۆوە کە گەیشتە دەستی زۆرترین خەڵك و تەنانەت کەوتە دەست هەژارانیش. لەمیانەی ئامرازەکانی ئاسن، بەرهەمهێنان و پاراستن گەیشتە بەرزترین ئاست. ئەمە هەم بە مانای دەوڵەمەندی, هەم بە مانای ئاسایش دەهات. ئاسایش و دەوڵەمەندی هەم رێگای لەپێش خۆشگوزەرانی، هەم رێگای لەپێش زیادبوونی کاتی بێکاری و دەستبەتاڵی دەکردەوە. هەروەها فەلسەفەش زەمینەی کۆمەڵگایەکی بەمجۆرە دەکاتە مەرجێکی لەپێشینە. دەرکەوتنی کلاسیکییە مەزنەکانی فەلسەفە لە سەدەکانی ٥ , ٦ ی پ.ز شتێکی لە خۆڕانییە, گرێدراوی پارچەبوونی پێکهاتە ئایدیۆلۆژیەکانی کۆمەڵگای کۆیلایەتی چاخە دێرینەکان و شکاندنی پاوانکاری سەر ئامرازە سەرەکییەکانی بەرهەمهێنانە. "**چاخی کلاسیکی**" سیستەمی کۆیلایەتی (ماوەی نێوان ٥٠٠ پ.ز تاوەکو ٥٠٠ زایینی) کە دەتوانین بە دوا قۆناخی کۆتایی چەرخە سەرەتاییەکان ناوزەدی بکەین, لەهەمانکاتدا بە واتای "**سەردەمی فەلسەفە**" دێت کە فەیلەسوفی مەزنی تێدا دەرکەوت و فەلسەفەی خۆیان بڵاوکردەوە و گەیاندیانە ئاستی بە دەزگابوون.

کاتێك لە نزیکەوە ئەو فەیلەسوفانەمان ناسی کە قۆناخێکی نوێیان کردۆتەوە و قوتابخانە لە ژێر ناویان ماوەتەوە, ئەو کاتە باشتر لەوە تێدەگەین کە قۆناخی هزر و رۆحی نویّ بۆ مرۆڤایەتی چ واتایەك دەبەخشێت.

**١ ـ زەردەشت و زەردەشتی:** هەرچەندە زەردەشت وەکو پێغەمبەرێك هەڵسەنگێندرێت, بەڵام هەڵوەستەی زیاتر نزیکی فەیلەسوفە. شیمانەی ئەوە دەکرێت لە ساڵانی نێوان ١٠٠٠ تا ٦٠٠ پ.ز دا ژیابێت. ئەوە پەسند دەکرێت کە لە باکووری رۆژئاوای ئێران هاتۆتە دونیاوە کە شۆڕشی کشتوکاڵی تێدا بەهێزبوو. تاوەکو ئاستی ئاشق بوون پابەندی ئابووری کشتوکاڵە. لە بوارێکەوە دەتوانرێت پەیوەندی لە نێوان هەبوونی کاریگەرییەکانی کلتووری نیۆلیتیك و کەسایەتییەکەیدا دابنرێت. رەنج و بەرهەم و قازانجی حەڵاڵ بە بنەما دەگرێت. سەوزایی بە پیرۆز دەبینێ, پاراستنی ئاژەڵ بە بنەمادەگرێت. قوربانیکردنی ئاژەڵی قەدەخەکردووە, بەکارهێنانی توانستەکانیانی لە کێڵگە و سوود وەرگرتن لە شیر و بەروبومی دیکەی بە بنەما گرتووە.

زەردەشت سیستەمی سەرەتایی باوەڕی ئاریەکانی بە ریفۆرمێکی بنچینەییدا تێپەڕاندووە. بەو رادەیە پێغەمبەرێکە لە سیستەمی سێ خوداوەندی بەرەو سیستەمی تاکخودایی هەنگاوی هاوێشتووە. چونکە ئەویش وەکو حەزرەتی ئیبراهیم لە ئایینی فرە خوداییەوە بەدوای ئایینی تاکخودایی دەگەڕێت. لە کاتێکدا حەزرەتی ئیبراهیم زیاتر ئەمە لە ناو تیرە سامیەکان پێشدەخات, زەردەشت لە ناو تیرە ئاریەکان پێشیدەخات. لە **ئیندرا, میترا, ڤارونا** کە خوداوەندە ژنە سەرەکییەکانی ئەم قۆناخەی ئاریەکان بوون، بۆ تاکخودایی بەناوی ئاهورامەزدا هەنگاوی هاوێشتووە؛ بە واتایەکی دیکە قۆناخی تاکخودایی لە ئێران, میدیا, ئەنادۆڵ دەستپێکردووە. لە پێکهاتنی گەلێك زاراوەی وەکو بەهەشت, دۆزەخ, سیرات, فریشتەکان, نهۆمەکانی ئاسمان, مەعشەر, دادگای مەزن, تەرازووی باشی ــ خراپی، بە خاوەن رۆڵ دادەنرێت. بایەخێکی بەهاداریش بە ژن دەبەخشێت. هەروەها پاك و خاوێنیش بابەتێکە کە گرنگی پێدەدات. لەلایەنێکەوە پێغەمبەری کشتوکاڵ, قازانجی حەڵاڵ, خێزانی شەرەفمەندانە, ماڵێکی باش رێکخراو, جگە لە خۆپاراستن دژی توند و تیژییە.

پرەنسیپی دیالیکتیکی یەکێتی دژەکان لە بنەمای لایەنە فەلسەفییەکەیدا شاراوەیە کە بە شێوەی پایەدارکردنی بەها ئەخلاقییەکانە و ململانێی نێوان **تاریکی ـ رووناکی** و **باشە ـ خراپە** لەخۆوە دەگرێت. بۆ یەکەمین جار دانی بە ئازاد بوونی ئیرادەی مرۆڤ داناوە. تاوەکو ئەو کاتە خوڵقاندن، تایبەت بە خوداوەند دەبینرا, بەڵام لەگەڵ ناسینی ئازادی ئیرادەی مرۆڤ, بەو واتایە دێت کە مرۆڤیش بۆتە خاوەنی هێزی خوڵقاندن. داهێنانی تاکە کەسی کە گەوهەری هزری رۆژئاوایە، گرنگترین لایەنی فەلسەفی زەردەشتە. بە بنچینەگرتنی ئیرادەی ئازاد سەرەتای فەلسەفە و رەتکردنەوەی چەمکی کۆیلایەتی (بەندە)یە. لەو خاڵەدا هزرەکەی بە واتای پەرینەوە دێت لە نێوان ئایین و فەلسەفە, بە واتای دووڕیانی نێوان فەلسەفە و ئایین دێت, ئەمەش واتای پێشکەوتنێکی مەزن

دەگەیەنێت. ئەو لێکۆڵینەوانەی ئەنجامدراون ئاماژە بەوە دەکەن کە لە پێکهاتنی فەلسەفەکانی ڕۆژهەڵات (هیند, چین) و ڕۆژئاوا و پێشکەوتنی دوو لایەنەدا وەکو سەرەتا و دەستپێکێك ڕۆڵی بینیوە. هەروەکو دیارە ئەو سەنتێزەی لە ئاستێکی بەرزدا لە نێوان کلتووری سۆمەری و ئاریانی پێکهاتووە بە قووڵایی سەرچاوەی بناخەی ئەم پێشکەوتنە پێکدێنێت. وڵاتی میدیا یاخود زنجیرە چیاکانی زاگرۆس و تۆرۆس کە لەمیانەی دۆڵە بەپیتەکان یەکانگیردەبن، خاڵی بە یەکگەیشتنی شۆڕشی شاری سۆمەریەکان و شۆڕشی گوند ــ کشتوکاڵی نیۆلیتیکە. بە ئەندازەی ئەوەی زەردەشت خوڵقێنەری سەنتێزی ئەم میراسەیە، لەهەمانکاتدا نوێنەرایەتی ڕۆڵێکی بەمجۆرە دەکات کە لە ئاستێکی بەرزدا وەرچەرخان و ریفۆرمێکی مەزنی لەبارەیەوە ئەنجامداوە و کۆیلایەتی سەردەمە سەرەتاییەکانی نەرم کردۆتەوە و دەستپێکردنی قۆناخی چەرخی کلاسیکی لەگەڵ خۆیدا هێناوە کە زیاتر لەگەڵ لۆژیکدا دەگونجێ، ئیرادەی کۆمەڵگای کشتوکاڵی ئازادکردووە و ڕێگایەکی کراوەی بەرەو فەلسەفە هێشتۆتەوە.

بە ناو یەکداچوونی تایبەتمەندێتی پێغەمبەرایەتی ئایینی تاکخودایی و فەیلەسوفێتی کە پشت بە ئیرادەی ئازاد دەبەستێ, بۆ هەبوونی دوو کلتووری مێژوویی دەگەڕێتەوە کە لەم جوگرافیایەدا یەکانگیربوون. شتێکی ڕێکەوت نییە فەیلەسوفی مەزنی ئەڵمانی نیتشە زۆرچاك دەرکی بە گرنگییەکەی کردووە و دەرهەق بە زەردەشت قاڵبۆتەوە لێتوێژینەوەی کردووە. لە کاتێکدا ڕۆژهەڵاتی ناوین, میزۆپۆتامیا بە دوای سەرچاوەی ئەو ئیرادە و بەها ئەخلاقیانەیدا دەگەڕێت کە وونی کردوون، ڕووکردن لە زەردەشت لە مەراقێکی ڕەها بۆ زانست بەولاوە, بۆ گەیشتن بە فەلسەفەی کۆمەڵگایەکی ئازادە کە گرنگترین لایەنیشی گەیشتنە بە سەرچاوەی چەمکی ڕەوشتی زیندووکردنەوە، سەرلەنوێ دۆزینەوەی گەوهەری خۆی لە مێژوودا دێت و لەمیانەی ڕەخساندنی لەگەڵ هەلومەرجی ئەو سەردەمەدا بە واتای ژیانەوەی دێت.

٢ ـ **بودیزم:** بودا ڕۆڵی ریفۆرمخوازی مەزنی لە دەوڵەتی ڕاهیبی (براهمانی) هیندستان بینیوە. خۆی شازادەیەکی نێو ئەم سیستەمەیە. شیمانە دەکرێت لە دوای شکست و دۆڕاندنێکی مەزن کە دووچاری هاتووە, کەوتۆتە نێو شێوازی ژیانێکی پڕ لە ئێش و ئازاری مەزن. ئەو ڕەوشەی کە وەکو لە بەهەشت کەوتنە نێو دۆزەخ وابووە, بەرەو قاڵبوونەوەیەکی مەزنی بردووە. ئەم ئەزموونەش بە شێوەیەکی زۆر ڕوون و بەرچاو ئەنجامەکانی جیاوازی چینایەتی و لایەنی ستەمکاری سیستەمی کۆیلەداری ڕاهیبەکانی بۆ ڕوون کردۆتەوە. سیستەمی کاستی هیندییەکان هێندە توند و زۆردارانەیە کە تاوەکو سەدەکانی دواتر، بەردەوامییان بە قوربانیکردنی مرۆڤ دەدا و تاوەکو ئێستاکەش گەلێك

تایبەتمەندێتی لە ئارادان کە جیاوازی کلتووری لە نێوان کاستەکان دادەنێ. ئەم شێوە تایبەت و توندەی کۆمەڵگای چینایەتی بە سەدان ساڵ وەکو خۆی بەردەوام بووە.

بۆ تێگەیشتنی بودا، هەڵسەنگاندنی رەنگدانەوەی ئەم نموونەیەی کۆمەڵگای چینایەتی بەسەر پێکهاتەی رۆح و هزری مرۆڤ زۆر گرنگە. لە لایەکەوە توێژێك لە نێو ژیانێکی خۆش و گوزەرانی بێوێنە دایە، لە لایەکی دیکەشەوە چینی هەرە ژێر لە ئارادایە کە وەکو ئاژەڵ بۆ قوربانی بەخێودەکرێن و دەفرۆشرێن. روون و ئاشکرایە سیستەمێکی بەمجۆرە بناخە و سەرچاوەی ئێش و ئازار و تراژیدیایەکی مەزن پێکدێنێت. بودا بەرهەمی ئەم سیستەمەیە. هەروەکو چۆن جێگای خوداوەند لە فەلسەفەکەیدا نییە سروشتیش بە بنەما ناگرێت. هێندە بە خوڵقێنەر و خوڵقێنراوەکان پەیوەندیدار نابێت. کێشەی سەرەکی کە بە دوای چارەسەریەکەیدا دەگەڕێت، راستینەی دونیای بە ئێش و تایبەتمەندێتیە بە ئێش و ئازارەکانی ژیانە. ئەم هزرەی کە دواتر لە زۆربەی زۆری کۆمەڵگاکانی باشووری رۆژهەڵات لە ژێر ناوی بوودیزم تاوەکو رۆژگاری ئەمڕۆمان هاتووە و بۆتە فەلسەفەی ژیان، سەبارەت بە تایبەتمەندێتیە کۆمەڵایەتییەکانی فەلسەفەیەکی ئەخلاقە, ریفۆرمێکی ئەخلاقییە. هاوکێشە سەرەکییەکەی بەمجۆرە دانراوە:

آ ـ دونیا و کۆمەڵگا پڕن لە ئێش

ب ـ ئارەزووی بەهێز و ترس و نەزانی سەرچاوەی ئێش و ئازار پێکدێنن

ج ـ دەشێ لە ئێش و ئازار رزگاربیت. ئەم هەوڵدانانەش لە نیرڤانا دەگاتە بەرزترین پایەی پیرۆزی

د ـ رێگای ئەمەش یوگایە (رۆشنبوونەوە لەمیانەی زانیاری, ڤاڵبوونەوەی ناوخۆیی و رێچکە و شێوازەکانی)

لێرەدا شتێکی روون و ئاشکرایە هەروەکو لە نموونەکانی پێشوودا بینرا ــ میسر, سۆمەر ــ دەخوازرێت باڵادەستی سیستەمی کاست لەسەر پێکهاتەی رۆحی و هزری مرۆڤ نەرم بکرێتەوە. ململانێی بودا لەگەڵ راهیبەکان پەیوەندی خۆی بەم لایەنەوە هەیە. ئەڵقەیەکی ئەو ریفۆرمە کۆمەڵایەتییە پێکدێنێت کە لە سەدەی ٥ , ٦ می پ.ز لە یۆنان تاوەکو "چین" پێشکەوت. هەروەکو چۆن کاریگەری داب و نەریتەکانی زەردەشتی لەسەر هەبووە، کاریگەری لەسەر هەردوو لایەنی رۆژهەڵات و رۆژئاوا کردووە. لەمیانەی شێوازەکانی خەڵوەت، خۆدابڕین لە هەوەس, ژیانی بە تەنیایی تەکیەکان, دەخوازێ سنوور بۆ خۆ زل دانانی چینی باڵادەست ـ چەوسێنەر دابنێت و لە راستی خۆی بگەیەنێ. هەروەکو چۆن ئەزموون و تاقیکردنەوەکانی بەمجۆرەی ژیان نەفس پەروەردە دەکات،

ئەوا پێشبینی و دیدگای عاریفی و گەڕانەوە بۆ ئەو ویژدانەی کە کوێرکرابوو لەگەڵ خۆیدا دێنێ و ڕێگا لەپێش ئەوە دەکاتەوە کە هاوسەنگی خۆرسکی و تێڕوانینی واقعبینانە فێرببن و ئەمەش ئاسوودەیی ویژدان لەگەڵ خۆیدا دێنێ.

هەروەکو چۆن لە شارستانیەتی کۆیلەداری باشووری رۆژهەڵاتی ئاسیا بودا باڵادەستی خودایی براهمانی تێکشکاند, لە پێکهاتنی سیستەمێکی گونجاوتردا رۆڵی بینیوە. لە کاتێکدا رۆڵی دۆگماکانی سنووردار کردووە، کاریگەری و رۆڵی مێشك و ویژدانی بۆ ناو سیستەم گواستۆتەوە. وەکو ریفۆرمخوازێکی مەزنی ئەخلاقی لە مێژووی مرۆڤایەتیدا رۆڵی گێڕاوە.

٣ ـ **کۆنفۆشیۆس:** هەمان رۆڵی بودای لە چیندا بینیوە. شیمانەی ئەوە دەکرێت لە هەمان قۆناخی بودا واتە لە سەدەی ٥ و ٦ ی پ.ز دا ژیاوە. لەگەڵ پەرتەوازەبوونی سیستەمی مۆنارشییەتی چین، لەم ساڵانەدا ئاڵۆزییەکی مەزن دێتە ئاراوە. یادگارییەکانی قۆناخە پرشنگدارەکانی پێشوو (ماوەی نێوان ١٥٠٠ تا ٧٠٠ پ.ز) دەبووە هۆکاری بیرکردنەوە لەسەر هۆکارەکانی پەرتەوازەبوون. لێپرسینەوە دەرهەق بەوە دەکرێت کە چۆن بۆ جارێکی دیکە ڕێبازی سروشتی (TAO) ئاوابکرێتەوە. لێرەدا دەخوازم ئاماژە بەوە بکەم کە ئەو زاراوەیەی هەرە زێدە لەم سەردەمەدا بە کاردەهێنرێت (یاسا, ڕێگا, بە واتای شەریعەت) بە زمانی چینی **(TAO)** بە هیندی (دارما), لای سۆمەریەکان "**ما**"، لە میسر "**مات**", لە یۆنان "**مۆیرا**" ئەم گوتانە بە واتای تایبەتمەندێتیە سەرەکییەکانی شارستانیەت دێت. بڕای بڕ پێویستە ژیان بە گوێرەی ئەم تایبەتمەندێتیانە بێت. ئەگەر بەمجۆرە نەبێت, ئەوا تێکچوونی ئەم سیستەمە دەبێتە ناچارییەك. رەوشێکی بەمجۆرە لەم سەردەمەدا لە ئارادایە. ئەم سەردەمەی لەگەڵ یاسا بنچینەییەکانی سیستەم ناگونجێت, بە واتایەکی دیکە ئەو قۆناخەی کە نموونە سەرەتاییەکان (ئایدیۆلۆژیای رەسمی) بەلاوەنراوە و هێشتا ئەلتەرناتیفی نوێی لە شوێن دانەنراوە ریفۆرم دەکات بە راستیەکی دەست لێبەرنەدراو. ئیتر لەمیانەی دۆگماکان دەوڵەتی راهیبەکان سیستەم بەڕێوە ناچێت. ئەو وەڵامەی دراوەتەوە، بە شێوەی دەوڵەتی بچووك (قۆناخی پارچەبوونی میرنشینە کۆیلایەتیەکان) و گروپی سۆفیگەرایی و هزری فەلسەفی بووە.

ئەو ناوە دیارەی دەبێتە بەشی شارستانیەتی چین کۆنفۆشیۆسە. پێنج پرەنسیپە سەرەکییەکەی ئەمانەن:

آ ـ بەڕێوەبەر, پێویستە پێداویستییەکانی بەڕێوەبەرێتی پێکبێنێت.

ب ـ پێویستە ژن بە گوێرەی پێویستییەکانی ژنایەتی بژیت.

ج ـ پێویستە کوڕ پێداویستییەکانی پابەندبوون بە باوك جێبەجێ بکات.

د ـ پێویستە برای بچووك لەگەڵ برای گەورەدا کۆك بێت.

هـ ـ دەبێ هەموو کەسێك پێداویستییەکانی هاوڕێیەتی رەچاوبکات.

لە ریفۆرم زیاتر لە سەرلەنوێ ئاواکردن دەچێ (رستوراسیۆن = سەرلەنوێ ئاواکردنی کۆنەکە). بە هیچ شێوەیەك ئایین لەلایەن کۆنفۆشیۆسەوە نییە. تەنیا کێشەی کۆمەڵگا و سیستەمی سیاسی لە ئارادایە. سیستەمی تێکچووی سیاسی و کۆمەڵگا چۆن سەرلەنوێ ئاوادەکرێتەوە؟ لێرە ئەو مەسەلەیەی زیاتر تاوتوێ دەکرێت لە سەرلەنوێ ئاواکردنی پەیوەندییەکانی نێوان دەزگاکان زیاتر, تەنیا خەریکی تاکە کەس دەبێت. واتە لەلای کۆنفۆشیۆس "ئەخلاق" کێشەی سەرەکییە. لەمیانەی ئاواکردنی سیستەمی ئەخلاقیدا هەوڵدەدرێت سیستەم جێگیربکرێت. هەوڵدەدات چۆنییەتی یاساکانی نێوان تاکەکان تاوەکو دوایی بە شێوەیەکی یەکجار ورد دەستنیشان بکات، هەروەکو بڵێی تاڵی موو دەکات بە چل پارچە. ئەم هزرە تاوەکو ئێستا کاریگەرییەکی مەزنی لەسەر کۆمەڵگای چین هەیە و گەوهەری کارەکتەر و ژیرێتییان پێکدێنێ. رەوتێکی کارەکتەری سۆفیگەراییە و لەپێشکەوتنی گشتی شارستانیەتدا نکوڵی لە رۆڵەکەی ناکرێت.

**٤ ـ سوقرات و قۆناخی فەلسەفی کۆمەڵایەتی:** سیستەمی کۆیلایەتی چاخە سەرەتاییەکان کە میزۆپۆتامیا و میسر ناوەندەکەی بوون، سنووری شارستانیەتیان لە رۆژهەڵاتی ئاسیا تاکو ئەو پەری رۆژئاوای بڵاوکردۆتەوە. لەسەر بنەمای ئەم میراسە دەوڵەمەندەوە. سیستەمی کۆیلەداری یۆنان و رۆما لە هەڵکشان دابووە ئاسن وەکو (تەکنۆلۆژیا)یەکی سەرەکی بەرهەمهێنان رۆڵێکی مەزنی لە بە دیهێنانی خۆشگوزەرانیدا دەبینێت, رێگا لەپێش فراوانبوونی چینی ناویندا دەکاتەوە, رێگاکانی گەیاندن و خوێندەواری لە زیادبووندا بوو. خاوەنی هەلومەرجێکی بەمجۆرەبوون کە مرۆڤەکان تێیدا هەستیان بە ئاسایش دەکرد. لە شاری (سارد)ی رۆژئاوای ئەنادۆڵەوە بە سانایی بەرەو پرس پۆلیسی پایتەختی ئیمپراتۆریەتی ئێران هاتوچۆ دەکرا. دەیانتوانی توانستی ئایدیۆلۆژی و کلتووری چاخە دێرینەکان لە راهیبەکانی میسر و بابل وەربگرن. رەوشێکی پێچەوانەی رۆژگاری ئەمڕۆمان لە ئارادابوو کە لە رۆژهەڵاتەوە دەچنە ناوەندەکانی رۆژئاوا بۆ ئەوەی فێری زانست و کلتوور ببن. ناوەندی کلتوور و زانستی باڵا بابل و میسر بوو. ئەوانەی ئایدیۆلۆژیایان بۆ یۆنان و رۆما گواستەوە ئەو سۆفی و پاڵێوراوە راهیبانە بوون کە لەم ناوەندانەدا پەروەردەیەکی بەرفراوانیان بینیوە. بە ئەندازەی شێوازی بەرهەمهێنانی رۆژهەڵات لە ساڵانی ١٠٠٠ پ.ز بە شێوەیەکی چڕوپڕ لە نێو بەرهەمی ئایدیۆلۆژیدا دەبێت, ئەزموونە زانستییەکانی خۆی پێشکەش دەکات و, سیستەمی ئەلف و بێی خۆی فێردەکردن. بە کورتی هەردوو نیمچە دوورگەی ئەوروپا, یۆنان و ئیتالیا کە لە ئاسیاوە

نزیکن ڕۆڵی ئەو پردەیان دەبینی کە بەهاکانی دەگواستەوە, وەکو ناوچەی نوێ و دەستلێنەدراو بە ڕووی شارستانیەتدا کرانەوە.

هەروەکو چۆن ناتوانرێت لە ئاستی ئایدیۆلۆژیدا کردارەکانی ئەفسانە و ئایینی میسری و سۆمەری لەم گواستنەوەیەدا جیابکرێتەوە, ئەوا درێژەیان بە ڕۆڵی پێشەنگایەتی دەدا. تیۆلۆژی (زانستی خوداناسی) یۆنانی وەکو چەشنێکی خراپبووی ئەفسانەی سۆمەری پێشدەکەوێت. هەروەها لەبەر ئەوەی تیۆلۆژی یۆنانی لە ژێر کاریگەری بەردەوامی میسر و فینیقی و لاسایی کردنەوەی "گریت"ەوەیە, لە پێکهاتەیەکی پارچە پارچەیی ڕزگاری نابێت. بەڵام بۆ ئەوەی بیکات بە موڵکی خۆی، بە نێو تواندنەوەیەکی بەرفراوانیدا تێپەڕ دەکات. لە کاتێکدا **زیۆس** کۆپیەیەکی تەواوی مەردۆکی خوداوەندی بابلیەکانە، کرۆنۆسیس لاسایی ئەنکی دەکاتەوە. بێگومان کاتێك لە خاڵی سەرەکیدا گواستنەوە دەستپێکرد دواتری بە سانایی دێت. تەواوی زاراوە ئایینی و میتۆلۆژییەکانی نیۆلیتیك و کۆمەڵگای چینایەتی کۆیلەداری لەمیانەی گۆڕانکاری ناوی زاراوەکانی خۆجێیی دەکرێت. میتۆلۆژیای یۆنان کە تاوەکو ساڵانی ١٥٠٠ پ.ز ناوی نەبووە, میتۆلۆژیایەکی دەوڵەمەندی تێدا پێشدەکەوێت. بە دەستەوەخستنی بەهای مەعنەوی کە لە بەهای ماددی گرنگترە, زۆرگرنگە و تێیدا سەردەکەون. ڕۆژ بە دوای ڕۆژ ڕووندەبێتەوە کە ئەو میتۆلۆژیایەی یۆنان کە هەوڵدەدەن وەکو پرشنگدارترین و خوڵقێنەرترین میتۆلۆژی بیسەپێنن، کۆپیەیەکی دووەمین و سێیەمی میتۆلۆژیای سۆمەرە. ئەنجامی دوایی ئەو لێکۆلینەوەی لەم ساڵانەی دوایی ئەنجامدران و پێیگەیشتوون بەمجۆرەیە. بێگومان ئەگەر مێژوو تەوژمی ڕووبارێك بێت, ئەوا لەم ساڵانەدا لقێکی خۆی بۆ ئەم ناوچەیە درێژکردۆتەوە؛ هەروەکو چۆن ئەم خاکەی لەمیانەی لێشاوەکانییەوە تێرئاوکردووە, ئەوا زێ و گۆلە بچووکەکانی ئەوێشی بە لێشاوی سەرەکییەوە گرێداوە. هەروەکو میتۆلۆژیای یۆنان ئەوا پێشکەوتنی فەلسەفییەکەشی کە لەوێوە سەرچاوە دەگرێت لەمیانەی سوود وەرگرتن لەو کەڵەکە بوونە زانستییەی ڕووبارە سەرەکییەکە لە خۆیەوە دەگرێت قۆناخی خۆی دەستپێدەکرد.

کاتێك فەیلەسوفەکانی یۆنان قۆناخی فەلسەفەیان دەستپێکرد، پشتیان بە سەرچاوەکانی توانستە مەزنەکانی کۆمەڵگای چینایەتی و کلتووری سەردەمی نیۆلیتیك دەبەست، کە بە لایەنی کەم لە ساڵانی ١٠٠٠ پ.ز لە میزۆپۆتامیا قووڵبۆتەوە و شەپۆل بە شەپۆل بڵاوبۆتەوە. سیستەمی بیرکردنەوەی ڕۆژئاوا ئەم ڕاستینەیە تاوەکو دوایی بە شتێکی بچووك و بێواتا نیشاندەدات. ڕووی ئیمپریالیستی شارستانیەتی ڕۆژئاوا بۆ ئەوەی بناخەیەکی ڕەوایەتی بەمجۆرە بخوڵقێنێ کە هیچ کاتێك نەهەژێ, لەهەموو شتێکدا "**خۆ بە سەنتەربینین**" بە بنەما دەگرێت. کاتێك مەزنایەتی

بەهاکانی شارستانیەت و کلتووری گەلانی دیکە ئاشکرا بکرێت، بە ئەندازەی ئەوەی بانگەشەکانیان بێواتا و پووچەڵ دەبێتەوە، ئەوکاتە ناچار دەبن پەسندبکەن کە ئەوان هێزێکی پێشەنگایەتی ٥٠٠ ساڵی دوایین کە تەقلی رووباری مەزنی شارستانیەت بوون. هەر لە سەرەتای چاخی دێریندا یۆنانییەکان ئەم چەمکە شۆڤێنییەیان نیشانداوە. بە گوێرەی ئەوان تەواوی ئەو گەلانەی لە دەرەوەی ئەم نیمچە دوورگەیە بوون تەنیا نوێنەرایەتی بەربەرییەتیان دەکرد. هەروەکو مێژووش روونیکردۆتەوە بە خۆیان لە نێو رەوشی بەرەڵایی ئەم قۆناخەدا بوون. کاتێك کلتووری پەرستگا و بیناسازی میسر, ئەلف و بێی و کەشتیەوانی فینیقیەکان، ئاسنگەرێتی فریگاییەکان, تەواوی ئامرازە تەکنۆلۆژیەکانی شۆڕشی کشتوکاڵی هیلالی بەپیت و میتۆلۆژیا و تیۆلۆژیای سۆمەریەکانیان بۆ خۆیان برد، هێشتان لەسەردەمی سەرەتایی و کۆچبەرییەکی نێوەچڵدا دەژیان و تەنانەت کولوبەشیان ئاوانەکردبوو. تەواوی ئەوروپا لە قۆناخی کۆمەڵی هۆڤێتیدا بوو. هۆکاری سەرەکی تەواوی هەڵوێست و تێروانینە چەوتەکان, چەواشەکردنی مێژووە کە رێگای لەپێش بێدادیەکی مەزن کردۆتەوە. چەمکی راست سەبارەت بە مێژوو بۆ بە دیهێنانی سیستەمێکی دادوەرانەی نێونەتەوەیی بنەمایەکی دەست لێبەرنەدراوە. ئەگەر پێویستیمان بە باوەڕی یاسا و دادپەروەری هەبێت, بەر لە هەموو شتێك پێویست دەکات ئەمە بە چەمکێکی مێژوویی بەمجۆرە ببەستێتەوە کە راست و دادوەرانە بێت.

سەرەڕای ئەم راستینەیەی شارستانیەت, بەڵام مسۆگەرە کە تایبەت بوون و داهێنانی یۆنانیەکان پێشکەوتووە. نیمچە دوورگەی یۆنان و دراوسێ نزیکەکانی, ئەنادۆڵی رۆژئاوا و باشووری ئیتالیا و لە باکووریش مەکەدۆنیا لە دوای میزۆپۆتامیا کەوتوونەتە نێو ئەزموونی گەورەترین شارستانیەتی جیهان, تەنیا بە شێوەکانی میتۆلۆژیا, تیۆلۆژی و ئایدیۆلۆژیاکانی پێشوو سنووردار نەمان، کە بەهرە و ئیلهامیان لێگرتوون. دیاردەیەك کە رۆڵێکی گرنگتری لە رۆڵی جیاوازی جوگرافیا و ئاو و هەوا گێراوە, ئەوەیە کە ئایدیۆلۆژیای سۆمەری هەم لە میدیا لەمیانەی داب و نەریتی زەردەشتی هەم لە هیندستان لە رێگای داب و نەریتەکانی بودا تێپەڕکراوە و شێوەیەکی نزیکی فەلسەفەی بە خۆوە گرتووە. **تالاس و فیساگۆرس** کە یەکەمین فەیلەسوفەکانی نیمچە دوورگەن ساڵانێکی درێژی تەمەنی خۆیان لە میسر و میزۆپۆتامیا بەسەربردووە، لە سەدەی شەشەمی پ.ز گەیشتوونە ئاستی گواستنەوەی نوێکاری و درکاندنیان. هەروەکو چۆن لە رۆژگاری ئەمڕۆماندا گەنجانی وڵاتە تازە پێگەیشتووەکان تێروانینەکانی شارستانیەتی ئەوروپا لە وڵاتی خۆیان بڵاودەکەنەوە, ئەم دوو بەرئەندامە فەیلەسوفەش سەردەمی لاوێتی خۆیان بە تایبەتی لە بابل بەسەربردووە کە ئەو سەردەمە ناوەندی کلتوور بوون و لە دوای دەربازبوونیان بە ناو ئەزموونێکی پراتیکیدا, دوای

فێربوون و گرتنی پێشکەوتووترین زانیارییەکانی ئەم قۆناخە و (بە تایبەتی بیرکاری و پزیشکی لە سەرووی هەموویانەوە) بناخە میتۆلۆژی و تیۆلۆژییەکانیان دەگەڕێنەوە؛ بنەما هزرییەکانی هەڵمەتێکی مێژوویی یۆنانەکان لە چاخی دێرین دادەنێن.

دیالیکتیکی هزری ئەم قۆناخە خاوەنی تایبەتمەندێتیەکی بەمجۆرەی بڵاوبوونەوە بوو. لە سفرەوە دەستپێکردن لەملاوە بمێنێت, ئەم زانیارییانە بە قۆناخێکی پێگەیشتن و ریفۆرمدا دەرباز دەبن و دەگوازرێنەوە و رەنگی خۆیانی پێدەدەن؛ بە گوتنی، ئەم سەردەمە بۆ هەلومەرجە واقعی و بەرجەستەکانی وڵات دەگوازرێتەوە و بە شێوەیەکی خوڵقێنەرانە بە گوێرەی خۆیان دەیگونجێنن و هەوڵدەدەن بەمجۆرە پراکتیزەی بکەن.

کاتێك ئەو قۆناخە هزرییانەی رۆڵیان لە رۆشنگەری یۆنان بینیوە یەك لە دوای یەك بگرینە دەست دەتوانین ئاماژە بەوانە بکەین:

آ ــ یەکەمین قۆناخی کە بە هۆمیرۆس و هیۆدۆس دەستپێکردووە, قۆناخی گێڕانەوەی میتۆلۆژیا و تیۆلۆژی یۆنانەکانە. **هۆمیرۆس** گەورەترین هۆزانی چاخی کلاسیکە. بە واتایەکی دی نوێنەرایەتی قۆناخی شیعری سالانی ١٠٠٠ پ.ز دەکات, شیعری مەزن نیشاندەدات. ئەم قۆناخە سالانێکە "**ڤەداکان**" لە هیندستان، "**ئاڤێستا**" لە ئێران، داستانی خوڵقاندنی بابل "**ئەنومائەلیش**" لە میزۆپۆتامیا, لە کەنعان "**یاهۆڤا، ئەلۆهیم**" بە واتایەکی دیکە "**تەورات**" بە شێوەیەکی زارەکی و نووسراوە مۆرکی خۆی لێداوە. زمانی هەموویان, زمانی شیعرە. ئەمانە داستانی کۆنفیدراسیۆنی تیرە و خێڵەکان و ئاواکردنی خانەدانەکان پێکدێنێ. دەشێ ئەمانە بە داستانی قارەمانێتیش ناوببرێت. رەنگدانەوەی ئارەزوو و ئیرادەی ئەو کەس و چینانەیە کە خۆیان وەکو نیوخودا نیشاندەدەن.

ئەوەی هۆمیرۆس باسی دەکات, پراکتیزەکردنی چیرۆکێکە بە گوێرەی قۆناخی قارەمانێتی یۆنان کە ماوەیەکی درێژ بەر لە دەرکەوتنی ئەو لە جوگرافیای رۆژهەڵاتی ناوین بۆتە داب و نەریتێك. ئەو شەڕەی کە بە درێژایی ١٨٠٠ تاوەکو ١٢٠٠ پ.ز بەردەوامبووە و لەگەڵ کەوتنی شاری "**تەروادە**"ی مێژوویی ئەنجامگیر بووە و ئەمجارە دەرگای ئەنادۆڵ بە پێچەوانە بە لای ئاکالاکان و دۆراکان کرایەوە, ئەم لێشاوە بەربەریانە بە زمانێکی داستان ئامێزانە باسی لێوەدەکرێت. رۆڵی مێژوویی شاری تەروادە مەزنە، کە دەکەوێتە نزیك گەرووی چانەقەڵای ئەنادۆڵ. بە لانی کەمەوە لە سالانی ٤٠٠٠ پ.ز بەدواوە ئەم ناوچەیە (تەروادە) رۆڵی پرد و دەرگای گواستنەوەی کلتوور و بەهاکانی شارستانیەتی ئەنادۆڵ و میزۆپۆتامیا بۆ نیمچە دوورگەی یۆنان و بەلکان دەگێڕێت. یۆنان و بەلکان

تێر دەکات و بەسەریاندا زاڵە، لەمیانەی ئەمەشدا تەروادە لە نێو قۆناخی زێرینی خۆیدا دەژیت و جێی سەرنج ڕاکێشانی هەموو لایەکە. هەربۆیە کەوتنی ترواده پێچەوانەکردنەوەی مێژوویەکی مەزن و درێژخایەنە. داستانی "**ئیلیادە**"ی هۆمیرۆس کە دوای داستانی **گلگامێش** بە پلەی دووەم دێت، قۆناخی دە ساڵی ئەم مێژووە مەزنەی کردووە بە داستان، واتە شەڕێکی دوای کۆتایی ساڵانی ١٢٠٠ ی پ.ز کردۆتە داستان. لەبەر ئەوەی لەم قۆناخەدا بەهەمان شێوە شەڕی بەرخودان و هێرشی گەلانی دیکەش دەکرا بە داستان، هەربۆیە ئیلیادە بۆتە خاوەنی بەهایەکی گەردوونی. لە قۆناخی بەربەرییەتدا, بە گوتنێکی دیکە لە نێو یەکینەکانی شێوازی فیدراسیۆن کە بە یەکینەکانی رەچەڵەك و ئەتنیکی بە شێوەیەکی کاتی و ئاستەم بەڕێوەدەچێت ڕۆڵی نائاسایی سەرۆك تیرەکان بە شێوەیەکی زێدەرۆیی باس دەکرێت. پێویستی بەوە هەیە، چونکە ئەم چڕبوونەوەی هێز نەبێت ئەوا قۆناخی دواتر قۆناخی کۆمەڵگای چینایەتی و بە دەوڵەتبوون پێکنایەت. ئەم گێرانەوە داستان ئامێزییانەی تاوەکو ئێستا لە هزری هەر گەلێکدا دەژیت، گرنگی و زەحمەتییەکانی گەیشتن بە هێزێکی شارستانیەت نیشاندەدات و گوزارشت لە وەرچەرخانی قۆناخی مێژوو دەکات.

گەیشتنی ئیلیادە بە نووسراوی بە رۆژگاری ئەمرۆمان بایەخێکی مێژوویی مەزنی بەمجۆرەی هەیە. کاتێك ئیلیادە ئاماژە بە یەکەمین "**هێلین**" خەیاڵی یەکێتی یۆنانییەکان دەکات, دەرك بە بایەخ و بەهای مەزنی کەوتنی تەروادە دەکات. هەروەکو دەزانرێ دوای کەوتنی ترواده لە ساڵانی ١٢٠٠ پ.ز بەدواوە قۆناخێکی بڵاوبوونەوەی پێچەوانەی بە ناو "**قەومە دەریاییەکان**" لە ئەنادۆڵی رۆژئاواوە دەستپێدەکات. لە کاتێکدا رەنگی ئییۆن لە رۆژئاوای ئەنادۆڵ جێگیردەبێت, ئەم شەپۆلە بەرەو میزۆپۆتامیا, رۆژهەڵاتی دەریای سپی, باشووری دەریای رەش, باشووری ئیتالیا, مەکەدۆنیای رۆژگاری ئەمڕۆمان و بەدرێژایی دەریای رەش بڵاودەبێتەوە. دووەمین داستانی گەورەی هۆمیرۆس "**ئۆدیسە**" باس کردنی ئەم بڵاوبوونەوەیە بە رێگای دەریاوە, بە داستانی کردنی موغامەرە و کردنەوە (فەتح)ی دەریاییە. لەبەر ئەوەی بۆ یەکەمین جار بە شێوەیەکی نووسراوە بڵاوبوونەوەی رێگای دەریایی بۆ رۆژگاری ئەمڕۆمان گواستۆتەوە، هەم بەهۆی گەوهەری بەڵگە مێژووییەکەی و هەم لەبەر ئەوەی زمانی ئەدەبی میتۆلۆژی قۆناخ نیشاندەدات گرنگییەکی مەزن لەخۆوە دەگرێت. لەبەر ئەوەی خاوەنی گێڕانەوەیەکی هاوشێوەی ئەو گەڕانەی گلگامێشە کە لە ئاوەکانی ژێرزەویدا بەدوای "**گیای نەمریدا**" گەڕا, بەهۆی پەیوەندییەکەی لەگەڵ داب و نەریتەکان، بە بایەخ و بەهاداردەبینرێت.

"**تیۆلۆگیا**"ی هیسۆدۆس کە لە ساڵانی ٨٠٠ پ.ز بە زمانێکی شیعرئامێزانە نووسراوە, ئیلهامی خۆی لەو میتۆلۆژیایەوە دەگرێت کە بە گوێرەی هەلومەرجەکانی قۆناخ رێکخراوە. میتۆلۆژیای سۆمەریەکان لە رێگای ئەنادۆڵەوە وەرگیراوە و بە تایبەتیش لەسەر بنەمای کۆپیەکردنی شێوازی هیتیتەکان لە بەرزکردنەوەی قۆناخی قارەمانێتی یۆنانیەکان بۆ ئاستی خوداوەندەکان بە کارهێنراوە. تەواوی چالاکییە قارەمانێتییەکانی ئەم قۆناخە مێژووییە و هەوڵەکانی بە دەوڵەتبوون کە لەسەر بنەمای خانەدانی بەرزبوونەوە و یەك لە دوای یەك هاتن، ئیلهامی خۆیان لە میتۆلۆژیای سۆمەر و میسریەکان وەرگرتووە بۆ ئایدیۆلۆژیای بچووکی یەکێتی خوداوەندەکان "**پانتائۆن**" دەگۆڕێت و دەکرێت بە ئایین، واتا دەکرێت بەو قالبە باوەڕیانەی پەیڕەوکردنیان ناچارییە. چەمکی خودای مەزن کە بە ناوی"**تەشوب**" لەلای هیتیت و هۆریەکان، "**بال**" لە لای فینقیەکان, "**یهوە, ئەلۆهیمە**" لەلای عیبرانیەکان, "**براهما**" لەلای هیندیەکان،"**ئاهورامەزدا**"لە ئێران بەرز دەبنەوە، ئەوا هەوڵەکانی بە ئایین کردنی ئەم چەمکە بە شێوەیەکی درەنگ لە لای یۆنانیەکان لە ژێر ناوی یەکێتی خوداوەندەکان "**پانتائۆن**" شێوە دەگرێت، کە لە خوداوەندەکانی ئۆلۆمپیا پێکدێت و زیۆس سەرۆکایەتیان دەکات. ئەو کۆمەڵگایەی بە قۆناخێکی قارەمانێتی دەربازبووە و بۆ دەربازبوون لە یەکینەکانی رەچەڵەك و پێکهاتە ئەتنیکی و پەڕینەوە بەرەو یەکینەی سیاسی و دەوڵەت بوون ئاواکردنی پێکهاتەی سەرخانی ئایدیۆلۆژی لە بنەماکانیدا شاراوەیە. واتا پێویستی بە زۆر ئاواکردنی یەکێتی سیاسیانە, بە بەهانەیەکی ئایدیۆلۆژیەوە گرێدەدرێت. خوڵقاندنی ئایدیۆلۆژیا بۆ هەموو ئۆرگانیزاسیۆنێکی سیاسی نوێ ناچاریەکە.

دەتوانرێ ئەم قۆناخە لە هەموو سەردەمەکانی مێژوو و کۆمەڵگاکاندا ببینرێت. لە بناخەی هەمووشیاندا هەوڵەکانی گەیشتن بە وەرچەرخانی کۆمەڵایەتی و جیابوونەوەی چینایەتی و بە دەوڵەتبوون هەیە کە لە قۆناخی قارەمانێتی سۆمەریەکان لە ماوەی نێوان ٤٠٠٠ تا ٣٠٠٠ پ.ز پێشکەوتن. لە ئەنجامی ئەو هەوڵانەشدا خوڵقاندنی ناسنامەی خوداوەندەکان لەلایەن راهیبەکانی سۆمەر بە بنەمادەگیردرێت کە خودای ئاسمان "AN" **ئانە**، خودای ئاو و هەوا "**ئەنلیل**" خوداوەندە ژنی شاخ"**نین هورساك**"(دواتر ئینانا، عەشتار)، خوداوەندی ئاو و زەوی "**ئەنکی**" بە بناخە دەگیردرێت. ئەوەی کە بناخەی تەواوی "**تیۆلۆژیا**"کانی تا رۆژگاری ئەمڕۆمان پێك دێنێت و رۆڵی سەرەکی لە شێوەگرتنیدا بینیوە ئەزموونی سۆمەریەکانە. هەڵبەتە هەر ناوچەیەکی جیاواز داب و نەریتە کلتوورییەکانی خۆی تەقلیکردووە و وەرچەرخان و توانەوەی پێویستی ئەنجامداوە و بە گوێرەی خۆی گونجاندوویەتی. هیسۆدۆس ئەمە لەپێناو نیمچە دوورگەی یۆنان ئەنجامدەدات. ئەو

لێکۆڵینەوانەی لەم بوارەوە ئەنجامدراون توانیویانە پەیوەندی زانستی نێوان "**ئەنکی = کرونۆس**" ،"**ئەن = ئۆرانۆس**"، "**مەردۆك = زیۆس**" دابنێین. لەبەرئەوەی تیۆلۆژیای هیسۆدۆس تایبەتە و خاوەن سیستەمە و بە شێوەیەکی نووسراو گەیشتۆتە رۆژگاری ئەمڕۆمان گرنگییەکی مەزنی هەیە. ئامادەکردنی پارچەیەکی گرنگی داب و نەریتی کلتووری مرۆڤایەتی بچووك ناکرێتەوە. بەڵام بە بێ ئەوەی سەرچاوەکەی ئاشکرا نەکرێت ئەنجامی راست و دروست بەدەست ناهێنرێت. بە تایبەتیش کاتێك لە دایك بوونی ئایینە تاکخوداییەکان هەڵدەسەنگێنین, مسۆگەر لە بەرچاوگرتنی لێشاوی کلتووری دێرین و شیکردنەوەی گرنگییەکی مەزن لەخۆوەدەگرێت.

**ب** ـ ئیتر داستانەکانی قارەمانێتی و دەربڕینەکانی تیۆلۆژیا لە سەدەی شەشەم پ.ز بەدواوە ناتوانن وەڵامی قۆناخ بدەنەوە. قالبە ئایدیۆلۆژیەکانی کۆیلەداری چاخی دێرین بەشی بەردەوام کردنی شارستانیەتی کۆیلایەتی ناکات، کە دووچاری قەیران هاتووە و ناتوانێ رێگای دەربازبوونی بۆ ببینێتەوە. مسۆگەر لەم قۆناخەدا پێویستی بە تەڤینەوەیەکی نوێی ئایدیۆلۆژی و هەڵمەتێکی هزری و رۆحی هەیە. هەم گەیاندنی دیاردەکانی سروشت و کۆمەڵگا بە روونکردنەوەی نوێ, هەم دۆزینەوەی چارەسەری بۆ ئاڵۆزی کۆمەڵایەتی پێبەپێ خۆی دەسەپێنێ. پێویست دەکات ریفۆرمەکانی زەردەشت و بودا بە تایبەتیش ئەو ریفۆرمانەی لە بواری ئەخلاقیدا رێگایان لەپێش کردەوە گشتگیربکرێت و بەسەر تەواوی پەیوەندییەکانی سروشت و کۆمەڵگادا رەنگبداتەوە. شارە تازە ئاواکراوەکانی یۆنان، باشووری ئیتالیا، رۆژئاوای ئەنادۆڵ زەمینەیەکی لەبار بۆ ئەم کارە پێشکەش دەکەن. کلتووری ئایینی خاوەن فشاری دەوڵەتی ناوەندی میسر و سۆمەر هێشتان لەم ناوچەیەدا بناخەیەکی بەهێزی نییە. سیستەمی تازەی کۆیلایەتی هەروەکو چۆن پێویستی بەو ئایدیۆلۆگانە هەیە کە لە خزمەتیدا بن, لە رەوشێکی بەمجۆرەشدا نییە کە دووچاری تەنگەتاوی بێت و فشار پیادەبکات. قۆناخێکی بەرهەمداری بەرزبوونەوەی شار لە ئارادایە. هەوڵە شکۆدارەکانی ئایدیۆلۆژیا کۆسپ نییە, بەڵکو لەمە زیاتر دەسکەوت لەگەڵ خۆیدا دێنێ. ئەم راستیە ماددییە لە بنەمای رۆشنگەری یۆنانییەکاندا شاراوەیە.

ناوچەکانی "**ئیۆنیا**"ی رۆژئاوای ئەنادۆڵ و "**ئەلەیە**"ی باشووری ئیتالیا کە بۆ یەکەم جار فەلسەفەی تێداپێشکەوت, لەبەر ئەوەی لە ناوەندی یۆنان دووربوون، دەرفەتیان بە رەخساندنی زەمینەیەکی ئازاد داوە. رۆڵ و دەسکەوتی فەلسەفی تالاسی میللەتە کە لە مێژوودا وەکو یەکەمین فەیلەسوف ناودەبرێت، لەو هەوڵەیدا دەبینرێ کە بەبێ تەڤلیکردنی خوداوەند بۆ ناو مەسەلەکە سروشت لەمیانەی پەیوەندییەکانی خۆی روون بکاتەوە. کاتێك گوتویەتی"**گەردوون لە ئاو دروست**

**کراوە**"، لەوانەیە بەگوێرەی پێوانەکانی ئەم رۆژگارە بگوترێ شتێکی ئەوتۆی دیارینەکردووە. بەڵام بەر لەوەی سێبەری خوداوەندی لە هزری مرۆڤدا بکەوێت درکاندنی ئەمە بە شێوەیەکی سەربەخۆ، لە مێژووی هزری مرۆڤایەتیدا بەهایەکی شۆڕشگێڕی هەیە. پێویستە لەبیرنەکرێت کە لە ژێر ئەم هزرەشدا بۆچوونی سۆمەریەکان شاراوەیە کە دەڵێ خوداوەندی سۆمەریەکان سەرەتا ئاوی خوڵقاند یاخود خوداوەند لە ئاو خوڵقێنرا. هەروەکو دەزانرێت "**ئەتلەس**" هەم لە میسر, هەم لە بابل پەروەردەی بینیوە. هەروەها بۆچوونی"**خودا لەهەموو شوێنێکە**" دەکرێت بە موڵکی ئەتلەس. لێرەدا رووکردن لە فەلسەفەی ئایین جێگای باسە. پەیوەندی نێوان خوداوەند و سروشت نەپچرێنراوە. بە ناویەکداچوونی هەردوو فاکتەر جێگای باسە, رێگە لەپێش یەکەمین شێوەگرتنی چەمکی "وحدة الوجود" دەکاتەوە.

دووەمین هەنگاوی گرنگ هیرۆکلۆتیس ئەنجامیدەدات؛ بەبێ ئەوەی باسی خوداوەند بکات, ئاماژە بەوە دەکات کە بنەماکانی سروشت لە خۆیەوە دەجولێتەوە، ئەوە دووپات دەکاتەوە کە سروشت لەمیانەی سیستەمی یاساکانی نێوخۆی دەجولێتەوە, بەبێ پێویستی هیچ کاریگەرییەکی خودایی بەردەوام لە گۆڕاندایە؛ بۆچوونەکەی بەشێوەی"**دووجار لە ئاوەرۆی رووبارێکدا خۆ ناشۆڕێت**" فۆرمیلەدەکرێت. شێوازی هزری بەمجۆرە بناخەی بۆ دادەنرێت کە بۆ یەکەم جار بە شێوەیەکی ئاشکرا ماددە بە بناخەدەگرێت. هیرۆکلۆتیس لە مێژوو بە بناخەی ماددیەت دادەنرێ کە دواتر وەکو هزری پێشخراوی "**ماتریالیزمی مێژوویی**" دەگۆردرێت سەرچاوەی سەرەکی خۆیان لەم شێوازەی هزر وەردەگرێت.

لە لایەکەی دیکەوە, لە باشووری ئیتالیا ڤیساگۆرس بنەماکانی فەلسەفەی ئایدیالیستی دادەنا. ئەویش وەکو ئەتلەس ماوەیەکی درێژخایانی لاوێتی خۆی (٢٥ ساڵ) لە قوتابخانەکانی راهیبەکانی میسر و بابل بەسەربردووە و پەروەردەی بینیوە, رەوشی شارستانیەتی ئەو سەردەمەشی بە چاوان بینیوە. گرنگی راستەقینەی ئەم فەیلەسوفە کە لە ماوەی نێوان سەدەکانی پێنجەم و شەشەمی پ.ز ژیاوە ئەوەیە کە بیرکاری لەسەر پەیوەندییەکانی سروشت پەیرەوکردووە. ژمارەکان بە پیرۆز دەبینێت، باوەڕی بەوە هەیە لەمیانەی تایبەتمەندێتیەکانی ژمارەکان دەکرێ هەموو شتێك روون بکرێتەوە. ئەوە دەردەخاتە پێش کە لەمیانەی مۆسیقاوە دەشێت گوێڕایەڵی زمانی تەبایی بکرێت, سیستەمی هەمئاهەنگی (ARMONYA) دەپارێزێت. بنەما رۆحیەکانی لە بناخەی هەموو شتێکدا بە مەرج دادەنێ, راستینەی ماددە و جەستە وەکو قەفەسی بەندکردنی رۆح دەبینێ. بە شێوازی سۆفیگەرایی هزری خۆی بەرێوەدەبات، پەروەردەیەکی چڕوپڕ بە بنەمادەگرێت. کۆمەڵگای چینایەتی

کە لە یۆنان و ئیتالیا لە دایك بووە بەڕێوەبەرایەتی فەیلەسوفانەی بەر لە ئـەفلاتوون ئامـادە دەکات. لە راستیدا ئەوەی ئەنجامیان داوە گونجاندن و رێکخستنی پرەنسیپە سـەرەکییەکانی بەڕێوەبەرایـەتی سـۆمەر و میسـرە بـە گـوێرەی هەلومەرجـەکانی ناوچـەی خۆیـان، شـتێکی روون و ئاشـکرایە کـە بـە شێوەیەکی بەرفراوان کاریگەری ئەم دوو ناوەندەی لەسەرە. بەڵام پێشبینی ئەوەی کە هەر شێوەگرتن و فۆرمێکی سروشت پشت بە رێژەی ژمارەکـان دەبەسـتێت و دۆزینـەوەی ئـەم رادەیـە لەهـەر شـتێکدا گرنگە، ئەمەش دەسکەوتێکی گرنگە. دیاریکردنی ئەم رێژەیە گرنگییەکی مەزنی هەیە لەپێشخستنی مۆسیقا، بیناسازی و پزیشکی. جێگرتنی ژمارە و پێوانە و سنوور لە پەیوەندییەکانـدا پێشـکەوتنێکی گرنگە. گەیشتنی پێکهاتەی هزری و رۆحی مرۆڤ بە لۆژیك خاوەنی رۆڵێکی گرنگە.

گرنگترین فەیلەسوفی لە مـاوەی نێـوان سـەدەی ٦ ــ ٥ پ.ز لـە ناوچـەکانی ناوەنـدی یۆنـان ژیـاوە (**پارمەنیدس**)یە. بایەخەکەی لەوەدایە کە هـەبوونی لۆژیـك، تێگەیشـتن و ژیـری لـە بنـەمای هـەموو شتێکدا بە مەرج دادەنێ. لە کاتێکدا ئەوە پێشدەخات کە باوەڕی بەم فێربوونە ناکرێت کە لـە رێگـای سۆزەکانەوەیە و ئەو زانابوونانە بە خەڵەتاندن دادەنێت کە لەڕێی سۆزەکانەوە بەدیدێت. باوەڕ بەوە دەکات فێربوون لە رێگای مێشك بە بناخە دادەنرێت و لەمیانەی ئەو شێوازەی فێربوونـدا بـە راسـتی دەگەیت. لە راستیدا گرنگی پارمەنیدس لەوەوە دێت بەهایەکی مەزن بەو مێشکەی مرۆڤ دەدا کە ژێر و شـیاربۆتەوە. بـەڵکو زێـدەڕۆیی کـردووە لەمیانــەی دوورکەوتنــەوە لەسەرچـاوەکانی زانیارییــە بەرجەستەکان, کەوتۆتە نێو هەڵەیەکی مەزنی پێڕەوی کە هەزار ساڵی خایاندووە. بەڵام دەرهەق بـە دانانی بناخەی بیری لۆژیکیانە و دەستنیشان کردنی گرنگییەکەی رۆڵێکی گەردوونی گێڕاوە.

ئـەو رەوشـە ئاسـتەمانەی دەوڵـەتی ئەسـینا بەرامبـەر پارسـەکان دووچـاری هـات, ئـەو زیانانـەی بەریکەوت، پێشبڕکێی لەگەڵ ئەسپارتا, زیادبوونی جیاوازی چینایەتی, لە سەدەی ٥ پ.ز بەدواوە رێگا لەپێش قۆناخێکی قەیراناوی دەکاتەوە کە هەنگاو بـە هـەنگاو قووڵدەبێتـەوە. بـە پێـی دەربـازبوونی کات کێشە کۆمەڵایەتییەکان خۆی دەسەپێنێ. زەمینە بـۆ ئاقڵمەنـدەکان پێگەیشـتووە. ئـەم رەوشـەش رێگـای لـەپێش کاریگەرییـەکی دوولایەنـە کردۆتـەوە. لـە لایەکـەوە وشـکە بـاوەڕە ئایینیـەکان بـاوەڕی لەدەستدەدەن و باوەڕی بـە خوداوەنـدەکان لاوازدەبێت. لـە لایـەکی دیکەشـەوە قوتابخانـە فەلسـەفییە دژبەیەکەکان بەردەوام سەر لە مرۆڤ دەشێوێنن. ئاقڵمەندەکان ئەم زەمینە دەقۆزنەوە لەژێر دروشمی "**هەر کەسـە و بـە گـوێرەی خـۆی خـاوەن هـزرێکـە**" رێگا لەپێش رەوشێکی نزیك بـە ئـازادی تاکـە کەس دەکاتـەوە؛ بەڵام لەبەر ئەوەی لە قاڵبە سەرەکییەکانی هزر دوورکەوتوونـەوە دەبوونـە هـۆی بـە رووکەشی مانـەوەی زانیاریـەکان و ژێرپێکـەوتنی ئـەم هزرانـە. رەوشـێکی خـراپ ببـوون و ئیسـتسمار

جێگای باسە. لە ئایین و فەلسەفەش شتێك بە ناوی پێوانە نەما. "**هەر کەسە و پێوانەی بە گوێرەی خۆی**" واتای دووبارە گەڕانەوەی حوکمڕانی یاساکانی دارستان و زاڵکردنی دەسەڵاتی سەرەڕۆییە بەسەر کۆمەڵگا. ڕێگا لەپێش بێواتابوون و لەرێلادانی بەهاکانی کۆمەڵگا و ساختەکاری دەکاتەوە. سنووردانان بۆ ئەم ڕەوشە ناچارییەکە.

ج ـ سوقرات وەکو بەرهەمێکی ئەم قۆناخە سەریهەڵداوە کە هەموو شتێك تێکەڵ بە یەکتری ببوو. کاتێك کێشە کۆمەڵایەتییە گران بووەکان بە دوای روون کردنەوە دەگەڕان, ئەوا چۆنێتی شێواز و ناوەڕۆکی ئەم کێشەی سەرەکی بوو. تاقمە ئاقڵمەندەکان لە مەزن کردنی ئاڵۆزی بەولاوە رۆڵێکی دیکەیان نەدەبینی. سیستەم لەپەلوپۆ دەخەن, دەیهەژێنن, بەڵام خۆیان لە بەرپرسیارێتی دانانی ئەلتەرناتیف بەلاوەدەنێن. ڕێگایان لەپێش دەرکەوتنی نەوەیەکی بێ رۆحی بەرپرسیارێتی دەکردەوە. ئەم لاوانە دەرهەق بە هیچ بەها و بیر و باوەڕییەك خۆیان بەرپرسیار و خاوەن ئەرك نەدەبینی. کاریگەری مەزنی ئەم مەترسییە لێرەوە سەرچاوەی دەگرت. سوقرات (لە ساڵی ٤٧٠ تا ٣٩٩ پ.ز) بەرامبەر بەم ڕەوشە لەمیانەی دانانی بناخەکانی هزرێکی ئەخلاقی و ریشەیی رۆڵێکی مێژوویی دەبینێ. ئەم پرسیارەی سوقرات بە شێوەیەکی بنچینەیی وەڵامی بداتەوە؛ هەموو شتێك, بە تایبەتیش هەموو کارێك پێوانە و یاسای کامڵ بوونی خۆی هەیە. کاتێك زیاتر روون بکرێتەوە؛ بە واتای زانینی بنەماکانی ئەو بابەتە و کارە دێت کە دەخوازیت ئەنجامی بدەیت یان پێیەوە خەریکی. "خۆت بناسە" پارۆلای بەناوبانگی ئەم بابەتەیە. واتا هەر یەکێك دەرهەق بە مەسەلەیەك یان کارێك خاوەنی زانیارییەکی پێویست تەنانەت زانیارێکی تەواو نەبێت, مافی قسەکردنیان نییە, نابێ خۆیان بخەنە ناو ئەم کارە. نەزانی دایکی تەواوی ئاڵۆزی و هەڵە و خراپییەکانە. ئەوەی بخوازێ ڕێگای باشە بکاتەوە, دەبێ دەرهەقی بزانێ و خاوەن زانیاری بێ.

ئەم زانیارییەش پێوانەی گشتی خۆی هەیە. نابێ هەر کەسە بە گوێرەی خۆی خاوەن پێوانە بێت. هەموو پیشە و دەزگایەك پێوانە و یاسای خۆی هەیە. ئەم پێوانە و یاسایانەش بۆ هەمان ئەو پیشە و دەزگایانەش پەیڕەودەکرێت کە لق و پۆپی ئەم پیشە و دەزگا سەرەکییانەن. تەواوی دەزگا کۆمەڵایەتییەکانی وەکو باوەڕمەندی, پیشەکاری، جووتیاری, سیاسەت, سەربازی, پیوانی تەواوی خۆیان هەیە کە پشت بە زانیاری دەبەستێت. کاتێك ئەم پیوانانە پەیڕەوبکرێت ئەم دەزگا و پیشەیە بە تەواوەتی رۆڵی خۆی دەبینێ. بۆیە ئەو شتەی هەرە زێدە پێویست دەکات؛ هەر هەوڵێکی سەبارەت بە کارێك, پیشەیەك دەدرێت دەبێ پشت بە زانیاری ببەستێ. یەکێك بخوازێ کارێك بکات کە زانیاری لە بارەیەوە نییە ئەوا لە دواییدا دەکەوێتە ڕێگایەك دەرکەوتنی بۆ نییە. بە واتایەکی دیکە ئاماژە بە

بناخەی پرەنسیپی"**پراكتیكێكی دروست, له تیۆرییەكی دروستەوە سەرچاوە دەگرێت**". ئەگەر سەرنج بدرێت ئەم هەڵوێستە هەمان ئەو نزیك بوونەوەیە كە **بودا و كۆنفۆشیۆس و زەردەشت** بە دوایدا گەڕاون.

پەڕاوێك یاخود تێروانینێكی بەرفراوانی سوقرات دەرهەق بە بابەتێك نییە. ئەو زیاتر خەریكی شێواز و پرسیاری"**چۆن بژین؟**"ە. ئەگەر پەیڕەونەبێت ئەوا تەواوی ئەم زانیارییانەی كۆدەكرێتەوە وەكو ئەو كتێبانە وایە كە لە پشتی كەر باردەكرێت؛ بەڵكو لەمەش مەترسیدارترە. چونكە زانیارییەكی مرۆڤ بە شێوازێكی هەڵە بەكاریبێنێ بەرامبەر بە رەوشی بەلەنگازی كەر, هەزاران جار مەترسیدارترە و دەشێ رێگا لەپێش رەوشێكی هەڵەدا بكاتەوە. سوقرات بە شێوەیەكی مافدار و رادیكالانە بەرامبەر ئەم كێشە سەرەكییە دەوەستێ و هەڵوێست نیشاندەدات. بێگومان مەراقی ئەوە نییە ببێتە خاوەنی زانیارییەكی زۆر, بەڵكو ئەوەیە كە بۆچی و چۆن زانیاری بە دەست هێناوە. هیچ باوەڕ بەو زانیارییانە ناكات كە هۆكارەكە و چۆنێتی بە دەستخستنی دیارنییە. لەهەمانكاتدا كاتێك وەڵامێكی راستی پرسیاری زانیاری بۆ چییە، بدرێتەوە, ئەوا ئەو زانیارییە و ئەوكارەی زانیاری دەرهەق وەرگرتووە بە شێوەیەكی راست ئەنجامگیردەبن. بە گوێرەی سوقرات بیركردنەوەیەكی راست ئەنجامدانی كرداری چاك لەگەڵ خۆیدا دێنێ. ئەوكارەی بە باشی كرابێت, كاری هەرە جوان و رێك و پێكە. پرەنسیپی"**راست بیربكەوە, باش كاربكە, جوان بە**" گەوهەری ئەخلاقی سوقراتە. ئەم پرەنسیپە بە شێوەی"**بیری چاك, وتەی چاك, كرداری چاك**" لەلای زەردەشت فۆرمیلە كراوە. لایەنی هاوبەشی ئەم هزرە لەیەكچووانە, ریفۆرم كردنی سیستەمە تێكچووەكەیە. ئەوەی یەكەمین دامەزرێنەرەكان ئەنجامیان داوە سەپاندنی ئەم پێویستییەیە.

بێگومان ئەوانەی بەرژەوەندییان گرێدراوی رەوشی قەیراناوی كۆمەڵگایە, بە دڵخۆشییەوە پێشوازی لەم هەڵوێستە توند و بە پرەنسیپە ناكەن. هەروەكو لە هەموو قۆناخێكدا دەبینرێ ئەوانەی بەرژەوەندییان لە رەوشی قەیراندایە، ئەو كەسانەن كە لە یاسا و دادپەروەری دابڕاون, دەستپۆت و دیكتاتۆرەكانن. گەورەترین چەكەكانیان دیماگۆجییەتە و زۆرداریی‌یە. هۆی سەرەكی دادگایی كردنی سوقرات ئەوەیە كە خواستی لەسەر بنەمای پرەنسیپی راست ئەخلاقی لاوان بە ریفۆرم و وەرچەرخانێكی ریشەییدا تێپەڕ بكات. بەڵام كاتێك بەهانەی دادگاكردنی لەژێر ناوی"**نكوڵی لە مەزنایەتی پرەنسیپەكانی یەكێتی ئەسینا و خوداوەندە دامەزرێنەرەكانی دەكات**"رێكخرا، ئەوا ئەو وەڵامەی سوقرات و ئەو هەڵوێستەی بەرامبەری نیشاندا بێهاوتایە و بە هیچ جۆرێك لە بیرناكرێت, سوقرات گوێڕایەڵیكردنی یاساكان وەكو **(فەزیلەت)** ئاكاری چاكە پەسنددەكات, بە گوێرەی

ئەم پرەنسیپەش دەژیت. کاتێك قوتابییەکانی باسی راکردن دەکەن, ئەمە بەبێ پێوانەیی (بێیاسایی) لە قەڵەم دەدات و پەسندی ناکات. بە شێوەیەکی سانایی و هێمنی بەرداخە پڕ لە ژەهرەکە (باڵدێران) دەخواتەوە و لەمیانەی شەهادەتێکی شەرەفمەندانە لە نێو نەمراندا لە رێزی یەکەمدا جێگای خۆی دەگرێت.

**د ـ** لەگەڵ ئەفلاتوون و ئەرستۆ چەرخی فەلسەفەی دێرین دەگاتە لوتکە. هەردووکیان لە فەلسەفەی کۆمەڵگا، بە قوتابی سوقرات دادەنرێن. ئەفلاتوون وەکو پابەندبوون بە یادی مامۆستاکەی و بۆ ئەوەی زاراوەکانی راست و باش و جوان لە رزگاربوونی دەوڵەتی ئەسینا و بەڕێوەبردنی لەلایەن فەیلەسوفانەوە بگات بە مۆدیلێك, پەرتووکی بە ناوی "**دەوڵەت**" دەنووسێت. لە جیهانی ئەفلاتووندا "**گەوهەر**" بە بنەمادەگیردرێت. دونیای ماددی لە جیهانی گەوهەردا بە واتای بیرەوەرییەك دێت کە بە کزی یادی دەکرێتەوە. سەرەتا گەوهەر لە ئارادایە. دوایی بنیانی قاڵبوونەوە رێگا لەپێش هەبوونی ماددی هەمەجۆر دەکەنەوە. مادده بەشێوەیەکی جیا بیری لێناکرێتەوە. ئەمە شێوازی پێشخراوی چەمکی عەقڵی پارمەنیدسە. ئەفلاتوون بە گەورەترین فەیلەسوفی ئایدیالیزم دادەنرێت. پلە و پایەیەکی نزیك پێغەمبەرایەتی هەیە. لەمیانەی ئەم تایبەتمەندێتییەی تا رادەیەك لە زەردەشت دەچێ. دەشێ بەمجۆرەش بیربکرێتەوە کە کۆی سوقرات و ئەفلاتوون وەڵامێکی نزیك بە هزری زەردەشتی لێدەکەوێتەوە. بەڕێوەبەرێتی بلیمەتانە, دیمەنێکی هونەرمەندانە, جەستەیەکی لێوەشاوە تایبەتمەندێتیە سەرەکییەکانی فەلسەفەی ئەفلاتوونە. کاتێك کەسایەتی هەڵبژاردە (بەڕێوەبەران) بەمجۆرە پێگەیێندران, دەوڵەت بە شێوەیەکی دروست بەڕێوەدەبرێت. لەبەر ئەوەی بۆ یەکەم جار لە مێژوودا وانەکانی خۆی لە شوێنێکی نزیکی ئەسینا بە ناوی ئەکادیمیا داوە, لەمیانەی ئەم ناوە یادیدەکرێتەوە. داب و نەریت و بە دەزگابوونی ئەکادیمیا گرێدراوی شێوازی ئەفلاتوونە. فەیلەسوفی کۆمەڵگای چینایەتییە. بیر لە یەکسان بوونی هەموو مرۆڤەکان ناکاتەوە. شارستانیەتی کۆیلەداری وەکو سیستەمێکی سروشتی و هەمیشەیی دەبینرێت. هێڵە سەرەکییەکانی سیستەمی سروشی دەوڵەتی ئەسینا بەهێزترین گەوهەرەکەی لە رێگای پەرتووك، دیالۆگی بە ناوی "**دەوڵەت**" دادەنرێت.

بچووك بینینی هەموو کەسێك لەلایەن یۆنانییەکانەوە گرێدراوی ئەم شێوازەی بیرکردنەوەیە. گەلێك فەیلەسوفی دوای ئەو هاتن، لەمیانەی گەلێك رێچکەی جیاوازدا هەوڵدەدەن پێشیبخەن و هزری خۆیان لە رێگای ئەفلاتوونەوە روون بکەنەوە. ئەفلاتوونگەری نوێ, بە گشتی بە واتای یەکانگیر کردنی هزری ئایینی و هزری فەلسەفی دێت. بە تایبەتیش ئەو بە شێوەیەکی بەرجەستە لە

مەسیحییەتدا ئەنجامدەدرێت. کاریگەرییەکی قووڵی لەسەر ئایین و فەلسەفەی ئیسلامیش هەیە. ئەم کاریگەرییە رۆڵێکی سەرەکی لەسەر تەواوی چەمکە ئایدیالیستییەکانی چەرخی نزیك هەیە.

ئەرستۆ دواترین داهێنەری مەزنی هزری فەلسەفی چەرخی کلاسیکە. مامۆستای ئەسکەندەرە. ئەتینیاییەکان خۆشیان ناوێت. رەوشێکی بەمجۆرەی هەیە کە لەگەڵ قالبەکانی یۆنان ناگونجێت. لەمیانەی مێشکێکی ئەنسیکلۆپاتی ئاسا، لێکۆڵینەوەی سەبارەت تەواوی هزرە ئایینی و فەلسەفییەکانی تاکو سەردەمی خۆی کردووە و فێربووە. چاودێرێکی بە توانا و قووڵی سەر سروشتە. بە یەکسانی جێگا بە ئەقڵ و سۆز دەدات. هەوڵدەدات پەیوەندی ئەقڵ و سۆز لەگەڵ رووداوەکان بە شێوەیەکی پتەو دابنێت. لەبەر ئەوەی زۆر بە مەراقە بۆ فێربوونی تەواوی زانیارییەکانی قۆناخ, بەبێ ئەوەی جیاوازی لە نێوان سروشت و کۆمەڵگا بکات، هەوڵی کۆکردنەوەیان دەدات. ئەم هەوڵە گشتگیر دەکات. بەرەو میتۆدی (گشتگیری بەرەو پارچە)ی دەبات. ئەمەیە کە بە لۆژیکی ئەرستۆ ناودەبرێت. لە راستیدا هەوڵی ئاواکردنی بناخەگشتییەکانی لۆژیکە لەمیانەی ئەو زانیاری و هزرانەی تا ئەم قۆناخە کەڵەکە ببوون. بەم واتایە دەتوانرێت ئەرستۆ وەکو کۆی هزری مرۆڤی ئەو قۆناخە و هێزە گشتییەکەی پێناسەبکرێت. بەردەوام کردنی بە سەمبۆلی لوتکەی زانیاری و هزری سیستەماتیك, ئەنجامێکی ئەم تایبەتمەندێتیەیەتی. گوزارشت و پراکتیزەکردنی هەرە بەرجەستەش, ئاواکردنی ئیمپراتۆریەتی مەزنی جیهانییە لەلایەن ئەسکەندەری مەزنەوە. پراکتیزەکردنی مەزنی ئەم هزرە مەزنە, بە واتای دەسەڵاتی گەردوونی ئەم هزرە گەردوونییە دێت.

خودا رەت ناکاتەوە. خودا وەکو فاکتەری بەرایی دەبینێت, قۆناخەکانی دواتریش وەکو ئینسیاتیفی سروشت دەزانێ لەپێشخستنی خۆیدا. لەمیانەی گوتنی هەموو شتێك لە ئەنجامدا لەگەڵ فاکتەری یەکەم واتە لەگەڵ خودا دەبێتە یەك, چەمکی خۆی سەبارەت بە گەردوون ئاشکرا دەکات. دەستووری "**هەموو شتێك هۆکار و ئامانجێکی خۆی هەیە**" هاوکێشەیەکی ئەرستۆییە. هەربۆیە هاوکێشەکە خوداییە. هەروەکو چۆن لەم لایەنەوە کاریگەرییەکی مەزنی لەسەر ئایینە تاکخوداییەکان هەیە, ئەوا کاریگەرییەکی مەزنی لەسەر فەلسەفەی مەسیحی و ئیسلامی سەدەکانی ناوین هەیە. شتی راستتر ئەوەیە لەمیانەی بەکارهێنانی هزری ئەفلاتوون و ئەرستۆ، فەلسەفەی ئیسلامی و مەسیحییەت پێشخراوە.

تاوەکو رۆژگاری ئەمڕۆمان بۆچوونی ئەرستۆ بەسەر پێکهاتەی لۆژیکی مرۆڤدا زاڵە. هێشتا لۆژیکی دیالیکتیکییانە بەسەر هزری مرۆڤدا زاڵ نییە و لە رەوشێکی بەمجۆرە دوورە. بەهۆی ئەم تایبەتمەندێتیەوە ئەوەی تاوەکو ئێستا بە شێوەیەکی بەهێز لە نێو (منطق) لۆژیکدا دەژیت ئەرستۆیە.

ئەوەی لە فەلسەفەی باوەڕی مۆئمندا دەژیت هەر ئەرستۆیە. هەربۆیە ناتوانرێ بچووك بكرێتەوە، بەڵام بە بێ ئەوەی بەلاوەبنرێت, ناشێ فێری شێوازی راستی هزری ئەم چەرخە و زانستەكەی ببین. هەڵسەنگاندنی شێوازی هزری فەلسەفی ئەرستۆ وەكو قۆناخێكی مەزن لە جێگای خۆی دایە؛ بەڵام هەر لە زووەوە دەربازكردنی ئاستی زانیارییەكانی و بە تایبەتیش لەمیانەی پێشكەوتنە مەزنەكانی بوارەكانی فیزیا, كیمیا, زیندەوەر زانی و زانستە كۆمەڵایەتییەكان, ئیتر بینینی وەكو لوتكەی موحافەزەكاری باوەڕ و لۆژیك گرنگە. وەستان لەم لوتكەیەدا لە رۆژگاری ئەمرۆماندا بە واتای پاشڤەڕۆیەتی دێت. لەسەر ئەم بنەمایە تێپەڕكردنی ئەرستۆ پێویستییەكی دەست لێبەرنەدراو و گرنگی رۆژگاری ئەمرۆمانە بۆ ئەنجامدانی وەرچەرخان و پێشكەوتن.

دواتر لە پێكهاتەی هزری یۆنان بە پشتبەستن بە شرۆڤە جیاوازەكانی ئەم فەیلەسوفە مەزنانە، چەندین قوتابخانەی جیاواز پێشخرا. تاوەكو چەرخە نزیكەكان "**رێنسانس**" لە سەرووی هەموویانەوە ئیسلامیەت و مەسیحییەت, لە لایەكەوە فەلسەفە ئایینی و هەمەجۆرەكان, لە لایەكی دیكەشەوە بە پێشكەوتنی چەندین قوتابخانەی فەلسەفی دەرەوەی ئایین, بە شێوەیەكی راستەوخۆ یاخود ناڕاستەوخۆ بوونەتە سەرچاوە و رۆڵێكی سەرەكییان بینیوە.

لێشاوی هزری مێژوویی شارستانیەت وەكو رووبارێكە. لە كاتێكدا سەرچاوە سەرەكییەكەی بنارەكانی چیاكانی هیلالی بەپیت, لەمیانەی ئەو لقانەی لەوێوە پێیدەگات. لە سۆمەر دەبێە لێشاوی شەپۆلێكی سەرەكی. لەمیانەی ئەو لقانەی لە میسر, ئەنادۆڵ, هیتیت, چین و ئێران وەریدەگرێت لە گەرووی تەنگی یۆنان وەكو بەنداوێكی فەلسەفە دەبێتە سەرچاوەی وزە. دووبارە دەبێتە هەڵگری هێزی لێشاو. سەرەڕای كۆسپەكانی وشك كردنی چەرخەكانی ناوین, لە چەرخەنزیكەكان دیسان لە ئەوروپا دەبێتە خاوەنی هێزێكی مەزن و لە رۆژگاری ئەمرۆمان وەكو لافاوێكی لێهاتووە كە وەستاندنی ئاستەمە.

## خ ـ لوتكەی شارستانیەتی كۆیلەداری

كاتێك شیكردنەوەكانی خۆم دەرهەق بە شارستانیەت پێشخست, هەوڵمدا سەرنجی ئەو پەیوەندییانە بدەم كە لە نێوان بابەتەكاندا هەیە. ئەوەی لە ژێر ئەم هەڵوێستەمدا شاراوەیە ئارەزوو و ئومێدەكانمە سەبارەت بە سەرلەنوێ ئاواكردنەوەی ئەو پەیوەندییەی لە نێوان زانست و ئەخلاقدا

پچڕابوو لە  ڕۆژگاری ئەمڕۆمان شێوەی ئافاتێکی وەرگرتووە. دووبارەکردنەوەی بەهۆی ئەم هەست و داخوازییەمە و دووبارەکردنەوە و جەخت کردن شتێکی دەست لێبەرنەدراوە.

لەمیانەی شیکردنەوەی شارستانیەتی کۆیلەداریدا بە هیچ شێوەیەك ئەو ئامانجەی خۆم بەلاوە نانێم: شیکردنەوەی سەرمایەداری بە شێوەیەکی جیاواز و سەربەخۆ, ئەم لێکۆڵینەوە چی بۆ بەرژەوەندی یاخود لە دژی سیستەم بێت, ئاکامەکەی لە بواری پێڕەودا کەموکوڕی مەزن لەخۆوە دەگرێت. ئەوەی لە سەرمایەداری, تەنانەت لە "**سۆسیالیزمی بونیادنراو**"دا ڕوویداوە و کراوەتە مۆڵکیان، شێوەی گشتی و گەوهەری داهێنانەکانی پێکهاتەکانی سەرخان و ژێرخانی پێکهاتەی کۆمەڵگای کۆیلەدارییە. هەڵبەتە زیادبوون و پێشکەوتنی لێهاتوویی لە پێوانە و شێوەکاندا سەرنج ڕاکێشە. تەنانەت دەتوانرێ بگوترێ جیاوازی هێندە مەزنە پێویستی بە بەراوردکردن نییە. بەڵام دیسان یەکەمین شێوەگرتنی شارستانیەت و گەوهەرەکەی ڕۆڵێکی دیاریکراوی هەیە.

پەیڕەو نەکردن و بێتوانایی کۆمەڵناسی سەبارەت بەو پەیڕەوانەی بەردەوام زانست پیادەی دەکات دەشێ تەنیا بە بەهێزی زاراوەی باڵادەستی چینایەتی ڕوون بکرێتەوە. زاراوەکانی بابەتی و دیاریکراوی کە بەردەوام دووبارە دەکرێنەوە, بە هیچ جۆرێك سەبارەت بە زانستی کۆمەڵگا پەیڕەونەکرا. هۆی سەرەکی ئەمە, بە تایبەتی بە ئەندازەی ئەوەی لە بواری بابەتی و خۆییەوە توند و وشك کراوە, ئەوا ئەوەی لەمیانەی دیمەنی ئایدیۆلۆژی خۆپیشاندان و پڕوپاگەندەی سەرسووڕهێنەر لە ئارادایە، ئیرادەی باڵادەستبوونی ڕەهایە. "**ڕۆڵی دیاریکراوی**" زانست کە خواستم باسی بکەم: واتا لەبەرچاو ون کردنی کاتی گەیشتن بە یاسای گشتی و گەوهەرەکەی؛ بەمجۆرە گەوهەرەکە وون دەکرێت و وەکو زانیارێکی ڕووکارانە و پارچە پارچە دەمێنێ, تەنانەت دەگۆڕدرێت بۆ شێوازی ون کردن و لەدەستدانی واتای هەردوو شێواز. ئەنجامدانی ئەم چەواشەکارییە مەزنە دەرهەق بە چەمکەکانی زانستی کۆمەڵناسی لەلایەن ئەوروپا و بە تایبەتیش لەلایەن ئەمریکاوە, لە نزیکەوە پەیوەندی بە باڵادەستی چینایەتی و پێویستی باڵادەستی ئیمپریالیستیانەیەتی بەسەر جیهان، کە گەیشتۆتە ئاستێکی بێسنوور. ئامانج ئەوەیە, ئەگەر لە ژێر ناوی "**سۆسیالیزمی زانستی**" گەوهەرێك هەیە و داخوازی تێگەیشتن لە ئارادایە, ئەوا هیچ نەبێت گەیشتن بە شێوازی ڕاستە. دەشێ هەندێ لەوانەی خۆیان بە "**چەپڕەوی**" توندڕەو دادەنێن ئەمە زۆر واتادار نەبینین. بەڵام بانگەشەی ئەوە دەکەم ئەگەر بە شێوەیەکی ڕاست ڕەخنەنەکرێت و ڕاست نەکرێتەوە ئەوا هەروەکو چۆن "**مارکسیزم**" لە بواری ئەخلاقی لە ئایدیۆلۆژی ڕاهیبی سۆمەر پاشکەوتووتر دەبێت و لە ڕەوشی لەیستۆکێکی هەرزانی دەستی سەرمایەداری بەولاوە ڕووبەڕووی هیچ ئاکامێکی دیکە نابێتەوە. ئەوە

تیۆری و کرداری "**دیکتاتۆریای پرۆلیتاریا**" لە مۆدێلی حوکمڕانی ئیمپریالیزمی رەهای و سەرجۆنی سۆمەری و رەوشی ئامرازێکی دەستی سەرمایەداری بەولاوە رزگاری نابێت. ئەم راستینە تاڵە لە ژێر داڕووخانی "**سۆسیالیزمی بونیادنراو**"دا هەیە کە لە ژێر هیچ مۆدێلێکدا روون ناکرێتەوە, ئەمەش دەبێتە نموونەیەك بۆ ئەوەی کە خواستم ئاماژەی پێبکەم. بە ئەندازەی پرسیارکردنی ئەم هەڵە و کەموکوڕی و خیانەتانە لە کوێ و چ کاتێك و لەلایەن کێ و چۆن ئەنجامدرا؟ ئەوا چۆنێتی ئەنجامدانی راستی لە کوێ, کەی, لەلایەنی کێ و چۆن ئەنجامدەدرێ، گرێدراوی شیکردنەوەی ئەم پرسیارەیە. کاتێك گەیشتینە بەشی "**دووڕوویی سەدەی بیستەم**" ئەم مەسەلانە روونەدکەمەوە کە گرنگترین لایەنی ئەم بەشەی بەرگرینامەکەم پێکدێنێ.

## ١ ـ شارستانیەتی گریك (یۆنان)

گرنگترین کێشەی زانستی مێژوو, پێناسەکردنێکی راستی شێوەگرتنی یۆنان ـــ رۆمای شارستانیەتی کۆیلەدارییە. دەستنیشان نەکردنی ئەمە بە شێوەیەکی راست بناخەی ئەو هەڵە و کەموکوڕی و چەواشەکارییانە پێکدێنێ کە دەرهەق بە زانستی کۆمەڵگا کراوە. گەورەترین چەواشەکاریش, مەزنکردنێتی بە شێوەیەکی بێسنوور و دانانێتی بە بناخەی دەرکەوتنی شارستانیەت. ئەم بابەتەش وەکو تایبەتمەندێتیە سەرەکییەکانی چەمکی سانترالیزمی ئەوروپا رووبەڕوومان دەبێتەوە و دەسەپێنرێ. چەمکی سەرەکی دژی ئەمەش, چەمکی رۆژهەڵاتییە, بە تایبەتیش ئەو بۆچوونانەی کە پشت بە تێروانینی ئیسلامیەت دەبەستن و بەرامبەر بچووك دەبینن و وەکو کافر هەڵیاندەسەنگێنێ و هەڵوێستێکی پڕوپاگەندەییە و بایەخێکی زانستی ئەوتۆی نییە. لە لایەکەوە شێوازی هزری فەلسەفی و میتۆلۆژیای یۆنان، لە لایەکی دیکەشەوە هزری ئایینی رۆژهەڵاتی ناوین کە گەیشتۆتە ئاستی فەناتیزم و خۆ بە سەنتەر دەبینێ، بناخەی هەردوو چەمك پێکدێنێ.

کاتێك لە ژێر رۆشنایی دراوە (معطیات) زانستییەکان هەڵسەنگاندن ئەنجامبدەین، ئەوا زۆر بە سانایی دەبینرێ کە شارستانیەتی یۆنان ـ رۆما لە رێگەی دوو سەرچاوەی سەرەکی و قۆناخی مێژوویی تێرخۆراك کراوە.

آ ـ **تێربوون لەمیانەی سەردەمی نیۆلیتیك:** ئەوە سەلمێنراوە شۆڕشی کشتوکاڵی نیۆلیتیك کە لە هیلالی زێرین سەرچاوە دەگرێت لە ساڵانی ٥٠٠٠ ی پ.ز لە رێگای بەلقان و باشووری روسیا

گەیشتۆتە ئەوروپا. ئەوەش روونبۆتەوە کە لە سالانی ٤٠٠٠ پ.ز بەدواوە، تەواوی ئەوروپا شۆڕشی کشتوکاڵی ناسیوە. ئەمە لە مێژوودا بە شەپۆلی "**هیندۆ ـ ئەوروپا**" ناودەبرێ کە سەرچاوەکەی لە ئاریانەوەیە.

بۆ ئەوەی هەر لە ئێستاوە رێ لەپێش تێگەیشتنێکی هەڵە بگیرێت, روونکردنەوەی واتای وشەی "**ئاریان**" گرنگە. هەروەکو چۆن سۆمەریەکان لە چەندین ناوی زاراوەی رۆژهەلاتی ناوین خاوەن رۆڵن, ئەوا لەم زاراوەشدا رۆڵیان سەرەکییە. "**ئار ـ AR**" و "**ئارد ـ ARD**" لە زمانی سۆمەری بە واتای گاسن و شوێنی کێلان، واتا بە واتای کێڵگە دێت. کاتێك بنارەکانی چیاکانی زاگرۆس ــ تۆرۆس بوونە سەرچاوەی لە دایکبوونی شۆڕشی کشتوکاڵی, یەکەمین خاکی کە کراوە بە کێڵگە سۆمەریەکان بە "ARD" ناویان دەبرد، واتا خاك. شیمانەیەکی مەزن ئەوەیە کە ئەوانیش ئەم ووشەیە لە خاوەن زەوییەکان, لەو تیرانەیان وەرگرتووە کە بە "**هۆری**" ناودەبرێن. ئەوەش لەلایەنی مێژووە دەزانرێ کە سۆمەریەکان وشەی هۆریتیان بە واتای "**خاوەنی ولاتی بەرزاییەکان**" بەکارهێناوە. هەرچی واتای وشەی "AR"ە, لەبەر ئەوەی زۆر نزیکی وشەی "ARD"ە, وەکو پێویستییەکی زمانناسی بە واتای گاسن دێت. دواتر عەرەبەکان وەکو (ارض) بەکاریان هێنا, لە زمانی کوردی ئەمڕۆشماندا "ARD" بە واتای خاك دێت, وەکو کێڵگە بەکاردەهێنرێ (لە کرمانجی ژوور). لە رەوشێکی بەمجۆرەدا کەواتە وشەی "ARYEN" بە واتای ئەو گەلە دێت کە خاك، کێڵگە دەکێڵێت. هەربۆیە تەواوی ئەو گەلانەی بە شۆڕشی کشتوکاڵی و کێڵگەدا دەرباز بوونە ناوی ئاریانیان لێنراوە, ئەمەش دەرکی پێدەکرێت. بەڵام نزیککردنەوەی لە جۆرەی ئاری = شکۆمەند, ئار = ئاگر, شتێکن بە زۆر لکێنراون و بە شتێکی واقیعی ناچێ. بەڵام دیسانیش بە گوێرەی سەردەمی خۆیان وەکو کۆمەڵە بەراییەکان شکۆمەندبوون و هەڵسەنگاندنی ئەمە وەکو نەژادپەرستی شتێکی راست و بەجێ نییە. چەواشەکردنی ئەم زاراوە لەلایەن فاشیزمی ئەڵمانی شتێکی زانستی نییە, بەڵکو بە ئامانجی ئایدیۆلۆژی و پروپاگەندەیە. بە بایەخەوە داکۆکی لەسەر ئەوە دەکەم ئیتر کاتێك ئەم زاراوە بەکاردێنین پێویستە بە گوێرەی گەوهەری خۆی لێی تێبگەن.

مەسەلەیەکی کە مێژوو بە شێوەیەکی تەواو دەستنیشانی کردووە ئەوەیە لەسەردەمی بەخێوکردن و تێربوونی ئەوروپا لەمیانەی شۆڕشی کشتوکاڵی, بەردەوام داهێنانەکانی رۆژهەلاتی ناوین و ئامراز و زاراوەکانی بە کارهێناوە و سوودی لێوەرگرتوون. هەڵوێستەکانی GORDON CHIDE گەوهەرێکی بەمجۆرەی هەیە و بە شێوەیەکی زانستی دەیسەلمێنێ و رێگا نیشان دەکات. لەم قۆناخەدا پێشکەوتنی بەرەو بوون بەگەل و بە قەومبوون لەسەر بنەمای پشتبەستن بە گەوهەری

بڵاوبوونـەوەی شۆڕشـی کشـتوکاڵی دەبەسـتێت و کلتوورەکـەی بـە بنچـینە دەگرێـت و بـە شـێوەیەکی راستەوخۆ پەیوەندی بە بـە کارهێنـانی هێـز و فشارەوە نییـە. پێکهاتنی ئـەو گروپـە ئەتنیکییانـەی لەسەر بنەمای تایبەت بوون لە ساڵانی ٦٠٠٠ پ.ز لەنێو تیرە و هۆزەکانی رۆژهەڵاتی ناوین پێکهاتبوو, لە ئەوروپا هەزار, دوو هەزار ساڵ دواکەوت و دووبارە بۆوە و بە گوێرەی ئـەوروپا رێکخـرا. بـاکووری ئەفریقیا, هیندستان و چین لە قۆناخی نزیك ئەم ساڵانە پێشکەوتنێکی هاوشـێوەی بـەخۆوە بینیـوە. رووداوی تێربوون لەمیانەی شەپۆلەکانی کلتـووری سەرچاوەی دایك کـە لەهـەر قۆنـاخێکی مێـژوودا رووبەڕوومان دەبێتەوە, ئەمجارە رووبەڕووی سەرەکیترینیان بووینەتەوە. تێگەیشـتنی بڵاوبوونـەوەی هیند ـ ئەوروپا بەمجۆرە, رۆڵێکی بەرچاوی دەبێت لە تێگەیشتنێکی راست دەرهەق بە مێژوو.

کاتێك بەرەو ساڵانی ١٠٠٠ پ.ز دێین, دەبیـنین ئـەم گـەل یـاخود گروپـە ئەتنیکییانـەی لەمیانـەی ئامرازەکانی ئاسن گوزەران دەکـەن, بوونەتـە خـاوەنی هەنـدێك نـاوی سـەرەکی. لـە روسـیای رۆژگـاری ئـەمرۆمان و دراوسـێکانی "**سـلاو**", لـە بـاکووری ئـەوروپا "**ئۆرمـان**", "**تۆتـۆن**", بـەرەو ئـەڵمانیا "**گێرمەن**","**گۆت**", بەرو باشووریش "**کـەلت**" و "**لاتینییـەکان**", بوونەتـە خـاوەنی ئـەم ناوانـە. لـە قۆناخی دووەمدا لە جوگرافیایەکی تەسکدا ئەم گروپە ئەتنیکییانە وەکو گروپی تایبەتی گەل, قـەوم یاخود هەروەکو بە نەتەوە ناویان دەبەین پێکدێنین و شێوەدەگرن. بە گەلبوونی "**هێلین**" لە نیمچـە دوورگـەی یۆنـان، "**لاتـین**" لـە ئیتالیـا بەرهـەمێکی ئـەم قۆناخـەن. لـە کۆتـایی قۆنـاخی نیۆلیتیکـدا دەبینرێ کە گروپە ئەتنیکییەکان لە ژێر ئەم ناوە گشتییانە چڕبوونەتەوە.

**ب ـ تێربوون لەمیانەی سەردەمی شارستانیەت**؛ سەرچـاوەیەکی دیکـەی نـزیکـی کـە کاریگـەری لەسەر شێوەگرتنی شارستانیەتی یۆنان کـردووە سـۆمەر و میسـر و تـەواوی شارسـتانیەتی کۆیلـەداری رۆژهــەڵاتی ناوینــە، کــە کاریگــەری ســۆمەر و میســریان لەســەربوو. بــە شــێوەیەکی راســتەوخۆ بـەخێوکردنی شارسـتانیەتی یۆنـان لەلایـەن ئـەم چـاوگەوە, لـە سـاڵانی ٢٠٠٠ پ.ز لـە چـوار قۆڵـەوە چڕدەبێتەوە. لە رێگای ئەنادۆڵەوە لە تەرەوادە, لە رۆژهەڵاتی دەریای سپی لە فینیقیەکان, لە میسر و گریـت هێـزی شارسـتانیەتی کـە لـەم سەرچـاوانەی وەرگرتـووە لەگـەڵ ئـەو بەهایانـەی نیۆلیتیـك یەکانگیردەکات کە پێشتر وەریگرتبوون و پەسندی کردبوون, دەتوانـێ بـەرەو سـەنتێزێکی دەوڵەمەنـد هـەنگاو بهاوێـژێ. وا بـیر دەکرێتـەوە بـەر لـە نیۆلیتیـك و شارسـتانیەت، لـە نیمچـە دوورگـەی یۆنـان کۆمەڵی هۆڤی تیرە سەرەتاییەکانی دەریـای سـپی هـەبوون, بـەڵام شـیمانەی ئـەوە دەکرێـت لـە رێگـای شەپۆلی نیۆلیتیك توێنراونەتەوە. زمانی یۆنانی کە تایبەتمەندێتی ئاریانی لەخۆوە دەگرێـت بەڵگـەی سەلمێنەری ئەمەن. گەرچی بـەر لـە سـەردەمی نیۆلیتیـك لـە قەفقاسـیاوە تـاوەکو باسك لەسـەردەمی

بنەماڵەکانی کۆمۆنی سەرەتایی, گروپی زمانی دەریای سپی (قەفقاسیا ـ باسك) کە نزیکەی ٢٠ تا ٢٥ هەزار ساڵ پ.ز پێکهات، پێکهاتەیەکی جیاوازی هەیە. لە نیمچە دوورگەی ئیتالیاش پێشکەوتنێکی هاوشێوەی ئەمە جێگای باسە.

بێگومان تایبەتمەندێتیەکانی جوگرافیای یۆنان ڕێگای لەپێش کاریگەری تایبەت بە خۆی کردۆتەوە لە شێوەگرتنی شارستانیەتدا. ئەم یاسایە بۆ هەموو ناوچەیەك بەمجۆرەیە. سەبارەت بە ڕەسەنێتی یۆنان ڕۆڵێکی دیاریکراو نابینیٚ. پێشکەوتنی ئەم ڕەسەنایەتیە بە شێوەیەکی دەوڵەمەندانە لە نزیکەوە پابەندی سەرچاوەکانی تێربوونێتی. یەکانگیرکردنی تەواوی دەسکەوتەکانی سەردەمی نیۆلیتیك لەگەڵ ئەو دەسکەوتانەی هەر چوارلقە پێشکەوتووەکەی شارستانیەت، لەبەر ئەوەی جوگرافییەکەی خاڵی بە یەکگەیشتنی ئاسیا, ئەفریقیا و ئەوروپایە، ئەمەی کردووە بە سەنتێزێك و تایبەت بە خۆی کردووە, ڕوونکردنەوەی ڕاستەقینەی دەوڵەمەندی و نوێبوونەوەیە. چۆن پێکهاتنی هەمەڕەنگی و دەوڵەمەندی لەگەڵ ئەو بەهایانە پێوانە دەکرێت کە لە ڕێگایانەوە بەخێوکراوە, پێکهاتنی شارستانیەتی یۆنانیش لەمیانەی ئەو سەرچاوانەی لە بونیادی خۆیدا کۆیکردوونەتەوە و یەکانگیری کردوون تێر دەبێت و شێوە دەگرێت و دەگاتە ئاستێکی بەمجۆرە کە ڕۆڵێکی گرنگ لە قۆناخێکی سەرووتردا وەربگرێت. سەنتێزێکی دەوڵەمەندی دێنێتە ئاراوە. دەسکەوتی یۆنان پێکهێنانی ئەم سەنتێزەیە بە شێوەیەکی سەرکەوتووانە. هەروەکو دروستکردنی عاشوورە (خواردنێکە) وایە کە چەندە کەرەستەی زۆر بێت باشتر دروست دەبێت. ئەم ڕۆڵەی بچووك ناکرێتەوە, بەڵام ناتوانریٚ وەکو داهێنانێکی نویٚ و ڕەسەنیش هەڵسەنگێنرێت. بە کورتی باسی ئەم قۆناخە کرابوو. ئەگەر خۆمان لە دووبارەکردنەوە بپارێزین، بە کورتی دەتوانین ئەمانە بڵێین:

١ ـ میتۆلۆژیاکەی بە شێوەیەکی سەرەکی لە سۆمەر و تا ڕادەیەکی سنووردراریش لە میسر دزراوە. سەرچاوەکانی سۆمەری لە ڕێگای ئەنادۆڵ و فینیقیەکان بە دەستهێناوە, سەرچاوەی میسریشی لە ڕێگای گریتەوە بردووە. ئەمە بە گواستنەوەی دەستی دووەم ناوزەد بکرێت باشترە. چونکە دوای ئەوەی شارستانیەتی سۆمەر بە گوێرەی ئەنادۆڵ و فینیقی دەگونجێنرێت, دواتر بۆ نیمچە دوورگە دەگواسترێتەوە. شارستانیەتی میسریش دوای وەرچەرخان و گونجاندنی لەلایەن یۆنانەکان, دواتر دەگواسترێتەوە. میکانەکان کە وەکو هێزێکی بەر لە شارستانیەت لە نیمچە دوورگەدا دەژیان هێزی خوڵقاندنی میتۆلۆژیایان نەبوو, لە ئاواکردنی میتۆلۆژیای زیۆس لەلایەن یۆنانەکان ئەمە بە سانایی ڕووندەبێتەوە. باوەڕی میتۆلۆژیای زیۆس کە نزیکەی ساڵانی ١٥٠٠ پ.ز دەبینرێت, نموونەیەکی ئاشکرای چۆنێتی گواستنەوەیەتی بۆ نیمچە دوورگە. لە بواری پیکهاتەی زمانەوە وشەی زیۆس لە

وشەی ئاریانی "**Div**" هاتووە. دێڤ لەو سەردەمەدا لە تەواوی گروپە ئاریەکان وەکو "**Deu**" بە واتای گەورەترین بەکاردەهێنرا. هەروەکو دەزانرێت مەزنترین بە "**شتی خودایی**" ناوزەد کراوە."**Dev**" کاتێك بۆ سۆمەریەکانیش گواستراوەتەوە ئەم رۆڵەی بینیوە. گەوهەری زاراوەی خوداوەند لە رۆژهەڵاتی ناوین بەو رەوشە سەرەتاییەی لەلایەن کۆمەڵەکانی نیۆلیتیکی ئاریان دەکرێت بە گوزارشتێك و بەمجۆرە وەکو خاوەن ناسنامەیەك رووبەڕوومان دەبێتەوە. دوای دەربازبوون بە گەلێك قۆناخی جیاوازدا گەورەترین خودا دەبێتە ئیلاه, تاوەکو دەگاتە زاراوەی ئەڵلا.

کۆنترین کلتووری خوداوەندی ژن لە ئەنادۆڵ قیبەلە (**کیبەلە**) رۆڵی گرنگترین سەرچاوە دەبینێ و وەکو خوداوەندی ژن "**ئارتامیس**" دەگونجێنرێ, خوداوەندی میوە و شەراب **تارهۆزا** وەکو "**دیونیۆس**" گۆڕدراوە و گونجێنراوە. ئەمەش لە ئاسەواری پەیکەرەکانی (لەویەکان) دەبینرێ کە بەر لە قۆناخی هێلینزم کۆنترین گروپی گەلی ئەنادۆڵ بوون, بە تایبەتیش خودای میوە و خۆشاب و شەراب **تارهۆزا** زۆر بەرچاوە. بە تایبەت کردنی بە شێوەی **دیونیسۆس** نموونەیەکی دیکەی روون و ئاشکرای تێربوون و بەخێوکردنە لەلایەن سەرچاوەوە. لە دایکبوون و خوڵقاندنی ئافرۆدیت لە کەفی ئاوی کەنارەکانی قوبرس دیار دەکات کە پابەند بوونی میتۆلۆژی چۆن پێشکەوتووە, واتا زۆر بە باشی کاروانسەراکەی دەستنیشان دەکات. لە ئاپۆلۆنەوە ئیتر پێبەپێ بەرامبەر بە خوداوەندی ژن پایەدارتر دەبێت و وەکو شێوەبەندی خودایی باوکسالاری لە رۆژئاوای ئەنادۆڵەوە دەربازی یۆنانستان دەبێت, کاتێك لەلایەنی هیتیت و هۆریەکان دەیگوازنەوە دەیکەن بە "**تەلەپێنۆ و تەشوب**". ئەمانەش بابەتی دەستنیشان کراون کە خوداوەندی میسر ئیسیس و ئۆسیریس کاریگەرییەکی هاوشێوەیان لەسەر **دەمەترە** و کچەکەی **پەرسەفۆنا** کردووە.

کەوتنە نێو وردەکاری و لقەکانی چۆنێتی گواستنەوەی میتۆلۆژیا زێدە واتادار نابێت. بەڵام بە دڵنیاییەوە دەتوانین بڵێین هۆسیۆدۆس "**تیۆلۆژیا**"ی خۆی لەسەر بنەمای سەرچاوە جیاوازەکانی میتۆلۆژیای ئەو سەردەمە نووسیوە, بە تایبەتیش داستانی خوڵقاندنی بابل "**ئەنومائەلیش**". گروپە کلتوورییەکانی ئەم قۆناخە خاوەنی تیۆلۆژیایەکی هاوشێوەن. ئەم تێروانین و شێوە زانیاریانەی گەوهەری بۆ سۆمەریەکان دەگەڕێتەوە, بێگومان بە گوێرەی ئاستی زاراوەی سەردەمی نیۆلیتیك ئاستێکی پێشکەوتووی ئایدیۆلۆژی نیشاندەدات. ئەم تیۆلۆژیەی وەکو دەمامکی سەرەکی ئایدیۆلۆژی کۆیلایەتییە, لە بناخەی تەواوی زانستەکانی خوداناسی شاراوەیە کە دواتر دەرکەوتوون. دەبێ لەبیرنەکەین ئەگەر ئەوە نەبێت ناشێ و ناتوانین بە تێروانینی فەلسەفی و زانستی بگەین. چونکە پەیوەندی دیالیکتیکی مێژوویی نێوانیان ئاشکرایە و مسۆگەرە.

٢ ـ خاڵێکی دیکەی گرنگ کە دەزانرێ ئەوەیە کە ئەم ئەلف و بێیەی ئەمڕۆ لە تەواوی ئەورووپا بە کاردەهێنرێت هەمان ئەلف و بێیە کە فینیقیەکان لە سۆمەریەکانیان وەرگرتووە و لە ماوی نێوان ساڵانی ١٠٠٠ تا ٧٠٠ پ.ز بۆ یۆنان گواستراوەتەوە. شارستانیەتی یۆنان لە رێگەی ئەم ئەلف و بێیەوە بۆتە مولکی مێژوو. بە هەمان شێوە بیرکاری و ئەندازە لە میسر و سۆمەریەکان وەرگیراوە. زمان و ناوەڕۆك و شێوازی ئەدەبیاتی کلتووری (میسر و سۆمەر) بە بناخەوەرگیراوە. ئەو پێکهاتە رۆحی و هزرییەی لای یۆنانەکان پێکهاتووە, هەروەکو چۆن لە تەواوی قۆناخدا هەیە لە شێوەگرتندا قەرزاری ئەم سەرچاوەیەن, ئەوا زانیویانە چۆن رۆڵی کارامەیەی خۆشیان تێدا نیشانبدەن. گرنگیە سەرەکییەکەشی لێرەدایە. ئەمە بە تەواوی بە شێوازی کۆپیەگەری نەبووە, بەڵکو بە شێوەی هەرس کردن و تەڤلیکردنی رەنگی تایبەتی و گەیشتن بە پێکهاتەیەکی هزری و رۆحی دەوڵەمەندتر بووە. لەم بوارەشدا رۆڵی بە دەستهێنانی دەسکەوتی بۆ مێژووی شارستانیەت بەدیهێناوە. هەڵوێستی چەوت ئەمەیە کە ئەم رۆڵە وەکو رۆڵی چاوگ و زایین (خوڵقاندن) چەواشە بکرێت؛ شارستانیەتی یۆنان دوایش ئەورووپا لەمیانەی ئاستێکی فەناتیزمی شۆڤێنیزم، ئەم چەواشەکاری و شێواندنەیان ئەنجامداوە. نیشاندانی هەموو کەسێك وەکو هۆڤ لەلایەن یۆنانیەکانەوە وەکو داب و نەریتێکی لێهاتووە. گەرچی کاتێك هێشتا نەببوون بە هێزێکی شارستانیەت و بە شێوەی سیستەمی هۆز و تیرە سەرەتاییەکان دەژیان, لە مێژبوو شارستانیەت لە چاوگە رەسەنەکاندا خوڵقێنرابوو.

٣ ـ کاتێك خۆیان بە "**هێلینیەکان**" ناو برد ئاسن کە ئامرازێکی سەرەکی شارستانیەت بوو کە لە میزۆپۆتامیای خوارو دۆزراوەتەوە, لە رێگای فریگیەکان بۆ نیمچە دوورگە گواستراوەتەوە. لە رێگای تەروادەشەوە ئامرازە مسیەکان گۆیزراونەتەوە. دوای ئەوەی چەکە مسی و ئاسنیەکان لە ساڵانی ١٠٠٠ پ.ز بەدواوە بە شێوەیەکی بەربڵاو بە دەستی هێلینیەکان کۆدەبێتەوە, دەبن بە هێزێك بتوانن هەڵمەتێکی پێچەوانە ئەنجامبدەن. دوای کەوتنی تەروادە لە ساڵانی ١٢٠٠ پ.ز دەرگای ئەنادۆڵ دەکرێتەوە. سەرەتا ئەنادۆڵ و رۆژئاوا دەکەوێتە ژێر کاریگەری کلتووری ئایۆنیەکان, دوایی تەواوی ئەنادۆڵ تاوەکو دەگاتە فورات هێرشی هێلینیەکان بۆ گۆڕین و توانەوەی ناوچە دەستپێدەکات. لەوییەکان دەسڕدرێنەوە. هەروەها **فریگیا** و **لیدیا** دووچاری هەمان چارەنووس دەبنەوە. بەڵام ئەو گروپە ئەتنیکییانەی بە میرنشینە گەورەنشینەکانی "**کۆماگەنەس**" ناودەبرێن و بە باپیرە گەورەی کوردەکان و ئەرمەنیەکانی رۆژگاری ئەمڕۆمان لە قەڵەم دەدرێن هەبوونی خۆیان دەپارێزن. ئەم بڵاوبوونەوە کلتووری هێلینیەکان لە ساڵانی ١٠٠٠ پ.ز دەستپێدەکات و دوای قۆناخێکی پڕ لە

هەڵکشان و داکشان لە رێگای ئەسکەندەرەوە دەگاتە لوتکە و لەسەرەتاکانی سەدەی بیستەم لەلایەن تورکەکانەوە لە ئەنادۆڵ بەدەر دەکرێن و بە شێوەیەکی تراژیدی کۆتایی بەم قۆناخە دێت.

بڵاوبوونەوە لە رۆژئاواش بەردەوام دەکات. لە ساڵانی ١٥٠٠ پ.ز بەدواوە یۆنان سەربەخۆیی خۆی لەدەستدەدات. قوبرسیش بە نێو هەمان قۆناخدا دەربازدەبێت. ڤەبوون بەرەو مەکەدۆنیا ئەنجامدەدرێت. لەم ماوەیەدا قۆناخێکی بە کاریگەری کۆلۆنیکردن پێشدەکەوێت. لە کەنارەکانی دەریای رەش کۆلۆنی پۆنتۆس و لە هەموو شوێنێکی دەریای سپیدا کۆلۆنیەکانی هێلینی ئاوا دەکرێت. نیمچە دوورگەی ئیتالیا بە رووی نیشتەجێ بوونێکی چڕ دەکرێتەوە. باشووری ئەم نیمچە دوورگەیە تەواو دەکەوێتە ژێر کاریگەری هێلین و هەروەکو بڵێی دەبێت بە هێلین.

٤ ـ لە سەدەی ٧،٦ پ.ز لە نیمچە دوورگەی یۆنان لەسەر بنەمای چینایەتی لە فیدراسیۆنی پێکهاتە ئەتنیکیەکانەوە پێکهاتەی دەوڵەتێکی ناوەندی کۆیلەداری دێتە ئاراوە. تایبەتترین لایەنی ئەم شێوەگرتنەی دەوڵەتی کۆیلەداری ئەوەیە کارەکتەری راهیبێتی بە پلەی دووەم ماوەتەوە و لایەنە سیاسیەکەی دەرکەوتۆتە پێش و سەرەکی بووە. لەوەش گرنگتر لە دوای قۆناخێکی کورتخایەنی پادشایەتی شێوەیەکی بەخۆوەگرت دەتوانین کۆماری کۆیلەداری پێبڵێین. لە کاتێکدا لە پێکهاتەی دەوڵەتی کۆیلەداری سۆمەر و میسر و تەنانەت تەواوی رۆژهەڵاتی ناوین جگە لە رۆڵی سەرەکی چینی راهیب ئەوا دواتر پێکهاتەکانی بنەماڵە و خانەدانەکان رۆڵێکی سەرەکی دەبینن، بەڵام لە نموونەی یۆنان و ئیتالیا لایەنی کۆماری (کۆماریەت) دەردەکەوێتە پێش. بێگومان ئەم رەوشەش گرێدراوی سەرلەنوێ ئاواکردنەوەی بواری ئایدیۆلۆژی و جگە لە هەبوونی کشتوکاڵی بە زیادبوونی بایەخی بازرگانییەوە گرێدراوە. بە تایبەتی بازرگانی پێشکەوتنێکی کۆمەڵایەتی نزیك لە چینی بۆرژوا لەگەڵ خۆیدا دێنێ. بە شێوەیەکی بنچینەیی وەکو چینی ناوین زیاتر نزیکی علمانیەتە و بەهۆی بەرژەوەندیەکانی هەڵوێستێکی دوور لە شێوازی بەڕێوەبەرایەتی راهیب و خانەدانان نیشاندەدەن.

ئەو بازرگانیەی لە رێی دەریاییەوە دەکرێت بە بەراوردکردن لەگەڵ رێگای وشکانی بایەخدارتر و لەبارتر دەبێت, ئەمەش سەرەکیترین زەمینەی ماددی هەڵکشان و باڵاتربوونی یۆنانییەکان پێکدێنێ. ئەو دەوڵەمەندی و خۆشگوزەرانییەی بازرگانی لەگەڵ خۆیدا دێنێ، زەمینەی ماددی شێوازی هزری فەلسەفی پێك دێنێ. لەپێشکەوتنێکی جیاوازی ئابووری زیاتر, ئەنجامدانی دابەشکردنێکی کار بە گوێرەی بازرگانی زۆر بایەخدارە. بە گوێرەی هەلومەرجەکانی ئەو سەردەمە, ئەم دابەشکردنەی کار لە بواری بازرگانی نێوان رۆژهەڵات و رۆژئاوا, باکوور ـ باشووری جیهان، پسپۆر بوونێك لەگەڵ خۆیدا دێنێ. بەمجۆرە قۆناخێکی نوێی پێشکەوتن و بڵاوبوونەوەی پیشەکاری دێتە ئاراوە. دەتوانرێ

بگوترێت کە لە زەریای ئەتڵەسیەوە تاوەکو زەریای مەزن دەرفەتی گەڕان و سووڕانی کەلوپەل و موڵك دەرەخسێ. یەکەمین گرنگترین جیهانیبوون بەمجۆرە پێشدەکەوێت و پێکدێت.

هەڵبەتە لەمیانەی ڕێگاکانی بازرگانیەوە باوەڕی و بیرە هاوبەشەکانیش ئاڵوگۆڕی بە خۆیانەوە دەبینن. نابێ سەرمان لەوە سووڕ بمێنێ کە پێکهاتەی گونجاو بە گوێرەی ئەم پێشکەوتنە ئابووری و کۆمەڵایەتی و ئایدیۆلۆژیە کۆمارە، دواتریش پێشکەوتووترین گوزارشت و شێوازی کۆمار **"دیموکراسیەتە"**. پێشکەوتنی چینایەتی کە پشت بە هەلومەرجی ئاڵۆز و دەوڵەمەند دەبەستێ، لە بواری سیاسیدا گونجاوترین پێکهاتە بۆ خۆی دەدۆزێتەوە. بە ڕادەی بەهای مێژوویی **"دیموکراسی ئەسینا"** دەسکەوتی بۆ شارستانیەت لەم بوارەوەیە. بێگومان ئەم دیموکراسیەتە، دیموکراسیەتێکی چینی کۆیلەدارە، بەڵام دیسان نوێبوونەوەیەکی گرنگە. دووربوونی لە ژێر پاوانی توند و ڕەهای ڕاهیب و خانەدانان، ڕۆڵێکی مەزن دەبینێ لەوەی ببێتە لانکەی شارستانیەتی ڕۆژئاوا.

٥ـ بێگومان گرنگترین نوێبوونەوە کە شارستانیەتی یۆنان ئەنجامیداوە و وەکو دەسکەوتێکی مێژوو دادەنرێت، پێشخستنی شێوازی **"هزری فەلسەفی"**یە. لەبەر ئەوەی واتای وشەی فەلسەفە حەز کردنە لە زانیاری، ئەوا بینینی فەلسەفە وەکو داهێنانێکی نیمچە دوورگەی یۆنانی، دەبێتە هەڵوێستێکی زێدەڕۆیانە و کەموکوڕیەکی مەزن لە خۆوە دەگرێت. هەروەکو دەزانرێ ئەو ناوانەی وەکو زانای دەستپێکردنی شێوازی هزری فەلسەفی دەبینرێن ئەتلەسی خەڵکی میلت و فیساگۆرس، بە درێژایی تەمەنی لاوێتی پەروەردەی خۆیان لە بابل و میسر بینیوە. بەر لەوەی شێوازی هزری فەلسەفی دەرکەوێت، تەواوی پێشەنگەکانی مەعنەویات (ڕۆحی) پەروەردەی خۆیان لە قوتابخانەی ڕاهیبەکانی میسر و بابل دەبینی. لەم ساڵانە قوتابخانەیەکی تایبەت لە نیمچە دوورگە دانابوو، بەڵام شیمانەی ئەوە دەکرێت کە لە ساڵانی ٨ , ٧ پ.ز کەسانی وەکو هۆمیرۆس، هیدۆس و ئۆرفائۆس بە شێوەی هۆزان و گەریدەکان، گەڕاون و سووڕاون. ئەمە لەم لایەنەوە جێ بێڵین لەم ساڵانە نەبوونەتە خاوەنی پەرستگایەك لە ئاستی پەرستگاکانی میسر و بابلدا بێت، بەڵکو زەمینەیەکی بەهێزی کلتووری پەرستگای خۆجێییش ئاوانەکرابوو. بە شێوەیەکی چڕ و بەردەوام ئایدیۆلۆژیا لە ڕۆژهەڵاتەوە دەنێردرێتە ڕۆژئاوا. تەنانەت هۆمیرۆسیش هۆزانێکی ڕۆژئاوایی ئەنادۆڵە.

بەڵام هەروەکو چۆن ئەم ڕاستینەیە گرنگی مەزنی دەرکەوتنەپێشی هزری فەلسەفی بەلاوە نانێت، لەهەمانکاتدا دەبێ وەکو موڵکێکی هاوبەشی شارستانیەت ببینرێت. بە گوێرەی دیالیکتیکی هزری فەلسەفی بەرهەمی زەمینەیەکە ئیتر ڕوونکردنەوەکانی میتۆلۆژیاکانی ڕۆژهەڵات تێیدا کورت دێنن و ناتەواو دەبینرێن و هزری مرۆڤ تێرناکات. ئیتر ئەو میتۆلۆژیا و هەڵوێستە ئایینیانەی لێیەوە

سەرچاودەگرن و رۆڵی رۆنی چەورکردن و دەمامکی ئایدیۆلۆژی دەبینن, تەنانەت ئەو ناتەواوییەی تێیکەوتوون پێکهاتەی رۆحی و هزری مرۆڤ بەرەو لێگەڕینی نوێ دەبات. بە بەراورد کردنی کۆمەڵگای یۆنان لەگەڵ کۆمەڵگای میسر و بابل لاوازی باوەڕی ئایینی یۆنانەکان و ئەوەی کە هەشە وشك نییە, نزیکی رژێمە سیاسییەکەی لە کۆمار و دیموکراسیەت, رەخساندنی گوزەرانێکی خۆشی و دەست بەتاڵی لە ئەنجامی زەمینەی مادییەوە, تایبەتمەندێتیە سەرەکییەکانی زەمینەی هزری نوێ پێکدێنێ. دەوڵەمەندی ماددی و پێکهاتەی رژێمە سیاسییەکان و پێشخستنی گفتوگۆ دەکەنە پێویستییەك و ئەمەش توانستەکانی ئاسایش و ئازادی لەگەڵ خۆی دێنێ، هەروەکو چۆن سەردەمی ترسان لە خوداوەندەکان بەسەرچووە. دەوڵەتی شارە ئاڵۆزەکان ماقووڵتر بوونە و پێویستی هزری ئاقڵمەندانە نیشاندەدەن. هۆکاری سەرەکی ئەوەیە, لە کاتێکدا شارستانیەتی کۆیلەداری قۆناخێکی ٣٠٠٠ هەزار ساڵی لە دوای خۆی بەجێ دێڵێ, ئەوا لە دوای قۆناخی پێشکەوتنی سروشتی و پێگەیشتن, مسۆگەر لە پەلوپۆکەوتنێکی جددیش لەدوای خۆی دێنێ. ئیتر سیستەم بەرەو کۆتایی تەمەنی دەچێ. گەیشتنە لوتکە و پووکانەوەشی نزیکە. بە شێوەیەکی سەرەکی شارستانیەتی یۆنان ـ رۆما دانپێدانانی ئەم راستییەیە.

تەواوی ئەم هەلومەرجانە ئاماژە بەوە دەکەن سەردەمی باوەڕە میتۆلۆژییەکان بەسەرچووە و کاتی ئەوە هاتووە لەمیانەی مێشك بیربکرێتەوە. توانستی قۆناخە درێژەکانی مرۆڤایەتی وەکو گەنجینەی زانیاری تا بڵێی مەزنبووە. زانیاری ئاقڵمەندانە کە بەرهەمی کردار و رەنجە، دەرهەق بە دیاریکردن و روونکردنەوەی جیهانی سروشت و گیا و گیانلەبەران، رۆڵێکی رۆشنکەرانە دەبینێ. بەبێ هەبوونی رۆح و خوداوەندەکان پەیوەندی نێوان هۆکار ــ ئەنجام، دەردەکەوێتەڕوو. پێبەپێ ئەم تێروانینە پەسنددەکرێت کە جودا لە ئیرادەی مرۆڤ و خوداوەند پێڕەوێکی سەربەخۆ و تایبەتی سروشت هەیە. بە پێی دەربازبوونی کات گومان بەرامبەر جیهانی بیروباوەڕییە ساویلکەکان زیاتر دەبێت. هەنگاوی بوێری دەربازبوون لە جیهانی خەیاڵی منداڵانەوە بۆ جیهانی واقیعی دەهاوێژرێت. ئەوەی بناخەی ئەم دیاردانە پێکدێنێ, راستینەی جیهانی بازرگانی یۆنانەکانە کە لەپێناوی بە دەستهێنانی بەرژەوەندی و قازانج لە هەموو دەرگایەك بدات و حەزی لە ئاشکراکردنی نهێنیەکانە. ئەوکارەی بازرگانەکانی سۆمەر بە شێوەیەکی سنووردار ئەنجامیاندا جیهانی بازرگانی یۆنانییەکان سوورە لەسەر ئەوەی تاوەکو دوایی پێیبگات. ئەمەش هەروەکو بۆرژوازی پیشەسازییە کە لەپێناو بە دەستهێنانی دەسکەوت و قازانج, سنوور ناناسێ. ئیتر یاسای خوداوەندەکان تەنگ و سنووردارە، جیهانی بازرگانی پێویستی بە هێزی تاکەکەسی و مێشکێك هەیە لەپێناو قازانجی خۆیدا بە خێرایی

بیربکاتەوە. میتۆلۆژیا تێری پێکهاتەی جێگیری کشتوکاڵی وەرزی دەکات و وەڵامی دەداتەوە, مسۆگەر تێری جیهانی بازرگانی و پیشەکاری شارەکان ناکات و شتێکی کۆمێدییە. چینی باڵادەستی کۆمەڵگا ناچارە هزری باڵادەستی خۆی بخولقێنێ. هەروەها لەسەر بنەمای هەبوونی پەیوەندی کۆیلەداری گۆڕانکاری لە پێکهاتەی چین و پێکهاتەی سەرخانی خۆیدا دەخولقێنێ.

دەتوانرێت زیاتر هەلومەرجە بابەتی و خودیەکانی شۆڕشی فەلسەفی هزر تاوتوێ بکرێت. بەڵام ئەم دەستنیشانکردنانە تێری ئەنجامدانی پێناسەیەکی راست دەکات. گەوهەرەکەشی ئەمەیە؛ هەروەکو چۆن پێشکەوتنی شارستانیەت لە ژێرخانی خۆیدا لە نێو پەیوەندییەکی دیالیکتیکی و وەکو زنجیرێك وایە، ئەوا ئامرازەکانی تەسەوور و بیر کردنەوە و گواستنەوەی ئایدیۆلۆژی کە دەزگایەکی سەرەکی سەرخانە، لە ناو یەکبوونێکی وەکو زنجیر و پەیوەندی دیالیکتیکی دان. ئەمە هەر لە خۆیەوە و بە بێ پشتبەستن بە توانستە کەلەکەبووەکان و لەمیانەی ژیری مەزاجی چەند کەسێك دەرنەکەوتووە. ئەم رەوشە, رۆڵی فەیلەسوفەکان بچووك ناکاتەوە. بە پێچەوانەوە بە واتای روونکردنەوەی ئەوە دێت کە بەرهەمی کامە هەلومەرج و تا چ رادەیەك خولقێنەری مەزنی شارستانیەتن. هاوکات دەرفەتی ئەوە دەرەخسێنێ کە راستینەی ئەوان هەڵسەنگێنرێت و ئەنجامی راست هەڵبهێنجرێت.

لە قۆناخی فەیلەسوفەکاندا و لە دوای دابڕان لە میتۆلۆژیا، لەسەر دوو بنەما قۆناخێکی ناکۆکی هزری دەستپێدەکات.

آ ـ لە بواری پرۆسەی پراکتیزە کردندا زیاتر شێوازی بە بنەماگرتنی هەستەکان بەکاردەهێنرێ. هەبوونی بابەتیانەی سروشت بە بنەما دەگرێت. دەرك بە پەیوەندی هۆکار و ئەنجامەکانی رووداوەکان دەکات؛ دەزانێ کە خاوەنی یاسای سەربەخۆ و بەدەر لە داخوازی و کردەوەی مرۆڤن. یەکەمین شێوەگرتنی زانیارییە لە رێگای تێروانین و ئەزموونەوە بەدیهاتبێت. بەبێ ئەوەی پشت بە قالبە میتۆلۆژی و ئایینیەکان ببەستێ، هەوڵدەدات بە شێوازێکی شرۆڤە کردنی سروشت بگات. بەردی بناخەی رێگاکانی زانست بە شێوەیەکی پتەو و رێکوپێك دانراوە.

ب ـ شێوازی هزری ئاقڵمەندانە کە وشیاربوونەتەوە و مسۆگەر رێگا لەپێش کاریگەرییەکی سیحراوی دەکاتەوە, زیاتر لە ژێر کاریگەری دۆگماکانی پێشوو دایە. مێشك هێشتا سەربەخۆیی رانەگەیاندووە و زۆر لەمە دوورە. بەڵام دیسان لە سێبەری خوداوەندەکان دوورە, جەسارەتی ئەوە دەکات لە ناو دارستانێکدا هەنگاو بهاوێژێت کە کەسی پێدا نەڕۆیشتووە. هەر شتێکی هەیە لەمیانەی هزردا ئەنجامدەدرێت. ئەو جیهانەی کە هەیە هەڵخەڵەتێنەرە. ئەو هزرەی لە مێشکەوە سەرچاوەی

گرتبێت له هەموویان بەهادارتره. بێگومان بۆ یەکەمین جار و لەمیانـەی هێـزی خـۆی، سـەرهەڵدانی هزر کاریگەرییەکی مەزنی لەسەر ئەمە هەیە. مرۆڤ ئەقڵی هێندە له لای خۆی مەزنکردووە, لای ئەو هێنـدە گـرنگ نییـە ئایـا لـە دەرەوەی ئـەقڵ راسـتینەیەکی دیکـە هەیـە یـاخود نـا. هـەروەکو چـۆن دەرکـەوتنی یەکـەمینی هەرشـتێك سـەرنج راکێشـە، هەڵبەتـە شـتێکی ئاسـاییە کـە ئـەم پێشـکەوتنە مەزنەی مێژووش زێدەڕۆیی بکات.

به جەختکردنەوە ئاماژە بەوە دەکەم ئەم دوو لقە بە لانی کەم بە ئەندازەی میتۆلۆژیای سۆمەر کاریگەریان تاوەکو رۆژگاری ئەمڕۆمان هاتووە. هەروەکو چۆن میتۆلۆژیای سۆمەر رۆڵی لـە پێکهاتـەی بناخەی جیهانی باوەڕیمان هەیە, ئەوا ئەو هزرانەی سەرچاوەی خۆیان لەم دوو لقە وەردەگرن و وەکو لێشاو هاتوون رۆڵیان له پێکهاتنی بناخەی هزری فەلسەفی و زانستییانەمان هەیە. ئەم کەسایەتییانە (فەیلەسـوفانە) لــە ئاســتی پلــە و پایــەی پێغەمبەرەکانــدان. لەســەرووی هەموویانــەوە ئەتلــەس, فیتاگۆرس, پارمەنیدس, هەرکلیتۆس, سوقرات, ئەفلاتوون و ئەرستۆ کە رەوتێکیان پێکهێناوە و وەکو زنجیرە هـاتوون بـە لانـی کـەم لـە پێکهـاتنی هێـزی بـیر کردنـەوەدا هێنـدەی پێغەمبـەرەکان جیهـانی باوەڕییەکان خاوەن رۆڵن. له دەرخستنەڕووی هێزی تاکەکەسدا رۆڵی چاوگ و سەرچاوە دەبینـێ. لـە کاتێکدا میتۆلۆژیا و ئایینەکان مژدەی ستاتۆکانی پیرۆزی کۆمەڵگا لەگەڵ خۆیان دێنن, ئەوا فەلسـەفە مزگێنی ئەو تاکە لەگەڵ خۆی دێنێ که وشیاربۆتەوە و بەرەو ئازادی بەڕێدەکەوێت.

هەرچـەندە فەلسـەفە و ئـایین هـەردووکیان دەزگـای دەسـت لێبەرنـەدراو بـن بـۆ پێشـکەوتنی شارسـتانیەت، درێژبوونـەوەی ریشـەی میتۆلـۆژی لـە نێوانیانـدا هـەبێت, بـەڵام پێبـەپێ لـە یـەکتر جیابوونەتەوە و لەگەڵ یەکتردا کەوتونەتە نێو ناکۆکی و پێکدادان و ناوە بـە نـاوەش لـە سـەنتێزێکی بـاڵاتردا یـەکانگیربوون, یاسای هـەبوون و یـەکێتی دژەکـان لـە نێـوان جیهـانی فکـر و باوەڕیـدا پیـادە دەکرێت. ئەم یاسایە پەیڕەدەکرێت و پێشکەوتن بەدیدێت. ئەم یاسـایەی کـە دواتـر دەکەوێتـە نێـوان هەردوو لقەکەی فەلسەفەش, پێشکەوتنی فەلسەفە لەمیانەی ناکۆکی و پێکدادان و دوای گەیشتنی بـە سەنتێزێك تا رۆژگاری ئەمڕۆمان دێنێ. کاتێك پەرە بـە زانسـت دەدات, خۆشـی خـۆراك لـە زانسـتەوە وەردەگرێت.

٦ ـ دەسکەوتی یۆنانیەکان له بواری پێکهاتـەی هونـەر و مەعنـەوییات هەمیشـەیی و مـەزنبووە و بەمجۆرە دەسکەوتیان بۆ شارستانیەت به دەستهێناوە. لەگـەڵ ئـەوەی لـە بـواری مۆسـیقادا کاریگـەری سـۆمەریەکان لـە ئارادایـە, بـەڵام توانیویـەتی تایبـەتبوونێکی بـە گـوێرەی خۆشـی بێنێتـەئاراوە. لـە پەروەردەکردنی سۆزەکاندا پێشکەوتن بەدیهاتووە. هەم لە پەرستگا هـەم شـێوازی گـۆڕانی تاکەکەسـی

پێشکەوتنی بە خۆیەوە دیوە. فیتاگۆرس مۆسیقا وەکو زمانی گەردوون هەڵدەسەنگێنێ, هەمان هەڵوێست لەلایەن سۆمەریەکانیش لە ئارادایە. تەنیا بە روونکردنەوە و دەربڕینی ژیان لەمیانەی میتۆلۆژیا و زمانی ئەدەبی و فەلسەفی ناوەستن, بەڵکو دەربڕینی ژیان لەمیانەی مۆسیقادا جێگای خۆی دەگرێت. کاریگەری میسر لە بواری بیناسازیدا بەرچاوە. بەڵکو دوای میسر توانیویانە دووەمین و گرنگترین هەنگاوبهاوێژن. لەهەر شوێنێکی کلتووری هێڵینی تێدا بڵاو بووبێتەوە شوێنەواری بیناسازییان بەجێماوە. رۆڵی لە دروستکردنی پەیکەر و پەیکەرسازیدا زۆر بەرچاوە و نوێنەرایەتی رەوتێك دەکات. هەروەکو بڵێی لەگەڵ جوانی سروشت لە نێو پێشبڕکێیەکدایە و دەتوانێ دیمەنی زیندوو بنەخشێنێ. بە شێوەیەکی گشتی خۆجێییەتی هونەری یۆنان بە خێرایی تواناکاری بە گەردوونی بوون نیشان دەدات. دەسکەوت و رۆڵی یۆنانییەکان وەکو بەرهەمی سەنتێزێکی باڵا لە بەرامبەرماندا قیت دەبێتەوە.

پێشکەوتنی هاوشێوە لە بواری مەعنەوی و ئەخلاقدا دەبینرێت. بە تایبەتیش چەمکی "**فەزیلەت**" کە لەگەڵ دەرکەوتنی سوقرات سەریهەڵدا "**بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی تاکە کەس**" روون دەکاتەوە. بۆ تەواوی تاکەکانی کۆمەڵگا پێشبینی بەدیهێنانی پێشکەوتنێك لە ئاستی زانیاریدا دەکات. پارۆڵای ئەمە "**خۆت بناسە**"یە. ئەگەر بێت و "**فەزیلەت**" لە هەموو بوارێکدا وەکو گەیشتن بە کامڵبوون لە قەڵەمبدرێ, کەواتە ئەوەی دەکەوێتە سەرشانی تاکەکەس؛ مسۆگەر پێویستە بگات بە تەواوی ئەو زانیارییانەی کارەکەی پەیوەندیداردەکات و بەمجۆرە ژیانێکی کامل بەدیبێنێ. بەمجۆرە هەڵسوکەوتی بەرپرسیارانەی تاکەکەس بە واتای پێوانەی ئەخلاقی بەرز دێت. چەمکێکی هەڵوێستی ئەخلاقی بەمجۆرە گرنگە, کە تا رادەیەك بناخەکەی خۆی لە زەردەشتیەوە گرتووە. هەرچەندە بە شێوەیەکی سنوورداریش بێت دەرفەتی ئازادی دەرەخسێنی. لە چەمکێکی ئەخلاقی بەمجۆرەدا تاکەکەس دەتوانێ چارەنووسی خۆی دیاری بکات. هەڵبەتە بە گوێرەی چەمکەکانی پێشوو ئەو یاسایانەی پێشتر لەلایەن بەها پیرۆزەکان دەستنیشانکراوە چۆن بێت و چی بێت, دەبێ بە گوێرەی ئەو هەڵسوکەوت بکرێت. تەنانەت گۆڕانکارییەکی جیاوازتر بە خەیاڵیشیدا دەرباز نابێت. بێگومان لە سیستەمی باوەڕییەکاندا ئەوەی بە شێوەیەکی رەها (موتڵەق) هەموو شتێك دەستنیشان دەکات خوداوەندەکانن. تاکەکەس وەکو سێبەر وایە و هیچ هەبوونێکی نییە. گەوهەری فەلسەفەی بەندە و کۆیلە, سەرچاوەی خۆی لێرەوە دەگرێت. ئەمەش سەیرە کە چۆن تاکەکەس لە رێی تاکەکەسیشدا کۆمەڵگای بەندکردووە. ئەو هەڵسوکەوتانەی سەرچاوەی خۆی لە میتۆلۆژیا و باوەڕییە ئایینیەکان

دەگرێت, لەمیانـەی تایبەتمەندێتیـەکانی داب و نەریتـە کلاسـیکییەکان بـووە بـە حاکمیـەتێکی رەوا بەسەر هەڵسوکەوتی تاکەکەسدا.

ئـەم رەوشـەش زۆر لـەو ئاسـتەی هەڵسـوکەوتی ئازادانـەی تاکـەکانی سـەردەمی نیۆلیتیـك پاشکەوتووترە و بە پێچەوانە تەواوی پەیوەندییە رۆحی و هزرییەکانی مرۆڤی لەمیانـەی ئـەو بەنـە گرێداوە کە بە "**قەدەر**" ناو دەبرێت و لە رێگای گرێدانی ئایدیۆلۆژیـەوە دەکرێـت بـە چارەنووسـێکی ئەبەدی و یەکجارەکی. ئەم چەمکە ئەخلاقییەی شارستانیەتی کۆیلەداری بە دەستی راهیبەکانەوە بۆ نێو کۆمەڵگای گواستەوە و جێگیری کرد، رۆڵێکی سەرەکی لە بەرپێوەچوونی سیستەمدا دەبینێ. ئەوەی لە هزری زەردەشت و بودا و سوقرات بە شێوەیەکی سەرەکی هێرشی کراوەتە سەر و پارچەکراوە، ئەم چەمکە ئەخلاقییەیە، ناوبردنیشیان بە "**ریفۆرمخوازە گەورەکانی ئیرادە**" سەرچاوەکەی لێرەوە دێت. لەوانـەیـە بـە شێوەیەکـی ئاشـکرا دژی خوداوەنـد, واتـا بـە شـێوەیەکی ئاشـکرا دژی شارسـتانیەتی کۆیلەداری ناوەستن کە بووە بـە رەمـز, بـەڵام ئـەو رێگایـەی تاقییـان کردۆتـەوە لـە گەوهـەری خۆیـدا پارچەکردنی سیستەم و راکشانیەتی بە لای ئازادیدا. ئەمـە لـە پیلانـی (پلـەی) دووەمـدا دەمێنـێ کـە لەمیانەی کامە شـێوازی خـەیاڵی و ئایـدیۆلۆژی ئەنجامیانـداوە. ئـەم هەنگاوانـەی (لـە سـەدەی ٥ پ.ز) بەرەو ئازادی هاوێشترا, پێبەپێ بەهێزبوو و لە رۆژگاری ئەمرۆماندا بۆتە بەهێزترین هەڵسوکەوت و چەمکی ئەخلاقی.

بابەتێکی سـەرەکی رۆژگـاری ئـەمرۆمان کـە رەخنـەدەکرێت ئـەم کێشـەیە کـە گرنگییـەکی مـەزن لـەخۆوەدەگرێت. چـەمکی "**تـاکرەوێتی, ئـەخلاقی ئـازاد**" کـە بەرامبـەر بـە چـەمکی ئەخلاقیـەی سیستەمی درێژخایەنی بەندە ـ کۆیلە دەرکەوت, بە پێچەوانەوە بە شێوەیەکی بەرجەستە گوزارشت لە مەترسی دیلگرتنی تاکەکەس دەکات. بە تایبەتیش ئەم چەمکە ئەخلاقی لە شارستانیەتی ئەوروپا گەیشتۆتە لوتکە, پێشخستنی ئەلتەرناتیف و هەڵسەنگاندنی فرەلایەنـە دەکاتـە پێویسـتییەکی ژیـانی. ئەگەر بێت و ئەم چەمکەی"**ئەخلاقی تاکرەوی**" شینەکرێتەوە کـە بـە شـێوەیەکی بێسـنوور لەلایـەن زانسـت و تـەکنۆلۆژیاوە تێـر دەکرێـت, رێگـا لـەپێش مـەزنترین کارەسـات دەکاتـەوە, بـە تایبـەتیش لەمیانەی رێکردنەوە لەپێش شێوازی شەڕە شەیتانییەکانی سەدەی بیستەم, ئەوا تەنیا بەمە ناوەستێ ژینگە بخاتە نێو رەوشێکەوە دەرفەتی ژیانی تێدانەمێنێ؛ بەڵکو بە شێوەیەکی چاوگوێرانە هەڵوێستە دەکـات و کارەسـات و سیسـتەمێکی هۆڤییانـەی وەهـا لەگـەڵ خـۆی دێنـێ زۆر لـە سیسـتەمی هـۆڤێتی سەرەتایی درندانەتر بێت.

بێگومان رۆڵی شارستانیەتی یۆنان لەم درزە ئەخلاقییەدا, لەو لایەنەوە سەرچاوەدەگرێت کە ئەخلاقی تاکڕەوێتی پێشخستووە. لە رێگای شارستانیەتی رۆما زیاتر پێشدەکەوێت و لە شارستانیەتی ئەوروپاشدا دەگاتە لوتکە. لایەنی دیکەی درزیش، **"کلتووری هەڵسوکەوتی رۆژئاوا"** یاخود ئەخلاقەکەی ئەنجامی دەدات. لە کاتێکدا خودا لە لای یۆنانەکان پێبەپێ دەبێت بە مرۆڤ و دەکەوێتە نێو قۆناخی بوون بە هێزی تاکەکەس, لە پێکهاتەی هزری و ئەخلاقی رۆژهەڵاتدا پێشکەوتنی قۆناخێك جێگای باسە کە تاکەکەس خۆیدەکات بە خوداوەند و ئەو سیستەمەی کە دایمەزراندووە لە رێگای نیشاندانی وەکو سیستەمی خودا پیرۆزی دەکات. لە کاتێکدا ئەم دوو چەمك و مەیلە ئیرادییانەی کە لە رێگای سۆمەریەکانەوە ریشەیەکی هاوبەشیان هەیە, لە رێگای زەردەشتەوە دەبێت بە دووریان، جیا بوونەوەی مێژووی رۆژهەڵات ـ رۆژئاوا وەکو هێڵێکی ئەستووری لە یەکتر جیاوازی شارستانیەت بەبێ ئەوەی گرنگی خۆیان لەدەستبدەن, لەمیانەی ناکۆکی و پێکدادان و گەیشتن بە سەنتێزی باڵاتر، تاوەکو رۆژگاری ئەمڕۆمان بەردەوامە. بۆ ئەوەی ئەم پێکهاتە ناکۆکەی شارستانیەتی قۆناخی ئایندە بەلاوە بنرێت، ئەنجامدانی هەڵسەنگاندنی بەرفراوان وەکو مەرجێك دەسەپێنێ. هەڵسەنگاندنێکی لەلایەنی گشتیدا پەسند دەکرێت بەمجۆرەیە، کە ئەو هەڵسەنگاندنانەی تاوەکو ئێستا لیبرالیزمی سەرمایەداری و سۆسیالیزمی مارکسیزم ئەنجامیانداوە بە شێوەیەکی رووکەشی ماونەتەوە. ئەو بەهەشتەی لیبرالیزم و سۆسیالیزم بەڵێنیان دابوو، پێکنەهات. دەشێ هەڵە لە خودی چەمکی بەهەشتدا بێت. ئیتر هەڵسەنگاندن سەبارەت بەم بابەتە بۆ بەشەکانی دواتر بە جێدێڵم. ئەم هەڵوێستە مێژوویيەمان ئەگەر نەبێتە هێزی چارەسەری ئەم کێشەیەش, ئامانجم روونکردنەوە و ئاشکراکردنێتی.

بێگومان رێبازی رۆژئاوا کە لە ئەنجامی ئەو درزە هاتە ئاراوە کە شارستانیەتی یۆنان قووڵیکردەوە کە مرۆڤی بە بناخە گرتووە و لەمیانەی بەکارهێنانی تواناکاریەکانی هەوڵی شیکردنەوەی سروشت و کۆمەڵگای داوە، هەروەها لەسەر بنەمای بەرژەوەندی تاك ئاستی سیاسی، کلتووری, کۆمەڵایەتی و ئابووری پێشخستووە، بۆتە هۆکاری باڵا بوونی شارستانیەتی ئەوروپا. لە کاتێکدا لە رێگای ئەرستۆوە گەیشتە لوتکەی ئایدیۆلۆژی خۆی، ئەوا ئەو هەڵمەتە مەزنەی بڵاوبوونەوە بۆ رۆژهەڵات کە لەلایەن ئەسکەندەری مەزنەوە ئەنجامدرا، ئەم باڵابوونەی ئەوروپای لە ماوەیەکی زۆر کورتخایەندا بەسەر تەواوی شارستانیەتەکاندا سەپاند. قوتابیە ژیرەکەی هزری نوێ کە زۆر باش پەروەردە کراوە، سەرکەوتنێکی شکۆداری لە ئەرکی خۆدا بەدیهێناوە. بەڵام هەرچی شێوازی هزری رۆژهەڵاتە, بە تایبەتی لە رێگای گفتوگۆکانی راهیبەکان کە بابل تێیدا خنکاوە, هێزی

خولقێنەرانەی رابردووی لەدەستداوە, تەنیا خۆیان لە نێو ئاستی پەیوەندیداربوون بە کۆپیەی مەتنە سەرەکییەکاندا خنکاندووە. سیستەمی براهمانیزمی هیندستان خەریکی دووبارەکردنەوەی سیستەمی کۆنی راهیب و پادشاکانی میسر و سۆمەرە. ئەم نەڕاندنەی زەردەشت سەبارەت بە ئیرادە ئەنجامی دەدات تێری وەستاندنی ئەم کەوتنە ناکات. لە کاتێکدا پێشکەوتنی ئایینە تاکخوداییەکان رێگە لەبەر دەم پێشکەوتنێکی سنووردار دەکەنەوە, چەمکی دەوڵەتی راهیبی تێپەڕناکرێت، کە بناخەکەی زۆر بە پتەوی دارێژراوە. سیستە می ناسنامەی نوێی کۆمەڵگا کە لە دەوروبەری پەرستگا پێکهاتووە, بە دەوڵەتبوون وەکو نوێنەری سیستەمی خودایی ـ ئاسمانی لەسەر زەوی بە بنەمادەگرێت. تەواوی ئەخلاق و ئایدیۆلۆژیاکان بە گوێرەی ئەم بنەمایە نوێدەکرێتەوە, دادەرێژرێت و دەکرێتە ئەبەدی. تاك دەکەوێتە نێو رەوشێك کە ناناسرێتەوە و وون دەکرێت. سیستەمێکی چینایەتی ـ خودایی بەمجۆرە پێکدەهێنرێت کە جێگا بە سێبەرەکەشی نادات. چەمك و ئەخلاقێکی بەمجۆرە زاڵە کە تەنیا کارەکەی جێبەجێ کردنی فەرمانەکانە. ئیتر رووبەڕووی "**رێبازی رۆژهەڵات**"ین کە مردن لەپێناو پادشا, خاوەن و مێرد وەکو پیرۆزترین پلە و پایە دیاردەکات. هەرچەندە ئەو رابوونەی لەسەر بنەمای پشتبەستن بە هەڵمەتی ئیرادەی ئازادی زەردەشت پێشکەوت تاوەکو بەر دەروازەکانی ئەسینا رۆیشت, بەڵام لەبەر ئەوەی کەوتۆتە ناو هەمان چەمکەکانی رۆژهەڵات, نەیتوانی لە شکست بەرامبەر بە ئەسکەندەری خوێندکاری ٢٥ ساڵانە رزگاری بێت و بەمجۆرە باڵادەستی دەکەوێتە دەست رۆژئاوا. ئەمەش سەرباری ئەوەی هێزی ماددی رۆژهەڵات مەزنە و هێزی سەربازیشی زۆرە. ئەم چەمکەی کە هەموو شتێك حەواڵەی خودا دەکات و پادشاکانیشیان لە شوێنی خودا داناوە بەرامبەر بە قۆناخی ئاقڵمەندی کە ئەرستۆ گەیاندوویەتییە لوتکە هیچ بەهایەکی نییە و لە شکست رزگاری نابێت. "**رێبازی رۆژهەڵات**" بەرپرسیارە لە بەرامبەر دۆڕاندنی شەڕ.

چین و هیندستان کە هەمان رێبازیان پەیڕەو دەکرد, ئەنجامیش هەمان ئەنجامبوو. سەرەڕای شکۆمەندی و درێژخایەنی ئەزموونی ریفۆرم کە لەسەرەتاکانی چەرخی ناوین لەگەڵ سەرهەڵدانی ئیسلامیەت دەرکەوت, بەڵام دیسان گرێدراوی "**رێبازی رۆژهەڵات**" مایەوە و لێی رزگارنەبوو, بەمجۆرە لە شکست بەرامبەر بە "**رێبازی رۆژئاوا**" رزگاری نەبوو. ئەگەر سەرنج بدرێت و کاتێك لە بەشەکانی داهاتوو بە فراوانی تاوتوێ کرا، ئەو کاتە دەبینرێ ئەوەی بناخەی هەڵکشان و کەوتن دیاریدەکەن پێکهاتەی لۆژیکی بنەمای سیستەمەکان و قالبەکانی هەڵسوکەوت و ئەخلاقییە؛ ئەوەی ئاراستەیان دەکات شێوازی بیر کردنەوە و هێزی ئیرادەیە. لەمیانەی نموونەی یۆنان بە شێوەیەکی سەرنج راکێش سەلمێنراوە کە هۆکاری دیاریکراوی سەرهەڵدان, هەڵکشان، گۆڕانکاری و کەوتنی

شارستانیەتەکان ئەو هزر و بەها ئەخلاقییانەیە کە پشتی پێدەبەستێت و بەها ماددییەکان لە رێگای پابەندبوون بەو هزر و بەها ئەخلاقییانە بە بایەخ دەبێت و پێشدەکەوێت.

## ٢ ـ قۆناخی رۆمای شارستانیەتی کۆیلەداری

لەنێو ئەو هەلومەرجانـەی کـە ئامادەکاری هەڵکشانی رۆمـای کـرد, پێشکەوتنی کۆنفیدراسیۆنی ئەتروسـك لـە بـاکوور لەسـەر بنـەمای ١٢ ناوچـە بـەردەوامبوو. تەشـەنەکردنی کلتـووری نیۆلیتیـك هەروەها لە مێژوویەکی زوو لـە سـاڵانی ١٠٠٠ پ.ز بـەکارهێنانی ئامرازەکـانی ئاسـن لەلایـەن گەلـە بـە رەچەڵەك لاتینەکان و بەهێزبوونیان و بڵاوبوونەوەیان و لێدانی مۆرکی خۆی لە پێکهاتـەی ئـەتنیکی نیمچە دوورگەی ئیتالیا جێگای باسە. ئەتروسکەکان لـە رێگـای ئەنادۆڵـەوە بـەهاکانی شارسـتانیەتی میزۆپۆتامیایـان گواسـتەوە و تـاوەکو سـەردەمی هەڵکشـانی رۆمـا رۆڵێکـی پێشـەنگایەتییان بینـی. گـرنگترین سەرچـاوە کـە رۆمـای بـەخێوکردووە، ئەتروسـکەکانن. کۆلۆنییـەکانی هـێلین لـە باشـوور، کەمێك ماوە دووەمـین رۆژئـاوای ئـەنادۆڵ بخوڵقێنـێ، چـەندین نیمچە دەوڵـەتی شاری ئـاوا کـردووە. دەسەڵاتی بازرگانی کلتووری و ئایدیۆلۆژی بـەردەوام لـە نێـو پێشکەوتندایە. پادشایەتی سیراگۆزا لـە باشـوور و شارسـتانیەتی قەرتاجـەی، بـە رەچـەڵەك فینیقـی بـاکووری ئـەفریقیا لـە نێـو قۆنـاخێکی پرشنگدار دەژین. کاریگەرییـەکانی شارسـتانیەتی رۆژهـەڵاتی نـاوین لەمیانـەی تـەواوی ئـەم لقانـەوە، بناخـەکانی رۆمـا بەردرێـژ دەکـات. لـە سـاڵانی ٧٥٠ پ.ز دا دەبینـرێ کـە رۆمـا دەبێتـە دەوڵـەتێکی پادشایەتی ـ شار. لەگەڵ کاریگەری قووڵی ئەتروسکییەکان, گروپە ئەتنیکییـە بـە رەچـەڵەك لاتینـی، مـۆری خۆیـان لـە قۆنـاخ دەدەن. بـەرەو سـاڵانی ٥٠٠ پ.ز رۆمـا وەکـو کۆمـارێکی بـە رەچـەڵەك لاتـین، دەربازی قۆناخی هەڵکشان دەبێت. تێکۆشان و ململانێی توندی نێوان چینە رەسەنەکان (**پاتریجی**) و هـەژارەکانی نوێنەرایـەتی چـینی ژێـر (**پلەبـەکان**) دەکـەن و لـە ئـەنجامی جیابوونـەوەی پێکهاتـەی ئەتنیکی هاتۆتە ئاراوە, لەسەر بنەمای رێککەوتنی نێوان ئەم چینانە، رێگا لەپێش ئاوا کردنی کۆمـار دەکاتـەوە و هـەوڵی رێکخسـتن دەدات. سـاناتۆ و ئەنجوومەنـەکانی گـەل زۆر لـەو نموونـەی ئەسـینا بەهێزتردەبێت. بۆ دەزگاکانی بەڕێوەبەرایەتی باڵا (**ماگیسترا**) و دادگاییکردن (**پراتۆر**) جیادەکرێتەوە و هێنـدەی پێویستییەکان خۆیان بسەپێنن دەزگای دیکەی لەم جۆرانە دەئافرێنرێ.

هاووڵاتییەتی رۆما بایەخێکی جیاواز پەیدا دەکات. کاتێك مافـەکانی هـاووڵاتێتی کـە سـەرەتا بـە خەڵکی شاری رۆما دەدرا، تەواوی نیمچە دوورگەی گرتەوە، کێشەکانی کۆمار رووی لە زیادبوون کـرد.

دوای ئەوەی مەترسی قەرتاجە (٢٦٤ تا ١٤٦ پ.ز) بێکاریگەر و بەلاوەنرا, هەنگاو بە هەنگاو قۆناخی زاڵ بوون بەسەر جیهانی هێلینی دەستیپێکرد. لەگەڵ گەیشتن بە دوا سەدەی پ.ز بە تایبەتیش لە دەرئەنجامی سەفەرەکانی قەیسەر, فەتحکردنی گالیا (فەرەنسا), باشووری ئەڵمانیا, باشووری دوورگەی بەریتانیا, ئیسپانیا و ڕۆژهەڵاتی دەریای سپی و ئەنادۆڵ, بەرەو تەواوبوون چوو. میسر کەوتووە و بووە بە هەرێمێکی پابەند. بە ئەندازەی قەلا سەرەکییەکانی شارستانیەت چەندین خاکی دەستلێنەدراو (پاکیزە)ش لە ژێر حوکمڕانی ڕۆمادا بوو. قۆناخی زێڕینی شاعیر **فیرگیلیۆس** دەستیپێکردووە. لە جیاتی ڕژێمی کۆماری, ڕۆژگارەکانی ئیمپراتۆریەت, ئیمپراتۆرەکانی (**پرینجیبا**), قۆناخی هاووڵاتییە پلە یەکەکان دەستیپێکردووە.

حوکمی مێژوو لەوە مسۆگەرە کە ئەم هەڵکشان و بڵاوبوونەوەی شارستانیەتی کۆیلەداری ڕۆما, نوێنەرایەتی مەزنترین هێز دەکات کە تاوەکو ئەم قۆناخە پێکهاتوون. بەڵام ڕوونکردنەوەکان زۆر لەوە دوورن فاکتەر و پێوانە بابەتییەکانی پێکهاتنی بە بناخەبگرن. هەروەکو هەڵوێستە کوێرانە و زێدەڕۆیی و میتۆلۆژیاکانی سەردەمی دەرکەوتنی یۆنان, هەمان شت لە نموونەی ڕۆماشدا دەبینرێ. شێوازی "**من سەنتەرم**"ی تەواوی شارستانیەتەکانی تاوەکو ڕۆژگاری ئەمڕۆمان, لێرەشدا تاوەکو دوایی ئەم بانگەشەیە پەیڕەو دەکات. ئەو ئەرکەی دەکەوێتە ئەستۆی مێژووی زانستییانە, پێوانە و خاڵەکان لە شوێنی خۆیدا بنێت و ڕوونکردنەوەیەکی ڕاست پێشبخات. شتێکی ڕێکەوت نییە کە شاعیری مەزن فیرگیلیۆس لە داستانی بە ناوی **ئایناس** دا, ئاواکردنی ڕۆما بە **ئایناس** ەوە دەبەستێتەوە، کە دوای جێگرتنی لە بەرخودانی تەروادە هاتۆتە ئیتالیا. بەمجۆرە چاوگی ئەو کلتوورە دەستنیشان دەکات کە ڕۆمای خوڵقاندووە. ئەو ڕاستینەیەی کە نکوڵی لێناکرێت ئەوەیە کە ڕۆما لە نزیکەوە بە شێوەیەکی بەهێز لە ژێر کاریگەری کلتووری یۆنانیدا بووە و تەنانەت بە واتای بەردەوامکردنی کلتووری یۆنان دێت. لە ڕەوشێکی بەمجۆرەدا ڕاستەوخۆ و کاریگەری ئەنادۆڵ, فینقییەکان و میسر بە پلەی دووەم دێت. بەهۆی ئەوەی شارستانیەتی ڕۆما لەلایەن ئەم سەرچاوانەوە تێرکراوە, بۆیە تێر بوونی ڕۆما لەم سەرچاوانە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆیە. هەرچەندە بەمجۆرەش بێت, وەلێ کاتێك تەماشای کاریگەری سۆمەریەکان لەسەر ئەترووسکییەکان بکەین و بێنینە بەرچاو, ئەوا ئەمەش ڕاستە ئەو شارستانیەتەی ڕۆژئاوا دواترین و گەورەترین ئەڵقەی ئەو شارستانیەتە پێك دێنێ کە سەرچاوەکەی لە ڕۆژهەڵاتی ناوینەوە هاتووە. هەروەکو چۆن گەورەترین ئەڵقەی ڕۆژهەڵات ئیمپراتۆریەتی **چین**ە، کە پشت بە زەریای مەزن دەبەستێ, ئەوا دواترین ئەڵقەی ڕۆژئاوا کە پشت بە زەریای ئەتلەسی دەبەستێت، ئیمپراتۆریەتی ڕۆمایە. بەمجۆرە

رۆما بە واتای سێیەمین و دواترین ئەڵقەی بڵاوبوونەوەی راستەوخۆی شارستانیەتی هیلالی زێڕین دێت.

کاتێك هەوڵ دەدەین شارستانیەتی رۆما شیبکەینەوە, پێوانەکردنی لەگەڵ شارستانیەتی سۆمەر گەلێك ئەزموونمان فێر دەکات. لە کاتێکدا سۆمەریەکان پێکهاتەی رەسەنی کۆمەڵگای کۆیلەدارین، رۆما وەکو لێهاتووترین هێزی تەواو کردنیەتی. لە کاتێکدا سۆمەریەکان خۆراکی تەواوی پێکهاتەکانی سەرخان و ژێرخانی سیستەمەکەیان لە رێگای هزرێکی ئەفسانەیی و کلتووری پیرۆزی پەرستگای راهیبەکان بە دەستدەهێنا و وەکو نوێنەری سیستەمی پیرۆزی ئاسمانی، لەسەر زەوی نیشانیان دەدا؛ ئەوا رۆما کلتووری یۆنانییەکانیشی دەداتە پشت خۆی و بە شێوەی پێکهاتەی کۆمارێکی علمانی و ئاقڵمەندی بەرجەستە ببوو. پادشا ـ خوداکان جێگای خۆیان بۆ ئیمپراتۆرە خواوەندەکان بە جێ هێشتووە. هەروەکو چۆن ئیمپراتۆر سەرجۆن مۆدێلی هەموو ئیمپراتۆرەکان بوو, ئەوا کارەکتەری سەرەکی و سەرچاوەی ئیلهامی ئیمپراتۆرەکانی رۆما بووە. لە کاتێکدا میتۆلۆژیای سۆمەریەکان رەسەنە ئەوا ئەوەی رۆما سێیەمین کۆپیەی میتۆلۆژیای سۆمەرە. داستانی گلگامێش کراوە بە داستانی ئاینیاس. دەشێ لە گەلێك بابەت و بواریتردا درێژە بە بەراوردکردن بدەین. پەیوەندییەکانی نێوانیان مسۆگەرە و هاوشێوەیە. جیاوازییەکان لە ناوەڕۆکدا نییە, بەڵکو تایبەتە بەو شێوەیەی کە بەسەرچوونی کات و گۆڕانکاری شوێن، رێگای لەپێشدا کردۆتەوە. ئەگەر لە یەکچوونێکی قەبە ئەنجام بدەین, دەتوانین بڵێین تۆپە بەفرینەیەکی بچووکە لە بنارەکانی زنجیرە چیاکانی زاگرۆس ــ تۆرۆس گلۆربۆتەوە و لەو بەهایانەی شارستانیەت پێکهاتووە کە خوداوەندە ژن عەشتار (ئینانا) گوتوویەتی ئەم (''**ما**''کانی، یاساکانی منە)، لە رێی دەشتاییەکانی میزۆپۆتامیا بەرەو دۆڵی نیل چووە, لەوێشەوە گەورەتربووە و بەرەو ئەنادۆڵ و تەواوی رۆژهەڵاتی ناوین و دواتریش بەرەو نیمچە دوورگەی یۆنان رۆیشتووە، لەوێشەوە بەرەو نیمچە دوورگەی ئیتالیا و لە رێی باکووری ئالپەوە لە رێی شوێن پەنجەی پێشەنگەکانییەوە کاتێك گەیشتۆتە رۆما بۆتە تۆپە بەفرینەیەکی یەکجار مەزن. واتا شارستانیەت لە تۆپە بەفرینەیەك دەچێت کە بەر هەر شوێنێك بکەوێت بەهای نوێ لەخۆدەگرێ, گەورەدەبێت و دەبێ بە هەرەسێك هیچ شتێك بەرگەی ناگرێت. باوەڕ ناکەم لەمیانەی هەڵسەنگاندنی بەمجۆرە کەوتبینە نێو رەوشێك کە لایەنە تایبەتەکانی رۆما و مەزنبوونەکەی بچووك بکەینەوە. بە پێچەوانەوە بەڵکو دەخوازین لە رێگای دەستنیشانکردنێکی راست و بە پێوانەی ئەو سەرچاوانەی تێریکردوون, پێناسەی بەها راستەقینەکەی بکەین. بەبێ ئەوەی شتێك بە شێوەیەکی راست پێناسەبکرێت, ناشێ و ناتوانرێ هەڵسەنگاندن و بڕیارێکی راستی دەرهەق بدرێت.

بێگومان بەهای شارستانیەتی بـەمجۆرە هـەن کـە رۆمـا کارەکتەرەکـەی دیـاریکردووە و گەوهـەری خۆی داوەتـێ و گرنگییـەکی بەرچـاوی هەیـە. ئەگـەر بخـوازین لەمیانـەی هێڵـە گشـتییەکان تەماشـای بکەین بەمجۆرەیە.

١ ـ لە پێکهاتی میتۆلۆژیادا تایبـەتبوونێکی زێـدە نییـە. **ژوپیتـەر Jupiter** جێگـای خوداوەنـدی بابلی مەردۆك و سەرۆك خوداوەندی یۆنان زیۆسی گرتۆتەوە. لە کاتێکدا **لێبـەرتۆ Liberto** شـوێنی دیۆنیسۆسـی گرتۆتـەوە, ئافرۆدیـت کـراوە بـە **venus ڤـەنوس**. خوداوەنـدە ژنـی ئـەنادۆڵ **کیبەلـە kibele**، بە خـۆی و پەرسـتگاکەی بـە بـێ گۆڕانکـاری بـۆ رۆمـا گواسـتراوەتەوە. رێزبەنـدی لەمیانـەی لەدەستدانی گرنگییەکەوە بەردەوام دەکات. لێرەدا سەرەکیترین بابەت کە پێویستە ئاماژەی پێبکرێـت ئەوەیـە، کاتێـك میتۆلۆژیـای رەسـەن و راسـتەقینەی خوڵقانـدنی سـەرەکی سـۆمەریەکان لـە ئـەنجامی بەسەرچـوونی کـات و گۆڕانکـاری شـوێن بـەردەوام دووچـاری گۆڕانکـاری و توانـەوە هـات و بـەمجۆرە گەیشتە رۆما، تا دواڕادە کزبووە و لەوە دوور کەوتۆتەوە کە باوەڕی پێبهێنرێت. ئەو شـێوە نوێیانـەی بە خۆیەوەی گرتووە وەکو سەمبۆلیك بـووە و تـەنیا رێزیـان بـۆ لـێگیراوە. لـە واتایـەك ئـایینی، رۆمـا پێکهاتەکەی پارچە پارچە بووە, دروستکراوە؛ وەکو ئەمریکای رۆژگاری ئـەمڕۆمان. ئـایینی سـەرەکی, لە سیاسەتدا قالکراوەتەوە. خودی سیاسەت هێنـدەی ئـایین پـیرۆزی بەدەسـت هێنـاوە. ئـەو دەزگایـەی مەزن و پیرۆزکراوە, بە شێوەی کلاسیك ئایین نەبووە, بەڵکو سیاسەت بووە. ئایدیۆلۆژیای رۆما هێندە پێویستی بە دەمامکی ئایینی نییە، بە شێوەیەکی باشتر لەمیانەی بەها سیاسیەکان گوزارشت لـەخۆی دەکـات. زەمینـەی هـەنگاونان لـە دەوڵـەتی پـیرۆز (هییـەراتیك) بـەرەو دەوڵـەتی علمـانی (لـە ئـایین بەدەر)ی ئافرانـدووە.

٢ ـ ئـەوەی واتـادارترە پێشـکەوتنی دەزگـای سیاسـی لـە رۆمـا وەکـو دەسـکەوتێکی شارسـتانیەتە. هەروەکو چۆن لە دیموکراسی چینایەتیدا ئەسینا خاوەن شوێنگەیەکی تایبەت بێت، ئەوا لـە بەدەسـت هێنـانی بـەهای یاسـاکان و جێگـر کردنـی کۆمـار وەکـو شـێوەیەکی بـەڕێوەبردن رۆڵـی رۆمـا هێنـدە دیاریکراوە. هەموو دیموکراسیەتێك کۆمـاری نییـە و هـەر کۆمـارێکیش دیموکراتیـك نییـە. نـاتوانرێ یەکسانی لە نێو هـەردووکیان دابنرێـت. هـەروەکو دەزانـرێ یەکـەمین نموونـەکانی ئەنجوومـەن، واتـە یەکەمین دەزگای دیموکراسی چینایەتی، لە شارسـتانیەتی سـۆمەریەکان بینـراوە و سـەلمێنراوە. بـەڵام سیستەمی رۆما دەسکەوتێکی شارستانیەتە؛ کە لەسەر بنەمای گەوهەرێکی سنووورداری چینایەتییە و شێوازێکی بەڕێوەبردنە کە دان بـە هەڵبـژاردن دادەنێـت و درێـژترین تەمـەنی هـەبووە، سیسـتەمێکی خاوەن دەزگا و یاسا بووە. پێشکەوتووترین شـێوەی باڵادەسـتی چـینایەتییە. دەتـوانرێ وەکـو شـێوەی

دیموکراسیەتێکی لە جۆری ئەسینا هەڵسەنگێنرێت کە تا رادەیەك پێشکەوتووتر و کورتخایەنترە. کارەکتەری علمانی کۆماری رۆما تایبەتبوونێکی گرنگە. هەروەکو چۆن بەرێوەبەران هێندە پێویستی پەنابردنە بەر دەمامکی ئایینی نابینن, بە مەودا نزیکی هەر ئایینێك دەبنەوە و کاتێك هەڕەشە لە بەرژەوەندییەکانیان نەکات، لەگەڵیا رێك دەکەون و تەنانەت پەسندیشی دەکەن و توانیویانە ببن بە رژێمێکی فرە ئایینی. دەشێ باس لە ئایینی سۆمەر, میسر یاخود ئەسینا بکرێت. بەڵام باسکردنی ئایینی رۆما شتێکی سانایی نییە. لەم لایەنەوە رۆما هەروەکو ئەمریکا و یەکێتی ئەورووپای رۆژگاری ئەمڕۆمان دیارە کە وەکو هەرێمەکانی شارستانیەتیان تێدا پێشکەوتووە فرە لایەنی و هەمە رەنگی لە ئارادایە. بەڵام ئەو دوو نموونەیە تەنیا لەلایەنی قۆناخی سیاسی رۆما و چەمکی سەبارەت بە ئایین بەرچاو و سەرنج راکێشە. رۆڵی لەپێشکەوتنی چینی سەربازیدا دەبینێ و بنگەکەشی بۆ ئایینی **میترا Mitra** دەگەڕێتەوە کە ئایینی هیندە ئاریەکانە, بەر لە مەسیحییەت کەمێك مابوو بکرێ بە ئایینی فەرمی. هەربۆیە تاوەکو ناوەندەکانی ئەورووپا رێگا بە پەرستگاکانی ئایینی میترا دراوە و پاشماوەکانی تا رۆژگاری ئەمڕۆمان هاتووە. بەڵام لەبەر ئەوەی مەسیحییەت پێکهاتەی سەربازی لاوازدەکات کراوە بە ئامانجی لێدان, بە دڕندانەترین شێوازی ئەشکەنجەیان بەرامبەر پەیڕەوکراوە. بەڵام لە قۆناخی هەڵوەشانەوە کاتێك بینیان کە دەتوانێ رۆڵی چیمەنتۆی یەکانگیرکردن ببینێ, لەوە دوانەکەوتن وەکو ئایینی فەرمی رایگەیەنن. لە پەیوەندییەکانی نێوان ئایین و دەوڵەت بەردەوام بەلاوەنانی گەوهەری خاوەن پرەنسیپ بەلاوەدەبرێت و بەرژەوەندی لە ئارادایە.

٣ ـ لەلایەنی پێشکەوتنی شارستانیەت گرنگترین دەسکەوتی رۆما لە بواری دەزگاکاندا لە بواری مافدایە. تاوەکو ئەم قۆناخە جگە لە یاساکانی داب و نەریتە کۆنەکان گوتەی ئەو کەسانە بە واتای یاسا دەهات کە خۆیان بە نوێنەر یان ئیرادەی خوداوەندەکان دادەنا و لە نێو بەرێوەبەرایەتیدا خاوەن رۆڵی مەزن و بە کاریگەر بوون. نە زانستێکی یاسایی و نە دەزگایەکی یاسایی بەمجۆرە هەیە ماف دەستنیشان بکات و بیپارێزێت, شتێکی بەمجۆرە جێگای باس نییە. بە شێوەیەکی سەرنج راکێش راگەیاندنی ئیرادەی چین و نووسینەوەی وەکو سیستەمێکی یاسا و پراکتیزەکردنی لە کۆماری رۆما کاروبارێکی سەرەکییە. هەربۆیە تێکۆشانی درێژخایەنی سەدان ساڵەی توێژەکانی پاتریجی و پلەب بە پێویست بووە. بە واتایەکی دیکە ئەو ئاڵۆزییە کۆمەڵایەتییەی پێشکەوتووە و ئاڵۆزتر بووە, سیستەمێکی یاسای کردۆتە ناچارییەك. ئەمە تا رادەیەك قەدەری رۆمایە. لە کاتێکدا سەرەتا شاری رۆما ئەم رێکخستنەی کرد بە ناچارییەك, دوای ئەنجامدانی رێکخستن بۆ تەواوی ئیمپراتۆریەت؛ واتا دەربازبوون بۆ نێو قۆناخێك کە بە شێوەیەکی فەرمی یاساکانی دەستوور خۆی سەپاند، بووە

ناچارییەك. لە مێژوودا **پاكس رۆمانا (Paxromana)**ی بە ناوبانگ واتە ئاشتی رۆما؛ بە واتا سنووردارەكەی, بە پشتبەستن بە یاسای رۆما بە مانای باڵادەستی سیستەمی فەرمی دێت. یەكێك لەسەرچاوە سەرەكییەكانی یاسای مۆدێرن یاسای رۆمایە. لە رۆژگاری ئەمڕۆشماندا لە ئاستێكی گرنگدا كاریگەری پرەنسیپەكانی ماوە. ئەمەش هۆكارەكەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە كاروباری كۆمەڵایەتی خۆی جێبەجێكردووە. ئەو كۆمەڵگایانەی یاسایان پێشخستووە بەهای شارستانیەتیان بەردەوام پایەدار و هەمیشەیی بووە. هەر كاتێك كۆمەڵگا پێشبكەوێت, ناتوانرێ تەنیا لەمیانەی یاساكانی ئایین و داب و نەریتەكان بەڕێوە ببردرێت. سیستەمی فەرماندانی بەڕێوەبەرایەتی سیاسی بە گوێرەی گەوهەرەكەی تێری ئاوا كردن و پاراستنی سیستەم ناكات. لە كاتێكدا سیاسەت كارێكە پێویستی بە یاسای رۆژانە و كۆنترۆڵ و چاودێری هەیە. بەڵام یاسا دەزگایەكی ئارام و پشوودرێژە و هەموو كەسێك لەخۆوە دەگرێت. دەتوانرێ وەكو سیاسەتێكی سەرەكی قاڵبۆوە، گوزارشتی لێبكرێت كە جێگیر بووە و رێككەوتنێكی گشتی دەرهەق ئەنجامدراوە و هەموو كەسێك دەتوانێ پراكتیزەی بكات. لەم بوارەدا بەهای یاسایی كۆماری رۆما مەزنە و شارستانیەتیە.

٤ ـ گومان لەوەدا نییە كە لە بواری سەربازیدا رۆما گەورەترین هێزی قۆناخە كە ئەو پێشكەوتنەی بابل, ئاشوور, پارس و میسر لە بواری سەربازی ئەنجامیاندا لەوە زیاتر كە لە بواری گەوهەری تێپەڕیان بكات، وەكو هێزێكی بە هەندێك تایبەتمەندی (امتیازات) گەیشتووە، گوزارشتی لە رەسەنێتی خۆی كردووە. بەرامبەر بە چینی سیاسەتمەداران, بە تایبەتیش ئەو قۆناخەی بە سیزار (قەیسەر) دەستیپێكرد, دەبینرێ كە رەوتێكی تایبەتی سەربازی هەوڵیداوە بەسەر سیاسەتدا كاریگەربێت و قورسایی خۆی نیشان بدات؛ بێگومان كاتێك لە قۆناخی كۆنفیدراسیۆندا بوو ئەوانەی هێزی سەربازییان هەبوو دەسەڵاتی ماددیان لەپێشبوو؛ بە شێوەیەكی گشتی كەسانی وەكو, سەرۆك خێڵ, سەرۆك, پادشا یاخود ئیمپراتۆر تایبەتمەندێتیە سیاسی, سەربازی, یاسایی تەنانەت تایبەتمەندێتیە ئایینیەكانیشیان لە كەسایەتی خۆیاندا كردۆتە یەك. بە واتایەكی دیكە مێژووی شارستانیەت مێژووی پێشكەوتن و یەكلابوونەوە و تایبەتبوونی ئەو دەزگایانەیە. سەرەكیترین یەكلابوونەوە لە كۆماری رۆما (دوایی دەبێ بە ئیمپراتۆریەت) یەكلابوونەوەی ناوەندە سیاسی و سەربازییەكانە. لە میسر و سۆمەریش یەكلابوونەوەی سەرەكی لە نێوان دەزگاكانی پەرستگا و پادشایەتییە. هەر دوو یەكلا بوونەوەش لەمیانەی ماوەیەكی درێژخایەن و تێكۆشانێكی دژوار ئەنجامگیربوون و بە گوێرەی هێز و گرنگییەكەیان بوون بە دەزگا. هەر دەوڵەتێكی دامەزرابێت, یەكلابوونەوەیەكی بەمجۆرە یاخود یەكبوونی بەبنەماگرتووە. لە راستیدا دەزگای بونیادنراوی بە

سیستەمێکی کرداری گەیاندووە. واتە نەیخوڵقاندووە. خوڵقاندنی بە واتای چالاکی ئاواکردنی ئەو دەزگا تایبەتی و سەرەکییەیە کە وەڵامی داخوازی کۆمەڵایەتی و قۆناخی مێژوویی دەداتەوە. تێکۆشانێکی هەمە لایەنی هزری, رۆحی و چینایەتی بناخەکەی پێکدێنێ.

لە ئامراز و تەکنیکی سەربازی زیاتر, بە بنەماگرتنی لێژیۆنی (سەربازی مووچەداری) ناوەندی و هەرێمی بۆ رێکخستنی سوپا لەلایەن رۆما زۆر گرنگە. سەربازی پێشەیەکی هەمیشەیی و راستەقینەیە. ئەم تایبەتمەندێتیەی کاریگەرییەکەی تا رۆژگاری ئەمرۆشمان هاتووە. پایەدارتر بوونی دەزگای سەربازی بەرامبەر بە تەواوی هێزە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان, لە نزیکەوە گرێدراوی پێکهاتەی هزری و رۆحی و داب و نەریتی دەزگاکانی ئەم بوارەی رۆمایە. بە واتایەك هەر سەرباز و فەرماندەیەك بخوازێ بەرزبێتەوە و هەوڵبدات گرانی خۆی لەسەر سیاسەتدا دیاری بکات لە راستیدا درێژە بە داب و نەریتی رۆما دەدات.

لە کاتێکدا سەرجۆنی ئەکەدی یەکەمین نموونەی پێکدێنێ, دواترین نموونەی بە شان و شەوکەت، ناپلیۆن بوناپارت نوێنەرایەتی دەکات. بەڵام لە رۆژگاری ئەمرۆماندا بواری سەربازی وەکو مەیلێکی وزەی شاراوە کاریگەرییەکەی بەسەر سیاسەتدا بەردەوام دەکات. بە تایبەتیش لە قۆناخە قەیراناوییەکاندا رۆڵی بە کاریگەر و دیاریکراو دەگرێتە ئەستۆ. ئەمجۆرە مەیلە سیاسییانە بە شێوەیەکی گشتی بە "**سیزاریزم**" یاخود "**پۆناپارتیزم**" ناوزەد دەکرێت.

٥ ـ لە دیاری کردنی ستاتۆی چینەکانی کۆمەڵگا رۆڵ و دەسکەوتی رۆما گرنگە. بە تایبەتیش لەخۆوەگرتنی هەموو چینەکان لە چوارچێوەی یاسا و رۆڵ پێدانیان, روونکردنەوە و یەکلاکردنەوەی پەیوەندی نێوان هاووڵاتییەتی و چینایەتی و دەربازکردنی بە نێو رێکخستنێکی ورد تا دەگاتە بوارەکانی ماف و ئەرکەکان و لایەنە تایبەتەکانیەتی. تایبەتمەندێتیەکی مسۆگەر و فەرمی بە زاراوەی چینایەتی بەخشیوە. تەنانەت تاکو دوا قۆناخەکانی ئیمپراتۆریەت شوێنگەی هەر پیشە و چینێك لەمیانەی رێکخستنی یاسایی وردەوە گرێدراوە. لەگەڵ باسکردنی مافەکانی هاووڵاتییەتی, بەڵام کاتێك دانی بە مافە سەرەکییەکانی مرۆڤ نا و مۆری فەرمی لێدا, زەحمەت بوو باسی ئەم مافانا بکرێت. زمانی لاتینی بایەخدار دەبێت و لە بواری باڵادەستیدا دەردەکەوێتەپێش و زمانی یۆنانی لە پلە و ئاستی دووەم بەجێدێڵێ. لە بوارەکانی پەروەردە و تەندروستیدا پێشکەوتن و تایبەتبوونێکی ئەوتۆی نابینرێت. لەگەڵ ئەوەی لە بوارەکانی هزری فەلسەفی و هزری سیاسی و هونەری خیتابەت پێشکەوتنێکی بەدیهێناوە, بە شێوەیەکی سەرەکی گرێدراوە بە فەیلەسوفە یۆنانییەکان زیاتر مەیلی بە دەزگاکردنی هزری **ستۆوا** STOUA و **ئەبیقۆریا** پێشکەوتووە و کاریگەری خۆی کردووە. بەڵام

کاتێك لەگەڵ تایبەتمەندیەکی بوون بە رەوت و خولقێنەری فەیلەسوفە یۆنانییەکان بەراوردیان بکەین, ئەوا دەبینین ئەوانەی رۆما تا دوارادە دووری خولقاندن ماون. راستتر بڵێین کاتێك یۆنان لەم لایەنەوە رۆڵی خۆی بینی، رۆڵی خوێندکاری بۆ رۆما مایەوە. کلتووری هێلین قورسایی و کاریگەری خۆی دەپارێزێ و وەکو سەرچاوەیەکی خۆراکی سیستەم رۆڵی خۆی دەبینێ. لە تەنیشت بالابوونی سیاسی و سەربازی رۆما ئەوا لەمیانەی بالابوونی هزر و کلتووری هێلینیزم بە درێژایی مێژووی ئیمپراتۆریەت لە ناوەوە پێویستی هاوسەنگی رێککەوتنی پێشخستووە و پراکتیزەی کردووە. هەربۆیە بە سیستەمی یۆنان ـ رۆما ناو دەبرێت و ئەمەش پێناسەیەکی واقیعیترە. لە نێوان هەردوو هێزی شارستانیەتدا شێوەی لە ژمار نەهاتووی پەیوەندی و دەزگا و هزر رۆڵی هاوبەش دەبینن؛ سیستەم پێشدەخات, بە گوێرەی شوێنگە و تواناکەیان دەسکەوتیان بە سەریاندا دابەش دەکات, ناوەناوەش پاکتاویان دەکات.

ئەم دوو سیستەمە سەرەکییە, هەروەکو بڵێی لەسەر بنەمای دابەشکردنی رۆڵ بەسەر یەکتردا شێوەدەگرن و زیاتر بەخێوکردنی یەکدی بە بنەمادەگرن.

٦ـ بواری ئابووری بە شێوەیەکی قووڵ و بەرفراوان مەزنبووە. بەشێکی گرنگی ئەورووپای کردۆتە خاوەنی شێوازێکی ئابووری کۆیلەداری و بەمجۆرە بەرەو شارستانیەتی بردوون. بە شێوەیەکی گونجاو ئاسنی لە کشتوکاڵدا بەکارهێناوە. کشتوکاڵ وەکو پیشەی سەرەکی رەسەنەکانە و باشترین بواری چالاکی ئابوورییە. سیستەمی کێڵگەی **Letifundie** پەیڕەو دەکرێت, جۆگەلە و پشتێنەکانی ئاودێری پەرەیسەندووە. بازرگانی و پیشەکاری بە پلەی دووەم دێن و بە کارێکی رەسەن دانانرێن. بەهایەکی بەرزی نەبوو, جێگای داخوازی نەبوو. سیستەمێکی زۆر پێشکەوتووی رێگا لەئارادایە. هەروەکو لە گوتەی "**هەموو رێگایەك دەچێتەوە رۆما**" دیارە رێگای گواستنەوە رۆڵێکی مەزنی لەپێشکەوتنی بازرگانیدا بینیوە. دەریای سپی وەکو دەریایەکی رۆما گرنگییەکەی لە ئەنجامدانی بازرگانیدا پێشکەوتووە و رۆڵی خۆی بەردەوامکردووە. کەشتیوانی پیشەیەکی پێشکەوتووە. لە بواری ئابووریدا دەسکەوتی رۆما بۆ شارستانیەت زۆر سنوورداره. لە بە دەزگاکردن و رێکخستنی ئەوەی پێشتر ئاواکراوە پەریسەندووە. وەکو ئامرازێکی ئابووری سیستەمی کشتوکاڵی چینی کۆیلەی گەیاندۆتە ئاستێکی مەزنی بەرفراوانی. رەنجی کۆیلە گەیشتۆتە لوتکە. بۆ یەکەمین جار لە شارەکاندا چینێکی کۆمەڵایەتی بەمجۆرە پێکهاتووە کە لە چینی پرۆلیتاریا دەچێ. لە راستیدا هەردوو شاری ئەسینا و رۆما شێوەی سەرەتایی ئەو شارە هاوچەرخانەن کە لەسەر بنەمای سیستەمی سەرمایەداری پێشکەوتووە. بە دەزگابوونی بازار, شانۆ، ئارانا, ئەکادیمیا, پەرستگا و ئەنجوومەن هەمووی بە

گـوێرەی شـێواز و سیسـتەمی سـۆمەری و میسـرییەکان پێشـکەوتووە. ئـەم شـارانەی کـە لەمیانـەی بیناسازییەکی دروست و پتەو ئاواکراون, تـاوەکو ڕۆژگـاری ئـەمڕۆشمان پاشماوەکانیـان کاریگەرییـەکی سیحراویان هەیە. هەروەکو چۆن پێشتر دەوڵەتی شار دەزگای سەرەکی سۆمەریەکان بوو, ئەوا شاریش سیستەمێکی جێگیربـوونی بـە دەزگـابوونی تایبـەت بـە ڕۆمـا و یۆنانییەکانـە. یەکـەمین نموونـەکانی سۆمەر و میسر زیاتر لە دەوروبەری پەرستگا و کۆشکی پادشا و لەسەر بنەمای دابەشکردنێکی سستی کـار ڕۆڵـی بڕیارگـا و ناوەنـدەکانی بەڕێوەبەرایـەتی پەرسـتنی بینیـوە. ئـەم ناوەندانـەی کـە بـە پێـی پێویست کۆیلە و پیشەکاریشی لە خۆوە گرتووە, زۆر بە دەگمەنی بینراوە کە ژمارەیـان دەیـان هـەزار کـەس دەربازبکـات. بێگومـان ئـەم ڕەوشـە پەیوەنـدی بـە پێشـنەکەوتن و سـەربەخۆنەبوونی چـینی ناوینـەوە هەیـە. بـە شـێوەیەی سـەرەکی شـار وەکـو سیسـتەمێکی جـێگیری بازرگـانی و پیشـەکاران پێشدەکەوێت.

شار لەماوەی نێوان ٣٠٠٠ تا ٢٠٠٠ پ.ز سەرهەڵدەدات. لەساڵانی ٢٠٠٠ تا ١٠٠٠ پ.ز بەربڵاو دەبێـت, شـێوازی شـاری یۆنـان ــ ڕۆمـا لـەم قۆناخەیـە, لـە سـاڵانی دوای ١٠٠٠ پ.ز قۆنـاخی مـەزن بـوون و بـە دەزگابوون بایەخدار دەبێت. بە بایەختر بوونی شار لە گوند کە سیستەمی کشتوکاڵی تێیـدا جێگیرە, لە قۆناخی یۆنان ـ ڕۆما دێتەئاراوە. تاوەکو سـاڵانی ٢٠٠٠ پ.ز لەمیانـەی سیسـتەمی گونـد و گـروپ و سیستەمێکی شاری بەمجۆرەدا دەژی کە چەند دوورگەیەك پێکدێنێ. قۆناخی پەیدابوون و بـاڵابوونی شـارەکان لـە سـاڵانی ٥٠٠ پ.ز دەسـتپێدەکات و لـە ڕۆژگـاری ئەمڕۆشمانـدا بـە بـاڵابوونێکی بـێ هاوتـا گەیشتووە. هەرچەندە نـاوی دووەمـی شارسـتانیەت مەدەنییـەت بێـت (بـە عـەرەبی واتـای سیسـتەمی شارە), بەڵام بەهۆی ئەو کێشانەی ڕێگای لەپێش کردۆتەوە شار و شارۆچکە سیستەمی ئەو ژیانەن کە تا دواڕادە هەڕەشەیان لە شارستانیەت کردووە, بەڵام دیسان چاوگ و سەرچاوەی سەرەکی کۆمەڵگایـە. بـە ئەنـدازەی ئـەوەی نـاو و سـەمبۆلی شارسـتانیەتە, لەهەمانکاتـدا ئـەو سەرچـاوەیە کـە بناخەکـەی ڕزاندووە. لەمە بەولاوە کە ناوچەیەکی مەزنی نیشتەجێبوونە کێشەیەکی کۆمەڵایەتییە کە پێویست دەکات قووڵاییەکەی هەڵسەنگێنرێت. شـیمانەیەکی مـەزن ئەوەیـە؛ بـووە بـە سەرچـاوەیەکی بـەهێزی نەخۆشـی. تـەنیا ژینگـە پـیس ناکـات, پێویسـتە تـەواوی شـێوەکانی ژیـانی کـە پێچـەوانەی ڕێـڕەوی سروشـتین گرێـدراو بـە ئـاواکردنی شـار تـاوتوێ بکرێـت. لـەو هەڵسـەنگاندنانەی ئـەنجام دراوە بـە شێوەیەکی گشتی شار وەکو پێوانەی پێشکەوتن و پەرەسەندن نیشاندراوە. لە بەشی پەیوەندیداردا بە شێوەیەکی بەرفراوان دەیگرینە دەست, لە کۆتاییدا ئاماژە بـەوە دەکـەم لەگـەڵ شارسـتانیەتدا گرنگـی ئەنجامدانی شیکردنەوە سەبارەت بە شار دەردەکەوێتەپێش.

٧ ـ لە گۆڕەپانی هونەر و زانستەوە بەشداربوون و دەسکەوتی رۆما بۆ شارستانیەت لە چەند بوارێکەوە سنووردارە. بە تایبەتی لە بواری بیناسازیدا, دوای میسریەکان گەورەترین پێشکەوتنیان بە دیهێناوە. دەتوانرێ باس لە هونەرێکی بیناسازی و ئەندازیاری بکرێت. گەرچی راستترە بڵێین لەو بوارەدا شێوازی میسر و یۆنان بە بنەماگیراوە و بە ئاستێکی شکۆدار گەیشتوو. لە ئەنجامدانی ئەوە قەرزداری باڵادەستی بێ سنووری کۆیلەدارییە. بەبێ هەبوونی رەنجی کۆیلەکان نەدەشیا ئەهرامەکانی میسر و ئەو شوێنە مێژووییانەی یۆنان ــ رۆما ئاوابکرێن کە بەهای بیناسازی یەکجار مەزنە. لەمیانەی ئەو شاکارە بیناسازییانەدا دەبینرێ کە فشار و ئەشکەنجەیەکی بێ رەحمانە لەلایەن توێژێکەوە کراوەتە سەر رەگەزی مرۆڤ.

شانۆگەری, ئارانا, ئاگۆرا, پەرستگا و کۆشکی بەڕێوەبەرە پایەدارەکان و تەلارەکانی دیکە وەکو بەڵگەی زیندووی ئەم مێژووە, کاریگەریان بەسەر هەست و سۆزەکانمان و شکۆداریان بۆ هونەری بیناسازی ئەم قۆناخە قەرزدارین. زۆر ئاستەمە هەر شتێك وەکو پاشماوەی قۆناخی کۆیلایەتی مابێتەوە و هێندەی شاکارە بیناسازییەکان کاریگەر بێت. باوەڕدەکەم بە ئەندازەی ئەوەی رەنجی کۆیلەی بێ سنوور لە ژێر ئەم راستینە سیحراوییە هەیە, بەڵام بەکارهێنانیان بە شێوەیەکی بێ رەحمانە رۆڵێکی دیاریکراوی هەیە, شێوازی بەکارهێنانی رەنجەکە شکۆمەندە و سەرسامی لەگەڵ خۆیدا دێنێ. دەشێ هەمان مەزنایەتی لە پێکهاتەی پرد, پشتێنەی جۆگەلەی ئاو, گۆڕستان, قەڵا و دیوارەکاندا ببینرێت. شارستانیەتی رۆما لێکۆڵینەوەی سەبارەت بە تەواوی ئەو نموونانەی بیناسازی ئەنجامداوە کە لە قۆناخی کۆیلایەتیدا هەبوون و گەیشتووە بە سەنتێزێکی بەهێز، بیناسازی تایبەت بە خۆی خولقاندووە، بە راستی گەیشتۆتە لوتکە. مافی کۆیلەداری (مافی کۆیلەداری نابێت، بەڵام بە گوێرەی زمانی ئەوان) جێی هەبێت, رۆما پێداویستییەکانی جێبەجێکردووە و وەڵامیداوەتەوە. هەروەکو لەهەر بە دەزگابوونێکدا بەمجۆرەیە, ئەوا ئەم بابەتە لەلایەنی بیناسازیشدا بە شێوەیەکی سەرنج راکێش گوزارشتی لێدەکرێت.

لە پەیکەرسازیدا وەکو بەردەوامی یۆنانییەکانن. ناتوانرێ باس لەگەوهەرێکی جیاوازتر بکرێ. لە بواری مۆسیقا بە تایبەتیش سروودە سەربازییەکانی، سەرکەوتن تایبەتکراون. دەشێ باس لە مۆدێلێکی جل و بەرگی تایبەت بە رۆما بکرێت. رەسەنایەتی رۆما خۆی لە شێوەی جل و بەرگیشدا نیشان دەدات؛ بەڵام شتێکی روون و ئاشکرایە کە لە تەواوی ئەم بوارانەدا لە رۆژهەڵاتەوە پێیگەیشتووە. لە هونەری ئەدەبیات کاریگەری هێلینیزم دیار و بەرچاوە. ڤیرگیلیۆس تا رادەیەك کاریگەری ئیلیادەی هۆمیرۆسی لەسەربووە و داستانی ئاواکردنی رۆما "**ئاینیاس**"ی لە یادی

ئاگۆستۆسی مەزندا نووسیوە. بەڵام دیسان کلاسیکێکی ئەدەبی بەهادارە. هونەری شانۆ پێشکەوتووە. خیتابەت بایەخێکی زیادی پەیداکردووە و بە دەزگاکراوە. لەو باوەڕەدام کە سەرنج راکێشیٚ شێوازی گوزارشت کردنی بەهێزی زمانی ئیتالی لە رۆژگاری ئەمڕۆماندا پەیوەندی خۆی بە هێزی خیتابەتی ئەو فۆناخەوە هەیە. بێگومان ئیرادەی هێزێك لە پشت ئەم خیتابەتەوە هەیە کە بەسەر جیهاندا دەسەڵاتدارە. لە کاتێکدا بەهێزترین دەسەڵاتداران بە زمانێکی بەهێز و رەوانبێژی دەگەن؛ ئەوەی بەشی کۆیلەکانە, زمانی نەفرەت لێکراوی"**EZOP**" **ئەزۆپە،** کە کەس لێی تێناگات. لەکاتێکدا هێز و ئازادی, پەیوەندییەکی چڕی بە باڵادەستی زمان و رەوانبێژی و جوانی زمانی قسەکردنەوە هەیە, بەردەوام خیتابەتی باڵادەستەکانی رۆمام دێتەوە یاد. عەرەب, ئیسپانییەکان و ئێرانییەکان لەسەرووی ئەم قەومانە دێن کە بە پلەی دووەم ئەم هونەرەیان پێشخستووە. دەبیٚ فیرگیلیۆس هەم وەکو کەسایەتی هەم لە بواری زمان، وەکو گوزارشتی مەزنی ئەم رەسەنایەتییە ببینریٚ. لەگەڵ ئەوەی لە بواری زانستەوە دۆزینەوە و داهێنانێکی ئەوتۆی شارستانیەتی رۆما لە ئارادانییە, ئەوا هەروەکو دەبینریٚ ئەوانەی کە هەبوون لە بەرزترین ئاستدا پراکتیزەکراون.

ئەو ئەنجامە سەرەکییەی لەو هەڵسەنگاندنەوە بە دەستدێت کە لە ئاستی پێناسەکردنندا بوون ئەوەیە, جێگا و شوێنی رۆمای کلاسیك لە مێژووی شارستانیەتی کۆیلەداری, لوتکەی پێش داڕووخانە. رۆما زۆر بەباشی لێکۆڵینەوە سەبارەت بە تەواوی بەها گەوهەرییەکانی نێو سیستەمی کۆیلەداری دەکات و دەیکات بە دەزگابوونێکی دەوڵەت. زۆر باش ئەمەی زانیوە: لە کاتێکدا کۆمەڵەکانی سەردەمی نیۆلیتیك زۆر بە زەحمەتی زگی خۆیان تێردەکرد, ئەمڕۆ بەهاکانی شارستانیەت لە تەنیشتیان چەکەرە دەکات کە پشت بە میراسی ٣٠٠٠ ساڵی سیستەمی کۆیلەداری دەبەستیٚ, بۆ کۆمەڵە ئەتنیکییە لاتینیەکان ئەمە بە واتای خەونی"**چەرخی زێڕین**" دێت. گەلێك کلتوور و هێزی ورد و درشتی شارستانیەت لە سۆمەرەوە تا میسر، لە پارسەکانەوە تاوەکو یۆنان لە ژێر ناوی شارستانیەتی رۆما بەرەو سەنتێزێك دەچن، بەرەو رووی بەرزترین ئاستی تایبەتبوون و بە دەزگابوون دەبێتەوە. لەهەمانکاتدا هەمان شانسی مەزنی رۆمایە.

دەرفەتی بەمجۆرە لە مێژوودا دەرەخسیٚ, ئەگەر بزانریٚ هەڵسەنگێنریٚ و بقۆستڕێتەوە, رێگا لەبەردەم پێشکەوتنی وەها دەکاتەوە کە خۆشیان ببن بە مێژوویەك. شانسی سۆمەریەکان شۆڕشی گوندبوو کە لە کەنارەکانی فورات ـ دیجلە پێشکەوت. رۆڵ و دەسکەوتیان خولقاندنی شۆڕشی شار و سیستەمی شارستانیەتە. هەمان شانس لە دۆڵی نیل کەوتە دەست میسرییەکانیش. شارستانیەتی چین لە دۆڵەکانی رووباری زەرد، شارستانیەتی هیندی لە دۆڵەکانی ئیندۆس و پەنجاب ئەڵقە مەزنەکانی

دیکەی زنجیرەی شانسن. لە راستیدا ئەگەر جێگای هەبێت و باس لەوە بکرێت! کە لە ژێر ئەم پێشکەوتنەی کە وەکو شانس هاتووە، رەنجی کامە مرۆڤی مەزن و چەندین قارەمانی نەناسراو هەیە؟ تەنیا ئەوە بزانرێ! کە چۆن لەسەر بنەمای ئەم رەنجە میتۆلۆژیای شکۆدار و بەهەشتەکانی سەر زەوی ئاواکران؟ ئەگەر مافەکەی پێبدرێت! بە ئەندازەی ئاواکردنی جیهانە مەزنەکەی ئومێد (بەهەشت), ئەو ئێش و ئازارانەش باسبکرێت کە زاراوەی دۆزەخی هێنایە ئاراوە، لەوانەیە تۆزێك دادوەری جێگای خۆی بدۆزێتەوە و گوێڕایەڵی راستینە راستەقینەکە بکرێت.

یۆنانیەکان بەر لە هەموو قەومەکانی رۆژئاوا هەستیان بە شانسی شارستانیەت کرد کە لە چوارلاوە دەستیان کەوتبوو. بە حەزێکی مەزنەوە ئەو خۆراکەیان خوارد کە لە رۆژهەلاتەوە هاتبوو, هەرسیانکرد و لە قۆناخێکی دواتردا وەکو هێزێکی شارستانیەت هاتنە دونیاوە. دەشێ ئەمە لە گفتوگۆی نێوان خوداوەندەکان ببینرێ کە لە دەوروبەری زیۆسی سەرۆکی خوداوەندەکان پێشدەخرێ. ئەوەی لەو ئەفسانەیەدا دەخوازن باسی بکەن چیرۆکی جیابوونەوەی رەسەنەکانە لە گروپە ئەتنیکییەکانی رۆما، بوونیانە بە چینی باڵادەست و باسی چۆنێتی پەسندکردن و هەرسکردنی شارستانیەتی رۆژهەلات دەکات. ئەم چیرۆکە بە زمانێکی شیعرئامێزانە گوتراوە و بووە بە داستان، بووە بە ئیلیادە و ئۆدێسە. بووە بە زانستی خوداناسی "**تیۆلۆژیا**". لەسەر ئەم بنەمایە هێزی مێشکیان سەپاندووە و خستوویانەتە نێو جموجۆڵ و گەیشتوونەتە فەلسەفە.

یۆنانیەکان زۆر بە باشی رۆڵی لانکەی تایبەتی شارستانیەتی رۆژئاوایان بینیوە. منداڵەکەیان بە شێوەیەکی دروست گەورەکردووە. هەر لە کام لایەنەوە تەماشابکرێ دەبینری کە ئەو مارەییەی لەگەڵ رۆژهەلات بڕێنراوە، تا دوایی بەرهەمداربووە, کاتێك منداڵەکەشیان گەیشتە پایە و ئاستی ئەسکەندەر, جارێکی دیکە لەخۆڕا لە بابل لەگەڵ سمیرئەمیس مارەیی نەبڕاندۆتەوە. هەم بە شێوەیەکی سەمبۆڵی و هەم بە شێوەیەکی واقعی مارەیی "**ژنهێنانی**" ئەسکەندەر سەمیرئەمیس مارەیی و بە یەکگەیشتنی شارستانیەتە و ئەو منداڵەی لە ئەنجامی بە یەکگەیشتنیان هاتۆتە دونیاوە بە "**هێلینیزم**" ناوبراوە. ئەمە یەکەم تێکەڵاو بوونی رۆژهەلات ـ رۆژئاوایە. دەگێڕدرێتەوە و دەگوترێ ئەسکەندەر ژنەکانی میزۆپۆتامیای لە ٢٠٠٠٠ سەربازی خۆی مارە کردووە. بەمجۆرە کلتوورەکان تێکەڵ بە یەکتر دەبن و سەنتێزی خۆی دەخوڵقێنێ. زۆرباش دەزانرێ لەمیانەی مارەییەکی میتۆلۆژی بەمجۆرە, کاتێك خوداوەندی فێڵبازی سۆمەر, واتە نوێنەری سەمبۆڵی چینە رەسەنەکانی تازە هەڵکشاوەکان "**ئەنکی**" کاتێك خوداوەندە ژنی چیا **نین هورساك** مارە دەکات و دەیهێنێ, ئەو منداڵەی دێتە دونیاوە شارستانیەتی سۆمەرە. زۆرباش دەزانین کاتێك لە کەسایەتی

ئینانا شاژنی شاخ دەڵێ "**(ما) پیرۆزەکانی من بدەوە**" لێرەدا نکوڵی لەوە دەکرێت کە ژن خوڵقێنەری شۆڕشی کشتوکاڵی نیۆلیتیك بێت و ئەویش داوای بەها و ئامرازەکانی شارستانیەت دەکاتەوە کە خۆی خوڵقاندوویەتی. هەروەکو چۆن کاتێك بە شێوەیەکی راست و دروست زمانی میتۆلۆژیا (ئەفسانە) شیبکەینەوە دەتوانین بە شێوەیەکی راست مێژوو بنووسین, ئەوا لەمیانەی هەستکردن بە گەوهەری سیحراوی و شیعرئامێزانەکەی دەتوانین لە ناویدا فێری ئێش و بەختەوەرییەکەشی بین. کاتێك ئەو پەردە رەشەی سەر مێژوومان لادا کە بە درێژایی هەزاران ساڵ بەسەریدا کێشراوە، ئەو کاتە سەوزاییەکەی دەبینین, بەڵێ ئەو کاتە دەیبینین کە دارێکی قایم و بە رەگ و ریشەیە و میوەکانی لە مێشکماندا بەرهەم دێنێ.

بەڵێ کاتێك ئەم شانسە کەوتە دەستی رۆما داری شارستانیەت لە قۆناخی هەرە بەرهەمداری خۆیدا بوو, هەروەکو بڵێی چاوەڕوانی لێکردنەوەبوو. رۆما بە هەموو توانای خۆی بە شێوەیەك بە دارەکەیدا کشا و هەژاندی, دارەکەمان لە ناوقەدی خۆیدا قەڵشی و کەوت و جارێکی دیکە نەهاتەوە سەرخۆ.

بە ئەندازەی سەرکەوتنی مەزنی شارستانیەتی رۆما, نابێ بەرامبەر بەو هۆکار و راستینەیە واقی وڕما و بمێنین کە بناخەی ئەم کەوتنە پێکدێنێ و بەم شێوەیە چاوەڕوانی نەدەکرا. هەروەکو لە نێو سروشتدا روودەدات, بوونەوەرێکی نێو کۆمەڵگاش وەکو پێویستییەکی یاسایی دیالیکتیکی بۆ ئەوەی بتوانێ بە تەواوی خۆی بژێنێ تەواوی وزە شاراوەکانی خۆی بەکاردێنێ. بە گوێرەی ئەم پرەنسیپەی وەکو یەکێتی دژەکان فۆرمیلکراوە تاوەکو لایەنە ناکۆکەکان لەمیانەی ململانێدا بە سەنتێزێکی باڵاتر ئەنجامگیردەبن، ئەم قۆناخە بەردەوام دەکات. ئەوەی رۆما دەرکی پێکرد و چارەسەری کرد، وەرچەرخان و لەخۆوە گرتنی هەر کۆمەڵگایەکی گرنگ کە بە گوێرەی سیستەم پاشکەوتوو بوو. ئەو پەیوەندییەی باڵادەستی سیستەمی کۆیلەداری لەمیانەی لایەنە کۆمەڵایەتییە پاشکەوتووەکانی ئاوایکردووە, ئەم لایەنە پاشڤەڕۆیانە لە ناو سیستەم پاکتاودەکرا، لە رێگای قالبی رۆحی و هزری نوێ بە دەزگادەکرا و لە ژێر بچمێکی دیکە بەردەوامیان دەکرد. لەم بوارەدا دەتوانرێ رۆما بە داینەمۆیەکی رێکوپێکی هاڕین ببینرێت. تەواوی ئەو کۆمەڵە و گروپانەی دەستی پێیان گەیشتووە بەم داینەمۆیەدا دەربازی کردوون و وەکو خۆی لێکردوون. ئەمەش هەروەکو دیاردەی جیهانگیری رۆژگاری ئەمرۆمانە کە ئەمریکا سەرکێشی دەکات.

هەروەکو دەزانرێ هیچ شتێك لە سروشتدا لە ناوناچێ. ئەوەی روودەدات گۆڕانکاری و وەرچەرخانە. هەڵوێستی میتافیزیکییانەیان ئەم قۆناخە بە شتێکی مەحاڵ دەبینێ، یاخود وەکو لە

ناوچوون تێدەگات و هەڵیدەسەنگێنێت. پێکهاتەی ئەم لۆژیکە تاوەکو دوایی مەترسیدارە. کاتێك شارستانیەتەکان هەڵدەسەنگێنین پێویست دەکات بەردەوام ئەم یاسایەی گۆڕانکاری و وەرچەرخان رەچاوبکەین. مەیلی گۆڕان و وەرچەرخانی رۆما تەنیا بەسەر پێکهاتە نیۆلیتیکەکانی ئەوروپا پەیرەو ناکرێت کە تازە خراونەتە ناو سیستەمەوە. ئەم مەیلەی خۆی بەسەر ئەو پێکهاتە کۆنانەشدا پەیرەودەکات کە پێشتر لە چوارچێوەی شارستانیەتدا بوون و هەموو توانستەکانی خۆیان بەکار نەهێنا. بەرفراوانی و مەزنایەتییەکەی لەم بارەوەیە. شارستانیەتەکانی سۆمەر, میسر, هیتیت, یۆنان و چەندین شارستانیەتی ئاستی نزمتر, لە ناوچەکانی خۆیان سەریانهەڵدا و پێشکەوتن. ئەگەر بە شێوەیەکی سنوورداریش بێت لەمیانەی شەپۆلەکانی پەلهاوێشتنی لە ناوچەکانی دیکە بڵاوبوونەوە. دەسکەوتەکانیان هەم لە بواری گۆڕەپاندا تەسك و سنوورداره, هەم لە بواری قووڵایی و بەردەوامی کات، بە سەردەمی لە دایکبوون و پێشکەوتن سنووردارن. هێشتا کات بۆ رووخان زووە و لە ساڵانی دیکەی تەمەنیان پێشکەوتنی نوێ بە دیبێنن.

بێگومان لە یەکەمین شارەکانی شارستانیەتەوە تاوەکو تێکەڵاوترین یەکینەکانی لە هەموویاندا لە ئاستی بانگەشە بە گەردوونیبوون لە ئارادایە. بەڵام رۆڵ و دەسکەوتەکانیان لە بواری پراکتیزەکردنی ئەم بانگەشەیە زۆر سنووردارە. سەرجۆن دەتوانێ خۆی بە خودای تەواوی گەردوون دابنێت. بەڵام ئەوەی لە بواری واقعی و پراکتیکیدا ئەنجامیانداوە چەند هەنگاوێکە. بابل و ئاشوور هەنگاوی مەزنتریان هاوێشت, بەڵام دیسان نەیانتوانی بەسەر تەواوی جوگرافیای رۆژهەڵاتی ناویندا زاڵبن. لە بواری ناوەڕۆکیشدا هیچ کاتێك تایبەتمەندێتیەکانی سۆمەریان تێنەپەڕاند. زۆربەی نیمچە دەوڵەتەکانی دیکەش لە خاوەنداری کردنێکی سیستەمی سێ میرنشینی بەولاوە، هیچ رۆڵێکی دیکەیان نەگێرا. سەنتێزی رۆژهەڵات ــ رۆژئاوایی ئەسکەندەر ئەزموونێکی گرنگی جیهانییە. رۆڵ و دەسکەوتەکەی بۆ ماوەیەکی درێژخایەن جێگیر و هەمیشەیی بووە. گەرچی سیستەمی شارستانیەتی رۆما لە کاتێکدا لەسەر بنەمای هەرس کردنی هەنگاوەکانی شارستانیەتیەکانی پێش خۆی هەڵکشا، وەلێ لە رێگای لەخۆوە گرتنی خاکی دەست لێنەدراوی ئەوروپا، لە سەردەمی خۆیدا توانیویەتی ببێ بە مۆدێلی ئیمپراتۆریەتێکی جیهانی. هەروەکو چۆن لە رۆژگاری ئەمڕۆماندا لە هەموو شوێنێك باس لە کاریگەرییەکانی کلتووری ژیانی ئەمریکا دەکرێت, لەسەردەمی رۆما بە درێژایی سەدان ساڵ گەیشتن بەم کاریگەرییە و نوێنەرایەتیکردنی، ببوو بە فێربوون و خورەوشتێك. تەواوی هێزە دەسەڵاتدارەکانی سیستەمی کۆیلەداری ژیانی بە گوێرەی شێوازی رۆمایان وەکو پێویستییەکی شارستانیەت و رەسەنایەتی دەبینێ. جگە لە چین و هیند کە وەکو دوو دوورگەی داخراو لەناو

خۆیاندا مانەوە و تاکو ئێستاش بەمجۆرەن، ئەوا پاکس رۆمانا واتا سیستەمی ئاشتی رۆما، بووە سیستەمێکی جیهانی. بە درێژایی هەزار ساڵی تەمەنی, لە دەوروبەری لۆژیکی خۆی بۆ سیستەمێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئەو بەهایانەی زەمینەکەی بینیوە, چەندەی توانیبێتی بە دەزگابوون ئاوابکات, ئاوایکردووە, چەندە ڤەبوون (فەتحکردن) پێویست بووبێ، هێندەی ئەنجامداوە و بە گوێرەی گەوهەرەکەی چەندە توانای بەردەوامبوونی هەبووبێ, بەردەوامبووە, ئەمەش راستینەیەکی بەمجۆرەی مێژووە کە هاوتاکەی نەبینراوە.

بەڵام ناوی ئەم راستینەیە وەکو رۆما ماوەتەوە. بە تایبەتی لە قۆناخەکانی دوای خۆیدا کاتێك لەمیانەی ئەو ئیمپراتۆرانەی لە نێو گروپە ئەتنیکییەکان پێگەیشتبوون، باڵا بوونی ناوچەی جیاجیا دەرکەوتەپێش و لە قۆناخێکدا کە مەزەندەی بە هێزی یەکێتییەکەی دەکرا, لە رێگای ئەزموونەکانی پارچەبوونی ناوەوە لە ئاستی هەرە ژووردا هێماکانی پێهەڵگرتنی ناکۆکییەکانی ناوەوەی نیشاندا. بێگومان سەرەکیترین هۆکاری شکۆمەندی رۆما و درێژخایاندنی بۆ ئەو هێزەی دەگەڕێتەوە کە لە بەرزترین ئاستدا دەرهەق بە هونەری ژیان نیشانیداوە. شۆڤێنیست نییە, کۆسمۆپۆلۆتیکە. هەر هێزێکی بخوازن لە ئاستی چینەکانی سەرەوە و رەسەنەکان بژین ئەمە لە سیستەمی رۆمادا دەبینن و پێیەوە پەیوەستدار دەبن، بەمجۆرە رۆڵ لە بەهێز بوون و درێژبوونی تەمەنیدا دەبینن. هەروەکو مەزەندە دەکرێ بە پێچەوانەوە زەبر، رۆڵێکی دیاریکراوی نییە. ئاشووری و پارسەکانیش زەبریان بە شێوەیەکی سیستەماتیك پەیڕەوکرد. بەڵام هەمان بەردەوامی و کاریگەربوونیان نیشان نەداوە؛ نەیانتوانیوە رەوشی ناوچەیی دەرباز بکەن. خانەدانەکان کۆڵەکەی پشتی بە دەزگابوونیان پێکهێناوە و هەر لەسەرەتاوە لەم بوارەوە دووچاری تەنگەتاوبوون هاتوون. هەرچی دەزگاکانی رۆما بە گوێرەی جیاوازی خانەدان, ئایین و ئەتنیك نییە, بە گوێرەی رۆڵ و هێزەکەیەتی لە ناو سیستەمدا. ئەمانەش بە واتای دەزگایەکی بەمجۆرە دێت کە لەمیانەی ئاقڵمەندی، هەوڵی خوڵقێنەرانە و کارەکتەر و هێزەوە تێرخۆراك دەکرێت. ئەگەر بە گوێرەی پێویست وەڵامی داخوازی و مافەکانی و دەزگا و کەسایەتییەکان درایەوە, سیستەم بەهێز و تەمەن درێژدەبێت. کاتێك ئەم ناوەڕۆکەی خۆی لەدەستدا ئەوا هاوسەنگییەکەی نێوان دەزگاکان تێکدەچێت و پارچەدەبێت و دەکەوێتە نێو قۆناخی پەرتەوازەبوون.

وەکو دەرئەنجام, مەزنبوون و تەمەندرێژی شارستانیەتی رۆما؛ هاوچەرخێتی دەزگاکانی, گەوهەری کراوەی بۆ هەر پەرەسەندنێك, بە رادەی ئەوەی هەبوونە کۆمەڵایەتییەکانی پێشتری لەگەڵ خۆیدا ئاوێتە کردووە, ئەوا بوونی بە خاوەنی فەلسەفەیەکی تایبەت و گەیاندنی ئەم هزر و بە

دەزگابوونە بە دەربڕینێکی یاسایی مسۆگەر و گرێدانی رۆڵبینین و هەڵکشان لە ناو سیستەمدا بە هێزی سەرسەختی شەڕ و هەوڵێکی لێهاتوانە, نهێنیە راستەقینەکانی پێکدێنێ. کاتێك تەماشای هۆکارەکانی هەڵوەشان و بەلاوەنانی سیستەمی رۆما دەکەین, ئەوا پێناسەکردنی رۆڵی ئیمپراتۆریەتی پارس کە لەو پەڕی گۆشەی دیکەی سیستەمدایە و هەڵسەنگاندنێکی گشتی گەلێك ئەزموون لەگەڵ خۆیدا دێنێ.

## ٣ ـ دەرکەوتنی میدیا ـ پارس و جیابوونەوەی رێبازی رۆژهەڵات ـ رۆژئاوا

کەوانەی بەرهەمدار (ناوەندی هیلالی زێڕین) کە زنجیرە چیاکانی (سیستەمی) زاگرۆس ــ تۆرۆس بە یەکتری دەگەن و رێگا لەپێش سەرهەڵدانی شارستانیەت کردەوە, ئەمجارە لە گواستنەوەی ناوەندی شارستانیەت بۆ دەرەوەی میزۆپۆتامیا رێنیشاندەری دەکات. لە قۆناخە یەك بە دوای یەکەکانی سۆمەر ـ بابل ـ ئاشوور ناوەندی شارستانیەت ناوچەی نێوان فورات ــ دیجلەیە. کاتێك قۆناخەکانی پێگەیشتن و بە دەزگابوونی شۆڕشی نیۆلیتیکی بخەینە سەر, ئەوا لە ساڵانی ٦٠٠٠ پ.ز تاوەکو رووخانی ئاشوور, کۆتایی ساڵانی ٦٠٠ پ.ز، ئەو بەهایانەی ئاراستەی شارستانیەتیان دیارکردووە لەم هەرێمە دەرکەوتوون.

لەخۆڕایی بە لانکەی لە دایك بوونی مرۆڤایەتی ناو نابرێت. دەتوانرێ مێژووی مرۆڤایەتی بۆ سێ قۆناخی مەزن جیابکرێتەوە. قۆناخی کشتوکاڵ ــ گوند (١٠٠٠٠ تا ٣٠٠٠ پ.ز), قۆناخی شارستانیەتی شار (٣٠٠٠ تا ١٩٥٠ پ.ز), هەروەها قۆناخی رۆژگاری ئەمڕۆمان کە هەتا ئێستا ناوێکی دیاریکراوی لێنەنراوە. هەندێك بە سەردەمی ئەتۆم, ئەلەکترۆنیك, ئەنتەرنێت ناویدەبەن؛ هەندێکیش بە سەردەمی زانیاری ـ گەیاندن یاخود پۆست مۆدێرنیزم, قۆناخی دوای شارستانیەت ناوی دەبەن.

لەم دابەشکردنە گشتی و قەبەیەدا بەشی میزۆپۆتامیا, رۆڵی رێبەرایەتیکردنی خولقاندنە کە هەزار ساڵی خایاندووە. تەوژمی مێژوو کە بە شێوەی رووبارێك دێتەخوار, بە ٥ ــ ٦ ناوچەدا تێپەڕ بووە. بەڵگەی زانستی هەیە کە گەنجینەی سەرەکی ئەو هزر و باوەڕی و داهێنانانەی ئاراستەی مێژوویان دیاریکردووە و توانستەکانی زانیاری لەم قۆناخە و لەم ناوچەیەدا پێکهاتووە، ئەمەش سەلمێنراوە.

ئـەم ڕۆڵـە مەزنـەی کلتـووری ناوچـەکە گوزارشـت لـەو ڕەوشـەی ڕۆژگـاری ئـەمڕۆش دەکـات کـە تەنانەت ناش ناسرێت. سیستەمێك چەندە ڕەگ و ڕیشەکەی بە قووڵاییدا بچێت و بۆ ماوەیەکی درێژ بەردەوام بکات، ئەوا بە شێوەیەکی گشتی ڕێگانـادات لەسـەر بنچینەی هـەمان ڕەگ سیسـتەمێکی دژی خۆی پێکبێت و سیستەمی نوێ لەسەر ئەم خاکە ئـاوا دەبێـت کـە دەسـتی لێنـەدراوە. گـەلێك بەڵگـەی سەلمێنەری ئـەم یاسایە لەمێـژوودا هەیـە. کاتێـك شارستانیەتـی یۆنـان ـ ڕۆمـا ئـاوابوو, جوگرافیـا و کلتوور لە قۆناخی دەست لێنەدراوی (پاکیزەیی) دابوون. شارسـتانیەتی سـەرمایەداری لـە کـەنارەکانی زەریـای ئەتڵەسـی و ناوەنـدی ئـەوروپای نـاوین پێکهـات، کـە تـا ئـەو کاتـە زۆر بـە کـەمی دەسـتی شارستانیەتی پێگەیشتبوو. تەنانەت پۆست مۆدێرنیزمیش نەك لە ئەورووپا, بەڵکو لە جیهانی نوێ لە ئەمریکا پێشدەکەوێت. لە گەشە کردنی شارستانیەتدا یاسایەکی سـەرەکی بـەمجۆرە هەیـە. بابـەتێکی بایەخـدار و شایسـتەی شـیکردنەوەیەکی قـووڵترە. کـۆنترین ناوەنـدەکانی هیلالـی بـەپیت، سـۆمەر و میسر؛ ئەمڕۆ ناوچەی هەرە بە ئێش و ئازارن و لەگەڵ ڕاستینە و ڕیشە مێژووییەکەیان ناکۆکن و لە نێو ئەم ناکۆکییانەدا خنکاون کە وەکو گرێکوێرەیـان لێهاتووە. بـە هـیچ جۆرێـك مێـژووی هاوچـەرخ لەگەڵ ڕیشە سەرەکییەکەی موتوربە نابێت. خوڵقێنەرانی مێـژوو لـە ڕۆژگـاری ئەمڕۆمانـدا بوونەتـە نـەزۆکترین و لاوازتـرین کـەس و لـە کۆچـبەری بـەولاوە ئومێـدێکی دیکـەیان نییـە و بوونەتـە بـەڵای سەری خۆیان. پێویستە بابەتێکی دیکەی سەرەکی شیکردنەوەی شارستانیەت ئەمە بێت.

خزانی ناوەندەکانی شارستانیەت بۆ دەرەوەی میزۆپۆتامیا بایەخی هەڵوێستێك زیاد دەکات کە بە شـێوەیەکی ڕاسـت ئـەو کێشـانەی ڕۆژگـاری ئـەمڕۆمان تـاوتوێ بکـات کـە چارەسـەریەکی بـە پەلـە دەخوازێت. کێشەی ناوەند ـ کەنار ئیتر لە سەرتاسەری جیهان دەبێتـە کێشـەیەکی کـرداری. نـاتوانرێ مەسەلەی جیهانگیری و ڕکەبەرەکانی بکرێت بە کێشەیەکی ئابووری سـادە. ئەگـەر بێـت و سیسـتەمی جیهانگیری، کە لە ئارادایە، لەسەر زەمینەی مێژوویی و کلتووری جێگیرنەکرێت، ئەوا هەروەکو چۆن لـە هـەمان چارەنووسـی چـاوەڕوان نـەکراوی "**سۆسـیالیزمی بونیادنــراو**" ڕزگـاری نابێـت، هاوکـات هەڵوێستی واقیعیش سەبارەت بە هۆکارە سەرەکییەکانی بێچارەیی پراکتیکی سۆسـیالیزمی زانسـتیش بەدی ناهێنرێت کە پشت بـە توانسـتێکی ٢٠٠ سـاڵە دەبەسـتێ و ئـەو ڕووکەشـیەی لـەم بـوارەدا هەیـە بەلاوە نانرێت. پەیوەندییەکانی شارستانیەتی سۆمەر لەگەڵ دەوروبەر لـە سـاڵانی ٢٠٠٠ پ.ز بـەولاوە بەرهەمەکانی خۆی دەدات. میسر کە زیاتر لە سیستەمی بە کۆلۆنی کـردن دەچـێ, وەکو ئـەنجامێکی لەباری جوگرافیاکەی دەوروبەری زوو ڕەگی خـۆی داکوتـا و لـە ڕێگـای خۆیـدا بـەرەو پـێش هـەنگاوی هاوێشت و شارستانیەتی هەراپا و موهانجادرۆی دۆڵەکانی ئیدۆس و پەنجاب لـە ڕۆژهـەڵات وشـکبوون.

هەروەکو دەبینرێ ئەمانە خاوەنی هێزێکی ئەوتۆ نەبوون کە بەهەمان خێرایی میسر پێشبکەون. هەڕەشەیەکی هەرە ڕاستەقینە بۆ ناوەندی شارستانیەتی سۆمەر و کۆلۆنییەکانی ڕۆژئاوا لە بیابانی عەرەبستان لەلایەن تیرە ئامۆریتەکان لەباکوور و ڕۆژهەڵاتیش لەلایەن هۆریتەکان کە بە واتای "**خەڵکی وڵاتی بەرزاییەکان**" دێت. هەروەکو دەزانرێ بەرامبەر بە تایبەتمەندێتی کشتوکاڵ و جووتیاری هۆریتەکان, ئامۆریتەکان لایەنی شوانکاری و کۆچبەرییان لەپێشبووە. لە کاتێکدا سۆمەریەکان بەرامبەر بە هەڕەشە و هێرشەکانی ئەم پیلانە سیستەمی پاراستنی شاریان پێشدەخست, لە لایەکی دیکەوە لە کارەکانی ژێرخانی ئابووریدا بەکارهێنانی هێزی کاری هەرزان و کۆیلەکانی وەکو سیاسەتێك پەسندکردبوو. هەروەها لەگەڵ پێشکەوتنی کۆلۆنیکردن, بازرگانیەکی چڕوپڕیش پێشکەوت. هەروەها ئەمەش دەزانرێ کە سەرەتا بازرگانی ڕۆڵێکی گرنگی لە پەیوەندییەکاندا بینی و دواتر لەگەڵ زیادبوونی پێداویستییەکان، بەکارهێنانی هێز و توند و تیژی لەگەڵ خۆیدا هێنا. لەگەڵ ساڵانی ٢٠٠٠ پ.ز هێرشی هێزەکانی دەوروبەر زیادی کرد. بەرامبەر بەمەش, بە تایبەتیش لەگەڵ سەرجۆنی ئەکەدی دەستپێکردنی سیاسەتێکی ئیمپریالیستییانەی سیستەماتیك جێگای باسە. بۆ یەکەم جار شارستانیەتێك بە واتای تاڵان و داگیرکردن بە شێوەیەکی نەخشە بۆکێشراو سیاسەتێکی توندوتیژی سیستەمکراو، دەگاتە ئامرازێکی دەست لێبەرنەدراوی دەوڵەت. ئەم باڵابوونە تەکنیکیەی لەدەستی ئیمپریالیزمدا بوو، کاتێك کەوتە دەستی هێزە ڕکابەرەکانی، ئەوا قۆناخێکی نوێ لەمیانەی هێرش و دژە هێرش و خۆپاراستن دەستپێکرد. ئەوە مسۆگەرە کە چەکەکانی ئیمپریالیزم بەکاری دێنێ و ئاراستە کردنی دژ بەو بناخە مێژووییەی خۆی، لێرەوە دێت. لەهەمانکاتدا ئەمە دەستپێکردنی قۆناخێکی زۆر بە ئێش، خوێناوی، تاڵان, فڕکردن و داگیرکارییە کە پێویست بوو لە مێژووی مرۆڤایەتیدا ڕوونەدات.

گەیشتنی ناوەند ـ کەنار بە گەوهەرێکی بەمجۆرە, ئەو جیابوونەوە چینایەتییەی کە لە پێکهاتی کۆمەڵگاکانی ناوەند ڕێگا لەپێش زیاد بوونی توندی و توند و تیژی دەکاتەوە, ئەوا بە سەرکوتکردنی پێکهاتە ئەتنیکیەکانی دەرەوە، بە لایەنی بەرامبەریش بە پێشکەوتنی وشیاری ئەتنیکی ئەنجامگیر دەبێت. لە کاتێکدا ئەو توندوتیژی و فشارە نەخشە بۆ کێشراوەی ناوەوە تێکۆشانی چینایەتی لەگەڵ خۆیدا دێنێ، ئەوا لەبەر ئەوەش تێکۆشانی ئازادی کۆمەڵگا ئەتنیکییەکان بەرامبەر کۆلۆنیالییەت و ئیمپریالیزم، وەکو تایبەتمەندێتیەکی ناکۆك و دەست لێبەرنەدراوی شارستانیەت جێگای خۆی لە مێژوو دەگرێت. بەمجۆرە دیالیکتیك و یاساکانی ماتریالیزمی مێژوویی دەبێتە یاسای پێشکەوتنی کۆمەڵگا. مارکسیزم زیاتر لەمیانەی پەیڕەوکردنی ئەم یاسایانە شیکردنەوەی سەبارەت بە

شارستانیەتی سەرمایەداری ئەنجام داوە. بە بۆچوونی من بە ئەندازەی ئەوەی ناتەواوە, هەڵەیەکی پێرەوە و رێگا لەپێش هەڵخەڵەتاندنی مەزن دەکاتەوە. لەبەرئەوەی لەمیانەی تایبەتمەندێتیە سەرەکییەکانی کارەکتەر و قۆناخ و زەمینەی لەدایکبوونی ئەم راستینەی شینەکردۆتەوە, ئەوا شیمانەی هەرە مەزن ئەوەیە هەم لەلایەنی تیۆری ـ ئایدیۆلۆژی, هەم لەبواری سیاسەتی ـ پراکتیکی بۆتە شوێن کەوتەی رێچکەی راستینەی ئایدیۆلۆژی و سیاسی باو، کە بە درێژایی مێژوو بە شێوەیەکی بە هێز پێکهاتووە. ئەگەر بێت و شیکردنەوەکانی شارستانیەت لە جیاتی بەدەستەوە گرتنی دوا شێوەی کۆمەڵگای ئاوا کراو، یەکەمین کۆمەڵگا وەکو نموونە وەربگیردرێت و بەمجۆرە شیکردنەوەی دەرهەق بکرێت و لەمیانەی تاقی کردنەوە و بەراورد کردندا ئەنجامی لێوەربگیرایە، ئەوا دەبوو بە هەڵوێستێکی واقیعیانەتر. بێگومان ئەو مارکسیزمەی کە پشت بە قۆناخی دەرکەوتنی سۆسیالیزمی زانستی دەبەستێ، کە توانستەکانی زانیاری و فەلسەفە سنووورداربوون, هەربۆیە رێکخستنەوەیەکی لێهاتوو و تۆکمە لەسەر بنەمای پشتبەستن بە توانستەکانی فەلسەفە و زانیاری و ئەنجامە دەوڵەمەندەکانی پراکتیزەکردنی سیاسی و کۆمەڵایەتی پێویستییەکی دەست لێبەرنەدراوی جێبەجێ کردنی ئەرك و بەرپرسیارێتییە. بە تایبەتی ئەو رەوشەی راستینەی "**سۆسیالیزمی بونیادنراو**"تێیدایە و ئەو قەیرانە جیهانگیرییەی سەرمایەداری بە قووڵایی تێیکەوتووە, لەسەر بنەمای رەخنەدانێکی لەم بوارەوە پێشبکەوێت، هەڵوێستە رەخنەگرەکانیان بەهادار دەبێت و دەرفەتێکی ئەوتۆیان پێدەدات کە لە چارەسەرکردندا واقیعی بن.

لە کۆتاییەکانی ساڵانی ٢٠٠٠ پ.ز بەدواوە هێرشەکانی دەوروبەر بۆ سەر ناوەندەکانی شارستانیەتی سۆمەر و میسر زیاتردەبێت. هەروەها لە سەدەی بیستەم تا ساڵانی ٢٠٠٠ زایینی بووینە شاهیدی دەرکەوتنی هەمان گەوهەر و دیاردە، کە لە دەوروبەری ناوەندەکانی شارستانیەتی سەرمایەداری هاتە ئاراوە، ئینجا ئەمە چ لەمیانەی شەڕەکانی رزگاری نیشتمانی بێت، یاخود لەمیانەی کۆچبەرییەوە بێت.

لە کاتێکدا گروپە ئەتنیکییە سامیەکان لە ژێر ئاڵای ئایینی تاکخودایی کۆبوونەوە، لەمیانەی تێپەڕاندنی ناوەند بە وەرچەرخانێکی چڕوپڕدا رۆڵی مێژوویی خۆیان بینی, گروپە ئەتنیکییە ئاریانیەکان زیاتر بە شێوەی رۆژهەڵات ـ رۆژئاوا رێگایان لەپێش جیابوونەوەی دوو لایەنەی شارستانیەت کردەوە. ئەو گروپانەی لە ژێر ناوی هۆریتەکان کۆببونەوە هەم لە ناوەوەی ناوەند و هەم لە دەرەوەی، جوڵانەوەیەکی مەزنی بڵاوبوونەوەیان ئەنجامدا و لەسەر ئەم بنەمایەش گروپە

ئاریەکانی نیۆلیتیك ڕێگایان لەپێش گەورەترین و بەرفراوانترین جموجۆڵی مێژوویی کردەوە کە دەتوانین بە شارستانیەتی هیند ـ ئەوروپا ناوی ببەین.

سەرچاوەی جوگرافی چڕبوونەوەی ئەم جوڵانەوانە و جیابوونەوە بۆ دوو لق دیسان سیستەمی زاگرۆس ـ تۆرۆسە. بەڵام لە بواری پێشکەوتنی گرنگ لە گەوهەر و بواری بڵاوبوونەوە ڕووینەداوە. لە کاتێکدا پەیوەندی بەردەوام لەگەڵ سۆمەریەکان ڕێگای لەپێش لۆژیکی توندوتیژی کۆلۆنیالیست ـ ئیمپریالیست کردەوە, لە لایەکەی دیکەوە بەرخودان بەرامبەر ئەم دیاردەیە و وەرچەرخان لەسەر بنەمای پەسندکردنی چەکەکانی شارستانیەت و بەکارهێنانیان، دەکاتە ناچارییەك. هەروەکو چۆن بەبێ ئەوەی بە شارستانیەت بوون ڕووبدات, ناشێ لەمیانەی پێکهاتە ئەتنیکییەکانی پێشوو ئەم قۆناخە مێژووییە بە سەرکەوتوویی پێکبێت, ئەوا ناتوانێ خۆی لە قڕکردنێکی سەرتاسەری بپارێزێت. هۆریتەکان بە شێوەیەکی گشتیش تەواوی گروپە ئاریەکان، هەم سەبارەت بە بەکارهێنانی شانسی مێژووییان، هەم پاراستنی هەبوونی خۆیان؛ گرێدراوی ئەو وەڵامانەیە کە دەرهەق بە شارستانیەت بوون، واتە گرێدراوی ئەم وەڵامانەیە کە بۆ پچڕاندنی بەندەکانی ئەتنیکی و گەیشتن بە دیاردەی کۆمەڵگای چینایەتی دەیدەنەوە.

ئەو وەڵامانەی ئامۆریتە سامیەکان دایانەوە ئەو ئیمپراتۆرییانەی ئەکەد، بابل، ئاشوور بوون کە دەکەوێتە ناوەندەکانی سۆمەر. لە ڕۆژئاواش شارستانیەتی فینیقی و نیمچە دەوڵەتەکانی شاری لە جۆری ئۆگاریت، بوونە وەڵامی گروپە کەنعانی و عیبرانیەکان کە پشتیان بە زاراوەی سامی دەبەست.

هەروەها وەڵامی گروپە ئاریەکانی ناوەوەی ئەنادۆڵ، ئیمپراتۆریەتی هیتیتەکانە کە لە ساڵانی ٢٠٠٠ پ.ز بەدواوە پێشکەوتنێکی مەزنی بەخۆوە بینی. ئەوپەڕی ڕۆژئاواشی نیمچە دەوڵەتی ـ شاری تەروادە بووە کە ڕۆڵێکی گرنگی لە گواستنەوەی هەڵمەتەکە بۆ ئەوروپا بینیوە. ئەو بە لاتین بوونەی لەسەر بنەمای بە هێلینبوون لە نیمچە دوورگەی گریك و ئەتروسکییەکان لە نیمچە دوورگەی ئیتالیا پێشکەوت, بە واتای ڕزگاربوونی کۆمەڵگا لە پێکهاتەی ئەتنیکی و دەربازبوون بۆ پێکهاتەی کۆمەڵگای چینایەتی و وەرچەرخانیەتی بۆ شارستانیەتی گریك ـ ڕۆما. بە شێوەیەکی چاکتر دەرك کردن بەم وەرچەرخانانە گرێدراوی تێگەیشتنی ئەو جیابوونەوەیەی سیستەمی **زاگرۆس ـ تۆرۆس**ە. بەڵام ئەگەر شێوازی نزیکبوون لە مێژوو ڕاست نەکرێتەوە, ئەوا زۆر ئاستەمە لەم لایەنەوە پێشکەوتن بەدیبێت. ئەویش ئەمەیە:"**ئاریانە چاوشین و سوور و سپیەکانی کە لە ئەوروپا و ناوچە زورگاوییەکانی باشووری ڕوسیا هاتوون، لە ساڵانی ٢٠٠٠ پ.ز لە باکووری ئێران, لەوێشەوە چوونەتە هیند، میدیا و ئەنادۆڵ**"، ئەم هەڵوێستە لە ڕەگ و ڕیشەوە هەڵەیە و

بــە ئامــانجی بــوون بــە ئــامرازی پەلهاوێشــتنی فاشــیزمی ئــەڵمان ئامــادەکراوە و تیۆروانینێکــی نەژادپەرستییە. راستییەکەی زۆر جیاوازە و پێچەوانەیە. بەر لە هەموو شتێك کۆچێکی جەستەیی فراوانی بەمجۆرە لە مێژوودا نییە. ئەگەر هەبێت, لەو ئاستەدا نییە کە ئەنجامگیر بێت. هەمان تێروانین بۆ ئەم کۆچانەش راستە کە باس لە مەزنبوونەکەی دەکرێت. راستتر ئەوەیە کە لە کۆچبەرییەکی جەستەیی بڵاوبوونەوەکان زیاتر، کۆچ لەسەر بنەمای پشتبەستن بە دیاردەی بڵاوبوونەوەی توانستی کلتووری ئەنجام دراوە. دیاردە کلتوورییەکانی بە گوێرەی کلتوورەکانی دەوروبەر، خاوەن گەوهەرێکی دەوڵەمەندترن, بەردەوام خاوەن تایبەتمەندێتی بڵاوبوونەوەن. گرووپە کۆمەڵایەتییەکانی خاوەنی پێکهاتەیەکی کلتووری لاوازن, دەشێ هێرش بکەنە سەر ناوەندە گەشەسەندووەکان, لەوانەیە هەندێ سەرکەوتنی مەیدانیش بەدەست بهێنن، بەڵام لە ئەنجامدا لە تواندنەوە و ژێرکەوتن رزگاریان نابێت.

بە شێوەیەکی رێژەیی ئاماژەمان بە چیرۆکە راستەکانی کۆچی ئاریەکان کردبوو. بەر لە هەموو شتێك پێویست بە زانینی ئەوە دەکات کە زاراوەی ئاریان لە دیاردەیەکی نەژادی یان ئەتنیکی زیاتر, ناوێکی گشتییە کە لەو گرووپە ئەتنیکییانە دەنرا کە بۆ یەکەمین جار لەسەر بنەمای شۆڕشی کشتوکاڵی, کلتووری شوانکاری و جووتیاری پێشخست. هەروەها ئەمەش راستییەکی زانستییە کە ئەم گرووپانە بۆ یەکەمین جار لە کەوانەکانی ناوەوەی سیستەمی زاگرۆس ــ تۆرۆس, لە نێوان فورات و دیجلە سەریانهەڵدا و مەزن بوون. ناولێنان بۆ سیستەمی سۆمەر دەگەڕێتەوە. جارجار ناوی گرووپی گاسن (**گاسن = Ar**), یان گرووپی ئاژەڵدار (**بەراز = Gud**), یاخود بە واتای گەلی وڵاتدار (**تەپە = Ur**) بە واتای هۆریتەکان, گۆتییەکان, ئاریەکان ناودەبرێن. هەمووشیان کەم ـ زۆر گوزارشت لە هەمان جوگرافیا و کلتوور دەکەن. بێگومان ناتوانرێ بگوترێ سەرەتا ئەم گرووپە یان فلانە گرووپ ئەنجامیداوە. مەحاڵە شتێکی بەمجۆرە بزانرێ و دەستنیشان بکرێت. بەڵام سەرەڕای هەندێ سنوورداری و لاوازی، جوگرافیا و مێژووی بڵاوبوونەوەی ئەو کلتوورە دەزانرێ. بۆیە ئەگەر هەر باس لە بڵاوبوونەوە بکرێ ئەوەی هەرە راست, شیمانەی بڵاوبوونەوەیەکی کلتوورییە لە ناوەندەوە بۆ هەموو شوێنێکی لەبار و گونجاو. ئەم تێروانینە لەمیانەی بەڵگەی مێژووییشەوە پشتگیری لێکراوە. بۆیە شێوازی هەرە راستیش بناخەی خۆی لەم نزیکبوونەوە دەگرێت.

شارستانیەتی سۆمەر کە لە بنارەکانی ناوەوەی هیلالی بەپیت و دەشتەکانی خواروو ئاواکرا, چەندە گرنگە, ئەوا دووریانی جیابوونەوەی شارستانیەت کە لە گەلێدا لە نێو گرێدانێکی دیالیکتیکیدایە و زیاتر لە کەوانەکانی لوتکە بەرزەکانی سیستەمی زاگرۆس ـ تۆرۆس هاتۆتە ئاراوە,

واتا یەکەمین جیابوونەوەی رۆژهەڵات ـ رۆژئاوا، بە هەمان ئەندازە رووداوێکی مێژووییە. هەربۆیە شیکردنەوەی رێبازی شارستانیەتی میدیا ـ پارس زۆر گرنگە. بێگومان ئەو هەنگاوانەی لە مێژوودا وەکو پێشکەوتنی ماد ـ پارس ناوبراوە, رەگەکەی بۆ سەردەمێکی کۆن دەگەڕێتەوە. هەروەکو چۆن هەوڵماندا روونی بکەینەوە چونکە دیاردەیەکی گەوهەرییە و لە نزیکەوە پەیوەندییەکی دیالیکتیکی لەگەڵ خولقاندنی سۆمەرەوە هەیە، وەلێ نابێ ناوە جیاوازەکانی قۆناخە جیاکان سەرمان لێبشێوێنێ.

هەر لە سەرەتاوە پێکهاتەکانی هەر دوو لایەن بەرامبەر بە یەکدین و بەردەوام پەیوەندییەکانیان پێشدەکەوێت. لە رۆژگاری ئەمڕۆشماندا هیچی لە خێراییەکەی خۆی لەدەست نەداوە. دەبێ ئەم مەسەلەیە وەك شێوازێکی شیکردنەوەیەکی راستی مێژوو بەردەوام رەچاو بکرێت: پەیوەندیەك لە ریشە مێژووییەکەیدا چۆن ئاوا کرابێت، بە شێوەیەکی سەرەکی بەمجۆرە بەرێوە دەچێت و دەبێتە هەنووکەیی. کاتێك لەمیانەی تێڕوانینێکی بەمجۆرە لە رۆژگاری لە ئارادایە تەماشای مێژوو بکرێت, لە مێژووەوەش تەماشای قۆناخی هەنووکەیی بکرێت, ئەوا دەشێ بە گەلێك ئەنجام بگەین کە نزیکی راستییە.

لە قۆناخەکانی دەستپێکدا پەیوەندی و ناکۆکی لەگەڵ سۆمەریەکان لە رێگای ئەو گروپە ئەتنیکییانەی زاگرۆسەوە دەبێت کە بە ئیلامی و گۆتی ناودەبرێن, بە گوێرەی سیاسەتی سۆمەریەکان بەردەوام بەکاردەهێنرێن. هەندێ جار هاوپەیمانن, هەندێ جاری دیکە دوژمن. کوشتارەکانی سەرجۆن کە لە ئیلام ئەنجامیدا زۆر هۆڤانەیە, بەڵام رێککەوتنی گۆتی و سۆمەریەکان, توانیویەتی خانەدانی (بنەماڵەی) سەرجۆن بڕووخێنێ. بۆ ماوەیەکی درێژ گۆتییەکان بوونەتە هێزی بەرێوەبردن. پەیوەندییەکی هاوشێوەی ئەمەی کاسیتەکان لەگەڵ بابلیەکان پێشکەوتووە. لە ساڵانی ٢٠٠٠ پ.ز شارستانیەتی هیتیت توانیویەتی لە رێی هۆرییەکانەوە پێشبکەوێت. ئەم شارستانیەتەش نموونەیەکی گرنگی بڵاوبوونەوەیە لە ناوەندەوە بۆ دەورووبەر. بەڵام ئەوە سەلمێنراوە کە وەکو ئەڵقەی ناوین بە پارزنگی هۆرییەکاندا دەربازبوو. بەمجۆرە قۆناخێکی پەیوەندی و ناکۆکی لە نێوان ئەنادۆڵ و میزۆپۆتامیا دەستپێکردووە، کە گەوهەرە دیالیکتیکییەکەی بەهێزە و تاوەکو رۆژگاری ئەمڕۆشمان بەردەوامە. یەکەمین لق, یەکەمین هەنگاوی کە رۆژئاوا واتا یۆنان ـ رۆما دێنێتە دونیاوە، بەمجۆرە هاوێشتراوە. ئەمە هەنگاوێکە زیاتر بە گوێرەی ئەڵقەی کلتووری تۆرۆس ئەنجامدراوە. بەڵام هەرچی لە هێلی زاگرۆسە, ئەوا لەسەر بنەمای پشتبەستن بە توانستە شارستانیەتیەکانی ئیلام و گۆتی و کاسیتەکانی پێشوو, ئەوا لە ناوچەکانی باکووری رۆژئاوای تورکیا یاخود دەریاچەی وان, ئورمیە و ناوچەکانی زاپ، لەسەرەتای ساڵانی ١٠٠٠ پ.ز لەو وڵاتەی کە شیمانە دەکرێت ئاشووریەکان

ناوی میدیایان لێناوە بۆ جاری یەکەم شارستانیەتی ئورارتوو پێشدەکەوێت کە بەهێزە و بە شێوەیەکی سەرکەوتووانە بە سەنتەربوونی ئەنجامداوە. دەتوانین بڵێین ئورارتوویەکان پشت بە کلتووری میتانی و هۆرییەکان دەبەستن کە لە ساڵانی ٢٠٠٠ تا ١٢٥٠ پ.ز لە نێو هەمان جوگرافیادا دەژیان و لە ئاستێکی بەرز و لەمیانەی هەمان کلتووردا بە شێوەی کۆنفیدراسیۆنی خێڵەکان تاسلاقی بە دەوڵەت بوونیان دانابوو. واتا شارستانیەت دەسکەوتەکانی خۆی بەرەو باکووری رۆژئاوای ئێران, واتا بەرەو میدیا دەگوازێتەوە. شیمانەی لەپێش ئەوەیە ئەو گروپە ئەتنیکیانەی بە ماد ناو دەبران، لەم ناوچانەوە بۆ شوێنێکی دیکەی دەوڵەمەند لە بواری شارستانیەتەوە, واتا بۆ نێوان فورات ـ دیجلە چوون و لەوێ نیشتەجێبوون.

لەگەڵ ئەوەی ئورارتوویەکان پشتیان بە پێکهاتەی کلتووری هەمان جوگرافیا دەبەست, لەهەمانکاتدا خاوەنی میراسی بەرخودانی قۆناخێکی درێژخایەن بوون. لە کەسێتی ئاشووریەکاندا شارستانیەتی سۆمەرییان هەرسکرد و زمانی ئاشوورییان وەکو زمانی چینی سەروو بەکارهێناوە؛ بەڵام هەرچی گروپەکانی خەڵکە لەمیانەی زمان و کلتووری خۆیاندا لە نێو ژیانێکی جیاوازدا بوون. لە رۆژگاری ئەمڕۆشماندا چەندین نموونەی بەمجۆرە دەبینرێ. لە کاتێکدا چینەکانی بەڕێوەبەرایەتی هیندستان زمانی ئینگلیزی بەکاردێنن, گروپەکانی خەلك (جەماوەر) زمانی خۆیان بەکاردێنن و تازەبەتازە دەگەنە ئاستی زمانی نەتەوەیی. لە کاتێکدا زمانی بەڕێوەبەرێتی جەزائیر زمانی داگیرکاری فەرەنسییە, کلتووری زمانی خەڵك عەرەبی و بەربەری و زاراوەی جیاوازە. لە کاتێکدا زمانی عوسمانی تێکەڵاوەیە, ئەو گەلانەی پێیەوە گرێدراون زاراوەی ئەتنیکی خۆیان بەکاردێنن و پێبەپێ بەرەو گەیشتن بە ئاستی زمانی نەتەوەیی بەرزدەبنەوە.

گەلێك شار لە ئارادان دەسەلێنن چەرخەکانی ناوین و سەرەتاییش بە قۆناخێکی بەمجۆرەدا تێپەڕیون. ئورارتوو وەکو مانای وشە, گروپێکی ئەتنیکی پێناسەناکات, بە زمانی سۆمەری بە واتای "**شوێنی بەرز**" دێت, ئەوەش پێناسەیەکی جوگرافییە. ئەو پێشکەوتنەی لە دوای قۆناخەکانی هۆری و میتانییەکان روودەدات و جیاوازترە, بەلاوەنانی کۆنفیدراسیۆنی خێڵ و گەیشتنیەتی بە رەوشی چینێکی کۆیلەداری ناوەندی. بەخێوکردنی ئەسپ، خاوەنداری کردنی سامانی کانزا و تەختەدار, رێگای لەپێش ئەوە کردۆتەوە کە ببێتە ئامانجی سەرەکی هێرشی هیتیت, سۆمەر ـ ئەکەد, بابلی و ئاشووریەکان. ئەوەی لە کەسێتی ئورارتوو روودەدات بەردەوام کردن و هەمیشەیی کردنی بەرخودانە لەمیانەی هێزی دەوڵەتی ناوەندی و ئەگەر بکرێت بە هاوسەنگییەکی رێککەوتن بگەن و بە یەکسانی بژین. سیاسەتی ئاشووریەکان کە لە ئاستێکی بەرزدا پشت بە تالان, داگیرکاری و قڕ کردن دەبەستێ و

پاشماوەکانیش ناچاری کۆچبەری و دەربەدەری دەکات، دەرفەت بەمە نادات. هەروەکو رۆماییەکان لەمیانەی هێشتنەوە دەرفەتی ژیان بۆ ئەو گەلانەی دەیخاتە ژێر باڵادەستی خۆی، درێژە بە ئیمپراتۆریەت نادات. ئەوەی خاوەن یاسا نەبێت، پراکتیزەکردنی دەسەڵاتێکی بێ سنوور و کەیفی بە بنەما دەگرێت. هەڵبەتە کۆتایی هاتنی بەو شێوەیە کە چاوەڕوانی نەدەکرا گرێدراوی ئەو سیاسەتەیەتی. تەواوی ئەو سیستەمە سیاسییانەی پشت بە توند و تیژی دەبەستن هەمان کۆتاییان هەیە. وەکو میراسێك وەرگرتنی ئەم سیاسەتە ئیمپریالیستییانەیە لە سەرجۆن و پتەوکردنی لە رێگای حامورابی بابل و بە دڕندارنەترین شێوە پەیڕەوکردنی لەلایەن ئاشووریەکان بۆ تەواوی گەلان و سیستەمەکان و میرنشینی کۆیلەداری رۆژهەڵاتی ناوین بە واتای دۆزەخ دەهات.

رووبەڕوومانەوەی گەلان و کلتووری رۆژهەڵاتی ناوین بەرامبەر بە سیاسەتی فشار و دەربەدەرکردنی کە لە هیچ قۆناخێکدا هاوتای نەبینراوە, بە ئەندازەی ئەوەی رێگای لەپێش تەنگژەیەکی قووڵ کردەوە ئەوا شوێن پەنجەی خۆی بەسەر پێکهاتەی رۆحی و هزری مرۆڤایەتیدا بە جێهێشتووە. لە کۆتاییەکانی باڵادەستی ئاشووریەکان دەبینرێ کە داخوازی دامەزراندن و لێگەرینەکانی سیستەم شێوەی رەوشێکی رۆحی گشتی وەرگرتووە. لە کاتێکدا ئەم جۆرە هەوڵانە لە لایەك رێگایان لەپێش گروپی سۆفیگەرایی و ئەو ئایینە تاکخوداییانە دەکردەوە، کە بەڵێنی دامەزراندن و لێبوردنی پێدەدان، لە لایەکی دیکەشەوە لە نزیکبوونەوە سەبارەت شارستانیەت بەرەو جیابوونەوەی رۆژهەڵات ـ رۆژئاوایی دەبات.

شیمانەی مەزن ئەوەیە وڵاتی میدیا کە لەسەر بنەمای میراسی ئورارتوو بەهێز دەبێت و ئاشووریەکان زەحمەتی دەبینن لەوەی بەسەریاندا زاڵبن, لەم وڵاتەدا شێواز و رێچکەکانی رزگاربوون لەم دۆزەخە پێشدەکەوێت. هەربۆیە هەڵسەنگاندن و لە قەڵەمدانی گروپە مادیەکان وەکو قەومێك کە لەوپەڕی قەزوینی باکووری رۆژئاوای ئێران هاتوون، هەڵەی مەزن لەخۆوە دەگرێت. بە پێچەوانەوە مادەکان سەر بە گروپی ئاریانن کە خاوەنی کلتووری بژێردراوی هیلالی بەپیتە، لە قۆناخی ئاشووریەکاندا هەم بوونە خاوەنی ناوێکی نوێ, هەم بوونە خاوەنی گەوهەرێکی ئایدیۆلۆژی کە لە ئەنجامی بەرخودانی درێژخایەن هاتە ئاراوە و بەمجۆرە جێگای خۆیان لەسەر شانۆی مێژوو گرتووە. لەمیانەی بەرەنگاربوونەوەی ستەمی ئاشووریەکان سەرلەنوێ لە دایکبوون لە ساڵانی ١٠٠٠ پ.ز بەدواوە بەربڵاودەبێت. بۆ یەکەمین جار تیرە عیبرانییەکان یەکدەگرن و لە قۆناخەکانی ساوول ـ داوود ـ سلێمان دەگەنە ئاستی ئاواکردنی پادشایەتی. هێلینەکان تەروادەیان تێکشکاندووە و بە شێوەی دەوڵەتی شار ئەسینا بناخەی شارستانیەتێکی نوێ دادەنێت. پلێشاندەوەی بێ رەحمانەی ئەو

بەرخودانانەی لەسەر بنەمای میرنشینە ئەتنیکییەکان پێشدەکەوتن, ئەوا لە ئەنجامی پێشخستنی داب و نەریت و باوەڕی نهێنی لەلایەن ئەو کەسانەی دەستبەتاڵ دەمانەوە, لە بنەچەی خۆیدا بە واتای دەستپێکردنی قۆناخێکی تایفەگەری ــ تەریقەت گەریتی ــ یە. چەمکی با هەر کەس و گروپێك بەدوای چارەنووسی خۆیدا بگەرێت, بنگەی مێژوویی ئەم مەیلە سۆفیگەرایانە پێکدێنێت.

لێگەڕینی راهیبەکانی میدیاش کە بە Mag **ماگ (موغ)** ناودەبرێن پارچەیەکی ئەم مەیلە گشتییەیە. راهیبەکانی موغ نوێنەرایەتی گروپ و ئایدیۆلۆژی رزگاری دەکەن. لایەنی نوێی موغەکان ئەوەیە, چەمکی ئایینی ئاریەکان و ئەفسانەی سۆمەریەکانیان کردۆتە سەنتێزێك و نزیکی هەڵوێستێکی رزگاریخواز و نزیك بە مرۆڤ بوونەتەوە. دەرکەوتنی میتۆلۆژیا بۆ هەر پێشکەوتنێکی جددییانەی شارستانیەت پێویستە و لە رێزی پێشەوە دێت. بە بێ ئەوەی چەمکی ئایینی میتۆلۆژیای باوی سیستەم بەلاوە بنرێت، ئەوا دەرفەتی پێهەلگرتنێکی نووژەنی شارستانیەت نارەخسێت. لە دوای قۆناخێکی کپ بوون کە ماوەیەکی درێژی خایاند و مۆری میتۆلۆژیا پێوەبوو, قۆناخی جوڵانەوەی سیاسی و کۆمەڵایەتی نوێ دەستپێدەکات. هەروەکو بڵێی رۆڵی رۆن و بەنزینی پێویست دەبینن. ئەگەری ئەوە هەیە کە جوگرافیای سیحراوی و دڵرفێنی میدیا و کلتووری بەرخودانی درێژخایەن چاوگی ئیلهامی ئایدیۆلۆژی راهیبەکانی موغ بێت. لەگەڵ ئەوەی کاریگەری سۆمەر و چەمکی سروشتی ئایینی ئاریەکانیان لەسەر هەیە, لەمیانەی پەسندکردنێکی جددی وەڵامیان دەداتەوە، نوێیەکە بە گوێرەی خۆجێیەکە دەگونجێنێ. دەشێ بەرخودانی کاوەی ئاسنگەر وەکو لایەنی داستان و کرداری ئەم مەیلە هەڵسەنگێنین. لەم قۆناخە مێژووییەدا داودی ئاسنگەر لە ناو عیبرانییەکان, ئاکهیلۆش لە ناو هێلینەکان هەمان رۆڵی قارەمانێتییان بینیوە. لێکچوونێکی سەرنج راکێش جێگای باسە. بەڵام توێژی بەهێز لەم قۆناخەدا بەرەی ئایدیۆلۆژیایە و راهیبەکان نوێنەرایەتی دەکەن. لە هیندستانیش راهیبەکانی براهمان بە شێوەیەکی بەهێز نوێنەرایەتی دەکەن. راهیبەکانی ـ موغەکانی مادەکان لە ساڵانی ١٠٠٠ پ.ز بەدواوە لە ستراتیژیترین ناوچەدا نوێنەرایەتی ئەم مەیل و هەڵوێستە مێژووییە دەکەن. لەگەڵ ئەوەی Kovi ـ Mir ی پێکهاتەی ئەتنیکی دەگاتە ئاستی هێزی دەسەڵاتی سەرۆکایەتی, کۆمەڵگای چینایەتی و پێکهاتنی دەوڵەت دیارنییە.

تاوەکو هەبوونی عەشیرەتەکان بەردەوامبکات ناشێ سیاسەتێك (سیاسیبوون)ێك بێتەئاراوە کە شێوازی میرنشینی دەربازکردبێت. شتی هەرە لەپێشی ئەنجامیبدات، کۆنفیدراسیۆنی نێوان خێڵەکانە.

مادەکانی **میدیا** و تیرە پارسەکانی ناوەڕاست و باشووری رۆژئاوای **ئێران** شوێنگە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانیان لە ساڵانی ١٠٠٠ پ.ز گەلێك لایەنی لێکچوونیان هەیە. لە پێکهاتەی ئایینی و

میتۆلۆژیادا  لەسەرەوە سیستەمێکی سێیانەی خوداوەندەکان جێگای باسە. بە شێوەیەکی گشتی ئەم سیستەمە سێیانانەی (سێکوچکەی) کلتووری باوك, دایك و لێهاتووترین منداڵ، بە تواناترین منداڵ, پشت بە شکۆمەندکردنی ئاینی باوکسالاری دەبەستێ. هەرچەندە نوێنەر و سەمبۆڵەکانیان جیاوازبێت, وەلێ هەمان ئاراستەی پێشکەوتنێکی ئاینی ئەو گروپە نزیکانەی دەوروبەریش دەبینرێت، کە جێگای خۆیان لە ناو شارستانیەتی قۆناخدا گرتووە. لە ساڵانی ١٥٠٠ پ.ز کە هێشتا گروپە هیند ـ ئاریەکان لێك جیانەبوونەوە, ئەم سیستەمە سێیانەی وەکو **ئیندرا ـ میترا ــ ڤارۆنا** ناودەبرێت. لەو تاتە قورِینانەی کە ئیمزای دەوڵەتەکانی هیتیت و میتانی پێوەیە، سوێند بە ناوی ئەو خوداوەندانە دەهێنرێت.

بە ئەندازەی ئەوەی کلتووری هاوبەش لە ناوچە خۆجێییەکاندا دووچاری وەرچەرخان دێت، جیاوازی میتۆلۆژیاش زیاد دەبێت و ئەمەش بە شێوەیەکی زیاد و بەرچاو لە ناو لێنانی خوداوەندەکان رەنگ دەداتەوە. زەردەشت گەورەترین دەسکەوت و رۆڵ لە ریفۆرمی ئایدیۆلۆژی میدیادا دەبینێ. کەسایەتی زەردەشت کە شیمانەدەکرێت لە ساڵانی ٦٠٠ پ.ز ژیا بێت، مەزنترین گرنگییەکەی ئەوەیە کە بەر لە کۆنفۆشیۆسی چین, بودای هیندستان, سوقراتی یۆنانستان, بە شێوەیەکی بەهێز رۆڵی ریفۆرمی ئەخلاقی ئەنجامدا. لە میتۆلۆژیای سۆمەر و میسر و ئەو چەمکە ئاینییانەی پشتی پێبەستوون، بەهۆی چەمکی بەندە ـ کۆیلەی رەهای کە نوێنەرایەتی دەکەن، ئەوا بەرامبەر بەو خودایەی حوکم بەسەر هەموو شتێکدا دەکات، مرۆڤێکی ـ بەندە بە بناخە دەگرێت کە بێچارە و بێ ئیرادەیە. تەنانەت مرۆڤ سێبەری تایبەت بە خۆشیان نییە. هەموو شتێك لە خوداوەندەوە دێت. واتا ئیرادەی چینی ئەفەندی (کۆیلەدار) هەڵکشا و رەها و پیرۆزە. بە بێ مۆڵەت کەس نابێ بە خاوەنی سێبەریش. ئەم ئایدیۆلۆژیایە بەسەر پێکهاتەی رۆحی و هزری قۆناخدا زاڵە. ئەنجامە سیاسییەکەی سیستەمی پادشا ــ خوداوەندەکان و فەرماندانی بێسنوورە. هەر گوتەیەکی پادشا بە واتای یاسا دێت.

ئەوەی زەردەشت بەر لە هەموو ریفۆرمخوازەکانی دیکە درزی کرد قاڵبی ئەم ئایدیۆلۆژیا باڵادەستیانەیە. لە گاتاکانی زەردەشت شێوازی سکالا و هاوارکردن هەیە، کە وەکو بڵێین لێپرسینەوە لەگەڵ خوداوەندەکان دەکات (گاتاکانی زەردەشت؛ وتەکانی زەردەشت, گۆت = وتن). لە راستیدا لێپرسینەوە دەرهەق بە ئایدیۆلۆژیای قۆناخ دەکات. ئەمە لەمیانەی ئیرادەیەکی یاخیبوو بە شێوەیەکی ئاشکرا و بوێرییەك ئەنجامدەدات کە نموونەی نەبینراوە. فەرموودەی یەکلایەنەی خوداوەندەکانی نییە. رووبەرِووی کەسایەتیەکن خاوەن ئیرادەیە و لێپرسینەوە دەکات و تا وەڵامەکەی

وەرنەگرێت ناوەستێ. تا ئەو قۆناخە، تەنانەت پادشاکانیش هیچ مرۆڤێك نەیتوانیوە لێپرسینەوەی خوداوەندەکانی بکات. ئەمەیە "**یەکەمین**"ی کە زەردەشت ئەنجامیداوە. لە راستیدا ئەم "**یەکەمین**"ە هەم بەرامبەر بە ئایینی سەرەتایی سروشت، هەم بەرامبەر بە داب و نەریتی خوداوەندی حاکمییەتی رەهای سۆمەریەکان ئەنجامدراوە. فەیلەسوفی بە ناوبانگی ئەڵمانی نیتشە کەسایەتییەکە دەرکی بە قووڵایی واتای ئەم قەڵەمبازە کرد و لەخۆڕا شاکارە بە ناوبانگەکەی خۆی بە "**زەردەشت وەهای دەگوت**" ناو نەبرد. کون کردنی ئەو ئایدیۆلۆژیایەی کە سیستەمی ئابلۆقەداوە و بەسەر تەوژمی شارستانیەتدا زاڵبووە، رێکردنەوە لەپێش ئیرادەی مرۆڤی هەڵکشاو، یەکێکە لە گەورەترین شۆڕشە ئایدیۆلۆژیەکان. ئەنجامدانی گۆڕانکاری لە هزر و ئیرادەی ئەو مرۆڤەی تاوەکو ئەو قۆناخەش لە سێبەری خۆی بە خاوەن دەرنەدەکەوت و گەیاندنی بۆ ئاستێك رووبەڕووی خوداوەند بێتەوە بڵێ "**من هەم، پێت دەڵێم، وەڵامبدەوە**"، هەنگاو هاوێشتنە بۆ دووڕیانێکی مەزن. بۆ یەکەمین جار لە سیستەمی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا باس لە ئازادی تاکەکەس دەکرێت. قۆناخی خودایی حاکمڕەهاکان و سیستەمی کۆیلەداری بێ سنوور دەهەژێ و ناچاری ئەنجامدانی ریفۆرمی دەکات.

لە وڵاتی میدیا کە زەردەشت تێیدا دەژیا، شارستانیەت بۆ دوو لق جیا دەبێتەوە. لە چین، هیند، میسر و چەندین نیمچە دەوڵەتی دیکە سیستەمێکی دەسەڵاتی رەهایی کە خۆیان دەکەن بە خودا پێشدەکەون، سیستەمی یۆنان ــ رۆماش لەسەر بنەمای سنووردارکردنی خوداوەندەکان لەمیانەی ئەقڵ و کۆمار جیابوونەوەی سیستەمی سیاسی و خوداوەندەکان پێشدەکەوێت. بەڵێ دووڕیانی شارستانیەت یاخود ئەو پێشکەوتنەی بە جیابوونەوەی رۆژهەڵات ــ رۆژئاوا ناو دەبرێت یەکەمین قەڵەمبازی مەزنی ریفۆرمخوازی زەردەشت سەرچاوەکەی پێکدێنێت. بە لانی کەم بە رادەی خولقاندنی شارستانیەت، ناچارکردنی بۆ ئەنجامدانی گۆڕانکاری، بوون بە دوو لق دەبێتە دووەمین هەنگاوی مەزن و مێژوویی کە لە خاکی میدیا ئەنجامدەدرێت. بە تەواوی لەم خاڵەدا زەردەشت واتای زاراوە سەرەکییەکانی ئایدیۆلۆژیاکەی **رووناکی ـ تاریکی، باشی ـ خراپی، بەهەشت ـ دۆزەخ، جوانی ـ دزێوی، راستی ـ چەوتی** لەشوێنی خۆیدا جێگیردەکات. بەر لە هەموو شتێك بە پرەنسیپێکی سەرەکی فەلسەفی گەیشتوون؛ پرەنسیپی پێشکەوتن تەنیا لە ئەنجامی یەکێتی دژەکان بەدیدێت. ئەو پرەنسیپەی کە زانستیش لە رۆژگاری ئەمڕۆماندا پشت راستی کردۆتەوە، گوزارشت لەو یاسایە دەکات کە تەواوی گۆڕانکارییەکانی سروشت و کۆمەڵگا دەخاتە نێو جموجۆڵەوە. ئەمەش ئەو بوێرییەیە کە بە گۆڕانکاری ناودەبرێت.

ئافراندنی ئەم گۆڕانکارییە؛ لەنێو کۆمەڵگایەکدا سانایی نییە کە لەژێر کاریگەری جیهانی ئەو خوداوەندانە دایە کە تاقانەیە، بێ جوڵەیە، دوور لە خوڵقکارییە و خاوەنی دەسەڵاتێکی رەهایە و بەردەوام یەکلایەنە دەجوڵێتەوە. کەسایەتی و پێکهاتەیەکی هزری و رۆحی، کە بە یاساکانی سەردەمی نیۆلیتیك و یاساکانی خوداوەندەکانی سەردەمی کۆیلەداری دەربازبووە کە مرۆڤ تێیدا خاوەنی سێبەری خۆشی نەبووە, بەمجۆرە پێکهاتەیەکی رۆحی کە خاوەنی هزرێکی ٣٠٠٠ ساڵی بێت پێی بڵێی **"هەڵسە سەرپێ، خاوەنداری لە ئیرادە و هزری خۆت بکە و بەرپێز بە"** شۆڕشێکی ئەخلاقی و هزری زۆر ئاستەمە. بەڵێ ئەمەیە دەسکەوتی زەردەشت بۆ شارستانیەت, کە رۆژبەرۆژ راستینە و گرنگییەکەی زیاتر ئاشکرا دەبێت.

زاراوەی خودای باشە **ئاهورا ـ مەزدا** و خودای خراپە **ئەهریمان،** لە باوەڕی زەردەشت بە واتای ئەوە دێت کە ئەم راستینەیە بە گوزارشتێکی ئایینی گەیەنراوە. بەلام ئەمانە خاڵە گرنگەکانی مەسەلەکە نین. لەبەر ئەوەی وتەکانی ئایدیۆلۆژیای قۆناخ پێویستی بە قالبی بەمجۆرە بوو زەردەشت هەمان تەرمۆنۆلۆژی وشەزانین بەکاردێنێ. ئەوەی ئەنجامیداوە لە گەوهەری خۆیدا شۆڕشێکی فەلسەفییە. ئەوەی لە نێو کۆمەڵگاشدا ئەنجامدراوە، شۆڕشێکی مەزنی ئەخلاقییە. هەندێ ئەنجام پراکتیکەکانی دەزانرێ. دەخوازێ کۆتایی بە پێشکەشکردنی قوربانی بێنێت کە پاشماوەی ئایینە سەرەتاییەکانی سروشتە. خۆشەویستییەکی مەزنی بۆ ئاژەڵ هەیە. دەڵێ با ئەم بوونەوەرانە نەکەین بە قوربانی کە لە نێو ژیاندا سوودبەخشن. لەهەمانکاتدا پێغەمبەری کشتوکاڵە. گرنگییەکی مەزن بە جووتیاری دەدات. تامەزرۆی کشتوکاڵە. لەگەڵ ژنێکی (خێزانێکی) کامڵدا خاوەن بەهێزترین گوزارشتی ئەخلاقی ژیانە. ژیانێکی هاوبەش لەگەڵ ژنێکی خاوەن ئیرادەیەکی ئازاد و لە نێو پێوانەی یەکسان, بە گەورەترین بەختەوەری لە قەڵەمدەدات. لە هیچ سیستەمێکدا چەمکێکی هێندە بەهاداری سەبارەت بە ژن نەبینراوە. پەیوەندی لەگەڵ رەنج پتەو و دروستە. بەهێزترین نوێنەری چەمکی بەختەوەرییە کە لەمیانەی ئارەقەی نێوچاوانەوە بە دیدێت. تاوەکو دوایی گرێدراوی رووناکی و تیشکە. هەست بە جوانی ژن دەکات. هەڵوێست وەرگرتن دژی تاریکایی و سەرمای کردووە بە تایبەتمەندێتی سەرەکی فەلسەفەکەی.

بێگومان شیکردنەوەی **"گۆتا"**کانی زەردەشت و ئەو باوەڕییە ئایینییانەی دراوەتە پاڵی کاریگەرییەکی پسپۆری و شارەزاییانە؛ بەلام گومان لەوەدا نییە کە هێڵە گشتییەکانی بەمجۆرەیە. هەروەها دەزانرێ کە هەڵوێستە ئەخلاقی و هزرییەکانی تەواونەکراوە. کاتێك ئەمەش بێنینە بەرچاوان کە تەواونەکرا و نەبوو بە سیستەمێکی کۆمەلایەتی، ئەو کات بۆمان دەردەکەوێت هزری

زەردەشت چەندە مەزن بووە، کە گەیشتنی یەکێتی دژەکان بە سەنتێز و خاوەنداریێتی کردنی تاکی ئازادی رۆژگاری ئەمڕۆمانی بە بنەماگرتووە. هەروەها دەبێ ئاماژە بەوەش بکرێت تاوەکو ئێستاش کاریگەرییەکانی بەسەر ئەو کۆمەڵگایانەدا بەردەوامە کە تێیدا ژیاوە یاخود پێشتر کاریگەری لێکردووە.

هەروەها بەمجۆرە ئەنجامە سیاسییەکانی زەردەشت و ئەوانەی دوای ئەو هاتن و نوێنەرایەتی زەردەشتێتیان کرد, درەنگ نەدەکەوت.

کاتێك هەلومەرجی سیاسی کلتوورییەکانی بنەماکانی دەرکەوتنی ماد ـ پارس هەڵدەسەنگێنین, بە ئەندازەی ئەوەی پێویستە هەندێ شێوازی چەوتی بەلاوەبنرێت, ئەوا بە بنەماگرتنی هێڵە گشتییەکانی زانیارییەکی راست زۆر گرنگە. لە رەوشێکی پێچەوانەدا بەهای چارەسەری ئامێزانەی ئەم پێهەڵگرتنە بە شێوەیەکی راست دەرکی پێناکرێ کە لە جیابوونەوەی رۆژهەڵات ـ رۆژئاوا و رۆژهەڵاتی ناویندا رۆڵی کلیلی بینیوە. لە کاتێکدا ئەم قەڵەمبازە قۆناخێکی نوێ دەستپێدەکات, ئەوا پێشکەوتنی شارستانیەتی یۆنان ـ رۆمای رۆژئاوای خێراکردووە, لە رۆژهەڵاتیش رۆڵێکی سەرەکی لەوەدا بینیوە کە شارستانیەتی کۆیلەداری چین و هیندستان وەکو نموونەی بەر لە خۆیان "**هەراپا**" نەخنکێن و بە پێچەوانەوە بکەونە نێو قۆناخی پێگەیشتنێکی هەمیشەیی. تێروانینێکی گشتی پەسندکراوی بەمجۆرە هەیە ئەگەر ئەم ئەڵقەیە نەبوایە, ئەوا شارستانیەتی رۆژئاوا و رۆژهەڵات نەدەخولقان یاخود بە رێڕەوێکی زۆر جیاوازتردا دەڕۆیشتن. ئەم تایبەتمەندێتیەش تەنیا بەهۆی شوێنگە جوگرافییەکەیەوە نییە، بەڵکو لە نزیکەوە پەیوەندی بە گەوهەرەوە هەیە. ئەم ریفۆرمە ئەخلاقی و ئایدیۆلۆژیەی هەوڵماندا وەکو داب و نەریتی زەردەشت پێناسەی بکەین, زیاتر لەوەی مەزەندە دەکرا, جیا بوونەوەی رۆژهەڵات ـ رۆژئاوا ئاراستە دەکات و لەپێناو بەدیهێنانێتی. سیستەمی کۆیلەداری سۆمەر و میسر و هەنگاوەکانی شارستانیەتی کە ئەوانیان بە بنەماگرت بە درێژایی ٣٠٠٠ ساڵ کۆیلایەتی رەهایان بەسەر پێکهاتەی هزری و رۆحی مرۆڤایەتیدا نەخشاند و لەسەر ئەم بنەمایەش بوون بە دەوڵەت و هەموو جۆرە بالادەستییەکان بەڕێوە بردووە. سەبارەت بە لایەنی ئازادی رەوشێکی مرۆڤایەتی زۆر لەسەردەمی نیۆلیتیك پاشکەوتووتر خولقێنراوە. ئەوانەی ئەم رەوشەیان خولقاند هەزار و یەك شێوازی فێڵبازی و تەڵەکەبازییان پێشخست کە تا ئەو کاتە لە پەیوەندییە کۆمەلایەتییەکاندا نموونەی نەبینرابوو، لەمیانەی دەمامکێکی ئایدیۆلۆژیانەی سەرسووڕهێنەرەوە توانیان بە ناوی "**سیستەمی ئاسمان و بەڕێوەبەرەکانی جیهانی خوداوەندەکان**" بیکەن بە ئایدیۆلۆژیایەکی "**قەدەر**". ئەمەش بە بەهای کەوتنێکی مەزنی ئاستی ئازادی

مرۆڤایەتییەوە ئەنجامدرا: لە لایەکەوە خاوەنەکانی سیستەمی کۆیلەداری هەن، کە هەر وتەیەکی لە زاریان دەربکەوێت دەبێ وەکو ئیرادەی خوداوەند دەرکی پێبکرێت و پەیڕەو بکرێت؛ لە لایەکەی دیکەشەوە سیستەمی مرۆڤە بەندە ـ کۆیلەکان کە ناتوانێ لە سێبەری خۆشی بە خاوەن دەرکەوێت و لە ئامرازێکی بەرهەمهێنان زیاتر هیچ بەهایەکی دیکەیان نییە.

بێگومان بەردەوام بەرخودان بەرامبەر ئەم سیستەمە لە ئارادابووە. هەروەکو کتێبە پیرۆزەکان نووسیویانە ئەم سیستەمە لەمیانەی ئیرادەی خوداوەندە مەزنەکان بەڕێوە نەچووە. هەر هەنگاوێکی ستەمکاری مەزن, درۆ و چەوسانەوە رووبەڕووی هەنگاوەکانی بەرخودان و تێکۆشانی راستی و بەدەست هێنانی ماف دەبێتەوە. لێرەشدا بە شێوەیەکی بێرەحمانە یاسای یەکێتی دژەکانی پێشکەوتن پەیڕەوکراوە. بەڵام بۆ یەکەم جار بە واتای کردنەوەی قۆناخێکی نوێیە لە مێژوودا, سەرکەوتنی ماد ــ پارس جێگای باسە. لە ئەنجامدا ئەم هەنگاوەش کەوتۆتە نێو پراتیك و لۆژیکی سیستەمی دەسەڵاتدار. سیستەمی سیاسی کۆمەڵایەتی دەسەڵاتدار نەڕووخێنراوە و سیستەمێکی نوێ لە جێگای ئاوا نەکراوە. لێرەدا شێوازی بەرهەمهێنان رۆڵێکی سەرەکی بینیوە. بەڵام دیسان گومان لەوەدا نییە کە خواستی لە کەسایەتی ئاشوورییەکاندا رۆژهەڵاتی ناوین و تەواوی مرۆڤایەتی لە کردارە هۆڤییەتێکانی سیستەمی کۆیلەداری ٣٠٠٠ ساڵی رزگاربکات, ئەم سیستەمە بڕووخێنێ و لەمیانەی ئەنجامدانی ریفۆرم، دەرفەتی هەناسەدان بۆ مرۆڤایەتی برەخسێنێ و سیستەمێکی نەرمی کۆیلەداری بێنێتەئاراوە, بەمجۆرەش گومان لەوەدا نییە کە هەڵمەتێکی مێژووییە. هەروەها گومان لەوەشدا نییە رێگای لەپێش دووڕیانی مەزنی مێژوو کردۆتەوە و لە ئاکامی پەیڕەوکردنی یاسای یەکێتی دژەکان لە ئاستێکی بڵندتری شارستانیەتدا قۆناخێکی نوێی خولقاندووە. بەمجۆرە پێناسەکردنی رۆڵی ماد ــ پارس, لە مێژوودا واقیعیترین گوزارەکردنە.

وەکو پێشکەوتنێکی مێژوویی بەرجەستە تێروانینێکی گشتی و پەسندکراوی بەمجۆرە هەیە رێکخستنی ماد قۆناخی کۆنفیدراسیۆنی خێڵەکان پێکدێنێت. ئەم رێکخستنە خواستوویەتی لە ئەکبەتان ببێت بە سەنتەر. هاتنیان بۆ سەر شانۆی مێژوو بە شێوەیەکی سەرەکی لە سایەی ئەو رێککەوتنانە بووە کە پێشتر گۆتییەکان و کاسیتەکان بە شێوەیەکی سەرکەوتووانە تاقیان کردبۆوە. رێککەوتنی بابل ـ ماد کە بەردەوام لەگەڵ ئاشوورییەکان لە نێو کێشمەکێش و پێشبڕکێدا بوونە, لە ساڵی ٦١٢ پ.ز بە رووخاندن و سووتاندنی نەینەوای پایتەخت ئەنجامگیر بووە. لە لایەکەو رێگای بابل ئاواڵا بوو کە پشت بە چەمکی ناوەندی سۆمەر دەبەستێ, لە لاکەی دیکەشەوە هەڵکشانی شارستانیەتی رۆژهەڵاتی زاگرۆس شانسی پێشکەوتنێکی گرنگ و پێکهێنانی قۆناخێکی نوێی مێژوویی

رەخساندووە. ئـەم هەڵكشـانەی لەسـەردەمی پێشـكەوتنی شارسـتانیەتی سـۆمەر؛ ئیلامییـەكان، گۆتییـەكان, كاسـیتەكان, هۆرییـەكان, میتانییـەكان و ئورارتوویـیـەكانی هێنایـە سـەر شـانۆی مێـژوو؛ لەمیانـــەی داب و نـــەریتی بـــەرخودانی خـــەڵك بەخێوكراوەكـــە وەكـــو ئەفســـانەی **"كـــاوەی ئاسنگەر"**هێنراونەتە زمان و بەردەوام لە هزری خەڵكدا ماوە و سەنتێز كردنی لەگەڵ شۆڕشی ئیرادە ـ ئەخلاقی زەردەشتی پشت بە زەمینەیەكی مێـژوویی دەبەستێ. ئـەوەی دەمێنێتـەوە وردەكارییـە و پێویستی بە بەڵگەیە و كاری لێتوێژینەوەی مێژووە.

رەهەندێكی دیكەی گرنگی ئەم راستینەیە دیاردەی **"پارس"**ە كە بۆ یەكەم جار جیـا دەبێتـەوە و لـە ژێـر نـاوی خۆیـەوە دەردەكەوێتـە سـەر شـانۆی مێـژوو. خزمایـەتی پارسـەكان لەگـەڵ مادەكـان دەزانرێت. هەروەها ئەوە سەلمێنراوە مادەكان و ئەوانـەی بـەر لـەوانیش كـە بـە شـێوەیەكی گشـتی بـە هۆرییـە ئاریانییـەكان دەناسـرێن، بـاپیرانی كوردەكـانی رۆژگـاری ئـەمرۆمانن. هـەروەها تێروانینێكـی گشتی و پەسندكراوی بەمجۆرە هەیە پێناسەی گۆتی, كاسیت, میتـانی, ئورارتـوویی و گەلـەكانی دیكـە ناوی جیاجیان كە لە قۆناخە جیاوازەكان لە هەمان گروپی كلتووری و زمان نراوە. پارسەكانی تاوەكو سەردەمی رێكخستنەكانی مادەكان وەكو ناو خۆیـان نەسـەلماندبوو، دەركەوتنـە پێشـیان لـەم مێـژووەدا لەمیانەی یاسای بڵاوبوونـەوەی شارسـتانیەت دەركـی پێـدەكرێت. رەوشـی خزمایـەتی یـەكجار نزیكـی نێوان زمان و كلتوورەكانیان لە رۆژگاری ئەمرۆشماندا زۆر بە سانایی لە جوگرافیـای ئێرانـی فـارس و هەرێمی كوردستاندا دەبینرێت. هەروەكو دیـارە لـە قۆناخـەكانی پێشـووی مێـژوودا زێـدە لـە یـەكتری جیانەبووبوونەوە و لەناو سیستـەمێكی هاوبەشـدا بـوون و ئـەو گروپـە ئاریانییانـەش لـە نـاو ئەمـەدا جێدەگرن كە دواتر بەرەو هیندستان و هەرێمەكانی دیكـەی رۆژهـەڵات كۆچیان كـرد. جیابوونـەوەی سەرەكی لە سالانی ١٥٠٠ پ.ز هاتۆتـەئاراوە. هـەروەها ئەمـەش لـە مێـژوودا جـێگیرە كـە لـەم گروپانـە ئەوانەی باكووری رۆژئاوای ئێران بە مادەكان, ئەوانەی باكووری رۆژهەڵات بە پـایـیـدەكـان, ئـەوانـەی نـاوین ــ باشـووری رۆژئـاوا پارسـەكان, ئەوانـەی باشـووری رۆژهـەڵات بـە بەلوجیـەكان نـاودەبرێن. بڵاوبوونـەوەی ئاریانـەكان لـە ئەفغانسـتان و هیندسـتان وەكـو بـەردەوامكردنی ئـەم گروپانەیـە. ئـەو توێژانـەی لـەم جیابوونـەوە (یەكلابوونـەوە) هـەم نزیكـی نیۆلیتیـك, هـەم نزیكـی ناوەنـدەكانی شارسـتانیەتی سـۆمەرە مادەكـانن. كەواتـە بـەهۆی شـوێنگە جوگرافییەكـەیان ئەوانـەی بـە پێـی دەربازبوونی كات بەهێزبوونە و بەردەوام ناچاربوونە بـەرەنگاری ئەكـەد ــ بابـل ــ ئاشـوور ببنـەوە، گروپ و تیرەكانی ماد بوون. رووخـانی ئیمپراتۆریـەتی ئاشـووریش ئـەوەی نیشـانداوە راسـتینەی مـاد

شـتێکی رووکـاری و لـەخۆڕا نییـە, بـەڵکو گرێـدانی خـۆی بـە پێکهاتەیـەکی مێـژوویی بـەرفراوان و درێژخایەن هەیە. تەواوی بەڵگە مێژووییەکان ئاماژەی پێدەکەن.

بابەتێکی دەرکی پێدەکرێت ئەوەیە کە پارسەکان لەم قۆناخە مێژووییە درێژخایەنەدا لە پەلوپۆ نەکەوتن و بەردەوام لە رێگای کـەناڵی میـدیا بـەهێزبوون. شـتی گـرنگتریش ئەوەیـە کـە تێپەڕانـدنی کۆنفیدراسیۆنی خێڵەکان و دامەزراندنی شارستانیەتێکی ناوەندی لەلایەن مادەکان, هاوسـەنگییەکەی نێوانیـان تێکـدەدات. مێـژوو ئـەوەی دەستنیشـانکردووە ئـەو کۆنفیدراسـیۆنە پارسـەکانیش جێگایـان تێداگرتبوو و کاتێك مادەکان بەرەو دەوڵەتێکی ناوەندی هەنگاویان هاوێشت، رووبەڕووی کودەتایەکی پارسەکان بوونەوە. هەربۆیە کاتێك دواترین سەرۆکی کۆنفیدراسیۆنی ماد ـ فارس ئاستیاك لەلایـەنی خوشـکەزاکەی کیرۆس (کـوراس) لـە رێـی کودەتایـەکی نـاو کۆشـك لـە دەسـەڵات دەکـەوێت, دەسـەڵات دەکەوێتە دەست بنەماڵەی ئەخمینییـەکانی پـارس. هەرچـەندە زۆربـەی مێژوونووسـان ئـەم قۆناخـە وەکـو ژێرکـەوتنی مادەکـان و سـەرکەوتنی پارسـەکان نیشـاندەدەن, بـەڵام بـە دڵنیاییـەوە دەڵـێم ئـەو هەڵوێسـتە لـەبواری شـێوازدا واقیعـی نییـە. ئـەوەی روویـداوە گـۆڕینی دەسـەڵاتی خانەدانێکـە بـۆ خانــەدانێکی دیکــە. پێشکەشــکردنی ئــەم گۆڕانکارییــە وەکــو ژێرکــەوتنی کۆمەڵەیــەکی ئــەتنیکی کەموکوڕیـەکی مەزنـە و بۆچوونێکی چـەوتە. لـە سیستـەمی دواتـر مادەکـان و پارسـەکان لـە هـەمان ئاستدا لە ڕێزی یەکەم جێگای خۆیان دەگرن. تەنانەت هیرۆدۆت بە شێوەیەکی روون و ئاشکرا ئامـاژە بە گەوهەری رێکخستنی دەوڵەتی ئـەو قۆناخـە دەکـات. لـە هـەمان رێـز و ئاسـتدا جێگرتنـی پـارس و مادەکان لە نێـو ئیمپراتۆریـەتی پـارس کـە لـە ٢٤ "Satrap" والی هـەرێمی پێکهـاتبوو, نیشـان دەدات خاوەنی پێکهاتەیەکی ئەتنیکی هاوبەش بوون. ناکۆکی لـە نێـوان هەنـدێ سـەرۆکەکانی مـاد و راهیبـە موغ(ماگ)ەکانی مادەکاندایە. ئەم رەوشەش بەردەوام رێ لـەپێش یـاخیبوون و کوشـتار دەکاتـەوە. بـە کورتی بەمجۆرە تەماشاکردنی دیالیکتیکی پەیوەندی نێوان ماد ـ پارس ئەنجامی راستر لەگـەڵ خـۆی دێنێ.

مێــژووی دەســەڵاتی خانــەدانی ئەخمینییــەکانی پــارس لــە ســاڵانی ٥٥٠ ی پ.ز بــە کــرۆش دەستپێدەکات. لە ماوەیەکی کورتدا ڤەبوونێکی مەزن ئەنجامدەدات. لە ساڵی ٥٣٩ دوای ئەوەی بابل بە خۆیـەوە گرێـدەدات, بـۆ یەکـەمین جـار ناوەنـدی شارسـتانیەت لـە میزۆپۆتامیـا دەردەکـەوێت و بـۆ پارسەپۆلیس دەگوازرێتەوە. لە کۆتایی سەدەدا دەست بەسەر میسـر و لـە رۆژئـاواش تـەواوی ئـەنادۆڵ دەخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆی و دەگاتە بەر دەروازەکانی ئەسینا, بۆ یەکەمین جار لە قەفقاسیا ولایەتی هـەرێمی ئەرمەنییـەکانی پێکهێنـاوە و گەیشـتۆتە دەریـای رەش و قـەزوین, لـە رۆژهـەڵاتی دوور

گەیشتۆتە پارتییە، ئەفغانستان و هیندستان بەمجۆرە تا ئەو قۆناخە گەورەترین رێکخستنی سیاسی ئاواکراوە. ئەوەی لە ژێر ئەم پێشکەوتنە مێژووییە مەزن و خێراییە شاراوەیە، بە ئەندازەی ئەو زەمینە بەهێز و دەوڵەمەندە مێژوویی و کلتوورییەی کە پشتی پێدەبەستێ، بە بەراوردکردن لەگەڵ ئاشوورییەکان رۆڵی شێوازی نەرم و ئاقڵمەندانە زۆر دیاریکراوە. لە شێوازی بەڕێوەبردنی ئاشوورییەکاندا دەست لەوە بەردە نەیهێشتووە پێکهاتە ئەتنیکییەکان هەناسەبدەن، بەڵکو ئەمانە لە شوێنی خۆیان دەربەدەرکران و ئەو کەسانە لە جێگایان نیشتەجێکران کە پەیوەندی بەندە و کۆیلایەتیان پەسند کردووە. بەڵام هەرچی پارسەکان بوون بە پێچەوانەوە، تەنیا بەمە نەدەوەستان کە لە وڵاتی خۆیان بمێننەوە، بەڵکو لە ئاستی میرنشینیدا بەشی خۆبەڕێوەبردنی بۆ دەهێشتنەوە. هەر گروپێکی ئەتنیکی یاخود قەومێك، میرنشینی خۆی پێکدەهێنا، جگە لە حوکمی سەرانە و باج و سەرباز، بە تەواوی سەربەست بوون.

بێگومان ئیمپراتۆریەت هەندێ تایبەتمەندێتی دیکەی تایبەت بە خۆی هەیە. لەمیانەی باشی تۆڕی هەواڵ و گەیاندن کۆنترۆڵ زۆر بە کاریگەرە. لە شاری بەناوبانگی (ساردی) کەنارەکانی ئیگەوە دەستیان پێکردووە تاوەکو پرس پۆلیس بە شێوەیەکی موکەمەل رێگا دروستکراوە. گروپە سوارییەکانی بە شێوەیەکی رۆژانە ئامادەبوون، دەیانتوانی لە ماوەی نەوەد رۆژ لە ساردەوە هەواڵ بگەیەننە پرس پۆلیس. بە گوێرەی ئەو قۆناخە ئەمە خێراییەکی مەزنبوو. پێکهاتە بیرۆکراسییەکان زیاتر پێشکەوتووە. گرنگترین نوێبوونەوەش ئەوەیە کە میتۆلۆژیا (ئەفسانە)ی سۆمەرییەکان تێپەڕێندراوە و لەسەر بنەمای داب و نەریتی زەردەشت باوەڕی خوداوەندی مەزن **مەزدا** جێگیر کراوە. هەر لەبەر ئەوەی لە بابل کۆتایی بە دوور خستنەوەیان هات عیبرانییەکان رێزیان لە پارسەکان دەنا و پێشکەوتنی کلتووری تاکخودایی، تا رادەیەکی مەزن لە ژێر کاریگەری باوەڕی مەزدا پێشکەوتووە. تەنانەت پارتییەکی بەهێزی عیبرانییە فارسییەکان پێکهێنراوە کە لایەنگری پارسەکان بوون و تاوەکو رۆژگاری ئەمڕۆمان وەکو رەچەڵەکێك لە ناو ئیسرائیلییەکان بەردەوامی بە هەبوونی خۆیان دەدەن.

هەندێ بەڵگەی زمانناسی ئەمەیان روون کردۆتەوە، حەزرەتی ئیبراهیم کە بە دامەزرێنەرە یەکەمینەکانی کلتووری عیبرانی دادەنرێت تەنیا سەرۆکی تیرەی عیبرانی نەبووە، لەگەڵ هۆرییەکان لە نێو پەیوەندییەکی نزیکدابوو کە لەم قۆناخەدا گروپی ئەتنیکی دەسەڵاتداری ئورفا بوون، هەروەها نزیکبوونەوەی راست ئەوەیە کلتووری عیبرانی کاریگەرێتی داب و نەریتی ئیبراهیمی کراوەتە سەر. بە کورتی رۆڵی کلتووری هۆری و پارسەکان لەپێشکەوتنی ئایینی تاکخودایی زۆر گرنگە

و شایستەی لێکۆڵینەوەیە. قۆناخی ئیمپراتۆریەتی پارس, بۆ تەواوی کۆمەڵە سیاسی و ئەتنیکییەکانی رۆژهەلاتی ناوین بۆتە دەرفەتی هەناسەدان. ئەم قۆناخە رۆڵێکی گرنگی لەوەدا بینیوە جەژنی نەورۆز وەکو جەژنی ئازادی پیرۆزبکرێ. لە بواری زیندوویی و پێشکەوتندا تەواوی کلتوورەکان هەنگاویان هاوێشتووە. لە کلتووری سیاسیدا، رەوابوون بە میرنشینەکان دراوە. لەم قۆناخەدا میرنشینی و سیستەمی میرێتی زیاتر دەرکەوتۆتە پێش. سیستەمی کۆیلەداری بە تەواوەتی بەلاوە نەنراوە, بەلام دیارە کە نەرمکراوە و لەسەر بنەمای نوێبوونەوە، بە ریفۆرمدا دەربازبووە. بە شێوەیەکی سەرەکیش سیستەم هێزی خۆی لەم گۆڕانکارییە سیاسیانەوە دەگرێت. هەروەکو چۆن نارەزایی بەرامبەر بەڕێوەبەرایەتییەکی بەمجۆرە کەمە، چەندین پێکهاتەی نوێ کە لە نێو تەنگەتاویدابوون چاوەڕوانی پشتگیرییان کردووە. نموونەی ئەمانە بێ ژمارن و بەڵگە کراون. جگە لە کێشمەکێشی خانەدانی مادەکان, نەبوونی یاخیبوونی ناوخۆ ئەم بابەتە پشت راست دەکاتەوە.

کێشمەکێشی سەرەکی پارسەکان لە نیمچە دوورگەی یۆنانە. لە رۆژهەلات بەرەو چین و هیندستان رۆڵی پێشکەوتووخوازی دەگێرێ و بەردەوام بەرەو پێشەوە دەچێت. هەمان پێشکەوتن لە ناوەندە کۆنەکانی میسر و سۆمەریش درێژە پێدەدات. دیسان خاوەن پایەی پێشکەوتووخوازییە. گەلێك گروپی خۆجێیی و کلتووری ئەتنیکی دووچاری گۆڕانکاری سیاسی و کۆمەلایەتی دەکات و پێشکەوتنی مەزن دێنێتەئاراوە. کاتێك ئەم گەوهەرە پێشکەوتووخوازانەی رێگا لەپێش هێزی زەبەلاحی ئیمپراتۆریەت دەکاتەوە, ئەوا لەهەمانکاتدا بە واتای تێکدانی هاوسەنگی و کرۆنیکبوونی دێت و پێبەپێ موحافەزەکاری لەگەڵ خۆیدا دێنێ. سیستەم بە گوێرەی سیستەمی ئاشووریەکان پێشکەوتووە, بەلام بە گوێرەی سیستەمی ئەنادۆڵی رۆژئاوا و نیمچە دوورگەی یۆنان بە پاشکەوتوویی ماوەتەوە. هەروەکو چۆن راهیبە موغەکانی ماد و ریفۆرمخوازی زەردەشت هەویری ئایدیۆلۆژی بەرزبوونەوەی ماد ـ پارسەکان، ئەوا لێگەڕینی فەلسەفی و ئایدیۆلۆژی ئەنادۆڵی رۆژئاوا کە بە تالاسی خەڵکی میلت دەستیپێکرد، رۆڵی هەویری هەڵکشانی شارستانیەتی رۆما دەبینێ. وەکو هزرێکی ئاقڵمەندانەتر بە بەراوردکردن لەگەڵ هزری پارسەکان، فەلسەفە پێشکەوتنێکی مەزن بە خۆوە دەبینێ. لە راستیدا بەکارهێنان و سوودوەرگرتن لە شاکارەکانی میتۆلۆژیای بابل و ریفۆرمی ئەخلاقی زەردەشت رۆڵێکی مەزن دەبینێ. تەواوی فەیلەسوفەکانی هێلین لەو کەسایەتییانە پێکهاتوون کە بۆ ماوەیەکی درێژ لەم ناوەندانە ماوەنەتەوە و پەروەردەیان بینیوە. ئەوەی ئەنجامیانداوە, قەڵەمبازێکی هزرییە لەمیانەی پشت بەستن بەم توانستە بەرفراوانانە. لە هەڵسوکەوتی مرۆڤ واتا لە بواری ئەخلاقی و ئیرادەی مرۆڤ هەڵمەتی ئازادییە. بە شێوەیەکی زەق لە

ئەدەبیاتی یۆناندا دەبینریٚ کە کاریگەربوون و کاردانەوە لە ئاستێکی بەرچاودا روویداوە. گەلێك لەم شاکارانە بابەت و ناوەکەشی لەم پەیوەندی و ناکۆکییانەوە وەردەگرێت. هەڵمەتێکی مەزنی ئایدیۆلۆژی بەرامبەر بە هێرشەکانی پارسەکان بەڕێوەدەچیٚ. سەرباری ئەوەی هیرۆدیت جێگای خۆی لە جەمسەری بەرامبەر دەگریٚ، بەڵام بە تایبەتی کتێبی بە ناوی مێژوو ئەم بابەتە بە شێوەیەکی فراوان و بە گوێرەی گرنگی و بایەخەکەیەوە نیشاندەدات. باڵابوونی پارسەکان لە بواری سەربازی و سیاسی مسۆگەرە. خودی ئەسینا زۆر بە زەحمەتی توانیویەتی لە کەوتن رزگاری بێت. بەڵام ئەم رەوشە مەترسیدارەی لە ئاردابوو، گەلێك پێشکەوتن دێنێتەئاراوە کە تا ئەو قۆناخە بیری لێنەدەکراوە و ئەنجام نەدرابوو. لەم نێوانەدا پێشکەوتنەکان بە شێوەی یەکێتی ئەسپارتا ــ ئەسینا، هەروەها لەمیانەی پادشا ڤیلیپێس بڵاوبوونەوە تاوەکو باکووری مەکەدۆنیا دەچیٚ. بێگومان مەزنبوونی هەڕەشە و مەترسی فاکتەرێکی سەرەکی ناچار کردنە. بەڵام بەو ئەندازەیەش رۆڵی هەڵکشانی ئایدیۆلۆژی گرنگە و مەزنە. کێشمەکێشی پارس ــ یۆنان درێژخایەنە؛ لە راستیدا لە نزیکەوە پابەندی دووڕیانی شارستانیەتە.

کاتێك پارسەکان لەو گەوهەرەی خۆیان نامۆبوون کە رێگای رۆژئاوای کردەوە و قەڵەمبازی رێبازی تاکی خاوەن ئیرادەی ئازادی ئەنجامدا، هەروەها دوای ئەوەی خۆیان کردە ئیرادەی رەها و خوداوەند، ئەوا رێگایان لەپێش هۆکارە ئایدیۆلۆژیەکانی دۆڕاندنیش کردەوە. نەدەشیا دەسپۆتیزمێکی هاوشێوەی مۆنارشییەتەکانی سۆمەر و میسر بەرامبەر بەو دیموکراسییە سەربکەوێت کە لە یۆنان و ئەسینا ئاواکرابوو. بە واتایەکی دیکە پێکدادان لە نێوان دەسپۆتیزمی پرس پۆلیس و دیموکراسیەتی ئەسینا بوو. ئەگەر لە دیدگایەکی فراوانترەوە تەماشای بکەین دەبینین پێکدادانێکی جددی نێوان هەر دوو رێی تازە جیابووەی رۆژهەڵات ـ رۆژئاوایە. سەرەڕای ئەوەی سەرەتا لە بواری چەندایەتی هێزی سەربازی و سیاسی زۆر لاوازبوو، لەمیانەی پێشەنگایەتی ئایدیۆلۆژی لە ماوەیەکی کورتدا باڵا بوونی تەکتیکە سیاسی و سەربازییەکان کاریگەری خۆی نیشاندا و لە رێگای ئەسکەندەری مەزن کلتووری هێلینیزم بە خێراییەکی بروسك ئاسا کاروانی سەرکەوتنی دەستپێکرد و تا هیندستان چوو. ئەسکەندەر زۆر لاوە، بەڵام گەنجینەی ئەقڵی ئەرستۆ لە پشتییەوەیە. هەروەکو ناپیلۆنیش زۆر بە ئاشکرایی شاماژەی پێکردووە ئەوەی ئەنجام دیاری دەکات ئەقڵی نویٚ و هێزی ئیرادە و ئەو نەخشە و تەکتیکانەیە کە لەسەر ئەم بنەمایە پێشدەخرێت. لە سەردەمی شۆڕشی بۆرژوازیدا، ناپلیۆنیش پێشکەوتنێکی خێرای بەمجۆرەی ئەنجامداوە.

سەرباری ئەوە پێکهاتەی ئیمپراتۆریەتی پارس دەزگای مەزنبوو, بەڵام سست و موحافەزەکارن. لە رەوشێکی بەمجۆرەدا نییە کە نوێبوونەوەیەکی هاوشێوازی یۆنانییەکان ئەنجامبدات. گەوهەر و داخوازییەکی بەمجۆرەش نییە. لەدەستدانی گەوهەرەکەی دەستپێك لە زووەوە ئەم شانسەی لەدەستداون. تەنیا لەم کورتە باسەشدا بۆمان روون دەبێتەوە کە شارستانیەتی یۆنان لەمیانەی شێوازەکانی کاریگەری و کاردانەوەی تایبەت بە خۆی, بە رادەیەکی مەزن پێشکەوتنەکانی خۆی گرێدراو بە راستینەی پارسەکان ئەنجامداوە. بەردەوام شێوازێکی پەیوەندی دیالیکتیکیانە لە نێوان سەرکەوتوو و ژێرکەوتووەکاندا هەیە. ئەگەر ئەم پەیوەندییە نەبێت بردنەوە و دۆڕاندنیش هیچ واتایەکی نابێت. هیچ کاتێك هۆکارەکانی رێ لە پێش بردنەوە و دۆڕاندن دەکەنەوە سەرچاوەی خۆی لە یەکلایەنەوە وەرناگرێت. ئەوەی بە شێوەی پارس ـ یۆنان, رۆژهەڵات ـ رۆژئاوا لە کاروانی مەزنی مێژوو رووبەڕوومان بۆتەوە, حوکم و فەرمانی ئەم یاسایەیە.

هەرچەندە بە شێوەیەکی زێدەڕۆییش باس بکرێت, ئەوەی لە کاروانی ئەسکەندەری مەزندا زاڵە لەلایەنی سەربازی و سیاسی زیاتر لایەنی کلتوورییە. ئامرازە سیاسی و سەربازییەکان رۆڵی پردێکی بچووك دەبینن. هەلومەرجی لەپێشینەن؛ بەڵام ئەو لایەنەی هەمیشەییتر و بە کاریگەرترە و زیاتر رۆڵی ئاراستەکردن دەبینێ کلتوورە. کلتووری هەلە لەمیانەی شێوازی هزری و فەلسەفی لە ئاستێکی زۆر پێشکەوتوتر دایە. ئەو دەزگایانەی پاشماوەی سۆمەر و میسرن شانسی وەڵامدانەوەی پێداویستییەکانی ئەم پێشکەوتنەیان هێندە کەمە دەتوانی بڵێی نییە. هەروەها ریفۆرمی سنوورداری ماد ـ پارسەکانیش وەڵامی ئەم پێشکەوتنانە ناداتەوە. لەسەردەمی یۆنان و رۆما, واتا لە ساڵانی ٣٠٠ پ.ز تاوەکو ٣٠٠ ی زایین سەردەمی کلتووری هێلینی بە ئەسکەندەری مەزنەوە دەستیپێکرد، لە رۆژهەڵاتی ناویندا قۆناخێکی نوێیە. یەکەمین سەنتێزی مەزنی رۆژهەڵات ـــ رۆژئاوایە. وەکو ناوەندی ئەو کلتوورەی کە شوێن پەنجەی هەمیشەیی خۆی بەجێهێشتووە، ئەسکەندەریەی ـ میسر، بەرگامەی ــ ئەنادۆڵ، کیتەسیتۆمی ــ دیجلە و یەکینە ورد و درشتەکانی شارەکانی دیکە رێگایان لەپێش نوێبوونەوەی مێژوویی کردۆتەوە. شاری "زاوگما"ی فورات کە بۆتە بابەتێکی زانیاری گرتن, بۆ ئەم قۆناخە دەگەڕێتەوە. دەتوانرێ بگوترێ کە رۆژهەڵاتی ناوین؛ لەم قۆناخەدا چەمکی ئەمجۆرە شارەی ناسیوە کە خاوەنی گەرماو، شانۆ و بازار و قوتابخانەن. بازارێك ئاواکراوە کە لە رۆماوە بۆ هیندستان و چین لە نێو جموجۆڵدابوو. چینی بازرگانیش لەمیانەی سەربەخۆ بوون و مەزنبوونەوە گەشەیسەندووە. گەلێك لقی پیشەکاری بە سەربەخۆیی خۆی گەیشتووە. بەر لە هەموویان بازاری کڕین و فرۆشتنی کۆیلەکان, بازاری گەورەی ماڵ و کەلوپەل

ئاواكراوە. جیهانی ئایدیۆلۆژیا لە دۆگماتیزم رزگاریبووە و هزر و ئایینزاكان هەرەس ئاسا گەشەیان كردووە. سیستەمی كۆیلایەتی و ئەخلاقی جاران بەلاوەنراوە كە پشتی بە دۆگماتیزم و پێكهاتەی ئەتنیكی دەبەست، لە جیاتی ئەو لەسەر بنەمای پێكهاتەی هزری و باوەڕی قۆناخی جۆرێكی نوێی پێكهاتەی كۆمەڵایەتی و لێشاوی سۆفیگەرایی لە ناوەوە دەستپێكردووە.

لە كاتێكدا شتی كۆن لەمیانەی فێربوونەوە بە دەستدێت، ئەوا چەندین نوێكاریش دەخوڵقێ. ئەمەیە ئەو جیهانە نوێیەی سەنتێزی رۆژهەڵات ـ رۆژئاوا هێناوییەتەئاراوە. بێگومان لێرەدا لەگەڵ كاریگەری پارسەكان بە تایبەتیش كاریگەری قۆناخی دەستپێك، ئەوا باڵابوونی كلتووری هێلین بەسەر كلتووری خۆجێیی و رێكردنەوەی لەپێش نوێكاری رۆڵەكەی سەرەكییە. لە قۆناخی دواتری رۆمادا ئەو هەڵكشانە نوێیەی ئێران رۆژهەڵاتی پارتییە (٢٥٠ تا ٢١٦ پ.ز) لە رەوشێكی بەمجۆرەدا نییە كە پێش ئەم پێشكەوتنە كلتوورییە بوەستێت. بە پێچەوانەوە خزمەتی دەكات. مسۆگەرە كە سەراوبن بوونێكی مەزن روویداوە. ئیتر كاروانی كۆیلەداری پارس ـ یۆنان ـ رۆما گەیشتۆتە خاڵی لوتكە. لە مێژووی مرۆڤایەتیدا هیچ قۆناخێك هێندە قووڵ و درێژخایەن نەبووە. لە كەسایەتی شارستانیەتی رۆما نوێبوونەوەی ریفۆرم گەرایی لە ساڵانی ٣٠٠ ی زایین بەدواوە بە تەواوی خێراییەكەی لەدەستداوە و كەوتۆتە نێو رەوشێكی موحافەزەكاری توندەوە. لە كاتێكدا عیسای مەسیح بیروباوەڕی و پێكهاتەی كۆمەڵایەتی دژبەری ئەم قۆناخە پێكدەهێنێت؛ ئەوا ئایینی حەزرەتی مەحەمەدیش بە بێ دواكەوتن لەمیانەی كودەتای سیاسی و سەربازی گران هەوڵدەدات ئەم قۆناخە لە قووڵایی مێژوودا بەجێبهێڵێ.

## ح ـ رووخانی شارستانیەتی كۆیلەداری

بە شێوەیەكی گشتی كۆمەڵگا بە تایبەتیش جیاكردنەوەی كۆمەڵگای چینایەتی بۆ قۆناخەكانی كە یەكپارچەیی سیستەم لە خۆوەدەگرێت، وەكو پێداویستییەكی گەوهەرەكەی، جگە لەوەی پێویستییەكە و دەبێ راست بێت، ئەوا گرێدراو بە شێوازەكانی چۆنییەتی نزیكبوونەوە لە دیاردەكان گەلێك خراپی و تەنگەتاوی گرنگ لەگەڵ خۆی دێنێ. ئەوەی جێگای گفتوگۆكردنە ئاخۆ دەبێ جیابوونەوە بە گوێرەی كامە پێوانەی سەرەكی ئەنجامبدرێت. لە ئاكامی بە بنەما گرتنی چەندین فاكتەری جیاواز دەشێ جیابوونەوەی هەمەجۆر و تەنانەت ناكۆكیش ئەنجامبدرێت. بەڵام دیسان ئەو

یاسا دیالیکتیکییەی لە شێوەی بیرۆکە ـ دژەبیرۆکە ـ سەنتێزدایە و هەموو شتێکی سروشت پێیەوە گرێدراوە, شێوازێکی دەست لێبەرنەدراوی شیکردنەوە و پەیڕەوکردنی سیستەمی کۆمەڵایەتییە.

هەڵوێستە و نزیکبوونەوەکانی سەبارەت بە لە دایکبوونی شارستانیەتی کۆیلەداری پڕ لە مشتومڕە و ناچارە بەمجۆرە بێت. گەلێك بۆچوونی جیاواز لە ئارادایە سەبارەت بەوەی تا چ رادەیەك قۆناخێکی ناچاری پێشکەوتنی کۆمەڵگا بووە, پێویست بووە یا پێویست نەبووە، چۆن شێوەی گرتووە.

چۆن مرۆڤەکانی سەردەمی نیۆلیتیك دەستیان لە سیستەمێك بەردا کە هیوای پێشکەوتنی هەبوو, تا دوارادە خوڵقێنەر بوو لە بنچینەی خۆیدا ئاستی ئازادی و یەکسانی ناو کۆمەڵگای بە بنەما دەگرت, بۆ چەرخەکانی کۆیلەداریان بە جێهێشت؟ سەرباری توانستە گرنگ و زۆرەکانی کۆمەڵناسی (سۆسیۆلۆژی)، بەڵام زۆر لەوە دوورە وەڵامی ئەم پرسیارە سەرەکییە بداتەوە. بۆچوونی زاڵی"**باڵادەستەکان لەمیانەی زەبر و تەڵەکەبازی پەیوەندی کۆیلەدارییان خوڵقاند**" نزیك بوونەوە قەبەکانی چینایەتییە کە چەوسانەوە بە بنەما دەگرن؛ بەڵام بەرامبەر پرسیاری "**کەواتە, باڵادەستەکان چۆن دەرکەوتن**" تەنگەتاو دەبن. نزیکبوونەوەی گشتگیری چینە باڵادەست و چەوسێنەرەکەی دیکە کە دەڵێ "**بۆ پێشکەوتنی شارستانیەت جیاوازی چینایەتی مەرجە**" ئەوانیش بەرامبەر پرسیاری"**سیستەمێکی بەرەو شارستانیەت ئاراستە دەگرێ بۆ چی رێ لەپێش ئەم پێشکەوتنە دەکاتەوە کە ئەنجامەکەی پلیشاندنەوەی خۆیەتی**" تەنگەتاو دەبن.

ئەگەر نەشگوترێ تەواوی ئەو بۆچوون و تەنانەت بیرۆکە زانستیانەی لەسەر بنەمای ئەم دوو جۆرە هەڵوێست و نزیکبوونە سەرەکییە پێشخراون ئیفلاسیان کردووە, ئەوا مسۆگەرە لەنێو بنبەست بوونێکی مەزندا دەژین. بە تایبەتیش ئەوە مسۆگەرە سیستەمەکانی تایبەت بە سەرمایەداری کە بانگەشەی زانستی بوونیان یەکجار بەهێزە و لیبرالیزمی تاك بە بناخەدەگرێت و سیستەمەکانی تایبەت بە سۆسیالیزم کە کۆمەڵگا بە بنەمادەگرن لە بواری بەهای چارەسەری کێشە سەختەکانی راستینەی کۆمەڵگا لە نێو کەموکوڕی و لاوازییەکی مەزندا دەژین و ناتوانن وەڵامبدەنەوە. هەرچەندە بگوترێ "**دەبێ پێشکەوتنە زانستییەکانیش لە نێو ناکۆکی و گیروگرفتدابن**" ئەوا ئەو مەترسی و نەخۆشیانەی قەیران لەخۆیەوە دەگرێت، تەنیا دەکرێ لەمیانەی نیشاندانی مرۆڤ وەکو مەترسیدارترین "**دڕندە**" روونبکرێتەوە، ئەمەش بە واتای نکوڵیکردنی خۆمان و مرۆڤایەتییە.

بۆ دۆزینەوەی رەگەکانی ئەم هەڵوێستە و مەیلە مەترسیدارە, دەشێ لە قۆناخەکانی پێکهاتنی کۆمەڵگا؛ تەنانەت تاوەکو تەواوی پەیوەندییەکانی کۆمەڵگا درێژببنەوە و بە هۆکار و روونکردنەوەکانی بگەن. بە تایبەتیش هەڵوێستەکانی پێشکەوتنی شارستانیەت لەسەر بنەمای

قووڵبوونەوەی سەبارەت بە چینایەتی؛ ئەگەر روونکردنەوەی میتۆلۆژی منداڵانە, یان روونکردنەوەی جددی ئایینی یاخود روونکردنەوەی بە ناوی فەلسەفی و تەنانەت بە ناوی زانستەوەش بێنن, هەرگیز ئەمانە لەو ئاستەدا نین ئەم رەوشە ناکۆکە قورسە بسەپێنن کە مرۆڤایەتی تێیدا دەژی. ئەو مرۆڤایەتییەی بانگەشەی ئەقڵ و خاوەنداریێتی ویژدان دەکات نابێ ئەم ناکۆکییە بە شێوەیەکی ئاسایی و قۆناخی ماددی بەمجۆرە ببینێ کە تێپەڕکردنی ناچاری بووە. هەڵسەنگاندنی وەها بە واتای بە تەواوی نکوڵی کردنی خۆی و ئاستی ئازادی و وشیاری کۆمەڵگا دێت و رەوشی ئێستاکەی مرۆڤایەتیش دەرفەت بەمە نادات. لە هیچ قۆناخێکدا مرۆڤایەتی تەسلیم بەمجۆرە بۆچوون و باوەڕی و تیۆرییەکانی دۆگماتیزمی ئایدیۆلۆژی نەبووە, ئینجا چی لەمیانەی پیرۆزییەوە پێشکەش کرابێت یاخود لە رێگای بانگەشەی زانستیبوونەوە پێشکەش کرابێت, تەنیا کاتێك تاکە گوزارشتی راستی ئەم راستینەیە بوو, ئەو کاتە بە گشتی پەسند دەکرێت و دەبێتە شێوازێکی دەربڕینی نزیك لە راستی.

وەکو دەرئەنجام دەخوازم جەخت لەسەر ئەوە بکەمەوە: مرۆڤایەتی و بە کۆمەڵگابوونەکەی هێشتا لەوە دوورە لە بوارەکانی راستی و دادپەروەری و خۆشەویستی بگات بە پێناسەیەك کە بە گشتی پەسند بکرێت. هەروەکو چۆن بەردەوام لەم بوارانە پێویستی بە پێناسەیەك هەیە، ئەوا بەبێ ئەوەی ئەم پێویستییە لە رۆژگاری ئەمڕۆمان گرنگییەکەی خۆی لەدەست بدات چاوەڕوانی شیکردنەوە دەکات. ئەم شیکردنەوە ئەرکێکی زانستی دەست لێبەرنەدراوە و هەڵوێستێکی ئەخلاقی بەمجۆرە لەخۆوە دەگرێت کە پێشخستن و نیشان دانی ناچارییەکە. هەوڵدەدەم هەڵوێستم سەبارەت بەم شیکردنەوە لەسەر بنەمای لێپرسینەوەی ئەم دوو شێوازە, واتا بەهای زانستی و یەکپارچەیی سیستەم, پێشخەم کە پێویستبوو هەڵوێستێکی پێویستی ئەخلاقی دەرهەق نیشانبدرێت.

ئەم مەسەلەیە بۆ من دەست لێبەرنەدراوە و بە ئەندازەی ئەوەی بەهایەکی پرەنسیپی هەیە پێڕەوێکی سەرەکییە کە گرنگی پرۆسەی پراکتیکی لەخۆوە دەگرێت.

I ـ **ئایا شێوازی کۆیلەداری شارستانیەت ناچارییەکە؟** سەرەکیترین ناکۆکی مرۆڤایەتی لەگەڵ خۆی و بەرامبەر بە سروشت, پەیوەندی نێوان ئازادی و ناچارییە. "**ئازادی چییە؟**" تاوەکو کوێ ئازادی،"**ئازادی و ناچاری چییە و چۆن لەگەڵ یەکتردا بگونجێنرێن**"، گومان لەوەدا نییە کە تاوەکو ژیان بەردەوامبێت ناکۆکی نێوانیان بەردەوام دەکات. هەروەکو چۆن بە گوێرەی سروشتی مرۆڤ بەردەوام ئازادی نابێت, ئەوا بەردەوام مەحکومی قەدەر و بێچارەییش نابێت. بە ئەندازەی ئەوەی رەوشی ئازادی یەکجارەکی، ئۆتۆپیای بەهەشتی ساختەی ئەو کەسایەتی و چینە مشەخۆرانەیە

کە لە کار ـ رەنج دابڕاون, ئەوا دیلبوونی ئەبەدیش جیهانی **"ئەشکەنجەی دۆزەخ"** ئەو کۆیلانەیە کە لە تێکۆشان دابڕاون و شکستیان هەرسکردووە. لەگەڵ ئەوەی پەیوەندییەکی پتەو لە نێوان هەردووکیاندا هەیە, ئەوا مێژووی مرۆڤایەتی خودی ژیان خاوەنی کارەکتەر و لۆژیکێکی پڕ لە گرفتە. لەگەڵ ئەوەی دوو سێ خاڵێکی رێگا لەپێش چەندین هەڵوێستی دۆگماتیکییانە دەکاتەوە, ئەوا خودی ژیان خاوەنی راستینەیەکی بەمجۆرەیە کە زیاتر رێگا لەپێش ئەو بۆچوونانە دەکاتەوە کە گرێدراوی زانیاری و زانستە.

لێرەدا دەردەکەوێت بونیادی شارستانیەتی کە لە ئاکامی جیابوونەوەی چینایەتی پێشکەوت لە رێگای گەوهەرێکدا بەردەوامدەبێت کە ناکۆکییەکانی قووڵکردۆتەوە. جیابوونەوەی چینایەتی هەوڵدەدات لەمیانەی ئەو تێکۆشانانەی کە ناکۆکییەکانی ناوخۆیی رێگای لەپێشدەکاتەوە بگاتە ئاستی بە بڕیاربوون. تێکۆشانێکی گەیشتۆتە ئاستی توندوتیژی و شەڕ, هەروەکو چۆن ئاستێکی نوێی بە بڕیاربوون دەکاتە پێویستی, بەڵام رەوشێك شایستەی تەبایی و ئاشتی بێت، گوزارشت لە ئاستێکی بڕیاردان دەکات کە هاوسەنگیەکەی جێگیر بووە. هەمیشە ئارامی یاخود بە پێچەوانەوە هەمیشە شەڕ، بە واتای ئەوە دێت کە کۆمەڵگا بە تەواوی لە ناو شەڕ و پێکدادان بەکار ببرێت و بۆ دیاردەی زۆر جیاواز بگۆرێت، یان لەنێو دەست بەتاڵییەکی قووڵدا دەرزێتەوە و لەنێو دەچێت.

سەرەکیترین رەخنەی ئاراستەی سیستەمی کۆیلەداری بکرێت؛ قۆناخی لە دایکبوون بە چ بەها و نرخێك پێکهات؟ لەگەڵ ئاواکردنی، چ دەسکەوتێکی بۆ مرۆڤایەتی هێنا، چی لەدەستدا؟ "ئەوا ئەم رەخنانەی لەمیانەی وەڵامی ئەم پرسیارانە واتادار دەبێت. بە بێ لە بیرکردنی ئەو تایبەتمەندییانەی کە لە ئەنجامی بەردەوامکردنی پەیوەندی کۆیلەداری و شێوازی ژیانەکەی پێکهاتووە, ئەوا ئەو رەخنە بە کاریگەرانەی ئەنجامدەدرێت و وەڵامە واقعی و دروستەکان, رۆڵێکی گرنگ لە تێگەیشتنێکی راست سەبارەت بە سیستەم دەبینن. سەرەڕای ئەوەی ئەمە شتێکی نەخوازراوە, بەردەوام کەوتنە نێو ئەم بە هەڵەداچوونە مەترسیدارانە, لە راستیدا پێویستی و گەوهەری ئەنجامەکانی نزیکبوونەوەی زانستییانەش نیشاندەدات, لوتکەی چینایەتی کۆمەڵگا و رکابەرە دیالیکتیکیەکانی دیکەی رەهەندەکانی کە لە لوتکە دان، بەردەوام کەوتوونەتە نێو خۆ بە کامڵ و نموونەیی نیشاندان و دۆگمای دەست لێبەرنەدراو. تەنیا بەرپرسیار بینینی چینی چەوسێنەری مشەخۆر بەرامبەر بەم کارە رێگا لەپێش یەکلایەنی دەکاتەوە. بە رادەی کەم هێندەی ئەوانە ناتوانرێ کارەکتەری دۆگماتیکانەی چینە چەوساوە و مەحکووم کراوەکان بەرچاو نەگیرێ. ئەمە بۆ دوو هۆکار دەگەڕێتەوە: یەکەمیان؛ بە شێوەیەکی ئاسایی لەبەرئەوەی حوکمڕانی ئایدیۆلۆژی بە دەست توێژی

سەرەوەیە، بەردەوام لەمیانەی کاریگەری دۆگماتیکییانەی خۆیان بە ئەنقەست، لەمیانەی لە ڕێ لادان، جیهانی خەیاڵی توێژی ژێرەوە تێر و بەخێو دەکات. دووەمیان؛ هەروەها زەحمەتییەکانی ژیان و کاری توێژەکانی ژێرەوە کە ناهێڵن هەناسەبدات, بە سانایی ڕێگا بە هەڵوێست و ئایدیۆلۆژیایەك نادات کە لەسەر بنەمای بەرژەوەندییەکانی خۆیان بێت.

لەژێر ڕۆشنایی ئەم شێوازەدا دەتوانرێت وەڵامی واقیعیانە بۆ پرسیاری "**کامە هەلومەرجی واقیعی ڕێگای لە پێش شێوازی پەیوەندییەکانی کۆمەڵگای کۆیلەداری کردەوە**" پێشبخرێ.

کۆمەڵگای کشتوکاڵی نیۆلیتیك لە قۆناخی درێژخایەنی پێگەیشتندا بە تایبەتیش لە ساڵانی ٦٠٠٠ تا ٤٠٠٠ پ.ز, بۆ ئەوەی شێوازێکی بەرهەمهێنانی زیاتر پێشکەوێت, ڕێگای لەپێش توانستێکی تەکنیکی و بەرهەمهێنانێکی دەوڵەمەند کردەوە. مس و ئامرازەکانی لێی دروستکرا بوون؛ گاسن، چەرخی گڵکاری, ئامرازەکانی تەونکاری, سوودبینین لە وزە و توانای ئاژەڵان, کلتووری هەمەڕەنگی گیا, گیانلەبەران، ڕەوڕەوە، بیناسازی ماڵ، مۆر، میتۆلۆژیای پشت بە فرەخوداوەندی دەبەست و ئەو کلتوورانە پێگەیشتوون کە دەرفەتی هەنگاونانی بۆ شارستانیەت ڕەخساندووە. ئەم کلتوورانە لەمیانەی گەیشتن بە ئۆرگینازسیۆنی کۆمەڵگا و بەلاوەنانی پێکهاتەی تیرەکان، دەتوانن ڕێگا لەپێش بەرهەمی زیادە بکەنەوە. کۆمەڵگای سۆمەر و میسر کە هەوڵی پێناسەکردنماندا، لەوە دەچێ لە دەوروبەری پەرستگاوە توانیویانە ئەم ڕێکخراو بوونە سەربخەن. کاتێك پەرستگا جێگای باس بێت، گرنگی و بایەخی باوەڕی دەردەکەوێتە پێش. گرنگی هەنگاوهاویشتن لە سیحربازی و شامانیزمەوە بۆ راهیبێتی گرنگییەکەی لێرەدا شاراوەیە. ئەو سیستەمەی راهیب پێشیخستووە دوولایەنەیە. ئەو فکرە ئایینییانەی لەمیانەی تەوتەمی دیاریکراوەوە نوێنەرایەتی دەکرێت و پشت بە دایکسالاری و یاخود باوکسالاری دەبەستێت, لە کاتێکدا جێگای خۆی بۆ ئەو چەمکە ئایینییانە بەجێدێڵێ کە ئەم داب و نەریتە تێپەڕدەکات و ئاقڵمەندانەترە، لە راستیدا ئەمە شۆڕشێکی ئایدیۆلۆژیە. ئەو کەم بەرهەمییەی کە پەیوەندی خزمایەتی و سنوورداری پێکهاتە ئەتنیکییەکان ڕێگایان لەپێشدا کردۆتەوە, لەمیانەی ئەو هێزە کۆمەڵکارییەی ڕەنجەوە بەلاوەدەنرێت کە لە دەوروبەری پەرستگادا کۆبۆتەوە. کاری هەرەوەزی و کۆمەڵکاری ڕێگا لەپێش بەروبوومێکی نائاسایی دەکاتەوە. ئەو زێدە بەرهەمانەی کەڵەکە بوون، کێڵگەی مەزنی هەرەوەزی دێنێتەئاراوە. ئەنجام تەقینەوەی بەرهەمهێنانە. کاتێك لەم پێناوەدا پیشەکارە پێویستەکانیش لە ژێر موڵکداری پەرستگادا بوون بە یەك, ئەوا کۆمەڵگای نوێ هەم لەمیانەی سەرخان هەم ژێرخان، تۆوەکەی پێکدێت.

پەرستگا دڵی کۆمەڵگای نوێیە. راستتر بڵێین سەرچاوە سەرەکییەکەی لە ئامێزی پەرستگادایە. لەسەر بنەمای دابەشکردنی نوێی کار و پشتبەستن بە سەرخانی ئایدیۆلۆژیەکەی شێوازی بەرهەمهێنانی کۆیلەداری دێنێتەئاراوە. قۆناخی دواتر ئاستی مەزنبوون و دووبارەبوونەوەی ئەم مۆدێلەیە. ئەگەر سەرنج بدرێ دەردەکەوێ شێوازی کۆمەڵگای بەمجۆرە نییە کە لە بنچینەی خۆیدا لەمیانەی توند و تیژییەکی رەها ئاوا کرابێت. بەڵکو میتۆلۆژیایەکی زیاتر جێی باوەڕ و شێوازێکی بەرهەمهێنان جێی باسە کە لەئەنجامی بەرهەم هێنانێکی زۆر خۆی سەلماندووە. دواتر زەبر بە شێوەیەکی چڕ و بەرفراوان بەکاردەهێنرێ. لە سەرەتادا مرۆڤایەتی کاتێك هەنگاو بۆ کۆمەڵگای نوێ دەهاوێژێ, لەسەر بنەمای باوەڕپهێنان بە شێوازی کۆیلەداری و ستەمکارییەکەی هەنگاوی بۆ ناهاوێژێت. هەروەها ئاستەمە کە بگوترێ راهیبەکانیش لەمیانەی ئەو تێگەیشتن و فێڵبازییەوە جوڵاونەتەوە. ئەوان لەمیانەی پراکتیکەکەیانەوە بە گوێرەی کۆمەڵگای کۆن پەرەسەندنێکی پێشکەوتووانەتریان دەسەلماند و دەوروبەر باوەڕیان پێدەهێنان. ئەمە سەلمێنراوە گەوهەری بەرایی قۆناخ بەمجۆرە گەشەی کردووە. هەڵبەتە شێوەیەکی بالاتری کۆمەڵگا تەنیا لەمیانەی زەبر و فێڵبازییەوە ئاوا ناکرێت. بەبێ ئەوەی بالاتربوونی خۆی بسەلمێنێ هیچ شێوەگرتنێکی کۆمەڵایەتی، نە دەتوانرێ لە رێگای توند و تیژی ئاوابکرێت و نە دەتوانرێ درێژە بە گەشە کردنی خۆی بدات. شتی گرنگتریش ئەوەیە کە زەبر دەتوانێ سەبارەت بەو پێکهاتانە رۆڵ ببینێ کە سەردەمیان بەسەرچووە, دەتوانێ لە رووخاندنی کۆن و خولڤاندنی نوێدا رۆڵ ببینێ.

بەڵام لەگەڵ مەزنبوون و پەلهاوێشتنی قۆناخ (قۆناخی کۆیلەداری), ئەو کارەکتەرە ناکۆکەی لەسەرەتادا دیارنەبوو, ئاشکرادەبێت. کاتێك نموونەی سۆمەریەکان بێنینەوە بەرچاوان, چینی چاودێر و بەرێوەبەرایەتی ژوور کە مەزنبوون، بە یەکلابوونەوە و جیابوونەوەدا دەربازدەبن. لە کاتێکدا گروپی راهیبەکان گرنگی خۆیان لەدەست دەدەن، سەرەتا سیاسەت و دوایش فەرمانداریتی سەربازی دەردەکەوێتەپێش. دوایی قۆناخی پادشا ـ راهیبەکان, قۆناخی پادشا سیاسییەکان پێشکەوت. شوێن پەنجەی پێکدادانە توند و تیژیەکان دیارە, تەنانەت رەنگدانەوەی خۆی کردۆدتە سەر پێکهاتەی زمان و ئەدەبیاتیش. لەگەڵ زیادبوونی ناکۆکییەکانی نێوان خوداوەندەکانی "**پانتائۆن**" کە پێشتر رۆڵێکی ئایدیۆلۆژی دەبینێ و گوزارشتی لە میتۆلۆژیای چینی ژوور دەکرد, ئەوا هەروەکو دەزانرێ جیاوازی لە نێوان خوداوەندەکان پێشکەوت و پێکدادان هاتە ئاراوە. تاوەکو هاوسەنگی نێوان راهیب و سیاسەتمەداران سەراوبن نەبێت، یەکێتی خوداوەندەکان بەردەوام دەبێت. لە سەرەتا لەمیانەی جێگرتنی ژنان لە پانتائۆن کاریگەرییەکانی لە نێو کۆمەڵگا دیارە. لەگەڵ زیادبوونی کاریگەری چینی

بژاردەی سیاسەتمەداران بەسەر کۆمەڵگادا, ئەوا دەرهەق بە دابەشکردنی کار و جێگۆڕکێ و شوێنگەی خوداوەندەکان, گۆڕانکاری سەرنج راکێش بەرچاو دەکەوێت.

لەمیانەی ناسنامەی خوداوەندی ژن ئینانا لە شارۆچکەی ئۆرگ دەبینرێ، ژن لە یەکەمین شێوە گرتنی کۆمەڵگا شوێن پەنجەی دیارە و بەهێزە، ئینانا شوێنگەی بەهێزی لە کۆمەڵگای سۆمەردا، لە رۆڵی دەستپێکردنی کۆمەڵگای نیۆلیتیکەوە دەگرێت. لەگەڵ پێشکەوتنی کۆمەڵگای کۆیلەداری، ئەم رۆڵە گرنگییەکەی خۆی لەدەستدەدات. خوداوەند **ئەنلیل** کە سەرەتا زۆر بەهێز بوو، دامەزرێنەری نیپورە کە ناوەندی ئەدەبیات و پەروەردە بووە, نوێنەرایەتی ناسنامەی راهیبێتی دەکات. ناسنامەی خوداوەندی ئەنکی کە پێبەپێ کاریگەرییەکەی زیاد دەبێت و خوڵقێنەرە و رێکخەرە، لە راستیدا نوێنەرایەتی چینی سیاسی بەڕێوەبەرایەتی دەکات. دواتر **ئەنکی** لە پێکهاتنی گەلێك خوداوەندی دیکەدا رۆڵی ئاقڵمەندی و رێنیشاندەر دەبینێ. ئەمەش رەنگدانەوەیەکی زەق و بەرچاوی بڵاوبوونەوەی بایەخ و گرنگی هێزی سیاسی کۆمەڵگایە. تێکەڵ نەبوونی زێدەی بە توندوتیژیش، لە نزیکەوە گرێدراوی تایبەتمەندێتی سیاسییانەیەتی. هەروەها جەسارەت و بوێری کە بتوانێ رێ نیشانی ئەنلیل بدات، گوزارشتێکی دیکەی پایەداربوونی چینی سیاسەتە بەرامبەر بە گروپی راهیبەکان. خوداوەندی بابل **مەردۆك** دەچێتە شوێنی "**ئەنکی**" باوکی؛ بەسەرداچوونی دژوارانەی مەردۆك بەرامبەر تیاماتی دایکی (خوداوەندە ژنی ـ دایکە)؛ فڕێدانی تیامات لەگەڵ ئەوانەی رۆڵی کوڕ و مێردیان دەبینی، بە شێوەیەکی ناسکتر لە شوێنی ئەنکی باوکی دادەنیشێ؛ رەمزی دەرکەوتنەپێشی فەرمانداریێتی سەربازی و پێشکەوتنی دیکتاتۆرییەتی, مۆنارك, دەسپۆت و ئیمپراتۆریەتی تاکەکەسییە. شێوازی بەڕێوەبەرایەتی بابل لەسەر بنەمای توندوتیژی و رۆڵی زیادبووی پادشا سەرلەنوێ بە دەزگابوونی ئایینی رێکدەخاتەوە. بە دەزگابوون و زیادبوونی بە خۆباوەڕبوونی کۆیلەداری رەنگدانەوەکەی بەسەر سیستەمی ئاسمانیشەوە دەبێت و "**رووخساری تاکخودایی**" لە ئاسۆ دەبینرێ. ماوەیەکی کورت دوای ئەوە ئیبراهیم بەهۆی لاوازبوونی شێوازی کلاسیکی راهیبێتی و کۆن بوونی, لەمیانەی شێوەی بە دەزگابوونی "**پێغەمبەر**"، رەخنە دەرهەق بە سیستەم پێشدەخات, بەمجۆرە رێگا لەپێش گەڕان بەدوای گرنگترین دەرگای ریفۆرمی سیستەم دەکاتەوە.

II ـ ئەوە لە نموونەی سۆمەردا سەلمێنراوە کە لە توندوتیژی زیاتر سەرلەنوێ ئاواکردنەوەی ئایدیۆلۆژی رۆڵی سەرەکی بینیوە. ئەم تایبەتمەندێتیە لە میسریش بەمجۆرەیە. لێرەدا ئەو

راستینەیە دەستنیشان دەکرێت: رۆڵی دەستپێکی کۆمەڵگای چینایەتی پێشکەوتووخوازانەیە. دەتوانری ئەم لە باڵابوونی ئایدیۆلۆژی و ئەو بەرهەمە زیادە ببینرێ کە راستییەکەی حاشاهەڵنەگرە و بەراورد ناکرێت. لە رەوشێکی بەمجۆرەدا ناتوانرێ مرۆڤایەتی لەمیانەی "**بۆچی کۆیلەداریت پەسندکرد؟**" تاوانبار بکرێت. مەگەر ئەمە ببێت بە رەخنەیەك کە بەهای ئەدەبی هەبێت. دواتریش هەبوونی چینی بەڕێوەبەر کە بە شێوەی تەنێکی نەخۆشی مەزن دەبێ دەبێتە راستینەیەك و باڵابوونی کۆمەڵایەتی جوداکاری دوژمنانە دەبێتە سەرەکیترین هۆکاری کۆمەڵایەتی. ئەم نەخۆشییە لایەنی بێ واتای جیابوونەوەی چینایەتییە. ئەو توێژەی کپ و دەست بەتاڵ دەمێنێ پێبەپێ بێ رۆڵ دەبێ، درەنگ ناکەوێت و دەبێ بە سەرچاوەی ئەو چەوسانەوە و زۆرداریيەی سیستەم کە روو لە زیادبووندایە. ئەم رەوشەش شانبەشانی مەزنبوونی چینی بەڕێوەبەرایەتی کە لە دابەشکردنی کاری پێشووتردا جێگایەکی پێویست و گرنگیان هەیە, یان ئەوەتا دەبێت بە ئیمپریالیزم و سیاسەتی تاڵان و داگیرکاری پێشدەخات, یاخود لە ناوەوە تاوەکو دوایی تواناکارییەکانی چەوسانەوە پێشدەخات و رێگا لەپێش قۆناخی موحافەزەکاری بێ واتا بوونی سیستەمی کۆیلەداری دەکاتەوە.

لێرەدا لێتوێژینەوە سەبارەت بە پێکهاتەی ئایینی ئەو ناسنامە سیاسییەی کە لە ئەنجامی ئەو پێکهاتە رۆحی و هزرییەی لە ئەنجامی سروشتی مرۆڤ، بە تایبەتیش تایبەتمەندێتیە سایکۆلۆژییەکانی و ژیانی کۆمەڵگای سەردەمی میتۆلۆژی پێکهاتووە و لە کەسایەتی پادشا خۆی کردووە بە "**خوداوەند**". بەڵام تایبەتمەندێتی "**سزادان**"ی خوداوەند کە سەرەتا دیار نەبوو، مسۆگەر ئیتر موحافەزەکاری سیستەمی کۆیلەداری و بە دەزگابوونی سیستەمی توندوتیژی چینی بەڕێوەبەر نیشاندەدات، بۆ بەکارهێنانیان بەرامبەر بەو کاردانەوانە و نارەزاییانەی روو لە زیادبوونن. شیکردنەوە و دەرککردن بە زمانی نێوان سیستەمی خوداوەندەکان و سیستەمی سیاسی و کۆمەڵایەتی, ئەرکێکی سەرەکی زانستی کۆمەڵناسییە؛ بەڵام بە دەستەوەگرتنی ئەم زمانە بە بێ گرنگی پێدان و بە شێوەیەکی بێدەنگ و پاسیفانە, تەنیا دەتوانرێ لەمیانەی کاریگەری چینی باڵادەست روونبکرێتەوە. هەڵبەتە بۆ شیکردنەوەی کۆمەڵگاکان بە ئەندازەی بەها ماددیەکان ــ بۆ نموونە پارە ــ بەها مەعنەوییەکان ـ بۆ نموونە ئایین و خوداوەند ـ گرنگن. لێرەدا ئاماژە بەوە دەکەم لە بەشەکانی تردا هەڵسەنگاندنی بەرفراوانتر دەرهەق بەم بابەتە دەکەم. هەروەها ئەمەش روون و ئاشکرایە کە ئەو شیکردنەوانەی دەرهەق بە کۆمەڵگای سۆمەر کراوە (یەکەمین نموونەیە)، ئەنجامی سەرنج راکێش و بەبەرهەمی لەگەڵ خۆیدا هێناوە. لەم بوارەدا مێژووی شارستانیەت بە واتای بەردەوامی کۆمەڵگای سۆمەر دێت کە گەورەبووە و لق و پۆپی جیاوازی لێ بۆتەوە هەمەڕەنگ بووە.

لەگەڵ گەیشتن بە ساڵانی ٢٠٠٠ پ.ز ئەو رەوشەی لە ئەنجامی هەڵکشانی بابلدا بەرجەستە دەبێت، ستەمکاری سیستەمی کۆیلەداری و فێڵبازی و تەڵەکەبازی و لە رێ لادان و سەرلێشێواندنەکانی راهیبەکانە کە بە ئەنقەست پێشیدەخەن، زیاد دەبێ. ئەوەی لە کەسایەتی حامورابی هاتۆتە ئاراوە ئەوەیە کە سیستەم تەنیا لەمیانەی کارەکتەری زۆرداریییەوە بەرێوە دەچێت. هەربۆیە ئەم قۆناخە دەبێتە رەوشێکی گشتی و دوورپیانێکی لە جۆری، یان رووخان یاخود ریفۆرم دەخاتە نێو رۆژەڤی مێژوو. پێشکەوتنەکانی دواتر سەرباری هەوڵەکانی وەستاندن و پێشگرتن لە رووخان لەمیانەی زۆرداری، ئەوا لە رێگای پێهەڵگرتنە یەك لە دوای یەکەکانی پێغەمبەران هەوڵدەدرێ نەرم بکرێ و بە شێوەیەك بگونجێنرێ و دەرفەتی ژیانی تێدا هەبێت.

III ـ هەروەکو چۆن لە بەشەکانی پێشوودا ئاماژەی پێکرا, حەزرەتی ئیبراهیم وەکو باپیری پێغەمبەرەکان و دەستپێکردنی قۆناخێکی گرنگی مێژوویی ئایینەکان دەردەکەوێت. کەسایەتییەکەی، ئەو قۆناخەی تێیدا ژیاوە و ئەو مەیل و هەڵوێستەی نوێنەرایەتی کردووە؛ لە نزیکەوە گرێدانی خۆی بە رووخانی هێزی سیاسی سۆمەریەکان لە بابل و دەستپێکردنی قۆناخی ــ حامورابی و نەمروود ـ هەیە، کە بە باشترین شێوە نوێنەرایەتی قۆناخی ئامۆریتەکانیان کرد. ئەم سەردەمە قۆناخی پەیرەوکردنی زەبرە بە شێوەیەکی سیستەماتیك و دژوار. دواتر خانەدانە ئاشووریەکان ئەمە دەگەیەننە لوتکە. لە میسریشدا رەوشێکی هاوشێوە لە ئارادایە. ئەو وەڵامانەی دراوەتەوە, لە ناوەوە شەڕی نێوان خانەدانەکان، لە دەرەوەش جوڵانەوەی ئازادی گروپە ئەتنیکییەکانە بەرامبەر بە ئیمپریالیزم. لە کاتێکدا لە ناو سامیەکاندا پێشکەوتنی لە جۆری گۆڕانکاری دەسەڵاتی بنەماڵەکان و پێغەمبەرایەتی بایەخدار دەبوون, ئەوا لە ناو ئاریەکان ئەو پێشکەوتنە سیاسییانەی شێوازی میرنشین و کۆنفیدراسیۆنیان هەبوو دەردەکەوتنەپێش، کە لایەنی ئەتنکییان لەپێش بوو. لەهەمانکاتدا ئەو پێشکەوتنانەی کە رۆڵی یەکەمین ئەڵقەی پەلهاوێشتنی بڵاوبوونەوەیان دەبینی، رۆڵیان لە درێژکردنی تەمەنی سیستەمی کۆیلەداریشدا هەبوو. لە میانەی بڵاوبوونەوەی بەرفراوانی سیستەم لە زەوییە دەست لێنەدراوەکان تەمەنی درێژ دەکات.

گۆمە بچووکەکانی کۆیلەداری تواناکاری ئەوەشیان هەیە لە ناوچەی نێوان هەر دوو زەریادا بڵاوببنەوە. لە ئەنجامی لە رێ لادانی راهیبەکان قووڵبوونەوە لە ناوەندە سەرەکییەکان پێشدەکەوێت و وەکو یەکەمین ئەڵقەکانی بڵاوبوونەوە سیستەم لە رێگای نەرم بوونەوە لە تەواوی رۆژهەڵاتی ناوین بڵاودەبێتەوە؛ لە ئەنجامی دووەمین شەپۆلی مەزن لە هیند, چین و ئەوروپا بڵاودەبێتەوە, لە ساڵانی ١٠٠٠ ی پ.ز دەگاتە لوتکە. ئەم دوا قۆناخەی کە بە شێوەیەکی فراوان و ئاسن تێیدا بڵاوبووە و

دەتوانین بە دیموکراتیزەبوونی سیستەم ناوی ببەین، سەرباری ئەوەی گەلێك نوێبوونەوە و ریفۆرمی لە خۆوەگرتبوو, بەڵام نەیتوانی خۆی لە رەوشێکی بەمجۆرە رزگاربکات کە تەواوی دیاردەکانی رووخان نیشان نەدات. دوای ئەوەی لە ساڵانی ١٠٠٠ ی پ.ز تاوەکو ٥٠٠ ی زایین قۆناخێکی شکۆمەندانە لە هیند, چین و باکووری ئەوروپا بەرێوەچوو, لە هەموو گۆڕەپانێکدا رووخان جێگای خۆی لە نێو رۆژەڤدا گرت. بایەخدارترین پێشکەوتنەکانی ئەم قۆناخە، جیابوونەوەی رۆژهەڵات ـ رۆژئاوا بوو، کە هێزی سیاسی ماد ـ پارس کوێستانەکانی ئێران رێگایان لەپێشکردەوە. لە کاتێکدا داب و نەریتی زەردەشت کە وەکو شۆڕشێکی ئەخلاقی و ئیرادە خۆی نیشاندەدات، وەکو بڵێی لێپرسینەوە لەگەڵ خوداوەند دەکات, بووە زەمینی ئایدیۆلۆژی ئەم دووڕیانە و بە دوو لق بووە؛ لە کاتێکدا ئیمپراتۆریەتی پارس سیستەمی کۆیلەداری لە هێڵی رۆژهەڵات تاوەکو هیند و چین دەگوازێتەوە، لەلایەکی دیکەشەوە لە رێگای رۆژئاواش خێرایی بە دەرکەوتنی رێبازی یۆنان ـ رۆما دەدات و بەمجۆرەش رۆڵێکی مەزنی مێژوویی دەبینی. ئەم رۆڵەی ئیمپراتۆریەتی ماد ـ پارس لە ئەنجامی گۆڕاندنی بۆ شێوەیەکی نەرمتر رێگا لەپێش درێژبوونەوەی هەزار ساڵی دیکەی سیستەمی کۆیلەداری دەکاتەوە.

ئەو قۆناخەی چین و هیند لە رێبازی رۆژهەڵات پێیدا دەرباز بوون، لە راستیدا دووبارە بوونەوەیەکی درەنگ وەختی سۆمەر و میسرە، بە درەنگ کەوتنێکی ٢٠٠٠ ساڵە بوو. بەڵام شارستانیەتی یۆنان ـ رۆما کە لە رێبازی رۆژئاوا پێشکەوت و گەیشتە لوتکە, لەمیانەی بەلاوەنانی شێوازی هزری ئاینی و میتۆلۆژی و رێکردنەوە لەپێش هزری فەلسەفی, بە شێوەیەکی سەرکەوتووانە رۆڵی شێلاندنی یەکەم هەویری شارستانیەتی رۆژئاوای بینی کە لە رۆژگاری ئەمڕۆمان هەڵکشاوە و باڵا بووە. لەبەر ئەوەی تا رادەیەك باسی ئەم بابەتانەمان کرد، ناخوازین دووبارەی بکەینەوە. ئەوەی زیاتر بۆ ئێمە پێویستە سیستەم لە کوێ و کەی دیاردەکانی هەڵوەشانەوە و رووخانی نیشاندا؟ بۆ ئەوەی لە نزیکەوە بزانرێ ئەو کەسانە و هۆکارانە چین و کێن رێگایان لەپێش کردەوە، ئەوا بە تایبەتی ئەم پێشکەوتنە کرداری و ئایدیۆلۆژییانەی سیستەمی شیکردۆتەوە، گرنگ و بایەخدارە.

آ ـ دەشێ لە بواری تیۆری و پراکتیکی هۆکارەکانی هەڵوەشانەوەی سیستەمی قۆناخی کۆیلەداری شارستانیەت روونبکرێتەوە. بە شێوەیەکی تیۆری هەڵوەشاندنەوەی سیستەمێکی کۆمەڵایەتی دەبێ هەموو هێزەکەی ناواخنی خۆی نیشان دابێت و بەکاری هێنا بێت. ئەگەر بە گوێرەی هەلومەرجی واقیعی و بەرجەستە سیستەم خاوەنی هێزی ژیان بێت, پێویستە ئەمە بسەلمێنێ. لەوانەیە ئەم قۆناخەی رووخان لەلایەن ستاتۆی کۆن رێی لێبگیرێت و دوابخرێت، دەکرێ لەمیانەی توندوتیژی

سەرکوت بکرێ؛ بەڵام هەر کاتێك هەلومەرج برەخسێ و لەبار بێ دیسان سەرهەڵدەدات. ئەوەی رۆڵی دیاریکراو دەبینێ هێزی ژیانی سیستەمە نوێیەکەیە. بە ئەندازەی ئەوەی وشیاری و ئیرادەکەی گەشە بکات، هیچ هێزێکی زۆرداری و سیستەمێکی فێڵبازی ناتوانێ رێگا لە پراکتیزەبوونی بگرێت.

لەژێر رۆشنایی ئەم یاسایە گشتییەدا بە گوێرەی پێودانگی لۆژیکی پەیوەندی سەرەکی؛ کۆمەڵگای چینی کۆیلەدار توانیویەتی ببێت بە تەمەن درێژترین سیستەم. هۆکاری نهێنی و شاراوەکەی گرێدراوی سیستەمی موڵکایەتی مرۆڤە. لە کۆمەڵگاکانی پێشووتردا موڵکایەتی گشتی لەسەر ئامرازەکانی بەرهەمهێنان جێگای باس بوو. تەنیا موڵکایەتییەکی سنووردار بەسەر بەهاکانی بەکارهێنان (بەرهەم) لە ئارادابوو. چەمکی مرۆڤی ــ خوداوەند بە کاریگەربوو. ناسنامە جیاوازەکانی (عیبادەت دەکران) و خوداوەندەکان بە یەکەوە لەگەڵ مرۆڤ دەژیا و لەناو کۆمەڵەکاندا جێگای خۆیان دەگرت و خزم و کەس و کاری یەکتری بوون. هێشتا خوڵقاندن و خاوەنداری کردنی مرۆڤ لەلایەن خوداوەندەکان جێگای باس نییە, زیاتر رەوشێکی پێچەوانە هەبوو. خوداوەندی بەمجۆرە هەبوون کە خاوەنەکانیان مرۆڤ و کۆمەڵەکان بوون. ئەم خەیاڵەش لە گەوهەری خۆیدا خۆ بە پیرۆزدانانی مرۆڤ وەکو هێزی کۆمەڵگا و بوونی بە خاوەن ناسنامە و هەستکردن بە خۆی، لەخۆوە دەگرێت. لەو خوداوەندەی کە وەکو نازناو و ناسنامەیەك بووە, هاتووە و گەیشتووە بەو چەمکە خوداییەی کە مرۆڤ دەکات بە بەندە. هەربۆیە بە واتای وەرچەرخانێکی ئایینی, وەرچەرخانێکی ریشەیی کۆمەڵایەتی دێت؛ ئەمەش لە ئەنجامی بەرێوەچوونی تێکۆشانێکی چڕ و فراوانی ئەم قۆناخە بەدیدێت.

بەکورتی بەندایەتی و خزمەتکاری بۆ خوداوەند, لە مێژووی ئایینەکاندا پشت بە پێکهاتەیەکی دژواری چینایەتی دەبەستێت. پێکهاتەی ماددی و چینایەتی وەکو رەنگدانەوەی ئایدیۆلۆژی، کاریگەرییەکی دیاریکراوی بەسەر پێشکەوتنە ئایینیەکان هەیە. ئەم قۆناخەی کۆمەڵگای سۆمەر زۆر سەرنج راکێش و پڕ لە ئەزموون و وانەیە. لەبەرئەوەی بناخە رەسەنەکەی نیشاندەدات، پێویست دەکات بە گرنگی و بایەخەوە تاوتوێ بکرێت. بە تایبەتیش ئەم دیمەنانە (تصور)ی بە شێوەی نین هورساك, ئینانا, عەشتار, ئەن, ئەنکی و مەردۆك شێوەیان گرتووە, بە واتای بەڵگەی وەرچەرخانەکانی کۆمەڵگای سۆمەر دێت. شیکردنەوەی ئەم مەتنە خوداییانەی وەکو ئەفسانە نووسراون، بەڵگەیەکی بەهادارن. هێندە بە بایەخە کە رێگا لەپێش ئەوە دەکاتەوە، پێشکەوتنی پەیوەندییەکانی کۆمەڵگای کۆیلەداری بە باشی تێبگەین. لەو قۆناخەدا زانست بەسەر پێکهاتەی هزری و رۆحی مرۆڤدا زاڵ نییە، بەڵکو ئەفسانەکان واتە زمانی شیعرئامێزانەی میتۆلۆژیاکان بە

کاریگـەرە و بـە شـێوەیەکی سـەرەکیش ئـەم زمانـە وەکـو ئـامرازێکی بـەهێزبوونی ئایـدیۆلۆژی بەکارهێنراوە، هەربۆیە شیکردنەوەی زمانی میتۆلۆژیی ئەرکێکی دەست لێبەرنەدراوی زانستە.

تەنانەت ئەم هەڵسەنگاندنە کورتەی دەرهەق بە دەرکەوتنی پەیوەندییەکانی کۆیلەداری بەسە بۆ ئەوەی تێبگەین کە کردنی مرۆڤ بە ئـامرازێکی سـەرەکی بەرهـەمهێنان، سـەرەکیترین تایبەتمەنـدێتی ئەو کۆمەڵگایەیە. سەرەتا مس و (کانزاکانی دیکە) وەکو ئـامرازی بەرهـەم هێنـان بـەکار دەهێنـرێن. دوای دەرکەوتنی کۆیلە ئەوان دەکەونە پلەی دووەم. بە تەواوی سەرنج دەکەوێتە سەر بە موڵککردنی مـرۆڤ و پەیوەنـدی کۆیلـەداری. راهیـب لەمیانـەی باوەڕپێهێنـان و ترسـێکی مەزنـەوە واتـا لـە بـواری سـایکۆلۆژی و سیاسـەتمەدار لـەرێگای چـاودێری و رێکخسـتنەوە، دادوەر لـە رێگـای یاسـای سـزادانەوە سیستەمێکی بەمجۆرە لەسەر سەری کۆیلـەکان دروسـت دەکرێـت, تـەنیا دەتـوانرێ ئـەم سیسـتەمە بـە سیستەمی خوداوەندە مەزنەکان ناوزەد بکرێت و بەمجۆرەش بووە. هێندە شکۆمەندکردنی ئایینەکان و ڤیتکردنەوەی وەکو هێزێکی پیرۆز و ترسێنەر بەرامبەر بە مرۆڤ کـە ناتوانـێ بـەرەنگاری ببێتـەوە، کارەکتەرێکی دیاریکراوی کۆمـەڵگای چینایەتی کۆیلەدارییـە. سـەرەکیترین تایبەتمەنـدێتی سـتراتیژی پەیوەندی کۆیلەداری ئەوەیە لەنێو ژیانـدا بـە یاسـای رەهـای (مطلق) گرێـدراوە. رەهـا بـوون بناخـەی سیستەمە.

بە موڵك کردنی مرۆڤ و راکشانی بـۆ نـاو بەرهـەم هێنـان رێگـای لـەپێش زیـاد بـوونێکی یـەکجار زۆری بەرهەم کردۆتەوە. تەنیا لە کارکردن لە نێـو زەویـدا رەنجی کۆیلـە بەکارنـەهێنراوە، بـەڵکو لـە ئاسـتێکی بـەرزدا لـە تـەواوی بوارەکـانی بازرگـانی و پیشـەکاریدا بـەکارهێنراوە. لـە تـەواوی خزمەتـە تایبەتەکانی چینی بەڕێوەبەرایەتی رەنجی کۆیلە بە بنەما دەگرێت. جیـاوازی رەگـەزی رێگـا لـەپێش ئـەوە دەکاتـەوە کۆیلایـەتی ژن قووڵتربێتـەوە. بـە کۆیلـەکردنی کۆمـەڵگا و بـە کۆیلـەکردنی ژن وەکـو رەگەزێکی پلەدوو، لەناو یەکتردا پێشدەخرێت.

ئەو کاتە بەلاوەنانی سیستەمی کۆیلەداری مسۆگەر دەبێت، کە کۆیلـە و ئـەم شـێوازەی پەیوەنـدی بکەوێتە نێو رەوشێکی بـێ بەرهـەمی. تـاوەکو بەرهـەمی پەیوەنـدی کۆیلـەداری بـەردەوام بێـت, ئـەوا زەحمەتە ئەم سیستەمە لە خۆیەوە یاخود لە رێگای بـەکارهێنانی زەبـر هەڵوەشـێنرێتەوە. لـە بـواری ئایدیۆلۆژیشەوە باڵادەسـتییەکی بـەمجۆرەی بەسـەر پێکهاتـەی رۆحـی و هـزری مرۆڤـدا ئـاوا کـردووە، ئەمەش یا ئەوەتا لەسەر بنـەمای ترسـاندن و سـزادانی مرۆڤـە لەلایـەن خوداوەنـدەکان, یـانیش وەکـو یاخود بەخشین بەرامبەر بە هەڵوێستی خزمـەتێکی بـاش وەکـو بەندەیـەکی خۆشەویست دەبینـرێ, بەمجۆرە گرێدانێك لە شێوەی تۆڕ دروست دەکرێت، کە پارچەکردنی ئاستەمە. سزادانی کردارییانە لـە

ئاستێکی زۆر مەترسیدار دایە. لە خاچدان داهێنانێکی شارستانیەتی ڕۆمایە کە بەهێزبوونەکەی گەیشتبوە لوتکە. سینگ تێکوتان و کەولکردن، دۆزینەوە و داهێنانی ئاشووریەکانە. لە قەبرستانی پادشاکان لە سۆمەر, میسر, هیند, چین و بە تایبەتیش لە سەردەمە سەرەتاییەکانی ئەم قۆناخە, دەستنیشانکراوە کە لە کاتی مردنی پادشا یاخود کاربەدەستەکانی سەروو- لەگەڵ موڵك و خزمەتکارەکانی و تەواوی ژنەکانیشی بە زیندوویی لەگەڵیدا لە گۆڕ دەنران. کۆیلە بە خاوەن گیان دانانێن. کۆیلە؛ ئۆرگانێکی, پارچەیەکی پادشا و خاوەنەکەیەتی. هەربۆیە زۆر ئاسایی دەبینرێ کە پارچەکانیشی لەگەڵیدا بچنە ژێر گۆڕەوە. شتی هەرە خراپ و سەرسووڕهێنەر ئەوەیە کە کۆیلە و خزمەتکارەکانیش باوەڕدەکەن بەمجۆرەن, بە شێوەیەك وەکو ئۆرگانێك و پارچەیەك گرێدراون کە بە هیچ جۆرێك بیر لە یاخیبوون ناکەنەوە. ئەهرامەکانی میسر و گۆڕستانی ئازتەك و پەرستگاکانی سۆمەر, هیند و چین و تەواوی شاکارە بیناسازییەکانی ڕۆما، لە ئەنجامی ڕەنجی سەدان ساڵەی کۆیلەکان ئاواکراون. جگە لە کۆیلەداری هیچ سیستەمێك نەبۆتە خاوەن هێزێکی بەمجۆرە کە مرۆڤ وەکو ئامراز بەکاربێنێ و ناشبێت.

بێ بەرهەمی ئەم پەیوەندییە و بوونی کۆیلەکان بە بار بەسەر خاوەنەکانیان بناخەی هەڵۆەشاندنەوەیە. بەکارهێنانی ئاسن لە کشتوکاڵ و پیشەکاری و سەربازی بە شێوەیەکی بەربلاو، کاریگەری و ڕۆڵێکی گرنگی لەمەدا هەیە. ئاسن هەم لە بەکارهێنانی بەرفراوانی بەرهەم هێنانی زەویدا ڕۆڵێکی دیاریکراوی هەبووە, هەم لەسەربەخۆیی چینی پیشەکاران هەمان ڕۆڵی بینیوە و وەکو چەکیش گەیشتۆتە دەستی گەلێك گروپی جیاواز. مس کانزایەکی سنووردارە و زیاتر لە ژێر موڵکایەتی چینی کۆیلەدار و بەڕێوەبەراندایە. زۆربوونی ئاسن ئەم نەبوون و پاوانخوازییەی سەرمسی شکاندووە. ئەم ڕاستینەیەش واتای ئەفسانەیی ئاسن لە ناو کۆمەڵگادا ڕووندەکاتەوە.

لە لایەکی دیکەشەوە ئەو لە ڕێ لادانەی لە ئەنجامی زێدە بەکارهێناندا لە نێو هەر سیستەمێکدا دەردەکەوێت, لێرەش ڕووبەڕوومان دەبێتەوە. کاتێك سیستەم پیرۆزی و بەپیتی سەرەتای لەدەستدا, ئیتر بەسەرچوون و مەترسییەکەی پێبەپێ لە وشیاریی مرۆڤدا جێگیر بوو و ئومێدی گەڕان و دۆزینەوەی ئەلتەرناتیفێکی باشتر زیاد دەبێت. پەیوەندییەکانی دەورووبەری ئامرازە نوێکان, بە تایبەتیش ئەو پەیوەندییانەی لە دەوروبەری ئاسن پێشدەکەوێ، ڕۆڵی سەرەکی لەمەدا دەبینن. لە کاتێکدا فەلسەفەی یۆنانی ساختەبوونی خوداوەندە میتۆلۆژییەکان ئاشکرا دەکات, زەردەشتایەتی میدیا ئیرادەی مرۆڤ بەرامبەر بە خودا دەپارێزێت و پیرۆزی دەکات. تەنانەت لەو سەردەمەی کە سیستەم لە لوتکەدایە، وەرچەرخانێکی ڕیشەیی لە پێکهاتەی زانین و ڕۆح, هزر و ئەخلاقدا بە ئاشکرا

دەرکەوتووە. ئیتر زۆرچاك دەرك بەوە کراوە یاساکان فەرموودەی خوداوەند نییە و فەرمانی پادشا و بەڕێوەبەرەکانە. لە کاتێکدا خوداوەندەکان دەکرێن بە تاکخودا و بۆ ئاسمان بەرزدەکرێنەوە و دەکرێت بە شتێکی نادیار، ئەوا زیادبوونی بایەخی مرۆڤ، بە شێوەی پێغەمبەرایەتی و فەیلەسوفی، دیمەنێکی بە جەسارەت و بوێرانەتر نیشاندەدات. ئیتر زیاتر باوەڕی بەوە دەهێنرێت کە داهێنان کاری ئەو ئەقڵەی مرۆڤە کە تازە و بە شێوەیەکی بەهێز وشیاربۆتەوە. لە هەناوی پەیوەندییە کۆیلەداریەکانەوە مرۆڤی نوێ شانبەشانی بنەمای سیاسی و کۆمەڵایەتییەکەی لەمیانەی هێزی ئیرادە و هزرەوە دەخوڵقێ و لە ڕەوشی ئەو بەندە ـ کۆیلە ڕزگاری دەبێت کە سیستەم پشتی پێدەبەستێ و وەکو هێزێکی بە جۆش و ئاقڵمەند و هێزی چارەسەری گەشە دەکات.

ب ـ دەتوانرێ لە هەموو دەزگاکانی ژێرخان و سەرخانی کۆمەڵگادا بە کرداری هەڵوەشانەوەی سیستەمی کۆیلەداری ببینرێ.

١ ـ لەگەڵ ئەوەی کە دیاردە بەراییەکانی هەڵوەشانەوە و بەلاوەنانی هەر سیستەمێك گرێدراوی یەکترین، ئەوا هەروەکو دەزانرێ پێشکەوتنی پێکهاتە ماددییەکان کاریگەری و ڕۆڵێکی سەرەکی هەیە لە دیاریکردنی ئەنجامدا. لەگەڵ ئەوەی لەسەرەتادا کەڵەکەبوونی تەواوی ئامرازەکانی بەرهەمهێنانی کە سیستەم خاوەنێتی لەسەرووی هەمووشیانەوە کۆیلەکان دێتەئاراوە، ئەوا پەیوەندییەکانی موڵکایەتی کۆیلەداریش دەرفەت بە بەکارهێنانێکی کۆك لەگەڵ ئەمەدا نادات و بە گوێرەی بەرژەوەندی خۆی نابینێت. پەیوەندی موڵکایەتی، بە تایبەتیش ڕەوشی کۆیلایەتی بە تەواوی وەکو کۆت و بەندی لێهاتووە. ئەو سەفەرە سەربازییانەی ڕوو لە زیادبووندان، بازارەکانیان پڕ لە کۆیلە کردووە. هەروەها بەردەوام دەست بەسەردا گرتنی ناوچە لادێیە ئازادەکان، ژمارەی کۆیلە و چینی پرۆلیتاری زیاد دەکرد. لە کاتێکدا زیادبوونی ژمارەی کۆیلە و بێکاران کە لە دەرەوەی توانای هەرسکردن سیستەمدا بوو، هەناسەی لەبەر سیستەم بڕی، لە لایەکی دیکەوە بە سانایی دەستکەوتنی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان لەسەرووی هەمووشیانەوە ئاسن، ئەوا لە ناوچە لادێییەکاندا لەسەر بنەمای پەیوەندی دەرەبەگایەتی لە دۆزینەوەی دەرگای بەرهەم هێنان دەگەڕێن. گوندێتی (لادێیی) پێشکەوتن و توانستێکی نوێ بەخۆیەوە دەبینێ و لەسەر ئەم بنەمایەش چاوەڕوانی ڕێکخستنە.

گوندێتی کە بەردەوام کۆیلایەتی بەسەریدا دەشکایەوە ئەمجارە لەسەر بنەمای پشتبەستن بە هێزی دیموکراتیزەکردنی ئاسن هەڵدەستێتە سەر پێیان و ئیتر لەم قۆناخەدایە کە لە ڕێگای ئامرازە تۆکمەکانی بەرهەم هێنان دەبێتە سەرەکیترین چینی چەرخەکانی ناوین. ئیتر یان لادێیی ئازادە، یاخود لەسەر بنەمای خاوەندارێتی هاوبەشی زەوی گرێدراوی سیستەمێکی پەیوەندییە کە پەیوەندی

کۆیلەداری و موڵکایەتی دەربازدەکات. ئەم سیستەمەی پەیوەندیش رێگا لەپێش ئەوە دەکاتەوە کە زیاتر گرنگی و بایەخ بە ئامرازەکانی بەرهەمهێنان بدات و لە نزیکەوە خەریکی بەرهەمهێنان بێت و بە ژیانەوە پەیوەست و ئاسوودەبێ. ئیتر مافی ئەوەی پێدەدرێت ببێتە خاوەن ماڵ (خانوو) ئەم رەوشەش بەرامبەر بە نەبوونی ماف و پەیوەندی کۆیلەکان بەسەر ئامرازەکانی بەرهەمهێنان و تەنانەت تەرخان کردنی بەشێکی بەرهەم کە زگی پڕبکات, ئاستێکی زۆر لە پێشەوەیە. هەڵوەشانەوەی سیستەمی کۆیلایەتی لە ناوچە شاخاکاوییەکان بۆ ئەم پێشکەوتنانە دەگەرێتەوە کە بەرهەمێکی زیاد بە دەستدێنێ و گەیشتۆتە ئاستێکی بەرز. لە هەموو گۆڕەپانەکاندا زیادبوونی خێرایی کاریگەرییەکانی هەلومەرجەکانی گۆڕانکاری دەبینرێ کە لە بواری ئابووری و کۆمەڵایەتی، سیستەم بەرەو هەڵوەشانەوە دەبات و ئاواکردنی سیستەمێکی نوێی ئابووری و کۆمەڵایەتی لەگەڵ خۆیدا دێنێ. بە شێوەیەکی واقیعی و بەرجەستە دەرکەوتنی ئەم راستینەیە و سەلماندنی توانستی بوون بە ئەلتەرناتیف, هۆکاری سەرەکی هەڵوەشانەوە و رووخانە.

لەگەڵ ئەوەی ئەمجۆرە پێشکەوتنانە لە هەموو ناوچەیەکدا روودەدات, بەڵام لە شوێنە کۆن و ناوەندەکانی سیستەمدا بەرچاوترە. زەوی و خاکە بەرفراوان و دەست لێنەدراوەکانی ئەوروپا کە بۆ کشتوکاڵ لەبار و گونجاون, بۆ پێکهاتنی سیستەمی نوێ لەبارترین هەلومەرجە. لەبەر ئەوەی بە شێوەیەکی قووڵ پەیوەندییەکانی کۆیلەداری بەخۆیەوە نەبینیوە, تایبەتمەندێتی وەها لە خۆوە دەگرێت، هەروەکو بڵێی رێگا لەپێش شۆڕشێکی دیکەی کشتوکاڵی دەکاتەوە. ئەوروپا دەبێتە ناوەندە نوێ و بەهێز و داهێنەرەکەی سیستەمی دەرەبەگایەتی. خاکەکانی رۆژهەڵاتی ناوینیش کە لەسەردەمی نیۆلیتیکەوە بەکاردەهێنرێ لەسەر بنەمای پەیوەندی دەرەبەگایەتی سەرلەنوێ رێکدەخرێتەوە. بێگومان لەبەر ئەوەی بنەمای کشتوکاڵییەکەی زۆر بەهێزە, بۆیە لەگەڵ شێوازی پەیوەندی دەرەبەگایەتی دەبووژێتەوە و دەگاتە پلە و ئاستێك، سەرلەنوێ رۆڵی دووەمین شۆڕشی کشتوکاڵی ببینێ, ئیتر روودانی شۆڕشی دەرەبەگایەتی بۆتە ناچارییەك و هەلومەرجەکانیشی تاوەکو بڵێی لەبارە. کاریگەریە قووڵ و درێژخایەنەکانی کۆیلایەتی, دووەمین بەهای پیرۆزی بە شێوازی بەرهەمهێنان و پەیوەندی دەرەبەگایەتی دەدات و ئەوەش نیشاندەدات کە ئەم ناوچەیە بە سانایی دەست لە رۆڵی پێشەنگایەتی بەرنادات.

قەیران و لێکهەڵوەشانەوەی پێکهاتەی ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی سیستەمی کۆیلەداری لە شارەکاندا قووڵدەبێتەوە. لە ساڵانی ١٠٠٠ پ.ز بەدواوە دووەمین کاریگەری مەزنی ئاسن دەکرێتە سەر چینی پیشەکارانی ناوشارەکان. لەبەر ئەوەی پێشتر کانزا بە نرخ بوو زیاتر لە ژێر موڵکایەتی توێژی

بەڕێوەبەرانی سیاسیدابوو و لە شێوازی پەیوەندی کۆیلەداریدا ڕێگای لەپێش پابەندبوون و پاشکۆیەتی دەکردەوە. کاتێك کانزاکان هەرزان و زۆر بوون و کەوتنە دەستی پیشەکارەکانەوە، ئەوا راستینەیەکی دەست لێبەرنەدراوە کە دەبێت بە چینێکی نوێی رکابەری سیستەم. ئیتر شارەکانیش لە رەوشی سەنتەربوونی کۆیلایەتی دەردەکەون و بۆ پێکهاتەی کۆمەڵایەتی وەها دەگۆڕێ کە دەشێ دژی سیستەم رۆڵ ببینن. ئەم پێشکەوتنانە لەسەرووی هەموویانەوە کاریگەری لەسەر بازرگانەکان و توێژەکانی دیکەش دەکات. چەندین پیشەی وەکو تەونکاری, جامچێتی, گلکار, ئاشەوانی و نووسەران و ... هتد سەربەخۆ دەبن و دژی شێوازی پەیوەندی کۆیلەداری دەوەستن. ئیتر بەرامبەر بە شێوازی موڵکایەتی کۆیلەداری کە ڕێگای لەپێش شۆڕشی شار کردەوە, شار رۆڵی گۆڕهەڵکەنە دەبینێ. هەروەکو ناوچەی لادێ, ئەو قەبرانە مەزن و هەڵوەشانەوەی لە ناوەندی شارەکان سەبارەت بە پەیوەندییەکانی موڵکایەتی کۆیلەداری روودەدات, لە کاتێکدا بەر لە هەموو شتێك ڕێگا لەپێش کەمبوونەوەی ژمارەی دانیشتووان دەکاتەوە, ئەوا بناخەی شاری نوێش دادەڕێژێ.

لەگەڵ گەیشتن بە سەدەی پێنجەمی زایینی ئەو شارانەی کە سیستەمی کۆیلەداری تێدا دەسەڵاتداربوو وەکو وێرانەیان لێهاتبوو و پاشکەوتنێکی مەزن جێگای باسە. لە کاتێکدا سیستەم لە قۆناخی هەرە لوتکەی خۆیدا بوو, بە تایبەتی رووخانی شارە شکۆدارەکانی یۆنان ـ رۆمان وەکو زیان و لەدەستدانێکی مەزن کاریگەری خۆی دەکات. ئەو بیناسازییەی تاوەکو ئێستاش مرۆڤ لێی واقی وڕدەمێنێ, جارێکی دیکە هاوتای نابینرێ. کاتێ سیستەمی دەرەبەگایەتی وەکو دووەمین شۆڕشی کشتوکاڵی جێگای خۆی لە شانۆی مێژوودا دەگرێت, رۆڵی شارەکان بە پلەی دووەم دێت. هیچ کاتێك ناتوانێ بە ئاستی شاری سیستەمی کۆیلەداری و بیناسازی و دەوڵەمەندییەکەی بگات. ئەم شارانەی کە وەکو گوندی گەورەیان لێهاتووە و بچووك بوونەتەوە بە شێوەی بڕیارگای بەڕێوەبەرایەتییە نوێکان بەکاردەهێنرێن. بەرامبەر بە بچووکبوونەوەی شارەکان و کەمبوونەوەی ژمارەی دانیشتوانی، ژمارەی گوند و دانیشتووانەکانیشیان روو لە زیادبوون دەکات.

لەبەرئەوەی شێوازی پەیوەندی کۆیلەداری بە گوێرەی هەلومەرجی ئابووری و کۆمەڵایەتی بۆ تەواوی پێکهاتەی بەرهەم و هزر و ئەخلاقی مرۆڤ تەسك و سنووردارە, هەڵوەشاوەتەوە. بە شێوەیەکی روون و ئاشکرا دەبینرێ کە مەزنبوونی هێزی بەرهەمهێنانی مرۆڤ لەلایەنی چەندایەتی و چۆنایەتییەوە و مەزن بوونێکی هاوشێوەش لە ئامرازەکانی بەرهەم هێناندا, پێبەپێی دژبەرایەتی لەگەڵ شێوازی هزر و ژیان و موڵکایەتی کۆیلەداری زیاد دەبێت و ئەمەش هۆی سەرەکی هەڵوەشانەوەیە. هەروەکو چۆن لە سەردەمی ئاواکردندا رێکخستنی گونجاو و پێکهاتەی هزر و

ئەخلاق رۆڵی دیاریکراوی بینی و زەبر و فێڵبازی بە پلەی دووەم رۆڵیان بینی, له رووخانیشدا هەمان هۆکارەکانی دەستبەتاڵی, پاشڤەرۆیی هزری و ئەو کەوتنەی له بواری ئەخلاقییەوە هاتە ئاراوە رۆڵی سەرەکی بینیوە. ئەو پێشکەوتنانەی لە بواری ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە هاتوونەتە ئاراوە، ئەم راستینەیە پشت راست دەکەنەوە. رۆڵی زەبر و ئایدیۆلۆژیا نوێیەکە بە پلەی دووەم دێت.

٢ ـ شارستانیەتی کۆیلەداری لەمیانەی ئیمپریالیزمی رۆما گەیشتە لوتکەی خۆی، دامەزراوە سیاسی و سەربازییەکانیشی بەرزترین ئاستی پێشکەوتنیان بەخۆوە بینی. لە سیاسەتدا شێوەکانی مۆنارشی, ئۆلیگارشی و دیموکراسی وەکو شێوەی بەڕێوەبەرایەتی تاقیکراونەتەوە. رۆما کە سەرەتا کۆمارێکی ئۆلیگارشییانەی هەڵبژاردەیە, دواتر لەگەڵ دەرباز بوونی بۆ رژێمی ئیمپراتۆریەت, رژێمەکە هەم لە ناوەوە هەم لە دەرەوە بە رادەیەکی هەرە زیادە و بۆ ماوەیەکی درێژخایەن سیستەمی توند و تیژی بەکارهێناوە. بەڵام ئەو جۆرە هەڵوەشاندنەوەیەی چاوەڕوانی نەدەکرا لە ئیمپراتۆریەتی رۆمادا دەبینرێ. ئەم پێشکەوتنەش بەڵگەیەکی گرنگە کە زەبری سەربازی و سیاسی رۆڵێکی دیاریکراوی لە وەرچەرخانی سیستەمە کۆمەڵایەتییەکاندا نییە. لە ساڵانی ٣٠٠ زایینی بەدواوە قەڵای سیستەم لە هەموو لایەکەوە کون کون کرا. هێندە بە کاریگەربوونی ئەو تیرە بەربەرانەی لە باکوور دابەزین، گرێدراوی رزینی سیستەمە لە ناوخۆیدا. سەرەڕای ئەوەی ئەم تیرانە لەسەردەمی ئاواکردنی کۆمارەوە هەبوون بەڵام بێ رۆڵ و بێ کاریگەر بوون, لەم قۆناخەشدا کاریگەربوون و رۆڵ بینیان زۆر بە چاکی ئەم راستییە روونەدەکاتەوە. سەرەڕای ئەوەی دەوڵەت بە تەواوی بۆ شێوەی کۆمەڵکاری (کۆرپۆراتیف) گۆڕاوە، بەڵام دیسان پێشی لە هەڵوەشانەوە نەگیراوە (کۆرپۆراتیف: شێوەیەکی سیستەمە کە نوێنەری هەموو چین و پیشەکان جێگای خۆیان تێدا دەگرن و ئامانجی نەهێشتنی ناکۆکی چینایەتییە و بنەمایەکی ئایدیۆلۆژی هەیە ـ و). شێوەیەکی فاشیزمی کۆیلەداری پەیڕەودەکرێت. سەرەڕای ئەوەی هەموو شتێك بە گوێرەی پەیڕەوێك بەرنامە رێژکراوە و سیستەم بۆتە خاوەنی پێکهاتەیەکی تۆتالیتاری (لە هەموو لایەکەوە تاك بە دەوڵەت گرێدان) باڵادەست, بەڵام دیسان بەردەوامکردنی هەڵوەشانەوە تەنیا بەم شێوەیە روونەدەکرێتەوە کە تەمەنی سیستەم تەواوبووە.

تەنیا ئەم نموونەش ئەوە نیشان دەدات هەروەکو چۆن دەزگا سیاسی و سەربازییەکان لە دامەزراندن بەمجۆرە بوو، ئەوا لە هەڵوەشانەوەشدا رۆڵیان دیاریکراو نییە؛ ئەمەش ئاشکرا دەبێت کە رۆڵی سەرەکی گرێدراوی پێشکەوتنە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانە. بێگومان لەم قۆناخەدا فشار و زۆرداری دەگاتە ئاستی هەرە بڵند. تیرۆر لەسەر جەماوەر پیادە دەکرێت. دیمەنی تۆقێنەرانە لە

ئارانــەکان رێکــدەخرێت. رکەبــەرەکان لەلایــەن شــێرەوە پارچــە پارچــە دەکــرێن. هــەموو جــۆرە ئەشــکەنجەیەك پــەیڕەودەکرێت. تەڵەکــەبازی و پێشــێلکاری بــاڵادەگرن. زوو زوو کودەتــا روو دەدات. بەڵام تەواوی ئەمانەش ناتوانێ قۆناخ بەرەو دواوە پێچەوانە بکاتەوە. بەڵکو درەنگی دەخات، هەنـدێ جاریش خێرای دەکات. ئیتر ئیرادەی سیستەمی کۆن هەژاوە و سیستەمی نوێ خۆی دەسەپێنێ.

لـە رۆژهـەڵاتیش ئیمپراتۆریـەتی ساسـانی ـ پـارس کـە لـە سـاڵانی ٢١٦ زایـینی ئـاوا کرابـوو، لـەم سـەدەیەدا دووچـاری رەوشـێکی هاوشـێوەی رۆمـا هـاتبوو. ئـیتر ناتوانـێ دەسـکەوتێك بـۆ مێـژوو بـە دەستبێنێ. وەکو کۆپیەیەکی ئەخمینییە کۆنەکان هەوڵی بەدەزگابوون دەدات. هەروەکو چۆن خاوەنی بەهایــەکی ئــەخلاقی و ئایدیۆلۆژیایــەکی نــوێ نــین، ئــەوا تایبەتمەنــدێتی بنەماڵــەیی دەزگــای ئیمپراتۆریەت، سنووردار بوون و تەنگ بوونی سیاسیش لەگەڵ خۆیـدا دێنـێ. لـە پـەلوپۆ کەوتنیشی بەرامبەر هێرشەکانــی ئیسلام ـ عـەرەب کـە ماوەیـەکی کـورت دوای ئەمـە ئـەنجام دەدرێـت، هـەمان چارەنووسی ئەخمینییەکانمان دێنێتەوە یاد کە بەرامبەر ئەسکەندەر پەرتـەوازەبوون. ئـەوەی لێـرەدا رووبەڕوومان دەبێتەوە، بە زۆر لەسەرپێ هێشـتنەوەی سیسـتەمێکە کـە لـە نـاوخۆی هەڵوەشـاوەتەوە. سـەرەڕای ئـەوەی هێزێکـی مـەزنی سـەربازی هەیـە، بـەڵام ئایـدیۆلۆژیا و ئـەخلاقی باڵادەست، دوورە لەوەی بتوانێ بەسەر ئەخلاق و ئایدیۆلۆژیای نوێدا زاڵبێت. کلتووری ئیسلامی رۆڵی پێشکەوتنخوازی فاکتــەرەکانی کلتــووری هــێلین دەبینــێ. لــە یەکــەمین ناتوانــێ بەرامبــەر بــە دژواری توندوتیــژی ئەسـکەندەر بەرگـە بگرێـت، بـەڵام ئـەوەی دووەم بەرامبــەر بـە زەبرێکـی سـنوورداری عەرەبـە ـ ئیسـلامییەکان خۆیـان رانـەگرتووە و هەڵوەشـاونەتەوە. دیسـان ئـەوەی سـەلمێنراوە بـاڵابوونی هێـزی ئەخلاقی و ئایدیۆلۆژی نوێیە. قۆناخی دوای ئەوەش هەرچەندە چەند ژێرکـەوتنێکیش بـە خۆیـەوە ببینێ ئـەوا لەسـەر بنـەمای ئـەو ئەزموونانـەی لێـی وەردەگیردرێـت، دەبێتـە سـەرکەوتنی رێکخسـتنە سیاسی و سەربازییە نوێیەکە. مێژوو گەواهی پێشکەوتنی بێ ژماری بەمجۆرەیە. رەوشی سۆمەریەکان بەرامبەر بە ئەکەد، بابل و ئاشووریەکان و میسر بەرامبەر بە پارس، یۆنان و رۆماییەکان بەڵگەیەکی دیکەی سەلمێنەری ئەم راستینەیەیە. کاتێك سیستەم لە پەلوپۆ بکەوێت و دووچاری تەنگە نەفەسی بێت، ئـەوا لـە نـاوەوە یـان لـە دەرەوە، زوو یـان درەنـگ، سـەرەڕای نـەبوونی هاوسـەنگییەکانی هێـز، هێزێکی نوێ بە هەموو توانایەوە بەسـەر هێـزی کۆنـدا دەچێت و تێکی دەشکێنێ و بـەلاوەی دەنـێ. هیند و چین درەنگ وەختتر دووچاری ئـەم رەوشـە دەبـن، بـەڵام بـە شـێوەی پەرتـەوازەیی و رزینـی ناوخۆ دەبێت، توندوتیژی تەنیا رۆڵی قووڵکردنەوە و مەزنکردنی ئاڵۆزی دەبینێ.

لـه نزیکـه‌وه شـیکردنه‌وه‌ی ئـه‌و زه‌بـره‌ی کـه دام و ده‌زگـا سـه‌ربازی و سیاسـییه‌کانی سیسـته‌می کۆیله‌داری پیاده‌یان کردووه، گه‌لێك وانه و ئه‌زموونمان فێر ده‌كات. ئه‌و سیسته‌مه‌ی بـۆ یه‌كـه‌مجار لـه مێژوودا جه‌ساره‌تی كرد له‌سه‌ر بنه‌مای توندوتیژی و به شێوه‌یه‌كی به‌رنامه‌ڕێژ كراو هاو ره‌چـه‌ڵه‌كی خۆی له نێوببات و ئه‌م بڕیاره‌ی له ڕێگای شێوازی نائاسایی و بێ هاوتا په‌یڕه‌و كردووه، به‌رامبه‌ر به‌و داب و نه‌ریته‌ش به‌رپرسیاره كه مێژوو به شێوه‌یه‌كی خوێناوی بنووسـرێت. هیـچ ئاژه‌ڵێـك مـه‌یلێكی توند و تیژی به‌مجۆره‌ی به‌رامبه‌ر هاوڕه‌گه‌زی خۆی به‌كارنه‌هێناوه. هه‌ربۆیه هه‌روه‌كو ده‌گوترێ ئـه‌و زه‌بره سیاسی و سه‌ربازییه‌ی له ڕێگای جیاوازی چین, ره‌گه‌ز, ئه‌تنیكی و كلتوورییـه‌وه پێشـده‌كه‌وێت, شـتێكی بـه‌ده‌ر لـه مـرۆڤ و كردارێكـی ئاژه‌ڵانـه نییـه، بـه پێچـه‌وانه‌وه شـتێكی بـه‌ده‌ر لـه ئاژه‌ڵانـه و كردارێكـی مرۆڤه‌كانـه كـه وه‌كـو راسـتینه‌یه‌كی نـه‌فرینلێكراوی كۆمـه‌ڵگای چـینایه‌تی ده‌رده‌كـه‌وێت. له‌به‌رئه‌وه‌ی زه‌بری كۆیله‌داری بۆ یه‌كـه‌مجار بـه‌كارده‌هێنرێ و خـاوه‌ن تایبه‌تمه‌ندییـه‌كی به‌مجۆره‌یـه, پێویسـت ده‌كـات بـه بایه‌خـه‌وه شـیكردنه‌وه‌ی ده‌رهـه‌ق بكرێـت. گـرنگترین پێشـكه‌وتن و لـه بـواری ئه‌خلاقیشـدا مه‌ترسـیدارترین پێشـكه‌وتنی ئـه‌و سـه‌رخان و به‌ڕێوه‌به‌رانـه ڕێگایـان لـه‌پێش كـردوه‌وه ئه‌وه‌یه كه په‌نایان بردبووه بـه‌ر هێـزی سیحراوی زه‌بـر ئـه‌و شـێتایه‌تییه‌یه كـه خۆیـان كـردووه بـه خوداوه‌ند. كاتێك جاڕی ئه‌وه‌درا كه به‌ڕێوه‌به‌رایه‌تی خـاوه‌ن كاره‌كتـه‌ری ئیلاهـی (خودایی)ییـه و بـه شێوه‌یه‌كی به‌رفراوان پڕوپاگه‌نده‌ی بۆ كرا, ئه‌وا ده‌رگای شـێتایه‌تی پاشـڤه‌ڕۆیی ئـاوالآبووه. له‌میانـه‌ی نموونـه‌ی سه‌رسـووڕهێنه‌رانه‌وه مێـژوو گـه‌واهی ئه‌وه‌یـه كـه ترسـناكترین رژێـم لـه ژێـر نـاوی خوداوه‌نده‌كانـه‌وه پـیرۆز راگـیراوه. لـه راسـتیدا كاره‌كتـه‌ری ده‌وڵـه‌تی كۆیلـه‌داری كـه لـه ئـه‌نجامی شیكردنه‌وه‌ی وشكی چینایه‌تی چاره‌سه‌ر ناكرێت و له‌میانه‌ی هه‌ویری ئایدیۆلۆژی شێلراوه و به توند و تیـژی پڕكراوه‌تـه‌وه, كاره‌كتـه‌ری سـه‌ره‌كی تـه‌واوی ده‌وڵه‌تـه‌كانی رۆژگـاری ئه‌مڕۆمانـه. ده‌وڵـه‌تی سۆسـیالیزمی بونیـادنراویش جێگای خـۆی تێـدا ده‌گـرێ. هـه‌روه‌كو چـۆن كاره‌كتـه‌ری ئـه‌و چینانه‌ی بانگه‌شـه‌ی پره‌نسـیپی علمانییـه‌ت ده‌كـه‌ن بـه تـه‌واوه‌تی ئـه‌م راسـتینه‌یان بـۆ شـینه‌كراوه‌ته‌وه, ئـه‌وا له‌مه‌ش به‌دوانه‌كه‌وتووه كه ئیلاهییاتی خۆی بخزێنێته ناو دیارده‌ی سیاسی. ئه‌و ده‌وڵه‌ته‌ی پشـت بـه شۆڕشی بۆرژوازی فه‌ره‌نسا ده‌به‌ستێ كاره‌كته‌ری علمانییه‌ته‌كه‌ی رووكه‌شییه. هـه‌روه‌كو چـۆن ده‌سـتی بۆ گه‌وهه‌ری كێشه‌كه نه‌بردووه, ئـه‌وا هه‌ڵوێسـتی ریفۆرمیستانه‌ی لـه مـه‌زنكردنی مه‌ترسـی بـه‌ولاوه رۆڵێكی دیكه‌ی نه‌دیوه.

IV ـ چ  لـه سـه‌رده‌می ئـاواكردن یـاخود هه‌ڵوه‌شـانه‌وه بێـت ره‌نگدانـه‌وه ئایدیۆلۆژیـه‌كان جێـی بایه‌خن. كاتێك زمانی ئایدیۆلۆژیا شیبكرێته‌وه ئه‌و كاته شیكردنه‌وه‌ی مێژوو به واتـای راسـته‌قینه‌ی

خۆی دەگات. کاتێك تەنیا پێشکەوتنی میتۆلۆژی و ئایینی و فەلسەفییەکانی ناواخنی کۆمەڵگای چینایەتی گرێدراو بە فاکتەرە مادییەکان هەڵسەنگێنرێت، دەتوانرێ بە چەمکێکی راستی مێژوو بگەی. نووسینی مێژووی فەلسەفە و ئایینی و فەلسەفەکان بە شێوەیەکی دابڕاو و داتاشراو گەلێك مەترسی مەزن لەخۆوەدەگرێت. ئەم هەڵوێستەش زانیاریەکی نیوەچڵ دەرهەق بە راستی لەگەڵ خۆیدا دێنێ, ئەمەش لە نەبوونی هیچ زانیارییەك مەترسیدارترە. پێویست بوو مێژوو ببێتە پەرتوکی پیرۆزی مرۆڤایەتی, بەڵام بە ئەندازەی چەواشەکاری و چەوتییە مەزنەکانی بواری مێژوو, هێشتنەوەی بۆشایی و لایەنی نادیار, مرۆڤایەتی مەحکوومی ژیانێك کردووە کە ئەم پەرتووکە پیرۆزەی نەبێت. نەبوونی مێژوو (بێ مێژوویی) بۆ مرۆڤ گەورەترین نەزانییە. مێژووی چەوت, لە نەزانی و کوێری خراپترە, چەوت بینینە. شینەکردنەوەی قاڵبە هزری و رۆحییە سەرەکییەکانی قۆناخە ئایدیۆلۆژیەکانی شارستانیەتی کۆیلەداری لەژێر ئەم راستینەیەدا شاراوەیە. سەرچاوەی سەرەکی ئەم هەڵسەنگاندنەی سەبارەت بە پێناسەکردنی کۆیلەداری ئەنجامماندا ئەگەر بە شێوەیەکی لاواز و سنوورداریش بێ، بە چاوێکی پیرۆز تەماشا کردنی مێژووە. دەرك بەوە دەکەم کە هیچ کوێرایەتی و نەزانییەك بە ئەندازەی ئەو کوێرانییەی لە مێژووە سەرچاوە دەگرێت خاوەنی کاریگەرییەکی بەمجۆرە نین کە هزر و دڵ بکوژن.

ئەو پێکهاتە ئایدیۆلۆژیەی سیستەمی کۆیلەداری کە لەسەر بنەمای میتۆلۆژییەکی ئاقڵمەندانە ئاواکراوە, کاتێك لە سێ بەرە گرنگەوە تێکشکێنرا، ئەو کات بەدوای پێشخستنی ئەم رێگایانەدا گەڕا کە بەرەو رزگاری و ئازادی دەبات.

آ . یەکەمین تاقی کردنەوەی رێبازی ئازادی و رزگاری، تایبەت بە عیبرانییەکانە. هەرچەندە مێژووی هەر سێ ئایینە مەزنە تاکخوداییەکە، خۆیان وەکو تاکە رێگای راستی نیشانبدەن, لە راستیدا هەر سێکیان لقی جیاجیای هەمان داب و نەریتن. لەگەڵ پێشکەوتنی وشیاری و تێگەیشتنی مێژوویی، ئەمە روونبۆتەوە کە کاریگەریان لەسەر گەلێك لقی جیاوازتر کردووە و کاریگەریان لێکراوە. هەلومەرجە بابەتییەکانی کە هەن، بناخەی ئەمەن. کەواتە ئەمانە قەڵەمبازی خودایی نین کە لەمیانەی پێکشەوتنەکانی ناوخۆ دەرکەوتبن.

کاتێك ناوەندەکانی شارستانیەتی میسر و سۆمەر پێکهاتن, ئەوا ئەو تیرە بە رەچەڵەك سامییانەی کە لە نێوان ئەم ناوەندانە بوون و سۆمەریەکان بە ئامۆریت ناویان دەبردن و میسریەکانیش ئابیرۆیان پێدەگوتن، ئەم تیرانە بەردەوام لە گەڕان و جموجۆڵدا بوون. یان وەکو هێزێکی نوێی کار جێگای خۆی لە نێو سیستەمدا دەگرێت، یاخود ناوە بە ناوە هێرش دەکاتە سەر سیستەم و تالانی

دەکات. ئەم قۆناخەی کە لە ساڵانی ٣٠٠٠ پ.ز لەگەڵ پێکهاتنی شارستانیەت دەستپێکرد؛ لە باکووری نیمچە دوورگەی عەرەب وەکو سەرچاوەی ناکۆکییەکی گرنگی مێژوویی شێوەدەگرێت. هەروەکو چۆن هێزێکی ئەوتۆیان نییە کە لەگەڵ سیستەمدا پێشبڕکێ بکەن, بەڵام لە قووڵایی بیابانەکاندا خاوەنی تواناکارییەکانی خۆپاراستنن. دەزگای شێخایەتی کە وەکو سەرۆکی تیرە وایە, رۆڵی شامان و سیحربازی تێپەڕدەکات, لەلایەنی بە ساڵاچووترین و زاناترین کەسەوە وەکو شێخ نوێنەرایەتی دەکرێت. تیرە لە رێگای داب و نەریتە توندەکانی باوکسالاری بەرێوەدەبردرێت. شێخ هەم نوێنەری سیستەمە, هەم هێزی پەرەپێدانیەتی. کاریگەری هەردوو ناوەندیش مسۆگەرە. گۆڕانکاری موڵك و هزر وەکو کۆنترین داب و نەریتی مێژوو بەردەوامە. تیرەکان زوو هەست بە گرنگی و بایەخی بازرگانی دەکەن و دەبنە بازرگان. هەروەکو بڵێی رۆڵی تەواوکاری ئەڵقەی میسر و میزۆپۆتامیا دەبینن. لەگەڵ ئاواکردنی خانەدانی ئەکەد لە رێگای سەرجۆن و لەلایەنی پەیوەندییەکانی خزمایەتییان, ئەم تیرانە بەهێزدەبن. هەروەکو دەبینرێ لە ساڵانی ١٧٠٠ پ.ز تیرەی حەزرەتی ئیبراهیم هەوڵیداوە لە میسر نیشتەجێ بێت. لە ئورفا ـ حەرانەوە چوون بۆ میسر و نیشتەجێبوون. ئەمەش ئاستی بازرگانی و جموجۆڵ نیشاندەدات. لەمیانەی پەرتووکە ئایینە پیرۆزەکاندا روووندەبێتەوە کە سەرەڕای ئەوەی لەو ناوەندەدا هەندێ بواری فەرمانڕەوایەتی سنووردارییشیان دەسکەوتووە, تیرەی حەزرەتی ئیبراهیم لە رەوشی نیو کۆیلایەتی رزگاریان نەبووە و بەردەوام لە نێو ناکۆکییەکی بەمجۆرەدا ژیاون. شتێکی هێندە ئاستەم نییە شرۆڤەیەکی بەمجۆرە پێشبخرێت کە خەیاڵە ئایدیۆلۆژی و پێکهاتەی هزرە ئایدیۆلۆژیەکانی میسر و سۆمەریان ناسیوە و کاریگەرییەکی بەرفراوانیان کراوەتە سەر. بەڵام ئەمەش مەسەلەیەکی ئاشکرایە کە بەهۆی ئەوەی پێکهاتەی تیرەیی ناتوانن بە سانایی دەست لە ئایینە باوکسالارییەکان بەربدەن، شیمانە و چاوەڕوانی ئەوە دەکرێت لەسەر بنەمای پێکهاتەی تیرەکان بەردەوام پەیوەندی و ناکۆکییە چڕ و بەرفراوانەکان رێگا لەپێش هەنگاو پێهەلگرتن دەکاتەوە.

دەزگای پێغەمبەرایەتی بە واتای پەیام نێری دێت. ئەگەر ئیلهام لەسەرچاوەیەکەوە وەربگیردرێت و رێگا لەپێش پێشکەوتنێکی واتادار و سەرنج راکێش بکاتەوە, ئەو کاتە ناوبردنی بە قەڵەمبازێکی پێغەمبەرانە شتێکە دەرکی پێدەکرێت. پێغەمبەرایەتی لە بوارێکی دیکەدا بە واتای شێخێکی خولقێنەر دێت. جموجۆڵی بەردەوامی تیرەکان و خۆ تێرکردنیان لەسەرچاوەکانی سیستەم و گرنگی و بایەخدان بەو کەسانەی لە کاتی هەنگاونان رێبەرایەتییان بۆ دەکەن، بابەت و تایبەتمەندییەکن کە بەربڵاودەبێت. ئەو سەرۆك گروپ و تیرانەی رێگایان لەپێش پێشکەوتنی نوێ و

هزر و جوڵانەوە کردبێتەوە ناوبردنیان بە پێغەمبەر بە واتای گەوهەری دەزگایە نوێیەکە دێت. لە رەوشێکی بەمجۆرەدا دەتوانرێ پێغەمبەرایەتی بەو کەس و دەزگایە پێناسەبکرێت کە ئەو هزرانەی لە سۆمەر و میسر و ناوەندەکانی دواتر ئیلهامیان لێگرتووە، لەگەڵ داب و نەریت و چەمکی ئایینی باوکسالاری کردۆتە یەك و رێگایان لەپێش پێکهاتەیەکی ئایینی یاخود میتۆلۆژی نوێ کردۆتەوە. کاتێك هەوڵەکانی لەدەستنەدانی ئازادی تیرەشی بخەینە سەر، ئەوا دەرکەوتنی پێغەمبەرایەتی لەژێر دەمامکێکی نوێی ئایینی دەبێتە جوڵانەوەی ئازادی تیرە بەرامبەر بە سیستەمی کۆن. بەڵام لەبەر ئەوەی خاوەنی تواناکاری بەلاوەنانی سیستەم نییە, ئەوا ئەنجامی چاوەڕواننەکراو ئەوەیە خاوەنی کاریگەرییەکی وەها بن، کە سیستەم ناچاری ئەنجامدانی ریفۆرم بکەن. لەوەش گرنگتر پێشکەوتنێکی چاوەڕوانکراو ئەوەیە کە جگە لەم دوو ناوەندە وەکو رێگایەکی سێیەم لە جوگرافیایەکی بەرفراواندا کاریگەریان زیاد دەبێت. دەرکەوتنی ئایینە مەزنەکانی کە حەزرەتی ئیبراهیم رێبەرایەتی کرد و لە مێژوودا ئەنجامی گرنگ لەگەڵ خۆیدا دێنێ، گوزارشت و دەربڕینی بەرجەستەیی (ماددی) جموجۆڵی ئەو تیرانەیە. ئەم داب و نەریتەی هەم لە بڵاو بوونەوەی کۆیلایەتی, هەم بەلاوەنانی، رۆڵێکی سەرەکی بینی و سەرەتا سیستەمی نەرمکرد و بە ریفۆرمیدا تێپەڕاند, لەگەڵ حەزرەتی عیساش، واتا لە قۆناخی هەڵوەشاندنەوەی سیستەمی کۆیلەداری، رۆڵی جوڵانەوەیەکی ئایدیۆلۆژی و کۆمەڵایەتی سەرەکی دەبینێ.

ئەم پێشکەوتنەی بە شێوەیەکی واقیعی و بەرجەستە بە رێبازی عیبرانییەکان ناودەبرێت, دەتوانرێت وەکو چیرۆکێکی مەییوی میتۆلۆژیای سۆمەری و میسری شرۆڤە بکرێت، کە بۆ ئایینی تاکخودایی وەرچەرخێنراون. بەو رادەیەی لە مێژوو رەنگیداوەتەوە, دەتوانرێ ئەم چیرۆکە لە دەرکەوتنی حەزرەتی ئیبراهیم لە ناوەندە کۆلۆنیەکانی ئورفا و دەوروبەرەکەی دەستپێبکرێت, کە کەوتبوونە ژێر دەسەڵاتی خانەدانە ئاشووری و بابلیەکان. ئەفسانەی شکاندنی بت لەلایەن ئیبراهیمەوە, بە واتای بێ باوەڕی و سەرهەڵدان دێت بەرامبەر داب و نەریتە کۆنەکان و ئەو میتۆلۆژیایانەی کۆڵەکەکەیان پێکدێنێ. لەو قۆناخەدا داخوازی گەلێك تیرە بۆ جوڵانەوەیەکی ئازادانە و ژیانێکی پڕ لە پێکدادان لە ئارادایە کە سەرچاوەکەی بۆ ئەم داخوازییە دەگەڕێتەوە. دەوڵەتی شار لەمیانەی ئایدیۆلۆژیای فەرمی و کلتووری عیبادەت، نوێنەرایەتی لایەنێك دەکات. دیاردەی بڵاوکردنەوەی کۆمەڵگای چینایەتی هەڕەشە لە یەکسانی تیرە دەکات. دەشێ هەرێمی ئورفا کۆنترین و سەرەکیترین هەرێمی کۆمەڵگای نیۆلیتیك بێت, کاتێك تەڤلی سەردەمی شارستانیەت کراوە، دەشێ لەم قۆناخەدا (کۆتاییەکانی ٢٠٠٠ پ.ز) بووبێتە ناوەندی جموجۆڵێکی کۆمەڵایەتی بەرفراوان. باوەڕی و

مەنزلگای پێغەمبەران کە تاوەکو ئێستا لەم ناوچەیەدا باسدەکرێ و سەردانی دەکرێ، ئەم ڕاستینەیە پشت ڕاست دەکات. واتە ئەم ناوچەیە لە ڕەوشی ڕکابەرایەتیدابوو دژ بە پەڕینەوەی ئاشوور و بابل بۆ کۆمەڵگای چینایەتی. وەستان دژی بتەکان و شکاندنیان، گوزارشتی ئایدیۆلۆژی و سەمبۆڵی ئەم قۆناخەیە. لێرەدا لە جێگای خۆیدایە حەزرەتی ئیبراهیم وەکو باپیرەی ئایدیۆلۆژی و سەمبۆلی ئەم وڵاتە (ناوچەیە) ببینرێت. داننانی بە باڵادەستی بابل و ئاشووری و ئامرازە ئایدیۆلۆژی و ناسنامەکانیان شتێکی ئاساییە.

لە لایەکی دیکەشەوە سەرۆکایەتی تیرە بەڕێوە بردن و پاراستنی داب و نەریتی باوکسالاری دەکاتە ناچارییەك. دەرکەوتنی سەنتێزێکی باڵا لەو دوو کلتوورەی ئەم قۆناخەی مێژوو، وزەی شاراوە گرنگترین پێشکەوتن لەخۆوە دەگرێت. قۆناخی مێژوویی لە سەمبۆڵی ئایدیۆلۆژیای ئەم سەنتێزە دیار دەبێت کە ئەویش لە فرەخوداوەندییەوە، هەنگاو هاوێشتنە بۆ قۆناخی تاکخودایی. هەر لەبەر ئەوەی لە کارەکتەرێکدا بەرجەستەبووە، هەردوو کلتوور تێپەڕ دەکات, بۆیە دەشێ ڕۆڵی کۆڵەکەیەکی پێشکەوتووخوازانە ببینێ. زاراوەی ئیلاه (خودا) کە لە ڕەوشی بتێتی ڕزگاریبووە و بەرەو ئاسمان بەرزکراوتەوە، نوێکاری لەخۆوە دەگرێت. بە ئامانجگرتنی فرەخوداوەندی داب و نەریتی سۆمەر و بتەکان بە واتای هەڵوێست نیشاندان دێت بەرامبەر سیستەمی جێگیر واتا هەڵوێست نیشاندانە بەرامبەر کۆیلەداری. لە لایەکی دیکەشەوە پێویستدەکات ئایینی تەوتەمی تیرەکان بەلاوە بنرێت، چونکە بە واتای گەوهەری بتپەرستی دێت. ئەمەش خۆ ڕزگارکردن لە تیرەی بچووك و تەنگ و هەنگاونان بەرەو یەکێتییەکی مەزنی تیرەکان دەکات بە ناچارییەك. بۆ هەردوو ئامانجیش باوەڕی تاکخودایی وەکو شێوەی باوەڕییەك خۆی نیشان دەدات، کە تا دوارادە هێزی شیکردنەوەی هەیە. چەمکێکی سەبارەت بە خودا, کە هێزەکەی مەزنکراوە و لە ڕەوشێکی بەرجەستەیی بتێکی بێ هێز ڕزگارکراوە و گەیشتۆتە ئاستێك لە ئاسمانەوە فەرموودە و فەرمان بنێرێت بەمجۆرەش دەبێتە وەڵامێکی تەواو بۆ بەرخودان و ئازادی و پێویستی یەکێتی ڕاستینەی کۆمەڵگا. شتێکی ڕوون و ئاشکرایە کە لەم قۆناخەدا، بە شێوەیەکی بەرفراوان گەران بە دوای وەڵامێکی گۆڕانکاری شێوەی کۆمەڵایەتی و ئابووری, واتایەکی پڕ بایەخ و مێژوویی هەیە. وەڵامی ئازادی و یەکێتی بۆ ئەم لێگەڕینە کارەکتەرێکی وزەبەخش و نوێکاری هەیە و بە شێوەیەکی نائاسایی سەرنج ڕاکێشە. خۆ پاراستن بەرامبەر بە دەزگاکانی سەرخان و ژێرخانی میسر و سۆمەر کە لە زووەوە هێماکانی هەڵوەشانەوەیان دەرکەوتبوون, ئەگەر بە شێوەیەکی سنوورداریش بێت، تایبەت بوونی ئەم لێگەڕێنە و هەناسەدانی وەکو شێوەیەکی نوێی ژیان, گوزارشتێکی زەقی واتا مێژووییەکەیەتی. کاریگەری

بەهێزی ئایینە تاکخوادییەکان سەرچاوەی خۆی لەو گرنگی و بایەخە مەزنەوە دێت کە وەڵامی ئەم پێویستییە مێژووییەی داوەتەوە.

هەروەها دەتوانین گەوهەری جوڵانەوەی ئیبراهیم بەمجۆرە ئاماژە پێبکەین کە نزیك بە سەنتێزی کلتووری ئاریان ـ هۆری و سامی ــ ئامۆری کە لە ناوچەکەدا تێکەڵ بە یەکتری دەژین, هەربۆیە وزەی شاراوەی بوون بەوەڵامی گەردوونی قۆناخ، لایەکی دیکەی گرنگییەکەیەتی.

جوڵانەوەی ئیبراهیمی کە بەمجۆرە ئاماژەمان بە پوختەکەی کرد، هەروەها نزیکی سەنتێزی کلتووری ئامۆریتە ــ سامیەکان و هۆریە ــ ئاریانەکانە کە لە ناوچەکەدا تێکچڕژاون، هەربۆیە لایەنێکی دیکەی بە بایەخی ئەوەیە کە توانستی ئەوە لەخۆوە دەگرێت ببێتە وەڵامی گەردوونی قۆناخ. ئەو زەمینە کلتوورییەی پشتی پێدەبەستێ وایکردووە لە بەرەو رووبوونەوەی سیستەمی کۆیلەداری، ئامانجەکانی لە ئازادی و یەکێتی، ببێت هۆکاری ئەوەی چەندەی بڵێی ئایدیۆلۆژیای ئایینی تاکخودایی شکۆمەندی بگرێت و بەهایەکی مەزنی پێبدرێت. شوێنگەی ئافراندنی میتۆلۆژیایەك جێگای باسە کە لە ئاستی میتۆلۆژیای راهیبەکانی سۆمەر و میسر دایە. ئەم شوێنگەیەش وەکو پێغەمبەرایەتی ــ پەیامبەر بەرجەستەبووە, مسۆگەر جیاوازی نێوان خودا ــ مرۆڤی دەستنیشان کردووە. کاتێك راستینەی، **هەرگیز مرۆڤ نابێت بە خودا،** دەکات بە پرەنسیپێکی سەرەکی خۆی, ئەوا سەبارەت بە چەمکی ئایین رێگا لەپێش گەورەترین ریفۆرم دەکاتەوە. دەرککردن بەوەی مرۆڤ نابێت بە خودا شۆڕشێکی مەزنە. لە تەواوی باوەڕییەکانی پێشتر خوداوەندەکانی لە رووخساری مرۆڤ زاڵ و باوە. دەشێ لەمیانەی ئەم باوەڕییە کۆنانەوە مرۆڤ خۆی وەکو خوداوەند خاوەنی هەمان هێزی خودا راگەیەنێ. هەربۆیە دەبینین پادشا ـ خوداوەندەکانی میسر و سۆمەر وەکو شێوەی هەرە زێدەڕۆیی و تۆقێنەر رۆڵی مێژووییان بینیوە. نەبوونی مرۆڤ بە خوداوەند لێدانێکی مەزن لەم شێوازەی کۆیلەداری دەدات. جموجۆڵێکی ئایدیۆلۆژی کۆمەڵایەتی بەمجۆرە کە سیستەمی کۆیلەداری هەڵدەوەشێنێتەوە, گەوهەری قەڵەمباز و چالاکییەکی بەهێز لەخۆوە دەگرێت. رووداوەکانی مێژوو بە تایبەتیش هی رۆژهەڵات بە رادەیەکی مەزن گوزارشتی چیرۆك ئامێزانەی ئەم راستینەیە. باس کردنێتی بە شێوەی ئەفسانە یاخود مێژووی ئایین.

چیرۆکی کۆچبەری حەزرەتی ئیبراهیم لە وڵاتی کەنعانەوە بەرەو میسر لە خۆی زیاتر, ئاراستەی جوڵانەوەی داب و نەریتەکەی دیاری دەکات. لەهەمانکاتدا ئەم چیرۆکە لە ناوچەکانی نێوان هەردوو حەوزی دیجلە ــ فورات و نیل باس لە دانوستاندن و گۆڕینەوەی ماڵ و هزر دەکات. زەمینە و هەلومەرج تواناکاری مەزن پێشکەش بەمجۆرە جموجۆڵە دەکات. ئەمەش تەڤلیبوونی و جێگرتنی

کاروانی ناوچە بۆ کاروانی شارستانیەت نیشان دەدات. ئیتر گەلێك تیرە و گەلێك ئیبراهیم جێگای باسە. دەرخستنەپێشی ئەم داب و نەریتە باس لە رێگا و شەرعییەت (یاسا) دەکات. ئەم لێشاوە شیمانە دەکرێ لە ساڵانی ١٧٠٠ تا ١٣٠٠ پ.ز روویدابێت, لەگەڵ دەرکەوتنی موسا لە میسر، دەست بە قۆناخێکی نوێ دەکات. بەڵام لەم نێوانەدا, لە قۆناخی ئیبراهیم چڕ بوونەوەیەك لە دەوروبەری قودس و وەرچەرخانێك جێگای باسە. شارستانیەتی فینیقیەکانی کەناری دەریا پێبەپێ بەرەو ناوەوە ئاراستەدەکرێ و پێشدەکەوێ. قودسیش وەکو ئورفا دووەمین ناوەندی گۆڕانکاری و وەرچەرخانی گرنگە. لەم قۆناخەدا کاریگەر بوون لە کەسایەتی ئیبراهیمدا جێگای باسە. گۆڕینی ناوەڕۆکی خوداوەند و لە جیاتی بنەماڵە بوونی بە خوداوەندی تەواوی تیرەکان, لەهەمانکاتدا گوزارشت لە نیشتەجێبوون و بە کاریگەربوون لە ناوچەکەدا و بەهێزبوون بە شێوەی میرنشینی و دانپێنان دەکات.

شەڕی پاراستنی ناسنامەی تیرە عیبرانییەکان بەرامبەر بە نیشتەجێ بووەکانی پێشتر، رێگا لەپێش ئەوە دەکاتەوە ببن بە هێزێکی نیو سیاسی و نیو سەربازی. لەم ماوەیەدا رزگارکردنی ئیسماعیل لەسەربڕینی وەکو قوربانی, گوزارشت لە هەڵوێست نیشاندان دژی ئەو داب و نەریتە بڵاوە دەکات کە لە ناوچەکەدا بەربڵاوە، منداڵ وەکو قوربانی پێشکەش بە "**بال**" (خوداوەندێکی مەزنی هەرێمییە) دەکرێن. لێرەدا لەمیانەی رەتکردنەوە و گوێڕایەڵی نەکردنی داب و نەریتی ئەو فرە خوداوەندییەی لە رووخساری مرۆڤدان و یەکجار پاشڤەڕۆیە، جیاوازی ئایینی لەگەڵ خۆیدا دەئافرێنێ. ئەمەش ئەڵقەیەکی دیکەی وەرچەرخانە. لەسەر بنەمای ئەم جیاوازییانە تیرەکان لە نێو خۆجێیەتیدا، خۆیان لە توانەوە دەپارێزن. گەرچی چیرۆکی **هاجەر** تا رادەیەك باس لە توانەوە دەکات. سەفەر و کۆچی **یوسف و یەعقووب**ی باوکی, گەڕۆکی و جموجۆڵی تیرە نیشاندەدات. هەروەها لە چیرۆکی **سارا**شدا روون دەبێتەوە کە بازرگانی بە کەنیزەکەکانیش کراوە. لەگەڵ ئەوەی لە کۆشکەکانی میسر هەندێ پلەی فەرمانبەرێتی بچووکی خزمەت کردنیان بەدەست هێناوە, بەڵام رەوش و پایەی نیو کۆیلایەتی دەرباز ناکەن. شیمانەی ئەوە دەکرێ لە ململانێ و پێکدادانەکانی نێو خانەدانەکان لایەنگری لایەنە دۆڕاوەکەیان گرتووە, لە ترسی سزادانێکی توند و وەکو وەڵامێك بۆ داخوازی تیرە بۆ ژیانێکی سەربەخۆ, پێهەلگرتن و کۆچێك بە رێبەرایەتی **موسا** ئەنجام دەدرێت. شیمانەدەکرێ کە ئەم پێهەلگرتنە لە ٢٥٠٠٠ کەس و ١٢ تیرە پێکهاتووە، بە ئەندازەی دەرکەوتنی ئیبراهیم لە ئورفا واتادارە. بەڕێوەبردن و تێپەڕاندنی ژمارەیەکی هێندە زۆر بە بیابانەکاندا پێویستی بە ئیقناعێکی ئایدیۆلۆژی مەزن و رێکخستنێکی کردارییانە هەیە. ئەم کاروانەی بیابان, موسای

خوڵقاندووە. ئەو قەڵەمبازە ئیلاهییەی بەردەوامبووە کە لەمیانەی "**١٠ فەرمان**" وەکو وەڵامێك بوو بۆ ئەو تێنەگەیشتن و نەزانییە مەزنەی هەبووە. "**ئەل**" کە خوداوەندێکی گشتی هەرێمی کەنعانییەکان بوو، ئیبراهیم دەیکات بە "**ئەلۆهیم**"، موساش لە ژێر ناوی **یهوە ــ یاهۆڤا** (ئەو خودایە) دەیکات بە خوداوەندێکی میللی. هەروەکو بڵێی لە یەکتری مارە دەکرێن، سەرلەنوێ وەکو خوداوەندی قەومی **ئیسرائیل** دەبێتە خاوەن ناسنامە. لەنێو سروشتدا قسەکردن لەگەڵ خودا پاشماوەیەکی داب و نەریتی شامانیزمە و بە شێوەیەکی بەربلاو پەیڕەودەکرێ. گەلێك پێهەلگرتنی پێغەمبەرایەتی ئەم داب و نەریتە بەکاردێنێ. ئامانجی سیستەمی ١٠ فەرمان ئەوەیە کە ڕێکخستنێکی نوێی کۆمەڵایەتی و ئایدیۆلۆژی و ڕێبەرایەتی موسا بکات بە یاسای شەرعییەت. ئیتر لەمە بەدواوە تیرە عیبرانییەکانی گەوهەری سیاسی و قەومییان بەهێزبووە, بەمجۆرە لەسەر شانۆی مێژوو دەناسرێن کە سەندووقەکەیان بە دەستەوەیە, سەندووقەکەشیان **تەورات**ی کە لە ١٠ فەرمانەوە دەستپێدەکات لەگەڵ یاسا ــ شەرعیەتی تێدایە، واتا وەکو قەومێکی خاوەن تەورات, ١٠ فەرمان، یاسا ـ شەرعییەت دەناسرێن.

لە دوای کاروانی موسا کە شیمانە دەکرێت لە ساڵانی ١٢٥٠ پ.ز ڕوویداوە, قۆناخێکی دیکە دەرباز دەبێت کە لە ئاستێکی نزمتردا کادیری ڕێبەر دەردەکەون. ئەوەی ئەم قۆناخەش دەستپێدەکات فەرماندەی بەناوبانگی موسا **یەشوعە**. یەشوع نیشتەجێبوونی قەوم لە فەلەستینی ڕۆژگاری ئەمڕۆمان ئەنجامگیردەکات. ئەو کاهینانەی ڕۆڵی ڕاهیب دەبینن لێرەشدا لە هەنگاونان بەرەو پادشایەتی پێشەنگایەتی دەکەن. هەوڵدەدەن نموونەیەکی بچووکی مۆدێلی میسر ـ سۆمەر بخوڵقێنن.

هەرچەندە گۆڕینێکی خۆجێیی تێدابێت بەڵام مسۆگەر داب و نەریتی کاهینی ڕەنگدانەوەی میسر و سۆمەریەکانە. ڕاهیبی بەناو **سامۆئێل** کە لە ساڵانی ١٠٠٠ ی پ.ز هەوڵدەدات دەوڵەتی ڕاهیبی ئاوابکات, لەگەڵ **ساوول** ی نوێنەری توێژی سیاسی لە نێو کێشمەکێشدایە. **داوود**ی ئاسنگەر و شوانکار وەکو کەسایەتییەکی بە توانا و خاوەن ئەزموون دێتە مەیدان و لەساڵی ١٠١٠ ی پ.ز یەکەمین پادشایەتی ئیسرائیل ئاوادەکات. بەمجۆرە قۆناخی پادشایەتی دەستپێدەکات, لە ڕێگای **سولێمان** دەگاتە لوتکە و دوایش بەرەو دواوە دەچێ. لە ساڵی ٧٠٠ ی پ.ز عیبرانییەکان دەکەونە ژێر دەسەڵاتی ئاشووریەکان. (لە ساڵی ٥٨٥ پ.ز) لە سەردەمی فەرمانڕەوایەتی **نەبووخزئەلنەسر** گەلێك پێغەمبەر و ڕاهیب لە قودسەوە بۆ بابل دەبردرێت. ماوەیەکی کورت دوای ئەوە بابل دەکەوێتە ژێر دەسەڵاتی پارسەکان. سوود لە سیاسەتی ناسراوی پارسەکان وەردەگرن کە ڕێز لە هەموو کلتوورێك دەگرن و لە شوێنی خۆیاندا دەرفەتی کاریان پێدەدات. بەمجۆرە دووبارە دەگەڕێنەوە قودس. ئەو خوێندن و

نووسین و فەرمانبەرێتیەی لە کۆشکەکانی بابل فێربوون, تاوەکو بڵێی کاریگەری لەسەر عیبرانییەکان دەکات. لەم قۆناخە نوێیەی بە قۆناخی نووسەرەکان ناودەبرێت, پێشەنگایەتی نووسەرێکی بە ناوی **عەزرە**، کە زۆر بەباشی خۆی لە بابل پەروەردەکردووە و پێگەیاندووە, ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێ. بۆ جاری یەکەم کتابی موقەدەس (**پەرتووکی پیرۆز**) دەنووسێتەوە. لەمیانەی یەکەم ئەنجوومەنی سیاسی بە ناوی هاگادۆل, ئەم قۆناخە دەبێتە خاوەن ناسنامەیەکی نوێ. کاریگەری پارسەکان بە تایبەتیش کاریگەرێتی داب و نەریتی زەردەشت جێگای باسە. پارتیەکی لایەنگری پارسەکان بە ناوی **فەریسیەکان** پێکدەهێنرێت. ئەمە یەکەمین پارچەبوونی گرنگی سیاسییانەیە. پارچە بوونی چینایەتی پێشدەکەوێ.

دوای ئەسکەندەر ڕووبەڕووی باڵادەستی یۆنانەکان دەبنەوە. ئەم قۆناخەی بە **ئانتیۆقەکان** ناودەبرێت, ئەمجارە دەکەونە ژێر کاریگەری یۆنانییەکان. پارتیەك ـ مەزهەبێکی نوێی نۆکەری بەناوی **سادوقیەکان** بە ناو دەبرێت و گەوهەرێکی ئەریستۆکراتییان هەیە و لایەنگری یۆنانەکان بوو. ئەمانەش توێژێکی لاوازبوون کە باوەڕییە ئایینیەکەیان گرێدراوی سیستەمی یۆنان بوو. دووەمین قۆناخی کتابی ــ موقەدەس بە زمانی یۆنانی (**Septuaganint**) دەستپێدەکات. توێژێکی کە لە ٧٢ تیرە هەڵدەبژێردرێت لە تەنیشت پادشایەتی یۆنانییەکان لە ئەسکەندەرییە نیشتەجێدەبن و بەهێز دەبن. توێژێکی بە ناوی ماکابییەکان دەناسرێت لە ساڵانی ٢٠٠ پ.ز لەوێدا قۆناخێکی بەرخودان دەستپێدەکات. لەم قۆناخەی کە بە شێوەیەکی زۆر دژوار تێپەڕ دەبێت ناسنامەیەکی میللی و سەربەخۆیی بەدەست دەهێنرێت. دواتر لە قۆناخی باڵابوونی ڕۆما (٦٣ ساڵ پ.ز) وەکو پادشایەتییەکی لایەنگری ڕۆما و هەرێمێکی هاوپەیمان و گرێدراوی ڕۆما ڕێکدەخرێت. لە کاتێکدا چینی ژوور نۆکەری ڕۆمایە، جوڵانەوەیەکی هەژاران بەناوی **ئەسەنییەکان** پێشدەکەوێت. کاتێك خەتیبی بەناوبانگی جوڵانەوەکە **یەحیا** دەکوژرێت, قۆناخی یاخیبوونی **عیسا** دەستپێدەکا. ئەم پێهەڵگرتنەی مێژوو وەکو خاڵی سفری دەستپێکردنی دادەنێت، تاوەکو بڵێی سەیرە و هەڵوێست و نزیکبوونەوەیەکی زانستییانە دەکاتە پێویستییەك.

کاتێك کاریگەری مەزنی ئەم جوڵانەوە مەزنەی بە ناوی عیسا، لەگەڵ تەمەنی عیسا بەراورد بکرێت کە لە مێژوودا کاریگەرییەکی مەزنی هەیە، دەردەکەوێ کە سەرچاوەکەی بۆ دوو هۆکار دەگەڕێتەوە؛ بە گشتی زەمینە و هەلومەرجی کلتووری عیبرانی, بە تایبەتیش گرێدراوی ئەوەیە کە وەکو جوڵانەوەی کۆمەڵکاری و هەژاران پێشکەوتووە و بۆ هەموو کەسێك کراوە بووە. لەژێر ناوی عیسادا مەیل و هەڵوێستێکی مێژوویی ڕێڕەوی گرتۆتەبەر. هەڵوێستێکی دژایەتی تایبەتی عیسا

بەرامبەر بە **پلاتۆسی** والی رۆما نییە. تەنانەت باس لەوە دەکا کە دەسەڵاتی دونیا **"مافی سزارە"**. ئەوەی عیسا بە دژواری بەرامبەری دەوەستێ دەزگای فەرمی کاهینە یەهوودییەکانە. عیسا باوەڕی بەوە هەیە لە زووەوە کەهانەت ناوەرۆکی ئەرێیی خۆی لەدەستداوە. زۆر بە باشی پەیوەندی کاهینییەکان لەگەڵ بەرژەوەندی ماددی و ناکۆکییان لەگەڵ جیهانی هەژارەکاندا دەبینێ و هەڵوێست نیشاندەدات. لەوەش گرنگتر ئەوەیە لەمیانەی شۆڤێنیزمێکی وشکەوە باوەڕی تاکخودایی تەنیا تایبەت بە یەهوودییەکان لە قەڵەمدەدەن, ئاماژە بە ناکۆکییەکی ئاشکرا دەکات لەگەڵ جیهانی مرۆڤایەتی کە لە دەوروبەردا هەڵدەچێت. چەمکی تیرە و قەومی باڵای عیبرانییەکان کۆسپە لەپێش ئەوەی ئەم پێشکەوتنە کۆمەڵایەتییانە بچێتە دەرەوەی گروپە ئەتنیکییەکەیان. ئەوەی دەردەکەوێتە پێش جێگرتن لەناو هەمان ریشەی ئەتنیکی نەبووە، بەڵکو دیاردەی جێگرتن بوو لە ناو ئەم گروپە کۆمەڵایەتیانەی هەمان هەلومەرجی ماددی لەگەڵ خۆی دەرخستبوون. ئەسەنییەکانی عیسا ئیلهامی لێگرتووە گروپێکی بەمجۆرەیە. لەگەڵ پارچەبوونێکی قووڵی کۆمەڵگای یەهوودی لەسەر بنەمای چینایەتی, ئایدیۆلۆژیای یەهوودییەکانیش پارچە دەبێت.

لە کاتێکدا حەزرەتی ئیبراهیم و موسا زیاتر گرنگی بە یەکێتی قەومی تیرەکانیان دەدەن و بە گوێرەی ئەمەش شێوە بە ئایدیۆلۆژیا و چالاکییەکانیان دەدەن, داب و نەریتی عیسا یەکێتی قەوم دەخاتە پلەی دووەم، تەنانەت بەرامبەریشی دەوەستێ و بەمجۆرە هەنگاوێکی یەکەمین دەستپێدەکات. عیسا خوداوەندی خۆی دەکا بە گەردوونی. وشەی یەهوودی بوونی نییە. شتی سەرەکی رزگاری ئەو مرۆڤانەیە کە لە ناو ئێش و ئازارەوە دەژین. لەم بوارەوە تاوەکو بڵێی لە **بودا** نزیکبۆتەوە. لەگەڵ ئەمەشدا ئەمە راستینەیەکی واقیعی و بابەتییە کە رێگای بوون بە دەسەڵاتی نیشانی توێژی هەژاری عیبرانییەکان داوە. نەك لە بواری سیاسی و سەربازی؛ بەڵکو لەسەر بنەمای پشتبەستن بە بناخەکانی باوەڕی و ئەخلاق وەکو جوڵانەوەیەکی کۆمەڵایەتی بڵاودەبێتەوە. کاتێك دەستگیردەکرێ, بە تایبەتی دژی ئەوە دەوەستێ کە **پەترس** (حەوارەیەکی عیسایە) شمشێر بەکاربێنێ. گرنگترین بانگەشەکانی ئەوەیە کە کاهینەکان خیانەتیان لە داب و نەریتی پێغەمبەرایەتی کردووە و ئەوە بسەلمێنێ کە مەسیحی (فریادڕەس) چاوەڕوانکراوە. بەڵام دەزگایەکی بەهێز و دەوڵەمەندی کاهینی لە قودس هەبوو کە پشتی خۆی بە والی رۆما بەستبوو. واتا لە زووەوە کەهانەت بووە بە هێزێکی دونیایی و ماددی و سیاسی، ئیتر کاهینەکان لە رەوشی بەرپرسیارە ئایینیە سادەکان دەرکەوتوون.

کاریگەری سۆمەریەکان بەسەر چەمکی ئایینی عیسا دیارە. لە راستیدا باوك, رۆڵە, رۆحی پیرۆز, پاشماوەی خوداوەندی سیانییە. ریشەکەی تاوەکو داب و نەریتی **ئەنکی ــ تیامات ــ مەردۆك** درێژ

دەبێتەوە. مریەمی دایك رەنگدانەوەیەكی لاوازی باوەڕی خوداوەنـدە ــ ژن تیاماتـە. بـەڵام لەمیانـەی فووكردن بە رۆحیدا, رۆڵەی خودا دێتە دونیا. (زاراوەكانی خوداوەندی باوك, خوداوەندی دایك, رۆڵـە بـۆ كلتـووری سـۆمەریەكانی **خوداوەنـدە ژن ــ رۆڵـە ــ مێـــرد** دەگەرێتـەوە). هـەروەكو دەبینـرێ تێكەڵاوبوونێكی میتۆلۆژیا (ئەفسانە)یی كۆن و باوەڕی **یهوە** بە ناوەی عیسا جێگای باسـە. لـەوەش گرنگتر ئەوەیە, جیاوازییەكەی لەگەڵ رەوتە ئایینیـەكانی پێشـتر, گرنگـی و بایەخـدانێتی بـە ئـێش و ئازارەكانی مرۆڤ. لێرەشدا هەلومەرجی مـاددی و بابەتییـەكانی گەیشـتنی كۆیلـەداری رۆمـا بـە هـەرە لوتكـەی خـۆی رۆڵێكـی سـەرەكی هەیـە. یـاخیبوونی **سپارتاكۆسی** سـاڵانی ٧٠ ی پ.ز لـە رۆمـا ئـەوەی سـەلماندووە كـە دەشـێ ئێـش و ئازارەكـان ببێـت بـە یـاخیبوون. هـەرێمی یەهوودییـەكان لەمیانـەی توانستی كلتووری و داب و نەریتی یاخیبوون, خاوەنی هەموو هەلومەرجێكە كـە بتوانـێ رێبەرایـەتی بۆ قۆناخێكی بەمجۆرە بكات.

نـاتوانرێ بگـوترێ عیسـا زۆر بـە پـیلان و رێكخـەر (هەڵسـووڕێنەر) بـووە؛ زیـاتر نوێنەرایـەتی مرۆڤێكی بە باوەڕ و خاوەن ئەخلاقێكی دروست دەكات. بە دڵسۆزییەوە گرێدراوی باوەڕییەكانییـەتی و تـەواوی ژیـان و كـرداری خـۆی لـەم چوارچـێوەیەدا رێكخسـتووە. خـۆ فیـداكردنی بەرامبـەر بـەو نەفرەتـەی مرۆڤایـەتی راپێچـكردووە وەكـو پێویسـتییەكی ژیـانی "**فـەرمـوودە**"ی خوداوەنـدە. لـە رەوشێكی بەمجۆرەدا نییە سیاسەت و تاكتیك بخوڵقێنێ و بەرێوەیان ببات. لاوازبـوونی ئـەم لایەنـەی, رێگا لەپێش ئەوە دەكاتەوە بە شێوەیەكی مەزن یادی بكرێتەوە.

لەمیانـەی ئـەم تایبەتمەندیـەوە عیسـا نوێنەرایـەتی ئـەم رێبەرایەتییـە دەكـات، ئەگـەر ئـەویش نەبوایە ئەوا قۆناخ یەكێكی دیكەی دەخوڵقاند. هەربۆیـە عیسـا لـە پێغەمبـەر و رێبـەرێكی كـە خـۆی پێگەیاندبێت زیاترە, رێبەر و پێغەمبەرێكە كە خوڵقێنراوە و دروست كراوە. دەیكەن بە فریادڕەسێك كـە داخـوازی تـەواوی هـەژار و توێـژە بـە ئازارەكـان و رقـی نـەفرەت لێكراوەكـانی لـە ئەسـتۆی خـۆی گرتووە. بەمجۆرە دەبێتە مەسیح ـ فریادڕەس ـ ی چاوەڕوانكراو. ئەگەر هەلومەرجی ماددی توانستە مێژووییـەكان نـەبێت, هـیچ كەسـایەتییەك لەمیانـەی بـە مەعریفـەتی تایبـەتی خۆیـەوە ئـەركی رێبەرایەتی ناگرێتە ئەستۆ. هەمان تایبەتمەندێتی بۆ تەواوی رێبەرایەتیە بـەناوبانگ و پایـەدارەكان جێگـای باسـە. وەكـو شـیمانەیەكی مـەزن شـتی راسـت ئەوەیـە؛ لـە خاچـدان عیسـای راسـتەقینە دەخوڵقێنێ. ئەگەر مەسەلەی لە خاچدان نەبایـە شـیمانەی هـەبوو مەسـیحییەت وەكـو تەریقـەتێكی سۆفیگەرایی ئەو كاتەی لێدەهات و بەمجۆرە كزدەبوو و كۆتایی پێدەهات.

بەمجۆرە پێکهاتەی تایبەتی کلتووری ناوچە و قۆناخی سۆفیگەرایی چینە هەژارەکان, هەروەها واقیعی ماددی و کۆمەڵایەتی ئەو جیهانەی کۆیلەداری رۆما خولقاندبووی، لە کەسایەتی عیسادا پێغەمبەری خۆی خولقاند. جولانەوەیەکی مەزنی مرۆڤایەتی لەلایەن گروپێکی بچووکەوە دەخولقێنرێ (١٢ حەوارەی کە بە زۆر و زەحمەتییەوە خرِدەبنەوە و یەکێکیشیان خائینە). بێگومان بە یەکەوە کاریگەری کلتووری عیبرانی و کلتووری یۆنانی لەسەر ئەو جولانەوەیە هەیە. لە لایەکی دیکەوە رۆڵی یارمەتیدەرانەی کلتوورەکانی دیکەش جێگای باسە. ئەخلاقی نوێی زەردەشت و باوەڕی و ژیانی ستۆواییەکان لەگەڵ گەوهەری پتەوی پێغەمبەرانەی کلتووری عیبرانییەکان دەبنە یەك و رێگا لەپێش مەسیحییەتی عیسا دەکەنەوە. لەم بوارەدا لەلایەنی چینایەتی, ئەخلاقی و باوەڕییەوە وەکو سەنتێزیك وایە و دەبێتە گەورەترین جولانەوەی دژی سیستەمی کۆیلەداری. بە خێرایی بڵاوبوونەوەی لە ناو هەر قەومێکدا گرێدراوی ئەم تایبەتمەندێتیە گەردوونیەیەتی. باوەڕییەکی دەولەمەند و بەهێز و گەوهەری ئەخلاقییانە رێگا لەپێش جولانەوەیەکی کۆمەڵایەتی بەهێز دەکاتەوە. بەمجۆرە پێناسەکردنی ئایینی مەسیحی زیاتر نزیکی واقیعە.

چیرۆکی بەرخودانی شاراوە و نهێنی ٣٠٠ ساڵەی جولانەوەکە, لەهەمانکاتدا چیرۆکی رزینی داری شارستانیەتی رۆمایە. بێ ژمار **عەزیز و عەزیزە**ی کردۆتە قوربانی. بەڵام توانیویەتی گەورەترین نوێنەری سیستەمی کۆیلەداری شیبکاتەوە. خاوەن دەرکەوتن لە ئازارەکانی مرۆڤ شێوازی کاری ئاشتیخوازانە, سیستەمی ژیانی کۆمەڵکاری پەرستگا (**مانستەر**), خاوەن کاریگەری و رۆڵن لە گەیشتنی مرۆڤایەتی بە بنچینەییترین و بەهێزترین پێکهاتەی ئەخلاقی. تیۆلۆژیای مەسیحییەت سەرەتا بە پلەی دووەم دەهات. دوای کاتێك لە قۆناخی سکۆلاستیکدا بوو بە هێزێکی سیاسی و ماددی, لەلایەنی جیهانی پاپاوە دەرخراوەتە پێش. شتێکی سەرەکی لای عیسا هەڵوێستی ئەخلاقییە, نەك باوەڕی. هێزی مەعنەوییە نەك ماددی.

قۆناخی بە فەرمی کردنی ئایین لەلایەن ئیمپراتۆریای رۆمای رۆژهەڵات, لەهەمانکاتدا قۆناخی لە رێ لادانێتی. لە کاتی شەڕەکانی دەسەڵاتدارێتی بەکارهێنانی وەکو ئامرازێکی ئایدیۆلۆژی, رێگای لەپێش پارچەبوونێکی مەزن کردۆتەوە. دوای ئەوەی رۆمای رۆژئاوا رووخا, خودی مەسیحییەتیش بوو بە هێزێکی ئیمپراتۆرییانە (پاپایەتی). پێویست دەکات بە بایەخەوە لەم قۆناخەدا هەڵوێستە سەبارەت بە پێشکەوتنی مەسیحییەت بکرێت کە وەکو هێزێکی ئاواکردن و پاراستنی چەرخەکانی ناوین دادەنرێت.

هەروەکو دەبینرێ لە دایکبوون و پێشکەوتنی مەسیحییەت هەم وەکو ئەنجام و هەم رۆڵی فاکتەری خێراکردنی رزین و هەڵوەشانەوەی سیستەمی کۆیلەداری دەبینێ. داب و نەریتی عیبرانی لەمیانەی رێ خۆشکردنیان بۆ عیسا و ئەسەنییەکان, کاریگەرییەکی مەزن دەکەنە سەر چەرخی ناوین. لە ساڵانی ٧٠ ی زایین بە دواوە یەهوودییەتی میلادگەرایی (ئایینی میلادگەرایی) جارێکی دیکە لە دونیادا بڵاوبوونەوە و گروپە یەهوودییەکان لە هەموو شوێنێکدا بوونە خاوەن تواناکارییەکی باشی چۆنێتی رزاندنی سیستەمەکان و ئاواکردنی ئەلتەرناتیفی نوێ و ئەم کاریگەرییەیان تا رۆژگاری ئەمڕۆشمان بەردەوامبووە. تیرەی یەهوودییەکان کە سەرەتا لە رێگای بازرگانییەوە مەزنبوون, دوای ئەوەی بوون بە قەوم داب و نەریتی بازرگانییان بەهێزکرد. لەلای قەومی یەهوودییەوە بازرگانی تەنیا وەکو ئامرازێکی بازرگانی کردنی موڵك بەکار ناهێنرێت, بەڵکو وەکو ئامرازێکی دانووستاندن و گۆڕینەوەی هزریش پێشدەخرێن و بەردەوامدەبێت. کلتووری یەهوودییەکان کە لە بازرگانیدا بۆتە پسپۆر و شارەزا, لە کاتێکدا قەومی خۆی دووچاری تەنگەتاوی و زەحمەتی مەزن دەکات, لەمیانەی ئەو ئەزموونەی بەدەستیان هێناوە کارامەی ئەوەیان بە دەستهێناوە ببن بە هێزی سیخوری تەواوی شارستانیەتەکان. دەرکی بە سۆمەر و بابل و ئاشوور کردووە, رێگای لەپێش حەزرەتی ئیبراهیم و ئایینەکەی کردۆتەوە. میسریشی کردۆتەوە و بۆتە خاوەنی ئایینی قەومی و هەڵمەتی ئازادی موسا. بەمجۆرەش لە دەرئەنجامی ئەم ئەزموونەیاندا بوونەتە قەومێك کە باش لە واتا و گرنگی ئایین بگەن. هەروەکو دەزانرێ, چۆن لە بواری بازرگانیدا سوودی لە سیستەمی کۆیلەداری میسر و سۆمەر وەرگرتووە, ئەوا هزر و باوەڕییەکانیانی کردۆتە موڵکی خۆی و توانیویانە بە گوێرەی خۆیان بیگونجێنن. لەمیانەی فێربوونی خوێندن و نووسین لە بابلی و پارسەکان توانیویانە ببن بە خاوەنی یەکەمین کتێبی نووسراوەیی ــ کتێبی موقەدەس؛ بەر لە یۆنان و رۆمایەکان لە فینیقیەکان فێر بوون و گەنجینەی کلتوورییان گەیاندۆتە بەرزترین ئاست.

هەڵبەتە هێندە بڵاوکردنەوەی هزر و بازرگانی, بە واتای کۆکردنەوە و بڵاوکردنەوەی ناکۆکیی مەزنیش دێت. هەربۆیە بە خۆی بانگەوازی بۆ گەورەترین ئافات کردووە و لەگەڵ خۆیدا هێناوە. لە کاتێکدا لەگەڵ رێخۆشکردن بۆ دەرکەوتنی عیسا ئامادەکاری هەڵوەشانەوەی رۆمای کردووە, بە خۆشی بەهەر چوارلای جیهاندا پەرتەوازەبووە. لە کاتێکدا لە هەموو شوێنێك هەوڵیداوە جیهان فێربکات, لە ئەنجامی شوڤێنیزمی قەومی باڵا بەردەوام رێگا لەپێش قڕکردنی خۆی کردۆتەوە. لە کاتێکدا لە عەرەبستاندا وەکو کلتوورێکی سەرەکی رۆڵی لە دەرکەوتنی حەزرەتی مەحەمەد و ئیسلامیەتدا هەبوو, گەورەترین لێدانیش لەلایەن ئیسلامیەتەوە پێیکەوت. لە کاتێکدا یەکێکە لەسەرەکیترین

هێزە خوڵقێنەرەکانی چەرخەکانی ناوین, بۆتە یەکێك لەو قەومانەی کە بە رادەیەکی هەرە زیادە دووچاری کوشتارەکانی چەرخەکانی ناوین هاتووە. لە کاتێکدا لە سەرووی ئەو هێزە فکری و سەرمایەوە جێگای خۆیان دەگرت کە سەردەمی سەرمایەداریان ئامادەکرد, دیسان ئەو هێزەی دووچاری لێدان و کوشتارەکانی سەرمایەداری و ئەو مارکسیزمە بوون کە رۆڵیان لە دەرکەوتنی هەبووە، دیسان کلتوور و قەومی عیبرانییەکانە.

**ب ـ** بێگومان دەبێ رۆڵی داب و نەریتی موغەکانی میدیا لە هەڵوەشانەوەی سیستەمی کۆیلەداریدا رەچاوبکرێت کە لە ساڵانی ١٠٠٠ پ.ز لە کوێستانەکانی میدیا ــ پارسی کەوانەی دەرەوەی سیستەمی زاگرۆس ـ تۆرۆس بایەخداربوون. ئەم مەیل و هەڵوێستەی جگە لە داب و نەریتی میتۆلۆژیای سۆمەر زیاتر، وەکو تۆکمەبوونی ئەخلاقی کۆمەڵگای کشتوکاڵی دەردەکەوێت, رۆڵ و کاریگەرییەکی مەزنی لەوەدا هەیە کە سەرلەنوێ ئیرادەی خنکاوی مرۆڤ هەڵسێنێتەوە سەرپێیان. ئەم مەیل و هەڵوێستەی گروپە ئاریەکان، کە لایەنی ئەخلاقییان لەپێشەوەیە و بە خوداوەندکردنی بە پلەی دووەم دێت, زۆر بەر لە عیسا و بودا و سوقرات، لەلایەنی **زەردەشتەوە** بە ریفۆرمدا تێپەڕیوە و بۆتە بناخەی هەڵکشانی ماد و پارسەکان و کۆتایی بە ئیمپراتۆریەتی ئاشووری و بابلی هێناوە، کە گرانترین و دژوارترین شێوەی کۆیلەدارییان پەیڕەو دەکرد. داب و نەریتی زەردەشتی کە پێکهاتەیەکی باڵای باوەڕی و ئەخلاقی بەرامبەر بە کۆیلەداری قۆناخی سەرەتایی چنیوە؛ زەمینەیەکی سەرەکی کاریگەری کردنە سەر بودا و سوقرات و عیسایە. هزری ئیرادەی ئازادانەی **زەردەشت** رۆڵێکی دیاریکراوی هەیە لە پارچەبوونی چینایەتی بۆ دوو شێوەی ئەو مرۆڤەی کە تەنانەت ناتوانێ لە سێبەری خۆی بە خاوەن دەربکەوێت و ئەو مرۆڤانەی کە خۆیان هێناوەتە ئاستی بەهێزترین خوداوەند. نیشاندانی ئەم ئیرادەیەش لەمیانەی پێشخستنی دیالۆگ لەگەڵ خوداوەند **ئاهۆرا ـ مەزدا،** کە لێی تێناگات و وەکو بڵێی لێپرسینەوەی لەگەڵ دەکات, بەهاکەی زیاتر دەکات. بەمجۆرەش لەئەنجامی لە پەلوپۆ خستنی کۆیلەداری چاخی دێرین, هەم لە بواری ماددی, هەم ئایدیۆلۆژی بە شێوەیەکی راستەوخۆ رۆڵ لە هەڵکشانی یۆنان ــ رۆما دا دەبینێ. سەرەڕای ئەوەی ئیمپراتۆریەتی پارسەکان هەڵوەشاوەتەوە, بەڵام سەرەتا پارتەکان دواتریش ساسانییەکان کە وەکو درێژەپێدانی ئەوانن بەهێز بوونیان تا ئاستێك کە رۆما بە سیستەمی باجدان بە خۆیانەوە گرێبدەن, بۆ ئەو زەمینە ئایدیۆلۆژی و ئەخلاقییە دەگەڕێتەوە کە لە داب و نەریتی زەردەشتیان وەرگرتووە. هەروەکو دەزانرێ کاریگەری ئایدیۆلۆژی زەردەشتی لە ناوەندەکانی رۆما لایەنگرییەکی باشی بە دەستهێناوە. تێڕوانینی گشتی بەمجۆرە هەیە، ئەگەر کوشتاری راهیبە پاشڤەڕۆکانی ساسانی نەبوایە, ئەوا مانیزم

کە سەنتێزێکی تایبەتی زەردەشتی و مەسیحییەتە, بە ئەندازەی ئایینی عیسا خاوەن وزە و توانای بڵاوبوونە دەبوو. هەروەکو دەزانرێ بە شێوەی تەریقەت تاوەکو ئەورووپا بڵاوبۆتەوە و کاریگەری لەسەر چەرخی ناوین کردووە. لە ڕۆژهەڵاتیش توانیویەتی تا ئاستی بوون بە ئایینی فەرمی تورکە ئۆیگۆرەکان بەرزبێتەوە.

لەم قۆناخەدا تەریقەتە سۆفیگەراییەکان وەکو باوەڕی تایبەت و گرووپی کۆمەڵایەتی لە جوگرافیای ڕۆژهەڵاتی ناویندا پێشکەوتنی مەزن بە خۆیانەوە دەبینن. گرنگی ئەم تەریقەتانە لەوە دێت کە نوێنەرایەتی قۆناخێکی گرنگی پێشکەوتنی سەربەخۆیی هزر و ئیرادەی مرۆڤ دەکەن. ئەم گرووپە بچووکانە لەمیانەی جودابوونەوەیان و دابڕانیان لە پێکهاتەی هزری و ئەخلاقی فەرمی, ڕۆڵێکی گرنگ دەبینن لە هەڵوەشانەوەی رووکاری ئەخلاقی و کۆمەڵایەتی کۆیلەداری. ئەسەنییەکانی سەرەتا عیسا جێگای خۆی تێدا دەگرت و **حەنەفییەکانی** کاریگەریان لەسەر حەزرەتی مەحەمەد کردووە، لەو گرووپە سۆفیگەرایی و باوەڕییە شاراوانەن. بە ئەندازەی ئەوەی کۆمەڵگای کۆیلەداری و دەزگا توند و دژوارەکانی کە مرۆڤیان بێهەناسەدان هێشتووە ڕۆڵیان لە پێشکەوتن و مەزنبوونی ئەم گرووپانە هەیە, ئەو شێوەبەندییانە کە دەرفەت بە مەیلی ئازادیخوازی دەدات ڕۆڵێکی مەزن لەم پێشکەوتنەدا دەبینێ. بە کورتی ئەو کەسانەی لە ئەنجامی پاشڤەڕۆیەتی ڕۆما لە ڕۆژئاوا, ساسانییەکان لە ڕۆژهەڵات و ئەو شەڕ و پێکدادانە درێژخایەنانەی نێوانیان رایان کردووە, لەمیانەی کاریگەری قوتابخانە فەلسەفییەکانی ڕۆما و داب و نەریتی ئایینە کۆن و خۆجێییەکان قۆناخێکی تەریقەتگەرایی دەستپێکردووە کە تاوەکو ڕۆژگاری ئەمڕۆشمان ماوە. هەروەکو گرووپە راستڕەو ـ چەپڕەوەکانی ڕۆژگاری ئەمڕۆمان, ئەوا لە قۆناخی دوای سەردەمی ئاشووریەکان بەرامبەر بە ستەمکاری سیستەمی کۆیلەداری کلاسیك بە شێوەی گەلێك گرووپی هەمەجۆری ئایینزایی و تەریقەت خۆیان ڕێکخست و ڕۆڵێکی گرنگیان لە هەڵوەشانەوەی سیستەمدا بینیوە. بە واتایەکی دیکە ئەوان قارەمانی نەناسراوی ئافرێنەری مێژوون. ئەمەش هەروەکو قارەمانێتییە بێناو و نەناسراوەکانی سیستەمی تیرە و خێڵەکانە کە لە بەرخودان بەرامبەر سیستەمی کۆیلەداری چاخە دێرینەکان نیشانیانداوە. ئەگەر بڵێین مێژوو مێژووی ئەو قارەمانێتییە نەنووسراو و نەناسراوانەیە، ئەوا بە شێوەیەکی ڕاستتر ئاماژەمان بە واقیع کردووە.

ج ـ سێیەمین فاکتەری تێکشکاندنی سیستەمی کۆیلەداری چاخەکانی دێرین, پێشکەوتنە فەلسەفییەکانە, کە بەبێ پشتبەستن بە ئیرادەی خوداوەند, بۆ یەکەمین جار هەوڵی روون کردنەوەی سروشت دەدات. بەردەوام شارستانیەت دەرکەوتن و پێشکەوتنی بە میتۆلۆژیاکانەوە گرێدەدات. بە

هەزاران ساڵی خۆی بۆ پڕوپاگەندەی بیر و بۆچوونی میتۆلۆژیا (ئەفسانە) تەرخانکرد کە بە تەواوەتی پێکهاتەی هزری و رۆحی مرۆڤی بەندکردبوو. بە گوێرەی ئەوەی هەموو شتێك پێشتر لەلایەن خوداوەندەکانەوە بڕیاری لەسەر دەدرا, بۆیە هیچ پێویست بە جوڵانەوە و بیرکردنەوە نەبوو. چی لە چارەنووسدا (قەدەر) نووسرابێت ئەوە روودەدات. سیستەم گەورەترین هێزی خۆی لەم باوەڕییە کوێرانەیەی قەدەر وەردەگرت. کاتێك هێزی پادشا ــ خوداوەندەکانیش هاتە سەر ئەمە تاوەکو دوایی رێگای پراکتیزەکردنی بە کۆیلەکردن ئاوالابوو.

کاتێك ئایینی تاکخودایی حەزرەتی ئیبراهیم بە خوداوەندنەبوونی مرۆڤی کرد بە بابەتێکی سەرەکی باوەڕی, سیستەم لێدان و زیانێکی گرنگی ئایدیۆلۆژی بەرکەوت. بەبێ خۆگرێدان بە خوداوەند، دەرکەوتنە پێشی ئیرادەی مرۆڤ لە داب و نەریتی زەردەشتیدا و بە رۆژەڤ کردن و دەرخستنە پێشی ئەخلاقی ئازادانە و گەیاندنی بە ئاستی سیاسیبوون، کۆیلەداری سەردەمی کلاسیکی وەکو میسر و سۆمەریەکان بەرگەیان نەگرت و نەیانتوانی لەسەر پێیان بمێننەوە. ئەگەر سەرنج بدرێ دەبینرێ یەکێکیان رێگای لەپێش شۆڕشی باوەڕی کردۆتەوە, ئەوی دیکەشیان رێگای لەپێش شۆڕشی ئیرادە و ئەخلاق کردۆتەوە.

هەرچی شۆڕشی فەلسەفییە کە لە هەناوی سیستەمی کۆیلەداری رۆما پێشکەوتووە سێیەمین و دواترین لێدانی ئایدیۆلۆژی پیا دەکێشێ. بە شێوەیەکی بابەتییانە کاتێك شێوازی ژیان و دەزگاکانی سیستەمی کۆیلەداری لەمیانەی هێزی ئەقڵ, دوور لە دۆگما ئایینی و خوداوەندەکان و بە شێوەیەکی سەربەخۆ دەستی بە بیرکردنەوە کرد, ئەوا بەرەو سەنتێزێکی نوێ دەچێت. لەمیانەی بیرکردنەوەی فەلسەفی بە تایبەتیش لەسەردەمی ئەفلاتۆن و ئەرستۆ، هەوڵدەدرا دەوڵەتی شاری ئەسینا رزگار بکرێت و بگات بە ئاستی خوازراو. تەواوی هەوڵەکانی سوقرات کە وەکو باوکی فەیلەسوفەکان پەسند دەکرێت, ئەوە بوو کە بیسەلمێنێ دەتوانرێ هاووڵاتییەکی تێگەیشتوو و زانا بخوڵقێنرێ و لە رێگای ئەمجۆرە چەمکەی هاووڵاتێتی دەوڵەتی ئەسینا رزگاربکرێت. هەربۆیە بەو ئامانجەش دەیخواست بەر لە ئەنجامدانی کارێك هەموو زانیارییەکانی دەرهەق بەم کارە بە دەستبخات و بەمجۆرە ئەنجامیبدات. ئەمە گەوهەری فەلسەفەکەی بوو. ئامانجی سەرەکی ئەفلاتوون ئەوە بوو ئەم چەمکە, ئەم هەڵوێستە ئەخلاقییە بکات بە کارەکتەر و چەمکێکی دەوڵەت. گونجاوترین بەڕێوەبەری دەوڵەت لای ئەو، دەبوایە وەکو فەیلەسوفێك بێت. هەرچی ئەرستۆیە لەو باوەڕەدا بوو کە کرداریترین رێگای ئەمە بەڕێوەبەرایەتییەکی ئەریستۆکراتییە, هەربۆیە پەروەردە کردنی ئەم چینەی بە بنەما دەگرت. سەرەڕای ئەمەش ئەنجامێکی پێچەوانەی لێکەوتەوە؛ دەوڵەت و دیموکراسیەتی ئەسینا رووخا. بە

شێوەیەکی بابەتییانە شێوازی هزری فەلسەفی رێگای لەپێش رووخان کردەوە. چونکە لە سروشتی سیستەمی کۆیلەداریدا جێگای ئیرادە و ئەقڵی مرۆڤ نییە. لە کاتێکدا مرۆڤی کۆیلە خاوەنی هیچ مافێك نییە و وەکو ئامرازێکی بەرهەمهێنان وایە, خاوەن کۆیلەکان دەکرێن بە خوداوەند. لە یەکەم قۆناخی ئاقڵمەندەکاندا هزری فەلسەفی ناکۆکبوون و نەگونجانی لەگەڵ سیستەمدا بە خۆوە بینیوە. ئاقڵمەندەکان بە شێوەیەکی ئاشکرا ئاماژەیان بەوە دەکرد یاساکان لەلایەن خوداوەندەکان پێکنەهێنراوە، بەڵکو لەلایەن مرۆڤەوە خوڵقێنراوە. باسی ئەوەیان دەکرد کە هەر کەس مافی هەیە بە پێی ئەقڵ و هزری خۆی هەڵسوکەوت بکات. تەنانەت یەکەمین قۆناخی رەخنەکردنی ئاقڵمەندانەیان دەستپێکردبوو. لە کۆتاییەکانی ساڵانی ٥٠٠ پ.ز هەنگاو بۆ ئەم قۆناخە هاوێشتراوە. هەم مەزنبوون هەم هەڵوەشانەوەی شارستانیەتی یۆنان گرێدراوی ئەم راستینەیە. لەو شوێنەی کە ئەقڵ بە شێوەی کارکردنێکی ئازادانە کەوتە کار، بیر لە تەمەن درێژی هیچ قالب و دۆگمایەك ناکرێتەوە. هەڵوەشانەوەی سیستەمی کۆیلەداری پڕ لە دۆگما بەرامبەر بە هێزی ئەقڵ راستینەیەکی دەست لێبەرنەدراو بوو. لەبەر ئەوەی دەوڵەتی ئەسینا دەرکی بەم راستینە کردبوو, سوقراتی ژەهرخوارد کرد, ئەفلاتونی ناچاری راکردن کردووە, ئەرستۆشی بە رەزامەندی خۆی بۆ هەندەران ناردووە, کە خواستیان رزگاری بکەن. کۆتایی پڕ لە ئێشی گەلێك فەیلەسوف بە شێوەی کوشتن بووە. هەروەکو مەسیحییەتی قۆناخەکانی دەستپێك, تەواوی قوتابخانە فەلسەفییەکان نیوە بە نیوەیان بۆ گروپی شاراوە و نهێنی گۆڕابوون. بە واتایەکی دیکە, قۆناخی ژێرزەمینی (نهێنی) فەلسەفە دەستییێکردبوو. تاوەکو ساڵانی ٥٠٠ زایینی فەلسەفە لە ژێر کۆنترۆڵ و چاودێری دەمێنێتەوە. دواترین قوتابخانەشی لەم ساڵانە دادەخرێ. لەگەڵ هەنگاونان بۆ چەرخەکانی ناوین لە رێگای دژە شۆڕشێك وەڵامی شۆڕشی ئەقڵ درایەوە.

پەسند کردنی بۆچوونی (**ستۆوایی**) بە شێوەیەکی فەرمی لەلایەن ئیمپراتۆریەتی رۆما، کە ببوو بە ئیمپراتۆریەتێکی گەردوونی, بۆ پێویستی ئیمپراتۆریەت بە ئایدیۆلۆژیایەك دەگەڕێتەوە کە لە رێگایەوە بتوانێ روو لە هەموو کەسێك بکات و موخاتەبەی بکات. ستۆواییەکان ئیمپراتۆریەتیان وەکو قەدەرێك دەبینی. بە گوێرەی چەمکی تێڕوانینی سروشتییان راسترین شێوازی جوڵانەوە وەکو کۆك بوونی سیستەمی سروشت ژیانێکی کۆك بوو لەگەڵ سیستەمدا. بە واتایەکی دیکە فەلسەفەیان کردبوو بە ئایینی ئیمپراتۆریەت. هەروەکو چۆن دوای ماوەیەکی کورت مەسیحییەت وەکو ئایینێکی فەرمی رادەگەیەنرێ, ئەوا لەمیانەی پێکهاتەیەکی پارچە پارچەی کە لە هەموو رەوتە فەلسەفییەکان پێکهاتووە، وەکو بۆچوونی فەرمی دەوڵەت بەکاردەهێنرێ. ستۆواییەکان بە باشترین شێوە

نوێنەرایەتیان دەکرد. سەرەڕای ئەوەی سیستەمی رۆما لە بناخەی خۆیدا بۆ پارچە بوونێکی چینایەتی بە شێوەی کۆیلەیی کە خاوەن هیچ مافێك نییە ئیمپراتۆری خاوەنی هێزی بێسنوور دابەش ببوو, بەڵام بەرامبەر بە پێشکەوتنی هزری لە جۆری وشیاربوونەوەی ئەقڵ و مرۆڤ تەنیا دەبێت بە بەندەیەکی خۆشەویستی خودا, ناتوانێ زێدە خۆی لەسەر پێیان رابگرێت. ئەو هێزەی ئیمپراتۆریەتی رۆمای رووخاند, واتە بەهێزترین سیستەمی کۆیلەداری شیکردەوە و هەڵیوەشاندەوە, ئەو بەربەرانە نین کە بە سەدان ساڵە لە باکوورەوە هێرش دێنن, بەڵکو ئەوەی لە ماوەی چەند سەد ساڵێکدا لەمیانەی هێزی ئەقڵ و باوەڕییەوە پێکهاتەی ئایدیۆلۆژی رۆمای پچراندووە، جوڵانەوە هزری و کۆمەڵایەتییەکانە. ئەم پێشکەوتنە بەڵکو تیرەکەی و بەرفراوانییەکەی بچووك و تەنگبێت, بەڵام بە گوێرەی کاریگەرییەکەی رۆڵێکی دیاریکراوی هەیە. بە گوێرەی چیرۆکێکی تا ئێستا لە ئورفا باس دەکرێت نەمرود بە شمشێر نەمردووە بەڵکو لە ئەنجامی چوونی مێشوولەیەك بۆ ناو مێشکی مردووە. شتێکی روون و ئاشکرایە مێشوولە بە واتای باوەڕی و هزری نوێ دێت. ئەوەی ئاشکرا دەبێت ئەوەیە کە هەروەکو چۆن لە هەڵوەشانەوەی تەواوی سیستەمە دۆگماتیکەکان دەبینرێ, ئەو مێشوولەیەی کەوتۆتە ناو مێشکییەوە سیستەمی کۆیلەداری هەڵوەشاندۆتەوە, واتا ئەو شێوە نوێیانەی هزر و باوەڕی کە ئاراستەی پێکهاتەی باوەڕی و ئەخلاقی سیستەم کراون, سیستەمی هەڵوەشاندۆتەوە, رۆڵی سەرکەوتووانەی زەبری رەها, چی لە دەرەوە بێت یان ناوەوە تەواوکردنی ئەم هەڵوەشانەوەیە لەمیانەی لێدانی چەند زەبرێکی قەبا. ئیمپراتۆریەتی ئەفسانەیی رۆما, بەرچاوترین نموونەی پشت راست کردنی ئەم راستینەیەیە.

V - **پەیوەندی سیستەمی کۆیلەداری بە شوێن و کات:** بابەتێکی دیکە کە پێویستی بە پێناسەکردن هەیە، پەیوەندی سیستەمی کۆیلەدارییە بە کات و هەلومەرجە جوگرافییەکان. دەرك کردن بە پەیوەندی هەر سیستەمێکی کۆمەڵگا لەگەڵ قالبە رۆحی و هزرییە سەرەکییەکانی ئەو قۆناخ و سەردەمەی لە ئارادیە, سەبارەت بەدەست خستنی زانیاری راست زۆر گرنگە. سەپاندنی پەیوەندی کۆیلەداری بەسەر پێکهاتەی رۆحی و هزری رۆژگاری ئەمڕۆمان زۆر ئاستەمە. ئەمە تەنیا لەمیانەی چەواشە کارییەکی مەزنی هزر و گۆڕین و توانەوەی کەسایەتی و پێکهاتەی کۆمەڵگاوە دەبێت. بەرامبەر بە رەوشێکی بەمجۆرە، ئاستی دەرك پێکردنی ئازادی و ئیرادەی بەرخودانی مرۆڤ و مەیل و هەڵوێستی گشتی سەردەم, زۆر لەوە بالاترە کە هەڵوێست و کردەوەی بەمجۆرە پەسند و هەرس بکات. شانسی بەڕێوەچوونی کردارێك کە لە دەرەوەی چەرخ بێت, تەنیا لە رەوشی زۆر

تایبەتـدا دەبـێ (شـەڕ، یـاخی بـوون) بـەڵام دیسـان ئاسـتی گەیانـدن و یاسـای گـەردوونی و یـەكێتی سیاسییانە، دەرفەت بەوە نادات ئەم كردەوانە ماوەیەكی درێژ بەردەوام و هەمیشەیی بن.

هەر لەبەر ئـەم هۆیەیـە كـە شـێوازی پەیوەنـدی كۆیلـەداری لـە نزیكـەوە پەیوەنـدی لەگـەڵ ئـەم قۆناخـەدا هەیـە، كـە هێشـتا بـە شـێوەیەكی فـەرمی دان بـە مافـەكانی مـرۆڤ نـەنراوە، گەیانـدن زۆر سنووردارە، دەزگایـەكی سیاسـی بـە كاریگـەر لـە نـاوەوە و دەرەوە ئـاوا نـەببوو كـە حیسـاب بخوازێـت. تایبەتمەندێتی سەرەكی سیستەم، باڵادەستی رەهای دەسەڵاتی سیاسی و ئایینیـە بەسـەر ئەندامـەكانی كۆمـەڵگا. لـە هـەموو ئاسـتێك بـە دەزگـابوونی چـینی كۆیلـەداری هەڵكشـاو، تـاكی ناچـاری جـۆرە پەیوەندییەك كردووە كە تەنیا بتوانێ زگی خۆی تێر بكات. هزر و رۆح و تەواوی ژیانی بـە گـوێرەی ئـەم پەیوەندییـە شـێوە دەگرێـت. بـەمجۆرە پەیوەنـدی سـەردەمی كۆیلـەداری چاخە دێرینـەكان بـە مرۆڤـەوە دادەنرێـت. لێـرەدا پەیوەندییـەكی دیالیكتیكییانـەی تـەواو لـە نێـوان كـات و شـێوەگرتنی كۆمەڵگا دانراوە. ئەمە بژارێكی بـە گـوێرەی هـەوەس (ئـارەزوو) نییـە. كـات (زەمـەن)، زانـای فیزیـك **ئەنیشتاین** هەقدار دەكات و تیۆرییەكەی پشت راست دەكات، چونكە كات وەكو بوارێـك وایـە كـە سیستەم دەبەستێتەوە. كات وەكو هێزێك وایە. هەروەكو چۆن سیستەمێكی كۆیلـەداری بـە بـێ كـات و رۆژگار نابێت، شێوەبەندی كۆمەڵگایەكی بە گوێرەی رۆژگـاریش نـەبێت جێگـای بـاس نییـە و نابێـت. تەنیا رەچاو كردن و پێوانەكردنی كات (زمـان) وەكو فاكتـەرێكی زانستەكانی سروشت تێـرا ناكـات و نابێتە وەڵام. شتی گرنگتر بە دەست هێنانی پێوانەی پەیوەندی نێوان كات ـ كۆمەڵگایە. كات بوارێكی زانستی كۆمەڵگایـە كـە دەرك بـە گرنگییەكـەی نـەكراوە و كاریگەریەكـەی روون نەكراوەتـەوە. تـەنیا كاتێـك بـە زانسـتێكی راسـتی كۆمـەڵگا دەگـەین كـە بـە شـێوەیەكی راسـت پێوانـەی ـــ رێـژەی كـاتی دەستنیشـانكرد و لـە تـەواوی پەیوەنـدی و نـاكۆكی و جوڵانـەوە و پێكهاتەكانیـدا كـاتی رەچـاوكرد و خستییە ناو لێكدانەوەكانی خۆی. لەم بوارەدا كاتێك ریزبەندی كاتی شارستانیەتی كۆیلەداری بكەین، دەتوانرێ هەندێ قۆناخی سەرەكی دەستنیشان بكرێت.

آ ـ **لە دایك بوون و پێشكەوتنی:** مەزەندە دەكرێ هاوكاتی رێكەوتـی سـاڵانـی ٢٥٠٠ تـا ٣٥٠٠ پ.ز دەوڵـەت ئـاوا كـراوە. ئـەوە یـەكلا بۆتـەوە سیسـتەم دەتوانێـت بـژیت. بـە گـوێرەی بڵاوبوونـەوە و كۆڵـۆنیكردن گونجـاوە. بـە پـوختی دەتـوانرێ وەكـو حاكمیـەتێكی رەهـای خانـەدانێكی سیاسـی یـان گروپێك پراكتیزەبكرێت، كە لەلایەنی راهیبە ـ پادشاكان بە شێوەی یەكێتی خوداوەندەكان لەمیانەی میتۆلۆژیاوە بەسەر پێكهاتەی هزری و دەروونی مرۆڤدا سەپێنراوە. لە كاتێكدا باڵادەستی ئایدیۆلۆژی بـە بنـەما دادەنرێـت، بەڕێوەبەرایـەتی سیاسـی تـازە پێشـدەكەوێت و بـە پلـەی دووەم دێـت. چـینە

دەسەڵاتدارەکان تەواوی ئەم پەیوەندییانەی بە دەوڵەت بەستۆتەوە کە وەکو موڵکی بێ سنووری خۆی دەبینێ. دەتوانرێ ئەم قۆناخە بە سیستەمی پادشا ـ خوداوەندەکانیش ناوببرێت. گەوهەرەکەی خۆی لـە سـۆمەرەکانەوە وەرگرتـووە. ئـەو شارسـتانیەتانەی لـە نزیکـەوە کاریگـەریان کردۆتـە سـەر, شارستانیەتی میسر, ئیندۆس و هەراپا و موهانجادرۆی پەنجابە. شیمانەی ئەوە دەکرێت شارستانیەتی میسـر لـە ٢٣٥٠ ـــ ٣٠٠٠ پ.ز, ئەوانـەی دیکـەش لـەماوەی نێـوان ٢٠٠٠ ـــ ٢٥٠٠ پ.ز بـەم قۆناخـەدا دەربازبووبن.

شـێوەی سـەرەکی هـزری ئـەو رۆژگـارە میتۆلۆژییـە. زمـانی رۆژگـار شـیعرئامێزانەیە. زمـانی شـیعرئامێزانە لەدەسـتپێکی هـەموو شـێوەکانی هـزری میتۆلۆژیـادا زاڵـە. شـیعر بـە باشـترین شـێواز, رەونەق و بێگەردی ژیان دێنێتە زمان. زمـانی شـیعر بیرکـاری ژیانـە. ئـەو پەیوەندییانـەی لـە زمـانی شیعرئامێزانە دادەبڕێن نامۆدەبن, نامۆبوونیش کەوتنە. نیشاندانی ژیان بـە زمـانێکی شـیعرئامێزانە وەڵامێکی راستە سەبارەت بە گەوهەری ژیان. نەبوونی شیعر لە نزیکەوە پەیوەنـدی بـە لەدەسـتدانی ژیانەوە هەیە.

نابـێ دەرهـەق بـەم بابەتـە بکەوینـە نێـو هەڵەیـەکی بـەمجۆرە: کـێش و قافیـە, سیسـتەمی چـوارینەکان, درێـژی و کـورت بـوونی بەیتـەکان, تـەواوی ئـەم لایەنانـە دەرهـەق بـە وردەکارییـە و راستینەی شیعر دیاری ناکەن. لە زمانی شیعر چۆنێتی بڕگەکان و شـێوەکانی رێکخسـتنی زیـاتر, ئـەو ناوەڕۆکەی لە خۆوەی دەگرێت، سەرەکییە و رۆڵی دیاریکراو دەبینێ. هەروەها ئەم قۆناخە لەمیانـەی دەزگـای نووسـەران دەردەکەوێتـە پـێش. پەیوەنـدی نێـوان دەرکـەوتنی شارسـتانیەت و سیسـتەمی نووسیندا مسۆگەرە. کاتێك باس لە نووسین دەکرێت نابـێ تـەنیا بـە رێنـووس و ژمارەکـان تێبگـەین. دەبێ وەکو رەنگدانەوەی هێمای هزرەکان تێبگەین. تەنیا قۆناخێکی هزری کە گەیشـتۆتە ئـەم ئاسـتە دەتوانێ شارستانیەت بخوڵقێنێ.

لە دەزگا سەرەکییەکانی دیکەدا بیناسازی کۆشك و پەرستگاکان هاتۆتە ئاراوە. نـاتوانرێ بـاس لـە قۆنـاخی کۆیلـەداری بکرێـت کـە خـاوەنی کۆشـك و پەرسـتگا نـەبێت. بناخـەی تـەواوی کۆشـك و پەرستگاکان لەسـەردەمی ئاواکردنـدا وەکـو یەکـەمین پێکهاتووە؛ لـە قۆناخـەکانی دواتـر پێشکەوتن لەسەر بنەمای بە دواداچوونی ئەم شوێن پەنجەیە بەردەوام بووە. لەم قۆناخەدا سیستەمی موڵکایەتی نوێنەرایەتی پەیوەندی ئەو جیهانە دەکات کـە خوداوەنـدەکان تێیـدا دەسـەڵاتدارن. موڵکـداری گشـتی (هاوبــەش) لەپێشــە. خــاوەنی زەوی و پەیوەندییــەکان و بــەڕێوەبردنیش, تــەواوی کۆمەڵەیەکــە.

بەڕێوەبەرایەتی سەرچاوەی خۆی لە جیهانی خوداوەندەکانەوە دەگرێت, بەندەکان ئەرکیان تەنیا خزمەتکردنە.

شوێنی سەرەکی نیشتەجێبوون شارە. شار دەزگایەکی سەرەکییە کە رۆح و هزری ئەم قۆناخەی دیاریکردووە. پەیوەندی دەستپێکردنی شارستانیەت لەگەڵ شۆڕشی شار مسۆگەرە. شار تەنیا شێوەیەکی جەستەیی نیشتەجێبوون نییە, بەڵکو ناوەندی ئەو کۆمەڵگا سیاسی و کۆمەڵایەتییەیە کە هزر و رۆحی نوێی خوڵقاندووە. وەستایەتی پیشەکاری دەزگایەکە پێشدەکەوێ. بەڵام هێشتان سەربەخۆیی بەدەست نەهێناوە. وەکو پارچەیەکی پەرستگا و کۆشك وایە و پەیوەندی کۆیلایەتی زاڵە, بوونی مرۆڤ بە موڵك، بابەتێکی سەرەکییە. ئەو بازرگانییەی کە پێش دەکەوێت خاوەنی پەیوەندییەکی هاوشێوەیە. ئاستەمە باس لە چینی ناوین و ناسنامەکەی بکرێت. شێوازی پەیوەندی رەهای لە جۆری بەڕێوەبەر ـ بەڕێوەبراو، کە خاوەنی هەموو شتێکە، لە هەموو بوارەکاندا زاڵە. بە هیچ شێوەیەك ناتوانرێ باس لە ناسنامە و ئیرادە و ئازادی چینی ناوین بکرێت.

ئامرازەکانی بەرهەم هێنان زیاتر داهێنانەکانی سەردەمی کۆمەڵگای نیۆلیتیکە, لەگەڵ بوونی بە موڵکی هاوبەشی بەڕێوەبەرایەتی شارە نوێیەکان, شێوازێکی نوێی پەیوەندی ئاواکراوە. خوڵقاندنی ئامرازێکی تایبەت بە خۆی نابینرێ. هەمان شێوەی هاوبەشێتی بەسەر خاکیشدا پەیڕەو دەکرێت. دیاردەی هەرە زێدە پێیەوە گرێدراون ئاودێری سروشتی و دەستکردە.

کۆمەڵەی ئەتنیکی جێگای خۆی بۆ کۆمەڵگای چینایەتی بەجێهێشتووە. کلتووری دەسەڵاتی بنەماڵەیی لە هەڵکشاندایە. چارەسەرکردنی بە دەزگابوونی ماددی و پێکهاتە رۆحی ــ هزرییەکان رێك بە گوێرەی سەردەم و کاتی خۆی کێشە و ئەرکی سەرەکی زانستی مێژوو ناسییە.

**ب ـ سەردەم (کات)ی پێگەیشتن و بڵاوبوونەوە:** شانبەشانی ئەوەی بە گوێرەی هەر ناوەندێك جیاوازی هەیە, بەڵام ئەم قۆناخە بۆ ماوەی نێوان ٢٥٠٠ تا ٥٠٠ پ.ز دەگەڕێتەوە، دیارترین و بەرچاوترین تایبەتمەندێتی جێگیربوون و پەلهاوێشتنی ئەو سیستەمەیە کە خۆی سەلماندووە. کۆمەڵگای سۆمەر لەو سەردەمەدا (٢٠٠٠ پ.ز) جێگای خۆی بۆ بابلی و ئاشووریەکان بەجێهێشتووە. لەگەڵ ئەوەی قۆناخی دەسەڵاتداریێتی بابلی و ئاشووریەکان بەناو یەکدا چووە و لەمیانەی ناکۆکییەوە بەڕێوەدەچێت, بەڵام گوزارشت لە یەکپارچەیی دەکات. ٢٠٠٠ تا ١٦٠٠ پ.ز سەردەمی لە دایك بوون و پێشکەوتن. ١٦٠٠ تا ١٠٠٠ پ.ز پێگەیشتنی ناوین, ١٠٠٠ پ.ز تا ١٠٠ زایین گەیشتنە لوتکە و رووخانە. لە میسر ٣٠٠٠ تا ٢٣٥٠ پ.ز لە دایك بوون و پێشکەوتن, ٢٠٠٠ تا ١٨٠٠ پ.ز پێگەیشتنی ناوین, ١٥٠٠ تا ٠ پ.ز گەیشتنە لوتکە و رووخانە. هەراپا بەردەوام نابێت لە ساڵانی ٢٠٠٠ پ.ز کزدەبێ و دەکوژێتەوە.

ریزبەنـدی مێـژوویی چـینیش ١٥٠٠ تـا ١٠٠٠ پ.ز لـە دایـك بـوون و پێشـكەوتن, ١٠٠٠ تـا ٥٠٠ پ.ز پێگەیشتنی ناوین, ٥٠٠ پ.ز تا ٥٠٠ زایین لوتكە و رووخانە. هیندییەكانیش ١٠٠٠ تا ٥٠٠ پ.ز لە دایك بوون و پێشكەوتن, ٥٠٠ پ.ز تا ٥٠٠ زایین پێگەیشتنی نـاوین, ٥٠٠ تـا ١٠٠٠ زایینـی لوتكـە و رووخانـە. هەرچی شارستانیەتی یۆنان ـ رۆمایە بە شێوەیەكی گشتی بەرهەمی قۆناخەكانی لوتكـە و رووخـانن. هـەروەها هیتیـت, میتـانی, فینیقـی, عیبرانـی و یۆنانییـەكان كـە زیـاتر لـە ئاسـتی ژێـردا بـە مۆدێلـە سەرەكییەكە دەچن، شارستانیەتی ئەم سەردەمەن, هەوڵیانداوە لە ناوخۆیانـدا بـە تـەواوی یـاخود بـە رێژەیی بەم قۆناخەدا دەربازبن.

بەرچـاوترین تایبەتمەنـدێتی ئـەم قۆناخـە ئەوەیـە كـە مـەزن بـوون و فـراوان بـوون لەمیانـەی پەلهاوێشتندایە. گەلێك كۆلۆنی و شـاری گرێـدراوی قۆنـاخی پێشـتر, تـا ئاسـتی نیمچـە دەوڵـەتی شـار بەرزبوونەتەوە و ناوەندی نوێ دەركەوتوون. لە جوگرافیای رۆژهـەڵاتی ناوینـدا شـارەكان بـە شـێوەی نەخشەی بڵاوبوونەوەی ئەستێرەكان بڵاوبوونەتەوە. كارەكتەری راهیبێتـی بەڕێوەبەرایـەتی دەوڵـەت كەوتۆتـە پلـەی دووەمـەوە. راهیبێتـی زیـاتر گەوهـەری دەزگایـەك لـەخۆوە دەگرێـت كـە بـە كـاری ئایـدیۆلۆژیاوە خەریكـە. هەسـت كردنـی دەسـەڵاتی سیاسـی وەكـو هێزێكـی نزیـك بـە خوداوەنـد و پراكتیزەكردنی جێگای باسە. كۆشك و پەرستگاكان مەزن و زیادبوونـە. دەزگـای پادشـایەتی تۆكمـە و پتەوتركراوە.

سەرەكیترین تایبەتمەندێتی پێشكەوتنی كۆمەڵایەتی ئەم قۆناخە لە دایك بوونی چینی نـاوین و بـە دەسـت هێنـانی كەسـایەتی و ناسـنامەكەیەتی. بازرگـان و پیشـەكاران بوونەتـە چـەكەرە و هێـزی سەرەكی مەزن بوونی شارەكان, لە پەیوەندی نێوان شارەكان و شار ــ گونـد و پێشـكەوتنی ئـابووری و كۆمەڵایەتیدا رۆڵ و هێزی داینەمۆیان بینی. پیشـەكاران سـەربەخۆدەبن, بازرگانـانیش بـە ئەنـدازەی نیمچە دەوڵەتێكی شار بە كاریگەرن. لەسەرەتا ئاشووریەكان دواییش فینیقیـەكان, دواتـریش گریـت, قەرتاجە و عیبرانییەكان و گەلێك دەوڵەتۆكەی كەنارەكانی ئەنادۆڵ لە بناخەی خۆیاندا كارەكتەرێكی بازرگانی و پیشەكاریان هەیە. دوای دەزگاكانی پادشایەتی و راهیبێتـی شارسـتانیەت بازرگانـەكان ئـەو هێزەن كە وەكو گرنگترین چینی كۆمەڵایەتی رۆڵدەبینن.

لە ئابووریدا كاڵا پێشكەوتووە. ئەو مادده و كەرەستانەی بابەتی بازرگـانی، بـەردەوام زیاددەبێـت. بازرگـانی كۆیلـەكان چـڕ و فـراوان بـووە. مانیفـاكتۆرای نزیـك بـە كارگـە دێتـە ئـاراوە. لـە دەرەوەی كۆنترۆڵی دەوڵەت شێوازێكی كاروباری ئابووری رێڕەوی گرتـووە و پـێش دەكـەوێت. بـە تایبـەتیش لـە ساڵانی ١٥٠٠ پ.ز شارستانیەتی كۆیلەداری لە ناو قۆناخێكی "**جیهانی بوون**"دا دەژیت. دەتوانرێ ئەمە

بە قۆناخی **جیهانی بوونی** مس ناوزەدبکرێ. سیستەم تام و چێژی پێگەیشتن دەکات. بۆ یەکەمین جار دەزگای دیبلۆماسی پڕ لە دیاری بە کارهێنراوە, شارستانیەتی ڕۆژهەڵاتی ناوین لە قۆناخی هەرە بەهێز و بەخۆباوەڕ دەژیت.

میتۆلۆژیای چاخە دێرینەکان دووچاری تێکشکان دێت. ئەو پێشکەوتنەی لەسەر بنەمایەکی ئایینی بە دیدێت و جەخت لەسەر بە خوداوەندنەبوونی مرۆڤ و بە بت نەبوونی خوداوەندەکان دەکاتەوە, لەم تێکشکانەدا ڕۆڵی سەرەکیشی دەبینێ. زاراوەی نوێی تاکخودایی کە گوزارشت لە هزری یەك بوونی ئابووری و بازرگانی دەکات, ڕۆڵێکی یەك پارچەیی و یەك بوونێکی زیاتر دەبینێ و وەکو بەردی بناخەی پێکهاتەی ئایدیۆلۆژیایەك دادەڕێژرێ کە دەتوانێ تەواوی خەڵك موخاتەبە بکات. لە کاتێکدا قۆناخی خوداوەندەکانی دامەزرێنەری شار و تیرەکان تێپەڕدەکرێت, وەکو داب و نەریتێکی ئایینی تاکخودایی کە تەواوی مرۆڤایەتی لە ئامێزگرتووە, **"ئەڵڵا"** لە پێشکەوتنی مێژووییدا یەکێك لە گرنگترین ڕۆڵەکانی خۆی دەبینێ. بە لایەنی کەم هێندەی هەلومەرجی ماددی, باس کردنی ڕۆڵی مێژوویی ڕەنگدانەوە مەعنەوییەکان واقیعی و لە جێگای خۆیدا دەبێت.

یەکێك لە بە دەزگابوونە گرنگەکانی ئەم قۆناخە بەکارهێنانی هێز و توانای ئەسپ و بەکارهێنانێتی لە ڕاکێشانی گالیسکەکانی شەڕدا. بۆ یەکەمین جار لە سایەی گالیسکە ئەسپدارەکان، دەزگای سەربازی مەزن کراوە و هێزەکەی دەنگی داوەتەوە و هەموو شوێنێك دەهەژێنێ. ئیتر خێراترین هێزی مێژوو کەوتۆتە کار. ئەم ئامرازانەی لەژێر دەسەڵاتی چینی ژوور دایە, لەگەڵ چەکە لە مس دروست کراوەکان, قۆناخی بەهێزبوونی فەرمانداریێتی سەربازی لەگەڵ خۆیدا دێنێ. ئەم باڵادەستییەش لە کەسایەتی حامورابی پادشای بابل دەگاتە لوتکە.

**ج ـ چاخی کلاسیکی شارستانیەت یاخود قۆناخی گەیشتن بە لوتکە و ڕووخان:** ئەم قۆناخە لە ماوەی نێوان ٥٠٠ پ.ز تاوەکو ٥٠٠ زایینی بەردەوام بووە. لە کاتێکدا ئەو شارستانیەتەی کە ناوەندەکەی میزۆپۆتامیا بوو، جێگای خۆی بە ئیمپراتۆریەتی میدیا ــ پارس بەجێهێشت, شارستانیەتەکانی ڕۆژئاوا کە ناوەندەکەیان میسر و ئەنادۆڵ بوو, جێگای خۆی بۆ شارستانیەتی یۆنان ـ ڕۆما بەجێهێشت. لە کاتێکدا قۆناخی ئیمپراتۆریەتی ماد ـ پارس زێدەڕۆیی و سەرەڕۆیی بابلی و ئاشووریەکان بەلاوەدەنێت و لە جێگای ئەو نوێنەرایەتی قۆناخێکی دادپەروەر و ئاشتیخوازانەتر دەکات, ئەوا قۆناخی نەمروود و فیرعەونەکانیش بەجێ دێلێت کە کاریگەرییەکی بەهێز و سەرسامیان لە پاش خۆیان بەجێ هێشتووە. مژدەی ئەوە دەدرێت کە کۆیلایەتی قەدەرنییە و دەشێ

رزگاری و ئازادی بەدەست بهێنرێ. باس لە شکاندنی ئەو زنجیرە دەکرێت کە تاوەکو قورگ لە مرۆڤ ئالێنراوە.

لە کاتێکدا لە رۆژئاوا یۆنان و رۆما لەمیانەی پشت بەستن بە هێزی ئەقڵ و فەلسەفە سیستەم بەرەو لوتکە دەبەن، ئەوا تەواوی فاکتەرەکانی کەوتنیش لە ناوخۆیدا دەچێنێ. هەروەکو چۆن کۆماری رۆمای کۆیلەداری و دیموکراسیەتی ئەسینا توانای هێزی فەلسەفەیان سەلماند، لەهەمانکاتدا دانیان بە ناکۆك بوونی خۆیان لەگەڵ ئەم سیستەمانەدا هێنا و سەلماندیان. زێدەڕۆیی لە مەزن کردنی دەسەڵات و گەیاندنی بە ئاستی خوداوەندی، کە سەرەکیترین تایبەتمەندێتی شارستانیەتی کۆیلەدارییە، ناشێ بۆ ماوەیەکی درێژ بە یەکەوە لەگەڵ ئەو باوەڕییە و ئیرادە و هزرەدا بژیت کە ئازادبوونە. هەروەکو چۆن گەیشتنی سیستەمێك بە هەرە لوتکەی پێشکەوتنی خۆی، بەهۆی هەبوونی ئەم ناکۆکییانەیە کە بەر لە قۆناخی هەڵوەشانەوە دەرکەوتن، ئەوا کەوتنەکەشی بەهۆی خستنە گەڕی دژە جەمسەری ئەم ناکۆکییانەیە. لەکاتێکدا لایەنێکی ناکۆکی سیستەم بەرزدەکاتەوە لایەنەکەی دیکە دەیخات. ئیتر سەردەم بووە بە قۆناخی هەرە خێرای سیستەم. خێرابوون واتای زیادبوونی رۆڵ و گرنگی کاتە. خێرایی هەم رووخێنەرە، هەم بونیادنەرە. خێراییبوون لە پێکهاتەیەکدا بە واتای قۆناخی کەوتنە گەر و جموجوڵی فاکتەرەکانی رووخان و سەرلەنوێ ئاوابوونە. بەمجۆرە مێژوو لە ٥٠٠ پ.ز بە دواوە دەربازی قۆناخی خێرابوون بووە. ئیتر قۆناخی هەرە خێرای گواستنەوەی شارستانیەت لەو پەڕی رۆژئاوا بۆ ئەو پەڕی رۆژهەڵات بە ئەسپ دەستیپێکردووە. بازرگانی مال و هزریش بە هەمان خێرایی هەڵدەسووڕێ. لە کاتێکدا جیابوونەوەی رۆژهەڵات ــ رۆژئاوا پێش دەکەوێت، لەهەمانکاتدا لە هەموو ئاستێکدا جموجوڵ لە نێوانیاندا بەردەوامە. کێشمەکێش و پێکدادانی پارس ــ یۆنانیەکانی پێشتر جێگای خۆی بۆ ململانێ و پێکدادانی رۆما ـ ساسانییەکان بەجێ هێشتووە. دیبلۆماسییەتی هاوسەنگییەکان لەگەڵ خۆیدا، رێگای لەپێش چەند پێکهاتەیەکی نوێ کردۆتەوە.

لەگەڵ وزەی ئاژەڵ، دەرفەت و تواناکاری سوود وەرگرتن لە وزەکانی با و ئاو پێش دەکەوێت. پارە کەوتۆتە گەڕ. جامچێتی و نووسەری دووپیشەن کە پێشدەکەون. بیناسازی شارە کلاسیکەکان لە قۆناخێکی دەگمەن و بێهاوتای خۆیدا دەژی. یاسای علمانی (دابڕاو لە ئایین) بناخەکەی دادەنرێ. چینی ناوین لە بواری چەندایەتی و چۆنایەتییەوە درێژە بە پێشکەوتنی خۆی دەدات. ئایینی مەسیحی عیسا کە وەکو ئایینێکی مرۆڤایەتی و گەردوونییە، دەبێتە گەورەترین جوڵانەوەی ئەخلاقی و باوەڕی، هەروەکو بەهێزترین پارتی کۆمەڵایەتی قۆناخی خۆی وایە. هەرەس ئاسا تەریقەتە

سۆفیگەراییەکان دێنە ئاراوە،لە سەرووی هەمووشیانەوە مانیزم. قوتابخانە فەلسەفییەکان لەسەرووی هەموویانەوە ستۆواییەکان, لە هەموو شوێنێك دەکرێنەوە و زۆردەبن. لە رێگای ئیمپراتۆریەتی گەردوونی رۆما شارستانیەتیش لە هەموو گۆڕەپانێکدا ناچاری گەردوونی بوون دەبێت. هیچ دەزگایەکی شارستانیەتی کۆیلەداری لەو هێزەدا نییە ئەو مرۆڤە بوەستێنێ کە لەمیانەی چەمك و چالاکییەکانی خۆیەوە کەوتۆتە ناو جموجۆڵەوە. ئیتر سەردەم سەردەمی قەڵشین و خولْقاندنی نوێترە. سەردەمی کۆیلەداری کە کزببوو، دوای هێدیبوونێکی درێژخایەن جارێکی دیکە خێرادەبێت و بە ئامانجی خولْقاندنی سەردەمی بەهێزترین و خێراترین شارستانیەت چەرخی ناوین دەئافرێنێ.

پەیوەندی نێوان شارستانیەت و جوگرافیا لە پەیوەندییەکی میکانیکی بەولاوە, گرێدراوی گەوهەرە و واتایەکی دیالیکتیکی لە خۆوەدەگرێت. ئەگەر هیلالی بەپیت نەبوایە هەرگیز شارستانیەتی میسر و سۆمەر نەدەبوو. ئەگەر میسر و سۆمەر نەبوایە رۆژهەڵاتی ناوینیش نەدەبوو. بەبێ هەبوونی رۆژهەڵاتی ناوین نە شارستانیەتی هیند و چین لە رۆژهەڵات, نە شارستانیەتی یۆنان و رۆما لە رۆژئاوا پێش نەدەکەوتن. ئەگەر یۆنان و رۆما نەبوایە شارستانیەتی ئەوروپای رۆژگاری ئەمرۆمان نەدەبوو. بە ئەندازەی ئەوەی ریزبەندی مێژوویی لەلایەنی کات (رۆژگار)ی هەیە, ئەوا ریزبەندییەکی جێگا (شوێن)ی بەمجۆرەی هەیە کە ناتوانرێ لە یەکتری دابڕێنرێ. نابێ پەیوەندی نێوان جوگرافیا و مێژوو تەنیا وەکو پارچەیەکی جەستەیی و لەباری سروشت بە شێوەیەکی تەسك و سنووردار بگردرێتە دەست. پەیوەندییەکی پتەو لە نێوان شێوەگرتنی کۆمەڵگای نیۆلیتیك و جۆرەکانی ئاژەڵ و دانەوێڵە و کەش و هەوای جوگرافیاوە هەیە. مێژوو و سروشت ئەم شانسەیان بە جوگرافیای هیلالی بەپیت داوە. ئەوانەی لەم جوگرافیایەدا رێگایان لەپێش قۆناخی کۆمەڵگای نیۆلیتیك و شۆڕشی مەزنی کشتوکاڵی کردۆتەوە, لە راستیدا قارەمانی هەرە راستەقینەن کە مێژوویان لە منداڵدانی سەرەکی خۆی هێناوەتە دونیا و بۆ یەکەمین جار لانکەی مرۆڤایەتییان راژاندووە. ئەمانە دایکە ـ خوداوەند و قارەمانانی ـ رەنجی نەناسراو و بێ ناوی مێژوون. مێژوو بەمجۆرە دەستییپێکرد, بەڵام بە درۆ نووسرا. منداڵ لێرە مەزن بوو بەڵام, ناوێکیتری لێنرا. تەواوی کۆڵەکەکانی شارستانیەت لێرە خولْقێنران بەڵام, بیانییەکان دەستیان بەسەرداگرت. تاوەکو ئێستاش ئەمانە شارستانیەت بەخێودەکەن بەڵام, خەڵکانی دیکە دەژین. تاوەکو دان بەو توانستانە نەنرێت کە هیلالی بە پیت پێشکەشی مێژووی کردووە و مافەکەی نەدرێتەوە, ئەوا ئەم مێژووە بێبنگەیە، ناتوانێ لە مێژوویەکی درۆ و چەواشەکاری رزگار ببێت.

هیرۆدۆت لەسەردەمی خۆیدا ئەوەی دەستنیشان کرد کە میسر دیارییەکی رووباری نیلە. لە کاتێکدا ئیندۆس و پەنجاب شارستانیەتی هیندیان خوڵقاندووە, رووباری زەرد چینی ئافراندووە. تایبەتمەندێتی ئاودێری خۆرسك و سروشتی ئەنادۆڵ, تەواو ئەو شارستانیەتانە دەخوڵقێنێ کە تێر ئاویان دەکات. ئەو بازرگانییەی لەگەڵ پێکهاتنی ناوەندەکانی شارستانیەت خێرا دەبێت, لە شوێنە جوگرافییە لەبارەکاندا دوورگەی جیاجیای شارستانیەت ئاوا دەکات. جوگرافیای دەریای سپی لەمیانەی کەنارەکانی و ئاوەکەی خاوەنی تایبەتمەندێتی کۆنترین و گەورەترین دەریای شارستانیەتە. پێکهاتەی لەباری ئاو و هەوا و زەوی, تەواوی ئەوروپا دەکات بە ناوەندی گەورەترین شارستانیەت.

لێکۆڵینەوەی هەر جوگرافیایەك سەبارەت بە کۆمەڵگا و مێژوو خاوەن گرنگییەکی تایبەتە. جوگرافیا لەمیانەی لایەنە ئەرێیی و نەرێییەکانی, خاوەنی کاریگەرییەکی بنچینەیی و بەردەوامە بەسەر شارستانیەت و پێکهاتە و پێشکەوتنی کۆمەڵگادا. ئەگەر ئەمڕۆ کێشەکانی ژینگە ئافاتێکی لەگەڵ خۆیدا هێنابێت؛ ئەمەش گرێدراوی ئەو لایەنانەی شارستانیەتە کە لەگەڵ سروشتدا ناکۆکە و لە ئەنجامی بە کوێرایی گرتنەدەستی پەیوەندی نێوان کۆمەڵگا و جوگرافیا لەلایەن ئەم چەرخەمان دەرکەوتووە کە بانگەشەی زانستیبوون دەکات. لە راستینەی کۆمەڵگادا جوگرافیا رۆڵی لانکە دەبینێ. دەبێ مرۆڤایەتی بزانێ کە هیچ کاتێك بەبێ جوگرافیا ناتوانێ بژی و لانکەی خۆی تێکنەدات. یەکێك لە ئەنجامە گرنگەکانی لە شیکردنەوەکانی شارستانیەتی بیدۆزینەوە ئەمەیە.

VI - **میراسی شارستانیەتی کۆیلەداری:** دەرباز بوون بۆ کۆمەڵگای چینایەتی, لە ئەنجامی ئەم ناکۆکییانەوە بوو کە کۆمەڵگای نیۆلیتیك نەیتوانی چارەسەری بۆ بدۆزێتەوە. لەبەر ئەوەی کەڵەکە بوونی ئامرازەکانی بەرهەم هێنان و ئاستی زانیاری لە بوارێکی ژوورتردا رێکنەخرا, بێکار و بێ سوود دەمانەوە. لە لایەکی دیکەشەوە زۆربوونی ژمارەی دانیشتوان هاتۆتە ئاراوە. ئیتر کۆتایی بە قۆناخی دابەشکردنی خاك بە شێوەیەکی هاوبەشانە هاتووە. ئیتر دەرفەت و تواناکاری چارەسەرکردنی کێشەکان لەمیانەی بڵاوکردنەوەی کۆمەڵگای لادێ نەمابوو.

لەگەڵ گەیشتن بە ساڵانی ٤٠٠٠ پ.ز, کۆمەڵگای کشتوکاڵی لە زەریای ئەتڵەسییەوە تاوەکو زەریای مەزن تەواوی زەوییە لەبارەکانی ئەوروپا و ئاسیای گرتۆتەوە. چڕبوونەوەی ژمارەی دانیشتووان لە ناوچەکانی دەوروبەری دەریای سپی لە ئاستێکی پێشدابوو. کاتێك کۆمەڵگای لادێ گەیشتە بەرزترین ئاستەکانی پێشکەوتن، یان لەمیانەی سیستەمێکی نوێوە هەنگاودەهاوێژێ, یاخود لە ئەنجامی ئەو شەڕانەی لە قۆناخەکانی دواییدا لەپێناو بەدەست هێنانی خاکدا پێشکەوتووە، لە نێو هەلومەرجی پێکدادانیدا دووچاری خراپ بوون و لەرێ لادان دەکات. ئاستی تەکنۆلۆژیا و زیاد بوونی ژمارەی

دانیشتوان چارەسەری لە گۆڕانکاری سیستەمدا دەدۆزێتەوە, هەوڵماندا لە نزیکەوە شێوازی چارەسەرکردنی کۆمەڵگای چینایەتی کۆیلەداری ببینین. ئەمە شۆڕشێکی شار بوو. گەوهەرەکەی پشتی خۆی بە ئۆرگینازسیۆنی کۆمەڵکاری رەنجی مرۆڤ دەبەست کە لەمیانەی ئەو ئامرازانەی کە هەبوو بەروبوومێکی زۆر لەوە زیاتری بەرهەم دێنا کە خەرجی دەکرد. سەفەربەر کردنی ژمارەی زۆری دانیشتوانی دۆڵەکانی رافێدەین و نیل، بۆ کشتوکاڵ و ئاودێری گەنجینەی دەخوڵقاند. ئەم ناوەندە نوێیانەی بەرهەم هێنان هەروەکوجێبە جیَکردنی خەون و موعجیزەیەك وابوو. ئەو رەوشەی کە مرۆڤایەتی تێیدابوو ئەم پێشکەوتنەی بەمجۆرە هەڵدەسەنگاند. بەمجۆرەش لە تەواوی پێکهاتەی هزریدا دەنەخشێنرا. بێگومان ئەنجامدانی پێهەڵگرتنێکی بەمجۆرە بەرامبەر لە پەلوپۆکەوتنی کۆمەڵگای گوندی نیۆلیتیك کە هەزاران ساڵ بەردەوام بوو, پێشکەوتنێکی مەزن بوو.

لە رەوشێکی بەمجۆرەدا نەبوو کە ئەو ناکۆکیانەی مەزنەندە نەدەکران و لە ناواخنی خۆیەوە دەگرت, یەکسەر دەریان بخات. هەموو شتێك لە شێوەی جیهانی خەیاڵ سەرنج راکێش و ئیلهام بەخش بوو. بە گوێرەی رابرِدوو تەنانەت هەر یەکێکی کار بکات دەیتوانی باشتر زگی خۆی تێر بکات و لە ناو ئارامیدا بژیت. سیستەمی سۆمەر کە لە ساڵانی ٣٥٠٠ پ.ز بۆ یەکەمین جار لەمیانەی ئاواکردنی شاری لە جۆری ئورك و ئەریدۆ دەستیپێکرد, بە تەواوی بۆ ماوەی ٣٠٠٠ ساڵ گەوهەرکەی خۆی پاراست و لە رێگای زنجیرەی دەزگاکان بەبێ پچڕان، مەزن بوو و بڵاو بۆوە و هەروەکو بڵێی سەرلەنوێ تەواوی ئەو گۆڕەپانانەی فەتح کرد کە کۆمەڵگای کشتوکاڵی پێکیهێنابوون و بەمجۆرەش سەرکەوت لەوەی بیانکات بە گۆڕەپانی شارستانیەت.

لە رۆژگاری ئەمرۆشماندا ئاستەمە باس لەوە بکرێت کە شارستانیەت لە هەموو بوارێکەوە شیکراوەتەوە. تەواوی دەزگا پەیوەندییە سەرەکییەکانی رۆژگاری ئەمرۆمان سەرچاوەی خۆی لەم شارستانیەتەوە دەگرێت. ئەوەی شارستانیەت خوڵقاندوویەتی, لە شێوەی جفرەی کۆمەڵایەتی لە قووڵایی هزرماندا جێگیربووە و ئاراستەمان دەکات. تەواوی دەزگا سەرەکییەکان و چینە کۆمەڵایەتی و ریشەی کلتووری ژیانی بە شار بوون رەگەکەی بۆ ئەم سەرچاوانە درێژ دەبێتەوە. پەرستگا, کۆشك, شانۆ, بازار, ئەنجوومەن, رێگا, مانیفاکتۆرا, قوتابخانە, ماڵی تایبەتی و گشتی، بۆ یەکەمین جار لەم شارە بچووکانە ئاواکراوە. بەرێوەبەر, بەرێوەبراو, فەرمانبەر, وەزیر, کارگێڕی, ئۆرگانی راوێژکاری, فەرمانداریێتی سەربازی پاشماوەی ئەم قۆناخەن, نووسین, میتۆلۆژیا, رەسم, مۆسیقا, شانۆ, فۆلکلۆر, عیبادەت, ئەمانە هەموو بە داهێنانەکانی پەرستگا دادەنرێت.

سۆمەریەکان بە قوڵایی هەستیان بە گرنگی ئەم جۆرە دەزگایانە کردبوو, هەربۆیە وەکو شکۆمەندترین یاسا بە "**ما**"کانی خۆیان ناویان دەبرد و بەرێزەوە نزیکی دەبوونەوە. قۆناخەکانی دواتری شارستانیەت بە واتای پێشکەوتن و تەشەنەکردنی ئەو دەزگا و بۆچوونانە دەهات کە ئاراستەیان کردبوون. کاتێك ناکۆکییەکانیان دەگەیشتە ئاستێك توانای بەرگەگرتنیان نەبوو, پەنایان دەبردە بەر خودا (ئیلاهە)ی نوێ و ئەو ئایینانەی رۆڵی سەرکێشیان بۆ دەبینین. کاتێك زیاتر تەنگەتاو ببوونایە جەسارەتێکی مەزنیان بە ئیرادەی خۆیان دەبەخشی و بەرەو جیهانی نوێی ئازادی دەکرانەوە. کاتێك پێویست بوایە بە بێ گەڕانەوە بۆ خوداوەندەکان و پشت بەستن پێیان, پەنایان دەبردە بەر ئەقڵی خۆیان و هەولیاندەدا دەرك بە زانیاری ئەو یاسایانە بگەن کە لە بنەمای هەموو شتێکدا شاراوەیە. تەنیا بەمە سنووردار نەدەمان کە پێشتر لە سروشت کۆیان دەکردەوە و دەیانخوارد یاخود دواتر فێری چاندن و دروێنە بوون، بەڵکو فێری ئەوەش بوون کە بیگۆڕن و بچمێکی دیکەی پێبدەن و دەوڵەمەند ببن. نەك تەنیا یاسای کۆمەڵگا, بەڵکو یاسای دەوڵەتیشی پێکدەهێنا و دەستووریش دەخوڵقێنرا. مرۆڤایەتی خۆی بەرامبەر بە ناکۆکی مەزنتری شۆڕشی شار دەبینییەوە کە بە ئامانجی چارەسەرکردنی ناکۆکییەکانی کۆمەڵگای گوند پێشیخستبوو. هەر چارەسەریەك لە دەرگای ناکۆکییەکی نوێتری دەدا. ئەو سەردەمەی لەگەڵ شارستانیەتدا خێرادەبۆوە, بە پێشکەوتن ناوزەددەکرا. ئەگەر بە قەدەر ناوزەد بکرێت یاخود کاروانی ئازادی مرۆڤ بەمجۆرە بڕیاری لەسەر هەبوونی خۆی دەدا و ملی رێی دەگرت.

ئەو ناکۆکییانەی لە هەناوی شارستانیەتی کۆیلەداری پێشکەوتن, لەو جۆرە ناکۆکیانە نەبوون کە لەمیانەی مەکانیزمەکانی خودی سیستەم چارەسەر ببێت. بەر لە هەموو شتێك رەوشی رۆحی و هێزی گشتی کۆمەڵگا, لە هەموو لایەکەوە لەگەڵ شێوازی ژیانی کۆیلەدارییەوە کەوتبووە ناو ناکۆکییەوە. ئەو مێشکەی وشیار ببۆوە و ئەو ئیرادەیەی بەرەو ئازادی هەنگاوی نابوو, بە دوای رێگای نوێدا دەگەڕا. بێگومان ناکۆکیە مادییەکان بناخەی ئەم جۆرە پێشکەوتنانە پێکدێنن. پەیوەندی موڵکایەتی کە بەسەر ئامرازەکانی بەرهەم هێنان لەسەرووی هەمووشیانەوە بەسەر کۆیلەکاندا سەپێنراوە, ئاکامی دەستبەتاڵی و بێکاری و پشتگوێ خستنی ئامرازەکانی لەگەڵ خۆیدا دەهێنا ئاراوە. گەلێك ئامراز بەکار نەدەهێنرا, بۆ نموونە بەهۆی رەنجی هەرزانی کۆیلەکان چەرخی ئاو و ئاشی کە بە چەرخی ئاو کار دەکات, وەکو پێویست بە کارنەدەهێنرا. تەواوی ئامرازە گرنگەکانی بەرهەم هێنان لەلایەن پەیوەندییەکانی موڵکایەتی کۆیلەداری و پێکهاتە هزریەکەیەوە, بە گوێرەی توانستی بەرهەم هێنانیان بۆ ئاستێکی زۆر نزمی بەرهەم و رزین پشتگوێ خرابوون. بەهۆی شەڕ و پێکدادانەکان

سوپای کۆیلەکان بەردەوام مەزن دەبوو. سیستەم و شێوازی کاری کۆیلەداری کە لە قۆناخی ئاواکردندا رێگای لەپێش بەرهەمێکی مەزن کردەوە، ئیتر بووە بە سیستەمێکی بێ بەرهەم. چەتە سەربازیەکانی لەدەستپێکدا رۆڵێکی پێشکەوتووانەیان لە هەڵوەشانەوەی پێکهاتە سیاسی و کۆمەڵایەتیە کۆنەکاندا دەبینی؛ لە قۆناخەکانی دواتردا رێگای لەپێش داڕووخان و خەرجی بەمجۆرە دەکردەوە، کە پەیداکردن و جێبەجێ کردنی زەحمەت بوو. چەتە سەربازیەکان هیچ لایەنێکی سەرنج راکێشیان نەمابوو. ئیتر بازرگانی و پیشەکاریتی شارەکان کە چینی ناوین پێیەوە خەریك بوون، هەمان جۆش و خرۆشی جارانیان نەمابوو. هەروەکو چۆن هەوڵی نوێی زانستی و فەلسەفی دەرنەکەوتن، تەنانەت شێوازی گێڕانەوە و ئەزبەرەکردنی کۆنیش لە بیرکراوە و هەنگاو بەرەو قۆناخی تاریکی، نەزانی دەهاوێشترا. ئیتر گەرەنتیە کۆمەڵایەتیەکان، داب و نەریت و یاسا، لەکار کەوتبوون. عیبادەت و ئایدیۆلۆژیا فەرمیەکان کەوتبوونە ئاستێکی هەرە پاشڤەڕۆ و بێ واتا. لە کاتێکدا لە ئەنجامی شەڕی خوێناوی، بنەماڵەکانی سەرو و ناوەند پەرتەوازە دەبوون، ناوەندی هێزە هەرێمیەکان دەردەکەوون. هەرچەندە بورغوەکانی دەوڵەت توند کرابوایە، رێگای لەپێش پارچەبوونێکی زیاتر دەکردەوە.

ئەو راستییانەی لە چینەوە تاوەکو رۆما لە ساڵانی ٣٠٠ ی زایینی بە دواوە بە شێوەیەکی ئاشکرا دەردەکەوتنە روو؛ پێشکەوتنێکی بەمجۆرەی بە خۆوە دەبینی.

ئیتر تەواوی ئەو پەیوەندی و دەزگا و هێزانەی سیستەمیان خوڵقاند و مەزنیان کرد و نوێنەرایەتی دەکەن، لە ناو سیستەمدا جێگایان نابێتەوە و ناچاری پەرتەوازە بوونی دەکەن. ئیتر نە لە خاچدانی مرۆڤ و لە ئاراناکاندا پێشکەش کردنی بە شێر، نەیانەدەتوانی رێگا لەو وشیاربوونەوە نوێیەی هێزی ویژدان و هزری مرۆڤ بگرن، ئیتر مرۆڤایەتی لەمیانەی ئەو ئەزموونانەی لە شارستانیەت فێرببوو، لە رێگای کاروانی ئەقڵ و ئیرادەی خۆیەوە، بە دوای سیستەمێکی نوێ دەگەڕا. ناوچەی پیرۆزی رۆژهەڵاتی ناوین، جارێکی دیکە لەمیانەی هێزی پیرۆزیەوە لە قۆناخی خوڵقاندندا بوو. ئیتر زۆر لەمێژ بوو عیسا وەکو رۆح ئەلقودس وەکو پادشایەکی مەعنەوی ئاسمان و سەرزەوی جێگای خۆی گرتبوو، کە بەرامبەر بە گلاوترین نۆکەرەکانی کاهین و پادشاکانی بابل و رۆما، لە قودس یاخیبوو بوو و شۆڕشی مەزنی ویژدانی ئەنجامدا بوو. چەند حەواریەکی خاوەن باوەڕ لە رێی شەڕی ویژدانی و ئەخلاقی، ئیمپراتۆریەتی رۆمای شکۆداری لە ناوەوە رووخاندبوو. ئیتر جوڵانەوەی کۆمەڵایەتی ٣٠٠ ساڵەی پارتی مەسیحیەت لە کەناری تەسلیم گرتنی ئیمپراتۆریەت بوو.

داب و نەریتی زەردەشتی کە بە شێوەی بروسك ئاسا لە کوێستانەکانی میدیا لە رۆژهەڵات دەرکەوتبوو، لەمیانەی هێزی ئیرادەوە خاوەن کاروان و بەرێوەچوونێکی شێرانە بوو، ئیتر لە

کەسایەتی **مانی**دا جارێکی دیکە وەکو جوڵانەوەیەك بەرەو سەرلەنوێ لە دایك بوون هەنگاوی دەهاوێشت. ئەگەر پاشڤەڕۆیەتی راهیبەکانی سەردەمی ساسانیەکان نەبوایە کە لە مێژبوو پاشڤەڕۆببوون, مانی نەکوژرابوایە, ئەگەری ئەوە هەبوو شارستانیەتێکی لە جۆری ئەورووپا لەسەر بنەمای ریشەکانی میزۆپۆتامیا باڵابگرێت. ئیمپراتۆریەتی ساسانی کە لە زووەوە ببووە خاوەن رۆڵێکی پاشڤەڕۆیانە و ئەخمەنیەکانی کە بەرامبەر بە شەڕە یەك لە دوای یەکەکانی ئەسکەندەر رووخان, دەیانتوانی بەرامبەر بە هێزەکانی ئیسلامیەت درێژە بە هەبوونی خۆیان بدەن. تەنانەت ئەمانە بە ئەندازەی بێزەنتیەکانیش هێزی وەرچەرخان نیشان نادەن. شتێکی روون و ئاشکرایە سیستەم دەرفەت و شانسی خۆ نوێ کردنەوەی نەبوو. لە رۆژهەڵاتی دووریش چین و هیندستان دوای کێشمەکێش و تێکۆشانێکی مەزن لە ساڵانی ٣٠٠ ی زایینی لەمیانەی خانی مەزن و بنەماڵەی **چانداگوبتا**، دەربازی قۆناخی فیودالیزم دەبوون.

ئیتر مێژووی پیرۆزی رۆژهەڵاتی ناوین, لە قۆناخی سێیەمین (زایین) خولقاندنی مەزنی خۆیدا بوو. جوڵانەوەی یەکینەی (تەریقەت) پیرۆزی، کە بە شێوەیەکی بەربلاو لە ماوەی ساڵانی ٣٠٠ پ.ز تاوەکو ٣٠٠ زایینی دەرکەوتوون, بە پارتی بوونی نهێنی و نیو رەوا (مشروع)ی ئەم قۆناخەن. لەبەر ئەوەی چینی جێگیر نەبوو، هێشتان یەکلایی نەببوونەوە, دەتوانرا لەژێر ناوی ئەم شێوازانە لێپرسینەوە دەرهەق بە رەوایەتی سیستەم بکرێت. ئیتر ئەمانە چ بە بلیمەت یاخود گروپی سۆفیگەرایی ناو ببرێن؛ ئەم لێشاوە هزریانە, لەمیانەی دابڕانیان لە ئایینی فەرمی و لێشاوەکانی فەلسەفە فەرمییەکان, لە گەوهەری خۆیاندا لێپرسینەوە دەرهەق بە سیستەم ئەنجام دەدەن. کوشتن و لە ناوبردنی سوقرات و عیسا و مانی لە ماوەیەکی کورتدا, شێوازی جوڵانەوەی نهێنی و سۆفیگەرایی دەکردە ناچاریەك. ئەو ئەزموونەی لە ژیانی رێبەرەکانیان بۆیان مابۆوە, ئەمەی دەکرد بە پێویستیەك. لە جوگرافیای پیرۆزدا, جوڵانەوەیەکی ئایدیۆلۆژی و ئەخلاقی شەش سەدە زیاتر بەرامبەر بە شارستانیەتی کۆیلەداری جێی باسە. ئەو بێچارەییەی لە نێو هەلومەرجی ماددی (بابەتی) هەیە, رەنگدانەوی خۆی دەکاتە سەر جیهانی رۆح و هزر و رێگا لەپێش قۆناخی تەریقەت و رێزانە مەزنەکان دەکاتەوە. ناوزەدکردنی قۆناخی نێوان ٥٠٠ پ.ز تاوەکو ٥٠٠ زایینی بە قۆناخی کلاسیکیە مەزنەکان، لەلایەن مێژوونووسانەوە شتێکی لە خۆڕا نییە و لە نزیکەوە پابەندی کۆتاییەکانی سیستەمە. ئەخلاقی کۆنفۆشیۆسی گرێدان بە چوار یاسای مەزن, ئەخلاقی بودای رزگار بوون لە ئازارەکان, ئەخلاقی زەردەشتی مرۆڤی خاوەن ئیرادە و ئەخلاقی سوقراتی سەبارەت بە خۆت بناسە؛ دەستپێکی چەرخی کلاسیکیە مەزنەکانە. هەموویان لە ساڵانی ٥٠٠ پ.ز دا ژیاون. هەروەکو

چۆن ئـەو شۆڕشـە ئـەخلاقی و هزریانـەی ئەنجامیانـداوە لـە گەوهـەری خۆیـدا دژی شارسـتانیەتی کۆیلـەداری بـووە, لەهەمانکاتـدا وەلامێکیشـە بـۆ داب و نەریتـە تەسـك و سـنووردارەکانی پێکهاتـە ئەتنیکییەکان. تەواوی ئەو هزرانەی بە ناوی ئایین و فەلسەفەوە پێشخراون, بە ئامـانجی خوڵقانـدنی شارستانیەتێکی نویٚ ریفۆرمیان دەرهەق ئەنجامدرا و لەمیانەی جموجوٚڵی مـەزنی مێشك و ویـژدان، رێگایان لەپێش ئەم هزر و ویژدانە مەزنەی ئەم پێنج سەدەیە کردۆتەوە.

ناکۆکیەکانی هەلومەرجە بابەتیەکان بە شـێوەیەکی جودا و سـەربەخۆ رێگا لـەپێش گۆڕانکـاری سیسـتەمی شارسـتانیەت ناکاتـەوە. پێکهاتـە هـزری و ویژدانیـە مەزنـەکان تـەنیا لـە مـەودای خۆیـدا دەتوانیٚ رێگا لەپێش سیستەمی نویٚ بکاتەوە و شێوازی هـزر و رۆحـی چـەرخی نـویٚ بخوڵقێنـیٚ. ئـەو جموجۆڵە کۆمەلایەتیانەی لەم سەدەیەدا لە خاکە پیرۆزەکانی رۆژهەلاتی ناوینـدا بەرهەمـداربوو, بـە واتای قۆناخی کۆرپەلەیی سیستەمی نویٚ دێت لە منداڵدانی دایکیدا.

وەکو رەوشێکی بەرجەستە چاوەڕوان دەکرا کە ئەو شارستانیەتەی کۆڵەکەکەی شۆڕشی شـار بـوو, کاتێك لەگـەڵ ئـەو ناکۆکیانـەدا دەکەوێتـە نێـو ململانـیٚ کـە لـە شـارەکان سەرچاوە دەگـرن و بێچارە دەمێنێتەوە, لە ناوچە  لادێییەکاندا لە چارەسەری دەگەڕێت. کاتێك قۆناخێك دەسـتپێکرد تەنانـەت بەخێوکردنی کۆیلەکانیش لە شاردا ئاسـتەم ببـوو, یـان هـەر لـە خۆیانـەوە روویـان لـە لادێکـان کـرد. یاخود لەمیانـەی راکردنێکی بـەرفراوان کـە نـاتوانریٚ پێشی لێبگیردرێت، قۆنـاخ دەسـتی پێکردبـوو. لێرەشـدا ئـەوەی رووبـەڕوومان دەبێتـەوە, هـەروەکو قۆناخـەکانی ئـاوا کـردن ئـەوەی رۆڵـی دیـاریکراو دەبینیٚ توند و تیژی نییە بەڵکو هەلومەرجەکانی بەرهەم هێنانە. ئەوەی لە ئارادایە رەوشی بەرهەم و بیٚ بەرهەمییە لەمیانەی پشت بەسـتن بـە رەنجی کۆیلـە. یاسـای سـەرەکی کۆمـەڵگا رۆڵ دەگێرێـت: کاتێك پەیوەندییەکانی بەرهەم هێنان لەگەڵ هێزەکانی بەرهەم هێنانـدا دەکەوێتـە نێـو ناکۆکییـەکی بـە چارەسـەرکردنی بـۆ نییـە, ئـەوا تێکشکاندنی ئەمانـە و بەرێوەچوونی لـە بـن شـێوەیەکی دیکـەدا دەبێتە ناچارییەك.

مێژوونووسان ئەم وەرچەرخانەیان بە گەلێك نـاوی جیـاواز نـاوزەدکردووە. کۆتاییـەکانی چـاخی کلاسیك و دەسـتپێکردنی چـەرخەکانی نـاوین, یـاخود بـە شـێوەیەکی گشـتگیر دەتـوانریٚ بـە قۆنـاخی دەربـازبوون (گواسـتنەوە) لـە شارسـتانیەتی کۆیلـەداری بـۆ شارسـتانیەتی دەرەبەگایـەتی ناوبرێـت. راگەیاندنی ئایینی مەسیحی وەکو ئایینێکی فەرمی لـە سـالانی ٣٢٥ پ.ز, پارچـەبوونی ئیمپراتۆریـەت بۆ رۆمای رۆژهەلات و رۆژئاوا (٣٩٥ زایینی), لە (٤٩٥ زایینی) گۆتەکان دەستیان بەسەر رۆما داگـرت و خانەدانیان ئاواکرد, ئەمانە وەکو ریزبەندییەکی فـەرمی مێـژوو هەڵدەسـەنگێنرێت. لـە ناوەنـدەکانی

شارستانیەتی رۆژهەڵاتی ناوین, چین, هیندستانیش رەوشێکی هاوشێوەی ئەمە هاتە ئاراوە, کە لە گەوهەردا وەکو یەك بوون, بەڵام بەروار و شێوەکەیان جیاوازبوو. هەرچەندە مرۆڤایەتی زۆر ماندوو بووبێت, لە هەرێمە سەرەکییەکانی سەردەمی نیۆلیتیك, بەڵام زۆر لەم جیاوازتر و لە ئاستێکی بەرز و لەمیانەی رۆح و هزرێکی نوێدا و لە رێگای ئامرازە پێشکەوتووترەکانی بەرهەم هێنان، مێژوو هەنگاوی بە خۆ باوەڕ و لەسەرەخۆ بەرەو قۆناخی دووەمین شارستانیەتی مەزن دەهاوێژێت و بەرەو پێشەوە دەچێت.

# بەشی دووەم

# سەردەمی شارستانیەتی دەرەبەگایەتی

# سەردەمی شارستانیەتی دەرەبەگایەتی

راڤەکردن و شیکردنەوەی ئەو قۆناخەی لە مێژووی شارستانیەتدا وەکو چەرخەکانی ناوین یاخود وەکو قۆناخی شارستانیەتی دەرەبەگایەتی ناودەبرێت و تێیدا بانگەوازیەکانی بەناوی خودا ــ ئەڵڵا دەنگی دەدایەوە؛ بۆ رۆژگاری ئەمرۆمان بە تایبەتیش سەبارەت بە کۆمەڵگاکانی رۆژهەڵاتی ناوین تاوەکو بڵێی گرنگی ژیانی خۆی پاراستووە. بە بێ ئەوەی ئەو جۆرە کۆمەڵگایە و ئەو راستینەیەی شارستانیەت شینەکرێتەوە کە لەگەڵ خۆیدا بەرزی کردۆتەوە, ئەوا ناتوانرێ قۆناخی ئەمرۆشمان تێپەڕ بکرێت کە رێگای لەپێش بنبەستبوونی مەزن و ئەو پێکدادانانە کردۆتەوە کە دەریای خوێن و ئێش و ئازارێکی یەکجار زۆریان لەگەڵ خۆیاندا هێناوە، هەروەها لەمیانەی شێوەی بەرێوەبەرایەتی سەرەڕۆ و کۆماری گەندەڵبوو, پاشڤەرۆیەتییە کۆمەڵایەتی و ئابووریەکان بەتەواوەتی بووە بە گرێکوێرە و قەیرانێکی مەزن. ئاشکرا بووە کە بناخەی پێشکەوتنەکان، گواستنەوە و تەکنۆلۆژیا و پارە نەبووە. سەرەڕای ئەوەی ئەو پارە و تەکنۆلۆژیایەی لە دەستی عەرەبەکاندایە لە هی هیچ یەکێك لە وڵاتەکانی ئەوروپا کەمتر نییە، بەڵام پەیرەوکردنی سیستەمەکانی چەرخەکانی ناوین لە لایەنی زۆربەی ئەم وڵاتانەوە، ئەم بانگەشەیەمان دەسەلمێنێ و پشت راستی دەکاتەوە. هەروەها بەردەوامبوونی هەمان رەوش بۆ چەندین هێزی هەرێمی ناوچەکە, ئەوە روون دەکاتەوە کە پێویستە سەرچاوەی کێشەکە لە شوێنێکی دیکەدا ببینرێت. گواستنەوەی زانیاری و پارە و تەکنۆلۆژیا بە شێوەیەکی جودا, هەمان دەرئەنجامی سیستەمی شارستانیەتی رۆژئاوای لەگەڵ خۆیدا نەهێناوە. کەواتە سەرچاوەی کێشەکە, سەرچاوەی قەیران و بنبەستبوونی

**ئایدیۆلۆژییە**. تاکو ئێستاکەش کاریگەری قاڵبەکانی ژیان و  هزری دەرەبەگایەتی, ئەم بۆچوونە پشت ڕاست دەکات. تاوەکو پێکهاتەی سەرخانی ئایدیۆلۆژی شینەکرێتەوە، لە شوێنیدا سەرلەنوێ ئاواکردنی ئایدیۆلۆژی ئەنجام نەدرێت، کە وەڵامی قۆناخ بداتەوە, ئەوا ناتوانرێت قەیران و گرێکوێرەی کۆمەڵگا چارەسەر بکرێت و پێشکەوتن بەدیبێت و لەمیانەی سەنتێرێکی باڵا تردا فەڵەمبازێك ئەنجام بدرێت.

باڵابوونی سیستەمی شارستانیەتی سەرمایەداری ئەوروپا لە سایەی شیکردنەوەی سیستەمی دەرەبەگایەتی هاتۆتە ئاراوە, تەواو پێچەوانەی ئەو شیمانانەی دەکرا , سەرەتا سیستەمی دەرەبەگایەتی لەلایەنی زانست و تەکنۆلۆژیاوە شینەکرایەوە. ئەو شۆڕشەی لە بواری ئایدیۆلۆژیەوە ئەنجامدرا، ڕۆڵی لەپێشینەی هەیە و تەنانەت بناخەی پێشکەوتنەکانی زانست و تەکنۆلۆژیاش پێك دێنێت. **شۆڕشی هزری ئازاد** کە بەرامبەر دۆگماتیزمی کڵێسە سەرکەوتنی بەدەستهێنا، گەوهەری هەموو پێشکەوتنەکانە. بێگومان ڕۆڵی زانیاری و تەکنۆلۆژیا و دەوڵەمەندێتی ماددی هەیە، کە لەپێشکەوتن دا بوون, بەڵام ڕۆڵی دیاریکراویان نییە. دەوڵەمەندێتی ماددی, زانیاری, تەکنۆلۆژیا لەگەڵێك ناوچەدا, بۆ نموونە لە چین بە گوێرەی ئەوروپا، نەك پاشکەوتووە بەڵکو پێشکەوتووتریشە. ڕەوشێکی هاوشێوە لە وڵاتە ئیسلامیەکانیشدا لە ئارادایە. دەوڵەمەندێتی ماددی, زانیاری, تەکنۆلۆژی جیهانی ئیسلامی لە ماوەی نێوان سەدەی هەشتەم  تا وەکو سەدەی دوانزدەهەم بە گوێرەی ئەوروپا زۆر پێشکەوتووترە. پاشکەوتنی یەکەمیان و ئەنجامدانی وەرچەرخانێکی مەزن لەلایەن ئەویتریان, ئەوە دەسەلمێنن کە هۆکارەکەی ئایدیۆلۆژییە.

پرسیارێکی دیکەی گرنگ سەبارەت بە شیکردنەوەی سەردەمی شارستانیەتی دەرەبەگایەتی, دەرهەق بەوەیە لە کوێ و چۆن دەستی پێکردووە؟ هەروەکو چۆن تەواوی چینە دەسەڵاتدارەکان ئەنجامیاندا, ئەوەی لە نووسینی مێژوو نووسەکانی ئەوروپا مۆرکی خۆی لە نووسینی مێژووداوە, ئەو چەواشەکاریەیە کە بانگەشەی بۆ دەکەن و دەڵێن لەگەڵ ڕووخانی ڕۆما ئەم قۆناخە لە ناوچەکەمان دەستی پێکردووە. ئەمە لە نزیکەوە پەیوەندی بە چەمکی ئاواکردنی باڵادەستیەوە هەیە و گەلێك هەڵەی مەزن لە خۆوە دەگرێت. هەروەکو چۆن سەردەمەکانی نیۆلیتیك و کۆیلایەتی قۆناخەکانی لە دایکبوون, پێگەیشتن و ڕووخاندنیان بە خۆیانەوە بینی، ئەوا شارستانیەتی دەرەبەگایەتیش وەکو بەرهەمێکی ڕۆژهەڵاتی ناوین سەریهەڵداوە و سیستەمێکی شارستانیەتە کە تاوەکو ڕۆژگاری ئەمرۆمان لە هەموو سیستەمەکانی دیکە کاریگەرترە.

ئەم دەستنیشانکردنەش گرنگیەکی مەزنی هەیە بۆ دەرککردن بەو ڕاستینەیەی کە مێژوو خاوەن زنجیرەیەکی لۆژیکە و بۆ ئەوەی ئەم لۆژیکەش لە دەست نەدرێت شارستانیەتەکان لە خۆیانەوە

دەرناکەون. هەڵوەشانەوەشیان سانایی نییە. هەروەکو دەبینرێ لەم بوارەدا ئاڵۆزیەك لە زانستی مێژوودا هەیە. لە هەموو شتێك زیاتر باڵادەستی سیاسی لە زانستی مێژوودا پێویستی ئەوەی بینیوە کە نووسین لە شێوەی خۆ بەناوەند دانان بێت. لەگەڵ ئەوەی زانست لە گەلێك بوار و گۆڕەپاندا بە شێوەیەکی بابەتیانە پراکتیزە دەکرێ، بەڵام ئاستەمە بگوترێ لە بواری مێژووشدا بەمجۆرەیە.

ئەگەر لە نزیکەوە تەماشا بکرێ دەبینرێت کە پەیوەندییەکی نزیك لە نێوان هەر دوو سیستەمی دەرەبەگایەتی و کۆیلەداریدا هەیە. دژایەتی سەرمایەداری بەرامبەر دەرەبەگایەتی دژوارەو دابڕانەکەشی فراوانە و لەمیانی پێکدادانەوە دەبێت. بە گوێرەی سروشتەکەی بەمجۆرەیە. شێوازی دەسەڵات و باڵادەستییەکەی پارچەکردنی هەموو کۆت و بەندەکانی دەربەگایەتی بە شێوەیەکی دڕەندانە دەکاتە پێویستییەك. گەوهەرە شۆڕشگێڕیەکەشی لێرەوە سەرچاوە دەگرێت. هەرچی هەڵوەشانەوەی سیستەمی کۆیلەدارییە، ئەوە لە نموونەی ڕۆما دەبینرێ، لە ئاکامی ڕێککەوتن و سازشکارییەکی بێ دەنگ لەگەڵ دەرەبەگایەتی ئەنجام دەدرێت. لە دابڕانێکی بەهێز و پێکدادان زیاتر، لەناوەوە دەوری یەکتر دەکەن و کۆیلایەتی لە خۆیەوە دەکەوێت و دەربەگایەتیش لەمیانەی لۆژیکێکی شۆڕشگێڕانە هەڵدەکشێ و لە شێوەی هێڵکاری بەڕێوە دەچێت. دەرباز بوون لە سیستەمی کۆیلەداری ڕۆمای ڕۆژئاوا بۆ سیستەمی دەرەبەگایەتیی و بێزەنتیەکانی ڕۆمای ڕۆژهەڵات بەمجۆرە بووە. بوویەری هیند و چینیش هاوشێوەی ئەمەن. بێگومان کارەکتەری ناکۆکیەکان ڕۆڵی دیاری کراویان لەمەدا بینیوە. جیاوازی نێوان ئاستی وابەستەیی و شێوەی پەیوەندیەکانی کۆیلەداری و ئاستی وابەستەیی شێوەی پەیوەندیەکانی دەرەبەگایەتیی پێویستی بە شیکردنەوەیەکی قووڵ و فراوان نییە. تەنانەت سنوورداربوونی شیکردنەوەش، ڕاستینەی لێکچووی هەر دوو سیستەمەکە ڕوون دەکاتەوە کە بە شێوازی شۆڕشگێڕانە یاخود پێکدادانی کورت خایەن، دابڕانی ڕیشەیی ئەنجام دراوە. شێوازی وەرچەرخانی پەیڕەو کراو پلە بە پلەیە (تدريجي).

یەکێك لە ئەرکە گرنگەکانی مێژوو ئەوەیە کە شوێن و جێگای ئەم وەرچەرخانە سەبارەت بە شارستانیەت بە شێوەیەکی واقیعیانە ئەنجام بدات. ئەوەی بە ناتەواوی ماوەتەوە ئەوەیە کە تاوەکو ئێستاکە مێژوو نەبۆتە خاوەنی سیستەمێکی تایبەت بە پۆلێن کردنی کات و شوێن. هۆی هەرە سەرەکی ئەم ڕەوشە ئەوەیە بۆ ماوەیەکی درێژخایەن شارستانیەتی ڕۆژئاوا لەمیانەی هزرێکی داگیرکاری ئۆریانتالی، تەماشای شارستانیەتی ڕۆژهەڵاتی دەکرد. بە تایبەتیش شارستانیەتی ڕۆژهەڵاتی ناوینی وەکو هەڕەشەیەکی مەزن دەبینی. تازە بە تازە هێندێك لێکۆڵەرەوە لەمیانەی بۆچوونی جیاوازەوە هەوڵ دەدەن ئەم هەڵە و زۆرداریە بەلاوە بنێن. سەرچاوە گرتنی شارستانیەتی

دەرەبەگایەتی لە رۆژهەڵاتی ناوین رۆڵێکی باش دەبینێ لەوەی گەلێك بابەت و بوار روون ببێتەوە. ئەم دەرئەنجامە بەر لە هەموو شتێك ناکۆکی رۆژهەڵات ـ رۆژئاوا لەسەر بنەمایەکی واقیعیانەتر روون دەکاتەوە. دووەمیان، رێگە لەپێش شیکردنەوەیەکی راستی ئایدیۆلۆژیای تاکخودایی لە مێژوودا دەکاتەوە. شیکردنەوەی ئایدیۆلۆژیای ئایینی تاوەکو ئێستاش وەکو ئەرکێکی گرنگی رووناکبیران چاوەڕوانی پەیوەندی و پێوەخەریك بوون دەکات. سێهەمیان، ئەم شیکردنەوە خزمەتێکی مەزن سەبارەت بە پێناسەکردنێکی راست بۆ کلتووری رۆژهەڵاتی ناوین و هەڵوێستێکی زانستیانە دەرهەق بە رۆڵە مێژوویەکەی پێشکەش دەکات و ئەمەش گەورەترین دەسکەوت و بەشداریە بۆ نووسینی زانستی مێژوو بە شێوەیەکی راست و دروست. چوارەمیان، رێگا لەپێش ئەوە دەکاتەوە کێشەکانی رۆژهەڵاتی ناوین و لە رێگەی ئەویشەوە تەواوی پاشڤەرۆکانی جیهان کە هەمان ناوەرۆکیان هەیە و ئەو کۆمەڵگایانەی لە ناو قەیران و بنەبستبوون دا دەژین، کێشەکانیان دەستنیشان و چارەسەر بکرێت.

گەیشتنی پێکدادانی عەرەب ـ ئیسرائیل بە ئاستێکی بەمجۆرە کە لەپێکدادانی سەرمایەداری ــ سۆسیالیزم زیاتر، جیهان بە خۆیەوە خەریك بکات و تاوەکو ئێستاکەش بە شێوەیەکی هۆڤانە بەردەوام بێت، لە نزیکەوە گرێدراوی ریشە مێژووییەکانە. ئەم پێکدادانەش گرنگیە مەزنەکەی لێرەدایە کە بە گوێرەی واقیعی رۆژهەڵاتی ناوین ئاستی ناکۆکیەکانی ئەم قۆناخەمان نیشان دەدات کە چۆن رێگای لەپێش گرێکوێرە و بنبەست بوون کردۆتەوە.

لەم ناکۆکیەدا کێشمەکێشی مێژوو لە ئارادایە؛ ئاستی کۆمەڵایەتی، کە بە شێوەیەکی ئایین پۆلێن کراون، لە نێو پێکدادان و ململانێدان. سیستەمەکانی شارستانیەت رووبەڕووی یەکتری بوونەتەوە. لە رووکاردا وەکو شەڕێکی تیرەگەرێتی وایە، بەڵام بە هۆی ئەم تایبەتمەندێتیانەی لە خۆوەی دەگرێت و پێگەگرتنی وەکو شێوەی گشتگیری و کەڵەکە بوونی ناکۆکیەکان و شێوازە دیبلۆماسی و سەربازیەکانی بە درێژایی مێژوو بەردەوام بووە، وەکو شەڕێکی جیهانی وایە. ناچار بوونی پەیوەستدار بوونی تەواوی هێزە بە شانوشەوکەتەکانی جیهان، ئەم بۆچوونە پشت راست دەکاتەوە. هێزی راستینەی شارستانیەتی رۆژهەڵاتی ناوین لە ژێر ئەمەدا شاراوەیە. چەندین جارە جیهان دەبێت بە یەك، نەتەوە یەکگرتووەکان چەندین بڕیاری وەرگرت. بەڵام هێندەی سەری دەرزی بەرەو چارەسەری هەنگاو نەهاوێشتن، ئەوە دەسەلمێنی و نیشان دەدات کە هەڵەی مەزن کراوە. ئەوە دەسەلمێنی، کە ئەوە دەستنیشان نەکراوە پێویستە لە کوێوە و چۆن هەڵوەستە سەبارەت بە کێشەکە بکرێت. تەنانەت شەڕی جیهانی دووەمیش سەرەڕای دژواری و کاریگەریە توقێنەرەکەی ئیتر وەکو بیرەوەریەکی

لێهاتووە. بەڵام پێکدادانی عەرەب ـ ئیسرائیل لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا وەکو مەشخەڵێك وایە کلپەی سەندووە و بەردەوام دەکات. هەروەکو دەزانرێ چەندین بەرەی دیکەی پێکدادان لەمە کەمتر نین. تەنانەت ئەم مەسەلەیەش بە شێوەیەکی زۆر داکۆکی کەرانە نیشان دەدات و دەیسەلمێنێ ئەگەر دان بە ڕاستینەی شارستانیەتی ڕۆژهەڵاتی ناوین نەنرێت، ئەوا دەتوانێ چی بکات و چی لە توانا دایە.

سەرەڕای ئەوەی ئەوروپا لە ماوەیەکی کورتدا سیستەمی دەرەبەگایەتی تێپەرکردووە و سەردەمێکی درێژخایەنی کۆیلایەتی بناخەکەی پێك ناهێنێت. وەلێ توانیویەتی ئەم قۆناخە لەمیانەی ڕێنسانسێکی بەرفراوان تێپەر بکات. دەتوانرێ بانگەشەی ئەوە بکرێت ئەگەر ڕێنسانسی سەدەکانی ١٥ ـ ١٦ هەم نەبوایە ئەوروپای ڕۆژگاری ئەمڕۆمان لە ئارادا نەدەبوو. بەڵام سەرەڕای ئەوەی ڕۆژهەڵاتی ناوین لە میانەی کات و شوێنەوە بە شێوەیەکی درێژ خایەن و قووڵ بەم سیستەمانەدا تێپەری, ئایا ئەنجام نەدانی ڕێنسانسێك هۆکاری سەرەکی بنبەست بوونی ڕۆژگاری ئەمڕۆمان نییە؟ پرسیار لە جێگەی خۆی دایە و پێویستی بە وەڵامێکی بەرفراوان و ڕاست هەیە.

قەڵەمبازی ئیسلامیەت دواترین شێوەی بەهێزی شارستانیەتی ڕۆژهەڵاتی ناوینە. دەشێ بگوترێ ئیسلامیەت شۆڕشێکی دەرەبەگایەتی شکۆدار بوو. ئیسلام دواترین قەڵەمبازی مەزنی ڕۆژهەڵاتی ناوینە. دەرەبەگایەتیی ئەوروپا لە کەسایەتی ئیسلامیەتدا باڵا بوونێکی بەسەر دەرەبەگایەتیی ڕۆژهەڵاتدا نییە. هەروەکو لە سەفەری سەلیبیەکاندا دەبینرێ ئەوروپا بەردەوام پێویستی بەوە هەیە کە هێز لە باڵا بوونی ڕۆژهەڵاتەوە وەربگرێ. کاتێك تورکە عوسمانیەکان نوێنەرایەتی ئیسلامیەتیان کرد, دەرەبەگایەتیی ئەوروپایی ناچاری پاراستن کردووە. تەنیا لەگەڵ لە دایکبوونی سەرمایەداری ئەوروپا لە ڕەوشی پاراستن ڕزگاری بووە. ئەمەش لەهەمانکاتدا ڕێگای لەپێش باڵا بوون و باڵادەستیەکی بەردەوام و قوڵی شارستانیەتی ڕۆژئاوا دەکردەوە بەرامبەر بە شارستانیەتی ڕۆژهەڵات.

ڕۆژهەڵات و ڕۆژهەڵاتی ناوین کەوتە ناو پاراستن, تەنگەتاو بوون، قەیران و بێ چارەیی و ژێر دەستی ئەم باڵا بوون و زاڵ بوونەی تاوەکو ڕۆژگاری ئەمڕۆمان بەردەوامە. ڕوونکردنەوەی ئەمە لەمیانەی شیکردنەوە تەسك و سنووردارەکانی لە شێوەی ئیمپریالیزم و داگیرکاری، زۆر کورت دێنێ و ناتەواوە. چونکە ئەم جۆرە شیکردنەوانە سەرچاوەی خۆی لە لقێکی چەمکەکانی مێژووی ڕۆژئاواوە دەگرێت. زیاتر سەرچاوەی خۆی لە سۆسیالیزمی بونیادنراوەوە دەگرێت. لە کاتێکدا هێشتا هەڵوەشانەوەی خودی سۆسیالیزمی بونیادنراو بەتەواوی شینەکراوەتەوە, ئەوا ناشێ ئەو شیکردنەوە سنووردارانەی ئەنجامی داون لە ئاستێکی بەرز و پڕ بە واتا و لە جێی خۆی دا بێت. لەم قۆناخەدا ڕۆژهەڵات و ڕۆژهەڵاتی ناوین دووچاری دۆڕان و زیانێکی هزری مەزن هاتووە تاوەکو ئێستاکەش لە

گێژ بوون رزگاری نەبووە. تەنانەت بە هیچ جۆرێك رێنسانسی بە خەیاڵدا نایێت. بەڵام هەموو شتێك گرێدراوی ئەگەری هەڵمەتێکی رێنسانسی رۆژهەلاتی ناوینە. پەترۆڵی بێ سنوور، گواستنەوەی تەکنۆلۆژیا و ئەو رۆشنگەرییەی لە ئەوروپاوە هاتووە، نابێتە هێزی چارەسەری. ئەمە کێشەی زەبەلاحی زیاد بوونی ژمارەی دانیشتوان، بێ کاری، بەفیڕۆدانی سەرچاوەکان، خیانەت کردن لە مێژوو، تەنانەت سەرنەکەوتن لە لاسایی کردنەوە، هەست نەکردن بە دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ، لە رێ دەرکەوتن و سەرەڕۆیی لە هی سۆمەرییەکان پاشڤەرۆیانەتر، دەمارگیری ئایینی کە مەترسیدارترین کوێرایی و نەزانییە، بەهای ئەخلاقی کەوتۆتە ژێر سفرەوە، زۆر بە شێوەیەکی پاشڤەرۆیانە هەڵوەستە کردن بەرامبەر ناکۆکیەکان کە لە کۆمەڵگا بنەماڵەیەکانیش پاشکەوتووترە، ئەمانە دیاردەی روون و ئاشکرای نیشاندانی ئەم قەیرانە هزری و رۆحیەن.

تاوەکو ئەمانە بەلاوە نەنرێن ناشێ قودس کە بە شاری پیرۆز ناودەبرێ، لەوە رزگاری بێ کە نەفرەت لێکراوترین جۆری مردن و کوشتنی تێدا روو نەدات. ئەگەر فراوانتر و گشتگیرتری بکەین دەتوانین بڵێین تاوەکو ئەم هزرە تێپەر نەکرێت، خاکە پیرۆزەکانی رۆژهەلاتی ناوین لەو نەفرینە مەزنانە رزگاری نابێت، خەڵکانی رۆژهەلاتی ناوین بە هۆی ئەو تاوانە مەزنەی بەرامبەر مێژووی خۆیان کردوویانە لێبوردنیان بۆ نییە. تەنیا لەمیانەی رێنسانسی رۆژهەلاتی ناوین بە پیرۆزێتی راستەقینە دەگات و لە رێگای هزرێك کە هێزی خۆی لەم رێنسانسە وەرگرتبێت، دەشێ سەرلەنوێ لە دایکبوونی رۆحی روو بدات، تەنیا لەسەر ئەم بنەمایە دەتوانرێ ئاوێتە بوون لەگەڵ مێژوو یەکانگیر بوون لەگەڵ سەردەم بەدی بێت و ئەمەش بە واتای هەنگاو نان بۆ قۆناخی هەڵمەتێکی مێژوویی بالا دێت. شیکردنەوەی سیستەمەکانی شارستانیەت کە سەرچاوەکەیان لە رۆژهەلاتی ناوینەوە دێت، گەوهەری ئەم شۆڕشە هزرییە، بەر لە هەموو شتێکەوە پێویستە. تەنیا لە رێگای ئەم شۆڕشە ئایدیۆلۆژیەوە دەتوانرێ ئەو پارچەبوونە هزریە بەربلاوەی پێکهاتەی کۆمەلگاکانی رۆژهەلاتی ناوین بەلاوە بنرێن. چەندە بە شێوەیەکی راست شارستانیەتی دەرەبەگایەتی شیبکەینەوە و لەسەر ئەو بنەمایەش سەر لەنوێ شێوە بە ژیانی رۆحی بدرێت و بۆ شۆڕشێکی هزری وەرچەرخێنرێ، بەو ئەندازەیە دەتوانین وەڵامی ئەو کێشانە بدەینەوە کە بووە بە گرێکوێرە و تەنگەژەیەکی ریشەیی.

## آـ ناسنامەی ئایدیۆلۆژی سەردەمی دەرەبەگایەتی

ناسنامەی ئایدیۆلۆژی کە گوزارشت لە خەیاڵ و ئاستی هزری کۆمەڵگا دەکات, بۆ تەسکترین و سنووردارترین کۆمەڵگا تاوەکو دەگاتە پێشکەوتووترینیان, دیاردەیەکی دەست لێ بەرنەدراوە. هەربۆیە ئەو پێناسانەی دەرهەق بە کۆمەڵگا کە قورسایی مۆری بواری ئابووریان پێوەیە, گەلێك کەموکوڕی مەزن لە خۆوە دەگرن. لە کۆمەڵناسی (سۆسیۆلۆژی)دا رۆڵی ناسنامەی ئایدیۆلۆژی شینەکراوەتەوە. کاتێك بە شێوەیەکی گشتگیر و بەرفراوان چاوێك بە مێژوودا بخشێنرێ دەبینرێ لە قۆناخەکانی ئاواکردنی هەڵوەشانەوەی پێکهاتەکانی کۆمەڵگا, پێکهێنانی ناسنامەی نوێی ئایدیۆلۆژی و پەرتەوازە بوونی ناسنامەی کۆن رۆڵێکی دیاری کراویان هەیە. ناسنامە ئایدیۆلۆژیەکان کە هەم حافیزەی رابردووی کۆمەڵگایە، هەم هێڵی گشتی یۆتۆپیاکانی داهاتووە, رۆڵی مێشکی کۆمەڵگا دەبینێ. وەك لێکچواندنێکی گشتی و قەبە, هەروەکو چۆن دەست و پێ لەنزیکەوە پاپەندی ئابوورییە, ئەوە رۆڵ و کاری سەرەکی مێشکیش خەیاڵی هزریە. لە کاتێکدا مێشك لە هەموو گیان لەبەرێکدا هێزی بەڕێوەبردنە, ئەوە ئۆرگانەکان هێزی کاری ژیانن. ئەگەر بە شێوەیەکی جیاوازتریش بێت، کاتێك بە کۆمەڵگا بوون وەکو بونەوەرێك شێوە دەگرێت, کێشەی مێشك دێتە ئاراوە. ناوبردنی بە بوون بە خاوەنی هەبوونێکی ئایدیۆلۆژی، پێناسەیەکی راستە. کاتێك لە پێکهاتەی کۆمەڵگادا پێکهاتەی مێشك وەکو بە دەزگابوونی سەرخان هەڵسەنگێنرێت, ئەوە بە دەزگابوونی ئابووری کە ئامرازەکانی بەرهەم هێنان رۆڵی سەرەکی تێدا دەبینن, دەتوانرێ دەستوپێ وەکو ژێرخان هەڵسەنگێنرێت. هەر لەبەر ئەمەشە سەرخانی ئایدیۆلۆژی رۆڵی سەرەکی و لەپێشینە دەبینێ. بێگومان ئەو هەڵسەنگاندنە سەرچاوەی خۆی لەم چەمکە فەلسەفیانەوە دەگرێت کە پەیڕەوکردنی سیستەمی سروشتی سەبارەت بە کۆمەڵگا پشت راست دەکات. ئەو ئاستەی کۆمەڵناسی لە بواری شیکردنەوەدا پێی گەیشتووە، گەلێك بەڵگەی بەهێز و سەلمێنەری راستی ئەم چەمکە لەگەڵ خۆیدا هێناوە.

کاتێك لە رێگای ئەم چەمکەی پراکتیزەکردنی شێواز، شارستانیەتی کۆیلەداریمان هەڵسەنگاند کە یەکەمین و بە تواناترین شێوەی کۆمەڵگای چینایەتییە, ئەوا بایەخ و جێگایەکی تایبەتمان بە نموونەی سۆمەردا. جگە لە تایبەتمەندێتی کۆمەڵگای سۆمەر کە یەکەمین نموونەی مێژووە, ئەوە لەبەر ئەوەی چەندین بەڵگەی نووسراوی لە دوای خۆی جێ هێشتووە, پێویست دەکات وەکو سەرچاوەیەکی سەرەکی شیکردنەوە بەکار بهێنرێت. دەست لێبەرنەدانی بە گوێرەی ئارەزوو نییە, بەڵکو لەبەر ئەم هۆیەیە. بە دەزگابوونی پێکهاتەکانی سەرخان و ژێرخانەکانی چەندین کۆمەڵگای بەرەبەیانی شارستانیەت، گوزارشت لە ئاستێکی گەردوونی کاریگەرییەکەی دەکات. ئەو دەمامکە میتۆلۆژیانەی شارستانیەتی سۆمەر خوڵقاندی وەکو ناسنامەیەکی سەرەکی ئایدیۆلۆژی کۆمەڵگای

چینایەتی وا بوو و بنەماکانی تەواوی شارستانیەتەکان پێك دەهێنێت. دەرکەوتنی نموونەی دیکە ئەم گەردوونی بوونە تێك نادەن. بە پێچەوانەوە, بەڵکو وەکو بەلگەی بەهێزی ئەم مۆدێلە و سەلماندنی بەها سەرەکیەکەیەتی. هەروەکو چۆن ئەگەر کەڵەکە بوونی سەرمایە شینەکرێتەوە, ناتوانرێ روون کردنەوەی زانستیانەی کۆمەڵگای سەرمایەداری بکرێت, ئەوا ئەگەر ئایدیۆلۆژیای, میتۆلۆژیای سۆمەر شینەکرێتەوە ناتوانرێ روون کردنەوەی زانستیانەی دەزگاکانی سەرخان بکرێت، لەسەرووی هەمووشیانەوە ناسنامەی ئایدیۆلۆژی تەواوی شارستانیەتەکان ناچارییەکەی لێرەدایە. ئەگەر رەسەنەکە شینەکرێتەوە, لەمیانەی شیکردنەوەی زۆڵەکە (قۆپیە ـ لاسایی) بە هیچ راستییەك ناگەن. لەمیانەی بە دەستەوە گرتنی نموونە رەسەنەکە, دەشێ زۆڵێتی, لە رێ لادان یاخود بەرهەمە گۆڕاوەکانی پێناسە بکرێت. بەڵام ئەگەر بە پێچەوانەوە ملی رێ بگرێت ئاستەمە نموونەی رەسەن بدۆزرێتەوە و رێگای بەمجۆرە پرێتی لە تەڵەزگە و بەرەو چەوتی ئاراستەت دەکات. ئەو نموونانەی کە ساختەن و گۆڕانیان بەسەردا هاتووە لەمیانەی باس کردنێکی بێ سنوور، جێگای خۆی لە نێو جیهانی فەلسەفە و ئەدەبیاتدا دەگرێت, بەڵام نموونە راستەقینەکان هەروەکو بڵێی نین و لە بیر کراون, یاخود پێویستی ئەنجامدانی شیکردنەوەیان دەرهەق نابینن. سەبارەت بە مێژووی ئایینەکان ئەم رەوشە زۆر مەترسیدارترە. سەرباری ئەوەی تەواوی ئایینە مەزنەکان سەرچاوەی خۆیان لە میتۆلۆژیای سۆمەریەکان وەرگرتووە, بەڵام لەرێی ئەو نکوڵیکردن و سوکایەتی پێکردنەی ئەنجامیانداوە, کەوتونەتە نێو گەورەترین لادانی ئایدیۆلۆژی.

ئەم چەواشەکاریە مێژووییانە لە ژێر ناوی پیرۆزی و فەرموودەی خودایی، وەکو کاڵای ئایدیۆلۆژی خراوەتە بازاڕ, بەمجۆرەش دەسکەوتێکی مەزن و ناهەقانە بەدەست هێنراوە. لەم بوارەدا دەتوانرێ باس لە گەورەترین چەوسانەوەی ئایدیۆلۆژی لە مێژوودا بکرێت. هەڵبەتە ئەوەش سەلمێنراوە کە سۆمەریەکان بەشەکانی ئایدیۆلۆژیایان لەمیانەی هەمان شێوازی بردن، لە ئایدیۆلۆژیای نیۆلیتیکەوە وەرگرتووە کە لە تەنیشتیان بوو. لێرەدا گرنگ ئەوەیە شەڕ و ململانێی نێوان ئایدیۆلۆژیاکان بە شێوەیەکی راست و واقیعیەوە هەڵبسەنگێنرێت. هیچ سیستەمێك نییە ئاڵوگۆڕ و دانوستاندنیان لەگەڵ یەکتردا نەبێت. بەڵام ئەوەی دەکەوێتە ئەستۆی مێژوونووسان ئەوەیە وەڵامێکی راست و واقیعی پرسیارەکانی لەجۆری **"کێ, لە کێوە, چی, چۆن, بە کامە ئامانج وەریگرت, چۆن بەکاری هێنا؟"** بداتەوە. ئاستەمە بڵێین بە گوێرەی پێویست ئەمە لە نووسینی مێژووی گشتی دا ئەنجامدراوە و مێژووی ئایدیۆلۆژی بە گوزارشتێکی زانستیانە گەیشتووە. لەم چوارچێوەیەدا دیاریکردنی سەرەکیترین ئەرکی مێژووناسی گرنگ و بایەخدارە.

هـەروەکو لەمیانـەی ئـەم هەڵسـەنگاندنە کورتەشـدا دەردەکـەوێت، بۆئـەوەی لـە دایکبـوونی شارسـتانیەتی دەرەبەگایـەتی پێناسـە بکـەین پێویسـت دەکـات سـەرەتا چوارچـێوە ئایدیۆلۆژیەکـەی بگرینە دەست و ئەوەش لە جێگای خۆیدایە. لـە بابـەتێکی ئـاڵۆزی بـەمجۆرەدا هـەنگاوێکی گونجاوی بەمجۆرە ئاسانکاریەکی مەزن بۆ راستەڕێ گرتن و پراکتیزە کردن دەخوڵقێنێ.

بەرز بوونەوەی ناوی ئەڵلا, موسا, عیسا, مەحەمەد لە چەرخەکانی ناوین و چڕاندنیان بە گوێی خەڵکی دا, شیکردنەوەی گەوهەری ناسنامەی ئایدیۆلۆژی ئەم زاراوانە دەکاتە مەرجێك. خودا چییە؟ مانای پێغەمبەری نێردراو چییە کە مەحەمەد, عیسا, موسا بە گەورەترینیان دادەنرێت؟ بە گوێرەی لۆژیکی کۆمەڵگا چی واتایەك دەبەخشن؟ باسکردنی مێژوو بە بێ ئەوەی واتای ئەم چەند ناو و زاراوە روون بکرێتەوە, شێوازێکە تاوەکو ئێستا پراکتیزە کراوە. بەڵام ئـەو تاوانانـەی تـاوەکو ئێستا لـە ژێـر نـاوی ئایینـەوە ئـەنجام دەدرێـت, لـە راسـتیدا یـان بـە تـەواوەتی شـینەکراوەتەوە، یـاخود ئەگـەر شیکرابێتەوەش، وەلێ پێداویستیەکانی لـە بـواری کرداریـدا جێبـەجێ نـەکراوە. ئەگـەر ئەمـە ئـەنجام نەدرێت, ئەوا دەرهەق بە مەسەلەی علمانیەتیش کە ئێستا لە زۆربەی وڵاتەکاندا بووە بە کێشەیەکی مەزن، هەنگاو بەرەو پێشەوە ناهاوێژرێت. چەندین بوویەری مەترسیداری لە ئارادان ئەم دەستنیشان کردنـە پشـت راسـت دەکەنـەوە. لەبـەر ئـەم هۆیەیـە بـاس لـە رێنسانسـێکی مـەزنی رۆژهـەڵاتی نـاوین دەکەین.

هەروەکو دەزانرێ ئایدیۆلۆژی کۆمەڵایەتی یەکەمین نموونەی شێوەگرتنی کۆمەڵگاکان لە شـێوەی رۆحانیەت, تەوتەمیەت دان و واتای پیرۆزی دەبەخشن, دەرك پێکردنیـان زەحمەتـە, تـەنیا پشـت بـە هێزی هەسـت پێکـردن دەبەسـتن. کاتێـك دەبێتـە دیاردەیـەك ئـەوا ئـەو هێـز و وزەیـەی دەرکـەوتووە هەوڵـدەدات واتـا بـەخش بێـت, بـەڵام رەوشـی سـەرەتایی هـزر، هەوڵـدەدات لەمیانـەی خـەیاڵی وەکـو رۆحگەرایی و تەوتەمگەرایی ناسنامەی پێبـدات و روونـی بکاتـەوە. ئـەو دیاردەیـەی خـوڵقێنراوە زۆر گرنگە, چونکە ئـەو هەلومەرجەیـە کـە ژیـان بـە شـێوەیەکی رەهـا پێیـەوە گرێـدراوە. ئەمـە هەسـتی پێدەکرێت, بەڵام بۆ ئەوەی بە روون کردنەوەیەکی زانستیانە بگات، پێویستی بـە پراکتیکێکـی هـەزار ساڵانە هەیـە. سـانایيترین رێگـای مەزەنـدە و خـەیاڵی قۆنـاخی منـداڵێتی شارسـتانیەت, وەکـو منـداڵ مەزەندە کردن و هەست کردن بەوەیە کـە هـەموو شـتێك وەکـو ئـەو زینـدووە و خـاوەنی داخـوازی و سۆزە. لە راستیدا یەکەمین بە کۆمەڵگابوون خاوەنی پێکهاتەیەکی هزری و رۆحی منداڵانەیە. ئەگـەر سایکۆلۆژی منـداڵ و یەکـەمین کۆمـەڵگا بـەراورد بکرێـت گـەلێك لێکچـوونی سـەیر و سـەرنج راکێش دەدۆزرێتـەوە. جینۆلۆجیـا (زانسـتی جینناسـی) سـەبارەت بـە گـەلێك بابـەتی بـواری سۆسـیۆلۆژی

توانیویـەتی رۆڵێکـی رێگـا خۆشـکەرانە ببـینێ. بـەکورتی خولْقانـدنی رۆحگـەرایی و تەوتەمگـەرایی **"واتای پیرۆزی"** لەلایەن قۆناخی منداڵێتی ئایدیۆلۆژی قلان (کۆمەڵەی تیرە سەرەتاییەکان)، شتێکە دەرکی پێدەکرێت. دیاردەی کۆمەڵگا وەکو بوونەوەرێکی رۆحانی و پیرۆزکراو گوزارشتی لێدەکرێت و بەناسنامەی خۆی دەگات.

**تەوتەم** رەمزی ناسنامەی قلان. ناسنامەی تەوتەم بـەواتای رەمـزی مەعنـەوی و هەسـتی هـزری ئەو کۆمەڵگایە دێت کە هێزی خۆی ناسیوە و هەستی بەبوونی خۆی کردووە. وەکو چوارچێوەی ئـەو پەرستگا و خودایـە وایـە کـە دواتـر پێشدەکەوێت. لەمیانـەی تەوتەمـەوە بنەماڵە بـەهێز دەبێـت و هەست بەخۆی دەکات. داننـان بەخۆیـەتی. هـەروەکو چۆن هـیچ بوونـەوەرێك بـێ نـاو نابێـت, ئـەوا قلانیش بـەمجۆرە بـێ نـاو نابێت. نـاو لێنـان زاراوەیەکـە زۆر لـە رووخسار ئـاڵۆزترە. لەگـەڵ هـەموو شتێکدا کۆکە کە پێکهاتەی کۆمـەڵگا لـە خۆیـەوە دەگرێت. لەراسـتیدا تەوتـەم وەکو رەمـز و نازنـاوی هێنانە زمانی دیاردەی کۆمەڵگایە. بت پەرستیەکی سادەی تیرە نییە. پاپەنـدی و رێزگـرتنی تەوتـەم واتای پاپەندبوون و رێزگرتنی ئەندامەکانی قلانە بۆ خۆیان. لە کاتێکـدا بـەمجۆرە ئـایینی سـەرەتایی دەبێتە گوزارشتی سـەرەکی ئـایـدیۆلۆژی کۆمەڵەکە, کاتێـك ئـەو شـتەی کـە کردوویـەتی بـە سـەمبۆڵ، دەبێتە خاوەن پیرۆزی و تابۆ, ئەوا ئەمە بە واتای شکۆمەندی و بەهێز بوونی ئەو کۆمەڵگایە دێت کە جێگای خـۆی تێـدا دەگرێت. ئـەو ئایدیۆلۆژیایـەی ناسـنامەکەی تەوتەمـە، دەبێتـە هێـزی لەسـەر پـێ گرتنی ئەو کۆمەڵەیەی نوێنەرایەتی دەکات. بێگومـان لـە کاتێکـدا ئـەزموونی ژیـانی قـلان (کۆمەڵـەی تیرە سەرەتاییەکان) کە لەژێر هەلومەرجێکی زۆر دژوار بەرێوەی دەبات، وەکـو بـەهای نـاوخۆ واتـادار دەبن, ئەوا داخوازی پیرۆزی تابۆ, شـتێکی زانـراوە. ئازارەکـانی رابـردوو, بەختـەوەری, زەحمەتیـەکان, رەنـج لـە هـەبوونی تەوتەومـدا شـاراوەیە. ئـەوەی کـراوە بـە سـەمبۆڵ، تـەواوی رابـردووی کۆمـەڵگا و ئومێـدی ئاییندەیـە. بـەگوێرەی ئـەم پێناسـەیە دەرکـەوتنی ئـایین, وەکـو یەکـەمین شـێوەگرتنی ئایدیۆلۆژی, دەبێتە یەکەمین نموونەی شێوە گـرتنی رۆحـی و هـزری و خـەیاڵێکی مەعنـەوی قـلان و تیرە. ئایین یەکەمین شێوەی رەنگدانەوەی هـەبوونی ماددی کۆمەڵگایـە لـە بـواری مەعنەویـدا. درێـژ خایاندنی وشوێنگەی لەپێشینەی لە مێژووی کۆمەڵگاکاندا بۆ ئەم تایبەتمەندێتیەی دەگەرێتەوە.

زاراوەی ئـایینی خـاوەن خـودا, هـەنگاوێکی لەپێشـتری چـەمکی ئـایینی تەوتەمـە, شـێوەیەکی پێشـکەوتووترە. پێهـەڵگرتن بـەرە و زاراوەی خـودا, واتـای ناسـینی دیاردەیـەکی کۆمەڵایـەتی پێشکەوتووترە. ئەو کۆمەڵگایەی گەورە بووە, هێزەکەی زیاد بـووە, تواناکـاری بـە دەسـت هێنـاوە, بـە باوەڕی و متمانەوە خـۆی بـەرێوە دەبـات, گوزارشـت و زاراوە سـەمبۆڵیەکەی بـە شـێوەی "خـودا" نـاو

دەبرێت و ناسنامەی پێدەدرێت. گوزارشتی گشتی ئەو شتەی کە کۆمەڵگا لەمیانەی بەڕێوەبردنی خۆی لە سروشت و ئەزموونەکانی خۆی هەڵیدەهێنجێ، وەکو خودا پێشکەش دەکرێ و وەکو زاراوە ناوزەد دەکرێت. ئەو هەبوونەیە کە هێزی تەواوی سروشت و کۆمەڵگای لێبارکراوە. بە واتایەکی دیکە, دروست کراوە, تەسەورێکە, زاراوەیەکە. ئەگەر دوورتر بڕۆین, بە واتای ناولێنانی یەکەمین هەستەکانی کۆمەڵگایە سەبارەت بە تەواوی یاسا و نهێنیەکانی سروشت. دواتر کاتێك فەلسەفە لەمیانەی هەنگاوێکی لەپێشتر هەوڵدەدات سروشت روون بکاتەوە, لە راستیدا لە هزری ئایینی دادەبڕێت و ئەمە ئەنجامدەدات. بەڵام پەیوەندی نێوانیان گرنگە. زاراوەکانی خوداش روون کردنەوەی سروشت و کۆمەڵگایە. فەلسەفە تەنیا سروشت و کۆمەڵگا بە بناخە دەگرێت و خودا لە دەرەوە دەهێڵێت, راستتر ئەوەیە موحافەزەکاری و بێ بەرهەمی هزری ئایینی (خودایی) دەبینێ, بەمجۆرە دەگات بە ئاستی چەمکێکی کۆمەڵگا کە قۆناخی منداڵێتی دەرباز کردووە و گەیشتۆتە شێوەیەکی نوێی بیرکردنەوە. هزری ئایینی کە پشت بە خوداوەند دەبەستێت لە نزیکەوە گرێدراوی قۆناخی منداڵێتی کۆمەڵگایە. لەگەڵ پێشکەوتن و گۆڕانکاری کۆمەڵگا, هەبوونی گشتی سروشت کە بە خودا ناونراوە, دەبێتە خاوەنی واتای نوێتر. لەگەڵ هێزی گشتی کۆمەڵگا, بەهێزترین لایەن و بواری کۆمەڵگا دەکرێت بە خوداوەند و واتادار دەکرێت. خودا مەزن دەبێت. چونکە گوزارە و دەربڕینی گشتی کۆمەڵگا, کۆی تەواوی هێزەکانی تەنیا بە پێناسە کردنێکی نوێ ناوەستێ, هێزی کۆمەڵگا کە جیادەبێتەوە و شکۆمەند دەبێت، دەبێتە خاوەنی ناسنامەیەکی نوێ.

ئیتر ئەو رەنگدانەوەی تەواوی هێزەکانی سروشت و کۆمەڵگایە. دیاردەی وەکو خاك, دانەوێڵە, ئاژەڵ, دار, ئاو, با, هەور و ئاو و هەوا کە لە کۆمەڵگای نیۆلیتیکدا بایەخدار دەبن و پەیوەندیەکی ژیانی لەگەڵ بەرهەمهێنان و ژیان هەیە، لە چنینی ئایینی سەردەمی نیۆلیتیکدا رۆڵی سەرەکی دەبینن. تەواوی ئەم دیاردانە ناوی خوداوەندیان لێدەنرێت, دەکرێن بە خواوەند. چونکە ئەمانە دیاردەی وەهان کە ژیانی کۆمەڵگا دیار دەکەن. ئیتر خواوەندەکان بە شێوەیەکی بەرجەستە دەبنە گوزارشتی سەمبۆڵی ئەو ماددانەی پێویستی و داواکاریەکان جێبەجێ دەکات. لەمیانەی ئەم شێوە هزرەدا هەروەکو بڵێی یەکەمین زانست ئاوا دەکرێت. راستتر, زانستی خوداناسی لە دایك دەبێت. لەبەر ئەوەی لەسەردەمی تەوتەمەدا گێڕانەوە زۆر سنووردار بوو, ئایدیۆلۆژیا لە عیبادەتێکی سادە بەولاوە تێپەڕ نابیت. میتۆلۆژیا پێشنەکەوتووە. زانستی خوداکانیش دواتر دەردەکەوێت.چەمکی ئایینی خوداوەندەکانی دۆستی مرۆڤی سەردەمی نیۆلیتیك, گەوهەری سەرەکی کۆمەڵگای ئەو سەردەمە نیشاندەدات. کارەکتەری کۆمەڵگای ئارام و تەبا, بە بەراوردکردن لەگەڵ ماڤ دێرینی بەربەریەت

توانسته بەهەشتیەکانی سوود وەرگرتن لە سروشت, رێگا لەپێش ئەوە دەکاتەوە خواوەندەکان لە ناسنامەیەك بکرێن بە سەمبۆڵ کە بەخشندەیە و دۆستە و بەمجۆرەش واتادار بێت. لەگەڵ مرۆڤەکان تێکەڵ بە یەکتر. چونکە کۆمەڵگا لەگەڵ ئەو دیاردانەدا بەناویەکداچووە کەخواوەندەکان نوێنەرایەتی دەکەن. لەوەش گرنگتر ئەوەیە چونکە هێزی دەست پێکردنی شۆرشی کشتوکاڵی نیۆلیتیك ژنە و هێزیش لەتواناکاری زاوزێ وەردەگرێت, بۆیە تەواوی خواوەندەکان لە رووخساری ژندان. لەیەکەمین قۆناخی سۆمەرییەکان, میسریەکان و هیندیەکانیش ناوی خواوەندی لەژنان دەنرا. لایەنی پیاوێتی خواوەندی زۆر دوای ئەوە دەردەکەوێت. تەواوی ئەو پەیکەرانەی لەسەردەمی نیۆلیتیکەوە ماونەتەوە لە شێوەی ژن دروستکراون . پەیکەری پیاوان هێندە کەمە دەتوانرێ بگوترێ نییە. خودا و مرۆڤ بەیەکەوەن. خوداوەندێکی لە مرۆڤ دابڕاو, واتە هێشتا چەمکی ئایین پێشنەکەوتووە. تەواوی خواوەندە ژنە مەزن و ناسراوەکانی وەکو **عەشتار, ئینانا**, **ئیسیس**, **دەمەترە**, **کیبەلە**, **ئیندرا** پاشماوەی ئەم قۆناخەن. شێوەگرتنی ئایینی قۆناخ و چەرخ, دەبێتە گوزارشتی ئایدیۆلۆژی تیرە و یەکینە پێشکەوتووترەکانی کۆمەڵگا. بە گوێرەی ژمارەی ئەو دیاردە سەرەکیانەی رۆڵ لە ژیانی تیرەدا دەبینن خواوەند پێکدێن. تا چ رادەیەك هەست بە هێزە سەرەکیەکان بکرێت, چەندە زیان و سوودەکانیان مەزەندە بکرێت، ئەوەندە زاراوە هەیە, بە هێندە خواوەند گەیشتوون. شێوەی هزر و سیستەمی زاراوەکان هەمووی لە میانەی خواوەندەکان گوزارشتی لێدەکرێت و بەرێوە دەبرێت. بێگومان ئەمانەش بە گوێرەی پلە و پایەی خواوەندەکان ریزبەند دەکرێن.

نابێ لەوە سەرمان سووڕبمێنێ کە هێزی سیحراوی ئەم زاراوانە بکرێن بە خواوەند. ئەم سەردەمانە سەردەمی یەکەمین لە دایکبوون و خوڵقاندنە. هەر زاراوە و تواناکاریەکی نوێ, بەواتای خودایەکی نوێ دێت. رۆڵی سەرەکی دایك لەبەرهەمهێنان و تایبەتمەندێتی زاوزێ, بایەخێکی نائاسایی پەیدا دەکات و رێگا لەپێش قۆناخی خوداوەندە ژنەکان دەکاتەوە. چونکە چەندین دۆزینەوە و داهێنان لەلایەن ژنەوە ئەنجامدراوە. شیمانەی ئەوە لەپێشە دانەوێڵەی بە سوود, دارەکانی میوە,ماڵیکردنی ئاژەڵ, بەکارهێنانی زەوی, ئاواکردنی ماڵ "خانوو", منداڵ بە خێوکردن, کێڵان , ئاشی دەست و یەکەمین گالیسکە لە دۆزینەوە و داهێنانی ژنە. چەرخی خواوەندەکانی دایك دوای ئەم پێشکەوتنە مەزنانە دەبێتە سەمبۆلی رۆڵی ژن.

لە بەشی پێشتردا ئاماژەمان بەوە کردبوو کە بۆ یەکەمین جار ئەم شۆرشە کشتوکاڵیەی ژنان لە کەوانەی زاگرۆس ئەنجامدراوە. هەروەها باسی ئەوەشمان کرد سۆمەریەکان ئەم کلتوورەیان بۆ لای خۆیان گواستەوەو بوونە یەکەمین نموونەی کۆمەڵگای چینایەتی. رۆڵی دیاریکراوی راهیبەکان لە

ئایـدیۆلۆژی سـۆمەریەکاندا بەرچـاو و سـەرنج راکێشـە. واتـە رۆڵـی پێشـەنگانەی ئایـدیۆلۆژیا لـە خوڵقاندندا، ئاشکرا و شکۆدارانەیە. راهیبێتی ناوەندی پێکهاتنی کۆمەڵگای چینایەتییە. رێبەرایـەتی ئایدیۆلۆژییە. پەرستگا یەکەمین بڕیارگای کۆمەڵگای چینایەتی و ناوەنـدی بەڕێوەبردنـە. ئـەو شـێوە ئایـدیۆلۆژی و باوەڕیانـەی لـەوێ پێکـدەهێنرێن، وەکـو ناسـنامەیەکی نـوێی کۆمـەڵگا هەڵدەکشـێ. ئایدیالیزەکردنی کۆمەڵگای چینایەتی و ناوزەدکردنی، هەنگاوێکی دیکە بەرەو پێشەوە چووە و بەرەو ئاسمان شـکۆمەند کـراوە, وەکو سیسـتەمی ئاسمـانی لێکـراوە و لاسایی کراوەتـەوە. لەکاتێکـدا راهیـب کۆمەڵگای نـوێی چینایەتی دەخـوڵقێنێ, زۆر بـاش دەرك بـە واتـای ئـەو بەرهەمـە مەزنـە دەکات کـە هاتۆتـە ئـاراوە, زۆر باشـیش هەسـت بـەو ئەرکـەی خـۆی دەکات کـە دەبـێ ئـەم سیسـتەمە بکـات بـە نموونــەیی کــە بەرهــەمێکی بــەمجۆرەی خوڵقانــدووە و پێویســتی ئــەوە جێبــەجێ دەکــات و بەخواوەنـدەکانی خۆیـەوە گرێـدەدات. پێویسـت دەکـات ناسـنامە نوێیـە خوداییـەکان بەتـەواوی پیرۆزیەکانیانـەوە ناویـان لێبنرێـت و لـە شـوێنگە مـەزن و پیرۆزەکـانی خۆیانـدا جـێگیر بکـرێن. زیگوراتەکان (زەقورەکان) پێکـدەهێنرێن و هـەروەکو چۆن نهۆمی ژوور بـۆ خوداوەنـدەکان تـەرخان دەکرێ, نهۆمی ژێریش بۆ سەردانی کۆیلەکان دەکرێتەوە.

له نموونەی سۆمەریەکاندا  پرسیاری له جۆری سەرەتا ئابووری یاخود ئایدیۆلۆژی، پێویسـتی بـە لێپرسینەوەیەکی گرنگ هەیە. بەڵام تـەواوی دیـاردە و دەرئەنجامـەکان ئـەوە نیشـاندەدەن بڕیارگـای راهیب ناوەندی بەرهەمی ماددی و داهێنانی مەعنەوییە.لەسەر ئەم بنەمایە شارستانیەت و دەوڵـەت و شار ئاواکراوە. نموونەیەکی بەمجۆرە نابینرێ کە بـەبێ هـەبوونی ناوەنـدی پەرسـتگای راهیبـەکان، بەرهەم بە شـێوەیەکی سـەربەخۆ ئـەنجام درابێـت. ئەمـە دەسـەلمێنرێ: هێـزی ناسـنامەی ئایـدیۆلۆژی کۆمەڵگا و بـەخودایی بـوونی, بـەواتای ئـەو دەزگایانـە دێـت کـە هـەرگیز بەرهـەمی ئـایینی دەسـتیان لێبەرنادات. بە لانی کەم مسۆگەرە لـە قۆنـاخی لـە دایکبوونـدا بەمجۆرەیـە. دواتـر کاتێـك شـێوەکانی یەکەمینی بێ واتا دەبن, مانای ئەوە نییە کۆتایی بـە رۆڵـەکانیان هـاتووە. تـەنیا بـەواتای ئـەوە دێـت جێگـای خـۆی بـۆ شـێوەی نـوێ بەجێهێشـت. خواوەنـدە سـۆمەریەکان کـە کارەکتـەری سـەرەکی میتۆلۆژیاکانن, لەبەر ئەوەی بەواتای بەردەوامکردنی ئەوانەی نیۆلیتیك دێن, هێشتا نزیکی مـرۆڤن و لە شێوەی مرۆڤ دان. وەکو مرۆڤ دەخۆن و دەخۆنەوە, ژن دێنن (مێرد دەکەن) .شێوەی ژن و پیـاو لەسەرەتادا وەك یەك هاوسەنگن, بەڵام پێشبڕکێ و ململانێی نێوانیان تا دەچێ دژوارتر دەبێت.

وەکو رەنگدانەوەیەکی جیابوونەوەی چینایەتی کۆمەڵگا، دەرکردنی ئادەم و حەوا لە بەهەشت و مەحکوم کردنیان بە خزمەتکاری، رێکی ئەم قۆناخە هاتووە. جیاوازیـەکی مـەزن لـەنێوان مرۆڤـەکان

دروست دەبێ؛ لەکاتێکدا خوداوەنـدەکانی سۆمەردەبن بـە خولقێنـەر, سـەرلەنوێ بەنـدەکانی خۆیـان وەکـو خزمــەتکار دەخـولقێنن. کێشـمەکێش و خولّقانــدنی ئــەنکی و نــین هورسـاك ــ ئینانــا لــە میتۆلۆژیەکاندا لە کاتێکدا گوزارشت لـە بەجێهێشتنی رۆڵی خولقێنەرانـەی رابـردووی ژن بـۆ پلـەی دووەم دەکـات و لەبــەر چـاوانی دەخـات، لەلایــەکی دیکــەوە ســەمبۆڵی شــێوەی مرۆڤــی کۆیلــە و خزمـەتکارە. ئـەو تابلۆیـەی راهیبـە سۆمەریەکان کێشاویانە لـە تـەواوی دووالیزمـی خـودا ــ بەنـدە سیستەمەکانی دواتردا رۆڵ دەبینێ. لەگەڵ ئـەوەی دەستنیشـان کردنـی ئـەم بابەتـە زۆر گرنگـە، ئـەوا دوورکەوتنـەوەی پەرتووکـە ئایینـەکان و تەنانـەت رەتکردنـەوەیان بـۆ ئـەوە دەگەڕێتـەوە کـە دەبـێ لــەپێناو بەرژەوەندیــەکانیان رووی راســتەقینەیان شــاراوە و دەمامــك کــراو بێــت. ئــەو ناســنامە خوداییانــەی لــە کۆمــەڵگای ســۆمەریەکاندا تەســەور کــراوە, وەکـو رەنگدانەوەیــەکی جــێگیر بــوون و پێگــەگرتنی هێزەکــانی سروشــت و کۆمەڵگایــە. لەگــەڵ بــواری خۆڕســکیدا, لایەنــەکانی کۆمــەڵگا دەردەکەوێتـە پـێش, پێبـەپێ فورسایی و پایـەی ژن کـەم دەبێتـەوە, پێشکەوتنی سـەرنج راکـێش لـە جیابوونــەوەی مرۆڤــی بەنــدە و خزمــەتکار دەبینرێــت. لــە کاتێکــدا زیــاد بــوونی هێــزی سیاسـیانەی کۆمــەڵگا دەبێتــە هۆکـاری ئــەوەی بــە شــێکی خواوەنــدەکان بــەرز بنــەوە و دەرکەونــە پــێش, هەنــدێ ناسنامەش وون دەبن و لە شێوەدا دووچاری گۆرانکاریەکی مەزن دێن. لە قۆناخی بابلدا هێزی رەهای مۆنارشـییەت لـە بەرزبوونــەوەی خواوەنــد مــەردۆك رەنــگ دەداتــەوە. قۆنـاخی دواتـری میتۆلۆژیـای سۆمەر ئەوە نیشان دەدات کە ئیتر گەیشتونەتە بەر دەروازەی لە دایکبوونی ئایینە تاکخوداییەکان.

کاتێـك تـیرە بەرەچـەڵەك سـامیەکانی بیابانــەکان، کـە بـەهێز بـوون، نــە ژیـانی باوکسـالاری و (مۆنۆلـۆك) چـۆنیەکەکەی خۆیـان لەگــەڵ شارســتانیەتی ســۆمەردەکەن بــە یــەك, خوداوەنــدەکانی میتۆلۆژیا لە نێو شەڕدان. لە کاتێکدا کاریگەری ژن و شارسـتانیەتی سۆمەرنامێنێ و دەسـڕدرێتەوە و داب و نەریتی باوکسالاری تیرەکانی بیابان دەبێت بـە هێزێکـی سیاسـی, ئیـدی ئاراسـتەی خـۆی بـەرەو سەرەرۆیی و مۆنارشێتی دەگرێت. داب و نەریتی تیرەکانی بیابان لە کەسایەتی حامورابیدا بە شـێوەی "**مـن یاسـام**" بناخـەی چـەمکی پادشـایەتی پێکـدێنێت. لەهەمانکاتـدا قووڵبوونــەوە و چـڕبوونەوەی ناکۆکی نێوان تیرەکان و ناو خودی تیرە، بە شێوەی داب و نـەریتی پێغەمبـەر ئیـبراهیم بەرامبـەر بـە هێزی ناوەندی سیاسی کە خۆی وەکو خودا دەبینێ, هێزێکـی رکابـەر دێنێتـە ئـاراوە. پێغەمبەرایـەتی رێگا لـەپێش دابڕانێکـی ریشـەیی لـە چـەمکی ئـایینی سۆمەریەکان دەکاتـەوە. بەرامبـەر بـە قۆنـاخی خوداوەندەکانی کە لە شێوە و رووخساری مرۆڤدان, چەمکێکی مرۆڤایەتی لەجۆری"**هیچ کاتێك مرۆڤ نابێت بە خوداوەند**" جێگای دەگرێتەوە.

ناوەڕۆکی ئەم چەمکە پێویستی بە شیکردنەوەیەکی بە بایەخ هەیە. بە خوداوەند نەبوونی مرۆڤ, بە واتای یاخیبوون و هەڵوێست نیشاندان دێت بەرامبەر باوەڕی پادشای ــ خوداوەند. لە لایەکی دیکەشەوە لەمیانەی رزگارکردنی خودا لە شێوە و رووخساری مرۆڤ, لە بەڕێوەبەرایەتی تیرەدا بە شێوەی بریفکاری ــ نێردراو بەرەو بەڕێوەبەرایەتیەکی نەرمتر، هەنگاو دەهاوێژێ. ناسنامە خوداییەکانی لە کۆمەڵگای نیۆلیتیکدا لەگەڵ مرۆڤ دا دەژیان و دۆست بوون و لە رووخساری مرۆڤدا بوون, لە شارستانیەتی کۆیلەداریدا لە ئەنجامی جیابوونەوەی لە جۆری خوداوەند ـ خزمەتکار هاتە ئاراوە و دەبێت بە خوداوەندێکی خاوەن تایبەتمەندی حاکمە, قەهار, سزادەر, خاوەن وەرچەرخانێکی مەزنی ناو و زاراوەکان دێتە ئاراوە. ئیتر هێزی سیاسی کردۆتە ناوەندی کۆمەڵگای چینایەتی, لەسەر ئەم بنەمایەش میتۆلۆژیا شرۆڤە و ناوەڕۆکێکی نوێ لە خۆوە دەگرێت.

لە ئەنجامی بەرخودان و جیابوونەوەی تیرەکان، شێوەی ئایدیۆلۆژی نوێ هاتنە ئاراوە, ئەمەش هەنگاوێکی بەرەو پێشتر هاوێشت و لە پادشای ــ خوداوەند جیاوازتر ناسنامەی خوداوەندێك دەرکەوتە پێش کە میهرەبانی بەسەر بەندەکانی خۆیدا دەبارێنێ و بە تایبەتیش لایەنگری چەوساوە و ستەم لێکراوەکان بوو و وەکو پارێزەری مافەکانیان وا بوو. بە شێوەیەکی سەرەکی داب و نەریتی پێغەمبەر ئیبراهیم یش بەمجۆرەیە. مرۆڤ نابێت بە خوداوەند، بەڵکو تەنیا دەتوانێ ببێ بە وەکیل و نێردراوی خودا. خوداوەندەکان تەنیا نەفرەت نابارێنن و سزا نادەن. دەتوانن فریادڕەسی و میهرەبانیش بکەن. بەڵام تەنیا کاتێك سزادان دەبێت کە تاوانێکی مەزن بکرێت. بەڵام لەمیانەی پەرستن و عیبادەتەوە دەشێ ببەخشرێ و لێی ببووردرێ. ئەم چەمکە گەوهەری ئایینە تاکخوداییەکانە, لە ئاستێکی زۆر بەرزدا گوزارشت لە جیابوونەوەی هێزی سروشت و کۆمەڵگا دەکات. لە گەوهەری خۆیدا قەڵەمبازێکە دژی چەمکی ئایینی کۆیلەداری کە ناوەندەکەی باوەڕی پادشا ــ خوداوەندییە. شێوە و دەمامکی ئایدیۆلۆژی تێکۆشانی کۆمەڵگا و چینایەتی قۆناخە. هەرچەندە ئەم چەمکە لەمیانەی میتۆلۆژیا و ئایینی کۆیلەداری سۆمەرەوە سەرچاوەی گرتبێت, وەلێ هەنگاو بە هەنگاو لایەنێکی رکابەری دەردەکەوێتە پێش. رکابەرێتیەکەی بەرامبەر شارستانیەتی کۆیلەداری ریشەییە. هەڵکشانی ئایینە تاکخوداییەکانە کە لە شێوەی مرۆڤدا نین, هەربۆیە بەرامبەر بە کۆیلەداری رۆڵی پێشەنگایەتی ئایدیۆلۆژی دەبینێ.

زاراوەی تاکخودایی بۆ بە گەردوونی بوونیش کراوەیە. خاوەن هەڵوێست و مەیلی تێپەڕکردنی سنووری تەسکی تیرەگەرێتییە چونکە پێویستی تیرەکان بە یەکێتی بەردەوام تاکخودایی دەکاتە ناچاریەك. کاتێك تیرەکانی دیکەش بە هەمان رەوشدا دەرباز ببن, ئەوا بەلاوەنانی تەوتەم و بتە

کۆنەکانی تیرە و بنەماڵەکان دەبێتە ناچارییەك. ئەمانە (تەوتەم، بت) ئیتر وەکو شێوەی پاشکەوتوو لەپێش یەکبووندا دەبن بە کۆسپ. بە گوێرەی ئەوەی پێشتر ئازارێکی زۆر بە دەست پادشا ــ خوداوەندەکان بینراوە, بۆیە زاراوەی ئەم خوداوەندە پێشدەکەوێت کە سەمبۆڵی یەکێتی هەمووانە, فریادرەسە, میهربانە, لەمیانەی ئەو ناکۆکی و پێویستی یەکبوونە، پێبەپێ شکۆدار دەکرێ, گەلێك تایبەتمەندێتی نوێی پێ دەبەخشرێ و دەکرێت بە خوداوەندێکی تاقانە و بێ هاوتا. لە کاتێکدا لە رابردوودا هەر تایبەتمەندێتیەکی سەرەکی لەمیانەی خوداوەندێکەوە گوزارەی لێدەکرا, وەلێ لەم ئایینە نوێیەدا تەواوی ئەم تایبەتمەندانە وەکو تایبەتمەندێتی تاکخودا واتادار دەکرێت. نەوەد و نۆ تایبەتمەندێتی ئەڵڵا, ئەمە لە شارستانیەتی سۆمەریەکاندا وەکو تایبەتمەندێتی شارستانیەت لە شێوەی "**ما**" کان هەبووە کە بە واتای یاسا و داب و نەریت دێت.

ئەو نوێکاریەی موسا بۆ ئایینی تاکخودایی هێنای, بە شێوازێکی رادیکالانە تەواوی تیرە عیبرانیەکانی لە چەمکە کۆنەکانی تیرەگەرێتی دابڕاند و کردوویەتی بە ئایینی نەتەوەیی قەومێك یاهۆڤا (یەهوە) وەکو خوداوەندێکی میللی, لەمیانەی بە خۆوە گرێدانی تەواوی تیرە عیبرانیەکان ئەم پێکهاتەیەی کە گرێدراوی ئەو پێنج فەرمانە بوو کە وەکو سرووش (وەحی) بۆی هات, نوێنەرایەتی قۆناخێکی پێشکەوتوو دەکات. هەر لەبەر ئەوەی گوزارشت لەبەرەنگار بوونەوەی فیرعەونەکانی میسر دەکات, لایەنێکی ئازادیخوازیشی هەیە. لە راستیدا هێڵکاری ناسنامەیەکی ئایدیۆلۆژی وەها دەکرێت کە بۆ یەکبوونی ئەو تیرانە سوودی لێ وەربگیردرێت کە پاشکەوتوون و رق و کاردانەوەیان بەرامبەر بابل و میسر هەیە. هەر لەبەر ئەوەی بە ناچاری لەگەڵ هەر دوو ناوەندی بەهێزی کۆیلەداری دەکەونە ناو پێکدادان و بەردەوام پێویستی پێیان هەبوو, کاریگەری و کاردانەوە بە ناو یەکدا چوون. ئەو توانستانەی لە هەر دوو ناوەندەوە بە دەستی دێنن بە گوێرەی تایبەتمەندێتی خۆیان دەیشێلن و شێوە بە ئایدیۆلۆژیایەکی نوێ دەدەن. ئەم ئایدیۆلۆژیایە بناخەی مێژوویی راستینەی عیبرانی یاخود ئیسرائیل پێکدێنێ و تێیدا شاراوەیە. دژایەتیکردنی سیستەمی کۆیلەداری, بەڵام نەبوونی هێز و تواناکاری دەرکەوتن لە ژێر کاریگەری و باڵادەستیەکەی بە درێژایی ئەم مێژووە عیبرانیەکان ناچاری نوێبوونەوە دەکات. رێچکەی ئەوە دەگرنە بەر لەمیانەی ئەو توانست و دەسکەوتانەی لە شارستانیەت وەری دەگرن لاوازیەکانیان بەلاوە بنێن و قەرەبووی بکەنەوە. ئەمەش لەپێشکەوتنی شارستانیەتدا نوێنەرایەتی رێبازێك دەکات.

سەرباری ئەوەی عیسا سەرچاوەی خۆی لە داب و نەریتی یەهوداوە دەگرێت, بۆیە نوێنەرایەتی جەمسەری دژ دەکات. هەروەکو چۆن ئیبراهیم لەمیانەی داب و نەریتی نەمرودەکانی بابل پێگەیشتوو

لەسەر بنەمای دژایەتیکردنیان بەرەو ئاینێکی جودا هەنگاوی هاوێشت, عیساش گوزارشتی دابڕان لە یەهودیەتی فەرمی راهیبەکان دەکات کە لەگەڵ سیستەمی کۆیلەداری رۆما بوونەتە یەك و لە جیهانی هەژاران جیا بوونەتەوە. ئەم شوێنگەیەی لەهەمانکاتدا کۆت و بەندەکانی قەوم بەرەو تێکشکان دەبات. جیهانی رۆما کە سیستەمێکی گەردوونی ئاوا کردبوو زەمینە ماددیەکەی پێکهێناوە و رۆڵێکی بابەتیانەی بینیوە. لە کاتێکدا توێژەکانی سەرەوەی تیرە و قەومەکان دەکەونە ژێر کاریگەری رۆما و بەرەو بەکرێگیراوێتی ئاراستە دەگرن, هەرچی توێژە هەژارەکەیە ناچارە بە دوای چارەنووسی خۆیدا بگەڕێت. هەروەکو بڵێی زەمینەیەکی ئەنتەرناسیۆنالی جێگای باسە. دەرکەوتن و قەڵەمبازی عیسا لە بواری ویژدانیەوە جیهانی کۆیلایەتی رۆما بەرز دەکاتەوە. ئەوەش هەروەکو ئەو سۆسیالیستانە وایە کە بەرامبەر بە سەرمایەداری گوزارشت لە بەرژەوەندی چینی کارکەر دەکەن.

عیسا بەرامبەر سیستەمی کۆیلەداری زیاتر نوێنەرایەتی رابوونێکی ئایدیۆلۆژی و کۆمەڵایەتی دەکات. هێشتا چەمکی خوداوەندی سێیانە نەکراوە بە تاکخودایی؛ کاریگەری میسر و سۆمەری کۆن و تەنانەت نیۆلیتیکیش لە خۆوە دەگرێت. تەنیا بەم شێوەیە دەتوانێت یاهۆڤای خوداوەندی قەوم، تێپەڕ بکات. لەمیانەی ناسنامەی خوداوەندی قەوم، دەرفەتی ڤەبوونێکی ئەوتۆی نییە. کاهینە یەهودیەکان هەر لە زووەوە بە شێوەیەکی چڕ ئەم شانس و دەرفەتەیان رەخساندووە. ئایینی عیسا ئایینی فریادرەسییە. سیستەمی کۆیلەداری رۆما هێندەی فشار خستۆتە سەر ویژدانی مرۆڤایەتی, وایکردووە باوەڕی مەسیحی (فریادڕەس) چاوەڕوانکراو بەر لە دایکبوونی عیسا زەمینەیەکی ئایدیۆلۆژی بۆ بڕەخسێ. چاوەڕوانی ها ئەوەتا هات و دێت بەردەوامە و زیندووە. هەر سێ سەرچاوەی باوەڕیەکانی رۆژهەڵاتی ناوین لە قودس لە یەك بۆتەدا تواوەتەوە. هەڵبەتە داب و نەریتی یەهودی رەگی داکوتا بوو. داب و نەریتی هێلینی دوای ئەسکەندەر توێژێکی بە هێزی کۆمەڵایەتی لە نێوان یەهودی و یۆنانیەکان خوڵقاند بوو داب و نەریتی پارس ــ زەردەشتی هەر لە زووەوە کاریگەری بە هێزی خۆی لە ناوچەکەدا کرد بوو. قۆناخ بە تەواوی قۆناخی تەریقەتە سۆفیگەراییەکانە. ئەوەی هاتۆتە ئاراوە جوڵانەوەیەکی ویژدانە. سیستەمی بالادەستی گەردوونی رۆما, سیستەمی گەردوونی چەوساوەکان دەکاتە ناچارییەك. لە کاتێکدا رۆما سیستەمەکانی تیرە و پادشایەتیە بچووکەکانی پارچە دەکرد و بە خۆیەوە گرێدەدان, جەماوەرێکی فراوانی لە دواوە بەجێ دەهێشت کە سەربەخۆ و لە جیهانی خۆیاندا مابوونەوە. مرۆڤایەتی بە دوای خاوەن و خواوەندە نوێکەی دەگەڕێت. بە شێوەیەکی سەرەکی ناسنامەی عیسا سەرچاوەی خۆی لەم زەمینەوە دەگرێت. تواناکاری کەسێتی هێندە گرنگ نییە. چاوەڕانکردنی قۆناخ بۆ مەسیح تا وەکو ئاستی وتەبێژی خۆی بەرز دەکاتەوە.

ئەم هەڵکشانە ئایدیۆلۆژیەی لەمیانەی مەسیحیەت بۆتە خاوەن ناوێکی گەردوونی، لە ناوەوە پێبەپێ ڕۆما دەخوات. بەرامبەر بەو بێ ویژدانیە مەزنەی لە ئارادایە مەسیحیەت دەبێتە ویژدانی نوێی مرۆڤایەتی. بەڵکو بۆ جاری یەکەمە پارتیەکی گەردوونی مرۆڤایەتی پێشدەکەوێت. دوای سێ سەد ساڵ ئەم پارتیە دەتوانێ لە ناوەوە رۆما (فەتح) بکات و سەربکەوێت, ئەوەی ئەنجامدراوە شۆڕشێکی (سپییە) بێ خوێن رشتنە. راستتر بڵێین, لە دایکبوونی شارستانیەتی دەرەبەگایەتییە کە رەوڕەوەی پێشکەوتنی کۆمەڵگا رێگای لەپێش کردەوە. شەڕی باوەڕ و جیاوازی ژیانی کۆمەڵایەتی کە لەسەرەتادا هەبوون, دواتر دەگۆڕێت و دەبێتە هێزێکی سیاسی.

کاتێك لە ساڵانی ٣٢٥ی زایینی وەکو ئایینی فەرمی راگەیێنرا, گۆڕانکاری مەزن لە گەوهەری شارستانیەتی رۆما روو دەدات. لە کاتێکدا شارەکانی کۆیلەداری دەڕووخێن, ئیدی بەرەو ناوچە لادێییەکان دەچن و وەکو شێوەیەکی نوێی پەیوەندی بۆ مرۆڤایەتی دەزگای پەیوەندیەکانی خاك پێکدەهێنرێت کە پەیوەندیەکی نەرمی کۆیلایەتی لە خۆوە دەگرێت. ئەو شۆڕشە نوێیەی لە بواری کشتوکاڵیدا ئەنجامدراوە، گەڕانەوە بۆ سەردەمی نیۆلیتیك نییە، بەڵکو شێوەگرتنێکی نوێی شارستانیەتە کە لەسەر بنەمای ئامرازەکانی ئاسن هەڵکشاوە و تا رادەیەك مرۆڤ بە ژیانەوە گرێدەدات. ئیتر لە قۆناخەکانی دواییدا ئیمپراتۆرەکانی رۆما پێبەپێ دەستیان لە سیفەتی پادشای ــ خوداوەند بەردابوو. بێگومان رۆڵێکی مەزنی پروپاگەندەی ئایینی تاکخودایی و نەبوونی مرۆڤ بە خوداوەند هەیە, ئیتر خودا لەمیانەی پەردە و دەمامکە ئایینی و فەلسەفیەکان بەرەو ئاسمان بەدەرنراون و بەرز کراونەتەوە. ئەوەی دەخوازرێ لێرەدا شوێنگەکەی بەرتەسك بکرێتەوە فەرمانڕەوایەتی رەهای ئیمپراتۆرە. بە ئەندازەی ئەوەی خوداوەند لە مرۆڤ دوور بێت، تا ئەو رادەیە ئازادی بەدەست هێناوە.

لە کاتێکدا مامەڵە و هەڵسوکەوتێکی بەمجۆرە بەرامبەر خوداوەندی فەرمی دەکرێت, گنۆستیەکان (رۆحانیەکان) و سۆفیگەراییەکان پەنا دەبەنە بەر چەمکی خوداوەندی دۆستی مرۆڤ و لە راستیدا"**ئەنا ئەلحەق, من خوداوەندم, لەگەڵ خودا ئاوێتە بووم**" بەرامبەر بە نوێنەرایەتی فەرمی سیاسی، چەمیکێکی نافەرمییە. بە واتای پەنابردنی چینی ژێر بۆ داب و نەریتە ئایینیە کۆنەکانی خۆی دێت. لە جیاتی خوداوەندێك کە لەگەڵ مرۆڤدا نامۆیە و بەسەریدا زاڵە و سزای دەدات, ئەم چەمکەی کە خۆی لەگەڵ خودا یەکانگیر دەکات, لەسەرەتادا بە شێوەی "**کوڕی خودا**" لەلایەنی عیساش پەیڕەو دەکرێت. بە واتایەك عیساش سۆفیگەرایە, (رۆحانیە) گنۆستیکە. دواتر لەمیانەی فەلسەفەی ئەفلاتون و ئەرستۆ ئەم چەمکە دەگۆڕدرێت. ئەمەش لە کەسایەتی عیسادا بە شێوازێکی

گەردوونیانــە مــەیلی تــەواوی هــەژاران لــە بۆتەیەکــدا کــۆ دەکرێتــەوە و رێ لــەپێش شارســتانیەتێکی پایەدار دەکاتەوە, بەڵام ئەوەی گرنگە سەرەڕای ئەم ئاستە بـەرزەی، رزگـار بـوونێکی سـنووردار دێتـە ئاراوە.

ئەمە مسۆگەرە مەسیحیەت رۆڵێکی مێژوویی لە شێوەگرتنی شارستانیەتی دەرەبەگایەتی بینیوە. لـە بـواری بـاوەڕی و ئەخلاقیـەوە کاریگەریـەکی قـووڵی لەسـەر چارەنووسـی مرۆڤایـەتی کـردووە؛ بـۆ بــەلاوەنانی جیهــانی کۆیلــەداری، فیــداکاری و بــەرخودان دەکــات و ئــێش و ئــازاری مــەزن دەبــینێ و چەرخی ناوینیان ئامادە کردووە. ئەمە راستینەیەکە کە وەکو دەستە و رەوتێکی سادەی ئایـدیۆلۆژی کەوتنە جموجۆڵ و بۆ ماوەیەکی درێژ خایـەن لـە سیاسـەت و زمـانی توندوتیـژی دوور بـوون. ژیـانی کۆمەڵکاری و خەڵوەتی ناو مانەستەر و کڵێسە, هەمان رۆڵی ژیانی سیسـتەمی پەرسـتگای راهیبـەکانی سۆمەری بینیـوە کـە سیسـتەمی کۆیلـەداریان ئافرانـد. ئـەم پێکهاتانـە بوونەتـە ئـەو فێرگەیانـەی کـە کۆمەڵگای نوێ تێیدا شێوە دەگرێت و دەسەڵات و ژیانی ئەلتەرناتیفی تێدا ئامادە دەکرێت. مانەستەر و کڵێسـەکان لـە شـوێنی عیبـادەت زیـاتر, شـوێنی پـەروەردە کـردن و بـەڕێوەبردنی کۆمـەڵگای نوێیـە. بەردەوامی مـۆدێلی سۆمەرە. بێگومـان لەبـەر ئـەوەی لـەناو پەیوەندیـەکانی فەرمانڕەوایـەتی رۆمـادا ژیاون, بەدرێژایی قۆناخ کاریگەریەکی زۆریـان کراوەتـە سـەر. بێگـەردی دەسـتپێکیان لـە دەسـت داوە, ئیتر پێبەپێ خۆشیان وەکو رۆما یان لێهاتووە. کاریگەری و کاردانەوە دوو لایەنەیـە. ئـەو بەرهەمـەی کە هاتۆتە ئاراوە سەنتێزێکە.

لە بڕیارگای رۆژهەڵاتی شارستانیەتی کۆیلەداریش لـە میزۆپۆتامیـا، جولانەوەیـەکی هـاو شـێوەی عیسـا لــە کەسـایەتی مانیــدا دەردەکــەوێت. هــەروەکو دەزانــرێ خواســتی کلتوورەکــانی هێلێنیــزم و مەسیحیەت و زەردەشـتایەتی لـە سـەنتێزێکی پێشکەوتوودا کۆبکاتـەوە و مەودایـەکی چاکیشی بـڕی. جولانەوەی ئایدیۆلۆژی مانی کە لە ساڵی ٢١٦ی زایـینی لەگـەڵ ئیمپراتۆریـەتی ساسانی لەهەمانکاتـدا هاتنە دونیاوە, ئەگـەر بیتوانیبایـە چینی پاشـڤەڕۆی راهیبـەکان بـەلاوە بنێت, ئـەوا شیمانە هـەبوو ئیمپراتۆریەتی ساسـانی تـاوەکو رۆمـا رەنـگ بداتـەوە. مـانییزم لـە دۆگماکـانی ئایینـە تاکخوداییـەکان جیاوازتر بوو, دەیتـوانی لێشاوێك پێـك بـێنێ لـە رێنسانسـی ئـەورووپا بچێت. هـەر زوو دەیتـوانی لـە رۆژهەڵاتی نـاوین هـەنگاوێکی شارسـتانیەتی وەکـو شـێوازی ئـەورووپا بهاوێـژێت. لـە دایکبـوونی پـێش وەخت, داب و نەریتی بەهێزی دەوڵەتی کۆیلەداری و راهیبـە پاشـڤەڕۆ و فەرمیـەکانی زەردەشـتی کـە وەکـو کاهینــە پاشـڤەرۆکانی یەهودیـەکان وابـوون, رێگایـان پێنـەدا و دەرفـەتی گەیشـتنە دەسـەڵاتی جولانەوەکـەیان نەهێشـت و دووچـاری گـەلێك سـزادان و ئەشـکەنجەی بـێ رەحمانـەیان کـردن. ئـەم

موحافەزەکاریە ئایدیۆلۆژیەی ئیمپراتۆریەت, هەم بەرامبەر بێزەنتیەکان هەم بەرامبەر ئەو ئیسلامیەتەی تازە دەردەکەوت, نەیتوانی بەرگە بگرێت و لەسەر پێیان بمێنێتەوە. پێکهاتەیەکی ئایدیۆلۆژی پاشڤەڕۆ تەنانەت بەهێزترین ئیمپراتۆریەتیش لە پەلوپۆ دەخات و لە ناوخۆیدا دەیڕزێنێ, بەمجۆرەش بۆ چارەنووسێك بەجێ دەهێڵدرێ کە لەمیانەی چەند هێرشێك گیان لە دەست بدات.

ئەو ناسنامە ئایدیۆلۆژیانەی لە هەناوی سیستەمی کۆیلەداریدا شێوەیان گرتووە لە شەڕەکانی سیستەمدا وەکو ڕەوتی پێشەنگ ڕۆڵ دەبینن. ڕابوونی هزری و ویژدانی دژ بە سیستەم لە ڕیزی پێشەوە دێت و چەندە بە جەماوەری دەبێت، هێندە شانسی خولقاندن و داهێنان بەرزتر دەبێتەوە. دوای چەند شەڕێکی لەپێشینە یان ئەو سیستەمەی بەرامبەری دەرووخێنێ, یاخود لەمیانەی وەرچەرخانەوە دەستی بەسەردا دەگرێت. بەڵام بەر لەوەی هێزی مەسیحیەت تەواوی گەندەڵیەکانی کۆیلەداری پاك بکاتەوە, قەڵەمبازی ئیسلامیەت سەرهەڵدەدات. لەوانەیە تەنیا مەسیحیەت تێر نەکات. وەرچەرخانی ڕادیکالانە چاوەڕوانی ڕێبەرایەتییەکی ئایدیۆلۆژی و کرداری ڕیشەدارترە. ئیسلامیەتیش وەکو مەسیحیەت تەنانەت درەنگ تر, لەسەر ڕێی ئایینە تاکخوداییەکان و بە تایبەتیش لە ژێر کاریگەری ڕاهیبە نەستوریەکانی ئاشووری و تیرە یەهودیەکان, وەکو دواترین و گەورەترین تەڤینەوەی عەرەبە بەدەویەکان شێوەی گرت و لە کەسایەتی مەحەمەد دا پێغەمبەری دوایی خۆی خولقاندو ڕۆڵی یەکێك لە کۆڵەکە بە هێزەکانی مێژووی بینی.

شیکردنەوەی ئایدیۆلۆژی ئیسلامیەت, تەنیا بۆ واتا مێژووییەکەی پێویست نییە, ئەوا بۆ شیکردنەوەی کۆمەڵگا ئیسلامیەکانی ڕۆژگاری ئەمڕۆشمان گرنگیەکی مەزن لە خۆوە دەکرێت. تا وەکو ئێستاش دەرك بەوە نەکراوە کە ئیسلامیەت چ جۆرە کەسایەتیەکی خولقاندووە. زیاتر وەکو ئایینێکی (جهاد ) غەزا کردن، بەمجۆرە باس دەکرێت کە لایەنە سەربازیەکەی لەپێشە, هەر چی ناسنامە ئایدیۆلۆژی و کۆمەڵایەتییەکەیەتی بە شاراوەیی ماوەتەوە. هەرچەندە پێچەوانەکەی بانگەشە بکرێت, بەڵام تا وەکو ئێستا ئیسلام نهێنیەکە و شاراوەیە. وەکو ئایین و سیاسەتیش, تا وەکو ئێستا ڕووەکانی ناوەوەی شینەکراوەتەوە. ڕووی نهێنی و ئاشکرای (تاریکی و ڕووناکی) هێندە بە ناو یەکتردا تێکچر ژاون، کە لە ڕاستیدا وەکو پێغەمبەری دوایی و ئایینی تاکخودایی, بە واتای کۆتایی هاتنی قۆناخی ئایین دێت. تەواو بە پێچەوانەی بانگەشەکان, لەگەڵ ئەوەی گەوهەری ئایینی ئیسلامیەت و تاکخودایی دەمامکێکی ئایدیۆلۆژی زۆر لاوازن, وەلێ وەکو ئایینێك بەرجەستە بووە کە لایەنی سیاسی و سەربازیەکەی زاڵترە.

ئیسلامیەت وەکو ئایدیۆلۆژیای سێیەمین قۆناخی وەرچەرخانی میتۆلۆژیای سۆمەرخاوەنی تایبەتمەندێتی فرە ڕەنگی قۆناخەکانە. سەرەڕای هەوڵەکانی حەزرەتی مەحەمەد لەمیانەی قاڵبوونەوە قووڵ و مەزنەکانی، ئەوا لە گەیاندنی ئەو میتۆلۆژیا و ئەو دوو ئایینە مەزنەی ڕێی لەپێشدا کردەوە بە ناسنامەیەکی جیاوازتر سنووردار ماوە. بەڵام ناتوانرێ نکوڵی لەوە بکرێت کە لە ئەنجامدانی وەرچەرخانێکدا سەرکەوتنی بە دەست هێنا، ناتوانرێ بچووك بکرێتەوە.

لە نزیکەوە سەیرکردن و بەدواداچوونی ئایینی تاکخودایی و زاراوەی ئەڵڵا کە پێشەنگایەتی ئایدیۆلۆژی سەردەمی دەرەبەگایەتین و شیکردنەوەی واتا کۆمەڵایەتییەکانیان، هێندەی ئەو قۆناخەی تێیدا هاتنە دونیاوە، گرنگن. لەپێناو ڕۆشنگەری ڕۆژهەڵاتی ناوین و سەرلەنوێ لە دایکبوون، پێویست دەکات ئەو کۆنکرێتە بشکێنرێ و فرێبدرێت و کەرەستەکان بە شێوەیەکی ڕاست بەکار بهێنرێت.

## ب ـ ئیسلامیەت وەکو هێزی شۆڕشگێڕی سەردەمی دەرەبەگایەتی

ئیسلامیەت لە بواری مێژوویی و ڕۆژگاری ئەمرۆشماندا یەکێکە لە بابەتە سەرەکیەکانی پێشکەوتن گفتوگۆ تیۆری و پراکتیکیەکان. هۆکارەکەشی بۆ ئەوەی دەگەڕێتەوە کە بە ئەندازەی ئەوەی ئەو ڕاستینەیەی کە ئیسلامیەت دەپچڕێنێ شینەکراوەتەوە، ئەوا پڕ نەکردنەوەی جێگاکەی بە ناسنامەیەکی ئایدیۆلۆژی تێر و تەسەل یاخود بە گوێرەی قۆناخ بە وەرچەرخاندا دەرباز نەبووە. لەسەردەمی لە دایکبوونیشدا ئیسلامیەت بە واتای خۆی نەگەیشت. حەزرەتی مەحەمەد کە لە نزیکەوە هەوڵی دەدا دەرکی پێبکات، شەڕی خۆی وەکو **"دژی نەزانی" (جەهالەت)** ڕادەگەیەنێ. ئەو نەزانیەی مەبەستیەتی ئایدیۆلۆژیای باوکسالاری تیرەیە. ئەمە بابەتێکی زۆر گرنگە. لە کاتێکدا موسا پێهەڵگرتنی ئایینی تاکخودایی لە پێناو یەکێتی تیرە عیبرانیەکان ئەنجامدا، حەزرەتی مەحەمەد لە پێناو پچڕاندنی ئەم یەکێتیە پێشی خست. بە واتایەکی دیکە هەوڵی تێپەڕکردنی کۆمەڵگای تیرەگەرێتییە. تیرەگەرێتی سەرەکیترین فاکتەری کۆسپ خستنە پێش بەهێز بوون و شارستانیەت بوونە. ناسنامەی ئایدیۆلۆژی جیاواز لە کەعبەدا هەن کە لەمیانەی ٣٦٠ بتی گەورە و بچووك نوێنەرایەتیان دەکرێت. تاوەکو ئەم دیاردەیە بەلاوە نەنرێت کە تاوەکو دوایی بەسەر هزردا زاڵە، ناشێ پێشکەوتن بە دیبێت. دووەمین دیاردەی گرنگ شوێنگەی مەککەیە کە ناوەندێکی گرنگی بازرگانیە. شاری (مەککە) لەسەر بنەمای بازرگانی بەردەوامی بە هەبوونی خۆی دەدات. دەتوانرێ بگوترێ هەروەکو چۆن شارستانیەتی میسر و سۆمەردیاری نیل، دیجلە و فوراتن، ئیسلامیەتیش

دیاری بازرگانیەکە مەککە ناوەندەکەیەتی. بە شێوەیەکی بنچینەیی داب و نەریتی عیبرانی بەرهەمێکی ئەو بازرگانیەیە کە لە نێوان ناوەندەکانی شارستانیەت پێشکەوت. کاتێك زاڵبوونی ئەمڕۆی یەهودیەکان بەسەر بازرگانی و ئابووری جیهان بێنینە بەرچاوان، ئەوا رۆڵی مەزن و پڕ بایەخی بازرگانی لەپێشکەوتنی شارستانیەتدا زیاتر دەرکی پێدەکرێت.

رۆڵی بازرگانی لە پێشکەوتنی شارستانیەت و پاشەڕۆیەتی و سەرەتایی بوونی دەمارگیری تیرەگەرێتی و لە دەرکەوتن و قەڵەمبازی حەزرەتی مەحەمەد، زەمینەی سەرەکی بابەتی کۆمەڵگا پێك دێنن. لە کاتێکدا لایەنێکیان پێشکەوتن و بە شارستانیەت بوون دەسەپێنێ، ئەوەیدیکەیان بێ بەرهەم و نەزۆکە، لەمیانەی بەردەوامبوونی شەڕ و پێکدادانە تیرەگەرییەکان، رێگا لەپێش رزین و پاشکەوتن دەکاتەوە. حەزرەتی مەحەمەد دەرکی بە ناوەندی سێ شارستانیەتی مەزن کردووە. هەڵکشانی بێزەنت لە رۆمای رۆژهەڵات، لە رۆژهەڵات ساسانییە بە تواناکان، لە رۆژهەڵاتی ئەفریقیاش حەبەشە، بەردەوام سەرچاوەی ئیلهامن. مەحەمەد بە خۆی چەندین جار لەگەڵ کاروانە بازرگانیەکان بە رێگای مەککە ـ شام ـ قودس دا هاتووچۆی کردووە. لە رێگادا گەلێك شت لە راهیبە مەسیحیەکان بە تایبەتیش لە راهیبە ئاشووریە نەستۆریەکان فێر بووە. تیرە یەهودیەکان زۆر لێی نزیکن. لە نزیکەوە باوەڕی یاهۆڤا دەناسێت کە ئایینی قەومی یەهودیەکانە. حەنەفییە بە رەچەڵەك سامیەکان کە تەریقەتی سۆفیگەرایین پڕوپاگەندەی ئایینی تاکخوداییان لە مەککە دەکرد. هەروەکو چۆن عیسا کاریگەری تەریقەتی ئەسەنیەکانی لەسەر هەبوو، حەزرەتی مەحەمەدیش کاریگەری حەنەفیەکانی لەسەر هەبووە. شتێکی ئاستەم نییە کە داب و نەریت و زاراوەکانی زەردەشتی لە راهیبەکانی ساسانیەکان بیستبێت. لەسەردەمی دەرکەوتنی حەزرەتی مەحەمەد، مەسیحیەت، موسەویەت، زەردەشتیەت ئایدیۆلۆژیای فەرمی بوون. هەر سێکیشیان ناسنامەی ئایدیۆلۆژین کە گەیشتوونەتە دەسەڵات. خوداوەندەکانی کەعبەش کە لە تەنیشت سەریەوە بوون، ناسنامەی مەعنەوی زاڵ و رەوای تیرەکانە. ئەم ئابلۆقە ئابووریەی لەهەر چوار لاوە لە ئارادایە، رێگا لەپێش ئەوە دەکاتەوە زیاتر مەیلداری گروپی سۆفیگەرایی حەنەفیەکان بێت و ئەو مەیلە تایبەتییەی خۆشی کە پێکدێت، وەکو رەوتێکی نوێی سۆفیگەراییە. لەسەدەی پێنجەمی پ.ز نموونەی ئەم جۆرە تەریقەتانە لە جوگرافیای رۆژهەڵاتی ناویندا دەبینرێت و گینۆستیزم (رۆحگەرایی) ناوێکی گشتییە لەو تەریقەتانە نراوە کە ئایدیۆلۆژیا و ئایینی کۆیلەداری دابڕاون، بچووکن بەڵام لەلایەنی ویژدانیەوە ئازادن.

ئـەم قۆناخـە مێژووییـە, قۆنـاخی دەربـاز بوونـە کـە تێیـدا وەرچـەرخانی کۆیلـەداری بـۆ دەرەبەگایەتی خێرا دەبێت. ئەمەش هەروەکو قۆناخی وەرچەرخانی دەرەبەگایەتی بۆ سەرمایەداری ئـەوروپا وابـووە. تـیرە عەرەبـەکانی بیابـان لـەوەدا وەسـتان کـە لەمیانـەی تاقیکردنـەوە، ئـەو شارستانیەتانەی کە جێگای چاو تێبڕین بوون لە سەردەمی لاواز بوونیانـدا دەسـتیان بەسـەردا بگـرن. پێشتریش ئەو تیرە سامیانەی کە لە هەمان رەچەڵەکەوە دێن, هەندێ جار بە ئامـانجی تـاڵان, هەنـدێ جاریش وەکو نیو کۆیلە، بـەرەو ناوەنـدەکانی شارسـتانیەتی سـۆمەر و میسـر ئاراسـتەیان دەگـرت. لـە کاتێکدا یەکەمین نموونە کە بەرەو شارستانیەتی سۆمەر ئاراستەیان گرتووە، ئەکەدیەکان بوون, ئـەوا عیبرانیەکانیش لەو تیرە سامیانە بوون کە بە هەمان شێوە بەرەو میسر چوون. دیسان لەگـەڵ ئـەوەی لە هەمان رەچەڵەکی سامیەوە دێن, بۆیە لـەژێر نـاوی عەرەبـەکان ئامادەکاری هەڵمـەتێکی مێـژوویی دەکەن و هەنگاو دەهاوێژن. ئەمەش ئەو کاتەیە کە مێژوو دەڵێ "**برۆ سەردەکەویت**".

شیکردنەوەی زاراوەی "**ئەڵلا**" کە حەزرەتی مەحەمەد هەڵمەتێکی مەزنی مێژوویی لە ژێر ناوی ئەنجامدا کێشەیەکە بایەخ و رۆڵی کلیل دەبینێ. لەگەڵ ئەوەی دەستنیشان کردنی زەمینە مادیەکانی گرنگە. ئەوەی ئاستەمترە, شیکردنەوەی ئەڵلایـە کـە سـەرەکیترین زاراوەی ئایدیۆلۆژییـە. هەرچـەندە رەوت و لێشاوە فەلسەفی و زانستیەکانی خوداناسی هەوڵیانـداوە ئـەڵلا پێناسـە بکـەن, بـەڵام نـاتوانرێ بگوترێ بەهایەکی زانستی هەیە؛ چونکە شیکردنەوەی کۆمەڵناسی زاراوەکە نەکراوە.

لەگەڵ ئەوەی بەڵگە و سەرچاوەکانیش سنووردارن, "**ئەل EL**" (رۆح) زاراوە و نـاوی خودایـەکی سامیەکانە. شیمانەی ئەوە دەکرێت نیگای خوداوەندی مەزنی ئاسمـان بێـت کـە دوای قۆنـاخی ئـایینی تەوتەمی تیرەکان, لە ژێر کاریگەری شارستانیەتەوە پێشیان خست. لە هـەر شـوێنی نیمچـە دوورگـەی عەرەبیدا لەمیانەی زاراوە جیاوازەکانەوە، بـە شـێوەی جیـاوازتر نـاوزەد دەکرێـت. دەتـوانرێ بگـوترێ کاتێك جیاوازی و گۆرانکاری لە ناو کۆمـەڵگای تیرەگەرێتیـدا زیـادی کـرد, دەزگـای شـێخایەتی شـێوەی گـرت و سیسـتەمێکی تـاك شـێوەی بـێ سـەروبن پـەیرەو دەکـرا, ناسـنامەیەکی سـەرەکی ئایـدیۆلۆژی هاوتەریب لە شێوەی تیرە = شێخ, سروشت = ئەل هاتە ئاراوە. دانانی ئەل بە خاوەنی گشتی سروشت, هاوکات و بەرامبـەری گۆڕانکاری و پێشکەوتنی تیرەیـە. هـەروەکو چۆن شـێخ خـاوەنی تیرەیـە، ئـەوا خاوەنی گشتی سروشت ئەل, ئەڵلایـە. شـێخ بـۆ تـیرە لـە جێگـای سـەرۆکی سیاسـی و مەعنەویشدایە. بـەهێز بـوونی تـیرە لـە کەسـایەتی شـێخ و دەسـەڵات و هێزەکەیـدا رەنـگ دەداتـەوە. هـەروەکو بڵێـی پادشایەکی سەرەتاییە. ئەو هزرەی لە ئەنجامی ئەم رەوشـە لای شـێخ گەڵاڵـە دەبێـت. هـەروەکو چـۆن ئەو لە نێو تیرەدا بەهێزە و فەرمانڕەوایە, ئەوا خـوداش لـە سروشـت بـاڵاترە و خاوەنەکەیـەتی. هـەر

دوو زاراوە تازە پێشکەوتوون و جێگای بایەخن. رۆحی مەزن بە "EL" ناوزەد دەکرێت. لە قۆناخێکدا کە تیرە لە ژیانی خشۆکی (گەرۆکی) و گرێدانێکی زێدە بە هەلومەرجەکانی سروشت رزگاریان بوو, بە هەلومەرجێکی ئازاد و ئارام تر گەیشتن و لەمیانەی گۆڕانکاری و جودا بوون پەیوەندیەکانی نێوان ژێر و ژوور پێکهات, لەهەمانکاتدا باوەڕی تەوتەمی لاواز بوو, بە هەمان رێچکە سروشتیش بۆ دوو لایەن, ئاسمان و زەوی جیا دەبێتەوە؛ تەسەوری ئەوە دەکەن (هەروەکو چۆن شێخ فەرمانڕەوایەتی تیرە و خەڵکەکەی ژێر دەسەڵاتی خۆی دەکات) "EL"یش وەکو خودایەکی نوێی ئاسمان دادەهێنن.

جگە لە مەزنایەتی تایبەتمەندی تری گرنگی ئەڵڵا خاوەندارێتی و حوکمڕانییە. وشەی مالیك و مەلیك سەرچاوەکەی لە "**موڵك**" وەرگیراوە. موڵکداری بە واتای خاوەندارێتیە. لە تەواوی زمانە سامیەکان مالیك و مەلیك بە واتای پەیوەندیەکانی موڵکداری دێت؛ شێخایەتی تیرە واتای پادشایەتی دەگەیەنێ و تاوەکو مەلیکایەتی بەرز دەبێتەوە. مەزنایەتی و مەلیکایەتی تیرە, لە پەیوەندی سەرەکی زەوی ــ ئاسمانی سروشتیدا رەنگدەداتەوە, بە شێوەی فەرمانڕەوایەتی ئەڵڵا بەسەر زەوی و خاوەندارێتی کردنی دەگۆڕدرێ.

هەر لە سەرەتاوە هزری تاکخودایی "**ئەل**" لە نزیکەوە گرێدراوی هەنگاوە سست و لەسەرخۆکانی بیابانە. خودای سامیەکان رەنگ دانەوەی پەیوەندی تیرە و شێخە لەسەر پەیوەندی زەوی و ئاسمان. هاوتەریب بوونێکی بەمجۆرە, زاراوەکە روون دەکاتەوە. ئەمەش مسۆگەرە کە پەیوەندی نێوانیان چڕە. لە شوێنی وەکو میسر, سۆمەر و یۆنان کە چەندین هێزی جیاواز بە سەر ژیاندا باڵادەستن لەپێشکەوتنی کۆمەڵگادا فرەخودایی بە بنەما دەگیردرێت. ماوەیەکی درێژ دوای ئەوە, کاتێك دەسەڵاتی سیاسی بە لوتکەی قۆناخی ناوەندیبوون گەیشت، بە زاراوەی تاکخودایی دەگەن. ئەم تێروانینەش رۆڵێکی بایەخداری لە روون کردنەوەی ئەم مەسەلەیەدا هەیە.

ئەڵڵا کە داهێنانێکی نیمچە دورگەی عەرەبە, نزیکەی ٢٠٠٠ ساڵ پ.ز وەکو ناسنامەیەکی ئایدیۆلۆژی جێگای خۆی لە هزری تەواوی تیرە سامیەکاندا گرتووە. بە شێوەیەکی سەرەکی بەرز بوونەوە و بڵاوبوونەوە و بەهێزبوونی ئەم ناسنامەیە لەسەر بنەمای ئیلهام گرتن لە جیاوازی ناو تیرە و یەك سیستەمی سروشت, ئاستی پێشکەوتنی تیرەش نیشاندەدات. لە نزیکەوە ببینین و ناسینی زاراوەی ئەڵڵا بۆ تەواوی وڵاتە ئیسلامیەکان و جوگرافیای رۆژهەڵاتی ناوین سوودبەخش دەبێت. بەر لە هەموو شتێك پێویستە زۆر چاك دەرك بەهێزەکەیان بکرێ و بزانرێ. لە قۆناخی منداڵێتی مرۆڤایەتیدا, زاراوە نوێکان هەروەکو خودی راستی واتایەکی سیحراوی هەیە. زاراوە و راستی وەکو

یەك دانراوە (هەمان شت)، زاراوەکە لە جێگای راستی دانراوە (بەکارهێنراوە) و تەنانەت فەیلەسۆفێکی وەکو ئەفلاتونیش رۆڵی لەپێشینە بە جیهانی "ئیدیا" دەدات. جیهانی ماددی بچووك و وەکو خەیاڵ و سەراب دەبینن. بێگومان هۆکاری هەرە سەرەکی ئەمە، پێشکەوتن و بەهێزبوونی هێزی لۆژیك و دەرك پێکردنی مرۆڤە. گەیشتنی هێزی دەرك پێکردن بەم ئاستە دیاردەیەکی نوێیە و بەرووداوێکی نائاسایی دەبینرێت. قۆناخی دەرك کردن دەستی پێکردووە. مێشك ئیتر بەرهەم دێنێ. لەمیانەی هزری ئایینی تاکخودایی هێزی دەرك کردنی شێوازی هزری فەلسەفی دەگاتە لوتکە. لە رێگای ئەم هزرەوە مرۆڤایەتی بەرەو سەردەمی هەرزەکاری دەچێت. کامە زاراوە، بۆ کۆکردنەوە و یەکبوون و روونکردنەوە لەبار بێت، ئەم زاراوەیە دەبێتە زەمینەی واتایەکی خوداوەندی یاخود رەوتێکی فەلسەفی. ئافراندنی زاراوە و بەکارهێنانی بە شێوەیەکی گونجاو، کاری سەرەکی و پیرۆزی راهیبەکان و ئەو فەیلسوفانەیە کە تازە هاتونەتە دونیاوە. زاراوەیەکی زۆر سوودی لێ ببینرێ و رێگا لەپێش یەکبوون و بەهێز بوونی کۆمەڵگا بکاتەوە، وەکو بەهادارترین کاڵا و ئامرازی ئاڵوگۆر بەکار دەهێنرێت.

لەگەڵ قۆناخی بەشارستانیەت بوون، مرۆڤایەتی پرشنگدارترین قۆناخی گەیشتنی زمان بە ئاستی زاراوەکان و پێشکەوتنی ژیری (مێشك) دەستپێدەکات. لە بوارێکی دیکەدا شارستانیەت، چالاکی جیابوونەوەی زاراوە سەرەکیەکان و ئەو دیاردانەیە کە نیشانیدەدات و جێگیرکردنیەتی لە بیری کۆمەڵگادا. بە شێوەیەکی گشتی پێشکەوتنی کۆمەڵگا شانبەشانی پێشکەوتنی ئاستی زاراوە و زمان بەرێوە دەچێت. راستینەی زمان و هزری سات چالاکی (کرداری) بەناو کردنی کۆمەڵگا و ناسینی خۆی و بە وشیاری بەرێوە بردن و سەرلەنوێ بەرهەم هێنانە. کۆمەڵگا بە بێ مێشك و بیرکردنەوە لە ئان و ساتدا، ناتوانی سەرلەنوێ بەرهەمدار بێت. تەنیا لە ئاستی ئاژەڵەکان و زێدە بوونێکی غەریزیانەدا دەمێنێ. بە کۆمەڵگابوون و بەرێوەچوون، تەنیا دەشێ لە رێگای زمان و مێشکەوە ئەنجام بدرێت. کۆمەڵگایەك زمان و مێشکی خۆی لە دەست دابێت، واتە کۆتایی پێهاتووە یاخود بووە بە شتێکی جیاوازتر. هەربۆیە وەکو ئاژەڵێك درێژەدان بە هەبوونی ماددی زیاتر، ئەوەی بۆ کۆمەڵگایەك سەرەکیە و پێویستە، پێشکەوتنی هزریە کە لەمیانەی هێزی زمان و مێشك رێگا لەپێش گەیشتن بە حافیزەی کۆمەڵگا و داب و نەریت، ئایین، فەلسەفە و زانست دەکاتەوە. زمان و زاراوە، بەردی سەرەکی بناخەی پێشکەوتنی هزری و بیری کۆمەڵگان. بەبێ گەیشتن بەم بەردانە (زمان و زاراوە)، ناتوانرێ هیچ چالاکی و کردارێکی کۆمەڵگا ئەنجام بدرێت و ئاوا بکرێت. لە ئاواکردن و بەرێوەچوونی تەواوی دەزگاکانی ئابووری تاوەکو دەگاتە سیاسی؛ دەشێ لەمیانەی زمان و زاراوە و ئەو هێزە هزریە ئەنجام

بدرێت کە لەسەر بنەمای ئەم دووانە پێشدەکەون. ئەم هێزە هزریە یەکەمین یاسا و بەهایە کە بە شێوەی داب و نەریت یاخود هەڵوەستەی ئەخلاقی لە بیری (حافیزە)ی کۆمەڵگادا وەکو دەزگایەکی سەرەکی و یەکەمین هەبوونی هاتە ئاراوە. بە شێوەی خەیاڵ و یۆتۆپیای سەبارەت بە داهاتوو دەبێتە خاوەن بەهایەکی هێزی ژیان. لەبەر ئەوەی ئایینی کۆمەڵگا وەکو داب و نەریت و ئەخلاق هەم بیری رابردوو هەم خەیاڵەکان و ئومێدی ئاییندە لە خۆ دەگرێت و بە یەکەوە نوێنەرایەتی یۆتۆپیای سەرەکی دەکات؛ هەربۆیە هەر لەسەرەتاوە وەکو دەزگایەکی سەرەکی کۆمەڵگا جێگایەکی گرنگ و پڕ بایەخی گرتووە. پەیوەندیەکی دیالیکتیکی و ژیانی لە نێوان ئایین و کۆمەڵگادا جێگای باسە. واتای سەرەکی کۆمەڵناسی بەمجۆرەیە.

کاتێك بە گوێرەی ئەم ناوەڕۆکە پێکهاتنی زاراوە ئایینیەکان هەڵسەنگێنین, ئەوا روون دەبێتەوە ئەمانە هێزی دەرکپێکردنی کۆمەڵگان. لەمیانەی چەمکێکی قەبەی ماتریالیستیانە مەسەلەکە داخرێتە ئاستی "**ئایین درۆیە, خودا نییە**" تا دوایی مەترسیدارە و بە لانی کەم بە ئەندازەی گوتنی "**خودا بەمجۆرەیە, لە فلان شوێنە**" چەنەبازیە و گوزارشت لە زانستی بوون ناکات. شتی راست ئەوەیە کە بڵێین لە راستینەی کۆمەڵگادا ئایین چ رۆڵێکی بینیوە و نوێنەرایەتی چ جۆرە هێز و دەزگایەکی کردووە. پرسیاری"**چی گەردوون بەڕێوە دەبات؟**" کە دواتر پێشکەوت, بابەتێکە فەلسەفە و فەلسەفەی ئایینی پەیوەندیدار دەکات. کاتێك بە قۆناخی زانست گەیشتین, وەڵامی ئەم پرسیارانە لە شێوەی یاساکانی زانست دەبێت. قۆناخێکن یەکتریان خوڵقاندووە. ئەم پێشکەوتنەی زاراوەکان بەبێ کۆتایی بەردەوام دەبێت. پاشڤەڕۆیەتی و موحافەزەکاری و زۆربڵێیی راستەقینە ئەوەیە کە ئاستی واتا و دەرك پێکردنی قۆناخێك، وەکو راستینەیەکی رەها پەسند بکرێت و بەسەر هەر کەسێکدا بسەپێنرێ. هەروەکو چۆن دۆگماتیزمی ئایینی دەرکەوت, قۆناخی ئەنگیزاسیۆن ـــ دادگایی ئەنجامێکی سروشتی ئەم چەمکەیە (ئەنگیزاسیۆن؛ دەزگایەکی دادگایی گرێدراوی پاپایە, سەمبۆلێکی چەرخی ناوینە ـ و). نکوڵی کردنێکی قەبەی ئایین لەناو کۆمەڵگادا, دەبێتە هۆکاری دەرکەوتنی ئەو دژە جەمسەرانەی کە قۆناخی بەمجۆرە لەخۆوە دەگرن. تەنیا کاتێك کۆمەڵناسی لەم چوارچێوەیەدا راستینەی کۆمەڵگا تاوتوێ بکات و وەڵامی ئەوە بداتەوە دەزگابوون و واتاکانیان چۆن دەرکەوتن و چ رۆڵێکیان بینی و خاوەنی چ جۆرە هێزێکی بوون, ئەو کاتە دەشێ بگات بە پلەی زانستێك.

زاراوەی ئەڵڵا یەکێکە لە دەزگا ئایینیە سەرەکیەکانی کۆمەڵگا کە لەم چوارچێوەیەدا دەرکەوتووە و بەردەوام پێشکەوتووە و بۆتە خاوەن هێز. میسر و سۆمەریەکانیش نزیکی ئەم زاراوەیە بوونەتەوە. هەروەها پێشکەوتنێکی هاوشێوە لە زەردەشتیەتیشدا دەبینرێت, چەندەی لەناو کۆمەڵگادا هێز بەرەو

بە ناوەندیبوون دەچێت, ئەوا وەکو شێوەی سەرەکی هزر لە زاراوە ئایینیەکاندا پەرەسەندنێك بەرەو تاکخودایی و توحید پێشدەکەوێت. لەبەر ئەوەی شێوەی راستەقینەی هزری قۆناخ ئایینە, پێشکەوتنەکانی زاراوە لە کۆتاییدا بە تاکخودا ئەنجامگیر دەبێت. ئیتر بە هاوکێشەی باڵادەستی پادشا لەسەر زەوی, لە ئاسمانیشدا بە خودا دەگات.

کاتێك تاکخودایی بوونی نیمچە دورگەی عەرەب لەمیانەی ئەڵلا دەگات بە زاراوەیەك, لە راستیدا گەلێك پێشکەوتنی گرنگی کۆمەڵایەتی لە خۆوە دەگرێت. لەگەڵ ئەوەی بەر لە هەموو شتێك ئەم زاراوانە تا رادەیەکی گرنگ سەرچاوەی خۆی لە داب و نەریتی سۆمەر و میسرەوە دەگرێت, ئەوا خاوەنی سیمایەکی رکابەری و تایبەتیشە. بە گوێرەی کلتووری سۆمەر و میسر مرۆڤ ــ خودا، بوونە بە یەك. نەمرود و فیرعەونەکان بە رادەیەکی زیاتر خۆیان وەکو پادشای ــ خوداوەند راگەیاندووە. چەرخی سەرەتایی کۆیلەدارییان لەمیانەی پادشایەتی ـ خوداوەند بەڕێوە بردووە ـ بە گوێرەی ئەو بەڵگانەی لە گۆڕستانەکانی ئەهرامەکان و سۆمەر سەلمێنراوە, بەندەکان وەکو ئەندامێك و خزمەتکاری خۆیان دەبینن. کاتێك پادشاکان مردوون ئەوانیش بە مردوو لە قەڵەم دەدرێن و ئەوانەی زۆر پێویستن بە زیندوویی لەگەڵیاندا زیندە بە چاڵ دەکرێن. ئەمە رەوشێکی تۆقێنەرە. دۆزینەوەی چارەسەری ئەم رەوشە سەرەکیترین ئەرکی مرۆڤایەتییە. بەڵکو درێژخایەنترین و پیرۆزترین تێکۆشانی مێژوو, ئەو شەڕە ئایدیۆلۆژیەیە کە بەرامبەر پادشا ـ خوداوەندەکان کراوە کە خۆیان بە پیرۆزترین و گەورەترین هەبوون دادەنا. مەزنایەتی حەزرەتی ئیبراهیم و دانانی بە باپیرەی هەموو ئایینە پیرۆزەکان, بناخەکەی بۆ ئەم تایبەتمەندێتیە دەگەڕێتەوە و بەمجۆرە پەسند دەکرێت. چالاکی ـ کرداری شکاندنی بتەکان لە لایەن ئیبراهیمەوە, گەورەترین و کوشندەترین لێدانە بەر زاراوەی پادشای ـ خوداوەند دەکەوێت, هەربۆیە بەردەوام بە پیرۆز دادەنرێ. چونکە رێ گرتن لەپێش زیندە بەچاڵکردن, تەنیا لەمیانەی سەرخستنی هەڵوێستێکی بەمجۆرەوە بەدیدێت. تاکو ئێستا لە هەرێمی ئورفا پیاو بە هەزاران جار کاری خراپ بکات، دەڵێن خوێڕی و مێ بازە و بەمجۆرە بە رەوا نیشاندەدرێ, بەڵام ئەگەر کچێك تەنانەت بە چاوێکی ئارەزوومەندانە تەماشای یەکێك بکات، ئەوا بە گوێرەی داب و نەریت لەلایەن بنەماڵەوە رووبەڕووی فەرمانی کوشتن دەبێتەوە, ئەمەش یەکێکە لە دواترین پاشماوەکانی نەمرود. داب و نەریتێکی پێنج هەزار ساڵە درێژە بە چەمکی فەرمانڕەوایەتی پادشای ـ خوداوەند دەدات, هەڵسوکەوتێکی سروشتی مرۆڤ لە گۆڕنان و کوشتنیەتی. کەواتە حەزرەتی ئیبراهیم لە خۆڕا لەم ناوچەیە نەهاتۆتە دونیاوە. ئەوەی حەزرەتی ئیبراهیمی خوڵقاندووە یاسای

تایبەت بە خشۆکەکانە (خشۆکەکان, تیرەکانی بیابان ـ و) سەبارەت بە مەترسیدارترین چەمکی بەندایەتی کە بۆ سۆمەر و میسر تەنانەت بۆ ماوەیەکی دوورتریش دەگەڕێتەوە.

بەرزکردنەوەی ئەڵڵا کە لەگەڵ حەزرەتی ئیبراهیم یەکانگیر کراوە, مسۆگەر گرێدانی خۆی بە راگەیاندنی لەکارکەوتن و بەسەرچوونی ئەم یاسایەوە هەیە. یەکەمین تایبەتمەندێتییەکەی یاسای **"مرۆڤ نابێت بە خودا, ئەڵڵا"**. لەمیانەی جیابوونەوەی پێکهاتەی کۆمەڵگای تیرەکان و ئەو جوگرافیایەی تێیدا دەژیان، هەوڵدراوە پەیوەندی زاراوەی ئەڵڵا شیبکرێتەوە. بەڵام واتا و لایەنی تایبەتی ئەوەیە کە دژی چەمکی ئایین و خوداوەندی میسری و سۆمەریەکانە. کاتێك دەڵێ مرۆڤ نابێتە خوداوەند, ئەمە بە واتای ئەوە دێت کە نەمرود و فیرعەونەکان ناتوانن ببن بە خوداوەند و بەها ئایدیۆلۆژیەکەی یەکجار بەرزە. چالاکی و شۆڕشی بت شکاندنی ئیبراهیم گەورەترین و بەهادارترین واتای لێرەدا شاراوەیە. رادەگەیەنێ کە قۆناخی ئەوە بەسەرچوو نەمرود و فیرعەونەکان خۆیان لەگەڵ خودا بکەن بە یەك. ئەو ئەڵڵایەی لە چەمکی ئیبراهیم دا بەرزکراوەتەوە، لەمیانەی ئەم گەوهەرەیەوە لێدانێکی بەکاریگەر لە کۆیلایەتی رەها دەدات. تا وەکو بڵێی پێشکەوتووخواز و ئازادیخوازە. ئەمە لە حەزرەتی موسادا زیاتر بەرجەستە بووە. کاتێك وەکو خودای گشت تیرەکان، بانگەوازی ئەڵڵا هەموو شوێنێکی پڕ کردەوە, لەلایەك سیستەمی پادشای خوداوەندەکان, لە لایەکی دیکەشەوە قۆناخی تەوتەمی تیرەکان پارچە دەکرێت کە تاوەکو دوایی بەرەو موحافەزەکاری رۆیشتبوون و بەلاوە دەنرێن. گەوهەری بەرزی شۆڕشگێڕێتیەکەی لێرەدا شاراوەیە و هەر لەبەر ئەم هۆکارەشە جێگایەکی گرنگی لە مێژوودا گرتووە. ئەو ئەڵڵایەی کە بەرزکراوەتەوە و بەهێز کراوە, ئەو کۆمەڵگایەیە کە بەهێز بووە و ئاستی ئازادیەکەی پێشکەوتووە. بانگەوازیەکانی **"ئەڵڵا, ئەڵڵا"** تاوەکو گەیشتن بە قۆناخی پاشڤەڕۆیەتی و موحافەزەکاری، لە تەواوی چالاکی و کردار و شەڕەکاندا رۆڵی دروشمێکی شۆڕشگێڕێتی گرنگ دەبینێ. لە قۆناخی سەرمایەداریدا دروشمەکانی **"بژی لیبرالیزم, بژی سۆسیالیزم، بژی گەل"** چ مانایەکی هەیە، بانگەوازیەکانی **"یا ئەڵڵا، ئەی خودایە"**ی کۆیلەداری و دەرەبەگایەتی هەمان واتای هەیە. کاتێك شیکردنەوەی کۆمەڵایەتی قووڵبکرێتەوە, شتێکی ئاستەم نییە کە ئەو راستینەیەی لەژێر ئەم دروشمانەدا شاراوەتەوە، بەمجۆرە دەستنیشان بکرێت. تەنیا دڵسۆزیەکی زانستیانەی ئاسایی تێری ئەمە دەکات.

لە بەرزکردنەوەی ئەڵڵادا دەشێ سێ قۆناخ دەستنیشان بکرێت. قۆناخی یەکەم قۆناخی کارتێکردنی کاریگەری میتۆلۆژیای سۆمەر و میسر و ئەو پێکهاتانەیە کە دوای تەوتەمی تیرەکان هاتنە ئاراوە. پەیوەندیەکانی کۆلۆنی و بازرگانی کە لە نێوان ناوەندەکانی هەر دوو شارستانیەت چڕ

بوونەتەوە, لە بواری ئایدیۆلۆژیدا وەرچەرخانی ناسنامە دەکەنە ناچاریەك. پێبەپێ خوداوەندی گشت تیرەکان بایەخدار دەبێت و لە رێگای حەزرەتی ئیبراهیمەوە هەڵمەتێکی مێژوویی ئەنجام دەدات. دووەمین قۆناخ بەدەرکەوتنی عیساوە ئەنجام دەدرێت. سەرەڕای ئەوەی لە قۆناخی موسادا بووە ئایین و خودای قەومێك و لەمیانەی یەهودیەتەوە تا ئاواکردنی پادشایەتییەکی عیبرانی پەرە دەسێنێ, بەڵام داب و نەریتی حەزرەتی ئیبراهیم لەگەڵ دەرکەوتنی عیسادا تەقینەوەی سەرەکی خۆی ئەنجام دەدات. هەروەکو چۆن کۆیلایەتی سۆمەر و میسر لەمیانەی ئیبراهیم و موساوە وەڵامێکی دژایەتیان بە خۆیانەوە بینیوە, ئەوا کۆیلایەتی یۆنان ـ رۆماش لەمیانەی دەرکەوتنی عیسا دژەکەی خۆی ئافراندووە. لە کاتێکدا ئیبراهیم و موسا وەکو فەرمانڕەواکانی قەوم، خوداوەندەکانی خۆیان بەرز کردۆتەوە, عیسا ئەم خوداوەندە دەکات بە موڵکی تەواوی چەوساوەکانی رۆما. خودای عیسا, لەهەمانکاتدا باوکی عیسایە. لەم لایەنەشدا دەبینرێت تا دوایی کاریگەری داب و نەریتی سۆمەریەکانی کراوەتە سەر. مەردۆکی خوداوەندی بابل, کوڕی خوداوەندی زانا و فێڵبازی ئەریدۆ ئەنکییە. بەردەوام کردنی داب و نەریت جێگای باسە. دژەکەی دەسەڵاتی سۆمەر لە بابل, لە کەسایەتی مەردۆکدا بە ناسنامەی ئایدیۆلۆژی دەگات. عیسا وەکو وەڵامێکی جیهانی چەوساوەکانی ئەم داب و نەریتە, وەکو شێوەیەکی قودس وایە. ئەگەر داب و نەریتی سۆمەریەکان بە بناخە بگرین, ئەوا سێیەمین قۆناخی گرنگی سەردەمی خوداوەندەکانە. ئایینی تاکخودایی لە خۆوە دەگرێت. لە کاتێکدا خوداوەندەکانی پێشوو زیاتر خوداوەندی شار, قەوم و ناوچە بوون, خودا "**رەب**"ی عیسا وەکو خوداوەندی تەواوی مرۆڤ و زەوی ـ ئاسمان بەرز و مەزن دەکرێت. رۆما کە دەوڵەتێکی جیهانی بوو رێگای لەپێش گەردوونی بوون کردبۆوە, تاوەکو بڵێی کاریگەری لەسەر گۆڕینی زاراوەی خودا کردووە. رەنگدانەوەی هەلومەرجە ماددییەکانی بەسەر بواری مەعنەویدا جارێکی دیکە رێگای لەپێش قۆناخێکی گرنگی مێژوویی کردۆتەوە.

عیسا ئەم وەڵامەیە کە لەمیانەی داب و نەریتی ئەڵلاوە بۆ ئەو فشارە دراوەتەوە کە دەسەڵاتدارێتی رۆما کردبوویە سەر هزر و رۆحی مرۆڤ. بە شێوەیەکی گشتی نوێنەرایەتی ئەو قۆناخە نوێیە دەکات کە لایەنی ویژدانی و ئەخلاقی لەپێشە و لە هەموو چەوساوەکان بە خاوەن دەردەکەوێ و موخاتەبەیان دەکات. هەروەها نوێنەرایەتی دابڕان لە خودا و ئایینی موحافەزەکاری تایبەت بە قەومی یەهودی دەکات. رێ کردنەوەی لەپێش کاریگەریەکی مەزنی بەمجۆرە لە نزیکەوە گرێداوی ئەو پێکهاتانەیە کە سەرچاوەی لێوە گرتووە، یاخود ئامانجیەتی. ویژدانی مرۆڤایەتی کە رۆما هەناسەی لەبەر بڕی بوو, لەمیانەی عیسا و باوکەکەی (رەب) هەڵوێستێکی رادیکالانە بەرامبەر

کاهینەکان وەردەگرن و ئەڵڵا مەزن دەکەن, بەمرۆنگە دەبێت بە دابڕانێکی مێژوویی و دەرفەت و تواناکاریەکی راپەڕین و رزگاری، وەکو گەورەترین ناسنامەی نوێی ئایدیۆلۆژی زایین جێگای خۆی لە مێژوودا دەگرێت و مێژوویەکی نوێ دەست پێدەکات.

بەهۆی قۆناخ و ئەو توێژانەی پشتی پێدەبەستن رەبی (خودا)ی عیسا لە جیاتی پادشایەتی سیاسی, پادشایەتی رۆح و ئەخلاق دەکاتە ئامانجی لەپێشینەی خۆی. هێز و ئامادەکاری بۆ دەسەڵاتی سیاسی نییە. بەڵام زەمینە بۆ پادشایەتی ویژدان زۆر لە بار و گونجاوە و ئەم ئاراستەیە بۆتە ناچارییەك. گەلێك نیشانە هەن کە لە سەرەتادا عیسا چاوی بڕیوەتە پادشایەتی قودس. بەڵام کاتێك بە لە خاچدان وەڵامی دەدرێتەوە, ئەوا جولانەوەکە ناچارە وەکو گروپێکی درێژخایەنی باوەڕی و ئەخلاقی و کۆمەڵایەتی ئاراستە بگرێت. بەرامبەر بە کاهینە فەرمیەکانی یەهودی یاخیبوونێك جێگای باسە. لە رێ لادان و بە کرێگیراوێتی کاهینەکان بۆ رۆما رێگا لەپێش ئەم یاخیبوونە دەکاتەوە. لە سەرەتادا لەو باوەڕەدایە کە لە ئەنجامی پشتگیری خەڵك دەبێت بە خاوەنی قودس. بەڵام خیانەتی یەهودا ئیسکاریۆت کە یەکێکە لە حەواریەکانی, رێگا لەپێش ئەمە دەکاتەوە کە بە سانایی دەسگیر بکرێت. والی رۆما دەخوازێ ئازادی بکات. لەبەر ئەوەی کاهینەکان مەترسی لەسەر بەرژەندیەکانیان دەبینن, لەمیانەی هەڵوێستێکی لە پادشا پادشاتر لەسەر لە خاچدانی کۆك و هاوبیر دەبن. ئەگەر سزادانێکی بەمجۆرە نەبوایە, ئەوا لە یاخیبوونێکی ئاسایی بەولاوە شتێکی دیکە نەدەبوو. بەڵام هەلومەرجی بابەتی پێگەیشتوو ئەو تەقینەوەیەی لە دەرئەنجامی لە خاچدان رێگای لەپێش کراوە, رێگا لەپێش یەکێك لە بەهێزترین جولانەوەی ئایینی مێژوو دەکاتەوە. لەمێژوودا زۆر جار قۆناخی بەمجۆرە رووبەڕوومان دەبێتەوە تەنانەت تروسکەیەکی بچووك کڵپە بگرێت و بووبێت بە ئاگرێکی مەزن. لە شوێنێك کە چقڵی داری وشك کەڵەکە بووبێت رێگا لەپێش ئاگرێکی مەزن دەکاتەوە.لەخاچدانی عیسا بەزێدەییەوە ئەم رۆڵەی پێکهێناوە.

ئەم رەوشە سادەیەی سەرەتای مەسیحیەت, لە بن کاریگەری رەوتە فەلسەفیەکانی گریك بەتایبەتیش فەلسەفەی ئەفلاتوون دەبێت بە تیۆلۆژیایەك. لەرێگای شروڤەی جۆربەجۆرەوە هەوڵدەدرێ چەمکی خوداوەندی سێیانە روون بکرێتەوە. شوێن پەنجەی (سەرچاوەی) ئەم شرۆڤانەش زیاتر لە میتۆلۆژیاکانی سۆمەردا دەبینرێ. لە میتۆلۆژیای (ئەفسانەی) ئەنکی و بابل ـ مەردۆك چەمکی خوداوەندی باوك, خوداوەندی دایك و کوڕی بە توانا دەبینرێ و ئەمەش لە ئاستی چەمکێکی سەرەکی دایە. سێیانەی کۆنترین باپیرە و ئەو نەوەیەی نوێنەرایەتی داب و نەریت و قۆناخ دەکات و کوڕ، بناخەی ئەمە پێك دێنن. هیگڵ شرۆڤەیەکی فەلسەفی هاوچەرخی پێشخستووە. ئەم

شرۆڤەیە بە شێوەی تێز ـ ئەنتی تێز ـ سەنتێز وایە ئاماژە بە یاسای دیالیکتیکی دەکات کە یاسای سەرەکی پێشکەوتنە. لە ڕاستیدا ئەم یاسایە لە تەواوی پێکهاتەکانی سروشتدا حوکم دەکات و بەڕێوە دەچێت. دوالیزمی هزری زەردەشتیش یەکەمین شێوەی هەست کردنە بەم بۆچوونە. تێز و دژە تێز (بیرۆکە و دژە بیرۆکە)ی زەردەشتایەتی بە سەنتێزێك ئەنجامگیر نەبووە. لە فەلسەفەی یۆنانی لە ڕێگای (هەرەکلیتس) کەمێکی دیکەش پێشدەخرێت. لەمیانەی هێگلیشەوە بە هاوچەرخترین واتای خۆی دەگات.

ئەو ڕۆڵەی دواتر بە **مەریەم**ی دایك دراوە زۆر سەیرە. مەریەم تا ڕادەیەکی مەزن لە خوداوەند ئینانا و ستار دوور خراوەتەوە. هەرچی لێدانی کوشندەی مەردۆك بێت کە لە داستانی بابل بەر خوداوەندی دایك تیامات دەکەوێت, یاخود لەلایەن موساوە داخستنی دەرگاکانی ماڵەوە بەسەر ژندا بێت, ئەمانە ڕۆڵێکی گرنگیان هەیە لەوەی دواترین شوێن پەنجەیان لە مێژوودا بسڕێتەوە و نەمێنێ.

لەم قۆناخەشدا بە تایبەتیش بە گوێرەی داب و نەریتی سامیەکان توندی یاساکانی کۆمەڵگای باوکسالاری پشت ئەستوور بە پیاو, لە نزیکەوە پەیوەندی خۆی بەوە هەیە کە لە گەوهەری خۆیدا لەگەڵ یاساکانی دایکسالاری و کلتووری عەشتاری خوداوەندی کشتوکاڵ و سەردەمی نیۆلیتیك ناکۆکە و لە قۆناخی بابلیەکاندا کلتووری خوداوەندی ژنی سۆمەریەکان بەلاوە نراوە. ئیتر لەم قۆناخە بەدواوە خوداوەندە ــ ژنی ڕابردوو، ئیتر لە ماڵی خۆیدا ژنێکی گوێڕایەڵە و بە ناموسە. ئەمە لەولاوە بمێنێت کە لەگەڵ خوداوەندەکاندا یەکسان نییە, کەوتۆتە نێو ڕەوشێك ناتوانێ دەنگ هەڵبڕێ و پێچەکەی لابدات, هێدی هێدی پێچەی لێ دەئاڵێنرێ, وەکو موڵکی تایبەتی پیاوی بەهێز وایە و لە ژووری تایبەتدا بەند دەکرێت. لە داب و نەریتی ئیبراهیم دا موسا ئەمە زیاتر بەرەو پێش دەبات. ئاستی بەرز و کاریگەری قووڵی کۆیلایەتی ژن لە عەرەبستان, گرێدراوی ئەو پێشکەوتنە مێژووییەیە.

مەریەمی دایکی عیسا بە گوێرەی کۆنترین شێوەی داب و نەریتەکان خوداوەندە. بەڵام بەردەوام لە دەستدانی پایە و ستاتۆی ژن, لەسەردەمی لە دایکبوونی عیسادا بە تەواوەتی کەوتووە و بووە بە ئامرازێکی زاوزێ (زایین). لە ئاستی گشتیشدا بەمجۆرەیە. لە ماوەی نێوان ٢٠٠٠ پ.ز تاوەکو ٢٠٠٠ زایینی بەرامبەر بە شکانەوەی دەسەڵاتی سیاسی بە لای پیاو پێشکەوتنی لەمیانەی چەوسانەوە و زەبر و تەڵەکەبازیەوە, مێژووی ژن مێژووی ژێرترین (نزمترین) چینە. بە گوێرەی کۆیلایەتی پیاو, بە هۆی تایبەتمەندێتی ڕەگەزیەوە ژن دووچار و مەحکومی کۆیلایەتیەکی زۆر سەختتر هاتووە. لە قۆناخی بابلدا خوداوەند تیامات لە یەك ئاست و ڕووبەڕوو لە شەڕدایە, تەنانەت لە سەردەمی موساشدا شەڕێکی دژواری لەگەڵ ماریامی خزمی لە ئارادایە. بە سانایی ملکەچی بۆ موسا نەکردووە.

گەرچی مەریەمی دایکی عیسا هیچ کاریگەری و رۆڵێکی نییە. خودا (رەب) فووی تێکردووە ئەویش منداڵی بووە. ئەمەش واتای باڵادەستی رەهای پیاوە. فوو کردن گوزارە لە زاڵ بوون دەکات. ئەوە دەکات بە رەمز کە جگە لە باوەش کردن و بەخێو کردنی منداڵ هیچ رۆڵێکی دیکەی نەماوە. خاڵێکی دیکەی گرنگ ئەوەیە کە, لەمیانەی ناوبردنی ئەم فووکردنە بە رۆح ئەل قودس (رۆحی پیرۆز), هەوڵدەدرێت ئەو هێزە خوداییەی کە لە ژندا نوێنەرایەتی دەکرێت چەواشە بکرێت, لە کەسێتی مەریەم ئەم هێزە دەدزرێ. ئەوەی لە سۆمەریەکاندا لەگەڵ ئەمەدا کۆکە، خوداوەندی دایکە. لە راستیدا ئەم بابەتە گرنگیەکی مەزنی ئایدیۆلۆژی هەیە. ئەم ناسنامە ئایدیۆلۆژیە رۆڵێکی دیاریکراوی لەوەدا هەیە لە قۆناخی دەرەبەگایەتیدا کاریگەری و رۆڵی زیاتر لە دەست بدات و ژن بسڕدرێتەوە. لەو رۆژە بە دواوە مەریەمەکان (ژنان) بەردەوام پاسیف و بێ کاریگەرن, بە بێ دەنگی بەسەر منداڵەکانیاندا دەگرین, بە تەواوی بە پیاوەوە گرێدراون, هەروەکو بەندکراوێکی ئەبەدی وان. هەروەکو چۆن ئەم رەوشە هیچ پەیوەندیەکی بە سروشتی ژنەوە نییە, ئەوا پەیوەندی لەگەڵ باڵادەستی مەزنی سیاسی پیاودا مسۆگەرە. هەروەکو چۆن لە قۆناخێکدا سەردەمی خوداوەندە ژنەکان زاڵ و باو بوو, لە قۆناخی دەوڵەت و کۆمەڵگای چینایەتیشدا قۆناخی خوداوەندە پیاوەکان زاڵ و باوە. ئەم راستینەیەی کە لە قووڵایی مێژوو لەناو تاریکاییدا بە جێ هێڵدراوە و لەلایەنی پیاوەوە لەمیانەی چەمکی دووڕوویی ناموس ـ ماڵ دەمامك و پەردەپۆش کراوە, بەڵام ئەمە لەمیانەی ئاستی ئازادی کۆمەڵگا کە لە ئەنجامی تێکۆشانی ئازادیەوە دەخوڵقێندرێ، ئاشکرا و واتادار دەبێت.

ئەوە مسۆگەرە کە لە سەدەی پێنجەمی زایینی بەدواوە بە دەستی پاپاکانی کڵێسە، مەسیحیەت بە واتایەکی فەلسەفی و ئاواکردنی تیۆلۆژیا گەیشت و بوو بە ناسنامەیەکی ئایدیۆلۆژی بەهێزی سەردەمی دەرەبەگایەتی. لەم قۆناخە بە دواوە، بوونی بە ئایدیۆلۆژیای دەوڵەت هەم وەکو هێزی ئایدیۆلۆژی خوڵقێنەری سەردەمی دەرەبەگایەتی دانی پێدادەنرێت، هەم گوزارشت لەم سازشکاری و رێککەوتنە دەکات کە دوای قۆناخێکی درێژی تێکۆشان و ململانێ لەگەڵ کۆیلەداری رۆما هاتە ئاراوە. ئیتر نە ئیمپراتۆریەتی رۆما ئیمپراتۆریەتە کۆیلەداریەکەی جارانە, نە مەسیحیەتیش ئایینە پیرۆز و یەکسانیخواز و سادەکەی جارانی عیسا و حەواریەکانە.

ئیتر لەمیانەی مەسیحیەتەوە قۆناخی زاڵ بوونی دۆگما ئایینیەکان بەسەر جیهانی هزردا دەستپێدەکات. لە سەدەی پێنجەمی زایینەوە تاوەکو سەدەی پانزدەهەمی زایینەوە نزیکەی هەزار ساڵ دەسەڵات و باڵادەستی شێوازی هزری ئایینی بەڕێوە دەچێت. لە قۆناخی سەدەی پێنجەمی پ.ز تاوەکو سەدەی پێنجەمی زایین لەم هەزار ساڵەدا زیاتر فورسایی کلاسیکیە فەلسەفییە مەزنەکان زاڵە.

ئاشـکرایە کـە پاشـکەوتنێکی یـەکجار زۆر روویـداوە. هۆکـاری هـەرە لەپێشـینەی ئـەم رەوشـە بـۆ هەڵوەشـانەوە و پەرتـەوازەبوونی کۆمـەڵگای شـار و جـارێکی دیکـە دەرکەوتنـە پێشـی ئـابووری لادێ دەگەڕێتەوە. شار گوزارشت لە کۆمەڵگای ئالۆز و مەزن دەکات. هزری ئاقڵمەندانە دەکاتە ناچارییەك. کۆمـەڵگای ناوچـە لادێیـەکان کـە بەڕێوەبەرایـەتی و دابەشـکردنی کـاری پێشـکەوتووتر دەکـات بـە پێویستیەك؛ کۆمەڵگایەکی یەك ئاست و تەنگە و شێوەی هـزری کـە بـۆ دۆگمـاتیزم کراوەیـە, لەگـەڵ شێوەی ئەو ئابووریە یەکتر تەواو دەکەن کە خۆی بەڕێوە دەبات، زێدە پێویستی بە دابەش کردنی کار نییە. ئەم تایبەتمەندییانەی پێکهاتەکەی، زەمینەیەکی کراوە پێشکەش بە دۆگماتیزمی ئایینی دەکات. ناوزەدکردنی چەرخەکانی ناوین بە سەردەمی تاریکی لە لایەنێکەوە سەرچاوەی خۆی لەم رەوشەیەوە دەگرێـت. لـە راسـتیدا چـەرخی کلاسـیك شـوێن پەنجـەی هەمیشـەیی لـە مێـژووی مرۆڤایەتیـدا بەجێهێشتووە. لە دەرکەوتنی چەرخی نوێدا رۆڵێکی سەرەکی هەیە. نوێنەرایـەتی گـەورەترین وشـیار بوونەوەی ئەقڵ و ئیرادەی مرۆڤ دەکات. هەرچی ئەو چـەرخەی کـە دۆگمـا و قاڵبـە ئایینیـەکان زاڵن، رۆڵێکـی مـەزنیان لـە بەربەسـت کردنـی هەڵوەشـانەوەی کۆیلـەداری و زیـاتر بـەرەو دواوە نەچـوون و ئامادە کردنی چەرخی نوێ هەیە. ئەو تێکشانەی کە زێدە پێشکەوتنی کۆمـەڵگای شـار رێگـای لـەپێش کـردەوە, ئـەنجامێکی ئـەو کەلێنەیـە کـە نـەیتوانی بەرگـەی بگرێـت. هەرچـەندە هەنـدێ جـار وەکـو گەڕانەوە بۆ نیۆلیتیك وا بێت, بەڵام رەوش جیاوازترە. ئیتر ئەو سەردەمەی نیۆلیتیك بـە لاوە نـراوە کـە کۆیلایـەتی هێنایـە ئـاراوە. تەنانـەت کۆمـەڵگای نـوێ ئەگـەر چـی زیـاتر لـە ناوچـە شـاخاوی ــ لادێیەکانیش بێت, بە گوێرەی کۆمەڵگای کۆیلەداری گەوهەرێکی پێشکەوتووانەتر لە خـۆوە دەگرێـت. ئیتر مرۆڤایەتی بۆتە خاوەنی پێکهاتەیەکی هزری و ئەخلاقی و خۆناسین کە جارێکی دیکە نـاتوانێ کۆت و بەندی کۆیلایەتی لێبدرێت.

لەگەڵ هەنگاونان بۆ چاخەکانی ناوین, هیچ کاتێك مرۆڤ وەکو ئەو مرۆڤەی سـەردەمی سـۆمەر و میسـر نییـە. ئەگەرچـی لـە ژێـر باڵادەسـتی باوەڕیـە ئایینیەکانـدا بێـت، وەلـێ تـەنیا بەندایـەتی بـۆ خوداوەندی ئاسمان دەکات. بەندایەتی کردنی بۆ پادشا ـ خوداوەندی سەر زەوی بە گەورەترین تـاوان (کفر ) دادەنێت. بە پێی پێویست بەرامبـەر بـە کۆیلـەداری ئایینـەکان مرۆڤیـان پـەروەردە کـردووە و پێگەیانـدووە. پاشکەوتن زیـاتر لـە رووخـانی شـارەکان و لاوازبـوونی هـزری ئاقڵمەندانـە دەبینرێـت. گوزارە لە فۆناخێك دەکات کە لەم ناوچانەدا شاری زۆر لەسەردەمی نیۆلیتیك پێشکەوتووتر هەبووە و شاری نوێ ئاوا کراوە و شاکارەکانی ئاقڵمەندی لـە چـەندین کتێبخانـەدا بـە شـاراوەیی هێڵدراوەتـەوە.

ئەگەر لە نزیکەوە تەماشا بکرێت ئەوا روون دەبێتەوە کە تاوەکو بە پەروەردەی چەرخی باوەڕیدا دەرباز نەبێت ناشێ بە چەرخی نوێ بگەیت.

دەشێ بەمجۆرە گەوهەری ئەو قۆناخ و جیهانە پێناسە بکرێت کە ئایدیۆلۆژیای ئیسلام ئافراندوویەتی. هەرچەندە مەسیحیەت تا رادەیەك دەستی لە هەندێ تایبەتمەندێتی گەوهەری خۆی بەردابێت، وەلێ ئیمپراتۆریەتی مەزنی رۆمای لە ناوەوە هەڵوەشاندۆتەوە و لە رۆژهەڵاتی رۆمادا بووە بە خاوەنی ستاتۆی ئایدیۆلۆژیای فەرمی بێزەنتیەکان. بەرامبەر بە ئیمپراتۆریەتی پارس ــ ساسانیەکان باڵاتر و پایەدارتر دەبێت. ئەم ئایینە نوێیە لە رێی ئەورووپاوە دەربازی قۆناخێکی نوێی بڵاوبوونەوە بووە. هەرچەندە لەسەر بنەمای باوەڕیش بێت لە واتایەکدا توانیویەتی نزیك بوونەوەی رۆژهەڵات و رۆژئاوا ئەنجام بدات. ئەو کاتە رۆڵی ئیسلامیەت چییە؟ ئایا بۆ مێژوو نوێبوونەوەیە یاخود دووبارە بوونەوە؟ کامە بۆشایی پڕ دەکاتەوە و رێگا لەپێش کام شەپۆلی شارستانیەت دەکاتەوە؟ ئەم هێزە لە قەڵەمبازە نوێخوازیەکەی خۆی دەگرێت یاخود لە زیندوو کردنەوەی هەندێ داب و نەریتی کۆنەوە وەردەگرێت؟ ئایا تەنیا بۆشاییەکی جوگرافی پڕ دەکاتەوە یاخود نوێنەرایەتی هێزی وەرچەرخاندنی شارستانیەتی کۆن دەکات؟ وەڵامدانەوەی ئەمجۆرە پرسیارانە سەبارەت بە پێناسەکردنی ئیسلامیەت گرنگە.

هەڵکشانی ئیسلامیەت لە مێژوودا گرێدانی بە هەڵوێستی شۆڕشگێری و رادیکالانەی شارستانیەتی دەرەبەگایەتی، واقیعی ترە. ئەگەر مەسیحیەت رێبازی ریفۆرمخوازی دەرەبەگایەتی بێت، ئەوا ئیسلامیەت رێبازی رادیکالی و شۆڕشگێڕانەیەتی. بە پێی پێویست ئەوە روون کرایەوە کە لە بواری ئایدیۆلۆژیدا لە هەمان سەرچاوەوە بناخەیان گرتووە. ئینجیل و قورئان گرنگترین بەڵگەی هەمان سەرچاوەن. بە بێ هەبوونی تەورات، ناشێ بیر لە ئینجیل و قورئان بکرێتەوە. بەڵام ئەگەر میتۆلۆژیای سۆمەر و میسریش نەبێت، مەحاڵە بیر لە تەورات و پارچە کۆنەکانی بکرێتەوە. لەو باوەڕەدام کە ئەو هەڵسەنگاندنانەی تاوەکو ئێستا سەبارەت بە شارستانیەت ئەنجاممان داوە، بە پێی پێویست ئەو راستینەیەی روون کردۆتەوە.

بەڵام لە قەڵەمدانی ئیسلامیەت وەکو بڵاوکردنەوە یاخود شرۆڤە کردنی کتێبی پیرۆز، دەبێتە هەڵەیەکی مەزن. دەبێ بە شێوەیەکی ئاشکرا ئاماژە بەوە بکرێت بە ئەندازەی ئەوەی کاریگەری کردۆتە سەر، لەهەمانکاتدا گوزارشت لەو وەرچەرخانە دەکات کە بە گوێرەی تایبەتمەندێتی سەردەمەکانی خۆی ئەنجامیداوە. ئەمە راستیەکی حاشا هەڵنەگرە کە حەزرەتی مەحەمەد کەسایەتیەکی شۆڕشگێڕی بە گوێرەی قۆناخ نیشانداوە. کاتێك لەگەڵ هەرسێ پێغەمبەری سەرەتا ــ

ئیبراهیم, موسا, عیسا ــ بەراورد بکرێت، دەبینرێ کەسایەتیەکی بەرجەستەیە کە بە شێوەیەکی بەهێز و کاریگەر لۆژیك و ئیرادەی خۆی نیشانداوە و رێکخستووە و خستویەتییە بواری پراکتیزە کردنەوە. لەمیانەی هەوڵە سەرکەوتووەکانی کاتێك پێکهێنانی رێباز و رێکخستن و پراکتیزە کردن زیندوو بوو، توانی ببێتە هێزێکی بالادەستی نیمچە دورگەی عەرەب. لەم بوارەدا لەگەڵ چەند کەسایەتیەکی دەگمەن, دەتوانرێ لەگەڵ ئەسکەندەر و لینین بەراورد بکرێت. ــ ئەگەر لەمیانەی چەمکێکی زانستی مێژوو کۆمەڵگا تەماشا بکرێت نەك لەمیانەی دۆگما ئایینیەکان ــ دەبینرێ کە حەزرەتی مەحەمەد تا دوارادە کەسایەتیەکی ئایدیۆلۆگ و سیاسی و کرداری بووە. حەزرەتی مەحەمەد پێویستی بەوە نییە لەمیانەی پەردەی پیرۆزیەوە تەماشای بکرێت و هەڵسەنگێنرێت. یەکێك لەو کەسایەتییە هەرە لەپێشانەیە کە دەتوانرێ لە رێی زانستەوە هەقەکەی بدرێتێ. بە پێچەوانەی شیمانە و مەزندەکان, پێشکەوتنی دۆگماتیکانەی ئیسلام حەزرەتی مەحەمەدی مەزن نەکردووە, بە پێچەوانەوە لە ناسنامەی کەسایەتیەکەیدا نیشانی داوە کە لە ناو دۆگما ئایینیەکاندا خنکاوە.

یەکێك لە کار و ئەرکە هەرە سەرەکیەکانی کە لە رێگای شۆڕشی سەرلەنوێ لە دایکبوونی رۆژهەلاتی ناوین (رێنسانس) ئەنجام بدرێت, رزگار کردنی حەزرەتی مەحەمەدە لەبەردەستی سەرەڕۆ و دۆگما مێژوویی و هەنووکەییەکان. ئەم مێژووە مێژووی نیشاندانی ئەو دۆگما ناکۆك و کردارە پێچەوانانەیە لە ژێر ناوی حەزرەتی مەحەمەدەوە. ئەو رووداو و بەسەرهاتانەی بەسەر **ئەهلی بەیت** هاتووە, لە کاتی وەفات کردنیش سێ رۆژ مانەوەی تەرمەکەی, ئەوە دەسەلمێنێت کە چۆن لە رۆژگاری یەکەمدا خیانەت بە بوێری هەڵوێست نیشاندەدات. **بوویەری کەربەلا** تەنیا تراژیدیایەکی مێژوو نییە, هێزی راستەقینەی تەقینەوەی ئەو خیانەتەیەکە لە هەناوی ئیسلامیەتدایە. هێرش کردن و خیانەتێکی بەمجۆرە بۆ سەر ئەو بەهایانەی کە لەبەرەبەیاندا پیرۆز دەبینرا, نموونەی ئەوە نیشاندەدات کە لە قۆناخەکانی دواتری مێژوودا رێگا لەپێش چ جۆرە کوێرایەتی (فەناتیزم) و هۆڤێتیەك دەکاتەوە و تەنانەت وشیار بوونەوەیەکی ئاسایی زانستی سەرلەنوێ شیکردنەوەی راستینەی ئیسلام و مێژووەکەی تاوەکو بچووکترین ووردەکاری، دەکات بە مەرجێکی لەپێشینە. تاوەکو ئەم قالب و کلسە پاك نەکرێتەوە کە هزری تەواوی ئیسلام و وڵاتانی ئیسلام و رۆژهەلاتی ناوینی داخستووە، ناشێ کەسایەتی ــ **تاکی هاوچەرخ** ــ پێکبێت. علمانیەتێکی راستەقینە و نوێخوازی ئیسلام؛ کاتێك بەرامبەر بەم راستینەیە دەرك بە رۆڵی خۆیان بکەن و پێویستیەکانی جێبەجێ بکەن, ئەو کاتە واتادار دەبن. رێز گرتنێکی واتادار و راستەقینە بەرامبەر بە کەسایەتی حەزرەتی

مەحەمەد کاتێك مسۆگەر دەبێت کە ئەو نەمرود و فیرعەونە هاوچەرخانە بەلاوە بنرێن کە ئەم راستینانە نابینن و بە پێچەوانەوە هزریان کۆنکرێت کردووە و لەمیانەی سەرەڕۆیی و دۆگماکانەوە فەرمانڕەوایی دەکەن.

وەکو پێویستیەکی ئەم رێزگرتنە و گرێدان بەو کەسانەی لەم بارەیەوە رەنجێکی زۆریان داوە, هەوڵدەدەین رۆڵ و جێگای خۆمان لە شیکردنەوەکانی سەبارەت بە ئیسلامیەت بگرین.

١ ـ سەرەکیترین زاراوە کە پێویستی بە رۆشنکردنەوە هەیە **تەوحیدە**, واتە کێشەی یەکبوونی ئەڵلایە. واتە هەبوونی خودا و یەکبوونی و بوونی حەزرەتی مەحەمەد بەدوا پەیامبەر, رۆڵ و گرنگی کلیل بەم زاراوە دەبەخشێ. هەبوون و یەکێتی بەرامبەر بە چی و کێ, بۆچی دوا پەیامبەر؟ تیۆلۆگەکانی (زانایانی خوداناسی) ئیسلام تاوەکو ئێستا لە چوارچێوەی سنوورە ئایینیەکان، بەدوای وەڵامی ئەم پرسیارەدا گەڕان. هەرچی شیکردنەوە زانستیەکانە لەبەر ئەوەی بە تایبەتی لە میتۆلۆژیای سۆمەریەکان بێ ئاگان و من منێتی ناوەندێتی شارستانیەتی ئەوروپای تێپەڕ نەکردووە, لە هەندێك روون کردنەوەی سنووردار بەولاوە، تێپەڕیان نەکردووە. رۆژهەڵاتی ناوین ناتوانێ خۆی لەم ئەرکە بدزێتەوە کە لەمیانەی توانستە خۆییەکانی ئەنجامی بدات. تاوەکو ئەم یاسا و تابۆ پیرۆز کراو و دەست لێنەدراوانە پارچە نەکرێن ناتوانرێ ئەم ئەرکە بە شێوەیەکی سەرکەوتوانە جێبەجێ بکرێت.

لەو بەڵگەنامانەی کە بە دەستەوەن دەبینرێ لە قۆناخی نیۆلیتیکی کە مۆری ژنی پێوە بووە پێشکەوتنی ئایینی فرە خوداییەکان, لەمیانەی شارستانیەتی سۆمەر و میسر، زاراوەی خوداوەند بە قەڵەمباز و وەرچەرخانێکی گرنگدا دەرباز بووە. پێکهاتەی کۆمەڵگای پشت ئەستوور بە جیابوونەوەی چینایەتی و رەگەزی, کاتێك لەمیانەی بەرهەمهێنانێکی زێدەی بەرهەم، خۆی سەلماند, ئیدی باوەڕی و متمانەیەکی مەزن بەو میتۆلۆژیانە پێشکەوت کە راهیبەکان پێکیان هێنا بوو. لەبەر ئەوەی پەرستگای راهیبەکان لەهەمانکاتدا رۆڵی ناوەندی بەرهەم هێنانیشیان دەبینی, بۆیە رۆڵێکی مەزنی لەم باوەڕی و متمانەدا هەبوو. دەرکەوتنی ئایینە ئاسمانییەکان, لەم قۆناخەدا رێگا لەپێش قۆناخێکی ریشەداری باوەڕیە ئایینیەکان دەکاتەوە. ئەو ئارامی و نەگۆڕیەی لە سیستەمی ئاسماندا هەیە. وەکو باوەڕیەکی سەرەکی بەنموونە وەردەگیردرێت. کاریگەریەکی سەرەکی ئەم جێگیریەی سیستەمی ئاسمانی لەسەر پێشکەوتنی دەمارگیری لە بیر و باوەڕیەکانی رۆژهەڵاتی ناویندا هەیە. زاراوەی لە جۆری نەگۆڕی, ئەبەدی و هەتاهەتایی هەموویان گرێدراوی ئەم کاریگەریەن. مەزنترین سوودی ئەم هزرە نەگۆڕە بۆ پێشکەوتن و پێکهاتەی هزری مرۆڤایەتی, ئەوەیە کە پێکهاتەیەکی کراوەی بۆ بیری

یاسای هەمیشەیی هەیە. لەسەر زەویشدا بە دوای سیستەمی ئاسماندا دەگەڕێن. لەگەڵ ئەوەی کە پێکهاتەی فرەخودایی بەردەوامە، پێبەپێ ژمارەیان کەم دەبێتەوە، هەندێ خوداوەند کە نوێنەرایەتی دیاردەی وەکو زەوی، ئاسمان، ئاو، هەوا و گەردەلول دەکەن، وەکو مەزنترین خودا بەرز دەبنەوە. لەگەڵ ئەوەی بە شێوەی ــ رووخساری مرۆڤ بەردەوام دەبێت، هاوکات وەکو ئەنجامێکی سروشتی جیابوونەوەی چینایەتی، ئەم زاراوەیە سەرلەنوێ رۆڵی خوڵقاندن و دابەش کردنی مرۆڤایەتی بۆ خوداوەندەکان و بەندە خزمەتکارەکان جیا دەکاتەوە. بە تایبەتیش وەستای هەرە کارامە و مەزنی خوڵقاندنی و جیا کردنەوەی خودا ــ بەندە، خوداوەند و زانای فێڵباز ئەنکییە. لەم بارەیەوە رێنومایی خوداوەندەکانی دیکە دەکات، پەسندی دەکات. خوداوەند نین هورساك و شێوەی دواتری کە ئینانایە، رۆڵی کەمتر و نزمتر دەبێت، لەمیانەی ئاواکردنی دەستەی خوداوەندەکان (پانتائۆن) کە زیاتر مۆری پیاوی پێوەیە خزمەتکارەکانی لێ بەدەرنراوە و لەمیانەی رێککەوتن و تەباییەکی بێدەنگ خوڵقاندوویەتی، هەروەکو ئەوە وایە کە شێوەیەکی سیستەمی ئاسمانی لەسەر خاك ئاوا کردووە. دەرکردنی ئادەم و حەوا لە بەهەشت و مەحکوم کردنیان بە خزمەتکارێتی ئەبەدی، وەکو چارەنووسێکی مرۆڤایەتی نەخشێنراوە. راهیبە سۆمەریەکان لەمیانەی گرێدانی پێکهاتەی کۆمەڵگای چینایەتی کە بە شێوەی خودا ـ کۆیلە جیا کراوەتەوە بە یاسا و رێورەسمە ئایینی و میتۆلۆژیەکان، بە شێوەیەکی زۆر بەهێز بناخەی پێشکەوتنی ئایینی رۆژهەڵاتی ناوین و تەنانەت تەواوی جیهانی بەردرێژ کردووە. پێویست دەکات مێژووی ئایینەکان ئەم راستینەیە پەسند بکەن. تاوەکو ئەمە پەسند نەکرێت، هیچ شرۆڤە و شیکردنەوەیەکی ئایینی لەسەر بنەمایەکی راستی مێژوویی و بە پشت بەستن بە راستینە و واقیع روون ناکرێتەوە و بە ناتەواوی دەمێنێتەوە و لەوە رزگاری نابێت چەندین واتای هەڵە لە خۆوە بگرێت و بۆ قۆناخەکانی دواتری خۆی بگوازێتەوە. ناتوانرێ نکوڵی لەمە بکرێت کە ئایینە ئاسمانیەکان لە زۆر لایەنەوە قەرزاری راهیبە سۆمەریەکانن کە بنەمای ئەم ئایینەیان داناوە. پەرستگای راهیبەکان هەم لە بواری بەرهەمی ماددی هەم لەمیانەی داهێنانە ئایدیۆلۆژیەکان ئەرکی منداڵدان دەبینێ، ئەو شارستانیەتەی لێرەدا خوڵقێنراوە رۆڵێکی سەرەکی لەپێشکەوتنی مرۆڤایەتی و دەستپێکردنی مێژوودا دەبینێ.

گەورەترین رۆڵ و داهێنانی راهیبە سۆمەریەکان بۆ زاراوەی خودا، بەرزکردنەوەی بۆ ئاسمان و پێ بەخشینی هەموو هێزە سەرەکیەکانی سروشت، لەناو کۆمەڵگاشدا لە کاتێکدا تایبەتمەندێتیەکانی خودا ـ کۆیلەی بەرز و پیرۆز کردووە، مرۆڤیشی لە ستاتۆی بەندەکانی خودا داناوە. ئاشکرایە کە بناخەی ئایدیۆلۆژی دەسەڵاتی سیاسی بونیاد دەنرێت. لە ئیلاهیات (خوداناسی)ی سۆمەریەکاندا

خودا شانبەشانی پێویستی کۆمەڵگا بە سیاسی بوون پێشدەخرێت و بەڕێوە دەبرێت. بە گوزارشتێکی دیکە رەنگدانەوەی ئایدیۆلۆژی یاخود بەرامبەرەکەی دەسەڵاتی سیاسی کە دیاردەیەکی ماددییە, ئەو خودایەیە کە مرۆڤی وەکو خزمەتکار خوڵقاندووە. بەمجۆرە زاراوەی خودا و دیاردە سیاسیەکەی لە گەوهەردا دەکرێن بە یەك. زاراوەی خودا دەبێتە هاوتا ئایدیۆلۆژیەکەی سیاسەت. بە بێ خوڵقاندنی هاوتاو بەرامبەرە ئایدیۆلۆژیەکە هیچ سیستەمێکی سیاسی شانسی بەڕێوەچوونیان نییە. سیاسەت بەردەوام لە ژێر سایەی سێبەری خوداوەندەکان بەڕێوە چووە. سیاسەت لەگەڵ دۆگما ئایدیۆلۆژیەکانی وەکو گۆشت و نینۆك بەناویەکدا چوون. تاوەکو هێزی سیاسەتی کلاسیکی شینەکرێتەوە ئەوا هەرگیز علمانیەت بەدی نایەت.

پرەنسیپی یەکێتی و تەوحید کە حەزرەتی ئیبراهیم بە باپیرە گەورەی دادەنرێت, لەناو لەیەکچوونێکی چڕ لەگەڵ پێویستی تیرەکان بە یەکێتی و یەك ئاستی و رەوشی جوگرافیا پێشدەکەوێت. لێرەدا دەبینرێ کە دوای قۆناخی تەوتەمی سیستەمی تیرەکانی عەرەبستان هەوڵدەدرێ لەمیانەی زاراوەی "ئەل" وەڵامی زاراوەی خوداوەند بدەنەوە, کە "ئەل" گوزارشت لە بەرز بوون و مەزنبوونی خوداوەندەکانی سۆمەردەکات. بەڵام چەندین تیرە "ئەل"ی تایبەت بە خۆی هەیە. هەروەکو چۆن ئەم رەوشە رێگا لەپێش ئالۆزی دەکاتەوە, رێگا لەپێش ئەوە دەکاتەوە کە پێویستی یەکبوون خۆی بسەپێنێ. شتی هەرە راست ئەوەیە کە واتا و روون کردنەوەی سۆسیۆلۆژیانەی پرەنسیپی تەوحید لە پێویستی یەکبووندا ببینرێت. بۆچی لە کاتێکی ئاسایی نابێ, بەڵام کاتێك تیرە بۆ خۆ پاراستن یان هێرش کردن پێویستی بە یەکبوون دەبێت, بۆ "ئەل"یش بیر لە تەوحید دەکرێتەوە؟ لە تەوراتی کۆندا دەبینرێ ئیبراهیم لە نێوان تیرە نزیکەکانی خۆیان پێویستی یەکێتی دەبینێ. تاوەکو تیرە زۆرەکانی دەوروبەر هەر یەکەو "ئەل"ێکی جیاوازیان هەبێت, یەکبوون بە دینایەت. بۆ ئەوەی ئیبراهیم بتوانێ رۆڵی خۆی ببینێ, پێویست دەکات "ئەل"ی تیرەکان بکات بە یەك کە پاشماوەی قۆناخی فرە خوداییە. بە لایەنی کەم ئەنجامدانی ئەمە لە پێناو تیرەکانی خۆی و دانانی خۆشی بە نزیکترین کەسی تاکخودا, واتە بە دەزگاکردنی خۆی وەکو پێغەمبەر, لە پێکهاتە ئایدیۆلۆژیەکەدا رۆڵی کلیل دەبینێ. لەمیانەی ئەو کێومالە ئایدیۆلۆژیەدا هەم "ئەل" دەکات بە خوادوەندی تایبەت, هەم لە ئەنجامی پەیوەندی نزیکی خۆی لەگەڵ ئەل دا قەڵەمبازی چاوەڕوانکراو ئەنجامدەدات. لە مێژووی ئایینەکاندا دەتوانرێ بە دووەمین شکستی مەزن یاخود وەرچەرخان ناوببرێت. ناسنامەی نوێی خودایی, هەم لە رێگای تایبەتمەندێتی تەوحید دەکرێت بە تاکخودایی,

هەم لەمیانەی پرەنسیپی **"مرۆڤ نابێت بە خوداوەند"** بەرەو **پەیامبەر ــ نوێنەر** هەنگاو دەهاوێژرێت.

لە واتای سیاسی و کۆمەڵایەتیەکەیدا، گەیشتنی ئەرستۆکراتیەتی تیرەیە بە دەزگای شێخایەتی. شێخ وەکو سۆمەریەکان ناتوانێ ببێتە پادشا ـ خوداوەند. چونکە تیرە تەواو بە جیابوونەوەی چینایەتیدا تێپەڕ نەبووە و یەکلانەبۆتەوە. راستینەیەکی کۆمەڵایەتی بەمجۆرە زاڵە کە شێخ یەکێکە لە ئەندامانی تیرە و لە ژیانی رۆژانە بەیەکەوە لە ناو کۆمەڵگادا دەژی و هێشتا بە تەواوەتی مەودایان لە نێواندا نەبۆتەوە. لە رەوشێکی بەمجۆرە دا نییە بکرێت بە خوداوەند. بوون بە خوداوەندا تەنیا وەکو تایبەتمەندێتیەکی پادشاکان جێگای خۆی لەناو کلتووری قۆناخدا کردۆتەوە. ئایدیۆلۆژیا و پراکتیزە کردنەکەی زۆر بەر لەم قۆناخە لەناو کۆمەڵگای میسر و سۆمەریەکان بە شێوەیەکی سەرنج راکێشانە ئەنجامدراوە. ئیبراهیم کە بە خۆیشی شێخێکە سەمبۆڵی یاخیبوونە دژ بە نەمرودی خوداوەند. بناخە و واتا ئایدیۆلۆژیەکەی بە شێوەی پرەنسیپی مرۆڤ نابێت بە خوداوەند. هەوڵدەدات لەسەر بنەمای دژایەتیکردنی مرۆڤی خوداوەند، ئایدیۆلۆژیا و ناسنامەی نوێی خودا دیاری بکات. لە ئەنجامدا ئەم شەڕە ئایدیۆلۆژیە بە تەوحید ئەنجامگیر دەبێت، واتە بە یەکبوونی خوداوەندەکان و نوێنەری ـ پەیامبەر کە نزیکی خودایە ئەنجامگیر دەبێت و ئەمەش بە مانای بەدیهاتنی قۆناخێکی مەزنی مێژووی ئایینەکانە. بە گوێرەی کۆیلەداری وەرچەرخانێکی نەرم و مرۆڤ پەروەرانەتر ئەنجام دەدات. لە ئەنجامی یەکتر بڕینی کاریگەری میتۆلۆژیای میسر و سۆمەر لەگەڵ تەوتەمی تیرەکان، لە ئەنجامی ئەم تێز و دژە تێزەدا سەنتێزێکی نوێ پێکدێت. ئەمە راستینەی تەوحیدە. بە گوێرەی زانستی کۆمەڵناسی تەوحید گوزارشت لە یەکبوونی قەومی تیرە لەیەك نزیکەکانی دەکات. لە بواری سیاسیشدا گوزارە لە سنووورداری دەسەڵاتی شێخ دەکات. تەوحید ناسنامەی ئایدیۆلۆژی مەزن و بەجۆشی ئەو تیرانەیە کە لە ژێر بەڕێوەبەرایەتی شێخ و خودا **"الله"**، بوونەتە یەك. ئیتر ئەڵڵا وەکو نازناوی قەوم وایە. سەرچاوەیەکی هێزە. **"یا الله، بە واتای فریام کەوە، هێزم پێ ببەخشە"** دێت. بە واتایەکی دیکە دروشمی ژیانە لەپێناو یەکێتی. بانگەوازیەکانی "یاالله" کە چەرخەکانی پڕ کردبۆوە کلیلی سیحراوی و موعجیزەیی فۆرمیلی یەکبگرین ـ بەهێز بین ـ سەرکەوین.

ئەگەر تەماشای چۆنیەتی پێشکەوتنی لە مێژوودا بکەین دەبینین لەمیانەی پەرستنی خودا "الله" خواستویانە بە یەکێتی بگەن و بەهێز ببن. زاراوەی لە جۆری چوونی بەندە خۆشەویستەکانی خودا بۆ بەهەشت، بواری ئەدەبی و فەنتێزی مەسەلەکەیە. گەوهەری باوەڕی و زاراوەی خودا، بۆ بەڕێوەبەرایەتیەکی بەهێز و یەکێتیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتییە کە پێویستیەکی ژیانییە. دەبێ زۆر

بە باشی جیاوازی نێوان شێوەی ئایدیۆلۆژیا، واتە بەشی ئەدەبیاتی سەردەمی پێشنەکەوتنی هزر لەگەڵ گەوهەرەکەی بکەین، کە پێویستیەکی سەرەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی کۆمەلگا جێبەجێ دەکات. بە پێچەوانەوە ئەگەر ئەمە ئەنجام نەدرێت، ئەوا لەو دۆگماتیزمە رزگار نابین کە بە شێوەیەکی چڕوپڕ و فراوان و بە ئامانج ئەنجامدراوە. هەر دەمامکێکی ئایدیۆلۆژی گوزارشت لە راستینەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی دەکات کە لە ناواخن و بناخەکەیدا شاراوەیە. لە دوا شیکردنەوەدا دەردەکەوێت کە جیاوازی سەرەکی ئابووری و بەرژەوەندی لە ژێر ئەمەشدا شاراوەیە. بە بێ ئەوەی لەم چوارچێوەیەدا شیکردنەوەیەکی یەکپارچەیی و هەمە لایەنە ئەنجام بدرێت, تەنیا سنووردارکردنی لە یەك بواردا, ئەگەر بە ئەنقەست بێت یان لەخۆڕا، لەکار و چالاکیەکانی سۆسیۆلۆژیدا رێگا لەپێش کەوتنە ناو هەڵەی پێرەوکاری دەکاتەوە.

ئەم وەرچەرخانە ئایدیۆلۆژیە مەزنەی کە حەزرەتی ئیبراهیم بە باپیرەی پەسند دەکرێت لەسەردەمەکانی عیسا و موسا زیاتر پێشدەخرێت. لە گەوهەردا نزیکی یەکدین. هەر لەبەر ئەمەشە بە داب و نەریتی ئایینی تاکخودایی دێت. بە گوێرەی کتێبە پیرۆزەکان لە ماوەی نێوان هەزار ساڵ تاوەکو سەردەمی عیسا ١٢٤٠٠٠ پێغەمبەر ژیاون. لێرەدا ئەوە روون دەبێتەوە کە هەر کەسایەتیەکی وریا, خاوەن ویژدان و رۆشنبیری ناو کۆمەلگا وەکو پێغەمبەر رێزیان لێگیراوە و بەهادار بینراون. ئەرکی سەرەکی ئەم پێغەمبەرانە ئەوەیە رابردوو و داب و نەریتەکانی کۆمەلگا درێژە پێبدات و ئومێدەکانی رزگاری یاخود ئەو بەهەشتەی خەیاڵ دەکرێت و ئەو وڵاتەی پەیمانی پێدراوە بەزیندوویی بهێڵێتەوە. هەروەکو چۆن لە هەندێ قۆناخدا پێغەمبەری وەکو موسا, داود, سولەیمان، یرمیا, عزرا, یەحیا, عیسا دەرکەوتن، کە گرنگ و جێگای بایەخ بوون, بە رادەیەکی زیاتر ئەوانەی وەکو مامۆستایەکیش دەرکەوتوون ئەلقەکانی هەمان زنجیرەن. پێغەمبەرایەتیش وەکو باوەڕی دێرینی باب و باپیران داب و نەریتی پیرۆزی کۆمەلگایەکە زیاتر پێشکەوتووە و تایبەتمەندێتی خودایی بەدەست هێناوە. ئەم داب و نەریتە لە هەموو کاتێکدا نوێنەری خۆی هەیە. هیچ قۆناخێك نییە بێ پێغەمبەر بێت. لەسەردەمی ئیبراهیم بەدواوە لە هەموو قۆناخێکی قەیرانی سەختدا پێویستی بە قەڵەمبازی پێغەمبەرانە دەبینرێت. ئەوانەی بە پلەی دووەم خاوەن کتێبن و شرۆڤە دەکەن لە ئاییني موسەوی بە کاهین ناو دەبرێن, لە مەسیحیەتدا پاتریارك و لە موسوڵمانێتیشدا بە (شێخ الاسلام) شێخەکانی ئیسلام ناوزەد دەکرێن. ئەوانە زیاتر راڤەکار و نووسەری ئەو پێغەمبەرانەن کە خاوەن کتێب و سونەتن (فەرموودە)ن.

تەواو لەو هەلومەرجانەدا سەردەمی ئیسلامیەتی حەزرەتی مەحەممەد وەکو بورکان دەتەقێتەوە. ئەگەر پێشکەوتنی خێرای ئیسلام و بڵاوبوونەوەی تەنیا لە میانەی هێزی شمشێرەوە هەڵبسەنگێنرێ، ئـەوا ئەمـە واقیعـی نییـە. ئەگـەر هەلومـەرج پێنـەگات, هـیچ تونـد و تیـژیك, چـەندە بـە دژواریـش پراکتیـزە بکرێـت هـەروەکو چـۆن رێگـا لـەپێش پێشـکەوتنی کۆمـەڵگا ناکاتـەوە, هاوکـات لـە نانـەوەی ئـەنجامی تێکدەرانـە بـەولاوە تێپـەڕ نابێـت. رۆڵـی زەبروزەنگـی ئیسـلامیەت لـە پەرتـەوازە کـردن و هەڵوەشانەوەی ئەو کۆمەڵانە زیاتر نییە کە لەپێش گۆم و بەنداوەکاندا بوونەتە کۆسپ و بەربەست. ئەم کۆسپە موحافەزەکارانەیەی کە خۆی لە خۆیدا هەڵوەشاوەتەوە لـە ئاکامی چـەند لێدانێکـەوە بـە تەواوەتی دەڕووخێ و بەمجۆرە لێشاوی شارستانیەتی دەرەبەگایەتی, لە هەموو لایەکەوە لق و گۆمی نوێ لە خۆوە دەگرێت و دەبێت بە لافاوێك کە هیچ شتێك بەرگەی ناگرێت. لەمیانەی ئـەم هەڵمەتـە شۆڕشگێڕیە مەزنـە، مرۆڤایـەتی لەسـەرەکیترین ناوەنـدەکانی خۆیـدا, لـە رێگـای گۆڕانکاریـەکی نـوێی ئابووری, کۆمەڵایەتی, کلتووری و سیاسی دەبێت بە شێوە و هێزی نوێی مێژووی شارستانیەت.

بێگومان کاتێك ئەم پێشکەوتنە مێژووییە بەمجۆرە پێناسە دەکەین, بێگومان لە نزیکەوە بینینی تایبەتمەندێتی و رۆڵی حەزرەتی مەحەممەد کە کەسایەتی هەرە سـەرەکی ئـەم پێشکەوتنەیە, جێگـای گرنگی و بایەخێکی مەزنە. هەروەکو ئاماژەی پێکرا ئەو هەلومەرجانـەی کـە تێیـدا لـە دایـك بـووە و مـەزنی کـردووە, هەلومەرجـەکانی سێگۆشـەی مەککە و مەدینـە و تـائیفی عەرەبستانە کـە ناوچـەی یـەکتر بـڕینی هـەر سـێ هێـزی سـەرەکی ئـەو سـەردەمە ئیمپراتۆریەتـەکانی بێـزەنتی و ساسـانی و حەبەشییە. ئەم شارانەی کە لە نێوان هـەر سـێ ئیمپراتۆریەتـدا پێشکەوتنی مـەزنیان بـە خۆیانـەوە بینی، بە ئامـانج و پشتبەسـتن بـە بازرگـانی ئـاوادانبوون. بـە گوێرەی سیسـتەمی تـیرە بەدەویـەکانی بیابان پێشکەوتنێکی بریقەدار و دەوڵەمەندە, بە واتای بەشار بـوون دێـت. بـە شـار بـوون, لـە زمـانی عەرەبیـدا بـە واتـای (مەدەنیـەت) شارسـتانیەت بـوون دێـت. هـەروەکو دەزانـرێ نـاوی شـارێکیش مەدینەیە. بۆ یەکەمین جار تیرە عەرەبـە سامیەکان کـە لـە دەورووبـەری ئـەو شـارانەی بـە ئامـانجی بازرگانی کردن ئاوایان کردبوو بە دەرفەت و توانستی شارستانیەت بوون دەگات.

داب و نـەریتی عیبرانیـەکان کـە بـە حـەزرەتی ئیـبراهیم دەسـتپێکرد, لەگـەڵ پشتبەسـتن بـە توانستەکانی شارستانیەتی میسر و سۆمەر, ئەوانیشی تێپـەڕ کـرد و بەوەرچـەرخانیدا دەربـاز کـرد و تـیرە فراوانـەکانی بیابـانی بـەرەو قۆنـاخی شارسـتانیەت بـوون راکێشـاو و لـە ناسـنامەی ئایـدیۆلۆژی رۆژهەڵاتی ناویندا چاخێکی مێژوویی دەستپێکرد. ئەمە ئالای ئایدیۆلۆژی دووەمین شەپۆلی مـەزنی شارسـتانیەتە. لـە بـواری رۆحیـدا سـەرلەنوێ شـێوەگرتنی جولانـەوەی مـەزنی کۆمـەڵگا و هـزرە

پێشکەوتووەکەیەتی. لەلایەکەوە ئەو بتە تەوتەمیانە دەشکێنێ کە نوێنەرایەتی پاشڤەرۆیەتی تیرە سەرەتاییەکان دەکات، لەلاکەی دیکەشەوە لە دژی ئەو سیستەمانەی میسر و سۆمەر سەرهەڵدەدات کە خوداوەندی لە رووخساری مرۆڤ، فرە خودایی، گەورەکەیان وەکو نەمرود و فیرعەون خۆی بە شێوەی پادشای ـ خوداوەند نیشان دەدات. کردنی **ئەل** بە **ئەڵلا** چەکی سەرەکی ئایدیۆلۆژی ئەم پێشکەوتنە مێژوویییەی مرۆڤایەتییە. گوتەی "خودا یەکە، پێغەمبەر نێردراوەکەیەتی" گەورەترین هێزی پروپاگەندەیە کە جەماوەری موئمینەکان زیاد دەکات.

لە سەردەمی دەرکەوتنی حەزرەتی مەحەممەد، لە کاتێکدا بەرامبەر بە پێشکەوتنی هەلومەرجە ئابووری و کۆمەڵایەتیەکان پێکهاتە سیاسیەکان لە پەلوپۆ کەوتن، ئایدیۆلۆژیا فەرمیەکان پاشڤەرۆ بوونە و تایبەتمەندێتی پەلاماربەرانەیان بە دەست هێناوە. لە کاتێکدا لە بواری دەزگا ئابووری و کۆمەڵایەتیەکانەوە کۆیلایەتی بە خێرایی بەلاوە دەنرا، لە شێوەکانی دەوڵەتی باڵادەستدا جەخت کردنەوەیەکی مەزن لەسەر بەردەوامکردنی موحافەزەکاری لە ئارادا بوو. تەنانەت کەوتبوونە رەوشێك کە لە میسر و سۆمەریش پاشکەوتووتر بوون. زۆر لەوە دوور بوون وەڵامی ئەو پەیوەندیە کۆمەڵایەتی و ئابووریانە بدەنەوە کە تازە دەرکەوتبوون. پێکهاتەی سیاسی کۆسپی سەرەکییە لەپێش پەیوەندیە نوێکانی کۆمەڵگا و شێوەی بەرهەمهێنان. بە تایبەتیش ئیمپراتۆریەتی بێزەنتی و ساسانی، زۆر لە زووەوە سەردەمی خۆی تەواو کردووە، لە کارکەوتوون، ئیتر ئامێر و دەزگاکانی پاشماوەی دەوڵەتی کۆیلەداری، ئەو کۆسپانەی پێش هەڵمەتی نوێی شارستانیەتن کە پێویستە بە لاوە بنرێن.

خەیاڵ و ئارەزوو و داخوازیە نوێکانی مرۆڤایەتی بۆ ژیان بەر ئەم کۆسپانە دەکەوێ و دەوەستێ. ئەو پێشکەوتنەی لە رێگای مەسیحیەتەوە لە ئیمپراتۆریەتی بێزەنت بەدیهاتووە، ئیتر پێبەپێ بەرەو موحافەزەکاریەکی مەزن دەگۆڕێت کە رێگا لەپێش شەوەزەنگ و فشار دەکاتەوە. ئایینی مەسیحیەتی عیسا کە ئومێدی رزگاری چەوساوەکان بوو، لە ئایینێکی ویژدان و ئەخلاقی دەرکەوت و کرا بە ئامرازێکی لەیستۆکەکانی دەسەڵات و فەرمانڕەوایی. لەسەردەمی مەزن بوونی حەزرەتی مەحەمەد، ئایینی فەرمی مەسیحیەت وەکو ئامرازێکی فشار و بڵاوبوونەوەی دەسەڵاتداران، شێوەیەکی بە خۆوە گرتبوو کە لەگەڵ گەوهەرەکەی خۆیدا ناکۆك بوو. ئیتر ئومێدی جەماوەر نییە و وەکو ئامرازێکی هاڕین بەکار دەهێنرێت. ئیتر باوەڕی کۆنی چاوەڕوانکردنی فریادڕەس (مەسیح) هەروەکو لە تەوراتی پیرۆزیشدا هاتووە کەوتۆتە نێو رەوشێك بە دوای مەسیحی نوێ، واتە بە دوای پێغەمبەری خۆیدا دەگەڕێ. دیاردەکانی ئەو زیاد بوونە، کە پێغەمبەری نوێ لە کوێ و کەی دەردەکەوێ، هەر رۆژە و نیشانەی نوێ دەردەخات و گفتوگۆی دەرهەق دەکرێت.

بەرز بوونەوەی مانی لە ئیمپراتۆریەتی ساسانی ـ پارس هەر لەسەرەتاوە لەلایەن ئەو راهیبانەوە دووچاری کوشتن دێت کە زەردەشتیەتیان دووچاری موحافەزەکاری کردووە و بەرامبەر بە هەر نوێخوازیەکەوە ئیمپراتۆریەتیان بێ هەناسە هێشتۆتەوە. ئیتر زەردەشتایەتی لە ئامرازێکی موحافەزەکاری و قالب بەولاوە هیچ رۆڵێکی دیکەی نەماوە. هەروەها لەو پەڕی رۆژهەڵاتیشەوە شارستانیەتی چین و هیند لە ناوەوە دووچاری تەنگەتاوی هاتوون, دەرەبەگایەتی بە ئێشەوە پێشدەکەوێت. هەروەکو دوا قۆناخەکانی سەردەمی ئیمپراتۆریەتی ئاشوور، مرۆڤایەتی لە تەریقەتە نهێنی و بەربڵاوەکانی سۆفیگەرایی بە دوای رزگاری خۆیدا دەگەڕێت. ئەم لقە سۆفیگەراییانەی نیو ئایینی, نیو فەلسەفی وەکو تاکە رێگای ئازادی مرۆڤایەتی لەسەر پێیان ماون. بەڵام چەندەی دەکات نابێت بە لێشاوێکی سەرەکی رزگار بوون. لە گۆم و بەنداوی بچووکەوە ناتوانێ بەرەو رووبارێکی سەرەکی رێ بگرێتە بەر.

شانس و لایەنێکی باشی ئەم شارانە ئەوەیە کە بە گوێرەی هەر سێ ئیمپراتۆریەتیش وەکو دەورووبەر وایە. هیچ یەکێك لەم ئیمپراتۆریەتانە بە تەواوی ئەو ناوچەیەی نەخستۆتە ناو سنوورەکانی خۆیەوە. هەروەکو بڵێی بیابان رۆڵی دەریایەکی سروشتی خۆپاراستن دەبینێ. هیچ سیستەمێکی سوپا ناتوانێ خۆی بەرامبەر هێزی تیرە عەرەبەکان رابگرێت کە خاوەن شمشێری ئاسنین و ئەسپی بازدانن. لێرەدا شمشێر و ئەسپ رۆڵێکی ستراتیژی دەبینن. کاتێك رۆڵی گرنگی حوشتر کە وەکو کەشتیەکی بیابان وایە لەگەڵ ئەسپەکانی غاردان و شمشێرەکانی عەرەب و هێزی سروشتی بیابان بۆ خۆپاراستن ببن بە یەك, سەرەکیترین هەلومەرجەکانی قۆناخی ستراتیژی مێژوو پێدەگات. لەگەڵ ئەوەی هەر سێ ئیمپراتۆریەت بۆ چەندین جار هێرشیان تا وەکو مەککە هاتووە, بەڵام لە ئەنجامی ئەو زیانە گەورانەی بەریان کەوتووە ناچاری پاشەکشێ بوون. شتێکی ئەوتۆ لە ئارادا نییە کە سوپایەکی نیزامی بتوانێ لە ژێر ئەم هەلومەرج و رەوشەی جوگرافیادا بیکات. لە سورەتێکدا دەرباز دەبێت: باڵندەکانی ئەبابل سوپای حەبەشیەکانیان بەرد باران کردووە, لە راستیدا ئەم چیرۆکە گێرانەوەی ئایینی شەڕی هێزەکانی تیرەیە کە لەمیانەی ئەسپ و شمێرەوە ئەنجامیانداوە. لە کاتێکدا بازرگانی نێوان هەر سێ ئیمپراتۆریەت رێگا لەپێش دەوڵەمەند بوونێکی نائاسایی دەکاتەوە, بە گوێرەی هەلومەرجی بیابان و لەمیانەی ئەسپ و شمشێرەوە شێوازێکی شەڕی گەریلایی نوێ دەردەکەوێت و بە شێوەیەکی نائاسایی هەلومەرجەکانی سەرکەوتن لەگەڵ خۆیدا دێنێ. بەرگەگرتنی گەریلاکانی بیابانی مەزن زۆر ئاستەمە, ئینجا چی ئەمە هی کۆن بێت یاخود ئەوەی لە رۆژگاری ئەمڕۆمان دژی رژێمەکانی مەغریب, جەزایر و سۆدان پەیڕەو دەکرێت.

شێوازێکی هاوشێوەی ئەم گەریلایانەی بیابان لە مێژوودا لە بیابانەکانی مەغۆلیا و تورکمانستان سەرچاوە دەگرێت و رێگا لەپێش بەهێزترین هەڵمەتی بڵاوبوونەوە دەکاتەوە. ئاریانیەکان پشت بە زنجیرە و سیستەمی چیای زاگرۆی ــ تۆرۆس؛ ئەڵمان و سلاڤەکانیش پشت بە کوێستان و دارستانەکانی باکوور دەبەستن بۆ خۆپاراستن و رێچکە و شێوازەکانی هێرش بەرامبەر بە ناوەندەکانی شارستانیەت. هەروەکو دەزانرێ لە ساڵانی ۳۰۰۰ پ.ز بەو لاوە لە نیمچە دورگەی عەرەبستان کە دەکەوێتە نێوان شارستانیەتەکانی دۆڵی نیل و رافیدێن هەلومەرجێکی هاوشێوە پێکهاتووە. هەلومەرجەکانی بازرگانی کە لە ناوچەکانی نێوان ناوەندەکانی شاری دۆڵی رافیدێن و نیل و گوندە بەرهەمدارەکانی گوندەکانی نیۆلیتیکی باکوور جێگای خۆی دەگرێت, تیرە سامیەکانی بە وەرچەرخاندا تێپەڕ کردووە؛ کردوویەتی بەهێزێکی پاراستن و هێرش بردن. بەردەوام و بە شێوەیەکی بەرفراوان تالانکاری دەکەن, کاتێك هێزەکەیان تێر بکات و بۆیان بلوێ، لە شوێنی جێگیر نیشتەجێ دەبن, ئەگەرنا بەرەو قوڵایی بیابانەکان رادەکەن و خۆیان دەپارێزن.

بە باپیرە بوونی ئیبراهیم ئەم داب و نەریتەی گەیاندۆتە ئاستی هەرە بڵند, کردوویەتی بە خاوەن ناسنامە و کەسایەتی, پێبەپێ کردوویەتی بە هێزێکی تایبەتی شارستانیەت. لەو قۆناخانەی هێشتا نەببوون بە خاوەنی هێزی شمشێر و ئەسپ، توانیویانە ئەم کاریگەریە لە رێگای هێزی حوشترەوە ئەنجام بدەن. لە ساڵانی ۱۰۰۰ پ.ز کاتێك چەکی ئاسنین دەکەوێتە گەڕ, ئەم داب و نەریتە بەکاریگەر دەبێت و یەکەمین پادشایەتی عیبرانی ئاوا دەکرێت. هێرش کردنی میسر و بابلیەکان و دواتریش ئاشووریەکان و پارس و رۆماییەکان بۆ سەر مۆڵگە نوێکانی شارستانیەت و هەندێ جاریش سەرکوت کردنیان بە شێوەیەکی بێ رەحمانە و ریشەکێش کردنیان لەخۆڕا و بێ هۆکار نییە. چونکە ئەوەی بە رادەیەکی هەرە زێدە ئەم ناوەندانەی شارستانیەت تەنگەتاو دەکات، هێرشی ئەم تیرانەی بیابان و توانستی پێکهێنانی ئەلتەرناتیفێکی نوێیانە. هەربۆیە دەبینین داب و نەریتی ئەم تیرانە رۆڵێکی سەرەکیان لە کۆتایی هاتنی سۆمەر و میسر هەبووە, تەنانەت لەمیانەی عیساوە رۆڵێکی سەرەکیان لە هەڵوەشانەوە و کۆتایی هێنان بە ئیمپراتۆریەتی رۆمای شکۆداردا بینی. سەردەمی حەزرەتی مەحەمەدیش قۆناخی گەیشتنە لوتکەی ئەم داب و نەریتەیە, لەژێر هەلومەرجێکی نوێدا وەکو لافاو تەقیەوە و ئامادەکاری شارستانیەتێك و بەرزبوونەوەی شکۆمەندانەی دەرەبەگایەتی کردەوە کە تاکو رۆژگاری ئەمرۆشمان کاریگەریەکەی بەردەوامە.

۲ ـ لەژێر کاریگەری هەلومەرجی ئەو قۆناخەی بە پوختی ئاماژەمان پێکرد کەسایەتی حەزرەتی مەحەمەد پێشکەوتنێکی پڕ لە ناکۆکی بە خۆیەوە دەبینێ. کلتووری هەر سێ ئیمپراتۆریەتی

بڵاوبوونەتـەوە, زۆر لـە کلتـووری تـیرە عەرەبـەکان پێشکەوتووترە. کـەلێن و جیاوازیـەکی یـەکجار مـەزنیان لـە نێوانـدا هەیـە. تەوتـەمی تیرەکـانی لـە شـێوەی پـەنتائۆن لـە کەعبـە کۆبوونەتـەوە تایبەتمەنـدێتی هێزبەخشینیان نـەماوە. هەرچـەندە چـەندێکی لـە جۆری لات, مـەنات, عـوززا وەکو گـەورەترینیان ڕێزیـان لێدەگیردرێ و نوێنەرایـەتی تـیرە بـە شـان و شـکۆکان دەکـات, وەلـێ زۆر لـەوە دوورن ئیلهام بەخشی شارستانیەتێکی نوێ بن, بە پێچەوانەوە بەهۆی ئەوانەوە پێبەپێ, هزرە نوێ و تەریقەتە سۆفیگەرییەکان قەدەخە دەکرێن. ئەو هزر و دەزگایانە بەسەر پێکهاتەکانی سەرخاندا زاڵن کە موحافەزەکارێتی تیرەگەرێتی بە بنەما دەگرن. هەر کەس لەمیانەی تیرەکەیەوە پەسنی دەدرێـت و باسی دەکرێت. ژنان بە نەزان و بچووك دەبینـرێن, کیژۆڵەکان زینده بـه چـاڵ دەکـرێن و ڕووبـەڕووی مردن بەجێ دەهێڵدرێن.

کاروانە بازرگانیەکانی نێوان مەککە ـ شام گرنگی و ڕۆڵێکـی مـەزنی هەیـە لەپێگەیشـتنی هـزری حـەزرەتی مەحەمـەد. هـەروەکو دەزانـرێ بـە زۆری گوێڕایـەڵی ڕاهیبـە نەسـتۆریەکانی کـردووە و گفتوگۆی لەگەڵدا کردوون. باوەڕی پێهێنان و متمانەکردنی خەدیجە و خۆشەویستی و مێرد پێکردنی گرنگی و ڕۆڵێکی دیاریکراوی هەیە لەوەی سەبارەت بە ژن بگات بە هـزر و بۆچـوونێکی بـاش. ئەگـەر خەدیجە نەبێت ناشێ مەحەمەد  ببێت بە پێغەمبەر. ئەگەر بە شێوەیەکی شاراوە و دەمامك کراویش بێـت، بـە گـوێرەی مەریـەم خـاوەنی کاریگەریـەکی زۆر مـەزنترە و لـە ڕەوشـێکی وەهـا دایـە کـە نوێنەرایەتی کلتووری خوداوەندی ژن دەکات. بەهۆی باڵادەستی پێکهاتەی کۆمەڵایـەتی پیاوسـالارییە، کە لە مێژووی ئیسلامیەتدا بە شێوەیەکی پێویست و شایستە باس لە ڕۆڵی خەدیجە نـەکراوە. ئەمـە ئاشـکرایە یەکـەمین کەسـی لـە مەککـە پشـتگیری لـە حـەزرەتی مەحەمـەد کـرد خەدیجـە بـوو. بـە تەمەنیش لە مەحەمەد گەورەتر و تا ڕادەیەك بەهێز و دەوڵەمەنـدە دەتوانـێ ببێ بە خاوەنی کاروانە بازرگانیەکان. بێگومان ئەم ڕەوشەی خەدیجە لەناوکۆمەڵگای مەککەی پیاو سالاریدا وەکو ناکۆکییەکی جددی و مەزن وایە، چونکە ژن بە گێل و نەزان و بچووك دەبینن و کیژۆڵەکان بە زینـدوویی زینـدە بە چاڵ دەکەن. بە گوێرەی ئەوەی بە تەنیا ناتوانێ بەرگە و بەرەنگاری ئـەم کۆمـەڵگا هۆڤـە بێتـەوە, ئـەوا پەیوەندیـەکانی لەگـەڵ مەحەمـەد و مێـرد پـێ کردنـی زۆر واتـادارە. لـە خۆشەویسـتی بـەولاوە بەرامبەر بە کۆمەڵگای فەرمی مەککە وەکو یەکەمین چەکەرەی تۆوی سیاسی و ئایـدیۆلۆژی وایـە. تـا وەکو مردنی نەهێنان و نەخواستنی ژنێکی دیکە لەلایەن مەحەمەد, جگـە لـە ڕێـز گـرتن, گرێـدراوی هێزی ماددی و مەعنەوی خەدیجەیە. وەکو یەکـەمین کەسـی کـە پێغەمبەرایـەتی مەحەمـەد پەسـند کردووە، ڕۆڵی لەم پێکهاتنەدا ئاشکرایە و بەرچاوە.

دواتر ئەوانەی بۆ یەکەمین جار وەکو یەکەمین کەس باوەڕی بە حەزرەتی مەحەممەد دێنن ئامۆزاکەی, حەزرەتی عەلی یە کە هێشتا منداڵە و کۆیلەکەیەتی (زەید). ئەم تابلۆیە بە شێوەیەکی زۆر روون و ئاشکرا ناوەڕۆکی شۆڕشگێڕێتی ئەم گروپە نیشاندەدات. لە کاتێکدا لە کەسایەتی عەلی دا پەیوەندیەکانی تیرەگەرێتی بە شێوازێکی شۆڕشگێڕێتی پارچە دەکات, لە کەسایەتی زەیدیشدا کۆیلایەتی دەبەخشێ و لەمیانەی شۆڕشەوە کۆتایی پێدێنێت. لە راستیدا لەم سێیانیەدا هەرچەندە بە شێوەیەکی سەرەتاییش بێت سێ شۆڕش ئەنجام دەدرێت. لەمیانەی پەیوەندی لەگەڵ خەدیجە شۆڕشی ژن, لە رێگای پەیوەندی عەلی شەوە شۆڕشی تیرە و لە رێگای زەیدەوە شۆرش بەرامبەر کۆیلایەتی ئەنجام دەدرێت. هەر لەبەر ئەوەی ژیانێکی هاوبەش و کۆمەڵکارییان ئاواکردووە, شێوازێکی شۆرشگێری بەسەر ژیانیاندا زاڵە. لەسەر ئەم بنەمایە مەزنبوونی گروپ مانیفێستۆی ئایدۆلۆژی دەکات بە ناچارییەك. بەرلەوەی مەحەمەد ببێت بە پێغەمبەر ماوەیەکی درێژ مانەوە و هاتوچۆی بۆ ئەشکەوتی (حەرا) قۆناخی فوولبونەوەی ئایدیۆلۆژیە. لە تەواوی قەڵەمبازەکانی پێغەمبەرایەتیدا قۆناخی هاوشێوەی ئەمە تێپەڕبووە. لە تەوراتدا بە درێژایی باس لە ئەم قۆناخەی حەزرەتی موسا دەکرێت کە لە چیاکانی سینا بە سەری بردووە.

لە تەمەنی چل ساڵیدا هاتنە خوارەوەی سروش (وەحی) پێغەمبەرایەتی بۆ حەزرەتی مەحەممەد, لە راستیدا بە واتای راگەیاندنی قاڵبوونەوەی شۆڕشگێڕێتی نوێ و دەرباز بوون بۆ قۆناخی تێکۆشانی ئاشکرا دێت. لە لایەنێکەوە بە واتای راگەیاندنی رەوا بوون و زاڵ بوونی دێت لە مەککە. لە قاڵبوونەوەی ئا یدیۆلۆژیەوە هەنگاو هاوێشتنە بەرەو بە سیاسی بوون. وەحیەکانی ئەم سەردەمە زیاتر گرێداوی بنەماکانی باوەڕی و ئەخلاقە. واتە تیۆری شۆڕش پێشدەخرێ. پرەنسیپەکانی دەستنیشان دەکرێت. کاتێك مەترسی پێبەپێ مەزن دەبێ و کۆمەڵگای فەرمی مەککە دەخاتە نێو جموجۆڵەوە, کوشتن دەبێتە مەسەلەیەکی ئان و سات.

دوای ئەوەی شاری تایف بە شوێنێکی گونجاو نابینێ کە لە ئەنجامی بازرگانیەوە زۆر دەوڵەمەند بوونە, مەدینە وەکو تاکە بژارێك دەبینێ و مەحەممەد لە تەمەنی ٥٢ ساڵیدا لە ساڵی ٦٢٢ی زایینی کۆچ دەکات. مێژوو ئاماژە بەوە دەکات ئەگەر بێتو حەزرەتی عیسا لە خاچ نەدرابایە, مەسیحیەت لە تەریقەتێکی سۆفیگەرایی ئاسایی بەدواوە تێپەڕی نەدەکرد. سەبارەت بە کۆچی حەزرەتی مەحەممەد بۆ مەدینە دەتوانرێ هەمان شت بگوترێ. ئەگەر بێتو کۆچ نەبوایە بە ناچارییەك, دەمارگیری و پاشڤەرۆیەتیەکی دژوار بەرامبەری نیشان نەدرابایە, لەوانەیە وەکو گروپێکی سۆفیگەرایی بمابایەوە. بەڵام ئەمە راستینەیەکی زانراوە کاتێك هەلومەرج رەخسا و یاسای کارتێکردن ــ کاردانەوە کەوتە

گـەڕ، تەنانـەت بچـووکترین و سـادەترین گـروپیش رێگـا لـەپێش گـەورەترین هەڵمـەتی مێـژوویی دەکەنەوە. قۆناخی مەدینە قۆناخی بە سەربازی بوون و سیاسی بوونە. ئایەتەکان زیاتر سەبارەت بە چۆنیەتی پێکهێنانی سیستەمی سیاسی نوێیە. لە مەدینەدا پـەیمانێکی نـوێی کۆمەڵایـەتی و دەوڵـەتی شار پێکدێت. بەڵام قۆناخ وەکو چاخی بەرە بەیانی شارستانیەتی سۆمەر و میسر نییـە. لـە تەنیشت سەریانەوە بازرگانیەکی پێشکەوتووی ناوەنـدی ئیمپراتۆریەتـە جیاوازەکان لـە ئارادایـە. بـە دەوڵـەت بوونێکی خێرا و مـەزن بـوون بـە سـەر دەوڵەتـەکانی دیکـەدا، ناچاریەکە. ئـەوە مەسـەلەیەکی مـان و نەمانە. چاو تێبڕینی تیرەکانی بیابان بۆ ناوەندەکانی شارسـتانیەتی دەوروبـەر و رەوشـی نـەدارییان، دەبێتە هۆکاری ئەوەی قەڵەمبازی ئایدیۆلۆژی حەزرەتی مەحەمەد و رێککەوتنی کە لە مەدینە ئاوای کردووە بە شێوەیەکی ئاوارتە سەرنج راکێش بێت؛ ئەمەش رێگا لەپێش ئەوە دەکاتەوە جارێکی دیکە مێژوو بڵێ "**بەندەکەم هەنگاو بهاوێژە، رێگات کراوەیە.**"

لەگەڵ گەیشتن بە کۆچی دوایی حەزرەتی مەحەمەد، سیستەمی دەوڵـەتیش بونیـاد نـرا بـوو. لـە نزیکــەوە دەستنیشــان کــردن و بینــینی تایبەتمەندێتیــە ئایــدیۆلۆژی و سیاســی و ســەربازی و کۆمەڵایەتیەکانی ئەو پێکهاتەیەی لە ماوەیەکی زۆر کورتدا دەرکەوت و تا رادەیەك کاریگـەری لەسـەر مێژوو کردووە کە تا ئێستاش درێژەی هەیە، گرنگیەکی مەزن لە خۆوە دەگرێت.

آ ـ لـە ئاسـتی ناسـنامەی ئایدیۆلۆژیـدا، سـێیەمین شـێوەی مـەزنی میتۆلۆژیـای سـۆمەرە کـە بـە وەرچەرخاندا تێپەڕیوە. لە خوێندنەوە و شیکردنەوەی دوا تاتـە قوڕینەکانـدا بـە شـێوەیەکی ئاشـکرا روون بۆتەوە کە سەرچاوەکەی بۆ میتۆلۆژیای سۆمەر دەگەڕێتەوە. لەلایەن بابلیەکانەوە بە یەکەمین وەرچەرخاندا تێپەڕی، لەلایەن عیبرانیەکانەوە بە دووەمین، لەلایەن دوا نەوەکانی ئەم داب و نەریتە، واتە لەلایەن عەرەبەکانیشەوە لەمیانـەی سـێیەمین وەرچـەرخانەوە بـە لێهاتوو و تۆکمـەترین شـێوە گەیشتووە. بە پێی پێویست روون کردنەوەمان سەبارەت بە سەرچاوە و وەرچەرخانی یەکەم و دووەم پێشخست و ئەنجام دا. بۆ ئەوەی زۆر بە باشـی لـە سـێیەمین وەرچـەرخان تێبگـەین، پێویسـت دەکـات بـەردەوام ئـەم سەرچـاوە و وەرچـەرخانانە لەبەرچـاوان بگیردرێـت. لێـرەدا ئامانجمـان نـە بچـووك کردنەوەی گرنگی و بایەخی قورئانە، نە ئەوەیە کە هەروەکو چۆن پێ لەبەفر دەکرێ، بەها هـزری و ئەخلاقیەکان بن پێ بخەین و ئەو دۆگمایانەی کە رزاندن لەگـەڵ خۆیـان دێـنن، وەکـو پێشکەوتنێکی ئــاییني ئاســایی نیشــان بــدەین. بــە پێچــەوانەوە نیشــاندانی هەڵوێســتێکی راســتی (کۆمەڵناســی) سۆسیۆلۆژیانە بەرامبەر بە قورئان و ئاشکراکردنی ئەوەی کە دۆگما و قاڵبەکانی ئیسلام لـەپێناو کـام بەرژەوەندی نەفرین لێکراو کراوە بە دەمامـك، ئەرکـە زانستیـە سـەرەکیەکانمانە. کاتێـك رۆشـنگەری

ئیسلامیەت و رۆژهەلاتی ناوین بە شێوەی پێویست و تەواو لە جێبەجێ کردنی ئەم ئەرکەیدا سەرکەوتوو بێت، ئەوا ئەنجامگیر دەبێت. نابێ هیچ کاتێك لەبیربکەین کە تاوەکو ئەو شەوەزەنگ و تاریکاییە رۆشن نەکرێتەوە کە تێیدا دەژین، نەدەتوانرێ بە شێوەیەکی راست ئەو هێزە شارستانیەتانەی لە ئاراداں پێناسە بکرێن, نە دەتوانرێ پێداوێستیەکانی رۆڵی سەرکەوتووانەی شارستانیەت بوون جێبەجێ بکرێت.

دەست پێکردنی گفتوگۆیەکی ئایدیۆلۆژی سەبارەت بە ئیسلامیەت لە رێی پرسیارێکی وەکو "باوەڕیت بە هەبوون و تاکانەیی خودا هەیە؟" ئەمە هەلپەرستانەترین و "چەواشەکارترین" نزیکبوونەوەیە و بە واتای بەکارهێنانی رێچکەی تەواوی چەنەبازەکانی چاخەکانی دێرین و ناوین دێت. بەداخەوە بە سەدان ساڵە ئیلاهیات و فەلسەفە لەمیانەی ئەم شێواز و رێچکە چەنەبازیانە راکێشی ناو مشتومڕێکی زۆر بێ سوود و بێ واتا کراون. تا ئاستێکی مەزن هێزێك مەزنی زانیاری لەم رێگایەدا بە فیرۆچووە چەندین گیان سەندراوە, مرۆڤ بە ئەشکەنجەدا دەرباز بووە, ئاخێنراوەتە زیندان، لە ئەنجامیشدا هێندەی دەنکە هەنجیرێك سوودی نەبووە و بێ ئاکام بووە. لە راستیدا سوقرات لە یەکەمین گفتوگۆکانی کە لەگەڵ ئەم چەنەبازانە ئەنجامی دا, هەستی بەمەترسی ئەم شێوە گفتوگۆیانە کردبوو, هەربۆیە تەواوی ژیانی خۆی خستە نێو مەترسی و خواستی پێشی لێبگرێت. بەردەوام گوتویەتی؛ گەوهەرەکەی بزانە! گفتوگۆی بێ سوود و بێمانا بایەخی نییە, گرنگ، زانینی گەوهەری مەسەلەکانە، لە جیاتی گفتوگۆی لە جۆری دارتاش هەیە, یاخود نە؟ باشە یان خراپە, بە گوێرەی ئەو گرنگی لێرەدایە کە وەڵامێکی راست بدرێتەوە کە چۆن باشترین دارتاشی دەکرێت؟ لە کاتێکدا یەکەمیان شێوازی هەلپەرستانەی چەنەبازەکانە, دووەمیان هی فەیلەسوفە راستەقینەکانە, شێواز و رێچکەی زانا و فەیلەسوفەکانە.

کەواتە مەبەست چییە لە هەبوون و یەکبوونی خودا کە قەڵەمبازی سەرەکی ئیسلامیەتە؟ وەکو بەرهەمی کام پێشکەوتنی مێژوویی و کۆمەڵایەتی رووبەڕوومان بۆتەوە؟ ئامانجە کرداریەکەی چییە؟ ئەمانە سەرەکیترین و ریشەیی ترین پرسیارن کە پێویستیان بە رۆشن کردنەوە هەیە.

بەر لەوەی جارێکی دیکە باس لە چۆنیەتی پێشکەوتنی زاراوەی خودا "الله" بکەین, دەخوازم ئاماژە بەوە بکەم کە پێناسەکانی لە جۆری یەکەمین هۆکاری پێشکەوتن, دامەزرێنەر و خاوەنی گەردوون، زێدە واتادار نابینم، کە بەردەوام زانستی خوداناسی و فەلسەفە باسی دەکەن. ئەمانە پێناسەی نزیك بە سۆفیگەراییین. تەنانەت ئەمەش بێ مانا دەبینم, کە لە کوێی ئەم باوەڕی و گفتوگۆیانە جێگای خۆمان دەگرین, ئایا لەگەڵ ئەوەی کە دەڵێ خودا هەیە و تاکە یاخود

پێچەوانەکەی، یاخود لایەنی هزری خوڵقێنەر و دامەزرێنەر و خاوەنە, یان پێچەوانەکەی. لەبەر ئەوە لەسەرەتادا ئاماژە بەم لایەنانە دەکەم, هەروەکو لە مێژووی رابردوودا رووی داوە, ئەوا پاشڤەڕۆیەتی رۆژگاری ئەمڕۆشمان بە گوێرەی بەرژەوەندیە سیاسیە کرداریەکانیەوە، ئایین دژ بە رۆشنگەری بەکاردێنێ و دەخوازێ لەمیانەی فێڵ بازی و ئەم شێوازە چەنەبازیانە، ئەنجام بەدەست بێنێ. لە تورکیا و زۆربەی وڵاتە ئیسلامیەکاندا دەبینرێ کە پاشڤەڕۆیەتی لەمیانەی بەکارهێنانی ئەم رێچکەیە بەرژەوەندیەکانی خۆیان بەدیدێنن و دەپارێزن, بەمجۆرە چەوسانەوە و بەکارهێنانێکی (استسمار)ێکی مەترسیدار بەڕێوە دەچێت. بەر لە هەموو شتێك ئاماژە بەوە دەکەم لەوانەیە لە داهاتوودا ئەم هەڵسەنگاندنانەم (أستسمار) بکەن و بخوازن بە خراپی بەکاری بێنن. زاراوەی "اللە" خودا کە لەگەڵ کۆمەڵگادا پێشکەوتووە لە کۆمەڵگای سەردەمی زانیاریشدا درێژە بە هەبوونی خۆی دەدات. پێویستە درێژەشی پێبدات. بەڵام ئیتر ئەو، ناوێکی ئەو تاك یاساییەی کۆمەڵگا و پێشکەوتنە. چەندە بە چاکی ئەم یاسایە بناسین, بەو ئەندازەیە ناوەکەی واتە "اللە" خودا بە راستی دەناسین و دەرکی پێدەکەین. تەواوی پێناسە و گفتوگۆکانی دەرەوەی ئەمە زۆرتر چەنەبازییە. لە بناخەی خۆیدا بە واتای شاردنەوەی نەزانی و پاشڤەڕۆیەتی و پاراستنی سیستەمی چەوساندنەوە و جیهانی بەرژەوەندی زۆردارانە و ترس دێت.

لەژێر رۆشنایی ئەم هەڵوەستەیەدا هەوڵ دەدەین زاراوەی خودا "اللە" لەمیانەی رێچکەکانی کۆمەڵناسیەوە شیبکەینەوە، نەك لە رێگای رەوتەکانی فەلسەفە و ئیلاهیات. وەکو ناسنامەیەکی ئایینی کە لەمیانەی کۆمەڵگاوە هەبوونی هەیە و دەرکەوتووە, هەوڵ دەدەین ئەوە پێناسە بکەین کە وەکو وەڵامی کامە پێویستی کۆمەڵگا دەرکەوتووە و پێشکەوتووە و وەرچەرخانی بە خۆیەوە بینیوە.

تەواوی دیاردە و نیشانەکان ئاماژە بەوە دەکەن حەزرەتی مەحەمەد بە درێژایی تەمەنی خۆی سەبارەت بە زاراوەی خودا "اللە" ڤاڵبۆتەوە. ئەو کێشەیەی بۆ ماوەیەکی درێژ خایەن پێیەوە خەریك بووە, روون کردنەوەی هەبوونی خودا و ناسنامەی یەکبوونە. لەمیانەی هەوڵە چڕوپڕەکەی و گەڕانی بە دوای وەڵامدا روون دەبێتەوە کە ئەمە کێشەیەکی دروست کراو نییە و وەکو زاراوەیەك رۆڵی کلیل دەبینێ و هەوڵدەدرێت سەرلەنوێ ناوەڕۆکەکەی پێناسە بکرێتەوە. بەخشینی نەوەدونۆ تایبەتمەندێتی (سیفەت), ئەوە نیشاندەدات کە هەوڵدراوە لە بواری ناوەڕۆك و چۆنایەتیەوە قەڵەمبازێك ئەنجامبدرێت. بەردەوام زاراوەی خودا "ئەڵلا" لەژێر سایەی رووخساری نوێ وزەی پێدەدرێت. بۆ ئەوەی باشتر لەو کار و خەباتە تێبگەین, ئەوا بەراوردکردنی لەگەڵ ئەو بەهایانەی کە زاراوەکانی سۆسیالیزم و لیبرالیزم لە خۆیانەوە دەگرن, گەلێك وانە و ئەزموونی گرنگی لێ

هەڵدەهێنجرێت. کاتێـك لـە ئـەنجامی وەرچـەرخانەکانی کۆمـەڵگادا ناسـنامەی ئایـدیۆلۆژی پـەرەی پێدەدرێت, ئەوا ئەو زاراوانـەی رۆڵـی کلیـل دەبیـنن لەمیانـەی بـەهای بـەمجۆرە دەوڵەمەنـد و بـەهێز دەکرێت.

هەروەکو دەزانرێ لە ساڵانی ۳۰۰۰ پ.ز بە دواوە تیرەکانی نیمچە دورگەی عەرەبستان هەوڵیانداوە مەزنترین هێزی خـودایی "EL ئـەل" (ئـەل ـ رۆح) وەکـو ناسـنامەیەکی ئایـدیۆلۆژی پەسـند بکـەن. زاراوە, لـە ئـەنجامی گۆڕانکاریـەکانی پێکهاتـەکانی نـاواخنی تیرەکـان, هـەروەها لـە ئـەنجامی ئـەو پەیوەندیانـە هاتۆتـە ئـاراوە و پێشکەوتووە کـە لەگـەڵ کۆمەڵـەکانی دەرەوە، بـە تایبـەتیش لەگـەڵ شارستانیەتی هەڵکشاوی سۆمەر و میسر، ئەنجامی داوە. کاتێك تەوتەمە، کە هەبوونێکی نیو خـودایی قۆناخە پاشکەوتووەکانی تیرەیە، کەوتە ناو رەوشێکەوە کە تێر نەکات و نـەتوانێ وەڵامـی گۆڕانکاریـە نوێکان بداتەوە, ئـەوا خوداوەنـد "ئـەل EL" لـە هـزردا جـێگیر دەبێـت، کـە جیـاوازترە و لـە ئاسمـان وەستاوە. بێگومان سیستەمی ئاسمانی راهیبەکانی میسر و سـۆمەر و زاراوەکـانی خوداوەنـدی مـەزن و نـەگۆڕی کـە لەسـەر بنـەمای ئـەم سیسـتەمە پێشـیان خسـت, رۆڵێکـی دیـاریکراوی لەمـەدا بینیـوە. پێکهاتەی داتاشراو و یەك ئاستی تیرەکان, چۆنیەکی جوگرافیا و سیستەمی پەیوەندی و ناکۆکیـەکانی لەگەڵ ناوەندەکانی شارستانیەت, ئەوە دەکەن بە ناچاریەك کە "ئەل" وەکو زاراوەی تـاك و یـەکبوون پێشکەوێت. بە شێوەیەکی بەرفراوان هەوڵماندا ئەوە روون بکەینەوە کە تایبەتمەندێتی داب و نەریتی ئیبراهیم ئەمە بوو.

ئـەو واتایـەی موسـا بـۆ ئـەم زاراوەیـەی زیـاد کـرد هـەنگاوێکی دیکـە بـەرەو پێشـەوەی بـردووە. هەروەکو بڵێـی ئـەلی کـردووە بـە مـوڵکێکی میللی, خودایـەکی میللـی. زاراوەی "ئیسـرائیل" لای تـیرە عیبرانیەکان بە واتای زۆرانبازی لەگەڵ ئەلی خوداوەند دێت. بە تەنیا ووشـەی ئیسـرائیل سـەلمێنەری ئەوەیە کە خواستویانە نزیکایەتیەکی تایبەت ئاوا بکەن. دواتر لەمیانەی راهیب ساول کە داود دەکات بە پادشا، بەمجۆرە لە رێگای داود و کوڕەکەی سولەیمان دەبن بە خاوەنی هێزێکی سیاسـی ناوەنـدی و ئـەو زاراوە فـەرمی دەبێـت. ئـیتر نـاوی ئـەل بـە زمـانی عیبرانـی بـۆ خوداوەنـدی فـەرمی "ئـەلۆهیم" دەگۆڕدرێت. شتێکی زۆر ئاشکرایە کە ئـەلۆهیم دەبێتـە نـاوی نـوێ و گوزارشـتی هـەبوونی کۆمـەڵگای ئیسـرائیل کـە بـەواتای قـەومی عیبرانـی سیاسـی وخـاوەن میرنشـین دێـت. ئەمـەش گوزارشـتی بەرجەسـتەی هـزری کۆمـەڵگای وەرچـەرخاو و زاراوەی ناسـنامە ئایدۆلۆژیەکەیـەتی. رووبـەڕووی نمونەیـەکی وەهـا خوڵقێنـەری سـەرنج راکـێش و مێـژوویین کـە هێـز لـە زاراوەکـان وەردەگرێـت و لەمیانـەی بـەهێز بـوونیش، بـەزاراوەی نـوێتر دەگـات. ئەگـەر ئەمـە بێنینـە بەرچـاوان کـە خـودای

ئیسرائیل تاوەکو رۆژگاری ئەمڕۆمان رێگای لەپێش کام شەڕ، داهێنان، نوێبوونەوە و هزر، کردۆتەوە، ئەوا باشتر دەرك بەوە دەکرێت کە تابلۆیەکی چەندە سەیرە.

داب و نەریتی مەسیحیەت کە لەگەڵ دەرکەوتنی عیساوە پێش کەوت لە گەوهەری خۆیدا وەکو گوزارشتی دابڕانی توێژە هەژارەکانی داب و نەریتی فەرمی عیبرانیەکان سەر هەڵدەدات. لەئاکامی جیابوونەوەی کۆمەڵایەتی و لەخۆوەگرتنی شرۆڤەیەك بەناوی چەوساوەکان، ئەم نەریتە دەبێتە ناسنامەیەکی نوێی ئایدیۆلۆژی"ئینجیل"، کە دەبێتە ئومێدی چەرخی نوێ و ئیرادەی رزگاری، وەکو شێوازی ئەخلاق و باوەڕی شێوە دەگرێت.

کاتێك عیسا لە زمانی ئاشوورییەوە بۆ زمانی قۆناخ هەنگاوی هاوێشت و بە ئارامی قسەی کرد ئەلۆهیمیش ناوی گۆڕا و بوو بە رەب. ئەلۆهیم بووە بە رەب. واتای وشەش "ئەفەندی" یە دێت. ئاشکرایە کە نوێنەرایەتی چینی ژوور دەکات. کاتێك ئەو مرۆڤانەی کەوتونەتە رەوشی خزمەتکاری بە"بەندە" ناو بران، ئاشکرایە لێرەدا مەبەست چینی چەوساوە و ستەم لێکراوە.

زۆر چاك دەزانرێ کە عیسا تایبەتمەندێتی بەخشندەیی، رزگاری، لێبوردن، چاکە، برایەتی، ئاشتی دادوەری و خۆشەویستی کردۆتە موڵکی زاراوەی خودای لایەنگری چەوساوەکان. رەب کە ناسنامەیەکی ئایدیۆلۆژی نوێی کۆمەڵەی چەوساوەکانە، لەمیانەی ئەم زاراوانە بەهێز دەکرێت و دەبێتە سەرچاوەی هێزی هەڵمەتی نوێی مێژوویی و کۆگای وزە. وەکو مندالّ و نەوەکانی رەب سەرەتا عیسای کوڕ، مەسیحیەکان کۆمەڵەیەکی نوێی پیرۆزکراون. رەبەکەیان (خوداکەیان) لە نێو سەختترین هەلومەرجدا دەیانپارێزێت و هاوکاری و یارمەتی خۆی کەم ناکاتەوە. لەوە بە دواوە ئاراستەی هەموو دوعاکان بەرەو ئەو (رەب)ە دەبێت. ئەویش تاوەکو بەدیهاتنی ئومێدەکانیان لەگەڵیان دەبێت. بۆ جارێکی دیکە رووبەڕووی نموونەیەکی مێژوویی بەمجۆرە دەبێتەوە کە لەمیانەی پێشخستنی زاراوە نادیارەکانی کۆمەلگا، بەهێز بوون و پێشکەوتن و وەرچەرخان بەدیبێت. ئەمەش یەکێك لەو نموونانەیە کە دەیسەلمێنێ هێزی ئایدیۆلۆژی لەپێشکەوتنی ئابووری و کۆمەڵایەتی دابڕاو نابێت، ئەگەر یەکێکیان نەبێت مەحاڵە ئەوی دیکەشیان پێشکەوێت، هەندێ جاریش ئایدیۆلۆژیا رۆڵی پێشەنگی و دیاریکراو دەبینێ. دواتریش لە دەسکەوتەکانی پاولەوە تاوەکو نوێخوازی پرۆتستانتەکانی بەناوی مەسیحیەت کراوە، رۆڵیان لە پێکهاتنی چاخی دەرەبەگایەتی تاوەکو کاریگەری و کاردانەوەیان لەسەر دەرکەوتنی سەرمایەداری و پێشکەوتنیان، هەنگاو بە هەنگاو دەتوانرێ تەماشای پێشکەوتن و گۆڕانکاری و وەرچەرخانەکانی مێژوو بکرێت.

بە بایەخەوە جەخت لەسەر ئەوە دەکەم: ئەگەر بە شێوەیەکی راست گرێدان بەو ئومێد, باوەڕی و هزرانەوە بەردەوام بکات کە لەم زاراوانە نـراوە, ئەگـەر بـە گوێرەی پێداویستیەکانی ژیـان بـەرێوە بچـێت و پێشـبینیەکانی پراکتیـزە بکرێـت, ئەگـەر لەگـەڵ قۆنـاخ و رۆژەڤـدا نـاکۆك نـەبێت, بـە پێچەوانەوە لەپێناو پێشکەوتنیدا ئاراستە بکرێت، ئەوا بەرەو پێشکەوتنی مەزن راسـتە رێ دەگرێـت؛ بەڵام ئەگەر لە نێو رەوشێکی پێچەوانەدا بێـت، خزمـەت بـە پاشـڤەرۆیەتی و بەسـتەڵەکی و رووخـان دەکات. بـە هـۆی ئـەم پێشـکەوتنانە شـیکردنەوەی زمـانی ئـەم زاراوە مەزنانـە بـە گوێرەی نـاوەڕۆکی خۆیـان, بـەردەوام جێگـای بایـەخ و گرنگـی پێدانـە. گرنگـی و رۆڵـی لـە بـن نـەهاتووی ئایدیۆلۆگـە مەزنەکان و خاوەن باوەڕیەکان سەرچاوەکەی بۆ ئەم راستینەیە دەگەڕێتەوە.

ئـەو واتـاو نـاو و تایبەتمەندێتیانـەی، حـەزرەتی مەحەمـەد بـە رەبـی (خـودا)ی خـۆی بەخشیوە گرنگیەکی مەزنتر لە خۆیەوە دەگرێت (رەب, زاراوەیـەکی ئاشووری ـ سوریانییە, ئـەللا زاراوەیـەکی عیبرانییە و هەمان واتا دەبەخشێت). لە راستیدا زۆربەی زۆری زاراوەکـانی داب و نـەریتی عیبرانـی و سـوریانیەکانی پەسـند کـردووە, نـابێ هـیچ کاتێـك لـە بـیر بکـەین کـە هـەبوونی سۆمەر, میسـر و تـا رادەیەکیش ئاریانیەکان سەرچاوەی پێکهاتنی ئەم زاراوانـەن. بـەڵام لـە هـەموویان گـرنگتر ئەوەیـە لـە سەدەی پێنجەمی زایین بەدواوە بۆ وەڵامدانەوەی ئـەو گۆڕانکاریـە رۆحـی و هزریـەی کـە پەیوەندیـە ئابووری و کۆمەڵایەتیەکانی دەرەبەگایەتی رێگایان لەپێش کردۆتەوە, بـە باشـترین شـێوە خـۆ ئامـادە کردن و قاڵبوونەوەیەتی. حەزرەتی مەحەمـەد وەکـو پێشـکەوتووترین رۆح و هـزری ئـەو سـەردەمەی تازە هەڵدەکشێ, گوزارشت لە قاڵبوونەوەیەکی ئاوارتە دەکات. لـەرزین و خوێـدان و ئـارەق کردنـی لـە کاتی هەر ئایەتێك کە دەیدرکێنێ, لـە راسـتیدا ئـەوە نیشـان دەدات کـە لەمیانـەی هـەوڵ و کۆششـێکی چـەندە مـەزن قاڵبۆتـەوە. لـە رەوشـێکی بـەمجۆرەدا حـەزرەتی مەحەمـەد بـە واتـای قاڵبوونەوەیـەکی سەرتاسەری زاراوەکان دێت کە وەکو ناسنامەیەکی نوێی ئایدیۆلۆژی شێوەی گرت و وەکو قەوارەیـەکی کۆمەڵایەتی بەرجەستە، بە واتای هەڵوێستەیەکی ئەخلاقی یەکپارچەیی دێت. گەورەترین شۆڕش, لە بـەجێ کردنـی زاراوە نوێکـانی لـە پێکهاتـەی هـزری و ئـیرادەی خۆیـدا ئـەنجام داوە. روون کردنـەوەی ئایەت و سونەت بـە گوێرەی ریزبەنـدی و گرنگی پلـە یـەك و دوو, دەبـێ وەکو خولقانـدنی مـرۆڤ و کۆمەڵگای نوێ هەڵبسەنگێنرێت.

تەواوی پێغەمبەرەکان سـەبارەت بـە زاراوەی سـەرەکی ئـەڵڵا دەوڵەمەنـدیان کـردووە و بەرامبـەر ئەمـەش بـەهێز بـوون و چـالاکی خۆیـان بـەرێوە بـردووە. بازرگـانی کـە سـەرەکیترین تایبەتمەنـدێتی کۆمەڵگا بووە, لێرەدا دەبێ بە لۆژیکێکی خودایی و فۆرمیلەی (چـەندە بـە خودایەکـەت بـدەیت, واتـە

چەندە دوعا و عیبادەت و قوربانی پێشکەش بکەیت, ئەوا بە تەواوی بەرامبەرەکەی وەردەگریت) لە نێو یاسا و ئایینیشدا داڕێژراوە. نابێ هیچ کاتێك لەبیر بکرێت: کە ئایینە تاکخودایەکان بە گشتی و بە تایبەتی لەنزیکەوە گرێدراوی شێوەکانی خودایە کە پشت بە باپیرێتی حەزرەتی ئیبراهیم دەبەستێت و کۆمەڵگای بازرگانیە. بە گوێرەی کۆمەڵگای کشتوکاڵی کۆمەڵگای بازرگانی قۆناخە پێشکەوتووەکانی کۆمەڵگا دەکات بە ناچارییەك و رێگا لەپێش کۆمەڵگای شار و دەوڵەت دەکاتەوە.

کاتێك پەیوەندی نێوان دەرکەوتنی دەوڵەت و بەرزبوونەوەی خوداکان بە شێوەیەکی راست دەستنیشان بکەین, ئەو کاتە باشتر دەرك بەوە دەکەین، بۆچی هەڵکەوتی قۆناخێکی پێشکەوتووی هزری هاتووە. لەمیانەی ئەم داب و نەریتەوە, بە تایبەتی گروپ و کۆمەڵە عیبرانیەکان سەراوبن بووە. تا چ رادەیەك خودای خۆیان بەهێز کردبێت, هێندە هێز بەدەست دێنن, بەهێز دەبن. فۆرمیلەیەکی تۆکمەیان دۆزیوەتەوە و رێکیان خستووە. خوداکەت چەندە بەهێز بێت, تۆش هێندە بەهێزی. خوداکە لەناو ببە, هەروەکو ئەوەیە ئەویشت لەناو بردووە. خوداکەی چەواشە بکە و بیشێوێنی، واتە ئەویشت شێواندووە و چەواشەت کردووە. کاتێك ئەنکی خودای فێڵباز و زانای کۆمەڵگای چێنایەتی سۆمەر، تەواوی بەها گەوهەریەکانی خواوەندی ژنی سۆمەریەکان "ئینانا" و تەواوی ئەو بەهایانە دەبات، کەلە کۆمەڵگای نیۆلیتیکدا خوڵقاندوویەتی, لە راستیدا هەموو شتێکی رەگەزی ژن لەناو کۆمەڵگا دەبات و دەستی بەسەردا دەگرێ. هەربۆیە شتێکی رێکەوت و لە خۆرایی نییە کە یەکێك لە داستانە گرنگەکانی میتۆلۆژیا کە لە بیر ناکرێت، ئەو داستانەیە کە گوزارشت لە کاروانی ئینانا دەکات کە لە ئورگەوە بەرەو ئەریدۆ ئەنجامی دەدات و بە شێوەیەکی سەرکەوتووانە دەگەڕێتەوە و تەواوی سەد و چوار یاسایەکانی "ما" لەگەڵ خۆیدا دێنێتەوە. ئەمەش گێڕانەوەی ئەفسانەیی و ئایینی و ئەدەبی ئەو پەیوەندی و ناکۆکیانەی نێوان خواوەندە ژن و پیاوەکانە کە رەنگدانەوەی رەوشی ناو کۆمەڵگایە و رێگا لەپێش چ جۆرە دانوستاندن و پێکدادانێك دەکاتەوە. بەدەستی مرۆڤ نییە بەرامبەر ئەم کارە جوان و رێك و پێکەی وێژەزان و نووسەرانی سۆمەر مرۆڤ سەری سوڕدەمێنێ. لە راستیدا ئەمە گەوهەری ئەدەبیاتە.

حەزرەتی مەحەمەدیش لە رێی ئیسلامیەتەوە ئەو خاسیەت و تایبەتمەندییە سیاسی و سەربازییانەی شۆڕشی بە زاراوەی خودا "ئەڵلا" بەخشیوە.

موسا زیاتر تایبەتمەندێتی دەرهەق بە پەروەردەی کۆمەڵایەتی و بەڕێوەبەرایەتیەوە زیاد کردووە, گەرچی عیسا بە تایبەتمەندی ئەخلاقی لە جۆری تکا, خۆشەویستی و دادپەروەری لێ زیاد کرد . خاسیەتەکانی قەهار, حاکم و مالیك ئەو تایبەتمەندێتییە سیاسی و سەربازیانەن کە لەگەڵ

ئیسلامیەتدا زیاد کراون. هەروەها ئەزەلی، ئەبەدی، ناخولقێنرێ، زیاتر نزیکبوون لە شا دەمار، ئەو زاراوە تیۆلۆژیانەن کە رەنگدانەوەی هزری فەلسەفی گریك بە تایبەتیش کاریگەری فەلسەفەی ئەفلاتون و ئەرستۆیە. کاریگەریەکی مەزنی فەلسەفە لەسەر لە دایکبوونی ئیسلامیەت هەیە. بە گوێرەی مەسیحیەت هەر لەسەردەمی دەرکەوتنی ئیسلامیەتەوە رەنگدانەوەی کاریگەری فەلسەفی بەسەریدا دەتوانرێ لەمیانەی پەیوەندی حەزرەتی مەحەمەد لەگەڵ راهیبە نەستوریەکان روون بکرێتەوە کە هەر لە زووەوە ئەمانەیان لە کڵێسەکانی یۆنان وەرگرتبوو. وەکو زەمینەی ماددی ـ بابەتیش، لەمیانەی ئاستی پەیوەندی ئاڵۆزی ئابووری و کۆمەڵایەتی ئەو سەردەمەی کۆمەڵگا و بڵاوبوونەوەی هزری فەلسەفی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کاریگەری لەسەر ئەوە کردووە جگە لەو ئایەتانەی کە بە باوەڕ و ئەخلاقەوە پەیوەست دارن، قورئان ئایەتی بەمجۆرەشی تێدا بێت کە هزری فەلسەفی لە خۆوە دەگرن. لەگەڵ ئەوەی کە تەورات و ئینجیل زیاتر گەوهەرێکی ئەخلاقی و باوەڕی لە خۆ دەگرن. بەڵام پێکهاتەی هزری قورئان کە فەلسەفە لە خۆوە دەگرێ، ئاستێکی گرنگ و پڕ بایەخی هەیە.

حەزرەتی مەحەمەد راگەیاندنی خۆی بە دواترین پێغەمبەری خودا بابەتێکی پڕ بایەخ و گرنگە کە پێویستی بە تاوتوێ کردن هەیە. لەلایەنی ئایینیەوە هەڵوێستێکی فەرمی ریفۆرمخوازی واتادارە. بەدەستی خۆی کۆتایی بە سەردەمی پێغەمبەرایەتی دێنێ. ئەم رەوشەش زۆر لەو هەڵوێستەی مارکس دەچێت کە لەمیانەی سۆسیالیزمەوە کۆتایی بە قۆناخی شارستانیەتی دەوڵەتان هێنا. هەروەکو چۆن بە بێ هەبوونی دەوڵەت کارگێری پێگەیشتووە و پێویستی بە ئاستێکی کۆمەڵگای ئاقڵمەندانە هەیە کە لە چین و توێژە بێ واتاکان رزگاری ببێت، ئەوا کۆمەڵگای بێ پێغەمبەرایەتی بە واتای ئەوە دێت کە گەیشتوونەتە ئاستێکی ئازادی و پێگەیشتن. ئەو کۆمەڵگایانەی لەمیانەی ئیرادەی ئازادانەی خۆیان بەهێزی کارگێری بەرێوەبردن گەیشتوون، پێشبینی ئەوە دەکات کە ئیتر مرۆڤایەتی پێویستی بە پێغەمبەر نییە. لەم بوارەدا ئیسلامیەت بۆ خۆی کۆتایی بە سەردەمی ئایینەکان دێنێت. راستتر بڵێین دواترین شێوەی پێشکەوتنی ئایینییە لە دەرباز بوون بۆ قۆناخی چاخی فەلسەفە.

گرێدانێکی زێدەڕۆیی بە شتێك، بەردەوام گومان لە ناواخنی خۆیدا دەشارێتەوە. بێ پێوانەیی نیشانەی ناڕاستییە. کاتێك ئیسلامیەت باوەڕی بە خودا تارادەیەکی مەزن بە هزری فەلسەفییەوە پشت راست دەکات، ئەوا هەر لە خۆیەوە کەوتۆتە نێو گومان و دوودڵی. هەربۆیە حەزرەتی مەحەمەد هەوڵ و کۆششێکی یەکجار مەزنی دەرهەق بە بابەتی هەبوون و یەکبوونی خودا داوە، کە لە هیچ پێغەمبەرێکی دیکەدا نەبینراوە. لە ژماردنی تایبەتمەندێتیەکانی تاوەکو شێوازی ژیان و کارکردنی،

لە تایبەتمەندێتی ئەبەدیەت و یەکجارییەوە تاوەکو دەگاتە خولقێنەری هەمووشتێك , بە هەموو شێوەیەك هەڵوەستە سەبارەت بە خودا دەكات و هەوڵ دەدات پێناسەی بكات. لێرەدا ئەمە بەئەقڵی مرۆڤ دا دێت، بپرسێ: خودایەکی هێندە بلیمەت, خولقێنەرو دەسەلاتدار, بۆچی بەشێوەیەکی ئاشکرا خۆی بە بەندەكانی خۆی ناناسێنێ و روون ناكاتەوە و پەسند ناكات، هەوڵ دەدات لە رێگای دوا پێغەمبەری خۆیەوە بە هەزارویەك بەلاوە خۆی بسەپێنێ و پەسند بكات؟ لە راستیدا ئەو وەلامەی كە ئەم پرسیارە بە دوایدا دەگەڕێت, ئەوەی هەولدەدرێت روون بكرێتەوە، ئەوەیە كە كۆمەلگای نوێی چینایەتی و چاخی شارستانیەت زەحمەتی و تەنگەتاوییان لەو پێکهاتە ئالۆزەی شێوەی نوێی كۆمەلگا و شارستانیەت سەرچاوەی خۆ دەگرێت. بە تایبەتیش پێکهاتەی یاسایی و سیاسی نوێ یەكێك لەو كێشە سەرەكی و ریشەییانەیە كە چاوەڕوانی چارەسەری دەكات. بەرامبەر بەو دەزگایەی تا دواڕادە زەحمەت و ئاستەمە كلتووری هۆز و تیرەكانی بیابان وەلامی بدەنەوە, بۆیە شتێكی روون و ئاشكرا و ئاساییە كە حەزرەتی مەحەمەد تەنگەتاو بێت و ئارەق بكات. ئەوەی بونیاد نراوە تەنیا دەوڵەت و كومەلگایەكی نوێ نییە, بەلكو چەرخێكە. زاراوەی خودا "ئەللا" لە بەرزترین ئاستدا گوزارشت لە سەمبۆلی ئەم چاخە و ناسنامە ئایدیۆلۆژیەكەی دەكات. حەزرەتی مەحەمەد زۆر باش دەزانێ چەندە تایبەتمەندێتی واتادار بە زاراوەی ئەللا ببەخشێ و لەمیانەی ئەم زاراوە هێزی فەرمان, یاسا, رێ و رەسم پێك بێنێت, ئەوا بەو رادەیە دەتوانێ بە سانایی كۆمەلگای نوێ و دەوڵەت و چاخ ئاوا بكات و بەرێوەی ببات.

رەوشێكی هاوشێوەی ئەو قۆناخە جێگای باسە كە راهیبە سۆمەریەكان كۆمەلگای شار و دەوڵەتیان ئافراند. بەرهەمی ئەو كۆمەلگایەی سەرلەنوێ خۆی رێكخستەوە، لەبەر ئەوەی ناسنامەیەكی ئایدیۆلۆژی بەهێز و باوەڕپێكراو، هەم هۆكار و هەم ئەنجامەكەیەتی, بۆیە ناچاری ئەوەیان دەكات میتۆلۆژیا و ئایین لە پەرستگاكاندا بەرهەم بێنن. باوەڕیان بەوە هەیە چەندە لەوەدا سەركەوتوو بن, ئەوا كۆمەلگای نوێش دەكەوێتە ژێر گەرەنتییەوە. هەربۆیە بەرهەم هێنانی ئایدیۆلۆژیا و بلاوكردنەوەی وەكو گۆشت و نینۆك بە بەروبوومەوە گرێدراون و ناشێ پشت گوێ بخرێت. لە تەواوی كۆمەلگاكاندا, وەكو راستینەیەكی مێژوویی رابردوو و رۆژگاری ئەمرۆشمان وەكو راستینەیەكی سەرەكی كۆمەلگا, پەیوەندیەكی نەپچڕاو لەنێوان پێكهاتەی ئایدیۆلۆژی و بەرهەمهێناندا هەیە.

هێندە داكۆكی كردنی حەزرەتی مەحەمەد لەسەر زاراوەی خودا, ئەوە نیشاندەدات دەركی بەوە كردووە كە لە مێژووی رابردوودا لە رێگای ئەم زاراوەوە چی كراوە و خولقێنراوە, هەم هەستی بەوە

کردووە کە چاخ و کۆمـەڵگای ئایینـدە تـا چ ڕادەیـەك هێـزی لـێ وەردەگـرن. لـە ڕاسـتیدا بـە گـوێرەی سۆسیۆلۆژیا (زانستی کۆمەڵناسی) بیر دەکاتەوە. بە گرنگی و پڕ بایەخەوە ئاماژە بەوە دەکـەم: لەبـەر ئەوەی فەلسەفە کەوتۆتە ناو مەسەلەکەوە, بە قووڵایی هەستی بـەوە کـردووە ئـایین تیـری کۆمـەڵگای نـوێ ناکـات و ئاقڵمەنـدی و تێگەیشـتن دەردەکەوێتـە پـێش, بـەمجۆرە لـە نێـو ناکۆکیـدا دەمێنێتـەوە. چونکە لەو شوێنەی فەلسەفەی لێبێت، ئایین نابێت, ئەو شـوێنەی ئـایینی لێبێـت بـە سـانایی جێگـای فەلسەفە نابێتەوە. لایەنێکیان قورسایی خۆی دەسـەپێنێ. هـەروەکو دەزانـرێ لـە ئـەزموونی گریـك و ڕۆمادا فەلسەفە دەرکەوتە پێش. لـە ئیمپراتۆریـەتی ساسـانی, مـانیش دەیخواسـت فەلسـەفە دەرخاتـە پێش. بەڵام لە دەرئەنجامدا ڕاهیبـە ئایینیـە موحافـەزەکارەکان بـە کاریگـەر بـوون. ئیسـلامیەت هـەر لەسەرەتاوە بەم مەترسیەدا تێپەڕ دەبێت. بە ناو یەکدا چوونی ئـایین و فەلسـەفە، هۆکـاری سـەرەکی کەسـایەتی بـە گومـانی حـەزرەتی مەحەمـەدە. کۆشـش و هەوڵـەکانی لـەپێناو سـەلماندنی هـەبوون و یـەکبوونی خـودا لـە ئاسـتێکدایە لـە پـەڕاوی هـیچ کتـێبی دیکـەی پـیرۆزدا نـەبینراوە, ئەمـەش سەرچاوەکەی بۆ ئەمە دەگەڕێتـەوە بـەردەوام بـیری لـەو پرسـیارانە کردۆتـەوە، ئـاخۆ ئـەو سیسـتەمە کۆمەڵایەتیـەی دێتـە ئـاراوە لـە ڕێـی یاسـای نزیـك بـە ئـەقڵ, یـاخود لەمیانـەی پێکهاتـە هزریـە کۆمەڵایەتیـە پاشـڤەڕۆکانی چـاخی کـۆن بەڕێوەدەچـێت، کـە یاسـا و فەرمانڕەوایـەتی ئـایینی تێـدا کاریگەرە و سانایی ترە. لە ئەزموونی تایبەتی خۆیدا دەرکەوتووە کە هێندە باس کردن و گرێدان بـە زاراوەی خودا, لەپێناو خۆ تێرکردنێکی سادەی هزری نییە.

ئەگـەر نموونەیـەکی هاوچـەرخ بێنینـەوە ئـەو کاتـە ڕەوشـەکە بـە چـاکی دەرکـی پێـدەکرێت. سۆسیالیزمێکی چۆن؟ سەرەڕای ئەوەی چەند سەدەیەکە گفتوگۆی دەرهەق دەکرێـت, بـەڵام تـا ئێسـتا باشترینی نەدۆزراوەتەوە و پراکتیزە نەکراوە. ئەم ڕەوشە بـۆ گفتوگۆکـانی دەرهـەق بـە لیبرالیـزمیش بەمجۆرەیە.

بە بایەخەوە ئاماژە بەوە دەکەم کاتێ حەزرەتی مەحەمەد پێکهاتەی ئایدیۆلۆژی ئاوا کرد، تاوەکو دوایی باوەڕی هەیە کە ئەوەی ئەنجامی بدات لەلایەنی ئەقڵەوە پشت ڕاست و ئەرێ دەکرێت. هەرگیز سۆفیگەرایەکی ساختە جێگای باس نییە. بە ئەندازەی ئەوەی تەواوی ئەو بەهایانەی کە ئیسلامیەت دەیپارێزێت لە خۆیدا بەرجەستە کردووە, هەروەها دەرکی بەوەش کردووە کە لە چاخێکدایە ناتوانێ خـۆی لـە ڕوون کردنـەوەی فەلسـەفی و ئاقڵمەندانـە بدزێتـەوە, لەسـەر ئـەم بنەمایـەش سیسـتەمی ئیسلامیەت ئاوا دەکات. سەنتێزێکی ئاستەمی بەناویەکدا چوونی هـزری ئـایینی و فەلسـەفییە. بـەڵام ئەمـە یـەکێك لـە تایبەتمەندێتیـە سـەرەکیەکانی حـەزرەتی مەحەمـەدە. لەگـەڵ ئەوەشـدا زانیـاری

سۆسیۆلۆژی هەبووە, واتە لە لایەنێکەوە هەستی بە قووڵایی زانست کردووە, هەروەها ئەم تایبەتمەندیەشی شایانی سەرنج راکێشانە، کە کاتێك سیستەمی خۆی ئاوا کردووە، بە گوێرەی قۆناخ بە شێوەیەکی زانستیانە جوڵاوەتەوە. کەسایەتیەك تا ئەم رادەیە ئایینی و فەلسەفی و زانستی بێت, ئەوا لە کەسایەتی خۆیدا راگەیاندنی کۆتایی هاتنی پێغەمبەرایەتی رەوشێکە دەرکی پێدەکرێت. باوەڕکردنی بەوەی کە لە دوای خۆی مرۆڤ دەگات بە ئاستی هزری فەلسەفی و زانستی, پێویستی بە کەسایەتیەکی لە پلە و پایەی ئەودا نییە. بەڵام ئێش و ئازارێك و ناکۆکیەکی چەندە مەزنە کە لە زووترین و کورت ترین کاتدا بەڵایەکی مەزنی پاشڤەرۆیەتی ئایینی بەسەر سیستەمەکەیدا بووە بار و تاوەکو رۆژگاری ئەمرۆمان وەکو لەسقە (سیکۆتین) بە پێکهاتەی هزری و رۆحی ئۆمەتەکەیەوە نووساوە. مارکس لەسەردەمی خۆیدا لە فەرەنسا دەبێتە شایەدی گفتوگۆیەکی دەرهەق بە مارکسیزم لە ئەنجامدا دەڵێ: "Jen'ais pos Marxist" واتە ـ من مارکسیست نیم ــ. لەو باوەڕە دام ئەگەر حەزرەتی مەحەمەد هەڵسێتەوە سەر پێیان و ئەو ناکۆکییە مەزنەی ئۆمەتەکەی لەگەڵ چاخدا ببینێ بە شێوەیەکی زۆر راشکاوانە تر دەڵێ: "**من موسولمان نیم!**".

دەشێ هەڵسەنگاندنی فراوان و تێروتەسەلتر دەرهەق بە بابەتی شیکردنەوەی ناسنامەی ئایدیۆلۆژی ئیسلام پێشبخرێت, گرنگ ئەوەیە پێناسەکردن بە شێوەیەکی واقیعیانە بکرێت. ئەمە تەنیا بۆ تێگەیشتنێکی راست دەرهەق بە مێژوو پێویست نییە, بەڵکو لەمە زیاتر لە رۆژگاری ئەمرۆشدا بۆ رۆشنگەری رۆژهەڵاتی ناوین ئەرکێکی دەست لێ بەرنەدراوە. ئەوەی ئەمڕۆ بە ناوی حەزرەتی مەحەمەدەوە ئەنجام دەدرێت بە واتای سووکایەتی پێکردنی دێت. مەحەمەد کە لە بەرزترین ئاستدا پێشکەوتنی ئایینی و فەلسەفی و زانستی قۆناخی لە کەسایەتی خۆیدا قاڵکردبۆوە و بۆ پێکهاتەی بەرهەمدارترین کۆمەڵگا و دەوڵەتی گواستەوە، ئەوا کەسایەتی و کۆمەڵگای ئیسلام کە توانای ئەوەی نییە تەنانەت خۆشی بە شێوەیەکی راست پێناسە بکات, چۆن دەتوانین بە مەحەمەدی ناویان ببەین؟ شتێکی زۆر روون و ئاشکرایە کە هەروەکو چۆن حەزرەتی ئیبراهیم و موسا و عیسا و مەحەمەد جوڵانەوەی شکاندنی بتیان ئەنجامدا, ئەوا لە رۆژگاری ئەمڕۆشدا دەبێ جولانەوەیەکی بەمجۆرە دەرهەق بە تەواوی پێکهاتە رۆحی و هزریەکان و تا دەگاتە تەواوی دەزگاکانی ژێرخان و سەرخانی کۆمەڵگا ئەنجامبدرێت.

ب ــ ئیسلامیەت لەمیانەی ناسنامە ئایدیۆلۆژیە قاڵبۆوەکەیەوە هەر لە دەستپێکەوە وەکو شۆڕشێکی سیاسی ـ سەربازی بەناو یەکدا چوو، گەشە دەسەنێ. لە رێگای پێکهاتە ئایدیۆلۆژیەکەیەوە وەکو شێرێکی برسی کە زنجیرەکەی خۆی پچڕاندبێ، هێرش دەکاتە سەر هەموو لایەك. هەروەکو

جولانـەوەی تۆڵەسـەندنەوە لـە شارسـتانیەتەکانی دەورووبـەر، کەوتۆتـە نێـو قەڵـەمبازێك. هێرشـی ئیسـلامیەت بـۆ دەورووبـەر, هاوشـێوەی هێرشـی گـۆت و هۆنـە بەربەریـەکانی ئەوروپایـە بـۆ سـەر ناوەنـدەکانی شارسـتانیەتی رۆمـا. لـە کاتێکـدا ئیمپراتۆریەتـەکانی بێـزەنتی و ساسـانی و حەبەشـی سەرەڕای پێکهاتە ئیفلیج بووەکەیان بەرهەمدارترین ناوچە ئابووریەکانیان لە ژێر دەستدابوو, هۆز و تـیرە عەرەبیـەکانی بیابـان کـە ژمارەیـان لـە زیادبوونـدا بـوو لـە نێـو ژیـانێکی سـەخت دا بـوون, ئـەم ناکۆکیەش رۆڵێکی سەرەکی دەبینێ. ناوەندەکانی شارستانیەت هەروەکو خەیاڵی بەهەشـت سـەرنجیان رادەکێشێ. لەمیانەی ئەو بازرگانی و هێرشانەی لە یەکەمین سەردەمی میسر و ئاشووریەکان تـا ئـەو سەردەمە یەك بە دوای یەك ئەنجامیاندابوو زۆر باش بەرەکەتی شارستانیەتیان ناسیبوو. لـە کاتێکـدا بیابان ئەشکەنجەی دۆزەخیان دێنێتە بەرچاوان, ئـەوا ژیـانی شارسـتانیەت بۆتـە سەرچـاوەی ئیلـهامی زاراوەی بەهەشت. هەڵکشانی ئیسلامیەت بەر لە هەموو شتێك بەدیهێنانی خەیاڵی رزگار بوونیـان لـە دۆزەخ و گەیشتن بە بەهەشت، دەکات بە راسـتینەیەکی بـاوەڕ پێکـراو. خولقانـدنی رۆح و خـەیاڵێکی نوێ، باوەڕیەکی بێ وێنە و لەم پێناوەشدا ئازایەتیەکی بێ سنوور و فیداکاری و چالاکی لەگەڵ خۆیدا دێنێ. خەیاڵێکی بەمجۆرەیە ئەگەر شەهید ببن ئەوا یەکسەر دەچنە بەهەشتی دونیـای ئـاخیرەتی کـە باوەڕیان پێهێناوە, ئەگەر بریندار یـاخود کـەم ئەنـدامیش بـبن ئـەوا دەبنـە خـاوەنی بەهەشـتی سـەر رووی زەوی. وەسـتایەتی و کارامـەیی حـەزرەتی مەحەمـەد لێـرەدا شـاراوەیە. دوای ئـەوەی ئاسـتێکی بەمجۆرەی باوەڕی خولقاند, ئەوی دیکە لەمیانـەی رێکخسـتنێکی سـادە و پیلاننامەیـەکی مەیـدانی و کرداری بەدیدێت.

وەکو ئامراز لەو سەردەمەدا زۆری شمشێر و ئەسپ و رەوشی لەبار و گونجاوی جوگرافیـای بیابـان بۆ هێرشی شێوازی گەریلایی و خـۆ پاراسـتن تـا وەکـو دوایـی رێگـا لـەپێش فەتحـەکانی ئیسـلام ئـاوالآ دەکەن. لەبەر ئەوەی یاساکانی فـەتح بـۆ دونیـا و ئـاخیرەت پیرۆزتـرین شـتە و بـۆ ئـەو کەسـانەی بـێ موڵکن و نـەدارن بـەرفراوانترین تواناکاریـیان پێشکەش دەکـات, دەبێتـە هـۆی ئـەوەی بـە سـوپا بـوون هـەرەس ئاسـا پێشـبکەوێت و وەکـو بورکـان بتەقێتـەوە و بـە شـێوەی چارەنووسـێکی نووسـراوی نێـو چاوانی مێژوو پێشبکەوێت. شتێکی بەرچاوە کە رووبەڕووی جولانەوەیەکی شۆڕشگێڕی هەرە گورج و گۆڵی مێژوو بوونەتەوە. پێکهاتەی ئایـدیۆلۆژی و سـەربازی بـۆ ئـەوە ئامادەیـە تـەواوی جیهـان فـەتح بکات. ئیمپراتۆریەتەکانی بەرامبەریان پێکهاتـەی دەوڵەتـەکانیان لەسـەر بنـەمای پەیوەنـدی کۆیلـە و بەنـدە ئـاوا کـراون, لـە قۆنـاخی هـەرە بەسـتەڵەکی خۆیانـدا دەژیـن. لـە بـواری سیاسیشـدا رۆڵێکـی پێشکەوتووخوازانە نابینن. لە دوای قۆناخێکی درێژخایەنی پێشکەوتندا, ئیتر لە زووەوە لەپێش ئـەو

گەلانـە بوونەتـە کۆسـپ کـە لـە پێکهاتـەی ئەتنیکیـەوە بـەرەو بـوون بـە قـەوم هـەنگاو بهاوێـژن. هەلومەرجە ئابووری و کۆمەڵایەتیەکانی کۆیلایەتی دەرباز کـردووە, ئومێـد و داخـوازی ئـەوە دەکات لەمیانەی شێوە گرتنێکی رۆحی و هزری نوێ، ئەو پێکهاتە گەندەڵ بووانە بەلاوە بنێن و لێیان رزگار ببن کە وەکو کۆت و بەندن. ئیتر وەکو جاران کۆنترۆڵ کردنی گەلان سانایی نییە. بوویەری مەسـیحی چاوەڕوانکراو وەڵامدانەوەی لەمیانەی دەرکەوتنی عیسا, جارێکی دیکە دووبارە دەبێتەوە. نـەك تـەنیا بـۆ تـیرە و هۆزەکـانی بیابـان, بـەڵام خولقانـدنی ئیلـهامی رزگـاری تـەواوی گـەلانی ژێـر دەسـەڵاتی ئیمپراتۆریەتەکان هێندە ئاسـتەم نییـە. کـەمێك دادپـەروەری و رێزگـرتن لـە کلتوورەکانیـان ــ جگـە لەلایەنـە پاشـﭬەڕۆتیەکەیان ــ ئـەوا بەسـە بـۆ ئـەوەی گـەلان ئیسـلامیەت پەسـند بکـەن. کەسـایەتی دادوەرانەی عومەر بە هۆی ئـەم پێویسـتیە مێژووییەیـە. بـاڵابوونی ئایـدیۆلۆژی, رێگـا لـەپێش ئـەوە دەکاتـەوە دەسـت لـە ناسـنامە ئایدیۆلۆژیـە پاشـﭬەڕۆکان بەربـدرێت, لەوانەیـە لـە سـەفەرەکانی فـەتح کردندا (ﭬەبوون) سەرەکیترین رۆڵی ببینێ.

لەگەڵ ئەوەی هەڵسەنگاندنی ئایینی ئیسلام وەکو ئاییني شمشێر لایەنی راستی هەیە, ئەوا بە بـێ ئەوەی باڵابوونی ئایدیۆلۆژی رەچاو بکرێ, تەنیا شمشێر بەکەڵکی هـیچ نایـەت. زۆر پێشـتر شمشـێر و ئەسپ هەبوون. بەڵام تەنانەت هەنگاوێکیش بەرەو پێشـەوەی نـەدەبردن. هـەروەکو چـۆن سـەدەکانی دەسـتپێك مەسـیحیەت وەکـو جولانەوەیـەکی کۆمەڵایـەتی و ئاشـتی و بـاوەڕی پێشـکەوتبێت, ئـەوا ئیسلامیەتیش وەکو جوڵانەوەیـەکی سیاسـی و چـەکداری و شـەڕ پێشکەوتووە. لایـەنی ئایـدیۆلۆژی و سەربازی و سیاسی بە ناو یەکتردا قاڵبوونەتەوە و وەکو دیاردەیەکی شۆڕشگێڕی ﭬەبوون ئەنجامدەدات و دەبێتە دەسەڵات. هەرچی مەسیحیەتە لەگەڵ ئەوەی لە بواری کۆمەڵایەتیدا پێشکەوتووە, بەردەوام سەرکوت دەکرێت و دووچار و مەحکومی ژێر دەستی دەبێت.

پەلامارە سەربازیەکانی ئیسـلامیەت بەرامبـەر بـە سوپای نیزامـی بـە شـێوە و گەوهـەری شـەڕی گەریلاییە. لە کاتی ژێر کەوتنیشدا پاشەکشێ و سـەرلەنوێ خـۆ رێکخسـتن کـارێکی هێنـدە ئاسـتەم نییە. لە هەموو لایەکەوە و بەخێرایی هێرش کردنە سەر سوپای نیزامی و لە پەلوپۆ خستنی، شتێکی سانایىیە. ناکەونە نێو شێوەی شەڕی ـ یەك پێکدادان ـ ستراتیژیەتێکی درێژ خایەن پەیڕەو دەکـەن. بەرامبـەر بەمـەش سـوپای نیزامـی خەرجیەکـەی زۆرە, گـران و سسـتە لـە جوڵانـەوەدا, بـە گـوێرەی سیستەمی شەڕی ـ یەك پێکدادان ـ رێکخراوە, بۆ پارچەبوون لە بار نییە, کاتێك دووچاری ئاڵۆزیەك هاتن بە سانایی نایەنەوە سەرخۆ, ئەم تایبەتمەندیانەش وایکردووە تای تەرازوو بـە لایـەنی هونـەری سـەربازی ئیسـلامیدا بشـکێتەوە ـــ هـەروەها بـاڵایی سـایکۆلۆژی بـە تـەواوی بەدەسـت سـوپای

ئیسلامیەتەوەیە. قۆناخێکی مێژوویی لە ئارادایە کە هێزی تازە لە دایك بوو لەگەڵ ئەو هێزانەی کۆنەپارێزن, هەلومەرجیان پێگەیشتووە و سەرکەوتنی مەزن بە ناوی هێزە نوێکانەوە تۆمار کراوە.

دوای سەرکەوتنە سەربازی و مەیدانیەکان، سیستەمی سیاسی ئیسلامیەت یەك لەدوای یەك ئاوا دەکرێن. سیستەمی والی هەرێمی کە لە پارسەکان مابۆوە, سەرلەنوێ لە ژێر سایەی ناسنامەی نوێی ئایدیۆلۆژی، گیانی بەبەردا کرایەوە. لەوە زیاتر کە ئیسلامیەت ناوچەی نوێی شارستانیەت بکاتەوە, عەرەبەکانی بیابانی کە تەڤلی شارستانیەت نەببوون و گەلانی کە لە نێو هەمان رەوشدا بوون, وەکو تازە خوێنی شارستانیەتی کۆن بەکاری هێنان و لە بن سایەی ناسنامەی ئایدیۆلۆژی خۆی نوێی کردەوە. سەرەکیترین تایبەتمەندێتی ئەم نوێبوونەوەیە، گۆڕینی پێکهاتەی دەزگا و هزری ئەم دەوڵەتەی پشت بە سیستەمی کۆیلایەتی دەبەستێت، بۆ سیستەمی پەیوەندیەکانی دەرەبەگایەتی. ئەوە بە گوێرەی قۆناخی خۆی هەنگاوێکی زۆر پێشکەوتووانەیە. شێوازی پەیوەندی و هزری کۆیلەداری کە ریشەکەی بۆ هەزاران ساڵ دەگەڕێتەوە بەستنەوەی بە بوونێکی نادیار و بەندایەتی کردنی تاکخودایی, رێگا لەپێش ئاسوودەیی مەعنەوی و بەهایەکی ئەخلاقی گونجاوتر لەگەڵ شەرەفمەندی مرۆڤ دەکاتەوە. کاتێك لەگەڵ کۆیلایەتی کردنی پادشا ـ خوداوەندەکان بەراورد بکرێت, ئەوا بوون بە بەندەی خۆشەویستی خودا, شەرەفێکی مەزن و متمانە و باڵابوونێکی مەعنەوی بەدی دێنێ. ئەوەی لە ژێر ئەم باڵابوونە سایکۆلۆژیەدا شاراوەیە, پارچەبوونی پێکهاتە هزری و رۆحیەکانی کۆیلەداریە کە مرۆڤ بچووك دەکات، لە جیاتی ئەو دانانی ناسنامەی نوێیە کە شەرەف و رێز و دادپەروەی بە مرۆڤ دەبەخشێت.

لە کاتێکدا مەسیحیەت لە رێگای تێکۆشانی جەماوەری و دوور لە ئاواکردنی پێکهاتە سیاسی و سەربازیەکان، هەوڵدەدات گۆرەپانی کۆمەڵایەتی گرێدرا و بە خۆی ئاوا بکات و ڤەبوون لە پێکهاتەی سیاسیدا ئەنجام بدات, ئەوا ئیسلامیەت لەمیانەی سەفەر و پەلامارە سەربازیەکان ڤەبوون لە پێکهاتە سیاسیەکان ئەنجام دەدات و بە گوێرەی ناسنامەی ئایدیۆلۆژی خۆی سەرلەنوێ شێوەی پێدەدات. لە کاتێکدا یەکێکیان لە رێگای شۆڕشی سیاسی و سەربازیەوە بەرەو شۆڕشی کۆمەڵایەتی دەچێ, ئەوەی دیکە لە شۆڕشی کۆمەڵایەتیەوە بەرەو شۆڕشی سیاسی دەچێ.

ئەمەش لەو پەیوەندیە دەچێت کە لە سەدەی بیستەمدا لە نێوان هەڵوێستی هەرەمەکی بەلشەفیکەکان و شێوازەکانی سۆسیال ــ دیموکرات دەچێت. ئەمەش لەوە دەچێت کە "ئایا بۆ بە ئامانج گەیشتن, شۆڕش گونجاوترە یاخود پێشکەوتنی پلە بە پلە (تدريجي)؟

بێگومـان ئیسلامیەت بـە شـێوەیەکی سـەرنج راکێشـانە ئەرکـە سیاسـی و سـەربازیەکانی شۆڕشـی دەرەبەگایــەتی دەســتپێکردووە. رۆڵـی ئیسـلامیەت لـە ڤـەبوونی (فـەتح) مەسـیحیەت لـە ئـەوروپا دیاریکراوە. دەبێ بە بایەخەوە ئاماژە بەوە بکەین مەسیحیەتیش پارچـەیەکی کلتـووری رۆژهـەڵاتی ناوینە. ئەگەر باس لە رۆڵ و کاریگەرێتی بکەین، ئەوا ئەوەی تاوەکو ئێستاش لە بواری شارستانیەتدا ئەوروپا بەخێو دەکات رۆژهەڵاتی ناوینـە. ئـەم چالاکیەی بـەخێوکردن و تێرکـردن، نزیکـەی سـاڵانی ١٠٠٠٠ پ.ز دەستیپێکرد و تاوەکو مەسیحیەت بەرامبەر بە رێنسانس کەوتە پلەی دووەمەوە، بەردەوام بوو. ئەگەر تەنیا مێژووی شارستانیەت بگرینە دەست چوار هـەزار ساڵە, ئەگـەر چـاخی نیـۆلیتیکی بخەینە سەر ٨ هەزار ساڵە، پێشکەوتنە کۆمەڵایەتیەکانی لە رۆژهەڵاتی ناوینـەوە سەرچاوە دەگـرن و ئەوروپا تێر خۆراك دەکات. بەرامبەر بەمە ئەم ٥٠٠ ساڵەی دوایی ئەوروپا کەوتۆتـە نێـو هەڵمـەتێکی هێرش و باڵا بوون. لە کاتێکدا هەندێ بەهای سنوورداری شارستانیەتی پێشکەش کـردووە, ئـەوا هـیچ کاتێك شێوازەکانی وشـك کردنـەوەی، کـەم نەکردۆتـەوە. کاتێـك بـووە جێگـای بـاس, هەوڵـدەدەین بـە شێوەیەکی بەرفراوانتر بەراوردی نێوان شارستانیەتی رۆژهەڵات ـ رۆژئاوا ئەنجام بدەین.

تیۆری سیاسی بابەتێکی گرنگ و سەیری هزری ئیسلامیەتە. کاتێك بـەدەزگابوونی سیاسـی بـووە جێگای باس، زاراوەی خودا کە جێگای خۆی لەناو ناسـنامەی ئایدیۆلۆژیـدا گرتـووە، تـەواوی سـێبەری خـۆی نیشـاندەدات و بەسـەریدا رەنـگ دەداتـەوە. نـاوزەدکردنی خەلیفـە و خـاوەن دەسـەڵاتەکان بـە سێبەری خودا (ظل الله)، ئاماژە بە زاراوەیـەکی دیکـەی کلیـل دەکـات. سـیفەتەکانی لـە جـۆری قـەهار، حاکم، جەبار، ستار، عادل، موقتەدیر کـە زاراوەی خـودای پـێ پـڕ کراوەتـەوە، دواتـر وەکـو سـیفەت و تایبەتمەنـدێتی خـاوەن دەسـەڵاتەکان (دەسـەڵاتداران) رووبـەڕوومان دەبێتـەوە. نابـێ بڵـێین ئەمـە گەمەیـەکی ئایدیۆلۆژییـە و بچـووکی بکەینـەوە. سۆسـیالیزم کـە وەکـو ئایدیۆلۆژیایـەکی زانسـتی پێشکەشکراوە، گەلێك زاراوەی دیکە لەخۆوە دەگرێت، پاشتر وەکو سیستەمی سیاسی بەرچاو کەوتووە. سیستەمێکی پەیوەنـدی بـەمجۆرە لـە تـەواوی بەدەزگابوونـەکانی سیاسـەت و ئایدیۆلۆژیـدا دەبینـرێ. ئەمـە تـەنیا رەوشـێکی تایبـەت بـە ئیسـلامیەت نییـە. پێشـتر هەوڵمانـدا بـە شـێوەیەکی بـەرفراوان یەکەمین نموونە نیشان بدەین کە چۆن راهیبە سۆمەریەکان ئەمەیان ئەنجامداوە.

بەڵام هەرچی بەخشینی سیفەت و تایبەتمەندێتیە سیاسـیەکانە لـە ئاسـتێکی بـەرزدا بـە زاراوەی خودا، ئەوا وەکو بناخەی ئایدیۆلۆژی ئەو حاکمیەتە رەها و دژوارەیە کە دواتر دێتە ئاراوە. هەربۆیـە بە گوێرەی ئایینی مەسیحیەت رێگا کردنەوەی لەپێش چەمکێکی توندی دەسەڵات، دەبێتە ناچاریەك. تاکە جیاوازی لەگەڵ سیستەمی کۆیلایەتی ئەوەیە لە جیاتی هاوکێشەی پادشای ـ خوداوەند فۆرمیلی

پادشای سێبەری ـ خودا دادەنرێت. لە یەکێکیاندا پادشا دەتوانێ ببێتە خوداوەند. بەڵام هەرچی لە سیستەمی ئیسلامیەتدایە دەبێتە سێبەرەکەی. لە ڕاستیدا بە شێوەیەکی شاراوە و دەمامك کراو تەواوی سیفەتەکانی خودا بە تایبەتیش دەبێتە خاوەنی ئەو سیفەت و تایبەتمەندێتییانەی کە سیاسەت پەیوەستدار دەکات و زۆر لە دەسەڵات (صلاحیات)ی خودا نزیك دەبێتەوە.

ئەم مەترسیەی تیۆری سیاسەتی ئیسلامیەت، سەرچاوەی خۆی لە پێکهاتە ئایدیۆلۆژیەکەیەوە دەگرێت. هەروەها بە تەواوی جیا نەکردنەوەی ئایین و فەلسەفەش، کەم و کوڕیەکە دەرئەنجامی هەڵە و مەترسیدار دێنێتە ئاراوە. کاتێك دەسەڵاتەکان دووچاری گەندەڵی و لە ڕێ لادان دەبن، دوودڵی لەوە ناکەن ستەم و زۆرداریيەك پەیڕەو بکەن کە هی سیستەمی کۆیلەداریش تێپەڕ بکات. لەبەر ئەوەی خوداوەندەکانی چاخی کۆیلەداری پێشنەکەوتبوون، پادشا خوداوەندەکانیش زێدە پێشنەکەوتبوون. هەرچی خودا (ئەڵڵا)ی ئیسلامیەتە تا دواڕادە پێشخراوە، خودایەکەی بەهێزە و گەلێك سیفەتی سیاسی هەمە جۆری هەیە. خاوەن دەسەڵاتەکان (دەسەلاتداران) کاتێك دەبنە هاوبەشی ئەم سیفەت و تایبەتمەندێتیانە، مەرگەسات ڕوودەدات. ئەو لایەنەی چەندین تایبەتمەندێتی باشی ئیسلامیەتی لەناو بردووە ئەمەیانە. لە قۆناخی پێشکەوتووخوازی دەستپێك و تاوەکو سەدەی دەیەمی زایینی کە پێکهاتە سیاسیەکانی چالاك و بە کاریگەر بوون، مەترسی سەریهەڵنەدابوو. بەڵام کاتێك ڕێگای ئیجتیهاد و گفتوگۆ لە ڕێگای فەتوایەکی شێخی موسلمانان لەمیانەی لاسایی کردنەوەی داب و نەریت و بە شێوەیەکی وشك و بڕینگ ڕێگای لەپێش گیرا و سیستەمی ئیسلامیەت کەوتە نێو قۆناخی پاشڤەڕۆیی و موحافەزەکاری، ئەوا سیستەمی سیاسی دووچاری چەقبەستنێکی تەواو هات. نەیتوانی ببێتە وەڵامی هیچ وشیاربوونەوەیەکی دەرەوە و ناوەوە. لە کاتێکدا شارستانیەت لە ئەوروپا لەمیانەی ڕێنسانسەوە لە سەدەی پانزدەهەم بەدواوە شێوە و ناوەڕۆکی خۆی گۆڕی و لەسەر بنەمای سەرمایەداری هەڵکشا، دەزگا سیاسیە سەرەڕۆکانی ئیسلامیەت مۆری خۆی لە پاشڤەڕۆترین قۆناخی ڕۆژهەڵاتی ناوین دەدا. ئەو کۆمەڵگا و مێژووەی بە درێژایی ١٥٠٠٠ ساڵ لەسەر ڕێبازێکی هەڵکشاندن پێشدەکەوت، لەمە بەدواوە دەکەوێتە ناو قۆناخێکی تاریکی وەها کە شایستەی نییە و هەقی ئەویش نییە. تاوەکو ڕۆژگاری ئەمڕۆشمان ڕێگای ڕزگار بوون لەو شەوەزەنگەی نەدۆزیوەتەوە.

ج ـ قۆناخی زێرینی بازرگانی ڕۆڵێکی دیاریکراو لە شێوەگرتنی گەوهەری ئابووری و کۆمەڵایەتی قەڵەمبازی ئیسلامیەت دەبینێ. ئەمە بابەتێکی گرنگە. قەڵەمبازی ئایینی کە سەرچاوەکەیان لە داب و نەریتی عیبرانییەکانەوە وەردەگرن، گۆڕانکاری هزریشی لەناودا بێت، زەمینەی ماددی بازرگانی

پێك دێنێ، لێگەڕینەکانی ناسنامەی ئایدیۆلۆژی نوێ، گرێدراو بەم راستینەیە پێشکەوتووە. بۆ ئەوەی هەڵسەنگاندنێکی زانستیانە سەبارەت بە مێژووی ئایینەکان پێشبخرێت، پێویست دەکات بەردەوام ئەم راستینەیە لەبەرچاوان بگیردرێت. هەروەکو چۆن لادێیی و جووتیاری ئازاد، گرێدراو بە شۆڕشی کشتوکاڵی ئەو پێشکەوتنە رۆحی و هزریەی لەسەر ئەم بنەمایە هاتۆتە ئاراوە، مۆری خۆی لە تەواوی چاخی نیۆلیتیك داوە، ئەوا شۆڕشی کار و پیشەکاری بناخەی کۆمەڵگای کۆیلەداری و پێکهاتە هزریەکەیەتی. لەگەڵ ئەوەی بازرگانی لەم دوو قۆناخە مێژووییە گرنگەدا دەرکەوتووە، وەلێ نەگەیشتۆتە ئاستی هێزی چینێکی سەربەخۆ، بەڵکو گرێدراو بە کۆشك، پەرستگا و گوند هەوڵ دەدات. پێشکەوتنی زێدە ـ بەرهەم و ئاڵوگۆڕی، دەبێتە هۆکاری ئەوەی بازرگانی ببێتە خاوەن رۆڵ و هێزی سەرەکی گۆڕانکاری و ئاڵوگۆڕ. لە کاتێکدا ژیانی سادەی گوند و شارەکان رێگای لەپێش میتۆلۆژیای مەییو و پێکهاتەی خوداوەندی تەمبەڵ دەکردەوە، ئەوا بەردەوام جێگۆڕکێ و گۆڕانکاری و جموجوڵی بازرگانی، رۆڵ لە گۆڕانکاری زاراوەکانی بواری هزری و گۆڕانکاری ناوەڕۆك و جیابوونەوەیدا دەبینێ. لەسەر ئەم بنەمایەش مەیلی نوێی ئایینی لە نێو پێکهاتەی دەزگاکانی سەرخاندا سەرهەڵدەدات و رێگا لەپێش نیگار و سیمای ئەو خوداوەندانە دەکاتەوە کە خاوەنی تایبەتمەندی پێشکەوتووترن و بە جموجۆڵتریشن. تەسەور و سیمای داڕنراوی، سەرچاوەی خۆی لە گەوهەری گەڕۆکی و جێگۆرکێی بازرگانی دەگرێت. توانستی لێك جودا کردنەوە، قۆناخێکی زۆر گرنگە لە پێشکەوتنی هزر و لۆژیکدا. هەروەها کاریگەری و رۆڵێکی سەرەکی هەیە لە دەوڵەمەند بوونی هزر و زماندا. گرێدراو بەو گۆڕانکارییەی لەو میتۆلۆژیا مەییو و بێ کاریگەرانەی پشت بە پێکهاتەی سستی خوداوەندەکان دەبەستێ، قۆناخی ئەو ئایینانە دەستپێدەکات کە پشت بە خوداوەندە بە جموجۆڵ و خاوەن لۆژیك و بە توانستەکان دەبەستێ. بازرگانی لە جیاتی خوداوەندێك کە بە گوێرەی ئارەزوو و هەوەسەکانی بجووڵێتەوە، پێویستی بە خودایەکی چوست و چالاك هەیە کە گرێدراوی یاساکانە و ئاقڵمەندە و لە هەموو شوێنێك هەیە و بۆ خۆپاراستن دەبێتە پشت و پەنا و هێز.

کاتێك حەزرەتی مەحەمەد زاراوەی خودا (ئەڵڵا) شیدەکاتەوە، ئەوا پەیوەست کردنی بە دیاردەی بازرگانی، کە رەگی خۆی لەناو ژیانی کۆمەڵگا داکوتاوە، گرنگە و رۆڵی کلیل دەبینێ. خودی حەزرەتی مەحەمەد بەرهەمی ئەو ژیانە هاوبەشەیە کە لە رێگاکانی بازرگانی و کاروانەکانیدا لەگەڵ ژنێکی بازرگان بەسەری بردووە. لەو قۆناخەدا پاراستن (ئاسایش) کێشەیەکی سەرەکی بازرگانی بوو. وەستاندنی پەلامار و تاڵانکاریەکانی تیرە و بیابانیەکان بە درێژایی هەزاران ساڵ، کێشەیەکی بەردەوام

بووە. ئیبراهیم بەخۆشی سەرۆکی تیرەیەکی بازرگانە. لەو قۆناخەی شیمانەی دەرکەوتنی دەکرێ واتە ١٧٠٠ پ.ز، پاراستن و ئاسایشی رێگا پێویستی بە هێز هەیە. هەبوونی کۆمەڵایەتی نیمچە دوورگەی عەرەب لە باکوور ئەنادۆل و میزۆپۆتامیا، لە رۆژئاوا میسر و حەبەشە، لە رۆژهەڵاتیش لەگەڵ پێشکەوتنی شارستانیەتی ئێران، لە نێو پەیوەندیەکی زۆر چڕدا پێشدەکەون. تەنانەت گەلێك زووتر لە نزیکەوە بە پێشکەوتنی کۆمەڵگا کشتوکاڵیەکانی ئەم ناوچانەوە گرێدراو بوون. رۆڵیان هاتوچۆ کردن و بازرگانی کردنی نێوان ئەم ناوەندانەیە. بۆ جاری یەکەمە توێژی ئەرستۆکراتی تیرەکانی بیابان بازرگانی و ئاڵوگۆڕی تەواوی بەها ماددی و مەعنەویەکان ئاراستە دەکەن کە ناوەندەکانی شارستانیەت خولقاندوویانە. حوشتر وەکو کەشتی بیابان سەرەکیترین ئامرازی هاتوچۆیە. ناوبردنی حوشتر بە سەدان ناوی جیاواز، لەبەر ئەوەیە کە ئامرازێکی سەرەکی ژیانە و دەستی لێبەرنادرێت.

تەنیا کەل و پەل نابنە بابەتی بازرگانی، بەڵکو میتۆلۆژیا، ئایین و فکری هەمە جۆریش دەبنە بابەتی بازرگانی. گەلێك بەڵگە هەن دەیسەلمێنن پەیکەری خوداوەندەکانیش وەکو کەل و پەل لە بازاڕەکان دەفرۆشران. شارستانیەتی گریك لە سایەی هەلومەرجی دەریادا زیاتر پێشیخستووە. دەریا لە جێگای بیابان، کەشتی چارۆگەدار جێگای حوشتری گرتۆتەوە. لەم ماوەیەدا لەمیانەی رێگاکانی بیابان و دەریادا جگە لە ئاڵوگۆڕکردنی کەل و پەل، بە شێوەیەکی بەرفراوانیش بازرگانی ئایین و خوداوەندەکان دەکرێت. بوونی پەیکەرتاشی بە هونەرێکی بەهادار و بایەخدار بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە پێویستی بە بەرهەمە خوداییەکان هەبووە و بەهۆی نرخە زیادەکەیانەوە بووە. بە ئەندازەی ئەوەی گۆڕان لە ئایینەدا روویدا، ئەوا دەرکەوتنی هزری فەلسەفیش لەو رێگایانەی بازرگانیدا پێشکەوتووە. پێشتر هەڵکشانی بابل و ئاشوور و ئاوا کردنی ئیمپراتۆریەتەکانیان، لە سایەی هەبوون و بەرەو پێشەوە چوونی گرنگی بازرگانی بووە. یەکەمین تروسکەی شارستانیەتەکانی هیند، چین، ئاسیای ناوین، ئێران، بازرگانەکانی سۆمەر و بابل و ئاشوور بوون. ئەو چەتەگەریانەی لەسەر رێگاکانی هاتوچۆ هەبوو مۆڵگەی بەهێزی دەوڵەتیان کردۆتە پێویستیەك. لە دەوری ئەم مۆڵگانە کۆلۆنیە (کاروانسەرا) بازرگانیەکان ئاوا کران، دواتر بوون بە ناوەندە نوێیەکانی شارستانیەت و چەندین دەوڵەتی تێدا ئاوا کرا.

هەروەکو دەزانرێ مەککەش یەکێك لە ئەڵقە گرنگەکانی ئەم قۆناخە مێژوویە بوو. هەروەکو چۆن میسر و سۆمەر بەرهەمی نیل و دیجلە و فوراتن، ئەوا مەککە و دەوروبەرەکەی بەرهەمی بازرگانیە. ئاشکرایە ئەگەر بازرگانی نەبوایە تەنانەت چادرێکیش لە شوێنی مەککە هەڵنەدەدرا.

تەنانـەت لـە فـەرموودەکانی حـەزرەتی مەحەمـەد و ئایەتـەکانی قورئانیشـدا روونکراوەتـەوە کەعبـە بازاڕێکی بتەکان بووە.

تەنانــەت ئــەم هەڵســەنگاندنە کورتــەش پەیوەنــدی ناســنامەی ئایــدیۆلۆژی ئیســلامیەت و بەدەزگابوونی سیاسی و سەربازی و گۆڕەپان و بوارە سەرەکیەکەی ئابووریان، پەیوەنـدی بـە دیـاردەی بازرگانیەوە بە شێوەیەکی قووڵ نیشان دەدات. دەرکـەوتن و هەڵکشانی ئیسلامیەت، هێـز و نوێنـەری ئاقڵمەندی و دیسپلین و شان و شکۆی بازرگانە. ئەمـەش چالاکیەکە بۆ یەکـەمین جار بنەماڵەیـەکی بازرگـان لەمیانـەی ناسـنامەیەکی ئایـدیۆلۆژی سـەربەخۆ و هێزێکـی مـەزنی پـەلاماردان، دەوڵـەت و شارستانیەتێکی نوێ دەخوڵقێنێ. دوای ئەزموونی تیرە عیبرانیـەکان لـە پادشایەتی قـودس، ئەمـە بـە واتای تەقینەوەی ئەو توانستە بازرگانیەیە کە بە درێژایی هەزاران ساڵ لە نیمچە دوورگـەی عـەرەبی کەڵەکـە ببـوو. ئەمـە لەسـەر بنـەمای بازرگـانی گـەورەترین هەڵمـەتی ئـاینی، سـەربازی، سیاسـی و ئـابو وری تـیرە و هۆزەکـانی عەرەبـە؛ ئەمــەش بـە واتـای بـوون بـە هێزێکـی سـەرەکی دەوڵـەت و شارسـتانیەتە. چـاخی ئـابووری بازرگـانی و باڵادەسـتی بازرگانانــە. لـە چـەندین ئایـەتی قورئـان و سوننەتەکانی حەزرەتی مەحەمەد ئاشکرا دەبێت چۆن پەسنی بازرگانی کردنیان داوە و شکۆمەندیان راگرتووە، وەکو بەهایەکی خودایی پیرۆز راگیراوە. هەروەکو دەزانرێ لە چاخی نیۆلیتیك و سیستەمی کۆیلەداری میسر و سۆمەر کـە لەسـەر بنـەمای کشـتوکاڵ بـوون، خۆراکی دانەوێڵـە و میوەکـانی دار و ئاژەڵەکانی ماڵیکردن پیرۆز بوو. ووشە و زاراوەی پـیرۆزی لـە وشـەی **کاوتا Kauta** ی کـە لـە زمـانی سـۆمەریەوە هـاتووە. دوای چـینی جووتیـار، چـینی بازرگـان دووەمـین هێـزی مـەزنی کۆمەڵایەتیـە شارستانیەت پشتی پێدەبەستێ. کۆیلەکان لە نێوان ئەو دوو چینە بەرفراوان و چڕەدا دابـەش بـوون. پیشەکارانی دەستکاری، گرێداروی بازرگانین و بەدوای بازرگانەکانەوە دێن. لە رۆژهەڵاتی ناویندا ئەم چینە بە بازرگانە ـ دەلالەکانیش ناودەبرێت. ئەوانە پێشەنگایەتیان کردووە تاوەکو زێدە بـەها وەکـو دەزگایەك پێشبکەوێت. بازرگانی رۆڵکی سەرەکی هەیە لە پێشکەوتنی بیرکاری و سیستـەمەکانی پـارە و ژمێریـاری. هـزری جـودا و دارێـراو و فـرە واتـایی وشـەیەك و گۆڕانکـاری ژیـانی ئـابووری، وەکـو رەنگدانەوەیەکی بازرگانی پێشکەوتووە.

لــە چــاخی کۆیلەداریــدا تەنانــەت لــە ئــابووری کشــتوکاڵی چــاخی نیــۆلیتیکیش، بازرگــانی پێشـکەوتنێکی زۆر سـنورداری بەخۆیـەوە بینیـوە و بازرگـان لـە رەوشـی چـینێکی وابەسـتە دایـە و سەربەخۆیی خۆی بەدەست نـەهێناوە، لـە چـاخی دەرەبەگایەتیـدا رەوشـێکی پێچـەوانە دێتـە ئـاراوە. شارەکان وەکو ناوەندی بازرگانی سەربەخۆ، ناوچـە لادێیـی و کشـتوکاڵیەکان بەخۆیانـەوە گرێـدەدەن.

دەوڵـەتی مەدینـە ـــ مەککـەی ئیسـلامیەت یەکێکـە لـە نموونـە لەپێشـینەکانی ئـەم وەرچـەرخانە مێژووییەیە.

گۆڕانکاریەکی گرنگی زەمینـەی کۆمەڵایـەتی شارسـتانیەت لـە ئارادایـە. لـە سایە و دەوروبـەری بازرگانی، سەرلەنوێ ئابووری رێکدەخرێتەوە. گرنگی و بایەخێکی زیـاتر بـە بەرهەمـە بازرگانیـەکان دەدرێت. وەکو یەکینەی ئاڵوگۆڕی ئابووری پـارە (دراو) دەکەوێتـە گـەڕ. ئیسلامیەت هـەروەکو هێـزی بازرگانی دونیای هاوچەرخ سەرهەڵدەدات. هەروەکو جیهانگیری رۆژگـاری ئـەمڕۆمان، هـەروەکو چۆن هێزی جیهانی وڵاتە یەکگرتوەکان بۆ ئـەوەی تـەواوی کۆسـپەکان لـەپێش بـازاڕی ئـازاد هـەڵگرێ، رۆڵ دەبینێ، ئەوا دەوڵەتی ئیسلامیەت وەکو هێـزی جیهـانی ئـەو سـەردەمە بـۆ ئـەوەی بازرگـانی لـە نێـو ئـارامی و ئاسایشـدا بـە شـێوەیەکی ئازادانـە پێشـبکەوێت، رۆڵێکـی هاوشـێوە دەبینـێ. لـە ئـەنجامی جێگیرکردنـی دەوڵـەتێکی بـاوەڕپێکراو لـە نێـوان ناوەنـدە گـەورەکانی بەرهـەم هێنـان، بـووە خـاوەنی شوێنگەیەکی بەمجۆرە کە لە زەریای ئەتلەسیەوە تاوەکو زەریای مەزن، لـە زەریـای هیندیـەوە تـاوەکو کوێستانەکانی سیبریا، لە پێشکەوتنی شارستانیەتدا ببێتە خاوەن رۆڵێکی دەست لێنەدراو.

د ـ هیومانیزمی (مـرۆڤ پـەروەری) ئیسلامیەت و کاریگەریەکـەی بەسـەر تاکـە کـەس، بابـەتێکی گرنگە و پێویستی بە هەڵسەنگاندن هەیـە. ئـەوە شـتێکی مسۆگەرە کـە ئـایینی مەسـیحی دەمـارگیری قـەوم و چـینایەتی تێپـەڕانـدووە، یەکێکـە لـە هـەنگاوە گرنگـەکانی خوڵقانـدنی ئـایینی مرۆڤایـەتی (هیومانیزم). بۆ یەکەمین جارە مرۆڤایەتی وەکو زاراوە جێگـای خـۆی دەگرێـت و واتـای پێـدەدرێت. جیاوازی تیرە، نەژاد و توێژی کۆمەڵایەتی لـەپێش برایـەتی نابێتـە کۆسـپ و تەنانـەت کاتێـك لەگـەڵ قـەومی یـەهودی و موسـەویەت بـەراورد بکرێـت، ئـەوا زۆر بـە سـانایی دەبینـرێـت مەسـیحیەت وەکـو جولانەوەیـەکی نێونەتـەوەیی (ئەنتەرناسـیونالی) دەسـتی پێکـردووە. لەمیانـەی ئـەو لایەنـەوە وەکـو ئایینێکی هەرە پێشکەوتوو تاوەکو رۆژگاری ئەمرۆشمان درێژە بە رۆڵی پێشەنگایەتی خۆی دەدات. بە پێچەوانەوە موسەویەت (یەهودیەت) لە سەرووی ئەو ئایینانەوە دێت کە تاوەکو رۆژگـاری ئـەمڕۆمان بە شێوەیەکی دەمارگیری، تایبەتمەندێتی قەومی دەپارێزێ. گەلێك پێشکەوتنی ئـایینی دیکـە لـە نێـو سنوورەکانی قەوم و ناوچەدا ماوەتەوە. لەم لایەنەوە ئیسلامیەت لە ناوەڕاست دەوەستێ. هەرچـەندە بە تایبەتی حەزرەتی مەحەمەد گوتویـەتی "بـاڵا بـوونی عـەرەب بەسـەر عەجەمـدا تـەنیا لـە رێگـای عیبادەتەوە دەبێت"، بەڵام ئەگەر بڵێین زێدە گەوهەری قەومی تێپەڕ نەکردووە ئەوا واقیعی ترە.

کارەکتەری چینایەتی چـینی سـەرووی یەهودیـەکان بـەردەوام (شـۆڤینیزمی) دەمـارگیری قـەومی کـــردووە بـــە پێویســـتیەك. درێـــژەدانی بەرەوشـــی ئیمتیـــازاتی خـــۆی، گرێـــدراوی پاراســـتنی ئـــەم

تایبەتمەندێتیەیە. یەهودیەت بۆ درێژەدان بەڕەوشی تاکە چینی باڵا و تاکە قەومی بەڕێوەبەر، دەمارگیری قەومی (یەهودیەت) دەکات بە ناچارییەك. هەڵبەتە کاتێك یاهۆڤای خوداوەند دەڵێ "تۆ قەومی تایبەتی منی، لە خۆمم مارە کردوویت" ئەم ئیرەییەش ناوەڕۆکی شۆڤینیزم ئاشکرا دەکات. بە درێژایی مێژوو هەم ڕۆڵی مەزنی یەهودیەکان، هەم ئەو ئێش و ئازار و تراژیدیانەی دووچاری هاتوون، لە نزیکەوە پەیوەندی بەو دەمارگیریە ئایدیۆلۆژیەوە هەیە. لە کاتێکدا چەمکی تایبەت بوون ناچاری هزری مەزن و ئەنجامدانی کاری گرنگ دەکات، هاوکات ئەو نایەکسانی و ئیرەییەی لە دەورووبەر بڵاویان کردۆتەوە ناچاری کین و دوژمنایەتیان دەکەن. فاشیزمی هیتلەر دوا ئەڵقەی گۆڕانکاری بەمجۆرەیە. تراژیدیای فەلەستین ــ ئیسرائیل سەرچاوە و ریشەیی خۆی لە پاشماوە مێژووییەکان وەردەگرێت.

نیشاندانی چەمکێکی جیاوازتر لەلایەن مەسیحیەتەوە ڕۆڵ و کاریگەریەکی مەزنی لەسەر ئاشتی و برایەتی نێوان مرۆڤایەتی کردووە. هەڵوێستی ئاشتی و یەکسانی سەبارەت بە تەواوی ریشە نەژادیەکان و قەوم و هزرە جیاوازەکان، یەکەمین پەیرەو کردنی سۆسیالیزمی سەرەتایی هەنگاوێکی مەزنی مرۆڤ پەروەری مرۆڤایەتیەیە. پەیرەو نەکردنی جیاوازی رەگەزی، بەهاکەی مەزنتر دەکات. لە جێگای خۆیدایە کە بە یەکەم و گەورەترین جولانەوەی ئەنتەرناسیۆنالی سۆسیالیزمی سەرەتایی ناوی ببەین. بەڵام ئەو خراپەکاری و لە ڕێ لادانەی دواتر هاتە ئاراوە، نوێنەرایەتی ئەم پێشکەوتنە گەوهەریانەی قۆناخە سەرەتاییەکان ناکات. ئەوە مسۆگەرە کە مەسیحیەتیش لەسەر بنەمای گەڕانەوە بۆ گەوهەریخۆی، پێویستی بە نوێبوونەوە هەیە.

لەم بوارەدا ئیسلامیەت هێڵی ناوینی گرتۆتە بەر. ئەمە تا ڕادەیەك لە کارەکتەری چینایەتیەوە سەرچاوە دەگرێت. ئیسلامیەت زیاتر ئایینی چینی ناوینە. لەبەر ئەوەی چینی بازرگان هێزی سەرەکی پێکهاتەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ناسنامەی ئایدیۆلۆژیەتی، بۆیە نە هێندەی یەهودیەت قەوم پەرستە، نە هێندەی مەسیحیەتیش ئەنتەرناسیۆنالیستە. کاتێك ناچار بووە تیرە و هۆزەکانی بیابان بکات بە یەك، ئەوا مسۆگەرە کە ڕۆڵێکی مەزنی لە پێشکەوتنی قەومی عەرەب بینیوە.

ئیسلامیەت بە ئەنقەست دەمارگیری قەومی پەیرەو نەکردووە. ئەڵڵا خودای تەواوی مرۆڤایەتیەیە. بە گوێرەی یاهۆڤای خوداوەند، ئەڵڵا بە شێوەیەکی یەکسان نزیکی تەواوی قەوم و گروپە ئەتنیکیەکان دەبێتەوە. جیاوازی نەژادیش پەیرەو ناکات.بەڵام مسۆگەرە سۆسیالیست نییە. بەڵام لە قورئان و فەرموودەکاندا دیارە کە لە سەرەتادا جیاوازیەکی نەرمی چینایەتی و رەگەزی کردووە. بە بەراوردکردن لەگەڵ براهمانی خودای هیندەکانیش کە جیاوازی چینایەتیەکەی بڕای

بڕە، ئەڵڵای ئیسلامیەت یەکجار نەرمە و پێکهاتەیەکی بەمجۆرەی هەیە کە رێگا و مۆڵەت بە جێگۆڕکێی چینایەتی دەدا. مرۆڤایەتی بە زاراوەی هیومانیزم (مرۆڤ پەروەری) گەیشتووە. ئایینە تاکخوداییەکانی دیکە بە رەوا (مشروع) دەبینێ. بەرامبەر بە باجدان هەر کەسێکی بخوازێت دەتوانێ جێگای خۆی لەناو سیستەمدا بگرێت. ئەوانەی هێرش بکەنە سەر ئیسلامیەت بە کافر رادەگەیەنرێن و تاکو دوایی شەڕ لە دژی ئەمانە وەکو گەورەترین عیبادەت دەبینرێ، وەکو ئەرکی **جیهاد** دادەنرێتە پێش تەواوی ئومەت. خودی زاراوەی ئومەت بە واتای ئەنتەرناسیۆنالیزمی ئیسلامیەت دێت. شوێنگەی رێکی جێگا و شوێنی چینی لیبرالی رۆژگاری ئەمرۆمانە. بەمجۆرە بە گوێرەی نەخشەی مێژوویی لە کاتێکدا یەهودیەت ئایینی چینی سەرووە، مەسیحیەتیش ئایینی چینی هەرە ژێرە، ئەوا ئیسلامیەتیش ئایینی چینی ناوینە. بێگومان بەردەوام بوونی هەر سێکیان تا رۆژگاری ئەمرۆمان گرێدراوی ئەم پایە کۆمەڵایەتی و تایبەتمەندێتییە مرۆڤ پەروەرانەیانە.

بەو رادەیەی ئیسلامیەت یەکبوونی تیرە و هۆزەکانی پێکهێناوە رۆڵێکی ئەرێیی هەیە لە بەنەتەوە بوونی چاخەکانی ناویندا. هەروەکو چۆن سەرمایەداری رێگای لەپێش نەتەوە و میللەت کردۆتەوە، ئەوا ئیسلامیەتیش رۆڵێکی گرنگی لە پێکهاتنی قەوم و نەتەوە بوون هەیە. بە تایبەتیش ئەو رەچەڵەکانەی دەسەڵاتدار بوون ئەوا لە پێشکەوتنی قەومەکانی خۆیاندا بە شێوەیەکی سەرکەوتووانەتر ئەم رۆڵەیان گێڕاوە. عەرەب و فارس و تورکەکان کە لەو قەومانەن بۆ ماوەیەکی درێژ خایەن دەسەڵاتی ئیسلامیەتیان بەدەستەوە بوو، ئەگەر بە شێوەیەکی بەرنامەڕێژیش نەبێ، بە شێوەیەکی بابەتیانە رۆڵێکی دیاریکراویان هەیە کە عەرەبەکان، فارسەکان و تورکەکان تاوەکو رۆژگاری ئەمڕۆشمان لەو نەتەوە موسوڵمانانە بن کە لە ریزی پێشەوەدا جێگای خۆیان دەگرن. ئاشکرایە ئەگەر ئیسلامیەت نەبوایە چارەنووسیان زۆر جیاوازتر دەبوو. هەڵسەنگاندنی پەیوەندی ئیسلامیەت لەگەل چینایەتی و نەتەوایەتی بە شێوەیەکی قووڵ سوودمەند دەبێت. وەلێ هەڵسەنگاندنێکی ئەوتۆ دەرهەق بەم مەسەلەیە نەکراوە؛ تەنیا لە میانی بەلاوەنانی شۆڤینیزمی میللی و ئایینی، لەم بوارەدا، بۆ ئاشتی و برایەتی هەنگاونان بەرەو ئەنتەرناسیۆنالیزمێکی ئیسلامی کراوە، رۆڵێکی بونیادنەرانە دەبینێ لە بەلاوەنان و چارەسەرکردنی گەلێك کێشەدا. ئیسلامیەتیش وەکو مەسیحیەت دەبێ ببێتە خاوەن گەوهەرێکی ئاشتیەکی دادپەروەرانە و واتادار. کێشەی چەمکی مرۆڤ پەروەرانە و ئاراستە گرتن بەرەو ئەنتەرناسیۆنالیزم چارەسەر بکات، ئەمانەش گرنگترین ئەرکن کە پێویستە جێبەجێ بکرێن هەیە.

لـە بـواری تاکـە کەسـدا ئیسلامیەت مـرۆڤ بـە "**أشـرف المخلوقـات**" ناودەبـات، ئەمـەش بـە واتـای شەرەفمەندترین بوونەوەر دێت. ناتوانرێ نکوڵی لەوە بکرێت ئەمـە چـەمکێکی مرۆڤایـەتی قووڵـە. دەتوانرێ بگوترێ کە بەرامبەر بە کۆیلایەتی ئەم زاراوەیەی مەزن کردووە. ئەو مرۆڤـەی سیسـتەمی کۆیلەداری، سووکایەتی پێکرد و بچووکی کردەوە، ئیسلام دەخـوازێ لـە رێـی شـەرەفمەندیەوە بـەرزی بکاتەوە. ئەوە مسۆگەرە سەبارەت بە تاك، خاوەنی چەمکێکی پێشکەوتووخوازە. بەخشینی شەرەفێکی بەمجۆرە بە مرۆڤێك کە لە شوێنێکی وەکو رۆژهەلاتی ناوین بە نێو چەندین پەرژینی هەمـە رەنگـی کۆیلایەتیدا دەرباز بـووە، دەبـێ وەکو گـرنگترین پێشکەوتنی ئـەو چاخە ببینـرێ. بـەڵکو لـە ئاسـتی ئازادی کۆمەڵگا زیاتر نزیکی ئازادیەکی پێشکەوتووخوازانەتری تاك بۆتەوە. پارچە کردنـی پێکهاتـەی رۆحی و هزری کۆیلەداری، راگەیاندنی ئەوەی کـە لـە بەندایـەتی خودایـەکی تاقانـە و نادیـار بـەولاوە مـرۆڤ نابێتـە بەنـدەی هـیچ کـەس و شـتێکی دیکـە، تـاوەکو رۆژگـاری ئـەمرۆمان دەرك بـە بەهاکـەی نـەکراوە و پێویسـتە وەکـو شۆرشـی ئـازادی تـاك بنرخێنـرێ. یـەکێك لـە دەسـکەوتە گرنگـەکانی ئیسلامیەت ئەوەیـە ئـەو مرۆڤـەی لـە میـانی پەیوەندیـە وشـکەکانی کۆیلایـەتی پاشمـاوەی سـەردەمی میسـر و سـۆمەر و شـێوەگرتنی رۆحـی و هزریەکـەی کـە لـە رۆژهـەلاتی ناوینـدا ماوەتـەوە، زۆر لـە گەوهەری خۆی جیاوازتر دووچاری نـامۆ بـوون هـاتووە، ئەگـەر بـە رادەیـەکی سـنووردار یش بێـت لـە گەوهەری خۆی نزیك کردۆتەوە. لێرەدا دۆزینەوەی یەکێك لە هۆکارە سەرەکیەکانی کاریگەر بوونیان واقیعی ترە.

مرۆڤایەتی ئەو سەردەمە لەم بوارەدا بە قووڵی دەرکی بە ئیسلامیەت کـردووە و گرێـدانێکی بـێ دوودڵی نیشانداوە، جارێکی دیکە تواناکاری دەرککردنی هەنگاوە مێژوییەکانی نیشانداوە. گـەورەترین ئـەنجامی شۆڕشـی ئیسـلامیەت سـەبارەت بـە تـاك بەمجۆرەیـە. بـە تـەواوەتی کۆتـایی بـە کۆیلایـەتی نەهێناوە. زەمینەیەکی تەواو و لەباریشی بۆ ئەو ئازادیەی تاکە کەس نەرەخساندوە کە سەرمایەداری بـەدیهێناوە. بـەڵام دیسـان ئیسـلامیەت رۆڵێکـی دیـاریکراوی هەیـە لـە کۆتـایی هـاتنی یـەکجارەکی کۆیلایەتی و ئەو دەسکەوتەی سەرمایەداری سەبارەت بە ئازادی تاکە کەس بەدیهێناوە. بە بێ ئـەوەی بیر لە ئیسلامیەت بکرێتەوە، باسکردن لە بەلاوەنانی کۆیلایەتی، شتێکی واقیعی نییە. ئیسلامیەت لە مەسیحیەت زیاتر لەمیانەی هەنگاوی رادیکالانە، کۆیلەداری بەلاوە ناوە و هەروەکو چۆن ئەم چالاکیە رادیکالانەی بۆ تەواوی گۆڕەپانەکانی شارستانیەت گواستەوە، هاوکات چەندین تیرە و گرووپی ئەتنیکی لە چینێکەوە بۆ چینێکی دیکە دەرباز کرد، بە بـێ ئـەوەی بـە کۆیلایەتیـدا دەربـاز بـبن و بەمرەنگـە توانیویـەتی بـەرەو رەوشـێکی پێشکەوتووتریان ببـات. لـەم بـوارەدا ئەگـەر بگوترێ ئیسلامیەت ئـەو

سیستەمە شارستانیەتەیە کە بە رادەیەکی هەرە زێدە جیهانی بۆ ئەنتەرناسیۆنالیزمی سەرمایەداری ئامادە کردووە، ئەوا ئەمە هەڵسەنگاندنێکی واقیعی ترە.

## ج ـ بەدەزگابوون و پەلهاوێشتنی شارستانیەتی دەرەبەگایەتی

کاتێك لەمیانەی قەڵەمبازەکانی مەسیحیەت و ئیسلامیەت، کە لەسەر بنەمای داب و نەریتی حەزرەتی ئیبراهیم ئەنجامدرا، سەلمێنرا کە دەتوانرێ دەزگا سیاسیەکان و ئەو پێکهاتە رۆحی و هزریە بەلاوە بنرێت کە کۆیلەداری خولقاندبووی، ئەوا دەربازبوون بۆ قۆناخی بەدەزگابوون و بلاوبوونەوەی دەرەبەگایەتی بۆتە راستینەیەکی دەست لێبەرنەدراو. کاتێك مەسیحیەت لە رێگای پێشکەوتنی سروشتی خۆی لە نێو خەڵکدا، ئیسلامیەتیش بە شێوەیەکی هەرەمەکی لە رێگای شۆڕشگێڕیەوە، سیستەمی کۆیلەداری رۆژئاوا و رۆژهەڵاتیان کون کون کرد و لە پەلوپۆیان خست و کۆتاییان پێهێنا، ئیدی شێوە نوێکانی شارستانیەت لە بەدەزگابوون و بلاوبوونەوانە دووچاری تەنگ و چەڵەمە و ئاستەنگی نەهاتن.

قۆناخە ئایدیۆلۆژیەکان ئەو کەسایەتیانە بونیاد دەنێ کە لە دەورووبەری پێکهاتە کۆمەڵایەتیە نوێکەدا گەشە دەکەن. بە واتایەکی دیکە ئەمە کۆششی دارشتنی پرۆگرام و بونیادنانی کادیری سیستەمی نوێیە. گەرچی پروپاگەندەی جەماوەری و چالاکییە، خەباتی لە پەلوپۆ خستن و بێ واتا کردنی سیستەمی کۆنە. بە شێوەیەکی گشتی ئەم قۆناخە بە قۆناخی شۆڕش ناودەبرێت. قۆناخی ئایدیۆلۆژی و سالانی شۆڕش لە مەسیحیەتدا درێژ خایەن بووە. وتەکانی عیسا و حەواریەکانی سەرەتا؛ کەسایەتی بنچینەیی و کادیر و پرۆگرام پێکدێنێت. ئەو قۆناخەی تاوەکو راگەیاندنی وەکو ئایینێکی فەرمی بەردەوام دەکات، لەسەر بنەمای پروپاگەندەی جەماوەری و چالاکیە و نزیکەی سێ سەد ساڵ بەردەوام بووە. سەرباری ئەشکەنجە تۆقێنەرەکان، لە ئەنجامی باوەڕیەکی مەزن و ئاشتی و برایەتیەوە باوەڕی و پەیوەندیە کۆمەڵایەتیە کۆنەکانی هەڵوەشاندۆتەوە، لە میانی بونیادنانی باوەڕی و پەیوەندی نوێوە گەیشتونەتە یەکەمین سەرکەوتنی خۆیان. ئیسلامیەت لە کەسێتی

مەحەمەد کەسایەتی پێشەنگی دۆزیوەتەوە، لە ڕێگای یەکەم روون کردنەوە و وتەکانی سەرەتادا گروپێکی بچووکی مەککەی خاوەن باوەڕی پرۆگرام و کادیری خۆی پێکهێناوە، هەر زوو کەوتۆتە نێو قۆناخی شۆڕش کە لایەنی چالاکی لەپێشە. بە شێوەیەکی بنچینەیی سەردەمی حەزرەتی مەحەمەد و هەر چوار خەلیفەی (ڕاشیدی) کە نزیکەی چل ساڵی خایاندووە بە سەرکەوتن گەیشتووە.

لەهەر شۆڕشێکی گرنگدا قۆناخی هاوشێوەی ئەوە لە ئارادایە. لە کاتێکدا شۆڕشەکان لە ماوەیەکی کورتدا ئامانجەکانی قۆناخی یەکەم دەپێکن، ئەوا لە پێشکەوتنی سروشتی (تدریجی) ئەم قۆناخە درێژ خایەنترە. جیاوازی نێوانیان زیاتر سەرچاوەی خۆی لە شێوازی تێکۆشان و کار وەردەگرێت. سەردەمەکانی دواتر قۆناخێکی جیاوازترە؛ بە گشتی ناوزەد کردنی ئەم قۆناخانە بە قۆناخی دەزگابوون و بلاوبوونەوانە، گونجاو و لە جێگای خۆیدایە. پرەنسیپەکانی شۆڕش و شێوازی پەیوەندیەکانی مۆدێلی دەستپێك و بەدەزگابوون، پێویستی بلاوبوونەوانە و پەلهاوێشتنی قووڵ و فراوان دەکاتە پێویستیەك. لە قۆناخی هەرە دواییدا کە سیستەم دەگاتە لوتکە، ئەوا لەمیانەی قۆناخی کەوتندا هەڵدەوەشێتەوە و جێگای خۆی بۆ پێکهاتەی نوێ بەجێ دێڵێ.

١ ـ قۆناخی بەدەزگابوونی مەسیحیەت، لە ماوەی نێوان ٥٠٠ تا ١٠٠٠ ی زایینی بەردەوام لە نێو گەشەکردن و بلاوبوونەوەدایە. لەگەڵ ئەوەی دەبێتە ئایینێکی فەرمی، لەناو ئیمپراتۆریەتی ڕۆما بە شێوەیەکی ئاشکرا بەرەو بەدەزگابوون دەچێت. ئەم بەدەزگابوونانەی لەسەر بنەمای کڵێسە پێشکەوتوون، بە بەراورد کردن لەگەڵ سیستەمی ماناستەر، پێشکەوتنێکی مەزنی بەدەست هێناوە. هەروەکو چۆن لە دەورووبەری پەرستگای سۆمەریەکان شار دەئافرێنرێن و دەوڵەت ئاوا کرا، ئەوا لە سەردەمی دەرەبەگایەتیشدا ڕەوشێکی لێکچووی ئەوە لە ئارادایە. لە دەوروبەری کڵێسە و لەمیانەی پێشکەوتووترین بیناسازیدا سەرلەنوێ شارەکانی چاخەکانی ناوین ئاوا دەکرێنەوە و دەبنە تۆوی ئەو دەوڵەتانەی دواتر پێشدەخرێن. لە ڕاستیدا ئەوەی ئەوروپای بۆ شارستانیەت ئامادە کردوە دەزگای فەرمی کڵێسەیە. کڵێسە گەیشتبێتە کوێ، زانکۆیەك لە دەورووبەری خۆی دەکاتەوە، لەگەڵ زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان شاری نوێ سەرهەڵدەدەن، یان بەڕێوەبەرێتی میرنشینەکان یاخود شارەوانی ئاوا دەکرێن و ئەمەش دەبێتە هەنگاوێك بەرەو دەوڵەتی هاوچەرخ. لە هەموویان گرنگتر، لەمیانەی پەروەردە کردنی پێکهاتنی ڕۆحی و هزری گەل بە گوێرەی ڕاستینەی ئیرادەی خودا، بناخەی دەوڵەتی چەرخەکانی ناوین دادەنێ و بەهێزیان دەکات. هەروەکو چۆن ئیمپراتۆریەتی ڕۆما هەڵوەشایەوە کە باوەڕی و بەها ئەخلاقیەکانی لەدەستدابوو، ئەوا لەمیانەی باوەڕی و پێکهاتەی ئەخلاقی نوێ بناخەکانی ڕۆمای پیرۆز و ئیمپراتۆریەتی ئەڵمانی و فرانگ دانراوە. ئەگەر کڵێسە نەگەیشتبوایە

تـەواوی بەربەریـەکانی ئـەوروپا و پـەروەردەی نەکردنایـە، ئـەوا نەدەشـیا بـاس لـەو شارسـتانیەتەی ئـەوروپا بکرێـت کـە پاشـان پێشکەوت. چونکە ئایدیۆلۆژیایـەك لـە ئـارادا نـەبوو بەربـەرەکان بـەرەو شارسـتانیەت ببـات. شارسـتانیەتیش بـە بـێ ئایـدیۆلۆژیا نابـێ. مەسـیحیەت کـە سیسـتەمی بـەهای ئەخلاقی و باوەڕی ڕۆژهەڵاتی ناوینە، کاتێك بەرەو ساڵانی ١٠٠٠ ی زایینی بە تەواوی ئەوروپای فەتح کرد، دەرگای بۆ شارستانیەت ئاواڵا کرد.

نیشاندانی مەسیحیەت بە پاشەڕۆیەتی و هۆکاری رووخـان، ئـەم رۆڵـە مێژووییـەی لەبەرچـاوان ناخات. شارستانیەتی ئەوروپا بەرهەمێکی مەسیحیەتە. رۆحی بەربەریانەی پاشماوەی چاخی هۆڤێتی ئــەوروپا و بــەها ئــەخلاقی و باوەڕیــەکانی هــەزاران ســاڵە دەپــاڵێوێ و شـێوەی مرۆڤـی شارســتانی خوڵقاندووە. لە دەورووبەری ئەم مرۆڤەدا کۆمەڵگای نوێی شار و گوندێتی پێکهاتووە، لەسەر بنـەمای ئەم شار و گوندانەش دەوڵەتی پیرۆزی چاخەکانی ناوین ئاوا کراوە. ئەم سەردەمە ئەو قۆناخانەن کە بە شێوەیەکی راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ، بـەهاکانی شارسـتانیەتی رۆژهـەڵاتی نـاوین گواسـتراونەتەوە. هەروەکو چۆن لە رۆژگاری ئەمڕۆماندا بۆ هەموو لایـەنێکی جیهـان دەگوازرێتـەوە، ئـەوا بـە درێـژایی هــەزاران ســاڵیش هــەروەکو چــۆن بــۆ تــەواوی جیهــان گواســتراوەتەوە، ئــەوا توانســتە مەزنــەکانی شارستانیەتی رۆژهەڵاتی ناوین بۆ ئەوروپاش گواستراوەتەوە.

لـە دوای سـاڵانی ١٠٠٠ ی زایینـی کڵێسـە بـە تـەواوی بەسـەر سیاسـەتدا زاڵ دەبێـت. ئـیتر کڵێسـە بـەخۆی دەوڵەتـە. هـەروەها ئـەو هـۆز و تـیرە ئەتنیکیانـەی لەناویانـدا دەجووڵێتـەوە، بـەرەو یەکینـە فراوانەکانی قـەومیان دەبـات، ڕێگایـان لـەپێش دەکاتـەوە کـە بـبن بـە نەتەوەیـەکی پێشکەوتوو. ئـەو قاڵبوونــەوە و چــڕبوونەوەی لــە دەورەی کڵێســە بەدیــدێت، رۆڵێکــی گرنگــی هەیــە لــە قاڵبوونــەوەی نەتەوەگەرایەتی و گەیشتن بە زاراوەی وڵات. لەم چوارچێوەیەدا ئەوروپای چاخەکانی ناوین سەبارەت بە پێکهاتنی نەتەوایەتی قەرزاری کڵێسەیە. بـە تایبـەتیش لەمیانـەی دەسکەوتەکانی لـە پێشخسـتنی زمـان و کلتـوورێکی هاوبـەش، لـە ئاسـتێکی زۆر دیـاریکراودا ئـەم رۆڵـەی گێـڕاوە. لـە رێـی فێرکردنـی خوێندەواری و تەواوی ئەو کلتـوورە کەڵەکـەبووەی مرۆڤایـەتی، ئـەوروپای کـردووە بـە خوێنـدەوار و خـاوەن کلتـوور. هەرچـەندە مـۆری ئـایینی پێـوە بێـت، یەکـەمین تیۆلـۆژی و هـزری فەلسـەفی بـڵاو کردۆتەوە، پێکهاتەی ئەقڵ و هـزری گونجـاوی بـۆ قەڵـەمباز ئـاوا کـردووە؛ پێشـەنگایەتی شـێوەبەندی نوێی کردووە، بنەماکانی چاخەکانی رێنسانس و زانستی داناوە کە دواتر دێنە ئاراوە. هێزێکی فراوان بوونی هێشوویی و بە قووڵایی نیشانداوە و تاوەکو چیاکانی ئۆرال و تەواوی کیشوەردا بڵاوبۆتەوە،

بەدەزگابوون و بڵاوبوونەوەی مەسیحیەت لە رۆژهەڵاتدا هەمان سەرکەوتنی بەدەست نەهێناوە. سەرەتا ئیمپراتۆریەتی ساسانی ـ پارس و دواتریش ئیسلامیەت لە پێشیدا دەبنە کۆسپ. یۆنانیەکان کە مەسیحیەتیان بەرەو رۆژئاوا بردووە، ئاشووری ـ سوریانیەکانیش هەمان رۆڵی یۆنانیەکانیان لە رۆژهەڵاتدا بینیوە. بە تایبەتیش کڵێسەی ئایینزایی نەستوری خاوەن رۆڵە لە جێگیربوونی کڵێسە لە رۆژهەڵاتدا. پشت بە شاکارە فەلسەفیە کلاسیکیەکانی یۆنان دەبەستن و رۆڵێکی بەرچاویان هەیە لە گەشەکردنی تیۆلۆژیای مەسیحیەت و داوییش گواستنەوەی بۆ ئیسلامیەت و بەمجۆرەش شوێنگەی کەڵەکە بوونی توانستەکان و ئەزموون بەخشین دەبینن. لە بە مۆڵککردنی چاخەکانی دێرین بۆ چاخەکانی ناوین، هەوڵ و کۆششی چڕ و بەردەوامی ئەم راهیبە نەستوریانە، بەهایەکی ئێجگار مەزنی هەیە. ئەمانە گرنگترین رۆشنبیرانی چاخەکانی ناوینن کە لەسەرپێیان ماونەتەوە. بەڵگە نەویستە رۆڵێکی مەزنی توانستە کلتووریەکانی ئاشوور ـ بابل لەمەدا هەیە کە لە سۆمەریەکانەوە ماوەتەوە.

مرۆڤ ناتوانێ ئەم پرسیارە نەکات: هەروەکو چۆن لە ئەوروپا روویدا، ئەگەر لە ئاسیاشدا لەمیانەی کڵێسەیەکی رۆشنبیرانەتر، مەسیحیەت دەزگای خۆی ئاوا بکردایە و زاڵ ببوایە، ئایا مێژوو چۆن رێڕەوی دەگرت؟ مرۆڤ باوەڕ بەوە دەکات لەدەستدانی شانسی رۆشنگەری و سەرلەنوێ بە شارستانی بوونی مانی و ئەو جولانەوەیەی راهیبە سوریانیەکان رێبەرایەتیان کرد، میزۆپۆتامیا گەلێك شتی لەدەستدا. ئەمە بە بیری مرۆڤدا دێت کە سوڵتانە ئەمەوی و عەباسیەکان لەمیانەی هێزی ئیسلامیەتی کە لە بەر دەستیانەوە بوو، شارستانیەتێکی شایستەیان بەم خاکە نەخوڵقاندووە کە دایکی شارستانیەتی مەزنە و لە هەموو بوارێکدا بە لاوازی ماونەتەوە، هەر زوو کەوتوونەتە ناو رابواردن و کەیف و سەفا و گەلێك شتیان لەدەستداوە. ئەگەر لەگەڵ پێکدادانە ئایینیەکانی ئەوروپا بەراورد بکرێت، ئەوا دەبینرێ پێکدادانی ئیسلامی ـ مەسیحی، کە رێگای لەپێش تراژیدیا کردەوە، رۆڵێکی یەکجار تێکدەرانەی بینیوە. لە رۆژگاری ئەمڕۆماندا کاتێك گفتوگۆکانی سەبارەت بە ئایین و علمانیەت دەکرێت، ئەوا هەڵوێستێکی رەخنەگرانە بەرامبەر بە مێژوو و ئەزموون دەرخستن، ئەرکێکە بایەخەکەی کەم نەبۆتەوە و پێویستی بە جێبەجێکردن هەیە.

٢ ـ بەدەزگابوون و پەلهاوێشتنی ئیسلامیەت دوای قۆناخی شۆڕش، دوای ئەوەی بنەماڵەی ئەمەوییەکان دەسەڵاتیان گرتە دەست، پێشکەوت. بەرزبوونەوە و باڵادەستبوونی بنەماڵەی ئەمەوی لەمیانەی شۆڕشێکی چەواشە، سەر راست کراوە. بەرامبەر بەوەی حەزرەتی مەحەمەد پشتی خۆی بە هۆزی هاشمی خێڵی قورەیش بەستووە، عوسمان و مەعاویە پشت بە هۆزی ئەمەوی دەبەستن.

بەڕێوەبەرایەتی مەککە زیاتر بەدەست ئەم هۆزەیە (ئەمەوی). بە واتایەکی تەسك و سنووردار، حەزرەتی مەحەممەد دەسەڵات لەدەست ئەم هۆزە دەردەخات و لەمیانەی شۆڕشێکی نوێدا دەیکات بە بونیادنانی دەوڵەت. ئەم مەیل و هەڵوێستە شۆڕشگێڕیە، هەروەکو چۆن خاوەنی ئاسۆیەکی مەزنی پێشکەوتنە، بۆیە تیرەگەرێتی تێپەڕ دەکا و بەرەو بەدەزگابوونی سیاسی و سەربازی نوێ هەنگاو دەهاوێژێت؛ تەواوی ئەمانەش لەسەر بنەمای ناسنامەیەکی ئایدیۆلۆژی نوێ و ئایەت و فەرموودەکانەوە پێشدەخات.

دوای ئەوەی شۆڕش بە تەواوی گەیشتە سەرکەوتن هۆزی ئەمەوی بووە موسوڵمان. هەنگاو هاوێشتنیان بۆ موسوڵمانیەت بە نابەدڵی و لەسەر بنەمای بەرژەوەندی بووە. لە ناوەوە رقیان لە موسولمانەکان دەبۆوە، هەروەها لەگەڵ کۆچی دوایی حەزرەتی مەحەممەد ئامادەکاریەکانی خۆیان خێرا کرد. والیەتی مەعاویە لە شام وەکو ناوەندی شۆڕشی چەواشە کاری کردووە. مەعاویە سەبارەت بە هونەری دەسەڵات خاوەن ئەزموونتر بوو؛ لە شام فێری هەموو فێڵ و تەڵەکەبازیەکی بێزەنتیەکانی سەبارەت بە دەسەلات بوو. نەوەکانی **بەرمەکیەکان**ی لای خۆی گلدا بۆوە، کە نوێنەرێکی بەهێزی نەریتەکانی دەسەڵاتی ئێران بوون. لە کەسایەتی حەزرەتی عەلی دا نوێنەرایەتی ئەهلی بەیت (أهل ألبيت) دەکرا. دڵسۆز بوو، خاوەن هەق و لایەنگری ئەوەبوو کە شۆڕش بە گوێرەی گەوهەرەکەی خۆی بەردەوام بکات. بەڵام لە بواری دەسەڵاتدا زۆر بێ ئەزموون و وەکو پێویستیەکی دڵسۆزیش زۆر سادە (ساف) بوو. لەگەڵ ئەوەی خاوەن پرەنسیپ بوو، بەڵام سەبارەت بەدەزگابوونی دەوڵەت، کارامە نەبوو. لە کاتێکدا وەکو ملیتانێکی شۆڕشی ئیسلامی زۆر سەرکەوتوو بوو، بەڵام سەبارەت بە دەزگابوونی ئەم هێزە و بە دەوڵەت بوون، بە گوێرەی مەعاویە لاواز بوو. هەروەها باوەڕی بەوە دەکرد ئەوانیش وەکو خۆی بە دڵسۆزیەوە گرێدراوی ئایینی پیرۆزن. دواتر دەردەکەوێ کە ئەم لێکدانەوەیەی هەڵە بووە.

بەڵکو یەکێك لەو شۆڕشە چەواشە هەرە گەورانەی مێژوو ئەوەیە کە لەژێر ناوی بنەماڵەی ئەمەوییەکانەوە ئەنجامدراوە. سەرۆك و ریش سپیەکانی ئەم بنەماڵەیە هیچ کاتێك بەرامبەر ئیسلامیەت دروست و دڵسۆز نەبوونە، لە ناوەوە رقیان لێ بووە، لە کاتی سەرکەوتنەکانیشدا بە رادەیەکی هەرە زێدە بەرژەوەندیەکانی خۆیان دابین کردووە، لە رێی خەلیفە عوسمانەوە هەنگاوێکیان بەرەو پێشەوە هاوێشت، لەگەڵ کوشتنی عەلی و شەهید کردنی حوسێن لە کەربەلا بە شێوەکی هۆڤیانە، بە تەواوەتی دەستیان بەسەر دەسەڵاتدا گرت. ١٤٠٠ ساڵە ئومەتی ئیسلام لەژێر ئێش و ئازاری ئەو شۆڕشە چەواشەکاری و پیلانگێریە دەناڵێنی کە لە نزیکەی ساڵانی ٦٤٠ ی زایینی تاوەکو ٦٨١ ی زایینی بەردەوام بوو. ئەوەی ئەنجامدراوە لەمیانەی سوود وەرگرتن لە کاریگەریە

بەهێزەکانی شۆڕشی ئیسلام، سەرلەنوێ زیندوو کردنەوەی تیرەگەرێتی و بنەماڵەگەرێتییە. ئەم هەنگاوە بە درێژایی مێژووی ئیسلامیەت زۆر لەوەی کە مەزەندە دەکرێ زیاتر پاشڤەرۆیەتی لەخۆوە گرتووە، هێزێکی مەزنی بە کارەکتەری چەوسانەوە و سەرکوتکارانەی کۆمەلگای کۆن بەخشیوە. ئەوەی ماوەتەوە ئیسلامیەتێکی رووکەشییە، تەنانەت خیانەت کردنە لە گەوهەری ئیسلامیەت.

لەمیانەی ١٢ **ئیمام** و جولانەوە **شیعی و باتنیەکان**ی دواتر پێشکەوتن بەدوای ئەم گەوهەرەدا گەڕاون و خواستویانە بیپارێزن. بەڵام ئاستەمە بڵێین ئەم جولانەوانە کە لەمیانەی هەوڵ و کۆششی مەزنەوە بەڕێوەبران سەرکەوتن. هەر بۆیە مێژووی ئیسلامیەت بە مێژووی چەواشە لە قەڵەمدەدرێت، ئەوکاتە واتادار دەبێت کە، ئاماژە بە راستینە گرنگەکان بکات و موسوڵمانە شۆرشگێڕەکان و دژە شۆڕشەکان لێك جیابکاتەوە و راستیەکان ئاشکرا و دەستنیشان بکات. مێژوویەکی ئیسلامیەت کە لە یەك ئاست و بە شێوەیەکی یەك لایەنە بێت، کاتێك مێژووی خیانەت و دژە شۆڕشی شاردەوە، ئەوا بە واتای کوێرایی تەواوی ئەو کۆمەلگایانە دێت کە خۆیان بە موسوڵمان دادەنێن.

تاوەکو دیاردەی شۆرشی چەواشە (دژە شۆڕش) و هەموو دەرئەنجامەکانی بە شێوەیەکی راست شینەکرێتەوە و چارەسەر نەکرێت، ئەوا ناشێ لە راستی مێژووی ئیسلامیەت تێبگەین و گفتوگۆی واتادار و بەجێ سەبارەت بە ئیسلامیەت ئەنجام بدەین. یەکێك لە هۆکارە سەرەکیەکانی ئەو نەزۆکیەی سەدان ساڵە لە کۆمەلگاکانی ئیسلام و رۆشنبیرەکانی بەردەوام دەکات، ئەمەیە. رووداوی کەربەلا تەنیا سات و ئانی کارەسات و لێ قەومان نییە، مێژوویەکی نەفرین لێکراوی بەردەوامە؛ بەردەوامکردنی گەورەترین کارەساتە لەژێر ناوی ئیسلامیەتەوە. ئەو رووداوانەی ئێستا لە جەزائیر و ئێران و چەندین وڵاتی دیکەی ئیسلامی لە ئارادایە لە نزیکەوە پەیوەستی ئەم راستینە نەفرەت لێکراوەیە، هەروەها ئەوە دەسەلمێنێ کە لە میانی کاریگەریەکی ساتەوەختیدا شۆڕشی چەواشە بەلاوە نانرێت. لەوەش گرنگتر، ئەوە نیشاندەدات، پێویستی شرۆڤەیەکی نوێ و هاوچەرخانەی سەبارەت بە سەرلەنوێ ئاوا کردنەوەی ئەو شۆڕشەی کۆتایی پێنەهاتبوو و خیانەتی لێکراوە، وەکو کێشەیەکی زیندوو لە ئارادایە و بەردەوام دەکات.

هەروەکو دەزانرێ گەلێك شۆڕش بە هەمان قۆناخی بەمجۆرە تێپەڕ بوون. کاریگەریەکانی شۆڕشە هاوچەرخەکانی فەرەنسا و روسیا و دژە شۆڕشەکانیان، تاکو ئێستاش بەردەوامە. بەڵام کاتێك گەورەبوون و تایبەتمەندێتی گەردوونی و مێژوویی شۆڕشی ئیسلام بێنینە بەرچاوان، بۆمان روون دەبێتەوە پێویستە ئەم گفتوگۆیە ببێتە وەڵام بۆ کێشە تایبەتیەکانی رۆژگاری ئەمرۆمان و خاوەنی

گرنگی و بایەخێکی مەزنە. ئەمەش ئەنجامدانی شیکردنەوە و چارەسەری بۆ ئەو ئێش و ئازار و قەیران و بە پاشکەوتوویی مانەوە و پێکهاتە پڕ لە گرفتەکەی کۆمەڵگای ئیسلامیەت دەکات بە ناچاریەك کە لە نزیکەوە گرێدراوی ئەم مێژووەیە و کردارێك دەسەپێنێ کە کەوتبێتە سەر راستەڕێ.

سەرباری ئەو رەخنانەی پێشخرا، لە قۆناخی ئەمەویەکاندا بەدەزگابوون و بڵاوبوونەوەی ئیسلامیەت خێراییەکی گەورەی بەخۆوە بینی. ئاقڵمەندێتی مەعاویە و ئەوانەی دوای ئەو دەسەڵاتیان گرتە دەست، رۆڵیان لەم پێشکەوتنانەدا هەیە. لە زەریای ئەتڵەسیەوە تاوەکو هیندستان پەلهاوێژی و بڵاوبوونەوانە ئەنجامدراوە. لە باکوور گەیشتۆتە بنارەکانی قەفقاسیا، لە باشووریش تاوەکو ناوەوەی ئەفریقیا رۆیشتووە. بە دەوڵەت بوون، بە واتایەکی دیکە بەدەزگابوونی سیاسی، سوود لە داب و نەریتی ساسانی و بێزەنتیەکان وەردەگرێت. ئۆرگانی نوێی دەوڵەت ئاوا دەکرێن، بنەماڵەی بیروکراتی لە جۆری بەرمەکیەکان دەکرێن بە بەرپرسیار. ئەو کەسانەی چینی ژووری کۆمەڵگایەك بە ئەندازەی ئەوەی کۆمەڵگاکانی خۆیان بە دەوڵەتی ناوەندیەوە گرێبدەن تۆکمە و بەهێز دەکرێن.

بە شێوەیەك مۆدێلی ئیمپراتۆریەتی پارس بە بنەما دەگیردرێت. لەم بوارەدا هەر لە زووەوە لەگەڵ دەزگا سیاسیەکانی قۆناخی کۆیلەداری دەکەوێتە نێو رێککەوتنێك. لێرەدا نموونەیەکی بەهێزی کرداری ئەم رێککەوتنانە لە ئارادایە کە هەر شۆڕشێکی چەواشە لەگەڵ دەزگا باڵادەستەکانی کۆمەڵگای کۆندا پێشی دەخات. باڵادەستی بنەماڵەی ئەمەوی کە سەدساڵ بەردەوام بووە، بەس بووە بۆ ئیمپراتۆریەتێکی بەهێزی بەناو ئیسلامیەت. بەڵام لە جوڵانەوەکانی ڤەبوون و داگیرکاری و تاڵانکاریدا هێندە زۆردارانە هەڵسوکەوتی کردووە کاریگەریەکی پێچەوانەی کردووە و کاردانەوەی بەرامبەر نیشاندراوە. رەوتە رکابەرەکان بەردەوام هەبوون و کەم نەبوونەتەوە. تاوەکو بزووتنەوەی دوانزدە ئیمامەکە، خەواریجەکان و چەندین تەریقەتی باتنی لەم قۆناخەدا سەریانهەڵدا.

یەکەمین بەرخودانی سەرکەوتووانە لە ناوچەی خوراسانی ئێران پێشکەوت کە نوێنەرایەتی نەریتێکی مێژوویی درێژ خایەن دەکات. پارتەکانیش لەم ناوچەیەدا بەرامبەر بە داگیرکاری هێلینیەکان سەریان هەڵداوە و بە ئاوا کردنی خانەدان نشینی ئەرسەکیەکان ئەنجامگیر بوو، کە ٥٠٠ ساڵی خایاندووە. پارتەکان کۆمەڵەیەکی هەرێمین کە هەندێ جیاوازیان لەگەڵ فارس و مادە ئاریەکان هەیە. خاوەن نەریتی یاخیبوونن و ناوەندەکەیان خوراسانە. جگە لە بەکرێگیراوەکانیان، ئەمەویەکان رێگایان لەپێش کاردانەوە و بەرپەرچدانەوەی ئەهلی بەیت (بنەماڵەی پێغەمبەر) و تەواوی گەلانی دیکە کردۆتەوە. لە زووەوە گەلێك تیرەی عەرەبی کە نەتەوەی باڵادەست بوون بە تایبەتیش توێژە

هەژارەکانی لەمێژ بوو بە شێوەی خەواریجەکان لە نێو سەرهەڵدان دا بوو. لایەنگرانی عەلی نەك تەنیا لە نێو عەرەبەکان، بەڵکو لە نێو تەواوی ئەو گەلانەی بە زۆرەملێ و زەبر کران بە ئیسلام لەژێر ناوی شیعە و عەلەویەکان وەکو مەیل و هەلوێستێکی یاخیبوون جێگیر بوون.

ئێران لە سەردەمی سۆمەریەکانەوە خاوەنی داب و نەریتێکی بەمجۆرەیە کە بە شێوەیەکی سەرکەوتووانە بەرپەرچی ئەو پەلامارانەی داوەتەوە کە لە رۆژئاوایەوە هاتوون. پارچەبوون و تێکشکانی ئیمپراتۆریەتی رزیوی ساسانیەکان بەرامبەر بە چەند لێدانێك، رێگای لەپێش جموجۆڵێکی نوێی ئەم نەریتەی کردەوە. هەروەکو سەرهەڵدانی پارتی دوای قۆناخی پارسەکان، دیسان لە بن رێبەرایەتی **ئەبوموسلیم** لە ناوەندی خوراسان پارت جولانەوەیەکی بەرخودان پێشکەوت. ئەو بەرخودانەی لەمیانەی تەڤلیبوونی چەندین گەلانی وەکو فارسەکان، کوردەکان و ئازەریەکان بە شێوەی هەرەس ئاسا مەزن بوو، لە ساڵی ٧٥٠ ی زایینی لە ئەنجامی رووخاندنی ئەمەویەکان بە سەرکەوتن گەیشت. دەشیا ئەمە بۆ ئیسلامیەت ببێتە دەرفەتێکی نوێبوونەوە. یادگاریەکانی شۆرش هێشتا زیندوو بوو. بەڵام بنەماڵەی عەباسیەکان کە جیاوازیەکی ئەوتۆی لەگەڵ ئەمەویەکان نەبوو، ئەم دەرفەتەیان بە شێوەیەکی راست بەکار نەهێنا و مافی خۆیان پێنەدا. بە شێوەیەکی زۆر چەپەڵانە ئەبوموسلیمی رێبەری یاخیبوونەکەیان کوشت. کوشتنی ئەبوموسلیم هێندەی کوشتنی ئیمام عەلی رۆڵێکی خراپی بینیوە. هەر لە زووەوە گۆڕین و وەرچەرخانی دەرەبەگایەتی بۆ کارەکتەرێکی پاشڤەڕۆیی، لە نزیکەوە گرێدراوی ئەم دوو تاوان و تیرۆرەیە. ئیمام عەلی و ئەبوموسلیم نوێنەرایەتی ئەو ملیتانە ئیسلامیانە دەکەن کە دادپەروەرن، لایەنگری هەژارانن، گرێدراوی پرەنسیپەکانن و دەمارگیری قەومیان لەلا نییە. ئاوا نەکردنی دەزگاکان و بە رادەیەکی زیاتر جولانەوەی نهێنیانەیان لە چوارچێوەی سنووره تەسکەکانی تەریقەت، گەلێك ئەنجامی نادروست و نابەجێی لەگەڵ خۆیدا هێناوە.

گەلێك نموونە هەن دەیسەلمێنن کە بە ئاییزا بوونی مەیلە شۆڕشگێڕیەکان هێندەی بە دەسەڵاتبوونی شۆڕشی چەواشە، رێگای لەپێش پاشڤەڕۆیەتی کردۆتەوە. مەزهەبگەرایی، وەکو ناچارییەك لە رێ لادان لەگەڵ خۆیدا دێنێ. هەڵبەتە کاتێك مەیلە شۆڕشگێڕیەکان سەرکەوتن بەدەست ناهێنن، ئەوا هۆکارەکانی رێگا لەپێش مەزهەبگەرایی دەکاتەوە. مەزهەبگەرایی، کەڵەکە بوونی ژێرکەوتنەکانی شۆرشە ژێرکەوتووەکانە؛ کفت بوونی کەم و کوڕی و هەڵەکانی شۆڕشە. هەرچەندە بانگەشەی گرێدان بە رێباز و یادی شۆڕشگێڕی بکەن، ئەوا لە ئیستسمار کردن و بەکاربردنی ئەم مەسەلەیە رزگاریان نابێت. سەرچاوەیەکی سەرەکی کە لە مێژوودا دەسەڵاتی شۆرشی

چەواشـەیان لەسـەر پـێ راگرتـووە، ئـەم مەزهەبگەراییـە پاشـڤەرۆییەی رکابـەرە شۆڕشـگێڕەکانە. لـە هەلومەجی هاوچەرخیشدا رەوشـی مەزهەبگـەرایی شۆڕشـە نەتەوەییـە دیموکراتیـەکان بەرامبـەر بـە دەسـەڵاتی دژە شـۆرش ئـەوە نیشاندەدات کـە ئـەم راسـتینەیە وەکـو دیاردەیـەکی بـەربڵاو لـە هـەموو سەردەمەکاندا هەبووە. ئەوەی بەسەر چەندین مەیلی شۆڕشـگێڕێتی تورکیاشـدا هـاتووە نموونەیـەکی دیکەی بەرچاوی بەرفراوانی ئەم دیاردەیەیە.

سەردەمی عەباسیەکان نوێنەرایەتی قۆناخی پێگەیشتن دەکات. بـەهێز کردنـی شـرۆڤەی ئـایینی ئیسلامیەت لەمیانەی فەلسەفەوە لـەم قۆناخـدا پێشکەوتنێکی مـەزن بەخۆیـەوە دەبینـێ. زۆر پـێش ئـەوروپا، کلاسـیکیە یۆنانیـەکان لـە سـەرووی هەمووشـیانەوە هـی ئـەفلاتون و ئەرسـتۆیان بـۆ زمـانی عەرەبی وەرگێڕاوە. زیندووبوونەوە لە زانست و فەلسەفە دەستپێدەکات، قۆناخی رۆشـنگەری بـەرێوە دەچێت. لە هەموو بوارێکدا بـاڵابوون بەدەسـت رۆژهەڵاتەوەیـە. مـاوەی نێـوان ٨٠٠ تـا ١٢٠٠ ی زایینـی وەکو قۆناخی زێڕینی ئیسلامیەتە. مۆدێلی دەوڵەتی ناوەندی، هەروەکو بڵێی لە نێو هەر میرنشینێکدا هەوێن دەکرێ، کەمێك ماوە چەندین دەوڵەتی نوێ سەرهەڵبدات. مسۆگەرە ئەوکاتـە لـە سەرتاسـەری جیهان ناوەندی شارستانیەتی دەرەبەگایەتی بوو. ئیسلامیەت کاریگـەری خـۆی بـۆ نـاوەوەی ئیسـپانیا (ئەندەلوس) تاکو چین، لە سیبریا تاکو فووڵاییەکانی ئەفریقیا گواستۆتەوە. تۆڕێکی مەزنی ئاسایش و دەزگاکـانی ژێرخـان و رێگـا و کاروانسـەراکان بـۆ بازرگـانی ئـاوا کرابـوون. بازرگـانی تـەواو لـە نێـو تەڤینەوەیەکدا دەژی. لە هەموو گۆڕەپان و بوارێکدا پایـەداری و بـاڵابوون بەرامبـەر بـە مەسـیحیەت دەبینرێ. بە هەزار و یەك بەڵا، لەمپەر لەپێش فەتح کردنی ئەوروپا لەلایەن ئیسلامیەتەوە دروسـت کراوە. بەڵام لەمیانەی فەلسەفە و زانست و چەمکی بەرێوەبەرایەتیـدا هیچـی لـە هێـزی کـارتێکردنی خۆی لەدەست نەداوە. بۆ ئەوروپا، رۆژهەڵات وڵاتـی خەیاڵەکانـە؛ بـەهاکانی شارسـتانیەتی رۆژهـەڵات جیهانی خەیاڵیان بریقەدار دەکات. چـەندین پـەرتووك بـۆ زمـانی دیکـە وەردەگێـڕدرێ، دەکرێـت بـە موڵکی زمانی لاتینی و گەلێك زمانی دیکەش.

لـە رۆژهـەڵات تـاوەکو هینـدسـتان رۆیشـتووە. لەمیانـەی ئیسـلامیەتەوە شارسـتانیەتی هیندسـتان دەربازی نێو قۆناخێکی نوێ بووە. بە ئیسلام بوون بە شێوەیەکی بەربڵاو بەرێوە دەچێت، ئەم مەیلە تاوەکو چین درێژ دەبێتەوە. هۆز و تیرە تورکەکانی ئاسیای نـاوین بـە خێرایـی دەبـن بـە موسـوڵمان. تیرە تورك و مەغۆلیەکان، کە مێژوو دەهەژێنن، لەسەر بنەمای ئەو زەمینەی ئیسلامیەت ئاوایکردووە و دەزگاکانی پێشخستووە ئیتر دەکەونە نێو جموجۆڵ. لەم قۆناخەدا لە ئایـدیۆلۆژیاوە تـاوەکو سیاسـی بوون و سەربازی بوون، لـە ئابووریـەوە تـاوەکو زانست، لـە هـەموو بوارێکـدا ئیسلامیەت گـەورەترین

هێـزی شارسـتانیەت جیهانـە. رۆژهـەڵاتی نـاوین کـە لـە سـەردەمی سـۆمەریەکانەوە پێشـەنگایەتی شارستانیەت دەکات، هەم لەلایەنی فراوانی جوگرافیا و قووڵایی بەدەزگابوون و پێکهاتەی هزری، ئیتر لـە دواتـرین قۆنـاخی پایـەی پێشـەنگی و بەهێزیدایـە. وەکـو رۆڵـی هێـزی خولقێنـەری سـەردەمی پێشـەنگایەتی کەنزیکـەی ١٠٠٠٠ پ.ز دەسـتی پێکـرد، ئـیتر هـەروەکو بڵێـی لـە کۆشـکەکانی بەغـداد و لەمیانەی ژیانێکی خەونەکانی چیرۆکی هەزار و یەك شەوە (**الف لیله و لیله**) بەرەو کۆتایی دەچێت. رێبازی شارستانیەت کە مێژووی ئافراند، لە لانکەدا مەزنی کرد، هەموو هەرزەکاری و بێ عاریـەکانی بەلاوەنا و پێیگەیاند، دوای سەماکانی (سەماکەرە ژن و پیاوەکـان ــ رقاصات و رقاصـین ــ سـەماکەرە سەرسووڕهێنەرەکانی ئەم قۆناخەن) ئـەم خەونانـە بـەرەو ژێـر دادەکـەوێت و دوای ماوەیـەك کۆتـایی پێدێت.

٣ ـ شـێوەگرتنی مەسـیحیەت و ئیسـلامیەتی شارسـتانیەتی دەرەبەگایـەتی، نوێنەرایـەتی بـە گەردوونی بوون دەکات. هەرچەنـدە شارستانیەتی دەرەبەگایەتی لـە چـین پێشکەوتنی نیشان دابێـت، ئەوا تەواوی ناوچەری هینـدی ــ چینی و ژاپۆنیشی لەناودا، لـە قۆنـاخێکی پاشکەوتووی خـۆجێیی بەولاوە، واتایەکی تایبەت بەخۆی نییە. لە کاتێکدا گۆڕانکاری و پێشکەوتنەکانی کیشوەری ئەمریکا لە نێو قوڵایی قۆناخی نیۆلیتیکدا ژیاوە، تازە بە تازە بە سیستەمی کۆیلەداری ئاشنا دەبێت. ئەفریقیا و ئوسترالیا لـە چـاخی تـیرە بەربەریەکانـدا دەژیـن. ئیسلامیەت و مەسـیحیەتی کـە ریشـەی خۆیـان لـە کلتـووری رۆژهـەڵاتی ناوینـەوە دەگـرن لـە ئاسـتێکی گەردوونیـدا نوێنەرایـەتی مرۆڤایـەتی دەکـات. یەهوودیـەت و هـەموو جۆرەکـانی تەریقـەتی سـۆفیگەرایی کـە لـەم نـاوەدا ماونەتـەوە لـە گروپـی بـێ کاریگەر بەولاوە هیچ رۆڵێکی دیکەیان نییە.

بۆ یەکەمین جار مرۆڤایەتی لە رێگای ئیسلامیەت و مەسیحیەوە لەمیانەی چەمکێکەوە بـەرێوە دەچێت کە خۆیان لە جێگای خوداوەند دانانێن، بەڵکو وەکو سێبەر و نێردراوی دەنگی خوداوەنـد لـە قەڵـەم دەدرێـن. ئـەم تایبەتمەندێتیەیـە، کـە دەرەبەگایـەتی لـە سیسـتەمی کۆیلـەداری و سیسـتەمە پاشڤەڕۆکانی پێش کۆیلـەداری و سیسـتەمەکانی دەرەبەگایـەتیش بـاڵاترن جیـا دەکاتـەوە. سیسـتەمی پادشایەتی ـ خوداوەندی شارسـتانیەتی کۆیلـەداری، بـە کۆیلایـەتی رەهـای مـرۆڤ ئـەنجامگیر بـوو. بـۆ یەکـەمین جـار مێـژووی مرۆڤایـەتی مـەحکومی کـۆت و بەنـدێکی ئـاوا قـووڵ دەبێـت. رەوشـێکی زۆر جیاوازتر لـە ژیـانی مرۆڤـی سـەردەمەکانی نیۆلیتیـك و تەنانـەت پالئۆلۆتیـك هاتۆتـە ئـاراوە. گـەلێك تایبەتمەنـدێتی سەرسـوڕهێنەرانەی نیشـانداوە. هـەروەکو بڵێـی شـتێکی زۆر سروشـتی و ئاسـاییە خزمـەتکار و ژن و دار و دەسـتەی پادشـا بـە زینـدوویی لەگـەڵ تـەرمی پادشـا لـە گـۆڕ دەنـرێن، لـە

خاچدان، سینگ تێکوتان، هەنجن هەنجن کردن لە لایەن شێرە برسیەکان هەندێ نموونەی سەرسوڕهێنەری ئەو سەردەمەن. هەروەها بونیادی ئەهرامەکان، گۆڕی پادشاکان، جۆگەڵەی ئاوەکان و بیناسازی شارەکان نموونەی دیکەی سەرنج راکێش و سەرسوڕهێنەرن. دەکرێ هۆڤێتی شەڕ و هەموو جۆر و رەوش و شێوازی کاری کۆیلەکانیش بخرێتە سەر ئەمە. بۆ پێناسیەکی راست دەرهەق بە شارستانیەتی دەرەبەگایەتی، ئەوا ناچارییە لە نزیکەوە چۆنیەتی ئەو کاریگەریە ببینرێت کە ئەم راستینە بابەتیە دەیکاتە سەر پێکهاتەی هزری و رۆحی مرۆڤایەتی. ئەنجامدانی بەراوردکاری بە گوێرەی سیستەمی کۆیلەداری، نەك سەرمایەداری و سۆسیالیزم، راستترین کردارە. بینینی لە دایك بوونی میتۆلۆژیای یۆنانی و ئایینە تاکخوداییەکان گرێدراو بەو سیستەمە، بۆ چەمکێکی راستی مێژوو مەرجە.

خوداوەندەکانی میتۆلۆژیا بۆ ئەوە لە لایەن راهیبەکانی سیستەم خولقێنران تاوەکو شێوەی پەیوەندی سیستەمی کۆیلەداری کۆمەڵگای چینایەتی بکەن بە هەتا هەتایی و بەهێزی بکەن و دوای ئەوەی سیمای ئەزەلی پێدرا بە شان و شکۆتر کرا. چەمکی سیستەمی نەگۆڕی و ئەبەدی و ئەزەلی کە وەکو تایبەتمەندێتی سەرەکی سیستەمی خوداوەندەکان دانراوە، رەنگدانەوەی سیستەمە سامناکەکەی کۆیلایەتی سەر زەوییە. ئەمە هێندە لای سۆمەریەکان ئاشکرایە کە، مرۆڤایەتی چەندەی سوپاسی نووسەرەکانی سۆمەر بکات هەر کەمە. زۆر ئاستەمە گروپێکی دیکەی نووسەران ببینین کە وەکو ئەوان بە شێوەیەکی سەرنج راکێش ئەوە روون بکاتەوە کە چۆن خوداوەندەکانمان بەدەستی خۆمانەوە خوڵقاند و کردمان بە تاجی سەرمان. لە سەردەمی مێژووی نوسراو بەولاوە رۆژ بە رۆژ مرۆڤایەتی باشتر لەوە تێ دەگات ئەم تاجە چییە. بە تایبەتیش کاتێك بەردەوام ئەمە بێنینە بەرچاوان کە خودی دەوڵەتیش تاجێکی خوداییە کە لەم قۆناخەوە بۆمان ماوەتەوە، ئەوا باشتر سیستەمی سەرەکی و هێزی ماددی و ئەو هزرە تێدەگەین کە بە ناوی کۆیلایەتیەوە خوڵقێنراوە، باشتر ئەوە دەبینین کە پەیوەندی نێوانیان خزمەتی بەچی کردووە. لەبەر ئەوەی پێغەمبەرەکانی (خولقێنەرەکان)ی ئایینی تاکخودایی سەرەتا لەمیانەی ئاستی دەزگای هزری و دواتریش دەزگای سیاسی و کۆمەڵایەتی سیستەمیان هەژاند و ئەو باوەڕی و ژیریەیان پێشخست کە زۆر بەهادارن و دەتوانێ بیا نگۆڕێت. بۆیە بەلاوەنانی ئەو بار و گرانیەی کە بە درێژایی هەزاران ساڵ وەکو مۆتەکەیەك لە هزر و رۆحی مرۆڤدا چەقیبوو، پێویستی بە باوەڕی و ژیری و ئازایەتی و هێزی بەرخودان هەیە.

تاوەکو ئێستا زانستی مێژوو (مێژووناسی) زۆر لەوە دوورە بە شێوەیەکی راست هێزی ئایین و بە گشتیش هێزی ئایدیۆلۆژیا پێناسە بکات. ووتەیەکی یەکجار وشکی جێگیر کردووە هەروەکو بڵێی هەندێ بوویەر لە دەرەوەی ژیانی ئەم مرۆڤایەتیە روویانداوە. هەربۆیە هێندەی ئایینیش بەهەند وەرناگیردرێت. ئەگەر تاوەکو ئێستاکەش خەڵك تا رادەی مردن (خۆ قوربانی کردن) گرێدراوی ئایدیۆلۆژیاکانی پێغەمبەران بن، ئەمە لەبەر ئەوەیە لەژێر رووخساری جیاوازتردا رژێمەکانی نەمرود و فیرعەونەکان لە ئارادان و بەردەوامن. ئاشکرایە ئاڵۆزیەك سەبارەت بە تەواوی ئەم مەسەلانە بەردەوامە. پێویستە باش بزانرێ تاوەکو رێنسانسی کلتووری رۆژهەڵاتی ناوین ئەنجام نەدرێت ئەمە بەلاوە نانرێت. کاتێك جێگای هات، هەوڵدەدەین ئەوە روون بکەینەوە رێنسانسی ئەوروپا رووکەشیە و واتایەکی سنوورداری هەیە.. بەهۆی ئەو زەمینەیەی سەرچاوەی لێ گرتووە ئەمە رەوشێکی دەست لێبەرنەدراوە. لەبەر ئەوەی زەمینەی کلتووری رۆژهەڵاتی ناوین گەردوونیە، بۆیە رێنسانسەکەشی بەرفراوانتر و گەردوونی دەبێت.

ئایدیۆلۆژیاکانی ئایینی تاکخودایی لە سەرەتاوە تا کۆتایی ئایدیۆلۆژیای سیاسەتن. تەنانەت ئەمانە لە هزرە پێشکەوتووە سیاسیەکانی رۆژگاری ئەمڕۆشمان زیاتر، واتای قووڵتری سیاسی لەخۆوە دەگرن. گوتەی (زاراوەی) ئایینی لە جۆری خودا، پێغەمبەر و فریشتە زمانی سیاسی قۆناخە. ئەو قۆناخەی کە ئاماژەمان پێکرد، لەبەر ئەوەی سیاسەت لەمیانەی ئەم رێنوسانەوە کراوە، ئەم زاراوانە بەکارهێنراوە. گرنگتر ئەوەیە لەبەر ئەوەی رەوشی هزری مرۆڤایەتی لەمیانەی ئەم قاڵبانە، واتە فێری شێوازی بیرکردنەوەی ئایینی کراوە، ئەم زاراوانە بەکار دێنێ. ئەوەی ئەنجامدراوە، تێکۆشان و ململانێی سیاسی بێ ئامانە. هەڵسەنگاندنی لە جۆری ئەوەی زمانی زانستی رۆژگاری ئەمڕۆمانی نییە و بچووك بکرێتەوە، یاخود هەروەکو بڵێی زۆر لە راستینەی سیاسیمان دوورن، هەڵەی مەزن و خۆ خەڵەتاندنە.

پێویستیەکی زۆر بەوە هەیە داب و نەریتی پێغەمبەرەکان بۆ زمانی سیاسی رۆژگاری ئەمڕۆمان بگۆڕدرێت. کاتێك لەسەر ئەم بنەمایە رۆشنگەری ئەنجامبدرێت، ئەوا تێکۆشانی علمانیەت واتادار دەبێت و ئەنجامی سەرکەوتووانە لەگەڵ خۆیدا دێنێ.

دەبێ ئەوە وەکو راستینەیەکی واقیعی هەڵسەنگێنرێ شۆڕشی دەرەبەگایەتی و بەدەزگابوونەکانی سیاسەت ئازادیەکی سنوورداریان بەدی هێناوە. بەڵام دەبێ ئەمە لەمیانەی بەراورد کردن لەگەڵ سیستەمی کۆیلەداریەوە ئەنجامبدرێت. ئەگەر تاوەکو ئێستاکەش حەزرەتی ئیبراهیم وەکو کەسایەتیەکی پیرۆز یادی دەکرێتەوە، راستینەی سەرەکی ئەمە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە بە سەمبۆلی ئەو

کەسایەتی و مەیل و چالاکیانە دادەنرێت، کە بۆ جاری یەکەم سیستەمی پادشای خوداوەندی رژێمەکانی نەمرودیان درز کرد. مرۆڤایەتی زۆر باش دەزانێ چی بەهادار دەبینێ. بەڵام جێگای گومانە ئەو رۆشنبیرەی لە نێو رووداوە رۆژانەییەکاندا خۆی خنکاندووە، لەمە تێگەیشتبێت. هەروەها دیسان ئەگەر موسا وەکو ناوێکی مەزن یادی دەکرێتەوە لەبەر ئەوەیە کە بەرامبەر رژێمی فیرعەونی خوداوەند سەریهەڵدا و وەکو ناوی یەکێك لە قەڵەمبازە مەزنەکان یادی دەکرێتەوە. گەورەترین بەها کە عیسا سەمبۆڵیەتی؛ بە تاقی تەنیا بەرخودانیەتی بەرامبەر بە سیستەمی هەرە زۆرداری رۆما و دەزگای کاهینی بەکرێگیراو؛ سیستەمی رۆمای کە لەسەر بنەمای ژێرپێ کردنی هزر و رۆح و کەسایەتی پێشکەوتووی مرۆڤ بە شێوەیەکی هەرە هۆڤانە و زۆردارانە ئاوا کراوە، دەزگای کاهینەکان کە ناوی پێغەمبەرە مەزنەکانیان لەپێناو قرێژترین بەرژەوەندیەکانی خۆیان بەکار هێناوە، هەر لەبەر ئەوە عیسا بە تەواوەتی خۆی فیدا کردووە؛ لە جیاتی تەواوی بەهاکانی ژیانی ماددی، ئەوەی هەڵبژاردووە ببێتە شەرەف و ویژدانی مەزنی مرۆڤایەتی؛ بە تەنیا بە بێ ئەوەی بیر لە ستراتیژیەت و تاکتیك بکاتەوە، گوێی بۆ دەنگی ویژدان (ووتەی خودا) رادێراوە؛ ئەگەر لەژێر سەختترین ئەشکەنجەشدا بێت بەرامبەر بە باڵادەستی رەهای سیستەمی کۆیلایەتی تاکو مردن بەرخودانی کردووە، ئەم راستینەیە عیسای کردووە بە سەمبۆل. هەر لەبەر ئەمە یەك لە سێی مرۆڤایەتی بەردەوام لە میانی هەست و سۆزێکی پیرۆزەوە یادی دەکاتەوە. گەورەترین سیاسەت؛ لە رێگای باوەڕی، لایەنی ئەخلاقی و گەردوونی بوونی، بەمجۆرە دەبێت. بەڵام سەبارەت بە حەزرەتی مەحەمەد، بە پێچەوانەی شیمانەکان، زیاتر جێ بە ژیری دەدات، چەمکە دێرینەکانی سەبارەت بە خوداوەند ژێرخاك دەکات، ئەو کەسایەتیە پیرۆزەیە کە خودای تاقانە و نادیار لە نەفۆڵاترین یۆتۆپیا مەزنتر دەکات و دەیکات بە یۆتۆپیای ئەڵلا ـ قورئان ی دادوەر و خوڵقێنەر و لەم هەنگاوە سیاسیە مەزنەدا سەرکەوتن بەدەست دێنێ. کاتێك کۆیلایەتی ژێرخاك دەکات زۆر باش دەزانێ چی کردووە. لە ئاستێکی نائاساییدا دەرك بە خۆشەویستی مرۆڤ دەکات. سنووردار بوونی ئەو ئازادیەی کە لە هەلومەرجی ئەو قۆناخەدا بەدی هاتن، مەزنایەتی ئەم هەنگاوانە بچووك ناکاتەوە.

بە گرنگیەوە ئاماژە بەوە دەکەین؛ ئەگەر لەمیانەی دیدگای چاخی نوێوە ــ بەهۆی دوا قۆناخەکانی ـ تەماشای چاخی ناوین بکەین کە بە رێبەرایەتی ئیسلامیەت و مەسیحیەت پێشخرا، لەوانەیە بە سەردەمی تاریکایی ببینرێ. بەڵام ناتوانرێ نکوڵی لەوە بکرێت بە گوێرەی جیهانی کۆیلەداری کە بە هەزاران ساڵ بەردەوام بوو، چاخێکی مەزنی رۆشنگەری بووە. دەشێ بۆ ئەوە رەخنە بکرێت کە کلتووری گریك ــ رۆمای داخست و کۆسپی لەپێش ناوەتەوە. بەڵام کاتێك لەگەڵ ئەو

کۆیلایەتیـە بـەراورد بکرێـت کـە لەلایـەن دواتـرین نوێنـەری سیسـتەمی کۆیلـەداری رۆمـا بەسـەر مرۆڤایەتیدا سەپێنراوە، ئەوا رۆڵ و دەسکەوتی میراسەکانی عیسا و مەحەمـەد بـۆ چاخەکانی نـاوین بچوك ناکرێتەوە. خودی چاخەکانی ناوین بە گوێرەی ئەو جیهانە لەپێشە. لەوانەیە شاری شکۆداریان ئـاوا نـەکردبێت، شاکاری هونـەرییان دانـەهێناوە. بـەڵام نـاتوانرێ نکوڵی لـەوە بکرێـت لێکردنـەوەی کۆیلایەتی لە رۆح و هزری مرۆڤایەتی و فرێدانی ئەگەر بە شێوەیەکی سنووردداریش بێت بەدیهێنانی هـەنگاوێکی لەپێشـتری ئـازادی مـرۆڤ، دەسـکەوتێکی زۆر بـەهادارە. ئەگـەر چـەرخەکانی نـاوین وەکـو قۆنـاخێکی ئامادەکـاری چـاخی نـوێ هەڵسـەنگێنین، ئـەو کاتـە دەبینـرێ دواتـر رۆڵێکـی مـەزنیان لـە دامەزراندنی شاری مەزن و دروست کردنی شاکارە هونەرییەکان هەیە. کاتێك هەوڵ بدەین لەمیانـەی پەیوەندیەکی دیالیکتیکیانـە دەرك بـە پێشکەوتنی مێـژوویی بکـەین، ئـەو کاتـە زۆر باشـتر گرنگـی و بایەخی مەزنی رۆڵی چاخەکانی ناوین ئاشکرا دەبێت.

## د ـ لوتکە و رووخانی شارستانیەتی دەرەبەگایەتی

قۆناخی سـاڵانی ١٠٠٠ تـا ١٢٥٠ ی زایینـی هـەم بـۆ ئیسلامیەت هـەم بـۆ مەسـیحیەت گوزارشـت لـە گەیشـتنە لوتکـە دەکـات. بـە شـێوەیەکی بـەخۆ بـاوەڕ لـە بەشـی هـەرە زۆری جیهـانی شارسـتانیەت دەسـەڵاتی گرتـە دەسـت، بـە شـێوەیەك دەژیـا هـەروەکو بڵێـی بـە قۆنـاخێکی زێـڕین گەیشـتووە. ئیمپراتۆریـەتی ئاسمـانی ئایینـە تاکخوداییـەکان بـە ئامـانجی پـیرۆزی خـۆی گەیشـتووە، وادیـارە ئـەم سەرکەوتنە مەزنە جگە لە پیرۆزباییەکانی یـاد کردنـەوە، کـارێکی دیکـەی نـەماوە. جیهانێـك نـەماوە فەتح بکرێت. لەبەر ئەوەی لە یەکتر دەچن، کەوتنە نـاو شـەڕی یـەکتر قڕکـردن و ریشـەکێش کردنـی یەکدی واتایەکی نییە. بۆ باڵابوون، گفتوگۆکانی سەبارەت بە فەلسەفە ئەوەیدیکە تـەواو دەکـات. ئـەم قۆناخە سەبارەت بە هێزێکی باڵای شارستانیەت، هەڵسەنگاندنی وەکو قۆناخی گەیشـتن بـە ئامـانج و گەیشـتنە لوتکـە، راسـت و بـەجێ یـە. هـەر رێکخراوێکـی پرۆگرامەکـەی بـەدیهاتبێت، بـە هەسـت و هزرێکی هاوشێوە دەرباز دەبێت. هەنگاوێك لەمە بـەولاوە هەڵکشـان نییـە، بـەڵکو کەوتنـە. لـە کۆگـای

ئایدیۆلۆژی سیستەمدا کەرەستەی هەنگاوێکی نوێی هەڵکشان لە ئارادا نییە. تەواوی هەنگاوە پێویستەکانی هەڵکشان هاوێشتراوە. ئەگەر بە یاری ڕاکردنی ماراتۆن بەراوردی بکەین، دوای چل کیلۆمەتر ئیتر واتای لە پەلوپۆ کەوتنە. دوای ئەوەش وەستان و کەوتن دێت. هەرچەندە چوارچوار بە قۆناخە سروشتیەکان نەچێ، وەلێ مێژوو ئەو وانە و ئەزموونانەی نیشانداوە کە قۆناخەکانی کۆمەڵگاش گرێدراوی یاساکانی هەمان لۆژیکن.

هەروەکو بڵێی گەیشتنی ئەم قۆناخە بە لوتکە پشت ڕاست دەکات، لەهەر دوو شارستانیەتیشدا گفتوگۆیەکی چڕ دەرهەق بە فەلسەفە دەکرێت. لۆژیك و پێکهاتەی هزری ئەرستۆ مۆرکی خۆی لە گفتوگۆ فەلسەفیەکان دەدات. لە قۆناخی دەرکەوتندا هەر دووکیشیان قورساییان خستۆتە سەر هزری **ئەفلاتون**. ڕاستر بڵێین لەژێر کاریگەری ئەم میراسەدان. کاریگەری "**جیهانی (ئیدیا) نموونەیی**"ی ئەفلاتون بەرزی کردووە، کاریگەریەکەی لەسەر ئیسلامیەت مەسیحیەت زۆر لەوە زیاترە کە مەزەندە دەکرێت. زاراوەی خودای تاقانە و داڕنراو (مجرد) بەرهەمێکی جیهانی ئیدیای ئەفلاتونە. هیچ فەیلەسوف و پێغەمبەرێك بە ئەندازەی ئەفلاتوون نەگەیشتۆتە ئاستی مەزنی "**دەرك پێکردن**"، ژیری و فکر. کاتێك بەردەوام لەلایەن خەڵکەوە بە پێغەمبەرێکی وەکو ئەسکەندەر، ناو دەبرێت لە جێگای خۆیەتی. بەخشینی گەلێك تایبەتمەندێتی دەوڵەمەند بە زاراوەی خودا ئەنجامێکی فەلسەفەی ئەفلاتونە. تەواوی زاراوەکانی سەبارەت بە باشی، جوانی، ڕاستی وەکو پیرۆزیەك بوونەتە بابەتی هەڵسەنگاندنی ئەم فەلسەفەیە. زاراوەی "**ما Me**" یاسا کە سۆمەریەکان بە تایبەتمەندێتی شارستانیەتیان گوتووە، بە واتای هزری سەرەکیش دێت. لای ئەفلاتون "ما"کان بە واتای "**ئیدیا**" و هزر دێت. عیساش لەمیانەی زاراوەی وەکو "**ڕۆحی پیرۆز**"، "**ووتەی خودا**" هەڵوێستەی بەرامبەر دەکات. لەسەر بنەمای پشتبەستن بەم زاراوە سەرەکیانە یان ئاینێك یاخود سیستەمێکی فەلسەفی پێکدێت. هەرچی حەزرەتی مەحەمەدە ئەم زاراوەیە بە "**هەبوون و یەکبوونی خودا**" ناو دەبات. باس لەوە دەکات کە خوداوەند نەوەد و نۆ تایبەتمەندێتی هەیە. لای سۆمەریەکانیش ژمارەیەکی نزیك لەمەی تایبەتمەندێتی دەژمێردرێ. ئەفلاتۆن ئەم داتاشینەی بە شێوەیەکی سیستەماتیکانە پێشخستووە.

ئەم قۆناخانە بۆ مرۆڤایەتی قۆناخێکن بە نائاسایی و سەرنج ڕاکێشانە دەبینەدرێن. پیرۆزییەکی خودایی بە پێشکەوتنی ئەم زاراوە و واتایە دەبەخشرێ. هۆکاری بەهێزی و بە توانایی خودای حەزرەتی مەحەمەد بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە تەواوی زاراوە و توانستە هزریەکانی ئەم قۆناخە مێژووییە لە تاکە هەبوونێکدا "**خودای تاك و هەمیشەیی**" کۆ کراوەتەوە. هەروەکو بڵێی هزری خودایان وەکو

ئەتۆم لێکردووە و هەموو تایبەتمەندێتیەکیان تێدا کۆکردۆتەوە. هەر بۆیە ئەو هەڵمەتانەی لەژێر ناوی خوداوەند ئەنجامدرا، بە ئەندازەی بەهای بۆمبای ئەتۆمی کاریگەر بووە. کاتێك کاریگەری ئەم زاراوانە لەمیانەی ئەنجامە سەرنج راکێشەکانی لە بواری کرداریدا خۆی سەلماند، ئەوا بایەخ و بەهایەکی یەکجار بەرز بە پراکتیزە کردنی فەلسەفە و، پەیڕەوکردنی فەلسەفە بەسەر ئاییندا دراوە. بە تایبەتیش ئەفلاتون گەرێتی نوێ کە لە ئەنجامی یارمەتی فەلسەفەی ئەفلاتون وەکو شرۆڤەی هزری ئایینی پێشکەوت، ئەوا لە ئامادە کردنی ئەو زەمینەیەی ئیسلامیەت و مەسیحیەتی دەرخست و لە دایك بوون و پێشکەوتنیاندا کاریگەریەکی گرنگی هەیە.

مەسیحیەت کە سەرەتا بە شێوەی قالبەکانی باوەڕی و یاسا ئەخلاقیەکان خاوەنی گەوهەرێکی سادەی ئایدیۆلۆژی بوو، لەمیانەی کاریگەری مەیلی فەلسەفی بەهێزی **ستۆواییەکان**ی ئەم قۆناخە، پێویستی شرۆڤەیەکی فەلسەفی دەرکەوتۆتە پێش. لەو گۆڕەپانەی تێیدا جموجۆڵیان کردووە، فێرگە فەلسەفیەکان هزری مرۆڤیان بەرەو پێش بردووە. ئیتر مرۆڤ تەنیا لە رێگای باوەڕیەکانەوە (ألعقائد) تێر نابن. **ساینت ئۆگستۆنیۆس** لەمیانەی ئەفلاتونگەرایی، نوێ وەڵامی ئەم پێداویستیە دەداتەوە. ئیتر مەسیحیەتی کە بە تیۆلۆژیای خۆی گەیشتووە بەهێزتر دەبێ. هەڵسەنگاندنی دەستپێکەکانی ئیسلامیەت و حەزرەتی مەحەمەد وەکو نوێنەرێکی بەهێزی ئەفلاتونگەرایی نوێ، هەڵە نییە. رادەی بەرزی ژیری ئیسلامیەت و تایبەتمەندێتیە بەهێزەکانی خودا، پتەوترین بەڵگەی ئەفلاتونگەرایی نوێیە.

ئەو مشت و مڕە فەلسەفیانەی لە قۆناخەکانی گەیشتنە لوتکەی شارستانیەتی دەرەبەگایەتی ئەنجامدەدرێن، ئەرستۆ بە بنەما دەگرن. ئەرستۆش هەروەکو دەوڵەتی ـ شاری ئەسینا، بەرهەمی قۆناخی هەرە پێشکەوتووی شارستانیەتێکە. فەیلەسوفێکی قۆناخی لێواری رووخانی، کە هەبوونی پێکهاتە مەزنەکان روون دەکاتەوە، بەدوای چارەسەری ئەوە دەگەڕێت چۆن لەسەرپێیان بمێنێتەوە. تیۆری زان و بیریاری قۆناخەکانی لوتکە و رێگرتنە لە داڕووخان، نەك هی قۆناخی دامەزراندن و پێشکەوتن. باش دەزانرێ کە هەموو هەوڵ و کۆششەکانی بۆ ئەوە بوو کە شارستانیەتی رۆما و نوێنەرە هەرە بەهێزەکەی، ئەسینا، رزگار بکات. ئەم تایبەتمەندێتیەی فەلسەفەی سیاسی لە سەردەمەکانی گەیشتنە لوتکە و رووخانی شارستانیەتی دەرەبەگایەتیدا وەکو ئامرازێکی گفتوگۆ بەکار دەهێنرێ. چونکە لەبەر ئەوەی سیستەم گەیشتۆتە لوتکە و ئاڵۆز بووە و نیشانەکانی هەڵوەشانەوە نیشاندەدات، پێویستی بە تیۆریەکی سیاسی پێشکەوتوو و بە توانا هەیە. کاتێك باشترین ئامرازی فەلسەفی دەبێتە ئەرستۆ، رێگا لەپێش ئەوە دەکاتەوە لەم قۆناخەدا هەم لەلایەنی ئیسلامیەت

هەم مەسیحیەت، بە ئەندازەی کتێبە پیرۆزەکان، هزری ئەرستۆ بە بایەخ و بەهادار بێت. ئەو هزرانەی پێشتر بە مەترسی و هەڕەشە دەبینران، ئیتر دەخرێنە ریزی هزرە رزگاریخوازەکان. هەوڵدەدرێت هزرەکانی ئەرستۆ وەکو راستیە رەهاکانی کۆڵەکە بەهێزەکانی زانستی خوداناسی بسەپێنرێ و پەسند بکرێ. لە کاتێکدا **تۆماسی ئەکوینی** لە مەسیحیەتدا پێشەنگایەتی ئەوە دەکات، **ئیبن سینا** و **ئیبن روشد** بە بەرفراوانی لە ئیسلامیەتدا تاوتوێی دەکەن. لەبەر ئەوەی پێشکەوتووترین بیریارانی ئەو قۆناخە لەمیانەی پێکهێنانی تیۆلۆژیادا، ئاستی هزری ئەو قۆناخەیان نیشانداوە کە تێیدا ژیاون، زۆر بایەخدارە. کۆمەڵگای دەرەبەگایەتی پێگەیشتوە و تێکچرژاو و ئاڵۆز بووە. چەندین دەزگا و هزری نوێ کەڵەکە بوونە و ئەندامەکانی خۆیانیان پەروەردە کردووە. ئاستی باوەڕی و هزری قۆناخەکانی لە دایك بوون و پێشکەوتن تێرا ناکات. ئیتر مرۆڤ زیاتر لێپرسینەوە سەبارەت بە هۆکار و ئەنجام و بۆچی و چۆنیەتی هەموو شتێك دەکات. شرۆڤە فەلسەفیەکان ئەم پێشکەوتنانە وەکو چارەسەریەکی کێشە سەرەکیەکانی ئەم قۆناخەی دوایی دەبینێ. ئەمەش بەرلەوەی بەرەو قۆناخی هەڵوەشانەوە و رووخان بچێت، وەکو دوا هەڵمەتی پاراستن دەبینرێ. دوای ئەوەی رۆڵی خۆی لەم سەردەمەدا بینی، ئیتر قۆناخی موحافەزەکاری و پاشڤەرۆیەتی سەردەمی هەڵوەشانەوە و رووخان دەستپێدەکات. ئیتر فەلسەفە جێگای خۆی بۆ قاڵبە موحافەزەکاری و کۆنەپەرستیەکان بەجێ دێڵێ؛ ئیتر باوەڕی پێهێنانی ناچاری و زۆرەملێ لەمیانەی ئەشکەنجەوە دەکەوێتە گەڕ. هەموو چالاکی و گفتوگۆیەکی ئایدیۆلۆژی کە لە قۆناخەکانی سەرەتا و کۆتایی هەر چاخێکی مێژوویی چڕ دەبێتەوە، لە نزیکەوە پابەندی ئەو شێوەبەندیە ئابووری ــ کۆمەلایەتیانەیە کە تازە سەرهەڵدەدات و رووبەرووی کێشەکانی بەردەوامبوون دەبێتەوە. ئەم جۆرە پێشکەوتنانە لەناو یەکتردا بەڕێوە دەچن. ئەو باوەڕی و هزرانەی لە دەستپێکدا لەمیانەی هێزێکی مەزنی بیر و باوەڕی بەرز دەکرێتەوە، لە راستیدا مژدەی ئەو سیستەمەیە کە تازە لە دایك دەبێ. دەشێ ئەمانە وەکو هەوڵ و کۆششەکانی لە دایك بوون هەڵسەنگێنرێ. هەروەکو بڵێی پرۆگرامی سیستەمی نوێ و پرەنسیپەکانی ئاراستە کردنی دەستنیشان دەکات. هەوڵدەدرێ تایبەتمەندێتی ئەو سیستەمە یەکلابکرێتەوە کە لە دایك دەبێت. هەروەها لەبەر ئەوەی لە ئەنجامی هەوڵێکی یەکجار مەزن لە دایك دەبێت، بۆیە لە ناوزەد کردنی بە زاراوەی نوێوە بگرە تا دەگاتە گەوهەرەکەی هەوڵدەدرێ لەمیانەی چەمکێکی بەهێزی ئایینی خودایی پیرۆز بکرێت. کتێبی نوێی پیرۆز، فەرموودەکانی دامەزرێنەر و هەڵسوکەوتەکانی، عیبادەتی کە پێشخراوە، پەرستگاکان، وەکو ناسنامەی

ئایـدیۆلۆژی ئـەم لـە دایـك بوونـە لـە رێگـای پرۆپاگەندەیـەکی فـراوان و بـەردەوام لـە مێشـکدا دەنەخشێنرێ و دەکرێت بە سەرەکیترین خۆراکی رۆح.

ئەو کێشانەی دوای بەدەزگابوونی سیستـەمی نـوێی کۆمـەڵگا و سیستـەماتیك بـوونی دەردەکـەون، پابەندی ئەو پێکهاتە ناوخۆیی و دەرەکیانەیە کە سیستەم بەڕێوە دەبات. لێرەدا سیستـەم چۆن ئـەم کێشانە بەلاوە دەنێت و بەردەوامی بـە هـەبوونی خۆی دەدات؟ ئەمـە پرسـی سـەرەکییە، کاتێـك ئـەم پرسەش تەواوی سیستەم پەیوەندیدار بکات، ناچارییە کە گفتوگۆ لە بەرزترین ئاسـتدا و زۆر فـراوان ئەنجام بدرێت. چونکە ئەگەر ئەو ئۆپۆزسیۆن و بۆچوونە نوێیانەی بەرامبەر سیستـەم پێشکەوتوون بە وەڵامێکی تێروتەسەل و جێگای باوەڕ پێکـردن، نەگـەن، ئـەوا مەترسـی و هەڕەشـەی هەڵوەشـانەوە سەرهەڵدەدات. کاتێك ئەم رەوشەش بێتە ئـاراوە، پێکـدادانی دژوارانـە دەبێتـە ناچارییەك. تـەبایی و یەکێتیەکەی دەستپێك جێگای خۆی بـۆ دوودڵـی و رکابـەری بـەجێ دێڵـێ. پێویسـتە ئـەم پێشکەوتنە ئاسایی و سروشتی ببینـرێ. هـەر دووڕیـان و رکابەرایەتیـەك خـراپ نییـە. هـەروەکو ماتریـالیزمی، دیالیکتیـك شـیکردۆتەوە، لێـرەدا گـرنگ ئەوەیـە، ئایـا تێـز و ئـەنتی تێـز (بیرۆکـە و دژە بیرۆکـە) بـە شـێوەیەکی دروسـت پێشـکەوتوون یـاخود نـا. هـەروەکو لـە دایـك بـوونێکی پـێش وەخـت بـە مـردن ئەنجامگیر دەبێ یاخود منداڵ لەبەرچوون گیانی بە بەردا ناکرێت، ئەوا هزری نوێ و رکابەرایەتیەکی لە نێو زەمینەیەکدا دەرکەوتوون کە هەلومەرجـە ماددیـەکانی بـە گـوێرەی پێویسـت پێنەگەیشـتووە، دووچاری هەمان رەوش دەبن، ئەمانەش بوویەرێکن کە زۆرجار بینـراوە. مێژوو پڕە لـە نموونـەی بـێ ژماری ئـەم جـۆرە رووداوانـە. رەوشـی پێچـەوانەی ئەمـەش خراپـە و رزیـن قـووڵتر دەکاتـەوە. کاتێـك تەواوی بونیادەکانی سەرخان و ژێرخانی سیستـەمی ئابووری ـ کۆمەڵایەتی لەبەر هۆکارە نـاوخۆیی و دەرەکیەکان دەکەوێتە نێو رەوشێك ناتوانێ بەردەوام بێت، ئەگەر دژە بیرۆکـە، واتـە پاراسـتنی هـزری نوێ لە لایەن رکابەرەکان بە شێوەی دووڕیانێك پێشنەکەوێت، ئەوا رزین و قەیران دەبێتە ناچاریەك. ئەم جۆرە قۆناخانە لە مێژوودا بە سەردەمی قەیران و رزین ناوزەد دەکرێت و گـەلێك نموونـەی لـەم جۆرە لەهەر سیستـەمێکدا دەبینـرێ.

بـاڵابوونی شارسـتانیەتی رۆژئـاوا، لـە نزیکـەوە گرێـدانی بـەوە هەیـە کـە ئـەم پەیوەندیـە دیالیکتیکیەی شیکردۆتەوە و رەنگیداوەتەوە سەر تـەواوی چالاکیە کۆمەڵایەتیـەکان. هەوڵـدەدرێ بـە رێچـکەی زانسـتیانە، کێشـەکان دەستنیشـان بکرێـت و لەمیانـەی کـەمترین ئـێش و زیانـەوە ئـەنجام بەدەست بهێنرێ. ئیتر پێویستی و مەیل بۆ شێوازە کۆنەکانی توند و تیژی دژوار، شەڕ یاخود ملکەچ کـردن، شـێوازە هـەرزان و خیانەتکارانـەکانی بـەکرێگیراوی نییـە؛ هەوڵـدەدرێ بـە گـوێرەی پێویسـتی

یاسای دیالیکتیکی و لە رێی دژە تێزێکەوە بە سەنتێزێك بگەن، سوودبەخش ترین بوویەر، ئەوەیە پەیوەندی و دیاردە و سیستەم ئاوا بکرێت. بە شێوەیەکی مێژوویی باوەڕی بەوە دەکات کە گونجاوترین سیستەم **شارستانیەتی دیموکراسیانەیە**.

ئەو مشتومڕە چڕ و بەرفراوانانەی جیهانی مەسیحی و ئیسلامی کە لە ساڵانی ١٢٠٠ ی زایینی بەخۆیانەوە بینی، بەهۆی ئەو کێشە جددیانەی ناوخۆ و دەرەوە بوو کە دووچاری هاتبوون. رۆژ بەدوای رۆژ سیستەم بەرەنگاری رەخنە و رکابەرایەتی زیاتر دەبێتەوە، بۆ باوەڕ پێهێنانیش روون کردنەوەکانی دەستپێکی تێر ناکات. کۆمەڵگا مەزن بووە، کێشەکان زیادبوون، هزر پێشکەوتووە و لێپرسینەوە دەکات. لە دەرەوە پەلاماری نوێ بەردەوام بوون و هیچ کاتێك کەم نەبۆتەوە. هەڵبەتە بەخۆشیان بەردەوام لەمیانەی شاڵاوبردن، پێشکەوتوون. هێرش و پاراستن، دژە هێرش و خۆپاراستن یەکتری بانگهێشت دەکەن. کاتێك کێشە ناوخۆییەکانی سیستەمیش زیاد بکات، بۆ نموونە کاتێك دەوڵەمەندی ئابووری جاران نەمێنێ، ژمارەی دانیشتوان زیاد بێ، داڕووخانی سروشتی پێشبکەوێت، ئەوا پەلامارەکانی دەرەوە بە کاریگەر دەبن. تەواوی ئەم بوویەرانە رەنگدانەوەی هزری خۆی دەدۆزێتەوە و هەوڵدەدا چارەسەری کردارییانە پێشبخات. کاتێك چارەنووسی سیستەم جێگای باس بێت، ناچارییە گفتوگۆ تیۆری و چارەسەریە کردارییانە، بەرفراوان و ئەنجامگیر بێت.

لە مێژوودا گەلێك نموونە دەبینرێ خواستویانە لەمیانەی دوو شێوازە رێچکە ئەم قۆناخانە بەلاوە بنێن.

آ ـ نوێکردنەوەی سیستەم لە رێی ریفۆرم. دەبێ رەستوراسیۆنیش بخرێتە سەر ئەم قۆناخە. بەڵام رەستۆراسیۆن، ریفۆرم نییە؛ لەو بونیادنانە دەچێت کە لەسەر بنەمای هەمان بناخە و بە هەمان شێوەی جاران ئاوا بکرێتەوە، بەڵام بەرد و چیمەنتۆکەی بگۆڕدرێت. هەرچی ریفۆرمە ــ لەسەر بنەمای دەست بەرنەدان لە پرەنسیپە سەرەکیەکان ـ گوزارشت لە بونیادنانێکی نوێ دەکات کە هەم کەرەستەکانی و هەم بناخەکەی دەگوردرێ، لەسەر بناخەیەکی نوێ ئاوا دەکرێتەوە. لەمیانەی ئەم رێبازەوە، گەلێك سیستەم تەمەنی خۆیان درێژ دەکەن و تەنانەت وەرچەرخان قووڵدەکەنەوە و دەبنە خاوەنی بەردەوامیەکی تۆکمە و هەمیشەیی.

**ب ـ** شێوازی موحافەزەکاری کە ئامانجیەتی لە رێی زەبرەوە سیستەم لەسەر پێیان بهێڵێتەوە. لە مێژوودا دەبینرێ کە ئەم شێوازەش بە شێوەیەکی بەرفراوان بەکار هێنراوە. ئەگەر رەوشێکی بەمجۆرە جێگای باس بێت کە گەوهەر و ناوەوەی بە تەواوەتی رزی بێت و ڤاڵا بووبێت و باوەڕیەکی بەمجۆرە لە ئارادا بێت کە پەلامارەکانی دەرەوە لە ئاستێکدان کە رێگای سازشکاری نەماوەتەوە، ئەو

کاتە پەیڕەو دەکرێت و تاقی دەکرێتەوە. بەرخودانێکی چاو کوێرانە، خنکاندنی هەموو شتێك و ڕێگرتن لەپێش نوێبوونەوە، سەرچاوەی خۆی لە چەمکی "یان سەرکەوتن، یان هیچ" دەگرێت. کاتێك سیستەم تواناکاری وەرچەرخان لەدەست بدات، ئەوە بۆ ئەوەی لەسەر پێیان بمێنێتەوە، بەکارهێنانی هەموو شێوازەکانی توندوتیژی و سەرەڕۆیی وەکو تاکە بژار و ڕێگای چارە دەبینێ. لە ڕەوشی بەمجۆرەدا رووخان لە ڕێی شۆڕشەوە دەبێتە ناچارییەك. پاشماوەی ئەو کەسایەتی و دەزگایانەی رووخێنراون بە تەواوی دەخرێنە نێو قۆناخی ملکەچ بوون. دابڕان لە ناسنامە کۆنەکان ڕیشەییە. بە گوێرەی سیستەمی فەرمانڕەوا سەرلەنوێ دەبنەخاوەن ناسنامە. لەو پەیوەندی و دەزگا کۆمەڵایەتیانەی کە هزری دۆگماتیکیانەی بەسەردا زاڵە و لەناو پاشڤەڕۆیی ماوەتەوە و زێدەڕۆیی لە موحافەزەکاری دەکرێت، ئەم شێوازە رووی تراژیدی ئەم مێژووەیە کە پڕە لە ئێش و خوێن رشتن. کاتێك مرۆڤایەتی تەنیا دەرك بەوە بکات کە گۆڕانکاری و وەرچەرخان تاکە ڕاستینەی هەمیشەیی سروشتە، ئەوا دەست لەم شێوازە بەردەدات. کاتێك دەرك بەوە بکات کە ڕاستی، چاکە و جوانی لە ڕێگای هەڵسوکەوت و هزرە پاشڤەڕۆ و موحافەزەکار و بێ واتاکان بەدینایەت، بەڵکو لە ڕێی ئەنجامدانی گۆڕانکاری و وەرچەرخانێکی لە کات و شوێنی خۆیدا بەدیدێت، دەست لەم شێواز و ڕێبازە بەردەدات.

وەکو هێزی هاوچەرخی شارستانیەتی چاخی ناوین، ئیسلامیەت و مەسیحیەت لە ڕەوشێکی تەنگەتاوی مێژوویی بەمجۆرەدا بوێرانە هەنگاویان بۆ هزری فەلسەفیانە هاوێشتووە. هۆکاری گفتوگۆ کردنی فەلسەفە و ناسنامەی ئایدیۆلۆژییان هەروەکو جەختمان لەسەر کردەوە، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە هەڵوێستیان لەگەڵ قۆناخەکانی دەستپێك و پێشکەوتن جیاوازە. نابێ هیچ کاتێك لە بیر بکەین کە هزری فەلسەفی لە سەردەمی لە دایك بوونیان خزاوەتە ناو ناسنامەی ئایینی هەر دووکیان. ئەمانە ناسنامەی تێکەڵاوی نیوە بە نیوەی فەلسەفە ــ ئایینن. لەم قۆناخەدا پێویستە چەمکە ئایینیەکان لە ڕەوشێکی بەمجۆرەدا بن. بە شێوەیەکی چڕ لە هیند، ئێران، یۆنان و ڕۆما و شرۆڤە ئایینیەکانی چاخەکانی ناوین، وەك پێشکەوتنی فەلسەفی دەبینرێ. بە گوزارەیەکی ڕێکتر بیڵێین، ئیسلامیەت و مەسیحیەت، بە شێوەیەکی کارامەیی پشت بە سەنتێزی ئایدیۆلۆژیای سیستەمی کۆیلەداری (میتۆلۆژیا) و هزری فەلسەفی دەبەستن کە دواتر وەکو کاردانەوەیەك پێشکەوت؛ بە گۆڕانکاری و وەرچەرخانی پێویستی دا دەرباز دەکات و یەکانگیریان دەکات و وەکو ناسنامەی خۆی پێشکەشی دەکات. لێرەدا سەرچاوەی ڕەسەنی سۆمەریەکان لە ئارادا نییە. هەروەها ڕەوشێکی لە

جۆری لە دایك بوونی فەلسەفەی یۆنانیش لـە ئـارادا نییـە. تایبەتمەندێتیـەکی گرنگـی ئایـدیۆلۆژیای پێغەمبەران ئەوەیە.

گفتوگۆی فەلسەفی هەر دوو سیستەم گرێدراوی هەژاندنی بنەماکانی سیستەمە، کە بـاوەڕی لاواز بووە و دووچاری تێکدان هاتووە و جیاوازی هاتۆتە ئاراوە. پەنا بردنیان بۆ ئەرستۆ، سەرچاوەی خۆی لـە هێـزی پێکهاتەکـەی لۆژیـك دەگرێـت. ئەرسـتۆ گـەورەترین دەسـەڵاتە کـە تـاوەکو ئێسـتا پێکهاتـەی لۆژیك و هزرەکانی تێپەڕ نەکراوە. لە واقیعدا بەها مەزنەکەی ئەرستۆ لە بـە سیسـتەم کـردن و بـاس کردنی ئاستی ئەو هزرەدا شـاراوەتەوە کـە بەرهـەمی راسـتینەی کۆمـەڵگای مرۆڤایەتییـە. لـە لوتکەدا نوێنەرایەتی توانستی مەعریفی و هێزی بیرکردنـەوە دەکـات. هـەر کەسایەتی و سیسـتەمێك بخـوازێ لەمیانـەی زاراوە و هـزرەوە کـار بکـات، گەڕانـەوەی بـۆ سـەر راسـتینەی ئەرسـتۆ، بـۆ ئـەم ناوەڕۆکـەی دەگەڕێتەوە. هەروەکو بڵێی کۆمپیۆتەری چاخەکانی دێرین و سەرەتا و ناوینە.

لەم چوارچێوەیەشدا، کەسانی وەکو تۆماس ئەکوینی و ئیبن سینا و ئیبن روشـد، کـە لـە قۆنـاخی هـەنگاونان بـەرەو رووخـان خواسـتیان لەمیانـەی فەلسـەفەوە بـە هانـای ئاییـنـەوە بـێن، شـرۆڤەکاری ئەرستۆ گەرایی قۆناخی خۆیانن. ئەمانە تیۆلۆژییان خستۆتە نێو رەوشێکی ئاڵۆزتر. ئەوەی کە هەرە زێدە پێیـەوە خـەریك دەبـن، هـزری سـەلماندنی خودایـە لەمیانـەی لۆژیکـەوە. لێـرەدا بـە پێچـەوانەی لێکدانەوەکان، لە خوداوەند زیاتر هەوڵدەدرێ هەمیشەیی سیستەم بسەلمێنرێ.

ئـەوە ئاشـکرایە کـە سـەلماندنی خوداوەنـد لـە رێگـای لۆژیکـەوە لـە گەوهـەری خۆیـدا ئامـانجی رزگارکردنی سیستەمە. هەروەکو چۆن ئەرستۆ بە ئامانجی رزگارکردنی دەوڵەتی شار ـ هزری سیاسـی پێشخست، ئەوا تیۆلۆگەکانی (زانایانی خوداناسی) ئەو قۆناخەش لە رێگـای سـەرلەنوێ سـەلماندنەوەی هەبوون و یەکبوونی خودا، سیستەمی دەوڵەتی ئیسلامیەت و مەسیحیەت کە سێبەری خودان، لەسـەر زەوی دەسەلمێنرێن، پیرۆز دەکـرێن و بـەردەوام بـوونی دەخەنـە ژێـر گەرەنتیـەوە. ئەمـە چالاکیەکی رووکـاری بـەهێزکردنی ناسـنامەیە. هـەبوون و نـەبوونی خـودا، کێشـەیەکی نـەزانراو و بـێ واتایـە. هەرچـەندە وەکو راستیەکی مـەزن پێیـەوە خـەریك بـن و تەنانـەت تـاوەکو دواییـش باوەڕیـان بـەوە هەبێت کە ئەنجامی دەدەن، وەلێ ئەوەی لـە بـواری کۆمەڵناسـیەوە ئەنجامـدراوە، گفتوگۆیـە سـەبارەت بەوەی "سیستەمێکی زاڵ هەیە، ئەمە ئـەو تـاك سیسـتەمەیە کـە پێویسـتە هـەبێ یـان نـە؟". ئامـانج ئەوەیە سەرلەنوێ سیستەمی باڵادەست بکەنە خاوەن ناسـنامەیەکی ئایـدیۆلۆژی. پێویسـتە لـە بـواری کۆمەڵناسـیەوە شـیبکرێتەوە کـە بۆچـی تیۆلۆگـەکانی چـاخەکانی نـاوین هێنـدە بـە بایەخـەوە هەڵوەستەیان سەبارەت بە زاراوەی خودا (ئەڵڵا) کردووە.

له کتێبی تەوراتی پیرۆزدا بە شێوەیەکی زەق و بەرچاو ئاماژە بەوە دەکرێت کە چۆن حەزرەتی ئیبراهیم و موسا بەرلە هەموو تیرەکانی نیمچە دورگەی عەرەب، هەستیان بەوە کرد "ئەل EL" بە واتای خودای ئاسمان دێت و لە تیرەی عیبرانی خۆیان نزیك کردەوە، هەروەکو بڵێی کردیان بە موڵکی میللی، کردیان بە سەمبۆڵی ناسنامەی کۆمەڵایەتی خۆیان. ئەمەش ئەو شێوەبەندیە نوێیەی تیرە عیبرانیەکان نیشاندەدات کە لەمیانەی یەکبوونەوە پێی گەیشتن. ناویان لە "**ئەلۆهیم**" بۆ "**یاهۆڤا**" گۆڕی، بەم شێوە گونجاندیان. دواتر لەگەڵ بەهێزبوونی هەبوونی کۆمەڵایەتی، یاهۆڤاش بەهێز دەکرێت. هەروەکو چۆن تەواوی ئەو تایبەتمەندێتیە نوێیانەی کۆمەڵگا بەدەستی هێناوە رەنگدانەوەی خۆی لە خوداوەنددا دەبینێتەوە، ئەوا بە پێچەوانەوە خوداوەند یاهۆڤا بەردەوام دەبێتە سەرچاوەی متمانە و باوەڕی کۆمەڵگا بەخۆی.

تایبەتمەندێتی جیاواز لە خودای (رەب)ی عیسا رەنگ دەداتەوە. خودای عیسا تەنیا هی یەهودیەکان نییە، بەڵکو خودای تەواوی مرۆڤەکانە و خاوەنی هەڵوێستێکی یەکسانە، بۆیە دەکرێت بە ئومێدی رزگاری چەوساوەکان. کاتێك جیابوونەوەی چینایەتی کۆمەڵایەتی بەسەر ناوەڕۆکی خودا رەنگدەداتەوە، دەکەوێتە نێو رەوشێك هەروەکو بڵێی نوێنەرایەتی جیابوونەوەی چینایەتی دەکات. ململانێی نێوان عیسا و کاهینەکانی سیستەمی بەکرێگیراو رەنگدانەوەی خۆی دەکاتە سەر پێکهاتەی رەب، لە یاهۆڤای فەرمی جیا دەبێتەوە، دەگۆڕێ و دەبێتە خودا (رەب)ی تەواوی مرۆڤایەتی، لەنێو بوویەرەکانی تێکۆشانی کۆمەڵایەتیدا دەبێتە فۆرمیلە (هاوکێشە)یەکی ئایدیۆلۆژی. دەبێتە ئیلهامی مانیفێستۆی ئەو کۆمەڵگا نوێیەی بۆتە ئامانج.

ئەم قۆناخە لەلایەنی حەزرەتی مەحەمەد زیاتر قاڵکراوەتەوە. لەمیانەی فەلسەفەی ئەفلاتونەوە بەهێزتر کراوە و زاراوەی رەب ی تاکخودایی کە بنەما کۆمەڵایەتیەکەی بەهێزترە، لە ئەنجامی قەڵەمبازی حەزرەتی مەحەمەدەوە، تایبەتمەندێتی ئەو کۆمەڵگایەی دژی وەستاوە و تایبەتمەندێتی ئەو سیستەمە کۆمەڵایەتیەی خواستویەتی ئاوای بکات، پێ بەخشیوە، هەروەکو قورئانیش ئاماژەی پێکردووە نەوەد و نۆ سیفەتە، واتە لە رێی تایبەتمەندێتیەوە بەهێز دەکرێت. ئەمەش زاراوەیەکی بەهێزی ئەڵڵایە. لەم چوارچێوەیەدا لە زاراوەی سەرەکیەوە دیارە کە کۆمەڵگا نوێیەکە بەهێز دەبێت. خودا (ألله)ی خاوەن نەوەد و نۆ سیفەت، لە لایەنێکەوە بە واتای ئۆتۆپیا و مانیفستۆیەکە. بەردەوام هەرس کردن و باوەڕ پێهێنانی لەلایەن موئمینەکانەوە، بە مەبەست گرێدانیانە بە ئامانجی مانیفستۆیەکە. باوەڕهێنان بە خودا، باوەڕهێنانە بەو کۆمەڵگا نوێیەی کە چوارچێوەکەی دەستنیشانکراوە. کۆمەڵگای نوێ بە گوێرەی ئەم سیفەتە خوداییانە پێشدەکەوێ و زاڵ دەبێت. بە

گوێرەی زاراوەکانی رۆژگاری ئەمڕۆمان بە شێوەیەکیسەرکەوتووانە بەرنامەڕێژ و پراکتیزە دەکرێت و دەبن بە هێزی دەسەڵات.

هێڵە سەرەکیەکانی شیکردنەوەی کۆمەڵناسی سەبارەت بە شێوازی هزر و شێوەبەندی مەعنەوی چاخەکانی ناوین کە لە تەوەرەی خودا (الله)دا بووە بەمجۆرەیە. چەندە راستینەیەکی بە ئێشە کە هیچ تیۆلۆگێك (زانایەکی خوداناسی) هێزی ئەوەی لە خۆڕا نەدیوە ئاماژە بەم راستینە ساکارە بکات. تەنانەت لەمەش خراپتر ئەوەیە لە رۆژگاری ئەمڕۆشمان لەژێر ناوی زانست و کۆمەڵناسیەوە شیکردنەوەیەکی بەمجۆرە لە زانکۆکانی ئیلاهیات و کۆمەڵناسی ناخوێندرێ، ئەمەش راستیەکی پڕ لە ئێشە. تاوەکو ئێستا گفتوگۆ لە نێوان بانگەشەی تیۆلۆژیا "خودا هەیە، یاخود نە؟" کە مەسەلەکەی کردۆتە گرێکوێرە و هەڵوێستی نکوڵی قەبەی ماتریالیزمی کۆمەڵناسی بەڕێوە دەچێت. لە راستیدا ئەوەی پێویست بوو ئەنجام بدرێت، گەیشتن بوو بەو راستینەیەی کۆمەڵگا کە بنەمای گفتوگۆکەیە، بەمجۆرەش نەدەکەوتنە نێو گەمەی خۆ شاردنەوە. نابێ لە بیر بکرێ کە گەورەترین چەکی شەڕی خوداوەندەکان خۆ شاردنەوەیە، و بە دەمامککراوی خۆی نمایش دەکات و پەسند دەکات. بە بێ ئەملا و ئەولا سەرەکیترین لەیستۆکی تەواوی سیستەمە خوداوەندیەکان لەسەر بەندەکان بەمجۆرەیە و تاوەکو ئەم لەیستۆکە بە شێوەیەکی سەرکەوتووانە بەردەوام بێت، بەو واتایە دێت ئەو سیستەمەی نوێنەرایەتی دەکەن و هێزی لێ دەگرن و پێی دەبەخشن لەنێو گەرەنتی و پاراستندایە. کاتێك لەیستۆك تێك بچێت و دەمامك بەلاوە بنرێ، هەڵبەتە سیستەم وەکو راستینەی خۆی ئاشکرا دەبێت و ئەو کاتە ئاستەمترین قۆناخی بەردەوامکردنی سیستەمە. هەروەها پێویستە هیچ کاتێك لە بیر نەکەین، کاتێك دەمامکە ئایدیۆلۆژیەکانی سیستەمەکان بکەوێت، ئەوا هیچ هێزێك ناتوانێ لەسەر پێی خۆی رابگرێت و رۆژی خۆیان هاتووە.

تیۆلۆژیای **تۆماسی ئەکوینی** تا رادەیەك دەرفەتی هەنگاوێکی بۆ مەسیحیەت رەخساندووە؛ رێگا لەپێش پرۆتستانیەت، رێگای ریفۆرمیزە کردنی مەسیحیەت کراوەتەوە. ئەمە پێشکەوتنێکی زۆر گرنگە. رەوتەکەی دیکەی مەسیحیەت، واتە رەوتی موحافەزەکاری کە هەنگاو بە هەنگاو بەرەو کۆنەپەرستی دەچێ، هەوڵدەدات لە رێگای ئەنگیزسیۆن رێگا لەپێش رووخان بگرێت. سزای زۆر سەرسوڕهێنەر و تۆقێنەرتر لەوەی بەرامبەر عیسا پەیڕەو کرا، بەرامبەر راهیبە ریفۆرمخوازەکانی کلێسە و فەیلەسوفە علمانی و ئەو زانایانە پیادە دەکرێ کە تازە بە تازە پێشدەکەون. **Giordano Bruno** بە زیندوویی دەسووتێندرێ. دوای ئەوەی **گالیلۆ** لە ووتەی خۆی پەشیمان دەبێتەوە لە هەمان سزا رزگاری دەبێت. راهیبی چیکی **Jean Huss** بە زیندوویی دەسوتێندرێ. لەم قۆناخەدا بە

هەزاران کەس لە ئەندامەکانی تەریقەتە سۆفیگەراییەکان و سیحرباز و ئەوانەی ڕەوتی نوێی کڵێسە ئاوا دەکەن دەسوتێندرێن. دادگاکانی ئەنگیزسیۆن وەکو مەزنترین میکانیزمی لەناو بردن لە مێژوودا بەکار دەهێنرێ. تەواوی ئەمانەش لە رووکاردا بە ناوی خودا، لە گەوهەری خۆشیدا بەرامبەر بەو مرۆڤە ئازادانەی کە راپەڕیون و ئەو گەلانەی هێواش هێواش بە وشیاری نەتەوەیی گەیشتوون، بە ناوی پاراستن و رزگار کردنی دەسەڵاتی کڵێسە ئەنجام دەدرێت. هیچ کاتێك خوداوەندەکان پێویستیان بە پاراستن و رزگار کردن نییە، بە پێچەوانەوە سیستەمی فەرمانڕەوای کە چەندەی تەنگەتاو دەبێت زیاتر پەنا دەباتە بەر دەمامکی خودا و کەوتۆتە نێو ڕەوشێکی قێزەوەن، ئەم سیستەمە پێویستی بە پاراستن و رزگار کردن هەیە. بە تایبەتی لە ماوەی نێوان ١٠٠٠ تا ١٨٠٠ ی زایینی ئەوروپا لەنێو دژوارترین و بێ ڕەحمانەترین شەڕی بەرژەوەندی خوازیدا دەرباز بووە کە لەژێر ئەم جۆرە دەمامکانەدا بەڕێوە چووە. لەبەر ئەوەی لە دێرزەمانەوە ئەم لەیستۆکانە لە رۆژهەڵاتی ناوین بەڕێوە چووە کەم و زۆر یاساکانی دەزانرێ. گەرچی لەبەر ئەوەی ئەوروپا جاری یەکەمە ڕووبەڕووی ئەم شێواز و جۆرە شەڕانە دەبێتەوە، دوای ئەوەی دەکەوێتە نێو بنبەستبوونێکی مەزن و لەنێو شەڕە درێژ خایەن و خوێناویەکاندا مایەوە، توانیویەتی ڕاستیەکان ببینێ. پرەنسیپی علمانیەتی کە ئەوروپا لە ئەنجامی شەڕەکانی کڵێسە هێنایە ئاراوە، سەرچاوەی خۆی لەم هەلومەرجە سەخت و بێ ئامانەوە دەگرێت کە خۆ رزگارکردن لێی ئاستەمە. لە دوو لایەنەوە پێهەڵگرتن ئەنجامدراوە.

آ ـ ریفۆرمیزەکردنی مەسیحیەت، گوزارە لە بە نەتەوەیی بوونی کڵێسە و دیموکراتیزە کردنی دەکات. ئەم قۆناخەی کە لە ساڵانی ١٥٠٠ ی زایینی بەرەو سەرکەوتن چوو، بە دەوڵەتی هاوچەرخی دەستووری دیموکراسیانە ئەنجامگیر بوو. هەروەکو گەلێك نموونەی لەمێژوودا بینراوە پشت بەستنی ریفۆرم بە بۆرژاوازیەت وەکو چینێکی نوێی کۆمەڵایەتی، وەرچەرخانێکی ئایدیۆلۆژیە بەرەو پێش. ئەمە یەکێکە لەو هەنگاوە سەرەکیانەی کە لە ئەوروپا کۆتایی بە شارستانیەتی دەرەبەگایەتی چاخەکانی ناوین هێنا.

ب ـ قەڵەمبازی علمانی زانستیانە، نوێنەرایەتی ئەو بیرکردنەوە زانستیە دەکات کە تەواوی پەیوەندیەکانی لەگەڵ کڵێسە دەبڕێت. ئیتر ئەو تاکەی پشت بە زانست دەبەستێ، بە بێ ئەوەی پەنابباتە بەر هیچ خودایەك، هەوڵدەدات بە هێزی خۆی چارەنووسی خۆی دیار بکات. لە ڕاستیدا هەوڵ دەدات ببێت بە ئایینێکی نوێ، هەربۆیە دەتوانین بڵێین ڕێبازێکی ئایینی زانستی دیاریدەکات کە چەندین مەترسی لەناو خۆیدا حەشار داوە. یەکێك لەو لێشاوانەی شێوە بەم چەرخەمان دەدات ئەمەیە.

لەمیانەی زمانی نەتەوەیی و کلتوور و وێژە کە لە رێی ئەم دوو رەوتەوە پێشدەکەون، بە شێوازی نەتەوەیی و زانستی تاك هەڵدەکشێ. ئەو کۆمەڵگایەی بە شێوەیەکی زێدەڕۆیی خۆی پیرۆز کردووە بە خودایی، ئەمجارە بە پێچەوانەوە بە تەواوی لە پیرۆزی و خودایی دادەبڕێ و لەمیانەی ئەو تاکەی خۆی بە پیرۆز دادەنێ رێگا لەپێش سەرچاوەی هەڕەشە و مەترسیەکی دیکە دەکاتەوە یاخود کۆمەڵگا دەکەوێتە نێو مەترسیەوە.

کلێسەی بە شان و شەوکەت کە ژێر کەوتووە، بە ڕك و کینەوە پێشوازی لەو پێشکەوتنانە دەکات، بەڵام لەمیانەی خۆ گونجاندن بە گوێرەی پێشکەوتنە هاوچەرخەکان، درێژە بە وابەستەبوون و یادگاری ئەو عەزیز و عەزیزانە دەدات کە بە واتای بەهای ئێجگار مەزن دێن. سەبارەت بە گەیشتنی ئەو کۆمەڵگایەی بێ ویژدان بووە بە ویژدانێکی دروست هەوڵەکانی خۆیان نوێدەکەنەوە و درێژەی پێدەدەن.

لە سەردەمی ئیمپراتۆریەتی عەباسیەکاندا کۆمەڵگای ئیسلام بووە خاوەنی زانستی کلاسیك. ئەم شێوەیەی پشت بە شرۆڤەی مەزهەبی سوننی ئیسلامیەت دەبەستێ ئەو کۆمەڵگایەیە کە بۆتە خاوەن دەوڵەت و مۆرکێکی فەرمی. بە گوێرەی گەوهەرە ئایدیۆلۆژیەکەی ئیسلامیەت زوو بەرەو "**مۆنارشیەت**" دەچێ. ئەم ئەنجامە سروشتیەی زاراوەی ئەڵڵای حەزرەتی مەحەمەد، سوڵتانێکی بەهێز و توانایە. بە گشتی ئایدیۆلۆژیای تەواوی کۆمەڵگا چینایەتیەکان، لە ئەنجامی ئەو زاراوەیەی خودا کە لە گەوهەردا پێکیان هێناوە، سیناریۆی دەسەڵاتی سیاسی ئامادە دەکات. گەورەترین چەواشەکاری لە مێژوودا لە رێگای دەمامکەکانی خوداوەندەوە ئەنجام دەدرێت. هەروەکو مەزندە دەکرێ و لێکدەدرێتەوە، تەواوی چالاکیەکانی پیرۆزی و بە خودایی کردن و قووڵبوونەوە هزریەکان، لەپێناو دۆزینەوەی راستینەی مەزن و پیرۆز نییە. هەرچەندە باوەڕی پێ بهێنرێ و دەرکیشی پێ نەکرێت، بنەماکانی بەڕێوەبەرایەتی کۆمەڵگای چینایەتی تازە پێشکەوتوو ئامادە دەکات، هێزێکی مەعنەوی دەسەڵات دەخولقیندرێ. هیچ کاتێك بەبێ پشت بەستن بە باڵادەستیەکی بەهێزی هزری و مەعنەوی مرۆڤایەتی دەسەڵاتێکی سیاسی رەهای وشکی پەسند نەکردووە. بە وریایی و وردەکاریەوە خۆیان دەمامك دەدەن، بە تایبەتیش رووخسارەکانی خودا بە بنەڕەتی دەگیردرێت و رێگا لەپێش دەسەڵاتی سیاسی دەکرێتەوە و پێشکەش بە کۆمەڵگا دەکرێت.

سەرەکیترین کاری راهیبەکانی سۆمەر و میسر خوڵقاندنی دەمامکی خودایی ئەو دەسەڵاتە سیاسیانەیە کە پێشکەوتوون. ئەمە لە میتۆلۆژیەکانیاندا زۆر ئاشکرا و سەرنج راکێشە. لە کاتێکدا هیتیت و گریکەکان وەکو دووەمین کۆپیە بەرەو رۆژئاوای دەگوازنەوە، ئەوا هیندستان هەزار و یەك

ڕەنگی ئەم دەمامك كردنە پێش دەخات و دەبێتە پێشكەوتووترین بەرهەمهێنەری ڕۆژهەڵات و بەمجۆرە پێشكەشیان دەكات. خوڵقاندنی میتۆلۆژیا، ئاواكردنی خوداوەند، گرێدراو بەمە پێشخستنی ڕێوڕەسم، لە سەردەمی دەسەڵاتی كۆیلەداریدا گرنگترین شوێنگەیان هەبووە. هێزی چینی ڕاهیبەكان لەوەوە دێت كە ئەم كارە بە شێوەیەكی سەركەوتوانە ئەنجام دەدەن. هۆكاری بە كاریگەر بوونیان لە مێژوودا بۆ ئەو ڕۆڵە ژیانییەیان دەگەڕێتەوە كە لە ئاواكردن و بەردەوامكردنی دیاردەی دەسەڵاتدا بینیویانە. بەلاوەنانی ئەم ڕۆڵە سەرەكیە و پیرۆزكردنی خودایەكی تاقانە و نادیار، لە سایەیدا پێشخستنی گفتوگۆ و پێكدادان بە جۆرێك هەروەكو بڵێی واقیعییە، یەكێك لە چەواشە كاریە بنەڕەتیەكانە. ئەگەر ئەم چەواشەكاریە نەبێت، هیچ هێز و دەسەڵاتێكی ماددی و دەسەڵاتی سیاسی ناتوانێ بە شێوەیەكی رووت درێژە بە هەبوونی خۆی بدات.

باوەڕی پادشای خوداوەند كە دەمامكێكی سەرەكی سیستەمی كۆیلەداریە، تەنیا دەشێ لە سایەی پێكهاتەیەكی هزری، سەردەمی منداڵیتی مرۆڤایەتی فەراهام بكرێت. چەندەی چالاكی و كرداری بەرهەم هێنانی كۆمەڵگای چینایەتی گەشە بكات و پەیوەندی نێوان دەسەڵات و چەوسانەوە ئاشكرا بێت، ئەوەندە دەمامكەكانی خوداوەندیش ئاشكرا دەبن، پێویستی بە شێوەی نوێ و دەمامكی شاراوەتر دەبێت. دروست كردنی ئەم دەمامكانە بە ئەنقەست بە مەبەستی خەڵەتاندنی خەڵك نییە. ئەمە كلتوور یكی باوەڕییە. تەنانەت لەبەر ئەوەی تایبەتمەندێتی بەهێز و پیرۆزییان پێدراوە، هێزێكی ئەوتۆیان بەدەست هێناوە كە وەكو ڕاستیەكی مەزن لە هزردا بەجێ ببن. دەبێ بەباشی دەرك بەوە بكرێت لە سەردەمە سەرەتایی و دێرینەكانی كۆمەڵگای چینایەتی لە بواری هزریدا ڕەوشی مرۆڤایەتی بۆ ئەمە گونجاو و لەبار بوو. بەردەوام دەبێ ئەوە ڕەچاو بكەین كە بەڕێوەبردنی چەوسانەوە و فشاری سیاسی، لەمیانەی گەورەترین درۆوە و پێشكەشكردنی وەكو مەزنترین ڕاستی، یاسایەكی كۆمەڵگای چینایەتیە.

چاخی دەرەبەگایەتی لەمیانەی دەمامكەكانی خودای قۆناخی منداڵیتی مرۆڤایەتی بەڕێوە ناچێت. هەڵبەتە بنەڕەتیترین بانگەشەی پێغەمبەران و فەیلەسوفەكان ئەوەیە كە مرۆڤ نابێت بە خوداوەند. بەمجۆرە ئاشكراكردنی دەمامكەكانی خودایی زۆر گرنگ و بایەخدارە. ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە كە ڕەوشی هزری و وشیاری مرۆڤ زۆر بە باشی لەیستۆكەكەی ئاشكرا كردوە و لێی تێگەیشتووە. پێویستی بە زاراوەی نوێی خودا و شرۆڤە كردنی سروشت هەیە. پێغەمبەرەكان زاراوەی خودایان بۆ تاكخودایی كەم كردۆتەوە كە ئەویش لە شێوەی مرۆڤ نییە، بەڵكو ڕەنگدانەوە و یەكێتی هەموو هێزەكانی كۆمەڵگا و سروشتە، بەمڕەنگە بۆ ئەوپەڕی ئاسمان و بۆ شوێنێك بەرز كراوەتەوە

کە نازانرێ و بەمجۆرە نابینرێ. لەبەر ئەوەی شێوازی بەڕێوەبەرایەتی نەمرود و فیرعەون لەگەڵ خۆیاندا بەلاوە دەنێن، ڕەوش و بوویەرێکی مێژوویی جێگای باسە. مرۆڤایەتی هەوڵدەدات هەنگاوێك لە بەلای مرۆڤی ـ خواوەند، پادشای ــ خوداوەند، دوور بکەوێتەوە. نمایشکردنی گریان و فرمێسك ڕژاندن، خۆشەویستی، نیشاندانی عیبادەت کە بەرامبەر ئەو هەبوونانە نیشاندەدرێ کە ترسێنەر و تۆقێنەرن، بە ئامانجی ڕزگاربوونە لە بەلا. لەبەر ئەوەی لە چاخی نیۆلیتیکدا چەوسانەوە نەبوو، ئەم دیاردانە زیاتر ڕۆڵ و گوزارشتی سوپاس کردنیان هەبوو. هەرچی فەیلەسوفەکانن لەمیانەی دانانی خودا بە فاکتەری یەکەم، یاخود لە ڕێگای هەڵوێستێکی بەمجۆرەی کە لە هەموو گەردیلەیەکدا هەیە، دەیکەن بە بەردەوامی سروشت، بەمڕەنگە هەنگاوێکی دیکە هزری مرۆڤ بەرەو پێشەوە دەبەن و، مرۆڤ لە ترسی خوداوەند ڕزگار دەکات (لە دەسەلاتی بەڕێوەبردن و چەوسانەوە). پێشکەوتنی کۆمەڵگای چینایەتی و ڕزگاربوونی هزر لە قۆناخی مندالێتی، ڕۆڵیان لە پێشکەوتنی ئەم دوو ڕەوشەدا بینیوە. خودای نوێ پێویستی بە زاراوەی فەلسەفە و ئایین دەبینێ. نەریتی مێژوویی بەم جۆرە پێشدەکەوێ و بەردەوام دەبێت.

زاراوەی ئەڵلای حەزرەتی مەحەمەد ئەم قۆناخە مێژووییە لەخۆوە دەگرێت. کاتێ پێناسەیەکی خوداوەندی هەم زاراوەکانی خوداوەندی میتۆلۆژیای میسر و سۆمەریەکان هەم زاراوە فەلسەفیەکانی یۆنان و ڕۆما لەخۆوە نەگرێت، ناکەوێتە خزمەتی کۆمەلگای دەرەبەگایەتی. هەروەکو دەزانرێ مەحەمەد دەرك بە قوولایی ئەم ڕاستینەیە دەکات و لەنێو تەنگەتاوییەکی ئایدیۆلۆژی مەزندا دەژی، تەنانەت لە هۆش خۆی دەچێت و لەنێو ئارەقەدا دەمێنێ. کۆمەلگای دەرەبەگایەتی لە ئاستێکی پێشکەوتوودا لەنێو قووڵبوون و گەردوونی بووندا دەژی. ناسنامە ئایدیۆلۆژیەکەشی دەبێ بە گوێرەی ئەوە بێت. بە تایبەتی پێویستە زاراوەی خودا، لێهاتوو، جێگای باوەڕ، لە هەموو شوێنێك ئامادە بێت؛ دەبێ لە شادەمار زیاتر نزیکی مرۆڤ بێت. بەمجۆرە ڕێگای مەعنەوی دەسەلاتێکی دەرەبەگایەتی دەکرێتەوە. خولقاندنی فکری و ئایدیۆلۆژی ئەنجامدەدرێت. وەکو فێڵبازی و وردەکاری هونەری بەڕێوەبردنی چینایەتی، لە کاتێکدا خودا بە مەزنترین هێز ناودەبن کە لە ڕاستیشدا ڕەنگدانەوەیەکە، ئەوا دەسەلاتی دەرەبەگایەتیش بە سێبەری خودا ناو دەبەن، بەمجۆرە ڕەوشێکی بەرەواژوو کردن ڕوودەدات. ئەم ڕاستینە کە سوڵتان (دەسەلاتی دەرەبەگایەتی) بێت، ئەوا ڕەنگدانەوەکەشی خوداوەندە. کاتێك ناسنامەی کۆمەلایەتی بەمجۆرە هاوسەنگ دەکرێت، ئەو کاتە بەرامبەر بەم هەڵوێستە زانستیانە ڕوون دەبێتەوە کە گفتوگۆکانی سەبارەت خوداوەندی کە چەندین سەدە ئەنجامدران، ڕێگایان لەپێش ئەنجامی دیماگۆجیانە کردۆتەوە.

لێرەدا مەبەستمان بچووککردنەوەی زاراوەی خودا نییە، بە پێچەوانەوە واتای واقیعی خۆی پێدەبەخشین. زاراوەکان وەکو هەبوونێکی کۆمەڵایەتی هەر یەکە و راستیەکن و بە لایەنی کەم بە ئەندازەی ئابووری کاریگەریان هەیە. ناشێ بە بچووکی و هەرزان تەماشای پێشخستنی زاراوەی خودا بکرێت لەلایەن حەزرەتی مەحەممەدەوە. هەڵەکانی ماتریالیستە قەبەکان لەم بوارەدا، بە لانی کەم هێندەی ئەوەی ئایدیالیستەکان خراپەکارانەیە. نکوڵیکردنی ماتریالیستەکان لە خودا و بانگەشەی ئایدیالیستەکان وەکو فەرمانڕەوایەتی رەهایی خودا، هەمان ئەنجام لەگەڵ خۆیاندا دێنن و ئەوە چەواشە دەکەن کە لە رێگای هەڵوێستێکی کۆمەڵناسی لەنێو هەبوونەکانی کۆمەڵگادا واتای راستەقینەی خۆی پێبدرێت.

خوڵقاندنی بواری ئایدیۆلۆژی کۆمەڵگای دەرەبەگایەتی، لە خوڵقکاری کرداری ئاستەمترە و کارێکە پێویستی بە کارامەیی هەیە. ئەمەش وەکو جیاوازی نێوان منداڵ بوونێکی دروست و مەزن بوونە سروشتیەکەی وایە. دەمامکی خودایی کۆمەڵگای یۆنان کە نزیك لە مرۆڤ، کە لە مرۆڤ دەچێ، زێدە خوڵقکار نییە و زیاتر لە شێوەی فیدراسیۆنی تیرە دەچێت، ئەوا کاریگەری خۆی کردۆتە سەر بە دەوڵەت بوون و دیموکراسیەتی ئەسینا کە دواتر بەدی هاتن. هەرچی لە ئایینە تاکخوداییەکانە، لە مرۆڤی یەکجار بەهێزکراو و زاراوەی جیاوازی خودا، رێگای لەپێش کۆمەڵگای بە دەسەڵات و سەلتەنەت (میرنشینی)ی بنەماڵەکان کردۆتەوە. بە شێوەیەکی گشتی لە شێوە گرتنی کۆمەڵگا، بە تایبەتیش لە پێکهاتنی دەسەڵاتی سیاسی و دەزگاکانیدا، ناسنامەی ئایدیۆلۆژی رۆڵێکی سەرەکی دەبینێ. ئەمەش وەڵامێکی گرنگی ئەو پرسیارەیە "**بۆچی دیموکراسیەت و، کۆمار لەناو کۆمەڵگای ئیسلامدا پێش ناکەوێت؟**" ئەمەش بەو واتایە دێت تاوەکو ئەو ناسنامەیەی کۆمەڵگای ئیسلامیەت بەلاوە نەنرێت کە لەژێر سایەی ئەم پێکهاتە ئایدیۆلۆژیە شێوەی گرتووە، واتە تاوەکو علمانیەتێکی جێگیر بەدی نەیێت، بە سانایی دیموکراتیزە نابێت. هەروەکو چۆن علمانیەتێکی راستەقینە لەمیانەی شیکردنەوە و بەلاوەنانی ئەو ناسنامە ئایدیۆلۆژیە باوە دەبێت کە بە درێژایی مێژوو بەهێز کراوە و تاوەکو گەردیلەکانی کۆمەڵگا جێگیر بووە، ئەوا کۆمارێکی علمانی و کۆمەڵگا و سیاسەتێکی دیموکراتیش، گرێدراو بەمە ئاوا دەکرێت.

سەرباری ئەمە زاراوەی خودای حەزرەتی مەحەممەد، لە سەرەتا رۆڵێکی پێشکەوتووخوازی هەیە؛ خوڵقێنەر و بە وورژمە، هێزبەخشە و هاندەری پراکتیزەکردنە. لە بواری هزریشەوە هەڵکشانە. بە شێوەیەکی سەرکەوتووانە رۆڵی مێژوویی خۆی بینیوە. بەڵام کاتێك دەگاتە قۆناخی پێگەیشتن پێکهاتە کلتووریە فرە رەنگیەکان، ئەم زاراوەیە تەنگەتاو دەکەن. قەوم و گروپە ئەتنیکیە

خۆجێیەکان زاراوەی خودای کلتووری خۆیان لەمیانەی دەمامکی اللە پەردەپۆش دەکەن و درێژەیان پێدەدەن. تەواو قۆناخی خەڵەتاندنی خودا (اللە) دەستی پێکردووە. هەموو گروپێك بە گوێرەی ئاست و بەرژەوەندیەکانی خۆی زاراوەیەکی تایبەت بە خودای هەیە. لەگەڵ گروپی (مەزهەبی) فەرمی سوننی، ئەوا گروپە نافەرمیەکانی باتینی و سۆفیگەرایی بە شێوەیەکی بەرفراوان و هەرەس ئاسا بڵاودەبنەوە.

لایەنە رکابەرەکان لە سەرووی هەمووشیانەوە **فاتیمی** و **قەرمەتیەکان** بەرەو دەسەڵات ئاراستەیان گرتووە. گەلێك بیروباوەڕی لادەرانە دەردەکەوێ، سۆفیگەرایی پێشدەکەوێت. کاتێك کۆمەڵگا و دەوڵەتی ئیسلامی دەگاتە قۆناخی لوتکە، هەروەکو چۆن ئەرستۆ وەکو گەورەترین فەیلەسوفی رزگارکردنی کۆمەڵگا و دەوڵەتی یۆنانە، ئەوا فەیلەسوفە ئیسلامیەکانیش رووبەڕووی ئەرکی رزگارکردنی کۆمەڵگا و دەوڵەتی ئیسلام بوونەتەوە. ساڵانی نێوان سەدەی ١٠ تا ١٢ ی زایینی لەم بوارەدا پێشکەوتنێکی مەزنی بەخۆیەوە بینی. پێشکەوتن و گۆڕانکاریە ئاڵۆزەکانی بواری سیاسی و کۆمەڵایەتی، رەنگدانەوەی خۆی دەکاتە سەر پێکهاتەی ئایدیۆلۆژی سەرخان. وەکو ئەرستۆکانی کۆمەڵگای ئیسلامیەت، **ئەلکندی، فارابی، ئیبن سینا** و **ئیبن روشد** فەلسەفەیان بۆ نێو ئیسلامیەت دەگواستەوە. لێرەدا ئامانج سەلماندنی زاراوەی خودا نییە کە پێویست بە سەلماندنی هەیە، لە گەوهەری خۆیدا رزگارکردنی ئەو کۆمەڵگا و دەوڵەتەیە کە نیشانەکانی پەرتەوازە بوون تێیدا سەری هەڵداوە. گفتوگۆی مەزن، ئاماژە بە قەیرانی مەزن و چۆنیەتی بە پتەوی رزگاربوون لەم قەیرانە دەکات. لەهەر قۆناخێکی بەمجۆرەدا گەوهەری گفتوگۆکان وەکو یەکە. لێرەدا ئەوەی پێویستی بە رزگاربوونە خودی کۆمەڵگا و دەوڵەتە، نەك خودای نەبینراو و شاراوە. بەڵام چەندە زاراوەی خودا ببێتە جێگای باوەڕپێهێنان، بە تایبەتیش چەندە لەمیانەی لۆژیکەوە بسەلمێنرێ، هێندە بالابوونی ئایدیۆلۆژی بەدەست دێنێ، بەمجۆرەش خزمەتێکی مەزن بە مانەوە و بەردەوامبوونی دەوڵەت و کۆمەڵگا دەکات. فەیلەسوفەکان رۆڵی راهیبەکان دەبینن. لە راستیدا ئیسلامیەت بە گوێرەی مەسیحیەت هزرێکی فەلسەفی تیۆلۆژی پێشکەوتووتری خوڵقاندووە. ئیبن سینا بە ئەندازەی ئەرستۆ خاوەن شاکارە. توانست و هزری زانستی زۆر لە ئەوروپا لەپێشترە. هەروەکو چۆن لەم رۆژگارەدا پەڕاوە زانستی و فەلسەفیەکانی ئەوروپا وەردەگیڕدرێت، ئەو کاتە ئەوروپا پەڕاوە فەلسەفی و زانیاریە زانستیەکانی رۆژهەڵاتی وەردەگێڕا. هەروەکو چۆن لە رۆژهەڵات وەکو مەسیحیەت لە ئەوروپا هزری زانستی باڵانەبوو، ئەوا شێوازی هزری موحافەزەکارانەی ئیسلام ئەو دەسکەوتە زانستی و فەلسەفیانەی کە بەدیهاتبوون، بە کفر لە قەڵەمدا و رێی لێگرت و بە توند و تیژی وەڵامی دایەوە.

لەمیانەی **ئیمام غەزالی** و **ئەشعەری،** قۆناخی فەلسەفە دادەخرێت. سەدەی دوانزدەهەمی زایینی بۆ ئیسلامیەت بە واتای دەستپێکردنی قۆناخی موحافەزەکاری ئیسلامیەتە کە، دۆگما وشکەکان زاڵ بووە، باوەڕ بە ژێری نەماوە، گرێدان بە قورئان و سوننەتەکان وەکو تاکە رێگای زانست دانراوە. لەگەڵ ئەوەی رەوتێکی بەمجۆرە لە مەسیحیەتیشدا پێشدەکەوێ کە موحافەزەکار و ئەنگیزسیۆن پیادە دەکات، ئەوا زیاتر رێگای پێشکەوتنی سەربەخۆی ریفۆرمخوازی و ئاقڵمەندێتی کراوەتەوە. کاتێك ئیسلامیەت رێگا لەپێش پێشکەوتنی رێبازی ئاقڵمەندانە و ریفۆرمخوازی خۆی ناکاتەوە، دەکەوێتە ناو تاریکترین قۆناخە مێژووییەکانی خۆی. ئەگەر قۆناخەکانی پێشکەوتنی مێژوو هەڵسەنگێنین دەبینین کە کلتووری رۆژهەڵاتی ناوین لە ۱۰۰۰۰ ساڵ پ.ز تاوەکو ۱۲۰۰ ی زایینی رێبەرایەتی هەبوون و بەردەوامبوونی مرۆڤایەتی کردووە، لەم مێژووە بەدواوە ئەم رۆڵەی خۆی بۆ هەڵکشانی شارستانیەتی سەرمایەداری ئەوروپا بەجێ دێڵێ. لە راستیدا گرنگترین ئەرکی مێژوویی ئەنجامدانی شیکردنەوەی هەمەلایەن و بەرفراوانە سەبارەت بە فاکتەر و هۆکارەکانی ئەم رۆڵ گۆڕینەوەیە. بە هیچ شێوەیەك ئەم ئەرکە جێ بەجێنەکراوە. تەنیا لەمیانەی هەوڵی تایبەتی هەندێ لە مێژوو نووسانی رۆژئاوا (S.N.Kromer , Gordon Child) هەوڵدەدرێ ئاراستە و تێڕوانینی دەرهەق بە مێژوو بخرێتە سەر راستەڕێ. پاراستنێکی وشکی ئایین هیچ کاتێك سەرکەوتوو نەبووە. پاراستنی بالأبوونی سەردەمی رابردووش هیچ واتایەکی نییە. ئەوەی گرنگە هۆکارەکانی ئەم پاشکەوتنە مێژووییەیە و ئاشکرا کردنی ئەم قۆناخەیە لە هەموو بوارێکەوە.

ئاشکرا کردنی ئەو قۆناخە پاشڤەڕۆیەتی و موحافەزەکاریەی کە بە ناوی ئیسلامیەتەوە هاتە ئاراوە و سەرەتا لە بواری ئایدیۆلۆژیدا دەستپێکرد، ئێمە بەرەو رێگای راست دەبات. لەم سەدانەدا لە بواری دەوڵەمەندی ماددیی، پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و شارەکانەوە رۆژهەڵاتی ناوین لە ئەوروپا لەپێشتر و بالأتربوو. پاشکەوتن لەم بوارەوە نییە. لەلایەن ئەوروپاییەکانەوە رۆژهەڵاتی ناوین زۆر سەرنج راکێشە. هەمەرەنگی و دەوڵەمەندیەکەی نوێنەرایەتی بالأبوونی شێوەی ژیانەکەی دەکات. یەکێك لە هۆکارە هەرە گرنگەکانی پەلامارەکانی مەسیحیەت (سەلیبیەکان) بەهۆی بالأبوونی رۆژهەڵاتی ناوینە لەم بوارەوە. لە رەوشێکی بەمجۆرەدا دەبێتە ناچارییەك کە لە بواری ئایدیۆلۆژیدا لە هۆکارەکانی موحافەزەکاری و دواکەوتن بگەڕێین. لە سەدەی سێنزدەهەم دا ئەوروپا هەنگاوی گرنگ لە بواری زانستیەوە دەهاوێژێ؛ لە سەدەی چواردەهەمدا لە گۆرەپان و بواری ئاییندا دەست بە **قۆناخی ریفۆرم** دەکات. هەرچی سەدەی پانزدەهەمە سەردەمی دەستپێکردنی **رێنسانس**ە. لە کۆمەڵگاکانی ئیسلامیەتدا گۆڕانکاریەکی پێچەوانەی ئەمە لە ئارادایە. فێرگەکانی فەلسەفە بە

زەندیقی تاوانبار دەکرێن، دەرگا لەپێش اجتهاد داخراوە، ئەوانەی هزری نوێ پێشبخەن، سزا دەدرێن و بە ئەشکەنجەدا دەرباز دەبن. ئەوانەی بەدوای پێشخستنی هزری ئازاد و فەلسەفی بکەون وەکو **سوهرەوەردی** کەوڵ دەکرێن (١١٩٠ ی زایینی). بێباوەڕی بە زانست و ژیری یەکێك لە مەرجەکانی پتەوی بیر و باوەڕ دادەنرێت. فەیلەسوف و بیریار و بلیمەتانی وەکو **ئیبن سینا** و **فارابی** وەکو کافر مەحکوم دەکرێن. بۆ جاری یەکەمە لە رۆژهەڵاتی ناویندا قۆناخێکی پاشڤەڕۆیەتی و تەڵەکەبازی دەستپێدەکات کە مەترسیدارترین موحافەزەکاری هزری بەهادار و پیرۆز دەبینێ و بە هەموو جۆرێك دەرگای بە رووی زانیاری زانستی داخستووە، هزری سەربەخۆ و ئازادانەی مێشك بە کاری شەیتان لە قەڵەم دەدات، ئەزبەرکردنی قورئان و فەرموودەکان بە زانست دادەنرێ و تەنیا پشت بە گێڕانەوەی چیرۆك و زانیاری دەبەسترێ. هەروەکو چۆن ئەم بەخت رەشیەی رۆژهەڵاتی ناوین، واتە ئەم قۆناخە نوێیەی پاشڤەڕۆیەتی کە شایستەی رۆژهەڵاتی ناوین نییە، هۆکاری سەرەکی ون کردنی تەواوی مێژووە شکۆدارەکەی و هزرەکەیەتی، ئەوا بە واتای دەستپێکردنی بێ مێژوویی و ون کردن و دواکەوتنی بەردەوامە، کە دواتر پێشدەکەوێت.

هەڵسەنگاندنی ئەم قۆناخە وەکو گەورەترین ئافاتی کۆمەڵگاکانی ئیسلام و رۆژهەڵاتی ناوین لە جێگای خۆیدا دەبێت. ئەمە قۆناخێکە کە گەورەترین خیانەت لە کلتووری ئەو جوگرافیایە دەکرێت، کە نزیکەی ١٥٠٠٠ ساڵ لە ئاستی پێشەنگایەتیدا بەهای بۆ مرۆڤایەتی خوڵقاندووە، چاخی نوێی کردۆتەوە، شارستانیەتی دەستپێکردووە، هەروەها نکوڵی لە مەزن بوونەکەی دەکرێت و هەروەکو بڵێی لە گۆڕنراوە. تەنیا گۆڕستانە سەرسوڕهێنەرەکانی میسر و سۆمەریەکان گرنگ و جێگای بایەخ نییە؛ لەم قۆناخەدا گۆڕستانی پڕ بە ئێش و درێژخایەنتری کلتوورە شکۆمەندەکان لە رۆژهەڵاتی ناویندا دەستپێکرد؛ گۆڕستانێکن تاوەکو ئەمڕۆ نەزانراوە چی تێدا ژێرخاك کراوە.

ئەگەر لە چوارچێوەیەکی گشتیدا تەماشای مێژووی رۆژهەڵاتی ناوین بکرێ، دەبینرێ کە ئیسلامیەت رۆڵێکی پێشکەوتنی سنوورداری بینیوە. بەهایەکی خوڵقکارانەی ئەوتۆی نییە. لە بواری ناسنامەی ئایدیۆلۆژیەوە دەتوانرێ وەکو سێیەمین جۆر و شێوەی سۆمەریەکان شرۆڤە بکرێت. لە بواری هەنگاونان لە فرە خوداییەوە بۆ تاکخودایی، میتۆلۆژیا بۆ ئایین، کشتوکاڵ بۆ بازرگانی، لە کۆیلایەتیەکی وشکەوە بۆ کۆیلایەتیەکی نەرم کراو، لە تیرەگەرێتیەوە بەرەو بەرزبوونەوەی قەوم، ناتوانرێ لە پێشکەوتنی شارستانیەتدا نکوڵی لە رۆڵەکەی بکرێت. بەڵام تەواوی ئەم دیاردانە پێشتریش لەناو پێشکەوتن دا بوون. شتێکی تازە خوڵقێنراو لە ئارادا نییە. زاراوەی "**هەبوون و یەکبوونی خودا، نێردراوی پێغەمبەر**" کە جێگایەکی مەزنی بۆ تەرخانکراوە، دیاردەیەکن کە زۆر

پێشتر کراونەتە زاراوە و بە دەزگا کراون، لەناو داب و نەریتی کۆمەڵگا و هزری مرۆڤدا جێگیر و زاڵ کراون. ئەوەی ئیسلامیەت لە بواری ناسنامەی ئایدیۆلۆژیەوە ئەنجامیداوە، لەمیانەی شێوازەکانی شۆڕشەوە خێرایی و هێزی بە شارستانیەتی دەرەبەگایەتی داوە کە تاکەکانی بوونەتە سەپان و ڕەنجدەری خاك بە ناوەند دادەنێت. لێرەدا چەندی بڵێی ئیسلام سەرکەوتووە. ڕۆڵی ئیسلامیەت لە خێرایی بوونی دەرەبەگایەتی، ڤاڵبوونەوە، بوونی بە خاوەنی هێز و دام و دەزگا و ئەنجامدانی بڵاوبوونەوە و پەلهاوێشتنێکی گەردوونی مسۆگەرە. تەنانەت ئەو هێزەی ڕۆڵێکی دیاریکراوی لە ناچارکردن و وروژاندنی ئەوروپا و هیند و چین بینی کە شارستانیەتی دەرەبەگایەتی پێشبخەن، ئیسلامیەتە. بە گوێرەی گوزارشتێکی گشتی، ئیسلامیەت باشترین هێزی ناردنی (**تصدیر**)ی دەرەبەگایەتییە. بێگومان لەبەر ئەوەی ئایینی بازرگان و پیشەکار و جووتیارانە، بۆ بینینی ئەم ڕۆڵە دەیوروژێنێ و لەبارە. هێندە بەرزکردنەوەی چەمکی جیهاد و پیرۆزکردنی شێوازەکانی ڤەبوون (فەتح) کە لە داگیرکاری بەولاوە واتایەکی دیکەی نییە؛ ئەگەر بمرێ شەهید دەبێ و یەکسەر دەچێتە بەهەشت، ئەگەر وەکو کەم ئەندام بمێنێ وەرگرتنی زۆرترین بەشی دەسکەوتەکان، لە نزیکەوە گرێدراوی هەناردنی (تصدیر)ی دەرەبەگایەتییە.

هەرچەندە لە یەکەمین قۆناخەکانی دەرکەوتن تاوەکو قۆناخی پێگەیشتن ماوەی نێوان سەدەی حەوتەم و دەیەمین ئەگەر وەکو قۆناخی بڵاوکردنەوەی شۆڕشی دەرەبەگایەتی هەڵسەنگێندرێت، ئەوا تەواوی قۆناخەکانی دوای ئەوە پەلامارەکانی تاڵانکاری و شەڕە بەرژەوەندیخوازیەکانی ئەو تەواوی قۆناخەکانی دوای ئەوە پەلامارەکانی تاڵانکاری و شەڕە بەرژەوەندیخوازیەکانی ئەو ئەمیر و بنەماڵانەیە کە هیچ ڕۆڵێکی پێشکەوتنخوازانەیان نەبووە. لە سەدەی دوانزدەهەم بەدواوە ئەم قۆناخە بە تەواوەتی دەبێت بە ئافاتێك پیرۆزی و مەزنایەتی ئایین لە قۆناخەکانی دەستپێکدا، لەپێناو بەرژەوەندی تاکە کەسی ئەو میر و بنەماڵەی ڤێزەوەن، وەکو ئامرازێك بەکاردەهێنرێ. لە کاتێکدا سوننە دەبێتە مەزهەبی فەرمی و هەرە موحافەزەکار، ئەوا عەلەوی وەکو ئەو مەیلە ئایینیە پێشدەکەوێ کە پەیوەندی خۆی لەگەڵ بەها کلتووریەکانی گەلان نەپچڕاندووە، زیاتر مەیلی چەوساوەکان و زەحمەتکێشان و بەرخودانڤانەکانە. چەندین مەزهەبی باتینی بەرامبەر بە زۆرداری و ساختەکاری دەردەکەون. جارێکی دیکە سۆفیگەرایی بەهێزدەبێت. لە ڕاستیدا لەگەڵ ئەوەی تەریقەتگەرایی چاخە سەرەتاییەکان، سۆفیگەرایی کاردانەوەیەکی بەرامبەر بەو ئایینە فەرمیانە بوون، لەهەمانکاتدا لە بواری داخراوبوون، لە جیاتی جیهانی ماددی ئومێد گرێدان بە دەسەڵاتی مەعنەوی ئاخرەت واتە دونیای دیکە، بەمجۆرە ئایدیالیزمی بەخێوکردووە. ئەمانە ئەو گروپ و

لێشاوە پاسیفانەن کە دوای لاوازبوون و ژێرکەوتن، پێشکەوتن و لە گروپە چەپەکانی رۆژگاری ئەمڕۆمان دەچن. شیعەگەرایی ئێران و فاتمیەتی میسر ئەو شێوەیەی عەلەویەتن کە گەیشتونەتە دەسەڵات و سیستەمی دەوڵەتیان ئاواکردووە، لەوە دوورن کە ریفۆرمێکی ئیسلامی جێگیر پەرەپێبدەن. جگە لە چەمکی تەسکی "**ئەهلی بەیت**" پرۆگرامێکی سیاسی و فەلسەفەیەکی پێشکەوتوو لە بنەماکانی ئایدیۆلۆژیایان نابینرێ. بانگەشەیەکی ئەوتۆیان سەبارەت بە نوێنەرایەتی کردن و خوڵقاندنی بنگەیەکی نوێی کۆمەڵایەتی نییە. تەنیا بە گوتنی "**ناهەقی بەرامبەر بە ئەهلی بەیت کرا**" ریفۆرم ئەنجامنادرێ؛ هۆکارە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی ئەو ستەمکاریە شیناکرێتەوە. هەربۆیە سەرەڕای ئەوەی پشت بە زەمینەیەکی چەوساوەکان و مافدار دەبەستێ، پێشکەوتنی عەلەویەکان لە ئاستی ریفۆرمخوازی مەسیحیەکان دا نییە. هێندە گشتگیر و بەرفراوان نییە کە ئەو رۆڵە پێشکەوتووخوازانەیەی چاوەڕوانکراوە ببینێ. مەیلێکە پڕ لە سۆز، کاتێک دەسەڵاتیش بگرێتە دەست دیسان گرێدراوی هەمان قاڵبی کۆمەڵایەتی ـ ئابووری دەبێت، لە بواری سیاسیەوە جیاوازی لەخۆوە ناگرێت، دەتوانرێ لەبەرەی چەپڕەوەکان دابنرێت.

هەربۆیە شەڕی نێوان ئایینزاکان کە بە سەدان ساڵ بەردەوام بوو لە خوڵقاندنی رەوشێکی پارچە پارچەیی و لەدەستدانی هێز و بنبەستبوون بەولاوە، رێگای لەپێش ئەنجامێکی دیکە نەکردۆتەوە. بە شێوەیەکی گشتی ئەو ئیسلامیەتە سنووردارەی کە هەیە، تەنیا بە شێوەیەکی پاشڤەرۆیی نامێنێتەوە؛ بەڵکو لە بواری سیاسیشدا دووچاری رەوشێك دێت کە پارچە پارچە بووە و بۆتە مەیدانی شەڕێکی کوێرانە و خوێناوی. بەهۆی ئەم ئاڵۆزیەوە ئابووری و دەستکاری زێدە پێشناکەوێت. لە کاتێکدا بازرگانی ئەوروپا کە بەرەو بازرگانی سەرمایەداری (مارکانتیلیزم: بازرگانی بازاڕی ئازاد) هەنگاوی هاوێشتووە و بەرەو خوڵقاندنی چینی بۆرژوا هەنگاو دەهاوێژێ، لە کۆمەڵگا ئیسلامیەکاندا بازرگان خۆی لە زێدە بەها ئاڵاندووە و بووە بە چینێکی پاشڤەڕۆ. ئەو رژێمە میرییانەی کە لەسەر خاکە بە پیتەکان ئاواکراون دەرفەت بە دەرەبەگایەتیەك نادەن لە نێو ئاساییشدا بێت، بەردەوام دەرەبەگایەتی ناوەندی بەهێز دەکەن، هەر لە سەرەتاوە بۆرژوازیەتی شار خەفە دەکەن و دەیخنکێنن. لەبەر ئەوەی چینێکی بۆرژوا پێشنەکەوتووە تا وەکو ئەوروپا پێشکەوتنی ناوەندیبوون پارسەنگ بکات، بۆیە پاشڤەڕۆیەتی زیاتر دەبێتە ناچاریەك. دوای ئەوەی فەتح لە ئارادا نامێنێ، ناوەندیبوون کە پشت بە فەتح دەبەستێ، دەبێتە دەزگایەکی بێ واتا و گەندەڵ، لەنێو تەواوی کۆمەڵگاکانی ئیسلام و رۆژهەڵاتی ناوین بە ستاتۆی دەزگایەك دەگات کە لە بنەوانیەوە کەوتۆتە ناو پاشڤەرۆیەتیەوە. ئیتر سەڵتەنەت وەکو سەرچاوەی نەخۆشیەکان لە هەناوی هەموو کۆمەڵگاکاندا دەمێنێتەوە. نەخۆشیەکە

بەردەوام گیان دەخوات و دەیرزێنێ! لە بواری ئیسلامیەتیشدا ئیتر گرێدان بە ئایدیۆلۆژیا و پرەنسیپ نەماوە. شێوازی بێزەنتیەکانی کە هەموو شتێك وەکو لەیستۆك و تەڵەکەبازی دەسەڵات دەنرخێنێ، قۆناخێکی هەرە گەندەڵ جێگای باسە. ماوەی نێوان سەدەی دوانزدەهەم و پانزدەهەمی زایینی قۆناخی لە لوتکەوە چوونە بەرەو رووخان.

قۆناخی سەدەی پانزدەهەم تاوەکو سەدەی بیستەم دەتوانرێ لە مێژووی کۆمەڵگاکانی ئیسلامدا بە قۆناخی شەوەزەنگ هەڵسەنگێنرێ. لە هیچ بوارێکدا نیشانەکانی پێشکەوتن دیار نییە. هەموو تایبەتمەندێتیەکانی لە لوتکەوە چوونی بەرەو رووخان، دەرکەوتۆتە روو. زاراوەی نەفرەت کردن کە بە چڕی لە کتێبە پیرۆزەکاندا هەیە، سەرتاپا تەواوی دەزگا و هزرەکانی گرتۆتەوە. تراژیدیترین ناکۆکی دەرکەوتۆتە مەیدان. لەمیانەی (نفی النفی) بەرەو قۆناخی هەرە بە ئێش و بەکاربردن چووە. ئەو بیرۆکانەی (تێزەی) کە بە واتای بەلاوەنانی ئەو پاشڤەرۆتیانە دێت کە بە هەزاران ساڵ لە پێکهاتەکانی کۆمەڵگا و هزر و دەزگاکاندا جێگیرکرابوو و بە واتای خولقاندنی نوێتر دەهات، لەلایەنی هێزەکانی (دژە تێز) مەحکومی قۆناخی ژێرکەوتن و پووکانەوە و بێ واتابوون دەبێت.

لێکدانەوە و بۆچوونێکی بەمجۆرە کورت دێنێ ئەگەر بڵێین ئەم قۆناخەی رۆژهەڵاتی ناوین تەنیا سەرچاوەی خۆی لە ئیسلامیەتەوە دەگرێت. پێویستە ئەمە بە هۆکاری قووڵترەوە گرێبدرێت. شێوەی کلتوور و شارستانیەتێك چەندە رەگ و ریشەی خۆی لە قووڵایی داکوتابێت، ئەوا بەو ئەندازەیەش دەرکەوتنی کلتوور و شارستانیەتی نوێ و دژبەر، هێندە ئاستەم دەبێت. خاك و خوێنی تازە بۆ نوێبوونەوە پێویستە. ئەگەر نموونە هێنانەوە پێویست بکات، کلتووری **ماگدەلیان**ی (تاوەکو ١٠٠٠٠ ساڵ پ.ز) کە بە رێژەیەکی هەرە زێدە کۆمەڵگای ماڵیکردن و کۆکردنەوە پێشیان خستووە، لەو هەرێمەی فەرەنسا و ئیسپانیای رۆژگاری ئەمرۆماندا دەبینرێ. سەرەڕای ئەوەی بە شێوەیەکی بنەڕەتی بە قۆناخی سەرەتایی پالیۆلیتیکدا دەرباز بووە، وەلێ ناتوانێ دەربازی نیۆلیتیك ببێت. جگە لە هەندێ هۆکاری دیکە، بەڵام گرنگترینیان ئەوەیە کە کلتووری پالیۆلیتیکی قۆناخی سەرەتایی هەلومەرجێکی بەمجۆرەی نییە کە نکوڵی لەخۆی بکات. دینامیکیەتی ناوخۆی و دەوروبەرەکەی تایبەتمەندێتیەکی بەمجۆرەیان نییە کە ئەمە تێپەڕ بکەن. بۆیە ناچاریە کە لەمیانەی کاریگەریەکانی دەرەوە تێپەڕ بکرێت. هەروەکو چۆن یەکێك عاشقی خۆی بێت، خۆی باڵا دەبینێ، لەخۆی رازیە، خۆی لەگەڵ کەس ناگۆڕێتەوە، ئەوا کلتوورێکیش کە بە قولایی و بۆ ماوەیەکی دەم درێژ خۆی بژێنێ و تاوەکو دوایی لە ناواخنی خۆیدا هەرسی کردبێت، تا رادەیەك خۆی بە سەنتەر ببینێ کە بیر لە هیچ هەبوونێکی دیکە ناکاتەوە، ئەوا ئەو هێز و کلتوورەی ناچاری گۆڕانکاری دەکات،

دەبێ لە دەرەوە کاریگەری لێبکات. بەمرِەنگە هەڵوەشانەوە و نوێبوونەوە دەبێتە میراسی دینامیکی هێزەکانی دەرەوە.

لە رۆژهەڵاتی ناویندا بەرِێوەچوونی قۆناخی نیۆلیتیك بە قووڵایی و بۆ ماوەیەکی درێژخایەن؛ لە نزیکەوە گرێدراوی کلتووری ئاژەڵداری، دانەوێڵە، جوگرافیا و کەش و هەواکەیەوە هەیە. دۆڵەکانی نیل و رافیدەین کە لە تەنیشتیەوە، وەکو دووەمین نەوەی جوگرافی خاوەن هەلومەرجێکی لەبارن بۆ ئەوەی سیستەمی کۆیلەداری وەکو ئەلتەرناتیڤێکی نیۆلیتیك پێشبکەوێت. ئەمەش دەبێتە شانس و دەرفەتێکی مێژوویی. دوو چاخی مێژوویی بۆ ماوەیەکی درێژ یەکتری تێر دەکەن و بەیەکەوە دەژین. ئەو بابەت و لایەنەی پێویستە سەرنج بدرێ ئەوەیە کە لە ناواخنی یەکتردا، لە هەناوی یەکتردا دەرناکەون. شرۆڤەکانی دیالیکتیکیانەی هاوچەرخ سەبارەت بە مێژوو لە جێگای خۆیدا نییە کە دەڵێن، سیستەمەکان لەسەر هەمان بنچینەی یەکدی، لە هەناوی سیستەمەکەی دیکە دەردەکەون. تێرِوانینەکان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە ئەمە زیاتر لەسەر بنەمای کاریگەری دەرەوە پێشکەوتووە. مسۆگەر سیستەمی کۆیلەداری سۆمەر لەو شوێنانە پێشناکەوێت کە ناوەندی نیۆلیتیك بوون و شانبەشانی کاریگەری بەهێزی نیۆلیتیك بەسەریدا، ئەو شوێنەی کۆیلەداری لێ دەرکەوتووە، ناوچەیەکی زەلکاوییە دواکەوتووترین تیرەکانی کۆکردنەوە (بەروبووم کۆکردنە) تێیدا دەژیان. ئەم ناوچەیەی کە بە میزۆپۆتامیای خواروو ناودەبرێت، بە هیچ شێوەیەك نیۆلیتیکی نەناسیوە، کلتووری تیرەی سەرەتایی تێپەرِ نەکردووە، رۆڵی خاکی دەست لێنەدراو دەبینێ.

کاتێك بەهاکانی کلتووری نیۆلیتیك لەگەڵ ئەو زەویانە بە یەکتر بگەن کە بۆ ئاودێری گونجاون، سیستەمێکی نوێی کۆمەڵایەتی دێتە ئاراوە. رەخساندنی زەمینەی دوو کلتووری مێژوویی تەنیشت بەیەك لە لایەن میزۆپۆتامیای سەروو و خواروو، دەرئەنجامێکی شانسە. ئەو شانسەیە کە دەبێتە لانکەی بە پیتترین شارستانیەتی مێژوو، مێژوو دەخولقێنێ. شارستانیەتی دەرەبەگایەتیش، دیسان لە هەرێمی دیکە، لە دەرەوە، لە ناوەندی شارێکی بیابان دەردەکەوێ، کە بەرهەمی بازرگانییە و کاروانسەرای چوارڕیانە. لە دەوروبەری میزۆپۆتامیا و نیل شارستانیەتی دەرەبەگایەتی ناتوانێ دەربکەوێت. چونکە کلتووری ئەم هەرێمە، کە تا دوایی لەخۆی رازییە، تاوەکو سەر ئێسقان کەوتۆتە ناو شێوازی هزر و ژیانی کۆیلەداری و فێری دەزگاکانی بووە، ناتوانێ لە هەناوی خۆیدا سیستەمێکی نوێ بخولقێنێ. لەناو هەمان سیستەمدا دەتوانێ بە نێو قۆناخەکانی پێشکەوتندا دەرباز بێت. سیستەمە نوێ و جیاوازەکە، لە دەرەوە پێشدەکەوێ، کاری تێ دەکرێ و کاریگەر دەبێت. ئەمەش بە گوێرەی یاسای (نفي النفي)یە کە یاسایەکی پەرەسەندنی مێژووە. ئەو گۆرِەپان و ناوچەیەی سیستەمی

نوێی تێیدا سەرهەڵدەدات، هەروەکو هێزی تەقینەوەی چەك و تەکنۆلۆژیایەکی نوێ، ناوچەکانی پێشوو کپ و بێ دەنگ دەکات. واتە لەلایەنی نوێکەوە، کۆن رووبەرووی پەلامار دەبێتەوە و دەخرێتە ژێر باری ئاگرەوە و تێکدەشکێنرێ و بەلاوە دەنرێت.

دوای ئەوەی ئیسلامیەت وەکو سێیەمین قەڵەمبازی مەزنی رۆژهەڵاتی ناوین رۆڵ دەبینێ، هەروەکو بڵێی مێژوو پشتی لێ دەکرێت و لەبیر دەکرێت، بە واتایەکی دیکە دووچاری نەفرەت و خیانەت دێت و دەستی لێبەر دەدرێت. ئەمە زۆر خەمناکە، بەڵام ئەنجامێکە دەرکی پێ دەکرێ. پێشبینی حەزرەتی مەحەممەد سەبارەت بەوەی دوا پێغەمبەرە، زۆر واتادارە. هەروەها مەسەلەی زیندوو بوونەوەی لە رۆژی مەعشەر و دەرکەوتنی مەحەممەد بۆ پاڕانەوە و لێبوورین، پەیوەندی بەمەوە هەیە.

خاکێکی زۆر خۆشەویست بێت، هەندێ جار پێویست دەکات نەکێڵدرێ و چاندنی تێدا نەکرێت. دارێکی رزیوو بێت دەبێ یەکی نوێی لە شوێنیدا بڕوێنی. شتێکی زۆر بەکار بهێنرێت کۆن دەبێت. دوای ئەو تەقینەوەیەی بیابان زەویەك نەماوە کە بەها بخوڵقێنێ و بەرهەم بێنێ. هەموو دەرهاوێشتەکانی شارستانیەت دەرکەوتووە، تەواوی ئەو هێز و توانستەی خاك مژراوە کە بۆ مژین لەبار و گونجاوە. دایك بەساڵاچووە، لە رەوشێکدایە ناتوانێ شیر بەرهەم بێنێ. لە رەوشێکی وەهادا نییە کە لە رێگای شرنقەیەکی نوێ یاخود مێردێك، بەرهەم بێنێتەوە. تەواوی ئەو منداڵانەی بەرهەمی هێناوە لە توانایدا بووە، لەمیانەی شیری زەوەندی خۆیەوە بەخێویان بکات، ئیتر کاتی ئەوە هاتووە دووبارە بگەڕێتەوە ناو خاکی خۆی. هەر چیەك بۆ خێزانی مرۆڤایەتی پێویست بووبێت، ئەم دایکە ئەو خاکانە، بەرهەمیان هێناوە و بە شێوەیەکی سەرکەوتووانە بەهەر چوار لای جیهاندا بڵاو یان کردۆتەوە. بوونەتە هابیل و قابیلی ئادەم و حەوا، کە شوانکار و جووتیار بوون. بوونەتە چوار کوڕەکەی نوح، بوونەتە چوار نەژاد و رووی زەمینیان لەپێش شارستانیەت کردۆتەوە؛ کشتوکاڵ، دانەوێڵە، ئاژەڵ ماڵیکردن، گوند، شار، چین، دەوڵەت، خودا، تەواوی پیشەکان، کتێبە پیرۆز و پێغەمبەرەکان، وێژە و هونەرەکان، مۆسیقا، بیناسازی، چەك، رێگا و هەموو شتێکیان خوڵقاندووە کە بۆ مرۆڤایەتی پێویستە، ئەمانەیان بەخێو کردووە و بەدیاری پێشکەشی هەموو لایەکیان کردووە. ئەمانە هەمووی ماندووی دەکات. رۆژهەڵاتی ناوین، کلتووری دایکی زایین، ئیتر بۆ پشت پەردە دەکێشێتەوە، لەوانەیە بۆ گۆڕستان بێ، کێ دەزانێ لەوانەیە بۆ سەرلەنوێ خوڵقاندنی شارستانیەتێکی زیندوو و هەمە رەنگ ئاوا دەبێ و پاشدا دەکێشێتەوە، دەخەوێ و دیسان سەرلەنوێ هەڵدەستێتەوە، رێنسانسێکی شایستەی رابردووەکەی ئەنجام دەدات.

تەواوی ئەم بەڵگانە نیشاندەدەن کە تەواوی ئەنجام و هۆکارەکانی دواکەوتن و رزین ناخەینە سەر ئیسلامیەت. بەڵام دیسانیش ئەو کۆمەڵگایانەی لەبن شێوەی ئیسلامیەتدان هەروەکو بڵێی دۆڕاون و رووبەڕووی رزین بەجێ هێڵراون. بە شێوەیەکی بەرەڵایی بن پێ دەکرێ، یاری بە کەرامەتەکەی دەکرێ، واقی وڕماوە و پەشۆکاوە. راهیبە مەزنەکانی میتۆلۆژیایان خولْقاند، پێغەمبەرە مەزنەکانی ئایینیان خولْقاند، سەرجۆنە بە شان و شکۆکانی ئیمپراتۆریەتیان ئاوا کرد، تەواوی ئەو خوداوەندە ژنانەی مێژوو دەیانناسێ، ئەوانەی تا دوایی ستەمکارییان کردووە، شاعیرەکان، ئەوانەی باشترین ئاسوودەیی مۆسیقایان بەخشیوە، ئەوانەی بۆ یەکەمجار داستانیان نووسی، خاوەن گەورەترین ویژدانەکان، لەنێو ئەم کلتوورەوە سەریان هەڵدا، تێیدا ژیان، مردن، چەندین جار سەرلەنوێ لە دایك بوونەوە، بۆچی بە شێوەیەکی بەهێزتر و دەوڵەمەندتر و فرە رەنگ هەمە رەنگی شین نەبێتەوە؟

بە راستی ئەگەر مێژوو پڕ لە پەند و ئەزموون بێت، لە رەوشێکی بەمجۆرەدا سەرەکیترین ئیش و کاری پێویستە بکرێت ئەوەیە کە بە شێوەیەکی راست دەرك بە هۆکارەکانی نەفرەت و رزین بکرێت. ئەگەر هیچ گومانێك لە نەخۆش بوون نەبێت، ئەوا سەرەتا پێویستە نەخۆشیەکە دەستنیشان بکرێت، نەك شرنقەی لێبدرێت و خۆراك و دەرمانی پێبدرێت.

بەر لە هەموو شتێك پێویستە بەباشی دەرك بەم مەسەلە و بابەتانە بکرێت: هزری میتۆلۆژی رۆژهەڵاتی ناوین پارچە پارچە بووە. لە مێژە ئایینی لەدەستداوە. هیچ کاتێك نەبۆتە خاوەن زانست. هەروەکو بڵێی لەژێر منارەی بابل سەرلەنوێ دیالۆگی کەڕەکان زیندوو بۆتەوە کە بە هەموو زمانێك قسە دەکەن و لە یەکدی تێناگەن. دیمەنێکی چەندە بە ئێش و ئازارە. ئێرانی سەفەوی لە رۆژهەلاتی رۆژهەڵاتی ناوین، عوسمانیەکانی ئەنادۆڵ لە رۆژئاوا، ئەو ئەکتەرە لاوەکیە بێ مێشك و ترسنۆکانەن، کە لە یاریەکانی منداڵانەدا، هەمان رۆڵ دووبارە دەکەنەوە. ئەمانە هیچ پەیوەندیەکیان بە مێژووی هاوچەرخ و دێرینەوە نییە. پەیوەندیان لەگەڵ شارستانیەتی رۆژئاوا و رۆژهەڵات نەماوە. پەیوەندیان بە مەسیحیەت و موسوڵمانێتیەوە نەماوە. یەکێك بۆ ئەوەی دەسەڵات بگرێتە دەست ١٧ حەڤدە برای خۆی دەخنکێنێ و تا ئەم رادەیە پەیوەندی خۆی لەگەڵ مرۆڤایەتی بڕیوە، هەر لە زووەوە میتۆلۆژیا، فەلسەفە و زانست لەبیر کراوە. لەسەر ئەو خاکەی کە خاوەنە راستەقینەکانی خۆی ون کردووە، نوێنەرایەتی خراپترین دەلاڵ دەکەن، تەنیا دەلاڵێتی!

ماوەی نێوان سەدەی پانزدەهەم تاوەکو سەدەی بیستەم قۆناخی هەڵکشانە مەزنەکەی ئەوروپایە؛ ئەو سەردەمەیە کە ژیری، زانست، تەکنۆلۆژیا تێیدا دەگەشێتەوە و پڕشنگدارە. ئەو قۆناخە مێژووییەیە کە بۆ یەکەمین جارە تاك باوەڕ دەکات کە دەتوانێ هەموو جۆرە زنجیرەکانی کۆیلایەتی

بپچڕێنێ و لەم پێناوەشدا هەنگاوی بە باوەڕ و سەرکەوتووانەی هاوێشت. شارستانیەتێکی راستەقینەی مەزن و نوێیە، شارستانیەتێکە هاتۆتە دونیاوە و مەزن دەبێ. ئایا هیچ رۆڵێکی رۆژهەڵاتی ناوین لەوەدا نییە؟ چۆن نەبێت؟ تەواوی کەرەستە پێویستەکانی بە ئەوروپا بەخشی. بە درێژایی ١٥٠٠٠ ساڵ، بۆ ئەوەی ئەوروپا بەمجۆرە بژێت، رۆژهەڵاتی ناوین مامانێتی بۆ کرد. ١٠٠٠٠ ساڵ مامانێتی نیۆلیتیك، ٥٠٠٠ ساڵ مامانێتی شارستانیەتی کرد. راستە ئەو منداڵەی دێتە دونیاوە، باپیرەی خۆی ناناسێ، رێز و حورمەت نازانێ، واتای بەهاکان تێناگات. راستە وەکو خوداوەندێك هێندە مەغرورە کە خاوەندارێتی لەخۆی دەکات، کەوتۆتە نێو ئەشق و کۆمپلێکسی خۆ مەزن بینین و بە زل زانین. بەڵام ئەمەش راستە کە هەرزەکار و بێ ئەزموونە و لەنێو مەترسی هەڵدێراندا دەژی. دەبێ زۆر بە باشی دەرك بەمانە بکەین. بە بێ ئەوەی خولیای رزینەکانی خۆمان بین، بەڵام بە بێ ئەوەی لە بیر بکەین کە دایکی راستەقینەی شارستانیەت و لانکەی بەخێو کردنی ئەو شارستانیەتەین، ئەو راستینەیە دەناسین. بە بێ لاسایی کردنەوە فێر دەبین. بەڵام لە خاکەکانی دایکی شارستانیەت، لە رەنگ و خوێنی ئەم خاکە، وەکو کچ و کوڕە رەسەنەکانی، ئەمجارە بۆ سەرلەنوێ لە دایکبوون، ئەوروپای بەساڵاچوو دەکەین بە مامان، سەرلەنوێ ئەم لە دایك بوونە پیرۆزە ئەنجام دەدەین.

تەواوی ئەو پەند و ئەزموونانەی لە رۆژهەڵاتی ناوین بە تایبەتیش لە مێژووی ئیسلامیەت کەڵەکەبوونە، بۆ رێنسانسێکی رۆژهەڵاتی ناوین بوونەتە گلۆك. دەبێ ئەوە پەسند بکەین کە ناسنامە ئایدیۆلۆژیە شکۆدارەکان و تەواوی ئەو بەهایانەی گوزارشتی لێدەکەن لەمێژە واتایان نەماوە، ئیتر ئەو رزینەی کە ماوەیەکی درێژە دووچاری هاتوون کۆتایی پێهاتووە. یەکەمین کاری رۆشنگەری کە پێویستە ئەنجام بدرێت، ئەنجامدانی شیکردنەوەیەکی بەرفراوانی تەواوی فاکتەرەکانی ئایین و میتۆلۆژیاکانی رابردووە بە گوێرەی پێودانگە زانستییە راستکراوەکانی کۆمەڵناسی. ئەو گفتوگۆ هەمەلایەن و بوێرانەی لەژێر رۆشنایی ئەمەدا ئەنجامدەدرێ، یەکلابوونەوە و زەلال بوونێکی راست لەگەڵ خۆیدا دێنێ. دیالۆگی کەرەکانی ژێر منارەی بابل بە هەموو شتێکەوە جێگای خۆی بۆ چەمکێکی راست و پتەو و بە توانا بەجێ دێڵێ، بەرەو نوێنەرایەتی کردنی کار و بڕیاری تۆکمە و پتەویان دەبات. دیاریکردنێکی راستی پێگەکان و نوێنەرایەتیکردنی بڕیارە تۆکمە و لێهاتوەکان، کۆتایی بە پراکتیکی کوێرانە و ژیانێکی بێ ویژدانی و هەڵە و قێزەوەن دێنێ. بە ئەندازەی ئەوەی بە واتای فەرمانی مێژوو دێت، ئەوا ناسنامەی نوێی ئایدیۆلۆژی کە پشت بە نەخشەیەکی راست دەبەستێ، رێگای ئەو ئەرکانە رۆشن دەکاتەوە کە دەکەوێتە ئەستۆی کۆمەڵگا، ئازایەتی پێویستی

پێدەبەخشێ. هەرچەندە خودی پراکتیکێکی شۆڕشگێڕی، درەنگیش کەوتبێت، وەلێ رێنسانسی رۆژهەڵاتی ناوین دەخولقێنێ.

نموونەکانی هیند و چینی شارستانیەتی دەرەبەگایەتی، خاوەنی سەرچاوەیەکی رەسەنی ئەوتۆ نییە. هیند و چین لە ساڵانی ٤٠٠٠ پ.ز بەدواوە قاڵبەکانی نیۆلیتیك و دەسکەوتەکانی شۆڕشی کشتوکاڵی رۆژهەڵاتی ناوین یان بردووە و بە گوێرەی خۆیان گونجاندوویانە. بۆیە هاتوونەتە سەر هەمان رێبازی مێژوویی. شیمانەی هەرە لەپێش ئەوەیە کە لە ساڵانی ٢٥٠٠ پ.ز هەراپا و مەهانجادرۆی دۆڵەکانی رووباری پەنجاب و ئیندۆس وەکو شارە پێشکەوتووە کۆلۆنیەکانی سۆمەریەکان، هاتوونەتە سەر شانۆی شارستانیەت. ئاریانیەکان (ئاریەکان)ی لە قۆناخەکانی کۆتایی بەربەریەتدان و لە ساڵانی ١٥٠٠ پ.ز بناخەی شارستانیەتی هیند دادەنێن. پێشکەوتنێکی هاوشێوە لە دۆڵەکانی رووباری زەردی چینیش بەدی دێت. سیستەمی کۆیلەداری لە شێوەی سۆمەریەکان، دوای درەنگ کەوتنێکی ٢٥٠٠ ساڵی پێشدەکەوێت. یەکەمین نموونەکانی دەوڵەتی راهیبێتی، رژێمیمەرکەزیەتی رەهای پادشا خوداوەندەکان دێنێتە ئاراوە. ئەم رژێمانەی بە درێژایی نزیکەی ٥٠٠ ساڵ باوەڕییان بە خوداوەندێتی خۆیان هێنابوو، بە تایبەتی لە بواری ئایدیۆلۆژیدا و دوایش لە بواری سیاسیەوە پارچەبوون و قۆناخێکی درێژخایەنی لەگەڵ خۆیدا دێنێ. لەمیانەی ئەو ریستراسیۆنەی (سەرلەنوێ بونیاد نانەوە) سیستەمی کۆیلەداری لە ماوەی نێوان ساڵانی ٢٥٠ ی پ.ز و ٢٥٠ زایینی بەخۆیەوە دەبینێ، جێگای خۆی بۆ شێوازی پەیوەندی نوێ و پێشکەوتنی شارستانیەتی دەرەبەگایەتی بەجێ دێڵێ. کۆنفۆشیۆس و بودا وەکو پێغەمبەرە ریفۆرمخوازەکانی رۆژهەڵاتی دوور، رۆڵی پێشەنگایەتیکردنی سیستەمێکی سیاسی و چەوسانەوەی نەرمتر دەگێڕن.

دوای قۆناخێکی درێژخایەنی کپ بوون، ساڵانی ٥٠٠ ی زایینی قۆناخی وەرچەرخانی دەرەبەگایەتییە. پێشکەوتنەکانی رۆژهەڵاتی ناوین کاریگەریەکانی خۆی بۆ سەر دەرەوە درێژە پێدەدات. کاریگەری سەرکوت کردن و فشار هێنانی دەرەبەگایەتی ئیسلامیەت، دەرەبەگایەتیەکەی چین و هیندستان بەهێز و خێرا دەکات. لە کاتێکدا قۆناخی ساڵانی ١٠٠٠ تا ١٥٠٠ ی زایینی قۆناخی پێگەیشتنە، ئەوا دوای ئەوە بەرامبەر بە شارستانیەتی ئەوروپای تازە هەڵکشاو، قۆناخی پابەند بوون و رزینە. پێشکەوتنێکی هاوشێوەی ئەمە، وەکو درەنگ ترین ئەڵقە، لە شارستانیەتی ئازتك و ئینکا (مەکسیك و پیرۆ)ی باشووری ئەمریکا روودەدات. ئەم قۆناخەی لە ٥٠٠ پ.ز دەستیپێکرد، لە ساڵانی ١٥٠٠ ی زایینی لەژێر کاریگەری ئیسپانیەکان سەربەخۆ دەبێت و دووچاری هەڵوەشانەوەیەکی هاوشێوە دەبێت و لە مێژووی شارستانیەتدا رووبەڕووی سڕینەوە دەبێت.

# ه ـ له جیاتی ئه نجام

ناوەڕۆکی بنچینەیی سیستەمی شارستانیەتی دەرەبەگایەتی و جێگای لە مێژوودا، گرنگی و بایەخی خۆی دەپارێزێ. ئەو ناکۆکیە سەرەکیەی بووە هۆکاری رووخانی کۆیلایەتی ئەوەیە کە رەنجی کۆیلەی بەرهەم هێنەر، بایەخی جارانی لەدەستدا و بووە کۆسپ لەپێش پەیوەندیە نوێکانی بەرهەمهێنان. خاوەنداریێتی کردن لە مرۆڤ وەکو سەرمایە، فاکتەری سەرەکییە کە سیستەم لە دەرکەوتن و پێشکەوتنی خۆیدا بە بنەمای گرتووە. بەڵام کاتێك ژمارەی کۆیلەکان هێندە زێدە بوو کە ئیتر بۆ بەرهەمهێنان بەکار نەدەهێنران و ببوونە دەستەی مشەخۆرە دەست بە تاڵ و بێکارەکانی خاوەنەکانیان، ئەوا رزینی سیستەم ناچارییە و راکردنی بۆ نییە. کاتێك کۆڵەکە سەرەکیەکە ببێتە هۆکاری بێ بەرهەمی، ئەوا هەڵوەشانەوە خێرا دەبێت. هەروەها دەبێ ژیانی بەها مەسرەفی شارەکان و شەڕەکانیشی بخەیتە سەر. ئەو شارانەی کە ژمارەی دانیشتوانی زیادبووە و بەخێو کردنیان بۆتە کێشەیەکی سەخت و ئاستەم، ئاکامێکی سەردەمی بە پیتی و بەرهەمداری سیستەمە. کاتێك بە پیتی و بەرهەمهێنان دەوەستێ، ئەوا درێژەدان بە هەبوونی ئەو شارانەی کە هەرەس ئاسا زیاد و مەزن بوون، پێ بە پێ ئاستەم دەبێ. زیادبوونی ژمارەی شارەکان و گران مەسرەفی گوزەران، گرنگترین هۆکارەکانی هەڵوەشانەوەن.

سەبارەت بە شەڕەکانیش رەوشێکی هاوشێوە جێگای باسە. لەگەڵ ئەوەی لە قۆناخی دەستپێکدا بۆ بەدەستهێنانی گۆڕەپانی نوێی شارستانیەت بە سوود بوون، بەڵام کاتێك بوون بە ئامرازی پاراستنی سنوورەکان و سەرکوت کردنی یاخیبوونەکان، ئیدی بوونە دەزگایەك کە نەبوونیان لە هەبوونیان باشتر بوو. سوپاکان لە جیاتی ئەوەی رۆڵی بەدیهێنانی ئارامی و تەبایی ببینن، لە پێشخستنی ئاڵۆزیدا رۆڵیان گێڕا؛ بوونە ئامرازی شەڕەکانی ناوخۆ. لەبەر ئەوەی زەوییە کشتوکاڵیەکان بە شێوەی کێڵگەی مەزن دابەشکران و جووتیار پەیوەندی لەگەڵ زەوی پچڕێنرا، بوونە سەرچاوەیەکی دیکەی سەرەکی بێ بەرهەمی. کاتێك فاکتەرە سەرەکیەکان سیستەم دەخەنە ناو قەیرانێکەوە، ئەوا ئەو دەزگا و پەیوەندیانەشی لەکار دەخست کە بە پتەوی مابوونەوە. لە هەموو ئاست و بوارێکدا رەوشێکی لە جۆری ئەو رزینە هەیە کە سەرمایە لەکارکەوتووەکە لەگەڵ خۆیدا هێناوە و رێگای لەپێش کردۆتەوە. ئیتر ئەو لێشاوە بەربەریانەی لەگەڵ یاخیبوونە ناوخۆییەکان یەکانگیر بوونە، کۆتایی هێنانیان بە سیستەم چارەنووسێکی (قەدەرێکی) چاوەڕوانکراوی قۆناخ بوو.

هەرچەندە مەرکەزیەتی دەوڵەت و فشارەکان بەهێز و زیاد بکرێن، ئیتر هەڵوەشانەوەی سیستەم و لەدایکبوونی سیستەمێکی نوێ، بۆتە راستینەیەکی دەست لێبەرنەدراو و ناچاریەك. ئەم سیستەمە نوێیەی تازە سەریهەڵداوە چارەسەری بۆ هۆکارەکانی رووخان دێنێ. کاری لەپێشینەی ئەوەیە کێشەکانی ئەو کۆیلەیەی لە بەرهەم دابڕاوە، سەربازی دەست بەتاڵ، ئەو خاکەی بەکار ناهێنرێ، ئەو شارانەی وەکو نەخۆشی مەزن بوونە، شەڕە بێ سوود و کەشی بێ متمانەیی و نەبوونی ئاسایش، چارەسەر بکات. ئەمانە لەو جۆرە کێشانە نین لە رێگای سەرلەنوێ ئاوا کردنەوە بەلاوە بنرێ. لە شارەکانەوە راکردن بۆ لادێ، پەرتەوازە بوونی سوپا مەزنەکان، خۆ دزینەوە لە شەڕ، ئەو شوێن و ناوچە پارێزراو و تەنگانەی پێك دێن، ئاراستەی سیستەمە نوێیەکە دەستنیشان دەکات. رەوشێك لە ئارادایە کە لە پاشەکشێ کردن دەچێ. هەروەکو بڵێی سەرلەنوێ بۆ کۆمەڵگای نیۆلیتیك گەڕاونەتەوە. بەڵام ئەمە لە رووخساردا بەمجۆرەیە. هەرچەندە ژمارەی دانیشتوان کەم بووبێتەوە، بەڵام زۆربەی شارەکان بەردەوامی بە ژیانی خۆیان دەدەن. کێڵگە مەزنەکان بەرامبەر بە رێژەیەکی دیاریکراو وەکو نیو ـ موڵکێك بەسەر جووتیاران دابەش دەکرێت، سەرلەنوێ پەیوەندیەکەی لەگەڵ بەرهەمهێنان ئاوا دەکرێتەوە. بە لایەنی کەم بنەماڵە (خێزان)ێکی هەیە، دەتوانێ ببێتە خاوەن بەروبوومی یەك ساڵەی گوزەرانی. هێدی هێدی موڵکایەتیەکی تایبەت پێشدەکەوێت. بەمجۆرە سەرلەنوێ گەڕانەوە بۆ خاك، هەستی گرێدانێکی مەزن بە خاك پێشدەخات. زاراوەی خاکی دایك هێز بەدەست دێنێ و دەبێتە سەرەکیترین ئامرازی بەکارهێنان. ئیتر شەڕ لەپێناو دەست بەسەرداگرتنی خاك دەکرێت نەك زیاد کردنی کۆیلە. خاك دەبێتە بابەتی سەرەکی موڵکایەتی، نەك مرۆڤ. ئەوەی خاوەنی زێدەترین رووبەری خاك بێت، وەکو گەورەترین هێز دەبینرێ.

بەمجۆرە دابەش کردنی موڵکایەتی خاك، رژێم و سیستەمی میرنشینی لەگەڵ خۆیدا دێنێ. لەمێژە شێوازی گوندی هاوبەشی سەردەمی نیۆلیتیك تێپەڕ کراوە. میرنشینەکان بە گوێرەی بنەماکانی سیستەمی موڵکایەتی بەکار دەهێنرێن و جووتیارەکانیش وەکو نیو کۆیلەیەك لەمیانەی پەیوەندیەکانی خاکەوە گرێدراوی دەرەبەگە. هەروەکو بڵێی شێوازێکی تێکەڵاوی نیۆلیتیك و کۆیلایەتی هاتۆتە ئاراوە. لە دەوروبەری میرنشینیەکاندا تەنیا دەشێ شارۆچکەی بچووك ئاوا بکرێت. لە کاتێکدا شارەکانی ئیمپراتۆریەتی کۆیلەداری دەبن بە وێرانە، ئەوا ئەو شارۆچکە و شارانە هێدی هێدی پێشدەکەون کە سیستەمی ئاقڵمەندانەتر و شێوازی نوێی بەرهەمهێنان بە بنەما دەگرن. هەم لادێ، هەم شار لەسەر بنەمایەکی نوێوە رێکدەخرێن. لە پاشەکشێ کردنەوە بەرەو پێشەوە دەچن و قەڵەمبازێك ئەنجام دەدەن. هیچ کاتێك پاشەکشێیەکی زێدەڕۆیی بە گەڕانەوە بۆ نیۆلیتیك

ئەنجامگیر نابێت. کاتێك پێشکەوتنێکی سنوور بەدەر لەگەڵ پاشەکشێیەکی سنوور بەدەر پارسەنگ دەکرێ، سەرەداوی دەستپێکردنی سیستەمی نوێ بەدەست دەهێنرێ، دەبێتە هێڵکاری ئەو ژیانە نوێیەی کە بەرەو ژوور هەڵدەکشێ.

ئەم پێناسەیەی سەبارەت بە دەرەبەگایەتی ئەنجامماندا هاوکاریمان دەکات لەوەی کە تێبگەین بۆچی دەرەبەگایەتی لە بواری میتۆلۆژی و ئایینی و فەلسەفیەوە سەرچاوەیەکی رەسەنی نەهێناوەتەوە ئاراوە. رەوشی سیستەمێکی تێکەڵە، پێویستی بە ئایدیۆلۆژیایەکی تێکەڵ دەبێت. سیستەمە رەسەنەکان، رێگا لەپێش شێوەی هزری رەسەن دەکەنەوە. لەبەر ئەوەی دەرەبەگایەتی پشت بە شێوەی کۆمەڵگای نیۆلیتیك و کۆیلایەتی دەبەستێ، ئەوا ناچارە پێکهاتەی ناسنامە ئایدیۆلۆژیەکانیان بۆ خۆی بە بنەما بگرێت. هێز و تایبەتمەندێتیەکی بەمجۆرەی نییە نوێبوونەوە بخولقێنێ. تەنانەت ئەو پێکهاتانەی وەکو خاوەن ناوەرۆکێکی شۆڕشگێڕیش دەبینرێن، وەکو شێوەیەکی دووەمین و سێیەمین دەست بەولاوە، هیچ واتایەکی دیکەیان نییە. تەنیا بە واتای ریفۆرمخوازی دێن. ئەم رەوشەش ئەوە روون دەکاتەوە، کە پێکهاتەی لۆژیك و باوەڕ و ئەخلاقی سیستەم، کۆپیەکراوی شێوەی رابردوون. گەورەترین پێشکەوتنی رۆژهەڵاتی ناوین لە بواری لۆژیکدا، لە کۆتاییەکانی تەمەنی خۆیدا، گەیشتە ئاستێك بتوانێ ئەرستۆ شرۆڤە بکات و لێی تێبگات. هیچ هێزێکی ژیری لە ئارادا نییە کە ئەرستۆ تێپەڕ بکات. سەروەری ژیری ئەرستۆیە، تەواوی لۆژیکەکان گرێدراوی خۆیەتی. مامۆستای مەزن ئەمەیە.

لە بواری باوەڕیەوە مرۆڤەکان لە ئەزبەرەکردنی دۆگما ئایینیەکان بەولاوە رۆڵێکی دیکەیان نییە و نووسین و ئەزبەرە کردنی کتێبە پیرۆزەکان بە واتای پایەی گرنگترین بلیمەت و زانای ئایینی دێت. لەم قۆناخەدا بە رادەیەکی هەرە زێدە دۆگماتیزم هەموو قورسایی بەڵای خۆی خستە سەر هزری مرۆڤایەتی. دەرفەت بە چەکەرەکردنی هیچ هزرێکی خولقێنەرانە نادات، کاتێك هزرێکی ئایدیالیستی و میتافیزیکیایەکی وشك بێتە سەر ئەم باوەڕیانە، ئەو لایەنەی چاخەکانی ناوین دەردەکەوێتە روو کە بە تاریك ناوی دەبەین. هاوتەریبی گۆرانکاری لەو مرۆڤەی کە کۆیلەی پادشای خوداوەندە بەرەو ئەو مرۆڤەی کە دەبێتە بەندەی خۆشەویستی خودا، مۆڵەت بەوە دەدرێ ئیرادەیەکی لاوازی مرۆڤ سەرهەڵبدات. هێشتا زۆری ماوە بە ئیرادەی ئازاد و ئەخلاق بگات. مرۆڤایەتی تەنیا بە رێژەی سێبەری خودا دەتوانێ خاوەنداریێتی لەخۆی بکات.

پێویستە زۆر بە باشی رووکاری ناوەوەی ئەو تاریکاییە روون بکرێتەوە کە چاخی نوێ چاخەکانی ناوینی پێ پێناسە دەکات. لە گەلێك لایەنەوە ئەم تاریکاییە قووڵتر دەکرێتەوە و درێژەی پێدەدرێت.

لەدەستدان و ون کردنی ناسنامەی ئایدیۆلۆژی بناخەی تاریکایی چاخی ناوینە. بە شێوەیەکی گشتی خۆ پڕچەك کردنی ئایدیۆلۆژی کە قۆناخەکانی لە دایك بوونی سیستەمەکان ڕۆشن دەکاتەوە و ڕۆحیان پێدەبەخشێ؛ بە ئەندازەی ئەوەی دەبێتە هێزی ماددی و بە دەزگا ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسیەکانی خۆی دەگات، بایەخی خۆی لەدەست دەدات و دووچاری گۆڕان دێت. ئەگەر جولانەوەیەکی نوێی ڕۆشنگەری نەبێت ئەم ڕەوشە بە واتای تاریکایی دێت. دابڕاندنی ئایدیۆلۆژیای کۆن لە گەوهەرەکەی و بەکارهێنانی لەپێناو بەرژەوەندیە تایبەتیەکان، سەبارەت بە کۆمەڵگا ڕێگا لەپێش تێکچوونی شێوە و سەرلێ شێواندن و لادان دەکاتەوە. وشەبازی، ئایینزایی ساختە، شێوازی دیماگۆجی کە هەر شوێنێکی پڕ لە درۆ کردووە، بە تایبەتیش سیستەمەکانی پەرستگا ــ فێرگە کە ناوەندی ئایدیۆلۆژین بوونە بە ئامرازی بڵاوکردنەوەی تاریکایی.

تاریکایی بەرجەستەی چاخەکانی ناوین لەوەدا دەبینرێت کە پەیوەندی خۆی لەگەڵ ڕۆشنگەری چاخی دێرین پچراندووە و لەوەش ترسناکتر ئەوەیە فەلسەفەی کردۆتە ئامرازێکی روون کردنەوە و سەلماندنی تیۆلۆژیا. لە ڕەوشێکی بەمجۆرەدا تاریکاییەکی دوو پەردەیی پێکدێت. یەکەمیان لەدەستدانی ئەو پەیامە ئایینییەیە کە بێگەردە و واتایەکی ویژدانی دیاریکراوی هەیە، بە گوێرەی قۆناخی خۆی بە لانی کەم ڕێگا بە هەڵوێستێکی ئەخلاقی بەمجۆرە دەدات کە قەڵەمبازێك لەگەڵ خۆیدا بێنێ. بەمجۆرە بناخەی ڕەوایەتی سیستەم نامێنێ، تەنیا بەرژەوەندی ماددی ئاشکرا دەمێنێ، شەڕ و ململانێ لەم پێناوەدا دەکرێت. دووەمیان، تیۆلۆژیای فەلسەفی کە بە ئامانجی پڕکردنەوەی بۆشایی ئایدیۆلۆژی پێشخراوە، ڕەوشی هزری تێکەڵ و ئاڵۆزتر دەکات. مەیلە سۆفیگەراییەکان کە وەکو بەرپەرچدانەوەیەك بەرامبەر ئەم ڕەوشە پێشکەوتن، لەمیانەی ڕاکێشانی گفتوگۆکان بۆ دواوە، پارچەبوونی ئایدیۆلۆژی قووڵ دەکەنەوە؛ ئەم دوو هەڵەیە یەکتری تەواو دەکەن و تاریکاییەکە قووڵتر دەکەنەوە. سەرەکیترین لاوازی و نەخۆشی چاخی ناوین ئەوە بوو. لەمەش بەولاتر، شۆڕشی کشتوکاڵی ڕەسەن و داهێنانی سیستەمی کۆیلەداری لە کاتێکدا دەسکەوتێکی هزری بوون، لەبەر ئەوەی شێوازی گواستنەوەی ئەزبەرە کردن لە زووەوە گەوهەرەکانی وون کردووە، دەبنە دۆگمای پڕوپووچ، گەورەترین ئافات بۆ ڕەوشی گشتی هزری مرۆڤایەتی دێنێ.

لەم بوارەدا پێویستە ڕۆژهەڵاتی ناوین بە "**تاریکایی**" مەحکوم بکرێت، شیبکرێتەوە و ڕاستەڕێ و ڕێبازی بەلاوەنانی نیشانبدرێت. تەنیا لەگەڵ ئایدیۆلۆژیاکانی خۆیان ناکۆك نین، ناوەڕۆکی توانستی هزری ١٥٠٠ ساڵەی مرۆڤایەتیان پووچەڵ کردۆتەوە، وشە بازی و ئەستاتیکای لۆژیك دەکرێن بە ڕەوت و ئایینزایی ساختە و دووچاری گەورەترین تێکدان دەکرێت، ڕێگا لەپێش تاریکاییەکی قووڵ و نامۆ

بـوون دەکاتـەوە. بێگومـان لـەم بـوارەدا. پێهەلگترنـە زێدەرۆییـەکانی فەلسـەفی و ئـایینی لـەدوا قۆناخـەکانی کۆیلەداریـدا، رەوشـی هـزری خسـتبووە نێـو مەترسـیەوە. چـاخی نـاوینیش هـەنگاو بـە هـەنگاو ئەمـە قـووڵ دەکاتـەوە. سـەردەمی رۆژئـاوابوون لـەنێو تاریکیـدا خەفـە دەکـات و دەبێتـە شەوەزەنگ. بالآبوون و بەهای رۆشنگەری شارستانیەتی ئەوروپا تـەواو لـەم خاڵـەدا رۆڵێکـی هەسـتیار دەبینێ. لێکۆڵینـەوەی قـووڵی سـەبارەت بـە سروشـت و هەڵوێسـتەی بـە گومـانی بەرامبـەر قاڵبـەکانی کۆمەڵگا، لە راستیدا بناخەی رێنسانس پێکدێنن. لە دوو لایەنەوە ئەو تاکە دەگرێتە دەست و تاوتوێی دەکات کە ئیرادەکەی نە ماوە و رەوشی هزری لەنێو تاریکاییدا خنکاوە، رۆشنی دەکاتەوە و بوێری پێ دەبەخشـێ و کـاروانی ئـازادی ئامـادە دەکـات. رێبـازی زانسـتی دروسـتترین و پتـەوترین رێگـای رۆشنکردنەوەی هزرە. لێگەرینەکانی ئازادی تاك کـە لـە دۆگماتیزم دابـڕاوە ئـیرادە و ئـەخلاقی ئـازاد پێشدەخات.

گرنگترین پرسیاری پێویستە بکرێت ئەوەیە "ئایا سیستەمەکانی شارستانیەتی کە ریشەکەیان لـە رۆژهەلاتی ناوینە، نەیاندەتوانێ قەڵەمبازێکی بـەمجۆرە لـە نـاوە خۆیانـدا ئەنجامبـدەن؟". دیسـان لـە رۆژگاری ئەمرۆشماندا لە وەلامی ئەم پرسیارە دەگەڕێن. لە راستیدا لە ماوەی نێـوان سـەدەی ١٠ تـا ١٢ هەم لە کەسایەتی **ئەلکنـدی، فـارابی، ئـیبـن سیـنـا، سوهرەوەردی** و تەنانـەت **مەنسووری حـەللاج** هەوڵ و فیداکاریـەکی مـەزن لـەپێناو رێنسانسـی رۆژهـەلاتی نـاوین دەدرێـت. ئەمانـە تینـووی گـەڕان بەدوای راستین. هەروەکو دەزانرێ گەڕان بەدوای راستی زۆر لە بەرژەوەندیـە سیاسـی و ئابووریـەکان بـالاتر و جێگـای رێـز بـوون. ئـەڤینی راسـتی، بـە شـێوەیەك دەدرکێنـدرێ کـە لـە هـیچ قۆناخێکـدا، جوگرافیای رۆژهەلاتی ناوین بەخۆیـەوە نـەبینیوە. سۆفیگەرایی مـەزنی وەکـو **مـەولانا** و **محیالـدین عرابـی** دەردەکـەون، واتـە لەمیانـەی هەسـتەکانەوە رێبـەرەکانی راسـتی پێدەگـەن. لـە بـواری زانستەکانیشدا پێشکەوتن لە ئارادایە. لـە بوارەکـانی لێکۆڵینـەوەی بیرکـاری، پزیشـکی، ئەستێرەناسـی، دانەوێڵـە و ئـاژەڵ پێشـکەوتن بـەدیهاتووە. لـە تـەواوی ئـەم بوارانـەدا بـالابوونی رۆژهـەلاتی نـاوین بەرامبەر بە ئەوروپا راستیەکی حاشا هەڵنەگرە. بالآبوونی بواری وێژە و ئەدەبیات زۆر زەقترە. وێژە و ئـەدەبیاتی داسـتانی چـاخی نـاوین، لەمیانـەی کلاسـیکیاتی **شـانامە** و **لـەیلا و مـەجنون** خـۆی سەلماندووە. فەلسەفەی مێژووی **ئیبن خەلدون** نزیکی ماتریالیزمی دیالیکتیکیە. سەرباری ئەمانەش رێنسانسی رۆژهەلاتی ناوین پێشناکەوێت. سەرەڕای ئەو تواناکاریـە لـەبار و گونجاوانـە، ئـەو پرسـیارە زیاتر بایەخدار دەبێت بۆچی رێنسانسێکی لەو جۆرەی بناخەی ئەوروپای دانـا، لـە رۆژهـەلاتی نـاوین پێشنەکەوت. لێرەدا دەتوانرێ باس لە پەلاماری مەغۆلیـەکان بکرێـت. بـەلام ئەمـە نابێتـە هۆکـارێکی

سەرەکی و دیاریکراو. سەرەڕای ئەو هەوڵە مەزنانەی کە دران ئەوا دەبێ هۆکارە سەرەکیەکانی لە پووچ بوونی ئایدیۆلۆژی و حاکم بوونی دۆگماتیزمە بەسەر هزر و قووڵایی وشك بوونی سیاسیدا بگەڕێین.

دۆگماتیزمی ئایینی مەسیحی کە ریشەکەی لە ڕۆژهەڵاتی ناوین دەرکەوتووە، بە شێوەیەکی بابەتی سەبارەت بە کارەکتەری پێکهاتە و هزری گەلانی ئەوروپا ڕۆڵێکی پۆزەتیفانە دەبینێ. ئەو گەلانەی کە بە شێوەیەکی زیندوو لەناو نەریتی بەربەرێتیدا دەژین، ئەوا لەمیانەی ئەو سەنتێزە رووکەشیەی لە ڕێگای مەسیحیەتەوە ئەنجامی دەدەن، سوودمەند دەبن. نابێ لەبیر بکرێت کە مەسیحیەت گەورەترین دیاری کلتووری ڕۆژهەڵاتی ناوینە کە پێشکەش بە ئەوروپا کراوە. هەروەکو چۆن مەسیحیەت ئەوروپاییەکانی ناچار کردووە هەنگاوێکی مەزن لە بواری پێکهاتەی هزریەوە بهاوێژن مسۆگەر ئەخلاقەکەشی خوڵقاندووە. بە رادەیەکی هەرە زێدە مەسیحیەت هزری یاسا و دیسپلین و خوێندن و نووسینی بۆ ئەوروپا بردووە. ئەگەر ئەو بناخەیە نەبوایە کە مەسیحیەت دایناوە، ئەوا مەحاڵ بوو بیر لە ئەوروپایەکی شارستانیەت بکرێتەوە. ئەگەر مەسیحیەت نەبوایە، ئەگەری ئەوە هەبوو بە هەزاران ساڵی دیکە ئەوروپا لەژێر چنگی کۆیلەداری بمێنێتەوە. مەسیحیەت ڕۆڵێکی مەزنی لەوەدا بینیوە کە بەبێ ئەوەی بە کۆیلایەتیدا دەرباز ببن دەسکەوتەکانی شارستانیەتی ڕۆژهەڵاتی ناوینی بۆ ئەوروپا گواستۆتەوە. شانسی ئەوروپا لێرەدایە. دەسکەوتەکانی وەرگرتووە. بەڵام کاتێك ئەمانە لەگەڵ کەسایەتی ئازاد و بەهێزی کۆمەڵگای بەربەر یەکانگیریان دەکات، هەروەها لەمیانەی کۆ کردنەوەی دواترین دەسکەوتە زانستیەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوین، هەڵمەتە مێژووییەکەی خۆی ئەنجام دەدات.

کەواتە مەسیحیەت و توانستی زانستی ڕۆژهەڵاتی ناوین و ئاکتیفی و زیندوویی کۆمەڵگای بەربەر، بناخەی هەڵمەتی شارستانیەتی نوێ پێکدێنێت. لەمانەش گرنگتر، هەروەکو چۆن کۆنکرێت بوونێکی ئایدیۆلۆژی بە قووڵایی لەسەر هزر پێشنەکەوتووە، ئەوا بەدەزگابوونێکی سیاسی و دەوڵەتیش لە ئارادا نییە کە بۆ هەزاران ساڵ پێشتر بگەڕێتەوە. هەڵوەشانەوەی ڕۆما، پێشنەخستنی فەرمانڕەوایەتی بێزەنتیەکان دواتریش عوسمانیەکان بەسەر ئەوروپا، شانسێکی مەزنە بۆیان. نەرمی میرنشین و کۆنفیدراسیۆنە سیاسیەکان، بە گوێرەی ڕۆژهەڵاتی ناوین کەش و هەلومەرج لەبارتر دەکات. پێشنەکەوتنی کۆنکرێت بوونی سیاسی و ئایدیۆلۆژی، بە واتای زەمینە و ناوەندێکی لەبار دێت بۆ شێوەگرتنی تاك و هزری ئازاد. بێ بەختی ڕۆژهەڵاتی ناوینیش لێرەدایە. واتە ئەو بوار و بابەتانەی بۆ ئەوروپا دەبنە شانس، بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوین دەبنە بێ شانسی. هەروەکو چۆن کلتووری

سیاسی دەرفەتی ئەوە نادات بۆرژوا بوون وەکو چینێك پێش بکەوێت، ئەوا دەرفەت بە فیدراسیۆن و میرنشینە نەرمەکانیش نادات. ئەو دۆگماتیزمەی کە رەگی خۆی داکوتاوە، هەروەکو چۆن رێگا بە دەرکەوتنی قەڵەمبازی تاکی ئازاد نادات، کاتێکیش سوور و بەردەوام بێت، ئەوا بێ رەحمانە سزای دەدات.

مێژووی کلتووری رۆژهەڵاتی ناوین کە بۆ خۆی وەکو دارچنارێکی بە ساڵاچووی لێهاتووە، کاتێك بۆ ئەوروپا دەگوازرێتەوە، بەهاکەی وەکو تازە نەمامێك وایە. لێرەدا لەمیانەی موتوربە تازەکاندا دەبێتە دارێکی نوێ، بەرووبوومێکی زۆری دەبێت. هەربۆیە ئەوروپا بەرهەمی ئەوروپاییەکان نییە. دوای ئەوەی ئەوروپاییەکان نەمامی شارستانیەتیان چاند، لە سایەی تواناکاری موتوربەکردن سەرکەوتنیان لە نوێبوونەوە بەدەست هێنا، لەم بوارەدا ئەوروپا میراسی ئەوروپاییەکانە. ئەو جیابوونەوەیەی سەبارەت بە دانوستاندنی شارستانیەتەکان دەکرێت، گرنگیەکی ژیانی هەیە سەبارەت بە تێگەیشتن و دەرك کردن بە راستیەکان. کەسایەتی رۆژهەڵاتی ناوین کە بڵاوە بە مێشکی کراوە، هەروەکو چۆن نازانێ خاوەنی چییە، هاوکات بە شێوەیەکی راستیش نازانێ چی بە ئەوروپا بەخشیوە و پێویستە چی لە ئەوروپا وەربگرێت. کاتێك جیابوونەوە و بژار، راست دەرنەکەوێت، بۆیە چەندین سەدەیە ناتوانێ لەسەر بنەمای ئەم سەرچاوەیە نە رۆشنگەری ئەنجامبدا و نە هەنگاو بۆ رێنسانس بهاوێژێت.

ئاشکرایە کە هۆکارەکانی بنبەستبوونی رۆژهەڵاتی ناوین چەندە ریشەییە، یاخود بە لایەنی کەم پێویستە بەمجۆرە ببینرێ. چەندە موتوربەی نوێ و تازە بۆ دارچنارێکی بە ساڵاچوو بکەن، وەکو دارێکی تازە و نوێ ناژێتەوە؛ بە هەمان شێوە پشت گوێ خستنی و ئەو نەمامە نوێیانەی (زانست، تەکنۆلۆژیا، قاڵبەکانی ژیان) لە ئەوروپاوە دەهێنرێ لەژێر رەگی ئەستووری ئەم دارە بەجێ ناکرێت. لەبەر ئەوەی رەوش بەمجۆرەیە، شارستانیەتی رۆژهەڵاتی ناوین ناتوانێ سەرلەنوێ خۆی بخوڵقێنێتەوە.

هەوڵدەدەین هۆکارەکانی ئەوە شیبکەینەوە کە بۆچی کۆمەڵگاکانی رۆژهەڵاتی ناوین ناتوانن لە رێگای گواستنەوەی زانست و تەکۆنۆلۆژیاکانی دەرەوە پێکهاتەی هزری خۆیان شیبکەنەوە. نکوڵی لەوە ناکرێت کە چین و ژاپۆن و تەنانەت هیندستانیش لەمیانەی ئەو بەهایانەی لە ئەوروپاوە گواستیانەوە، بژاری خۆیان پێشخستووە. چینی سۆسیالیست، ژاپۆنی لیبرال ــ موحافەزەکار و هیندستانی دیموکراتیك، ئەوە نیشاندەدەن لەمیانەی هەلومەرجە ماددی و تواناکارییەکانی کە پێشکەوتنێکی مەزن بەخۆیانەوە دەبینن لەسەر رێبازی شارستانیەتی ئەوروپا بەرەو پێشەوە دەچن.

ئەمانە هەروەکو چۆن سەردەمێك تەواوی دەسکەوتەکانی قۆناخەکانی شارستانیەت و نیۆلیتیکی رۆژهەڵاتی ناوینیان پەسند کرد و رێگایان لەپێش پێشکەوتنی مەزن کردۆتەوە، ئەوا بەرامبەر بە ئەورووپاش پێشکەوتنێکی هاوشێوە بەخۆیەوە دەبینێ. بەڵام رۆژهەڵاتی ناوین و ئەو هەرێمانەی هاوشێوە و پاشماوەی ئەون لەنێو بەرخودانێکی مەزندان. نە لەمیانەی تواناکاریەکانی خۆی، نە لە رێگای دەست تێوەردانەکانی دەرەوە گۆرانکاری پێویست بە دینایەت. لە راستیدا دەبێ دەرك بەوە بکەین سەرچاوەی کێشەکە زۆر قووڵ و بنەڕەتییە. ئەوەی بەرخودان بکات مێژووە، کلتوورە و خودی کۆمەڵگایە، ئەم دیاردانە گرنگن. لەدوا بەشەکانی بەرگرینامەکەمدا هەوڵدەدەم بە شێوەیەکی قووڵ ئەم راستینەیە شیبکەمەوە. لێرەدا بە کورتی ئاماژەی پێدەکەم.

شیکردنەوەی زاراوەکانی عەشقی خودا، عەشقی راستی کە لە سەردەمی حەزرەتی مەحەمەدەوە گرنگی و بایەخی خۆی لەدەست نەداوە رۆڵی کلیل دەبینێ. باوەڕی بەوە دەکرێت لە رێگای ئایینەوە، تاڕادەیەك نزیکی راستی بوونەتەوە. فەلسەفەی یۆنانیش رێگای ئەوە دەکاتەوە کە دەتوانرێ لە رێگایەکی نوێوە بە راستی بگەیت، ئەویش رێگای مێشکە. هەرچی ئەورووپایە دەڵێ راستترین رێگا، رێگای ئەزموونە، رێگای ئەزموون و تاقیکردنەوەی زانستی دەکاتەوە.

لێگەڕینەکانی ئەشق (راستی) کە چڕبۆتەوە، بە ئەندازەی جیهانی ون بوو، گوزارشت لە خەیاڵی جیهانی ئایینەدە دەکات. لێگەڕینەکانی ئەشق بەدوای میتۆلۆژیای لەدەستدراو، ناکۆکیە کۆمەڵایەتیەکانی چارەسەر نەکراون، نهێنیە بێ کۆتاییەکانی سروشت، بە تایبەتیش بەدوای بێگەردی مرۆڤ دەگەڕێت. لە دەستپێکی چاخی ناوین وا مەزەندە دەکرا کە لە رێی خودا (الله) ئەم لێگەڕینە دۆزراوەتەوە. وەکو زاراوە نەوەد و نۆ سیفەت بە خودا (الله) دەبەخشرێ. تەواوی خەیاڵەکانی مرۆڤ دەکرێتە موڵکی ئەو خودایەی ئاشقی بوونە. وەکو پێغەمبەر و بەندە خۆشەویستەکانی داوای بەخشندەیی لێدەکەن. هەموو شتێکی کە تەنانەت ناتوانرێ لە خۆشەویسترین کەسیش بخوازرێ، لە خودا دەخوازرێ. جیهانێکی ئایدیۆلۆژی دەخوڵقێندرێ، رزگاربوون لە تەواوی ناکۆکیەکان بەدی دێت و ئارەزوو و داخوازییەکان تێر دەکرێن. ئەوانەی دیکەش وەکو یاساکانی عیبادەت، یاساکانی شەریعەت و هێزی پراکتیزە کردن دیار دەکرێت و جێبەجێ دەکرێ. خودی حەزرەتی مەحەمەد بە پێشکەوتووترین کەس دادەنرێ کە لەمیانەی نزیکبوونەوەی خۆی لە ژن، شێوەی ئەو ئەشقەی خۆی بۆ خودا نیشانداوە. ئەم ژیانەی ئەشق کە دوایی دەکەوێتە نێو رەوشێکی چەواشەکراو، لە راستیدا بە گوێرەی قۆناخی خۆی پایەدار کردنی ژن و خێزانە. مەودای نێوان ئەشقی خودایی و ئەشقی ژن

هێنـدە دوور نییـە. بـەڵام لەگـەڵ ون بـوونی گەوهەرەکـەی، ئـەم پەیوەندیـەش تـا دواڕادە چەواشـە دەکرێت و دەکرێتە ئامرازی دزێوترین و گڵاوترین کردار.

لێگەڕینی ئەشق کە لە ڕۆژهەڵاتی ناوین زێدەتر چڕدەبێتەوە و زیاد دەبێ لە ڕاستیدا بانگهێشتە بۆ تەواوی بەهاکانی شارستانیەتی مێژووە لەدەست دراوەکە. هەروەکو بڵێی بۆ ئەو بەهایانە دەگریین کە لە ماوەیـەکی نزیکدا بـە تـەواوی لەدەسـت دەچـێ. تـەواوی لـە خـودا پاڕانـەوەکان بـە قووڵاییـەوە پەیوەستی ئەم ون کردن و لە دەستدانەیە. ون کردنـی پـڕ بـە ئـێش و خـەمناك، کـەم و کوڕیـەکان و خیانەت کە لە کلتووری ڕۆژهەڵاتی ناویندا ریشەدارە، بە شێوەیەکی چڕوپڕ لە هۆنراوەکانی ئەشقدا گوزارشـتی لێـدەکرێت. تراژیـدیای **مەنسووری حـەللاج** و بـە سـەدانی وەکـو ئـەو، نیشـاندەدات ئـەم ڕاستینەیە چۆن لە تاکەکەسدا ژیاوە. **مەسنەوی** مەولانا و **تەرتیلی ئەشقی** یونس ئیمرە، ئاوازی هەرە خەمناکی کۆی بەها ون بووەکانـە، کـە بـە زمـانێکی شـیعر ئامێزانـە گوزارشـتی لێـدەکرێت. پێویسـتە ئەمە بگوترێ: کاتێك شارستانیەتی ڕۆژهەڵاتی ناوین بۆ ئەوەی جێگای خۆی بۆ ئەوروپا بەجێ بێڵێ، خۆی ژێرخاك کرد، گـەلێك ئـێش و ئـازار دەبینـێ، شـەهید دەدات، داسـتانەکانیان دەنووسـێ. تـەواوی ئەدەبیاتە ڕەسەنەکەی ڕۆژهەلاتی ناوین ئەم گریانەیە. **فزوڵی** گـەورەترین شـاعیری ئـەم قۆناخەیـە. ئەمەش لاوانەوەکانی شاعیرە سۆمەریەکانمان دێنێتـە یـاد کـە ٢٠٠٠ سـاڵ پ.ز گوتوویانـە. ئومێـد لـەم ئەدەبیاتەدا بـەدی نـاکرێ. لـە کۆتـایی تـەواوی ئەشـقەکاندا سـووتان و بـوون بـە خۆڵەمـێش هـەیـە. **لـەیـلا و مـەجنـون، کـەرەم و ئاسـلی، فـەرهاد و شـیرین، مـەم و زیـن**، شـێوەی ڕەنگدانـەوەی ئـەم ڕاستینەیەیە لە ئەدەبیاتی میللی (فۆلکلۆر).

ئەگەر قۆناخی نێوان سەدەی دەیەم و پانزدەهەم وەکو دوا قۆناخەکانی پەلـەقاژەی سـەرە مـەرگ شـرۆڤە بکـەین، ئـەوا لـە دوای سـەدەی پانزدەهەمـەوە سـەری ئـەو بـەها کلتووریـە ١٥ هـەزار ساڵیە کۆنکریـت دەکرێـت کـە ژێرخـاك کـراوە. کاتێـك کـە مەغۆلـەکان بـە خێرایـی و لـە ڕێگـای زەبـرەوە پاشماوەکەشیان ژێرخاك کرد، ئەوا عوسمانیەکان لە"**پاسەوانی گۆڕستان**"ی ڕۆژهـەڵاتی نـاوین زیـاتر ڕۆڵێکی دیکە نابینن. دوای چەند پەلـەقاژەی سـەرەمەرگی سـوڵتان مەحەمـەدی فـاتح، کاتێك لەگـەڵ سۆفو بایەزیت بەرێوەدەچوو و پیاسە دەکات، تەنیا دوعای بۆ گۆڕستانەکان دەکرد. قۆناخی دواتریش هەروەکو پیسایی کردنی عەرەبە بەدەوییەکان وایە لەسەر ئاسەوارەکانی شارستانیەتی میسر، هەنـدێ جاریش وەکو سەما سەرەتاییەکانی ئەفریقیا زۆر نەزانانە یاریدەکات. سیستەمی کۆشکی عوسمانی بێ دەنگی مردنە. ئەمەش هێندە ئاشکرایە بۆ سەلامەتی و پاراستنی دەسـەڵات تەنانـەت کۆرپەلـەکانیش دەکوژرێن. ئەمە هیچ پەیوەندیەکی بە ئیسلامیەتەوە نییە. بە گوێرەی چەمکی ئەهلی بەیت تەواوی

تاکەکانی بنەماڵە لە پایەی پیرۆزیدا دەپارێزرێن و جێگای خۆشەویستین. خراپترین شێوەی بە دەسەڵاتبوونی لادەرانە بەمجۆرەیە، لە جیاتی ژیان پشت بە کوشتن و مردن دەبەستێ. دەسەڵاتی مردنی (کوشتن) کە لە سەرەتای دەرکەوتنی مەسیحیەتدا لەسەر عیسا پەیڕەو کرا، لە رۆما **نیرۆن** دەکرێت بە سەمبۆڵەکەی، ئەوا لە سەردەمی بێزەنتیەکاندا لەنێو شەوە زەنگدا پراکتیزە دەکرێت. عوسمانیەکانی کە بە بەرگی ئیسلامیەت خۆیان رەونەقدار کردووە، سێیەمین پەردە و دواترین رۆڵی ئەم شانۆگەریەی مردنە. تەواوی مۆسیقا و شیعرەکانی کۆشکی عوسمانیەکان هەروەکو بڵێی دەم بەگریانەوە ئەو دروست بوونە نامەشروعانەی ئارەزووە هەرزان و گەندەڵەکان دێنێتە زمان. ئەوەی خواستمان ئاماژەی پێبکەین ئەوەیە، کاتێك ئەو بەها مەزنانەی شارستانیەت لە دەستدراون و وون بوون، دەگریان، ئەوا ژیانی کەیف و سەفا و رابواردن نوێنەرایەتی ئەو سەما سەرەتاییە دەکات کە لەسەر گۆڕستانی مردووەکان ئەنجام دەدرێت. تووڕەبوون و قەهری بەسۆی ژیانی رۆژهەڵاتی ناوین تەنیا بەهۆی گەرمایی، بێکاری، تەواوی ناکۆکیە پڕوپووچەکان و نەزانیەوە نییە، زیاتر سەرچاوەی خۆی لەوەوە دەگرێت کە لەو خیانەتە نابوورێت کە لە رابردووەکەی کراوە و تۆڵە دەسێنێتەوە.

هەربۆیە شیکردنەوەکانی دەرەبەگایەتی سەبارەت بە چاخی ناوین بە تایبەتیش ئەوانەی دەرهەق بە قۆناخی تاریکایی کراوە ناتەواون و کورت دێنێ. بەرلە هەموو شتێك باس کردنێکی راست و سەرکەوتووانەی شیکردنەوەیەکی گشتی و بەرفراوانی مێژوویی و کۆمەڵایەتی پێویستە. ناشێ تەنیا لەمیانەی شوێنەوار ناسییەوە بە بەڵگەنامەکانی تەواوی چاخەکان بگەین. بەڵگەکانی سەبارەت بە پیرۆزی و نەفرەت، خیانەت و قارەمانێتی، خۆشەویستی و ئازار و بوێری زۆر کەم دەبن. خاکەکانی رۆژهەڵاتی ناوین کە بۆتە شوێنی پیرۆزیەکانی خوداوەندەکان؛ ئیتر لەمیانەی چیرۆکە زۆر و ناقۆڵاکانی خیانەت و مەتەڵە درۆ و دەڵەسەکانی و ئەو دەمامکە خوداییانەی کە ناوەڕۆکەکەی ڤاڵاکراوە و لە رێگای ئەو گرگنانەی رۆڵی قەشمەری دەبینن بۆ وڵاتە مردوو و نەفرین لێکراوەکان پارچە بووە. هەموویان هێندە ساختەن، هێندە بەرامبەر مێژوو بێ رێزن، خاوەنی قسەی خۆیان نین و خائینن، هێندە لە راستیەکان نامۆن کە هیچ بەهایەك نەماوە لەپێناو بچووکترین بەرژەوەندی تاکەکەسی و بنەماڵێتی بە هەرزانترین نرخ نەیفرۆشن. دەسەڵاتەکانی وڵات هێندە کەوتوون. ئیتر پێویستی بە دۆزەخی دیکە ناکات. ئەو دۆزەخەی لە کتێبە پیرۆزەکاندا باسی لێدەکرێت، بەڵاترین و دژوارترین شێوەی بەڕێوە دەچێت. تەنانەت هەموو کەسێکی تێکەوتووە و هەروەکو بڵێی بەندەیەکی بەهەشتی نەما. تەنیا شەڕ و پێکدادانی ئیسرائیل ـ فەلەستین یش بۆ باس کردنی ئەوە بەسە، چۆن مێژووی نەفرەت لێکراو لەمیانەی سیستەمێکی تۆقێنەرانەوە تۆڵەی خۆی لەم خاکە پیرۆزانە

دەکاتەوە و خستوویەتیە نێو رەوشێك کە ژیانی تێدا نەماوە. لە راستیدا ئەوەی تۆڵە دەسێنێتەوە ئەو بەها شارستانیەتە زۆرانەیە، کە شایستەی نەبوو.

هەرچەندە ئەمە پڕ بە ئێشە، بەڵام ئەوەی پێویستە ئاماژەی پێبکرێت و یەکجار سەرنج راکێشە ئەوەیە، خوداوەندی ژن **ئینانا** بۆ جاری دوایی دەچێتە بەرامبەر خوداوەندی فێڵباز ئەنکی و دەڵێ "**ما، کانی من بدەوە**"، بە بەهای خۆ دۆڕاندنیش بێت ئەو بەهایانە لە ئەریدۆوە دەگرێت و بە هەوای سەرکەوتن دەگەڕێتەوە ئۆرگ. خوداوەندە فێڵبازەکان بەردەوام دزیان و فرۆشتیان. لە سایەی ئەوانەوە ژن هەموو شتێکی لەدەستدا. کاتێك هەموو شتێکیان لەدەست ژن دەرهێنا، ئیتر مەزنترین هەژاری کۆمەڵگا وەکو قەدەرێك بەڕێوە دەچێت. دواتر مرۆڤیان کرد بە کۆیلە. هەموو جۆرە شێوازێکی زۆرداری و چەوساندنەوەیان لەمیانەی ساختەکاری، بەسەریاندا کرد بە مافێکی پیرۆز. ئەوانەی دواتر بەردەوام ئەم دوو کارە نالەبارەیان رتوش کرد و بریقەداریان کرد، وەکو باشترین هونەری ژیان دەستنیشانیان کرد. بە شێوەیەکی زۆر تۆقێنەرانە کوشتاریان ئەنجامدا، بە شێوەیەکی سەیر ئامرازەکانی کوشتنیان پێشخست. ئەو خوداوەندە ژن و پیاوانەی کە لەگەڵ مرۆڤدا دەژیان و بەردەوام هێزی پێدەبەخشین، هەموویان کردن بە بکوژ و تۆڵەسێن. ژیانی بەهەشتی جیهانیان کرد بە دۆزەخ. بەمجۆرە رۆژهەڵاتی ناوین نەفرەتی لێکرا. بەمجۆرە وڵاتەکان بوون بە خاکی نەزۆك و مردوو. هەموو شتێك لە رێگای ئەو قەدەخەنامانەوە بەڕێوەدەبرێن، کە لە زاری دەمامکەکانی ئەو خوداوەندانەوە دەرژێنرێن کە گیانیان لەبەردا نەماوە و لەمیانەی نوێنەرە بێ گیانەکانەوە دەدرکێنرێن. هیچ دیاردە و پەیوەندیەکی کۆمەڵگا و کردارێکی مرۆڤ نەماوە کە پێشتر بڕیاری لەسەر نەدرابێت. بە تێڕوانینێکی ئازاد و نوێخوازانە تەماشای هیچ شوێن و دیاردە و پەیوەندیەك ناکرێت. لە زووەوە تێڕوانین و نیگاکانی چاو دیاریکراوە، هەر لە زووەوە دەنگ لە مەکارە (کاسێت)کان تۆمار کراوە، ژیانی بێ واتای دەمامك کراو یاسای کوشندەن. ئیتر قەدەرگەرایی ئەبەدی و ئەزەلی بەسەر ژیانێکی رۆبۆتی (ألی) باو و زاڵە.

لە رۆژهەڵاتی ناوین، مێژوو وەکو ئەڵقەکانی زنجیرەی ئەو کێشمەکێش و شەڕەی نێوان تەواوی هێزەکانی پەرەسەندنی ژیانی کۆمەڵگا و رکابەرەکانی وایە. لەوە دەچێ لە ناوەڕاستی چاخەکانی ناوین ئەم زنجیرەیە پچڕابێت. لێرەدا چۆن ئەڵقەی نوێی پێوە دەبەسترێ و بەرز دەکرێتەوە؟ کاتێك لە جیاتی ئەوەی شارستانیەتی ئەوروپا وەکو رکابەرێك ببینین، وەکو یارمەتیدەرێکمان بینی و خستمانە نێو رەوشێکی بەمجۆرە، ئەو کاتە بە واتای هەنگاوێکی گرنگ دێت. شارستانیەتەکان تەنیا شەڕ لەگەڵ یەکتریدا ناکەن، زیاتر دەبنە دۆستی یەکدی. ئەگەر پێویست بێت، بە بلدۆزەر مێشکیان

دەکێڵن، بە شێوەیەکی ئازا و ئازادانە دڵ و هەناویان بۆ هەموو شتێك دەکەنەوە، جارێکی دیکە بەناوی تەواوی مرۆڤایەتی رێنسانسی خۆی ئەنجام دەدات کە تا رادەیەك شایستەی بەها رەسەنەکان بێت و بەمجۆرە خاکە مردوو و نەزۆکەکان دەکەنە شوێنی ژیانێکی پیرۆز.

## بەشی سێیەم

# شارستانیەتی سەردەمی سەرمایەداری

# شارستانیەتی سەردەمی سەرمایەداری

پێناسە کردنی بە کۆمەڵگا بوون وەکو پۆلێن کردنی کەڵەکە بوونی هێز, بە واتای بە زاراوە کردنی دێت لە بەرزترین ئاستدا. ئەم زاراوە پێویستی بە شیکردنەوە هەیە. لە کاتێکدا مرۆڤ بە تەنیا لاوازترین و بێ هێزترین ئاژەڵە, ئەوا چۆن دەتوانێ ببێتە فەرمانڕەوای تەواوی هێزە سروشتییەکان؟ وەڵامی ئەم پرسە خۆی لە بە کۆمەڵگا بووندا مەڵاس داوە. پرسی گرنگتر ئەوەیە ئەو کۆمەڵگایە چ دیاردەیەکە توانیویەتی تاك هێندە بەهێز بکات. لە سروشتدا گەلێك گروپی چۆنییەك لەگەڵ یەکتردا دەبینرێن, بەبێ ئەوەی جیاوازی لە نێوان گیانلەبەر ـ جەستەی بێ گیان بکەن هاتوونەتە لای یەکتری. شتێکی هێندە سەیر نییە گروپێکی مرۆڤ لەگەڵ یەکتردا ببینرێ. بەڵام شتی سەیر لێرەدا ئەوەیە: جگە لە مرۆڤ, تەواوی گروپەکانی دیکە, هێزێکی بەمجۆرە لە ناوخۆیاندا ناخوڵقێنن کە هێزێکی جوداتری هەبێت. بە شێوەیەکی سروشتی وەکو یەکن. کۆبوونەوە, جیاوازی لە ناویاندا ناخوڵقێنێ. گەردیلەکانی هایدرۆجین لە هەموو شوێنێکدا چۆنیەکە, هەمان شتە. چیمەن لە هەموو شوێنێك چیمەنە. مێرووڵە هەمان مێرووڵەن. لێرەدا وتووێژ لەسەر ئەوە ناکرێت کە کۆمەڵگا وەرچەرخان و جیاوازی هێناوەتە ئاراوە. هەروەکو دەزانرێ هەندێ جیاوازی نێو گروپەکان هەن سەرچاوەی خۆی لە سروشتەوە دەگرێت. هەرچەندە نموونەی بەمجۆرە بهێنرێتەوە, ئەوا بەراورد کردن و لێکچواندنی لەگەڵ کۆمەڵگای مرۆڤ هێندە پەند و دەرئەنجامی لێبەدەست ناهێنرێ. تایبەت بوونی کۆمەڵگا خۆی لە خۆیدا جیاوازییەکی مەزنی چۆنایەتی لە خۆوەدەگرێت, بەر لە هەموو شتێك ئێجگار خوڵقێنەرە. زۆر بە سانایی دەتوانرێ ئەمە ببینرێ و دەستنیشان بکرێت کە لە گەڵە مێرووڵەوە تاوەکو دەگاتە گەڵە مەیموونەکان , هیچ گروپێکی گیانلەبەران, تایبەتمەندێتی خوڵقکارییان نییە کە پێشبکەوێت. هەر چی لە کۆمەڵگای مرۆڤدایە, لە هەموو کاتێکدا خوڵقاکارییەك جێگای باسە کە گەشە دەکات و خێرا دەبێت.

سێیەمین پرسی کە گرنگە و جێگای بایەخە, تا چ رادەیەك دەبێ تاك و کۆمەڵگا بایەخی پێبدرێت و لەپێشەوەبێت. بە کۆمەڵگا بوون تا چ رادەیەك لە خزمەت و بەرژەوەندی تاك دایە, لە کوێ لە دژی دەبێت؟ بە پێچەوانە تاکە کەسێتی (بوونی تاك بە خاوەن کەسێتی خۆی ــ و) چەندە لە خزمەتی کۆمەڵگا دایە و پێویستە, لە کوێ زیانبەخش دەبێت و تا چ رادەیەك زیانبەخش دەبێت؟ بێگومان پەیوەندی تاك ـ کۆمەڵگا پێویستی بە شیکردنەوەیەکی راست هەیە. ناشێ مرۆڤ بەرامبەر بە رەوشێکی بەمجۆرە سەرسووڕماو و واقی وڕنەمێنێ، سەرەڕای ئەوەی کێشەی شیکردنەوە بە ئەندازەی جودابوونەوە و یەکبون گرنگە, بەڵام سەبارەت بە بابەتێکی هێندە ژیانی و گرنگ, بە نەزانی ماوەتەوە یاخود سنووردارە و لە نێو ژیانێکدا دەژی کە پڕە لە زانیاری هەڵە و نابەجێ.

بۆ پێناسە کردنی کۆمەڵگای سەرمایەداری پرسیار کردنی ئەم سێ پرسە سەبارەت بە سەرەکیترین زاراوە کە رۆڵی کلیل دەبینێ، گرنگ و بایەخدارە. تاوەکو وەڵامێکی راستی ئەم پرسیارانە بەدەست نەهێنرێ, ئەو پێناسەیەی دەرهەق بە کۆمەڵگای سەرمایەداری ئەنجام بدرێ بە رووکەشی دەمێنێتەوە. لە رەوشێکی بەمجۆرەشدا هەموو هەوڵەکانی داهێنانی زاراوە و پێشخستنی تیۆری, یەك بە دوای یەك تەنگ بوون و کەم و کوڕی لە خۆوەدەگرێت. هەربۆیە کاتێك شیکردنەوەیەکی راست سەبارەت بەو بەهێزبوونە بکرێت کە کۆمەڵگا لەگەڵ خۆیدا هێناوە, خولقکاری خێرا و هەمیشەیی ئەم بەهێزبوونە و قازانج و زیانەکانی تاك لە ئاکامی بە کۆمەڵگابوون بە شێوەیەکی راست و لێهاتووانە شیبکرێتەوە, بەو ئەندازەیە کۆمەڵگای سەرمایەداری و تاکڕەوێتی پێناسە دەکرێت.

ئەمە روون بۆتەوە کە ئەو سۆسیالیزمەی وەکو رەوتێکی رکابەر خاوەن بانگەشەیەکی مەزنی زانستیبوون بوو, شیکردنەوەکانی سەبارەت بە سەرمایەداری، تێری نەکردووە. ئەو شکستانەی سۆسیالیزم دووچاری هات بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بە گوێرەی پێویست زانستی نەبوو، نەك ناهەق بوو. لەوە دوور ماوە کە دەرك بە کۆمەڵگا بکات بە تایبەتیش دووالیزمی تاك و کۆمەڵگا. باڵابوونی کۆمەڵگای سەرمایەداری لەسەر کۆمەڵگا سۆسیالیزمی, تاکی سەرمایەداری بەسەر تاکی سۆسیالیستی تێپەڕنەکراوە. ئەو دواکەوتن و زانیارییە ناتەواوانەی سەبارەت بەم مەسەلەیە خاوەنیبوون, رۆڵێکی سەرەکی لەم رەوشەدا بینیوە.

مێژووی بە کۆمەڵگا بوون پێویستی بە تواندنەوەی تاك هەیە, کە ئەمەش دژی تاك دەشکێتەوە. کاتێك باسی تۆقێنەری دەکەین, تەنیا مەبەستمان شێوازە قەبەکانی فشار نییە. واتە لەگەڵ لایەنە ئەرێی و شێوازەکانی سەرنج راکێشی و بەزەیی هاتنەوە, لە ناو یەکتردان. ئەوەی لە قۆناخی پێکهاتنی یەکەمین بە کۆمەڵگابووندا دەبینرێ, لەسەر بنەمای ترساندن و بەخشینەوە, ماڵیکردن و ئامادە

کردنییەتی بۆ بە ئەندام بوونی کۆمەڵگا. ئەوە ململانێیەکی هێندە بێ ئامانە, کاتێك پێویستییەکانی جێبەجێ نەکرێت، ئەوا زیان و وون کردنی هەمە لایەنە , لەسەرووی هەمووشیانەوە مردن دەبێتە ناچارییەکی دەست لێبەرنەدراو. راستتر بڵێین, کاتێك پێویستییەکانی ئەندامێتی کۆمەڵەکە جێبەجێ بکرێت، دەرفەتی ژیان هەیە. پێداویستییەکانی ئەندام بوون جێبەجێ نەکرێت, ناشێ ژیان بەردەوام بێت. وەکو لاوازترین گیانلەبەر, لە قڕبوون رزگاری نابێت. بێچوە چۆلەکەیەك لە ماوەی پانزدە رۆژدا دەتوانێ بفڕێ و درێژە بە ژیان بدات؛ بەڵام ئەمە بۆ بێچووی مرۆ لە دە ساڵ کەمتر نابێت. کاتێك بە تەنیا بمێنێ, رۆڵەیەکی (منداڵێکی) مرۆڤ زۆر لە بێچووی چۆلەکەیەك بێچارەترە. بەڵام کاتێك ببێتە ئەندامی بنەماڵە (فلان)ییەکی بچووکیش دەتوانێ ببێتە پادشای جیهانی هەموو گیانلەبەران. کاتێك ئەم رەوشە هەستیپێدەکرێت, بە کۆمەڵگابوون وەکو هێزێکی هێندە مەزن و ئاوارتە دێتە ئاراوە کە, لەمیانەی هەموو جۆر و شێوەیەکی یەکەمین بیرکردنەوە, لەمیانەی زاراوەکانی ئایین و خوداوەندەوە گوزارشتی لێدەکرێت. واتە دەرکەوتنی ئایین و سەرەکیترین زاراوەکەی کە خوداوەندە, سەرەکیترین رەنگدانەوەی ناسنامەی ئەم بەهێزبوونە سیحراوی و ئاوارتەیەی کۆمەڵگایە. بە کۆمەڵگابوون بناخەی ماددی خوداوەندیبوونە, خودی خوداوەندە. رەنگدانەوەیەکی پاسیفانەش جێگای باس نییە. ئەو هێزەی هاتۆتە ئاراوە توانای هەموو جۆرە خوڵقکاری و داهێنانێکی هەیە, کە ئەمەش سەرەکیترین تایبەتمەندێتی خودایە. چ ماوە کۆمەڵگا نەیخوڵقاندبێت؟ لەوانەیە بگوترێ شتێك لە نەبوونەوە ناخوڵقێنرێ. بەڵام کاتێ ئەوە بێنینە بەرچاوان کە رەوشێکی بەمجۆرە لە ئارادانییە کە ئەوە سەلمێنرابێ لە نەبوونەوە خوڵقکاری بکرێت, ئەوا تایبەتمەندێتی خودایی خوڵقکاری کۆمەڵگا دەبینرێ.

لێرەدا دەردەکەوێت کاتێك دەرك بەو هێزە مەزنە دەکرێ کە کۆمەڵگا دەیبەخشێ, هەنگاونانی زیاتر بەرەو بە کۆمەڵگابوون دەبێتە ناچارییەك. لە ئەنجامی بە کۆمەڵگا بوون, لە رەوشی خشۆکی سروشت و بوونەوەرێکی (کائن) بێ کاریگەر رزگاری دەبێت؛ بە پێچەوانەوە, لەگەڵ پێشکەوتنی کۆمەڵگا دەبێت بە هێزێك کە بەسەر تەواوی بەهاکانی سروشتدا زاڵ بێت. قۆناخەکانی دەستپێکی مێژووی کۆمەڵگا, لەبەر ئەم هۆیە پێکهاتەیەك دێنێتە ئاراوە، بەردەوام بە کۆمەڵگابوون بەهێزدەکات و لە شێوەی ژێر بۆ ژوور, لە بەشێکەوە بۆ بەشەکەی دیکە بەردەوام لە نێو قەڵەمبازدایە. لەمیانەی پێکهێنانی شێوە پەیوەستدارەکانی کۆمەڵگا, وەڵامی تەواوی ئەو کۆسپ و گیروگرفتانە دەداتەوە کە سەرهەڵدەدەن. زانیارییە پوخت و کورتەکانی سەبارەت بە کۆمەڵناسی ئاماژە بەوە دەکەن کە راستی بەم ئاراستەیەدا رێڕەوی گرتووە, پێشکەوتنێکی بەمجۆرە لە ئارادابووە کە بەبێ پچڕاندن، لە نێو

مەزن بوون و بەردەوامیدا بوون. پچڕاندن و پارچەبوون و قڕکردنەکانی ناوە بە ناوە روودەدەن, هێزێکی ئەوتۆی نییە کە وزەی هەڵکشان و بەهێز بوونی و مەزن بوونی مەیل و هەڵوێستی گشتی ریشەکێش بکات. لەوانەیە پاشماوە و دەرهاوێشتەی لە کارکەوتنی کۆنە بەرامبەر نوێ، کە ئەمەش پێویستییەکی پێشکەوتنی کۆمەڵگایە. هەروەکو بڵێی توانەوەی تاك لە نێو کۆمەڵگادا یاسای سەرەکییە. لە پەیوەندی نێوان دیاردەی کۆمەڵگایەکی بەهێز و تاك, داب و نەریتەکانی کۆمەڵگا زاڵە. نەریت وەکو یاسای کۆمەڵگایە. کاتێك هەنگاو بە هەنگاو کۆمەڵگا بەرەو پێکهێنانی داب و نەرێتێکی وشك و برینگ دەچێت, ئەمە بە دژی دەستپێشخەری و وزە و توانای تاك دەشکێتەوە. دوای قۆناخێك, کۆمەڵگا و داب و نەریتەکەی کە تاکە رێگای لەسەرپێمانەوە و ژیانی تاك بوو, ئیتر دەبێت بە هێزی کۆن و بەند کردنی تاك.

لە کۆمەڵگای چینایەتیدا, یاسای فەرمی دەوڵەت کە لەسەرووی داب و نەریتە, ئەگەر پێویست بکات لەمیانەی بەکارهێنانی توند و تیژییەوە بە شێوەیەکی وشکتر پیادە دەکرێت. پابەند بوون و گرێدانی تاك بە کۆمەڵگا, دەگۆڕدرێ بۆ کۆیلایەتی و بەندێتی. وابەستەیی تەنیا بە گوێرەی هەلومەرجەکانی بەرهەم هێنانی ماددی کۆمەڵگا نییە, بەڵکو بەسەر جیهانی هزر و هەستیشدا زاڵ دەبێت. هەلومەرجە ئایدیۆلۆژی و ماددییەکان, لەمیانەی پیرۆزییەوە وەکو رەنگدانەوەی سیستەمی خودایی بەسەر تەواوی توێژەکانی کۆمەڵگا دەچەسپێنرێ. هێندەی ئەوەی تواناکارییەکانی چەوسانەوەی چینایەتی زیاد دەبێت، هاوکات پەیوەندییەکانی وابەستەیی کە رێگا بەم چەوساندنەوەیە دەدات, هەم لەمیانەی فشار و ئەشکەنجەی ماددییەوە, هەم لەمیانەی ئەو میتۆلۆژیانەی مژدە و ترسی مەعنەوی لە خۆوەدەگرن, چەندی بڵێی تۆکمەدەکرێن. ئیتر داخوازی و ئاواتی رزگاربوون لەلای تاك گەڵاڵە دەبێت, قۆناخی راکردن لە فشاری کۆمەڵگا دەستپێدەکات کە گەیشتۆتە نایەکسانی و ستەمکارییەکی یەکجار مەزن. لە ئاکامی جڤات بوون و کۆمەڵەی خۆییەوە، هەڵوەشانەوە لەو کۆمەڵگایەدا خێرا دەبێت کە وابەستەیی و کۆیلایەتی دەسەپێنێ. سەرەتا مرۆڤ باس لە ئێش و ئازار دەکات, دوایی سکاڵا پێشدەکەوێت و لە دواییشدا دەبێتە یاخیبوون. بۆ بەرەنگاربوونەوەی هێزە فەرمییەکانی سیستەم, بەدوای تواناکارییەکانی خۆیدا دەگەڕێت. لێگەڕینە نوێکانی سەبارەت بە خودا و پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان, پێویستی جیاوازی لە هزر و مێشکدا دەچەسپێنێ.

کۆمەڵگای رکابەر زیاتر نزیکی تاکە و کراوەیە. بە واتایەك قۆناخی ئازادبوون, جوڵانەوەیەکی نوێی کۆمەڵگایە؛ لێگەڕینێتی بەدوای ناسنامەی ئایدیۆلۆژی و سیستەم. ئەگەر کۆمەڵگا و

ئایدیۆلۆژیای نوێ لەمیانەی ئەزموونەوە, بەرامبەر بەو سیستەمەی کە دژی وەستاوە لەسەر پێیان بمێنێ و تەنانەت ئەوە بسەلمێنێ لەو دەوڵەمەندتر و بەرهەمدارترە, ئەوا دەرفەتی ئەوەی بۆ دەرەخسێ ببێتە ئەلتەرناتیف و جێگای کۆن بگرێتەوە. ئەو هەڵوێست و مەیلانەی دژی سیستەمی کۆیلەداری پێشخراون, ئیتر چ ئایینە تاکخوداییەکان بێت یاخود تەریقەتە نیو فەلسەفی ــ نیو ئایینیەکان بێت, هەروەکو لە نموونەی عیسادا دەبینرێ ئەم هەڵوێستانە بە تەواوی دەبن بە رەوتێکی رزگاریخواز. دوای قۆناخێکی درێژخایەنی بە کۆمەڵگابوون, هزر و ویژدانی تاك وریا دەبێتەوە. رزگاربوون لە کۆت و بەندەکانی داب و نەریتە باوەکانی کە سەدان هەزار ساڵ بەردەوام بووە, داننانی دیاردەی کۆمەڵگابوونە بەوەی کە زێدەڕۆیی کردووە و سنوورەکانی تێپەڕاندووە. دوای خولقاندنی سیستەمی دەرەبەگایەتیش دیسان ئەم مەیلە بەردەوام دەبێت. ئەشقی خودایی یاخود ئەشقە کلاسیکییەکانی چاخەکانی ناوین. هەروەها راکردن و خۆدزینەوەی تاك لە بە کۆمەڵگابوونێکی بێسنوور, گوزارشت لە لێگەڕینەکانی ئازادی دەکات. ئەم لێگەڕینە مەزنانەی دەرهەق بە ئەشق بەڵگەی زەقی ئەوەن کە تاك لە نێو مەحکومیەتێکی چۆندا ژیاوە. لە کۆمەڵگا رادەکات, پەنادەباتە بەر خودا, چاوەڕوانی و ئاواتی هاوکاری لە ئەڤینی تاك دەخوازێ. لێگەڕینەکانی فەلسەفە و تەریقەتەکانی سۆفیگەرایی وەکو پارچەیەکی ئەم قۆناخە بەردەوام دەکات. هەرچەندە لە رێگای ئامراز و ئامانجی هەڵە و سنوورداریش بێت, ئەو تاکەی رابۆتە سەرپێیان, سەرکوت ناکرێتەوە.

کاتێك بە شێوەیەکی بەرفراوانی بەمجۆرە تەماشای تاکڕەوێتی بکەین کە یەکێکە لە فاکتەرە سەرەکییەکانی لە دایك بوونی سەرمایەداری, ئەو کاتە باشتر دەرك بەوە دەکرێت کە لیبرالیزمی بۆرژوازی ریشەیێکی چەندە بەهێزی مێژوویی و کۆمەڵایەتی هەیە. وەکو دەرئەنجامێکی ئەم راستینەیە دەتوانین دەرك بە قووڵایی ئەوە بکەین کە سەرەڕای مافداریێتی و رەوایەتییەکەی, بۆچی کۆمەڵگای سۆسیالیزمی زانستی نەیتوانی بالآبێت. تاوەکو کۆمەڵگا وەکو ناوەندێکی پۆلآیین درێژە بە هەبوونی خۆی بدات, بەردەوام لیبرالیزمی تاکە کەسی لە سۆسیالیزم بالآتر و پایەدارتر دەبێت. کاتێك کۆڵەکە و ناوەندی کۆمەڵگای کۆن پەرتەوازە بکرێت, ئەو کاتە هەلومەرج و زەمینەی ئاواکردنی هاوسەنگییەکی ئاسایی دێتە ئاراوە.

لێرەدا لە ئاستی پێناسەکردندا باس لەو هەڵوێست و مەیلە مێژووییانە دەکەین کە سەرمایەدارییان هێناوەتە دونیاوە. بێگومان رەوتی تاکڕەوێتی لەسەرووی ئەم مەیل و هەڵوێستانەوە دێت. هۆکاری ئەم کاریگەرێتییە مەزنەی کردوویەتی، بۆ ئەو فشارەی کۆمەڵگا دەگەڕێتەوە کە بە سەدان هەزار ساڵ بەردەوام بووە. هەروەکو بڵێی تاك تواوەتەوە. کۆمەڵگاش هەروەکو بڵێی

ئەلکترۆنەکانی ژینگەی قووت داوە, مەزن بووە و لە خانەیـەکی ئـەتۆمی دەچێت کـە بـۆ پارچـەبوون گونجاو و لەبارە. بەڵێ تاکڕەوێتی ڕۆڵی ئەم پارچـە بچکۆلانەیە دەبینـێ کـە کەوتۆتـە نـاو سیستەم و ڕێگا لـەپێش کاردانـەوە یـەك بـەدوای یەکـەکانی دەکاتـەوە و کۆمـەڵگا کۆن و لـە پـەلوپۆ کەوتووەکـە پارچـە دەکـات. ئـەو سـەرمایەدارییەی دێتـە ئـاراوە هێـزی خـۆی لـەم تەقینەوەیـە وەردەگرێـت و لـە ڕاستیدا ڕێگا لەپێش ئەنجامێکی مەزنی مێژوویی دەکاتەوە.

بە شێوەیەکی سەرەکی سەرمایەداری هێز و توانای خۆی لـەو بڵاوبوونەوەیـە وەردەگرێت کـە لـە ئەنجامی پێکدادانی تاك لەگەڵ ئەو کۆمەڵگایە دێتـە ئـاراوە کـە بـە سـەدان هـەزار سـاڵ مـەزن ببـووە. نهێنی خوڵقکاری لێرەدایە. پێبەپێ روون دەبێتەوە، سۆسیالیزمی زانستی سـەبارەت بـەم بابەتـە, بـە شێوەیەکی تەسك و سـنووردار بـیری کردۆتـەوە و هەڵوەسـتەی کـردووە, کاتێـك بـووە بـە دیاردەیـەکی کۆمەڵایـەتی ئـەوتۆ زۆر بـە کۆمــەڵگای کـۆن بچـێت تەنانــەت کاتێـك تونـدتر بـووە, لەگـەڵ مـەیلی ئازادیخوازانە ناکۆك بووە کە بەردەوام بانگەشەی بۆ کردووە.

جگە لە بواری کەسێتی تاك, ئـەوا پێناسـەکردنی دەرکـەوتنی کۆمـەڵگای سـەرمایەداری لـە بـواری کات و شوێندا, گەلێك پەند و ئەزموونی لێدەکەوێتەوە.

هەروەکو چۆن ئەگەر بواری کات و شوێن نـەبێت، ناشـێ بـیر لـە هـەبوونی ماددەیـەك بکرێتـەوە, ئەوا کۆمەڵگاش وەکو دیاردەیەکی ماددی تایبەتمەندێتی بەمجۆرە لەخۆوە دەگرێت کـە بـە چـڕییەوە گرێدراوی دیاردەی کات و شوێنن. شێوەیەکی کۆمەڵگا کە کـات و سـەردەمی خـۆی بەسـەر نـەبردبێت, لەناو ناچێت. کاتێك لەنێو نەچێت و بە شـێوەیەکی ڕاسـت خـۆی بگەیـەنێ بـەو شـێوەیەی دوای ئـەو دێت, دەرفەتی ئەوەی بەدەست دەکەوێت بە شـێوەیەکی دروسـت بـەلاوەی بنێـت. ئەگـەر ئـەم ڕەوشـە نەڕەخسێنێ، ناشێ وەرچەرخان بەدیبێت. هەلومەرجی ئەوە دێتە ئاراوە یان لەمیانەی توانەوە یاخود پەرتەوازەبوون لە هەلومەرجەکانی، لە ناوچوونی بڕەخسێت. ئەگەر بەرخودانی سەرکەوتن بەدەست بێنێ لەسەر پێییان دەمێنێتەوە. دەکەوێتە نێو پێشکەوتنی سروشتی. ئەگەر بـەرخودان سـەرکەوتوو نەبێت، گەوهەری خۆی لەدەست دەدات. لە کاتێکدا شـێوەگرتنە سروشـتییەکان یـەك بـەدوای یەکـەوە بـێن, کۆمەڵگایـەك بـە کـات و ماوەیـەکی ئاسـاییدا دەربازدەبێـت. لـە ئەنجامـدا ئـەو کۆمەڵگایـەی سەرکەوتنی لەمەدا بەدەست هێنـاوە, بـە کۆمەڵگایـەك دادەنـرێ کـە بـە ڕۆحـی سـەردەم گەیشـتووە و پێویستییەکانی پێگەیاندووە و ئامادەی کـردووە. هەربۆیـە لـە شـێوەگرتنی سیسـتەمەکانی کۆمـەڵگادا هیچ کاتێـك لـە بنگـەدا لـە سـەرەتاییەکانەوە قەڵـەمباز بـەرەو سـەرمایەداری ئـەنجام نادرێـت. ئەگـەر هەنـدێ بنەماڵـە لەگــەڵ ســەرمایەداریدا بــبن بــە یــەکیش بــە واتــای ئــەوە نایێــت سیســتەمە

دەرەبەگایەتییەکان تێپەڕکران. بە پێچەوانەوە، لەبەر ئەوەی ئەم سیستەمانە کاتی خۆی پڕکردۆتەوە و بەسەرچووە و جێگای خۆیان بۆ سەرمایەداری بەجێهێشتووە، ئیتر تەواوی سیستەمە کۆنەکان لەلایەن سەرمایەدارییەوە قووت دەدرێن. بەڵام بە خۆیان بەو قۆناخە سروشتییانەی پێشکەوتندا تێپەڕنابن کە پێویستە بە خۆیانەوە ببینن. جیاوازی نێوان پێکهاتنی قۆناخەکان و قووتدان، لێرەدا شاراوەیە. هیچ شێوەبەندی و سیستەمێکی کۆمەڵگا تاوەکو بە رۆحی سەردەم نەگات و پێیدا دەرباز نەبێت و قۆناخەکانی نەبڕێت، ئەوا لەمیانەی گەوهەر و ناسنامەی خۆیەوە پێی ناگات.

له رەوشێکی بەمجۆرەدا شێوەگرتنی کۆمەڵگای سەرمایەداری، وەکو دواترین ئەڵقەی تەواوی ئەو شێوەگرتنە کۆمەڵایەتییانەی پێش خۆی بەدیدێت. ئەڵقەکانی پێشوو له کوێ و تا چ رادەیەك ژیابن ئەوا سەرمایەداری وەکو دواترین ئەڵقە پێیانەوە دەلکێ. راکردن لە کاریگەرییەکانی کات (سەردەم)، مەحاڵە. هەروەکو جەختی لەسەرکرایەوە چۆن ماددە بێکات (زمان) نابێت، ئەوا سیستەمەکانیش بەبێ کات پێك نایەن و ناخرێنە سەر یەکتری.

لەم بوارەدا ئەو هەڵسەنگاندنانە گرنگە و جێگای بایەخە: هەروەکو بڵێی سەرمایەداری ئەورووپا، له شێوەی روانی کوارگ لە کیشوەری ئەورووپا دەرکەوتووە و وەکو شێوەیەکی کۆمەڵگا پێشکەش بە مرۆڤایەتی دەکرێت. باڵادەستی ئایدیۆلۆژی ئیمپریالیزم لە ئاستێکی هەرە بڵنددا، لادان و چەواشەکاری زانستی لەم بوارەدا ئەنجام دەدات. بەمجۆرە ئەورووپا وەکو سیستەمێك دەسەپێنێ کە بێهاوتایە، کەس پێیناگات و قەرزاری کەس نییە و هەتا هەتایە بەردەوام دەبێت. لە مێژووودا بە تایبەتی ئەو کۆمەڵگایانەی کارەکتەری ئیمپریالیستانەیان هەیە، لەنێو نزیك بوونەوە و هەڵوێستێکی هاوشێوەدان. خۆیان بە سەنتەر و دەستپێکردنی هەموو شتێك دەبینن. ئەوانەی دیکە بە تەواوکەری سادە و پاشماوە دەبینن. ئەم تێڕوانینە ناهێڵێ دەرك کردن و تێگەیشتنی مێژووی کۆمەڵگا بەدیبێت. سەرەڕای هەموو بانگەشەکانی زانستی بوونی ئاستی وشیاری و تێگەیشتنی کۆمەڵگای رۆژگاری ئەمرۆمان، پشت بە چەمکێکی راستی سەبارەت بە مێژوو نابەستێ. ئەمەش بە واتای ئەوە دێت زانستێکی کۆمەڵایەتی راست و دروست پێش ناکەوێت. هەروەکو تەواوی دیاردەکانی سروشت، هیچ دیاردەیەك نییە بێکات (زمان) بێت. شوێن پەنجەی مێژووی سروشت لە هەموویاندا هەیە. لەمیانەی مێژوووەوە، واتە لە رێگای کاتەوە دەتوانرێ دەستنیشان بکرێت کە تا چ رادەیەك و چۆن پێکهاتوون. لە تەقینەوەی ئەستێرە بریقەدارەکانەوە تاوەکو دەگاتە هەڵهێنانی جووجەڵە لەلایەن مریشکەوە، هەموو دیاردەیەك، کاتێکی تایبەت بە خۆی هەیە. بە گوێرەی ئەوەی کۆمەڵگاش دیاردەیەکی ماددییە، وابەستەی کاتێکی دیاریکراوی پێکهاتنە. مێژوویێکی جددی کۆمەڵگا، کاتێك ئاماژە بەوە بکات کە

شێوەبەندییەکانی کۆمەڵگا لە کوێ و چۆن و لەمیانەی کامە تایبەتمەندێتیەوە پێکهاتووە و سەرەتا و ئەنجامەکەی چی بووە؟ ئەو کاتە دەبێت بە مێژوویێکی ڕاستی کۆمەڵایەتی و بەمجۆرە دەتوانێ بانگەشەی ئەوە بکات کە بووە بە زانستی کۆمەڵگا (کۆمەڵناسی).

دەشێ هەڵسەنگاندنێکی هاوشێوەی ئەمە دەرهەق بە بواری شوێن (جوگرافی) کۆمەڵگابوون پێش بخرێت. هەر شێوەگرتنێکی کۆمەڵگا بە شێوەیەکی بەهێز گرێدراوی هەلومەرجەکانی شوێن (جوگرافیا)یە. بەر لە هەموو شتێك پێویستە هەلومەرجێکی جوگرافی ئەوتۆ هەبێت کە مرۆڤ بتوانێت تێیدا بژی و بەرگە بگرێت.

ئەوەی زیاتر جێگای بایەخە ئەوەیە، یەکەمین شێوە بەندییەکانی کۆمەڵگا, لەو شوێنانە دەرفەتی پێشکەوتنیان هەیە کە تواناکاری ڕاو و کۆکردنەوەی بەروبوومیان هەیە. لەو شوێنانەی ئەم تواناکارییانەیان لێنییە, ناشێ هیچ شێوەیەکی کۆمەڵگا پێکبێت. شێوەبەندی کۆمەڵگایەکی وەکو کۆمەڵگای نیۆلیتیك لە قۆناخەکانی سەرووتردا لەو شوێنانە دێتە ئاراوە کە بە شێوەیەکی سروشتی گیانلەبەرەکانی ڕاوکردن و دانەوێڵەی تێدا دەروێ و زۆر دەبێت. لەهەمانکاتدا ئەم شوێنانە هەبوونی کۆمەڵگایەك کە لەمیانەی ڕاوکردن و کۆکردنەوە خۆی بەخێودەکات و دەژێنێ, دەکات بە مەرجێکی لەپێشینە. ئەمەش ڕاستینەیەکی دیکەیە تەواوی ئەو هەلومەرجە لەپێشینانە, تەنیا لە چەند شوێنێکی سنووردواردا کەڵەکەدەبێت. ئەگەر داهێنانە مەزنەکانی ئەڵقەی نیۆلیتیك نەبوایە. ئەوا هەنگاو بەرەو شێوەبەندی کۆمەڵگای چینایەتی نەدەهاوێشترا. مێژوو ئەوە نیشان دەدات تەنیا دەشێ لە نێو کەوانەکانی ناوەوەی زاگرۆس ـ تۆرۆس, لەمیانەی کۆمەڵگای گوند کە لە دۆڵی میزۆپۆتامیا ئاوا بووە, لە نێو پەیوەندییەکی بەهێزدا ڕێگا لەپێش شۆڕشی شار بکرێتەوە کە هەنگاوێك لەپێشترە. بەڵام تواناکاری ئاودێری و پێکهاتەی خاکە بە پیتەکەی حەوزەی خوارووی میزۆپۆتامیا شوێنێکی لەبار و گونجاوی شۆڕشی شارە و سەرەتا لێرە پێك دێت. ئەڵقەکەکانی کۆمەڵگا چڕتربووە. کاتێك لە نێو پەیوەندییەکی دیالیکتیکیدا , کۆمەڵگای نیۆلیتیك کۆمەڵگای چینایەتی کۆیلەداری پێك دێنێت, بەمجۆرە ئەڵقەیەکی دیکەی ئەڵقە سەرەکییەکان پێك دێت. ئەم شێوەبەندییە نوێیە، دوای ئەوەی بۆ ماوەیەکی درێژ و لە ڕووبەرێکی بەرفراواندا بڵاودەبێتەوە و بەردەوام دەکات, تاوەکو ئەو قۆناخەی لە ئەنجامی ناکۆکییەکانی ناوخۆ ناچاری بەلاوەنان دەبێت, ئیدی لەمیانەی ئەو هێزەوە دەژی کە لە ناوەندی نیۆلیتیکەوە وەری دەگرێت. هەروەکو کات, شوێنیش (جوگرافیا) تایبەتمەندییەکی بەمجۆرەی هەیە کە مۆرکی خۆی لە شێوەبەندی کۆمەڵگا دەدات. دەبێ دەرك بەوە بکرێت لە دیاردەی کۆمەڵگادا, دەستپێك و دوایی, سەرەتا پێشکەوتنەکانی ناوەند و دەوروبەر, لە نێو یەکێتییەکی

دیالیکتیکییانەدا خاوەنی راستینەیەکن. ئەم رێسایەی بەهای یاسایەکی گشتی هەیە, ئەوە نیشان دەدات بەبێ ئەوەی بوارەکانی شوێن و کات رەچاوبکرێت, دەرکی پێناکرێت. سەرباری ئەوەی راستینەکە بەمجۆرەیە, ئەوا تایبەتمەندێتی خۆ جودابینین و خۆ بە رەسەن نیشاندانی ناسنامە ئایدیۆلۆژیەکان، فاکتەرێکی لەپێشنەیە کە کۆسپ دەخاتە بەردەم باسێکی راست و دروستی مێژوو. خۆ بەسەنتەر دانان ئامانجێکی شەڕی ئایدیۆلۆژیە. خۆ بە زلزانین, نکوڵیکردن لەوانەی دیکە, وەکو باڵا بوونێك دەبینێ و بەمجۆرە پەی پێدەبات. چەندەی هێزی چەواشەکردنی راستی نیشان بدرێت, بەو ئەندازەیە خۆی بە سەرکەوتوو لە قەڵەم دەدات. لە چاخە سەرەتاییەکانەوە تاوەکو رۆژگاری ئەمرۆمان, تەواوی شێوەبەندییە بە شان و شکۆکانی کۆمەڵگا, وەکو رێچکەیەکی بەردەوام کردنی ژیانی خۆیان ئەمەیان بەکارهێناوە. لەسەردەمی تەوتەمگەراییدا, هەر گروپێك تەنیا بتی خۆی بەهادار دەبینێ و پەسندی دەکات. سەرباری ئەوەی لە ناوەڕۆکدا هەمان رۆڵ دەبینن, لە میتۆلۆژیا هەنگاوێك بەرەو پێشەوە دەهاوێژرێ. رەنگدانەوەی کۆمەڵگا بە شێوەی ئەو خودایەی لە ئاسمان جێگیربووە, لەمیانەی میتۆلۆژیاوە دەبێتە خاوەن نوێنەرایەتییەك. لەبەر ئەوەی شارەکان گرنگترین ناوەندی کۆمەڵگایە, رێگا لەپێش دەرکەوتنی بەهێزترین خوداوەندی پارێزەری شار دەکاتەوە. ناوەندیبوونی سیستەم, یەك بوونی چەندین شار, ناوەندیبوونی هاوشێوە لە نێو خوداوەندەکانیشدا لەگەڵ خۆی دێنێ. گەیشتن بە ئیمپراتۆریەتێکی گەردوونی, زەمینەی سیاسی بۆ تاکخودایی ئامادە دەکات. ئیتر بۆچوونی تاکە پادشایی زەوی و تاکخودایی ئاسمان، جێگای خۆی لە هزردا دەکاتەوە. لە کاتێکدا پێشکەوتنەکان ئاراستەیەکی بەمجۆرە وەردەگرن, ئیتر چی لە ناوەوەی کۆمەڵگای چینایەتی بێت یاخود دەرەوە, ئەو بەرخودانانەی لە بەرامبەری پێشدەکەون, لە نێو پەیوەندی کارتێکردن و کاردانەوە سەمبۆل و نەریتەکانی خۆیان بەرەو پێش دەبەن و دەخوازن بەردەوامی پێبدەن. پێشکەوتنێکی هاوشێوە لە پەیوەندییەکانی بەرهەم هێنانی ماددیشدا بەردەوام دەبێت. مێژوو وەکو هێزی لێشاوی رووبارێك کە هەم کات و هەم شوێنی هەیە, گونجاوترین کات و زەمینە بۆ خۆی دەستنیشان دەکات, لەمیانەی شوێن و ساتی خۆیدا نوێبوونەوە دەکاتە ناچارییەك و بەردەوام دەبێت.

هەروەکو چۆن بە گوێرەی یاسای فیزیا، لافاوێکی کە بە جۆش و تەوژمێکی ئێجگار خێراوە دێت, ناتوانرێ ئاراستەی بەرەو بەرزاییەك یاخود پێچەوانە بکرێتەوە و ئەمە ناچارییە لە مەیل و ئاراستەی گونجاو و خێرایی خۆی درێژە بە لێشاوی خۆی دەدات, ئەوا کۆمەڵگاکانیش لەپێناو ئازادی خۆیان کارەکتەرێکی بەمجۆرەیان هەیە. مێژووی کۆمەڵگا (ئۆرگانیزاسیۆنێکی ) رێکخستنێکی زیندووە کە, هێزێکی بەمجۆرەی هەیە تەواوی لق و پۆپەکان لەخۆوە دەگرێت و لە هێزێکی بەمجۆرە دایە کە

وەکو رووبارێك درێژە بە رێڕەوی خۆی بدات. مێژووی کۆمەڵگا دیاردەیەکە ئەقڵ و هێز و ئیرادەی بەڕێوەبردن و خەیاڵ و حافیزەی هەیە. کێشە ئەوەیە کە بە وشیارییەکی راست سەبارەت بە مێژوو بگەیت و ئەوە دەستنیشان بکرێت لقەکانی ئەم لێشاوە سەرەکییە لە کوێ و کەی و تا چ رادەیەك هێزی بەدەست هێناوە و مەودای بڕیوە. ئەوەی ئێمە هەوڵدەدەین لێرەدا ئەنجامی بدەین؛ ئەوەیە روونی بکەینەوە ئەو چەمکانەی کە گەلان و زەحمەتکێشان و بەها خوڵقێنەرە بێژمارەکان لە بیردەکەن و ئەو فشار و تەنگەتاوییە ئایدیۆلۆژییە زلکراوانە وەکو مێژوو بەسەر مرۆڤایەتیدا دەسەپێنن، کە بە شێوەیەکی زۆر خراپ کاریگەری لەسەر مێژوو دەکات، مێژوو نییە. لەم چوارچێوەیەدا یەکێك لە گرنگترین کێشە زانستییەکانی رۆژگاری ئەمڕۆمان نووسینی مێژووە.

ناوەندە ئایدیۆلۆژیە پێشەنگەکانی کۆمەڵگای سەرمایەداری، کە سەرکەوتن لەوەی رۆڵێکی مەزن لەپێشکەوتنەکانی زانست ببینن، سەبارەت بە مێژوو نووسینیش گرنگییەکی مەزن بەوە دەدەن چەواشەکارییەکانی جاران لەمیانەی وردەکاری و باوەڕپێهێنانەوە ئەنجام بدەن. لای مێژوونووسەکانی ئەوروپا هەروەکو بڵێی جێگای ئەو دەسکەوتە و بەهایانە نییە کە ١٠٠٠٠ ساڵ بەر لە ئێستا چاخی نیۆلیتیك لە ناوەندی هیلالی بەپیت پێشکەشی تەواوی مرۆڤایەتی کردووە و لەپێشکەوتنەکانی کۆمەڵگادا باس لە رۆڵەکەی نەکراوە. هەڵبەتە دەبێ راشکاوانە ئاماژە بەوە بکەین خوڵقێنەرەکانی چاخی نیۆلیتیك نەبوایە, کە بۆ یەکەمین جار کشتوکاڵ و ماڵیکردنی ئاژەڵیان پێشخست و گوندی جێگیریان ئاواکرد و لە ئاستی پێشەنگایەتیدا بە تەواوی جیهانیاندا بڵاوکردەوە, ئەوا نەدەشیا باس لە مرۆڤایەتی و پێشکەوتنەکەی بکرێت. ئەوەی رێخۆشکەر بووە و دەرفەتی بە چاخی شارستانیەتی کۆیلەداری و کۆمەڵگای چینایەتی داوە کە لەگەڵ سۆمەریەکانەوە دەستیپێکرد, پێشکەوتنی پلەبەپلەی (تدریجی) کۆمەڵگای نیۆلیتیکە. بەبێ ئەوەی چالاکی داهێنەرانەی ئەم قۆناخە رەچاوبکرێ کە بە هەزاران ساڵ درێژەیخایاند و رۆڵێکی سەرەکی هەبوو لە پێکهاتنی نەخشەی بۆهێڵەکانی (جینەکانی) مرۆڤ, مێژوو نانووسرێ.

شارستانیەتی یۆنان ـ رۆما کە لە بناخەی شارستانیەتی ئەوروپا شاراوەیە, نوێنەرایەتی قۆناخی لوتکەی شارستانیەتەکانی میسر و سۆمەر دەکات. لە تەواوی پێشکەوتنە مێژووییەکاندا دەردەکەوێ، ناشێ و نابێ ئەم شارستانیەتە لە خۆوە و سەربەخۆ پێکبێت. مێژووش ئەوەی سەلماندووە تەواوی بەها سەرەکییەکانی لە جۆری گاسن تاوەکو چەرخ, لە نووسین تاوەکو بیرکاری, لە فافۆن تاوەکو ئاسن, لە جام تاوەکو تەون, لە ئاشی دەست تاوەکو ئاشی چەرخی ئاو, لە تەواوی جۆرەکانی دانەوێڵەوە تاوەکو ئاژەڵەکانی ماڵیکردن, لە بیناسازی تاوەکو پەیکەرتاشی, لە شیعر تاوەکو مۆسیقا, لە میتۆلۆژیا

تـاوەکو ئـایینی تـاکخودایی، هـەر هـەموویان لەسـەر بنـەمای شۆڕشـی نیـۆلیتیکی هیلالـی بـەپیت و شارسـتانیەتی میسـر و سـۆمەر خولقـاون و دواتـر بـۆ خۆیـان بـردوون و گونجانـدوویانن. ئـەم گواسـتنەوەیە تـەنیا بـەوە سـنووردار نابـێ لـە سـالآنی ٥٠٠٠ پ.ز سیسـتەمی نیۆلیتیـك بـۆ ئـەوروپا بگوازێتەوە. هەروەها تاوەکو سالآنی ١٥٠٠ ی زایینی بەهاکانی شارستانیەتی ئیسلامی گواستراوەتەوە. ئـەم گواسـتنەوە لـە خـودی شـێوەبەندی کۆمـەڵگاوە تـاوەکو تـەواوی بـەهاکانی کلتـوور و پێکهاتـەکانی سەرخان و ژێرخان لەخۆوە دەگرێت. کاتێك ئـەم بەهایانـە گواسـترانەوە، هێشـتا ئـەوروپا لـە شـێوەی ژیانی کۆمەڵگای بەربەری رزگاری نەبووبوو.

تەنانـەت ئـەم کورتـە باسـەش ئـەوە دەسـەلمێنێ کـە, ئـەو بنەمایانـەی شارسـتانیەتی ئـەوروپا پشتیپێدەبەستێ لـە ئامرازەکـانی بەرهـەم هێنـان تـاوەکو فۆرمـە سـەرەکییەکانی هـزر, لـە بـەها ئەخلاقییەکانـەوە تـاوەکو باوەڕییـەکان، زۆربـەیان لـەنێو هەلومـەرجی کـات و شـوێنێکی جیـاوازتردا خولقێنراون. بواری کات و شوێنی شارستانیەتەکان, ئەو هێزانەن وەکو سیمێکی پۆلآیین تەواوی بەها کەڵەکـەبووەکان بـە شـێوەیەکی هـەرە پتـەو و بـە توانـا رادەکێشـێ, پچـڕان پەسـند ناکـات, هـەموو نوێبوونەوەیـەکی لـە نـاواخنی خۆیـدا هـەلگرتووە. ئەگـەر بـە زمـانی میتۆلـۆژی ئامـاژەی پێبکـەین هێزەکانی خوداییە.

دەستنیشان کردنی بەهاکانی شارستانیەتی رابردوو لـە ئاراستـەکردنی بەرەبـەیانی شارسـتانیەتی سەرمایەداریدا, تەنیا سەبارەت بە مێژووناسیەکی راست، پێویست نییە, بەڵکو بۆ زانین و دەستنیشان کردنـی ئـەوەی، کامـە بـەهای رژاندۆتـە نێـو رووبـاری شارسـتانیەتی ئـەوروپا، راسـترین رێچـکەیە. پێشخستنی شیکردنەوەکانمان لەمیانەی ئەم شێواز و رێبـازەوە, تـاوەکو دوایـی سوودبەخش دەبێـت و پەند و ئەزموونی لێدەکەوێتەوە.

## آ ـ له دایکبوونی شارستانیەتی سەرمایەداری و ناسنامەی ئایدیۆلۆژی

ئـەو پێناسـە و تێڕوانینـەی کـە بـە شـێوەیەکی گشـتی پەسـند دەکرێت ئەوەیـە، ئـەو فاکتـەر و تایبەتمەندێتیە هەرە سەرەکیانەی گەوهەری سیستەمەکانی کۆمەڵگا دیاری دەکـەن، هەلومەرجـەکانی بەرهەمی ماددی و پەیوەندییەکانی موڵکایەتیە کە پشت بەوەی یەکەم دەبەستێت. کامە تواناکاری لە

ئاستی هەرە زێدە دەرفەت بە بەرهەمهێنان بدات و رۆڵببینێ, ئەو کۆمەڵگایەی لە دەوروبەری ئەم تواناکارییە شێوە دەگرێت و هەمان ناوی لێدەنرێت. لەبەر ئەوەی لە سیستەمەکانی کۆمۆنەی سەرەتاییدا ئەو ئامرازانە رۆڵیان دەبینی کە لە بەرد دروست دەکران، بۆیە ئەم قۆناخانە بە چاخی بەردینی کۆن و نوێ (پالیۆلیتیك و نیۆلیتیك) ناودەبرێت. هەروەها لەبەر ئەوەی لە قۆناخەکانی کۆمەڵگای چینایەتیدا ئەوەی لە بواری کەسێتییەوە بۆتە بابەتی موڵکایەتی و لە بەرهەمهێناندا رۆڵی هەرە سەرەکی دەبینێ مرۆڤی کۆیلەن, ئەم سیستەمانەش بە کۆمەڵگای کۆیلەداری ناوزەد دەکرێن. بەپیتترین ئامرازەکانی بەرهەمهێنان خودی کۆیلەیە. ئامرازەکانی دیکە لە رێگای کۆیلەوە رێ لەپێش زۆرترین بەرهەم دەکاتەوە. ئەو ئامرازەی لە چەرخەکانی ناویندا رادەی بەرهەمی زیادکردووە زەوییە. بە تایبەتیش بڵاوبوونەوەی گاسنی ئاسنین و بەڕادەیەکی زیاتر بەکارهێنانی زەوی لە بەرهەمهێناندا, سنووردارکردنی پەیوەندی موڵکایەتی لەسەر کۆیلە و رێدان بەوەی زیاتر لە بەرهەمهێناندا رۆڵببینێ, گەوهەری شێوەی کۆمەڵگای دەرەبەگایەتی دیاردەکات. ئەوەی شێوە بە کۆمەڵگای سەرمایەداری دەدات, بەرهەمی کارگەیە کە لە بواری بەرهەمی مادددییەوە بە باڵادەستییەکی مەزن گەیشتووە. لەم بەرهەمهێنانەدا زەوی و هێزی بازووی مرۆڤ کەوتوونەتە ریزی دووەمەوە. کاتێك بەرهەمی زێدە و خێرایی کارگە, دوای ئەوەی لەمیانەی بەرهەمێکی بێ هاوتا خۆی سەلماند کە تا ئەو کاتە لەرێگای هێزی بازووەوە نە لە زەوی و نە لە پیشەکاریدا بینرابوون, ئەو سیستەمەی لە دەوروبەری پێکهات، لەم چوارچێوەیەدا بە کۆمەڵگای سەرمایەداری ناوزەد دەکرێت.

چڕترین شێوەی کاپیتال کە بە مانای سەرمایە دێت, کارگەیە. هەروەکو دەزانرێ سەرەتا کارگە و سەرمایە لەمیانەی پەیوەندییەکی نزیك لەگەڵ بازرگانی مارکانتلی (سیاسەتی بازرگانی ئازاد) پێشکەوت, ئەم پەیوەندییەش بووە شێوەی سەرەتایی کەڵەکە بوونی سەرمایە, ریشەکەشی بۆ سەردەمی سۆمەریەکان دەگەڕێتەوە. بەرهەمی کارگە, بە واتای دەربازبوون دێت لە شێوازی بەرهەمی پیشەکار ان (لەسەر بنەمای هێزی بازووە) بۆ بەرهەمهێنانێك کە پشت بە ئامێر دەبەستێت. بە واتایەکی دیکە, لە مانیفاکتۆراوە دەربازبوون بۆ کارگە, لە شێوەی بەرهەمهێناندا رێگا لەپێش زێدەبوونێکی ئەوتۆی بەرهەم هێنان دەکاتەوە کە تا ئەو کاتە هاوتاکەی نەبینراوە. لەگەڵ ئەوەی گەوهەری پێناسەی سەبارەت بە کۆمەڵگای سەرمایەداری بەمجۆرەیە، بەڵام کەم و کوڕی و لاوازی جددی لەخۆوە دەگرێت و ئەگەر بەلاوە نەنرێت، گەلێك بە هەڵەداچوونی مەزن لەگەڵ خۆیدا دێنێ.

هەڵوێستەکانی ماتریالیزمی قەبا, یەکێکە لە هۆکارە سەرەکییەکانی زوو هەڵوەشانەوەی سۆسیالیزمی بونیادنراو. لەمەش بەولاتر, سەرمایەداری زۆر لە دواوەی ئەم پێناسەیە ماوە, کە

هەوڵماندا دەرهەق بە کۆمەڵگا ئەنجامی بدەین و بە تەسکی و سنوورداری دەیگرێتە دەست. رۆڵی ئەخلاق و ئایدیۆلۆژیا و چەمکی مێژوو و پێناسەی دەوڵەتی زۆر بچووك و هەرزان کردووە. شێوازێکی نزیك بوونی وەها کە تەنانەت لە ئاستی پێناسەکردنیشدا هێندە کەم و کوڕی لەخۆوە دەگرێت, چاوەڕوانی ئەوەی لێناکرێت رێگا لەپێش شێوەیەکی کۆمەڵگای ئەلتەرناتیف بکاتەوە. هەروەکو گەلێك نموونەی لە مێژوودا بینراوە، ئەم هەڵوێستە لە پەیڕەوکردنی هاوبەشێتییەکی سنووردار بەولاوە، تێپەڕ ناکات. ئەمانە بە ئایینزایی و تەریقەتی سۆفیگەرایی ناو دەبرێن, هەرچەندە لە رۆژگاری ئەمڕۆماندا لە نێو هەڵوێستی ئایدیۆلۆژی جیاوازدابن و خۆیان بە رەوتی چەپڕەو و راستڕەو ناوزەد بکەن, وەلێ لە راستیدا تایبەتمەندێتی بەو جۆرەیان نییە کە سیستەم تێپەڕ بکەن. بە رادەی هەرە زۆریش لەلایەن سیستەمەوە دەتوێنرێنەوە و دەبن بە پارێزەرە شێواوەکانی سیستەم و لە رەوشێکی بەمجۆرە رزگاریان نابێت.

هەربۆیە پێشخستنی پێناسەیەکی بەرفراوان سەبارەت بە چوارچێوەی دەرکەوتنی سەرمایەداری، ناچارییەکە. تێپەڕ کردنی ئەو پێناسانەی کە لەلایەنی ئەو چەمکە راستڕەو و چەپڕەوانەوە دەرهەق بە کۆمەڵگای سەرمایەداری کراوە و سەرکەوتنی بەدەست نەهێناوە, یەکەمین کارە پێویستە ئەنجام بدرێت. ئەوانەی هەڵسەنگاندنی بەرفراوان بە پێی سروشتی کۆمەڵگای سەرمایەداری پێش نەخەن, ئەوا چەمکێکی راستی مێژوو, لە لایان گەلاڵە نابێت. هەروەها شێوە ئەلتەرناتیفەکانی کۆمەڵگا کە پێشبینی و پێشنیاری دەکەن، لە خەیاڵێك بەولاوە تێپەڕنابێت, ئەو فشار و زێدەڕۆییانەی ئەنجامیدەدەن دەبێتە سەرچاوەی پێشکەوتنە تراژیدی و کۆمیدییەکان, هەربۆیە دەستنیشان کردنی ئەمە بایەخێکی ئێجگار زۆری هەیە. تراژیدیا و کۆمیدیاکان گوزارشتی هونەرییانەی لە دایکبوونەکانی پێش وەخت و مردنە. سەرچاوەی ئەمانە لە گەوهەری خۆیدا، بۆ چەمکی ناتەواو و پەیڕەو کردنی توند و تیژی دەگەڕێتەوە.

یەکێك لەو ئەنجامە ترسناکانەی کە رێگە لەپێش پێناسەکردنێکی ناتەواو سەبارەت بە کۆمەڵگای سەرمایەداری دەکاتەوە, ئەو تێکۆشانە پڕ لە کەم و کوڕییانەیە کە بەرامبەری پیادە دەکرێت و رێگا لەپێش ژێرکەوتن و زیان دەکاتەوە. لە کاتێکدا ئەم رەوشە، سەرمایەداری بەرەو موحافەزەکارییەکی زیاتر دەبات، هاوکات رکابەرەکانی دووچاری زیان و ئەشکەنجەیەکی مەزنی نابەجێ دەکات. بە گشتی پێناسە نەکردنێکی لێهاتووانەی دیاردەی کۆمەڵگا, رێگا لەپێش میتۆلۆژیا و چەمکی خاوی فەلسەفی و ئایینی دەکاتەوە؛ ئەمەش ژیانێکی تراژیدی ـــ کۆمیدی مرۆڤ دەکاتە راستینەیەکی دەست لێبەرنەدراو. شەڕە جیهانییە مەزنەکانی لەسەر بنەمای سیستەمی کۆمەڵگای سەرمایەداری پێشکەوتن

لە نزیکەوە پەیوەندییان بەم راستینەوە هەیە. لە هەموو کات و شوێنێکدا ناتەواوی و لاوازی زانیاری و نەزانی لەگەڵ خۆی دێنێ، نەزانیش پێکدادانی کوێرانە دێنێتە ئاراوە. هەربۆیە یەکەمین کار و ئەرك کە زانا و بلیمەتەکان پێیەوە خەریك دەبن، بەلاوەنانی نەزانییە. بە ئەندازەی ئەوەی نەزانی بەلاوەبنرێت، دەشێ هەر کارێك بە شێوەیەکی راست و دروست ئەنجام بدرێت. تەنانەت لە ئەنجامی زانیاری تەواو، مردنیش لەو رەوشە دەردەکەوێت کە سەرچاوەی ئێش و ئازار بێت. هەروەها دیسان سەرچاوەی تەواوی تیرۆر و تۆقاندن و ئەو بزووتنەوە پاسیف و چەکدارییانەی پشت بەم تیرۆر و ترسە دەبەستن، بۆ ئاستی لاواز و ناتەواو و هەڵەی زانیاری و زانست دەگەڕێتەوە.

پێناسەیەکی پوختتری کۆمەڵگای سەرمایەداری لە کاتێکدا ئەنجامگیردەبێ کە ناسنامەی ئایدیۆلۆژی ئەو کۆمەڵگایە لەخۆوەبگرێت. دیاردەیەك کە پێویستە بەردەوام رەچاو بکرێت ئەوەیە، پێش هەموو شتێك سیستەمەکانی کۆمەڵگا کە لەسەر بنەمای هزر و ئیرادە دێنە ئاراوە و بەڕێوە دەچن. هەرچەندە هەلومەرجەکانی بەرهەمهێنان لەبار و گونجاویش بێت، لە خۆیەوە کۆمەڵگا بەڕێوە نابات. ئەگەر ناسنامەی ئایدیۆلۆژی نەخولقێنرێن و جڵەوی ئیرادە نەگرنەدەست، ئەوا هەلومەرجەکانی بەرهەمهێنان لە جەستە و ماددەی بێ گیان بەولاوە نابن بەشتێکی دیکە. لە دایکبوونی سیستەمەکان، تەنانەت کۆمەڵە بچووکەکانیش رەچاونەکردنی جیاوازی و گرنگی هزر و ئەو ئیرادە و کردارانەی کە هزر ئاراستەیان دەکات و روونکردنەوەیان لە رێگای فاکتەری دیکە، هۆکاری سەرەکی جێبەجێ نەکردنی رۆڵی کۆمەڵناسی رۆژگاری ئەمڕۆمانە. سەرەکیترین نەخۆشی کۆمەڵناسی سەرچاوەی خۆی لەوەوە دەگرێت کە بە شێوەیەکی راست رۆڵی ناسنامەی ئایدیۆلۆژی دەستنیشان نەکردووە. بە لایەنی کەم بە ئەندازەی بەرپرسیارێتی زانا ئایینیەکان، ئەوانەی بە کۆمەڵناسییەوە خەریکن، دەبێ هەست بە بەرپرسیارێتی ئەرکێکی پیرۆز بکەن.

خەریکبوون بە کۆمەڵگا لە خەریکبوون بە فیزیا جیاوازترە و لێك ناچن. تەنانەت لە فیزیاشدا تاقیکردنەوەیەکی هەڵە، داهێنانێکی لە ژێر کۆنترۆڵدا نەبێت، لەوانەیە رێگا لەپێش کارەسات بکاتەوە. بۆمبای ئەتۆمی لەبەرچاوترین نموونەیە. گۆڕەپانی کۆمەڵایەتی (کۆمەڵگا) بە تەواوی وەکو پەرستگایەکی پیرۆز وایە. بە هەمان هەستیاری و وورياييەوە دەرککردن بە هەر پەیوەندی و دەزگایەکییەوە و دەستنیشانکردنی ئەو هەڵوێستەی پێویستە بەرامبەریان نیشانبدرێت، بە لایەنی کەم هێندەی پزیشکێك دەبێ بە کارامەیی و بەرپرسیارێتییەوە پێیەوە پەیوەستداربێت. لەبەر ئەوەی ئەمە ئەنجامنەدراوە، چارەنووسی تراژیدی کۆمەڵگا دەرکەوتووە؛ هەموو شێوەکانی دیلێتی بەڕێوە دەچێت، تا دەگاتە تۆقێنەرترین ئەشکەنجە و شەڕ و پێکدادان رۆژ بە رۆژ گرنگی ئەوە ئاشکرا

دەبێت پێویستە گەورەترین رەخنەدان سەبارەت بە کەم و کوڕی و هەڵە و ناتەواوییەکانی زانستی کۆمەڵگا (کۆمەڵناسی) بدرێت.

یەکێك لەو ئەزموونە گرنگانەی لە پێناسە ناتەواوەکانی مارکسیزم بەدەستدەهێنرێ ئەوەیە، پێویستی بە کەسایەتی زانا و بلیمەتی وەها هەیە بە لانی کەم هێندەی پێغەمبەرەکان هەست بە پیرۆزی و بەرپرسیارێتی نزیکبوونەوەی زانستییانەی سەبارەت بە کۆمەڵگا بکەن.

کێشەیەکی دیکەی گرنگی سەبارەت بە شێوەگرتنی کۆمەڵگای سەرمایەداری ئەوەیە، بۆچی لە ناوەندی شارستانیەت لە رۆژهەڵاتی ناوین نەبوو, بەڵام لە ئەوروپا لە کەنارەکانی زەریای ئەتڵەسی پێشکەوت. سەرچاوە و بناخەی پێشنەکەوتنی کۆمەڵگای سەرمایەداری لە رۆژهەڵاتی ناوین بۆ ئەو راستینەیە دەگەڕێتەوە کە لە رێگای ئیسلامیەتەوە گەوهەری تەواوی داب و نەریتە سیاسی و ئایدیۆلۆژیە بنەڕەتیەکانی شارستانیەت پووکێنراوەتەوە و لەکارخراوە. لە بوارەکانی وەرچەرخانی میتۆلۆژیاکان بۆ ئایین و گەیاندنی دەسەڵاتی سیاسی بە پێشکەوتووترین ئاست، لەسەردەمی سۆمەریەکان بەدواوە, ئیسلامیەت نوێنەرایەتی بالآترین ئاست دەکات. هەرچیەکی لە عەمباری سیستەمی شارستانیەتدا هەبووە, ئیسلامیەت تا دوایی هەمووی بەکارهێناوە. ئەوەی ماوەتەوە توێکڵی وشك و ئەو تۆوە وشکەیە کە بەملا و بەولادا بڵاوی کردۆتەوە. زۆر باش دەزانرێ تەنانەت لە ناوەڕاستی چەرخەکانی ناوینیش هەم لە بواری هەلومەرجەکانی بەرهەمهێنانی مادیدا , هەم لە بواری دەسەڵاتی سیاسی, هەم لە بوارەکانی زانست و فەلسەفە و ئایینیدا, ئیسلامیەت و رۆژهەڵاتی ناوین, بە بەراورد کردنی لەگەڵ مەسیحییەت و ئەوروپا, زۆر باڵاترە. هەروەکو چۆن هەڵوەشانەوەی ناوەوە, هۆکاری سەرەکی رووخانی ئیمپراتۆریەتی رۆما بوو, ئەوا هەمان راستینە بۆ ئیسلامیەتیش لە جێگای خۆیدایە. هەروەکو چۆن چەند هێرش و پەلامارێکی بەربەرییەکان هۆکاری رووخانی ئیمپراتۆریەتی رۆما نییە, ئەوا چەند لێدانێکی مەغۆلەکانیش هۆکاری رووخانی ئیمپراتۆریەتی ئیسلام نییە. لە ناوەوە لەدەستدانی ناوەڕۆکەکەی و نەمانی بەهایەکی ئەوتۆی, لەگەڵ ئەمەشدا مانەوەی توێکڵەکەی بۆ ساڵانێکی درێژ و بەبێ ئەوەی بڕزێت, هەنگاو بە هەنگاو وشك و برینگبوونی دەزگا سیاسییەکان کە توێکڵی سیستەم پێکدێنێت, چارەنووسی شارستانیەتی رۆژهەڵاتی ناوین دیاریدەکات.

لە شوێنێك سیستەمێك بە شێوەیەکی ریشەیی لە ئارادابێت, هێندە بە سانایی رێگا بە سیستەمێکی نوێ نادرێت. بەروبوومە تازە گەشەسەندووەکان لە خاك و زەوییە دەست لێنەدراوەکان پێدەگات، نەك لەو زەوییانەی هەموو کاتێك چاندنیان لێکراوە. تەواوی دەرئەنجام و دەرهاوێشتەکان

ئاماژە بەوە دەكەن كە لە ناوەڕاستی چاخەكانی ناوین شارستانیەتی رۆژهەڵاتی ناوین ماندووبووە و لەپەلوپۆكەوتووە. لێرەدا باشتر لەوە تێدەگەین، تەنانەت ئیسلامیەتیش پێهەڵگرتنێكی ئیرادی و زیادبووە كە لەمیانەی هێزی خوێنی تازەی ئەو هۆزانەی بیابان ئەنجامدرا كە تازە بە رووی شارستانیەتدا كرابوونەوە. هەڵسەنگاندن و راگەیاندنی خۆی وەكو دواترین پێغەمبەر, گرێدراو بە هێزی لەبەر بڕاوی سیستەم, دەتوانرێ بە واتایەكی راستتر بگەیەنرێ. ئیسلامیەت, نەڕەی دواترین شێری رۆژهەڵاتی ناوینە؛ بە داب و نەریتی هەزاران ساڵەی شارستانیەت دەڵێ "**ئەوەندە لەدەست من دێ**" دواترین چالاكی خۆی ئەنجامدەدات. تەنانەت لە ئاكامی خیانەتی ئەمەوییەكانەوە, هەر لەسەرەتای دەركەوتنی ئەو دەنگە ئاشكرابووە، چەندە تەمەن كورتە. بەڵام دیسان دواترین نەوەی داب و نەریتی شارستانیەتی مەزن لەوە دواناكەوێت مەزن بوونێكی بەمجۆرە نیشانبدات كە كاریگەرییەكەی هەزاران ساڵ بەردەوام بكات. بەڵام ئەوانەی لە دوای ماونەتەوە, دەستبڵاوی بە میراس دەكەن, تەنانەت نازانن بیخۆن, بێخێرن, میراسگرێكن هەم لە گەوهەری ئایدیۆلۆژی هەم لە تواناكارییە ماددییەكان سوودمەند نابن؛ بوونەوەرێكن لە شێوەی مرۆڤ, بەڵام لە ئاژەڵ دواكەوتووترن و لەسەر بنەمای گەنجینەكانی ژێرزەوی, زەڕینی لە شێوەی كەر بۆ خۆیان بە ژیان لەقەڵەمدەدەن. لە كاتێكدا قۆناخی هەڵوەشانەوەی چاخەكانی ناوینی رۆژهەڵاتی ناوین بەم شێوەیە بوو, چۆن دەتوانێ ببێتە چاوگی شارستانیەتێكی نوێ؟ دایك لە تەمەنی ٧٠ساڵاندایە چۆن دەتوانێ زگێكیتر بكات و بزێ؟

وەكو یاسایەك سیستەمە كۆمەڵایەتییە مەزنەكان, لە ژێر سایەی مامانێتی سیستەمی كۆن, لە ناوچە پاكیزە و دەست لێنەدراوەكان لە دایكبێت. دواترین خاكی دەست لێنەدراو و پاكیزەی رۆژهەڵاتی ناوین, مەككە و دەوروبەرەكەی بوو كە دەكەوێتە ناوەڕاستی بیابانی عەرەبی. دوای ئەوەی لەمیانەی ئیسلامیەتەوە دواترین نەوەی خۆی پێشكەشكرد، ئیدی بۆ هەڵمەتێكی دیكەی شارستانی خاكی دیكەی نەمابوو, گۆڕەپانی دەست لێنەدراوی نەما تاوەكو شارستانیەتێكی دیكە بێنێتە دونیاوە. لە دەریای سپییەوە تاوەكو زەریای مەزن گواسترابۆوە, لە ئاستی هەرە بەزردا بڵاوبوونەوە تا قووڵایی ئەفریقیا رۆیشتبوو. تاوەكو بنارەكانی سیبریا و دوورگەكانی ئەندەنوسیا بڵاوبۆتەوە. هەرچی كیشوەری ئەمریكا و ئوسترالیایە هێشتا نەدۆزرابۆوە. تەواوی لێكدانەوە و دەرهاوێشتەكان ئەوروپای وەكو خاكی دەست لێنەدراوی شارستانیەتی نوێ نیشاندەدا.

بەر لە هەموو شتێك لە ساڵانی ٥٠٠٠ پ.ز بەدواوە ئەوروپا لەلایەن بەهاكانی چاخی نیۆلیتیكەوە تێرخۆراك كراوە. لە ساڵانی ٢٥٠٠ پ.ز بەدواوە ئاشنای شارستانیەت دەبێت. شارستانیەتی گریك ــ

رۆما بۆ ئەوەی لە کەنارەکانی دەریای سپی بۆی ببێت بە لانکە, شانەی سەرەتایی کۆرپەلەی خوڵقاندبوو. لە راستیدا شارستانیەتی گریك ـ رۆما, وەکو شارستانیەتێکی ئەوروپا کە پێش وەخت هاتۆتە دونیا، دواترین منداڵی رۆژهەڵاتی ناوین وایە. یاخود لە بەرهەمی ئەو مارەییە دەچێت کە لە نێوان دواترین و بەساڵاچووترین پادشای رۆژهەڵاتی ناوین و کچە تازە گەنجەکەی ئەوروپا دەچێت. ئەو منداڵانەی کە لێیان دەکەوێتەوە, ئەوروپای راستەقینە ئامادە دەکەن. مەسیحییەتیش وەکو دواترین هێزی رۆژهەڵاتی ناوین، ئەوروپای پەروەردەکرد و لە بەربەرییەتی رزگاری کرد, دوای هەوڵ و کۆششێکی مەزن, بۆ لە دایکبوونێکی نوێی ئامادەکردووە و گەیاندویەتییەوە رەوشێك بتوانێ وەڵام بداتەوە و تێر بکات. دوای ئەوەی لە رێی ئیسلامیەتەوە دواترین زانیارییە فەلسەفی و زانستییەکان گواستراوە و تا رادەیەك لە رێگای ئیسپانیا و بەلقکانەوە تەنگەتاو کرا و رۆڵی مامانێتی بینرا, هۆکارێك لە ئارادا نەما کە ئەوروپا کۆرپەلەی شارستانیەت نەهێنێتە دونیاوە. (ئەوروپا, بە ناوی کچی پادشای فینیقیەکان ئەگۆنۆر ناونراوە؛ میتۆلۆژیای گریکیەکان باس لەوە دەکات کە کچێکی ساویلکە و هەرزەکارە) چیرۆکی لە دایکبوونی کۆرپەلە بەنازەکەی کە بە ئەوروپا ناودەبرێت، ریشەکەی بۆ ئەم باسە دەگەڕێتەوە و ئەمەش تا دوارادە نزیك بە واقیعە. چیرۆکە میتۆلۆژییەکان بەردەوام وەکو یەکەمین باسی رووداوە واقیعەکان بەهایەکی مەزنیان هەیە و پێویستە پشتگوێ نەخرێت.

دوای ئەوەی لە نێو چوارچێوەیەکی گشتیدا شوێنگەی شارستانیەتی ئەوروپامان لە ناو پێشکەوتنەکانی مێژوو و کۆمەڵگاکاندا پێناسە کرد, با هەوڵبدەین بوارە جیاو و وردەکارەکانی تایبەتمەندێتی ناسنامەی ئایدیۆلۆژی بناسین کە رێگای لەپێش لە دایکبوونی کردەوە:

١ ـ یەکێك لەو تایبەمەندێتییە لەپێشینانەی کە دەرکەوتنی شارستانیەتی سەرمایەداری لەگەڵ تەواوی سیستەمەکانی دیکە جیادەکاتەوە, پێکهاتەی هزرە کە پشت بە زانیاری زانستی شێوازی بیرکردنەوە دەبەستێ. لەگەڵ دەستپێکردنی چاخی سەرمایەداری, پێکهاتەی هزری میتۆلۆژیای چاخە سەرەتاییەکان و پێکهاتە هزرییە ئایینیەکانی چاخەکانی ناوین بەلاوە دەنرێت. شێوازی هزری زانستییانە کە شێوازی هزری فەلسەفی چاخەکانی سەرەتایی و ناوین و رێگای لەپێش دەکاتەوە, لەم قۆناخەدا دەردەکەوێتەپێش و قورسایی پەیدا دەکات. گەوهەری ئەم شێوازەی بیرکردنەوە بەبێ پێویستی هەبوونی هێزێکی دەرەکی, لەمیانەی خودی یاساکانی ناوخۆیەوە پشت بە روونکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان سروشت و کۆمەڵگا دەبەستێت. جیاوازی لەگەڵ فەلسەفەدا, لە کاتێکدا فەلسەفە هەوڵی شیکردنەوەی تەواوی بوونەوەرە لە رێگای زاراوە گشتییەکانەوە, ئەوا زانست لە

گۆڕەپـانێکی سـنووورداری دیاردەکانـدا، شـێوازێك بـە بناخـە دەگرێـت کـە دەشـێ تاقیبکرێتـەوە و روونبکرێتەوە.

سەرباری ئەوەی تایبەتمەندێتی ناکۆکیان لە نێوانـدا هەیـە، ئـەوا پەیوەندییـەکی دیـالیکتیکی لـە نێوان پێشکەوتنی شێوەکانی هزریانـدا هەیـە. لـە پێکهاتـەی هـزری رۆحگـەرایی (**Animist**) هـەموو شتێك زیندووە, بە خاوەن رۆح و گیانلەبەر لـە قەڵەمـدەدرێت. لـە بـواری زیندووییـەوە جیـاوازی لـە نێوان گیانلەبەر و بێگیان, سروشت و کۆمەڵگا, مرۆڤ و ئاژەڵ ناکرێت. ئـەو تەکنیکـەی ئـەم شـێوازەی هـزر رێگـای لەپێشـدا کردۆتـەوە, واتـە شـێواز و رێچـکەی پراکتیزەکردنـی سـیحربازییە. وا لـە قەڵەمدەدرێت کە لە رێگای سیحر و جادووەوە دەتوانرێت ئەم دیاردانە کۆنترۆڵ بکرێن و بهێنرێنـە سەر رەوشی خوازراو. لە راستیدا هونەری سیحربازی, کە کەسانی بە توانا و خاوەن پێشبینیەکان لـە ناو چالاکی و ژیانی کرداری کۆمەڵگادا پێیەوە خەریك دەبن, بـە واتـای یەکـەمین پایـەی رێبەرایـەتی کۆمەڵگا دێت. سیحرباز کەسێکە کە خاوەن توانـا و پێشبینیەکی پێشکەوتووە, هەربۆیـە رێبـەرە. لـە نێو هەلومەرجێکی تەنگ و هەستیاری ژیاندا دەرکەوتنی یەکێك کە خاوەنی ئـەم توانایانـە بێـت, بـە رەوشـێکی ئاوارتـە هەڵدەسـەنگێنرێ, رێزێکـی مـەزنی بەرامبـەر نیشاندەدرێ و بـاوەڕی پێـدەهێنرێ. چونکە تەنانەت رۆڵ و دەسکەوتێکی بچووکی ئەمانە بۆ کۆمـەڵگا گرنگییـەکی ژیـانی هەیـە. کۆمـەڵگا هەم خۆی لەوانە بە دوور دەگرێ, هەم پێویستی پێیـان هەیـە. کاتێـك سـیحربازەکانیش هەسـت بـەم شـێوازەی پابەنـدێتی کۆمـەڵگا دەکـەن, خۆیـان بـۆ شـوێنگەیەکی جیـاواز بەرزدەکەنـەوە و دەبـن بـە دەزگایەك. لەوانەیە یەکەمین دەزگای کۆمەڵگا, ئەوەی سیحربازانە.

ناوێکی دیکەی سیحربازی شـامانیزمە. جیـاوازی نێوانیـان ئەوەیـە، شـامانەکان پێشکەوتووترن و بوونـە بـەدەزگا. ئـەم شـێوازەی هزرکـردن و پراکتیزەکـردن لـە تـەواوی کۆمەڵـەکانی چـاخی (کـۆنی بەردین) پالیۆلیتیکدا پەیڕەودەکرێن. شێوازی هزری قۆنـاخی چـاخی (نـوێی بـەردین) نیۆلیتیـك کـە نوێنەرایەتی قۆناخێکی لەپێشتری کۆمەڵگا دەکـات نیـو ــ رۆحگـەرایی و پێکهاتـەی ئـاینی تەوتەمـە. تیرە کە یەکینەی سەرەکی کۆمەڵگایە, زیاتر جیادەکرێتەوە, دەرك بە گرنگێتی ئەندامبوون لە تـیرەدا دەکرێـت. لـە نـاو تـیرەدا رۆڵ و پایـەی رێبەرایـەتی و خولقکـاری دایـك دەردەکەوێتـە پـێش. هەنـدێ بوونەوەر, ئاژەڵەکانیماڵیکردن و دانەوێڵەکان لە تەواوی بوونەوەرەکانی دیکـە باشـتر دەناسـرێ و بـە پێویست دەبینرێ. هەربۆیە گرنگییەکی زیاتر بە رۆحی ئەم بوونەوەرانە دەدرێت. رەنگدانەوەی ئەم هەلومەرجانە لەسەر پێکهاتەی هزردا, لە قۆناخێکی بە ناو دایکسالاریدا، ژن رۆڵـی خوداوەنـدی دایـك دەبینـێ, سـەمبۆلی هـەر تیرەیـەك لەمیانـەی تەوتەمـەوە نوێنەرایـەتی دەکرێت, شـێوازێکی هـزرە کـە

تەواوی دانەوێڵە گرنگ و دار و ئاژەڵ و هەموو شتێك لە رێگای خوداوەندێکەوە نوێنەرایەتی دەکات. تەوتەم زیاتر گوزارشت لە رەمزی تیرە دەکات، تەواو بە واتای خوداوەند نایەت. وەکو شتێك وایە کە نیو ــ خوداوەندە. بەڵام تەواوی سەمبۆلەکانی دیکە دەکرێن بە خوداوەند. خوداوەندی دایك لە سەرووی هەموووویانەوە دێت. چونکە خوداوەندی دایك دامەزرێنەری کۆمەڵگای نوێ و هێزی خوڵقاندن و زاوزێیە و هەر ئەویشە  کە دەیانپارێزێ.

کۆمەڵگای نیۆلیتیك هێندە مۆرکی ژنی پێوەیە و ژن تێیدا بە کاریگەرە, وەکو بڵێی پیاو سڕاوەتەوە. ئەمەش هەروەکو ژنانی رۆژگاری ئەمرۆمان وایە کە وەکو هێزێکی سەرەکی کۆمەڵگا نین. ژن ئەم هێزە لە پێگەیاندنی دانەوێڵە,  ماڵیکردنی ئاژەڵ, ئاواکردنی شوێنی حەوانەوە,  لە چنین و هاڕین و منداڵ بوون و بەخێوکردنیدا بەدەستدێنێ. ئەمەش بەهێز بوونێکی نائاساییە. هێندە کاریگەری و رەنگدانەوە دەکاتە سەر هزر, تەنانەت لە رۆژگاری ئەمرۆشماندا زاراوەی مێ کە لەسەر هەموو زمانێکە و ژمارەی زیادی خوداوەندە ژنەکان لە میتۆلۆژیادا و رێزگرتن لە دایك سەرچاوەکەی بۆ ئەم قۆناخە مێژووییە دەگەڕێتەوە. تەنانەت پێکهاتەی زمانی سۆمەریش  لەسەرەتادا بە رادەیەکی زیاتر کارەکتەرێکی مێیینە لە خۆیەوە دەگرێت. یەکەمین دامەزرێنەرانی شار خوداوەندە ژنەکانن. تەواوی پەیکەرەکانی سەرەتا هی ژنانن. کاریگەری و باڵابوونی ژن لە ناولێنان و زاراوەکاندا زاڵە. تەنانەت ناوی کیشوەرەکانی ئەوروپا و ئاسیاش لە میتۆلۆژیای گریکدا ناوی ژنە.

لەسەر بنەمای پشتبەستن بە رەگەزی مێینە, پێکهاتەیەکی هزری مرۆڤ ــ خوداوەند بەسەر شێوازی هزری قۆناخی نیۆلیتیك زاڵە، تەواوی بوونەوەرەکان دەکرێن بە خوداوەند و بەپێی گرنگییان لە نێو کۆمەڵگادا ریزبەند دەکرێن. لە هەموو ئاست و بوارێکدا لەسەر بنەمای پشتبەستن بە خوداوەندی دایك، پێکهاتەیەکی باوەڕی و هزر گەشە دەسێنێ. بۆ یەکەمین جار لە هیلالی بەپیت خوداوەندی دایك لە ژێر ناوی **ستێرك** یان **ستار** بۆ ئاسمان بەرزدەکرێتەوە و دەگەیەنرێتە ئاستی نەمری.

سۆمەریەکان کە هەنگاو بۆ دەستپێکردنی کۆمەڵگای چینایەتی دەهاوێژن، سەرەکیترین شێوەی هزری میتۆلۆژیایە, واتە لەسەر بنەمای پشتبەستن بە ئەفسانە و چیرۆکەکان بە سیستەمێك دەگات. میتۆلۆژیاش کە هەم لە ناو کۆمەڵگا و هەم لە سروشتدا گرنگترین و پێویستترین هێزە, بەرهەمهێنان و تەواوی سەرچاوەکانی دیکەی ژیان وەکو جیهانێکی خوداوەندەکان نیشاندەدات. دەرك بە جیاوازی نێوان یاساکانی سیستەمی کۆمەڵگا و سروشت دەکرێت, جیهانێکی خوداوەندەکان پێکدەهێنرێ کە بە شێوەیەکی گونجاو لەگەڵ جیابوونەوەی چینایەتی ناو کۆمەڵگا جیاوازی کۆیلەدار ــ کۆیلە

نیشاندەدات, بە گوێرەی ئەمەش چەمکێکی فرە سیستەمی پێشکەوتنی میتۆلۆژیا زاڵ دەکرێت. لەوانەیە گەورەترین دیاری سۆمەریەکان بۆ مرۆڤایەتی ئەوەبێت، پێکهێنان و ئاواکردنی ناسنامەخوداییەکانە کە نوێنەرایەتی سیستەمە نەگۆڕەکەی ئاسمان دەکەن و وەکو شێوازێکی سەرەکی هزر و باوەڕی بەسەر تەواوی هزرەکانیدا جێگیر و زاڵ کرد. ئایینە تاکخوداییەکانیش لەناودا, راهیبە سۆمەریەکان خولقێنەری هەرە مەزن و نوێنەری شێوازی هزری ئایینین. میتۆلۆژیا و ئایین و پێغەمبەر و راهیبەکانی دواتر رۆڵێکی بەمجۆرەیان هەیە کە ئەم ناسنامانە جێگیربکەن و یاخود وەرچەرخێنن و بە گوێرەی خۆیان ئاوایبکەن.

شێوازی فەلسەفە سێیەمین قۆناخی گرنگ و مێژووی شێوازی بیرکردنەوەیە. فەلسەفە بە واتای خۆشەویستی زانیاری دێت, بە واتای قۆناخی پێناسە کردنێکی واقیعیانەی دیاردەکانی سروشت و کۆمەڵگایە. کاتێك لە نێو ژیان و کردەوەی کۆمەڵگادا شێوازی هزری ئەفسانەیی تەنیا وەکو ئەدەبیاتێك راڤەکرا, ئەو کاتە پێویستی بە شێوەی روونکردنەوەی واقیعیانەتر دەبێت. لە سەدەی ٦ می پ.ز زۆر چاك دەرك بەوە دەکرێت زیۆس و دەستەی خوداوەندەکان ئەو هێز و توانایەیان نییە کە مەزەندە دەکرێ. ئیتر گومان لە خوداوەندەکان دەکرێت. ئەم رەوشەش قۆناخێکی هزری بەمجۆرە بە بنەمادەگرێت، زۆر بە باشی دەرك بە پۆلێنکردن و جیاوازی نێوان کۆمەڵگا ــ سروشت, گیانلەبەر ــ بێگیان و چالاکی بەرهەمهێنان کراوە. لە رەوشێکی بەمجۆرەی هزردا روونکردنەوە ئەفسانەییەکان جێگای پێکەنینە, یاخود شێوازێکی نوێی شرۆڤەکردن دەکات بە ناچاری کە واقیعیانەتر ببینرێ. هەروەها پێکهاتەی کۆمەڵگای کە تێکەڵ و ئاڵۆز بووە و ئەو زانیارییە زۆرانەی دەرهەق بە جیهان هاتۆتەئاراوە, ئەو دیاردانەی کە لە ئاکامی ئەزموونی کرداری و ژیاندا زانیاری بەرجەستەیان سەبارەت بە دەستهاتووە, روونکردنەوەی وەها لەگەڵ خۆیدا دێنێ کە پێویست بە خوداوەندەکانی میتۆلۆژیا ناکات. شێوازێکی هزر پێشدەکەوێت ئایین و خوداوەندەکان تێکەڵی نابن و رێگایان پێنادرێ خۆیان تێهەڵقورتێنن.

دەتوانین ئەم شێوازە هزرە بە یەکەمین شێوازی هزری دونیایی و علمانی ناوی ببەین, ئەم پێشکەوتنە بە هزری فەیلەسوفانە ناودەبرێت. بە بناخەگرتنی مرۆڤ وەکو خاوەنی هزر، پێشکەوتنی لە دەرەوەی پەرستگا و بۆ یەکەمین جاری رێکردنەوە لەپێش سیستەمەکانی فێرگەی ئەکادیمی و ئامادەیی, ئەو تایبەتمەندیانەن کە لە شێوازەکانی دیکەی هزری جیادەکاتەوە. بەمجۆرە بناخەکانی پەروەردە و فێرگەی علمانی دادەنرێت. بەڵام ناتوانرێ بانگەشەی ئەوە بکرێ، بە تەواوی لە میتۆلۆژیا و ئایین دابڕاوە.

لێرەدا دەبێ ئەمەش روونبکەینەوە: جیاوازی نێوان ئایین و میتۆلۆژیا بەمجۆرەیە, لە کاتێکدا ئایین باوەڕی و عیبادەتی ناچاری لەخۆوە دەگرێت, لە میتۆلۆژیاکاندا ناچارییەکی بەمجۆرە لە ئارادا نییە. هەرچی فەلسەفەیە, نە باوەڕی ناچاری و زۆرەملێیی بە بنەما دەگرێت, نە شێوازی چیرۆك جێگای باسە. فەلسەفە شێوازێکی هزرە لە سۆزداری بەولاوە, بە خۆبەختی لەلایەن پێکهاتەی هزر و لۆژیکی مرۆڤ پەسند دەکرێت و تەنانەت تایبەتمەندێتی بەمجۆرە لەخۆوە دەگرێت کە دەتوانرێ بسەلمێنرێ, بە تایبەتیش لە ئاکامی بیرکردنەوە پەسند دەکرێت. باوەڕی بە پێکهاتەی هزری مرۆڤ دەکات, هەربۆیە پەسندکردنی مرۆڤ دەردەخاتەپێش. بەمجۆرە یەکەمین تۆوی کەسێتی تاك و مرۆڤ پەروەری، گرێدراوی شێوازی هزری فەلسەفییە. لەم چوارچێوەیەشدا فەلسەفە دەبێتە گرنگترین زەمینە و دەرفەتی سەرەکی شێوازی هزری کۆمەڵگای سەرمایەداری. هەرچەندە ململانێی نێوان فەلسەفە و هزری ئایینی و میتۆلۆژیا پەرە بسێنێ و ئەم ململانێیەش بەلای فەلسەفەدا بشکێتەوە, ئەمە دەروازە لەپێش ئەوە دەکاتەوە بەرەو شێوازی هزری زانستییانە هەنگاو بهاوێژرێت. شێوازی هزری زانستی لەسەر بنەمای رێڕەو و شوێن پەنجەی فەلسەفە پێشدەکەوێت. شێوازی هزری فەلسەفی زیاتر بەرهەمی ژیانی پێشکەوتووی شارە. شتێکی رێکەوت نییە ئەو شوێنانەی تێیدا سەریهەڵداوە زیندووترین و بە جموجۆڵترین شارن. پێشکەوتووترین شارەکانی چاخی سەرەتایی, ئەو ناوەندانەن کە هزری فەلسەفیان تێدا پێشکەوت. میلتۆس کە بە شوێنی لە دایکبوونی فەلسەفە دەناسرێ, لەسەردەمی خۆیدا گرنگترین ناوەندی ژیانی شار بوو. دوایی بە پێی ریزبەندی گرنگییەکەیان، ئەسینا و رۆما و ئەسکەندەرییە دەردەکەونەپێش.

رۆڵی فەلسەفە لە رێخۆشکردن لەپێش زانست بچووك ناکرێتەوە. بەڵام تاکە رێگا نییە. بەڵام ئەوەی بە کاریگەرترە؛ گرێدراو بە ئامێرەکانی بەرهەمهێنان, بەردەوام زیادبوونی زانیارییە کردارییەکانە. خودی ئەزموون و کرداری ژیان و بەرهەمهێنان، دیاردەکان و پەیوەندییەکانی نێوانیان پێناسە دەکات, تاوەکو دەیگەیەنێ بە پەیوەندی نێوان هۆکار ـ ئەنجام. ئەو ئامێرانەی بەکاردەهێنرێ بەردەوام تایبەتمەندێتیەکانی سروشت دەدۆزنەوە و ژمارەیان زیاد دەکەن. بەمجۆرە لە کاتێکدا لە رێگای فەلسەفەوە ئەم هزرە ئایینی و ئەفسانەییانە لاوازدەبن کە لەسەرەتادا زاڵ و باوبوون, ئەوا گرنگی و بایەخی زانست زیاد دەبێت, کە بە یەکەوە لەگەڵ فەلسەفە لە ناو یەکتردا پێشدەکەون. پراکتیزەکردنی سێیانەی تێز ــ ئەنتی‌تێز ــ سەنتێز لەم بوارەدا, بەلای زانستدا دەشکێتەوە و ئەنجامگیردەبێ. یەکەمین تێز (بیرۆکە) هزری ئایینی و ئەفسانەیە؛ دژەتێز (دژە بیرۆکە) فەلسەفەیە. ململانێی نێوانیان هزری زانستی دێنێتە ئاراوە. ئەگەر بە شێوەیەکی تقریبی ئەمە بەسەر کاتدا

پـەیڕەو بکـەین، بەمجۆرەیـە, سـاڵانی ٣٠٠٠ تـاوەکو ٥٠٠ ی پ.ز چـاخی بـاوبوونی ئـایین و متیۆلۆژیـا, ساڵانی ٥٠٠ پ.ز تاوەکو ١٥٠٠ ی زایینی چاخی دەرکەوتن و بەرزبوونەوەی فەلسەفەیە, ١٥٠٠ ی زایینـی بەدواوە چاخی هزری زانستییە. شەڕە مەزنەکەی جیهانی هـزری مرۆڤایـەتی بـە سـەرکەوتنی هـزری زانستی ئەنجامگیردەبێت.

کەڵەکـە بـوونی ئـەو زانیارییانـەی لـە رێگای فەلسـەفە و ئـەزموونی کردارییـەوە بەدەسـتهاتوون, هەروەکو بڵێی لە سـەدەی سـێزدەهەمدا لـە ئـەوروپا بـە قۆنـاخی کورکبـوون دەربازدەبێت. یەکـەمین زانکۆی ئاواکراون, لەم سەدەیەدا لە ژێر کاریگەریەکانی دۆگما ئایینیەکان رزگاریان دەبـێ و یەکـەمین هـەنگاو بـەرەو رێـڕەوی پشتبەسـتن بـە ئـەزموون و تاقیکردنـەوە دەبەسـتن. **رۆگـەرباکۆن ( Roger Bacon)**, لـەم قۆناخـەدا بـەردی بناخـەی دەسـتپێکردنە. رۆڵـی پێشـەنگایەتی کردنـی چـاخی تاقیکردنەوە و ئەزموونگەرایی دەبینێ. ئەو رێنسانسەی لە سەدەی پانزدەهەم بەدواوە پێشدەکەوێت, رۆح و هزری مـرۆڤ لـە دۆگمـا ئایینیـەکان رزگاردەکـات و لـە ئاکامی راپێچکردن و ئاراسـتەکردنی بـۆ جیهانێکی مرۆڤانە, تاوەکو دوایی رێگای زانست ئاواڵا دەبێت. گـەلێك شـەهیدی مـەزن لـەم رێگایـەوە پێشکەش دەکرێت، لەسەرووی هەمووشیانەوە **برنۆ (Brunu)**. بەڵام لەهەمانکاتـدا ئـەم شـەهادەتانە بە واتای سەرکەوتنی چـاخی هـزری زانسـتیانە دێـت. ئـیتر مـرۆڤ رووبـەڕووی شـێوازێکی نـوێی ژیـان دەبێتەوە. ناوبردنی چاخی زانست بە شارستانیەتی سەرمایەداری تەنگ و و سنووردارە و واتای خۆی نابەخشـێ. هەڵبەتـە ئەمـە چـاخێك نییـە لەلایـەن کۆمـەڵگای سـەرمایەدارییەوە خوڵقێنـرابێت. بـە پێچـەوانەوە, سـەرکەوتن و زاڵبـوونی هـزری زانسـتیانە, رێگـا لـەپێش ئـەوە دەکاتـەوە شارسـتانیەتی سـەرمایەداری خێـرا بێـت و بـە باڵادەسـتی بگـات. دەبـێ چـاخی زانسـت وەکـو گـرنگترین دەسـکەوتی پێکهاتەی هزری مرۆڤ ببینرێ لە رێبازی پێشکەوتنی درێژخایەنی کۆمەڵگادا. لـە کاتێکـدا لـە ئاکـامی ئەم هزرە پەردە لەسەر قۆناخی ئەو خوداوەندانە داخرا کـە سـرووش (وەحـی) دەنێـرن و نوێنـەریان لەسەر زەوی هەیە, ئەوا قۆناخەکانی کۆمەڵگا، هـەنگاو بـۆ چـاخی کۆمـەڵگای زانستی دەهاوێـژێت کـە مرۆڤ بـە خـۆی یاسـاکان دادەنـێ و بـەڕێوەیان دەبـات. لـەم چوارچێوەیەدا چاخی کۆمـەڵگای زانسـتی دەستپێدەکات.

هەرچەندە ئەم چـەرخە بـە چـاخی زانیـاری و گەیانـدن ناوببرێـت, بـەڵام تـاوەکو ئێسـتاکەش لـە تەواوی دام و دەزگاکانی سەرخان و ژێرخانی کۆمەڵگا, لەسەرووی هەمووشیانەوە دەزگـا سیاسـییەکان, لەمیانـەی ئـەو یاسـا و پەیوەندییانـەوە بـەڕێوە دەبردرێـت، کـە پاشمـاوەی میتۆلۆژیاکـانی چـاخی کۆیلـەدارین. لـە دوای شـیکردنەوەکانمان دەرهـەق بـە شارسـتانیەتی سـەرمایەداری دەبینـرێ داب و

نـەریتی کۆمەڵگاکـە بـە تایبـەتیش دەزگاکـانی دەوڵـەت سـەنتەرەکەی پێکـدێنێ, پێـنج هـەزار سـاڵە نەگۆڕاوە و بەردەوام بەهێزکراوە. ئەم بـە دەزگابوونـە لـە گەوهـەری خۆیـدا لەگـەڵ زانسـتدا ناکۆکـە. بەردەوام ئاستەنگ خراوەتەپێش ئەوەی زانست ببێتە سەرەکیترین پرەنسیپ کە سیستـەمی کۆمـەڵگا دیاری بکات. هەربۆیە ناکۆکی سەرەکی لە نێوان ئەو دەوڵەتەی کە لە بـواری ئایدیۆلۆژیـدا خـۆی نـوێ کردۆتەوە، بەڵام وەکو دەزگای فشار و هەڕەشە بەردەوام دەکات، لەگـەڵ زانسـتەکە لەسـەر بنەمایـەکی زانستیانە سەرلەنوێ شێوە بە کۆمەڵگا دەدات.

چـەرخی زانیـاری کـە بـەردەوام بـەکاردەهێنرێ, هێشـتا شـێوەی کۆمـەڵگای تایبـەت بـە خـۆی نەخولقاندووە. بێگومان زانستیش دیاردەیەکە بەردەوام لە نێو پێشکەوتندایە. لەگەڵ ئەمەشـدا تـاکو ئێستا ئاکاری زانست لە ئاسـتی پرەنسیپدا دەستنیشـان نـەکراوە. هەربۆیـە شـتێکی ئاسـتەم و مـەحاڵ نییە کە زانستێکی بێ کۆنترۆڵ, رژێمێك بخوڵقێنـێ کـە زۆر لـەو سیسـتەمانە مەترسیدارتر بێت کـە نوێنـەری ئایینـە تاکخوداییـەکان و خوداوەنـدەکانی میتۆلۆژیـا بـوون. گـەلێك نموونـەی سـەرەڕۆ و تۆتالیتاری ئەو سیستەمە بەڕێوەبەرایەتییانە بینراوە کە لەو بنەما ئەخلاقییانەی کۆمـەڵگا دابـڕاون، کە پشت بە زانست دەبەستێ.

یەکێك لەو دەرئەنجامانەی بەدەسـت هـاتوون ئەوەیـە کـە زانسـت سەرچاوەکانی هێـزی سروشـتی پێشکەشی کۆمەڵگا کردووە. ئاشکرایە کۆمەڵگا لەو رۆژەی لە دایکبووە تاوەکو رۆژگاری ئـەمڕۆمان بـێ زانیـاری و زانسـت نابـێ, لـە راسـتیدا یەکـەم مـرۆڤ کـە بـەرد یـاخود داری بـەکارهێناوە, بـە زانیـاری گەیشتووە. نەخشـەکردنی یاسـایەکی فیزیـا و بـەکارهێنانی لـە خزمـەتی بەرهەمهێنانـدا, هەرچـەندە فۆرمیلەش نەکرابێت, بەڵام ئەوە نیشاندەدات کە زانسـت پەیڕەوکراوە. دەبێ بگـوترێ: کۆمەڵگا هـەر لەسەردەمی لە دایکبوونییەوە, لەگـەڵ دیـاردەی زانسـتدا لـە نـاو پەیوەنـدی و نـاکۆکی دایـە. هێنـدەی ناکۆکیەکەی شیدەکاتەوە, پەیوەندی بۆ زانست دەگۆڕێت. ئەمەش ئەوە نیشـان دەدات کـە رۆشـنگەری بەردەوام دیاردەیەکی زانستە. لێرەدا کێشە دەستنیشان کردنی ئاست و رێژەکەیەتی لەهەر چـاخێکدا. رۆڵ و کاریگەری زانست چەندە زیاد بێت, رۆشنگەری هێندە بەهێز دەبێت. نیشاندانی ئەم دیاردەیـە تەنیا وەکو پێشکەوتنێکی قۆناخی کۆمـەڵگای سـەرمایەداری راسـت نییـە. دەتـوانرێ تـەنیا بـاس لـەوە بکرێت کە رۆڵ و کاریگەری کۆمەڵگای سەرمایەداری زیادی کردووە.

دەبێ زۆر باش بزانرێ کە شارستانیەتی سەرمایەداری تـەنیا رێگـای لـەپێش پێشـکەوتنی زانسـت نەکردۆتەوە, بەڵکو لە ئاستێکی بەرزدا رێگای لەبەر دەم تەسکبوون و سنووردارbوونی کردۆتەوە. ئەو ناکۆکیانـەی لـە نـاواخنی خـۆی دەگرێت ناهێڵـێ زانسـت هـەموو هێـز و توانـای خـۆی بخاتەگـەڕ. بـە

تایبەتیش بەرامبەر بە زانستەکانی کۆمەڵناسی، موحافەزەکارترین رژێمە. بەڵام ئەو سیستەمەی تاوەکو ئێستا لە هەموو شێوەکانی کۆمەڵگادا زیاتر لەمیانەی زانستەوە دەزگاکانی ژێرخان و سەرخانی خۆی بەهێزکردووە، کۆمەڵگای سەرمایەدارییە. ئەم تایبەتمەندێتیەشی رۆڵی خولقاندنی قۆناخەکانی رێنسانس و رۆشنگەری سەردەمی لە دایکبوونی سەرمایەداری ئاشکرا دەکات. چونکە لێهاتووترین کۆمەڵگایە کە هێزی خۆی لەپێشخستن و بەدەزگابوون و بەرێوەبردنی زانست وەرگرتووە. شتێکی رێکەوت نییە کە سەرکەوتووترین کۆمەڵگایە لە گەیشتن بە زانستیبوون، یاخود هەندێ توێژی کۆمەڵگا بۆ بەهێزترین پایە بەرزبوونەتەوە. زانستیبوون, واتای بەهێزبوونە. راستتر بڵێین، زانستیبوون واتای رۆشنگەرییە. رۆشنگەری واتای ئەنجامدانی کاری راست و چاکە. ئەنجامدانی کاری راست واتای سەرکەوتن و بەرهەمی باش و زێدەیە. بەرهەمی چاك و زێدە لە هەموو ئاستێکدا لە بواری سیاسەتەوە تاوەکو ئابووری, واتای بەهێزبوون و گەیشتنە بە رۆڵی پێشەنگایەتی.

لەم چوارچێوەیەدا دەتوانرێ دەرکەوتنە پێشی لایەنی زانستی شێوەگرتنی ناسنامەی ئایدیۆلۆژی شارستانیەتی سەرمایەداری پێناسە بکرێت. تاوەکو ئێستاکەش درێژە بە رەوشی ناکۆکی و پەیوەندی بەردەوامی خۆی دەدات. بە تەواوی لە ناسنامە ئایدیۆلۆژیاکانی دیکە و ئایین و فەلسەفە دانەبڕاوە؛ توانای ئەوەی نییە دابڕێت. بۆتەی کۆمەڵگا, مەحکوومی فەلسەفەیەکی ئایدیالیستی و ئایینی دەکات.

دواترین و گرنگترین پرس کە پێویستە بکرێت ئەوەیە: ئایا زانست تەنیا و سەربەخۆ دەتوانێ ببێتە هێزێکی رزگاری؟ ئایا بە تەواوی دەتوانێ ئەو مرۆڤە لەنێو ببات کە لە سروشتی مرۆڤدا هەیە؟ ئایا زانست هەموو شتێکە؟ پرسیاری سەرنج راکێشتر ئەوەیە: ئایا مرۆڤەکانی سەرەتا کاتێ بەرەو هزری خوداوەند ئاراستەیان گرتووە کاری هەرە راستییان کردووە؟ واتە ئایا زانست خودایە؟ گەیشتنی تەواو بە زانست یەکسانە بە بوون بەخودا؟ لە رەوشێکی بەمجۆرەدا باوەڕی **"أنا الحق = من خودام"** کە لە رێگای هەستەوە بە گەوهەری زانست دەگات, ئایا ئەم هزرە, ناگاتەوە زانستی خوداناسی؟ ئایا ئیسلامیەت کاتێك دەڵێ **خودا هەموو شتێك دەزانێ**, بە واتای ئەوە نایەت هەر لە زووەوە هاوکێشەی زانست =خودای راگەیاندووە؟ دەتوانرێ گەلێك پرسی دیکەی لەم جۆرە پێشبخرێ. ئەگەر بێت و هێزی خودایی زانست بە پرەنسیپێکی ئاکاری گرێنەدەین، کە پەیڕەوکردنی رەها بێت و بەرژەوەندی هاوبەشی مرۆڤایەتی و ماف و ئاساییشەکەی بە بنەما دەگرێت, واتە ئەگەر بە پرەنسیپێکی سەرەکی ئاکاری و هەڵسوکەوتەوە پابەند نەکرێت, ئەوا لە شێوەی ژیانی بەندکراوی ئەو سیستەمانە رزگارمان نابێت کە سەرەڕۆن و مرۆڤ دەکەن بە رۆبۆت و زۆر لە فیرعەون و نەمروودەکان مەترسیدارترن و لە کۆیلەکانی ئەو سەردەمە زیاتر مرۆڤ وابەستە دەبێ. سەدەی بیستەم کە بە رادەی هەرە زێدە زانستی

تێدا پەیڕەو کرا, لەمیانەی ئەو شەڕە تۆقێنەر و ترسناکانەی لێی کەوتەوە, روونی کردەوە و سەلماندی کە زانست چ رۆڵێکی بینیوە، گەوهەرێکی بەمجۆرە لە خۆوە دەگرێت کە ئەم مەترسییە لە رۆژگاری ئەمرۆماندا چ قیامەتێك لەگەڵ خۆیدا دێنێ. لە کاتێکدا تاوەکو ئێستا مرۆڤایەتی لەو سەرەڕۆیی دەسپۆتیزمە (أستبداد) رزگاری نەبووە کە میتۆلۆژیای کۆیلەداری و سیستەمی دەرەبەگایی نوێنەری ئایینی تاکخودایی خولقاندوویانە, ئایا ئەو سیستەمە سەرەڕۆ و تۆتالیتارە بێ ژمارانەی کە زانست دەیکات بە خودایی, بە واتای مەعشەر نایەت؟

٢ ـ تاکڕەوێتی تایبەتمەندێتی سەرەکی و رۆحی ئەو سیستەمەیە کە کۆمەڵگای سەرمایەداری خولقاند. هەروەکو چۆن زانست گوزارشت لە رەوشی گشتی هزری ئەم کۆمەڵگایە دەکات, تاکڕەوێتیش تایبەتمەندێتی رۆحی کۆمەڵگاکە پێکدێنێت. تاکڕەوێتی, شێتایەتی ئەو تاکەیە کە لە بەرژەوەندی خۆی بەولاوە هیچ شتێکی دیکەی لا پیرۆز نییە و لەگەڵ دەرکەوتنی سەرمایەداری زنجیری خۆی پساندووە و گەیشتۆتە ئاستی سەرشێتی و هاربوون, بوونی تاك سەرەکیترین هێزە کە بەردەوامی پێدەدات. تەنانەت هێزێکە رۆڵەکەی لەپێشەوەی زانستیش دێت.

تاکی سەرمایەدار, جوڵانەوەی تۆڵەسەندنەوەیە لە دیاردەی کۆمەڵگا. بە تایبەتیش لە قۆناخی لە دایك بووندا تینوێتی تاکڕەوی هیچ سنوورێك ناناسێت. لەمیانەی خۆ دابڕین لە تەواوی پەیوەندییەکانی رابردوو, لەو باوەڕە دایە ئازاد بووە. هێزی پارە وەکو خودا دەبینێ. واتە هاوکێشەی **خودا = پارە** بە رادەی هەرە زێدە لە کۆمەڵگای سەرمایەداری دەوەشێتەوە. پارە دەبێتە گوزارشتی بەرجەستەی رۆحی سیستەم. هێزێکی سیحراوییە, دەتوانرێ بۆ هەموو بەهایەك بگۆڕدرێ. لە کاتێکدا لە شێوەگرتنی کۆمەڵگاکانی پێشوودا تەوتەم و خودا و پادشا خوداوەندەکان وەکو سەمبۆل دەنرخێنرا, لە شێوەگرتنی سەرمایەداریدا پارە گەوهەریترین هێزە, کە رۆحی تاك بۆ خۆی راکێش دەکات, لەپێناویدا هەموو شتێك رەچاو دەکرێت, تەنانەت کاتێك پێویست دەکات لەپێناویدا رێگا لەپێش شەڕی بەمجۆرە دەکاتەوە مرۆڤایەتی خوێنی لێ بچۆڕێ. ناسنامەی رۆحێك باوە کە لە دەورەی پارە شێوەی گرتووە.

هێندە بە جۆش بوون و رابوونی تاکڕەوێتی سەرچاوەی خۆی لەم رق و کینەوە دەگرێت کە بە سەدان هەزار ساڵ بەرامبەر بە کۆمەڵگا بوون هەبووە. تەواوی سیستەمەکانی پێشوو, بە کۆمەڵگا بوونیان بە گوێرەی بەرژەوەندی توێژەکانی خۆیان پێش خستووە. بە کۆمەڵگا بوون پیرۆزترین چالاکی و کرداری ژیانە کە دەستی لێبەرنادرێت, ئیتر ئەمە بە شێوەیەکی کراوە یان داخراو یاخود بە ئارەزوومەندی بێت یان لەمیانەی توند و تیژیەوە. ناچارە تەواوی ئایین, ئاکار, بەرهەمهێنان و

سیاسەتێك گرێدراوی ئەم ئامانجە بن. هەموو داب و نەریت و هەر کەسێك پڕوپاگەندەی ئەم یاسایە دەکات. کاتێك دەگاتە قۆناخی سەرمایەداری، ئەو بە کۆمەڵگا بوونەی بارێکی ئێجگار زۆر و گرانی لێ نراوە لەمیانەی تاکڕەوێتییەوە دەتەقێنرێتەوە (وەکو تەقینەوەی ئەتۆم) و هەر وەکو بڵێی بە هێزێك گەیشتووە تازە دۆزراوەتەوە. لە هەستیارترین خاڵی کۆمەڵگادا تەقاندنەوەی بۆمبای تاکڕەوێتی، رێگا لەپێش سامانێکی ئێجگار مەزن دەکاتەوە. کاتێك تاقی کردنەوەکانی سەرەتا سەرکەوتن بە دەست دێنێ، ئیتر ئەوەی دەمێنێتەوە، گەیاندنێتی بە سیستەمێك. ئیتر تەکییەی تاك پەرستگا نییە. روو لە خودا ناکرێت، گوناهکاری لە ئارادا ناهێڵدرێ. کەعبەی نوێ کارگەیە، خودای نوێ پارەیە، بەرژەوەندی تاك پیرۆزە. گوناهکاری جۆرێکە لەو کۆسپانەی پێش قازانج.

بێگومان لێرەدا بە هەموو شێوەیەك و بە تەواوی سەرمایەداری ناهەق نییە. بە سەدان هەزار ساڵ تاك بە قوربانی کۆمەڵگا کرا. لە راستیدا چەندین ئایین بەبێ چاوتروکاندن، بەهادارترین هەبوونی خۆیان، منداڵەکانیان وەکو قوربانی پێشکەش بەو خوداوەندانە کرد کە بەرامبەر بەختەوەری کۆمەڵگا بەرپرسیار دەبینران. بەمجۆرە لە ژێر ناوی ئایین رێگا لەپێش ویژدانی کوێرانەی کۆمەڵگا کرایەوە. لەمیانەی پێشکەش کردنی قوربانییەکی بێ سنوردا تۆڵە لە تاك سەندرایەوە. بەمجۆرە لە ژێر ناوی رزگارکردنی کۆمەڵگا، مێژووی کۆمەڵگا گۆڕا و بوو بە مێژووی بە قوربانی کردنی تاك. تەواوی شەڕ و عیبادەت و رێ و رەسمەکان لەم پێناوەدا بەکارهێنران. لێرەدا ئەوەی لە ژێر ناوی بە کۆمەڵگا بوون ئەنجام دراوە گەیشتۆتە ئاستی شێتایەتی. پێشێل کردنێکی بچووکی رێ و رەسمێك، تەنانەت بێ تاوانیش بێت و لە ئارەزووییەکی مافداریشەوە سەرچاوەی گرتبێت، بە گەورەترین تاوان لە قەڵەم دەدرێت. هەروەکو چۆن بەوە ناوەستێ کە دونیای سەر زەوی دەکات بە دۆزەخ، ئەوا لەمیانەی دۆزەخی دونیاکەی دیکە، قۆناخی ئەشکەنجەدان دەکات بە هەمیشەیی و بەردەوام. بەندێتی تاك هێندە پێشکەوتووە تەنانەت خاوەنی سێبەری خۆشی نییە، کەوتۆتە ئاستێك کە سێبەری سێبەرە. لە ژێر ناوی بە کۆمەڵگا بوون تاك خراوەتە نێو ئەم رەوشە.

ئا لەم خاڵەدا قۆناخی ناسنامەی ئایدیۆلۆژی کە رێگا لەپێش سەرمایەداری دەکاتەوە، لەمیانەی گرتنە دەستی تاکڕەوێتییەوە خاڵی هەرە هەستیار و ژیانی بەدەست هێناوە. هەست بەوە دەکات لەمیانەی دەرخستنە پێشی تاك دادپەروەرانەترین هاوسەنگی لە نێوان تاك ـ کۆمەڵگا ئاوا بکات کە لە مێژە کاتی هاتووە. شتێکی ئاشکرایە کە هێز و مافدارێتی خۆی لە کەڵەکە بوونی ئەم مێژووە وەردەگرێت. زۆر باش هەست بەوە دەکات چەندە ئەم کۆمەڵگا موحافەزەکار و کۆنەپەرستە هەڵوەشێتەوە کە هێندە بە دژی تاکدا شکاوەتەوە و مەحکوومی ژیانێکی کردووە کە لەمیانەی

قەدەخەنامەکانـدا خنکاندوویـەتی و کردوویـەتی بـە رۆبـۆت (آلة)یکـی هەتاهـەتایی, هێنـدە رۆڵێکـی شۆڕشگێڕی و ئازادیخوازی دەبینێ. بـەمجۆرە لـە مێـژوودا بۆتـە خـاوەن پایەیـەکی مـەزنی مافـداری و ئازادیخوازی. دیاردەی بە کۆمـەڵگا بـوون کـە لەسـەرەتای ئـاوا بوونیـدا هێزێکـی خـودایی بـێ هاوتـا و نەبینراوی هێنایە ئاراوە, ئەم جارە بە پێچەوانەوە, هێزێك دەخوڵقێنێ کە تا دوا ئاست بـەرەو تاکـە کەسێتی دەچێت. تاك بە خۆی بەرەو خودایی بـوون بـەرز دەبێتـەوە. لـەم خاڵـەی بادانـەوەی مێـژوودا دەرفەتی هاوسەنگییەکی رەوا و پێویستی تاك ـ کۆمـەڵگا دەخوڵقێنـێ. لـە راسـتیدا سـەرمایەداری بـە تایبـەتیش لـە قۆنـاخی لـە دایـك بوونـدا دڵـەڕاوکێ و لێکدانەوەیـەکی بـەمجۆرەی سـەبارەت بـەم هاوسەنگییە، زۆر سنووردارە. زیاتر لە قۆناخی کاردانەوەی سۆسیالیستییانە, هەڵوەستە سـەبارەت بـە هاوسـەنگی تـاك ـ کۆمـەڵگا دەکرێـت. بـەڵام مسـۆگەر بـۆ گەیشـتن بـەم هاوسـەنگییە پێویسـتی بـە قەڵەمبازی بەهێزی تاك هەیە. شۆڕشی تاك وەکو بەرهەمێکی ئەم پێویستییە مێژووییە دێتە ئاراوە.

کاتێك تاك هەر زنجیرێکی کۆیلایەتی دەپچڕێنێ, ئەوا هەست بە ژیانێکی نائاسایی دەکـات. ئیـتر دونیا دەبێت بە بەهەشت. ئەو ئارەزووانـەی بـە گونـاه و تـاوان لـە قەڵـەم دەدران، دەگـۆڕێ و دەبێتـە جوانترین و خۆشترین شێوەی ژیان. علمانییەتێکی سەرسـووڕهێنەر دەسـت پێـدەکات. دەرك و هەسـت بەوە کراوە لەمیانەی هونەرەوە ژیان جوان بکرێت. ئیلهام گـرتن لـە میراسـە هونەرییـە شـکۆدارەکانی چاخەکانی سەرەتا, رێگا بە لە دایك بوونەوەیەکی نـوێ و رێنسـانس دەدات. لەمیانـەی ئـەو بـوێری و ئازایەتییـەی لـە زانسـتەوە وەری دەگرێـت, بـە بـێ هـیچ ترسـێك لـە فـەرمانی دۆگماکـان, لەمیانـەی هونـەرەوە دونیـا جـوانتر دەکرێـت و بـە ئاسـتێك دەگەیـەنرێ جێگـای حـەز و شایسـتەی ژیـان بێـت, هێزێکی مـەزن بـە بـوون بـە تـاك دەدات. بـوون وەکو تاکێـك, زیـاتر بـەرەو بیرکردنـەوەی ئازادانـە و ژیانێکی بە کـەیف و سـەفا و حـەز و ئەشـقێکی نـوێی دەبـات. گەیشـتن بـە زاراوەی وڵات, لـە چـەمکی ئۆمەتەوە، دەرباز بوون بۆ چەمکی نەتەوە و دەوڵەتی نەتەوەیی, بە دونیایی بوون, دەوڵەمەند بوون, لـەم جیهانـەدا گرێـدان بـە ژیـان و نـرخ و بـەها نیشـاندان بەرامبـەر بـە هـەموو جۆرەکـانی هونـەر, لەپێشینەی ناسنامەی نوێی ئایدیۆلۆژی رێنسانس دێت. لە رابردوو دابڕان هێندە ریشەیی بوو گرێدان بە شێوەی نـوێی ژیـانی خوڵقکارانـە هێنـدە بـەهێزە، هـیچ پەیوەنـدی و تاکە دەزگایـەکیش نییـە کـە لەپێش ئەوە ببێتە کۆسپ، کۆمەڵگای کۆن بەلاوە بنرێت و سیستەمێکی‌نوێ لە جێگای ئاوا بکرێت.

٣ ـ تایبەتمەنـدێتی بـەهادارێتی مـرۆڤ و دەرخسـتنە پێشی, واتـە پرەنسیپی هیومـانیزم (مـرۆڤ پەروەری) سێیەمین تایبەتمەندێتی گرنگی ناسـنامەی ئایـدیۆلۆژی شارسـتانیەتی سـەرمایەداری پێـك دێنێت. لە تەواوی شێوەگرتنی کۆمەڵگاکانی چاخەکانی پێشوودا هەروەکو بڵێـی مـرۆڤ قـووت درابـوو.

لە ناو کۆمەڵگادا تواوەتەوە, بوونەوەرێکی هێندە بێ کاریگەرە لە جێبەجێ کردنی ئەو شتەی لەپێشی دانراوە بەولاوە هیچ ڕۆڵێکی دیکەی نییە. تەواوی مەزنایەتی و بایەخ و گرنگیدان بە هێزی خودایی دەبەخشرێ. بەڵێ ئەوەی بەردەوام لەسەر سەری مرۆڤ گەورە و پیرۆز دەکرێت تەوتەم و خوداوەندەکانن, کە لە دەمامکێك و نەخشەی ناسنامەیەك بەولاوە شتێکی دیکە نین. لە راستیدا لەمیانەی ئەم کردار و چالاکییە ئایدیۆلۆژیانەوە هەوڵ دەدرێ کۆمەڵگا بەڕێوەببردرێت و هێزی پێ ببەخشرێ. بەڵام ئەمە لەمیانەی پێشخستنی زاراوەی مرۆڤەوە نییە, بوونەوەرێك دەخولقێنرێن و بەرز دەکرێنەوە کە چارەنووس و قەدەری مرۆڤ دیار دەکات, لەمیانەی ناسنامەیەکی ئایدیۆلۆژی ساختەوە ئەنجام دەدرێت.

هەرچی لە قۆناخی کۆمەڵگای چینایەتییە, مرۆڤ بچووکتر دەکرێتەوە و لە کەسایەتی ئادەم و حەوا دا بە تاوانبار رادەگەیەنرێن, مەحکوومی ناسنامەیەك دەکرێن کە هەتا هەتایی دەیانکات بە بەندەی خوداوەندەکان. بەردەوام تاوانەکانیان زیاد دەکرێت, لە بەرامبەر ئەمەش بۆ رزگار بوون، بژاری خزمەت کردنی لەپێش دادەنێت. بەردەوام خستنی مرۆڤ لە دوو تەوەرەدا پێش دەخرێت. لە ژێر ناوی ناسنامەی بوونی نادیار و دارِنراودا, تاك بەرامبەر بە کۆمەڵگا بچووك دەکرێتەوە و بە هیچ دەکرێت. بەمجۆرە هیچ بانگەشە و بایەخێکی جێگای باس نییە. هەموو شتێك لەپێناو مانەوەی کۆمەڵگایە. هەر شتێکی لەپێناو هەبوون و مانەوەی کۆمەڵگا فیدا نەکرێت هیچ بەهایەکی نییە. بە گوێرەی ئەوەی مرۆڤەکە دەگات بە کۆمەڵگا بوون، سەرەتا ئەو فیدا دەکرێت. دووەمین تەوەرەی گرنگ ئەوەیە, بۆ ئەوەی بەرامبەر بەراستینەی چینی دەسەڵاتدار بە تەواوەتی بانگەشە لەدەست بدات, مرۆڤ بە بێ بایەخ دادەنرێت, وەکو تاکێك لە قەڵەم دەدرێت کە تاوانی زۆرە و تەنیا شایستەی خزمەتکارییە. بەمجۆرە لەلایەکدا هەندێکیان لە شێوەی بوونەوەری خودایی بەرز دەکرێنەوە و لە پایەی ئاستی مرۆڤ نامێنن, لە تەنیشت ئەم کۆیلەدارانەشەوە سیستەمی کۆیلە و بەندەکان ئاوا دەکرێت کە وەکو ئاژەڵ دەکرێن بە موڵك و بەردەوام کاریان پێدەکرێت. بە درێژایی چەندین چاخ ئەم جۆرە هەڵوێستانە بەرامبەر بە مرۆڤ پێشخراوە.

لە ئایینە تاکخوداییەکان و قۆناخی بەرخودانی کۆمەڵگای نیۆلیتیك بەرامبەر بە کۆیلەداری, هەرچەندە سنووردداریش بێت بەڵام دیسان بەرگری لە شەرەف و ویژدانی مرۆڤ دەکرێت. زاراوەی مرۆڤایەتی پێکدەهێنرێت کە پێویستی بە رزگار بوون هەیە. بۆ یەکەمین جار لەژێر ناوی ناموس و ویژدان سەرهەڵدەدرێت. شۆرشی ئاکاری زەردەشت, ریفۆرمخوازی هاوشێوەی بودا, دەرخستنە پێشی مرۆڤ لەلایەن فەلسەفەی گریکەوە، هەنگاوی دیکەی زۆر گرنگن. ئەو مرۆڤەی کە ئازارێکی مەزنی

چەشتووە و خاوەنی ڕەنجی ڕەسەنە هەستی پێدەکرێت. هێندە خاوەنداریێتی کردنی مرۆڤایەتی لە عیسا، بەهۆی پێشکەوتنی گرنگییەکەی و زەمینەی ئەوەی ئاوا کردووە کە ببێتە ڕێبازێك. بە بێ هیچ جیاوازییەك، بۆ تەواوی مرۆڤایەتی وەکو فریادڕەسێك دەناسرێت. کاتێك حەزرەتی مەحەمەد مرۆڤ وەکو شەرەفمەندترین بوونەوەر **"أشرف المخلوقات"** ڕادەگەیەنێ، هەنگاوێکی دیکە بەرەو پێشەوەی دەبات. ئەو بەهایەی بە مرۆڤ دراوە لەپێشەوەی ئەو فاکتەرانەوە دێت لە پەسند کردنی ئیسلامیەتدا ڕۆڵ دەبینێ.

سەرەڕای ئەم هەنگاوە مێژووییانە، ئەو مرۆڤەی کە لەمیانەی پەیوەندییەکانی کۆیلایەتی و خاکەوە بچووك کراوەتەوە و نزم کراوە، زۆر لەوە دوورە ببێتە خاوەنی بایەخێکی ناوەندی. ژنیش لە ڕەوشێکدایە بە چارەنووسی خۆی ڕازی کراوە، مەحکوومی ناسنامەیەك بووە کە خزمی شەیتانە، ناتەواوە، بێ ئەقڵە و بەردەوام بانگێشتی تاوان دەکات. لە کاتێکدا کەمێك مرۆڤایەتی پێشدەخرێت، ئەو هێشتا بە مرۆڤ دانانرێت. هەرچی چینی باڵادەست و چەوسێنەرە، لەمیانەی خەسڵەت و تایبەتمەندێتیە خوداییەکانەوە خۆی نیشان دەدات و وەکو بوونەوەرێکی لە ڕەچەڵەکی مرۆڤ جیاوازتر پێناسە دەکرێت؛ وەکو گرنگترین کار ناسنامەی ئایدیۆلۆژی بە گوێرەی ئەوە پێشدەخرێت. ئەو ڕاستینە و چارەنووسەی شارستانیەتەکانی کۆن شایستەی مرۆڤایەتییان دەبینی، هێڵە گشتییەکەیان بەمجۆرەیە.

ئەوە لە جێگای خۆیدایە سێیەمین و گرنگترین دیاردەی لەسەردەمی لە دایك بوونی چاخی سەرمایەداری تۆڵەی کراوەتەوە ئەو ڕەوشە بوو کە مرۆڤ تێیکەوتبوو. لەمیانەی بەرز کردنەوەی مرۆڤ، واتە لە ڕێگای هیومانیزمەوە تۆڵە لە کۆمەڵگای کۆن و چینی باڵادەست دەکرێتەوە. هیومانیزم (مرۆڤ پەروەری) کاریگەرترین چەکی تێکۆشانە بەرامبەر بەوانەی کە درێژە بە کۆمەڵگای کۆن دەدەن. مرۆڤ دەرفەت و توانای هەڵسانە سەرپێ و ئازاد بوون و زانست و گەیشتن بە شەرەفمەندی لە هزری هیومانیزم بەدیدەکات. لەخۆڕا نییە هیومانیزم یەکێکە لە زاراوە سەرەکییەکانی ناسنامەی ئایدیۆلۆژی نوێ.

خودا لە ناوەندی ناسنامەی ئایدیۆلۆژی کۆمەڵگای کۆن جێگیر کراوە. بەمجۆرەش بە شێوەیەکی تۆکمە و تەواو باڵادەستی ئایدیۆلۆژی چینی چەوسێنەر و دەسەڵاتدار ئەنجامگیر دەبێت. لە ڕاستیدا هێزی یاسای خوداوەندەکان، بە واتای سیناریۆیەك دێت تاوەکو ڕێگا لەپێش هێزی یاسادانانی دەسەڵاتداران بکاتەوە. بڕیارە لەپێشینەکان کە بە یاسای خودایی (ئیلاهی) ناوزەد دەکرێن، لەسەرووی ئەو ڕێچکە بە کاریگەرانەوە دێ کە هزر بەند دەکات و چۆنی بخوازێ بەمجۆرە بەکاریان

دێنێ و کاریان پێدەکات. هیچ کاتێك سێبەری ئیرادە نامۆکان لەسەر مرۆڤایەتی کەم نەبۆتەوە. بەندبوونی ئایدیۆلۆژی وەکو مەترسیدارترین جۆری وابەستەیی مرۆڤێکی بێ ئیرادە و ڕۆبۆت (آلی) دەخوڵقێنێ.

هیومانیزم تازە سەریهەڵداوە, مرۆڤ لە بن فەرمانڕەوایەتی تەواوی ئەم سێبەرانە ڕزگار دەکات. خوڵقاندنی باشترین مرۆڤ, کار، ڕۆڵێکی سەرەکی ئایدیۆلۆژیە. کاری تەواوی ئایدیۆلۆژیا کۆنەکان، خوڵقاندنی بوونەوەرەکانی لە جۆری خودا, تەوتەم, قارەمان, جنۆکە, شەیتان و فریشتەیە کە هەموویان لە دەرەوەی مرۆڤن. سەرەکیترین کار و ڕۆڵی ئەم بوونەوەرانەش بێ کاریگەرکردنی مرۆڤە. لە ڕاستیدا ئەمانە وەکو ئامرازی باڵادەستی ئایدیۆلۆژی، لە سەرووی ئەم پەیوەندییانەوە دێن کە کاریگەرێتی کۆیلەداری لەسەر هزری مرۆڤ دروست دەکەن. هیومانیزم لە ژێر ئاڵای مرۆڤدا تەواوی ئەم بوونەوەرە دروست کراوانە (ألمصطنحة) ڕەت دەکاتەوە و مرۆڤ و تایبەتمەندێتیە سەرەکییەکانی لە شوێنی بەرزترین و مەزنترین بەها دادەنرێ. بۆ یەکەمین جارە بە شێوەیەکی فراوان تێڕوانینێك زاڵ دەبێت کە کاریگەری لەسەر کۆمەڵگای نوێ دەکات و ناوەندەکەی مرۆڤی ئازادە. ئیتر مرۆڤ لە جیاتی ئەوەی بەندەی دۆگما ئامادە کراوەکان و خوداوەندەکان بێت, ئیتر لەوان دادەبڕی و دەبێتە خاوەنی ناسنامەیەکی خوڵقکار و لەمیانەی ئیرادەی خۆیەوە، خۆی پەروەردە دەکات. شێوازێکی هزری زاڵە کە لە بیر کردنەوەدا سەربەخۆیە و بۆ هەموو هزرێکی نوێ کراوەیە. لەمیانەی سۆزەکانییەوە ئەو ڕەنگ و دەنگ و تام و گەرمییە هەڵدەبژێرێ کە ئارەزووی لێیە؛ ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە نەزۆکی ڕزگاری دەبێت و ڕێگا لەپێش واتایەکی سیحراوی دەکاتەوە و دەبێتە خەیاڵی هەموو جیهان. ئەو دونیایەی دەسەڵاتدارەکان لە مرۆڤیان زەوت کردبوو, بە هەموو شان و شکۆیەکییەوە سەرلەنوێ لە دایك دەبێتەوە. هەموو لایەنێکی سروشت پڕ لە نهێنی دەبینرێ و چاوەڕوانی دۆزینەوە و کەشف کردنە. هەستی باوەڕ کردن بە خود دەچەسپێ، خوڵقکاری دەکات بە تایبەتمەندێتیەکی مرۆڤ و لەو ڕەوشەی دەردەخات کە کارێکی خودا بێت. ئیتر مرۆڤ بە قۆناخێك گەیشتووە دەتوانێ چارەنووسی خۆی دیار بکات. ئەو مرۆڤەی کە بە درێژایی هەزاران ساڵ لە دەرەوە لەپێناو بەرژەوەندی هەندێ هێزی دیکە ئاراستە دەکرا, ئیتر بەو توانا و لێهاتووییە گەیشتووە کە بخوازێ خۆی بەڕێوە ببات. ئیتر تەواوی ئەو دەمامك و لەیستۆکانەی بەرامبەر بە مرۆڤ پێش دەخرا، فڕێ دران و تێك دران و ئەو قۆناخە دەکرێتەوە کە دەتوانێ ببێتە خاوەنی خۆی. ئەم تایبەتمەندییانەی کە دەتوانین چەندینی دیکەی لێ بژمێرین, گوزارشت لە شۆڕشێکی هومانیستی دەکات. لە کاتێکدا تەواوی شۆڕشەکانی تا ئەو سەردەمە, بەردەوام مرۆڤیان لە سیستەمێکی دەسەڵاتدارێتی و وابەستەییەوە بەرەو شێوازێکی دیکەی

وابەستەیی و باڵادەستی دەبرد، بەڵام شۆڕشی نوێ مرۆڤ دەخاتە نێو قۆناخێك کە لە تەواوی جۆرەکانی پاشکۆیەتی رزگاری دەبێ و بە خۆیەوە پابەند دەبێت.

لەو رەوشە نوێیەی مرۆڤایەتیشدا، دیسان هاوسەنگی دەبێت بە کێشەیەکی گرنگ. مرۆڤێك کە تەواوی داوەکانی خۆی پچڕاندبێت نابێتە ئاژەڵ؟ لە کاتێکدا ناهاوسەنگی و زێدەڕۆیی بە کۆمەڵگا بوون کە مرۆڤی کرد بە مرۆڤ، رێگای لەپێش کۆیلەیەك کردەوە لە ئاژەڵ خراپتر بوو، لێرەدا ئەو تاکەی لە ناو کۆمەڵگادا بەهێز بووە و ئێستا لێی دابڕاوە، لە کوشندەترین دڕندە ترسناکتر نابێت؟ ئەو مرۆڤەی لەمیانەی زانست و پارە بەهێز بووە و جیهان وەکو مەیدانێکی تاڵانکاری دەبینێ، ئایا لەو مرۆڤە ترسناکتر نابێت کە کۆمەڵگا پابەندی خۆی کردبوو؟ پرسی لەم جۆرە لە خۆڕا نین. لە چاخی تاکڕەوێتی (الفردية)، لەژێر ناوی مرۆڤایەتی، گەورەترین کوشتاری بە کۆمەڵ، تاوان و جینۆساید و فڕکردن بەرامبەر مرۆڤایەتی پیادە کراوە. کردنەوەی رێ لەپێش گەورەترین دوو شەڕی جیهانی مێژوو و چەندین شەڕی هەرێمی، ناوخۆیی، ئەتنیکی و ئایینی، ئەوە نیشان دەدات کە ئەو بانگەشانەی سەبارەت بە ترسناکییەکەی دەکرێت وشك و لەخۆڕا نییە. ئەو مرۆڤەی کە ئاژەڵەکەی ناواخنی خۆی بە شێوەیەکی زۆر بەهێز وشیار کردۆتەوە، ئیتر رووبەڕووی سیستەمێکی بێ بەرپرسیارانە بۆتەوە کە لە ئەخلاق بێبەرییە و بازاڕ (بۆرسە) دەپەرستێ و بە جۆرێك ژینگەی پیس کردووە کە رەنگە لە نێوی ببات.

لە کاتێکدا ناسنامەی ئایدیۆلۆژی و پێکهاتەی ئاکاری سەرمایەداری شێوە دەگرێت، لەگەڵ ئەوەی بناخەی ئەوتۆی هەیە کە مرۆڤ بە بنەما دەگرێت و مرۆڤایەتی بەرز دەکاتەوە، بەڵام هەر لە قۆناخی لە دایکبوونییەوە ئەوە دەدات بەدەستەوە هەموو جۆرە مەترسییەکی لە ناواخنی خۆیدا حەشار داوە.

بوونی ئەوروپا بە بێشکەی شارستانیەتی سەرمایەداری، لە نزیکەوە پێویستی بە شی کردنەوەیەك هەیە. لەگەڵ ئەوەی ئەو باسەی تا ئێستا ئاماژەی پێدەکەین چوارچێوەی گشتی دیاری دەکات، وەلێ ئەو پێشکەوتنەی ناوەڕۆکەکەی پێك دێنێت، هەروەها توانستی مێژوویی و هەلومەرجی جوگرافی لەبار و پێکهاتە قاڵبۆوەکانی کۆمەڵگای چینایەتی، رۆڵی دیاری کراو دەبینن. ئەو کۆمەڵگایانەی لە قۆناخێکی مێژوویی دوورەوە لە نێو شارستانیەتە کۆنەکاندا دەژین، تەنیا لەمیانەی تێکۆشانی دەرەوە دەشێت شێوەبەندییە نوێکانیان تێدا پێش بکەوێت. لە خۆیەوە بە سانایی شێوەی نوێ پەسند ناکات. پێکهاتەی کەش و جوگرافیا فاکتەری بە کاریگەرن لە شێوەبەندی نوێدا.

ئەگەر لەم چوارچێوەیەدا تەماشا بکرێت دەبینرێ، لە ساڵانی ١٠٠٠ ی زایینی تەواوی توانستەکانی مێژوو بۆ ئەوروپا گواستراوەتەوە. لە شۆڕشی کشتوکاڵەوە تا دەگاتە شۆڕشی شاری کۆیلەداری و

لەوێشەوە تا دەگاتە تەواوی دەسکەوتەکانی شارستانیەتی دەرەبەگایەتی, هەرچییەکی لەدەستدا هەبێت بۆ ئەوروپا گواستراوەتەوە. ئەم گواستنەوەیە تەواوی پێشکەوتنە ئایدیۆلۆژی و زانستی و تەکنۆلۆژییەکان (ئامێر) دەگرێتەوە. شارستانیەتی ئیسلامیەتیش کە لوتکەی دواترین شارستانیەتە, تاوەکو سەدەی پانزدەهەم تەواوی بەها و دەسکەوتەکانی دەگواسترێتەوە. هەروەها کەرەستە و زانیاریەکانی سەبارەت بە چاپخانە و کاغەز و باروت، لە (چین)ەوە وەردەگرن کە لە مێژە دۆزراوەتەوە و پێشکەوتنێکی بەرچاوی بە خۆوە بینیوە و شوێنگەیەکی گرنگی هەیە لەپێشکەوتنی ئامێرەکان (تەکنۆلۆژیا)دا. زیاد بوونی دەرفەت و تواناکاریەکانی بازرگانی, ئەوروپا بە بەرهەمی ئەم پەڕ و ئەو پەڕی دونیا ئاشنا دەکات. ئەم بەروبووم و زانیارییانە لە کەش و هەوای گونجاو و زەوییە بە پیتەکان، ڕێگا لەپێش زێدە ـ بەرهەمێك دەکاتەوە کە تا ئەو کاتە نەبینراوە. پێشکەوتنی زێدە ـ بەرهەم, زیادەکە بە زێدەییەوە پێشکەش بە کارە پیشەکاری و بازرگانی و زانستی و فەلسەفییەکان دەبەخشێت. خوێندەواری ڕوو لە زیاد بوونە, باشترین دانیشتوانی پەروەردە کراو دێتە ئاراوە. دیاردەیەکی بناخەی ئەم پێشکەوتنانە پێك دێنێ ئەوەیە، بۆ ماوەیەکی درێژ و بە شێوەیەکی قووڵ ئەوروپا بە کۆمەڵگای چینایەتیدا دەرباز نەبووە. سیستەمی کۆیلەداری هێندە بۆ دەرەوەی نیمچە دوورگەکانی گریك و ئیتالیا نەگواستراوەتەوە, تەنیا توانیویەتی لە شێوەی کۆلۆنی و مۆڵگە چەند کاروانسەرایەك ئاوا بکات. هەرچی شارستانیەتی دەرەبەگایەتییە تازە و نوێیە. تەنیا لەسەرەتاکانی ١٠٠٠ ی زایینی لە تەواوی ئەوروپا بڵاوبۆتەوە. هەروەها لەم قۆناخەدا چینی بۆرژوازیش لە ئاسۆی شار پێدەگەیشتن. شتی گرنگتریش ئەوەیە کە سیستەمەکانی نیۆلیتیك و کۆیلایەتی و دەرەبەگایەتی کە لە ڕۆژهەڵاتی ناوین سەرچاوە دەگرن, ناتوانن ڕیشەکانی خۆی دابکوتن. تیرە و هۆزە نۆرمان و فرانك و جێرمانەکان کە بە شێوەیەکی بەرفراوان لە نێو دواترین قۆناخی بەربەرییەتدا دەژین, ڕقیان لەم سیستەمانەیە. سەربەستی خۆیان بە قووڵیی لەدەست نەداوە. ئەوانیش وەکو زەوییەکانی ئەوروپا, لە بواری چینایەتیدا لە نێو قۆناخێکدا دەژین زیاتر لایەنی پاکیزەیی (دەست لێنەدراوی) لەپێش و سەنگینە.

کاتێك ئەم نوێ بوون و دانەبڕانە لەسەربەستی هۆزایەتی لەگەڵ توانستەکانی شارستانیەت دەبن بە یەك, چاوەڕوانی ئەوە دەکرێت لەسەر خاکی ئەوروپا و لە بن ناوی مرۆڤایەتیدا ڕێگا لەپێش دەرکەوتنی سەنتێزێکی مەزن بکاتەوە. لە بنەڕەتدا گەیاندنی ئەو تێز و دژە تێزە دەوڵەمەندانەی شارستانیەتی ئەوروپایان خوڵقاند بە سەنتێزێکەوە, لەلایەن ئەو پێکهاتەیەی هزری مرۆڤەوە درێژی نەخایاند کە گەیشتبووە ئاستێکی پێشکەوتووی هەرس کردن. کاتێك کەرەستە و پێداویستییەکان

ئامادە بێت، هەروەکو دروست کردنی خواردنی ئاشوورە وایە. لە کاتێکدا رۆشنبیرەکان و پیشەکاران و زانا ئایینیەکانی ئەوروپا توانیان لە سەدەی پانزدەهەمدا رێنسانس, لە سەدەی شانزدەهەمدا ریفۆرمی ئایینی, لە سەدەی حەڤدەهەمدا جوڵانەوە فەلسەفی و زانستییە مەزنەکان دەست پێبکەن, ئەو کات توانیویانە مۆرکی کیشوەری ئەوروپا لە سێیەمین و گەورەترین شارستانیەتی مێژوویی بدەن.

لە نموونەی ئەوروپاشدا سەلمێنراوە هەر شارستانیەتێك لەسەرەتادا پێویستی بە شۆڕشێکی رۆحی و هزری هەیە. تەنیا بازرگانی و پیشەکاری ناتوانن شارستانیەت بخوڵقێنن. بە بێ ئەوانیش نابێت؛ بەڵام سەرەتا خۆ سەلماندنی خوڵقکاری (نوێ) لە بوارەکانی هزری و رۆحیدا, دواتریش لە میانەی هێز بەخشین پێیانەوە, بوارەکانی کۆمەڵایەتی و ئابووری زاڵ دەکات و لە رێگای شۆڕشی سیاسیشەوە بە شێوەیەکی خێراتر ئەنجامی دەدات, ئەمەش پێکهاتەی دیالیکتیکی پێشکەوتن نیشان دەدات و دەیسەلمێنێت.

## ب ـ پێشکەوتن و بە دەزگا بوونی شارستانیەتی سەرمایەداری

گەوهەری شارستانیەتی سەرمایەداری پشت بەوە دەبەستێت کە خاوەن رەنجەکان (کارکەرەکان) بەرامبەر بە کرێیەکی کە پێشتر دیاری کراوە و لە چەند کاتژمێرێکی دیاری کراودا, گرێدراوی کاریان بکات و بەکاریان بێنێ. لە سیستەمی کۆیلایەتیدا تاکی کۆیلە بە هەموو شتێکییەوە تاکو مردن موڵکی خاوەنەکەیەتی. ئەگەر بخوازێ و ئارەزووی لێبێت کاری پێدەکات, دەیفرۆشێ و تەنانەت دەتوانێ بیکوژێ. جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ ئاژەڵدا نییە. سیستەمی دەرەبەگایەتی لەسەر بنەمای هاوبەشێتی زەوی پشت بە وابەستەیی جووتیار دەبەستێ. لەسەر بنەمای هاوبەشێتیەکی (شریك) سنووردارەوە بە خاوەن زەوییەوە گرێ دەدرێت. لە نێو رەوشێکی نیو ئازاد دایە. دەتوانێ ببێتە خاوەن خێزان. بەڵام تا دوایی دەرفەتی دابڕانی لە خاك سنووردارە. بەڵام هەرچی لە سەرمایەدارییە, تاك گرێدراوی هیچ کەسێك نییە. بەرامبەر بە کرێیەکی دیاریکراو دەتوانێ لە بازاڕدا رەنجی خۆی بفرۆشێتە هەر کەسێکی کە خۆی رای لەسەربێ. بە گوێرەی پەیوەندی خاك (جووتیارێتی) هەنگاوێکی دیکە بەرەو ئازادی چووە.

دووەمین بابەت و فاکتەر کە رۆڵێکی دیاریکراو لەپێشکەوتنی سیستەمدا دەبینێ، کارەکتەری پیشەسازی بەرهەمهێنانە. بەرهەمی کارگە بە بناخە دەگیردرێت. گرنگترین هەنگاوی پێشکەوتنی شارستانیەت دەربازبوونە لە مانیفاکتۆراوە بۆ کارگە. هەروەکو دەزانرێ بەرهەمی مانیفاکتۆرا هێزی

بازوو بە بنەما دەگرێت و شێوازێکی دەزگای بەرهەم هێنانی سەردەمی نیۆلیتیکە. کارگە یەکینەیەکی بەرهەمهێنانی تایبەت بە سەرمایەدارییە. کاری بە کۆمەڵ و ئامێری دیاریکراو، کۆڵەکەکەی پێکدێنێ.

سێیەمین فاکتەری سەرەکی کە سەرمایەداری پێشیدەخات، پێکهاتەی ئامێرەکانە. بە ئەندازەی ئەوەی ئامێر ڕۆڵی لەپێشکەوتنی شێوازی بەرهەمهێنانی سەرمایەداریدا هەیە، هاوکات کارتێکردنی شێوازی بەرهەمهێنانی سەرمایەداریش لەسەر ئامێر و پێشکەوتنی زیاتری، فاکتەرێکە لە سەرووی ئەوانی دیکەوە دێت. لێرەدا پێشخستنی ڕوونکردنەوەیەکی بەرفراوان سەبارەت بە مەسەلەی ئامێر (تەکنیك) سوودبەخش دەبێت.

ئەگەر یەکەمین پەیوەندی کە مرۆڤ لەگەڵ سروشت بەستوویەتی بە تەکنیك ناوببرێت، لە جێگای خۆیدایە. یەکەمین دار و بەردی بەکار هێنراون، یەکەمین ئامرازە (تەکنیك) کە بەکار هێنراون. زیاتر لەم بوارەوە لەگەڵ ئاژەڵەکان جیا دەکرێتەوە. گرنگترین لایەنی مرۆڤ ئەوەیە کە ئامراز دەخاتە نێوان خۆی و سروشت و هەنگاو بەرەو ڤەبوونی (فتح) مەزن دەهاوێژێت. ئەو دیاردەیەی هێزێکی مەزن بە مرۆڤ دەبەخشێ بەرامبەر بە سروشت، ئەو ئامرازەیە کە بەکاری دێنێ. تاوەکو ئێستاش یەکێك لەو بابەتە سەرەکییانەی کە شینەکراوەتەوە ئەوەیە، بۆچی مرۆڤ هەنگاوی بەرەو بەکارهێنانی ئامراز (أدوات) هاوێشت. بە هۆی گرنگی و بایەخەکەیەوە ئامرازە سەرەکییەکان ڕۆڵێکی سەرەکی لە دیاریکردنی چاخەکانی مرۆڤایەتیدا دەبینێ. چاخی پالیۆلیتیك بەوە جیا دەکرێتەوە کە تەلزمی بەرد وەکو ئامراز و چەکێکی ڕاو و خۆپاراستن بەکار دەهێنرێ. مرۆڤایەتی لە سەردەمی پەیدابوونییەوە لە سەدا نەوەدوهەشتی تەمەنی خۆی لەم چاخەدا ژیاوە. ئەم قۆناخەی کە ڕاوکردن و کۆکردنەوەی میوە و دانەوێڵە بە بنەما دەگیردرا. بەرد وەکو سەرەکیترین ئامراز (أداة) لە خزمەتی مرۆڤدایە.

قۆناخی نیۆلیتیك کە دووەمین چاخی گرنگە پشت بە بەردی داتاشراو دەبەستێ. ئەو بەردانەی لە شێوەی جیاوازەوە دەتاشرێن، لە بواری هەمەجۆردا بەکار دەهێنرێن. لەمیانەی ئەم ئامرازانەوە هەنگاو بۆ شۆڕشی کشتوکاڵی وماڵیکردنی ئاژەڵ هاوێشتراوە. بەرد لە کێڵانی خاك و بۆ خۆپاراستن لە بەرامبەر گیانلەبەرە دڕندەکان وەکو چەك بەکارهێنان، ئاواکردنی خانو و کون کردن و بڕین دا، وەکو ئامرازێکی سەرەکی ڕۆڵ دەبینێ. مس کانزای هەرە سەرەکییە کە دەکرێت بە ئامرازی تیژ و لەجیاتی تەور و گاسن بەکاری دێنن، یاخود دەیکەن بە قاپ و قاچاخ و چەك. هەربۆیە بە چاخی مس ناوزەد دەکرێت. لە کاتێکدا چاخی نیۆلیتیك نزیکەی ساڵانی ١٠٠٠٠ تاوەکو ٣٠٠٠ پ.ز دەگرێتەوە، چاخی مسیش لە ماوەی ٣٠٠٠ تاوەکو ١٠٠٠ ی پ.ز دەگرێتەوە. چاخی ئاسن، گوزارشت لە قۆناخێکی

پێشکەوتوتر دەکات و پشت بەو ئامرازانە دەبەستێ کە لە کانزای ئاسن دروستکراون. ئەو ئامرازانەی لە ئاسن دروستی دەکەن رۆڵێکی باڵا لە کشتوکاڵ و پیشەکاری و سەربازیدا دەبینن. ئامرازە ئاسنینەکان یەکێکە لە کۆڵەکە گرنگەکانی بەرز کردنەوەی مێژووی مرۆڤایەتی. لە ساڵانی ١٠٠٠ پ.ز تاوەکو رۆژگاری ئەمڕۆمان گرنگی و بایەخی خۆی پاراستووە و وەکو باڵاترین کانزا درێژەی بە رۆڵی خۆی داوە. لەپێشکەوتنی سەرمایەداریشدا وەکو گرنگترین ئامراز درێژە بە رۆڵ و پایەی خۆی دەدات. دەزگای ئاسنین، گاسنی ئاسن و زرێپۆشاکی ئاسنین نزیکترین یارمەتیدەری پیشەکاران و جووتیاران و سەربازەکانن، واتا ئامرازی دەستیانن.

لەگەڵ ئەوەی کە بە گوێرەی چاخەکان بەم شێوەیە دەستنیشان دەکرێت، تەکنیك (ئامێر) هەر لە سەرەتاوە تاوەکو رۆژگاری ئەمڕۆمان وەکو زنجیرەیەکی هێڵکاری، درێژەی بە پەرەسەندنی خۆی داوە؛ لەمیانەی تەکنۆلۆژیای ئەتۆم و خۆزا (فضاء) گەیشتۆتە ئاستی لوتکە. لە سیستەمی سەرمایەداریدا سەبارەت بە ناوەڕۆکی تەکنۆلۆژیاش، شۆڕش ئەنجام دەدرێت. بە تایبەتی کەوتنە گەڕی ئامێرە میکانیکییەکان، گرێدراوی سەرمایەدارییە. ئەو قۆناخەی بە ئامێری هەڵمی و خەڵووز دەستیپێکرد، هەرەس ئاسا رێگای لەپێش چاخی تەکنۆلۆژیا کردۆتەوە. لەگەڵ ئەوەی شێوازی بەرهەمهێنان رۆڵێکی دیاریکراوی لە شۆڕشی تەکنۆلۆژیدا هەیە، ئەوا شۆڕشی زانستیش رۆڵێکی دیاریکراو دەبینێ. زانست و تەکنۆ لۆژیا کە تاوەکو ئەو سەردەمە بە شێوەیەکی جیا پێش دەکەوتن، ئیتر پێبەپێ بەناو یەکدا دەچن، یەکدی تێردەکەن. هەروەکو چۆن زانست رێگا لەپێش چەندین ئامێری نوێ دەکاتەوە، ئەوا تەکنۆلۆژیاش دەبێتە چاوگی ئیلهامی چەندین پێشکەوتنی زانستی، وەکو ئامرازێکی تاقیکردنەوە خزمەت دەکات. وەرچەرخانی شۆڕشی سەرمایەداری بۆ شۆڕشی تەکنۆلۆژی پەیوەندی بەو مەودا زۆرەوە هەیە کە زانست بڕیویەتی. بۆ یەکەمین جار تێرکردن و تەواوکردنی یەکدی لەلایەن زانست و تەکنۆلۆژیاوە، لە پێکهاتەی بەرهەمهێناندا رێگا لەپێش تەقینەوە دەکاتەوە؛ وزە شاراوەکانی سروشت بۆ خزمەتی مرۆڤایەتی دەکاتەوە. وزەی ئەلەکترۆنی و ناووکی ئەتۆمیشی دۆزیوەتەوە و لەگەڵ وزەی (با) و ئاو خستۆیەتیە خزمەتی مرۆڤایەتییەوە. لەمیانەی تەکنۆلۆژیای جینۆلۆجیا دەست لە جیهانی زیندەوەران دەدات و هەوڵ دەدات موعجیزەی نوێ بخولقێنێ.

گرنگترین رەخنە کە سەبارەت بە تەکنۆلۆژیا بکرێت ئەوەیە، لە کۆنترۆڵ دەربکەوێت و ببێتە درندەیەك. هەر لە ئێستاوە پشتبەستنی زێدەڕۆیانە بە تەکنۆلۆژیا رێگای لەپێش چەندین نەخۆشی کردۆتەوە کە هەڕەشە لە ژیانی مرۆڤ دەکات؛ مرۆڤی رووبەڕووی مەترسی لەدەستدانی تایبەتمەندێتییە سروشتییەکانی خۆی کردۆتەوە. بەئەندازەی تاکڕەوێتی بەردەوام ئەو لایەنانەی

پێشدەکەوێت کە هەڕەشە لە ژیانی کۆمەڵگا دەکات. بۆیە هێندەی مرۆڤی تاکڕەو کۆنترۆڵکردنی شێوەکانی یاخود لایەنە زیانبەخشەکانی تەکنۆلۆژیا و دانانی سنووری ئەخلاقی بۆیان ناچارییە.

بە کورتی لە مێژووی بەرهەم هێناندا لەگەڵ کەوتنەگەڕی شێوەی بەرهەمهێنانی بە ئامێر و تەکنۆلۆژیا رێگا لەپێش گەورەترین گەشەکردن دەکاتەوە. بە ئەندازەی ناسنامەی ئایدیۆلۆژی شارستانیەتی سەرمایەداری لەمیانەی پێکهاتەی بەرهەمهێنانییەوە لە نێو مێژووشدا گوزارشت لەو لوتکەیە دەکات کە بە شێوەیەکی چڕوپڕ بەرزدەبێتەوە. ئیتر لەجیاتی کێشەکانی بەرهەمهێنان، کێشەکانی بەکاربردن دەردەکەوێت. لەو کۆمەڵگایانەی سیستەمی سەرمایەداری تێدا باڵادەستە، بەرهەمی زیادە کێشەی جددی دەخوڵقێنێ. لە کاتێکدا لە رابردوودا کێشەکان سەرچاوەی خۆیان لە بەرهەمی زێدە دەگرت، دواتر کەمی و سنووورداری بەکار بردن دەبێتە سەرچاوەی کێشەکان. زیاد بوونی دەرفەتەکانی بەدەست هێنانی کەرەستەی خاو و بازاڕەکانی دەرەوە بۆ بەرهەمهێنان، پێشکەوتنی زیاتری سیستەم لەگەڵ خۆیدا دێنێ. هەرزان بوونی بەرهەمەکانیش، رۆڵێکی گرنگی لەپێشکەوتنەکاندا هەیە. دەتوانرێ بگوترێ لەگەڵ ئەوەی سەرمایەداری بۆ یەکەمین جار دەرفەتی ئەوەی بۆ مرۆڤایەتی رەخساند بە چاوگە بێ کۆتاییەکانی بەرهەمهێنان لە سەرووی هەمووشیانەوە بە وزە بگات، بەڵام لەبەر ئەوەی سیستەم پشت بە چەوسانەوەیەك دەبەستێ کە لە شێوەی قازانجە، ئەم وزە و توانایە لەکار دەخات. واتا پەیوەندیەکانی بەرهەمهێنان کەوتوونەتە نێو رەوشێك، هێزەکانی بەرهەمهێنان سنووردار دەکات. شێوەی موڵکایەتی کە لەسەر تەکنۆلۆژیا هەیە، بە ئامانجی بەدەست هێنانی زۆرترین قازانج، بەرهەمێکی بێ سنوور و بێ بایەخ دەکاتە ناچارییەك. کاتێك پێویستیە ژیانییەکانی مرۆڤ لەگەڵ یاسای زێدەترین قازانج ناکۆك بێت، یەکسەر بەجێ دەهێڵدرێ و روو لەم بوارانە دەکرێت کە زیاترین قازانجی لێدەکەوێتەوە. جارێکی دیکە مرۆڤایەتی دووچاری رەوشێکی بەمجۆرە دەبێت کە ئەو توانست و تواناکارییانەی بە دەستیەوەیە نەتوانێ بە پێی داخوازییەکان و خزمەت کردنی خۆی بەکاری بێنێت، بەڵکو بە گوێرەی هەوەس و ئارەزووی خاوەن قازانجەکان دەستنیشان دەکرێت.

سەرباری ئەم خراپییانەشی، سیستەمی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری لەمیانەی سەلماندنی باڵابوونی خۆیەوە لە لوتکەی مێژووی مرۆڤایەتیدا جێگیر بووە. کاتێك هزری زانستییانە، رۆحی کەسێتی تاکی خوڵقکار و ئەو لایەنانەی کە مرۆڤ رادەکێشێتە پێش، خۆ سەلماندنی لە بواری بەرهەمهێناندا لە یەك بۆتەدا بە یەکتر بگەن، ئەوا باڵابوونی کۆمەڵگای سەرمایەداری راستییەکی

حاشاهەڵنەگرە. سەرمایەداری لەمیانەی ناسنامەی ئایدیۆلۆژی و شێوەی بەرهەمهێنانی، کە ناسنامەی ماددییەتی، زۆر لەو سیستەمانەی پێش خۆی لەپێشترە.

پەیوەندی پێکهاتەی بەرهەمهێنان کە لەگەڵ دەرکەوتنی ئایدیۆلۆژیا بەربلاو ببوو، لە بوارەکانی سیاسی و کۆمەلایەتیشدا رێگا لەپێش سەراوبن بوونێکی گەورە دەکاتەوە و دەزگای سیاسی و کۆمەلایەتی بە گوێرەی پلە و پایەی خۆیان پێك دێنن. لەگەڵ ئەوەی کە ستاتۆی سیاسی و کۆمەلایەتی، زیاتر بە شێوازی پلە بە پلە دەستنیشان دەکرێت، بەلام هەڵوەستەی زۆر و وشك و موحافەزەکارانەی ستاتۆی کۆن، ئەوە دەکات بە ناچارییەك کە لەمیانەی کرداری شۆڕشگێڕانە پارچە بکرێ و تێك بشکێنرێ. قۆناخەکانی شۆڕشی سیاسی و کۆمەلایەتی زیاتر لەو رەوشانەدا دەبێت بە رۆژەڤ، کە ستاتۆی کۆن هەموو جۆرە هەوڵێکی گۆڕانکاری پلە بە پلە (تدریجی) رەت بکاتەوە و نەهێڵێ بە قۆناخی سەرلەنوێ ئاواکردنەوەدا تێپەڕ بکرێت. لە رەوشێکی بەمجۆرەدا قەیرانی کۆمەلایەتی قووڵ دەبێتەوە. لە راستیدا قەیران ئەو قۆناخەیە کە، ئایدیۆلۆژیا و دەزگا کۆنەکان کورت دێنن و تێر ناکەن و قۆناخی پەڕینەوەیە بەرەو ئاواکردنی ستاتۆی بە دەزگا بوون و ئایدیۆلۆژیای نوێ. لە هەموو ئاست و بوارێکدا گوزارشت لە رەوشی ململانێ و کێشمەکێشی کۆن و نوێ دەکات. لە لایەکەوە رێگا لەپێش رزانی کۆن دەکاتەوە، لە لایەکی دیکەشەوە نوێیەکە چەکەرە دەکات و هەوڵی پێشکەوتن دەدات. قۆناخ کارەکتەرێکی بەمجۆرە دەردەخاتە پێش، کە رەوشی پێکدادانی شۆڕش و دژە شۆڕش سەنگین بێت. لە کاتێکدا لە ئەنجامی سەرکەوتنی دژە شۆڕشدا رژێمێکی توند و ستەمکار پیادە دەکرێت، ئەوا لە حاڵەتی سەرکەوتنی شۆڕشدا سیستەمی نوێ بە خێرایی شێوە دەگرێت. لە گەوهەر و شێوەگرتنی بە دەزگا بووندا ئەو گۆڕانکارییانە زاڵ دەبن کە زیاتر لەگەڵ شێوازی ماددی و ئایدیۆلۆژی بگونجێن و لە خزمەتییاندا بێت. گەلالە نامە ئایدیۆلۆژییەکان لەمیانەی بە دەزگا بوونەوە بوونە خاوەنی ستاتۆیەکی فەرمی. هەرچی شێوازی بەرهەمهێنانە لە ژێر سایەی هێزی بڕیار و بەڕێوەبردنی دەزگاکان دەبێتە خاوەنی پێکهاتەیەکی بە پیت و خێراتر. لە رەوشێکی بەمجۆرەدا زیاتر دەرك بەوە دەکرێت کە دەزگا سیاسی و کۆمەلایەتیەکان بە تەنیا هیچ واتایەکیان نییە و ئەو ستاتۆیەی لە ئەنجامی کاریگەری بالای خوڵقێنەرانەی ناسنامەی ئایدیۆلۆژی، لە ژێرەوەش فشاری هەلومەرجە ئابوورییەکان پێك دێت، گوزارشت لە بوێری دەوڵەت دەکات. لە راستیدا دەوڵەت بۆخۆی ئامرازێکی بێ لایەنە؛ لە ژووردا لەلایەنی ناسنامەی ئایدیۆلۆژییەوە، لە ژێرەوەش لە ژێر کاریگەری دژواری هێزی بالادەستی ئابووری دایە. ئەو رێککەوتنەی هێزی ئابووری و کۆمەلایەتی لەگەڵ ئەو ناسنامە ئایدیۆلۆژییانە دەبەستێ کە بە

گوێرەی پەیوەندی بەرژەوەندیـەكانی خـۆی دەبینـێ شـێوەی نـوێی دەوڵـەت دەخوڵقێنـێ؛ لـە كاتێكـدا شێوەی پێكهاتە كۆن و نابەجێیەكان دەڕووخێنێ، هەوڵ دەدات شێوەی نوێی دەزگایەك پێك بێنێت و مۆری خۆی لێبدات. لە رەوشێكی بەمجۆرەدا كاتێك شێوەی نوێی دەوڵەت لەمیانەی بنەما كۆمەڵایەتی و ئابوورییەكانـەوە، گوزارشـتە ئایـدیۆلۆژیاكانی فـەرمی دەبێـت، دەبێتـە هێـزی یاسـایی باڵادەسـتی سیسـتەمی تـەواوی كۆمـەڵگا و لـە رێگـای پڕوپاگەندەیـەكی چڕوپڕەوە لەلایـەن تـەواوی توێـژەكانی كۆمەڵگا پەسند كرا و رەوا بوونی پێدرا. وەكو باڵاترین ئۆرگان پیرۆز دەكرێ و لـە ژێـر ئاڵاكەیـدا بـە ئامادەباشی سڵاو دەكرێت. نـوێ بوونـەوەی تـەواوی كۆمـەڵگاكانی چینایەتی، بـە قۆنـاخی بـەمجۆرەدا دەرباز دەبن. لۆژیك هەمان لۆژیكە. شێوە گرتن بە گوێرەی كات و شوێن دەگۆڕدرێت.

كۆمەڵگای چینی سەرمایەداری بە گشتی پشت بە تەواوی توانستەكانی شارستانیەت دەبەستێ و لە نێو ئەو هەلومەرجانەی كە ئایدیۆلۆژیای دەرەبەگایـەتی و هەلومەرجـەكانی بەرهـەمهێنانی تێـری نەكرد و كورتی هێنا، لە رێگای پێشكەوتنی پلە بە پلە (**تدریجی**) توانستە گەوهەرییەكانی خـۆی، بـۆ ماوەیەكی درێژ خایەن پێش دەخات. هەڵوێستی موحافەزەكارانە و درەنگ كـەوتنی ریفـۆرمی رژێمـە پادشـاییە مۆنارشـیەكان رێگـای لـەپێش ئـەوە كـردەوە، لـە سـاڵانی ١٦٤٠ ی سـەدەی حەڤدەهـەم لـە ئینگلتەرا، سەدەی هەژدەهەم لە ساڵی ١٧٨٩ لە فەرەنسا، لە سـەدەی نۆزدەهـەم و بیسـتەم لـە چـەندین وڵاتـی ئـەوروپا و جیهـان رێگـا لـەپێش ئـەو رووداو و دیـاردە خوێناوییانـە بكاتـەوە كـە بـە شـۆڕش ناودەبرێن. ئەو شۆڕشانەی لە ژێر رێبەرایەتی چینی بۆرژوا ئەنجام دران، تا رادەیەكی مەزن گەوهەر و شێوەی شارستانیەتیان گۆڕیوە. كەواتـە ئـەو چینە كۆمەڵایەتیـە نوێیـەی بۆتـە خـاوەن كەسایەتی، رۆڵی راستەقینەی خۆی لـەوە نیشان دەدات كـە دەزگـا سیاسـییە تایبەتییـەكانی خـۆی بخوڵقێنـێ. بـە واتایەكی دیكە سـەلماندنی كامـڵ بـوونی چینی نـوێی كۆمەڵایـەتی لەگـەڵ بـوون بـە خـاوەنی دەوڵـەت مسۆگەر دەبێت. ئەو چینە كۆمەڵایەتیەی نەبووبێتە خاوەن دەوڵەت، ناسنامەكەی جێگای گفتوگۆیە. راستتر بڵێین دوودڵ و بێ بڕیارە و لە نێو ستاتۆیەكی كاتی دایە. یان ئـەوەتا زاڵ دەبێـت و دەكەوێتـە رەوشی چینێكی سیاسی فـەرمی، یـاخود دەكەوێتـە نێـو رەوشـی چینێكی ژێـر و ئاراسـتە كـراو و بـە گوێرەی بەرژەوەندی سیستەمی فەرمی بەكار دەهێنرێت. ئەو چین و توێژانـەی بـە رادەیـەكی هـەرە زێـدە رۆڵ لـە بەرهەمهێنانـدا دەبینـن، وەكـو چـین و توێـژە سـەرەكییەكانی سیسـتەم سـەرلەنوێ لـە پێگەكانـدا رێك دەخرێنەوە. هەرچی چین و توێژە كۆنەكانن، پێبەپێ دەكەونە رەوشی بێ كاریگـەری و مارژینالەوە.

وڵات، نەتەوە، کۆمار، هاووڵاتێتی، علمانیەت، دیموکراسی، یاسا و مافەکانی مرۆڤ، لە سەرووی ئەو دەزگایانەوە دێت کە لەگەڵ گەشەکردنی شارستانیەتی سەرمایەداری بایەخیان پەیدا کرد و گۆڕانکاری گرنگ لە ناوەڕۆکەکەیاندا هاتە ئاراوە. لەمانەش زاراوەی مافەکانی مرۆڤ ڕۆژ بە ڕۆژ ڤەبوونی نوێ ئەنجام دەدات و بەرفراوان دەبێت. ئەم واتایەی کە تەواوی ئەم زاراوانە لە قۆناخەکانی دەستپێك و پێشکەوتندا گوزارشتیان لێدەکرد، لە هەلومەرجەکانی ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا تێپەڕ کراوە و بە واتای نوێتر گەیشتووە.

لە نزیکەوە بینین و ناسینی ئەو زاراوە سەرەکی و دەزگاکانیان لەلایەن ژیانی کۆمەڵگاوە، تێگەیشتن و دەرك کردن بە کۆمەڵگای سەرمایەداری سانایی دەکات.

آ ـ **وڵات؛** ناوێکە لەو جوگرافیایە دەنرێت کە سیستەمێکی کۆمەڵگا تێیدا دەژیت توێژەکانی ئەو کۆمەڵگایە لە یەك دەچن و پەیوەندی ئۆرگانییان بە یەکەوە هەیە، لەبەر ئەوەی هەر وەکو چۆن توانستەکانی ڕابردووی تێدایە، ئەوا ئومێدەکانی داهاتوو و دەوڵەمەندی لەخۆوە دەگرێت، هەربۆیە پێیەوە گرێدراون. لە سیستەمی کۆمۆنەی سەرەتاییدا زاراوەی وڵات پێش نەکەوتووە. لەبەر ئەوەی بەردەوام بە دوای ئەو بوونەوەرانەدا ڕای کردووە کە ڕاو دەکرێن و کۆدەکرێنەوە، کۆمەڵگا پێویستی خۆ گرێدان بە هیچ شوێنێك نابینێ. هەربۆیە زاراوەی وڵات، هەرێم، دەرناکەوێت. لەبەر ئەوەی هێشتا بەهای بەمجۆرە پێك نەهاتوون کە ژیانەکەی بە خۆیەوە گرێ بدات، ئەوا دیاردەیەکی قاڵ بۆوە و بە دەزگا بوونی وڵات پێش ناکەوێت. لەگەڵ شۆڕشی کشتوکاڵیدا ژیانی گوندی نیشتەجێ سەرهەڵدەدات و ئەمەش بە یەکەوە بوونێکی زیاتر لەگەڵ خاکدا دەکاتە ناچارییەك. ئیتر خاك بۆ ژیانی کۆمەڵگا دەبێتە ڕاستینەیەکی دەست لێبەرنەدراو. دانەوێڵە چاندراوەکان و ئاژەڵەکانی ماڵی دەکرێن بەهای ئەو شوێن و خاکە زیاتر دەکات. ئەو جڤاتانەی لە دەوروبەری دایکدا کۆبوونەتەوە، شان بە شانی ئەمە بە خاکیشەوە گرێ دەدرێت کە خاوەنی هەمان تایبەتمەندێتی خوڵقاندن (زاوزێ)یە. دایك ـ خاك لە یەك دەچوێنرێت. لەگەڵ زیاد بوونی ژمارەی جڤاتەکان، ئەو شوێنانەی کە گوندەکانی لێیە دەبێتە شوێنێکی تایبەت. هێواش هێواش زاراوەیەك لە هزردا دەچەسپێ و بەبێ ئەو ناتوانن بژین. بیرەوەری هاوبەش، هەلومەرجەکانی بەرهەمهێنانی ماددی و خەیاڵەکانی داهاتوو ئەو جوگرافیایە پیرۆز دەکرێت کە تێیدا دەژین. بەمجۆرە پێکهاتنی زاراوەی، هەرێم، وڵات، مەملەکەت دەبێتە ڕاستینەیەك. وڵات دەبێتە پارچەیەکی جیا نەکراوەی ژیانی ماددی و مەعنەوی کۆمەڵگا.

لەگەڵ دەرکەوتنی کۆمەڵگای چینایەتیدا پێشکەوتنەکان لەم بوارەدا زیاتر پەرەیان سەند. دەرکەوتنی پەرستگای پیرۆز، شار، موڵکایەتی، بازرگانی و ئامرازی دەوڵەت کە بەڕێوەبەرێتی

هاوبەشی هەموویانە، ڕێگا لەپێش زاراوەی سنوورەکانی ناوەوە و دەرەوە دەکاتەوە کە پێویستی بە بەرپرسیارێتی هەیە. لە کاتێکدا سنوورەکانی ناوەوەی کۆمەڵگا بە تەواوی بە هی خۆی دادەنێت، سنوورەکانی دەرەوە بە هی بیانییەکان دەبینێ. بەمجۆرە لە کاتێکدا ئەو پارچە خاکەی سنوورەکەی دیاریکراوە و لە ژێر فەرمانڕەوایەتی دەوڵەت دایە بە زاراوەی وڵات ناو دەبرێت، ئەوا ئەوانەی دەرەوەی سنووریش بە خاکە بیانییەکان ناو دەبرێت. لە سەردەمی سۆمەریەکاندا زاراوەی وڵات مەودایەکی باش دەبڕێت. تەنانەت لە ژێر ناوی "**دیلمۆن**" بۆ زاراوەیەك بەرز دەکرێتەوە کە بە بەهەشت دەچوێنرێ. لە میتۆلۆژیای سۆمەریەکاندا "**دیلمۆن**" واتای **وڵاتی بەهەشتە**. لەم ڕۆژە بەدواوە ئەم زاراوەیە بایەخ و گرنگی خۆی پاراستووە و بەردەوام بووە. هیچ کۆمەڵگایەك بە ئەندازەی سۆمەریەکان لەوەدا سەرکەوتوو نەبوون کە شار و خاکەکەی خۆیان مەزن بکەن. وەکو دیارە بۆ یەکەمین جار ئاواکردنی ژیانی شار و بەرهەمی هەمەجۆر و بە پیت و زێدە ڕۆڵێکی دیاریکراوی لەمەدا هەیە. بەرامبەر بەمەش، بێ وڵاتبوون یاخود تێکچوونی وڵات و داگیرکردنی بە گەورەترین کارەسات دادەنرێت. سۆمەریەکان بە ئێش و ئازارترین لاوك و داستانی خۆیان لە کاتی ڕووخانی شارستانیەتی شارەکان پێشخستووە. لە داستانی وڵات گەوهەری هەموو داستانەکان پێکدێنێ و تاکو ڕۆژگاری ئەمڕۆشمان وەکو ڕەسەنترین شاکاری ئەدەبی دەناسرێن.

دووەمین قەڵەمبازی مەزن سەبارەت بە زاراوەی وڵات، نیشتیمان، لە هەلومەرجەکانی لە دایك بوونی کۆمەڵگای سەرمایەداریدا دەبینین. **یۆتۆپیای "تۆماس مۆرە"** و **وڵاتی ڕۆژی "کامپانێلا"**، بانگەشەی بەمجۆرە زیندوو دەکەن کە لە ژێر سێبەری ئەو دۆگما ئایینییانە ڕزگار بن کە بە درێژایی چەرخەکان ژیانی دونیای کردبوو بە دۆزەخ و وەکو گۆڕەپانێکی تاوانکاری هەڵیدەسەنگاند، ئەم دونیایە و کۆمەڵگاکانی لە ناویاندا دەژین بۆ ژیانێکی نموونەیی وەرچەرخێنن. سەرباری ئەوەی هەر دوو ڕۆشنبیریش لە نێو ئێش و ئازارێکی گەورەدا ژیان، بەڵام هیچ قەرەبوویەکیان لە یۆتۆپیا نوێیەکانی مرۆڤایەتی نەدا. بە دونیایی بوون و ئاواکردنی کۆمەڵگایەکی نموونەیی و ئازادی تاك، لە ناسنامەی ئایدیۆلۆژی ڕێنسانسدا بە ناو یەکتردا چوون. جارێکی دیکە خەیاڵی بەهەشت بۆ دونیا دەگەڕێتەوە. بە ئەندازەی سۆمەریەکان بەرامبەر بە ژیان بە جۆش و خرۆش بوون و ڕەوشی شاعیریان پێشکەوتوە.

بە دەزگا بوونی دەوڵەت و پێکهاتەی بەرهەمهێنانی کۆمەڵگای سەرمایەداری زاراوەی وڵات بەرجەستەتر دەکات. کاتێك ڕەوشی بازاڕی نەتەوەیی و زمانی هاوبەش و وشیاری مێژوویی لە نزیکەوە بە زاراوەی نیشتمان پەیوەندیدار دەبن، کێشەکانی سنوور زیاتر تەشەنە دەکەن. تەنانەت

لەپێناو "**بستێك خاكی نیشتیمان**" بیر لە هەڵگیرساندنی شەڕ دەكرێتەوە. لە دەوری تەوەرەی قازانج كردندا هەلومەرجەكانی سەرمایەداری پێبەپێی دەبێتە خاوەن كارەكتەرێك شەڕی نێوان وڵاتان دەوروووژێنێ. كاتێك خاكی زیاتر بە واتای قازانجی زیاتر بێت، وڵاتپارێزی كە سەرەتا واتایەكی پیرۆزی هەیە، دەكرێت بە هەستێكی شۆڤێنی و پەلاماردەرانە و پاشڤەڕۆ دەبێت و رێگا لەپێش چەندین شەڕی ناڕەوایانە دەكەنەوە. هەربۆیە زێدەڕۆیی سەرمایەداری سەبارەت بە زاراوەی وڵات، لەگەڵ دەمارگیری نەتەوە پەرستی، رێگا لەپێش خوێناویترین شەڕەكانی مێژووی شارستانیەت كردۆتەوە. بە گوێرەی هەلومەرجەكانی رۆژگاری ئەمڕۆمان بەرژەوەندی خۆپەرستانەی سەرمایەداری لەمیانەی پێشكەوتنێكی بە پێچەوانەوە، هەوڵ دەدات لە رێگای "**بە جیهانی بوون**" قەرەبووی بكاتەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا ئەو كۆمەڵگایانەی بە یەكەوە لە دەوری كلتووری هاوبەشدا ژیاون، بە هۆی دۆگماتیزمی چاخەكانی ناوین و شۆڤێنیزمی سەرمایەداری و داگیركارییە راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆكان، دەرفەتی ئەوەیان پێنەدراوە تەواو بە زاراوەی وڵاتێكی ئازاد بگەن. ژیانی ئازاد لە وڵاتێكی ئازاد وەكو ئامانجێكی ژیانی لە نێو رۆژەڤیان دایە. ژیانی ژێر دەستی بیانیان و بێ وڵاتی دەبێتە سەرەكیترین هۆكاری نەفرەت لێكردن؛ رێگا لەپێش بێ ئابڕوویی و هزری چەواشە یاخود بێ هزری دەكاتەوە، بەمجۆرە رۆحە پەرێشان بووەكان بەدوای ژیانێكی كوێرانە و هیچ و پووچی ئارەزووەكان دەكەون و بێ رەچەڵەك دەمێنن و بەرەو لە ناوچوونیان دەبات.

٢ - زاراوەی **نەتەوە**، دیاریەكی كۆمەڵناسی و زاراوەیەكە، لە هەلومەرجەكانی كۆمەڵگای سەرمایەداریدا بە رادەی هەرە زێدە پێش دەكەوێت. بە گوزارەیەكی دیكە، پێشكەوتنی پەیوەندیە نەتەوەییەكان وەكو دیارییەكی سۆسیۆلۆژی و ئاكامی وشیاری بە نەتەوە بوون، دەبێتە سەرەكیترین تایبەتمەندێتی كۆمەڵگای نوێ. سەرمایەداری لە تەواوی شێوەی كۆمەڵگاكانی دیكە زیاتر سەبارەت بە وشیاری نەتەوە و بە تایبەتیش پێشخستنی قەوارەكەی خاوەن رۆڵە. نەتەوە بۆ یەكەمین جار پێشكەوتنی راستەقینەی خۆی لە باخی سەرمایەداریدا بینیوە.

سەرەكیترین هەستی خۆمالی لەجیاتی جێگرتن لە هەمان ئاییندا، بۆ جێگرتن لە هەمان نەتەوە گۆڕاوە. پەیوەندیە نەتەوەییەكان دەركەوتۆتە پێش و پەیوەندیە ئایینیەكانیش كەوتۆتە پیلان و ریزی دووەمەوە. دەمارگیری نەتەوەیی جێگای دەمارگرژی ئایینی گرتۆتەوە. پێشكەوتنی نەتەوەیی؛ لە شكاندنی لەمپەرەكانی دەرەبەگایەتی، لاوازكردنی چەمكی ئۆمەتی دەرەبەگایەتی و پێشخستنی وشیاری كلتووری و مێژوویی هاوبەش، رۆڵێكی پێشكەوتوخوازانەی بینیوە. رۆڵی شێوازی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری لەمەدا، ئەرێییە. بەڵام كاتێك بەرەو جودا بوون دەخشێت و هەروەكو

بڵێی شێوەی ئایینێکی نوێ وەردەگرێت، بەرەو پاشڤەڕۆیەتی چووە. نەتەوە پەرستی شۆڤێنی لەمیانەی چەمکێکی باڵابوونی ناواقیعی بەسەر گەلانی دیکە و راستیدا، بناخەی دوژمنایەتیەکی نوێی داناوە. شەڕە نەتەوەییەکان جێگای شەڕە ئایینی و ئایینزاییەکانی پێشووی گرتەوە. چینی سەرمایەدار بۆ ئەوەی بەرژەوەندیەکانی خۆیان بشارنەوە و نیگاکان بۆ لای دیکە بلاو بکەن، هەروەکو تەواوی چینە دەسەڵاتدار و چەوسێنەرەکانی دیکە پەنا دەبەنە بەر لەیستۆکی لادان و چەواشەکانی ناسنامەی ئایدیۆلۆژی. چەندە ململانێی چینایەتی دژوار بێت، ئەوا ئەم لەیستۆکە زیاتر و چڕتر بەکار دەهێنرێ. دەمامکەکانی لەیستۆکە نوێیەکان لەجیاتی دیمەنە خودایی و ئایینیەکان، دەمامکی نەتەوە و قارەمانە نەتەوەییەکان بەکار دەهێنرێ و درێژە بە گەمەکان دەدرێت.

هەرچی ئەو گەلانەن کە بە ناسنامەی نەتەوەیی خۆیان نەگەیشتوون، لەمیانەی وشیاری نەتەوەیی و هاوکارییەوە دەتوانن هەنگاوی باشتر بەرەو ئازادی بهاوێژن. بە شێوەیەکی گشتی زێدەڕۆیی و دەمارگیری نەتەوەیی ئەو بۆشاییە پڕ دەکاتەوە کە ئایین لە ژیانی تاکە کەسدا هێشتوویەتییەوە و لەمیانەی ڕێخۆشکردن لەپێش هەستە شۆڤێنییەکان، تاوەکو دوایی رۆڵێکی نیگەتیڤانە دەبینێت. بە تایبەتیش کاتێك ئەم ڕەوشە لە سەدەی بیستەمدا زۆر گران دەبێت، وەکو سەرەکیترین خۆراکی ئایدیۆلۆژی شەڕە خوێناوییەکان، پارچە بوون و نەژاد پەرستی و کین لە جیهانی مرۆڤایەتیدا دەخولقێنێ، کۆمەڵگای نێودەوڵەتی ژەهرخوارد دەکات و هەڵوێستێکی دژ بە مرۆڤپەروەری (هۆمانیزم) پێش دەخرێت. لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا دەبینرێ کە ئیتر نەتەوە پەرستی بووە بە نەخۆشییەك.

مەیلێکی دیکەی لەگەڵ دیاردەی نەتەوە پێشکەوت، چەمکی **دەوڵەتی نەتەوەییە**. دەوڵەتی نەتەوەیی دیاردەیەکە لە گەوهەری خۆیدا هەبوونی نییە. هەروەکو چۆن ناشێ دەوڵەتی گشت کۆمەڵگا هەبێت، ئەوا ناشێ دەوڵەتی تەواوی نەتەوەیەکیش هەبێت. دەوڵەت زیاتر مۆرکی ئەو چینە سیاسی و کۆمەڵایەتیەی پێوەیە کە پایەی کارگێڕییان هەیە. لە سەرەتادا کاتێك بەرژەوەندی تەواوی توێژەکانی کۆمەڵگایەکی نەتەوەیی لە بۆتەی دژایەتی کردنی مۆنارشیەتی نوێنەری چینی کۆن کۆ دەبێتەوە، لە رووخسار و بە شێوەیەکی ڕێژیی دەشێ باس لە دەوڵەتی نەتەوەیی بکرێت. بەڵام کاتێك جیابوونەوەی بەرژەوەندیەکانی تیژ و دژوار دەبێت، دەوڵەت لە نەتەوەیی بوون دەردەچێ؛ دەبێتە ئامرازی فشار و پاراستنی بەرژەوەندی چینی دەسەڵاتدار. زاراوەی نەتەوەش وەکو زاراوەی ئایین چەندەی یاری لەسەر بکرێت، زیاتر دەبێت بە دەمامکێکی رووتی شاردنەوەی بەرژەوەندیە ماددییەکان.

۳ ـ **کۆمار**، ئالایەکی دیکەی گرنگە، کە چینی بۆرژوا لە ژێر ناوی تەواوی نەتەوە، لەپێناو رووخانی مۆنارشیەتی دەوڵەتی دەرەبەگایەتی دەیشەکێنێتەوە. لەگەڵ ئەوەی وەکو زاراوە بە واتای بەڕێوەبەرایەتی گەل دێت، هیچ کاتێك پێشکەوتنێکی بە گوێرەی گەوهەرەکەی بەخۆوە نەبینیوە. بەڵام دیسان کاتێك لەگەڵ رژێمە ئۆلیگارشی و دیکتاتۆری و پادشایەتییەکان بەراورد بکرێت، سیستەمێکی بەڕێوەبەرایەتی دەوڵەتە کە لە هەموو چاخێکدا خزمەتی بە پێشکەوتنی کۆمەڵگا کردووە. رژێمە کۆمارییەکان کە لە چاخەکانی سەرەتا و ناویندا لە ناوچەیەکی سنووردار و قۆناخێکی تەنگدا دەرفەتی پراکتیزەکردنی بۆ رەخسا، بەڵام لەگەڵ داگیرکاری فەرەنسا، پێشکەوتنێکی سەرەکی بەخۆیەوە بینی.

لەبەر ئەوەی لە ئاستی هەرە بەرزدا تەواوی توێژە کۆمەڵایەتیەکانی راکێشایە نێو گفتوگۆی سیاسی و ناچاری ئاواکردنی پارتی تایبەت بە خۆیانی کرد و هانی دان بۆ فێر بوونی هزری رامیاری، تا دوایی پڕ لە پەند و ئەزموونە. رەوتە کۆمارییەکان دژی بەڕێوەبەرایەتییە ئۆلیگارشی و دیکتاتۆری و مۆنارشیەکانە. لەم بوارەدا نوێنەرایەتی پێشکەوتنی شۆڕشگێڕی و دیموکراسییانە دەکات. لەلایەنی ئایدیۆلۆژیشەوە علمانیەت بەرامبەر هەر دۆگماتیزمێکی ئایینی بنەمایەکی ئایدیۆلۆژی دونیایی و رۆشنبیری بە بناخە دەگرێت. بەرامبەر بە تاریکی چاخەکانی ناوین، پشت بە رێنسانس و ریفۆرم و رۆشنگەری زانستی دەبەستێت. سەرباری ئەوەی لەمیانەی ئەم ناوەڕۆکەیەوە دەبێتە دەزگایەکی سیاسی زۆر گرنگ، لە لایەکەوە بەرژەوەندی خۆویستانەی چینی سەرمایەداری، لە لایەکی دیکەشەوە پەسەند نەکردنی هاوبەشێتی و بەشداری کردنی چینە رەنجدەر و کارکەرەکان، پێشکەوتنی لایەنی دیموکراسیانەی دەوەستێنێ و دەیکات بە ئامرازێکی موحافەزەکار و بێ ناوەڕۆك. لە رۆژگاری ئەمڕۆماندا ئەو سیستەمانەی کە بە وتە، خۆیان بە کۆماری لە قەڵەم نەدەن هێندە کەم بوون کە دەتوانرێ بگوترێ نەماوە. بەڵام ئەو رژێمەی بە رادەیەکی هەرە زێدە لە گەوهەری خۆی دابڕاوە کۆمارییە. مەزنترین مەترسی بۆ کۆمار ئەوەیە بکەوێتە رەوشی ئامرازێك لە شێوەی دەوڵەتی کۆن جیاوازتر نەبێت. تەنیا وەکو ئامرازێکی لێنایەت کە خۆ پەرست و دژی بەرژەوەندی نەتەوە بکەوێتەوە و بەرژەوەندیە تەسکەکانی چینێك بشارێتەوە؛ دەبێت بە ئامرازێکی خەڵەتاندن کە زیاتر لە ژێر کاریگەری و سەر بە دەسەڵاتی دەستەیەکی تەسکی ئۆلیگارشی دەجوڵێتەوە. تەنانەت سەرەڕای ئەوەی چەندین دیکتاتۆر هەناسەیان لەبەر کۆمەڵگا بڕیوە، هیچ زەحمەتی و تەنگەتاوی نابینن لەوەی خۆیان وەکو سەرۆك کۆمار پێشکەش بکەن.

تەواوی ئەم فاکتەر و هۆکارانە ئاماژە بەوە دەکەن، ئیتر کۆمار بۆتە رژێمێکی قەیراناوی. دەشێ پێشکەوتنی پێودانگەکانی دیموکراسی، کۆمار لەو قەیرانە رزگار بکات کە تێی کەوتووە.

٤ ـ زاراوەیەکی دیکەی بایەخی پەیدا کردووە **هاووڵاتێتیە**. ئەگەر لە نێو پێشکەوتنە مێژووییەکاندا سەیر بکرێت دەبینرێ کە تاك لە ئەندامێتی یەکەمین تیرەوە تاوەکو بە ئەندام بوون لە دەوڵەتی شار، لەوێشەوە بەرەو هاووڵاتیەتی ئیمپراتۆریەت و ئەندامێتی لە ئایین و تەریقەتەکان؛ زیاتر لە نێو سیستەمی دەوڵەتی بۆرژوازیدا بە بەرفراوانترین پراکتیزەکردنی ئەندامێتیدا دەرباز بووە. ئەم زاراوەی بە شێوەیەکی چڕ و بەربڵاو وەکو هاووڵاتییەتی کۆمار بەکار دەهێنرێ، لە گەوهەری خۆیدا بە واتای ئەندامێتی دەوڵەتێك دێت. پێناسەی هەرە راستیش ئەمەیە. چونکە بوون بە ئەندامی خێڵێك، لە قەڵەمدان وەکو ئەندامی ئۆممەتێکی ئایینی و بوون بە بەندەی ئیمپراتۆریەتێك لە هاووڵاتییەتی ناوەشێتەوە و شایستەی نییە. بچووکترین و نزمترین پێداویستی هاووڵاتییەتی ئەوەیە بە لانی کەم دان بە یەکسانی (دەستووری)دا دەنێت. لە ئەندامێتی تەواوی کۆمەڵگاکانی دیکەدا بە سانایی دان بەم یەکسانییەدا نانرێت. هەرچەندە گەوهەرەکەی لەسەر بنەمای ئازادی پێشکەوتنێکی ئەوتۆی بەخۆیەوە نەدیبێت، وەلێ هاووڵاتییەتی تا دوارادە هەنگاوێکی پێشکەوتوخوازانە و پۆزەتیڤە. کێشە ئەوەیە ناوەڕۆکەکەی لە رێگای بەهاکانی کۆمارەوە پڕ بکرێتەوە. ئەمەش لە ئەنجامی خۆ پێگەیاندن لە بوارەکانی ئازادی تاکە کەس، رۆشنگەری و تەڤلی بوونی سیاسی بەدیدێت. دیموکراسی بۆ گەل و هاووڵاتییەتی ئازاد بۆ تاك، وەکو زاراوە لەپێشەوەی ئەو دەزگایانەوە دێت کە بایەخی سیاسی رۆژانەی زیاد بووە.

بە درێژایی مێژوو تەواوی دەسەڵاتەکانی کۆمەڵگا بە گوێرەی بەرژەوەندیەکانی خۆیان سیاسەتێکی توانەوەیان لەسەر تاك پەیڕەو کردووە. ئامانج گونجاندنی تاکە بە گوێرەی یاسا و نەریتەکانی کۆمەڵگای خۆیان. لە میتۆلۆژیاکانەوە تا دەگاتە زیندانەکان، لە تەواوی بوارەکانی باوەڕییەوە تا دەگاتە دەزگاکانی سزا و ئەشکەنجەدان، ئامانجی سەرەکی ئەوەیە کە تاك بهێنرێتە سەر شێوە و داب و نەریتە خوازراوەکان و بەڕێوەبردنیەتی. ئەو سیاسەتەی لە رێگای دەوڵەتەوە لە نێو هەلومەرجەکانی کۆمەڵگای سەرمایەداری لەسەر تاك پراکتیزە دەکرێت، زۆر ئاڵۆزتر بووە. تەنیا بە ئەرکەکانی سەربازی کردن و دانانی باج ناوەستێ کە لەپێش تاك دانراوە؛ بەڵکو ئایدیۆلۆژیایەکی فەرمییان بەسەردا دەسەپێنرێ کە لە دۆگما ئایینیەکان کەمتر نییە. دەخوازن هاووڵاتییەکی ساختە (دروستکراو) دروست بکەن کە پێشتر لە رێگای تواناکاریە تەکنۆلۆژییەکانەوە شێوەبەندی رۆحی و هزرییەکەی دیاریکراوە. ئەو بە دەزگا بوونەی بە کۆیلایەتی هاوچەرخ ناوزەد دەکرێت بەمجۆرە پێش

دەخرێت. لە راستیدا ئەو قەڵەمبازەی تاکە کەس کە لە کاتی لە دایك بوونی سەرمایەداری ئەنجام دەدرێ و لە رێگای دۆگماکانەوە ناکرێت بە پاشکۆ، بە شێوازێکی تەڵەکەبازی و وردەکارییەوە پێچەوانە دەکرێتەوە. بە تایبەتیش لە سایەی تەکنۆلۆژیا دێوەزمەکەی گەیاندن، تاك و کۆمەڵگایەکی پاشکۆ دەخوڵقێنرێ کە لە هیچ قۆناخێکی مێژوودا نەبینراوە. گەورەترین مەترسی لێرەوە سەرچاوە دەگرێت. تاکڕەوێتیەکی سەر شێتانە، دەخوازێ لەمیانەی پاشکۆیەتی سەر شێتی کۆمەڵگاوە، هاوسەنگ بکرێت.

گەورەترین گفتوگۆ و کێشەی سیستەمی شارستانیەتی سەرمایەداری بەخۆیەوە دەبینێ، لەو قۆناخەی هاوسەنگیدا روودەدات. ئایا تا چ رادەیەك هاووڵاتی دەتوانێ لە ناو سروشتی بوونی خۆی و زمان و کلتوور و باوەڕی و وشیاری مێژوویی و لەپێناو ئومێدەکانی ئاییندەیەکی ئازاد چارەنووسی خۆی شیبکاتەوە و دەرکی پێبکات؟ کۆمەڵگای فەرمی تا چ رادەیەك لەمیانەی قالبەکانی خۆیەوە دەسەڵاتداریێتی ئاوا دەکات؟ کۆمەڵگای مەدەنی، مافی مرۆڤ و رێکخراوەکانی ژینگە وەکو کۆمەڵە و رێکخراوەکانی دەرەوەی دەوڵەت کە لەم قۆناخەدا دەرکەوتوونەتە پێش، هەوڵ دەدەن پێناسەیەکی نوێ دەرهەق بە هاووڵاتێتی پێش بخەن. هەڵوەستەی تەریقەتە سۆفی گەراییەکان کە لە قۆناخەکانی بەمجۆرەی مێژوودا دەردەکەوتن، گوزارشت لە ناڕازی بوون بەرامبەر بە سیستەم دەکەن، دەشێ وەکو لێگەڕین بەدوای ستاتۆیەك هەڵسەنگێنرێن کە دەرفەتی هەناسەیەکی زیاتر بە تاك دەدات. ناسنامەی هاووڵاتێتی کە لە ژوورەوە لەلایەنی پێشکەوتوترین و بە بەرنامەترین دەسەڵات دەسەپێنرێ، لەگەڵ ناسنامەی هاووڵاتییەتی ئازاد لە نێو مشتومڕ و پێکدادانێکی گرنگ دایە کە کۆمەڵگای مەدەنی هەوڵی پێناسە کردنی دەدات، چاوەڕوانی ئەوە دەکرێت ئەو ململانێیەیان رۆڵ و دەسکەوتیان بۆ لە دایك بوونی ئەو ناسنامە ئایدیۆلۆژییە هەبێت کە ئاراستەی پێشکەوتنی شارستانیەتی نوێ دیاری دەکات. بە تایبەتیش سەرنەکەوتنی گفتوگۆ و لێگەڕینە تەسکەکانی مارکسیزم کە زیاتر لە بواری ئابووری بوو، ئەوا کاتێك گفتوگۆکانی قۆناخی نوێ لە رێگای بەکارهێنانی ئامرازە پێشکەوتوەکانی گەیاندن و زانیاری پشت بە شیکردنەوەی تەواوی بوارەکانی کۆمەڵگا دەبەستێت، دەشێ سەرکەوتن بەدەست بێنێ.

٥ ـ پرەنسیپی **علمانیەت**، گرنگترین پرەنسیپی شۆڕشگێڕی چینی بۆرژوایە، لەسەر بنەمای بە دونیابوون و رزگار بوون لە ئابلۆقەی سیاسی و ئایدیۆلۆژی بە ئامانج دەگرێت. بەڵام ناتوانرێ بگوترێ کە بە گوێرەی قووڵاییەکەی هەڵسوکەوت دەکرێت و ئەلتەرناتیفەکەی پێش خراوە؛ دەتوانرێ بگوترێ وەکو جوڵانەوەیەکی کاردانەوە پێشکەوت. لە سەرەتادا ئایدیۆلۆژیای چینی بۆرژوا،

هێزەکەی زۆر سنووردارە و لە توانایدا نییە بە شێوەیەکی راست و دروست ئایین و خودا شی بکاتەوە. رادیکالترین هەڵوێست دەرهەق بە ئایین و خودا، لە نکۆڵی کردنێکی وشك بەولاوە تێپەڕ ناکات. بە بنەما گرتنی ئەم هەڵوێستەش لەلایەن مارکسیزم کە بانگەشەی نوێنەرایەتی کردنی چینی کارکەر دەکات، کەم و کوڕی ئایدیۆلۆژی بەرچاوی لەگەڵ خۆیدا هێناوە.

لاوازترین لایەنی علمانیەت ئەوەیە کە پشت بە شیکردنەوەیەکی راست سەبارەت بە ئایین نابەستێت. هەروەکو دەزانرێت لە نێو ئەو هەلومەرجانەی کە تێیدایە، کۆمەڵناسی لقێکی زانست بوو کە هێشتا پێشنەکەوتووە، تازە بە تازە هەڵوێست و نزیك بوونەوەی رەخنەگرانە دەرهەق بە ئایین پێش دەکەوت. بە گشتی بوویەری زانستی تازە دەردەکەوت و هەوڵیدەدا لە دۆگماتیزمی ئایینی دابڕێت. پێشەنگەکانیان، بە شێوەیەکی زۆر دڕندانە، لە دادگاکانی ئەنگیزسیۆن سزا دەدرێن. ئەم ترسەش رێگا لەپێش ئەو پێهەڵگرتنە زانستییانە دەکردەوە کە لایەنی یاخی بوون و سۆزداری لەخۆوە دەگرن. فەلسەفەش رەوشێکی هاوشێوەی ئەمەی بەرامبەر بە ئایینی فەرمی ئەسینا بەخۆوە بینیبوو، لە کاتێکدا سوقرات وەکو دوژمنێکی ئایین تاوانبار کرا و سزای مردنی بەسەردا درا، ئەرستۆ رای کرد و بەمجۆرە توانی گیانی خۆی رزگار بکات. چەندین فەیلەسوف دووچاری هەمان چارەنووس هاتن.

پێشتریش ئایینە تاکخوداییەکان کە رەگەکەی بۆ حەزرەتی ئیبراهیم دەگەڕێتەوە بەرامبەر ئەو رژێمانەی کە پەرستنی بت، ئایینی فەرمییان بوو، دووچاری هەمان رەوش هاتبوون. بێگومان کاتێك قەڵەمبازی زانستی لە ژێر مۆرکی تاوانباری کردنی بە بێ دینی، بێ پەروا هەوڵی پێشکەوتن دەدات، نابێ سەرمان لەوە سووڕبمێنێ کە چەندین شەهیدی زانست پێشکەش دەکات. قورسترین قۆناخی لە دایك بوونی کۆمەڵگای نوێ شەڕی زانستە بەرامبەر بە دۆگماتیزم. علمانیەت لایەنی سیاسی ئەم شەڕەیە. ئاشکرایە ئەگەر بنەما زانستییەکانی بەهێز نەکرێت، هێندە شانس و دەرفەتی سەرکەوتنی نییە. بە تایبەتی ئەوەی پێویستە ئەنجام بدرێت، لێپرسینەوەیە سەبارەت بەو دەوڵەتەی لەسەر بنەمای ناسنامەی ئایدیۆلۆژی دەوروبەری پەرستگاکان و لەلایەن راهیبە سۆمەریەکانەوە ئاوا کران.

لە سەردەمی دەرکەوتنی و تاوەکو پێشکەوتنی بە درێژایی مێژوو، دەوڵەت ئامرازێکی فشاری دەستی دۆگما ئایینیەکانە و بە رادەیەکی هەرە زێدە بەکار هێنراوە. سۆمەریەکان پرەنسیپی دەوڵەتیان داناوە. سەرەکیترین تایبەتمەندێتیەکەشی ئەوەیە مرۆڤی کردووە بە بەندە و کۆیلە و ناچاری خزمەت کاری کردووە. هەروەکو چۆن تاوەکو رۆژگاری ئەمڕۆمان ئەم پرەنسیپە نەگۆڕاوە، دەست بە دەست ئاڵوگۆڕ کراوە و لە رێگای دەمامکی جیاوازەوە پێش خراوە و پێشکەش کراوە. لە راستیدا بوونی دەوڵەت بە ئامرازێکی کراوە بۆ زۆرداری و ناهەقی و تەڵەکەبازی و سیستەمی

کۆیلایەتی کە چەوسانەوەیەکی بێ سنوور لەسەر رەنجی مرۆڤ پیادە دەکات، بۆ گەوهەرەکەی دەگەڕێتەوە؛ رەنگدانەوەی سیاسی ئەو میتۆلۆژیایەیە کە پشت بە لۆژیکی قەبەی ئەو سیستەمەی ئاسمان دەبەستێت کە راهیبە سۆمەریەکان رووی ناوەوەی نازانن. کاتێك دەوڵەت ئاوا دەکرێ پشت بە زانیاری قەبەترین سیستەم دەبەستێت. کاتێك دەوڵەت دەخولقێنرێ دەبێتە نوێنەری ئیرادەیەکی بێ سنووری ئیرادەی خودایی لەسەر زەوی. کاتێك دەوڵەت ئاوا دەکرێ شێوازی لێپرسینەوە و حیساب خواستن لەهەر کەسێك و حیساب نەدان بە بنەما دەگرێت و دەیکاتە پرەنسیپێك. کاتێك دەوڵەت ئاوا دەکرێ پشت بە پیرۆزی دەبەستێ کە دەتوانێ هەموو شتێك لەهەر کەسێك بستێنی و بە بێ بەرامبەر هەر شتێکی پێشکەش بکرێت.

کاتێك راهیبە سۆمەریەکان دڕندەترین هەبوونی کۆمەڵگایان دروست کرد، هیچ تەگبیرێکیان نەستاند. تەنانەت بیر لە زاراوەی مافی کۆیلە ناکاتەوە. **"دەوڵەت هەموو شتێکە، تاك هیچ نییە"** پرەنسیپێکی سۆمەریەکانە. بە پوختی دۆگماتیزم بەمجۆرە دەبێت بە دەوڵەت. دەوڵەت لەمیانەی دەمامکە ساختە و بێ هاوتاکانی خوداوەند، هێزی قەبەی فشار و کۆنترۆڵ نەکراو تەنیا لێپرسینەوە دەکات، بە حاکم و دادوەرەکانییەوە کە تەنیا لێپرسینەوە و دادگایی دەکەن و لە خوداوەندەکان بەولاوە پێویستی حیسابدان بە کەس نابینن، لەگەڵ فەرمانبەرە تاڵانکارەکانی باج وەرگرتن لە دایك دەبێت. لە کاتێکدا لە قۆناخی سەرەتاییدا بەمجۆرەیە، دواتر کاتێك لە رێگای فشار و تەڵەکەبازییەوە دەرفەت و زەمینەی چەوساندنەوە لە ناو کۆمەڵگا پێش دەکەوێت ئەوا زیاتر پێش دەخرێت. بۆ ئەوەی دەمامکەکانی نەکەوێت و ئاشکرا نەبێت بەردەوام ئارایشت دەکرێت و هەموو لایەکی بە بزمار قایم دەکرێت. تەنانەت مارکسیزمیش کە لەسەر بنەمای بانگەشەی نەهێشتنی دەوڵەت دەرکەوت، نەیتوانیوە خۆی لەوە دوور بخات کە دەوڵەت بەهێز نەکات و بەهەڵەدا چوو، چەندین بزماریتری لێ قایم کرد. ئەم ئەزموونەش ئەوەی سەلماندووە: دەوڵەت تەنیا نوێنەرایەتی هێزی سیستەمی پیاوسالاری ناکات، کە بە هەزار و یەك پەردە دەمامك دراوە؛ بە ئەندازەی ئەوەی بەردەوام لەمیانەی پەردە و دەمامکە بریقەدارەکانی سۆزانی (فاحشة) بەندەیەکی خودا نەماوە کە لە رێ دەری نەخات، ئەمەش دەسەلمێنێ کە بوونەورێکی زۆڵی (غیرمشروع) دوو رەگەزییە (نێرەمووکە). ئەو تەنیا دۆستەکەی بۆرژوازی نییە، بەڵکو ئەو یارە زۆڵ و دووڕەگەزەیە کە پرۆلیتاریاش تاکو دوایی خۆشی دەوێت.

شتی سەیر ئەوەیە پەرستگاکانی سۆمەر کە چاوگی منداڵدانی دەوڵەتن، لەهەمانکاتدا یەکەمین شوێنە کە پیاو و ژنی سۆزانی (فحوش)ی تێدا دەرکەوت. دەوڵەتیش زۆر چاك لەوە تێگەیشتووە

تاوەکو بە شێوازی سۆمەریەکان ژن و پیاو نەکەن بە فاحیشەیەکی تەواو، ناتوانێ هەروەکو چۆن بخوازێ کۆمەڵگا بچەوسێنێتەوە. لە کاتێکدا راستی هێندە رووتە و ئاشکرایە، ئەوا هەرچەندە کەمینەیەکیان رەخنەگرانەن، بەڵام زۆربەی زۆری هەزرە میتۆلۆژی و ئایینی و فەلسەفی و زانستییەکان ئەم پەیوەندیە رووتەی چەوسانەوە دەشارنەوە و چەندین تیۆری و زاراوەی بێ شومار پێش دەخەن کە رۆڵی سەرەکییان چەوسانەوەیە. چونکە ئاشکرایە چەندەی راستییەکان پەردەپۆش بکرێن و تەنانەت وەکو پێویستی و سۆزانی سەرنج راکێش و بریقەدار بکرێت، ئەوا بەو ئەندازەیە کاریگەر و درێژخایەن دەبێت.

بۆ ئەوەی پرەنسیپی علمانیەت رۆڵی تەواوی خۆی ببینێ پێویستە شێواز و تەرزی بە دەوڵەت بوونی سۆمەر بکاتە ئامانجێکی پێکان. هێزی تێگەیشتنی (زانیاری) بۆرژوازی و بەرژەوەندیەکانی بۆ ئەمە لەبار و گونجاو نییە. لە نێو هەلومەرجەکانی سەرمایەداریدا ئەوە نیشاندرا، کردارەکانی دەوڵەتی سۆسیالیزمی بونیادنراو نیازی تێپەڕ کردنی شێوازی سۆمەر نەبووە، تەنانەت بوون بە باشترین پەیڕەوکاری شێوازی دەوڵەتی سۆمەر. گفتوگۆیەکی راست سەبارەت بە علمانیەت گرنگی و بایەخی خۆی پاراستووە. ناچارییە دەبێ علمانیەت لەلایەنی گەوهەرەوە پێش بخرێت. واتا تەنیا هەڵوێست گرتنی دژی ئەو رێکخستنەی دەوڵەت کە ئایین دەکاتە ئامرازێکی سیاسەت بۆ علمانیەت، تێر ناکات. وەکو پێویستیەکی گەوهەرەکەی علمانیەتێك کە دەوڵەت گەرایی سۆمەری بە تەواوی بکاتە ئامانجی پێکان کە پشت بە دۆگما ئایینیەکان دەبەستێت، دەشێ رۆڵێکی مەزنی مێژوویی بگێڕێ. ئەوەی شارستانیەتی ئەوروپا ئەنجامی داوە تەنیا بە رەخنە گرتنی هەندێ دەمامکی بێ واتای دەوڵەت سنووردارە. لەوە دوورە گەوهەرەکەی بە نێو وەرچەرخانێکی ریشەییدا دەرباز بکات. هەروەکو دەبینرێ هەندێ لایەنیشی مەترسیدارتر و بەهێزتر کردووە. کاتێك دەوڵەتی بۆمبای ئەتۆمی لەگەڵ دەوڵەتی دەمامك کراوی خودایی بەراورد بکەین، ئەو کاتە زۆر بە روون و ئاشکرایی دەبینین تۆقێنەرترین شێوەی دەوڵەتە. ئەوەی ئەوروپا ئەنجامی داوە، مارەییەکی مەشروعی لەگەڵ سۆزانیەکەی خۆی بڕیوەتەوە. هەروەکو چۆن ئەو ئەنجامانەی رێگای لەپێش کردۆتەوە (دوو شەڕی جیهانی، ژمارەیەکی زۆری شەڕی هەرێمی و ناوچەییەکان) ئەوا نیشان دەدات تا چ رادەیەك سەرکەوتوو بووە، ئەوەش جێگای گفتوگۆیە ئاخۆ لە داهاتوودا رێگا لەپێش کامە مەترسی دەکاتەوە.

هەر لەبەر ئەوەی دەوڵەتی پشت ئەستوور بە دۆگما ئایینیەکان بەرهەمی رۆژهەڵاتی ناوینە، بۆیە علمانیەت یەکێکە لەو کێشانەی لە نێو کۆمەڵگاکانی رۆژهەڵاتی ناویندا رێگا لەپێش مشتومڕ و کێشمەکێشی مەزن بکاتەوە. تاوەکو بە شێوەیەکی ریشەیی دژی دەوڵەتی دۆگماتیکییانە نەبێتەوە،

ناشێ باس لە تێکۆشانێکی راستەقینەی علمانیەت بکرێت. ئەگەر رێنسانسی رۆژهەلاتی ناوین ناچارییەك بێت، ئەوا دەبێت بەر لە هەموو شتێك زەمینە و هەموو لایەنە دۆگماتیکەکانی دەوڵەت لە سەردەمی لە دایك بوونیەوە تا رۆژگاری ئەمڕۆمان، بە شێوەیەکی رەخنەگرانە تاوتوێ بکرێت و شیبکرێتەوە و ئەو تایبەتمەندییانەی دەستنیشان بکرێت کە پێویستییان بە بەلاوەنان هەیە و ئەو رێکخستنانە بەرنامەڕێژ بکرێت کە لە جێگای دادەنرێن. هەربۆیە پێویست دەکات بەر لە هەموو شتێك لەپێناو ئازادی هزر بە شێوەیەکی سەرکەوتووانە ئەم شەڕە پیادە بکرێت و بەها و بایەخی بزانرێت. هەروەها هەرچەندە سنوورداریش بێت، ئینجا لەسەر بنەمای ئایینی یاخود علمانی بێت، دەبێ بەهای ئەو هەوڵ و کۆششانە بزانرێت کە لەپێناو دیموکراتیزە بوون پێش خراوە و جێبەجێ کردنی پێداویستیەکانی بۆ گەیاندنی بە سەرکەوتن، گرنگییەکی مەزنی هەیە. رێنسانسی رۆژهەلاتی ناوین و لە رێگای ئەویشەوە لێگەڕینە نوێیەکانی شارستانیەت، تا رادەیەك گرێدراوی ئەنجامی ئەم تێکۆشانانەن.

٦ ـ دەزگایەکی دیکەی گرنگ کە سەرمایەداری پێشیخستووە، **دیموکراسییە**. سیستەمی دیموکراسی کە هەڵبژاردنی بەڕێوەبەرایەتی لەلایەنی تەواوی هاوولاتییان بە بنەما دەگرێت، رەگەکەی بۆ سەردەمی لێك جیابوونەوەی تیرە و هۆزەکان دەگەڕێتەوە. دەربازکردنی بەڕێوەبەرایەتی بە ژێر ئەرێ کردن و دەنگدانی تەواوی تیرە، داب و نەریتێکی دیموکراسییە. لەگەڵ دەرکەوتنی کۆمەڵگای چینایەتی دیموکراسی لە رێگای ئەنجوومەنێکی نوێنەرایەتییەوە گوزارشت دەکرێت کە زیاتر لە پیاو ماقووڵەکانی چینی بالادەست پێك دێت. لە هەموو کۆمەلگاکانی چینایەتیدا بە دەزگا بوونێك دەبینرێ کە بە گوێرەی هێزی خۆی رۆڵی دەستنیشان کردن و چۆنێتی بەڕێوە چوون و ئۆرگانی راوێژکاری دەبینن. بەلام رۆڵی پادشایەتی کە ماوەیەکی کورت دوای ئەمە پێشدەکەوێ داب و نەریتی دیموکراسی لە بەین دەبات. لەگەڵ ئەوەی نموونەی یەکەمین لە لای سۆمەریەکان دەبینرێ، بەلام لە سەردەمی دەوڵەتی شاری ئەسینا دیموکراسی پێشکەوتنێکی راستەقینەی بەخۆیەوە بینی. دیموکراسی ئەسینا کە لەسەر بنەمای پیاو ماقوولانی چینی بالادەستی کۆیلەدارە، یەکەمین شێوەی کلاسیکی خۆی وەردەگرێت. ئەو کارەکتەرەی کە گفتوگۆی بەرفراوان بە بنەما دەگرێت ئەوە دەسەلمێنێ کە هەم کاریگەری هزری فەلسەفی لەسەر هەبووە، هەم بۆ پێشکەوتن خاوەنی لەبارترین زەمینە بووە. لە شوێنێکدا چەندە دیموکراسی هەبێت، بەو رادەیەش پێشکەوتنی هزر و گفتوگۆی جیاوازیش دەبێت.

لەگەڵ ئەوەی کۆماریش ئۆرگانی کارگێڕی بەمجۆرەی هەیە کە لەسەر بنەمای هەڵبژاردن دەستنیشان دەکرێت، بەلام لەبەر ئەوەی هەڵبژاردنێك نییە تەواوی هاوولاتییان بەشداری تێدا بکەن،

بۆیە زیاتر بۆ ئەوە کراوەیە لەلایەن ئەو کاربەدەستانەوە ئەریٚ بکریٚت کە پیٚشتر دەستنیشان کراون، ئەمەش کارەکتەری دیموکراسییانەی تەسك و سنووردار دەکات. هەروەکو چۆن هەر کۆماریٚك دیموکراسی نییە، ئەوا هەر دیموکراسییەتیٚکیش ناچار نییە کۆماری بیٚت. تەنانەت دەشیٚ میرنشینی دیموکراسییانەش هەبیٚت. لیٚرەدا ئەوەی رۆڵیٚکی دیاریکراو لە دیموکراسیدا دەبینیٚ شیٚوازیٚکی دینامیکی سیاسەتە، کە بەرژەوەندی تەواوی هاووڵاتییان رەچاو دەکات و دەرفەت بە دەستنیشان کردنی سیاسەت دەدات، هەروەها ئەوانە چاودیٚری دەکات کە بۆ دەستەی کارگیٚڕی هەڵبژیٚردراون و کارەکتەریٚکی بەمجۆرەی هەیە کە ناوە بە ناوە لەمیانەی هەڵبژاردنەوە سیستەم سەر راست و ئەریٚ دەکات. ئەم شیٚوازەش وەکو باشترین شیٚوازی کارگیٚڕی دەناسریٚ و هەڵدەسەنگیٚنریٚ؛ هەروەکو دەبینریٚ تاوەکو باشترین شیٚواز دەدۆزریٚتەوە، ئەم سیفەت و خەسڵەتەی دەمیٚنیٚ. لەگەڵ ئەوەی پیٚناسەکەی بەمجۆرەیە، کیٚشەکانی زیاتر لە چۆنیٚتی پراکتیزەکردندا سەرچاوە دەگریٚت.

سەرباری ئەوەی بۆرژوازی چاوی خۆی بڕیوەتە کۆماری، وەلیٚ بە هەمان خیٚرایی بایەخی بە پیٚشخستنی دیموکراسی نەداوە. چونکە زۆر باش دەزانیٚ کە دیموکراسی لە ئاستیٚکی بەرزدا دەسەڵاتی چینایەتی، تەسك و سنووردار دەکات. کاتیٚك قازانجیٚکی زۆر بۆتە جیٚگای باس، دەزگا دیموکراسییەکان بە تەواوی کپ و بیٚ دەنگ دەکریٚن. بەڵام کاتیٚك قەیرانی گران و رووخان ببیٚتە جیٚگای باس، ئەو دەم بۆ ئەوەی بە تەواوی نەڕووخیٚت زیاتر نزیکی چارەسەرییە دیموکراسییەکان دەبیٚتەوە. ئەو چینەی کە دیموکراسییەتی خۆی پیٚش بخات، چینیٚکە باوەڕی بە خۆی هەیە، تایبەتمەندیٚتی بەمجۆرەی هەیە دەزانیٚ ببیٚتە خاوەنی ئەزموون و ئاسۆیەکی سیاسی. چینی بۆرژوای ئەوروپا لەمیانەی نیشان دانی ئەم تواناکاریە، توانیویەتی هیٚز بە بەرفراوانترین پرۆژە و دەزگای دیموکراسی بدات. بە ئەندازەی ئەوەی دژی پاشماوەکانی کۆمەڵگای کۆن بووە، ئەوا لە ئاکامی ئەزموونی دریٚژ خایەنی نویٚنەرایەتی کردنی ئەو تویٚژانەی کۆمەڵگا کە بانگەشەی نوژەنییان کردووە، هەروها لە ئەنجامی شیکردنەوەیەکی راست سەبارەت پەیوەندی نیٚوان سیاسەت ـ هیٚز و ئەزموونە هەمە رەنگ و دەوڵەمەندەکانی شۆڕش، بالابوون و پایەداری خۆی سەلماندووە. کاتیٚك لە ریٚگای شارستانیەتی ئەوروپاوە ئاشکرا بووە رژیٚمیٚکە تایبەتمەندیٚتی پیٚشخستنی دیموکراسییەتی هەیە، پیٚبەپیٚ دەبیٚتە هاوچەرخترین دەزگای شارستانیەت کە کراوە بە ئامانج. لەم چوارچیٚوەیەشدا کاتیٚك ئەم سەردەمە بە چاخی شارستانیەتی دیموکراسی ناودەبریٚت، ئەمە گوزارشت لە راستییەك دەکات.

لە شیٚوازی پیٚکهاتەی بەڕیٚوەبەرایەتی زیاتر، شیٚوازی چارەسەرکردنی کیٚشەکانی کۆمەڵگا گرنگترین و سەرەکیترین لایەنی دیموکراسییە. تەواوی رژیٚمە فەرمانڕەواکان تاوەکو لە ئەنجامی

دەرکەوتنی هێزێکی بەرامبەر رەوشەکە هاوسەنگ کراوە، یان کێشەکانی لە رێگای توند و تیژیەوە بڵاوە پێکردووە، یاخود چارەسەرکردنی، لەرێگای خۆ بەدەستەوەدان و ملکەچ کردنیان کردۆتە یاسایەکی سەرەکی. تەنانەت دەتوانین بڵێین لۆژیکی کلاسیکی مێژوو بەردەوام بەم شێوەیە بووە. گەرچی شێوازی چارەسەری دیموکراسییانەیە لە چوارچێوەیەکدا هەڵوێست و نزیك بوونی نویٚ پێش دەخات، کە ماف و ژیانی لاوازترین لایەنیش دەخاتە ژێر گەرەنتییەوە، دەرفەت بەوە دەدات ئازادی هزر و پێشکەوتن و هەبوونی کلتووری خۆی بپارێزیٚ و چەندین کێشە و گیروگرفت چارەسەر بکات کە جێگای کێشمەکێش و مشتومڕ بوون. بڵاوبوونی ئەوروپا بە شێوەیەکی سەرەکی لە نزیکەوە پابەندی ئەم شێوازەی چارەسەرییە. لە کام لایەنەوە تەماشا بکریٚ، لەبەر ئەوەی مرۆڤانەترە و مۆدێلێکە کە زانستییە و بەرژەوەندی تەواوی هاووڵاتییان رەچاو دەکرێت، راستینەیەکی حاشاهەڵنەگرە سیستەمێکە چارەسەری دەخوڵقێنیٚ و بە بەرهەمە. ئەو ئاستە زانستییەی کە مرۆڤایەتی پێیگەیشتووە و هێزە تەکنۆلۆژییەکەی، ئەوە نیشان دەدات بەبیٚ پەنا بردن بۆ شۆڕشە خوێناویەکان، دەتوانریٚ هەموو کێشەکان لە رێگای پێوانە دیموکراسییەکانەوە چارەسەر بکرێت. بۆ یەکەمین جار ئاستی پێشکەوتنی زانست و تەکنۆلۆژیا گەیشتۆتە ئەو ئاستە خوازراوەی بۆ پراکتیزەکردنی دیموکراسی لەبار و گونجاوە. بە گوزارەیەکیتر، ئەگەر ئاستی زانست و تەکنۆلۆژیا لەگەڵ سیستەمی دیموکراسی راست و تەواو یەکانگیر بکرێت، ئەوا ئەو زەمینە و هەلومەرجە بابەتییە بەدیهاتووە کە چارەسەری بۆ هەموو کێشەیەك دەدۆزێتەوە. لەوانەیە بەمجۆرەش هەلومەرج و زەمینەی بابەتی بۆ ئەو سۆسیالیزمە برەخسێت کە سەردەمێك گفتوگۆیەکی زۆری دەرهەق دەکرا. بەڵام ئەمە راستییەکی بەڵگەنەویستە کە شارستانیەتی هاوچەرخ زەمینەیەکی لەباری بۆ دیموکراسی ئامادە کردووە. ئەم راستینەیەش ئەوە دەسەلمێنیٚ هەموو جۆرە گۆڕانکارییەك تەنانەت وەرچەرخانەکانی دیموکراسییەتیش، دەشیٚ لە ناو زەمینەی رژێمێکی دیموکراسییانەدا ئەنجام بدرێت.

٧ ـ بەڕێوەبەرایەتی دەوڵەت کە پشت بە **بڵاوبوونی یاسا** ببەستێت، بە دەزگا بوونێکی گرنگە کە لەم قۆناخەدا پێشکەوت. لە هەموو قۆناخەکانی بە دەوڵەت بووندا سیستەمێك هەیە پشت بە یاسا و رێسای جێبەجیٚ کردن دەبەستیٚ. بێگومان دەوڵەت بۆخۆی رێکخستنێکە سیستەمی یاسایی هێزە دەسەڵاتدارەکان بەڕێوەی دەبات. لە هەموو رێکخستنەکانی دیکەی کۆمەڵگا جیاوازترە و هەموویان لەخۆوە دەگرێت و رێنومایی دەکات. لە واتایەکی سنووردار‌دا یاسا و رێساکانی رێکخستنی ناوخۆی دەوڵەتە؛ تەواوی ئەو یاسایانە لەخۆوە دەگرێت کە بۆ هاووڵاتییان دانراوە و لە نێوان خۆی و هاووڵاتییان و لە نێوان خودی هاووڵاتییان پەیرەو دەکرێت. تەواوی ئەم رێسا و پەیڕەوانە بە یاسا ناو

دەبڕێت. کاتێک هێزەکانی دەوڵەت تەنیا ئەو رێسایانەی لە قۆناخی خۆیان و بە گوێرەی بەرژەوەندیەکانیان ئافرێنراون، بە دەستوور ناودەبن، ئەمە دەبێتە پێناسەیەکی ناتەواو و پڕ لە کەم و کوڕی. چاوگی دەستوور زۆر فراوانترە. بنەما ئایینیەکانی رابردوو واتا داب و نەریتەکان، کۆششی پراکتیکی و دەزگاکانی زانایان لە بواری یاسا و هەموو بابەتەکانی رابردووی سەبارەت بە یاسا، سەرچاوە سەرەکییەکانی پێکهاتنی دەستوورن. ئەم سەرچاوانەش گەوهەرێکی ئەوتۆیان هەیە کە لە سەرووی دەوڵەتن.

بابەتێکی دیکەی سەرەکی سەبارەت بە دەستوور پەیوەندیەتی لەگەڵ **داد**. کاتێک رێساکانی دەوڵەت پەیوەندییان لەگەڵ داد نەبێت، بە دەستوور ناو نابرێن. هەرچی "داد"ە، لە گەوهەری خۆیدا بە واتای دەربڕینی ئیرادەی هاووڵاتییانە بە شێوەیەکی ئازادانە. لە رەوشێکی بەمجۆرەدا کاتێک دەستوور لەسەر بنەمای ئیرادەی ئازادی هاووڵاتییان بێت، جیاوازی خۆی لەگەڵ دەوڵەتی یاسا نیشان دەدات و دەتوانرێ باس لە رژێمێکی دەستووری راستەقینە بکرێت. دەوڵەتێك کە ئیرادەی ئازادی هاووڵاتییەکانی ژێرپێ بخات کە گوزارشت لە بەرژەوەندیە گشتی و سەرەکییەکانیان دەکەن، بە دەوڵەتی دەستووری (حقوقی) ناو نابرێت. چەندین دەوڵەت لە مێژوودا بەمجۆرەن. شێوەی ئەو دەوڵەتانە زۆرینەن، کە دان بە هەموو جۆرە ئازادییەکی هاووڵاتییانیدا نانێت و بە پێچەوانەوە سەرکوتیان دەکات. ماف زیاتر لە ئەنجامی ئەو تێکۆشانانە بەدیدێت کە توێژەکانی کۆمەڵگا بەرامبەر بەمجۆرە دەوڵەتانە بەڕێوەی دەبەن؛ ماف لەمیانەی تێکۆشانەوە بەدەست دەهێنرێ. تەنانەت شێوەی (کۆ)ی، واتا کاتێك بۆ هەموو کەسێك دانی پێدا بنرێت وەکو (حقوق) مافداری شێوە دەگرێت. گەلێك پێشکەوتنی لەم جۆرە، مافداری تێر دەکات.

پێکهاتەی ئاڵۆزی کۆمەڵگای سەرمایەداری، هەلومەرجەکانی بەرهەمهێنان پشتی پێدەبەستێ، بازرگانی، تێکۆشانی زەحمەتکێشان و توێژە کۆمەڵایەتیەکانیتر لەپێناو بەدەست هێنانی مافەکانیان؛ زیاد بوونی ژمارەی دانیشتوان و کەمی سەرچاوەکان، سیستەمێکی زۆر پێشکەوتوی مافداری دەکاتە پێویستیەك. ئەم رەوشە لەهەمانکاتدا سەرلەنوێ رێکخستنەوەی پێکهاتەی ئاڵۆزی دەوڵەتیش دەکاتە پێویستیەك. هەربۆیە گفتوگۆیەکی دەست لێبەرنەدراو لە سیستەمی سەرمایەداریدا دەرهەق بە مافداری پێشدەکەوێت. ئەم قۆناخەش لەمیانەی شێوەبەندی یاسا سەرەکییەکانی مافداری و سیستەمە دەستوورییەکان، رۆڵی مێژوویی خۆی دەبینێ. دەستوور سیستەمی ململانێی ناوخۆ و دەرەوە تا بەرزترین ئاست نەرم دەکاتەوە، بە شێوەیەك بەرژەوەندی هەر توێژێك رێك دەخات کە رێ لەپێش توندوتیژی نەکاتەوە، دان بە مافە سەرەکییەکانی هاووڵاتییاندا دەنێت و هەوڵ دەدات لە نێو

هەلومەرج و زەمینەی ئاشتیدا کۆمەڵگایەکی خاوەن یاسا و دەستوور ئاوا بکات. دەوڵەت و کارگێڕانی دەوڵەتیش لە نێو پەیڕەوکردنی ئەم یاسایانەدا جێگای خۆیان دەگرن.

شتێکی ئاشکرایە چەرخی شارستانیەتی ڕۆژگاری ئەمڕۆمان بە رادەیەکی هەرە زێدە ئەم شێوازەی سیستەمی دەستووری (مافداری) پێش خستووە. بواری مافداری ئەو شارستانیەتەی کە ئەوروپا پێشەنگایەتی دەکات، پێشکەوتنێکی مەزنی بەخۆوە بینیوە و کاریگەری کردۆتە سەر تەواوی جیهان. بێگومان بەردەوام لەم پێشکەوتنەدا بەرژەوەندیەکانی چینی دەسەڵاتدار و ئەو وڵات و نەتەوە بەهێزەی جێگای خۆی تێدا دەگرێت و تەنانەت بەرژەوەندی جەمسەرەکەش، ڕەچاو کراوە. شێوازەکانی زۆرداری چەوساندنەوەی قەبە دەستی لێبەردەدرێت، زیاتر لەسەر بنەمای باڵابوونی بوارەکانی زانست، تەکنۆلۆژیا، بەرهەمهێنان و سیاسییەوە، یاسای نێونەتەوەیی دەرهەق بە بازرگانی ئازاد و بونیادنان دادەهێنێ و هەوڵ دەدات ئەم سیستەمە دەستوورییە بکات بە سیستەمێکی گەردوونی. یاسای نێودەوڵەتی (نێونەتەوەیی) بە واتای ڕەنگدانەوە و تەواوکاری یاسای ناوخۆ دێت.

کاتێك دیموکراسی لەگەڵ ئەم مافدارییەی باسمان کرد، بوون بە یەك، ئەوا ئەو راستینەیەی دێتە ئاراوە، دەوڵەتی دەستووری دیموکراسی هاوچەرخە. ئیتر پێشکەوتوترین شێوەبەندی سیستەمێکی بنچینەیی شارستانیەتی هاوچەرخ هاتۆتە ئاراوە، کە لەلایەنێکەوە پشت بە سەرمایەداری دەبەستێ، بەڵام لە گەلێك لایەنەوە تێپەڕی کردووە. ئەو کۆمەڵگایەی لەلایەن سیستەمێکی دەستووری دیموکراسییانە بەڕێوە دەبردرێت، شایستەی نازناوی شارستانیەتترین کۆمەڵگایە. هەرچەندە کێشە و گیروگرفتی هەبێت، بەڵام باوەڕی بەوە دەکرێت لەنێو زەمینەیەکی ئاشتی و ئارامیدا مەکانیزمەکانی سیاسەتی دیموکراسییانە دەخرێنە گەڕ و یاسا و ماف ڕەچاو دەکرێت، بەمجۆرە بە پێشکەوتوترین و پتەوترین چارەسەری دەگەن.

٨ ـ **یاسای مافەکانی مرۆڤ**، کە بە واتای پەیڕەوکردنی دەستووری مافداری دێت بەسەر تاك و ئەو گروپە تەسکانەی خاوەنی ناسنامەی کۆمەڵایەتین، دەزگایەکی دیکەی سەرەکی شارستانیەتی هاوچەرخە کە تازە گەشەیسەندووە، بەڵام زۆر گرنگ و بایەخدارە. مافەکانی مرۆڤ گوزارشت لەو بەهایانە دەکات کە لەگەڵ پێکهاتەی سەرمایەداری هەڵکشان، واتا گوزارشت لە ئازادی بیروڕا و سیستەمی مافداری (حقوقی) دەکات کە دانان بە ئیرادەی ژیان و بیروباوەڕی، بە بنەما دەگرێت. بەها هەڵکشاوەکانی تاکە کەسی، وەکو ماف و مافداری، بە شێوەیەکی بەرجەستە و ئاشکرا دەستنیشان دەکرێت و لەمیانەی دەستوورەوە گەرەنتی دەکرێت، بەمجۆرەش شایستەی تاکێکی بەهێز و بەتوانا دەبینرێت.

کاتێك باس لە مافەکانی مرۆڤ دەکرێت؛ ئەو گەرەنتییانە بە ئەقڵی مرۆڤدا دێت کە بە بێ جیاوازی چینایەتی، نەتەوەیی، ئایینی، رەگەزی و نەژادی بکرێت، دان بە ئازادییە پێویستەکانی مرۆڤدا دەنرێت. ئەم مافانە بناخەی پێشکەوتنی ئازادانەی تاك پێکدێنن. ئەمانەش مافە سەرەکییەکانی تاکە کەسی لە جۆری ئازادی هزر و باوەڕی بیروڕا دەربڕین، رێکخستن، مافی کۆبوونەوە و خۆ پیشاندان و پەروەردە بە زمانی زگماکی بە **مافەکانی نەوەی یەکەم** ناو دەبرێت، ئەوانەی ناوەڕۆکی ئابووری و کۆمەڵایەتی لەخۆوە دەگرن بە **مافەکانی نەوەی دووەم** ناو دەبرێن و پێشخستنی ئازادانەی هەبوونی کلتووری گەلان و شێوەی ژیانیان بە **سێیەمین** ناو دەبرێت، بەمجۆرە بۆ سێ بەش جیا دەکرێتەوە. ئەو مافانەی پێویستە لە ئاستی گەردوونیدا دانی پیا بنرێت، ناتوانرێ لە ژێر هیچ بیانویەکەوە رێگای لێبگیردرێت. مافی ژیان لە سەرووی تەواوی ئەو مافانەوە دێت. جگە لەو رەوشانەی کە تێیدا دەوڵەت لەنێو شەڕ دایە، ئەوا بە مەرجێك دادەنێت کە کەس دەسەڵاتی کوشتن و لە سێدارەدانی نییە.

مافەکانی مرۆڤ کە بەردەوام پێشکەوتن بەخۆیەوە دەبینێ، بە ئامانجی پاراستنی تاکە بەرامبەر بەو هێزەی دەوڵەت کە بۆتە ئەختەبووت. لە قۆناخێکدا هێندەی بڵێی کۆنترۆڵ و چاودێری دەوڵەت زیاد بووە، بەرامبەر بەمەش پاراستنی تاك گرنگە کە پێبەپێ رووبەڕووی تەنیاییەکی زیاتر دەبێتەوە. ئەو تاکانەی لە قۆناخەکانی بەر لە کۆمەڵگای سەرمایەداریدا لەژێر سایەی دەزگاکانی وەقف، ئایین و خێڵ لە نێو گەرەنتیدا بوون، لەگەڵ لاواز بوونی ئەم دەزگایانە، ئەوانیش بێ هێز بوون. سەختی و تەنگەتاوی ژیانی تەنیایی و نەبوونی گەرەنتی لە بوارەکانی کار و تەندروستی و پەروەردە تاوەکو دوایی هەڕەشە لە تاك دەکات. ناتوانێ خێزان ئاوا بکات، ئەگەر ئاواشی بکات ناتوانێ درێژەی پێبدات، لەژێر باری کێشەکانی پەروەردە و تەندروستی منداڵان دەرناکەوێت. لە راستیدا لە ئەنجامی هەڵوەشانەوەی شێوەکانی کۆمەڵگای کۆن بەرامبەر بە سەرمایەداری و هەرس نەکردنی کۆمەڵگای نوێ، تەواوی ئەم بابەتانە دەبن بە کێشە و گیروگرفت. ئەو پەیوەندییانەی هەڵوەشاونەتەوە تاك لە بەرامبەر سەرمایەداری درندە دەخاتە نێو رەوشێکی سەخت و تەنگەتاوییەوە. لە نێوان کۆن و نوێدا تاك مەحکوومی بێچارەیی کراوە. یاساکانی مافەکانی مرۆڤیش وەکو بەرهەمێکی ئەم بۆشاییە پێش دەکەوێت. ناتوانرێ بگوترێ کە بە پێی پێویست تاك هەم لەلایەن یاسای دەوڵەتییەوە هەم یاسای نێودەوڵەتییەوە خراوەتە ژێر گەرەنتییەوە.

هەندێ زاراوەی کە هەرە دوایی وەکو پارچەیەکی مافەکانی مرۆڤ پێشکەوتن، پەیوەندی بە مافەکانی ژن و منداڵ و ژینگەوە هەیە.

**ژن** وەکو کۆنترین و نزمترین چین، فشار و چەوسانەوەیەکی بێ سنووری لەسەر پیادە دەکرێت. کێشەی ژن کە تازە بە تازە ڕێگای لەپێش دەکرێتەوە، بابەتێکی هێندە گشتگیر و بەرفراوانە لە چوارچێوەی کۆمەڵگای سەرمایەداریدا جێگای نابێتەوە. ئازادی ژن وەکو پێوانەی گشتی تەواوی ئازادییەکان، هێشتا ئامادەکاری هەنگاونانی یەکەم دەکات. دەربازبوون لە چاخی ژنەوە (دایکسالاری) بۆ چاخی پیاو (باوکسالاری)، ڕێگای لەپێش ئەوە کردۆتەوە زیانی مەزن بە ژن بکەوێت. مێژووی ٥٠٠٠ ساڵەی کۆمەڵگای چینایەتی بۆتە هۆی ئەوەی بە رادەی هەرە زێدە ژن زیان ببینێ و بدۆڕێنێ. فشاری هەمە لایەنە و سووکایەتی پێکردن، جیاوازی ڕەگەزی و هەموو جۆرێکی چەوسانەوە، شایستەی ژن بینراوە. ئەو ژنەی کە سووتاوە و سووتێنراوە، تازە بە تازە لە ژێر خۆڵەمێشەوە دەردەهێنرێت و هەوڵی پاك کردنەوەی دەدرێ. لە کاتێکدا پێویست بوو بەر لە هەموو شتێك و بە بێ هیچ مەرجێك دان بە تەواوی مافەکانی تاکە کەسی ژندا بنرێت، بەڵام لەدوای هەموو مەسەلەکان و بە شێوەیەکی سنووردار کردنی بە ڕۆژەڤ، پەیوەندی بە ڕەهەندە مێژوویی و قووڵەکانی ستەمکارییەوە هەیە. بابەتەکە هێندە بەرفراوان و گشتگیرە دەشێ ببێتە لقێکی زانستی کۆمەڵناسی، هێندە گرنگە بە شێوەیەکی سەربەخۆ و بە شێوەیەکی بەرنامەڕێژ و نەخشە بۆ کێشراو و ڕێکخراوەیی پێویستی بە تێکۆشانێکی سیاسی دیموکراسییانە و یاسایی درێژخایەن هەیە. هەم لەلایەنی گەوهەر هەم شێوە لە تێکۆشانی نەتەوەیی و چینایەتی جیاوازترە و تێکۆشانێکی ژیانییە.

لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا تەنیا ناوی کێشەکە دەستنیشان کراوە و هێشتا ناوەڕۆکەکەی دیاری نەکراوە. هێشتا دوورە لەوەی کە بەرنامە و ستراتیژ و ڕێکخستن و شێوازی چالاکیەکانی تەواو لە نێو ڕۆژەڤدا جێگیر بێت. هەروەکو چۆن لەسەر بنەمای کۆیلایەتی ڕەگەزی ژن مێژووی شارستانیەتی چینایەتی وەکو مێژووی ستەمکاری؛ شەڕ، چەوسانەوە و تەڵەکەبازی و چەواشەکاری دەستیپێکرد، ئەوا لەمیانەی تێکۆشانی ئازادی ژن و گەیشتنی بە سەرکەوتن، سەرلەنوێ مێژووی ئازادی، ئاشتی، یەکسانی و ڕاستی دەئافرێنرێ و دەنووسرێتەوە. تەواوی پێشهاتەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە ئازادی ژن ڕۆڵێکی بەرچاو لە بەرەبەیانی شارستانیەتی نوێدا دەبینێ و دووبارە و لە ئاستێکی بەرزتردا چاخی ژنی ئازاد دێتە ئاراوە.

ڕۆژ بە ڕۆژ ئەمە روون بۆتەوە **مافەکانی منداڵ** بابەتێکی هێندە گرنگە ناتوانرێ بۆ دایك و باوك و دەوڵەت بە جێ بهێڵدرێ. ڕۆڵەی مرۆڤ کە لە ناو تەواوی بێچووی ئاژەڵاندا، لە هەموویان بە زەحمەتتر گەشە دەسێنێت، نزیك بوون و هەڵوێستێکی تایبەتی پشت ئەستوور بە زانست دەکات بە ناچارییەك. سیستەمێك کە پشت بە باڵادەستی پیاوی هۆڤ دەبەستێ؛ لە دوای کۆیلە و ژن و

زەحمەتکێشانەوە، بە رادەی هەرە زیادە منداڵی پەرێشان کردووە. سیستەمی پیاو هێندە کوێر و بێ ویژدان و زۆردارە هەرگیز منداڵ ناناسێ. لە قۆناخەکانی سەرەتایی کۆمەڵگای چینایەتیدا بەردەوام منداڵانیان وەکو قوربانی پێشکەش بە خوداوەندەکان دەکرد. لەوانەیە لە رۆژگاری ئەمڕۆماندا لەلایەنی جەستەیی نەکرێت بە قوربانی، بەڵام قوربانی مەعنەوی هیچ شتێکی لە خێراییەکەی خۆی کەم نەکردۆتەوە و بەردەوام دەکات. ژن بە بەراورد کردن لەگەڵ پیاو باشتر لە سایکۆلۆژیای منداڵ تێدەگات و بەویژدانترە، بە هۆی بێ پەروەردەیی و بێ دەرفەتییەوە لە رەوشێکی وەها دایە کە ناتوانێ وەکو دایك رۆڵی خۆی ببینێ. شێواز و رێچکەکانی دەوڵەتیش کە لە سەرەوە رێنومایی دەکات بە تەواوەتی لە جیهانی منداڵان نامۆیە. تەنانەت ئەم چوارچێوە گشتییەش پێویستی رێکخستنێکی بەرفراوان و گشتگیری مافەکانی منداڵان مسۆگەر دەکات. راگەیاندنی جاڕی مافی منداڵان بۆ بەدیهێنانی مافەکانی پەروەردە و تەندروستی و یاری لەسەر بنەمای میهرەبانی دایك و ئاشتی، ئەرکێکی دوانەخراوە.

**مافی ژینگە،** ئەو تەگبیرە یاساییانە لەخۆوە دەگرێت بەرامبەر بەو رەوشەی کە هزری قازانجی زێدەیی سەرمایەداری و لەسەر بنەمای زیاد بوونی ژمارەی دانیشتوان و پاشماوەکانی تەکنۆلۆژیا و ژینگە بە ژێر زەوی و سەر زەوی و بۆشایی ئاسمان و ئاووهەواکەی، رۆژ بە رۆژ بەرەو رەوشێك دەچن دەرفەتی ژیانیان تێدا نەمێنێ و مەترسییەکی مەزن لەگەڵ خۆیدا دێنێ. ئیتر ناکۆکی تەنیا بەوە ناوەستێ کۆمەڵگا بۆ چەوسانەوەی چینێکی مشەخۆر بەجێ بێڵێ، بەڵکو بۆ ناکۆکییەکی مەزنی نێوان کۆمەڵگا ــ سروشت گۆڕاوە کە گێتی کردۆتە ئامانج. لە چوارچێوەیەکی گەردوونیدا هەنگاونانی تەواوی کۆمەڵگا بۆ تێکۆشانی پاراستنی ژینگە بۆتە ناچارییەك. ئەوە دەکات بە پێویستیەکی ژیانی کە لە سەرووی هەموو شتێکەوە **مانیفێستۆی پاراستنی (مافەکانی) ژینگە** پێش بخرێت و لەسەر ئەو بنەمایەش **رێکخستنێکی ئەنتەرناسیۆنالیستی ژینگە** سەفەربەر بکرێت، وەك پارچەیەکی لێك جیا نەکراوەی مافە گشتییەکانی مرۆڤ و تێکۆشانی بەدەست هێنانی ماف و سیاسەتی دیموکراسییانە بە یەکەوە و لە ناو یەکتردا بەڕێوە دەبردرێت.

زاراوەی مافەکانی مرۆڤ چوارچێوەی تەسکی مافی تێپەڕ کردووە، وەکو بەدەزگابوون و دیاردەیەکی سەرەکی سیاسی و ئەخلاقی کە پێویست بوو، فەلسەفە و بە سیاسەت بوون تاوتوێی بکات، سەرلەنوێ ئەنجامدانی هەڵسەنگاندن دەکاتە ناچارییەك. هەروەکو سەرەتا جەختمان لەسەر کردەوە تاوەکو سەرلەنوێ لە ئاستێکی بەرزدا ناکۆکی نێوان بە کۆمەڵگا بوون و تاکڕەوێتی شینەکرێتەوە و بە دەزگا بوونیان ئاوا نەکرێت، ئەو قەیرانە قووڵەی شارستانیەت تێپەڕ ناکرێت.

هەروەکو چۆن قەیرانی چاخی نیۆلیتیك لە رێگای سەنتێزی کۆمەڵگای چینایەتی سۆمەریەکان تێپەڕ کرا، واتا بە دەربازبوون بۆ چاخی شارستانیەت و دەوڵەت بەلاوە نرا، ئەوا دەشێ قەیران و کێشە مەزنەکانی چەرخی شارستانیەتیش کە گوزارشتێکی سیستەماتیکی دەزگاکانی پێکهاتەکانی سەرخان و ژێرخانی دەوڵەت و کۆمەڵگای چینایەتییە، لەمیانەی هەنگاوێکی نوێی مرۆڤایەتی بەلاوە بنرێت کە هاوسەنگی تاك و کۆمەڵگا و ئازادی و یەکسانی لە ئاستێکی بەرزدا بگەیەنێت، بە سەنتێزێك و لەلایەن تەواوی مرۆڤایەتییەوە پەسند بکرێت. لە کاتێکدا هەندێ کەس ئەم هەنگاوە بە **پۆست مۆدێرنیزم** (شارستانیەتی هاوچەرخ، دوای مۆدێرنیزم) هەڵدەسەنگێنن، بەشێکی دیکەش بە **کۆتایی مێژوو** هەڵیدەسەنگێنن. هەر دوو زاراوەش لەلایەنی ناوەڕۆکەوە تێر ناکەن. زیاتر تێڕوانینی چینی بۆرژوا بە بناخە دەگرێت، بنبەست بوون و لە کار کەوتنی شارستانیەتی سەرمایەداری، وەکو کۆتایی و لەناوچوونی تەواوی مرۆڤایەتی پیشان دەدات. بە پێچەوانەوە لیبرالیزم و فاشیزم وەکو سیستەمی ئەبەدی نیشان دەدات.

ئاشکرا بوو ئەو چارەسەری و بە دەزگا بوونانەی پشت بە شیکردنەوە سنووردارەکانی چینایەتی و نەتەوەیی دەبەستێ، ناکۆکییەکانی کۆمەڵگای سەرمایەداری تێپەڕ ناکات. ئەوە ئاشکرا بووە و دەرکی پێکراوە، تەواوی ئەو کۆمەڵگا چینایەتیانەی خاوەن دەوڵەتن، لە ئاکامی ئەو کێشە و قەیرانە قووڵانەی بە دەوڵەت بوون تێیدا دەژی، کە گوزارشتی سیستەمی دەزگاکانی سەرخان و ژێرخانە، توانستی چارەسەر کردنی ئەم کێشانەیان نییە. ئەو رەوشەی کە هەیە نە "**پۆست مۆدێرنیزم**" نە "**کۆتایی مێژووە**". قۆناخێکی ئەوتۆی مێژووی هاتۆتە پێش کە کێشەکان لەمیانەی لۆژیکی شارستانیەتی کۆن، واتا لە رێگای خولقاندنی سیستەمی دەوڵەت، چینی نوێ تێپەڕ ناکرێت. هەروەکو تەواوی قۆناخەکانی مێژوو، ئاستی زانست و تەکنۆلۆژیا رۆڵێکی دیاریکراو دەبینێ. تەکنۆلۆژیا و زانست لۆژیکی کلاسیکی چین و دەوڵەتی بێ کاریگەر کردووە و لەکار خستووە. چەرخی زانیاری و گەیاندن ئاماژە بە بوارێکی گرنگی مێژوویی دەکات. هەروەکو چۆن تەنیا ناوبردنی چاخ بە چاخی وشیاری ژینگە و مافەکانی گەیاندن و زانیاری تێر ناکات، هاوکات پێویستی بە قەڵەمبازی مێژوویی وەهایە کە تەواوی ئەم دیاردانە رەچاو بکات. پێشخستنی هەڵوێستێکی رەخنەگرانەی راست سەبارەت بەو هەنگاوانەی لەم راستە رێیەوە دەهاوێشترێ، ئاواکردنی ناسنامەی ئەو ئایدیۆلۆژیایەیە کە پێشدەخرێت، لەگەڵ ئەم کۆششەدا لەمیانەی یەك بوونێکی پراکتیکییانەوە، ئەوا دەستنیشان کردنی پرۆگرام و ستراتیژ و تەکتیکەکانی کە بە ئامانجی سەرلەنوێ رێکخستنەوەی سیستەمی ئابووری و رای گشتی ئامادە دەکرێت، قەڵەمبازێکی نوێی مرۆڤایەتی دەستنیشان دەکات.

بەرگرینامەکەم لە بەشی دەرئەنجامی تایبەت بە شارستانیەت، چارەسەری ئەم بابەتە دیاری دەکات. ئەو سەرەتا و پێشینە کورتانەی لە تەواوی هەڵسەنگاندنەکانماندا لەم بوارە هەوڵی پێشخستنماندا، بۆ ئەوە بوو بەناو یەکداچوونی بابەتەکان لەبەر چاو وون نەبێت و ئەوە ببینرێ کە پەیوەندیەکی نزیکیان لەگەڵ یەکتردا هەیە.

## ج ـ چاخی پەلهاوێشتن و لوتکەی شارستانیەتی سەرمایەداری

تایبەتمەندێتیەکی سەرەکی چاخەکانی مرۆڤایەتی، پێبەپێ خێرا بوونی پێشکەوتنەکانە. پێشکەوتنی ئاستی تەکنۆلۆژیا و زانستی کۆمەڵگا ڕۆڵێکی دیاریکراو لەمەدا دەبینێ. چاخی پالیۆلیتیك کە دەرهەق بە سروشت خاوەن زانیارییەکی منداڵانەیە و لە بواری ئامرازیشەوە پشت بە دار و بەرد دەبەستێ، پەرەسەندنێکی زۆر هێواش و لە سەرخۆی بەخۆوە بینیوە. لەگەڵ ئەوەشدا تەمەنێکی یەکجار درێژی هەبووە، نزیکەی لە سەدا نەوەد و هەشتی تەواوی کات و ماوەی مرۆڤایەتی دەگرێتەوە. چاخی مەزۆلیتیك کە قۆناخێکی پەڕینەوەیە نزیکەی ماوەی نێوان ساڵانی ٢٠٠٠٠ تاوەکو ١٠٠٠٠ پ.ز دەگرێتەوە. لەبەر ئەوەی چاخی نیۆلیتیك خاوەنی زانیاری پێشکەوتوتر و تەواوی ئەو توانستانە بوو کە شارستانیەت بخوڵقێنێ، قۆناخێکە بە خێراییەکی زیاتر پێشکەوتوە. هەر لەبەر ئەوەی زانیاری و ئامرازەکان لە نزیکەوە یەکتریان تەواو کردووە ئەوا لە بوارەکانی بەرهەمهێنان و ژیانی کۆمەڵایەتی و هێزی بەڕێوەبەرایەتیدا ڕێگایان لەبەردەم پێشکەوتنی خێرا و چڕوپڕ کردۆتەوە. لەگەڵ ئەوەی تەنیا ماوەی نێوان ١٠٠٠٠ تاوەکو ٣٠٠٠ پ.ز دەگرێتەوە، بەڵام بە گوێرەی چاخی پالیۆلیتیك کە بە سەدان هەزار ساڵ بەردەوام بووە، خاوەن پێشکەوتنی زۆر مەزن و باڵاترە. بە تایبەتیش لە قۆناخی ساڵانی نێوان ٦٠٠٠ تاوەکو ٤٠٠٠ پ.ز، لە هیلالی بەپیت (الهلال الخصيب) بۆتە خاوەنی هێزی ئەو زانیاری و ئامرازانەی لە ڕەگ و ڕیشەوە چارەنووسی مرۆڤایەتی دەگۆڕێت. تەواوی ئەو تیۆری و ئامرازانەی کە سۆمەریەکان بەکاریان دەهێنا، لەم ماوەیە و لەم جوگرافیایەدا ئەنجام درا. جگە لەوەی ئیتر تەمەنی چاخەکان کورتتر دەبێتەوە، ئەو پێشکەوتنانەی لەخۆیانەوە دەگرن زۆر مەزنن.

قۆناخی پەرەسەندنی کۆمەڵگای چینایەتی کۆیلەداری تەمەنی ماوەی نێوان ٣٠٠٠ پ.ز تاوەکو ساڵانی ٥٠٠ ی زایینی خایاندووە. سەرەڕای ئەوەی ماوەیەکی کەم و کورت خایەنتر بووە، بەڵام لە بوارەکانی پێشخستنی شار، دەزگا سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان، میتۆلۆژیا، ئایین و فەلسەفە ڕۆڵێکی

دیاریکراوی هەیە. هەروەها دەبینرێ چاخی دەرەبەگایەتی تەمەنی کورتتر بووە و ساڵانی ٥٠٠ تاوەکو ١٥٠٠ ی زایینی دەگرێتەوە. هەروەکو بڵێی وەکو هێڵکارییەك، کات (ماوە) کورت دەبێتەوە، بوارەکانی دیکەی ماددی و رۆشنگەری بە شێوەیەکی پێچەوانە و بە شێوەیەکی خێراتر گەشە دەکەن.

تایبەتمەندێتیەکی دی سەرەکی چاخەکانی مرۆڤایەتی ئەوەیە کە پەلهاوێشتن و بڵاوبوونەوەی گەردوونییان ئەنجام داوە.

هەموو کیشوەرەکان ژیانی کۆمەڵگای پالیۆلیتیك (چەرخی بەردینی دێرین)یان بەخۆیانەوە بینیوە. خاوەن تایبەتمەندێتی بەربڵاوترین و درێژ خایەنترین کۆمەڵگایە. کۆمەڵگای نیۆلیتیکیش لەو شوێنەی لە دایك بووە، بە شێوەیەکی زۆر خێرا لە هیلالی بە پیتەوە بۆ تەواوی ئەو شوێنانە بڵاوبۆوە، کە دەرفەت و تواناکاری ژیانیان تێدا هەبووە. لەمەشدا تەکنیك (ئامراز) رۆڵێکی دیاریکراوی هەبووە. بە شێوەیەکی بەرجەستە لە مێژوودا دەستنیشان کراوە کە کۆمەڵگای کۆیلەداری سۆمەر کە لەسەر بنەمای شوێن پەنجەی نیۆلیتیك زۆر بە خێرایی پێشکەوتوە. چاخی دەرەبەگایەتی کە بە شێوەیەکی بەرفراوانتر ئەسپ و ئامرازە ئاسنینەکانی بەکار هێنا، بە تایبەتیش لەسەر بنەمای ئیسلامیەت و مەسیحیەت، پەلهاوێشتنەکانیان هەمیشەیی و بەردەوام بووە.

کاتێك چاخەکان هەڵدەسەنگێنن کێشەیەکی دی کە پێویستی بە شیکردنەوەیە هەیە، رەوشی کۆلۆنیالیزم و ئیمپریالیزمە. هەر سیستەمێکی کۆمەڵایەتی کە لە گەوهەری خۆیدا لێهاتوو و پێشکەوتوخواز بێت، تەنانەت ئەگەر نیازیشی نەبێت، دیسان تایبەتمەندێتی پەلهاوێشتن لەخۆوە دەگرێت. چونکە زانیاری و تەکنۆلۆژیای پێشکەوتوو خاوەنی تواناکاری باڵای بڵاوبوونەوە و پەلهاوێشتنە. تەنانەت لە رۆژگاری ئەمڕۆشماندا تۆوی کۆمەڵگای نیۆلیتیکی یەکسانیخوازی ئاریان، لە هەموو لایەکی دونیادا دەژی. ئاشکرایە کە ناتوانرێ بە ئیمپریالیزم ناو ببرێت. لەهەمانکاتدا کاتێك جڤاتی نیۆلیتیك لە شوێنێکی دیکەی قۆناخی پالیۆلیتیك جێگیر دەبێ، دەشێ باس لە دەستەیەکی کۆلۆنیالیزم بکرێت. بەڵام بۆ تەواوی چاخەکان نابێ ئەوەش لە بیر بکەین، بڵاوبوونەوە و پەلهاوێشتنی کۆلۆنیالی سنووردارە. ژمارەیەکی زۆر کەمی دانیشتوان دەکەونە نێو جموجۆڵ و گەڕ. ئەوەی بڵاو دەبێتەوە بە شێوەیەکی زیاتر زانیاری و ئامرازی نوێ و شێوەی بەرهەمهێنانە؛ گرێدراوی ئەمەش پێکهاتەی ئایینی و میتۆلۆژییە. روون کردنەوەی مێژوویی لە شێوەی کۆچی مەزن، بۆچوونێکی زێدەڕۆییە و راست و بەجێ نییە. هەر چاخێکی باڵا، نەك لە بواری جەستەیی بڵاو دەبێتەوە، بەڵکو زیاتر لە سایەی زانیاری، تەکنۆلۆژیا، ئایدیۆلۆژیا و هێزی دەزگاکانی تایبەتمەندێتی بڵاوبوونەوەی هەیە.

ئـەوەی زیـاتر لەلایـەنی کۆلۆنیـالیزم رۆڵ دەبینـێ و پیـادە دەکرێـت، پەلهاوێشـتنی بازرگـانی و بەکارهێنانی هێزە، بە گوێرەی پێویستی و ئاستی ئەم پەلهاوێشتنە. کۆنترۆڵ و چاودێری ناوەنـدی دەسەڵات لە ئامرازی توندوتیژی زیاتر، پشت بە باڵابوونی تەکنیك و بەرهەمهێنان دەبەستێ. هەرچی ئیمپریالیزمە رژێمێکی باڵادەستی و داگیرکارییە کە پشت بـە دەست بەسـەر داگـرتن و زەوت کردنـی زۆردارانە دەبەستێ. بە لایەنی کەم لە سەرەتادا زەبر بۆ رژێمی ئیمپریالیستی بە بناخە دەگیردرێت. لەلایەنی مێژووە دەستنیشان کراوە لە سەردەمی سەرجۆنی دامەزرێنەری خانەدانی ئەکەدی یەکەمین کـرداری ئیمپریالیسـتیانە پێشـخراوە. بـەڵام فۆناخـەکانی بـەر لـە ئـەویش بینـراوە کـە گونـدێك بـە تەواوەتی داگیر کراوە. کاتێـك دەوڵەمەنـدێتی مـاددی کەڵەکـەی سـەر یـەك دەبـن، ئیـدی یـان لەلایـەن کۆمەڵـە دراوسـێ هـەژارەکان یـاخود لەلایـەن ناوەنـدە دەوڵەمەنـد و بەهێزەکانـەوە دەبێتـە جێگـای داگیرکاری و تاڵان. لە فۆناخەکانی کۆیلەداری و دەرەبەگایەتیدا ئیمپریالیزم دیاردەیەکی زۆر بەهێزە. ئـەم چاخانە لەمیانـەی خوداکانیـان، ئایـدیۆلۆژیا و ئـەدەبیات و ئـامراز و سـوپاکانیان، لەهەمانکاتـدا چاخی تاڵان و پەلهاوێشتنی ئیمپریالیستی سەرسوورهێنەرانەیە.

لێرەشدا ئەگەر تەنیا پەلهاوێشتن بە زەبرەوە گرێ بدرێ، واقیعی نییە. ئەگـەر بێـت و چاخەکان بە گـوێرەی سیسـتەمەکانی کۆمـەڵگای پێشـووی خۆیـان دەزگاکـانی سیاسـی و بەرهـەمهێنان بـەهێزتر نەبێت، هیچ کاتێك ناتوانن تەنیا لە رێگـای بـەکارهێنانی زەبـرەوە هێـز و توانـای پەلهاوێشـتن نیشـان بـدەن. ئەگـەر بێـت و پەیوەندیـەکانی بەرهـەمهێنان بـاڵاتر بێـت، ئـەو کاتـە زەبـر بـڵاو دەبێتـەوە و دەچەسپێ. باڵابوونی بە دەزگا بـوونی سیاسـی و کۆمەڵایـەتی و بناخـەکانی زانسـت و تـەکنۆلۆژیا کـە بەرهەمهێنان پشتی پێدەبەستێ، کاتێك لەلایەنی ئەو کۆمەڵگایەی کە بە زەبـر چەسـپاندوویەتی، بـە گوێرەی بەرژەوەندی درێژ خایەنی خۆی خوڵقێنرا، ئەو کات بەبێ ئەوەی پەنا ببردرێتە بـەر تونـد و تیـژی، بڵاوبوونـەوە هـەرس دەکرێـت و جـێگیر دەکـرێ. لـە راسـتیدا چـاخی نـوێ پەسـند دەکـرێ. مەترسیدارترین ئیمپریالیزم بۆ کۆمەڵگاکان، ئەو جموجۆڵانەی دەست بەسەر داگرتن و داگیرکارییەکە سیستەمێکی پێشکەوتووخوازی لە پشتەوە نییە و تەنیا پشت بە تاڵانکاری دەبەستێ. گەلێك نموونەی بەمجۆرە لە مێژوودا بینراوە کە رۆڵێکی چەندە تێکدەرانەیان بینیوە. دەشێ لـەم بـوارەدا مەغۆڵـەکان وەکـو نموونـە نیشـان بـدرێت. بـە لانـی کـەم هێنـدەی ئـەو پەلهاوێشـتنانەی کـە رۆڵێکـی پێشکەوتوخوازانەیان بینیوە، مێژوو پڕە لەو نموونانەی پشتیان بە تاڵانکاری و داگیرکاری بەستووە و رۆڵێکی کۆنەپەرستانەیان بینیوە. هەروەها دیسان بە ئەندازەی ئەو بڵاو بوونەوانەی لەمیانەی تونـد و تیژیەوە پیادە کراون، مێژوو پڕە لەو داگیرکارییانـەی رۆڵێکی پاشڤەرۆیانەیان بینیـوە. دیسان بـە

ئەنـدازەی بـڵاو بوونەوانـەی لەمیانـەی زەبـرەوە بڵاوبوونەتـەوە، لەمـەش زیـاتر، مێـژوو پـڕە لـەو نموونانەی لە سایەی ئەو بەها باڵایانەی نوێنەرایـەتی دەکات، لەسـەر بنەمایـەکی دڵخوازی و پەسـند کردنەوە ئەنجام دراوە.

بابەتێکی دیکە کە لـە بڵاوبوونـەوەی سیستـەمەکانی کۆمـەڵگادا بەرچاو دەکـەوێ، سـەبارەت بـە جێنشینی و تایبەت بوونە. هێزەکانی بڵاوبوونەوە و پەلهاوێشتن کاتێك تەنیا ڕووبەڕووی زەوی چۆڵ و جڤات و گروپی لاواز ببنەوە، هەم لە بواری جەسـتەیی، هـەم لـە بـواری کلتـووری جێنشـین دەبـن و دەبنـە هێـزی خـۆجێیی ئـەو شـوێنە. ئەگـەر بڵاوبوونـەوە و پەلهاوێشـتن بـۆ ناوچـەیەك بووبێـت کـە هاوشێوەی خۆی بێت و بناخەیەکی مێژوویی و کلتـووری بـەهێزی هـەبێت، ئـەوا لـە ماوەیـەکی درێـژ خایەندا هێزی بڵاوبوونەوە لەلایەن کۆمەڵگا خۆجێییەکەدا دەتوێتەوە. ئەوەی دێتە ئاراوە سەنتێزێکی ئاستی باڵایە، کاریگەری و مۆرکی کلتوورە کۆن و خۆجێییەکەی پێوە دەبێت. بە پێچـەوانەوە، کاتێـك هێزە داگیرکارییەکان دەست بەسەر ناوەنـدەکانی شارسـتانیەت دادەگـرن، ئـەوا لـە ماوەیـەکی کـورتتردا لەلایەن کلتوورە باڵاکەدا قووت دەدرێ. ئەوەی بە ڕادەیەکی زیاتر ئەنجامی دیاری دەکات، ئەوەیە ئاخۆ ئەو سیستەمەی لە پشت بڵاوبوونەوە و پەلهاوێشتنە، بەرامبـەر بـە کۆمـەڵگای خـۆجێیی بـاڵاترە یـان نزمترە. ئەگەر کەسێتی و چینەکانیش خۆ بەدەستەوە بدەن، ئەوا ڕاستینەیەکی کە مێژوو بەخۆیەوە بینیوە ئەوەیە کە کلتوورەکان لەمیانـەی بـەردەوامی و توانسـتی هـەرس کردنـەوە ڕۆڵێکی دیـاریکراو دەبینن لە خولقاندنی نوێدا.

لە سەدەکانی حەڤدەهەم و هەژدەهەم باڵابوونی کۆمەڵگای سەرمایەداری سەلمێنراوە. کـەنارەکانی زەریای ئەتڵەسی ئەوروپا هەستیان بەوە دەکـرد ئامـادەن دونیـا فـەتح بکـەن. هـەر سیستـەمێکی نـوێ دەبێتە خاوەن دەزگا، لەمیانەی متمانە بەخۆ بوونی بێکۆتایی و گرتنەبەری ڕێڕەوی شـوێن پەنجـەی شارسـتانیەتیەتەکانی پێشـوو، هێـواش هێـواش لـە ناوەنـدەکانیان سـەرهەڵدەدەن. ئەمـە لەپادشـا سـەرجۆنەوە تـاوەکو دارا و ئەسـکەندەر و قەیسـەر؛ ئـەو نەریتـەی تـاوەکو ڤەبوونـەکانی ئیسلامیەت بەردەوامی کردووە، ئەم جارە لە کەنارەکانی زەریای ئەتڵەسییەوە بە لێگەڕ (کشف) و ڤەبوونـەکانی پورتوگـال و ئیسـپانیا و ئینگلیـز و هۆڵەنـدا بـەردەوام دەکـات. سـەرمایەداری بیـانووی بـەهێزتری ڤەبوونی هەیە. لە سەرووی هەموو شتێکەوە تـەکنۆلۆژیا و زانسـتی نـوێ لەگـەڵ سیستـەمە سیاسـی و کۆمەڵایەتیەکەی و ئایدیۆلۆژیاکەی بۆ تەواوی دونیا دەگوازێتەوە. سەدەکانی پانزدەهەم و شانزدەهەم زیاتر بە لێگەڕین و دۆزینەوەی دونیـا لـە ڕێگای دەریاییـەوە بـەردەوام دەبێت. ئـەمریکا و ئۆسـترالیا وەکو دوو کیشوەری نوێ دەدۆزرێنەوە. لە ڕێگای دەریاییەوە تاوەکو هیندستان و هیندی چینی دەچن.

لە سەدەکانی حەڤدەهەم و هەژدەهەمدا لە هەموو شوێنێکی جیهانـدا کۆلۆنیـەکانی بازرگـانی جێگیر دەکرێ. کۆمپانیا بەهێزەکانی سەرمایە لە پشتیانەوەیە. ئـەو بۆرژوازییـەی لەمیانـەی پەرەسـەندن و شۆڕشەوە لە وڵاتەکانی خۆیدا بە دەزگای بەهێز و بـە توانـا گەیشتووە، ئیتر تـەنیا کـەل و پەلـەکانی ناباتە دەرەوە، ئیتر گەیشتۆتە ئەو ئاستەی شێوازی ژیان و دەزگا سیاسییەکانیشی بگوازێتـەوە دەرەوە. لەگەڵ گۆڕەپانەکانی شارستانیەتی کۆن، تەواوی ئەو ناوچانەی دونیا فـەتح دەکرێـت کـە تـاوەکو ئـەو کاتـە نـەدۆزرابۆوە و دەسـتی لێنـەدرابوو. ئـەوروپا نزیکـەی ١٥٠٠٠ سـاڵ لەلایـەن دونیـا لـە سـەرووی هەمووشیانەوە لەلایەن شارستانیەتی ڕۆژهەڵاتی ناوین تێر کرا، ئیتر بـۆ ئەنجامـدانی دژە هەڵمـەتێك هەموو شتێکی ئامادەیە. هەروەکو چۆن لەمیانەی هاوردنی زانست و ئایینی، تەواوی جیهان فێر بـوو، ئەوا شۆڕشێکی مەزنی زانستی و تەکنۆلۆژی ئەنجامدا و بەرامبـەر بـە ناوچـەکانی دیکـەی جیهـان بـە جیاوازییەکی مەزن گەیشتووە. بە گوێرەی هەلومەرجەکانی قۆنـاخ ناشـێ هـیچ گۆشـەیەکی دونیـا بـە ئاستی ئەو بگات.

ئەو ڕاستینەیەی کە لەمیانەی ئـەزموونی ئەوروپاشـدا سـەلمێنرا ئەوەیـە کـە شارسـتانیەتەکان لـە ناوەندی ئاوا بوونیانـەوە بـەرەو ناوچـەکانی دی بڵاودەبنـەوە. لـە پێشکەوتنێکی هاوسـەنگی هـەموو لایەنێك زیاتر، چەند ناوەندێك دەردەکەون، سیستەمە نوێیەکە لەم ناوەندانە تاقی دەکرێتەوە، دوای ئەوەی باڵابوون توانای خۆی دەسـەلمێنێ، ئیـدی یـان لـە ڕێگـای زەبـرەوە یـاخود لەخۆیـەوە لـە ڕێگـای بازرگانییـەوە بـڵاو دەبێتـەوە. لـە سـەردەمی سـۆمەریەکانەوە، بـەڵکو بـەر لەوانیشـەوە، بازرگـانی لـە ڤـەبوونی سـەربازی زیـاتر، بـە شـێوەیەکی بـەرفراوانتر خـاوەنی کارەکتـەری ڤەبوونـە. لـە شـێوازی ڤەبوونەکانی ئەوروپاش ئەم ڕاستینەیە دەرکەوتۆتـە مەیـدان. لـە سـەدەی هەژدەهەمـدا بڵاوبوونـەوە لەمیانەی بازرگانی گەیشتۆتە خاڵی هەرە لوتکە و سـەدەی نۆزدەهـەم و بیسـتەم قۆناخێکـە جگـە لـە بازرگانی، هەنگاو بۆ سووڕان و هەناردنی سەرمایە هاوێشـتراوە. گواسـتنەوە و هـەناردنی سـەرمایە لـە گەوهـەری خۆیـدا گواسـتنەوە و هـەناردنی سیسـتەمە؛ قۆنـاخی ڤـەبوونی تـەواوی دونیایـە بـە ڕووی شارسـتانیەتی سـەرمایەداریدا. وەکـو تامەزرۆیـەك بـۆ پیـاو ماقووڵـە نوێیـەکان، لـە هـەموو وڵاتێکـدا بۆرژوازییەکی بەکرێ گیراو دێتە ئاراوە.

لەوانەیە یەکەمین بەکرێ گیراوەکانی مێژوو ئەوانە بن کە بۆ یەکەمین جار کلتووری کشتوکاڵی ئاریانیـەکانیان پـەیڕەو کـرد. دەتـوانرێ بـە شـێوەیەکی بەرچـاوتر بـەکرێگیراوەکانی سـۆمەریەکان ببینـرێ. لـە بەڵگـە نووسـراوەکاندا، زۆر بـە باشـی دەبینـرێ و ڕوون دەبێتـەوە، بـەکرێ گـیراوە خۆجێیـەکان لـە بوارەکـانی ئـایین و کلتـوور و تـا دەگاتـە شـێوازی ژیـان، لاسـایی سـۆمەریەکانیان

کردۆتەوە. لە سەرەتای شارستانیەتدا ئەنادۆل و یۆنان و ئیتالیا و هیندستان پڕن لەوانەی لاسایی سۆمەری و میسرییەکانیان کردۆتەوە. بە بێ ئەوەی بە پەروەردەی راهیبەکانی سۆمەر و میسر دا دەرباز بن و رێگاکانی بازرگانی ببڕن و شێوازی ژیانیان بناسن، ئەوا نەك هەر ناتوانن ناوەندی نوێی شارستانیەت بکەنەوە، تەنانەت ناشێ لە ژێر کاریگەری کۆمەڵگای بەربەریش رزگاریان بێت. کاتێك لێتوێژینەوە سەبارەت بە بڵاوبوونەوەکانی شارستانیەت دەکرێ، پێویست دەکات هیچ کاتێك ئەم راستینەیە لە بیر نەکرێت. سەرەتا پارسەکان و دواتریش هێلینیەکان کە لەسەر رێباز و شوێن پێی میسر و سۆمەریەکان، بە گوێرەی خۆیان شێوەیان بە شارستانیەتدا، ئەمانە پێشکەوتنێکن بە رادەیەکی هەرە زۆر مۆرکی خۆیان لە مێژوو داوە. شوێن پەنجەکانیان هێشتا لە خانەکانی بۆهێڵە(جین)کانماندا دەژی. لە سەردەمی شارستانیەتی رۆما بە تایبەتی لە قۆناخی PAX ROMA، بوون بە دار و دەستەی رۆما، پێکهێنانی مۆدێلێکی بچووکی رۆما، مەزنترین ئامانج بوو کە لە سەرووی هەموو شتێکەوە دەهات. یەکێك لەو رێبازە چەسپاو و هەمیشەییەی خولڤاندنی ستاتۆی بەکرێ گیراوە دەسەڵاتدارە خۆجێییەکان، بەکرێ گیراوێتی رۆمایە. شارستانیەتی ئیسلامی و مەسیحیەتی بێزەنتیەکانیش لە کاتی بڵاوبوونەوەدا، سەبارەت بە خولڤاندنی سیستەمە بەکرێ گیراوییەکانی بە گوێرەی مۆدێلی خۆیان شوێن پەنجەی هەمیشەیی و جێگیریان لە سەرتاسەری دونیادا بەجێهێشتووە. لە ئەنجامدا ئەو پێشکەوتنەی بەکرێ گیراوییەی کە لە سەردەمی نیۆلیتیکەوە لەسەر بنەمای بڵاوبوونەوە دەستیپێکرد، لەگەڵ هەناردن و گواستنەوەی بازرگانی و سەرمایەی سیستەمی سەرمایەداری گەیشتۆتە لوتکەی خۆی.

جیهانەکەمان گەورەترین هەنگاوەکانی بە جیهان بوونی خۆی لەدوا چارەگی سەدەی بیستەمدا هاوێشتووە، کە لەگەڵ هەر سیستەمێکی مەزنی پەلهاوێشتن هاوێشتوویەتی. ئیتر هەروەکو بڵێی سنوورەکان هەڵگیراوە و جیهان بە تەواوی بۆتە گۆڕەپانی پەلهاوێشتن و بڵاوبوونەوە. هیچ پێویستی بەوە نەماوە بۆ راکێشانەوەی سەرمایە، توند و تیژی بەکار بهێنرێت. هەروەکو بڵێی سەرمایە دەپاڕێتەوە ناخوازێ بیکێشنە دواوە. دەشێ بگوترێ جیهان بۆ سەرمایە بۆتە یەك وڵات. ڤەبوونی سەرمایە تەواو بووە. ئەوەی دواتر مەزن بوونی لایەنی چەندایەتی و گەمەی ئەم دەست و ئەو دەست کردنە.

کاتێك تەماشای لایەنی جوگرافی (شوێنی) بڵاوبوونەوە و پەلهاوێشتن بکەین، هەندێ پێشکەوتنی سەرنج راکێش بەرچاو دەکەوێت. ئەوروپا لە دەرئەنجامی هەر دوو شەڕی مەزنی جیهانی و چەندین شەڕی ناوخۆ و شەڕەکانی داگیرکاری کە لە دەرەوە بەڕێوەی برد، ماندوو بووە. لە راستیدا کاتێك

سیستەمی خۆی بۆ جیهان گواستەوە، پەرێشانی و ماندوو بوونێك جیگای باسە کە سەرکەوتنی لەگەڵ خۆیدا هێناوە. لە دوای شەڕی دووەمی جیهانییەوە نوێنەری شارستانیەتی سەرمایەداری، ئەمریکا بووە کە وەکو قۆناخەکانی هەرزەکاری و سووکەڵەیی ئەوروپا بوو. تەواوی ئەمریکای باکووری کردە ناوەندی خۆی (دەبێ کەنەدا وەکو هەرێمێکی ئامریکایی ببینرێ)، ئیتر هەم قووڵ کردنەوەی بڵاوبوونەوە و هەم کارگێڕی، بووە ئەرکی مێژوویی ئەمریکا. ئەمریکا شۆڕشی زانستی و تەکنۆلۆژی قووڵتر کردەوە و بە توانایەك گەیشتووە ئەوروپاش تێپەڕ دەکات. لەمیانەی تەکنۆلۆژیای ئەتۆم و خۆزا (فضاء) و ئەنتەرنێت باڵا بووە. ڕێچکە و ڕێبازی بڵاوبوونەوەی شێوازی داگیرکاری نوێیە. بە گوێرەی گەوهەرەکەی گەورەکردنی بەشی سەرمایەی سیستەمە سەرمایەدارییە خۆجێییەکان، لەم پێناوەشدا تا دوایی ئاواڵاکردنی دەرگاکانی لەپێش هەڵسووڕانی سەرمایە، بڵاوکردنەوەی کلتووری سەرمایەداری تاوەکو گۆشەکانی دوایی و کەنار و لەم پێناوەشدا بەکارهێنانی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و گەیاندن و کاریگەرییەکانیان، لە سەرووی ئەم ڕێچکەوە دێت کە پەیڕەوی دەکات. ئەمجارە ئەمریکا هەوڵدەدات سەرلەنوێ جیهان فەتح بکات، تا ڕادەیەکیش سەرکەوتووە. هەوڵ دەدات دەوڵەتی نەتەوەیی تێپەڕ بکات کە تا ئێستاکە کۆسپە، بەمرەنگە قۆناخ لە تەواوی جیهان بچەسپێنێ ئیتر نەتەوە ـ دەوڵەت لە ڕۆڵی ئەو کۆسپانە دەچوێنرێ کە نەتەوەیی تێپەڕبکات کە تا ئێستاکە کۆسپە و قۆناخ لە تەواوی جیهان بچەسپێنێ. هەوڵدەدات دەوڵەتی سەردەمێك پاشماوەکانی دەرەبەگایەتی دروستیان دەکرد، بۆیە بۆ ئەوەی جیهانگیری بە بێ گرفت بەڕێوەبچێت پێویست دەکات بێکاریگەر بکرێت. لەم چوارچێوەیەشدا ئەمریکا وەکو دواترین هێزی ئیمپریالیستییانەی مێژوویی شارستانیەت، تەواوی دونیا بە رووی سەرمایەداری پێگەیشتوو دەکاتەوە و سەرکەوتووانە ڕۆڵی مێژوویی خۆی دەبینێ.

ژێرکەوتنی قۆناخی سۆسیالیزمی بونیادنراو لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەم، کورت خایاندنی ئەو سەردەمەی کردۆتە ناچارییەك. لە ڕاستیدا ئەو قۆناخەی ئەوروپا تەواوی کرد بە جۆرێك بە گۆڕانکاری تێدەپەڕێنێ و سەرلەنوێ ئاوای دەکاتەوە. بە تایبەتیش بە بێ ئەوەی وەکو پێشوو جیاوازی نێوان ڕژێمەکان بکات، ئەو یارمەتییەی بە بەکرێگیراوەکانی دەدا، هەوڵدەدات زیاتر بە مافەکانی مرۆڤ و پێشکەوتنە دیموکراسییەکانەوە پابەند بکات. بێگومان دوورکەوتنەوەی سەرمایەداری لە کارەکتەری تاڵانکاری گرێدراوی ئەمەیە. بەکارهێنانی وڵات وەکو کۆلۆنییەك کردارێکی سەدەی نۆزدەهەمە و دەخوازرێ بەلاوەبنرێت. نەتەوە ـ دەوڵەت وەکو ئامرازێك کە لەم سەدەیەدا ماوەتەوە، هەوڵدەدرێت بخرێتە نێو ڕەوشێك بۆ سیستەم لەبار و گونجاوتربێت. گەورەترین

گۆڕانکاری لە بواری جیهانیبوونی سەرمایەداری لە سەرتاسەری دونیا لەم چوارچێوەیەدایە. ئەم شەپۆلەی بە جیهانیبوون کە دواترین و گەورەترینیانە، لە "چین"ەوە تا بەرازیل، لە ئەرژەنتینەوە تا تورکیا، لە روسیا تاوەکو ئەندەنوسیا، بە گوێرەی خۆی دەوڵەتی ئازاد و کلتوورەکانیان لەخۆوە دەگرێت و لە ماوەیەکی کورتدا دەگاتە لوتکە و تەواو دەبێت.

گەلێك بەڵگە هەیە، ئەوە نیشان دەدەن ڕەوشێکی هاوشێوەی ئەوە لە ئارادایە کە هەر شارستانیەتێکی مەزنی مێژوو لە خاڵی لوتکەدا دووچاری هاتووە. هەم لەمیانەی بەراوردکردنی لەگەڵ نموونە مێژووییەکان، هەم پێکهاتەی ناو خۆی سیستەم، ئەوە نیشان دەدەن لەمە بەدواوە قەیران و سەرلەنوێ لە دایك بوونە. بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی باشتر دەرك بە قۆناخی تەنگژەی سیستەم بکرێت، پێویست دەکات بە شێوەیەکی وردکارانەتر قۆناخی بڵاوبوونەوە و پێگەیشتن چاوی پێدا بخشێنرێ.

لەگەڵ ئەوەی بڵاوبوونەوە لە ناوەندەوە بۆ دەرەوە لە لایەکەوە بەڵگەی پێگەیشتنی سیستەمە، لە لایەکی دیکەوە هەروەکو زۆر جار لە مێژووشدا بینراوە، ڕێچکەی بەلاوەنانی ئەو قەیران و ناکۆکیانەیە کە ڕێگای لەپێشدا کردوونەتەوە. لەمیانەی گواستنەوەی ئەو بە پیتییەی ڕێگای لەپێش کردۆتەوە، ئەوا بەها و بەروبوومێکی زیاتر بەدەست دەهێنێ. ئەمە ئەو لۆژیکەیە کە بناخەی کۆلۆنیالیزم پێکدێنێ. بەڵام گرنگتر ئەوەیە ئەو تێکۆشانە کۆمەڵایەتیەی کە لەسەر بنەمای ئەم بەهایانە پێش دەکەوێت کە هاتوونەتە ئاراوە، بۆ دەرەوە ئاراستە بکرێت و نەرم بکرێتەوە.

لە ناو هەموو سیستەمەکانی شارستانیەتدا، سەبارەت بە قووڵایی پراکتیزەکردنی ئەم ڕێچکەیە، کۆمەڵگای سەرمایەداری لە هەموویان بە تواناترە. سەرمایەداری لە بواری دەرخستنی تواناکاریەکانی ناوخۆ و دەرەوەی چەوسانەوە بە باشترین شێوە و چەسپاندن و پەسند کردنی لەمیانەی پڕوپاگەندە و نمایشەوە، لە هەموویان باڵاترە. بڵاوبوونەوەی بە بەرفراوانی، بە شێوەیەکی مێژوویی تەواو بووە. هەروەکو دیارە جگە لە بۆشاییەکانی ئاسمان شوێنێکی دی نەماوە فەتح نەکرابێت و قازانجەکەشی زیاتر بێت. تەکنۆلۆژیا کە ڕێگای لەپێش باڵابوونی سەربازی سیستەمی شارستانیەتی سەرمایەداری کردۆتەوە، ئیتر کاریگەرییەکی بە پێچەوانە نیشان دەدات. بە تایبەتیش ناتۆ کە بەرامبەر بە یەکێتی سۆڤییەت ئاوا کرا، ئیتر دەتوانرێ بگوترێ کە ڕۆڵی مێژوویی خۆی بینی. ئەو هاوسەنگییە سامناکەی لەمیانەی بۆمبا ناوکییەکان ئاوا کراوە، گوزارشت لە بنبەستبوونێك دەکات. سیستەمی قەڵغانی دژە مووشەکی، کە کاری بۆ دەکرێت، لە قووڵ کردنەوەی بنبەست بوون زیاتر بەولاوە، هیچ ڕۆڵێکی دیکە نابینێ. ڕێکخستن و تەکنۆلۆژیای سەربازی گرانییەکی مەزن و مەسرەفێکە لەسەر سیستەم. هەروەکو

بڵێی خۆی لە رەوشێکی پووچەڵ بوونەوەدا دەبینێ. هەنگاوی ئاواکردنی سوپایەکی ئەوروپی گوزارشت لە نیازی رزگار بوون لەم بنبەست بوونە دەکات. ئەم هەنگاوەش، وەکو هێزێکی موداخەلە کردنی ناکۆکییە بچووك و خۆجێییەکان بیری لێدەکرێتەوە. دەشێ ئەمە بە هێزی کێومالّی چەسپاندنی ئاشتیش ناوزەد بکرێت.

هەروەکو ئاماژەی پێکرا، ئەم پێشکەوتنە سەربازییانە لەپێناو نوێ بوونەوە و تەواو بوونی قۆناخی ڤەبوون و دابەشکردنی دونیا و لەمیانەی هاوسەنگی ناوکی سامناك گەیاندنیەتی بە ئارامی و تەبایی. قۆناخەکانی دوای ئەوە، ئامانج ئەوەیە لەمیانەی خۆ پڕچەك کردنێکی کەمتر و خەرجیەکی کەم و هەرزانتر درێژە بە ئاشتی و ئارامی بدرێت. پێڕەوی گشتی جیهانیش بە گوێرەی ئەمەیە و لەبارە. ئیتر تا ئاستێکی مەزن قۆناخی سیستەمی جەمسەری دژ بە یەك تێپەڕ کرا، کە رێگایان لەپێش سوپای مەزن و تەکنۆلۆژیای گران بەها دەکردەوە. ئیتر پێکدادان و کێشمەکێشی جەمسەرگەری لە شێوەی سەرمایەداری ـــ سۆسیالیستی سەردەمی بەسەر چووە. ئیتر شەڕە کلاسیکییەکانی رزگاری نیشتمانی بە شێوەیەکی سەرەکی، بە ئامانجی خۆیان گەیشتن و رۆڵیان تەواو بوو. شەڕە چینایەتیەکانی ناوخۆ بۆ ئاستێك دابەزیوە کە دەتوانرێ لەمیانەی دیموکراسی و ئامراز و رێبازە ئاشتیخوازییەکان درێژەی پێبدرێ.

ئەم پێشکەوتنە مێژووییانە وەکو ئاماری سەدەی بیستەم دەتوانرێ زیاتر وەها هەڵسەنگێنرێ کە لە تەواوی چاخەکانی مێژوو خوێناویترە. نەبینراوە کە هیچ چاخێك هێندەی ئەو ماوەیەی سەدەی بیستەم رێگای لەپێش کوشتار و تێکدان کردبێتەوە. بە واتایەکی دیکە مرۆڤایەتی مەحشەری خۆی بینی. وەکو پێویستیەکی رێزگرتن بەرامبەر بە مرۆڤایەتی دەبێ ئەم راستینە بەمجۆرە هەڵسەنگێنرێ. لە قۆناخی ئاواکردنی یەکەمین شارستانیەتدا، مەعشەرەکانی پادشا ـ خوداوەندەکانی سۆمەری و میسرییەکان سنوورداربوون کە تەنیا پشتیان بە میتۆلۆژیا و هەر دوو جیهانی بەهەشت و دۆزەخ دەبەست، بەڵام لە سەدەی بیستەمدا ئەم مەعشەرە لە تەواوی دونیا و لە رێگای ئاستی دێوەزمەی کە هێزی تەکنۆلۆژیا و زانست پێی گەیشتووە، بەدەستی چەندین مرۆڤی گرگنی بێ شومار خوڵقێنراوە و بەرێوەبراوە کە خۆیان کردووە بە خوداوەند. کاتێك مرۆڤ میتۆلۆژیا و زانست بەراورد دەکات، ناتوانێ پرس نەکات ئاخۆ کامەیان مەترسیدارترە؟ مەزن بوونی ئاماری سامناك کە زانست رێگای لەپێش کردۆتەوە، وەڵامی ئەم پرسیارە دەداتەوە و دەبێ پێشی لێبگیرێت.

سەدەی بیستەم گوزارشت لە بە هەلواسراوەیی مانەوەی سەرمایەداری دەکات. ئیتر مسۆگەرە شەڕە مەزنەکان پێویست نین و ناتوانن ببن بە ئامرازێکی چارەسەری. کاتێك بەکار بهێنرێت ئەوا بە

واتای خۆکوشتنی خودی ئەو سیستەمە دێت کە بەکاری دەهێنێت. ئیتر سەرلەنوێ شەڕەکانی دابەشکردن، هەم ئاستی زانست و تەکنۆلۆژیا، هەم ئەو ئازادییە بێسنوورەی کە سەرمایە بەدەستی هێناوە، بێواتایە و بێبەرهەمە و تەنانەت کەوتۆتە ئاستێك گەلێك زیان لەگەڵ خۆیدا دێنێ. ئەگەرنا ئەمە سەرچاوەی بۆ ئەوە ناگەڕێتەوە سەرمایەداری مرۆڤپەروەرە. دیسان یاسای قازانج رۆڵی دیاریکراو دەبینێ. کاتێك قازانج جێگای باس بووە لە بەڕێوەبردنی دژوارترین شەڕدا دوودڵ نەبووە. بەڵام کاتێك مەترسی هەڕەشەکردنە سەر قازانج زیادبوو، ئەوا وەکو پێویستیەکی هەمان یاسای قازانج ئەمجارە ئاشتی دەکاتە ناچارییەك. ئەم هاوسەنگییە لە نێوان قازانج و تەکنۆلۆژیا ئاوا کراوە. بە شێوەیەکی بابەتییانە، سەرلەنوێ هەلگیرسانی شەڕی مەزنی دابەش کردنی بێواتا کردووە. بەڵام دیسان کاتێك باوەڕی بەوە کرد شەڕ رێگا لەپێش قازانجێکی مەزن دەکاتەوە، ئەوا پەنا دەباتە بەر شەڕ و ئەمەش بە گوێرەی یاسای قازانج کردنە. ئەو سەرمایەدارییەی لە قۆناخی لوتکە دایە، ئەم راستینەیە ناچاری قۆناخێکی پەڕینەوەی دەکات.

ئەوە بەرچاو دەکەوێ کە تەواوی سیستەمەکانی شارستانیەت بە سێ قۆناخی مێژووییدا دەربازبوون: دامەزراندن، بە دەزگا بوون و لوتکە. قۆناخی دامەزراندن زیاتر بە واتای لەدایکبوون و پێشکەوتن دێت، بە واتایەکی دیکە منداڵێتی و هەرزەکارییە؛ بە دەزگا بوون، بە واتای لاوی و گەیشتن بە کەسایەتی و ناسنامە دێ؛ هەرچی گەیشتنە لوتکەیە، گوزارشت لە قۆناخی پیر بوون دەکات. لە مێژوودا دەبینرێ سۆمەریەکان، میسرییەکان، رۆما، فارسەکان، چینییەکان، هیندییەکان و ئیسلامییەکان ئەم قۆناخەیان بە شێوەیەکی زۆر سەرنج راکێشانە تێپەڕ کردووە. تەواوی سیستەمە گرنگەکانی شارستانیەت لە قۆناخەکانی کۆتاییاندا رووبەڕووی دووڕیانێك دەبنەوە. ئەو خراپییانەی کۆن بوون لەگەڵ خۆیاندا دێن، یان ئەوەتا لە رێگای سەرلەنوێ ئاواکردنەوە یاخود ریفۆرم هەوڵی تێپەڕ کردنی دەدرێت. بەرامبەر بەو هێزانەی دەخوازن بیرووخێنن هەر دوو رێچکەش بەکار دەهێنرێ. رستۆراسیۆن (سەرلەنوێ ئاواکردنەوە) گوزارشت لە شێواز و تەرزی پاشڤەرۆ دەکات. کاتێك دژە شۆڕش بەرامبەر بەو هێزانە سەردەکەوێت کە رۆڵی شۆڕش دەبینن، ئەوا ئەو قۆناخەی رژێمە دامەزراوەکان تێیدا دەژیت بە سەرلەنوێ ئاواکردن ناو دەبرێت. دەتوانرێ سێیەمین خانەدانی ئووری سۆمەریەکان و قۆناخی نوێی پادشایەتی ٢٠٠ ساڵی دوایی تەمەنی رۆما، وەکو نموونە نیشان بدرێت. لەم قۆناخەدا شکۆدارێتی جاران سەرلەنوێ زیندوو دەکرێتەوە، هەوڵ دەدرێ لەسەر هەمان بنچینە پتەوتر بکرێت. دەوڵەت گەرایی پێش دەخرێت، بە شێوەیەکی توند یاساکان پەیڕەو دەکرێت، هەروەکو بڵێی بەرەو سیستەمی قۆرخ کردن هەنگاو نراوە. لەمیانەی زاراوەیەکی گشتی ترەوە، ئەو

ڕژێمانەی کە لەپێناو لەسەر پێمانەوە و هەڵنەوەشانەوەی سیستەم پێشخران، لە جێگای خۆیدا دەبێت ئەگەر بە فاشیزم ناوزەد بکرێن. جیاوازی نێوانیان لە تایبەتمەندێتی سیستەمەکانیانەوە سەرچاوە دەگرێت.

ریفۆرم قۆناخێکی جیاوازترە. لەجیاتی ڕووخان لە ئەنجامی توند و تیژیەوە، ڕێککەوتن لەگەڵ هێزە بەرامبەرەکان و پێبەپێ گۆڕانکاری سیستەم و سەرلەنوێ شێوەگرتن بە بنەما دەگرێت. لە مێژوودا دەبینرێ ئەو نموونەیەش بە شێوەیەکی بەربڵاو پەیڕەو کراوە. لە ڕەوشێکدا کە هێزەکانی شۆڕش ــ دژە شۆڕش بەسەر یەکتردا سەرنەکەون یاخود کاتێك بخوازرێ ڕێگا لەپێش قۆناخی خوێناوی و تێکدەرانە بگیردرێ، ئەوا ڕێچکەی ریفۆرم دەبێتە ناچارییەك. ئەگەر ڕەوشێکی هەرە کۆتاییش بێت، واتای سەرکەوتنی شۆڕشە. لەجیاتی ڕژێمە کۆن و ڕووخێنراوەکە، لەمیانەی تەگبیری خێرا و ریشەییانە، هەنگاو بە هەنگاو پرۆگرامی هێزە کۆمەڵایەتیە شۆڕشگێڕەکان پراکتیزە دەکرێت. بە شێوەیەکی چڕ و بەرفراوان دەبینرێ کە چەندین گۆڕانکارییە مەزنەکانی مێژوو، لە ڕێگای شۆڕشەوە بەدیهاتووە. هەڵبەتە ژیان ڕەش و سپی نییە و قۆناخ و ڕێچکەی جیاواز لە ناو یەکتردا دەژین، بە خێرایی لە قۆناخێکەوە بۆ قۆناخێکی دیکە دەگوازرێنەوە و ڕەوشی تێکەڵاو و ئاڵۆزیش دەبینرێ. زۆر بە باشی جیاکردنەوەی قۆناخەکانی پەڕینەوە (الانتقال)ی سیستەمەکان، بۆ گەیشتن بە هەڵسەنگاندنێکی ڕاست، جێگای گرنگی و بایەخ پێدانە.

کاتێك سیستەمی شارستانیەتی سەرمایەداری بۆ چەند قۆناخێك جیا بکەینەوە، دەتوانرێ سەدەکانی ١٢ تاوەکو ١٦ ئاوا بوون و پێشکەوتن، سەدەکانی ١٧ ــ ١٩ بە دەزگا بوون و بڵاوبوونەوە، سەدەی بیستەمیش وەکو قۆناخی لوتکە و سەرلەنوێ دابەش کردنی جیهان لەمیانەی شەڕ لە قەڵەم بدرێت. ئاستی بە پرەنسیپ بوون و دەزگا بوون لە دوو قۆناخەکەی یەکەمدا ئەنجام دەدرێت. قۆناخی لوتکەی هەر دیاردەیەك زەمینە بۆ قەوارەکانی دواتر ئاوا دەکات. لە قۆناخی لوتکەی سەرمایەداریش پێشکەوتنی هاوشێوە لە ئارادایە. ناکۆکییە سەرەکییەکانی سیستەم بە باشی کامڵ بووە و سەنتێزی نوێی لە هەناوی خۆیدا هەڵگرتووە. گۆڕینی ناکۆکییەکان بۆ پێکدادان، پەیوەندی بە ئاوا بوونی نوێوە هەیە. لە کاتێکدا گۆشەکان نوێ و لە ناو یەکتردا پێویستییان بە یەکتر هەیە. توێکڵی ڕژێمە کۆنەکە بە تەواوەتی فڕێ نەدراوە. ئەو پێکدادانانەی لە نێوانیاندا هەیە دەشێ ڕێگا لەپێش خنکانی هەر دووکیان بکاتەوە. لە ڕەوشێکی بەمجۆرەدا کاتێك هەر دووکیان بە یەکەوە دژی سیستەمە کۆنە رووکەشیەکە دەربکەون و دوای ئەوەی تێکی بشکێنن، دەرفەتی پێشکەوتنی ئازادانەیان دەست دەکەوێت. تاوەکو قۆناخی شۆڕشی بۆرژوا دژی دەرەبەگایەتییە، دوو چینی

سەرەکی، بۆرژوازی و پرۆلیتاریا بەرژەوەندی هاوبەشیان هەیە. دوای سەرکەوتنی شۆڕش کە بۆرژوا بە پێشەنگایەتی خۆی سەرلەنوێ دەزگاکانی کۆمەڵگا ئاوا دەکات، ئەم بەیەکەوە بوونە کۆتایی پێدێت.

شۆڕشی بۆرژوازی فەرەنسا و پەلامار و سەفەرە مەزنەکانی بڵاوبوونەوەی بە ڕێبەرایەتی ناپلیۆن ئەنجام دەدرێت، نموونەی هەرە بەرچاوی قۆناخی بە دەزگا بوون و پەلهاوێشتنە. سەرلەنوێ ئاواکردنەوەی ساڵانی ١٨١٥ ــ ١٨٣٠ پاشماوەکانی سیستەمی کۆن، دواترین هەڵمەتی سیستەمی دەرەبەگایەتییە. سەرباری تەواوی تەگبیرەکانیان، ناتوانن کۆسپ بخەنە پێش بە دەزگا بوون و بڵاوبوونەوەی شۆڕش لە سەرتاسەری جیهاندا. ئیتر قۆناخی بۆرژوازیەتی کۆمەڵگای چینایەتی لەسەر شانۆی مێژوو بەڕێوە دەچێت. لە شێوە گرتنی هزرییەوە تاوەکو شێوە گرتنی رۆحی، لە ئابوورییەوە تاوەکو سیاسەت و سەربازییەوە لە هەموو بوارێکدا بە گوێرەی چینی نوێی دەسەڵاتدار، سەرلەنوێ شێوە دەگرێت. ئەمە ئەو قۆناخەیە چینی دەسەڵاتدار لە کەسایەتی خۆیدا تەمەنێکی بێ سنوور و کۆتایی بۆ سیستەم دادەنێت. هیچ شوێنێك نەماوە دەستی بۆ درێژ نەکردبێت و لە چوارچێوەی دەسەڵاتی خۆی نەدیبێت. هەر هەمووی بە گوێرەی تێڕوانینی خۆی هەڵیدەسەنگێنێ، لەمیانەی یاساکانی خۆیەوە دادگایی دەکات و بە گوێرەی شێوازی ژیانی خۆی دەزگاکانی ئاوا دەکات. تەنیا ئەوە نییە کە بیر بکاتەوە و قسە بکات، لەهەمانکاتدا رەواترین ئیرادەی بەڕێوەبردنە. ئیتر بە یەکەوە بوونی بۆرژوازی لەگەڵ چینی زەحمەتکێش نەماوە کە وەکو دژێکی خۆی بەخێوی دەکات، ئیتر قۆناخی پێکدادان لە نێوانیان دەستیپێکردووە. لەمیانەی پراکتیکی سیاسی و کۆمەڵایەتی، رۆژ بە رۆژ جیاوازی ئایدیۆلۆژی سەرهەڵدەدات.

بەم واتایە سەدەی نۆزدەهەم سەدەی جیابوونەوە و یەکلابوونەوەی ناسنامە چینایەتییەکانە. ڤەبوونی خێرای لیبرالیزم بە ناوی بۆرژوازیەت و سۆسیالیزم دەبینرێ کە بە ناوی چینی زەحمەتکێشەکانە و یەکسانی بە بناخە دەگرێت. ئیتر ململانێی ئایدیۆلۆژی وەکو جاران لە نێو ئایدیۆلۆژیای چینی دەرەبەگایەتی کە شێوەیەکی ئایینی هەیە، لەگەڵ ئایدیۆلۆژیای بۆرژوازی نییە کە لەسەر بناخەیەکی زانستییە و علمانیە. لیبرالیزمی بۆرژوازی و سۆسیالیزمی زەحمەتکێشان، ناسنامەی نوێی ململانێی ئایدیۆلۆژین. بۆ یەکەمین جارە لە مێژوودا تێکۆشانی زەحمەتکێشان لەسەر بنەمایەکی زانستی دەبێتە خاوەن چوارچێوەیەکی ئایدیۆلۆژی. ئەوەی **عیسا** لەمیانەی "**ئینجیل**"ەوە ئەنجامیدا، **کارل مارکس** دەخوازێ لە ڕێگای **کتێبی "سەرمایە"**وە ئەنجامی بدات. لەمیانەی تێکۆشانی زەحمەتکێشانەوە لە ناوەندەکانی شارستانیەت سەد ساڵ، چڕوپڕ دەرباز دەبێت. یەکەمین و دووەمین

ئەنتەرناسیۆنال دەبەستێ. جوڵانەوەی نوێی جیهانی چەوساوەکان ئومێدێکی مەزن بە مرۆڤایەتی دەبەخشێ.

لە گۆڕەپانەکانی بڵاوبوونەوەی بەدەر لە ناوەند، هەروەکو سەرهەڵدانەکانی سەردەمێکی تیرەکان، رەوتەکانی رزگاری نەتەوەیی کۆمەڵگا پێشکەوتوەکان سەرهەڵدەدات. دەوروبەر لەمیانەی ئەو چەکانەی شارستانیەت، هەوڵی خۆ پاراستن و رزگار بوون دەدات کە لە ناوەندەوە بەدەستی کەوتووە. لە بواری ئایدیۆلۆژیدا نەتەوەپەرستی، لە واری تەکنۆلۆژیشدا چەکی ئاگرین، بە پێی پێویست بەدەست هێنراوە. سەدەی بیستەم بە شێوەیەکی بەرفراوان دەبێتە شایەدی جوڵانەوەکانی رزگاری نیشتمانی و دەوروبەر. ئەو رێککەوتنەی جوڵانەوەی زەحمەتکێشان و جوڵانەوەی نەتەوەیی لە لاوازترین خاڵ واتە لە روسیا ئەنجامیدا، بۆ یەکەمین جار لە نێو هەلومەرجی شارستانیەتدا هەنگاوێکی سەرکەوتووانەی ئەوتۆ دەهاوێژرێ کە ئازادی و یەکسانی بە هەر کەسێك دەکەوێت. بەڵام دوای بەسەر چوونی ٧٠ ساڵ، ئەو شارستانیەتەی کە پشت بە پێکهاتەی هەزاران ساڵەی کۆمەڵگای چینایەتی دەبەستێ، دەتوانی ئەم ئەزموونە وەکو خۆی لێبکات و لە ناوەوە هەڵیوەشێنێتەوە. هەرچەندە ئەزموونەکەی سەرکەوتووش نەبووبێت، ئەوا لەمیانەی ئەو پەند و وانانەی سەبارەت بە رێچکەی سەرکەوتنەوە پێشکەشی کردووین، سەردەکەوێ لەوەی ببێتە بەردی گۆشەی بناخەی مێژوو. شارستانیەتی سەرمایەداری لەم گۆڕانکارییە دەترسێ و یەکەمین و گرنگترین هەنگاو بۆ سەرلەنوێ ئاواکردنەوە دەهاوێژێ. ناسیۆنالیزمی ئەڵمانی کە هیتلەر رێبەرایەتی کرد، لە راستیدا وەڵامێکی گشتی سەرمایەدارییە بەرامبەر بە سۆسیالیزم، کە لە بەرامبەریدا کەوتبوونە نێو ترسێکی مەزنەوە؛ گوزارشت لە سەرلەنوێ ئاواکردنێك دەکات کە لە نێو زەمینەی دژە شۆڕشدا ئەنجامدرا. ئەم هەنگاوەش، ئەنجامی ئەوەی لێدەکەوێتەوە کە ئەوروپا پێشەنگایەتی سەرمایەداری لەدەست بدات و بکەوێتە دەست ئەمریکا. لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا ناوەندی هەرە لەپێشینەی سەرمایەداری ئەمریکای باکوور و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە. دەوڵەتە نەتەوەییەکان نەخشەیەکی نوێیان لە سەرتاسەری جیهان پێك هێناوە. سەرباری ئەو لاوازییانەی لە بناخەکەیدا هەبوو، سۆسیالیزمی بونیادنراو توانیویەتی هەندێ سەرکەوتنی مێژوویی بەدەست بێنێ. دوای قۆناخی فاشیزم لە ئەمریکا و ئەوروپا دا هەنگاوی مەزن بۆ پێشخستنی دیموکراسی دەهاوێژرێ. دەست لە سەرلەنوێ ئاواکردنەوەی فاشیزم بەردراوە و بەرەو ریفۆرمی دیموکراسییانە هەنگاو هاوێشتراوە.

سەدەی بیستەم لەمیانەی شێواز و ڕێچکەکانی ئیمپریالیستی و رزگاری نەتەوەیی، سۆسیالیستی و دیموکراتی و شۆڕش و شۆڕشی چەواشە، سەرلەنوێ ئاواکردن و ریفۆرم، کودەتا و دژە ــ کودەتا بە خوێناوترین شێوە جێگای خۆی لە مێژوو گرتەوە. دەشێ ئەم قۆناخە بە قۆناخی شێت بوونی مرۆڤایەتیش ناو ببرێت. لەم قۆناخەدا ترسناکترین چەك بەکار هێنراون. تەواوی باوەڕ و بەها ئەخلاقییەکان ژێر پێ خران. نەك تەنیا ناوەوەی کۆمەڵگا، بەڵکو ئەو ژینگە و سروشتەی تێیدا نیشتەجێ بووە، رووبەڕووی قۆناخێکی لە ناو چوون بووە. چاوچنۆکی سەرمایەداری بۆ قازانج وەکو ئیرادەیەکی نوێی ئیلاهی رۆڵ دەبینێ و بناخەی ئەم پێشکەوتنانە پێکدێنێ. ئەو زێدە بەرهەمە نادیارەی لە دەستپێکی ئاواکردنی سیستەمی کۆیلەداری هەبوو و پادشا خوداوەندەکانی خوڵقاند. هەرچی زێدە بەها نادیارەکەی سەرمایەیە، ئەم پەرەسەندنەی گەیاندۆتە لوتکە، پادشا ــ بێ خوداکانی بە شێوەی هەرەس ئاسا و مەترسیدارتر لەسەر سەری مرۆڤایەتی کردۆتە بەڵا.

لەبەر ئەوەی تازە سەدەی بیستەم تەواوبووە، لەوانەیە هێشتا بۆ هەڵسەنگاندنێکی گشتی زووبێت. بەڵام ناتوانرێ نکۆڵی لەوە بکرێت کە ئەم سەدەیە بووە سەدەی هێرشی تەواوی هێزەکانی شارستانیەتی چینایەتی بە تایبەتیش هێرشی شارستانیەتی سەرمایەداری بە شێوەیەکی دڕندانە بۆ سەر ئەو خەیاڵە سنووردارەی یەکسانی و ئازادی کە زەحمەتکێشە چەوساوەکان دەیانخواست بۆ خۆیانی بونیاد بنێن. هێرشێکی هاوشێوەی ئەمەش لەو سەردەمەدا ئەنجامدرا کە شارستانیەتی رۆما لە لوتکەدا بوو. لە ساڵانی ٧٠ ی پ.ز یاخی بوونی سوپای کۆیلەکان **"گلادیاتۆر"ی سپارتاکۆس** بەرامبەر بە کۆیلەدارەکان بە شێوەیەکی دڕندانە سەرکوتکرا، ٥٠٠٠ کەس ریز کران و یەك لە دوای یەك لە خاچ دران. کاتێك سیستەمەکان لە جەرگەوە هەرەشەیان لێبکرێت، دوودڵ نابێ لەوەی هارێتیەکی بەمجۆرە پراکتیزە بکات.

راستە کە قۆناخی جوڵانەوە شۆڕشگێڕی و نەتەوەییەکانی سۆسیالیزم بەرەو دواوە چوو، یاخود ئەم قۆناخە بەسەر چوو. بەڵام ئەمەش راستە کە ئەو سەرمایەدارییەی لە ئارادایە وەکو سەرمایەداری کۆن درێژە بە هەبوونی خۆی نادات. نە سەرکەوتنی شۆڕش بە تەواوی بەدیهاتووە نە هی شۆڕشی چەواشە؛ سەرکەوتنی تەواوەتی ئیمپریالیزم و سەرکەوتنی جوڵانەوەکانی رزگاری نیشتمانی بەدی نەهاتوون. سەرلەنوێ ئاواکردن و ریفۆرم هەردووکیان لە سەرکەوتن دوورن. ئەوەی لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەم هاتۆتە ئاراوە، لە هەموو بوارێکەوە رەوشێکی نوێیە.

راستە کە سەرمایەداری لە هەموو شوێنێکدا؛ وڵاتە سۆسیالیستەکانیش لە ناودا، هەوڵ دەدات پێشکەوێت، وەلێ ناتوانرێ نکوڵی لەوە بکرێت ئەو چینەی کە بانگەشەی لەسەر پێ مانەوە دەکات،

سەرمایەدارییە، کە لە ژێر کۆنترۆڵی دەوڵەت پێش دەخرێت. هەروەها ئاشکرایە کە لە تەواوی ئاسیا، ئەفریقیا و ئەمریکای باشوور و لە هەموو وڵاتە ورد و درشتەکاندا، سەرمایەداری هەوڵ دەدات وەکو سیستەم بە دەزگا ببێت. بە شێوەیەکی قووڵ گونجاندنی سیستەم بەڕێوە دەچێت. بەڵام دیسان ناتوانرێ نکۆڵی لەوە بکرێت ئەوەی روودەدات لە مێژووی شارستانیەتدا رەوشێکە لە چاخی سەرمایەداری جیاوازترە. بێگومان چەندین دەرئەنجام هەن کە ئەم قۆناخە دیاری دەکەن. شۆڕشی زانستی و تەکنۆلۆژی نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم لەسەرەوە دێت. هەروەکو دەبینرێ لە وەرچەرخانەکانی شارستانیەتدا هەموو کاتێك زانست و تەکنۆلۆژیا رۆڵی پێشەنگایەتییان بینیوە. ئەو ئاستە نوێیەی کە زانست و تەکنۆلۆژیا پێی گەیشتووە، رەوشی جیاوازی بۆ بەدەست هێنانی قازانج خوڵقاندووە. تەکنۆلۆژیای راگەیاندن و گەیاندن زەقترین نموونەیەتی. هەروەها ئەمەش پێشکەوتنێکی جیاوازتری مێژووییە کە سەرمایە بەبێ هیچ ئاستەمێك و کۆسپێك لە هەموو لایەکدا بۆتە خاوەنی هێزی پاشەکەوت و بەکار بردن. کات ژمێرەکانی کات بە شێوەیەکی جددی کەم بۆتەوە. ئەگەر بە شێوەیەکی سنوورداریش بێت کۆلۆنیالیە کۆنەکان خراونەتە رێڕەوی گەشەکردنی سەرمایەداری. هەر هەمووی بە سەرمایەی دارایی گرێ دراوە. سەرمایەی دارایی لە رێگای بازاڕەوە (بۆرسە) لە سەرتاسەری دونیادا زاڵ بووە. ئەو حکوومەتانەی مل کەچیان بۆ نەکردووە هێندە کەمن، دەتوانین بڵێین نین. لە کاتێکدا لە رابردوودا شەڕ ئامرازێکی بەدەست هێنانی قازانج بوو، وەلێ لەم رەوشە نوێیەدا بۆتە کۆسپ. ئەوەی زیاتر بۆ بەدەست هێنانی قازانج پێویستە، ئەو سەرمایەدارییەیە کە بە رێکوپێکی بەڕێوە بچێت.

بێگومان زانست و تەکنۆلۆژیا رۆڵێکی دیاریکراو لە تەواوی ئەم پێشکەوتنانە دەبینێ و لە جێگای خۆیدا نابێت ئەگەر بگوترێ ئەم پێشکەوتنانە لە ئەنجامی ئیرادەی یەکلایەنەی سەرمایەداری بەدی هاتووە. لە سەرووی هەموویانەوە سۆسیالیزمی بونیادنراو، تێکۆشانەکانی رزگاری نیشتمانی و دەسکەوتە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی کە بەرهەمی تێکۆشانی زەحمەتکێشانی ناوەندە بەهێزەکانی شارستانیەتە و لەمیانەی دەستوورەوە گەرەنتییان کردووە، بە لایەنی کەم هێندەی زانست و تەکنۆلۆژیا رۆڵێکی کاریگەریان هەبووە، لەمیانەی ئیرادەی خۆیانەوە هاوسەنگییەکییان لەگەڵ ئیرادەی سەرمایەداری ئاوا کردووە. لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەم لەجیاتی سەرکەوتنی رەهای لایەنێك، مێژوو شایەدی دەرکەوتنی رەوشێکە بۆ رێککەوتنی هەردوولا گونجاوە. بۆ یەکەمین جارە هێزەکانی کۆمەڵگای چینایەتی لە مێژووی شارستانیەتدا، هەرچەندە لە نێو زەمینە و هەلومەرجێکی یەکسانیش نەبێت، لە ژێر سایەی رژێمێکی دیموکراسییانەی بەرفراوان و لە نێو

زەمینەی ئاشتیدا لەسەر بنەمای دیاری کردنی چارەنووسیان بە شێوەیەکی ئازادانە رێککەوتوون. **شارستانیەتی دیموکراسیانە خەیاڵ نییە، راستییەکە.**

## د ـ قەیرانی گشتی شارستانیەت و چاخی شارستانیەتی دیموکراتی

هەرچەندە دەستەواژەی ـ **"کۆتایی مێژوو"** راستیش نەبێ، ئەوا ئاماژەکردن بەوەی کە تایبەتمەندێتی شارستانیەتی پشت بەستوو بە کارەکتەری چینایەتی کۆتایی پێهاتووە، نزیك بوونەوەیەکی واقیعییە. ئەگەر مێژوو تەنیا بریتی بێ لە تێکۆشان و ململانێی چینایەتی، لەم چوارچێوەیەدا واژەی، کۆتایی بە مێژوو هات، واتایەکی خۆی دەبێ. ئەو بناخە سەرەکییەی کە شارستانیەتی ئاوا کرد، هێزی تەکنیك (ئامرازە) کە کۆمەڵگای نیۆلیتیك خوڵقاندوویەتی. ئەم هێزەی ئامرازەکان و لە خاکە بە پیتەکانی ئەم جوگرافیایەی بۆ ئاودێری گونجاوە، لەمیانەی رێ کردنەوەی بۆ زێدە بەرهەمێك کە ئێجگار زۆر لە ئاستی بەکاربردن زیاتر بوو، زەمینە و ئامادەکاری بۆ لەدایکبوونی کۆمەڵگای چینایەتی کردووە و رەخساندووە. بە شێوەیەکی سروشتی جیابوونەوە لە جۆری بەڕێوەبەر ـ بەڕێوەبراو، دەرفەتی بە دەرکەوتنی دەوڵەت داوە. ئەم دیاردەیەی کۆمەڵگا کە بۆ یەکەم جار لە میزۆپۆتامیای خواروودا ئەنجامدرا، گوزارشت لە شارستانی بوون دەکا. ئاشکرایە کە ئامراز ـ تەکنۆلۆژیا ـ لە گەوهەری شارستانیەتدا شاراوەیە. کاتێك ئامراز دەکەوێتە نێو تواناکاریەکانی پێشکەوتن، ئەوە بە واتای ئەوەش دێت کە لەمیانەی ئامرازەوە پێش دەکەوێ.

تەکنیك (ئامراز) کە لەسەر بنەمای چینایەتی کۆمەڵگا ناچاری پارچەبوون دەکا، رێگا لەپێش کارتێکردن و کاریگەرییەکی دوو لایەنە دەکاتەوە. لە قۆناخی یەکەمدا بناخە لاوازەکەی ئامرازەکان، جیابوونەوەی چینایەتی لە بنەوانەوە دەکاتە ناچارییەك. تەنانەت خودی مرۆڤیش وەکو ئامرازێکی تەکنیکی (آلة) بەکار دەهێنرێ. خودی کۆیلە وەکو لێهاتووترین ئامراز دەبێتە بابەتی بە موڵك کردن، ئەمەش ریشەدارترین پارچەبوونی کۆمەڵگا لەگەڵ خۆیدا دێنێ کە بە شێوەی کۆیلە و خاوەن کۆیلەکانە. کۆیلایەتی مرۆڤ، ئەنجامێکی لاوازی بناخەکانی ئامرازە (تەکنیکە). بە ئەندازەی ئەوەی تەکنیك (ئامرازەکان) پێش دەکەون جیاوازی نێوان ئاستی چینەکان کەم دەبێتەوە.

تەنانەت لە قۆناخەکانی دوای کۆیلایەتیش، بە تایبەتیش کاتێك ئامراز و ئامێرە لە ئاسن دروست کراوەکان پەرەدەسێنێ، ئەو جیاوازییە قووڵەی چینایەتی کەم دەبێتەوە. بەڵام لێرەدا بابەتی هەرە گرنگ، پەیوەندی نێوان ئاستی تەکنیك (تەکنۆلۆژی) و جیابوونەوەی چینایەتییە. تەنانەت

زانینی ئەوەی کە ئامراز لە کامە ئاستدا ڕێگای لەپێش جیابوونەوەی چینایەتی کردەوە، سەبارەت بە تێکۆشانی ئازادی کۆمەڵگا گرنگ و بایەخدارە. لە ڕەوشێکی بەمجۆرەدا پێشخستنی تەکنیك، دەبێتە زەمینە و هەلومەرجی بابەتی، پێشخستنی ئازادی. لە قۆناخی کۆمەڵگای سەرمایەداریدا جێگرتنەوەی لایەنی بەرهەمی کارگەکان لەجیاتی بەرهەمی مانیفاکتۆرا، لە پەیوەندیەکانی چینایەتیشدا ڕێگای لەپێش گۆڕانکارییەکی ڕیشەیی کردۆتەوە. ئامێرە پێشکەوتووەکانی کارگە، ئاواکردنی شێوازێکی پەیوەندی کۆیلەداری لەسەر چینی کارکەر بێ واتا کردووە. تەنانەت شێواز و تەرزێکی بەمجۆرەی پەیوەندی لەگەڵ گەوهەری شێوازی بەرهەمهێنانی کارگە، ناکۆك و پێچەوانەیە. شێوازی بەرهەمهێنانی پێشکەوتووانە، ئەگەر بە شێوەیەکی سنوورداریش بێت، پێویستی بەوە هەیە چینی کارکەر ئازادانە ڕەنجی خۆی بەکار بێنێ. مامەڵەکردن و هەراج کردنی ڕەنج بە شێوەیەکی سەربەست، یەکێکە لە پرەنسیپەکانی سیستەم. بەڵام ئەو زەمینە ماددییەی دەرفەتی ئەمە دەدات خودی کارگەیە.

لە مێژووی ئامێر (تەکنۆلۆژیا)دا قۆناخی سەرمایەداری پێشکەوتنی مەزنی بەخۆیەوە بینیوە. بۆ یەکەمین جار دابڕانی نێوان زانست و تەکنۆلۆژیا لە ئارادا نامێنێ، دەبن بە دوو فاکتەر کە یەکتری تەواو دەکەن. بە تایبەتیش لە سەدەی بیستەمدا شۆڕشێکی مەزنی زانستی تەکنۆلۆژی بەدیدێت. لەم سەدەیەدا جگە لە تەکنۆلۆژیای میکانیکی، بۆ یەکەمین جار تەکنۆلۆژیای ئەلەکترۆنی و ناوەکی پەرەی پێدراوە. پێشکەش کردنی هەر دوو تەکنۆلۆژیا و بەکارهێنانیان بۆ خزمەتی مرۆڤایەتی، تەواوی داب و نەریتە باوەکانی سەراوبن کرد. بە تایبەتیش ئەم لە بوارەکانی سیاسەت و دەوڵەت و سەربازیدا ئەنجام دانی وەرچەرخانی مەزنی کردۆتە ناچارییەك.

دەوڵەت کە سیاسەتێکی چڕکراوەیە و بەدەزگابووە، داهێنان و ئامرازێکی چاخی کۆیلەدارییە. کاتێك کۆمەڵناسی مارکسیزم زیاتر لەسەر بنەمای ئابووری، سەرمایەداری شیکردۆتەوە، ڕێگای لەپێش ئەوە کردۆتەوە کەم و کوڕی مەزن لەم بوارەدا روو بدات. ئەوانەی یەکەمین پرەنسیپ و شێوەی دەوڵەتیان دیاریکردووە، ڕاهیبەکانی سۆمەرن، هیچ بنەمایەکی زانستی نییە. دەوڵەت ئامرازێکە قەبەترین چەوسانەوەی چینایەتی بەڕێوە دەبات، پشت بە هێزی میتۆلۆژی (ئەفسانەیی) دەبەستێ کە زۆر لە هێزی ئایینیش دواکەوتووترە. بە گوێرەی تێڕوانینی ڕاهیبەکان، دەوڵەت نموونەی سیستەمە نەگۆڕەکەی ئاسمانە لەسەر زەوی. هەروەکو چۆن خوداوەندەکان، ئاسمان بەڕێوە دەبەن، دەبێ دەوڵەتیش بەمجۆرە، سەر زەوی بەڕێوە ببات. بەڕێوەبەرایەتی خوداوەندەکان لەگەڵ پیرۆزی دەکرێن بە یەك، ئەوا هەمان شت بۆ بەڕێوەبەرێتی دەوڵەتیش پەیڕەو دەکرێت. بۆچوونی پیرۆز

بینینی دەوڵەت، بیروباوەڕی ئەفسانەیی ڕاهیبەکانی سۆمەرە کە تاوەکو ڕۆژگاری ئەمڕۆمان بەردەوام بووە، بۆچوونێکی هەرە مەترسیدارە کە گەندەڵترین چەوسانەوە و فشاری کۆن ڕەچاو دەکات.

دەتوانرێ بگوترێ بە درێژایی مێژووی کۆمەڵگای چینایەتی لە بواری بابەتی دەوڵەتدا، ئەم تێڕوانینەی سۆمەریەکان بەهێزکراوە و درێژەی پێدراوە. هەر چینێکی نوێی سەردەست، ئەمەی کەمێکیتر پتەو کردووە. لەوانەیە دەوڵەت لە سەرووی ئەو ئامرازە کۆنانەوە بێت کە نەگۆڕدراون. تاوەکو ئێستاش دەوڵەت لە سەرووی ئەم بابەتانەوە دێت کە لە نێو ڕاستینەکانی کۆمەڵگا بە نەناسراوی ماونەتەوە. تەنانەت سەرباری ئەوەی ئایینەکانیش دووچاری گۆڕانکارییەکی مەزن هاتوون، بەردەوام دەوڵەت دەخرێتە نێو بۆتەیەکی پیرۆز و هەوڵی پاراستنی دەدرێ. بە هۆی گرنگی و بایەخەکەی بۆ چینی چەوسێنەر و سەردەست، ئەم شێوەیەی پێدەدرێت و بەمجۆرە هەڵدەسەنگێنرێت. لەبەر ئەوەی نزیکبوون و هەڵوێستەکانی سەبارەت بە سیاسەت و سەربازی، پەیوەندی بە دەوڵەتەوە هەیە، بۆیە هاوشێوەی نزیک بوونەوەیە لە دەوڵەت. دەوڵەت لەمیانەی کاروباری سیاسی و سەربازی و بە پشت بەستن بە بنەما تەکنۆلۆژیەکان، سیستەمی چەوسانەوە و پێکهاتە کۆمەڵایەتیەکانی بەڕێوە دەبات. ئەگەر پێویست بێ، زەبر بەکار دێنێ و بەردەوام ئەم پەیڕەوە پتەو دەکات.

ئەو دەوڵەتەی سەرمایەداری وەریگرتووە، تەواو داهێنانێکی بەمجۆرەی ڕاهیبە سۆمەریەکانە. لەبەرئەوەی هەر چینێکی سەردەستی چەوسێنەر، باش دەزانێ کە ناتوانێ یەك ڕۆژ بە بێ دەوڵەت بژی و بەردەوام بەدوای گەرەنتی دەوڵەتدا دەگەڕێ، بۆیە لە ئاستی پەرستن بەو ئامرازەی دەوڵەتەوە گرێ دەدرێت کە پێشتر لەبەر دەستی دایە و ئامادەیە. ناخوازێ لێپرسینەوە و شیکردنەوە دەرهەق بە دەوڵەت بکرێت. زیاتر بە گوێرەی ناسنامەی خۆی ئۆرگانی نوێ و پۆشاکی نوێ لەبەر دەکات. ئەمە نەریتێکی هێندە بەهێزە، تەنانەت کاتێك شۆڕشی سۆڤییەت ئەنجام درا و گەلێك هێز بانگەشەی ئاواکردنی دەوڵەتی زەحمەتکێشانیان دەکرد، لەوە ڕزگاریان نەبووە تەسلیم بە هەمان دەوڵەتی ڕاهیب نەبن. شتێکی ڕێکەوت نییە ئەو دەوڵەتانەی لەسەر شێواز و تەرزی یەکێتی سۆڤییەتن، شێوازێکن بە ڕادەی هەرە زێدە، لە شێوازی ڕاهیبەکانی میسر و سۆمەر دەچێت. ئەوەی بە ڕادەیەکی هەرە زێدە شۆڕشگێڕەکانی سۆسیالیزمی بونیادنراو ئەنجامیاندا، تێکشکاندن و دڕاندنی ئەو پۆشاك و دەمامك و ئۆرگانە زیادانە بوو کە لە سەردەمی سۆمەریەکان بەدواوە بۆ دەوڵەت دروست کرابوون. بەڵام پێشکەش کردنی هزری دەوڵەتی پیرۆز و گەوهەرە سەرەکییەکەی کارکردن لەژێر فشار و گوشار، لەژێر ناوی "**دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا**"، هەرچەندە درەنگیش بێت، بەڵام دواتر ڕوونبۆوە کە لەخۆ

خەڵەتاندن بەولاوە هیچ واتایەکی دیکەی نییە. دڕاندنی جل و بەرگەکەی وەکو پارچەبوونی دەوڵەت لە قەڵەم دراوە و دەرکی پێکراوە.

لەوانەیە دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا وەکو زاراوە پەیوەندی بە زەحمەتکێشانەوە هەبێت. تەواوی دیکتاتۆریەتەکان پەیوەندیەکیان لەگەڵ چەوسانەوە هەیە. تەنانەت پیادەکردنی دیکتاتۆریەت بۆ یەك رۆژ، بە واتای، بوون بە ئامرازی چەوسانەوە دێت. ئەوەی سۆسیالیزمی سۆڤییەتی رووخاند، ئەو بە هەڵەدا چوونە مەزنە بوو سەبارەت بە بابەتی دەوڵەت و دیکتاتۆریەت. هیچ کاتێك چینە زەحمەتکێشە چەوساوەکان و کۆمەڵگاکان پێویستییان بە ئامرازی دەوڵەت نابێت. چونکە ئەوە ئامرازێکە جیاوازی چینایەتی بەڕێوەدەبات و هۆکاری هەبوونی کۆمەڵگای چینایەتییە.

کاتێك ئەم هەڵسەنگاندنە پێش دەخەین و دەوڵەتی کلاسیك بەبناخە دەگرین، دەخوازین ئەوە روون بکەینەوە ئەم ئامرازە، شێوەکانی یەکێتی سۆڤیەتیشی لە ناودا، نەگۆڕدراوە. کاتێك دەڵێین دەوڵەت نەگۆڕدراوە، مەبەستمان پرەنسیپی پێکهاتن و پەیڕەوە بنەڕەتیەکەیەتی. ئەگەرنا بە درێژایی مێژوو گفتوگۆ لەسەر شێوەی جیاجیای بەڕێوەبەرایەتی دەوڵەت دەکرێت. بەفیڕۆچوونی هەوڵەکانی چەندین مرۆڤی شۆڕشگێڕ کە لە مێژووی جیهاندا بە دڵسۆزی لەپێناو بەدیهاتنی ژیانێکی ئازاد و یەکسان تێکۆشانیان کرد، بۆ دوو هۆکاری سەرەکی دەگەڕێتەوە، دیسان سەرچاوەی خۆی لەو هزر و کرداره چەوتانەیان دەگرێت کە سەبارەت بە بابەتی دەوڵەت هەیانە. چەندین سیستەمیان ئاواکردووە، وەلێ گەورەترین بەڵای بەسەردا هێناون. چونکە بە شێوەیەکی راست لە پیرۆزترین قەوارەی راهیبە سۆمەریەکان نەگەیشتوون. ئەمە ئامرازێکی بەمجۆرەیە، تایبەتمەندێتیەکی بەمجۆرەی هەیە، لەمیانەی رەمزێکی زەبری خودایی وەهاوە رێکخراوە، کە پاشماوەکانی کۆمەڵگا بە شێوەیەکی توندڕەوی و نەزانییەوە بشێوێنێ و چەواشە بکات. سەرەڕای ئەوەی بە سالاچووترین پێکهاتەیە، بەڵام لەمیانەی نوێترین ئارایشتەوە خۆی بە گەنج و جوانکەلە و سەرنج راکێش نیشان دەدات، هەبوونێکی موعجیزەیی و سەیرە کە بە هۆی ئەزموونە مەزن و هێزە سیحراوییەکەیەوە، کەم کەس هەن بتوانن لێی رزگار ببن. هەروەها لەبەر ئەوەی زۆر بە کاریگەر و دووڕەگەزییە (نێرەمووکە)، بۆیە ئاستەمە پارچە بکرێت. کاتێك ئاماژە بەوە دەکەین، ئامانجمان ئەوە نییە بە خراپە نیشانی بدەین. بەڵکو دەبێ ئەوەش بزانرێت تاوەکو راستینەی پارچەبوونی چینایەتی بەردەوام بکات، بە هۆی هەندێ هۆکاری تەکنیکی، بە بێ دەوڵەت ژیان نابێت. لە رەوشێکی بەمجۆرەدا داواکردنی ژیانێکی بێ دەوڵەت، یان لەمیانەی گەڕانەوە بۆ چاخی بەردین، یاخود لەمیانەی

ئانارشیزمەوە دەبێت. بە گوێرەی ئەوەی هەر دووکیشیان لە نێو هەلومەرجی کۆمەڵگای رۆژگاری ئەمڕۆماندا ناشێ، بۆیە ژیان لەگەڵ دەوڵەت دەبێ.

بە گوێرەی ئەوەی هەم تەکنیك، هەم کۆمەڵگای چینایەتی و دەوڵەت کە وەکو بەرهەمێکی لاوازی ئامرازن و لەسەر ئەو بنەمایەش شارستانیەت پێکهاتووە، ئەو پرسیارەی پێویستە بکرێت و گرێدراوی ئەم قۆناخەیە ئەوەیە: لە کامە قۆناخی پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیدا جیابوونەوەی چینایەتی و گرێدراو بەمەش دەوڵەت و ئەو سیستەمەی شارستانیەت پێویست نامێنێ کە پشت بە دەوڵەت دەبەستێ؟ ئەمەیە ئەو پرسیارە سەرەکییەی پێویستی بە وەڵام دانەوە هەیە.

لەگەڵ ئەوەی تەکنیك (ئامراز) جیاوازی چینایەتی خوڵقاندووە، وەلێ دیسان ئەوەی دوای ئاستێکی دیاریکراوی پێشکەوتن بەلاوەی دەنێت، تەکنۆلۆژیایە. بە شێوەیەکی روون و ئاشکرا مێژوو ئەوەی سەلماندووە هەر پێشکەوتنێکی ئامێرەکان و تەکنۆلۆژیا جیاوازی چینایەتی تەسك کردۆتەوە و دەرفەت و تواناکاریەکانی ئازادی زیادی کردووە. هیچ کەسێك ناتوانێ نکوڵی لەوە بکات ئەو ئامرازانەی لە ئاسن دروست کران، تواناکاری و دەرفەتێکی مەزن بوو بۆ ئازادی مرۆڤایەتی. بۆ نموونە ئەو گەلانەی بە سانایی شمشێریان دەسکەوت، ئەو جووتیارانەی ئاسنیان لە گاسنەکانی خۆیان گرێدا و بۆ ئەو پیشەکارانەی کە دەزگاکانی خۆیان لە ئاسن دروست کرد، کانزایەکی دیکە ناتوانن وەکو ئاسن ئەوە نیشان بدەن کە چۆن دەرفەتی ئازادی خوڵقاندووە. مێژوو پڕە لە نموونەی بەمجۆرە.

گرفتێکی دیکەی سەبارەت بەم بابەتە کە پێویستی بە شیکردنەوە هەیە، ئەوەیە کە نابێت رەوشەکانی پیشەکاری کە لەسەر بنەمای پێشکەوتنی ئامێر (تەکنۆلۆژیا) پێشکەوتون و خشتەکردنی کار وەکو پێشکەوتنی دەوڵەت و جیابوونەوەی چینایەتی هەڵسەنگێنرێت. لە راستیدا زیادبوونی پیشەکان و پێویستی خشتەکردنی (تنسیق) کارەکان، بە دەوڵەت بوون و جیابوونەوەی چینایەتی کلاسیکی بێ واتا دەکات. بەڕێوەبەرایەتی خشتەکاری و پیشەکان پێویستی بەلاوەنانی دەوڵەت دێننە ئاراوە.

لەوانەیە گرنگترین ئەنجامی مێژوویی کە شۆڕشە زانستی ــ تەکنۆلۆژیاکانی سەدەی بیستەم لەگەڵ خۆیاندا هێنابێ، ئەوەیە زەمینە مادییەکانی جیاوازی چینایەتییان لە ئارادا نەهێشتووە. دەبێ ئەمە وەکو گرنگترین دیاردە و رەوشی مێژوویی هەڵسەنگێنرێت. بە بێ ئەوەی کاریگەرییەکانی لەسەر پێشکەوتنەکانی کۆمەڵگا ببینرێ، درێژەدان بە هەمان هەڵوێستە تیۆریەکانی پەیوەندی و ناکۆکیەکانی نێوان ئەو چینانەی بە گوێرەی تەکنۆلۆژیای سەدەکانی هەژدەهەم و نۆزدەهەم جێگایان گرتووە، رێگا لەپێش بە هەڵەداچوونی مەزن دەکاتەوە. ئەوەی سەرمایەداری لە دەربەگایەتی

جیاکردۆتــەوە، پێشــکەوتنە زانســتی ـــ تەکنۆلۆژیەکانــە. هــەروەکو دەزانــرێ ئەمــەش چــەندین بەدەزگابوونی سیاسی و کۆمەڵایـەتی لەگـەڵ خۆیـدا خولقانـد، لـە سـەرووی هەمووشـیانەوە دەوڵـەتی نەتــەوی، کۆمــار و علمانیــەتن. ئــەنجامێکی دیکــەی ئــەم پێشـکەوتنەوە رێکردنــەوەی بــوو لــەپێش تێکۆشانە نەتەوەیی و چینایەتییەکان.

دەتوانرێ پێش بینی ئەوە بکرێت کە دووەمین شۆڕشـی مـەزنی زانسـتی ـ تـەکنۆلۆژی، ئەنجامـە کۆمەڵایەتی، سیاسی و سەربازییەکانی زۆر گەورەتر و هەمیشەیی دەبێت. ئەوەی توانـای بـەدیهێنانی هەیە، مەزنایەتی شۆڕشی زانستی، تەکنۆلۆژییە. تازە بە تـازە ئەنجامـەکانی دەردەکـەوێت. یەکـەمیان هەڵوەشـانەوەی جەمسـەرەکانە. هەڵوەشـانەوەی یـەکێتی سـۆڤییەت یەکـەمین ئـەنجامی گرنگـی ئـەم شۆڕشەیە. هەرچەندە هۆکاری دیکەشی هەیە، بەڵام ئەو تێڕوانینە گشتییەی پەسند دەکرێت ئەوەیە کە گرنگترین هۆکار ئەم شۆڕشەیە. دووەمین ئەنجامی گرنـگ، لە دەستدانی گرنگی و بایـەخی جـارانی دەوڵەتی نەتەوەییە. بێگومان تا رادەیەکی مەزن سنوورەکان واتای خۆیان لە دەستداوە. ئاشـکرایە کـە تەکنۆلۆژیای گەیاندن رۆڵێکی شۆڕشگێڕی نائاسایی لەمەدا بینیوە. هـەنگاونان و ئاراسـتەکردن بـەرەو کۆمەڵگای زانیاری هێندە خێرا بـووە کـە لەگـەڵ هـیچ قۆناخێکدا بـەراورد ناکرێت. ئەنتـەرنێت، بـە تەنیا دیاردەیەکی مـەزنی شۆڕشـگێڕانەیە. هـەر شـیکردنەوەیەکی تیـۆری ئەگـەر ئەنجامـە ئـابووری و کۆمەڵایــەتی و سیاســی و ســەربازی و شۆڕشــی تــەکنۆلۆژی نــاوەکی و ئەلــەکترۆنی و میکــانیکی رەچاونەکات، ناتوانێ ئەم قۆناخانە بە شێوەیەکی راست هەڵسـەنگێنێ کـە بەرێوەچوون. تـاوەکو ئـەم هەڵسەنگاندنە راستەش پێشـنەخرێت، نـاتوانرێ پرۆگرامێکـی سیاسـی راسـت و سـتراتیژی و تـەکتیك پێشبخرێت. ئاشکرایە سەبارەت بەم بابەتە پێویسـتی بـە وتوویـژێکی قـووڵ و رەخنـە و رەخنـەگرتن هەیــە. گــرنگترین هۆکــاری ئــەو قەیرانــە ئایدیۆلۆژیــەی لــە ئارادایــە، لاوازبــوونی ئاســتی ئــەمجۆرە هەڵسەنگاندنانەیە.

کاتێك شۆڕشی زانستی ـ تەکنۆلۆژی وەکو راستینەیەکی دەست لێبەرنەدراو کۆمەڵگای چینایەتی ناچاری گۆڕانکارییـەکی مـەزن دەکـات، ئـەو کاتـە چۆنێتی پێشخستنی ناسـنامەی ئایـدیۆلۆژی نـوێ و بەرنامەی سیاسی، گرنگی و بایەخێکی مەزنی دەبێت. لـە هـەموو قۆناخـە مێژووییـەکانی بـەمجۆرەدا لێکەرینی مەزن و وتوویژ زیادیانکردووە.

١ ـ ئــیتر ســەرمایەداری وەکــو سیســتەمێکی شارســتانیەت نــەماوە و هەڵوەشــاوەتەوە. ئــەوەی هەڵوەشـاوەتەوە تـەنیا سۆسـیالیزمی بونیـادنراو نییـە. ژێرکـەوتنی فاشـیزم لـە راسـتیدا ژێرکـەوتنی ســەرمایەدارییە. ئــەو شکســتەی لــە وڵاتــە کۆلۆنییەکانــدا دووچــاری هــات پارچــەکەی دیکــەی ئــەم

شکستەیە. شکستی ئەمریکا لە ڤیتنام، شکستی داگیرکاری نوێشە. ئەوەی لە دووەمین شەڕی جیهانیدا شکستی هێنا، لە راستیدا پێکهاتەی هەر دوو سیستەمە، کە پشتیان بە زانست ــ تەکنۆلۆژیا و فەلسەفەی کۆن دەبەست. ئەم پێکهاتانە زیاتر پشت بە میکانیکی زانست ــ تەکنۆلۆژیا و شرۆڤەکانی هزری فەلسەفی دەبەست. پراکتیزەکردنی یاسا میکانیکییەکانی ناو کارگە، ئاستی تەکنۆلۆژیایە. تا رادەیەکی مەزن پێویستی بە هێزی بازووی کارکەران هەیە. ئاستی زانستیش لە ئاستێکدایە کە هزر و بۆچوونی ئەرێیی لەخۆوە دەگرێت. پێشتر ئاماژە بەوە کرا سیاسەت لەمیانەی دەزگا کۆنەکان تەنانەت لە رێگای نزیکبوونە ئەفسانەییەکان، بەها و نرخی پێدەدرێت. لە کاتێکدا لیبرالیزمی بۆرژوازیەت بە فاشیزم و نەتەوەپەرستی شۆڤێنی ئەنجامگیردەبێ، ئەوا ئاستی سەرەڕۆیی و تۆتالیتاری سۆسیالیزم بە دەوڵەتگەراییەکی بە توانا و نەتەوەپەرستییەکی ـ سۆسیال ئەنجامگیربوو. دووەمین شەڕی جیهانی شەڕێکی ئاسایی و لەخۆوە نەبوو، بەڵکو بۆ ئامانجی سەرلەنوێ ئاواکردنەوەی شارستانیەتی سەرمایەداری دەگەڕێتەوە کە کەوتبووە نێو قۆناخی قەیرانێکی قووڵەوە. ئەو شێوازە کۆمەڵکارییەی کە هەر سیستەمێکی کۆمەڵگای چینایەتی لە قۆناخی هەڵوەشانەوە بە ئامانجی لەسەرپێمانەوە پێشیدەخات، هەمان شێوەی زێدەڕۆیی دەوڵەتگەرایی پێکدێنێت. لە لایەکی دیکەوە سێیەمین ئەنتەرناسیۆنالیستی سۆسیالیستی کە بە ئامانجی رووخاندنی سیستەمی سەرمایەداری لە رێگای شۆڕشەوە بەسترا، سەرەڕای ئەوەی لە شەڕدا ژێرنەکەوت و تەنانەت لە دوای شەڕ لە چەندین گۆڕەپاندا سەرکەوتنی بەدەستهێنا، بە هۆی بنبەستبوونی ئایدیۆلۆژی لە هەڵوەشانەوە رزگاری نەبووە.

ئەگەر سەرنج بدرێ، دەبینرێت کە هەر دوو سیستەم نەك لە ئەنجامی سەرکەوتن، بەڵکو لەمیانەی رەوشی هاوسەنگییەوە جارێکی دیکە قەڵەمبازیان هاوێشتووە. ئەو چەمکەی سەلمێنراوە ئەوەیە کە سەرمایەداری ناتوانێ لە ئاکامی شەڕەوە خۆی بەهێزبکات، ئەمە راستە قۆناخی سەردەستی بێسنوور لەدواوە بەجێماوە. هەروەها پێشکەوتنێکی گرنگتر ئەوەیە چەوتی چەمکی دوو جەمسەری ئاشکرابووە؛ راستتر ئەوەیە، هەڵە و کەموکوڕییەکانی رێبازی ململانێ و تێکۆشانی نێوان چین و نەتەوە چەوساوەکان و ئیمپریالیزمی سەرمایەداری ئاشکرابووە. ئەنجام نە "**کۆتایی مێژوو**" و نە چاخی **دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریایە**؛ بەڵکو ئەو قەیرانە قووڵەیە کە سیستەمی شارستانیەتی کۆمەڵگای شارستانیەت لەدوا قۆناخی خۆی، لە گەوهەری سەرمایەداریدا تێیکەوتووە. بەڵگەیەکی دیکەی گرنگ و سەلمێنەری ئەم قەیرانە ئەوەیە کە ئەنجامەکانی شۆڕشی زانستی و تەکنۆلۆژی، کە دەیتوانی دوای شەڕ تەواوی مرۆڤایەتی بە تێربوونێکی ماددی و مەعنەوی بگەیەنێ و

دەرفەت بە هەموو جۆرە دەوڵەمەندی و بە پیتیەك بدات، نەخرایە خزمەتی مرۆڤایەتییەوە. ئەگەر ئایدیۆلۆژیا و سیاسەتی سەردەست نەبوایە، ئەوا ناکۆکییە چینایەتی و نەتەوەییەکان بە بێشەڕ چارەسەردەکران و ئەو بناخە تەکنۆلۆژیەش ئامادەبوو کە بە هۆیەوە دەوڵەمەندی و زێدەبەرهەمی بێتەئاراوە. بەڵام دەزگاکانی پێکهاتەی سەرخانی سیستەم و پەیوەندیەکانی موڵکایەتی، دەرکەوتنی سیستەمێکی نوێ ئاستەنگ دەکەن.

بەرچاوترین سیستەمی قازانجی سەرمایە، بازاڕی (بۆرسە)ی نێودەوڵەتییە. قۆناخی قازانجکردن لە ڕێی بۆرسە، کە سەرمایەداری پشتی پێدەبەستێ، گوزارشت لەوە دەکات کە بەبێ کارکردن پارەیەکی زۆر و زەوەند قازانج بکەی. ئەمەش هەروەکو ئەوە وایە سیستەم پشت بە یاری قومار ببەستێ. هیچ ئامرازێك وەکو ئەمە بە شێوەیەکی روون و ئاشکرا بەسەرچوونی سیستەم و کەوتنە نێو رەوشی هیچ و پووچی، نیشاننادات. ئەم رەوشە، واتا پەیوەندیە کەوتووەکانی موڵکایەتی، شێوازی قوماری پەیوەندیە باوەکانی موڵکایەتی کە لە ئارادایە، تەنیا رێگای لەپێش ئەو کاریگەرییە زیانبەخشانە نەکردۆتەوە کە دزەی کردۆتە ناو تەواوی کۆمەڵگا؛ بەڵکو خراپتر ئەوەیە کە بەردەوام شانس و دەرفەتی دەرکەوتنی سیستەمی نوێ دوا دەخات. کۆمەڵگا فێری سیستەمی قازانجی سانا و هەرزان دەکات، بەمجۆرە ئەخلاقەکەی تێکدەدات و دەیکات بە موحافەزەکار. دژی پێشکەوتنە خوڵقکار و نوژەنەکان دەوەستێ. گەیشتنی سیستەم بەرەو شتێکی بەمجۆرە سەنگەرگرتن نییە، بەڵکو رەوشێکە بە گشتی لە ئارادایە. ئەگەر بناخەی ئەو تەکنۆلۆژی و سەرمایەیەی کە لە ئارادایە؛ لە بوارەکانی پێداویستیەکانی، ژینگە، تەندروستی، پەروەردە و دەستەبەرکردنی کار بە شێوەیەکی راست بەکاربهێنرێت و بخەوێنرێ، ئەوا هەم جیاوازی چینایەتی دەکەوێتە نزمترین ئاست، هەم دەشێ هەموو ئەو ناکۆکیانەی کە دەردەکەون بە بێ توند و تیژی چارەسەربکرێت.

لێرەدا گرنگترین بابەت کە پێویستە جیابکرێتەوە، ئەوەیە کە هەروەکو چۆن دامەزراندنی سیستەمی شارستانیەتی کۆمەڵگای چینایەتی وەکو ئەنجامێکی پێشکەوتنی تەکنیك (ئامراز)بووە، ئەوا کۆتایی پێهاتنیشی وەکو ئەنجامێکی ئاستی نوێی پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیا بووە بە رۆژەڤ. هەروەکو چۆن (ئامراز) تەکنیك هێزێکی بانگەوازی شارستانیەتی کۆیلەداری بوو، ئێستاکەش بۆتە هێزی بانگەوازی بێ واتابوونی کۆمەڵگای چینایەتی. بە بێئەوەی پەناببرێتە بەر شیکردنەوەیەکی تیۆری قووڵ، ئەوا هەر کەسێکی خاوەنی زانیارییەکی ئاسایی بێت، دەبینێ کە ئەم رەوشە راستینەیەکە لە ئارادایە و بەڕێوەدەچێت.

٢ ـ لــە رەوشــێکی بــەمجۆرەدا هەڵوێســتەکردن و تــاوتوێ کردنــی هێڵــە گشــتییەکانی ئــەو ئەلتەرناتیفەی پێویستە بکەوێتە رۆژەڤەوە، دووەمین بابەتە کە جێگای گرنگی و بایەخ پێدانە. ئەوەی پێویست بێت شۆڕشە خوێناوییەکان نییە، راستتر ئەوەیە کە بناخەی تەکنۆلۆژیا ئەم رێچەکەیەشی بێ واتاکردووە. لە نێو هەلومەرجێکدا کە تەکنۆلۆژیای گەیاندن و راگەیاندن گەیشتۆتە ئاستێك لەمیانەی تەلەفۆنی گیرفانەوە شوانێکی سەری چیا سات بە سات بۆ بەستنی پەیوەندی لەگەڵ هەموو لایەنێکی جیهان کراوەیە، هەروەها هەموو قەدەخەنامەکان بێ واتابوون و لەکارکەوتوون، ئاشکرایە جگە لە خۆپاراستنی ناچاری، لەمیانەی شێواز و رێچکەکانی توند و تیژی و خوێنڕشتن گەیشتن بە ئەنجام بێواتابووە. لەمیانەی نموونە جۆربەجۆرەکانی هەموو لایەنێکی جیهان، روون بۆتەوە توند و تیژیترین بەڕێوەبەرایەتی دەوڵەتەکانیش ناتوانن ئەم هێزەی تەکنۆلۆژیا تێکبشکێنن. تەکنۆلۆژیا تەنیا تواناکاری بێسنوور بۆ بەرهەمهێنانێکی زۆر و بەپیت ناهێنێتە ئاراوە، بۆ ئەوەی کۆسپە سیاسییەکانی پێشی بەلاوەبنرێت، تواناکاری مەزن سەبارەت بە وشیاری پێویست و رێکخستن پێشکەش دەکات. لەم بوارەشدا بەڕێوەبەرایەتی کۆمەڵگای چینایەتی بێچارە و بێواتادەکات.

لەبەرئەوەی لە سەدەی نۆزدەهەم و نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم، پێشتریش، بە درێژایی تەمەنی مێژوو، توانستێکی تەکنۆلۆژی بەمجۆرە نەبوو، ئەوا رێکخستنی نهێنی و سەرهەڵدان و شەڕە درێژخایەنەکان وەکو رێچکە و شێوازی ناچاری رۆڵیان دەبینی. لە دووەمین نیوەی سەدەی بیستەمدا ئەو شۆڕشە ریشەییانەی بۆ یەکەمین جار لە مێژوو روویاندا کۆتایی بەم رەوشە هێناوە. هەندێك لە زانایان سێ قۆناخی سەرەکی مێژوو دەژمێرن. یەکەمیان، قۆناخی شۆڕشی کشتوکاڵ و کۆمەڵگای گوندە کە بە بەرفراوانی باسمان کرد. لە ساڵانی ١٠٠٠٠ ی پ.ز لە سەردەمی ئاواکردنی یەکەمین دەوڵەتی شار تاوەکو ٣٠٠ ی پ.ز بەردەوام دەبێت. سەردەمی کۆمەڵگای شار کە پیشەکاری شار، مانیفاکتۆر دەرکەوتنەپێش، دووەمین قۆناخە؛ کە بۆ ماوەی نێوان ٣٠٠ ی پ.ز تاوەکو ١٩٥٠ ی زایینی دەگەڕێتەوە. هەرچی قۆناخی مێژووی نوێیە، ئەو پێشکەوتنانە دەگرێتەوە کە گەورەترین شۆڕشی زانستی ـ تەکنۆلۆژی مێژوو لە دوای ساڵانی ١٩٥٠ رێگای لەپێش کردەوە. هەرچەندە ئەم دابەشکردنە کەموکوڕی جددیش لەخۆوە بگرێت، وەلێ لەبەر ئەوەی بەرهەمهێنانی لەمیانەی تەکنۆلۆژیا و پەیوەندیەکەی لەگەڵ کۆمەڵگا بە سەرەکیترین فاکتەرەکانەوە گرێداوە، بۆیە رێبازێك دیاری دەکات کە پێویستە بەهەند وەربگیرێت.

ئاشکرایە پێکهاتەکانی ئەم قۆناخە نوێیەی کە پشت بە ئاستی تەکنۆلۆژیا و زانست دەبەستن، کارەکتەری چینایەتییان بەرچاو و لەپێش نابێت. زیاتر لێهاتوویی پیشەکاری شێوەی ئەو کۆمەڵگایە

دیاری دەکات کە پێك دێت. گەوهەری سیاسیش وەکو جاران هێندە دیاریکراو نابێت. زیاتر دەزگاکانی لەجۆری کۆردیناسیۆن (**التنسيق**)ی گشتی و ئەندازیاری بەکاربردن بە بناخە دەگیردرێت. ئیتر کێشە بەڕێوەبردن و کارکردنی بە زۆرنییە، بەڵکو بە گوێرەی توانستی خۆی، دەبێ کێشەیەکی ڕاست هەڵبژێرێ و بە شێوەیەکی بە بەرهەم بەڕێوەی ببات. ڕاستتر بڵێین، قۆناخێکە کە ناچاربوون و ناڕازی بوونی بەلاوەناوە. کاری کردووە بە ئەشق و دڵخوازی و کردوویەتی بە نەریتێکی جیانەکراوەی ژیان و بە خۆبەختی (**گوعی**) تەڤلی بەڕێوەبەرێتی دەبێت. بە واتای ڕاستەقینە ئەو پێڕەوەی کار هاتۆتە ئاراوە کە بۆ سیستەمی سۆسیالیستی پێشبینی دەکرێت. بۆ یەکەمین جارە مرۆڤایەتی بەو ئاستەی زانست و تەکنۆلۆژیا گەیشتووە کە دەرفەت بە پێڕەوێکی بەمجۆرەی کار دەدات.

٣ ـ ئەو ڕەوشە مێژووییەی لە دوای شەڕی دووەمی جیهانی هاتە ئاراوە، ئەوەی ئاشکراکرد کە سیستەمی شارستانیەت لەمیانەی شێوە کلاسیکییەکانی دەوڵەت و سیاسەت بەڕێوە نابردرێت. ڕۆڵی دیاریکراوی شۆڕشی زانستی ـ تەکنۆلۆژی لەوەدا ئاماژەی پێکرا. ئەو ئاستەی تەکنۆلۆژیای سەربازی پێیگەیشتووە جگە لەوەی ڕێگا لەپێش پێشکەوتنی نوێ ناکاتەوە، گەیشتنی بە ئاستێك مرۆڤایەتی لەنێوببات، هۆکارێکی دی گرنگە. لە کاتێکدا چەمکی کلاسیکی دەوڵەت و سیاسەت لەمیانەی ئەو شەڕانەی لە سەرتاسەری جیهاندا ڕێگایان لەپێش کردەوە، ئەوەی سەلماندووە کە تواناکاری بەڕێوە بردنیان لەدەستداوە. پێویستی بەلاوەنانی ئەو دەزگا سیاسییانەی لە ئارادان ئاشکرابووە. بە واتایەکی دیکە ئیفلاس بوونی هێزی چارەسەری و سیاسەتی شارستانیەتی کۆن جێگای باسە. ئیدی ئاشکرابووە، دەزگاکان و ئەو چەمکانەی لە پەیوەندیە باڵاکانی بەرهەم هێناندا پشتی پێ دەبەستن، بەڕێوەناچێ. لەگەڵ هەڵوەشانەوەی سیستەمی سۆڤییەت ئەوە زیاتر یەکلابووەوە کە ئەو ڕەوشەی هاوسەنگی لەسەر بنەمای هێزی ناوکی سامناك ئاواکراوە، هەمیشەیی نییە. هاوکات ئەوەش واقیعی نییە ئەنجامێکی بەمجۆرە هەڵهێنجرێ کە جەمسەری بەرامبەر سەرکەوتووە. تەنیا ئەوە سەلمێنراوە کە پێداگرتن لەسەر بنبەستبوون چارەسەری نییە و قەیران کارەکتەرێکی ڕیشەیی هەیە. ئیفلاس بوون و لەکارکەوتنی مۆدێلەکانی چارەسەری دوای شەڕی دووەمی جیهانی ئاشکرابووە. هەروەها ئەوەش دەزانرێ کە تاقیکردنەوەی ئەورووپا سەبارەت بە سوپایەکی بچووك و لێگەڕینەکانی ئەمریکا سەبارەت بە قەڵغانی دژە مووشەکی، لە چارەسەری ڕیشەیی زیاتر، ئامانجی بەسەربردنی ڕۆژانە و گەرەنتی کردنی هەندێ بەرژەوەندی کاتی لەخۆوە دەگرێت.

ئەو ڕاستینەیەی ئەم هەڵسەنگاندنە کورتە دەستنیشانی دەکات ئەوەیە قۆناخێکی پەڕینەوەی مێژوویی ناچارییە. ئەنجامی ئەم (قۆناخە) ناچارییە لەمیانەی پاشماوەکانی سیستەمی کۆنی

شارستانیەت که کاریگەرییەکی بەهێزی هەیە، بۆ ئەوە سەرچاوە دەگرێت تاوەکو ئێستا هەڵمەتی نوێی مرۆڤایەتی شێوەی نەگرتووە. ئەو قۆناخانەی پەڕینەوە لە مێژوودا درێژخایەن بوون. تەنانەت هەندێ سیستەم لە ڕەوشی ئیمپراتۆریەتدا، نوێنەرایەتی ئەم قۆناخە دەکات. لە ماوەی نێوان یەکەمین بە دەزگابوونەکانی شارستانیەتی کۆیلەداری و بە دەزگابوونەکانی قۆناخی گەیشتنە لوتکە و رووخان، نموونەی زەقی دەربازبوون هەیە. هیتیتیەکان و هۆری ــ میتانییەکان، فینقییەکان و فریگاییەکان کە لە ماوەی قۆناخی دامەزراندنی یەکەمین ئیمپراتۆریەتی میسری و سۆمەری تاوەکو گەیشتنە لوتکەی ئیمپراتۆرییەتی رۆما ـ گریك، هەروەکو قۆناخی دەربازبوون، لە هەموو بوارەکانی ئابووری، کۆمەڵایەتی، سیاسی، میتۆلۆژی، تەکنیکی (ئامرازەکان) و زانستیدا، رۆڵی گواستنەوە دەبینن. ئامرازی گواستنەوەی دەسکەوتە مەزنەکانی شارستانیەتن رۆژهەڵات بەرەو رۆژئاوا و ناوچەکانی خۆیان، زیاتر لەم لایەنەوە کارەکتەری پەڕینەوەیان هەیە.

نموونەیەکی گرنگی دیکە ئەوەیە هەر دوو ئیمپراتۆریەتی ساسانی و بێزەنتی رۆڵی پەڕینەوەیان لە شارستانیەتی کۆیلەدارییەوە بۆ شارستانیەتی دەرەبەگایەتی بینی. هەر دووکیشیان رۆڵی پرد دەبینن لە نێوان چاخی سەرەتایی و چاخەکانی ناوین و ئەڵقەی نێوان شارستانیەتی کۆیلەداری و شارستانیەتی دەرەبەگایەتی دەبینێ. نموونەیەکی دیکەی گرنگ، ئەو رۆڵەیە مۆنارشیەکانی ئەورووپای رۆژئاوا بینیان لە نێوان دەرەبەگایەتی و سەرمایەداری لە هەمان چوارچێوەدایە. مۆنارشیەکان قۆناخەکانی نێوان دەربەگایەتی و سەرمایەدارییە، شێوەی پەڕینەوەیە. ئیمپراتۆریەتەکانی عوسمانی و روسیای قەیسەریش هەرچەندە هەندێ جیاوازیشیان هەبێت، نموونەی سەبارەت بە قۆناخەکانی پەڕینەوەن. قۆناخی پەڕینەوەی بەمجۆرە کە لەمیانەی دەزگاکانەوە گوزارشتیان لێدەکرێ، رۆڵی پرد دەبینن لە نێوان شارستانیەتی کۆن و نوێدا، جەمسەرەکانی هەر دووکییان لە ناواخنی خۆیاندا دەگەن بە یەك. بێگومان پێویستیەکی فەلسەفەی زانستیش ئەوەیە، یەکێتی کاتی نێوان لایەنەکانی کۆن و نوێ قۆناخێکی ناچارییە. ناچارییە دەبێ تەواوی پێشکەوتنەکانی سروشت بە قۆناخێکی یەکێتییەکانی بەمجۆرەدا دەربازبن. پەیڕەوکردنی ئەم دیالیکتیکەی پەرەسەندن لەسەر کۆمەڵگاش کە بەردەوامی سروشتە، ناچارییە.

٤ ـ ئەو قۆناخەی کە قەیرانی سیستەمی شارستانیەتی کۆن تێیدا قووڵ بۆتەوە و هەمیشەییە و هێشتا شێوەی قەڵەمبازی شارستانیەتی نوێی ئاشکرا نەبووە، دەشێ بە چاخی شارستانیەتی دیموکراسی ناوببرێت. لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەم، باوبوون و جێگیربوونی کارگێڕییە دیموکراسییەکان وەکو رژێمێکی تەبایی و رێککەوتن، بژارێکی بە گوێرەی ئارەزوو نییە، بەڵکو

ئەنجامێکی ئەو هەلومەرجانە بوو کە لە ئارادابوون. ڕۆڵێکی دیاریکراوی، ئیفلاس کردنی بژاری فاشیزمی سەرمایەداری و تۆتالیتاریزمی سۆسیالیزمی بونیادنراو، لە گەیشتن بەم ڕەوشەدا هەبوو.

ناتوانرێ بژاری فاشیزمی سەرمایەداری لەمیانەی شێوە هیتلەرییەکەوە هەڵسەنگێنرێ. ئەمە قۆناخێکە ڕاستینەی ڕژێمی خوێناوی و پاشڤەڕۆی تەواوی سەرمایەداری و باڵادەستی سەرمایەی فینانس لە بواری سەرمایەدا، پشت ڕاست دەکاتەوە. ئەمە تەنیا لە ناوەندەکانی سەرمایەداریدا نییە، هەروەکو دەزانرێ هەوڵ دەدات لە پەیوەندییەکانی دەوروبەر و وڵاتانی کەناریشدا بڵاوی بکاتەوە. ڕەوشی توندڕەوترین ڕژێم کە مێژوو بەخۆیەوە دیوە؛ بۆ مەترسییەکانی هەلومەرجی رووخان و کارەکتەری شۆڤێنی نەتەوەپەرستی کە دەمارگیری ئایینی تێپەڕکردووە، هەروەها بۆ بەهێزبوونی ئەو ئەگەرە دەگەڕێتەوە کە سۆسیالیزم ببێتە سیستەمێك. هەرچی سەرکەوتنی شۆڕشی زانستی و تەکنۆلۆژی و بە گشتیش، ئەو ئاستەی ئازادییە کە مرۆڤایەتی بەدەستی هێناوە، هۆکاری سەرەکی سەرنەکەوتنی ئەو ڕژێمانەیە. ئەم ڕەوشەش سەرمایەداری ناچاری بژارێکی نوێ کردووە. بە گوێرەی ئەوەی ئەگەری سەرکەوتنی سەرتاسەری فاشیزم دەرفەتی نییە و ڕووخانیش پەسند ناکات، ئەوا سیستەمێکی ڕێککەوتن و تەبایی درێژخایەن دەبێتە ناچارییەك. کاتێك ئەم ڕژێمەی تەبایی بە دیموکراسی ناودەبرێت، ئەوا هێندە لێی نامۆ نییە. بە تایبەتی کاتێك سەرکەوتنە مەزنەکانی شۆڕشی تەکنۆلۆژی ئەوە دەسەلمێنێ، دیموکراسی تەنیا کۆڵەکەیەکی لەسەرپێمانەوە نییە بەڵکو ڕژێمێکە بە ڕادەیەکی هەرە زێدە پێشکەوتن بەدیدێنی، ئەمە ڕێگا لەپێش متمانە و باوەڕی زیاتری سەرمایەداری دەکاتەوە. دیموکراسی، سەرەڕای ئەوەی لە سەرەتادا بە شێوەیەکی سنووردار پەیڕەودەکرا، لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەم وەکو گونجاوترین شێوەی ژیان و بەڕێوەبردن پەسند دەکرێ کە بەرەو سیستەمێکی گەردوونی ئاراستەدەکرێ و پێبەپێ بڵاودەبێتەوە.

ئاراستەکردنی سۆسیالیزمی بونیادنراو بەرەو تۆتالیتاریزم لەگەڵ پرەنسیپی ئازادی سۆسیالیزم ناکۆکە کە پێویست بوو زیاتر بەرەو پێشەوەی ببات. هەرچەندە توانەوەی تاك لە ناو کۆمەڵگادا ئامانجی یەکسانی لەخۆوە بگرێت، بەڵام کاتێك ئاشکرابوو بە ئەندازەی لیبرالیزمی سەرمایەداری تاك ناتوانێ خوڵقکاربێت، ئەوا ژێرکەوتنی دەبێتە ڕاستینەیەکی دەست لێبەرنەدراو. یەکسانییەکی چوارچوار لە ناو کۆیلەکاندا هەیە. بەڵام ئەوەی لە کۆیلایەتیدا بوونی نییە ئازادییە. لەم قۆناخە بەدواوە زیاتری چالاکی و کردارە گرنگەکانی مرۆڤ تا ڕادەیەك لەپێناو ئازادی بووە. سۆسیالیزمی بونیادنراو وەکو ڕژێمەکانی ڕاهیبی سۆمەرە کە بە گوێرەی ڕۆژگار گونجێنراوە. یەکەمین هەرەوەزی و هاوبەشێتی کۆیلایەتی ڕاهیبە سۆمەرییەکان ئاوایان کردووە. جۆرێکی کۆیلەداری دەوڵەت لە ئارادایە

کە زۆر لە دەوڵەت گەرایی سۆسیالیزمی بونیادنراو دەچێ. ئیتر ئەمە چ لە ژێرناوی چەپڕەوەکان یاخود راستڕەوکان ئەنجام بدرێت، لەوانەیە ئەو سیستەمانەی لەسەر بناخەی دەوڵەت ئاواکران خزمەتێکیان بۆ یەکسانی هەبێت، بەڵام بێ‌ڕای ئەمە لەمیانەی بە قوربانی کردنی ئازادییەکانی تاك بەدیدێت. لە نێو زەمینە و هەلومەرجی کۆمەڵگای چینایەتی، دەوڵەت بە واتای نکۆڵیکردن لە ئازادی دێت. دەوڵەتگەرایی سۆسیالیزمی بونیادنراو کە کردارێکی چڕتر و بەرفراوانتربوو، بە بەراوردکردن لەگەڵ سەرمایەداری، ئازادی تاکی زۆر دواتر خستووە.

ئەو رژێمانەی دەرفەتی ئازادییان نەداوە، بەرامبەر بەو رژێمانەی دەرفەتی ئازادیان داوە، لە بەکارهێنانی زەبر بەولاوە هیچ ریبازێکی دیکەیان نییە. بە شێوەیەکی سەرەکی سیستەمی یەکێتی سۆڤییەت لەم خاڵەدا دۆڕاندی و ونیکرد. بێگومان هەڵەکانی ناسنامەی ئایدیۆلۆژی لە ژێر ئەم راستینەیەدا شاراوەیە. ئەگەر نزیکبوون و هەڵوێستێکی فەلسەفی ئەوتۆ نیشان نەدرێت کە هێندەی سەرمایەداری ناسنامەی تاك ئازاد بکات، هاوکات ئەمەش لەگەڵ چەمکێکی واقیعی یەکسانی نەکرێتە یەك، ئەوا باس کردنی شارستانیەتێکی نوێ بە هەڵەداچوون و خەڵەتاندنێکی مەزنە. کاتێك فەلسەفەیەکی ماتریالیستی قەبە وەکو چوارچێوەیەکی ژیان بە بنەما بگیردرێت، ئەوا رووبەڕووبوونەوە بەرامبەر بە سیستەمێکی نوێی کۆیلایەتی دەبێتە ناچارییەك. کاتێك دیاردەیەکی هێندە ئاڵۆزی وەکو ژیانی مرۆڤ دەخەیتە نێو چەند کلێشەیەکی ماتریالیستی قەبە، ئەمە تاوەکو دوایی دەرگای خوڵقاندنی مرۆڤێك ئاوالادەکات کە مەحکوومی ئارەزوو و غەریزەکانی بێت. ئەزموونی سۆڤییەتیش تا رادەیەك ئەم راستینەیە دەسەلمێنێ. هەموو جۆرەکانی نەتەوەپەرستی کە سەدەی بیستەمی درەوشاندەوە، لە گەوهەری تیرەگەرێتی هاوچەرخ بەولاوە هیچ ناوەڕۆکێکی دیکەی نییە. وەکو تیرەگەرێتیەك لە بواری چەندایەتی و چۆنایەتییەوە مەزن بووە. چاوەڕوانی ئەوە ناکرێت نەتەوەپەرستی لە شارستانیەتێکی نوێدا رۆڵ ببینێ. کاتێك دیموکراسی هاوچەرخ شیدەکرێتەوە، پێویستە لەمیانەی ئەم راستینە سەرەکییانەوە تەماشابکرێت. لە نێو هاوسەنگی سامناکی ناوکی و دەوڵەت گەرایی تۆتالیتاریدا، تەواوی خەڵك دەبن بە سەرباز و کارکەر. ئەو پێشکەوتنانەی تەواوی پێوانەکانی کۆمەڵگای چینایەتی تێپەڕکردووە، ئیتر دەبێتە هۆکاری ئەوەی پێکهاتە بنبەست بووەکانی شۆڕش و شۆڕشی چەواشە نەتوانن رۆڵی ئاسایی رژێم ببینن. هیچ شۆڕش و شۆڕشێکی چەواشە ناتوانێ لەمیانەی ئەم پێکهاتانە بۆ ماوەیەکی درێژخایەن لەسەرپێ بمێنێتەوە. ئەمە لەمیانەی گەلێك نموونەی بەهێز و بەرچاو سەلمێنراوە.

دەشێ چەندین پێناسە دەرهەق بە دیموکراسییەت پێشبخرێت. دەشێ بە درێژی هەڵوێستە سەبارەت بە کارەکتەری چینایەتی و تەبایی و ئاشتیخوازیەکەی بکرێت. دەکرێ پێشکەوتنی تیۆری و پراکتیکی بە قووڵایی روون بکرێتەوە. دەتوانرێ ئاماژە بەوە بکرێ کە بە تەنیا سیستەمێکی شارستانیەت نییە. بەڵام هەرچەندە سنوورداریش بێت دەتوانرێ بگوترێ بۆ یەکەمین جارە تەواوی گەل و کلتوورەکان بەو دەرفەتە گەیشتوون لە نێو بەرفراوانترین زەمینەی ئاشتیدا لە ژێر ناوی بژاری ئایدیۆلۆژی و ئابووری و سیاسی جیاواز پێش بکەون و پێشبڕکێیەك بکەن. ئاماژەکردن بەو دیموکراسییەتەی کە لە کۆتایی سەدەی بیستەم سەرکەوتنەکەی مسۆگەربوو و کارەکتەری تەسکی چینایەتی تێپەڕکردووە، بایەخێکی مەزنی هەیە. تەواوی ئەو دیموکراسییەتەی تا ئەو سەردەمە پراکتیزە دەکران، مۆرکی چینێکی سنووردار لەخۆیەوە دەگرێت. ئەو دیموکراسییەتە رووکەشییەی هەیە، هاووڵاتییە فەرمییەکانی لەخۆوە نەگرتووە، لە شێوەی بەڕێوەبەرایەتی کۆمەڵێك هاووڵاتی دەوڵەمەند بەولاوە تێپەڕی نەکردووە. هەروەکو یەکەمین دیموکراسییەتی ئەسینا راستینەی چینایەتی بە بنەما دادەنرێت. بەڵام ئەو سیستەمە دیموکراسییەی لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەم مسۆگەربوو، تا ئاستێکی مەزن ئەو سنوورانەی تێپەڕاندووە. تەنیا بە فراوان کردنی بۆتەی چینایەتی ناوەستێ؛ لەهەمانکات لە بوارە سەرەکییەکانی وەکو هزر، باوەڕی، ژیانی کلتووری، جیاوازی ئابووری و بە پارتیبوونی سیاسی، دەرفەتی ئازادی بیروڕا و رێکخستن دابین دەکات. تەواوی رکابەرەکان بە بێ ئەوەی پەنا ببەنە بەر توند و تیژی، کەم یاخود زێدە، خاوەنی شانس و دەرفەتی پێشکەوتن و گۆڕانکارین. لێرەدا لە بوارەکانی چینایەتی و نەتەوایەتی، هزری و باوەڕی ئابووری و کلتووری، کۆمەڵایەتی و سیاسی، تێکۆشان و هاوکاری، کۆتایی پێ نایەت. پەیوەندی و ناکۆکییەکان هەڵناواسرێ و بەربەست ناکرێن. قۆناخێکی بەڕێوەبردن سەرهەڵدەدات کە تەنیا گرێدراوی یاسا پەسندکراوەکان و شێوە ئاشتیخوازەکانە.

ئەوە مسۆگەرە دیموکراسی گەوهەرێکی مرۆڤانەتر لەخۆوە دەگرێت. بەکارهێنانی ئاستی خوێناوی و خوێنڕشتن وەکو پێوانەیەکی جوامێری و مەزن بوون، داب و نەریتێکی هەرە دڕندانەی کۆمەڵگای چینایەتییە. لە راستیدا هێندە مەزنکردن و پیرۆزکردنی، لەپێناو شاردنەوە و دەمامك کردنی، نەفرەت لێکراوترین راستینەیە. هیچ سەرکەوتنێك پیرۆزنییە کە لە ئەنجامی کوشتارێکی تێرۆریستانەی تۆقێنەر ئەنجام درابێت. ئەگەر هەر باس لە پیرۆزی بکرێت، ئەوا جگە لە ژانی منداڵ بوون کە ناچارییەکە، ئەوا ئەو پێشکەوتنانەی لەمیانەی کەمترین ئازارەوە لە خزمەتی تەواوی مرۆڤایەتی بە دیهاتووە، دەشێ شایستەی ئەم خەسڵەتە بێت. دیموکراسی هاوچەرخ شێوازی

بەڕێوەبەرایەتی خوێناوی درێژخایەنی مێژوویی کۆمەڵگای چینایەتی تێپەڕدەکات و رژێمێکە هەموو کەسێك، هەر نەژادێك، ئایینێك، رەگەزێك و گروپی سیاسی و ئابووری دەتوانێ ئازادانە گوزارشت لە خۆی بکات، شێوەیەکی ژیان و بەڕێوەبەرایەتییە نزیکی سیفەتی پیرۆزییە. ئەگەر بڵێین بۆ یەکەمین جارە لە مێژوودا، بەم ئاست و لەم چوارچێوەیەدا بە دیدێت، لە جێگای خۆیدا دەبێت.

گەشەکردنی دیموکراسی هاوچەرخ لە ناوەوەیە و پەرسەندنەکەی پلەبەپلەیە. لەمیانەی دەرئەنجامی زەق و سەرنج راکێشەوە خۆی نمایش ناکات. بەڵام ئەگەر بخوازێ هزر و رۆحی خۆی لەمیانەی پێشکەوتنە خولقکارەکان پڕبکات، ئەوا بە سانایی دەتوانرێ بگوترێ مرۆڤایەتی رژێمێکی لەوە باشتری نەدۆزیوەتەوە. لەگەڵ ئەوەی وەڵامی پێویست دراوەتەوە وەلێ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە، کە بۆچی یەکەمین جارە بەم بەرفراوانی و گشتگیرییە بە دیدێت، ئەوا دەبێ بە بێ قەڵس بوون وەڵامی بدەینەوە و دووبارە بڵێین بەهۆی شۆڕشە زانستی ـ تەکنۆلۆژیەکانە، کە تواناکاری ماددی بەلاوەنانی ئەو قەیرانە قووڵ و درێژخایەن و هەمیشەییەی رەخساند کە لە ئارادابوو.

راستینەیەکی گرنگ کە شیکردنەوەکانمان سەبارەت بە شارستانیەت هەوڵی سەلماندنی دەدات، ئەوەیە کە دەخوازێ ئەمە روون بکاتەوە کە پێکهاتنی چینەکان و کۆتایی هاتنیان لەمیانەی توند و تیژیەوە بەدینایەت. توانستی تەکنۆلۆژی رۆڵێکی دیاریکراو دەبینێ. کاتێك لەمیانەی تەکنیك (ئامراز) تواناکاری پێشکەوتنی کۆمەڵێك سەلمێنرا، ئەوا پێکهاتنی چین ناچارییە. چونکە هەموو کەسێك سوود لەم پێشکەوتنە دەبینێت. لە سەرتادا کاتێك سیستەمی کۆیلایەتی ئاواکرا، بە گوێرەی رابردوو، بۆ زۆربەی کۆیلەکان، هەلومەرجەکانی ژیان لە نێو ئاسایشدایە و زگیان تێرترە. ئەم توانا ماددییەیە کە جیاوازی چینایەتی خولقاندووە. دیالیکتیکی پێشکەوتنی کۆمەڵگای چینایەتی بە درێژایی مێژوو ئەم راستینەیەی پشت راست کردۆتەوە.

لە ئەزموونەکانی سۆسیالیزمی بونیادنراوەوە روون دەبێتەوە و دەرکی پێدەکرێت، هەرچەندە لە قۆناخی شارستانیەتی سەرمایەداریدا بتوانرێ لە رێگای زەبرەوە چینەکان بڕووخێنرێن و لە بواری جەستەییەوە لەنێوببردرێن، بەڵام وەکو دەزگا لەنێوناچن، هەرکاتێك زەمینە و دەرفەتیان بۆ برەخسێ سەرلەنوێ سەرهەڵدەدەنەوە. لە سۆسیالیزمی بونیادنراودا لە رێگای زەبرەوە هەندێ چین لەنێوبران. بەڵام نەتوانرا رێگا لەوە بگیردرێت چینی نوێ و زۆڵتر دەربکەوێ. دیسان هۆکارەکەی ئاستی تەکنۆلۆژیایە. هەر دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی کە ئاستی تەکنۆلۆژیا دەرفەتی پێداوە و رێگای لەپێش پێشکەوتنەکەی کردۆتەوە، تەنیا ئەگەر لەمیانەی ئاستێکی تەکنۆلۆژیدا بێ واتابێت و پێویستی پێنەمێنێ ئەوە لەنێودەچێت. دەشێ لە رێگای شۆڕش و زەبر و شۆڕشی چەواشە دیاردە

کۆمەڵایەتیەکان ئاستەنگ بکرێت، بەڵام لەنێو نابردرێت. هەربۆیە ئەو کۆمەڵگایانەی کە پێکهێنراون، هەم پێکهاتەکانی سەرخان هەم هی ژێرخان، تەنیا کاتێك پێشکەوتنە تەکنۆلۆژیەکان بیکات بە ناچارییەك، لەنێودەچن، یاخود بۆ شێوەیەکی دیکەی کۆمەڵگا دەگۆڕێن. ئەو شێتایەتییانەی بەر لە دیموکراسییەتی هاوچەرخ ئەنجام دراوە سەرچاوەکەی بۆ پێشێل کردنی ئەم یاسایە دەگەڕێتەوە. لەبەر ئەم هۆکارەیە کە تۆتالیتاریزمی فاشیزم و رژێمەکانی سۆسیالیزمی بونیادنراو سەرکەوتنیان بەدەست نەهێنا، بەڵام چەندین پێشکەوتن کە ئەوان خواستیان بەدیبێنن و تێیدا سەرنەکەوتن، تەکنۆلۆژیا تواناکاری بەدیهێنانی رەخساندووە.لە حاڵەتێکدا چەکە ناوکیەکان وەکو رۆژگاری ئەمڕۆمان لەبەر دەستی هیتلەر کەڵکە ببوایە، ئەوا هەموو ئەوانەی لەنێودەبرد کە رقی لێیان بوو. چونکە بنگەیەکی تەکنۆلۆژی هەیە. ئیتر پێویستی بە چینی جووتیار و کارکەری زۆر و زەوەند نییە، چونکە پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیا هەبوونی ئەم چینانەی بە شێوەیەکی بەربلاو بێ واتا کردووە. لە ئەنجامدا ئاشکرا دەبێت ئەوەی رۆڵی دیاریکراو دەبینێ، زەبرنییە، بەڵکو تەکنۆلۆژیایە.

لە رەوشێکی بەمجۆرەدا دیموکراسی هاوچەرخ واقعبینترین رێبازە کە هەم دەرفەت بە بژاری تەکنۆلۆژی و لە رێگایەوە دەرفەت بە پێشکەوتن دەدات، هەم بە بێ پەنابردنە بەر زەبر، دەرفەت و زەمینەی ئەوە دەرەخسێنێ کە دیاردە کۆمەڵایەتیەکان لە رێگای بژاری کۆمەڵایەتیەوە لە ئارادا نەمێنن، یاخود وەرچەرخان ئەنجام بدەن. هێزی سەرەکی دیموکراسییەت لەو کەسانەوە نایەت کە بە دڵسۆزی پێیەوە گرێدراون، بەڵکو سەرچاوەی خۆی لەم رێگاچارە راستەدا وەردەگرێ. ئەو کار و خەباتە زانستییانەی ئەنجام دراوە، ئەوەیان روون کردۆتەوە هاوکارییەکی پتەو لە نێوان دیموکراسی و پێشکەوتنی ئابووریدا هەیە. بێگومان سەرەکیترین هۆکار کە بناخەکەی پێکدێنێ، ئەوەیە کە پێکهاتەکەی نوێنەرایەتی هەڵوەستەی کۆمەڵگایەك دەکات، زۆر لە سیستەمی سروشتی خۆی نزیکە. لێرەدا باس لەپێشکەوتنێکی سروشتی ناکەین کە لەسەر بنەمای شێوازی راهیبی یاخود شرۆڤەی ماتریالیزمی قەبە بێت. هەروەکو چۆن دەبێ یاسا تایبەتییەکانی خۆی رەچاوبکرێت، ئەوا یاساکانی وەرچەرخانی کۆمەڵگا تەنیا دەشێ لە نێو چوارچێوەی یاساکانی پەرەسەندندا بێت. کارامەیی دیاردەی کۆمەڵایەتی کە لە دەرەوەی ئەمە بێت یاخود تێپەڕی بکات، ئەوا لە دەست نەزانی مرۆڤەوە دەشێ تەنیا رێگا لەپێش هاربوون بکاتەوە.

لە نزیکەوە بینینی هەندێ تایبەتمەندێتی چاخی دیموکراسی جێگای بایەخە.

آ ـ دیموکراسی هاوچەرخ بەرهەمی ئەو قەیرانەیە کە سیستەمی شارستانیەت لە قۆناخی کۆیلەداری بەدواوە تێی کەوتووە و لەمیانەی کۆمەڵگای چینایەتییەوە قووڵ و بەردەوام بووە. تەواوی

سیستەمی دەزگا و پرەنسیپەکانی کۆمەڵگا بەرامبەر بە شۆڕشی مەزنی زانستی ـ تەکنۆلۆژی تێرناکات و نابێتە وەڵام. ئەم رەوشەش لە بواری ئابوورییەوە تا دەگاتە بواری ئایدیۆلۆژی، گوزارشت لە پەرتەوازەبوون و سەراوبن بوونێکی گشتی دەکات. گومان لە تەواوی پرەنسیپەکان دەکرێت، دەزگاکان لەکارکەوتوون. بەرامبەر بەمەش هێشتا سیستەمی کۆمەڵگای نوێ دیارنییە. هێشتا نازانرێ ناسنامەی ئایدیۆلۆژی و دەزگا سەرەکییەکانی، چ شێوەیەك وەردەگرێت. ئەوەیان سەلماندووە سەرلەنوێ ئاواکردنی فاشیزمی کۆن و پێکهاتە شۆڕشگێڕییە نوێیەکانی سۆڤییەت، هێزی چارەسەری نییە. دیموکراسی هاوچەرخ شێوەی بەڕێوەبردن و ژیانی ئەم قۆناخە مێژووییەیە.

ب ـ شۆڕشی زانستی ـ تەکنۆلۆژیەکان، ئەمەیان وەکو ناچارییەك نەهێشتووە کە ژیان بە شێوەی کۆمەڵگای چینایەتی بێت و شارستانیبوونیش بەمەوە گرێ بدرێت. بنگەی تەکنۆلۆژی نەك جیاوازی چینایەتی، بەڵکو نەبوونی چینایەتی دێنێتەئاراوە. هەروەکو چۆن شارستانیەتی چینایەتی لەسەر بنەمای ئاستی تەکنیك ـ ئامراز پێشکەوت، ئیتر ئەو ئاستە تەکنۆلۆژیەی لە ئارادایە. ئەم شێوازە بە سەرەکیترین کۆسپی پێش کۆمەڵگا دەبینێ. تەکنۆلۆژیا نکۆڵی لە کۆمەڵگای چینایەتی دەکات؛ لە کۆمەڵگای چینایەتییەوە بەرەو کۆمەڵگای پیشەکاری، بەرەو بۆتەی کۆمەڵگایەکی نوێی ناچاردەکات. بنگەی تەکنۆلۆژی پێکهاتەی ژێرخانی دیموکراسی هاوچەرخ پشت بەوە دەبەستێ کۆمەڵگای چینایەتی لە رەوشێکی ناچاری دەربخات. بە گوزارەیەکی دیکە، شۆڕشی تەکنۆلۆژی بەهێزترین بنەمای دیموکراسی هاوچەرخە. پەیوەندیەکی یەکلاکەرەوە و چارەنووس ساز لە نێوان دیموکراسی هاوچەرخ و شۆڕشی زانستی ــ تەکنۆلۆژی بەدیهاتووە. لە هیچ قۆناخێکی مێژوویی پێشووتردا، پێشکەوتنێکی بەمجۆرە نەهاتۆتە ئاراوە. هەربۆیە دیموکراسی هاوچەرخ بژارەیەکی ئارەزوومەندانە نییە، بەڵکو بۆ ئەو هێزە مادديیەی تەکنۆلۆژیایە دەگەڕێتەوە کە قۆناخی نوێی مێژوویی دەستنیشان کرد و دەرفەتی بە پێکهاتنی کۆمەڵگای وشیار و رێکخراو داوە. هەردووکیشیان بەو ئاستە گەیشتوون کە بە باشترین شێوە یەکتری تەواو بکەن. پێویستییان بە یەکترە و یەکتری پێش دەخەن.

ج ـ لەناوبردن یاخود وەرچەرخاندنی هەموو جۆرە دیاردەیەکی کۆمەڵگا و چینەکان نەك لە رێگای توند و تیژی، بەڵکو تەنیا لەمیانەی گۆڕانی ئاستی تەکنۆلۆژیا و زانست بەدیدێت. هەروەکو چۆن لەمیانەی بەکارهێنانی زەبر، دیاردەی کۆمەڵگا ناخولقێنرێ، بە هەمان رێباز لەناویش ناچێ. ئەوەی لە وەرچەرخانیشدا رۆڵی یەکلاکەرەوە دەبینێ، بنگەی زانستی ــ تەکنۆلۆژییە، نەك زەبر. ئەگەری ئەوە هەیە هەندێ دیاردەی چینایەتی و کۆمەڵایەتی لە بواری جەستەیی لەنێوبچێ یاخود پێك بهێنرێ. بەڵام لەبەرئەوەی لەسەر بنەمای زەبر پێکهات، ئەمانە لەوە رزگاریان نابێت لە

بەرامبەر توند و تیژی دیکە لەناو نەچن. نەزانی رۆڵێکی دیاریکراو دەبینێ لە پێکهاتنی بناخەی زەبر. هەرچەندە کردار و زانست، نەزانی بەلاوەبنێ، ئەوا بەو ئەندازەیە بێ واتابوونی زەبر ئاشکرا دەبێت. بە رادەیەکی مەزن زەبر بەرهەمێکی پێشنەکەوتنی زانست و کردارە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا. ئەم تیۆرییە باش دەرکی پێدەکرێت کە دەڵێ زەبر مامانێتی ئەو کۆمەڵگا نوێیەیە کە تازە لە دایك دەبێت. ئەرکی مامانێك لە کاتی ژان و منداڵ بوون ئەوەیە کە یارمەتی بدات بۆ ئەوەی منداڵ بوونەکە ئێشی کەمتر و بە دروستی بێت. بەڵام ئەو توند و تیژیەی لە مێژوودا پەیڕەوکراوە گەوهەرێکی بەمجۆرەی هەیە، کە ئەو منداڵە خاوەن تەندروستییانەی لە دایك بوون، واتە مرۆڤەکان بچووکتر دەکاتەوە، لەپێشکەوتنی ئازادانەی بێبەش دەکات، تەنانەت وەکو ناسنامەی مێگەلی ئاژەڵ هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکات و هەندێ جاریش قڕی دەکات. هێندە پەیوەندی بە مامانێتییەوە نییە، بەڵکو زیاتر پەیوەندی بە جەللاد و بەندکردنەوە هەیە. لە مێژوودا بەکارهێنانی زەبر بە شێوەیەکی بێئامان و زێدەڕۆییانە، پەرەسەندنی سروشتی کۆمەڵگا تێپەڕ دەکات و تەنگەتاوی دەکات. دواکەوتوویی (سەرەتایی) تەکنیك و پێشنەکەوتنی زانست (زانیاری) سەرەکیترین هۆکاری ئەم رەوشەیە. ئەو زەبرەی لە ژێر فەرمانی شارستانیەتی کۆمەڵگای چینایەتی دایە لە سەرووی هەمووشیانەوە دەوڵەت، تەنیا کاتێك ئەم بنگەیە بەلاوەنرا واتای خۆی لەدەست دەدات.

ئەم قۆناخە مێژووییە بۆتە راستینەیەك. هەربۆیە تیۆریەکانی وەرچەرخان و لەناوبردنی کۆمەڵگا لەسەر بنەمای زەبری دژە شۆڕش و پاشڤەڕۆیی و موحافەزەکاری و زەبری شۆڕشگێڕی واتای خۆیان لەدەستداوە. دیموکراسی هاوچەرخ ئەو وەرچەرخانەی کۆمەڵگا بە بنەمادەگرێت کە بە گوێرەی پەرەسەندنی سروشتییە. ئەمەش پشت بەو وشیارییە دەبەستێ کە دەرك بەوە دەکات بنگە زانستی ـ تەکنۆلۆژییەکەی بە شێوەیەکی بەهێز هەیە. نابێ ئەنجامێکی بەمجۆرە هەڵهێنجێ کە دیموکراسی رێککەوتن یا سازشکارییەکی نێوان زەبری شۆڕشگێڕی و زەبری دژە شۆڕشە. بێگومان هەڵوێست و نزیکبوونەوەی بەمجۆرە هەڵەیە. لە گەوهەری دیموکراسیدا رێککەوتن و تەبایی لە رێگای زەبرەوە نابێت. بە پێچەوانەوە دیموکراسی دەرکەوتنی زەبر لە رۆژەڤی کۆمەڵگا بە بنەما دادەنێت. ئەمە هیچ پەیوەندیەکی بە ملکەچ کردنیشەوە نییە. بە پێچەوانەوە باوەڕی بەوە دەکرێت کە راسترین پێشکەوتنی ئازادی لە نێو زەمینەیەکدا پەرەدەسێنێ کە سەردەمی زەبر تێیدا بەسەرچووبێ و بێ واتابێت. لەم لایەنەشدا دیموکراسی هاوچەرخ رەخنەدانی هەموو هەبوونێکی شارستانیەتی کە بە پشت بەستن بە زەبر هاتوونەتە ئاراوە، دەکات بە پێویستیەك. دیموکراسی رژێمێکی ریشەیی رەخنەدانە. هەڵوێست بەرامبەر بە زەبر تاکتیکی و تەنانەت ستراتیژیش نییە،

بـەڵکو پرەنسـیپییە. سـەرەکیترن پرەنسـیپی دیموکراسـی، بـاوەڕی کـردن بـە هـەبوونی قۆنـاخێکی مێژووییە کە زەبری بەدەرناوە و لەمیانەی هێزی زانست و تەکنۆلۆژیاوە پێی دەگات. ئـەم پرەنسـیپە گوزارشت لە بناخەیەکی فەلسەفی قووڵ دەکات. ستراتیژ و تاکتیکـەکانی سیاسـەت و بەڕێوەبەرایـەتی بـە بناخـە ناگرێـت، ئەمانـە زیـاتر وەکو پێویسـتیەکانی پراکتیزەکـردن هەڵدەسـەنگێنن. ئـەم نزیـك بوونەوەیەی سەبارەت بە زەبر، کارەکتەری ئاشـتیخوازانەی دیموکراسـی هاوچـەرخ دەردەخاتـە پـێش. ئاشتی کۆمەڵایەتی وەکو شێوەی پەرەسەندنی سروشتی دەرکی پێدەکرێت، باوەڕی پێدەهێنرێت. نابێ بەمجۆرە هەڵسەنگاندن بکرێ کە ئاشتی واتای ملکەچ کردنە بەرامبەر بە زەبر، بە پێچەوانەوە بـەڵکو واتای لەکارکەوتنی زەبری هەیە. باوەڕی بە جیهانی شارستانی و کۆمەڵگایەکی بێ شەڕ دەکات، ئەمـە بە بناخە دەگرێت.

پاراسـتنی رەوا، پرەنسـیپێکی دیکـەی گرنگـی دیموکراسـی هاوچـەرخە. لـە نێـو کۆمەڵگایەکـدا پەیوەندیـەکانی دیموکراسـی هاوچـەرخ نـەبێت، یـاخود دیموکراسـی دووچـاری هێـرش بێـت، ئـەوا خۆپاراستن لەسەر بنەمای پاراستنی رەوا مافێکە، تەنانـەت سـەرەکیترین مـافی دەسـتوورییە. ملکـەچ کـردن بـۆ ئـەو یاسـا و دەوڵەتانـەی کـە دیموکراسـییانە نـین، ناشـێ بـە هەڵوێسـتێکی دیموکراسـییانە دابنرێت. ئەم هەڵوێسـتە (پاراسـتنی رەوا) ئـەوە لـەخۆوە ناگرێـت لەمیانـەی دژە هێرشـێك هێـزە دژە دیموکراسییەکان لەناو ببرێت. زیاتر ئەوە دەکات بە مەرجێك لە رێگای وشیاری و رێکخستنی تـەواوی کۆمەڵگا و هەمیشەیی کردنی مافی ناڕەزایی و خۆپیشاندان، بێدادی بـەلاوەبنرێت. ئـەو بەرخودانـەی پراکتیزە دەکرێت، دەکەوێتە ناو چوارچێوەی پیرۆزی پاراستنی رەوا و گەوهەری یاساش پێك دێنێت. پاراسـتنی رەوا، پاراسـتنی چەکداریشـی لـەناودا، سەرچـاوەی خـۆی لـە پرەنسـیپەکانی دیموکراسـی هاوچەرخ وەردەگرێت. هەر چالاکیەکی ئەمە تێپەڕ بکات ناکەوێتە نێو چوارچێوەی پاراستنی رەوا.

**د ـ** لە بۆتەی دیموکراسیدا، نەك چینێك، دەستەیەك یان نەتەوەیـەکی سەردەسـت بـەڵکو تـەواوی کۆمەڵگا بە بناخە دەگیردرێت. بە درێژایی مێـژوو چـەندین دەزگـای دیموکراسـی؛ بنگـەی چـینایەتی، دەستە و نەژادیان تێپەڕ نەکردووە. ناوزەد کردنی ئەوانە بە دیموکراسییەتی چینە کلاسیکییەکان لە جێی خۆی دایە. هەرچی دیموکراسی هاوچەرخە، بە پێچەوانەوە تەواوی ئەو ناسنامانە رەوا دەبینـێ کە پەیوەندییان بە کۆمەڵگاوە هەیە و هیچ یەکێکیان قەدەخە ناکات، بەرگری لە مافـەکانی ئـازادی و یەکسانی دەکات. جیاوازی نێوان ناسنامە کۆمەڵایەتیەکان وەکو کێشە نابینێ و وەکو دەوڵەمەندییـەك پەسندی دەکات، تەنانەت پەرەیان پێدەدات و بۆ پێشکەوتن هانیان دەدات. بەمجۆرە لەبەرئەوەی پەنا نابەتە بەر توندوتیژی، بۆیە پشت بەو چالاکی و رێکخستنانە دەبەستێ کـە لەسـەر بنـەمای رەگـەز،

نــەژاد، سیاســی، ئــابووری، کۆمەڵایــەتی، کلتــووری و تــەواوی ئایــدیۆلۆژیا جیاوازەکـان پێشـدەخرێ، دیموکراسی هاوچەرخ سیستەمێکی دینامیکی بەهادارە. زەمینەکەی، مـوزائیکێکی کۆمـەڵگا بـە بناخـە دەگرێت کە لەمیانەی ئەم شێوازە رێکخراوە. هەڵوێست و مەیلەکانی کە بەردەوام مەسەلەکان بە سپی و رەش دەچوێنێ، وەکو مەیلێك هەڵدەسەنگێنرێن کە هەڕەشە لە دیموکراسی دەکەن؛ ئاراستە کردن و تێکەوتنـە رەوشـی ئـەمجۆرەی رژێمـە سـەرەڕۆ و تۆتالیتەرانـە وەکـو مەترسییەك دەبینـێ. بەرامبـەر بەمجۆرە خۆسەپاندنە، سیستەمی دیموکراسی مافی پاراستنی خۆی بە بنەما دەگرێت.

ئەم تەرزەی (نمط) نزیك بوون سەبارەت بە کۆمەڵگا، هێزی راسـتەقینەی دیموکراسـی هاوچـەرخ پێکدێنێ. تەواوی ئەو توێژانەی کۆمەڵگا دەخوازن بـژین و پـێش بکـەون و باوەڕیـان بـەوە هەیـە کـە لەمیانەی هاوکاریکردنی یەکتری دەوڵەمەندێتی بەدیدێ، پارێزەرە هەرە بە بڕیارەکانی دیموکراسـی و هێزەکەیەتی. لەم چوارچێوەیەدا دیموکراسی هاوچەرخ کۆمەڵگایەکی دیموکراتیك بە بناخە دەگرێت. کۆمەڵگای دیموکراتیك گوزارشت لە ئازادی وشیاربوونەوە و رێکخستن و چالاکی یاسایی هـەموو جـۆرە هزر و باوەڕ و کلتوورەکـان دەکـات. لـە رەوشـێکدا کۆمـەڵگا سـەرکوت کرابێـت و بـە بـێ رێکخسـتن و وشیاری مابێتەوە و لە ترسـان نـاوێرێ ئـیرادەی خـۆی دیـاری بکـات، نـاتوانرێ بـاس لـە کۆمەڵگایـەکی دیموکراسـی بکرێـت. ئەگـەر کۆمەڵگایـەك دیموکراسـییانە نـەبێت، نـاتوانرێ بـاس لـە دیموکراسـی هاوچەرخ بکرێت.

هـ- دیموکراسی هاوچەرخ پێویستی بە دەوڵەتی دیموکراسییانە هەیە. دەوڵەتی دیموکراسییانە، لە ئەرك وەرگرتندا هەڵبژاردنی ئۆرگانە سەرەکییەکانی بڕیاردان و جێبەجێ کردن لەلایـەن گەلـەوە بـە بناخـە دەگرێـت. لـە حاڵەتێکـدا هێزێکـی بنەماڵـەیی و سـەرەڕۆ خـۆی بسـەپێنێ، ئـەوا ئـەو ئـەرك سپاردنانەی کە پەیوەندییان بە هەڵبژاردنەکانی گەلەوە نییە، کارەکتەری دەنگدانی دیموکراسـییانەی دەوڵەت دیاری دەکات. هەرچی تیۆری و کرداری دەوڵەتە کلاسیکییەکانە، بێ چەندوچوون خۆیـان لـە سـەرەوەی گـەل دەبیـنن و خۆیـان بـە نوێنـەری ئـیرادەی ئیلاهـی دادەنـێن، لەمیانـەی ئـەو دەمامکـە پیرۆزانـەوە خۆیـان دەناسـێنن کـە لـە بـاب و باپیرانـەوە یـاخود لـە دەسـەڵاتە جیاوازەکانـەوە بۆیـان ماوەتەوە. لەم لایەنەوە مێژووی شارستانیەت وەکو مێژووی دژە دیموکراسی بوونی دەوڵەت، بەرامبەر بە کۆمەڵگا دەبینرێ. باڵابوون بەسەر کۆمەڵگا، گۆڕانی کۆمەڵگا، خۆ شاردنەوە و چەسپاندنی ئـەوەی لـە سەرچـاوەیەکی ئیلاهییـەوە دێت، دەکرێـت بـە هونـەرێکی دەوڵـەت. باشـترین کۆمـەڵگای دەوڵـەت ئەوەیە کە لە بەرزترین ئاستدا لەلایەن دەوڵەتەوە کۆنترۆڵ بکرێت و چۆنی بخوازێ بـەڕێوەی ببـات،

بیچەوسێنێتەوە و بیخاتە نێو شەڕەوە. شارستانیەت پێشکەوتنی خۆی لەم جۆرە چالاکیانەی دەوڵەت دەبینێتەوە.

هەرچی دیموکراسی هاوچەرخە ئەو گەوهەرانەی دەوڵەت پێچەوانە دەکاتەوە. چاوگەکەی خۆی بە پەیوەندیە ئاڵۆزەکانی کۆمەڵگا دەبەستێتەوە، بایەخ بە ئاشکرابوون و ئەو دیو دیاری (شفافیة) دەدات، لەجیاتی ترس ئەوە زامن دەکات وەکو ئامرازێکی باوەڕی و متمانە ببینرێت، دەخوازێ وەکو گەرەنتی دابەش کردنێکی دادپەروەرانە ببینرێ نەك هی چەوسانەوە. بە واتا کلاسیکییەکەی لە چوارچێوەی دەوڵەت دەردەکەوێت. زیاتر هەوڵ دەدات بگات بە رەوشێك لەگەڵ پێناسەی لە ئاستی بەرزترین خشتەکردنی (تنسیق) سیستەمی پەیوەندیە ئاڵۆزەکانی کۆمەڵگا گونجاو بێت. لە بوارەکانی ئاسایشی گشتی، پەروەردە، تەندروستی، گەیاندن و دیپلۆماسی لە هەق تاکە تاکەی توێژە کۆمەڵایەتیەکان نایەت، وەکو هێزی بڕیار و بەڕێوەبردن، سەرلەنوێ ئاواکردنەوەی ئەو کارانە بە بنەما دەگرێت کە بە تایبەت بوون (الخصخصة) ناکرێن.

لە رۆژگاری ئەمڕۆماندا تێکۆشانێکی چڕی گۆڕانکاری و وەرچەرخان لە چەمکی دەوڵەتی کلاسیکەوە بەرەو چەمکی دەوڵەتی دیموکراسی هاوچەرخ بەڕێوە دەچێت. ئەو دەزگایەی زۆر بە ئاستەم بەرەو دیموکراسی هاوچەرخ دەگۆڕێت، دەوڵەت بۆ خۆیەتی. بێگومان رۆڵی کاریگەری ئەم رەوشەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە دەوڵەت هێندەی مێژووی شارستانیەت کۆنە و داب و نەریت و دەزگاکانی ریشەی خۆیان داکوتاوە. بەڵام کاتێك دەبینێ ناتوانێ بەرامبەر بە شۆڕشی زانستی ـ تەکنۆلۆژی هێندە بەرگە بگرێت، ئەوا لە وەرچەرخان بەولاوە چارەیەکی دیکە نابینێ، رۆژ لە دوای رۆژ پێشکەوتنی بەمجۆرە لە سەرتاسەری جیهان خێراتر دەبێت.

و ـ لە دیموکراسی هاوچەرخدا، لە ئاکامی دیموکراتیزەبوونی کۆمەڵگا و دەوڵەت دەزگای سیاسیش دەگۆڕێت، لە نێوان دەوڵەت و کۆمەڵگا، رۆڵی پرد دەبینێ. دیموکراتیزەبوونی سیاسەت؛ واتای زیادبوونی گرنگی و بایەخی جۆگەلەکانی لێشاوی دەوڵەت بۆ کۆمەڵگا، کۆمەڵگا بەرەو دەوڵەت دێت. ئەم رەوشەش رێگا لەپێش زاراوەی سیاسەتی دینامیکی و پراکتیزەکردنی دەکاتەوە. پێشتر لە دەرەوەی کۆمەڵگا، رۆڵ و ئۆرگانەکانی سیاسەت دیاریکراو بوو، گەوهەری دەزگایەکی تەزیو و بەستەڵەکی هەبوو کە یاساکانی ببوو بە داب و نەریت. ئەم راستینەیەی سیاسەتیش؛ ئەنجامدانی گۆڕانکاری لە رێگای زەبر و کودەتاوە دەکرد بە ناچارییەك. هەربۆیە گۆڕانکارییەکان لە رێگای خوێناوی و توند و تیژیەوە ئەنجام دەدرێن. هەرچی سیاسەتی دیموکراسییە لەمیانەی هەڵبژاردنە رێکخراوەکان و چەمکی فرە حیزبی و لە ژێر سایەی هزر و بەرنامەی پێویستدا شانس بە هەموو

گروپ و کلتوورێك دەدەن تاوەکو رەنگدانەوەیان لەسەر دەوڵەتی دیموکراسییانە هەبێت، سیستەمێکی گونجاوە بە گوێرەی بە خێرایی ئەنجامدانی گۆڕانکاری لە نێو زەمینە و هەلومەرجی ئاشتیدا. شانس و رێچکەی گۆڕانکاری بۆ هەر کەسێك ئاوالآ دەکرێت. ئەم رەوشەش رێگەی کارتێکردنە سەر پارتیبوونی دیموکراسییانە و لۆبیەکان و دامەزراوە هەمە جۆرە مەدەنی و دیموکراسییە جەماوەرییەکان دەکاتەوە. هەر وەکو بڵێی گۆڕەپانی سێیەم دێتە ئاراوە.

ئەم گۆڕەپانە تازە پێش دەکەوێت کە دەشێ بە ئامرازەکانی سیاسەتی دیموکراسییانەش ناوببرێت. ئەم ئامرازانەی بە هۆی قەدەخە نامەکانی چاخەکانی پێشوو ناچاربوون بە نهێنی خەبات بکەن، لە دیموکراسییەتی هاوچەرخ دەبن بە ئامرازی ژیانی و دەست لێبەرنەدراو. تەواوی ئەم بە دەزگابوونانەی لە بوارەکانی ئابووری، کلتووری، هونەری، کۆمەڵایەتی، وەرزشی، زانستی، ژینگە و تەکنۆلۆژیا و لە سەرووی هەمووشیانەوە لە بواری بە پارتیبوونی سیاسی پێشدەکەوێت بە رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی ناو دەبرێن. رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی وەکو پێشکەوتووترین و گرنگترین ئامرازەکانی مێژووی پێشکەوتنی دیموکراسی هاوچەرخ لە نێوان کۆمەڵگا و دەوڵەتی کلاسیکی، ئامرازی ژیانی و دەست لێبەرنەدراوی ژیانی دیموکراسییانەیە. ناو بردنی ئەمە بە گۆڕەپانی سێیەم گرنگە. بۆ یەکەمین جارە لە مێژوودا گۆڕەپانی سێیەم بەم شێوەیە دێتە ئاراوە. بەخشینی گەوهەری دیموکراسییانەش بەم چاخە بۆ ئەو نوژەنی و بایەخەی دەگەڕێتەوە.

ز ـ ئەو بابەتانەی کە لە سەرووی بابەتەکانی پێشکەوتنی دیموکراسی هاوچەرخ دێت مافەکانی مرۆڤ و ئازادی ژنە. لە قەڵەمدانی مافەکانی مرۆڤ و ئازادی ژن بە دەزگای کۆمەڵگای سەرمایەداری، هەڵسەنگاندنێکی ناتەواوە. بە پێچەوانەوە ئەمانە لە قۆناخی بەلاوەنانی شارستانیەتی سەرمایەداری و سەردەمی ئاشکرابوونی ناتەواوی و لاوازی راستینەی بەڕێوەبەرایەتی و ژیانی باوی سەرمایەداری، پێشکەوتنیان بەخۆیانەوە بینی. مافەکانی مرۆڤ و ئازادی ژن دوو پارچەی سەرەکی دیموکراتیزەبوونی کۆمەڵگان. دوو دیاردەی سەرەکین کە چەندە بتوانرێ چوارچێوەی شارستانیەتی کلاسیك تێپەڕ بکرێت، دەرفەتی پێشکەوتنیان زیاتر دەبێ و لە رێچکەی ئاراستەکردن بەرەو پێشکەوتنی شارستانیەتی نوێ رۆڵێکی دیاریکراو دەبینن. ئەمانە بەرهەمێکی هەلومەرج و زەمینەی کۆمەڵگای سەرمایەداری نین، بەڵکو بەرهەمی ئەو پێشکەوتنانەی کۆمەڵگان کە کۆمەڵگای سەرمایەدارییان تێپەڕ کردووە. لەم بوارەدا گەوهەرێکی بەمجۆرەی هەیە کە دەبێتە وەلام بۆ پێوانەکانی دیموکراسی هاوچەرخ. پێشکەوتنی دیموکراسی هاوچەرخ لە ئاستێکی هەرە لەپێشدا لە مافەکانی مرۆڤ و ئازادی ژندا دیاری دەبێت. لەوە دەچێ هەر دوو بابەت رۆڵی دەستپێکردن لە

دەرچوونێکی نوێی شارستانیەت ببینن. مافەکانی مرۆڤ و ئازادی ژن کە بە درێژایی مێژوو لە پەڕاوی کۆمەڵگای چینایەتی سڕابۆوە، ئیتر بۆ ئەوە پاڵێوڕاو و بەر ئەندامن وەکو بوارە سەرەکییەکانی نوێ بوونەوە پێشکەوتنێکی مەزن بەدیبێنن. لە کاتێکدا مافەکانی مرۆڤ بناخەکانی چوارچێوەی یاسای شارستانیەتی نوێ دیار دەکات، ئەوا بە شێوەیەکی سەرەکی ئازادی ژن، زەمینە کۆمەڵایەتیەکەی پێکدێنێ. ئەو پێشکەوتنانەی لەم دوو بوارەدا بەدیدێت، پەرەسەندن و قووڵایی دیموکراسی هاوچەرخ دیاری دەکات.

خ ـ بنەما فەلسەفیەکانی شارستانیەتی دیموکراسی هاوچەرخ، سەبارەت بە ئاشکرایی و باوەڕ پێهێنان و تەڤلی بوونێکی زانستییانە جێگای گرنگی و بایەخ پێدانە. دیموکراسی سیستەمێکی بێ پرەنسیپی وەها نییە کە هەر توێژێك بە گوێرەی بەرژەوەندیەکانی خۆی شرۆڤەی بکات. لەسەر بنەمای زانست خاوەن هێزێکی فەلسەفی و چاوگی هزرێکی سیستەماتیکی جیهانی ئەوتۆیە کە چەمکێکی چالاکی و بەرنامە و پرەنسیپی خۆی هەیە. یاسای هەبوونی وەرچەرخانی یەکێتی دژەکانی ماتریالیزمی دیالیکتیکی بەهێزترین کۆڵەکەی دیموکراسی هاوچەرخە. سەرەکیترین دژایەتی دیموکراسی هاوچەرخ ئەو دژایەتییەیە کە لە نێوان راستینەی شارستانیەتی کۆمەڵگای چینایەتی کۆن و راستینەی پێشکەوتنی شارستانیەتی نوێ دێتە ئاراوە. واتا ئەگەر شارستانیەتی کۆن بە تێز و دیاردە نوێیەکانی شارستانیەت بە دژە تێزی هەڵەنگێنین، ئەوا ئەو سەنتێزەی دێتە ئاراوە دەبێتە دوا هەنگاوەکانی ئەم قۆناخە. لەبەرئەوەی دیموکراسی هاوچەرخ لە قۆناخی دەستپێکی پێشکەوتندایە، بۆیە دیاردەکانی شارستانیەتی کۆن زیاترن، بەڵام لەبەرئەوەی لە نێو قەیراندا لە پەلوپۆ کەوتوون و لە رەوشێکی بێ هێزیدان، بۆیە بەرامبەر بەمە، ئەو دیاردانە کەمترن کە پێشکەوتنی شارستانیەتی نوێ دەکەنە ناچارییەك، بەڵام لەبەرئەوەی نوێنەرایەتی ئاییندە دەکەن، لەو زیندووتر و بەهێزترن. لە سایەی هەبوونی هەلومەرجەکانی تەکنۆلۆژیا و پێوانە دیموکراسییەکان، ئەم هێزانەی لە رەوشی رکابەرێتی یەکتردان بە بێ ئەوەی پەنا ببنە بەر زەبر، زیاتر لەمیانەی ئێشێك کە لە ئازاری لە دایك بوون دەچێت، ئەوا لە رێگای سەنتێزێکی باڵا کە دەتوانین بە نوێیی دابنێین، ئەنجامگیری دەکات.

لە راستیدا ئەم پرەنسیپە سەرەکییەی فەلسەفە، لەگەڵ ئەو واتایانەی بە دیاردە و پەیوەندی و زاراوەکانی وەرچەرخانی دیموکراسی هاوچەرخ دەبەخشێ رێکە. ماتریالیزمی دیالیکتیکی مێژوویی، لەمیانەی دیموکراسی هاوچەرخ بە کۆمەڵگایەکی کراوە و سیاسەت و سیستەمێکی دەوڵەت دەگەیەنرێ. ئەو سیستەمانەی پشت بە زەبری قەبە دەبەستن، ماندوو بوون و بێ بەرهەمن و بەرامبەر گۆڕانکاری داخراون، ئەمەش سەرچاوەی خۆی لە تێڕوانینە ئایدیالیستی و قەبە

ماتریالیستییەکان دێت سەبارەت بە دونیا و لەمیانەی هاژووتنی کۆمەڵگا و سیاسەت و دەوڵەت بۆ نێو بێچارەیی، دووچاری تێکچوون و شێواندنێکی مەزنیان دەکات و لە ئەنجامدا هەڵدەوەشێتەوە و دیسان ناتوانێت خۆی لە پەیڕەوکردنی یاسای دیالیکتیکی مێژوو بدزێتەوە.

وەکو ئەنجام، چاخی شارستانیەتی هاوچەرخ؛ گوزارشت لەو قۆناخە مێژووییە درێژ خایەنە دەکات کە هێشتا لەمیانەی پەرەسەندنی زانستی ـ تەکنۆلۆژی چاخەکانی شارستانیەتی چینایەتی بە تەواوی تێپەڕ نەکراوە، هێشتا نوێیەکەش بە تەواوی شێوەی نەگرتووە و یەکلا نەبۆتەوە. کۆن و نوێ لە ناو یەکتردایە. بەڵام بە شێوازی ئاشتیخوازانە وەرچەرخان بەرێوە دەچێت. پشت بە بۆچوونێکی بەمجۆرە دەبەستێ کە ئاستی تەکنۆلۆژی بەدیهاتووە، بە بێ پەنا بردنەبەر زەبر، زەمینەی ماددی هەموو جۆرە وەرچەرخانێك بەدیهاتووە. ئەمەش ئەو بۆچوونە دەردەخاتە پێش کە دەوڵەتی کلاسیکی و کۆمەڵگای داخراو تێپەڕ کراوە و کۆمەڵگای مەدەنی وەکو گۆڕەپانی سێیەم بە کاریگەر بووە. دەرکەوتنە پێشی کۆمەڵگای مەدەنی وەکو گۆڕەپانی سێیەم لە نێوان کۆمەڵگا و دەوڵەت کە گۆڕەپانی یەکەم و دووەمن، دەرخستنە پێشی شێوازی ژیان و بەرێوەبەرایەتی فیدراڵییە. جیاوازییەکانی ئایدیۆلۆژی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، نەژادی، رەگەزی، ئەتنیکی و سیاسی وەکو دەوڵەمەندی کۆمەڵگا دەبینرێ، هەروەها پشت بەوە دەبەستێ لەسەر بنەمای مافی رادەربڕینی ئازادانەی هەر گروپێك، لەمیانەی ئەو وشیاری و رێکخستنەی دەیخوازێت، بە شێوەیەکی ئاکتیفانە تەڤلی ژیانی سیاسی و کلتووری بێت. راسترین گوزارەی ئەم شێوازەی بەرێوەبردن و ژیان، ئەوەیە دەوڵەت و کۆمەڵگا لەسەر بنەمای فیدراتیف ـ فیدراڵ بە هەموو جۆرە دەزگایەکی پێویست بگات. هێندەی شێوازی ژیان و بەرێوەبەرایەتی دیکتاتۆری و سەرەڕۆ و تۆتالیتاری پێچەوانەی بەهاکانی دیموکراسی هاوچەرخە، ئەوا شێوازی ژیان و بەرێوەبەرایەتی فیدراتیف کە پشت بە رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی دەبەستێ بەو ئەندازەیە بە گوێرەی دیموکراسی هاوچەرخە و گونجاوە. کاتێك لەسەر ئەم بنەمایە بخوازین زاراوە و ناوێکی گشتی بۆ ئەم چاخە دابنێین، ئەوا ناوبردنی بە **"چاخی فیدراسیۆنی دیموکراسییانەی جیهان"** لە جێگای خۆیدا دەبێت.

٥ ـ دواترین بچم کە مێژووی شارستانیەت لەسەر بنەمای کۆمەڵگای چینایەتی بەخۆیەوە گرت، چاخی شارستانیەتی سەرمایەدارییە. گرنگترین دیاردە کە لە سەردەمی رووخانی ئەم چاخە دەرکەوتە مەیدان، ئەوەیە شۆڕشە زانستی ــ تەکنۆلۆژیا مەزنەکان جگە لە هەلومەرجەکانی مافی پاراستنی رەوا، رۆڵی زەبری نەهێشتووە و بێ واتای کردووە. هەروەکو دەزانرێ لە مێژوودا زەبر لە خزمەتی سیاسەتی چەوساندنەوە و باڵادەستیدا تا ئاستێکی مەزن رێگای لەپێش خراپەکاری و

داڕووخان کردۆتەوە و لەمە بەولاوە هیچ واتایەکی دیکەی نەبووە. لە ئەنجامی ئەو ترسەی کارەکتەری ڕاوڕووتی مولکایەتی لەگەڵ خۆیدا هێناوە، توێژی بەڕێوەبەر زەبر وەکو گەورەترین گەرەنتی دەبینێ، بەمەرەنگە پیرۆزی کردووە و لە ڕێگای چیرۆکە مەزن کراوەکانی قارەمانێتی بەردەوام پێویستی مەزنکردنی بینیوە. تەنانەت ئەو خوداوەندانەی میتۆلۆژیا کە نازانن زەبر چییە، لەگەڵ پێشکەوتنی کۆمەڵگای چینایەتی بە تایبەتیش لە چاخی دەرەبەگایەتیدا، بە ڕادەی هەرە زێدە سیفەتی سزادان و قەهری پێبەخشراوە.

ڕۆڵی زەبر لە وەرچەرخانەکانی کۆمەڵگادا زۆر لەوە کەمترە کە مەزەندە دەکرێ. لە سەردەمی تەشەنەکردن و بەرفراوان بوونی قۆناخەکانی کۆمەڵگا، سەبارەت بە بەلاوەنانی کۆسپە موحافەزەکارانەکان، زەبر ڕۆڵی وەرچەرخان دەبینێ. لە کاتێکدا چالاکیەکانی بەمجۆرەی توند و تیژی تەشەنە کردنێکی چۆنایەتی و کورت خایەن ئەنجام دەدەن، دواتر تێپەڕ دەکرێن. هەروەکو دەزانرێ بەشی زۆری توند و تیژی کە بە درێژایی مێژوو بە بەردەوامی لە شێوەی فەتح، داگیرکاری و تالان پراکتیزە کراوە، زۆرداری لەخۆوە گرتووە و ڕێگای لەپێش خراپەکاری و داڕووخان کردۆتەوە. بۆ ئەوەی ئەمە پەردەپۆش بکات، بانگەشەی ئەوە دەکات پێویستیەکی جێبەجێ کردنی فەرمانەکانی خودایە؛ ئەگەر بکوژرێ بە شەهید، ئەگەر بمێنێتەوە وەکو قارەمان پیرۆز دەکرێت. ئەگەر ئەمەش تێر نەکات بەشێکی زۆری دەسکەوتەکانی تالانی پێدەبەخشرێت، لە ڕاستیدا بەمجۆرە مێژووی نەفرین لێکراو دەنووسرێ. لەم چوارچێوەیەشدا کاتێک مێژووی، ئەوانەی نووسراون، بە مێژووی نەفرین لێکراو هەڵدەسەنگێنین، ئەوا بەرزکردنەوەی ستەم لێکراوەکانی وەکو قارەمانە ڕاستەقینەکانی ڕەنج و ویژدانی مرۆڤایەتی، بە واتای نووسینی مێژوویەکی ڕاست دێت. لە کاتێکدا پاراستن و بڵاوبوونەوەی سیستەمە پێشکەوتووخوازەکان لەگەڵ گەوهەری ڕاستەقینەی خۆیدا دڵسۆز بێت، خاوەنی هەمان شکۆمەندییە.

مێژووی شارستانیەت شیکردنەوەیەکی ڕاستی سەبارەت بە زەبر پێشنەخستووە. ئەوەی مۆرکی خۆی لە مێژوو داوە، کاریگەری گرانی هزری میتۆلۆژی و ئایینی و فەلسەفی پێوەیە کە گوزارشت لە بەرزکردنەوەی چینی چەوسێنەر و سەردەست دەکات و دەیانکات بە دەسەڵات و بەڕێوەبەرایەتی. بەمجۆرە ئەو مێژووەی لە ژێر ئەم کاریگەرییانەدا نووسراوە پڕە لە ناهەقی و خاوەنی ڕۆڵە سەرەکییەکانی بەرەواژوو کردۆتەوە و ئەو دیاردانەی پشت گوێ خستووە کە دەشێ ببن بە مێژوو، لە مەتنی خەیاڵی ئەدەبی بەدواوە هیچ واتایەکی دیکەی نییە. بەر لە هەموو شتێك پێویست دەکات مێژووی ئەم مێژووە بە ڕاستی بنووسرێت. تەنیا کاتێک ئەم ئەرکە بە سەرکەوتووانە جێبەجێ

بکرێت، دەرفەتی ئەوە دەرەخسێ مێژوویەکی چارەسەر ئامێز بنووسرێ. لەوانەیە گەورەترین زۆرداری کە لە مێژوو کراوە، بەهۆی ئەم جۆرە نووسینەوەیەی مێژوو بووە. لایەنی هەرە نەرێتی (سلبی) ئەوەیە کە چالاکی ئەو دیاردە و دەزگا و کەسایەتیانەی بە مێژوو ناو دەبرێن و کاریگەری ئەمەیان لەسەر کراوە، بەردەوامی لێشاوی ناخۆشی چالاکیەکانیانە. ئەو مێژووەی بە چەوتی نووسراوە، بەردەوام ئەنجامدانی کرداری چەوت دەچەسپێنێ. هەربۆیە مەرجێکی لەپێشینەی پراکتیکی راست، چەمکێکی راستە بۆ مێژوو. چەمکێکی راستیش بۆ مێژوو، یەکەمین هەنگاوی شیکردنەوەی راستە بۆ شارستانیەت.

ئەوەی لەمیانەی ئەم بەرگرینامەیەش هەوڵی بۆ دەدەین، ئەوەیە کە هەرچەندە لە ژێر بێ ئامانترین رەوش و قۆناخ و لە ئاستی چوارچێوەیەکیشدا بێت، رۆڵی خۆمان بۆ چارەسەریەك سەبارەت بە مێژووی شارستانیەت ببینین. لەبەرئەوەی پیلانگێڕی و زۆرداریەکی مەزن لە ئارادایە، یەکەمین کاری پێویستە ئەنجام بدرێت، روونکردنەوە و ئاشکراکردنی بناخەی شارستانی و مێژووی ئەم ستەمکاریانە و پچڕاندنی دەمامکە دزێوەکانی ئەو پیلانگێڕە ساختەکارانەیەی کە خۆیان بە خوڵقێنەر و نووسەری مێژوو دادەنێن. ئاشکراکردنی ژیانی گەندەڵی تەواوی ئەو کەسایەتیانەی لە ناوەندەکانی رۆژئاوا و رۆژهەڵاتدا خاوەنی هەڵوێستی پیلانگێڕین و ئەو تێڕوانینانەی سەبارەت بە جیهان پشتی پێدەبەستن، بە واتای پاراستنێکی مەزنی مرۆڤایەتی دێت.

ئەو قۆناخەی هەرە دوایی کە چاخی شارستانیەتی سەرمایەداری تێیدا دەژی، بۆتە بابەتی چەندین هەڵسەنگاندن. لە کاتێکدا ئەوانەی سەبارەت بە مێژوو خاوەنی دیدگایەکی موحافەزەکارانەن، ئەم قۆناخە وەکو"**کۆتایی مێژوو**"هەڵدەسەنگێنن، ئەوانەی لە روانگەیەکی شۆڕشگێڕییەوە تەماشای دەکەن خواستوویانە وەکو "**چاخی سۆسیالیزم**" هەڵیسەنگێنن. ئەو فەلسەفەیەی لە پشت ئەم هەڵوێستانەوەیە، هی یەکەمیان ئایدیالیزمێکی چەقبەستووە، هی دووەمیان ماتریالیزمی قەبەیە. ئەمانە دوورن لە بینینی تەواوی ئاڵۆزی و ئاژاوەکانی چاخ و چارەسەر کردنیان. هەڵوێستەکانی سەبارەت بە شارستانیەتی پۆست مۆدێرنیزم، بۆچوونی بێ سیستەمی ئەوتۆن کە پراگماتیکییە و لە نێو ژیانی رۆژانەدا خنکاوە.

ئەمە هەڵوێست و نزیك بوونەوەیەکی راستە کە شۆڕشە زانستی ــ تەکنۆلۆژییەکان بە قووڵایی قۆناخ یەکلایی دەکەنەوە. ئاستی تەکنۆلۆژی بناخەی ماددی ئەو پێشکەوتنانەیە کە وەرچەرخانی تەواوی سیستەمەکانی کۆمەڵگا دیاری دەکات. بەڵام ئەمەش ئەو واتایە نابەخشێ کە بە تەنیا تەکنۆلۆژیا وەرچەرخان ئەنجام دەدات. لێرەدا ئەوەی پێویستە بکەوێتە گەڕ، قۆناخی ناسنامەی

ئایدیۆلۆژییە. تاوەکو لە دایك بوونێکی ئایدیۆلۆژی بە دی نەیەت، هەرگیز سیستەمی کۆن تێپەڕ ناکرێت و سیستەمی نوێ سەرهەڵنادات. دەتوانین بەوەی بچوێنین: کێڵگە نەبێت تۆو ناژیت. ئەگەر کێڵگەیەکی نوێ بە تەکنۆلۆژیا دابنێین، ئەو تۆوەش بە واتای ئایدیۆلۆژیا دێت.

ناسنامەی ئایدیۆلۆژی چاخی سەرمایەداری لەمیانەی رێنسانسی سەدەکانی پانزدەهەم و شانزدەهەم شێوەی گرت. لەبەر ئەوەی بە پێی پێویست باس کرا، دووبارەی ناکەمەوە. سەرمایەداری لە سەدەکانی حەڤدە و هەژدە و نۆزدەدا گەورەترین پێشکەوتن و دەزگابوون و پەلهاوێشتنی ئەنجامدا و کۆتایی پێهێنا. خاڵە گشتییەکانی ئەم بابەتانەش ئاماژەی پێکرا. هەرچی سەدەی بیستەمە بە قەیران و ئەو شەڕانەی دابەشکردن کارەکتەریزە دەکرێ کە لەپێناو رزگاربوون لە قەیران ئەنجام دران. لەمیانەی هەر دوو شەڕی جیهانی و چەندین شەڕی هەرێمی، ئاشکرا بوو و سەلمێنرا کە سیستەمی سەرمایەداری ناتوانێ لە رێگای شێواز و رێچکە کلاسیکییەکان بەردەوام بێت. شێوازی کۆنی مژۆکداری رەنج و کردارەکانی داگیرکاری کۆن و نوێ، نەیانتوانی خۆیان لە بەلاوەنان و تێپەڕکردن رزگار بکەن. بەڵام ئەم رەوشە بە واتای شارستانیەتێکی نوێ نایەت، بە تایبەتیش هەروەکو سەردەمێك بە شێوەیەکی بەربڵاو بانگەشەی بۆ دەکرا بە واتای دەستپێکردن و ئاواکردنی چاخی شارستانیەت نایەت؛ زیاتر واتای وەرچەرخانی بەرهەمهێنان و دابەش کردن و بەڕێوەبەرایەتی لەخۆوە دەگرێت. ئەم راستینەیەش کە لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەمەوە زیاتر یەکلا بۆوە، وەکو شارستانیەتی دیموکراسی هاوچەرخ پێناسە دەکرێت.

لە سەردەمی دیموکراسی هاوچەرخ هێشتا سیستەمی سەرمایەداری لەناو نەچووە، بەڵام قۆناخی باڵادەستی بێ سنووری رابردووی لە دوای خۆی بە جێ هێشتووە. باڵادەستی و چەوساندنەوە و شێوازی ژیانی تا ئاستێکی بەرز، سنووردار و تەسك کراوەتەوە. پێوانەکانی دیموکراسی هاوچەرخ، بە واتای راستەڕێ کردنی سەرمایەداری خستنە ژێر زەبت و رەبتەوە دێت؛ ناچار دەکرێت گەلان و زەحمەتکێشان بکات بە هاوبەشی هێزی بەڕێوەبردن و وەکو دەخوازێت نەیان چەوسێنێتەوە.

بێگومان لەگەڵ ئەوەی تێکۆشانی گەلان و زەحمەتکێشان رۆڵێکی دیاریکراو دەبینن، ئەمەش تەنیا ئەو کاتە بەدیهاتووە کە پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیا گەیشتە ئاستێکی زۆر بەرز. بە درێژایی مێژوو، گەلان و زەحمەتکێشان تێکۆشانێکی مەزنیان بەڕێوە برد. بەڵام نەیانتوانی ببنە کۆسپ لەپێش ئاستی زێدەڕۆیی پراکتیزەکردنی سەرەڕۆیی و چەوساندنەوە لەلایەن رژێمە دەسەڵاتدارەکان، گرنگترین فاکتەری شکست هێنانیان نییە، زیاتر بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە ئاستی تەکنۆلۆژیا دەرفەتی تەڤلیبوون و هاوبەشێتییەك نادات کە بەلایاندا بشکێتەوە. تەنیا کاتێك شۆڕشە مەزنە زانستی ــ تەکنۆلۆژیەکانی

نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم دەگاتە ئاستێك کە دەرفەت بە سەرلەنوێ تەڤلیبوون و دابەشکردنی زێدە بەها و دەسەڵاتی سیاسی دەدات، ئەوا ئەو کاتە هەلومەرجە بابەتیەکانی سنووردارکردنی دەسەڵات و چەوسانەوە، بە شێوەیەکی بەهێز دێتە ئاراوە. لە دوای ئەم هەلومەرجە بابەتییانەوە دیموکراسی هاوچەرخ قەڵەمبازێکی مەزن ئەنجام دەدات. بە سیستەم کردنی خۆی وەکو ناسنامەیەکی ئایدیۆلۆژی و بە دەزگابوونی سیاسی، لە نزیکەوە پابەندی ئەم هەلومەرجە بابەتیانەیە.

لەم حاڵەتەدا لە ڕوانگەیەکی دیکەوە دیموکراسی هاوچەرخ بە واتای سەرلەنوێ ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی تەواوی دەزگا و مەکانیزمەکانی بەڕێوەبەرێتی سیستەمی شارستانیەتی سەرمایەداری دێت، کە لەبار بێت بۆ سەرلەنوێ تەڤلیبوون و هاوبەشێتی و بەشداری گەلان و زەحمەتکێشان. لەم سیستەمەدا وەکو جاران ئەوە جێگای باس نییە سەرمایەداری یەك لایەنە چەوسانەوە و دەسەڵات دیاری بکات، یاخود زەحمەتکێشان و گەلان لەمیانەی زەبرەوە بە تەواوەتی سیستەمی سەرمایەداری بڕووخێنن و بە شێوازێکی شۆڕشگێڕانە سیستەمی خۆیان ئاوا بکەن. بە پێچەوانەوە هەر دوو لایەنیش سنووردارکردنی ئۆتۆپیا و بەرژەوەندیەکانی خۆیان پەسند کردووە. لە نێو ئاشتیدا شێوازێکی ژیانی بە گوێرەی یاساکانی دەوڵەتی دەستووری دیموکراسییانە بە بناخە دادەنرێت. ئەو بەرهەمەی تەکنۆلۆژیا ڕێگای لەپێش کردەوە و زێدە ــ بەها و تەواوی بەروبووم و بەهاکانی بوارەکانی دیکە، لەمیانەی بەکارهێنانی مەکانیزمەکانی سیاسەتی دیموکراسییانە، سەرلەنوێ دابەش دەکرێتەوە. هەر بۆیە مافی تەڤلیبوونی دەسەڵاتی سیاسی بە هەموو توێژێك دەدرێت. هەرچەندە هەندێ جار تەنگەتاوی و تیژبوون بێتە ئاراوە، لەجیاتی ون بوون و لەناوچوون لە نێو پێکدادان، ڕێککەوتن لەسەر ئەم سیستەمە دەبژێرن. ڕاستتر ئەوەیە کە لەوەوە سەرچاوە دەگرێت، هەر شەڕێکی ڤەبوون و هێرشکاری لەسەر بنەمای ئەو چەکە تەکنۆلۆژییە پێشکەوتووانە پێش بخرێت، تەواوی مرۆڤایەتی لەنێو دەبات و هەموو کەسێك بزر دەکات.

شتێکی ئاشکرایە لە ناو قۆناخێکی بەم شێوەیە کە بۆتە خاوەنی بنەمایەکی بابەتی بەمجۆرە، سەرمایەداری شێوەی کلاسیکی خۆی ناسەپێنێ. ئاستی ئازادی کە لە ئاکامی پێشکەوتنی تەکنۆلۆژی و تێکۆشانی زەحمەتکێشان و گەلان بەدەست هاتووە، گەیشتۆتە ئەو ئاستە وشیاری و ڕێکخستنەی کە مۆڵەت بەوە نەدات. ئەمە بژارەیەکی ئارەزوومەندی نییە، بەڵکو قۆناخێکی نوێ جێگای باسە کە هەلومەرجەکان دیاریان کردووە. دەشێ ئەم پێشکەوتنە وەکو ڕازیبوونی سەرمایەداری بە وەرچەرخانی دیموکراسییانەش ناوبرێت. لەجیاتی سەرکەوتنی سەرمایەداری لەمیانەی موغامەرە خوێناوییەکانی لەنێوچوون؛ لە نێو قۆناخێکی پەرەسەندندا بە پێی دەربازبوونی کات بەدەست

هێنانی دەسکەوت و دابەش کردنێکی بە پێی پێویستیش بە پێویستیەکی سیستەم لە قەڵەم دەدات. لە ئاکامی ئەم رەوشە، نە گەڕانەوەی سەرمایەداری کلاسیکی بۆ رۆژگاری رابردوو جێگای باسە، نە لەمیانەی شۆڕشیشەوە لەنێو دەچێت.

هێندە هێواش هێواش بە پێی دەربازبوونی رۆژگار شێوەبەندییەکانی شارستانیەتی نوێ پێشبکەوێت و تواناکاری توانەوەی دەبینرێ، باوەڕ بە هەبوونی وەرچەرخانێك دەکرێت. دیسان بناخەی ئەمەش لەپێشکەوتنە زانستی و تەکنۆلۆژیاکاندا دەبینرێ. کاریگەربوونی هێندەی دیموکراسی هاوچەرخ لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەم بناخەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە واقیعیترین وەڵامی داوەتە ئەم قۆناخە. ئەو تواناکاریە مەزنەی کە تەکنۆلۆژیای گەیاندن و راگەیاندن بۆ کۆمەڵگای بەدەست هێناوە، کۆمەڵگای مەدەنی لەمیانەی ئەم سیاسەت و هێزەی وەکو گۆڕەپانی سێیەم بەدەستی هێناوە، ئەو هێز و توانایەی هەیە دەوڵەت ناچار بکات کە بۆ کەناڵە دیموکراسییەکان کراوە بێت، دەرفەت بە باڵادەستی چینێك نادات. کۆمەڵگایەکی دیموکراتیزە بووبێت، هێندە فرە رەنگە کە دوالیزمی رەش و سپی پەسند ناکات. ئەگەر بێت و دامەزراوەی هەمەرەنگی پیشەکاری تەکنۆلۆژی نەبێت، کاروباری کۆمەڵگا لە رەوشێك دایە تەنیا لەمیانەی بەڕێوەبەرایەتی سیاسییەوە ناتوانرێ بۆ تاکە رۆژێکیش بەڕێوە ببردرێت. خاڵی سەرەکیتر ئەوەیە، بەهۆی هۆکارە تەکنۆلۆژیەکان مەحاڵە ئەو تاکەی ئازاد بووە لەمیانەی چەمکی کلاسیکی سەرەڕۆیی و تۆتالیتاری بەڕێوە ببردرێت.

وەکو ئەنجام، شارستانیەتی سەرمایەداری لە نێو پێوانەکانی دیموکراسی هاوچەرخ سەرلەنوێ پێناسەی خۆی دەکات و هەوڵ دەدات ناسنامەیەکی نوێی ئایدیۆلۆژی بەدەست بێنێ، سەبارەت بە ئاواکردنی تەواوی دەزگا ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان، لەگەڵ توێژە پەیوەندیدارەکان رێك دەکەوێ و لەمیانەی تەبایی شێوازێکی ژیان و بەڕێوە بردن، پەسند دەکرێت. لە کاتێکدا ئەم رەوشە بەسەر چوونی چاخەکانی باڵادەستی و چەوساندنەوەی بێ سنوور دەسەلمێنێ، هاوکات ئەوەش دەخاتە روو کە پێشکەوتنی نوێی شارستانیەت کەوتۆتە رۆژەڤی مێژووەوە. بێگومان پێشکەوتنی زانستی ــ تەکنۆلۆژی بناخەی هەلومەرجی بابەتی دیاری کردنی دیاردە نوێیەکانی شارستانیەت و پەیوەندیەکانی پێك دێنێت. پێکهاتە داهێنەرەکانی ناسنامە ئایدیۆلۆژییەکان لەم زەمینەیەوە سەرچاوە دەگرن، ئەو دیاردە رێکخراو و بە دەزگا کراوانە بڵاو دەکەنەوە و گەشە دەکەن کە دەتوانێ کارەکتەری قەیرانی سەرەکی ئەم چاخە تێپەڕ بکات.

٦ ـ ئایدیۆلۆژیای سۆسیالیستی بەرامبەر بە سیستەمی سەرمایەداری پێشکەوت و رێگای لەپێش سیستەمی سۆسیالیستی کردەوە، نەیتوانی ببێت بە شارستانیەتێکی جیاواز. ئیتر چ بۆ ناسنامەی

ئایدیۆلۆژییەکەی بگەڕێتەوە، یان لە دایك بوونێکی پێش وەخت بێت، یاخود لە ئاکامی هەڵەکانی بێت، نەیتوانیوە داخوازییەکانی زەحمەتکێشان و گەلان بۆ ئازادی و یەکسانی بکات بە پێشکەوتنی شارستانیەتێکی نوێ. سەرەڕای ئەو بانگەشانەی لەم بوارەوە دەیکرد، بەڵام لە ئەنجامدا لە سەرمایەداری دەوڵەت بەولاوە تێپەڕی نەکرد. چەندین لێشاوی ئایدیۆلۆژی و جوڵانەوەی کۆمەڵایەتی بەمجۆرە لە مێژوودا هاتۆتە ئاراوە. هەرچەندە لەسەر بنەمایەکی ئایینی و بناخەیەکی تیرەگەریێتی بن، پێهەلگرتنی نوێی حەزرەتی ئیبراهیم و مووسا لە رەوشی دەستپێکدا، سۆسیالیزمی تیرە پێك دێنن. لە رۆژهەڵاتی ناوینی چاخەکانی سەرەتاییدا بە تایبەتیش ئەو جڤاتانەی کە دەسەڵاتی ئاشوورییەکان سەراوبنی کردوون و ناچاری راگواستنەوەی کردوون و لە نێو مەترسیدا خنکاندبوویان، تەنیا لە رێگای پەیڕەوی ژیانی کۆمەڵکاری شێوەی تەریقەتی سۆفیگەرایی توانیویانە درێژە بە هەبوونی خۆیان بدەن. تەنانەت سیستەمی یەکەمین راهیبەکانی میسر و سۆمەر یەکەمین نموونەی پیرۆزی سۆسیالیزمی دەوڵەتە. لەمیانەی ئابووری دەوڵەتی هاوشێوەی سیستەمی سۆڤییەت رێگای شارستانیەتیان کردۆتەوە. لە کۆمەلگای نیۆلیتیکی پێشووتردا لە دەوروبەری دایك ــ ژن سیستەمێکی تەواوی کۆمەلگای کۆمۆنە پێك هاتووە. ئەم سیستەمەی کۆمەلگا کە دەتوانین سۆسیالیزمی سەرەتایی پێبڵێین، لەگەڵ ئەوەی دەوڵەتی نەناسیوە، بە هەزاران ساڵ بەردەوام بووە. مرۆڤایەتی هەوێن کردنی سەرەکی خۆی لەم سیستەمەدا ئەنجام داوە، بەردەوام خواستوویەتی لەمیانەی زاراوەی بەهەشت یادی بکاتەوە کە بەردەوام خەیاڵی یەکسانی و ئازادی لەخۆوە دەگرێت.

عیسا و جوڵانەوەی مەسیحیەت لە ٣٠٠ ساڵی دەستپێکدا، لەمیانەی درێژ خایەنی و بەرفراوانییەوە، پرشنگدارترین نموونەی سۆسیالیزمیان پێشکەش کردووە. خوێندکارەکانی ئەم قۆناخە بە شێوەیەك لە کەسایەتی خۆیاندا نوێنەرایەتی ئایدیۆلۆژیا و پراکتیزەکردنیان کردووە کە تا ئەو سەردەمە زۆر بە دەگمەن هاوتاکانیان بینراوە.

دەرکەوتنی ئیسلامیەتیش، نموونەیەکی دیکەی بژاردەی شێوازی کۆمۆنییە. یەکسانی و رێز گرتنی نێوان ئەندامەکانی لە شێوەی خێزانێکی (بنەماڵەیەکی) پیرۆزە. ئوممەت لەمیانەی رەوشی سادەیی خۆیەوە وەکو سۆسیالیزمی سەردەمی دەرەبەگایەتی وایە. دوای ئەوەی مەسیحیەت و ئیسلامیەت گەیشتن بە قۆناخی بە دەوڵەت بوون و رۆڵی کەسێتی و بنەماڵەکان زیاد بوو، ئوممەتیان لە سۆسیالیزمەکەی خۆی دوور خستەوە. ئەو موڵکایەتییە تایبەتییەی پێشکەوتووە کارەکتەری سۆسیالیستانەی سەرەتایی گەندەڵ کردووە، کردوویەتی بە تویکڵێکی ئایدیۆلۆژی پووچ و بێ ناوەڕۆك. وەکو کاردانەوەیەك بەرامبەر ئەم موڵکایەتی بوونە تایبەتییە، بۆ ماوەیەکی درێژ چەندین

ئایینزا و تەریقەت ئایدیۆلۆژی و سیستەمی ژیانی هاوبەشیان بەردەوام کردووە. لە راستیدا ئەوەی لە چەندین جولانەوەی چاخەکانی ناوینی بە رووخساری ئایینی بینراوە، بەرامبەر بە سیستەمی سەردەست و چەوسانەوە نوێنەرایەتی سیستەمی کۆمەڵکاری دەکات. لاوازی بنەما تەکنیکییەکان (تەکنۆلۆژیاکان) رێگا بەوە نادات ببن بە سیستەمێکی یەکسانی و ئازادی ئەلتەرناتیف. سەرەڕای ئەوەی هەندێکیان سەدان ساڵ بەردەوام بوونە تەنانەت لە ئاستی دەوڵەت بوون بە دەسەڵاتێکی سیاسی، بەڵام نەبوون بە مۆدێلێکی شارستانیەت، ئەمەش گرێدراوی لاوازی بنگەی زانستی ـ تەکنۆلۆژیایە. هەروەها جگە لەمەش گەوهەری ناسنامە ئایدیۆلۆژییەکانیان سیستەمی کۆمەڵگای چینایەتی لەخۆوە دەگرێت. هەربۆیە تەنیا لە خەیاڵەکانی خۆیاندا داخوازی یەکسانی و ئازادییان زیندوو راگرتووە. لەسەر ئەم بنەمایەش روویان لە ئەشقی خودایی و بەشەری کردووە، خەیاڵەکانی بەهەشتیان گەورە کردووە، ئومێدەکانی برایەتییان زیندوو راگرتووە. کردوویانن بە داب و نەریتێکی بەهێزی ئەدەبی و ئەخلاقی. پێویستە فێرگەی فەیلەسوفەکانیش بخرێتە سەر ئەم مەیدانە. ئەو فێرگانەی لەسەر بنەمای فەلسەفی بوون، خۆیان لەوە دوور نەگرتووە نوێنەرایەتی هەڵوێستە بەهێزەکانی سۆسیالیستی بکەن. پارتی فەلسەفی وەهایان پێك هێناوە کە بە سەدان ساڵ بەردەوام بووە و چەندێك لەمانە بەرامبەر بە هێرشە دژوارەکاندا بە شێوەیەکی قارەمانانە بەرخودانیان کردووە. واقیعی و لە جێگای خۆیدا دەبێت کاتێك ئەم رەوتانەی لەپێناوی پاراستنی باوەڕ و زانست بەرخودانیان کرد و جەنگاون، وەکو جولانەوەی کۆمەڵایەتی خاوەنی گەوهەری یەکسانی و ئازادی و مێژوویی پێناسە بکەین.

"**ئۆتۆپیا**" و "**وڵاتی رۆژ**"ی سەردەمی لە دایك بوونی سەرمایەداری خەیاڵێکی نموونەیی سۆسیالیزم زیندوو دەکاتەوە. لەپێناو خەیاڵەکانی ئازادی کە سەرمایەداری خوڵقاند، چەندین کەس و گروپی لە ژمار نەهاتوو، بە شێوەیەکی قارەمانانە بەرامبەر بە دۆگماتیزمی ئایینی جەنگاون. ئەوان کاتێك دەجەنگان، هەرگیز گومانیان لەوە نەبوو کە لەپێناو خزمەت کردنی ئارەزووی تاکڕەوێتی هەر کەس نییە، بەڵکو لەپێناو یەکسانی و ئازادی و برایەتییەوە کەوتوونەتە نێو جموجۆڵەوە. تەنانەت دروشمە سەرەکییەکانی شۆڕشی بۆرژوازیش "**یەکسانی، ئازادی و برایەتی**"یە.

تەنانەت دامەزرێنەرەکانی سۆسیالیزمی زانستی **کارل مارکس** و **فرێدریك ئەنگلس** بە بێ هیچ دوو دڵییەك دان بەوەدا دەنێن کە لە ئاواکردنی ناسنامەی ئایدیۆلۆژی فەلسەفەی ئەڵمانی و سۆسیالیزمی فەرەنسی و کارەکتەری چینی کارکەری بەریتانیایان بە بناخە گرتووە. تەنانەت ئەم باسە کورتەش ئەوە نیشان دەدات لە سیستەمی کۆمۆنەی سەرەتایی سەردەمی نیۆلیتیك تاوەکو

قۆناخی سۆسیالیزمی زانستی، زەحمەتکێشان و گەلانی ژێردەست لەسەر بنەمای برایەتی و لە رێگای ئایدیۆلۆژیایەك کە یەکسانی و ئازادی لە گەوهەری خۆیەوە دەگرێت لەپێناو ژیانێکی هاوبەشانە، بەردەوام تێکۆشانیان کردووە و ئێش و ئازاری مەزنیان چێشتووە و بە شێوەیەکی قارەمانانە بەرخودانیان کردووە. ئەگەر ئەمانە نەیانتوانیوە ئەو سیستەمە ئاوا بکەن کە شیاو و مافی خۆیان بوو، هۆکارەکەی نە لاوازی باوەڕی و نە کەمی تێکۆشانە؛ بەڵکو هێشتا نەبوونەتە خاوەنی ئەو هەلومەرجە (تەکنۆلۆژیە) کە ئەم ئامانجە پیرۆزەیان بەدیدێنێ؛ هەروەها لەبەر ئەوەیە کە رەوشی دواکەوتووی (سەرەتایی) تەکنۆلۆژی مەحکوومی شارستانیەتی کۆمەڵگای چینایەتی دەکات.

ئەم جوڵانەوەیەی چینی کارکەر کە لە ژێر رێبەرایەتی مانیفێستۆی کۆمۆنیست بەڕێوە دەچێ، دوا جوڵانەوەی یەکسانی و ئازادی ئەم زنجیرە مێژووییەیە. نووسەرانی مانیفێستۆ کە هەستیان بە کارەکتەری ئۆتۆپیای جوڵانەوەکانی پێش خۆیان کردووە. هەربۆیە زۆر گرنگی و بایەخی بە زانستی بوون دەدەن، بەڵام ئەم زانستی بوونە لەگەڵ چاخەکەی خۆیان سنووردارە. سەرمایەداری لە نێو قۆناخی هەرە پێشکەوتوودا دەژی، تازە بە تازە رووبەڕووی قەیران دەبێتەوە. باوەڕی بێ سنووری بەخۆی هەیە. مێژوو بەخۆی دەستپێدەکات و بێ کۆتایی دەکات. هەرچەندە زانستی بوون لەخۆیەوە بگرێت، بەڵام ئەم سۆسیالیزمە هێشتا بە دروستی پێی خۆی لەسەر زەوی دانەناوە. جوڵانەوەی چینی کارکەر هێشتا لە قۆناخی منداڵێتی دایە. دەنگی جوڵانەوەی رزگاری چەوساوەکان لە ئارادا نییە. سەرباری ئەمەش، لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەم بەداوە لەمیانەی ئاواکردنی یەکەمین و دووەم ئەنتەرناسیۆنال، لە بواری ئایدیۆلۆژی و کردارییەوە بە شێوەیەکی بوێرانە هەڵوێستی چینایەتییان راگەیاندووە. هەڵوەستەی زانستییانە و لە ژێر هەموو هەلومەرجێکدا، بە دوادا چوونی مافی رەنج و پاراستنی ئەو لایەنانەن کە جێگای رێز گرتنن. لایەنی پێغەمبەرایەتی ئەم کارە، لێرە دایە. گفتوگۆی لە جۆری ستراتیژی گونجاوە یاخود نا، ناشێ ببێتە زمانی قۆناخی بەمجۆرە. لە کاتێکدا عیسا لە باوەڕی بە (رەب)ی خۆی بەولاوە هیچ چەکێکی دیکەی نییە، لە کاتێکدا دژی سیستەمی جیهانی رۆما دەوەستێ، لە رەوشێکی وەهادا نییە بیر لە ستراتیژی و تاکتیك بکاتەوە. بەڵام لە هاوێشتنی ئەو هەنگاوە بەهێزە، کە لە ئاراستە کردن بەرەو مرۆڤایەتی و چاخی ئازادی بێ کۆتایی هەوڵێکی مێژوویی قۆناخی گۆڕینە ناکەوێتە بچووکترین دوودڵییەوە. بەمجۆرەش ئەو هەنگاوانەی هاوێشتراون پیرۆز دەکرێن. لەم چوارچێوەیەدا دامەزرێنەرە قارەمانەکانی سۆسیالیزم و یەکەمین جوڵانەوەی بنگە کۆمەڵایەتیەکان جێگای پیرۆزین. سەرکەوتنی سیاسی یاخود زیانی پڕ لە ئێش و ئازار، لە تەك گەوهەری مەسەلەکە، کێشەیەکن بە پلەی دووەم دێن. سەرنەکەوتنی کۆمۆنەی پاریس یاخود هەرەس

هێنـانی دووەمـین ئەنتەرناسـیۆنال، ناتوانـێ رێگـا لـەوە بگرێـت کـە سۆسـیالیزمی زانسـتی زیـاتر بـە ئامانجەکانی خۆیەوە گرێ بدرێت؛ لەمیانەی قۆناخی لینینیستی، بە هێزێکی سیاسـی مـەزن و هێـزی دەوڵەت دەگات. بە گـوێرەی پێناسـەی کلاسـیکی، ئـەوا رادەگەیـەنرێ کـە سـێ یـەکی جیهـان، دەربـازی قۆناخی شارستانیەتی سۆسیالیستی پرۆلیتاریا و گەلە چەوساوەکان بووە. بانگەشەی ئەوە دەکرێت لە هەموو بوارێکدا پێشبڕکێیەکی سەرکەوتووانە لەگەڵ سەرمایەداری دەکرێت. لە راسـتیدا بـۆ یەکـەمین جار، لە مێژوودا کۆماری یەکسانی و ئازادی چەوساوەکان هێزی ئەوە نیشـان دەدات کـە بـۆ ماوەیـەکی درێـژ لەسـەر پێـی خـۆی بمێنێتـەوە و بـژی. بـەڵام بـەر لـەوەی یەکـەمین سـەدەی تەمـەنی خـۆی پـڕ بکاتـەوە، بـەر لـەوەی بـە کۆتـایی سـەدەی بیسـتەم بگـات، ئـەم کۆمارانـە هەڵدەوەشـێنەوە و بایـەخی مێژوویی خۆیان لە دەست دەدەن. زاناکانی بۆرژوازیـەت بـە ئامـانجی پڕوپاگەنـدە، ئـەو گۆڕانکارییـە وەکو ئیفلاس کردنی سۆسیالیزم رادەگەیەنن، مارکسیستەکانیش لە ژێر شـێوەی جیاجیـادا بـە تـاوانی خیانەت دادگایی دەکەن، لەلایەنی ئەو کەسانەی کە بە دڵسۆزی و مۆئمینانە گرێدراوی سۆسـیالیزمن، بە داڕووخانی خەیاڵە پیرۆزەکانیان هەڵیدەسەنگێنن. بەڵام بـۆ ئەوانـەی ئـارامترن و هـەوڵ دەدەن بـە گوێرەی هەڵوێستێکی زانستییانە نزیك ببنـەوە، لێـرەدا بـە شـێوەیەکی سـۆبژەکتیڤانە (ذاتي) و وەکـو تێك شکاندنێکی مەزنی خەیاڵەکان و لەمیانـەی لـە قەڵەمـدانی رەوشـەکە بـە خیانـەت کـاری، بـەرەو چارەسـەرییەکی سـانایی ئاراسـتە نـاکرێن. ئـەوەی روویـداوە، لەبەرئـەوەی پێویسـت بـوو روویـدا. لەبەرئەوەی لە گەوهەری خۆیدا شایستەی ئامـانج و خەیاڵەکان نـەبوو، بۆیـە نوێنەرایـەتی نـەکرد و هەڵوەشایەوە. لەجیاتی شادبوون و خەمگینی بەرامبەر بەم، لەمیانەی لێپرسینەوەی ئەوەی راستی لە کوێی ئەمە دایە، بە دوادا چوون هـەموو کاتێـك بۆتـە رێبـازی زانسـت و لـەم رێگایەشـەوە سـەرکەوتن بەدیهاتووە.

ئەزموونی سۆڤییەت هەڵسەنگاندنی قووڵی دەرهەق نەکراوە؛ گرنگتریش ئەوەیە، تاوەکو ئێستاش تەواوی دەرئەنجامەکانی هەڵوەشانەوە سەریهەڵنەداوە. وادیارە چەندین بابەت لە تاریکیدا ماونەتـەوە یـاخود چـاوەڕوانی قۆنـاخی نوێیـە. سـەرباری ئەمـەش، کاتێـك سـەیری ئـەو دیاردانـە بکرێـت کـە لـە ئـارادان، فەلسـەفە و کـردارە سـەرنەکەوتووەکانی بەرچـاوە. تـازە بـە تـازە لێپرسـینەوەی بـەمجۆرە پێشدەکەوێت کـە ئـەوەی پـەیڕەو کـراوە، سۆسـیالیزم یـان نەتەوەپەرسـتی، ئـازادی یـان تۆتالیتـاریزم، یەکسانی یان سەرمایەداری دەوڵەت، بـووە. هـەرگیز ئـەم پرسـیارانە گرنگـی مێـژوویی ئـەو تێکۆشـانە پیرۆز و مێژووییە کەم ناکاتەوە کە بە ملیۆنان مرۆڤی زەحمـەتکێش و قارەمـانی لـە ژمـار نـەهاتووی خاوەن بیروباوەڕ و وشیاری سۆسیالیزمی زانستی بەڕێوەیان بردووە؛ بانگەشـەی بـە فیڕۆچـوونی ئـەم

تێکۆشـانە ناکـات. بـە پێچـەوانەوە، یەکـەمین رێگـای خـاوەن دەرکـەوتن لـەم بەهایانـە، ئەوەیـە ئـەم پراکتیکە بە پارزنگێکی زانستییانە دەرباز بکرێت و شیکردنەوەیەکی راست دەکات بە ئەرکێکی گرنگ و ژیانی. باوەڕی بەوە دەکات تاوەکو ئەم ئەرکە بە شێوەیەکی سەرکەوتووانە جێبەجێ نەکرێت، ئـەوا کاروانی سەرکەوتوو بەرەو ئامانجە پیرۆزەکانی ئازادی و یەکسانی بەدینایەت.

زۆر جـار لـە مێـژوودا ئـەوە دەبینـرێ لەمیانـەی بـە هەڵـە چـوونی ترسـناك و ئـەو شـەڕانەی لەپێناویـدا ئـەنجام دەدرێـت، ئـەنجامێکی زۆر بـە پێچـەوانەی ئامانجـەکانی لێکەوتۆتـەوە. نموونـەی دیکەش دەبینرێ. بەڵام تاوەکو ژیانی مرۆڤایەتی هەبێت، ئەم بانگەشە شکۆدارانەی یەکسانی و ئازادی دەتوانێ گوزارشتێکی زانستییانەی نزیك بە راستی بەدیبێنێ، لەمیانەی ئەو رێگا راستـەی کراوەتـەوە و لە نزیك هەنگاوی بە برِیارەوە بەرِێوە دەچێت و سەرکەوتن بەدەست دێنی.

پێناسە کردنێکی وردەکارتری شوێنگەی سۆسـیالیزمی بونیـادنراو لـە مێـژوودا کـە راسـتینەیەکی گرنگی چاخە، رۆڵێکی رۆشنگەرانە دەبینێ.

آ ـ سۆسیالیزمی زانستی وەکـو ناسـنامەی ئایـدیۆلۆژی، لـە بوارەکـانی مێـژوویی و کۆمەڵایـەتی و ئاسـتی تـەکنۆلۆژی، کـەم و کـوڕی جـددی لـەخۆوە دەگرێـت. دامەزرێنـەرەکانی خـاوەنی توانسـتێکی زانیـاری (زانسـتی) ئـەوتۆ نـەبوون کـە شـیکردنەوەیەکی گشـتی سـەبارەت بـە شارسـتانیەت بکـەن. لێکۆڵینـەوە دەرهـەق بـە زانیـاری پێویسـت، سـنووردار بـوو. تاکـە تواناکاریـەکی سـنووورداری زانیـاری دەرهەق بە سۆمەریەکان دەرنەکـەوتبووە مەیـدان. تەنانـەت چـاخی دێـرینیش لـە هەڵسـەنگاندنێکی راست دوور بو ون. سـەبارەت بـە کۆمـەڵگای نیۆلیتیـك، نـە تێکۆشـانێکی ئـەوتۆی شوێنەوارناسـی و نـە هەڵسەنگاندنێکی تیۆری لە ئارادا نەبوو. لەگەڵ ئەوەی **"کۆمـەڵگای کـۆن"**ی **مۆرگـان** پەسـند دەکـرێ، بەڵام زۆر ناتەواوە. ئەو کۆمەڵگایـەی سـەرمایەداری کـە هەڵسـەنگاندنی سـەبارەت ئـەنجام درابـوو، لـە قۆناخی پێگەیشتندا بوو. بە رادەیەکی زیاتر پێکهاتەی بەرهەمهێنانی شیکرابۆوە. هەڵسەنگاندنەکانی سەبارەت بە دەوڵەت و ناسنامەی ئایدیۆلۆژی، زۆر سـنووردار بـوو و هەڵـەی مـەزنی لـەخۆوە دەگـرت. نەیانتوانیوە لە نزیکبوونەوە سەبارەت بەم دوو دیاردە گرنگە خۆیان لە فەلسەفەی ماتریالیستی قەبە رزگـار بکـەن؛ وەکـو رەنگدانـەوەی بچـووك و ئاسـایی ئـابووری هەڵسـەنگێنراون. لـە ئـاواکردن و هەڵوەشانەوەی سۆسیالیزمی بونیادنراودا کاریگەری ئەم هەڵوێستە فەلسەفیە، یەکلا کەرەوەیە.

بـەبێ ئـەوەی شارسـتانیەت بـە شـێوەیەکی سەرتاسـەری شـیبکرێتەوە، شـیکردنەوەی قۆنـاخێکی سنووورداری شارستانیەتی سەرمایەداری کە بە تایبەتیش لایەنی ئابووری لەپێشە، تەنیا بەهاکـەی بـە ئەندازەی شیکردنەوەی ئەلف و بێ یە. ئاشکرایە کـە لەمیانـەی ئـەم شـیکردنەوەیە تـەواوی کۆمـەڵگا

رۆشن ناکرێتەوە، بە تایبەتیش بۆ رێبازی بەرنامە و چالاکی وەرچەرخانێکی شۆڕشگێڕی کورت دێنێ و تێر ناکات. ئەو گۆڕانکاری و پێشکەوتنانەی دواتر هاتنە ئاراوە، رۆڵی ئەم کەم و کوڕیانەی لەم تێك شکانەدا نیشاندا، کە هەڵە و چەوتییەکان رێگایان لەپێش کردەوە.

ئەو بەرنامانەی تەنیا لەسەر بنەمای چینی کارکەرە هەر لە سەرەتاوە بەرەو گۆشەگیری دەچێت. هەروەها پەیوەندی نێوان کۆمەڵگا و راستینەی چین بە شێوەیەکی قووڵ شینەکراوەتەوە. چەمکێکی وەها زاڵ بووە کە کارکەر و بۆرژواکان تاکە راستینەی جیهانن و دوو چینی داڕنراو (مجرد)ن. هەروەکو دەزانرێ دیاردەی کۆمەڵگا وەکو پێشکەوتنێکی مێژوویی هەزاران ساڵە شێوەی گرتووە. دیاردەی چینایەتی قۆناخێك و بەشێکی سنووورداری ئەمە پێك دێنێت. ئەمانە وەکو دوو ئۆرگانی کۆنی لاشە وان کە نوژەن بوونەتەوە و هێزیان بە دەست هێناوە. نە بە تەواوی گۆڕانکاری و نە لەناوبردنی ئەم دوو ئۆرگانە، دوورە لەوەی بە تەنیا و سەربەخۆ، هەبوون و گۆڕانکاری تەواوی کۆمەڵگا ئەنجام بدات. ئیتر چ هەڵوێستی تەسکی چینی بۆرژوا بێت یاخود هەڵوێستی تەسکی چینی کارکەر، پێکهاتەی فاشیزم و سۆسیالیزمی بونیادنراوی کە لە رێگای شۆڕش و دژە شۆڕش ئاوایان کرد، رزگار نەبوونیان لە هەڵوەشانەوە، بە هۆی ئەو زەبر و فشارەوە نییە کە لە دەرەوە دەهات، بەڵکو بەهۆی ئەوەیە کە لەگەڵ راستینە سەرەکییەکانی کۆمەڵگا ناکۆك و پێچەوانە بوونەوە. هێزی مێژوویی بەکۆمەڵگابوون ئەم جۆرە کردارە ئەندازیارییانەی بێ واتا بینیوە و لەمیانەی هێزی خۆییەوە شیکردۆتەوە. تەواوی هەوڵ و کۆششەکانی ئەندازیاری کە پشت بە شیکردنەوەی قووڵ و بەرفراوانی راستینەی بە کۆمەڵگا بوون نابەستێ، لە بینای کورت خایەن بەدواوە گوزارشت لە بەهایەکی دیکە ناکات.

سەرلەنوێ ئاواکردنەوەی فاشیزمی سەرمایەداری و بیناسازی کۆمەڵگای سۆسیالیستی سۆسیالیزمی بونیادنراو و هەڵوەشانەوەی چاوەڕوان نەکراویان، نموونەی زەق و بەرچاوی سەر ڕاست کردن و ئەرێ کردنی ئەم هەڵسەنگاندنانەیە. ئەو پێکهاتە مێژووییانەی کە گەوهەری تەریقەت گەرایی لە خۆوە دەگرێت و لەم شێوە بیناسازییانە دەچێ، لە پێکهاتەیەکی مارژیناڵ رزگاریان نەبووە. ئەو وەرچەرخانانەی کۆمەڵگا کە بۆ ماوەیەکی درێژ خایەن بەردەوام بوون، ئەوانە بوون کە خاوەنی دەزگای سیاسی و ئایدیۆلۆژی وەهان کە بە گوێرەی ئاستی تەکنۆلۆژیای کۆمەڵگا لەبار و رەخساوە. ئیتر چ سەبارەت بە کارەکتەری چینی سەردەست و چەوسێنەر بێت یاخود چینە ستەم لێکراو و چەوساوەکان، ئەم رێسایە بۆ تەواوی هێزەکانی کۆمەڵگا پەیرەو دەکرێت و لە جێگای خۆی دایە. هێشتا ئاستی تەکنۆلۆژی سەدەی نۆزدەهەم بەو پێگەیشتنە نەگەیشتووە تێری پێکهێنانی

پرۆگرامێکی سۆسیالیستی زانستی بکات. دووری ئاستی تەکنۆلۆژی لەوەی کە بتوانێ زەمینەی ماددی پێویست بۆ کۆمەڵگایەکی بێ چین پێشکەش بکات، لەمیانەی هەڵوەشانەوەی سۆسیالیزمی بونیادنراویش ئەمە سەلمێنراوە. دەتوانرێ بگوترێ لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم بەدواوە سۆسیالیزم هەنگاوی بۆ ئەوە هاوێشت بە شێوەیەکی بەهێز بەم ئاستەی تەکنۆلۆژیایە بگات. شۆڕشی زانستی ـ تەکنۆلۆژی رۆڵێکی دیاریکراوی لە بەدیهێنانی ئەمەدا بینی. هیچ ناسنامەیەکی ئایدیۆلۆژی ئەو هێز و توانایەی نییە بە تەنیا پێشکەوتنێکی لە سەرووی ئاستی تەکنۆلۆژیاوە بەدیبێنێ. چەندە بانگەشەی خودایی و زانستی مەزنی هەبێت، بەڵام ئەم یاسایە بەرێوە دەچێت.

ب ـ ئەوەش بەرچاو دەکەوێ کە سۆسیالیزم لە نزیك بوونەوەی سەبارەت بە زەبر، بە تایبەتیش زەبری شۆڕشگێڕی زۆر سنووردار و تەنگە. لە رۆڵی "**مامانی لە دایك بوونی کۆمەڵگای نوێ**" دەرك بەوە دەکرێت بە شێوەیەکی زێدەڕۆیی زەبر هەڵسەنگێنراوە. ئەو زەبرەی لە شۆڕشە سۆسیالیستییەکان و سۆسیالیزمی بونیادنراودا پەیڕەو کراوە، تا رادەیەکی زۆر رۆڵی یارمەتیدەری مامانێتی دەرباز کردووە. هەروەکو بەردەوامی رێبازی سەرجۆن، حامورابی، ئەسکەندەر، قەیسەر (سزار) و ناپلیۆن دەبینرێت. بە تایبەتیش ئەو دیوارانەی بەرزکراونەتەوە و تەلبەندەکانی بۆ پاراستنی دانراون، ئەوە نیشان دەدەن سیستەم لە تەوقی سەر تاوەکو نینۆکەکانی پێی، لە نێو قڵفی زەبردا ژیاوە. لە نێو ئەو هەلومەرجانەدا، ئەوە لەولاوە بمێنێت کە بەرئەندامێکی دایکێتی منداڵی ببێت، لە توند و تیژی زیادە و هەناسە بڕین بەدواوە شتێکی دیکە جێگای باس نییە. لە کردەوەکانی سۆسیالیزمی بونیادنراودا ئەم راستینەیە بە رادەی هەرە زێدە پراکتیزە کراوە. نابێ هێندە دیوار و تەلبەند چوارچێوەی سیستەمێکی پێ دابخرێت کە هێندە لە خزمەتی مرۆڤایەتیدا بێت. تەنیا ئەو سیستەمانەی بڕوایان بەخۆیان نییە تەگبیری بەمجۆرە دەسێنن کە زەبر لەخۆوە دەگرن. بە پێچەوانەوە ئەگەر بڕوای بە ناسنامەی ئایدیۆلۆژی هەبێت، پێویست دەکات هەموو ئاسانکارییەك بۆ راکشانی جیهان بۆ ناوخۆی و بڵاوکردنەوەی مرۆڤایەتی بە هەموو لایەکدا، برەخسێنێ. ئەوە ئاشکرا بووە کە ئەو هەوڵ و خەباتانەی لە ژێر ناوی پێشبڕکێی چەکسازی و خۆپڕچەککردن کراوە، لە ئامادە کردنی هەڵوەشانەوەی خۆی زیاتر هیچ رۆڵ و واتایەکی دیکەی نەبووە. واتا ئەوە سەلمێنراوە کە هەڵسەنگاندنی سەبارەت بە زەبر و ئەو کردەوانەی لەسەر ئەو بنەمایە پراکتیزە کراون، سیستەمی هەڵوەشاندۆتەوە و سەرەکیترین هەڵەن کە ئەنجام دراون. هەموو لایەك کۆکن لەسەر ئەو بۆچوونەی سیاسەتی خۆپڕچەککردن رۆڵێکی سەرەکی هەبوو لە هەڵوەشانەوەی سۆسیالیزمی بونیادنراو.

مەزن کردنی رۆڵی زەبری شۆڕشگێڕیش تا بڵێی زێدەڕۆییە و پڕە لە کەم و کوڕی. لێرەشدا لە رۆڵی مامانی زیاتر، لەوە دوا نەکەوتبوو کە رێگای سزاریان ــ نەشتەرگەری (سزاریان، بۆیە بە سزارایان ناو دەبرێت چونکە ئیمپراتۆریەتی روسیا بەمجۆرە لە دایك بووە و لەهەمانکاتدا توند و تیژی پەیڕەو کردووە) و لەبەرچوون لە دایك بوون ئەنجام بدات. پیادەکردنی زەبرێکی بێ سنوور و زێدەڕۆ، بە گشتی کارەکتەری چینە سەردەست و چەوسێنەرەکانە. ئەم زەبرەش دەرئەنجامێکی ئەو ترس و راو و رووت و تەڵەکەبازییەیە کە ئەنجامیان داوە. بۆ ئەوەی ئەم ترسەیان بڕەوێننەوە بەردەوام چەکی نوێ بەدەست دێنن، بەردەوام تاوان و کوشتاری بە کۆمەڵ ئەنجام دەدەن. لە راستیدا ئەو شەڕانەی کە هەر یەکە و کردەوەیەکی کوشتاری بە کۆمەڵن، بۆ ئەوەی ئەم کارەکتەرەی بشارنەوە و پەردەپۆشی بکەن، بەردەوام پێویستی دەبینن لەمیانەی سیفەت و ناوی لە جۆری خودا و ئارامی و سەلامەتی کۆمەڵگا بەرز بکەنەوە. بەڵام لە راستیدا تاڵانی و دزەیەکی رێکخراوە، لەم پێناوەشدا هەموو جۆرە تاوانێك ئەنجام دەدرێت. ئەو زەبرەی لەپێناو وەرچەرخانی کۆمەڵگا و بەختەوەری بپارێزرێت، تەنیا ئەو زەبرە پاراستنی رەوایە کە لەسەر بنەمای پێناسەی یاسای گەردوونییە. لێرەدا بۆ ئەوەی زەبر رۆڵێکی پێشکەوتووخوازی لە وەرچەرخانی کۆمەڵگادا ببینێ، دەبێ بە ئامانجی خۆپاراستن بێت بەرامبەر بەو قڕکردنانەی لە دەرەوە یان لە ناوەوە دەسەپێنرێن و دەخوازن لەمیانەی زەبرەوە بیتوێننەوە و بیگۆڕن. تەواوی ئەو توند و تیژییانەی ئەم ئامانجە تێپەڕ دەکەن و بە ئامانجی داگیرکردنی پێکهاتەی کۆمەڵگای دیکە، یان دەست بەسەر داگرتنی بەها ماددی و مەعنەوییەکانیان بێت و بە زەبر دووچاری گۆڕان بکرێن و بتوێنرێنەوە، ئەمانە هەموویان زەبرێکن گەوهەری پاشڤەڕۆیەتییان هەیە و پێویستە لێی دوور بێت. ئەو کردارە توند و تیژییانەی لە ژێر ناوی خودا و وڵاتی پیرۆز و رزگاری نەتەوەیی پەیڕەو دەکرێن، هەرگیز بە واتای مامانێتی نایەت و لە گەوهەری تاڵانکاری و جینۆسایدی سەرەڕۆیەتی بەولاوە هیچ واتایەکی دیکەی نییە.

سۆسیالیزمی بونیادنراو چەندین جوڵانەوەی رزگاری نەتەوەیی کە لەسەر هەمان رێباز بەڕێوە چوون، دەربارەی مەسەلەی زەبر زێدەڕۆییان کردووە، بەڵام دیسان لە مەحکووم بوون بە سیستەمێکی پاراستنی لەسەر بنەمای زەبر رزگاریان نەبووە. مسۆگەر ئەم هەڵوێستە کارەکتەری توێژە سەردەست و چەوسێنەرەکان نیشان دەدات. لەبەرئەوەی بەکارهێنانی زەبر لە ژێر ناوی سۆسیالیزم و پێشکەوتووخوازی ئەنجام دراوە، ئەوا جگە لەمە، گەندەڵ بوونێکی رادەبەدەر لەگەڵ خۆیدا دێنێ. بۆ جارێکی دیکە مێژوو لەمیانەی نموونەکانی سۆسیالیزمی بونیادنراو سەلماندوویەتی کە هەڵوێستی توندوتیژی نابێتە تەرز و شێوازی زەحمەتکێشان و ژێردەستەکان. لە هەرکات و ئاستێکدا هێرش بۆ

سـەر بـەها ژیانییـەکانی کۆمـەڵگا بکرێـت، ئـەو هەلومەرجـەی کـە هەیـە هـەر چییەك بێـت، **مـافی پاراستنی رەوا** چالاکی و کرداری پیرۆزی هەبوون و بەدیهێنانی چاخی ئازادییە و پێویستە پـەیڕەو بکرێت.

مافی بەکارهێنانی زەبر لە مافی پاراستنی رەوادا ئەو کاتە دێتە ئاراوە، کاتێ هێرش بکرێتە سەر ئۆرگان و هەبوونە ئایدیۆلۆژی و ماددییەکانی کۆمەڵگا و لە قۆناخی پێشکەوتنی ئازاد، بـە تایبـەتیش لە کاتی وەرچەرخانە گەوهەرییەکاندا، واتە بەرامبـەر ئـەو هێزانـەی دەخـوازن لـە قۆنـاخی لـە دایـك بوونی شۆڕشگێڕیدا لەمیانەی بەکارهێنانی زەبر، ڕێگا لـە پێشکەوتنەکان بگـرن؛ لـەم چوارچێوەیەدا بەکارهێنانی زەبر رەوایە و ناچارییە. بەکارهێنانی هەر توند و تیژییـەکی ئـەم چوارچێوەیە دەربـاز بکات، ڕێگا لەپێش دەسکەوتی ناعادیلانـە و زیـانی لـەخۆڕا و گەنـدەڵ بـوونی بـە کاریگـەر دەکاتـەوە. هـەروەکو چـۆن لـە چـەندین پێشـکەوتن و گۆڕانکـاری گرێـدراو بـە سۆسـیالیزمی بونیـادنراو لـە بەکارهێنانی زەبردا زێدەڕۆیی لە پراکتیزەکردندا هەبووە، لەمیانەی چەندین نموونەشەوە سەلمێنراوە هاریکـاری پێویسـت بـە گـەلێك هێـز نـەدراوە کـە لـەپێناو پاراسـتنی هـەبوونی خـۆی و بـەدیهێنانی پێشـکەوتنی ئازادانـە جـەنگاوە. تیـۆری زەبـر لـە سـەرووی ئـەو بابەتانـەوە دێـت کـە سۆسـیالیزمی بونیادنراو لە بارەیانەوە بە هەڵەدا چووبوون. ئەم بە هەڵەدا چوونانەش لە سەرووی ئەو فاکتەرانەوە دێت کە لە هەڵوەشاندنەوەی سۆسیالیزمی بونیادنراودا رۆڵێکی دیاریکراویان هەبووە.

ج ـ دەزگاکانی دەوڵەت و سیاسەتی سەردەمی سۆسیالیستی تایبەت بـوونی خۆیـان نیشـان نـەداوە. لە شێوازێکی ژیانی شێوەبەندی سۆڤییەت زیاتر، لە ئامرازێکی پڕوپاگەندەی دەوڵەت بەدواوە رۆڵێکی دیکەیان نەبووە. لە راستیدا ئەم ئامرازەی پێویست بوو لە رووی دەوڵەتەوە خاوەن قورساییەك بێـت، بەڵام لەگەڵ ئەوەی بۆتە ئامرازی دەربازبوون بەرەو دەوڵەتی تۆتالیتاری، بووە بە ئامرازێکی سەرەکی گەندڵ بوون. پێکهاتەی سیاسی تاك حیزبی، بووە بە ئامرازێکی دوالیزمی سپی و رەش کـە تـەنیا لـە کردەوەکانی فاشیزمدا دەبینرێ. چەندین لایەن و لقی کە گرێدراوی ئەم ئامرازانەن، کەوتوونەتە ناو هەمان رەوشەوە. لە ئەنجامدا لەوە زیاتر کە ببن بە ئامرازی گەیانـدنی داخوازییـە دیموکراسییەکانی کۆمەڵگا بە دەوڵەت، بوونەتە ئامرازی ئابلۆقەدانی کۆمەڵگا لەلایەن دەوڵەتـەوە. لـە کاتێکـدا پێویسـتە خـودی دەوڵـەت ببێتـە ئـامرازێکی خشـتەکاری (التنسیق) گشـتی، بـە دەسـەڵاتێك گەیشـتووە کـە لـە سـەرەوەی چـەمکی دەوڵـەتی ئیلاهییـە و بـووە بـە ئامرازێـك بـە شـێوازێکی زۆر دژوار چـەمکی بەڕێوەبەرایەتی تۆتالیتاری پراکتیزە دەکات. لـەوە رزگـاری نـەبووە کـە بـە تـەواوی پەیوەنـدی خـۆی لەگەڵ زاراوەکانی دیموکراسی و کۆماری ببڕێت.

گەرچی پێویست بوو لە هەموو لایەنێك زیاتر سۆسیالیزمی بونیادنراو جیاوازبوونی خۆی بەرامبەر بە سیستەمی سەرمایەدار لەم دوو بوارەدا نیشان بدات. بە پێچەوانەوە لە کاتێکدا پێوانە دیموکراسییەکان لە وڵاتە سەرمایەدارییەکان دەرکەوتنە پێش، لە وڵاتەکانی سۆسیالیزمی بونیادنراودا ئاراستە بەرەو وشك بوون و دەوڵەتێکی سەرەڕۆ و تۆتالیتار بووە. سیستەمی دەوڵەتێك و پارتێك کە خۆیان بە موڵکی گەل دادەنا، تەنیا دەیانتوانی ئەمە لە ڕێگای ڕۆڵ و دەسکەوتەکانیان بۆ سیستەمێکی دیموکراسی فرە لایەنی بسەلمێنن کە سیستەمی سەرمایەداری تێپەڕ کردبێت. لەجیاتی پێشکەوتنێکی بەمجۆرە، زاڵ بوونی کردەوەی پێچەوانەی ئەمە، هۆکارێکی دیکەی گرنگی هەڵوەشانەوەی سیستەمە. ئەو تێکۆشانەی تیۆریانەی لە ژێر ناوی **دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا** و "**دەوڵەتی گەل**" ئەنجام دراوە زۆر لە زانستی بوون دوور بووە، لە ئامانجی پڕوپاگەندە بەدواوە تێپەڕی نەکردووە. تەنانەت لەم بوارەدا زۆر لە دواوەی مارکس و ئەنگلس ماونەتەوە. دەوڵەت لە بوون بە ئامرازی خۆ پاراستنی هێزێکی بیرۆکراتی سەرمایەداری و لێدان و خۆ ژیاندن، ڕزگاری نەبووە. ئەوە لەولاوە بمێنێت کە لە بواری بەدەزگابوونی سیاسی و دەوڵەت، باڵابوونی بەسەر سیستەمی سەرمایەداری بەدەست نەهێنا، بەڵکو زۆر لە دوای ئەو مایەوە و لە هاوشێوە بوونی شێوازی پادشای ــ ڕاهیبی سۆمەر و میسر ڕزگارییان نەبووە. ناشێ ئەم چەمکە بە کۆمەڵگای سەدەی بیستەم ببەسترێتەوە و بەمجۆرە شیبکرێتەوە.

تاوەك ئێستا سۆسیالیزمی بونیادنراو بە شێوەیەکی مێژووییانە ئەوەی شینەکردۆتەوە و بە چارەسەری نەگەیشتووە، کە چۆن لە بواری دەسەڵاتی سیاسی دەوڵەت و پراکتیزەکردنیان لەوەدا سەرکەوت هاوشێوەی پاشکەوتووترین شێوەی کۆیلایەتی بێت. ئەم کردار و پراکتیکانە کاتێك تێپەڕ دەکرێت کە شیکردنەوەیەکی قووڵ سەبارەت بەو شارستانیەتە بکرێ کە سیاسەت و دەوڵەت ڕۆڵێکی ناوەندی تێدا دەبینێ و بە شێوەی زانستی و سەرکەوتووانە ئەنجام بدرێت کە تەواوی قۆناخەکانی مێژوو و کۆمەڵگا لەخۆوە بگرێت. تەنیا لە ڕێگای ئەم بەلاوەنانەوە دەشێ شێوەی تیۆری و پراکتیزەکردنی شارستانیەتی نوێ پێش بکەوێت، ناسنامەی ئایدیۆلۆژی نوێ و دامەزراوە سیاسییەکان واتادار دەبن.

**د** ـ لە سۆسیالیزمی بونیادنراودا کۆمەڵگای دیموکراسییانە و ڕێکخراوە مەدەنییەکان ئاوا نەکراون. لە کاتێکدا سیستەمی سەرمایەداری لەو قۆناخە لە ڕێگای ڕێکخراوە جەماوەری و دیموکراتییەکان هەوڵی ڕزگاربوون لە کردەوەکانی فاشیستی دەدا، لە وڵاتەکانی سۆسیالیزمی بونیادنراودا پێشکەوتنێکی پێچەوانەی ئەمە دەرکەوتە پێش و گرانی پێدرا. تەنانەت ئەو پاشماوە سروشتییانەی دیموکراسیش کە هەبوون کۆتاییان پێهێنراوە، ڕێکخراوە جەماوەرییەکان بە تەواوی

کراونەتــە دەزگــای ســیخوڕی دەوڵــەت. لــە راســتیدا لەگــەڵ گەیشــتنی کۆمــەڵگا بــە قــووڵترین و بەرفراوانترین وشیاری و ڕێکخستن و شێوازی ژیانی دیموکراسییانە، هێـزی سۆسـیالیزم دەردەکەوێتـە مەیدان. بەمجۆرە ئەوەی پێویستە بەهێز بکرێ دەوڵەت نییە بەڵکو کۆمەڵگایە. ڕێگا و نـاوی ئەمـەش کۆمەڵگای دیموکراسی و بە شارستانی بوونە. تێکدانی هەر دوو دیـاردە، تـەنیا دەشـێ لەگـەڵ چـەمکی دەوڵــەتی راهیبــی ســۆمەرەوە بــەراورد بکرێــت کــە لەلوتکەدایــە. ســەرمایەداری دەوڵــەت وەك دەرئەنجامێکی هەلومەرجی دواکەوتووترین وڵاتە و ئەو سیستەمە سیاسییەی پیادەی دەکات، دەبێتـە دواکەوتووترین پێکهاتەی دەوڵەتی سەرمایەداری. ئـەم شـێوە پێکهاتـەش لـە پراکتیزەکردنـی چـەمکی سەرەڕۆیی و تۆتالیتاری بەدواوە، ڕێگا بە هیچیتر نادات. هەرچی ئاکامی ئەم کردەوەشـە، دەرفـەت بـە پێشکەوتنی کۆمەڵگای دیموکراسییانە نـادات. دامـەزراوەکانی کۆمـەڵگای مـەدەنی دەکـات بـە چـەرخی پڕوپاگەنـدەی دەوڵـەت. ئەمـەش دیاردەیـەکی دیکـەی گرنگـی سـەلماندنی ئەوەیـە کـە سۆسـیالیزمی بونیادنراو سۆسیالیزم نەبووە.

بە گوێرەی گەوهەری سۆسیالیزمی، پێویست بوو سیستەمێك بێت بە رادەی هەرە زێدە کۆمەڵگای دیموکراسی پـێش بخات. وەکو پێشبینی و مـەرجێکی تیـۆری خـودی سۆسـیالیزم تـەنیا لـە ئـەنجامی دیموکراتیزەبوون بەدیدێت. لەو کۆمەڵگایانەی دیموکراسـییەت تێیانـدا پێشنەکەوتووە، ناشـێ بـیر لـە بونـیادنـانی سۆسـیالیزم بکرێتـەوە. ڕێکخراوەکـانی کۆمـەڵگای مـەدەنی کـە ئـامرازی بـە کاریگـەری دیموکراسین نابێ گرێدراوی دەوڵەت بن؛ بە پێچەوانەوە وەکو گروپە شارەزا و پسپۆرەکانی چاودێری کردنی دەوڵەت ڕۆڵ دەبینن. تاوەکو ئەم ڕۆڵە نەبینرێ، ناشێ پەیوەندی کۆمەڵگا ــ دەوڵـەت کـۆنترۆڵ بکرێـت کـە تـاوەکو دوایـی ئـاڵۆز بـووە. لـە کـاتی هەڵوەشـانەوەی سۆسـیالیزمی بونیـادنراودا، ئـەو کۆمەڵگایەی پێویست بوو لێی بـە خـاوەن دەربکـەوێ، بـە پێچـەوانەوە بـۆ ئـەوەی سـاتێك زووتـر لێـی رزگار بێت لە بەرپاکردنی بەرفراوانترن جموجۆڵی کۆمەڵایەتییەوە هەنگاویان بەرەو دواوە نەهاوێشت. لــە راســتیدا ئــەم جموجۆڵــە گوزارشــتی دەربازبوونــە لــە ســەرمایەدارییەکی پاشــڤەڕۆ و دوور لــە دیموکراسی، بـەرەو سـەرمایەدارییەك کـە بـۆ میـانڕەوی کراوەیـە. لێـرەدا خیانـەت و خەڵەتانـدنێکی جەماوەر لە ئارادا نییە. بە پێچەوانەوە درکاندنی داخوازی سەرمایەدارییەکی دیموکراسییە کە گەل لە ئەنجامی ئەزموونی ژیانی خۆی پێی گەیشتووە. لەمەش بەولاتر بە تەواوی رووتی خۆیەوە ئاشکرا بووە کە چۆن دەوڵەت بووە بە مافیا و دڕندە؛ ئەوە سەلمێنراوە کە توانستی سـەرمایەدارییەکی پشت ئەستوور بە یاساشی نییە.

ئـەوەی جـارێکی دی لـە ئـەنجامی ئـەو نموونەیـە جـەختی لەسـەر دەکرێتـەوە ئەوەیـە، تـاوەکو دیموکراسـییەتێکی پێشـکەوتوو نـەبێت، نـاتوانرێ بـەرەو سۆسـیالیزم هـەنگاو بهاوێـژرێ. تـاوەکو پێشکەوتووترین دیموکراسییەتەکانی بۆرژوا تێپـەڕ نـەکرێت، دیموکراسـی گـەل پێشـناکەوێت. تـاوەکو دیموکراسییەکانی گـەل لەمیانـەی پێکهاتـەی فـرە لایـەنییان، ئـیرادەی راسـتەقینەیان، هێـزی کۆنترۆڵ کردنـی دەوڵـەت، لـە نـاوەوە و دەرەوە لـە رێگـای هەڵوێسـتەکانی ئاشـتی و تـەبایی خۆیـان نەسـەلمێنن، ناتوانن بانگەشەی تێپەڕکردنی دیموکراسییەتی بۆرژوازی بکەن. یـەکێك لـەو نیشـانە سـەرەکییانەی جـەخت لەسـەر کارەکتـەری سۆسیالیسـتییانەی رژێمێـك دەکاتـەوە، دیموکراسـییەتی پراکتیـزە کـراوە. تـەواوی نیشـانەکانی دەرەوەی ئەمـە بـە پلـەی دووەم دێ. لەبـەر ئـەوەی سۆسـیالیزمی بونیـادنراو لـە تاقیکردنـەوەی خـۆی سـەبارەت بـە دیموکراسـییەت دووچـاری شکسـتێکی مـەزن و نکـۆڵی کـردن لـە دیموکراسییەت هات، بە تایبەتیش لەلایەن گەلەوە لەمیانەی ئەو رقەی کـە دیـار نـەبوو ئەنجامەکـەی بەرەو کوێ دەچێ، لە هەڵوەشانەوە رزگاری نەبووە.

ﻫ ـ سیسـتەمی ئـابووری سۆسـیالیزمی بونیـادنراو، وەکـو پارچـەیەکی گشـت بـە هـیچ جۆرێـك سەرمایەداری دەوڵەتی دەربـاز نـەکردووە. ئـەم سـەرمایەدارییەی سـەرەتا وەکـو قۆنـاخێکی پەڕینـەوە دەبینـرا، پێبـەپێ چـوار دەوری سیسـتەمی ئابلۆقـە داوە. سـەرباری ئـەوەی بـە شـێوەی کۆیلـەداری هاوچەرخ رەنجی بەکار هێناوە، دیسان لە دواوەی پێشکەوتنەکانی سـەرمایەداری کلاسـیك ماوەتـەوە و نەیتوانیوە لەم رەوشە رزگاری بێ. تێر نەکردنی تاك بە ئەندازەی سەرمایەداری (موڵکداری) تایبەتی، رۆڵی لەمەدا هەیە. ئەو تاکەی لـە ئەنجامـەکانی رەنـج نـامۆ بـووە، تـاوەکو دەچـێ بەرهەمەکـەی کـەم دەبێتـەوە. لـە ئەنجامـدا هـەروەکو کۆیلایـەتی چـاخەکانی سـەرەتا بێـزار بـوون لـە کـار و راکـردن دەستپێکردووە. لە راستیدا کار و خەبات لە سۆسیالیزمدا وەکـو پێویسـتیەك هەڵدەسـەنگێنرێ و بـە جۆشـەوە جێبـەجێ دەکرێـت. ئـەو رەوشـەی پرەنسـیپی کـار و رەنگـی سۆسیالیسـتی لـە بـواری پراکتیزەکردنـدا تێـی کـەوتبوو، ئـەوەی بەڕێوەچـووە شـێوازێکی سوغرەکێشـی بـووە. رەوشـێکی بەمجۆرەیە، کاتێك هەڵوەشانەوە روویدا، رەوشێکی هێندە بە ئێش هاتـە ئـاراوە کـە لەهـەر شـوێنێکی دونیـا کـاری هـەرە بچـووك و سـووکیان بـە کـەمترین کـرێ بـە نیعمـەتێك دەبینـی. لـە ژێـر هـیچ بڕوبیانوویەك نابێ هاوولاتییەکی سۆسیالیستی بخرێتە رەوشێکی بـەمجۆرە. کاتێـك کەوتـە رەوشـێکی وەها، ئەمە روون بۆوە و سەلمێنرا، ئەوەی لەوێوە بەڕێوە چووە جگە لە سۆسیالیزم رژێمێکی گەنـدەڵ بووە کە دەتوانرێ هەموو ناوێکی لێبنرێ.

و ـ قۆناخەکانی رزگاری نیشتیمانی و دەوڵەتەکانیان کە ناوەندەکانی سۆسیالیزمی بونیادنراو وەکو دیاردەیەکی سیاسەتی دەرەکی تەماشایان دەکرد، لەوە رزگاریان نەبووە ببن بە نموونەیەکی لاسایی و گەندەڵترین سیستەمە سەرەکییەکان. تەنانەت کاتێك لە کۆلۆنیالی کلاسیکی رزگاریان دەبێت، ئەو رژێمانەی دەچەسپێنرێن جۆرێکن کە بەڕێوەبەرایەتی داگیرکاری کلاسیکییان تێپەڕ کردووە.

لەبەر ئەوەی ئەم جۆرە وڵاتانە هەم لە بواری سەرمایەداری کلاسیکی و هەم سۆسیالیزمی بونیادنراو شێوەی دووەمین دەستن، بۆیە وەکو بەڵایەکی گران بەسەر گەلان و کۆمەڵگای خۆیاندا براونەتەوە. دەتوانرێ بگوترێ، ئەو کۆمەڵگایانەی لە ژێر کۆنترۆڵی ئەم جۆرە رژێمانەدا لە مێژووی خۆیاندا رووبەڕووی نەفرینترین و کوێرانەترین راستینە بوونەتەوە. ئەم رژێمانە بەبێزەییانە و شێوازی بچووك خستنەوە لاسایی کردنەوەیان لەسەر گەلەکانیان پەیڕەو کردووە، ئەو تاریکاییەی لە سەردەمی دەرەبەگایەتییەوە تێی کەوتبوو فشارێکی لە شێوەی قاڵبی کۆنکریتی هاتە سەر؛ ئەو کۆمەڵگایانەی لە ژێر سایەی ئەم رژێمانەدا بوون، ئەو کۆمەڵگایانەن کە بە قووڵایی لە خۆیان نامۆ بوون. لەوانەیە لە هیچ قۆناخێکی مێژوودا تا ئەم رادەیە نامۆ بوون، بێ باوەڕی بە هێزی خۆی، بێ بەشی لە وشیاری مێژوویی، کەوتنی ئاستی ئەخلاقی و بێ ئاگایی دەرهەق بە بوونەوەرە کۆمەڵایەتیەکان نەهاتبێتە ئاراوە. ئەمانە لەم چەرخەماندا نوێنەرایەتی قەیراناویترین کۆمەڵگاکانی مرۆڤایەتی دەکەن.

ز ـ هەبوونی تاك و مافەکانی کە بە درێژایی مێژوو پێویستە وەکو پێوانەیەکی ئازادی هەڵسەنگێنرێ، لە سۆسیالیزمی بونیادنراودا وەکو کێشەیەك نەبینراوە. ئەگەر لە سەردەمی لە دایك بوونی سەرمایەداریدا بێت یاخود لە چاخی تەنگژەدا، ئەوا ئەو بابەتەی هەرە زێدە هەڵوەستەی سەبارەت کراوە، ئازادی تاکە کەسە. لە راستیدا ئەو تاکەی لەلایەنی رۆحی و هزری لە دەستی هەموو جۆرە دۆگماتیزمێك رزگاری بووە، گوزارشت لەپێشکەوتنێکی گرنگ دەکات. ئەم دیاردەیە تەنیا بە سەرمایەدارییەوە پەیوەندیدار نییە. پێوانەی هەر هەڵمەتێکی پێشکەوتووخواز، لەو پێشکەوتنە دیار دەبێت کە لە بواری ئاستی شەرفمەندێتی مرۆڤ هاتۆتە ئاراوە. نرخ و بەهای شۆڕشێکی مێژوویی، لەمیانەی ئەو پێشکەوتنەوە پێودانگ دەکرێت، کە لە بواری هەبوونی مرۆڤایەتی و شەرەفمەندێتی تاك رێگای لەپێش کردۆتەوە؛ لە وشیاری و پابەندبوونی ژیان و خوڵقکاری و بەرهەمی رەنجی ئەو تاکە دیار دەبێت کە خۆی خوڵقاندویەتی. دروستترین پێودانگی پێشکەوتن و دواکەوتن، ئەو پێشکەوتنانە دیاری دەکات کە سەبارەت بە تاکە و لە کوێوە گەیاندوویەتیە کوێ و کامە ئاست.

لەهەمانکاتدا ئەم پێوانەیە بە باشترین شێوە ئاستی ئازادی کۆمەڵگا و بەڕێوەبەرایەتییەکەی دیاری دەکات کە ئەم تاکە جێگای خۆی تێدا دەگرێت.

ئەو پێشکەوتنانەی سەرمایەداری سەبارەت بە تاکە کەسێتی ورووژاندوویەتی، سەرنج راکێشە. بە لایەنە ئەرێتی و نەرێتیەکانییەوە ئەمە بابەتێکە پێویستی بە هەڵسەنگاندنێکی بەرفراوان هەیە. هەرچی سۆسیالیزمی بونیادنراوە، لە ئەنجامی ئەوەی لەمیانەی پڕوپاگەندەوە، تاکە کەسێتی وەکو بابەتێکی نەرێتی تایبەت بە سەرمایەداری نیشاندا، رێگای لەپێش ئەوە کردەوە دواتر دەرهەق بە مەسەلەی مافی تاکە کەس بکەوێتە نێو رەوشێکی زۆر دواکەوتووەوە. لە راستیدا پێویستە سۆسیالیزم لە سەرمایەداری زیاتر بەم کێشەیەوە پەیوەندیدار بێت. تاوەکو پێناسەیەکی راست دەرهەق بە کەسایەتی (تاکی) سۆسیالیستی پێشنەخرێت و ئاوا نەکرێت، ئەوا دەرك بەو کۆمەڵگا و پێوانانەی شارستانیەت ناکرێت کە پێك دەهێنرێن. چونکە بەهای راستەقینەی رژێمێك بە رادەی هەرە زێدە لە جۆری ئەو تاکە کارەکتەریزە دەکرێت کە خوڵقاندوویەتی یاخود وەکو بەهادارترین بوونەوەر پێویستە مرۆڤ بکرێت بە سەنتەر. هیچ پێوانەیەکی لەوە بەهادارتر نییە. بە تایبەتیش بۆ سیستەمێك کە سەبارەت بە بابەتی ئازادی بانگەشەی نوێنەرایەتی پێشکەوتوترین ئاست بکات، ناتوانرێ بگوترێ پێوانەیەکی لەمە پتەو و پیرۆزتر هەبێت.

شتێکی رێکەوت نییە ئەو بوارەی بە رادەی هەرە زێدە سۆسیالیزمی بونیادنراو شکستی تێدا خوارد، تاکە کەسێتی یە، چونکە گەورەترین خەفلەت، ئەگەر باسیش بکرێت زیاترین خیانەت و ستەمکاری سەبارەت بە تاك و مرۆڤ خۆی نیشانداوە. سەرباری هەموو کەم و کوڕییەکانی سەرمایەداری بە بەراورد لەگەڵ سۆسیالیزمی بونیادنراو، بەڵام راکردنی تاك بەرەو باوەشی سەرمایەداری و بژاردنی ئەو، بێگومان هەرچەندە ئەمە رەخنەی شیاوی دەرهەق پێشبخرێت، بەڵام بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بە هەستیاری و وردەکارییەوە هەڵوەستەی سەبارەت بە تاك و مافەکانی تاکە کەسێتی کردووە و هەندێ لە پێوانەکانی بەرجەستە کردووە. ئازادی تاك لە سەرووی ئەو کێشانەوە دێت کە پێویستە تەنیا بۆ سەرمایەداری بەجێ نەهێڵدرێ. هەروەکو دەزانرێ سەرمایەداری لە قەڵەمبازی سەردەمی چاخی ناوین واتە لە رێنسانس و سەرلەنوێ لە دایك بوونەوە لەمیانەی دەرخستنە پێشی ئەو تاکەی تازە خۆی دەناسێ، هێزی بەدەست هێنا.

یەکلابوونەوە دەرهەق بەم بابەتە بایەخێکی مەزنی هەیە. تاکە کەسێتی و تاکڕەوێتی دوو بابەتی لێك جیاوازن. چەندە تاکە کەسێتی بوون گرنگە، ئەوا تاکڕەوێتیش تایبەتمەندێتییەکە پێویستە هێندە بەرامبەری بە تەگبیر بیت و لێی بترسیت. سەرمایەداری تاکڕەوێتی لە تاکە

کەسێتییەوە دەرخستووە. هەر دووکیان رێگا لەپێش ئەنجامی لێك جیاواز دەکەنەوە. تاوەکو تاك بە کەسێتی خۆی نەگات، بە سۆسیالیستبوون بەدینایەت. لەمیانەی کەسایەتی دەرەبەگایەتی کە لە چاخەکانی ناوین ماوەتەوە یاخود تێکەڵ بەویش لەمیانەی کەسایەتی تاکڕەوێتی سەرمایەداری، نە کەسایەتیەکی دیموکراتیکی بە پرەنسیپ نە سۆسیالیست پێك نایەت. تاکەکەسێتی بابەتێکی زۆر بەرفراوانە. شارستانیەتی رۆژئاوا لە ئەنجامی ئەو مەودایەی لەم بوارەدا بڕیویەتی، پێشکەوتنێکی مەزنی بەدەست هێناوە. تاکە کەسێتی بوون، بەر لە هەموو شتێك بە لێپرسینەوە سەبارەت بەو توانەوەیە دەست پێدەکات کە بە درێژایی سەدان هەزار ساڵ و لەمیانەی بەکارهێنانی هەموو شێواز و رێچکەیەك لە نێو کۆمەڵگابوونێك روویدا کە سەروبنی نییە. گەڕان بەدوای وەڵامی پرسیارەکانی لە جۆری تاوەکو کوێ بە کۆمەڵگا بوون پێویست و سوودمەندە، لە کوێ بێ واتا و ترسناکە، جێگای گرنگی و بایەخ پێدانە. ئەو وەڵامانەی دەرهەق بە پرسیارەکانی تاوەکو دوایی بوون بە ئەندامی کۆمەڵگا، تیرە یان خێڵ و کۆمەڵگای ئایین یاخود علمانیەت چ سوود و قازانجێکی دەبێت، بە شێوەیەکی واقیعیتر گرنگی کەسێتی تاك دەردەخاتە پێش. ئەو وەڵامەی سیستەمی کۆیلەداری دایەوە، تاکێکە کۆتایی پێهێنراوە، موڵکی خۆی نییە، تەنانەت ناتوانێ خاوەن لە سێبەری خۆشی دەربکەوێت و کاتێك پادشا دەمرێت بە زیندوویی لەگەڵیدا دەخرێتە هەمان گۆڕەوە. بە کۆمەڵگا بوونی کۆیلەداری تا رادەیەك ئیرادەی تاك تێك دەشکێنێ، دەیکات بە ئامرازێکی بچووك و بابەتی موڵکداری و بوونێکی ماددی.

چاخی دەرەبەگایەتی و کۆمەڵگاکەی ئەم ئاستەی کۆیلایەتی نەرم کردۆتەوە. تاك بەو رادەیە بۆتە موڵکی خۆی دەتوانێ لە سێبەری خۆی بە خاوەن دەربکەوێ. لەوانەیە جێگای پێکەنین بێ، بەڵام پێشکەوتنێکی گرنگە. نابێ لە بیر بکرێت کە خەلیفەکانیش نازناوی "ظل الله" (سێبەری خودا)یان لە خۆیان دانا. باڵادەستی دۆگماتیزم زۆر بەهێزە. بەر لە دایك بوون چارەنووسی مرۆڤ دیاریکراوە. قەدەرگەراییەکی قووڵ، هزر و رۆحی ئیفلیج کردووە. هیچ پێویستی بە بیرکردنەوە و خوڵقکاری نییە هەرچۆنێك بێت ئیرادەی مەزن و پیرۆز پێشتر بڕیاری لەسەر هەموو شتێك داوە. لەخۆڕا پێویستی بە کۆشش ناکات. ئەوەی نووسراوە روودەدات. خودا چی قسمەت کردبێت ئەوە بەدەست دەهێنرێ. بەڵێ بەمجۆرە قەدەرگەرایی دەرکەوت، کە بە تایبەتی لەو قۆناخەی کە شارستانیەتی رۆژهەڵاتی ناوین بەرەو موحافەزەکاری دەچێت رێگا لەپێش کاریگەرییەکی کوشندە دەکاتەوە. خۆی لە خۆیدا ئەم چەمکە کاتێك دەرکەوت کە فەلسەفەی ئەفلاتوون کرا بە تیۆلۆژی (خوداناسی). دواتر لە ژێرناوی ئیسلامیەت و مەسیحیەت، تیۆلۆژی وەکو پێویستیەکی ئیرادەی

خودایی هەڵدەسەنگێنرێ، یەکەمین فکر، یەکەمین **"ئیدیا"**کان دەبن بە دۆگما و سەرهەڵدەدەن. بەڵام بە درێژایی هەزاران ساڵ بەستەڵەك کردنی هزری مرۆڤایەتی و ئامادەکردنی رۆحەکەی بۆ ئیفلیج بوون رێگای لەپێش کاریگەرییەکی کوشندە کردۆتەوە. گەوهەری دۆگماتیزم بەمجۆرەیە.

کاتێك تاکە کەسێتی بوونی رۆژئاوا سەریهەڵدا، کلێسە لەمیانەی ئەم قاڵبەیەوە شەڕێکی بێ ئامانی کردووە. فەلسەفەی ئەرستۆ و ئەفلاتوون کە بە گوێرەی قۆناخی خۆیان رۆڵێکی پێشکەوتووخوازییان هەبووە، لەم سەردەمەدا لە رێگای مزگەوت و کلێسەوە لەپێناو تەسلیم گرتنی مرۆڤ کراون بە دۆگمای کوێرانەی قاڵبی چاپکراو.

لە ئاکامی پێشکەوتنی رێچکەی زانستی و لە دایك بوونی رێنسانس ئەگەر بە شێوەیەکی سنووردارپش بێت، ئەم دۆگماتیزمە تێپەڕ کراوە. هەروەکو بڵێی مرۆڤایەتی وەکو ئەم بەنداوە وایە کە بەندی خۆی پچڕاندووە، ئیتر کاریگەرێتی دۆگماکان دەپچڕێنێ و لە جیهان دەئاڵێ، دەست بە خوڵقکاری و خۆشەویستی و خاوەندارێتی کردن لە خۆی دەکات. سەرمایەداری لە رێگای هێزی ئەم تاکە کەسێتی بوونە بەرامبەر بە کۆمەڵگا چەکی تاکڕەوێتی بەکار دێنێ و ڤەبوونێکی مەزن ئەنجام دەدات. ئەم جارە تاکڕەوێتیەکی بەمجۆرە پێشکەوتووە، وەستاندنی ئەم تاکڕەوێتییە بۆتە کێشەیەك، لە کاتێکدا پادشای خوداوەند یەك بوو، بووە بە هەزار. بڵاوبوونەوە لەوبەر بۆ ئەوبەری دیکە بەدیهاتووە. بەڵام دیسان ئەوەی ئەنجام دراوە، یەکێکە لە گەورەترین شۆڕشەکانی مێژووی مرۆڤایەتی. ئەو تاکەی لە هەموو جۆرە دۆگما و سێبەری خوداوەندەکان رزگار بووە خێراییەکی ئەوتۆی بەدیهێناوە کە، ئەم جارە سنووردارکردنی ئەو تاکڕەوێتییە کە قازانجی سەرمایە هاری کردووە بووە بە کێشەیەکی مەزن. هاوسەنگی لەدەست دراوە. پێویستیەکی ئێجگار زۆر بە تەگبیرگرتن لە بەرامبەری هەیە. ئەگەرنا لە رێگای تاکڕەێتی سەرمایەدارییەوە ئەو بە کۆمەڵگا بوونە دەتەقێندرێتەوە کە گوزارشت لەو رەنجەی هەزاران ساڵە دەکات کە بووە بە ئەتۆم.

لە خاڵێکی بەمجۆرەدا بە کۆمەڵگا بوون دەبێت بە پێویستیەکی مێژوویی دەست لێبەرنەدراو. پێشکەوتنی هزری سۆسیالیستی و تیۆری سۆسیالیزمی زانستی، بەرهەمی ئەم پێویستیە مێژووییەیە. کاتێك هەڵوێستی تەسکی چینایەتی تێپەڕ بکرێت، لەم خاڵەدا بەرامبەر بە سەرمایەداری رۆڵی مێژوویی خۆی لە ژێر ناوی تەواوی کۆمەڵگا دەبینێت. گوزارشت لەو هێزە دەکات لەپێناو بەرژەوەندیە ژیانییەکانی مرۆڤایەتی، سنوور بۆ تاکڕەوێتی سەرمایەداری دادەنێت.

بەڵام ئەو کاردانەوە مافدارەی بەرامبەر بە تاکڕەوێتی و قازانج گەرایی نیشان دراوە، پشت گوێ خستنی گرنگی کەسێتی تاکی لەگەڵ خۆیدا هێناوە. بە تایبەتیش سۆسیالیزمی بونیادنراو بە

کەسێتی گەیشتنی تاکی وەکو گەمەیەکی پڕوپاگەندەیی شارستانیەتی ڕۆژئاوا بینی. بابەتی کەسێتی تاك و مافەکانی مرۆڤی وەکو بابەتێکی هێرشی ئایدیۆلۆژی لە قەڵەمدا و پێویستی خۆ پاراستن و پێشخستنی تەگبیری بەرامبەر بەم زاراوانە بینی. ئەم هەلوێستەش گرنگترین هۆکارە کە سۆسیالیزمی بونیادنراو لەسەر بنەمای کەسێتی تاك و مافی تاك هەڵوەشێتەوە. لەم بوارەدا دواترین لێدانی بەر کەوت و قۆناخی هەڵوەشانەوە خێراتر بوو.

دەتوانرێ لە گەلێك بواریتردا ڕەخنە سەبارەت بە سۆسیالیزمی بونیادنراو پێشبخرێت. ئامانجی ئەو ڕەخنانەی لە چوارچێوەی تاسلاقێکی هزری لە ئاستی پێناسەکردندا هەوڵماندا پێشی بخەین. بێگومان لەپێناو ڕوونکردنەوەی پێناسەی کۆمەڵگا و تاکی سۆسیالیستییە. هێندەی لایەنە نەرێتێکانی، وەرچەرخانی چاخی مێژووی لە چوارچێوەی یۆتۆپیایەك دەرخست و کردوویەتی بە کێشەیەکی کرداری. لە کاتێکدا قۆناخی هەڵوەشانەوە ئەوە دەردەخاتە مەیدان کە جێی هەڵە بووە، ئەوا ئەوەشی ڕۆشن کردۆتەوە کە پێویست بوو ڕاستیەکان چی بێت. ئەوەی ڕووخاوە، ئەو یۆتۆپیاگەرێتیەیە کە بناخەیەکی بەهێزی مێژوویی هەیە لەگەڵ بڕا جمکەکەی، فەلسەفەی ماتریالیستی قەبەیە. ئاشکرایە کە هەر دوو هەڵوێستیش گوزارشت لە سۆسیالیزمی زانستی ناکەن. بە پێچەوانەوە، چەندەی سۆسیالیزمی زانستی هەموو جۆرە یۆتۆپیاگەرایی دۆگماتیکی تێپەڕ بکات و فەلسەفەی ماتریالیزمی دیالیکتیکی لە ماتریالیزمی قەبە پاك بکاتەوە، ئەوا وەکو چوارچێوەیەکی دەست لێبەرنەدراوی ژیان و کرداری ڕێزانی و پێڕەوی نوێی شارستانیەت بۆ مرۆڤایەتی، دەتوانێ بە شێوەیەکی لێهاتووتر "**ناسنامەی ئایدیۆلۆژی**" ئاوا بکات کە بۆ پراکتیزەکردن گونجاو بێت. لەسەر بنەمای ئەو توانستانەی تەکنۆلۆژیا ڕەخساندوویەتی لەمیانەی ناسنامەی ئایدیۆلۆژی نوێ تاکە کەسێتی و بە کۆمەڵگا بوون، ئازادی و یەکسانی بە هاوسەنگی دەگەن، ئەم جارە وەرچەرخانی کۆمەڵگای بە ئامانج کرا و لە قەڵەمبازی نوێی شارستانیەتدا ڕۆڵی هەمیشەیی خۆی دەبینێ. ئەم ڕۆڵە بە شێوەیەکی بەهێز لە ڕەوتی چەپی قۆناخی شارستانیەتی دیموکراسییەتی هاوچەرخ دەچەسپێنێ و بەدیدێنێ. لەمیانەی دەرك کردن بەوەی تاوەکو شارستانیەتی دیموکراسی هاوچەرخ نەیەتە ئاراوە، پێداویستیەکانی جێبەجێ ناکرێت، ئەوا دروشمی، "**بە گوێرەی تواناکاری و هێندەی پێویست**" بەدینایەت کە هەموو کاتێك مەبەستی پیرۆزی مرۆڤایەتییە، تاوەکو دوایی باوەڕی بە هەبوونی شارستانیەتی دیموکراسییانە دەکات، پێویستیەکانی جێبەجێ دەکات و سەرکەوتنی سۆسیالیزمی زانستی مسۆگەر دەکات.

## بەشی چوارەم

# شوێن و کات و هەلومەرجی گەشەکردنی ناسنامەی ئایدیۆلۆژی شارستانیەتی نوێ

# شوێن و کات و هەلومەرجی گەشەکردنی ناسنامەی ئایدیۆلۆژی شارستانیەتی نوێ

تاکو ئێستاکەش هەڵوێستە و نزیکبوونەوەیەکی سەرتاپاگیری سەبارەت بە پێناسەکردنی ئەو چاخەی تێیدا دەژین بەدی نەهاتووە. چۆنایەتی چاخ رێگا بەوە نادات. بە گشتی سیستەمی

شارستانیەتی کۆمەڵگای چینایەتی، بە تایبەتیش سەرمایەداری کە دواترین بچمێتی، لەناو قۆناخێکی قەیرانی قووڵ و هەڵوەشانەوەدایە. بێگومان ئەم هەڵسەنگاندنە گشتییە، زیاتر شرۆڤەی جیاوازە سەبارەت بە بابەتی پێناسەکردنی ئەو شێوەگرتنە نوێیانەی کە دەرکەوتوون.

شۆڕشە زانستی ـ تەکنۆلۆژیەکانی سەدەی بیستەم بە تایبەتیش کە لە نیوەی دووەمی ئەم سەدەیەدا ئەنجامدران و بە خێرایی لە بواری کرداریدا پراکتیزە کران. ڕۆڵی سەرەکی دەبینێ لە دیاریکردنی وەرچەرخان و ناوەڕۆکی چاخ. وەرچەرخانی هەرە گەوهەری چۆنایەتی لە مێژوودا، دوای ئەو نوێبوونەوە مەزنانەوە ئەنجام دەدرێت کە لە پێشکەوتنی هزر و تەکنۆلۆژیادا بەدیهاتووە. لەگەڵ دۆزینەوەی مس و ئاسن، ئافراندنی چەرخ و گاسن، دۆزینەوەی نووسین، بیرکاری و ئامێری لە جۆری چاپخانە و بارووت، پێشکەوتنی ئایینی تاکخودایی و فەلسەفە و هزرە گرنگەکان، وەرچەرخانی مەزن لە کرۆکی چۆنایەتی چاخ دێتە ئاراوە.

هەروەکو دەزانین ئەو ئامێرانەی دەرفەتیان بە دەرکەوتنی سەرمایەداریدا، سەرەتا ئامێرەکانی هەڵمی و دواتریش ئەو ئامێرانەی کە بە هێزی پەترۆڵ کاردەکەن. ئامێر کە هێزی بازووی خستە پلەی دووەمەوە، ڕۆڵی سەرەکی دەبینێ لە سەرلەنوێ ئاواکردنەوەی تەواوی سیستەم و بەهێزکردنی و بەردەوام بوونی. ناتوانرێ ڕۆڵی پێشکەوتنی زانست و فەلسەفە بچووك بکەینەوە کە گەوهەری دیالیکتیکی سروشتی روون کردۆتەوە. ئەو نوێبوونەوە ریشەییەی لە پێکهاتەی تەکنۆلۆژی هاتە ئاراوە، ڕەنگدانەوەی خۆی لەسەر تەواوی بوارەکانی دەکات و سەرەکیترین زەمینە پێکدێنێت بۆ گەیشتن بە زەمینە و ڕەوشێکی هزری و بە دەزگا بوونی سیاسەت و شێوازێکی بەرهەمهێنان بەگوێرەی خۆی. ئەم تەکنیك و پێشکەوتنانەی ڕێگای لەپێش دەکاتەوە، بە شێوەیەکی سەرەکی سەرچاوەکەی بۆ بەشی میکانیکی زانستی فیزیا دەگەڕێتەوە. بە دەزگابوون و پراکتیزەکردنەکانی دەرهەق بە پێشکەوتنی میکانیکی، بناخەی شۆڕشی پیشەسازی شێوازی کارگەیە.

لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەم بە تایبەتیش شیکردنەوەکانی **ئەلبرت ئەنیشتاین** سەبارەت بە ماددە و گۆڕانی بۆ وزە، ڕێگای لەپێش گەورەترین شۆڕشەکانی زانستی و تەکنۆلۆژی مێژوو کردەوە. کۆنترۆڵ کردنی وزەی ئەلکترۆنی و ناوەکی لە لایەن پرۆسە میکانیکیەکانەوە و بەکارهێنانی، لە ڕەگەوە گۆڕانکاری چاخی کردووە بە ناچارییەك. بەمرەنگە پێشکەوتنی وەها لە بوارەکانی پێکهاتەی هزر و ژیانی کرداری مرۆڤایەتی بەدیهاتووە، کە سەراوبن بوونی لەگەڵ خۆیدا هێناوە. تەکنۆلۆژیاکانی گەیاندن و ڕاگەیاندن کە بەردەوامی ئەم شۆڕشەیە جیهانی کرد بە گوندێك و ئیتر شوانێکی سەری چیا و کارسازێکی نیویۆرك بە هەمان دەرفەتی زانیاری پەیداکردن گەیشتن، ئیتر

چاخی جیهانگیری پێشکەوتووە کە بیست و چوار کاتژمێر لە کاردایە و بە بەرفراوانترین شێوە بەڕێوە دەچێت. لە ڕاستیدا تەکنۆلۆژیا پێهەڵگرتن و قەڵەمبازێکی ئەنجامداوە کە زۆر لە پێکهاتەی سیاسی و ئایدیۆلۆژی و کۆمەڵایەتی پێشکەوتووترە. ئەو سیستەمانەی لە زۆربەی گۆشەکانی جیهان وەکو پاشماوەکانی چەرخەکانی ناوین و لە ناوەندە گرنگەکانی ئەم چەرخەدا بە پاشکەوتوویی ماونەتەوە، بە گوێرەی خێرایی و لە ماوەی پێویستدا ناتوانن وەڵامی ئەم قەڵەمبازە تەکنۆلۆژییە بدەنەوە. گۆڕانکارییەکی مەزن لە کرۆکی ناکۆکیەکاندا بەڕێوە دەچێت. ئەگەر ئەم ناکۆکییە بە شێوەیەکی ڕاست هەڵنەسەنگێنرێ و تەگبیری پێویست نەگیردرێت، ئەوا مەزنبوونی ئەو درزانەی هەیە دەبێتە ناچارییەك. مەبەست لە تەگبیر؛ وەرچەرخانی ریشەیی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسییە. ئەو تەکنۆلۆژیایەی پەیڕەو دەکرێت ناکۆکە لەگەڵ ئەو سیستەمە ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتیەی کە لە ئارادایە. هەروەکو چۆن ئەو تواناکارییە زۆرەی کە ڕێگای لەپێش کردۆتەوە بە شێوەیەکی ڕاست بەکارناهێنرێ، هاوکات لە میانەی شێوازەکانی بەڕێوەبەرایەتی و بەرهەمهێنان و دابەشکردنی سەرمایەداری کلاسیکی، بە شێوەیەك ئیستیسماردەکرێ کە ڕێگا لەپێش کارەسات دەکاتەوە. بۆ نموونە بەکارهێنانی بۆمبای ئەتۆمی، پیسکردنی ژینگە بە شێوەیەکی مەترسیدار، گۆڕانکاری کەش و هەوا، نەخۆشی ئایدز، تەقینەوەی ژمارەی دانیشتووان، ئەو کەلێنە مەزنانەی لە بواری پەروەردە و تەندروستیەوە هەیە، لە سەرووی ئەم بەکارهێنانە خراپ و ڕەوشە مەترسیدارانەوە دێت.

لە قۆناخی سەرمایەداری کلاسیکیدا، ناکۆکی زیاتر لە چوارچێوەی پێکهاتەی ناوەوەی کۆمەڵگا و بە گرانیش لە چوارچێوەی دابەشکردنێکی عادیلانەدا، ڕێگا لەپێش پێشکەوتن دەکاتەوە، هەرچی لە قۆناخی نوێیە، بووە بە کارەکتەری سروشت و ژینگە و تەواوی کارگێڕیە کۆمەڵایەتییەکان. هێزە دەسەڵاتدارە نەتەوەیی و نێودەوڵەتییەکان کە بەهۆی بەرژەوەندی چینایەتی و گروپ و کەسێتیەکانیان، پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیا بە گوێرەی پێویستیەکانی کۆمەڵگا و سروشت ڕێکناخەن و بەکاری ناهێنن، ڕۆڵێکی سەرەکی دەبینن لە مەزنکردنی ئەم ناکۆکیانە. بە تایبەتیش ئەو هێزە کۆمەڵایەتی و سیاسیانەی سیستەمی دەوڵەتی ــ نەتەوەیی و سیستەمی نێودەوڵەتیە سست و لەکارکەوتووەکان، لە سەرووی ئەم هێزانەوە دێن کە هەڕەشە لە چاخ دەکەن. تاوەکو ئێستاکەش ئەو سیستەمانە دەتوانن بێنە سەر دەسەڵات، کە چارەسەری لە هاوسەنگی ناوکی و سیستەمی قەڵغانی مووشەکی دەبینن. لەپێناو پێشبڕکێی خۆ پڕچەککردن، ناکۆکییە هەرێمیەکان دەورووژێنرێن و گەرم دەکرێن. ئەمانە بەرامبەر بەو تەکنۆلۆژیایانەی کە تێکدانی سروشت و پیسکردنی ژینگە لەگەڵ

خۆیان دێنن، بێدەنگن. سەرباری ئەوەی تەکنۆلۆژیا گونجاو و لەبارە، بەڵام بودجەی تایبەت بۆ رووبەڕووبوونەوەی زیادبوونی ژمارەی دانیشتووان و نەخوێندەواری و بێ پەروەردەیی و ئەو نەخۆشیانەی روو لە زیادبوونن، تەرخان نەکراوە. بێگومان بەرامبەر بە بەردەوام بوونی ئەم رەوشە، بە شێوەیەکی سەرەکی سیستەمی سیاسی و پێکهاتەی کۆنی بەرهەمهێنان بەرپرسیارە. لەم چوارچێوەیەشدا ناکۆکی بووە بە تێکۆشان و ململانێی نێوان تەواوی مرۆڤایەتی و ئەو هێزانەی کە پارەی کردووە بە دۆستی هەرە فێزەونی خۆی و سیاسەتی کۆنترۆڵ کردووە. چونکە ئیتر پێکهاتەی ئابووری لە میکانیزمی کۆنترۆڵی پێکهاتەی سیاسی جاران رزگاریبووە و بەرەوشێکی هەرە مەترسیدار گەیشتووە. هەروەکو لە قۆناخی قەیران و رووخانی تەواوی چاخەکاندا شێوەی بەڕێوەبەرایەتی ئۆلیگارشی و دیکتاتۆری دەبینرێ، ئەوا هیچ کاتێك لەم قۆناخەشدا بەڕێوەبەرایەتی دیکتاتۆری و ئۆلیگارشی هاوچەرخ کەم نەبۆتەوە کە لەژێر ناوی دیموکراسی خۆیان دەمامك کردووە. لە لایەکەوە ئەو پێوانە دیموکراسییانەی کە لە راستیدا خۆیان دەسەپێنن، لە لایەکی دیکەشەوە سیستەمە ئۆلیگارشی و دەسپۆتیزمەکان کە نوێنەرایەتی دژبەر دەکەن، لەناویەکتردا دەژین و بەڕێوەدەچن. دەستەیەکی سمساری بۆرسەی پێکهاتەی ئابووری کە پەیوەندیەکی یەکجار کەمیان لەگەڵ بەرهەمهێنان هەیە، لە میانەی هەموو جۆرەکانی بێکاریگەرکردن و لەپێناو بەدەستهێنانی قازانج، هەموو سووکایەتی پێکردنێك پەیڕەودەکەن، گروپێکی بەرژەوەندیخواز لە رێگای هێزی راگەیاندن (میدیا) وە ئەو ئۆلیگارشییە دەکات بە دەسەڵاتی سیاسی کە خۆی رای لەسەرە.

ئاشکرایە خاوەنەکانی سیستەمەکانی ئۆلیگارشی کە بەمجۆرە پێشدەکەون، لەگەڵ تەواوی مرۆڤایەتیدا لەنێو بەرفراوانترین ناکۆکیدان. مەزنایەتی ئەو مەترسیانەی رێگای لەپێش کردۆتەوە راستیەکی حاشاهەڵنەگرە. تەنیا کوشتار لە میانەی برسێتی و نەخۆشی و شەڕە هەرێمییەکان ناکەوێتەوە، تەنانەت لە رێگای ئەو ژینگە و کەش و هەوایەی بە خێرایی بەرەو رەوشێك دەچێت کە ژیانی تێدا نامێنێ، ئەو تاکڕەوێتیەی (الفردية) کە زنجیری خۆی پچڕاندووە و بێ کۆنترۆڵە و بەرەو ئاژەڵێتی دەچێت، لەگەڵ زیادبوونی ژمارەی دانیشتووان، بەرەو قیامەتێکی راستەقینە پێی هەڵگرتووە. لە راستیدا رووبەڕووی "**بەڕێوەبەرێتی شەیتانە**" کە زۆر بە چاکی ئاشکرابووە و لە مێژوودا بە چڕی باسیکراوە و رۆڵی دژایەتی شایستەی بینراوە. هێندە فێڵبازبووە و دەمامکی ئەوتۆی لەخۆی پێچاوە، لە کاتێکدا تەواوی ئەو خراپەکاری و کەم و کوڕیانەی کە خەسڵەتی خۆیەتی، دەیکات بە موڵکی شەیتانێکی خەیاڵی، هاوکات لە سایەی هێزی ئاوارتەی هونەر و راگەیاندن دەتوانێ خۆی وەکو فریشتەیەك بناسێنێ. لە میانەی خراپترین دەمامك و بەهێزترین شۆردنەوەی هزر و رۆح

ناکۆکی دەرخواردی تەواوی مرۆڤایەتی دەدرێت. لە رابردوودا تەنیا باس لە کاریگەرێتی سڕکەرانەی ئایین دەکرا. ئایین بەگوێرەی ئەم دەمکانە بووە بە نیعمەتێکی نوورانی. لە میانەی هێزی ئاوارتەی تەکنۆلۆژیاوە دارووخان و تواندنەوەی رێکخراو بە مەترسیدارترین شێوە پیادەدەکرێت و زۆر لە کاریگەرییەکانی ئایین مەترسیدارترە و لەگەڵ چاخەکانی بەردینیش بەراورد ناکرێت. رۆح و هزری مرۆڤ لە لایەنی سیستەمەکەوە رۆژانە بە بێ وەستان بۆمبارددومان دەکرێت و مەحکوومی شکست دەکرێت، تاوەکو ئێستا بە درێژایی مێژوو سیستەمی بەمجۆرەی نەدیوە کە پێکهاتە و شێوەیەکی دژی هزر و رۆحی مرۆڤی هەیە.

ئەو پێشکەوتنە تەکنۆلۆژییەی بۆ یەکەمجارە دەرفەت بە بەدیهێنانی خەیاڵی بەهەشتی مرۆڤایەتی دەدات، بۆ کەمایەتییەك بەجێ دەهێڵدرێ کە رۆحی بەرپرسیارێتییان نییە و لە بەرژەوەندییە سەرەکییەکانی مرۆڤایەتی دابڕاون و ئەم تەکنۆلۆژیایە دەکەن بە دڕندەیەك کە ژیان بکات بە دۆزەخ و خوڵقێنەرەکانی خۆی قووت بدات.

لە م چوارچێوەیەدا ناکۆکی رۆژانە لە نێوان هەڵگرانی بیری دەوڵەتی نەتەوەیی کە بووە بە تیرەیەکی هاوچەرخ لەگەڵ نوێنەرە کۆسمەپۆلیتەکانی سەرمایەی دارایی پێشدەکەوێت کە لە سەرەوەی نەتەوەکانن؛ لە لایەکی دیکەشەوە لە نێوان تەواوی گەلان و ئەم دوو هێزەوە بەرێوەدەچێت. لە کاتێکدا هێزەکانی دەوڵەتی ـ نەتەوەیی کە لە ناوخۆدا داخراون، لە لایەکەوە رێگای کاریگەری دەوڵەمەندی دیموکراسی هاوچەرخ و پێشکەوتنی تەکنۆلۆژی لەسەر گەلەکانیان دادەخەن، لە لایەکی دیکەشەوە بەرامبەر بەو جیهانگیرییە دەوەستێ کە لە میانەی سەرمایەی نێونەتەوەیی بەدیدێت. لەهەر دوو بواریشدا رۆڵێکی پاشڤەڕۆیانە دەبینێت. ئەگەرچی دروشمەکانی سەربەخۆیی نەتەوەیی بەرزبکاتەوە کە سەردەمێك بەرامبەر بە ئیمپریالیزم رۆڵێکی پێشکەوتووخوازانەی سنوورداری هەبوو، ئەوا لەبەر ئەوەی هەلومەرجی ئەو قۆناخە لە ئارادانەماوە ئەوا بە شێوەیەکی بابەتی رۆڵی ناوبژیوانی کۆلۆنی هەرە باڵای سیستەمەکانی نێونەتەوەیی پێکدێنێت. کاتێك تەنگەتاوبکرێت، بەرامبەر بە بەشێکی بچووك لە جاران مەترسیدارتر، بەدیاری پێشکەش دەکات. لەم چوارچێوەیەدا سەرلەنوێ بە دەزگابوونی سیستەمی نوێ لە لایەن ئیمپریالیزمی سەرمایەی دارایی نوێنەرە بەکرێگیراوەکانی هەڵگرانی هزری نەتەوەیی ئەنجام دەدرێت.

کاریگەرییەکانی چاخی راگەیاندن و گەیاندن کە رێگایان لەپێش بێ واتاکردنی سنوورە سیاسیەکان و رەخساندنی رەوشێکی وەها کردۆتەوە کە رۆژانە بیست و چوار کاتژمێر زانیاری بەدەستبهێنرێ، بە شێوەیەك گەلانی لە یەکتر نزیك کردۆتەوە و بۆ ئەنتەرناسیۆنالیزمی راکێشان، لە

هیچ قۆناخێکی مێژوو نەبینراوە؛ دەرفەت و تواناکاری هاوکاری ئەنتەرناسیۆنالیستی هێندە زیاد بووە کە تاکو ئێستاکە نەبووە. ئەم پێشکەوتنەی کە تەکنۆلۆژیا رۆڵی سەرەکی تێدا دەبینێ، بۆ بەلاوەنانی ناکۆکییەکانی ناوخۆ و دەرەوە، رەوش و تواناکاری نوێی هێناوەتە ئاراوە. لە کاتێکدا ئەوە دیموکراتیزەبوونی کۆمەڵگا بەدیدێنێ و رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی دەکاتە خاوەن هێز، ئەوا لە لایەکی دیشەوە لە میانەی پێشکەوتووترین ئامرازەوە هاوکاری نێونەتەوەیی دەستەبەردەکات. ئەم رەوشە زۆر لە شێوازەکانی ناکۆکی و چارەسەری سەدەکانی بیستەم و نۆزدەهەم جیاوازترە. فشار دەخاتە سەر دەسەڵاتە ئۆلیگارشییەکان، تاوەکو پێوانەکانی دیموکراسی هاوچەرخ پەیڕەوبکەن. گۆڕانکاری رەوشی ناکۆکییەکان رێگای چارەسەری جیاوازتر دەخاتە گەڕ. پێوانەکانی دیموکراسی هاوچەرخ وەکو ئامرازە گشتیەکانی چارەسەری چوارچێوەی نزمترین (أدنی) رێککەوتن پێکدێنێت. هەر بۆیە رێبازەکانی شۆڕش و دژە شۆڕش کە بەرهەمی ناکۆکییە کۆنەکانن تێپەڕکراون. هەروەها تا رادەیەکی مەزن رژێمە فاشیستەکان و سیستەمەکانی سۆسیالیزمی بونیادنراو تێپەڕکراون کە بەرهەمی ئەم رێچکە و رێبازانە بوون.

رۆژەڤی سەرەکی مرۆڤایەتی لە سەدەی بیست و یەکەمدا، لە لایەنی دەزگا سیاسیە نوێکان و لێگەڕینەکانی ناسنامەی ئایدیۆلۆژی دیار دەکرێت، کە ئەم پەیوەندی و ناکۆکیە سەرەکیانە شێوەی دەدەنێ. بێگومان ئەوەی ئەو پەیوەندی و ناکۆکیانە دیاری دەکات، بە شێوەیەکی سەرەکی ئەو ئاستەیە کە پێشکەوتنەکانی زانست و تەکنۆلۆژیا پێیگەیشتووە. هەوڵدەدرێ لەسەر ئەم بنەما بابەتیانە سەرلەنوێ هەڵسەنگاندنێك سەبارەت بە رەوشی گشتی پێشبخرێت. ئەو وتووێژانەی ئەنجام دەدرێت لە تەوقی سەر تاکو نینۆکەکانی پەنجەی پێ، هەموو بابەتێك لەخۆوە دەگرێت.

آ ـ ناسنامەی ئایدیۆلۆژی ساڵانی ٢٠٠٠ لە میانەی تێپەڕکردنی ئەو فەلسەفەیەی کە بناخەی شارستانیەتی سەرمایەداری کلاسیك و پرۆسەی سۆسیالیزمی بونیادنراوی پێکهێنابوو، بەمجۆرە شێوە دەگرێت. قەیرانی هەمیشەیی و بەردەوامی سیستەمی سەرمایەداری لە رەوشێکی ئەوتۆدا نییە لە رێگای مۆدێلەکانی سەرلەنوێ ئاواکردنەوەی فاشیزم و شێوەکانی سۆسیالیزمی بونیادنراو بەلاوە بنرێت. پرۆسەکانی شۆڕش و دژە شۆڕش و پێکدادانەکان، قەیرانەکەی قووڵتر کردۆتەوە. ئەمەش ئەوە دیار دەکات ئەو ناسنامە ئایدیۆلۆژیە، ئاستی تەکنۆلۆژی وەکو فاکتەرێکی بنەڕەتی بە بنەما نەگرتووە و لە دایك بوونەکەی خۆی بە شێوەیەکی واقیعی ئەنجام نەداوە. هەم شکستی ناسنامەی ئایدیۆلۆژی فاشیزم و هەم شکستی ئەو بناخە ئایدیۆلۆژیەی کە رێگای لەپێش سۆسیالیزمی بونیادنراو کردەوە، دوو نموونەی گرنگی سەلمێنەری ئەم مەسەلەیەن. ئەو ئەنجامەی هاتۆتە ئاراوە،

سەرلەنوێ لە دایک بوونی ناسنامەی ئایدیۆلۆژی کردۆتە ناچاریەك. کێشەکە پەیوەندی بە هەلومەرجی تەکنۆلۆژی، پێگەیشتن یان رزینی هەلومەرجە ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانەوە هەیە. لە هەموو بوارەکاندا پێگەیشتن و رزین لە رادەبەدەر لە ئارادایە. خاڵی بایەخدارتر ئەوەیە، بنەمای تەکنۆلۆژی و توانستە ئایدیۆلۆژیەکان بە ئەندازەیەك بۆ لە دایك بوونی نوێ لەبار و گونجاوە کە لەگەڵ هیچ قۆناخێکدا بەراورد ناکرێت. بە گوزارەیەکی دیکە هەروەکو چۆن هەلومەرجە بابەتیەکان بۆ قەڵەمبازێکی نوێی مێژوویی لەبار و ئامادەیە، لەگەڵ رزیندا سەرەداوە گرنگەکانی دەرچوونێکی نوێش سەرهەڵدەدات. کێشە لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە بە شێوەیەکی راست و بە کارامەیی، ناسنامەی ئایدیۆلۆژی دەستنیشان ناکرێت. پارچەبوونی پێکهاتەی هزری و رۆحی بۆ شکست و تەسلیمییەت و گەندەڵ بوون دەگەڕێتەوە. هەربۆیە یەکەمین کار کە پێویستی بە شیکردنەوە هەیە، ئەنجامدانی لە دایك بوونێکی رەسەنی ناسنامەی ئایدیۆلۆژی پێکهاتەی هزری و رۆحیە کە گشتگیر بێت و بزانێ چۆن سەردەکەوێت و خۆڕاگرە. ئەگەر پوختتری بکەینەوە، پێویست دەکات لە چوارچێوەی ئەنجامدانی شیکردنەوەیەکی تیۆری، هەلومەرجەکانی بەرجەستە بە گوێرەی گشتگیری مێژوویی و کۆمەڵگا، بەرنامە و رێبازی ستراتیژی و تەکتیکی خۆی دابڕێژێت. لەم چوارچێوەیەشدا دەستەواژەی "**تیۆری راست نەبێ، کرداری راست نابێ**" لەباری و بەردەوامی خۆی دەپارێزێ.

تەواوی چاخە گرنگەکانی مێژوو پشت بە ناسنامەی ئایدیۆلۆژی بەهێز دەبەستن، باوەڕی خوداوەندی دایك ی کۆمەڵگای نیۆلیتیك، بنەڕەتیترین ناسنامەی ئایدیۆلۆژی ئەم چاخەیە. میتۆلۆژیای سۆمەریەکان یەکەمین ناسنامەی ئایدیۆلۆژی و بناخەی ناسنامەی ئایدیۆلۆژی تەواوی چاخەکانی کۆمەڵگای چینایەتی پێکدێنێت. ئەم میتۆلۆژیە سەرچاوەیەکی لەبن نەهاتووی کتێبە پیرۆزەکان و ئەدەبیات و پێشکەوتنی فەلسەفەیە.

فەلسەفەی یۆنانی و ئایینە تاکخوداییەکان مۆرکی خۆیان لە تەواوی ناسنامە ئایدیۆلۆژیەکانی چاخەکانی دێرین و ناوین داوە، سەردەمەکانی رێنسانس، ریفۆرم و رۆشنگەری ئەو قۆناخە سەرەکیانەن کە ناسنامەی ئایدیۆلۆژی شارستانیەتی سەرمایەداریان پێکهێناوە. ئایدیۆلۆژیای سۆسیالیستی خواستی ببێتە ناسنامەی ئایدیۆلۆژی کۆمەڵگای بێ چین. کاتێك تەماشای تەواوی ئەم ناسنامە ئایدیۆلۆژیانە بکەین، دەبینین کێشمەکێشی دەستپێکی ئەو سیستەمانەی کۆمەڵگا نیشاندەدات کە دێنە ئاراوە و پێشدەکەون. بەرلە هەموو شتێك، چارەنووسی سیستەمەکان لە شەڕی ناسنامەی ئایدیۆلۆژیدا دیار دەکرێت. هیچ سیستەمێکی کۆمەڵگا نابینین بە شەڕی ئایدیۆلۆژیدا تێپەڕ نەبووبن.

ناسنامەی ئایدیۆلۆژی لەوە دەچێت کە کۆرپەلەیەك بکەوێتە نێو منداڵدانی دایکی. لە دایك بوونێکی رێك و گەورەبوون بەرلە هەموو شتێك لەو شێوەگرتنە دیار دەبێ کە لە منداڵدانی دایکی پێی دەگات. ئەو کۆمەڵگا و شارستانیەتانەی ئەو پەرەسەندنە دیالیکتیکیانەیان بەخۆیانەوە نەدیوە، لە رەوشێکی پارچە پارچەیی و لاسایی کردنەوە و سەمەرە رزگاریان نابێت. هەروەکو چۆن لە کاتێکدا دەرکەوتن و لە دایك بوونێك لە منداڵدانی دایکدا ناتەواو بێت، بە درێژایی تەمەنی کاریگەریەکەی دیار دەبێ، ئەوا ئەو سیستەمە کۆمەڵایەتیانەی ناسنامە ئایدیۆلۆژیەکەیان سەقەتە یان ناتەواوە، بە درێژایی ماوەی تەمەن و بەردەوامییان لە کاریگەریەکانی رزگاریان نابێت. هێز و توانای سیستەمێکی کۆمەڵگا لە نزیکەوە پابەندی ئەو ناسنامە ئایدیۆلۆژیەیە کە وەکو کۆڵەکە پشتی پێ دەبەستێ.

لە رۆژگاری ئەمڕۆماندا شیکردنەوە تیۆریەکان، گرنگترین بەشی ناسنامەی ئایدیۆلۆژی پێکدێنن. لە کۆمەڵگا کۆنەکاندا میتۆلۆژیا و ئایین و چەمکە فەلسەفیە جیاوازەکان جێگای تیۆرییان دەگرتەوە. پێشکەوتنی روون کردنەوەی زانستی پەیوەندییەکانی سروشت و کۆمەڵگا، لەسەر بنەمایەکی زانستی، رێگا لەپێش پەرەسەندنی تیۆری دەکاتەوە. تیۆری، هەڵسەنگاندنی شێوەی گشتی ئەو کۆمەڵگایە و دیاریکردنی ئاراستەکەی لەخۆوە دەگرێت، کە داخوازی گۆڕانکاری یاخود بەردەوامبوونی هەیە. تا چ رادەیەك بە راستی هەڵیسەنگێنێ و پێی بگات، ئەوا پێشکەوتنی پرۆسەکەی هێندە سەرکەوتوو و دروست دەبێت. کۆمەڵگای سۆمەری کە بۆ یەکەمجار شارستانیەتیان ئاوا کرد، راهیبەکانیان کە بە هەزاران ساڵ لە پەرستگا (کار)یان کرد، خەریکی کارەکانی ناسنامەی ئایدیۆلۆژی سیستەم بوون. یەکەمین لە دایك بوون لە پەرستگا و دەوروبەرەکەی ئەنجامگیر بووە. راهیبە میسریەکان سەرنج راکێشتریان کردووە. ئەو فەیلەسوفانەی بۆ یەکەمین جار رێگایان لەپێش دەرکەوتنی فەلسەفە کردەوە، یەکەمین و گرنگترین پەروەردەی خۆیان لەم پەرستگایانەدا بینیوە؛ ئیلهامیان لە مۆدێلی ئەم پەرستگایانە وەرگرتووە و وەکو ئەکادیمیا و فێرگە، فۆرمی نوێیان پێداوە.

کڵێسە و مزگەوتەکانی چاخەکانی ناوین، بەردەوامی ئەم داب و نەریتەن. لەگەڵ دەستپێکردنی چاخی نوێ، ئەم داب و نەریتە ناوی لە شێوەی قوتابخانە و زانکۆی لێنراوە و گەوهەرەکەی لە میانەی پێشکەوتنە زانستیەکان ناوەڕۆکەکەی پڕ کرایەوە و درێژەی پێدراوە. ئاشکرایە ئەگەر هێز و توانای ئەم داب و نەریتە نەبوایە، نەدەتوانرا باس لە پێشکەوتنەکانی شارستانیەت بکرێت.

بەڵام پێویستە هەڵوێستە تیۆریە هاوچەرخەکانی ئەم رۆژگارەمان بەر لە هەموو شتێك بە شێوەیەکی راست، ئەم تەوژمە باوەی ناسنامە شیبکاتەوە. بە گووتنی "**ئایین ئەفیۆنە**" ناتوانرێ لەژێر باری ئەم کارە دەربکەوێت. تاوەکو هێزی ئەو ناسنامە ئایینی و میتۆلۆژیانە لەسەر ژیانی

کۆمەڵگا ئاشکرا نەکرێت کە بە هەزاران ساڵ بەردەوام بووە، تاوەکو روون نەکرێتەوە نوێنەرایەتی چییان کردووە و جێگای لە مێژووی هزردا دیار نەکرێ، ئەوا ئەو شیکردنەوانەی ئەنجام دەدرێ کەم و کورِی مەزن لەخۆوە دەگرێت. هەڵەیەکی هاوشێوەی تێکەڵ کردنی پێشکەوتنی تاکەکەسێتی و تاکرەوێتیە کە لە سەردەمی پێکهاتنی سەرمایەداری هاتە ئاراوە. بە لایەنی کەم هێندەی پەیوەندی ماددی، پەیوەندیە مەعنەویەکانیش پێویستی بە شیکردنەوە هەیە. لە راستیدا پابەندبوونێکی مسۆگەر لە نێوان هەردووکیاندا هەیە. رۆڵی ئەم نزیکبوونەوەیە لە هەڵوەشانەوەی ئەو مارکسیزمە هەیە کە بە ئاستی سۆسیالیزمی بونیادنراو گەیشت و گرانی بە شیکردنەوەی ئابووری داوە. تیۆری نابێ تەنیا رەوشی لە ئارادا هەڵسەنگێنێ، کاتێك پێشکەوتنی کۆمەڵگا و مێژوو لە میانەی بوارەکانی ئایدیۆلۆژی و ئابووری و لەگەڵ دیاردەی سیاسی لەناو یەکتردا، بە بێ ئەوەی گرنگی هیچ یەکێکیان پشت گوێ بخات و زێدەرۆیی تێدا بکات، وەکو خۆی نیشانی بدات، ئەوکاتە دەتوانرێ بگوترێ بە راستی رۆڵی ئایدیۆلۆژی خۆی بینیوە. لەژێر رۆشنایی ئەو رۆشنگەریەی ئەنجامیدەدات بینینی راستیەکان و هەنگاو هاوێشتن بەرەو پێشەوە، سانایی دەبێت.

بۆ ئەوەی ئەو کێشە ئابووری، سیاسی و ئایدیۆلۆژیانە چارەسەر بکرێن کە کۆمەڵگاکانی رۆژگاری ئەمرۆمان رووبەرِووی بوونەتەوە و تەنانەت هەڵوێست و نزیکبوونە تیۆری و هزریەکانیش پێناسەیەکی راستیان دەرهەق پێشنەخستووە؛ ئەوا پێویست دەکات گرێدراو بە قۆناخی پێکهاتنیان سەرلەنوێ دیسپلینی هزرە بە شان و شکۆکانی مرۆڤایەتی چاوێکیان پێدا بخشێنرێتەوە. هەڵوێستێکی وەها، بەرفراوانی شیکردنەوەی تیۆری و لێکۆڵینەوەیەکی ریشەیی سیاسی و ئابووری و هزری سیستەمی کۆمەڵگاکان وەکو مەرجێك دەسەپێنێ. ئەمەش تاوەکو تێروانینێکی نوێ و بەرفراوان تر سەبارەت بە مێژوو و رۆژگاری ئەمرۆمان گەڵاڵە دەبێت، بە واتای مێژوویێکی نوێش دێت. ئەم ئاواکردنەی مێژوو و رێبازی شیکردنەوە، لە دوا شیکردنەوەکاندا هەموو کاتێك بۆ شارستانیەتی مرۆڤ و بنەچەکانی هزر دەگەرِێتەوە، واتە رۆژهەڵاتی ناوین بناخەکەی پێکدێنێ.

شارستانیەتەکانی رۆژهەڵاتی ناوین، سەبارەت بە تەواوی مرۆڤایەتی، گوزارشت لە رەسەنایەتی دەکات، پشت بە کۆمەڵگای چینایەتی دەبەستێ و بە ئەندازەی دەسکەوتە ماددیەکانی سەرچاوە ئایدیۆلۆژیەکەشی لە کۆمەڵگای کشتوکاڵی (نیۆلیتیك)ی یەکسانیخواز دەگرێت. لە میانەی ئەمەشدا مەبەست بنەچەی لە دایك بوونی دایکە. لە هەلومەرجەکانی رۆژگاری ئەمرۆماندا بۆ لێکۆڵەرەوەیەکی زانستی سەبارەت بە مێژوو ئاستەم نییە ئەم راستینەیە بسەلمێنێ. دراوە (معطیات)

ئاسەوارناسی، ئەدەبی، سیاسی و ئابووریەکانی کە لەبەر دەستدان بە زێدەییشەوە دەرفەتی ئەمە دەدەن.

لە شیکردنەوەکانی سەبارەت بە شارستانیەتی رۆژهەلاتی ناوین هەوڵماندا چەند بابەتێکی گرنگ روون بکەینەوە. لەگەڵ ئەوەی تەواوی هەڵسەنگاندنەکانمان تێکەلاون، وەلێ دیسان سەرنج راکێشانە سەر ئەم بابەتانە لە جێگای خۆیدا دەبێت.

آ ـ لە شارستانیەتی یۆنان ـ رۆما گەڕان بەدوای سەرچاوەی مێژوویی شارستانیەتی ئەوروپا، رێگا لەپێش کەم و کوڕی و بەهەڵەداچوونی مەزن دەکاتەوە. چونکە پێشکەوتنی شارستانیەتی گریك و رۆما نوێنەرایەتی دوا شێوەی قۆناخی کۆپلایەتی شارستانیەتی رۆژهەلاتی ناوین دەکات. گەوهەرەکەی ناداتە دەست. چاوگی سەرەکی سۆمەرە و بە پلەی دووەمیش کۆمەلگای چینایەتی میسرە. لەبەر ئەوەی سۆمەر نموونەی رەسەنە، هەربۆیە گرنگی و بایەخێکی مەزن لەخۆوە دەگرێت و مێژوو تەنیا بە سۆمەرەکانەوە دەست پێناکات. هەروەکو چۆن لە دوو پێڕەوی سەرەکیدا بۆتە بناخەی پێشکەوتن، کۆمەلگا لە شێوەی چەوسێنەر و چەوساوە دابەش دەکات، ستەمکار و ستەملێکراوی لەگەڵ خۆیدا دێنێ. مێژووی دواتر لەسەر بنەمای ئەم دوو ئاراستەیە پێشدەکەوێت: رۆهەلات و رۆژئاوا و چەوسێنەر و چەوساوە. چەوساندنەوەی کشتوکاڵ و شار رۆڵیان هەیە لە دانانی بناخەی جیابوونەوەی رۆژهەلات ــ رۆژئاوا. لە کاتێکدا شار رێگا لەپێش فۆرمی پێشکەوتووتر دەکاتەوە، کشتوکاڵیش ناچار دەکات بە گوێرەی خۆی شێوە بگرێت. ئەو ناکۆکیەی بەمجۆرە دەستپێکردووە تا رۆژگاری ئەمڕۆمان هاتووە. لە کاتێکدا ئەو شارستانیەتانەی ریشەیان بۆ رۆژئاوا دەگەڕێتەوە زیاتر لەسەر بنەمای مۆرکی شار، بازرگانی و پیشەکاری و ئاینی ــ دونیایی رۆڵی ناوەندی بەڕێوەبەرێتی پێشدەخست، دەبینرێت ئەو شارستانیەتانەی ریشەیان بۆ رۆژهەلاتی دەگەڕێتەوە، لەسەر بنەمای گوند و شارۆچکە جووتیاری و رەوەندی و میرنشینی، زەوی بە بناخە دەگرێت.

ب ـ بە شێوەیەکی راست دەستنیشان کردنی رەنگدانەوەی ئەم شێوازەی پێشکەوتنی مێژوو لەسەر شێوەکانی گوزارەی ئایدیۆلۆژی، گرنگترین کێشەیە. رەنگدانەوەی ئایدیۆلۆژی سەرچاوەکانی سۆمەر، ئەو شێوانە لەخۆوە دەگرێت کە پێویستی هەڵوەستە و لەسەر وەستانێکی زیاد هەیە. تاوەکو پێکهاتەی ئایدیۆلۆژی سۆمەریەکان شینەکرێتەوە، نە دەتوانرێ ئاینی تاکخودایی و ئایدیۆلۆژیا، نە شێوەی فەلسەفی ئایدیۆلۆژیا، تەنانەت ناشێ شێوازی هزری زانستیانە بە شێوەیەکی راست و دروست هەڵسەنگێنرێ. پێناسەی مسۆگەری ئایدیۆلۆژیا تەنیا لە بنچینە رەسەنەکەیدا بە شێوازێکی واقیعی

ئەنجامدەدرێت. ئەگەر ئەمە بە بناخە دانەنرێت و پشت بە مێژووی ئایینەکان ببەسترێت، فەلسەفە بە نموونە رەسەنەکە لە قەڵەم بدرێت و لە دواییشدا بگوترێ **"تەنیا دەشێ راستییەکان لە چاخی هاوچەرخدا بدۆزرێتەوە"** ئەمەش بە هەڵەداچوونی مەزن و دابڕان لەگەڵ خۆیدا دێنێ و لەم چوارچێوەیەشدا ئەم پێکهاتە هزرییانە لە جێگای راستی دادەنرێن کە ئەم سەر و ئەو سەری مێژووی گرتۆتەوە. هەروەکو چۆن مێژوو بە گشتی هەڵگری ئەم نەقوسانیەیە، هاوکات پێشکەوتنی پراکتیکیشی لەژێر سایەی ئەم نامۆیی و چەواشەکاریە مەزنانە بووە. سەدەی بیستەم کە هەوڵدەدات دەرك بەم راستینە بکات، لەوانەیە خوێناویترین سەدەی ئەم مێژووە بێت. ئەگەر دان پێدانانێك سەبارەت بە سەدەی بیستەم بکرێت ئەوا بەرلە هەموو شتێك لەو چوارچێوەیەدا دەبێت، کە چۆن ئەم تێروانینەی سەبارەت بە مێژووی لە میانەی زانستەوە بەهێز کردووە بەسەر مرۆڤایەتیدا رشایەوە، لەوانەیە تەواوی سەدەکانی پێشوو بەهۆی سنوورداری تواناکاریە زانستیەکان، لە رەوشێکی وەهادا نەبوون رەخنەدانی خۆیان بدەن ـ بەڵام سەدەی بیستەم بە زێدەییەوە تواناکاری پێویستی بۆ رەخنەدان هەبوو. لە جیاتی دان پێدانانێکی مەزن و رەخنەدان، ئاراستە کردنی بەرەو هێرشکاری و رێ کردنەوەی لەپێش خوێناویترین سەدە گەورەترین تاوانێتی. تاوەکو مرۆڤایەتی سەدەی بیستەم نەهۆنێنێتەوە و شینەکاتەوە و دان بە تاوانەکانی خۆیدا نەنێت و لە میانەی شۆڕشێکی ئاکاری مەزن، رەخنەی خۆی نەدات، ئەوا لە رەوشی نەفرین لێکراوترین سیستەمی کۆمەڵگا رزگاری نابێت. پێشکەوتنی شارستانیەتی نوێ تەنیا لە میانەی شیکردنەوەی ئەم کۆمەڵگا نەفرەت لێکراوە دەستەبەر دەبێت.

ج ـ چوار شێوەی مەزنی هزر لەنێو پەیوەندیەکی دیالیکتیکی دان و لە کرۆکی خۆیاندا مێژووی کۆمەڵگای چینایەتی نیشاندەدەن. ئەم رەنگدانەوەش بە شێوەیەکی سەرەکی دیدگای توێژی سەردەست و چەوسێنەر دەداتە دەست. بەرامبەر بەم رەوشەش توێژی ژێردەست و چەوساوە، هیچ کاتێك لەوە دوا ناکەوێت شێوازی تایبەت بەخۆی بخوڵقێنێ، کە فەرمی نییە و تاوەکو دوایی ناچارە نهێنی بێت. بەمجۆرە درێژەی پێدەدات.

ئەو شێوە ئایدیۆلۆژیەی یەکەمین چینی چەوسێنەر بەرزی کردەوە، میتۆلۆژیایەکە پشت بە ئاسمان و بەرزایی دەبەستێت. بە گوزارەیەکی راستتر، لە کاتێکدا ئاسمان وەکو مەزنایەتی و باڵابوون و وەکو سیفەتی سەردەست پێشدەکەون، ئەوا بچووکی و ژێرخاك و دۆزەخ، شایەنی چینی چەوساوە دەبینرا.

راهیبە سۆمەریەکان رۆڵێکی دیاریکراویان هەیە لەوەی چینی سەردەستی قۆناخی منداڵێتی مرۆڤایەتی شێوەی هزری میتۆلۆژی (ئەفسانە و چیرۆك) بە شێوەیەکی هەرە سادە بەلای خۆیدا بشکێنێتەوە. ئەوەی مۆرکی خۆی لە شێوە هزریەکانی دواتر داوە شێوازی (تەرزی) راهیبی سۆمەرە. ئەم تەرزە لە نزیکەوە پەیوەندی بە پێکهاتنی کۆمەڵگای چینایەتیەوە هەیە. سەرەڕای ئەوەی تەواوی کەسایەتی خوداوەندەکان و خاسیەتەکانی لە سەرەتادا نوێنەرایەتی سروشت دەکەن، پێ بە پێ دەکرێت بە تایبەتمەندێتی چینە چەوسێنەرەکان. خوداوەندە سۆمەریەکان لە ئاراستەگرتن بەرەو تاکخودایی، رۆڵێکی دیاریکراویان هەیە. بە ئەندازەی ئەوەی نیمچە دەوڵەتەکانی شار بەرەو ئیمپراتۆریەت پەرەدەسێنن، ژمارەی خوداوەندەکانیش کەم دەبێتەوە و دادەکەوێتە تاکخودایی، لە تایبەتمەندێتی سروشتیەوە دەبنە خاوەن تایبەتمەندێتیەکانی کۆمەڵگا.

هێندەی کۆمەڵگای شار و گۆڕانکاری پێشبکەوێت **تاکخوداییش** پێشدەکەوێت، تاکخودایی زیاتر لەگەڵ کارەکتەری کۆمەڵگای بازرگانی کۆکە و گونجاوە. وەکو زاراوەی ناسنامە، وێستگەیەکی گرنگی پێشکەوتنی هزرە. کۆمەڵگای بازرگانی کە پێویستی بە دڵنیاییەکی مسۆگەر و رێساکانی گۆڕانکاری هەیە، هەوڵدەدات لە رێگەی گۆڕانی میتۆلۆژی بۆ ئایین، ئەم پێویستیەی خۆی دەستەبەر بکات. لەبەر ئەوەی میتۆلۆژی لەسەر بنەمای چیرۆکە، مسۆگەر نییە؛ بەهاکەی وەکو یاسا و حوکمێکی ئایینی نییە. زیاتر لەگەڵ کۆمەڵگای کشتوکاڵی کۆکە و گونجاوە. بەلام لەگەڵ ئەوەی رێژەکانی گۆڕانکاری گرنگی و بایەخ پەیدا دەکات، بازرگانەکان ناچاری ئایین یاخود باوەڕیەك دەکات کە حوکمەکەی مسۆگەر بێت . رێساکانی ئایینێك کە حوکمەکەی مسۆگەر بێت، یاسایەکن کە پەیڕەو کردن و باوەڕی پێهێنانی دەکات بە ناچاریەك. ئەم تایبەتمەندیەش تا دواڕادە ئیش و کارەکانی بازرگانی سانایی دەکات. پێشکەوتنی ئایینە تاکخوداییەکان بە پشتبەستن بە تیرە سامیەکان کە لە نێوان شارستانیەتی سۆمەر و میسر خەریکی بازرگانی بوون، رێکەوت نییە و لە نزیکەوە گرێدراوی ئەم راستیانەیە. فۆرمە فەرمیەکانی ئایین و میتۆلۆژیا زیاتر بە گوێرەی بەرژەوەندی چینە سەردەست و چەوسێنەرەکان رێکخراوە. رۆڵی چینە ژێردەست و چەوساوەکان لەم داهێنانەدا پاسیفە؛ ناچار کراوە کە هەر چۆنێك پێشکەشی بکرێت پەسندی بکات.

**د ـ** بەرامبەر بەم رەوشەی ئاماژەی پێ کرا، تەواوی ئەو توێژانەی خراونەتە ژێر سیستەمی چەوسانەوە بەردەوام بە گومانەوە پێشوازیان لە میتۆلۆژی و ئایینی فەرمی کردووە، سەرچاوەی ئایینی سەرەکی (دایك) خۆیان بە کۆمەڵگای نیۆلیتیك سپاردووە. **ئایینی خوداوەندی دایك**ی کۆمەڵگای نیۆلیتیك بە قووڵایی کاریگەری کردۆتە سەر تەواوی شێوە هزرە نهێنی (میستیك =

سۆفیگەرایی) کە دواتر دەرکەوتوون. ئەم شێوە ئایینیانـە لـە لایـەك رەنگدانـەوەی کاردانـەوەی چینە ستەملێکراوەکان بوو، لە لایەکی دیکەشەوە تایبەتمەندێتیەکانی ژیان و ئایینی سروشت و دۆستایەتی مرۆڤ ـ خوداوەند و کارەکتەری ئاشتیخوازانەی رەگەزی ژن نیشاندەدات. خـاوەنی هەڵوێستێکە زیـاتر نزیك بـە (علمـانی) و دونیاییـە. تـەواوی تەریقەتـەکان و ناوەنـدە نهێنیـەکانی پەرسـتن بـە درێـژایی مێژوو هەوڵیانداوە زیاتر نزیکی چینی چەوسـاوە و ژن بـن و بـە یەکسانی هەڵوەسـتەیان بەرامبـەر بکەن، بەڵام بە چڕی استسمار کراون. رەوشی سەرەتایی و دواکەوتوویی (تەکنۆلۆژی) رۆڵێکی سەرەکی لەمـــەدا دەبینـــێ. دەتـــوانرێ شـــێوە ســـادەکەی تەریقەتگـــەرایی وەکـــو هێـــزی رکابـــەری چـــینە ســـتەملێکراوەکانی چـــاخە ســـەرەتاییەکان و نـــاوین ببینـــرێ. ســـەرباری ئـــەوەی لـــە مێـــژوودا بڵاوبوونەوەیـەکیان بـەخۆوە دیـوە، ئـەوا لەبـەر ئـەوەی رێزانـەکانیان، یـان لـەنێو بـردراون یـاخود کڕدراون، دووچاری گەندەڵی مەزن و ئێش و رق و کین هاتوون. بـەڵام ئـەوە راسـتیەکە لـە کۆمـەڵگای نیۆلیتیکەوە تا رۆژگاری ئەمڕۆمان تەریقەت و مەزهەبە رکابەرەکان، (المعارضة) باوەڕی و بەرخودان و شێوازی ژیانی توێژە چەوساوە و ژێردەستەکانی مرۆڤایەتی نیشانداوە.

**هـ ـ شێوەی هزری فەلسەفی،** هاوکاتی قۆناخێکی پێشکەوتووی زێدە ـ بەرهەم و کۆمەڵگای شارە. لە قۆناخێکدا پرۆسەی بە کۆمەڵگابوون بە باشی هێزەکانی سروشت و کۆمەڵگای پێناسە کردووە، ئەوا تێرکردنی هزری مرۆڤ لە میانەی میتۆلۆژیا و ئایین پێ بە پێ ئاستەم دەبێت. پێویستی بەو هزرانـە دەبێت کە واقیعی ترن و مرۆڤ ئیقناع بکات. ئیتر چەندین حوکمی (یاسای) میتۆلۆژیا و ئایین جێگای پێکەنینە. کاتێك بە باشی شارەزای زەوی و ئاسمان بوو و ناسی، کاتێ بینی ئەم خواوەندانەی لێ نییە کە پێشتر وای لە قەڵەم دەدا، ئەوا پێویستی تێگەیشتنی یاساکانی سروشت دەردەکەوێتە پـێش. شـێواز و تەرزی لێپرسینەوەی بۆچی گەردوون خولقێنراوە؟ یەکەمین مادده چییە؟ ئەم هـەموو جیـاوازی و هەمە رەنگیەی دەبینرێ چۆن پێکهاتووە؟ هزری فەلسەفی دێنێتـە ئـاراوە. هـەروەها بەڕێوەبەرایـەتی پادشای ـ خوداوەند لێپرسینەوەی سەبارەت دەکرێت. کاتێك بۆیان روون دەبێتەوە پادشاکان نـابن بـە خواوەنـد و یاسـاکانیان گوزارشـت لـە بەرژەوەندیـەکانی خۆیـان دەکـات، ئـەوا روون کردنـەوەی فەلسەفیانەی کۆمەڵگا دەبێتە ناچاریەك.

هزری فەلسەفی لە میانەی ئەم تایبەتمەندێتیەوە، دوای میتۆلۆژیا و ئایین نوێنەرایەتی سێیەمین قۆناخی پێشکەوتنی مێژووی هزر دەکات و رۆڵی پـرد دەبینـێ لـە دەربـازبوون لـە هـزری ئـایینی بـۆ هزری زانستی. فەلسەفە لە لایەکەوە رێگا لەپێش ئەوە دەکاتەوە شێوەی هزری ئایینی بگاتە ئاستێکی ئەقڵمەندانەتر، واتە رێگا بە تیۆلۆژیا دەدات، لە لاکەی دیکەشەوە لەسـەر بنـەمای ئەزموونگەراییـەوە

هێـز بـە زانسـتەکانی سروشـت دەبەخشـێ. بـە خۆشـی لەگـەڵ پێشـکەوتنی زانسـت هەوڵـدەدات ئـەو شێوازەی دەربڕین و یاسایانە پێشبخات کە زانست لەم لایەنەوە تەواوی نـەکردووە. هـەروەکو ئـایین و میتۆلۆژیا فەلسەفەش لە بەرژەوەندی چینە سەردەستەکان بەکار دەهێنرێ. بەڵام هەڵوێستەی نزیکی لـە راسـتینەی خۆڕسـك دەرفـەت بـەوە نـادات هێنـدەی ئـایین و میتۆلۆژیـا بـەکار بهێنـرێ. بـەڵام شارسـتانیەتە پێشـکەوتووەکان زەمینـەیـەکی زیـاتر پێشـکەش بـە فەلسـەفە دەکـەن. هـەروەکو چـۆن ئاوێتەبوونی فەلسەفە لەگەڵ ئایینە فەرمیەکان رێگا لـەپێش تیۆلۆژیـا دەکاتـەوە، ئـەوا ئاوێتـەبوونی لەگـەڵ تەریقەتـەکانیش زیـاتر نزیکـی سـتەملێکراوەکانی دەکاتـەوە. ئاوێتـەبوونی فەلسـەفە لەگـەڵ تەریقەتەکان لە ئاوێتەبوون لەگەڵ ئایینە فەرمیەکان لەپێشترە. لەبـەر ئـەوەی بـە شـێوەیەکی گشـتی بەرژەوەندی چەوسـاوەکان لەگـەڵ راسـتی دەبێتـە یـەك، ئـەوا یـەکبوونی لەگـەڵ فەلسـەفە سـانایيترە. هەربۆیە تەریقەتەکانی چاخی ناوین بە تایبەتیش باتینی (باطني) هزری فەلەسـەفی وەکـو چـەکێکی بەهێز بەکار هێناوە. دەرکەوتنی هزری زانستی سەرچاوەکەی زیاتر بۆ هەبوونی ئەم جۆرە تـەریقەت و ئایینزایانە دەگەڕێتەوە.

**و ـ هزری زانستی؛** کاتێك پێناسەی سروشت و کۆمـەڵگا هێنـدە یەکلادەبێتـەوە کـە پێویسـتی بـە هێزێکـی دەرەوە نییـە بـۆ موداخەلـە کـردن، هـزر لـە میانـەی ئەزموونـەوە پشـتگیری لێـدەکرێت و دەردەکەوێتە پێش. گرێدراوی پێشـکەوتنی پرۆسـەی بـە کۆمەڵگابوونـە. تـا چ رادەیـەك کۆمەڵگایـەك ئاڵۆز بێت و پشت بـە شـار، بازرگـانی و پیشەسـازی ببەسـتێ، بـەو ئەندازەیـەش پێویسـتی بـە هـزری زانستی پێشدەکەوێت. پەیوەندیەکی هێندە پتەو لە نێوان زانست و کۆمەڵگا هەیە. لە کاتێکدا چینی چەوسێنەر و سەردەست سوود لە هێـزی بەرهـەمهێنانی زانسـت دەبـینێ، ئـەو خـۆی لـەو رۆشـنگەریە بەدوور دەگرت کە لەگەڵ خۆیدا هێناوە. چونکە بەرژەوەندیەکانی تێکـدەدات، هەربۆیـە پـەنا دەباتـە بەر ئەو شێوە ئایدیۆلۆژیانـەی مرۆڤایـەتی لـەنێو تاریکیـدا هێشـتۆتەوە. لـەم بـوارەدا شـێوازی هـزری زانستی بۆ توێژە ژێردەست و چەوساوەکانی مرۆڤایەتی وەکو سەرچـاوەی مەترسـی بـەردەوام دەکـات. تەنیا بەسەربەخۆ ناتوانێ ئازادیخواز بێت. بەرێوەبەرایەتی چینایەی زانست رۆڵی دیاریکراوی هەیـە. گرێدراو بە کارەکتەری بەرێوەبەرێتی چینایەتی کاریگەری زانست لەسەر توێژەکانی کۆمەڵگا جیاوازە و دەگۆڕێت. هێندەی بەرژەوەندی چینایەتی و پاشقەرۆیەتی زیاد بێت، ئەوا زاڵبوون بەسەر کۆمـەڵگا و ژینگــە و هەڵوەشــانەوەیان زیــاد دەبێــت. بــە پێچــەوانەوە گرێــدانی هێــزە کۆمەڵایەتیــە دەسەڵاتدارەکەیان بە بەرژەوەندی گشتی و کارەکتەری پێشکەوتووخوازی، دەرفەت بەوە دەدات هێـزی فێرکردن و ئازادیخوازی و یەکسانیخوازی زانست، زیاتر رۆڵی خۆیان ببینن.

ز ـ سیستەمی هزری رۆژئاواش بەرهەمی ئەم شێوە هزریە مێژووییانەیە. لە میانەی پەرەسەندنێکی جیاوازەوە تاوەکو رۆژگاری ئەمڕۆ درێژەی بە پێشکەوتنی خۆی داوە. ئەو شێوە و وەرچەرخانەی ناسنامەی میتۆلۆژی سۆمەریەکان لە ئەنادۆل و گریك دووچاری هات، گەوهەرێکی بەمجۆرە لەخۆوە دەگرێت کە بە تەواوەتی بەسەر ئیرادەی تاکدا زاڵ نییە و دەرفەت بە ئازادیەکی سنووردار دەدات. باوەڕی **زیۆس** کە لە ماوەی نێوان ١٥٠٠ تا ٥٠٠ پ.ز بەکاریگەر بوو، زۆر نزیکی شێوەی مرۆڤ بۆتەوە. ئەو ترس و ئومێدەی بە خواوەندەوە گرێدراوە، لە کاریگەریەکی ئەخلاقی و مەعنەوی بەدواوە هیچ واتایەکی دیکەی نییە؛ گوزارشت لەو راستینەیەی چینایەتی دەکات کە هێشتا توند نەبووە. بە خێرایی سروشت لەژێر ئیرادەی خوداوەند دەردەکەوێ و سەربەخۆ دەبێت و ئەو چەمکە رەگی خۆی دادەکوتێ کە بانگەشەی ئەوە دەکات؛ یاساکانی کۆمەڵگا ئەنجامێکی ئیرادەی مرۆڤە. لە کاتێکدا چینە سەردەستەکان لە میانەی باوەڕی زیۆس نوێنەرایەتیان دەکرا، ئەوا (جەماوەرە) ئاساییەکەش لە میانەی باوەڕی **دیۆنیسۆس**، نوێنەرایەتی جیاوازی ناو کۆمەڵگا دەکرا. ئەم رەوشە جیاوازی نێوان خواوەندەکان نیشاندەدات. بە شێوەیەکی گشتی لە ساڵانی ٥٠٠ پ.ز بەدواوە میتۆلۆژیا جێگای خۆی بۆ هزری فەلسەفی بەجێ دێڵێ. لە رێگای فەلسەفەوە تاك زیاتر رۆشن دەبێتەوە و ئیرادە بەدەست دێنێ. لەگەڵ دەرکەوتنی کۆیلایەتی لە کلتووری رۆژهەڵات، رێڕەوێکی جیاواز و پێچەوانە دیاری دەکات. یەکەمین دابڕانی جددی لە نێوان کەسایەتی رۆژهەڵات و رۆژئاوا لە لای گریکەکان قووڵ دەبێتەوە. بەڵام ئەو شوێنەی دابڕانی سەرەکی تێدا ئەنجام درا **میدیایە**. رۆژئاوای باکووری ئێران و میزۆپۆتامیای سەروو ئەو شوێنەیە کە بۆ یەکەمین جار جیاوازی رێبازی رۆژهەڵات ـ رۆژئاوای تێدا دەرکەوت. داب و نەریتی **زەردەشت** هەموو هێز و توانای خۆی لەوە دەگرێت کە توانیویەتی ئەم جیابوونەوەیە ئەنجامگیر بکات.

لە ئیمپراتۆریەتی رۆمادا ئیرادەی خودایی لاوازتر دەبێ، کارەکتەری (علمانی) دەردەکەوێتە پێش. فەلسەفەی خۆڕسکی **ستۆوایی** لە میانەی کارەکتەرە کۆسمۆپۆلیتەکەیەوە، رێگا لەپێش مەسیحیەت دەکاتەوە. هەروەها شرۆڤەکردنی مەتنە (پەراوی) پیرۆزەکانی یەهودیەکان لە میانەی فەلسەفەی گریك، بنەما فەلسەفیەکانی باوەڕی مەسیحی و ئیسلامی پێکدێنێ. لە ساڵانی ١٥٠٠ تا ٥٠٠ پ.ز ئەو کڵێسەیەی لافی ئەوە لێدەدات بەرامبەر بە دەسەڵاتی دونیایی نوێنەرایەتی دەسەڵاتی خودایی دەکات، لە راستیدا لە جیهانی رۆژئاوا بناخەی ئایدیۆلۆژی دەرەبەگایەتی پێکدێنێت. ئەم دوا قۆناخەی باڵادەستی شێوازی هزری رۆژهەڵاتی، رێگا لەپێش وەرچەرخانێکی ریشەیی پێکهاتەی هزری و ئەخلاقی کۆمەڵگای ئەوروپا دەکاتەوە کە بە گرانی لە سەردەمی بەربەریەتدا دەژیان. بەڵام لێرەشدا

لە میانەی ئەو تەریقەت و ئایینزایانەی لەسەر بنەمای ئەخلاقی بوون، دەکەونە نێو تێکۆشانێکی دژوار و بێ رەحمانە. لەم چوارچێوەیەشدا مەسیحیەت لە رەوشی بێگەردی سەرەتا دوور کەوتۆتەوە، لەگەڵ بەرژەوەندیەکانی چینی سەردەست بۆتە یەك. لە چاخی زانستی کە لە سالانی ١٤٠٠ ی زایینی بەدواوە خێرا دەبێت، بە تەواوەتی دەست لە شێوازی هزری تیۆلۆژی بەردەدرێت و تەنیا دەکرێت بە نەریتی ئەخلاقی. لەم قۆناخەدا هزری رۆژئاوا بە تەواوەتی لە ئایین جیا دەبێتەوە و سەربەخۆ دەبێت، لە میانەی باوەڕهێنان بە هێزی خۆیەوە پێشدەکەوێت. ئەم پێشکەوتنە دەرچوونی لاسەنگی تاك لە ژێر کۆنترۆڵی کۆمەلگا لەگەڵ خۆیدا دێنێ. خۆپەرستی و ئاشق بوونی رادەبەدەری تاك بەخۆی، رێگا لەپێش نەخۆشیەك دەکاتەوە پێچەوانەی دۆگماتیزمە. تاکی سەرمایەدار بە لانی کەم هێندەی پادشا ـ خوداوەندەکانی سۆمەر خۆیان بە خاوەنی هێز دەبینن. لە رێگایەکی جیاوازتر خۆی دەگەیەنێتە ئاستی خودایی، واتە خۆی لە شوێنگەیەکی سەرووی کۆمەلگا دەبینێ و دادەنێ. ئەمە سەرەکیترین مەترسی و نەخۆشی کلتووری رۆژئاوایە. تاوەکو ئێستاش چارەسەری بۆ ئەم نەخۆشیە نەدۆزراوەتەوە.

لەم قۆناخەدا توێژە چەوساوە و ستەملێکراوەکانی رۆژئاوا، روو لە ئایدیۆلۆژیایەك دەکەن کە لایەنە زانستیەکەی لەپێشە، ئەویش سۆسیالیزمە. سۆسیالیزم ناسنامەی ئایدیۆلۆژی نوێی زەحمەتکێشانە. بەلام دەرکەوتنی لە ئامێزی کۆمەلگای چینایەتی و بە تایبەتیش رزگارنەبوونی لەژێر کاریگەری سیاسی، بە دەزگا نەکردنی شێوازی بەرێوەبەرێتی و کەسایەتیەکەی، بە پێچەوانەوە پێکهاتەی نزیك بە دەزگاکانی چینی سەردەست، لە ماوەیەکی کورتدا رێگای لەپێش نەزۆکی و گەندەڵ بوونی کردەوە. ئەوەی لە چاخەکانی سەرەتا و ناوین بەسەر چەندین پێکهاتەی هاوشێوە هاتن و لە لایەن شێوازی چینی سەردەست یان خنێکێنران یاخود توێنراونەتەوە و گۆڕاون، بۆ جارێکی دیکە لە پراکتیکی سۆسیالیزمی بونیادنراودا دووبارە بۆتەوە.

خ ـ رێبازی هزری رۆژهەلات پێڕەوێکی جیاوازی دیار کردووە. یان خۆی کردووە بە هێزێکی خودایی، یان بەرەو هزری تاکخودایی پەرەی سەندووە کە زۆر بەهێز کراوە. قۆناخی ئایینی تاکخودایی هزری رۆژهەلاتی ناوین، رەنگدانەوەیەکی بە سەنتەربوونی هێزی سیاسی و ئابووریە. توندڕەوبوونی لە رادەبەدەری، رێکخستنی وەکو یاسای باوەڕ و فەرموودەی خودایی کە موتڵەق پێویستە پەیرەو بکرێت، رۆڵی سەرەکی دەبینێ لە دواکەوتنی رۆژهەلاتی ناوین و تەواوی رۆژهەلات. لە راستیدا لە میانەی ئەم فۆرمەی پێکهاتەی کەسایەتیەك لەگەڵ خۆی دێنێ زۆر لەوەی سۆمەریەکانیش پاشکەوتووترە. خوداوەندەکانی سۆمەری هێندە وشك و خاوەن یاسا نین. باوەڕی

پێنەهێنان، هیچ سزادانێك یاخود لاوازیەکی ئەخلاقی ـ مەعنەوی لەگەڵ خۆیدا ناهێنێ. چەمکێکی ئایین ـ خوداوەندی ئەوتۆ جێگای باسە دەشێ لە هی گریکەکان نەرمتر و مرۆییانەتر بێت. وشك بوونی راستەقینە لەگەڵ داگیرکردنی شارەکانی سۆمەر لە لایەن تیرە ئامۆریتە سامیەکانی بیابان دەستی پێکردووە. رێبازی ئەکاد ـ بابل ـ ئاشوور، لەگەڵ ئەوەی کە هێزی سیاسی و ئابووری لەسەر بنەمای توند و تیژیەکی زێدەڕۆیی بەدیدێت، ئەوا لە لایەنی چەمکی ئایین و خوداوەند، بەرەو چەمکی تاکخودایی دەبات کە لایەنی سزادانی لەپێشە. ئەو بازرگانیەی بایەخەکەی زیادبووە، پێویستی بە یاسای توند و وشك هەیە. یەکێتی تیرەش رۆڵێکی گرنگی لەم پێشکەوتنەدا هەیە. باوەڕی "ئەل" کە بە شێوەیەکی سەرەکی خواوەندی گشتی تیرە سامیەکانە، لە کۆتایی ئەم پێشکەوتنانە بە حەزرەتی ئیبراهیم دەستپێدەکات و بە حەزرەتی مەحەمەد کۆتایی پێدێت، پێشکەوتنەکەی بەردەوام دەبێت تاوەکو بە زاراوەی "ئەڵلا" دەگات، کە یەکجار بەهێز کراوە و نەوەدونۆ خاسیەتی دەژمێردرێ. لە راستیدا "ئەڵلا" رەنگدانەوەی ١٠٠٠٠ ساڵی هزری سەنتەرگەرایی تیرەکانی نیمچە دورگەی عەرەبە. تاوەکو دەبێت بە سەمبۆڵی هێزی گشت تیرە سامیەکان بە چەندین قۆناخدا تێدەپەڕێ، لەگەڵ حەزرەتی مەحەمەد دەگاتە لوتکە، وەکو ناسنامەی ئایدیۆلۆژی کۆمەڵگای بازرگانی شێوەی مسۆگەری خۆی دەگرێت. خودایەکە لایەنی میللی لەپێشە. باڵاترین رەنگدانەوەی ئایدیۆلۆژی هێزی کۆمەڵگای سامی و عەرەبە.

ئەڵلا وەکو خوداوەند، لەگەڵ ئەوەی وەکو گوزارەی هێزی سروشت بەکار دەهێنرێ، بە شێوەیەکی سەرەکی لە بەرزترین ئاستدا نوێنەرایەتی ئایدیۆلۆژی هێزی کۆمەڵگا دەکات. تایبەتمەندێتی بە کۆیلەکردن و ئازادیخوازی ئەم زاراوەیە تێکەڵ بە یەکن. لە میانەی دابڕاندنی مرۆڤ لە پادشا ـ خوداوەندەکان دژی کۆیلایەتی چاخەکانی سەرەتا رادەپەڕێنێ. پابەندبوون بە بیری خودایەکی داڕنراو (مجرد). بە گوێرەی پەرستنی پادشای ـ خوداوەند، هەنگاوێکی لەپێشە و خزمەت بە ئازادی دەکات. بەڵام لەبەر ئەوەی هزری بەندایەتی (عبد) گشتی بەهێز کردووە، ئەوا شێوازی وابەستەیی هەلومەجەکانی دەرەبەگایەتی لە ئاستێکی نوێدا بە سیستەماتیکی گەیاندووە. دەبێتە ناسنامەی سەرەکی ئایدیۆلۆژی سیستەمی دەرەبەگایەتی کە لە چاخی ناوین بەهێز دەبێ؛ بە باشترین شێوە گوزارشت لە بەرژەوەندی هزری و ماددی بازرگانەکان دەکات کە لەنێو کۆمەڵگای عەرەبەکاندا بووە بە چینی سەردەست. حەزرەتی مەحەمەد لە پێشخستنی زاراوەی "ئەڵلا" کە بە مانای خودا دێت، هزری فەلسەفی گریك و هزری ئایینی یەهودی و مەسیحی وەکو میراس بە بنەما گرتووە، بەڵام نوێنەرایەتی هێزی ئەو وەرچەرخانانەش دەکات کە بە گوێرەی پێویستی هەلومەرجەکانی کۆمەڵگا

ئـەنجامی داوە. ئـەڵڵا بـە واتایـەك مانیفێسـتۆی دەرەبەگایـەتی چـاخی ناوینـە، یاسـای سـەرەکی و بەیاننامەکەیەتی.

راگەیاندنی ئیسلامیەت وەکو دوا ئایین لە لایەنی حەزرەتی مەحەممەد پێشبینەیەکی گرنگە. لـە راستیدا ئەوە رادەگەیەنێ کە چاخی ئـایین و خواوەنـدەکانی کۆتـایی پێهات. بـە پێچـەوانەی ئـەوەی مەزەندە کراوە زاراوەی ئەڵڵا لای حەزرەتی مەحەممەد لە نزیکی ئایین زیاتر، زاراوەیەکە لە زانست و فەلسەفە نزیکترە. ئەڵڵا لە شادەمار زیاتر نزیکی مرۆڤە؛ ئەزەلی و ئەبەدییە؛ خاڵقـە (خوڵقێنـەرە) و نـەخوڵقێنراوە؛ خـاوەنی هـەموو شـتێکە و ئـەوە نیشـاندەدات کـە زۆر نزیکـی یاسـا دیالیکتیکیـەکان بۆتەوە. بە واتایەکی دی وەکو کۆی هـەموو یاسـاکانی سروشـت و کۆمـەڵگا پێناسـە دەکرێت. هـەر لـە زووەوە لە بەسـتەڵەکی و رەوشـی خوداوەنـدەکانی سـۆمەر و گریـك رزگـاری بـووە کـە بـەردەوام ژنـان استسـمار دەکـەن و بـە ناچـاری مـرۆڤ دەکـات بـە خزمـەتکار. بـووە بـە هێـزی یاسـایی گشـتگیری کۆمەڵگایـەکی بـەهێز و چەسـپیوە. ئاشـکرایە کـە نوێنەرایـەتی پێشـکەوتنێکی گـرنـگ و بایەخـداری کردووە.

گفتوگۆی "خودا هەیە، یاخود نییە" کە لە چاخەکانی ناوین تاوەکو رۆژگاری ئەمڕۆمان دەکرێت چەواشـەکاریەکە. بـەمجۆرە بەدەسـتەوەگرتنی کێشـەکە هەڵەیـە. شـتی راسـت ئەوەیـە گفتوگۆیـەکی داهێنەرانـەی بـەمجۆرە پێشـبخرێت، خـودا رەنگدانەوەیـەکی چـۆنی کۆمەڵگایـە؟ نوێنەرایـەتی چـی دەکـات؟ چـۆن پـەرەی سـەند و لـە ئەنجامـدا ناچـار بـوو بگـۆڕێ و ببێـت بـە چـی؟ ئـەو وەڵامـەی لـە رۆژهەڵاتی دوور لە چین و هیند دراوەتەوە، هزری پادشـای ــ خوداوەنـد و بتپەرسـتییە. هەرچـی لـە رۆژئاوایە دابەزێنراوەتە سەر زەوی و رێگای تەڤلیکردنی بۆ نێو ریزی مرۆڤەکان بە بناخە دانـراوە و ئـەم رێگایـەش لـە کۆتاییـدا بـە زانسـت و بەڕێوەبەرایـەتی دیموکراسـییانە گەیشـتووە. هەرچـی لـە رۆژهـەڵاتی ناوینـە، لەبـەر ئـەوەی رەگ و ریشـەکەی بـەهێزە، بـەردەوام وەکـو شمشـێری دیمـوکلیتس لەسەر سـەری کۆمـەڵگا راگیـراوە؛ بـە گـوێرەی هەلومەرجـەکانی دەرەبەگایـەتی چـاخەکانی نـاوین بـە گونجـاوترین دۆخ گەیـەنراوە و باڵادەسـتی ئایـدیۆلۆژی چـینی سەردەسـتی تۆکمـە کـردووە. شـرۆڤەی مەزهەبی سوننی ئیسلامیەت گوزارشت لە تیۆلۆژی فەرمی دەکات و نوێنەرایەتی بازرگانی هەڵکشاو و ئەرۆستوکراتە خاوەن زەویەکان دەکات. بەرامبەر بەمەش تەواوی ئەو تەریقەت و ئایینزایە باتینی و شـیعی و عەلەوییـەکانی کـە پـەنایان بردۆتـە بـەر دەمـامکی ئـەهلی بـەیت، شـرۆڤەی چەوسـاوە و ستەملێکراوەکان پێکدێنێت. ئەم رەوتە نیو ـ نهێنیانەی ریشەکەیان تاوەکو کۆمەڵگای نیۆلیتیك درێژ دەبێتەوە، شێوەی تێکۆشانی چینایەتی و ئەتنیکی چاخەکانی ناوین پێکدێنێ. تێکۆشانی چینایەتی و

(قەومی) تایبەت بە چاخەکانی ناوین تەنیا دەشێ لەژێر ناو و دەمامکی ئەم تەریقەتانە بێت. سەرەڕای ئەوەی تێکۆشانێکی مەزنیان کردووە و بەکاریگەر بوونە، ئەوا جگە لەوەی جیاوازی چینایەتی سەردەمی خۆی پڕ نەکردبۆوە، جینۆساید و لە رێ لادانەکانیش رۆڵیان لەوەدا بینی کە هەمیشەیی و بەردەوام نەبن.

پێکهاتەی هزری رۆژهەڵاتی ناوین لە قۆناخی کامڵبوونی ئیسلامیەت واتە دوای سەدەکانی ٨ تا ١٢ هەمی زایینی کەوتۆتە ناو دواکەوتنێکی مەزنەوە. لە کاتێکدا لە رۆژئاوا بناخەکانی زانست و رێنسانس دادەڕێژرا، رۆژهەڵاتی ناوینیش لە بواری هزریدا دەکەوێتە ناو موحافەزەکارترین و دواکەوتوترین قۆناخ. لە هەموو بوارێکدا ژیانێك چەسپێنراوە کە بێ پرەنسیپە و پشت بە هێزی سەربازی دەبەستێت. پشت بە هیچ پرەنسیپێکی ئەخلاقی و فەلسەفی نابەستێت. ئیسلامیەتێکی لەگەڵ ئاغایەتی شەڕ بۆتە یەك تاوەکو رۆژگاری ئەمڕۆشمان بەکاریگەرە.

ح ـ ئەم رەوشە گشتییە شۆڕشێکی ئایدیۆلۆژی دەکات بە ناچاریەك. بەڵام نابێ ئەوەش لە بیر بکرێت، لەبەر ئەوەی تەواوی رەوتە راستڕەو و چەپڕەوە هاوچەرخەکان لە کەسایەتی و ناسنامەی ئایدیۆلۆژی چاخەکانی ناوینیان تێپەڕ نەکرد و تێپەڕ کران، بۆیە لەوە رزگاریان نەبوو، ساختە و دروست کراو نەبن. شەڕی ناسنامەی ئایدیۆلۆژی رۆژهەڵاتی ناوین هەروەکو خۆی ماوەتەوە. ناسنامەی هزری نەتەوەپەرستی و کۆمۆنیستی و تەنانەت هزری نوێی ئیسلامی کە پێیدا تێپەڕیون لەبەر ئەوەی پشتیان بە تێپەڕکردنی کەسایەتی چاخەکانی ناوین نەبەستووە، رێگای لەپێش هیچ نوێبوونەوەیەك نەکردۆتەوە. ئەوەی بەرلە هەموو شتێك پێویستە لە رۆژهەڵاتی ناوین ئەنجامبدرێ، دەستبەردانە لە کەسایەتی و ناسنامەی ئایدیۆلۆژی پاشڤەڕۆ. ئەگەر ئەمە ئەنجامنەدرێ، ئەوا بە واتای ئەوە دێت کە ژنێکی بۆرژوای خستۆتە پاڵ ژنەکەی چاخی دەرەبەگایەتی. ئەمەیە کە تا رادەیەك ئەنجامدراوە. ئاشکرایە دووسەد ساڵە ئەنجامەکانی شکست هێنانە.

ئەوەی لە شیکردنەوەی خۆمان سەبارەت بە شارستانیەت هەوڵماندا ئەنجامی بدەین، هەرچی نەبێ بە لانی کەم رۆڵی خۆمان ببینین لەوەی کێشەکە بە شێوەیەکی راست روون بکرێتەوە و دانرێتە مەیدان. ئەویش بە واتای هەوڵێك دێت لە ئاستی پێناسەکردن دایە. تاوەکو رۆژهەڵاتی ناوین بە پێی بەرفراوانی قۆناخی مێژوویی خۆی نەناسرێ، ئەوا هەر کێشەیەکی دەستی بۆ ببرێت، لە نانەوەی کێشەی مەزنتر بەدواوە هیچ ئەنجامێکی دیکە لەگەڵ خۆیدا ناهێنێ. بەهۆی پێکهاتەکەیەوە رەوش بەمجۆرەیە. شەڕی ئێراق ــ ئێران، عەرەب ــ ئیسرائیل، ناکۆکیەکانی نێوان خودی عەرەبەکان، تراژیدیای ئەرمەنیەکان و شەڕەکانی دژ بە کوردەکان کە تراژیدیای تێپەڕ کردووە و دەخوازێ کوردان

مەحکومی بێ ئابرووبی بکات، راستینەیەك دەسەلمێنن: کێشەکانی ناوچەکە وەکو زنجیرە بەیەکەوە گرێدراون. بەیەکەوە لە میانەی شیکردنەوەیەکی دروست سەبارەت بە بنەما مێژووییەکانی دەشێ سەرەتایەکی نوێ دەست پێبکرێ. هەڵوێست و نزیکبوونە کلاسیکیە چەپڕەو و ئیسلامی نوێ و نەتەوەپەرستی، کێشەکەیان گەیاندۆتە رەوشێك رزگاربوون لێی ئاستەمە. تەنیا دەشێ بەلاوەنانی ئەم پلاتفۆرمانە رێگا لەپێش چارەسەری نوێ بکاتەوە.

ئەو ئەنجامانەی کە شیکردنەوەکەمان پێی گەیشتووە: بژاری گەلان کە رەوتێکی زیاتر نزیکی ئازادیخوازی و یەکسانیخوازی شارستانیەتی دیموکراسیانەیە و لە سەردەمی کۆمەڵگای نیۆلیتیکەوە بە هەڵواسراوی ماوەتەوە، لە خڵتە و پاشخانەکانی مێژووی چینایەتی پاك دەکاتەوە و بە واتا هاوچەرخەکەی سەرلەنوێ ئاوای دەکاتەوە، لەسەر بنەمای زانست و تەکنۆلۆژیا وەکو جوڵانەوەیەکی دیموکراسیانە بەرجەستە دەکرێت. جارێکی دیکە مێژوو بەرەو شارستانیەتێکی نوێ دەچێت، بەڵام شارستانیەتێك کە یەکسانی و ئازادی بە بنەما دەگرێت، لەم خاکەی خوڵقێنەری مێژوو و ئەو گەلە دەستپێدەکات کە لە سەری دەژی، وەکو ئومێدێکی مەزن جێگای خۆی لە نێو رۆژەڤماندا گرتووە. کارکردن لەپێناو ئەنجامدانی رێنسانسێکی بەرفراوان و سەرکەوتن تێیدا شایانی هەر قوربانیەکی مرۆڤە.

٢ ـ پرۆگرام ئەو ئامانجانەی ناسنامەی ئایدیۆلۆژی دەست نیشاندەکات کە گوزارە لە ئایندە دەکات. کاتێك لەژێر سایەی رۆشنگەری تیۆری ئاستی تەکنۆلۆژی پشت گوێ نەخرێت، ئەوا کاریگەری لەسەر پێشکەوتنێکی راست و پتەوی جوڵانەوەی وەرچەرخانی کۆمەڵگا دەبێت. بەڵێنی چۆنیەتی پێکهاتەکانی ئابووری و سیاسی کۆمەڵگا دەدات کە پێشبینیان دەکات. بەرامبەر بە رای گشتی ناوخۆ و دەرەوە خۆی پابەند دەکات.

لەسەر بناخەی رەخنەگرتن لە رابردووی نزیك پرۆگرامی پێهەڵگرتنێکی نوێ دادەڕێژرێ. بە تایبەتیش لە میانەی رەخنەکردنی سۆسیالیزمی بونیادنراو کە لافی دەستپێکردنی شارستانیەتی کۆمەڵگای بێ چینی لێدەدا و پرۆگرامی لیبرالی دواترین شێوەبەندی سەرمایەداری، ئەو ئامانجانە دەخاتە روو کە لەوانەی دیکەی جیادەکاتەوە. بە شێوەیەکی ئاشکرا پابەندبوونی خۆی بە دیموکراسی هاوچەرخ و ئەو ئاراستەیە ئاشکرا دەکات کە بەرەو پێشەوەی دەبات. پێوەرەکانی دیموکراسیەتی هاوچەرخ خۆی لەخۆیدا پرۆگرامێکە. قەڵەمبازە نوێکە ئەم پێوانانە وەکو نزمترین پرۆگرامی خۆی پەسند دەکات. بۆ نموونە پەیڕەوکردنی پێوەرە دیموکراسیەکان لەسەر دەزگا و رێکخراوەکانی کۆمەڵگا و دەوڵەت و سیاسەت بە ئەرکێکی سەرەکی خۆی دەبینێ.

بابەتەکانی کۆنترۆڵکردنی گەیشتنی تەکنۆلۆژیا بە ئاستی دڕندایەتی و پاراستنی ژینگە و ئازادی ژنان، وەکو گرنگترین ماددەکانی پڕۆگرامی نوێ دەست نیشان دەکات، کە لە چوارچێوەی شارستانیەتی سەرمایەداری شینەکراوەتەوە و چارەسەرییان بۆ نەدۆزراوەتەوە.

**ئازادی ژن** لە شێوەگرتنی شارستانیەتی نوێدا، ڕۆڵی هاوسەنگی و یەکسانیخوازی دەبینێ. ئەو ژنەی لەدوای هەڵوەشانەوەی کۆمەڵگای نیۆلیتیك بەدواوە هەروەکو بڵێی لەناو کۆمەڵگا سڕاوەتەوە، دووبارە لەنێو هەلومەرج و زەمینەیەکی ئازادی و یەکسانی جێگای خۆی دەگرێت و ڕێزی لێدەگیرێت. لەم پێناوەشدا هەموو تێکۆشانێکی تیۆری، بەرنامە، ڕێکخستنی و کرداری ئەنجامدەدرێت. ڕاستینەی ژن زۆر لە زاراوەی چینی پرۆلیتار و نەتەوەی ژێردەست بەرجەستەترە، کە سەردەمێك لافی بۆ لێدەدرا. دەتوانرێ بگوترێ بنەڕەتیترین وەرچەرخانی کۆمەڵگا، لە میانەی ئەو وەرچەرخانەوە یەکلادەبێتەوە کە ژن ئەنجامیدەدات. ژن چەندە لەنێو ئازادی و یەکسانیدابێت، ئەوا تەواوی توێژەکانی کۆمەڵگاش بەو ئەندازەیە ئازادن و لەناو یەکسانیدا دەژین. دیموکراتیزەبوونی ژنان ڕۆڵێکی دیاریکراوی دەبێت لە جێگیرکردنی علمانیەت و دیموکراسیەت بە شێوەیەکی هەمیشەیی. تەنانەت ئەم پێناسە بەرنامەڕێژییە کورتەی سەبارەت بە دیاردەی ژن ئەنجامدرا، ئەوە نیشاندەدات ژنان پێشەنگایەتی جوڵانەوەی کۆمەڵایەتی نوێ دەکەن و ڕەنگی ژن بەخۆیەوە دەگرێت.

دانانی **کێشەی ژینگە** وەکو ئامانجێکی پرۆگرام، بابەتێکی دیکەی بایەخداری قەڵەمبازی نوێیە. ئاشکرا بووە ئەو ناکۆکیانەی لەگەڵ سروشت لە ئارادایە، بە لایەنی کەم بە ئەندازەی ناکۆکیە ناوخۆکانی کۆمەڵگا سەختە و قورساییەکی خۆی هەیە. پاراستنی ژینگە بە شێوەیەکی سەرەکی واتای پاراستنی خاك و سەوزایی و ئاو و ئاژەڵ و کەش و هەوایە. دەبێ ئەم بابەتە سەرەکیانە وەکو تەگبیری پتەوی پاراستن و مادەی دەست لێبەرنەدراو، جێگای خۆیان لەناو پرۆگرامدا بگرن. ناچاریە پاراستنی ئاژەڵ و ڕێگرتن لە سەربڕینی هۆڤیانەی ئاژەڵان جێگای خۆی لە پڕۆگرامدا بگرێت.

لە سایەی هەلومەرجەکانی کۆمەڵگای سەرمایەداری لەلایەك **تەکنۆلۆژیا** لەکار دەکەوێ، لەلایەکی دیکەوە دەکرێت بە دڕندەیەك کۆنترۆڵکردنی ئاستەمە. مسۆگەر پێویستە بەرامبەر بە پێشکەوتنی مەترسیدار و هەڕەشە ئامێزانەی تەکنۆلۆژیا هەڵوێستێکی بە پرەنسیپانە جێگای خۆی لە پڕۆگرامدا بگرێت کە ئەو سیاسەتەی سەبارەت بە تەکنۆلۆژیا دیار دەکرێت کە بە گوێرەی پێویستیە سەرەکیەکانی مرۆڤایەتی بێت. ئاستی تەکنۆلۆژی و بەکارهێنانی بە شێوەیەکی گونجاو دەرکەوتنی شارستانیەتی نوێ یەکلا دەکاتەوە. لە کاتێکدا سەبارەت بە هەندێ بوار لە سەرووی هەمووشیانەوە قەدەخەنامە و کۆنترۆڵێکی چڕ دەرهەق بە وزەی ناوکی، کاریگەری میوە نائاساییەکان، خۆراکە

هۆرمۆنیەکان و تەکنۆلۆژیای جینۆلۆجیا پێشدەخرێت، ئەوا لە لایەکی دیکەوە چارەسەری و ڕێگرتن لە تەقینەوەی ژمارەی دانیشتوان و نەخۆشیەکان، پێشخستنی کار و خەبات لە بواری پەروەردە و گۆڕەپانە هاوشێوەکان ناچارییە کە بکرێن بە ماددەکانی پڕۆگرام. بوارەکانی تەکنۆلۆژیا و ئابووری بە ئامانجی دیموکراتیزەکردنی دەوڵەت و سیاسەت و کۆمەڵگا لەناو یەکتردا چنراون.

دەبێ بەرامبەر بە کێشەکانی **منداڵان** و **مرۆڤە بەساڵاچووەکان** هەڵوێستێکی بەرپرسیار و وشیارانە لە پرۆگرامدا گوزارشتی لێبکرێت. ئەم بابەتانە هێندە بایەخدار بوون ناکرێ بۆ خێزان بەجێ بهێڵدرێ.

بە مسۆگەری دەبێ پێناسەی **پێوانە ئەخلاقی** ئاکارە نوێکان یەکلابکرێتەوە و بە شێوەیەکی ڕێکخراوەیی جێگای خۆی لە پرۆگرام بگرێت.یاساکانی ئەخلاقی نوێ و بە دەزگابوونی، دەبێتە تایبەتی ترین و پێویست ترین لایەنی ئەم دەرچوونە مێژووییە. لە میانەی دەرککردن بەوەی هیچ یاسا و تەگبیرێکی سیاسی بەهێزی ئەخلاق ناگات، دەبێ ڕۆڵەکەی پێناسە بکرێت و بە دەزگابوون بگەیەنرێت.

هەڵوەشانەوەی ئەخلاقی لەناو کۆمەڵگایەکدا بەڵگەی قووڵبوونەوەی ئەو قەیرانەیە کە لە ئارادایە. بەڵام کاتێك دەڵێین ئەخلاق مەبەستمان داب و نەریتی باو و ڕێسا ئایینیەکان نییە. ئەخلاق؛ گوزارشت لەو هەڵسوکەوت و نەریتانەی کۆمەڵگا دەکات کە دان بە باشی و جوانی و ڕاستیەکەیدا دەنرێت، بە پەیوەندیەکی ویژدانی و خۆبەختی پەیڕەو دەکرێت، لە میانەی یاساکان ناکرێت بە ناچاری، بەڵام لە بەهێزترین یاساش بە تواناترە. هەروەکو چۆن ئەخلاقی پاشڤەڕۆ و موحافەزەکار هەیە، ئەخلاقی پێشکەوتووخواز و ئازادیخوازیش هەیە. بەرنامەڕێژیەکی ئەم جیاوازیە ڕەچاو بکات، ڕۆڵێکی وەرچەرخێنەر و بە ئەزموون دەبینێ. دەشێ ئەمە بە دەزگای مەعنەوی کۆمەڵگا ناوببرێت. ئەو ئەخلاقەی کە قەیران شپرزەی کردووە، تەنیا لە سایەی هەڵوەستەیەکی ئەخلاقی نوێ نوێدەکرێتەوە، ئەمەش لە تێپەڕکردنی تەنگژە و گەیشتنی کۆمەڵگای نوێ بە بەهای ڕاستەقینەی دامەزراندن، ڕۆڵێکی هەمیشەیی و جێگیر دەبینێ. لە ڕاستیدا بۆ ئەو سیستەمانەی کۆمەڵگا کە تەواوی پێویستیەکانیان پێکهێناوە، ئەخلاق ڕۆڵی پردێك دەبینێ لەوەی تایبەتمەندێتی کارەکتەری ڕاست و باشی کەسایەتی و هونەر ڕۆڵی خۆی ببینێ کە وەکو پۆشاکێکی قەشەنگ چاکەی ناواخنی بە جوانیەوە تەواو دەکات.

هەربۆیە لەنێو ژیانی کۆمەڵگادا، بە لایەنی کەم هێندەی ئەخلاق، پایەی **هونەر**یش پێویستی بە سەرلەنوێ پێناسەکردن هەیە. کۆمەڵگایەکی بێ هونەر وەکو لاشەیەکی ڕووت و سەرەتایی وایە؛

لەمـەش بـەولاوە، گـوزارە لـە دابڕانـی رۆح و لاشـە دەکـات لـە پێکهاتەیـەکی هـزری راسـت. کاتێـك بـە دەزگابوونی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری لـە میانـەی پرۆگرامێکی هـزری راسـت دیـاری دەکرێـت، کاتێك ئەو ئامانجانەی دیاریکراوە لەگەڵ هونەر و ئامانجەکانی یەکانگیر نەبێتەوە، ئەوا بە سەقەتی و رووتی و قێزەوەنی دەمێنێتەوە. ناشێ بیر لە کۆمەڵگایەکی بێ هونەر بکرێتەوە. بـە پێچـەوانەی ئـەو مەزەندانەی دەکرێ، هونەر لە چینە هەڵبژاردەکان زیاتر، دەبێ وەکو ئـەو زمانـەی گـەل ببینـرێ کـە لەو رێگایەوە وەڵامی میتۆلۆژیا و ئایین و فەلسەفەی دەدایەوە. گوزارشت لەو هزر و ئەخلاقـە دەکـات کە لەلایەنی ئیرادە و هزرە باڵاکان ئەرێ کراوە و لە چوارچێوەی قاڵبێـك دارێـژراوە کـە گـەل لێـی تـێ بگات و لەگەڵیدا بگونجێ. بەرنامەیەکی گشتگیر لە میانەی ئاواکردنی چوارچێوە هونەریەکـەی خـۆی تەواو دەکات.

٣ ـ ناسنامەی ئایدیۆلۆژی لە میانەی هەڵوێستێکی ستراتیژی و تـەکتیکی لێهاتوانـە تـەواو دەبێـت، کە گوزارشت لەوە دەکات دەخوازێ لە میانەی کام رێبـاز و رێچکەوە بـە پێکهاتـەی بەرنامـە و تیـۆری بگات.

**تیۆری** رەسەن گوزارشت لە دیدگایەکی یەکلابۆوە دەکات، **پرۆگرام** لـە تیۆریـەوە دەپـاڵێورێ، ئـەو ئامانجـە کـورت و یەکلابووانـە دەخاتـە روو، کـە بـە پـارزنگی رەخنەکردنـدا دەربـاز بـووە. بـەڵام بـۆ چـۆنیەتی گەیشـتن بـەو ئامانجانـە و دیـاریکردنی ئامرازەکـانی، **سـتراتیژی** وەکـو رێبـازێکی راسـت دیاریدەکرێ، تەکتیکیش وەکو هەنگاوی راست و پتەوی بەرێوەچوون دیاری دەکات. ستراتیژی هونەری بژاردنی ئەو رێگایەیە لەناو چەندین رێگای کە بۆ گەیشتن بە ئامـانج کەوتۆتـە روو. رێگـای هەڵدێر هەیە؛ رێگا هەیە پڕ بە ئێشە و خوێنێکی زۆری تێدا دەرژێنرێ. لەگەڵ ئەمەشـدا ئـەو رێگایانـە کـەم نین کە بەرلەوەی بگەیتە ئامانج، تەواو دەبێت. لە رەوشێکی بەمجۆرەدا ستراتیژی راست گوزارشت لەو رێچکەیە دەکات تەواوی ئەم رێگایانە دەناسێ کە مەترسی بەمجۆرە لەخۆوە دەگـرن و پێویست بکـات ئەو ئامانجانە سەرلەنوێ بەرچاو دەرباز دەکات کە بەدیهێنانی واقیعی نییە، گەل لەپێناو بـەدیهێنانی مـافی مێـژوویی خـۆی لـە رێگـای کـاروانێکی سـەرکەوتووانە رادەکاتـە سـەرپێیان. ئـەو کۆمـەڵگا و رێکخراوانەی لە بەرێوەبەرایەتی و ستراتیژیەتێکی بـەمجۆرە بێبەشـن، هـەروەکو چـۆن لـە مێژووشـدا گەلێك نموونەی بینـراوە، لـە ئاکـامی رێگـا هەڵدێرەکان و ئـەو رێگایانـەی خوێنـاوین لـە نیـوەی رێگـا بەجێ دەمێـنن و دووچـاری رەوشـی تراژیـدی و شکسـت دەبنـەوە. ئـەو هونـەرەی رێگـا لـەپێش ئەمـە بگرێت ستراتیژیەکە بە هونەری بەرێوەبەرێتی دادەنرێت.

ستراتیژی؛ هێزە سەرەکی و یەدەگەکان و هاورێیە کاتییەکانی رێگا دەستنیشان دەکات، بەڕێوەبەرایەتی کاروانێك و بازدانێکی تەنانەت ماراتۆنێکی سەرکەوتووانەیە کە بە شێوەیەکی واقعیانە بەرەو ئامانج ئەنجام دەدرێت و کەمترین زیان و ئێش رەچاو دەکات. هەر کۆمەڵگا و رێکخراوێکی ئەم هێزەی ئاوا نەکردووە یاخود نازانێ بەکاری بێنێ، وزەی ژیانی خۆی بە فیرۆ دەدات و بە دواکەوتوویی دەمێنێتەوە و لە رزین و پەرتەوازەبوون رزگاری نابێت. پێکهێنانی ستراتیژی بۆ کۆمەڵگا یاخود رێکخراوێك، بە واتای پێکهاتنی هێزی مێشك دێت. هەروەکو دەزانرێ ئەو قەوارانەی بێ مێشك ماونەتەوە یاخود بە شێوەیەکی زۆر سەرەتایی پێکهاتوون، لە سەرەتاییترین و دواکەوتوترین ئاستدا ماونەتەوە. هەربۆیە واتادار بوونی بۆچوونێکی تیۆری و بەرنامەیەك لە میانەی هێزی ستراتیژیەتەوە فەراهام دەکرێت. ئەمەش لە تەواوی قۆناخە گرنگەکاندا لە میانەی گەیشتن بە هێزی بڕیاردان و بەرێوەبردنی ستراتیژی و مێژوویی بەدی دێت. کاتێك پێویست بکات هۆکارەکانی بەرێوە نەچوون و سەرنەکەوتنی ستراتیژی دەستنیشان دەکات، دەبێ بزانرێ کە یەکێکی نوێتر پێشبخرێت و بەڕێوە ببرێت. بە گوێرەی ئەم پێناسەیە چوارچێوەی ستراتیژیەت گوزارشت لە پێکهاتنێکی تۆکمەی دەزگای فەرمانداریێتی و رێبەرێتی دەکات و لە میانەی دەستەبەرکردنی هێزی داهێنان بەرێوەی دەبات. ئەو کۆمەڵگا یاخود رێکخراوە هەمە جۆرانەی لەم هێزە بێبەشن و ئاراستەی کاروانەکەی خۆی نازانێ، دیار نییە بەرەو پێشەوەچووە یان بۆ دوواوە، لە جێگای خۆیدا دەژمێرێ و بەمجۆرە دووچاری لادان و گەندەڵ بوون دێن و دەبن بە دەستەیەك لە رزین رزگاریان نابێت. بە پێچەوانەوە ئەو کۆمەڵگا و رێکخراوە ناتەواوانەی ئەم هێزە دەستەبەر دەکەن، خۆیان کۆدەکەنەوە و تۆکمە دەبن و بە ئامانج دەگەن و سەرلەنوێ مەزن و بەهێز دەبن. سەبارەت بە ناسنامەی ئایدیۆلۆژی فاکتەری ستراتیژی تا ئەم رادەیە ژیانی و ناچارییەکە.

دواترین فاکتەری ناسنامەی ئایدیۆلۆژی لە میانەی زاراوەی **تەکتیك** ئاماژەی پێدەکرێت. تەکتیك گوزارشت لەو وزە و ئۆرگانە پێویستانە دەکات کە دەبێ بۆ گەیشتن بە ئامانج هەبن. جگە لە مێشك بە واتای تەواوی ئۆرگانەکانی لاشە دێت. هەروەکو چۆن لە ژیانی رۆژانە پێویستی بە کارێکی یەکپارچەیی ئەم ئۆرگانانە هەیە کە لە میانەی دابەشکردنی کارەوە بەرێوە دەچێت، ئەوا کۆمەڵگا و رێکخراوەکانیش پێویستیان بە ئۆرگانی هاوشێوەی ئەمە هەیە کە لەنێو گشتگیریەکدا خەبات بکەن.

دەوڵەتێك لە رێگای رێکخستنەکانی بوارەکانی یاسادانان و بەرێوەبردن و داد و رێکخستنە ئابووری و سەربازیەکانی خۆی، هەوڵدەدات بەو سیاسەتە بنەڕەتییانە بگات کە دەستنیشانی کردووە. کۆمەڵگاکانیش ئامرازی هاوشێوەی ئەوەیان هەیە. پێویستی و ئامانج ئەو ئامرازانە دیاری دەکات کە

دەبێ هەڵبگیرێت. تەکتیك ئەوە دەستنیشان دەکات بۆ رزگارکردنی ئەو کۆمەڵگایانەی لەناو قەیراندان پێویستە رێکخراوە پێشەنگ و پابەندەکانی خاوەن شێوازێکی چۆنی کار و خەبات بن. کێشەکانی لە جۆری، لە رێگای توندوتیژی بێت یان بێ توندوتیژی، هێرش یان پاراستن، بەهێزێکی مەزن یان کەم، بە خێرایی یان لە سەرخۆ، لە چوارچێوەی کێشەکانی بەڕێوەبەرێتی تەکتیکین. بەڕێوەبەرێتیەکی تەکتیکی داخوازی سەرکەوتنی هەبێت، هەڵسەنگاندنێکی واقعیانەی ئەم کێشانە دەکات و هەوڵدەدات سەرکەوتوو بێت. لە رەوشێکی پێچەوانەدا دەکەوێتە نێو رەوشێکەوە مێشکی گەورە بێت، بەڵام لە هەموو یارمەتی و ئامرازەکانی پراکتیزەکردن بێبەش بن. هیچ کۆمەڵگایەك ناتوانێ بە بێ تەکتیك بژی، ئینجا چی لەنێو قەیران یاخود بەختەوەریدا بێت. سەبارەت بە رێکخراوەکانیش هەمان شت لەجێگای خۆیدایە. کۆمەڵگایەك یاخود رێکخراوێك هێزی تەکتیکی نەبێت یاخود توانستی تەکتیکی خۆی لەدەست دابێت، ئەوا تیۆری و پرۆگرام و ستراتیژیەکەی چەندە بەهێزیش بێت، مەحکومی نشوستی خواردنە. هەربۆیە بە شێوەیەکی هاوتای ئەو رۆڵەی ئۆرگانەکانی لەش دەیبینێ، ئەوا پێویستە هەموو جۆرە رێکخستنەکانی کۆمەڵگا لقە بە کاریگەر و شێوازی چالاکی خۆیان لەپێناو ژیانی رۆژانە دیاری بکەن. راستتر بڵێین ناچارە ئۆرگانەکانی خۆی ئاوا بکات بە گوزارەیەکی دی ناچارە خۆی رێك بخات و رێکخستنەکانی بخاتە گەڕ.

رێکخستن و چالاکی بە گوێرەی پێداویستیەکانی ئامانج، لە بواری رۆحیەوە تا دەگاتە بواری سەربازی دەوڵەمەندی و هەمەڕەنگی لەخۆوە دەگرێت. هەر شێوەیەکی گونجاو ببینرێ پراکتیزە دەکرێ. لە بواری چالاکیشەوە شێوەیەکی دەوڵەمەند و هەمەڕەنگ لەخۆوە دەگرێت، بە گوێرەی ئامانج لە ئاشتیخوازترینیان تا دەگاتە دژوارترین توندوتیژی، لە خەباتی ئابووریەوە تا دەگاتە خەباتی سیاسی هەموویان دەگرێتەوە. کاتێك بەرەو ئامانج هەنگاو دەهاوێژرێ، ئەو کۆمەڵگا و رێکخراوانەی ئامراز و شێوەی تێکۆشانی راستیان دیار نەکردووە لە نشوستی و لە رێ لادان رزگاریان نابێت. ئەوانەی لە کاتی پێویست ناتوانن رێکخستن و شێوەی چالاکی نوێ لە جێگای کۆنەکە ئاوا بکەن، لە کاتی خۆیدا نوێکە پێشناخەن، بە خێرایی پێویست بەڕێوەناچن، ناتوانرێ بە رێبەرایەتیەکی تەکتیکی دروست دابنرێت. ئەوکۆمەڵگا و رێکخراوە هەمە جۆرانەی رێبەرایەتی تەکتیکی پێشناخەن کە بە واتای ئامراز و هێزی بەڕێوەبردنی چالاکی و ژیانی رۆژانە دێت، هەروەکو چۆن مەحکومی ژێرکەوتنن، ئەوا ئەوانەی بە شێوەیەکی سەرکەوتووانە ئەم رۆڵە جێبەجێ دەکەن ناشێ بیر لە سەرنەکەوتنیان بکرێتەوە. هەروەکو چۆن تەواوی تیۆری و ئۆرگانە ستراتیژی و بەرنامەی ئەو ناسنامە ئایدیۆلۆژیانە لە پەلوپۆ دەکەوێت کە بە گوێرەی پێویست ئامراز و شێوەکانی

چالاکیان پێشنەخستووە، بە پێچەوانەوە ئەو هێزانەی خاوەنی ئۆرگانی بەمجۆرەن و تەواوی ئامرازەکانی رێکخستن شێوەی چالاکیەکان لە کاتی خۆیدا پێشدەخات و بە خێراییەکی پێویست بەکاری دێنێت، مسۆگەر لە کاروان و گەیشتن بە ئامانج سەرکەوتوو دەبن. جێبەجێکردنی رۆڵی تەکتیك بە واتای ئەوە دێت، ئەو هێزەی جێگای باسە وەکو دیاردەیەك هەبوونی خۆی کردووە بە راستینەیەك.

وەکو ئەنجام، لە دایك بوونی ئایدیۆلۆژی بایەخی خۆی پاراستووە. شارستانیەتی کە لەسەر بنەمای کۆمەڵگای چینایەتیە، لە کەسایەتی سەرمایەداری قەیرانی گشتی قووڵ دەکاتەوە و درێژەی پێدەدات. سەرباری ئەوەی چەندین تاقیکردنەوە کرا، تاوەکو ئێستاکەش لە دایك بوونێکی ئایدیۆلۆژی دروست ئەنجامنەدراوە و دوور دیارە. هەبوونی توانستێکی زۆر لە بواری ئۆبژەکتیف و سۆبژەکتیف (بابەتی و خۆیی) شانسی لە دایك بوون زیاد دەکات. پێویستە ئەو هەڵوێستە ئایدیۆلۆژیانەی لە میتۆلۆژیاکانەوە تاوەکو سۆسیالیزمی زانستی پێشخراوە لەنێو گشتگیریەکی دیالیکتیکیدا هەڵسەنگێنرێت. دەرك کردن بە واتای پیرۆزی تاکە زاراوەیەك و رێز گرتن لە توانستی مرۆڤایەتی، دەبێ یەکەمین هەنگاوبێ بۆئەو کەسانەی پەیوەندییان بە قۆناخی لە دایکبوون هەیە. هەڵوێستی تاوانباری کردن و جنێودان سەرچاوەی خۆی لە نەزانیەوە دەگرێت. تاوەکو ئەم فکرە بە قووڵاییەوە و وەکو خۆی دەرکی پێنەکرێت، ئەوا لە میانەی زاراوەی میرێتی پەسندکردنی یاخود تاوانبارکردنی هەڵوێستێکی راست نییە. ئەم هەڵوێستە بە واتای ئەوە نایێت بەرامبەر بە هەڵە و کەم و کورِی بێ دەنگ بیت. بە پێچەوانەوە پێویست بوو لە میانەی "بەهێزترین هەڵوێست تەنیا لە میانەی راسترین هەڵوێستەوە بە دیدێت" وەڵام بدرێتەوە. سەرەکیترین کارەکتەری ئەو چاخەمان ئەوەیە، تایبەتمەندێتی قەیرانی گشتی و هەڵوەشانەوەی شارستانیەتی کۆمەڵگای چینایەتی و تایبەتمەندێتیەکانی قۆناخی پەرینەوە بەرەو ناسنامەی شارستانیەتی کۆمەڵگای نوێ لەخۆوە دەگرێت. لەگەڵ ئەوەی تایبەتمەندێتیە جیاوازەکانی هەردوو جیهان بەرامبەر بە یەکدی دەکەونە نێو شەرِێکەوە، بەڵام ئەو هێزەی نییە کە بە خێرایی و بە شێوەیەکی یەکجاری یەکتری تێپەرِ بکەن، یان لەناو ببەن. تەنانەت ئەم دوالیزمەی رەش یان سپی لەگەڵ یاسا سەرەکیەکانی سروشتیش ناکۆکە. سروشت و راستینەی کۆمەڵگا کە شێوەیەکی سروشتە، بەردەوام لە نێوان کۆتایی و بێ کۆتایی بە گۆرِانکاریدا دەرباز دەبێت. هەڵسەنگاندنی شێوەکانی کۆمەڵگا و بەردەوامی شارستانیەت بە گوێرەی دوالیزمێکی تەسکی رەش و سپی، رێگا لەپێش مەترسیدارترین لادانی ئایدیۆلۆژی دەکاتەوە کە هەڵەی مەزن لەخۆوە دەگرێت. لە راستیدا سپی و رەش دوو جەمسەری جیهانی رەنگەکانن کە بە خێرایی

دەگۆڕێن. مەزنترین لایەنی ڕاستی ئەوەیە، تەواوی ڕەنگە هەمە جۆرەکان لە نێوان ئەن دوو جەمسەرە ڕیزبەند دەبن. بینینی وەرچەرخانی کۆمەڵگا و شارستانیەت لەنێو چوارچێوەی ئەم هەمە ڕەنگییە، گرنگیەکی ژیانی بۆ لە دایك بوونێکی ئایدیۆلۆژی دروست هەیە. کاتێك دەگوترێ یان دەبێ سپی یاخود ڕەش بێ، واتای ئەوەیە کە **"یان دەبم بە فاشیست یان سۆسیالیزمی بونیادنراو"**. کەواتە چی لە ڕەنگەکانی دیکە بکەین کە جوانترە و دەوڵەمەندی لەخۆوە دەگرێت؟

لەژێر ناوی سۆسیالیزمی زانستیەوە کەوتنە ناو سنووورداری و تەسك بوونێکی بەم شێوەیە بناخەی تەواوی ئەو هەڵە و کەم کورپیانەیە لە پراکتیزەکردندا دەرکەوتوون. ئەنجام رووخانە. بەڵام دیسان پێویستە لە میانەی بەرچاوگرتنی هەبوونی جەمسەرەکان دەستنیشان کردنی شێوەی گونجاو، وەکو ئەرکێکی سەرەکی ئەو هێزانە ببینرێ کە لایەنگری خولقاندنی نوێن.

ڕاستینەی مێژووی سەدەی بیستەم بۆتە شایەدی ئەوەی هەردوو جەمسەر بە هەموو گوڕوتینی کە هەیانە، خۆیان بەسەر مرۆڤایەتی سەپاندووە. مرۆڤایەتی لەژێر ئاگری بێ هاوتای تەکنۆلۆژیا، لەژێر سایەی ئاڵای ڕەش و سپی وەکو سیستەمی فەرماندان ناچاری ڕیزگرتن کراوە. ئێش و ئازاری تۆقینەر هاتۆتە ئاراوە و خوێن ڕژێنراوە. بەڵام تەوژمی دیالیکتیکی ژیان ئەم فشارانەی پووچەڵ کردۆتەوە و سەلماندوویەتی کە ژیان تەنیا ڕەنگی بەڵەك (ڕەش و سپی) نییە و هەمەڕەنگی لەخۆوە گرتووە. ئیتر چی ئەو سیستەمە ڕەشەی سیستەمی شارستانیەتی کۆمەڵگای چینایەتی بێت کە خودای ڕەها و حاکیم و قەهار فەرمانی پێداوە، یان سیستەمی تاك ڕەنگی "کۆمۆنیزمی سپی" بێت کە وەکو دژی ئەو دیارە بەڵام لە گەوهەردا پێی دەچێ، لەگەڵ ئەوەی لە بواری تیۆریدا بیری لێکردۆتەوە و ناوە ناوەش لە پراکتیزەکردن نزیك بوونەتەوە، ئەمانە هەروەکو خۆیان مەزەندە دەکەن هیچ کاتێك مرۆڤایەتی بە شێوەیەکی بەردەوام تێیدا ناژیت و سیستەمێکی ئۆتۆپی و خەیاڵین.

مرۆڤایەتیش هەروەکو سروشت هەمەڕەنگی و دەوڵەمەندێتی ڕەنگ لەسەر کۆمەڵگا پەیڕەو دەکات و درێژە بە ژیانی خۆی دەدات. لەم واتایەشدا میتۆلۆژیای سۆمەر بە گوێرەی ئایینە تاکخوداییەکان نەرمتر و مرۆییانەترە. هەڵبەتە لە هەندێ لایەنەوە سیستەمی خواوەندەکان واتە سیستەمی ڕەشی پادشاکانە. بەڵام کاتێك مێژووی تەواوی میتۆلۆژیا و ئایینەکان لێکۆڵینەوەی سەبارەت بکرێت، لەوێدا سیستەمێکی ڕەشی ڕەها لە ئارادا نییە. سەرەڕای هەموو لایەنە دۆگماتیکەکانیان لە پەسندکردنی هەمان هەمەڕەنگی ڕزگاریان نابێت.

پشتگیری و ئەرێ کردنی زانستیانەی ئەم ڕاستینەیە بە شێوەیەکی بەربڵاو و لە سەدەی بیستەمدا نیشاندراوە. وەرچەرخانی ماددە ـ وزە، تیۆریەکانی پەرەسەندن، وەرچەرخاندنەکانی وزە،

بڕە بیردۆزی فیزیا، ڕێژەیی شوێن و کات، بە زێدەییەوە سەلماندوویانە کە ڕەش و سپی دوو ڕەنگ یاخود سیستەمی نەگۆڕ نین.

کاتێك لە میانەی ئەم چوارچێوە فەلسەفی و زانستیە تەماشای راستینەی کۆمەڵگا بکرێت، باشتر دەرك بەوە دەکرێت کە دژەکان پێویستیان بەوە هەیە بۆ ماوەیەکی درێژ و گرێدراو بە یەکتری بژین. سەرکەوتنی دیموکراسی هاوچەرخ لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەم، لە راستیدا بۆ ئەو کارەکتەرەی دەگەڕێتەوە کە لەگەڵ واقیعدا کۆکە؛ فەلسەفەیەکی سروشت و شێوەبەندی هەمەڕەنگی کۆمەڵگا بە بناخە دەگرێت و پێشبینی کردنی ئەوەی کە لە بواری پراکتیکیشدا وەرچەرخانی پلە بە پلە بنەما دادەنرێت، سەرچاوەیەکی پێك دێنن. هێزی خۆی لە زانست و فەلسەفە وەردەگرێت. شارستانیەتی دیموکراسی هاوچەرخ، لە میانەی کاریگەری کردنە سەر گۆڕانکاریەکانی کۆمەڵگا و دەرککردنی بە قوڵایی یاساکانی پەرەسەندن، ئیتر دەبێت بە موڵکی تەواوی مرۆڤایەتی. ئەو ڕەوشە ڕێکەوت نییە و یەکێکە لە ئەنجامە گرنگەکانی هێزی زانست. چونکە زانست دیموکراتە. بەلام هەروەکو چۆن دیسان پێکهاتەکانی پشت بە دۆگماکانی کۆمەڵگای کۆن دەبەستێ هەبوونی خۆی دەپارێزێ، ئەوا هەندێ پێکهاتەی ئۆتۆپیاگەرایی کۆمەڵگای نوێ دێنە ئاراوە و پێکهاتەکانی خۆیان ئاوا دەکەن.

ئەگەر لەسەر ئەم بنەمایە دیموکراسی هاوچەرخ تەنیا وەکو سازشکاری هەر دوو جەمسەر تاوتوێ بکرێت، بە هەڵەداچوون و خەڵەتاندنێکی مەزنە. گرنگترین بابەتی پێویستە بزانرێ، سەرباری ئەوەی نزیکبوونەوەی هەردوو جەمسەر لە ئارادایە، تاوەکو پابەندی پێوەرە دیموکراسییەکان بێت ئەوانیش مافی ژیانیان هەیە. بەلام ئەوە سەرەکی و مسۆگەرە کە هەمەڕەنگی کۆمەڵگا دەوڵەمەندێتی هەمەڕەنگی بەرفراوانترین نەوەیە. دیموکراسی هاوچەرخ زیاتر پشت بە هەمەڕەنگی شێوەبەندی کۆمەڵگا دەبەستێت. لە ڕێککەوتنی دوو جەمسەر بەولاوەتر، وەکو سیستەمێك هەڵدەسەنگێنرێ، ڕێز لە هەمەڕەنگی و دەوڵەمەندێتی کۆمەڵگا دەگرێت کە بە درێژایی مێژوو بەمجۆرە بووە و لەوە بەدواوەش بەم شێوەیە دەژی، گوزارشت کردنی ئازادانە و پراکتیزەکردنی وەکو پرەنسیپێکی سەرەکی دەبینێ. گوزارشت لە بیردۆزەیەکی تیۆری دەوڵەمەند و پێشکەوتنی کرداری و شێوەگرتن دەکات. تیۆریەکی دەستنیشانکردنی دەسەلاتێکی سیاسی ئاسایی نییە. ناتوانرێ دابخرێتە ریزی شێوەیەکی دەسەلاتی سیاسیش. شێوەیەکی شارستانی درێژ خایەن و بەرفراوانە، فاکتەری کۆمەڵگای چینایەتی و بێچین لەخۆوە دەگرێت، بەلام سیستەمێکە پشت بە شێوەی بێ سنووری لەرینەوەی تێکەڵی ئەوانە و دەست نیشانکردنێکی ئازادانە و پراکتیزەکردنی دەبەستێ. تیۆری و کرداری پێشکەوتنی ئازادانەی

ژیانـە. کاتێـك تـەواوی ئەمانـە ئەنجامـدەدرێ، سیسـتـەمێکە لـە دەرەوەی بـەرگری ڕەوا کـە پێناسـە یاساییەکەی روون و ئاشکرایە پەنابردنە بەر توندوتیژی ڕەت دەکاتەوە. سیستەمێکە تـەواوی توێـژە کۆمەڵایەتیەکان لە سەرووی هەمووشیانەوە وەکو کۆنترین ڕەگەز و چینی چەوساوە ژنـان و منـداڵان بە شێوەیەکی ئازادانە گوزارشت لەخۆیان دەکەن. سیستەمێکە تـەنیا ناکۆکیـەکانی نـاوەوەی کۆمـەڵگا چارەسەر ناکات، بەڵکو لە میانەی پێشکەوتنی زانستی و تەکنۆلۆژی چارەسەری ئەو ناکۆکیەی لەگەڵ سروشت بە بناخەیی دادەنێت کە پێ بـە پێ مـەزن دەبێت. سیستەمێکە ئەنجامـدانی گۆڕانکـاری و وەرچەرخان لەنێو هەلومەرج و زەمینەی ئاشتی بە بنەما دەگرێت.

چـەندین جـار دووبارەکردنـەوەی پێناسـەی دیموکراسـی هاوچـەرخ، بـۆ ئـەوە دەگەڕێتـەوە کـە گرنگترین چوارچێوەی ناسنامەی ئایدیۆلۆژی پێکدێنێ. لەسـەر ئـاڵای ناسـنامەی ئایـدیۆلۆژی سـەدەی بیستەم و "**شارستانیەتی دیموکراسی هاوچەرخ**"، نـووسـراوە. لـەژێـر سایـەی ئـەم ئاڵایـەدا تەنانـەت سـوود لـە پێکهاتـە کۆنـەکانیش وەردەگیردرێـت، هێـزی ئـەوە نیشـاندەدات لـە خزمـەتی کۆمـەڵگا و نوژەنبوونی بەکار بێنێ. لەژێر ئەم ئاڵایەدا هێندەی بخوازن لە مێـژوو، هێنـدەی بخوازن دەتـوانن لـە ئاییندەدا بژین. هێندەی بخوازن دەتوانن ببن بە هەنووکەیی. بـەڵام دەبـێ لـە میانـەی تێگەیشـتنێکی قووڵی پێوەرە سـەرەکیەکان و ناسـینی هێـزی بـە دەزگـابوون و نیشـاندانی ڕێـز و پابەنـدبوونێکی لـە ڕادەی پەرستن بـژین. چونکە کەسایەتی ئـەم ژیانـە دیموکراسییانە، ئـەو تاکرەوێتیـە نییـە کـە تیـغ تیغەی قـازانجی سـەرمایەداری هـاری کـردووە و چۆنی بتانـەوێ تێیـدا بـژین. دەبـێ بڵـێن ئـەم ژیانـە "ژیانێکە بە گوێرەی یۆتۆپیا شکۆدارەکانی ئاییندە"، ژیانێکیش نییە کە بە گوێرەی ئـارەزووی خـۆت تەریقەتێکی نەخۆشی ناسـی (پاتۆلۆژیـك) بسـەپێنی. هێنـدەی بخـوازن تـاکی ئـازاد دەبێـت، بـەڵام بـە خولقاندنی زانستیانەی مێژوو بە ئاییندە پابەند دەبن و خۆتان بونیات دەنێن. نابنە دیلی دۆگماکان و مەحکومی ئۆتۆپیاکان.

دەبێ بزانن تەنیا کاتێك زانستی بن لە میانەی رابردو و ئاییندەوە بە ژیانێکی ئازاد دەگەن. نابێ دەرفەت بـەوە بـدەن لـەپێناو دۆگمـا و ئۆتۆپیاکان دەست لـە تـاکی ئـازاد بـەردرێت، یـان لـە ئـەنجامی سووکایەتی پێکردن و جنێوپێدانیان ببن بە تاکێکی نکوڵێکار (منكر). دەبێ **تاکی ئازاد** هێزی دۆگما و ئۆتۆپیا بناسێ، بەڵام ملکەچی بۆ نەکات، تاوەکو دەتوانێ هێزی فەلسەفی و زانستی بەدەست بێنـێ و بەمجۆرە دەشێ ژیان بەڕێوە ببردرێت.

ئەو ناسنامە ئایدیۆلۆژیەی پەسندی دەکەین ئەم ڕێسایانەی لێ نووسراوە. ئەمانەش نە پێـڕەو و ڕێسای قەدەرە و نە هی سەرلێشاویە. تاوەکو دوایی پێڕەوی زانستی و ئازادییە.

لەدوای کەسێتی تاك دووەمین بواری گرنگی ناسنامەی ئایدیۆلۆژی پێشکەوتنی هاوچەرخانەی **کۆمەڵگای مەدەنی**یە، بە واتایەك مانای سەرلەنوێ لە دایك بوونە. ناوبردنی کۆمەڵگای مەدەنی بە **گۆڕەپانی سێیەم** دەشێ هەنگاوێکی یارمەتیدەرانەی دەستەواژە بێت. دەتوانرێ بگوترێ شارستانیەتی دیموکراسی هاوچەرخ لەسەر سێ پێچکە بەرز دەبێتەوە. ئەمانە کۆمەڵگای دیموکراتیك و سیاسەتی دیموکراسیانە و دەوڵەتی دیموکراسیە. بەڵام قۆناخێکە دیموکراتیزەبوونی کۆمەڵگای کۆن بە ئاستەمی و هێواش گەشە دەکات. هەرچی دیموکراتیزە کردنی دەوڵەتە، بەهۆی پێکهاتە کلاسیکیەکەیەوە سەختترینیانە. بەڵام ناچارکردنی بەرەو وشیاری دیموکراسیانە پێویستی بە تێکۆشانێکی مەزنی دیموکراسی هاوچەرخ هەیە. لە قۆناخەکانی دەستپێکدا سەرهەڵدانێکی گشتی کۆمەڵگا ئەمەی بەدی دەهێنا. بەڵام ئەو دەوڵەتەی بە پێی دەربازبوونی کات باڵادەستی ئایدیۆلۆژی و پراکتیکی بەدەست هێنا، هێزی کاردانەوەی دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگای سست کردووە.

تەنگەتاوکردن و بەلاوەنانی ڕێڕەو و ڕێچکە کلاسیکیەکان ئاستەم نییە. بەسەرچوونی هەلومەرجەکانی شۆڕش و دژە شۆڕشە کلاسیکیەکان، ڕۆڵێکی گرنگی لەمەدا هەیە. ئیتر سیاسەتی دیموکراسی و ئامراز و شێوە چالاکیەکانی دەردەکەوێتە پێش کە وەکو ناچاریەك لە نێوان دەوڵەت و کۆمەڵگا دەکەوێتە کار.

تاوەکو بڵێی گۆڕەپانەکانی کۆمەڵگا و دەوڵەت لە مێژوودا ناسراوە. لە کاتێکدا هێزی یاخیبوونی گەلان وەکو دەنگ و داخوازی کۆمەڵگا ڕۆڵ دەبینێ، دەوڵەتیش وەکو کۆنترین دەسەڵات، نیشاندانی هەبوونی خۆی، هەروەکو قەدەرێك وایە؛ وا مەزەندە دەکات رزگاربوون لە کاریگەریەکەی نابێ. بە تایبەتیش دەوڵەت و کۆمەڵگا کلاسیکیەکانی لە دەرەوەی ناوەندەکانی شارستانیەتی سەرمایەداری دان بە خراپترین شێوە لە ناوەوە دەپوکێتەوە و ڕەنگدانەوەی بۆ دەرەوە، گەوهەرێکی بەمجۆرەیان هەیە موحافەزەکاری قاڵتر دەکەنەوە. باوەڕیان بەوە هێنابوو لە میانەی شۆڕشەوە ئەم هاوسەنگیە تێکدەشکێنرێ. هەندێ نموونەی سەرکەوتوو، بەرەو ئەنجامێکی بەمجۆرەی بردوون کە دەتوانن بەرفراوانی بکەن. بەڵام ئەو تەگبیرانەی ستاتۆی سیستەمی سەرمایەداری ــ ئیمپریالیستی پێشی خست، کاریگەری ئەم ڕێچکە و ڕێبازەی زۆر سنوردار کرد. بە گوێرەی ئەوەی دەوڵەتی قۆناخی موحافەزەکاری لەخۆیەوە دیموکراتیزە نابێت، ئیتر جموجۆڵی گۆڕەپانێکی نوێ، بووە بە ناچاریەك و تەنانەت چەمکی ئەو دەوڵەتەی بە تایبەتی سروشت تێکدەدات و لە قۆناخی قەیرانی سەرمایەداریدا لە ناوەندەکانی سەرمایەداریشدا دەبێتە موحافەزەکار، لەم شوێنانەش جولانەوەی گۆڕەپانی سێیەمی کردبووە ناچاریەك.

گۆڕەپانی سێیەم، گۆڕەپانی **سیاسەتی دیموکراسیانەیە**. ئامرازێکی مەدەنی بۆ هەر پێویستیەك بووە ناچاری کە هەلومەرجە ئالۆزەکەی شارستانیەت دەیسەپاند. ئەو ئامرازانە نە ئامرازە دژوارەکانی شۆڕشە و نە ئامرازەکانی گەیاندنە کە دەوڵەت بۆ خزاندنی کۆمەڵگا درێژی کردۆتەوە. بەڵکو رێکخستنی سەربەخۆن و ناسنامەی خۆیان هەیە و بە پێی پێویستی شێوە دەگرێت، زیاتر لە نێوان دەوڵەت و کۆمەڵگادایە و مەودایەك دووری هەردووکیان وەستاوە. نە دژی دەوڵەتە و نە بەکرێگیراوێکی دەوڵەتە. لەژێر فەرمانی پێویستیەکانیدایە. رێکخراوە بنەڕەتیەکانی کۆمەڵگاش جێگای خۆی تێدا دەگرێت. ئەندامەکانی بە گوێرەی ئەو ئەرکانە شێوەیان گرتووە کە بە شێوەیەکی سنووردار جێبەجێیان کردووە. لەگەڵ تەواوبوونی ئەرکەکان بەخۆشیان رێکخراوێکن کۆتاییان پێ دێ، بە لانی کەم رێکخستنێکن بە گوێرەی ئەرکی نوێ دەگۆڕێن. ئەو مۆدێلە بۆ رزگاربوون لەو بنبەستبوونەی شۆڕش و دژە شۆڕش قوڵیان کردبۆوە، وەکو پێویست ترین رێچکە بۆ هەموو کەسێك کاریگەرێتی بوونی خۆی چەسپاندووە. لەبەر ئەوەی لە بواری ئابووریەوە تا کلتوور، لە وەرزش تا ژینگە، ئاشتی تا دەگاتە بوارەکانی مافی مرۆڤ، پێویستیەکان خۆیان سەپاندووە، رۆژ بەدوای رۆژ گرنگی ئەم گۆڕەپانە زیاد دەکات.

لەم چوارچێوەیەدا پێناسە کردنی گۆڕەپانی سێیەم تێر ناکات. گۆڕەپان پێویستی بەوەیە لە بواری تیۆری و کرداری شوێنگەی خۆی یەکلا بکاتەوە.

رۆژ بەدوای رۆژ پێویستی بە تیۆری و پراکتیکی گۆڕەپانی سێیەم زیاد دەکات؛ پێویستی بە تیۆری و پرۆگرام و ستراتیژ و تەکتیکی خۆی هەیە. ئەمە بە واتایەك سەرلەنوێ بە پراکتیك بوونە. ئەرك بەندی لە میانەی چەمکی ئەو پارتیەی پشت بە بەرژەوەندی کۆمەڵگا و دەوڵەتی کلاسیك دەبەستێ، بە پێی پێویستی دەربازبوون بەرەو ئەو پارتیبوونەی ئاماژەی پێکرا، دەکاتە ناچاریەك. تەواوی ئەو رێکخستنانەی لەسەر بنەمای بەرژەوەندی (منفعة) خوازین، لە سەرووی هەموویانەوە پارتە کلاسیکیەکان بە گوێرەی تیۆری کۆمەڵگای مەدەنی رووبەڕووی سەرلەنوێ ئاواکردنەوەیە.

سەرکەوتنی شارستانیەتی دیموکراسی هاوچەرخ، پابەندی ئەوەیە لەم بوارەدا سەرلەنوێ رۆڵی خۆی پێناسە بکات و بە گوێرەی ئەوەش بە شێوەی چالاکی و رێکخستن بگات. ئەو کۆمەڵگا و دەوڵەتانەی گۆڕەپانی سێیەم پێشنەخەن لە دیموکراسی هاوچەرخدا لە سەقەت بوون رزگاریان نابێت. فاکتەری توندوتیژی و مەیلی جوداخوازی کە تەنگەتاوی دێنێتە ئاراوە، تەنیا کاتێك ئەم گۆڕەپانە ئازادی خۆی بەدەست بێنێ و بە تەواوی رۆڵی خۆی ببینێ، وەکو کێشەیەك کۆتایی پێدێت. ئەم دیاردەیەی لەم چوارچێوەیە دەتوانین بە گۆڕەپانی سیاسەتی دیموکراسیانە ناوی ببەین، لە سیاسەتی

بنبەستبووەوە دەرگایەکی بەرەو سیاسەتێك کردۆتەوە چارەسەری لەگەڵ خۆی دێنێ. وەکو گەرمترین و بە پیتترین گۆڕەپان، گۆڕەپانی سیاسەتی دیموکراسیانە و دامەزراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی چەندە هەمەڕەنگ و چالاك و بەخشتەکاری (تنسيق) بن، بەو ئەندازەیە دەتوانێ چارەسەری بخولقێنێ. تاکە رێگا نە شۆڕش و نە دژە شۆڕشە. رێگا چارەی سیاسەتی دیموکراسیانەیە کە زیاتر ئەلتەرناتیفی چارەسەری جۆربەجۆر لەخۆوە دەگرێت. هەنگاو بە هەنگاو ژیان لەپێناو پەرەسەندنی کۆمەڵگای مەدەنی پێکهێنان و پراکتیزەکردنی پرۆژە دەردەخاتە پێش. هەر کێیەك کامە رێکخراو و پارتی هەڵگری ئەم پڕۆژە و رێکخستن و خەباتەی کۆمەڵگای مەدەنی بێت، دەرفەتی ئەوە دەستەبەر دەکات خاوەنی گرنگترین رۆڵ و دەسکەوت بێت. ئەو رێکخراو و پارتانەی هەڵگری چەمکێکی دوور لە چەمکی سیاسەتی بەرژەوەندیخوازن و بەها دەخولقێنن و بۆ دەوڵەت و کۆمەڵگای دیموکراتیك دەگوازێتەوە، ئەمە بەدی دێنن. ئیتر مێژوو رۆڵی وەرچەرخان بەو کەس و دامەزراوانە دەدات کە خاوەنی تیۆری و پرۆگرام و ستراتیژ و تەکتیکی بەمجۆرەن. ئەوانەی نابنە ماشەی دەستی فشارەکانی دەوڵەت و داواکاریە ناواقعیەکانی کۆمەڵگا، ئەوانەی باوەڕییان وایە تەنیا لە میانەی پێشخستنی پێودانگەکانی دیموکراسی هاوچەرخ سوودبەخش ترین خزمەت بە دەوڵەت و کۆمەڵگا دەکەن، دەتوانن بە شێوەیەکی سەرکەوتووانە ئەم رۆڵە مێژووییەیان جێبەجێ بکەن. ئیتر لە رەوشێکدا کە چەمکی دەوڵەت لەنێو قۆناخی قەیراندا بنبەستبوون قووڵ بکاتەوە و ببێتە کۆسپێك، بەو واتایە دێت تیۆری گۆڕەپانی سێیەم بە دەرفەتی ئافراندنی چارەسەری گەیشت. چەندە بە لێهاتوویی و شێوەیەکی راست کار بکەن و پێویستیەکانی جێبەجێ بکەن، بە واتای رێبازێکی تیۆری و پراکتیکی ئەوتۆ دێت سەرکەوتنەکەی بەو ئەندازەیە مەزنە.

تەواوی ئەم باسانە دیاری دەکەن شارستانیەتی دیموکراسی هاوچەرخ زۆر لەوە دوورە قۆناخێکی ستاتۆگەرایی بێت، هەروەها ئەوەشی نیشانداوە زۆر لە ئەندازیارێتی کۆمەڵگای مغامەرە و ئۆتۆپی جیاوازترە. لە شارستانیەتی دیموکراسی هاوچەرخ لە میانەی رووخاندن و پارچەکردنی دەوڵەت سنووردار ناکرێت، دوای ئەوەی هێواش بە هێواش کرا بە ئامراز و کەرەستەیەکی خوردە فڕێ دەدرێتە زبڵدانی مێژوو. هەر ئەوە راستە و بەدی دێت. ئەوە ئەو دەوڵەتە نییە کە وەکو ئامرازێکی نوێی فشار لە جێی کۆنترین ئامرازی شارستانیەت دابنرێت. بە پێچەوانەوە ئامرازێکی **خشتەکاری گشتی** (التنسيق العام)یە هی هەر کەسێکە و پشت بە تەواوی دەزگاکان و رەنجی بەرهەم هێنەری کۆمەڵگا دەبەستێ، لە بەرزترین ئاستدا نوێنەرایەتی پێوانەکانی ئازادی و دادوەری دەکات و چاودێریان دەکات. بەرچیغی لێدان و چەکی کوشتن و بەندیخانەی نابێت. هەرچەندە رۆژ بەدوای

رۆژ لە دابەشکردنی لە شێوەی "هەر کەسە و بە گوێرەی تواناکاری و هێندەی پێویستی" نزیك بێتەوە، کۆمەڵگایەك بەدی دێت کە دەوڵەتیش فڕێ دەداتە مۆزەخانەی کەل و پەلە کۆن و مێژووییەکان. شۆڕشە زانستی و تەکنۆلۆژییەکان لە هەموو کاتێك زیاتر مرۆڤایەتی لەم خەیاڵە واقیعیەی نزیك کردۆتەوە. ئەوەی کۆن قەڵغانی شارستانیەتی دیموکراسی هاوچەرخە. بە گوێرەی ئەوەی مێژوو ئەویشی خستۆتە گەڕ، لە هەموو کاتێك زیاتر سەرکەوتن دەبێتە مافی زەحمەتکێشان و گەلە چەوساوەکان.

٤ ـ کاتبەندی چاخی دیموکراسی هاوچەرخ کێشەیەکی ئاڵۆز پێکدێنێت. ئەوە مسۆگەرە هەر چاخێك رۆحی سەردەمێکی دیاریکراوی هەیە. ناشێ بیر لەو چاخانەی کۆمەڵگا بکرێتەوە کە لە سەرووی سەردەم بن یاخود پەیوەندی خۆی لەگەڵ سەردەم گرێنەداوە. خودی کات فاکتەرێکی ئاکتیف و بونیادنەرە. لەگەڵ بوارە سەرەکیەکانی دیکە چالاك دەبێ و دەکەوێتە کار. کاتی چاخەکانی کۆمەڵگا راستییەکە و پێویست دەکات بە باشی پەی پێ ببردرێ. چەندە تایبەتمەندێتی سەردەمەکان و کاریگەری دیالیکتیکیانەی کردوویانەتە سەر یەکتری بە شێوەیەکی راست بخرێتە روو، ئەوا بەو رادەیە تواناکاری پێناسەکردنی مێژوو لە رێگای ئەمیشیانەوە پێناسەکردنی زانستیانەی کۆمەڵگا دێتە ئاراوە.

ئەو تایبەتمەندێتیەی چاخی کۆمەڵگای نیۆلۆتیك جیا دەکاتەوە، ئەوەیە کە بۆ یەکەمین جار کشتوکاڵ و بەخێوکردنی ئاژەڵی ماڵیکردنی ئەنجامدا، ئامرازێکی داهێنا بتوانێ ئەم کارانەی پێ ئەنجام بدات. خاك، چەندین جۆری دانەوێڵەی چاندن و داری میوە، ئاژەڵەکانی بەخێوکردن، گوندی جێ نشین، کۆمەڵگای دایکسالاری کە لە دەوری دایك شێوەی گرتووە، چەمکە ئایینی و مێتۆلۆژیەکانی پشت بە پیرۆزکردن و بەرزکردنەوەی ئەو هەبوونانە بۆ ئاسمان دەبەستێ کە سیفەتی خودایيان پێدراوە و لە ژیانیشدا رۆڵێکی گرنگ دەبینن، ئەمانە تایبەتمەندێتیە سەرەکیەکانی ئەم چاخەن. تەور، گاسن، رەوڕەوە، ئامرازەکانی تەونکاری دەست، دەستاڕ، ئامرازی بەردتاشین، کەر، مانگا، مەڕ و ماڵات لە سەرووی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان دەهاتن. کۆمەڵگا بە شێوەی تیرە لەسەر بنەمای موڵکایەتی گشتی لەنێو سیستەمێکدا دەژین. بازرگانی و ئاڵوگۆڕ لە ئاستێکی سەرەتایی ئەنجامدەدرێت. کۆمەڵەی زمانی بنەڕەتی پێکدێن و جیادەبنەوە. ماوەی چاخێکی بەمجۆرە وەکو بێکۆتایی دیارە، لە سەرخۆ بەرێوە دەچێت. هەستەکانی رابردوو و داهاتوو پێشنەکەوتووە. پێکهاتەیەکی هزری و هەستی وەها پێشدەکەوێت کە وامەزەندە دەکات: دونیا لە چاخی دەستپێکی ژیانێکدایە کە بە بەهەشت دەچێ. هەستی خزمایەتی نێوان مرۆڤ کە تا ئەو کاتە پێشنەکەوتبوو،

ئیدی هێدی هێدی سەرهەڵدەدات. ئەو کلتوورەی کە لە کۆمەڵگای دایکسالاری بە بناخە دادەنرێت، ئاشتیخوازانەیە. جێگای دیاردەی توندوتیژی نییە کە بە شێوەیەکی سیستەماتیك و بە ئامانجی تاڵان پێشبخرێت. لە هزرێکی بەمجۆرە بێ ئاگا و نامۆن کە لەسەر بنەمای تاڵان و لەناوبردنی یەکتر بێ. زمان پێکهاتەیەکی شیعر ئامێزانەیە. هەربۆیە دەتوانرێ ئەم سەردەمە بە قۆناخی شیعر ئامێزانەی ژیانی مرۆڤایەتی ناوببرێت.

سەردەم و چاخی کۆمەڵگای کۆیلەداری پشت بە کۆیلەکردنی مرۆڤ و کردنی بە بابەتی موڵکایەتی دەبەستێ. بە پیتترین ئامرازی بەرهەمهێنان خودی مرۆڤە. لە میانەی جیابوونەوەی چینایەتی شێوازی کۆیلەداری کۆمەڵگای تیرەگەری پارچە دەکرێ کە پشتی بە خزمایەتی دەبەست، پەیوەندیەکی بەرفراوانی بەرێوەبەر ــ بەرێوەبراو زاڵ دەبێت. ئەم دیاردەیەی بۆ یەکەمین جارە بەدی دێت، دەروازەی گۆڕانکاری مەزن لە حافیزەی کۆمەڵگادا دەکاتەوە. لە دەوروبەری بەرێوەبەرەکان، شار و دەوڵەتی شار دەئافرێنرێ.

لە کاتێکدا بەشێکی مەزنی مرۆڤایەتی بۆ هەموو جۆرێکی خزمەتکاری بەکار دەهێنرا، بەشێکی کەمیش وەکو ئەو خاوەنانە مەزن کرابوون کە ژیانێکی ئاسوودەیان هەبوو و هەموو شتێکیان لە لایەن خزمەتکارەکانەوە ئەنجامدرا. رەنگدانەوەی ئەم وەرچەرخانە نائاساییە لەسەر پێکهاتەی هزر، دەست پێکردنی قۆناخی میتۆلۆژیاکانە. دوو فاکتەری گرنگ لە گەوهەری میتۆلۆژیا رۆڵ دەبینن. زێدەبوونی بەرهەم کە بە گوێرەی قۆناخی خۆی وەکو پەرجوو (موعجیزە)یەك وایە و شێوازی بەرهەمهێنانی کۆیلەداری پێشکەشی توێژی سەردەستی کرد، دووەمین هۆکاری گرێدراوی ئەمەش سەلماندنی ئەوەیە ئەم شێوازەی کۆمەڵگا خودی سیستەمی خۆڕسکە. داهێنەرەکانی میتۆلۆژیای سۆمەر ئەم ئەرکەیان بە شێوەیەکی نایاب پێکهێناوە. بەردەوام مەزنکردن و بەرزکردنەوەی خواوەندەکان (لە گەوهەری خۆیدا ئەوانەی مەزن دەکرێن چینی خاوەن کۆیلەن) و خستنی مرۆڤەکانی دیکە (کۆیلایەتی ئەمە پێویست دەکات) لە سەرووی ئەم کارانەوە دێت راهیبە سۆمەریەکان تێیدا سەرکەوتوو بوون. ئەمەش لە رێگای دەرکەوتنە سەر زیگۆراتەکان (زەقورە) و تەماشاکا کردنی جوڵەی بە سیستەمی ئاسمان؛ لە جوڵانەوەی مانگ، خۆر، وەرز، شەو رۆژ دەردەخات کە بەردەوام دووبارە دەبنەوە. هەروەکو چۆن یاساکانی ئاسمان ئیرادەی خواوەندەکان نیشاندەدات، ئەوا هێزی بەرێوەبەرێتی یاساکانی سەر زەویش نوێنەری خودان ئینجا چی پادشا ــ راهیبەکان بن یاخود پادشا خانەدانەکان بن. ئەوان خوداوەند بەهێز دەکەن، خواوەندیش ئەوان بەهێز دەکات.

هزر و زمانی ئەم راستینەیە بە میتۆلۆژیا ناو دەبرێت. تاکو ئێستاش نەگەیشتنی بە ئاستی ئایینێك بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە لە ئاستی گێڕانەوەی مەتەڵ ماوەتەوە. دوای ماوەیەکی دیاریکراو کاتێك نێردراوەکان جێگای راهیبەکان دەگرنەوە، ئەمانە وەکو یاسای ئایینی وشك لەسەر سەری مرۆڤ کۆدەکرێتەوە. ناسنامەی خەیاڵی (تصور) میتۆلۆژی مۆرکی خۆی لە چاخی کۆیلایەتی داوە کە بە هەزاران ساڵی خایاندووە. ئەم چاخەی لەژێر ئابلۆقەی کۆمەڵگای نئۆلۆتیکدایە، بەلام بە قوڵایی و بەرفراوانییەوە مەزن دەبێت، ناوبردنی بە چاخی میتۆلۆژیا لە جێگای خۆیدا دەبێت. قاڵبە سەرەکییەکانی هزری مرۆڤ لە میانەی ئەفسانە و چیرۆکە میتۆلۆژییەکانەوە داگیر کراوە. هەروەکو بڵێی کۆیلایەتی جەستەیی تێری نەدەکرد، پێ بە پێ کۆیلایەتی هزری دەچەسپێنرێ و زاڵ دەکرێت. ئەو مرۆڤایەتییەی وەکو منداڵێك بەرەڵا کراوە لە رێگای مەتەڵە ئەفسانەییەکانەوە دەخەڵەتێنرێ و بەڕێوە دەبردرێ. چاخێکە خانەدان و پادشا، بێ سنوور مەزن کراوە. هەربۆیە تێگەیشتنی مێژوو لە نزیکەوە پەیوەندی بە شیکردنەوەی چاخ و زمانی میتۆلۆژیاوە هەیە. ئەوەی بڵێ چاخی میتۆلۆژیا ئەفسانەیە و بەمجۆرە پێکەنێت و دەرباز بێت، ئەگەر بە ئەنقەست بێت یاخود نە، ئەوا خزمەت بەو رژێمەی کۆیلایەتی دەکات کە پێویستە نەفرەتی لێبکرێت. چاخی میتۆلۆژیا ئەو لانکەیە کە چاخی ئایینی خولقاندووە؛ نەریتێکی بنەڕەتی و رەسەنە.

سەردەمی دەرەبەگایەتی لەبەر ئەوەی چاخێکە ئایین پەروەری تێدا زاڵە بە چاخی ئیلاهیات (لاهوت) ناو دەبرێت. ئەو سیستەمەی پەیوەندی کە لە چاخی کۆیلایەتی ماوەتەوە کەمێك نەرم دەکرێت، بەلام بە رێسای وشك گرێدەدرێت و درێژەی پێدەدرێت. رەنجی گرێدراو بە خاك وەکو فاکتەرێك بەردەوام دەبێت کە بە رادەی زێدە هەرە زێدە بەروبوومی ـ زێدە بەرهەم دێنێ. هەربۆیە رەوشی پەیوەندی وەرزێر ـ ئاغا، جوتیار ـ دەرەبەگ و میر ـ خوڵام بەردەوام دەبێت. دوالیزمی خودا ـ بەندە وەکو پیرۆزترین رەنگدانەوەی ئەم پەیوەندییە درێژەی پێدەدرێت و بەرز دەکرێتەوە. بوون و تاقانەیی خودا سەلمێنراوە (لە راستیدا یەکلابوونەوەی جیابوونەوەی چینایەتی و رژێمی پادشایەتی نیشان دەدات.)

ئەو ئەرکەی کەوتۆتە ئەستۆی مرۆڤ ئەوەیە کە سوپاسی ئەو خودا تاقانەیە بکات کە خاوەنی مەزنترین هێزە (خاوەنەکەی، مێردەکەی، باوکی) بکات چونکە لە نەبووەوە خوڵقاندوویەتی (سەرلەنوێ لە دایك بوون لەسەر بنەمای چینایەتی) و بەردەوام عیبادەت بکات.

بە گوێرەی ئەو باوەڕی و یاسا ئایینیانەی بوونەتە راستینەیەکی بێ چەندوچوون گرێدان بە سیستەم، سەرلەنوێ پیرۆز دەکرێتەوە و بەردەوام دەبێت. پادشایەتی و سەڵتەنەتی کە شێوەی نوێی

کۆمەڵگای چینایەتین، وەکو نوێنەری سیستەمی ئاسمانی خودا لەسەر زەوی هەڵدەسەنگێنرێ و درێژەی پێدەدرێ؛ لەسەر بنەمای بەهێزتر لە هزری مرۆڤایەتی و دامەزراوە سیاسیەکانی، زاڵ دەکرێت. کاتێك لە باران رادەکات تەرزەی بەردەکەوێت یاخود بە پێچەوانەوە کاتێك لە بەفر و تەرزە رادەکات رێژنەی باران دەستگیری دەکات. تەواوی ناسنامە ئایدیۆلۆژیەکانی بە گوێرەی دەرەبەگایەتی رێکخراون لە سەرووی هەمووشیانەوە ئیسلامیەت و مەسیحیەت، هەم میتۆلۆژیای کۆن و هەم شێوازی هزری فەلسەفی تازە هاتۆتە ئاراوە لە خزمەتی ئاییندا بەکار دێنن و چاخی پرشنگداری ئیلاهیاتی چاخی ناوین ئەنجامگیر دەکەن.

بێگومان چاخەکانی پێغەمبەرایەتی و فەیلەسوفەکان رۆڵێکی مرۆڤایەتی مێژوویيان لە بەلاوەنانی کۆیلەداری یاخود نەرم کردنیەوە بینیوە. بەڵام نیازیان هەر چییەك بووبێت، لەسەر میراسی ئەوان بە بینای قەشەنگی پەرستگا (مزگەوت، کڵێسە، دێر، حەورا) گەیشتن و وەکو پەردەیەکی سەرەکی سەردەمی دەرەبەگایەتی خزمەت دەکەن. باڵادەستی خوداکان لەسەر هزر و رۆحی مرۆڤایەتی بەردەوام دەکات. چاخی ئیلاهیات کە گوزارشت لە قووڵبوونەوە دەکات، بێ واتا بوون و لە بواری فەلسەفی تیۆلۆژیا و شعری لە گەوهەری خۆی دابڕاند، بە تایبەتیش لە قۆناخی رووخاندا بووە بە دێوەزمەیەك کە ناوزەد کردنی بە چاخی تاریکی لە جێی خۆیەتی. بە لانی کەم هێندەی چاخی میتۆلۆژیا، چاخی ئیلاهیات راست شیبکرێتەوە، مێژوو رۆشن دەکرێتەوە، بەمجۆرە کۆمەڵگاش بە رەوشێك دەگات زیاتر دەرکی پێدەکرێت. کاتێك زمان و لۆژیکی شیعرئامێزی نئۆلۆتیك و میتۆلۆژیای کۆیلایەتی و ئیلاهیاتی دەرەبەگایەتی بە شێوەیەکی زانستی شیبکرێتەوە، ئەوا بە واتای راستەقینە کۆمەڵگاو گەلان و مرۆڤایەتی بە سەرکەوتن دەگەیەنرێت.

قۆناخی سەرمایەداری بەهۆی سەردەمی لە دایك بوونی، هەڵسەنگاندنی وەکو چاخی فەلسەفە، زیاتر نزیکی راستییە. شەڕی مەزنی هزری ئیلاهیاتی هەڵوەشاندۆتەوە. ئەم پەردەیەی سەر کۆمەڵگای بەلاوە ناوە و هەنگاوێکی مەزنی بۆ دەرك کردن بە راستیەکەی هاوێشتووە. لەم لایەنەوە فەیلەسوفەکان رۆڵی پێغەمبەرەکانی چاخی نوێ دەبینن. تاکە جیاوازیان ئەوەیە، بە بێ ئەوەی هێندە خوداوەندە تەڤلی کارەکە بکەن، ئەو هێزەیان بەدەست هێناوە قۆناخەکانی کۆمەڵگا و سروشت لە میانەی یاساکانی ناوخۆیان روون بکەنەوە. لە راستیدا ئەم شێوازەی هزر لە بەرزترین ئاستدا گوزارشت لەو ئاستە گشتیەی وشیاری دەکات کە مرۆڤایەتی پێی گەیشتووە. ئەو ئەزموونەی سەبارەت بە سروشت و کۆمەڵگا بەدی هاتووە، روون کردنەوەکانی نزیکبوونەوەکانی ئیلاهیات و میتۆلۆژیای سەبارەت بە سروشت و کۆمەڵگای خستۆتە رەوشێکی پێکەنیناوی. ئەو تاکەی لە سایەی دۆگماتیزم

ئازادی خۆی لەدەست دابوو، بەدوای خۆیدا دەگەڕێ؛ وەکو بڵێی لە خوداکان تۆراوە و دەیخواست چارەنووسی خۆی بگرێتە دەست. ڕێپێوان بەرەو گەیشتن بەخود، پێویستی بە بوێری هەیە. مرۆڤ تازە بە تازە لە ڕەوشی سێبەر رزگاری دەبێت و هەوڵدەدات بگات بە گەوهەری خۆی. هەربۆیە لە بڕوا کردن بەخۆی بەولاوە هیچ چارەیەکی دیکەی نییە. بڕوابوون بەخود، ئەو بوێرییە فکرییە لەگەڵ خۆیدێنێ کە خودا نەخاتە ناو مەسەلەکانەوە. فەلسەفە قۆناخی هزری ئازادە کە بڕوابوون بە خود و بوێری دەروازەیان لەپێش کردەوە. ئیتر خواوەندەکان لەنێو مەسەلەکەدا نین. ئیتر وەکو منداڵان پشت بە گەورەیەك نابەستن و ناژین. ئیتر هەوڵدەدەن لە میانەی هێزی خود و ئارەزووە وشیار بووەکانیان و هزری خۆیان جیهان راڤە بکەن و بژین. فەلسەفە شێوەی هزری قۆناخێکە تاك بەهێز بووە. ئیتر ڕەوشێکی بەمجۆرە هاتۆتە ئاراوە ناتوانرێ لە میانەی ئەو شێوازە هزرییەی منداڵان دەخەوێنێ، ئەو چاخانە ئیقناع بکرێت کە کۆمەڵگا ئاڵۆز بووە و شارەکان مەزن و زیاد بوون.

ئەو فەلسەفەیەی لە شارە پێشکەوتووەکان لە دوا قۆناخەکانی کۆیلایەتی دەرکەوت، دوای ئەوەی لە چاخی ناوین لە خزمەتی ئایین بەکار هێنرا، لە سەرەتاکانی چاخی نوێ بە ئازادی خۆی گەیشت. چاخی فەلسەفە چاخی میتۆلۆژی و ئایینی منداڵێتی مرۆڤایەتی تێپەڕ دەکات و ئەو قۆناخە دەکاتە سەمبۆڵ کە ئیتر چارەنووسی خۆی دەگرێتە دەست. ئیتر لە جیاتی خوداوەندەکان لەگەڵ دیاردەکانی سروشت و کۆمەڵگا بەدوای لێکدانەوە و ژیان دەگەڕێت. فەلسەفە هەنگاونانە بەرەو واقیعیەت، دەرککردنە بەوەی زیاتر سوود لە هێزەکانی سروشت وەربگیردرێت. ئەوە مسۆگەرە سەردەمی فەلسەفە چاخێکە مرۆڤایەتی بڵند کردۆتەوە.

ناتوانرێ نکوڵی لەوە بکرێ لە ڕێگای فەلسەفەوە پێشکەوتنە زانستیەکان خێرا بوون. ناشێ بانگەشەی ئەوەش بکرێت کە فەلسەفە ئیتر لە پێویستیەك دەرکەوتووە، چونکە زانست فەلسەفەی تێپەڕ کردووە. بەڵام ئەمە ڕاستیەکە لە قۆناخی پێگەیشتنی سەرمایەداریدا بایەخی جارانی نەماوە. بە ئەندازەی ئەوەی نابێت فەلسەفە وەکو شێوەیەکی هزری تایبەت بە سەرمایەداری ببینرێ لەهەمانکاتدا نابێ سەرمایەداری وەکو سیستەمێك هەڵسەنگێنرێ کە فەلسەفە بەلاوە دەنێت.

ئەوە مسۆگەرە کە زمانی هەڵبەستی سەرمایەداری، میتۆلۆژیا و ئیلاهیاتی لە هەناوی خۆیدا مەڵاس نەداوە. ڕاستر ئەوەیە هۆنراوەکانی بە شێوەیەکی قەبە نکوڵی لە ئیلاهیات و میتۆلۆژیا دەکات، خۆشی ژیرتر و ئاقڵمەندانەتر لە قەڵەم دەدات. ئەو سەردەمەی نوێنەرایەتی دەکات نە کاریگەری ئەفسوناوی شیعر و نە پاڵەوانەکانی میتۆلۆژیا و نە پیرۆزبوونی ئیلاهیاتی بەخۆیەوە نەبینیوە. لە میانەی نکوڵیکردنێکی قەبە لەم چاخانە مرۆڤایەتی هەژار کردووە، لە ڕاستیدا چاخی هۆشمەندی کە

بـەرزی کردۆتـەوە لـە تێرکردنـی ئـارەزووە خۆپەرسـتیەکان لـە میانـەی ئاقڵمەنـدی و لـۆژیکێکی پێشکەوتووتر بـەدواوە تێپـەڕی نـەکردووە. ئـەوە سـەلمێنراوە چـاخێکی گرێـدانی مـاددی ئەوتۆیـە، مەزنایەتی فەلسەفەش بەرگەی ناگرێت. سـەرمایەداری رژێمێکـە لـەم لایەنـەوە زێـدەترین رەخنـەی بەردەکـەوێ. ئـەو چـاخانەی بـە هـەزاران سـاڵ مرۆڤایـەتیان لـەخۆوە گـرت، رۆحـی سـەردەمەکەیان بـەلاوەنرا و بەرچـاو نـەگیرا، ترسـناکتر ئەوەیـە خسـتویەتیە مۆزەخانـە و مـەحکومی قۆنـاخێکی رووکەشی کردووە. رۆحی داهێنەرانەی مرۆڤایەتی بەربەست کردووە. مرۆڤی ئەم چاخە بـە گوێرەی رەوشێك گونجێنراوە، لـەپێناو خۆپەرسـتی خـۆی هـەموو شـتێك بکاتـە قوربـانی. لێکدانـەوەی وشـکی بەرژەوەندی، لە میانەی گەمەکانی بۆرسە بـۆ قومـارێکی گشـتی گـۆڕاوە. بـە تایبـەتی لـە ئاکـامی ئـەو تەنگژە گشـتییەی تێـدا دەژی، ئـیتر "کۆتـایی مێـژوو"، یـاخود و "چـاخی پۆسـت مـۆدێرنیزمی" پـێ بگوترێ. مێژووی مرۆڤایەتی گەیاندۆتـە دەروازەی لەناوچـوونێك کـە لـە چـاخی جاهلیـەت (نـەزانی) دەچێ. لە کاتێکدا چاخی نوێ دەستپێدەکات، پەیوەندیە نزیکەکانی بەرژەوەنـدیخوازی سیسـتەمە بـە شان و شکۆکە لەگەڵ هەژاریەکی مەزنی رۆحی و هزری رووبەڕوو بۆتەوە. بە خۆباوەڕی کەسێتی تاك و هزری خولقێنەر و رۆشنگەری و رۆمانتیك جێگاکـەی بـۆ تـرس و گومـانی تاکگـەرایی و راکـردن لـە هزر و فەلسەفە بەجێهێشتووە؛ دونیایـەکی تـەم و مـژاوی، دەروونێـك تەسـلیمی غـەریزەکانی بـووە و بەرژەوەندیخوازیەکی وەها زنجیری خـۆی پچـڕاندووە کـە کۆمـەڵگای بـەرەو مەترسـیدارترین قـەیران، ژینگەشی رووبەڕووی تێکدان هێشتۆتەوە. هەربۆیە سەردەمی ئەو سـەرمایەداریەی تـەواوی مێـژوو و کۆمـەڵگا و جیهـان دەکاتـە قوربـانی بەرژەوەندیـە بچووکەکانی خـۆی، نـاوزەد کردنـی بـە "**قۆنـاخی خوداوەندە بچووکەکان**" دەشێ جێگای تێ رامان بێت...

تەواوی وشەکانی ئەم چـاخە گـۆڕاوە و کـراوە بـە تەڵەزگـە. هـەروەکو بڵێـی وشـەکان و بـە دەیـان هزری هۆنراوە بۆ ئەوە ریزبەند کراون تاوەکو سروشتی رەسەنی مرۆڤ و هزر و رۆحی مرۆڤ چەواشە بکەن. ریزبەندیەکی خائینانە و ساختەکارانەیە. لەبـەر ئـەوەی ئـەم وشـانە نوێنەرایەتیـەکی پتـەوی هەندێ راستینەی دەکرد، مەترسی گەورە بووە. لـە میانـەی لۆژیـك و زمـانی سـەرمایەداری هـەروەکو بڵێی بەردەوام دەستدرێژی بۆ ناموسی مرۆڤایەتی دەکات و گەیشتۆتە رەوشێك گوێ بە هـیچ شـتێك نادات. هەروەکو چۆن سەردەمێك راهیبە سۆمەریەکان زیندە بەچاڵ کردنی کۆیلە و خزمـەتکارەکانی لەگەڵ تەرمی پادشاکانیان بە فەرمانێکی سیستەمی خودایی ئاسمان لە قەڵەمدەدا، شـێوەی لـەخۆبایی سەرمایەداریش هیچ مەزنایەتی و پیرۆزیەك نـەماوە لـەپێناو بەرژەوەندیـە بچووکەکانی خـۆی یـاری پێنـە کردبێـت و دەسـتی بـۆ ناموسـی نـەبردبێت. ئـەو سـووکایەتی و لادانـەی کـە لـە قۆناخـەکانی

قەیرانـدا سیستـەمەکان پێیـدا دەربـاز دەبـن، لـە سـەرمایەداریدا دەگاتـە بـەرزترین ئاست. چـاخی تاکەکەسێتی بەرشکۆ: دارووخاوترین و خائینانەترین راو و رووتـی، مـۆرکی فـەرمی لێـدراوە، وادیـارە بـووە بـە چـاخی بـێ ئـەخلاقترین تـاکڕەوێتی کـە لـەژێر پاراسـتنێکی تونـد دایـە و تـا دوارادە بەرژەوەندیخوازە.

مسۆگەرە کە قۆناخێکی قەیراناوی و گەنـدەڵی سـەردەمەکانی ئایـدیۆلۆژی لـە ئارادایـە. تەنانـەت چاخی وشکە بڕواکانیش بە گوێرەی خۆیان دونیایەکی لۆژیکییـان هەیـە. لـە نـاو خۆیانـدا تیۆریـەکی جێگیری ژیان پەیڕەو دەکرێت. فەلسـەفە هـەم چـەمکی گـەردوونی، هـەم لـە لایـەنی ئەخلاقیـەوە لـە هەندێ قۆناخدا نوێنەرایەتی مرۆڤایەتی کردووە. بەڵام لە سـەردەمی قـەیرانی گشـتی شارسـتانیەتدا، ئــەو تاکڕەوێتیــەی خــۆی کــردووە بــە ناوەنــدی هــەموو شــتێك، ســەرباری تــەواوی لــۆژیکی بەرژەوەندیخوازی، نە بەرامبەر بە بەها مێژووییەکان و نە بەرامبـەر خەیاڵە ئۆتۆپیـەکانی ئاییـندە، هیچ ڕێزێکی نییە. چوونێکی شێتانە بەرەو ئەو تاکڕەوێتیە هەیە کـە بیر لـە رۆژانـە دەکاتـەوە و لـە مێژوو دابڕاوە و غەریزەکانی لە جێی ئازادی داناوە، بێ ئاسۆیە و زۆر رووکەشانەیە.

لە چاخەکانی وشکە باوەڕی (دۆگماتیزم)دا تاك لەناو کۆمەڵگا تواوەتەوە و پێشتر هـەموو شـتێکی دیاریکراوە. زێدەرۆیی ئەمە گرنگترین فاکتەری بابەتی بناخەی بەرزبوونەوی کەسێتی تاکە لە چاخی نوێدا. هەرچـی لـە سـەردەمی قـەیرانی سـەرمایەداریدایە، قۆنـاخێکی پێچـەوانەی ئەمـە لـە ئارادایـە، تەواوی بەها واتادارەکانی کۆمەڵگا لەناو تاکڕەوێتیەکی زێدەڕۆ تواوەتەوە. ئەو کاردانەوەی لەژێر ناوی سۆسـیالیزم بەرامبـەر ئەمـە نیشـاندرا، بـە واتایـەك رێگـای لـەپێش سۆسـیالیزمی راهیبـە سـۆمەریە هاوچەرخەکان کردەوە. ئەمانە نموونەی زەق و بەرچاون سـەبارەت بـەوەی چـۆن زێـدەرۆیی یـەکتری تەواو دەکەن.

لە دوای شەڕی دووەمی جیهانی ئەوە بە بیری مرۆڤایەتیدا نەدەهات کە چاخ بە وەرچەرخانێکدا دەرباز نەبێت. دروست کردنـی چـەك لـە وزەی نـاوکی لـە سـەرووی هۆکـارە تەکنۆلۆژیـەکانی ئەمـەوە دێـت. قووڵبوونـەوەی شۆڕشـی زانسـتی ـ تـەکنۆلۆژی، لـە نیـوەی دووەمـی سـەدەی بیسـتەم بـەدواوە خولقاندنی رۆحێکی نوێی سەردەمی کردۆتـە ناچاریەك. شارسـتانیەتی کۆمـەڵگای چینایەتی کـە لـە کەسایەتی سەرمایەداریدا لە دوا قۆناخی مەزنایەتی خۆیدا دەژی، لە رەوشێکی وەهادا نییە لە میانەی شەڕی خۆی یاخود لە رێگای کۆمەڵگایەکی دیکەی چینایەتی لەناو ئەو قەیرانە قـووڵ و بەردەوامـەی تێیدایە ناتوانێ پێهەڵگرتنێکی نوێ ئەنجامبدات.

لەنێو هەناوی داڕووخان و هەڵوەشانەوەدا، هەرچەندە و بە هێواشی بێت بەڵام چاخێکی نوێ هەنگاو بە هەنگاو گەشە دەکات. هەروەکو مەزەندە دەکرێ ئەمە لەوە زیاتر کە کاری ڕێکخراوە شۆڕشگێڕیە بچووکەکان بێ کە بە چڕی ڕێکخراوە، سەرەتای چاخێکە تەکنۆلۆژیا ڕۆڵی تێدا بینیوە و کردوویەتی بە ناچاریەك. شەڕی سەرتاسەری لە ڕێگای ئەو تەکنۆلۆژیایەی لە ئارادایە ڕەوشێکی بەمجۆرەی هێناوەتە ئاراوە سەرکەوتوو و ژێرکەوتوو نەبێ. ئیتر لە ڕێگای شەڕەوە نە شارستانیەت ئاوا دەکرێ و نە دەڕووخێنرێ؛ تەنیا هەموو لەگەڵ یەکتردا لەناو دەچن. لە لایەکی دیکەوە لە میانەی ئەو تەکنۆلۆژیایەی لە ئارادایە ئاستێك بەدیهاتووە کە بە بێ پەنا بردنە بەر توندوتیژی دەرفەت و تواناکاری چارەسەرکردنی تەواوی کێشەکانی کۆمەڵگا ڕەخساوە. شێوەکانی کۆمەڵگای بێ چینیش لەناویدا، گەیشتن بەو ئاستەی تەکنۆلۆژیا کە پرۆژەی وەرچەرخانی کۆمەڵگای نوێ ئەنجامدەدات، ئەو بوارە ماددییەیە کە چاخی نوێ پشتی پێدەبەستێ. وەرچەرخانی شۆڕشگێڕانە ماددەیە، ئاشکراترین فاکتەری گۆڕانکاری کارەکتەری سەردەمە. لە میانەی وەرچەرخانێکی بەمجۆرەی ماددە. سەردەمی چاخەکەش دەبێتە چاخێکی جیاوازتر.

لەو باوەڕەداین ئەم چاخەی هەوڵماندا بە شێوەیەکی بەرفراوان پێناسەی بکەین، ناو بردنی بە **قۆناخی شارستانیەتی دیموکراسی** ڕاستی لەخۆوە دەگرێت.

بەرلە هەموو شتێك ئەم چاخە، چاخێکە بۆ یەکەمین جارە لە مێژوودا گەلان قورسایی خۆیان لە سیاسەتدا دیاری دەکەن. دیموکراسی (Demos kratiya) بە واتای بەڕێوەبەرایەتی گەل دێت. ئەمەش بە جۆرێکە لە گەلێك لایەنەوە بەدیدێت. تەواوی سەردەمە کۆنەکان لە میانەی ناوی چینە سەردەستەکانەوە دیاری دەکرا. هەروەکو چاخی کۆیلەداری و دەرەبەگایەتی و سەرمایەداری لەو سەردەمانەدا هەروەکو بڵێی گەلان بە نەبوو لە قەڵەم دەدەن. مێژوو لە ڕێگای ناوی پادشاکان و بنەماڵەکانیانەوە دەنووسرێ. هیچ ئاگاییەك سەبارەت بە خوڵقێنەرە ڕاستەقینەکان نییە. تەنانەت ئایدیۆلۆژیاش ڕەنگدانەوەی ڕاستینەی بەڕێوەبەرانە. کاتێك دەسەڵاتی ماددی تێری نەکرد، ئەوا هەموو ساتێك دەسەڵاتی مەعنەوی و هێزی خودایی لە تەنیشت سەریەوە لە ئامادەباشی داناوە. تەنانەت لە سەرمایەداریشدا نەتەوایەتی بە خێرایی بەرەو شۆڤێنیزم دەچێ، وەکو بوونێکی ماددی دەکرێتە گەورەترین بەڵای سەر سەری نەتەوە. لە جیاتی بەرژەوەندی ڕاستەقینەی نەتەوە، لە میانەی نەتەوەپەرستییەوە، دزێوترین بەرژەوەندی چینایەتی دەشارێتەوە.

تەنانەت پراکتیزەکردنی کردارێکی ئاسایی سیستەمی دیموکراسی ئیتر ئەوەی سەلماندووە ڕۆڵی سەرەکی هی گەلە. ئیتر چاخی باڵادەستی بێ سنووری کەس و بنەماڵە و چینەکان تێپەڕ بووە. ئیتر

گـەلان بــە هــەموو هەمــەڕەنگی و دەوڵەمەنــدێتی کلتووریــەوە کەوتوونەتــە گــەڕ. تەنانــەت ئــەو دیکتاتۆرەی بەخۆشـیەوە دەنـازێ، کاتێك گـەل پشـتگیری لێبکـات دەبێتـە خـاوەن هێـز. لـە سـەردەمی نیۆلیتیـك گـەلان لـە رەوشـی بـەرایی پێکهاتنـدا بـوون. لەگـەڵ دەربـازبوون بـۆ کۆمـەڵگای چـینایەتی هەروەکو بڵێی لە خاك چەقێنران. هەر خاوەنێکی کۆمەڵگای چینایەتی کە تازە دەهاتن، تاوەکو دوایی بەکاری هێنان و خستنیە نێو کار و شەڕەوە.

لـە راسـتیدا ئـەوان خـاوەن و خوڵقێنـەری راسـتەقینەی مێـژوون. بـەڵام تەنانـەت ناویشـیان تێـدا دەرباز نابێت. خاوەن و خوڵقکارانی هەموو شتێك کۆیلەدار ـ خاوەنەکان و سیستەمە خوداییەکەیانە. لە کاتێکدا لەژێر ناوی مێژوو بەمجۆرە درۆی مەزن دەنووسرێ، ئەوانیش بەردەوام بە بێ دەنگی و لە قووڵاییـەوە، بـە ئـێش و زەحمەتیـەوە، لـە زانیاریـەکانی سـەردەم فێـردەبن و چاوەڕوانی ئـەوە بـوون چاخی خۆیان بێت.

سـەرەڕای تـەواوی ژەهـری نەتەوەپەرسـتی و فاشـیزمی سـەرمایەداری، ئـیتر سـەرلەنوێ لـە دایـك بوونی گەلان دوا ناخرێت و کۆسپی لەپێش دروست ناکرێت. لەم چوارچێوەیەدا دەشـێ قۆنـاخی دوای شەڕی دووەمی جیهان ببێتە سەرلەنوێ لە دایك بوونەوەی گەلان. چونکە خودی ئـەم چـاخە، چـاخی شارستانی دیموکراسـییە کـە ژێرخـانی پێویسـتی تـەکنۆلۆژی و دەزگـا سیاسـیەکان بناخـەی دەسـەڵاتی گەلانن.

گەلێك قوربانی دراوە لەپێناو دەربازبوون بـۆ چـاخی گـەلان. بـە درێـژایی مێـژوو گـەلان تـەواوی باری ئەو شارستانیەتەیان هەڵگرت کە لەسەر بنەمای چینایەتی بوون. هەموو جۆرە شێوازێکی فشـار و کوشتار و چەوسانەوە و تاڵان و دەربەدەری و توانەوەیان لەسەر پیادە کرا. هەر بەمەش نەوەستان؛ تاوەکو دوایی فشار و داسەپاندنی ئایدیۆلۆژی و مەعنەوی تاقیکرانەوە، وروژێنران و دژ بـە یـەکتریان بـەکار هێنـان. گـەلێك جینۆسـاید روویـدا. بـە تایبـەتیش لـە ئاکامی شـەڕە جیهانیـە بەرفراوانـەکانی سەدەی بیستەم و شەڕە هەرێمی و ناخۆییەکان دیسان ئەوەی تێکشکێنرا گەلان بـوون. ئـەو شـەڕانەی لە چاخەکانی ناوین لـەژێر نـاوی ئـایین بـەڕێوەبردرا، ئـەوا لـە سـەردەمی سـەرمایەداری لـەژێر نـاوی نەتەوەپەرستی بە شێوەیەکی بەرفراوان تر و بێ زەبیانەتر بەڕێوە برا.

لە تەواوی ئەم چاخانەش گەلان دەستەوەستان رانەوەستان. بـەردەوام سـەرهەڵدان و هێرشـەکانی هۆز و تیرەکان بەرامبەر کۆیلەداری، شێوەکانی بەرخودانی تەواوی گروپە ئەتنیکی و گەلان و کۆمەڵگا نیـو فەلسـەفی ــ ئـایینی و ئایینـە تاکخوداییـەکان لـە چـاخەکانی دێـرین و نـاوین کـەم نـەبووە. لـەم چوارچێوەیەدا هەرچەندە لـەژێر نـاوی خێـڵ و ئـایین و ئـایینزایی بێـت ئـەوا مێـژوو وەکـو مێـژووی

بەرخودانی گەلان بەردەوام بوو. ئەو مێژووەی کە نەنووسراوە، چەواشە کراوە، کراوەتە موڵکی هەندێکی دیکە، لە ڕاستیدا مێژووی ئازادی گەلانە.

جوڵانەوە هاوچەرخەکانی بەرخودانی گەلان، لە سەدەی بیستەمدا مۆرکی خۆی لە چاخدا. سەرباری تەواوی کەم و کوڕی و هەڵەکانی سۆسیالیزمی بونیادنراو، لە ڕاستیدا ئەو شەڕانەی لەژێر ناوی سۆسیالیزم و ڕزگاری نەتەوەیی بەڕێوە چوون لە گەوهەری خۆیدا شەڕی بەرخودان و ئازادی گەلانە.

لە تەواوی ئەم بەرخودانانە ئەو کلتوورانەی گەلان لەسەر پێ مانەوە کە سەرکوت دەکران و هەوڵی لەنێو بردنی دەدرا. تەنانەت ئەگەر بەرخودانی گەلان لە لایەنی سیاسیشەوە سەرکەوتوو نەبێ، ئەوا خۆ بەدەستەوە نەدانی کلتوورەکان سەرکەوتن و بەردەوام بوونیان سەلمێنرا. هەروەکو دەزانرێ لە دوای شەڕی دووەمی جیهانی، نوێنەرایەتی کردنی گەلان لە دەزگا سیاسیەکاندا گەشەکردنێکی مەزنی بەخۆیەوە بینی. ئەوەی لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەم لە سەرتاسەری دونیا سەرکەوتنی بەدەست هێنا سەرمایەداری نییە، بەڵکو دیموکراسییە. بۆ بەدیهاتنی ئومێد و خەیاڵی هەزاران ساڵەی گەلان و دیموکراسی هاوچەرخ یەکەمین و گرنگترین هەنگاوە. نموونەی سپی و ڕەشی باڵادەستی چینایەتی زێدەڕۆییەکە. گونجاوترین ڕێگای نەهێشتنی جیهانی چەوسانەوە بە پەیڕەو کردنی پێوانەکانی دیموکراسی هاوچەرخدا دەرباز دەبێت. پێویستە دیموکراسی هاوچەرخ وەکو سیستەمێکی کارگێڕی گەل ببینرێ کە لادان و زێدەڕۆییەکانی چینایەتی ڕاست دەکاتەوە، جیهانی دەوڵەمەندی گەلان ئاکتیف دەکات و جێگا بە نەریتەکانی ئاشتی و برایەتی دەدات. گەلان کەسایەتی ڕاستەقینەی خۆیان لەژێر سایەی ئەو سیستەمە و دیموکراسیە پێشدەخەن کە بە پرەنسیپە و بەراستی پەیڕەو دەکرێت. ئەو کێشمەکێش و ململانێ ئایینی و ئەتنیکی و نەتەوەییانەی پێشتر بە لای جوداخوازی و پارچەبوون ئاراستەیان دەگرت و ڕێگایان لەپێش پەنابردنە بەر توندوتیژی و شەڕ دەکردەوە، لە سیستەمی دیموکراسی هاوچەرخدا لەنێو ئاشتیدا بە چارەسەری دەگات. ئەگەر بە گوێرەی داخوازی گەل بێت ژیان لەناو "**فیدراسیۆنی جیهان**" لە سەرووی هیواکانیانەوە دێت. دەوڵەتە بچوکەکان داخوازی گەلان نییە، بەڵکو ئاواتی تەواوی توێژە نەتەوەپەرست و ئەتنیکی و ئەو چینانەیە کە بەدوای باڵادەستی دەگەڕێن و کارەکتەری شۆڤێنیان هەیە. فیدراسیۆنە هەرێمیە بەرفراوانەکان هەموو جۆرە جیاوازیەکی کلتووری، زمان و ئایینی و نەژادیان بێ واتا کردووە و وەکو شێوەی دیموکراسی هاوچەرخ درێژە بە هەبوونی خۆتان دەدەن و گەشە دەکەن. پێشکەوتووترین و دیموکراسیانەترینیان لەژێر سایەی یەکێتی وەکو کۆمەڵەی دەوڵەتە سەربەخۆکان BDT ، یەکێتی

ئەوروپا AB ، وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا USA کۆبوونەتەوە. ئەوەی ئەمە دەکاتە ناچاریەك هەبوونی کلتووری گەلان و هێزی تەڤلیبوونی سیاسییە.

ئەوەی لە سەرتاسەری جیهان مۆرکی خۆی لە رەوشی هەنووکەیی داوە، وشیاربوونەوەی کلتوورەکان و گەیشتنی بە شێوەی هاوچەرخ، بووە بە فاکتەرێکی سەرەکی و دەست لێبەرنەدراوی ژیان. بۆ یەکەمین جارە گەلان لە ئایدیۆلۆژیا دوگماتیکیە سڕکەرەکان و فشاری ئۆتۆپیا پڕوپوچەکان رزگاریان دەبێت، سەرلەنوێ لەو بۆچوونانە دەئاڵێ کە لە سەردەمی نئۆلۆتیکەوە ژێرخاك کرابوو. سەرلەنوێ رۆحیان بە بەردا دەکاتەوە، لە میانەی هەموو بوون و بەهاکانیەوە دەربازی قۆناخی هاوچەرخ بوون دەبێت.

ئەوە راستینەیەکە و رۆژ بە رۆژ زیاتر ئاشکرا دەبێ شارستانیەتی دیموکراسی هاوچەرخ بۆ رێنسانسی گەلان وەرچەرخاوە و پێویستە بەمجۆرە پێشبکەوێ. لاوازبوون و لەناوچوونی دیکتاتۆریەتە چینایەتیە وشکەکان و رژێمە تۆتالیتار و دەستپۆتیزمە هەمە جۆرەکانی، کە گوزارشتی بەرجەستەی ئەم رژێمانەن، دەسکەوتێکی مەزنە بۆ گەلان. هەبوونی گەلان لەگەڵ دیموکراسیدا یەکسانە. لەنێو پەیوەندیەکی دیالیکتیکی دان، کە یەکێکیان بە بێ ئەوەیتر نابێت.

سیاسەت و دەوڵەت و کۆمەڵگای دیموکراتیك ئەنجامێکی زیادبوونی چالاکی گەلانە. ئەگەر دیموکراتیزەکردنی سیاسەت و دەوڵەت تا رادەیەك لەناو کۆمەلگا بووبێتە رۆژەڤێکی بەپەلە کە لەگەڵ هیچ قۆناخێکی مێژوو بەراورد ناکرێت، ئەم پێویستیەش لە هەموو لایەکی جیهان لە ئارادا بێت، ئەوا ئەم راستینەیە لە داننان بە وشیاربوونەوەی گەلان و رۆشن بوونەوە و بوونیان بە هێزێکی سیاسی بەولاوە، هیچ واتایەکی دیکەی نییە. فاشیزم زێدەرۆیی دیکتاتۆریەتی سەرمایەداریە. سۆسیالیزمی بونیادنراو دەمارگیری چینی چەوساوەیە. بەڵام دیموکراسی هاوچەرخ سیستەمێکی ژیان و بەرێوەبردنی گەلانە کە پێگەیشتوە و بناخە ماددیەکەی راستییە و هەربۆیە هەمیشەییە و سەرکەوتنەکەشی بەردەوامە.

ئەم پێناسانە بە شێوەیەکی زۆر ئاشکرا نیشانی دەدەن، سەرباری کارەکتەری قەیراناوی چاخەکەمان کە سەرمایەداری هەڵوەشاندۆتەوە و رووخاندوویەتی، ئەوا ئەوەی وەکو دژ و هێزی هەڵوەشاندنەوە پێشدەکەوێت، چاخی شارستانیەتی دیموکراسی گەلانە.

ئەگەر لە چوارچێوەی پێشکەوتن و پێناسەی چاخی شارستانیەتی دیموکراسی هەوڵبدەین جارێکی دیکە تایبەتمەندێتیەکانی پوخت بکەینەوە:

آ ـ پشت بە بناخەیەکی بەرجەستەی تەکنۆلۆژی و زانستی و ئایدیۆلۆژی دەبەستێ. لەگەڵ ئامێرە میکانیکیەکانی بنەچەیان بۆ فیزیا دەگەڕێتەوە، ئەو ئامێرانەی لەسەر بنەمای کۆنترۆڵی وزەی ئەلکترۆنی و ناوکین بنەما ماددیەکانی کۆمەڵگای دووچاری گۆڕانکاریەکی ریشەیی کردووە. ئەمانە کاتێك بە شێوەیەکی راست و لە جێگای خۆیدا بەکار بێت، دەتوانن هەموو جۆرە زنجیرێکی هەژاری پارچە بکەن کە جیاوازی چینایەتی و نایەکسانی کۆمەڵایەتی پشتی پێدەبەستێ. ئەوە دەست نیشانکردنێکی زانستییە کە سەرچاوەی سەرەکی جیاوازی چینایەتی و نایەکسانی کۆمەڵایەتی بۆ پاشکەوتوویی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان دەگەڕێتەوە، لە سەرووی هەمووشیانەوە تەکنۆلۆژیا. شۆڕشە تەکنۆلۆژیەکانی نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم، کۆمەڵگای لەو مەحکووم بوونە رزگار کردووە، زەمینەی ماددی ئەو دەزگایانەی پارچە کردووە کە تەواو پشت بە نایەکسانی دەبەستن. ئەگەر بە پەیوەندی بەڕێوەبەرێتیەکی سیاسی و ئابووری بگەیەنرێن کە لە خزمەتی تەواوی کۆمەڵگا بەکار بهێنرێت، ئەوا لەژێر سایەی ئەم بناخە تەکنۆلۆژیە مرۆڤایەتی دەتوانێ ئازادی و یەکسانی بەیەکەوە پێشبخات. لە رابردوودا خەیاڵی ئەمە دادەنرا. بەڵام لە سەردەمی شارستانیەتی دیموکراسیدا ئەو ئامرازانەی هاتونەتە ئاراوە، دەتوانن ئەم خەیاڵە بەدیبێنن. لەم چوارچێوەیەدا تەکنیك فاکتەرێکی سەرەکی بەدیهێنانی ئازادییە. لە رەوشێکی پێچەوانەدا لە دەستی هێزە خۆپەرست و پاشڤەرۆکاندا دڕندەیەکی لەناوبەرە. هەروەها تەواوی تەکنۆلۆژیا کەوتۆتە خزمەتی سەردەمی شارستانیەتی دیموکراسی. تەواوی کێشەکە ئاواکردنی بەڕێوەبەرێتیەکی دیموکراسیانەی دەوڵەت و سیاسەت و کۆمەڵگایە کە، بە باشترین شێوە بەکارهێنانی تەکنۆلۆژیا لە خزمەتی کۆمەڵگادا فەراهەم دەکات.

شۆڕشی زانستی و کۆمەڵگای زانیاری تایبەتمەندێتیەکی دیکەی بایەخداری سەردەمە. زانست کە لە رابردوودا کاری دەوروبەرێکی تەنگ بوو، لە سایەی تەکنۆلۆژیای گەیاندن بە خێرا دەگەیەنرێتە کۆمەڵگا. راستینەی کۆمەڵگای زانیاری لێرەوە دێت. لە سایەی ئەمەش دیموکراسی و هێزی بەڕێوەبەرێتی خود بەدەست دەهێنرێ. کۆمەڵگا و دەوڵەت و سیاسەتێکی لە میانەی زانیاریەوە پڕچەك کرابێت، ناچارن بەرامبەر یەکتر روون بن (شەفاف) و بەرامبەر یەکدی کۆنترۆڵی دیموکراسیانە پەیڕەو بکەن. ئەو پێشکەوتنانەی لە نێوان زانست و تەکنۆلۆژیا زێدە بووە و رێگای لەپێش تەواوکردنی یەکدی کردۆتەوە، خێراتر بووە. ئەم دیاردەیەی یەکەمین جارە بەدیدێت سەبارەت بە دەرفەت و تواناکاریەکانی بەرهەمهێنان، رێگا لەپێش تەقینەوەیەکی مەزن دەکاتەوە. تەواوی زانیاریەکانی دەرهەق بە فیزیا، کیمیا، بیۆلۆژیا و کۆمەڵگا، هەرەس ئاسا پێشدەکەوێت و

دەبێتە سەرچاوەیەکی مەزنی هێزی کۆمەڵگا. هەروەکو مەسەلەی بەڕێوەبردنی تەکنۆلۆژیا, ئاواکردنی کارگێڕیەکی دیموکراسیانە بۆ بەکار هێنانی زانستیش کێشەیەکە.

ڕۆڵی سەرەکی ئایدیۆلۆژیا، ڕووخاندنی دۆگماتیزمی داب و نەریت و ئاواکردنی ئۆتۆپیای ئومێد و بە زیندوویی هێشتنەوەیەتی. لە کاتێکدا لە رابردوو دۆگماکان بەسەر هزر (ذهنية) زاڵ بوو. لە سەردەمی سەرمایەداریدا ئایینده گەرایی و ئۆتۆپیا گەراییە هەمە جۆرەکان پێشکەوت. هەردوو شێوەی ئایدیۆلۆژیاش هەڕەشە و مەترسی مەزنیان لەسەر هزر و هەموو جۆرە بە دەزگا بوونێك ، خوڵقاندووە. ئایدیۆلۆژیەکانی لە جۆری دۆگماتیزم دەبن بە کۆسپ. هەرچی ئۆتۆپیا گەراییە لەگەڵ ئەوەی مەترسیەکەی کەمترە و ڕێگا لەپێش داهێنانێکی سنووردار دەکاتەوە، بەڵام دابڕانی لە واقیع، باوەڕی پوچ و خەیالگەرایی وشك و کەسایەتی چاوەڕێ کار، دێنێتە ئاراوە. دووربوونی هەردوو شێوەی ئایدیۆلۆژی لە جیهانی دیاردە واقعیەکان و خوڵقکاری، خاڵی سەرەکی هاوبەشێتیانە. هەردووکیشیان نابن بە بناخەی ئایدیۆلۆژی چاخی شارستانیەتی دیموکراسیانە. سەردەم ناچارە خوڵقکاری و زانستی ئایدیۆلۆژیا بە بناخە دابنێت. هەڵبەتە پەیوەندیەکی توند لە نێوان هەردووکیاندا هەیە. چەندە دیاردە و پەیوەندیەکان لە میانەی زانستەوە ڕۆشن بکرێنەوە، ئەوا بەو ئەندازەیەش دەرفەت و تواناکاری خوڵقکاری دەڕەخسێ. ئەو تاکەی لە میانەی زانیاریەکانی مێژوو و کۆمەڵگا وشیار بۆتەوە، ئەقڵی بەسەر شێوازی کاروباری دیالیکتیکیانەی سروشتدا دەشکێ، واتە بە ئایدیۆلۆژیای چاخ گەیشتووە. هێزی دۆگما دەناسێ بەڵام خۆی بەدەستیەوە نادات. خاوەن ئۆتۆپیایە بەڵام پشت بە زانست دەبەستێ. چاخەکەمان پشت بە ئایدیۆلۆژیایەك دەبەستێ کە لەسەر ئەم بنەمایە بەرز دەبێتەوە، لەبەر ئەوەی لە میانەی زانیاریە ڕاستیەکانی سەبارەت بە تەواوی دیاردە و پەیوەندیەکان دەجوڵێتەوە، بە شێوەیەکی لێهاتووانە بە هێزی هونەری و ئەخلاقی جوانی و چاکە دەگات.

**ب ـ سیستەمی شارستانی دیموکراسی وەکو چاخی دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگا جێگای باسە:**

لەم بوارەدا پێویستە گەلان لە ڕێگای ناسنامە و وشیاری و ئیرادەی ئازادی خۆیان بکەونە گەڕ. ئەو ناسنامانەی بە هەزاران ساڵ سڕ کراون و سەرکوت کراون، هەوڵدەدەن خاوەنداری لە خۆیان بکەن، هەبوونە کوولتووریەکان وەکو بەهادارترین میراس پەسند دەکرێ و دەبنە هەوێنی ژیانی نوێ. ئەو هەولانەی تاکو ئێستا لەپێناو بەرژەوەندی کەس و بنەماڵە و پێکهاتە و بوونە ئایینیەکان ئەنجامدەدرا، ئیتر بوون و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی بۆ خۆی و لەپێناو پێناسەکردن و پراکتیزەکردن ئەنجامیدەدات. دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگا؛ بە واتای ئەوەشدێت وەکو کۆمەڵگای زانیاری دەرك بە بەرژەوەندیەکانی خۆی دەکات، ئەمە دەکات بە داواکارییەك و بۆ دەزگا سیاسیەکانی دەگوازێتەوە.

ئەمەش واتای ئەوەیە لە ئیرادەیەکی سەرکوت کراوەوە دەبێتە دینامیکێکی چالاك و دڵخواز و چاودێری کردن. یەکەمین جارە لە مێژوودا کۆمەڵگا لەم چوارچێوەیەدا بە شێوەیەکی زانستیانە خۆی دەناسێ، بەو وشیاریە دەگات کە خاوەن مافە، بە ئاستێك دەگات ئازادانە چارەنووسی خۆی دیاری بکات. ئەم راستینەیە بە پێی پێویست دەیسەلمێنێ کە بۆچی شارستانیەتی دیموکراسی، چاخی دیموکراتیزەبوونی کۆمەڵگاکانە.

ج ـ یەکێك لەو فاکتەرە بنەڕەتییانەی چاخی شارستانیەتی دیموکراسی یەکلاکردۆتەوە، دیموکراتیزەبوونی سیاسەتە. سیاسەت کە بە درێژایی مێژوو وەکو چڕبوونەوەی هێزی بالاترین کارگێڕی و هونەری بەکار هێنانیەتی، رزگاربوونی لەم پۆشاکە نهێنی و تەسك و دەمامکەکانی پێشکەوتنێکی شاهانەی سەردەمەکەمانە. ئەمەش بەو واتایە دێت سیاسەت لە ئاسمانەوە لە خوداوە، هاتۆتە سەر زەوی. ئیتر ئەو وتووێژانەی سەبارەت بە سەرچاوەکەی دەکران و بێ کۆتایی بوون، کۆتایی پێدێت و دان بەوەدا دەنرێت سەرچاوە سەرەکیەکەی کۆمەڵگایە. ئەو سیاسەتەی بە درێژایی چەندین سەدە بە ئامانجی خەڵەتاندنی مرۆڤ و بەڕێوەبردنێکی مێگەڵ ئاسایانە، ساختەترین و پێشکەوتوترین بەرگی پیرۆزییان لەبەر کردبوو، کراوە بە ئامرازێکی ئاسایی کۆمەڵگا. بەلام دەرك بەوە کراوە تەنیا وەکو ئامرازێکی درێژخایەن و بەرژەوەندیە ژیانیەکان بەهایەکی دەبێت. ئەم ئامرازە سیحراوی و بە توانا و خودایییەی سەدان ساڵەی بە واتای راستەقینەی خۆی گەیاندووە، لە میانەی پەسندکردنی وەکو ئامرازێکی خزمەت کردنی گەل، بووە بە تایبەتمەندێتیەکی دیار و بەرچاوی سەردەمی شارستانیەتی دیموکراسی.

سیاسەتی دیموکراسیانە وەکو گۆڕەپانی سێیەمی نێوان دەوڵەت و کۆمەڵگا، رۆڵی خوڵقکارترین و نوژەنترین دەزگا دەبینێ. تەواوی دەزگا هاوچەرخەکانی لە هەموو بوارەکاندا ئاوا کراون، لە سەرووی هەمووشیانەوە پارتیە سیاسیەکان کە کارەکتەری دادوەرانە و دیموکراسیانەی ئەو بەهایانە دیار دەکات کە پێویستە بەردەوام وەکو ئەڵقەی سەرەکی گواستنەوەیان لە کۆمەڵگا بۆ دەوڵەت لە دەوڵەت بۆ کۆمەڵگایە، ئەم ئامرازانەی سیاسەتی دیموکراسیانە کە لە هەموو بوارەکانی ئابووری تا رامیاری، لە مافەکانی مرۆڤ تا پاراستنی ژینگە، لە کلتوور تا تەندروستی، لە پەروەردە تا ئاشتی پێکهاتوون، ناتوانرێ باس لە دیموکراتیزەبوونێکی دروستی کۆمەڵگا و پێشخستنی وشیاری ئەم دامەزراوانەی کۆمەڵگای مەدەنی بکرێت کە وەکو کۆمەڵگای سێیەمی گۆڕەپانی سێیەم بەرز دەبنەوە و بوونەتە پێویستیەکی ژیانی چاخەکەمان. بە شێوەیەکی تێر و تەسەل سەلمێنراوە چاخی شارستانیەتی دیموکراسی سەردەمی هەموو جۆرە رێکخراوێکی کۆمەڵگای مەدەنیە.

د ـ پێشخستنی وشیاری دیموکراسیانەی دەوڵەت، تایبەتمەندێتیەکی دیکەی سەرەکی سەردەمی شارستانیەتی دیموکراسییە. گەیاندنی ئەم ئامرازە بە دەزگای دیموکراسیانە، کە کۆنترین ئامرازی مێژووە و کەوتبێتە دەستی کێ بووە بە ئەژدەها، لە راستیدا گرنگترین پێشکەوتنی شۆڕشگێڕانەیە. ئەوە فەرمانێکی سەردەمە کە ئەو ئامرازەی وەکو نوێنەری بوونی (سیستەمی) ئاسمانی لە سەر زەوی بەرزکراوەتەوە، نابێ لە ئامرازێکی خشتەکاری (تنسیق) ئاستی بەرزی کۆمەڵگا هیچ واتایەکی دیکەی هەبێ. بە شێوەیەکی تێر و تەسەل رۆشن کراوەتەوە دەوڵەت لەپێناو تاك و کۆمەڵگایە، پەیوەندی بە خوداییەوە نییە، هاربوونی بە درێژایی مێژوو لەوەوە سەرچاوە دەگرێت وەکو ئامرازی دەستی تاکڕەوێتی و بنەماڵەگەرێتی و دەمارگیری دەستەیەکی سنووردار و تەسك بەکار هێنراوە. بە پێی پێویست روون بۆتەوە، هەر شتێکی دەوڵەت وەکو قەوارەیەکی دارێنراو مەزن کردووە ساختەکاری بووە، بە پێچەوانەوە ئەو کۆمەڵگایانەی داکۆکیان لەسەر ئەوە کردووە پێویستە ببێتە ئامرازی هەرە گشتی کۆردیناسیۆنی کۆمەڵگا، مەزن بوونی واقیعی بووە. بە گوێرەی ئەم پێناسەیە وەرچەرخاندنی دەوڵەت و خستنە ژێر کۆنترۆڵەوە، گرنگترین دەسکەوت و راستینەی چاخی شارستانیەتی دیموکراسییە. بەمجۆرە گۆڕینی دەوڵەت بۆ ئامرازێکی خزمەت کردن و بەرزکردنەوەی سیاسەتی دیموکراسیانە بۆ ئاستی سەرەکیترین دەزگا، لەهەمانکاتدا هەڵسەنگاندنێکە لە بەرزترین ئاستدا گوزارشت لە سەردەمی شارستانیەتی دیموکراسی دەکات و شایستەیەتی. وەرچەرخانی بە شێوەی دەوڵەتی دیموکراسیانە سەرەکیترین پێشکەوتنی سەردەمەکەمانە.

کێشەی شێوەکانی دەوڵەتی دیموکراسیانە، لە پلەی دووەمدا جێگای بایەخە. بەڵام وەکو دەرئەنجامێکی پێکهاتە میانڕۆکانیان، ئەوا لە شێوەی کۆنفیدراسیۆنەوە تا دەگاتە شێوەی یۆنیتار لە گۆڕەپانێکی بەرفراواندا تواناکاری ڤەبوونیان هەیە، ئەمەش سەبارەت بە کارەکتەری چارەنوس ئامێزانەیان بایەخێکی مەزن لەخۆوە دەگرێت. بە گوێرەی هەلومەرجی واقیعی و بەرجەستەی وڵاتەکان و گەلان دەشێ بڕیار لەسەر گونجاوترین شێوە بدرێت. بێگومان ئاڵۆزی کێشەکان و ئامراز و دەزگا زۆرەکانی چارەسەری دیموکراسیانە، فاکتەری سەرەکی ئافراندنی دیموکراسیە. کاتێك دەوڵەت ناچار بێت پشت بەو دەزگایانە ببەستێ بێگومان واتای کلاسیکی خۆی لەدەست دەدات، بە واتایەك وەکو بالاترین ئامرازی کۆردیناسیۆنی نێوان دەزگاکان رۆڵ دەبینێ. سەرەکیترین کارەکتەری دەوڵەتێکی خاوەن ئەم پێکهاتەیە بێت، دیموکرات بوونەکەیەتی. کاتێك دیموکراسی فرەلایەنی رژێمی دەزگاکان بێت، بە شێوەیەکی سروشتی دەوڵەت ناچاری شێوەیەکی فرەلایەنی دەکات. بە تایبەتی لەگەڵ زیادبوونی بایەخی ئۆرگانە هەرێمیەکان، مەرکەزیەتگەرایی کردووە بە بارێکی گران. هێز

لێشاو لە ناوەند بۆ خۆجێی و لە چاوگی سەرەکی بۆ چاوگی خۆجێی دەکاتە ناچاریەك. لێشاوی گشتی سەردەمیش بەو ئاقارەدایە. لە کۆمەڵگاوە تا خێزان، لە دەوڵەتەوە تا ئابووری، لە هەموو ئاستێکدا لەسەر بنەمای ئازادی و دابەشکردنێکی دادوەرانەی تواناکاریەکان و هێز پێکهاتەیەکی فرەلایەنی پێشدەکەوێت. ئەم چوارچێوەیە لە لایەکەوە پەرەسەندنی دیموکراسیانەی دەوڵەت پێشدەخات، لە لایەکی دیکەشەوە وەکو ئامانجێکی گرنگی جوڵانەوەکانی دەستووری نوێ لە شێوەی کۆنفیدراسیۆنەکانەوە تا دەگاتە پێکهاتەی دیموکراسی یۆنیتار بەرەو شێوەگرتنێکی دەوڵەمەندی دەبات. هەروەکو چۆن ئەم دیاردەیە ئەو مەترسیانەی بەلاوەناوە کە لە چەمکی یەکێتی زۆرەملێیانەوە سەرچاوە دەگرێت، لە ئەنجامدا مەترسی دەوڵەتە جوداخواز و بچووکەکانیش لە ئارادا ناهێڵێ کە زیان بە هەموو لایەنەکان دەگەیەنێ. دیاردەی وەکو وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و یەکێتی ئەورووپا و یەکێتی دەوڵەتە سەربەخۆکان، ئاراستەی پەرەسەندنی دەوڵەتی دیموکراسییانە نیشاندەدات، پێشکەوتنی مێژوویی ئەوتۆن لە گەوهەری خۆیاندا کۆمەڵگای نوێ و سیاسەتی دیموکراسیانە دەکاتە ناچاریەك.

هـ ـ چاخی شارستانیەتی دیموکراسیانە بە ئەندازەی ئەوەی سەرلەنوێ لە دایکبوونی گەلانە، بە شێوەیەکی زەقتر سەردەمی لە دایك بوونی ژنانە. ژن کە هێزی خوداوەندی زایینی کۆمەڵگای نیۆلیتیك بوو بە درێژایی مێژووی کۆمەڵگای چینایەتی، بەردەوام ڕووبەڕووی وون بوون ماوەتەوە. بە واتایەکی دیکە مێژوو، مێژووی ئەو پیاوە باڵادەستەیە لەگەڵ بەرزبوونەوەی کۆمەڵگای چینایەتی بووە خاوەن هێز. کارەکتەری باڵادەستی چینایەتی لەگەڵ کارەکتەری پیاوی باڵادەست بەیەکەوە پێکدێن. لێرەشدا ئەو یاسایانەی پەیڕەویان لێدەکرێت، درۆ میتۆلۆژیەکان و سزادانە ئیلاهیەکانە. بەڵام زەبری قەبە و ڕووت و ڕاستینەی چەوسانەوە لەژێر ئەمەدا شاراوەیە. کارەکتەری پیاوی باڵادەستی کۆمەڵگا، تاوەکو ڕۆژگاری ئەمڕۆمان تەنانەت دەرفەتی ئەوەی نەداوە هەڵسەنگاندنێکی زانستیانە سەبارەت بە دیاردەی ژن بکرێت. لە ئایین زیاتر بە بابەتێکی تابۆ کراو لە قەڵەم دەدرێت. لە ڕاستیدا لەژێر ناوی نامووس ڕاستینەی ژن و مافەکانی شاراوەتەوە کە پیاو بە شێوەیەکی تەڵەکەبازی و خائینانە و زۆردارانە زەوتی کردووە. بە درێژایی مێژوو بێبەشکردنی ژن لە ناسنامە و کەسایەتی خۆی و گرێدانی بە پیاوەوە، دیاردەیەکە لە جیابوونەوەی چینایەتی زیاتر ڕێگای لەپێش دەرئەنجامی خراپتر کردۆتەوە. دیلێتی ژن، پێوانەیەکی کۆیلایەتی گشتی و کەوتنە؛ پێوانەیەکی ئەو درۆ و دزی و زۆرداریەیە کە لەناو کۆمەڵگا بڵاوبۆتەوە؛ پێوانەی هەموو جۆرە قڕێژی و خولامێتیەکە.

بە پێچەوانەوە گۆڕینی ئەم مێژووە، بەڵگە نەویستە کە ئەنجامی کۆمەڵایەتی قووڵ لەگەڵ خۆیدا دێنێ. سەرلەنوێ لە دایکبوونی ئازادانەی ژن، تەواوی دەزگاکانی سەرخان و ژێرخانی کۆمەڵگا ئازادی و ڕۆشنگەری و دادوەری گشتی دەکاتە ناچاریەك. مرۆڤایەتی بەوە ئیقناع دەکات لە جیاتی شەڕ ئاشتی زۆر بەهادارترە و پێویستە بەرز بکرێتەوە. سەرکەوتنی ژن، لە هەموو ئاستێکدا بە واتای کۆمەڵگا و تاکی سەرکەوتوو دێت. تەنانەت ئەم چوارچێوە کورتەش ئەوە ڕوون دەکاتەوە، ئەنجامدانی دیموکراتیزەبوون لە گۆڕەپانی ئازادی و مافەکانی ژن، چەندە مێژووییە. لەم چوارچێوەیەدا دەستپێکردنی سەردەمی ئەو ژنەی وشیار بۆتەوە، ئازاد و بەهێز بووە، لە سەدەی ٢١ مدا دیاردەیەکە لە ڕزگاری چینایەتی و نەتەوەیی گرنگترە. سەردەمی شارستانیەتی دیموکراسیانە، لەهەر قۆناخێك زیاتر ژن تێیدا بەرز دەکرێتەوە و دەسکەوت بەدەست دێنێ.

بابەتێکی دیکەی کلتووری پیاوسالاری پشت گوێی خستووە، هەڵوێستی نەزانی و بێ بەرپرسیارێتیەتی بەرامبەر منداڵان و بەساڵاچووانە. ئەمانە بە شێوەیەك خراونەتە ڕەوش و ئاستێکی دووەمین و سێیەمینی دوای ژن. بەرامبەر منداڵان جیهانێکی زۆردار و بێ خەم سەپێنراوە. سیستەمی پیاوسالاری بە بێ ئەوەی سایکۆلۆژیا و جیهانەکەیان ڕەچاو بکات، دوور لە بەهاکانی ئازادی و یەکسانی، ئەو کەسایەتی و جیهانەیان کە بەردەوام خیانەت لە خەیاڵە مەزنەکان دەکات و کۆتایی پێهاتووە، هەروەکو خۆی بە ڕۆژ و بە شەو لە هزر و مێشکی منداڵان دەخوێنن و ناترسن؛ هیچ ناکەوێتە نێو ئەندێشەیەك و ئەشکەنجە نابینێ. هەڵوێستی بەرامبەر منداڵان زۆر لەوە ترسناکترە کە مەزەندە دەکرێ. ئەم ڕاستینەیە لە ناوخێزان تا قوتابخانە، لە کۆڵان تا یاریگە زاڵە و بە دەزگا کراوە. مێردەزمە بەسەر جیهانی منداڵان زاڵکراوە. جیهانی بەساڵاچووانیش لە لایەن چەمکێکی هاوشێوەی ئەوە ئابلۆقە دراوە. هەروەکو بڵێی دیوارێکی پۆڵایین لە نێوان بەساڵاچووان و نەوەکانیان بەرز کراوەتەوە. بێ خەمیەکی دی کۆمەڵگای چینایەتی پێشیخستووە لەم بوارەدایە. مێژوو لەم گۆڕەپانەشدا فەرمانی گرانی خۆی جێبەجێ دەکات. بێ خەمی و بێ ویژدانی گشتی دەرد و خەمەکانی قۆناخی پیری زیاد دەکات.

سەرلەنوێ ڕێکخستنەوەی ئەم دوو گۆڕەپانە لە لایەنی کۆمەڵگای دیموکراسیەوە پێویستیەکی ژیانییە. ژیان تەنیا بریتی نییە لە لاوێتی هەرزەکاری و بەڕەڵا. جیهانێکی تایبەتی منداڵان هەیە کە نابێ هیچ کاتێك خیانەتی لێبکرێت و بەردەوام ڕێزی لێبگیرێت و پێداویستیەکانی جێبەجێ بکرێت. خیانەت کردن لەم جیهانەی منداڵان، گەلێك شتی لەدەست کۆمەڵگا دەرخستوە و ون کردووە. هەرچی بەساڵاچووەکانن، جیهانێکی بلیمەتانەیان هەیە کە بە پارزنگی ئەزموونەکانی ژیاندا تێپەڕ کراوە.

کۆمەڵگایەکی ئەزموونەکانی ئەم جیهانە وەرنەگرێت، ناشێ بە دروستی بیربکاتەوە و بژێت. هەربۆیە منداڵێتی و پیری دوو دونیای بەرخۆر نین، بەڵکو جیهانی بەرهەم هێنان و هەمە ڕەنگ و دەوڵەمەند کردنن. سەرلەنوێ بە دەزگا کردنی ئەم دوو جیهانە بە گوێرەی هەلومەرجی کۆمەڵگای دیموکراسیانە و لەسەر بنەمای ئەو ماف و ئازادیانەی کە بۆ رەوشەکانیان پێویست و قازانج کردنیان، ئەرکێکی دەست لێبەرنەدراوی شارستانیەتی هاوچەرخە. لەهەمانکاتدا شارستانیەتی دیموکراسی سەردەمێکە منداڵان و پیران بە خۆشەویستی و رێزەوە یادیان دەکرێتەوە و کۆمەڵگا و ئەو وشیاری و هەڵوێستە ئەخلاقیە لەگەڵ یەکتردا ئاوێتە بوون.

و ـ چاخی شارستانیەتی دیموکراسی دەبێتە سەردەمێك کە مافەکانی مرۆڤ و کەسێتی تاك تێیدا بەرز دەبێتەوە و دەبنە تایبەتمەندێتی دەست لێبەرنەدراوی شێوازی نوێی ژیان. هاتنەوە هۆش خۆی ئەو مرۆڤایەتی و تاکەی لەژێر سایەی دۆگماکان و ئۆتۆپیاکان زیانێکی زۆری بەرکەوتبوو، هەرچەندە بۆ قۆناخێکی درێژی مێژوویی بگەڕێتەوە، زیاتر لە میانەی رێنسانسەوە هەنگاوێکی مێژوویی هاوێشتووە، بەڵام لە ئەنجامی تاکڕەوێتی سەرمایەداری دیسان رووبەڕووی لەدەستدان بۆتەوە. شۆڕشە زانستی ــ تەکنۆلۆژیەکانی سەدەی بیستەم، مرۆڤایەتی و تاکی ناچاری هیومانیزم و کەسێتیەکی پێگەیشتووتر دەکات. تەنیا سەدەیەکی خیانەت و خوێن رشتن نییە کە بە شێوەیەکی سەیر تاك و مرۆڤایەتی دووچاری دۆڕان کرد، لە میانەی تواناکاریەکانی زانست و تەکنۆلۆژیا سەرلەنوێ مرۆڤ پەروەری و کەسێتی تاك وەکو بەهای هەڵکشاو بەدەست دەگرێتەوە و زاڵ دەکرێت. مرۆڤ پەروەری و تاکە کەسێتی کە هێندەی مێژووی مرۆڤایەتی کۆنن و لە سەردەمی پێکهاتنی کۆمەڵگاوە وەکو ئومێدێك مەزن دەبن، لە سایەی زەمینەیەکی ماددی پتەو و زانستدا بۆ یەکەمین جارە بە سەردەمێك گەیشتووە توانای بەدی هاتنی هەیە. ئەو مرۆڤایەتیەی بەردەوام لە میانەی تایبەتمەندێتیە ئەتنیکی و ئایینی و نەتەوەییەکان دابەش کرابوو، ئیتر بە رەوشێك گەیشتووە کە لە میانەی زمانی تەکنۆلۆژیا و زانست و دیموکراسی ببن بەیەك. توانستەکانی هێندە دەوڵەمەندە دەتوانێ مرۆڤایەتیەکی راستەقینە تێر بکات. ئەنتەرناسیۆنالیزم بووە بە دەزگایەك لەگەڵ هیچ قۆناخێکی رابردوو بەراورد ناکرێت و ناتوانرێ دەستی لێبەربدرێ. مافەکانی مرۆڤ تەنیا وەکو گۆڕەپانێکی یاسایی ناوەستێ، بەڵکو لە بواری تاکە کەسێتیشدا بە وشیاریەك دەگات کە بە شێوەیەکی واقعیانە هاوسەنگیەکی سەرکەوتوو لەگەڵ کۆمەڵگا بەدی دێنێ و بە دەزگا دەبێت.

بۆ یەکەمین جارە بە پێی پێویست بە کۆمەڵگا بوون و بەخود گەیشتن لە میانەی یاساوە، لە سەنتەری ژیانی هاوچەرخدا جێگیر دەبێ. لەوانەیە واتادارترین پێشکەوتنی مێژوو ئەوە بێت کە

یەکەمین جارە بە کۆمەڵگا بوون و خودگەرایی بە رەوشێکی لەبار گەیشتوون، توانای بەدیهێنانیان هەیە. هەربۆیە تەنانەت ئەگەرچی لەبەر ئەم هۆیەش بێت دەتوانرێ بگوترێ سەردەمی شارستانیەتی دیموکراسی، سەردەمی مرۆڤایەتی راستەقینە و مافی مرۆڤ و بەخود گەیشتنە.

ز ـ رەهەندە کاتیەکانی شارستانیەتی دیموکراسی لە سەرەتاکانی خۆیدایە. بەڵام دەتوانرێ بگوترێ بۆ یەکەمین جارە ئەو قۆناخەی شارستانیەت تێپەڕ دەکرێ کە هەلومەرجە جوگرافیەکان مۆرکی خۆی لێدەدا. ئەم راستینەیەش بە واتای ئەوە دێت پەرەسەندنی شارستانیەتی نوی هەلومەرجی جوگرافی ناکات بە پێویستیەك. گەشەکردن و بڵاوبوونەوەی تەواوی شارستانیەتەکانی رابردوو لەژێر کاریگەری دژواری جوگرافیادا بوون. ئەم قۆناخە لە میانەی سەردەمی سەرمایەداری کۆتایی پێهات. لە رەوشی ئێستادا جگە لەوەی سەرمایەداری لەهەر پارچەیەکی جیهان لە رەوشێکی ناهاوسەنگی دایە، پێویستی ئەوە نابینێ سەرلەنوێ وەرچەرخان بکات و لە پارچەیەکی دیکەی زەویدا بڵاوبێتەوە. بەدوای ئەوەدا دەگەڕێت لەژێر ناوی جیهانگیری دا لە سەرتاسەری جیهان هەلومەرجێکی یاسایی هاوشێوە بخوڵقێنێ کە بۆ خۆی لەبار بێت و پەیڕەو بکرێت. لە جوگرافیاکی لەبار زیاتر، لە هەلومەرجێکی یاسایی لەبار دەگەڕێت. بە گوێرەی سروشتەکەی ئەوەی مەرامێتی لەژێر یاساوە ئەنجامی بدات، رزگاربوونیەتی لەو پێکهاتانەی دەزگا ئابووری و سیاسیانەی دەبنە کۆسپ. ئەوەی لەم بوارەدا سەرمایەداری نوێ ئەنجامیدەدات نەتەوەپەرستی نییە، بەڵکو کوسمۆپۆلۆتیکە. قۆناخەکانی سەرمایەداری کۆن چەمکی نەتەوەیی و دەوڵەتی نەتەوەیی دەسەپاند، بەڵام سەرمایەداری گەردوونی ئەگەر زۆر ناچار نەبێت نەتەوایەتی و دەوڵەتی نەتەوەیی دەرناخاتە پێش و تەنانەت ئەمانە وەکو کۆسپێکیش دەبینێ. بۆ یەکەمین جارە سوود لە تواناکانی شۆڕشی زانستی تەکنۆلۆژی دەبینێ و بە پێی بەرژەوەندیەکانی خۆی سەرلەنوێ دەزگاکانی جیهانگیری ئاوا دەکات. ئیتر لە جیاتی پێوانە نەتەوەییەکان پێوانەکانی جیهانگیری پەیڕەو دەکرێن. هەموو شتێك بە گوێرەی پێوانەکانی جیهانگیری نرخ و بەهای پێدەدرێ. کاتێك بەها نەتەوایەتیەکانیش لەگەڵی نەگونجێن، فرێدەدرێتە مۆزەخانەی ئاسەوارە کۆنەکان. ئەم هەڵمەتە هاوچەرخەی سەرمایەداری چارەیەك نییە بتوانێ لەو قەیرانە قووڵ و بەردەوامە رزگاری بکات کە تێیدا دەژی. سەرمایەداری لە میانەی وەرچەرخاندا ئامانجی درێژکردنی تەمەن و گەیشتنیەتی بە رەوشی هێزێکی دیاریکراو لە شارستانیەتی دیموکراتیدا. هەربۆیە دەبێ ئاماژە بەوە بکرێ کە سەرمایەداری لە بواری تیۆری و کرداری زوو هەستی بە پێویستی وەرچەرخان کرد. سوودی لە ئەزموونی مێژوویی بینی و لە بەرامبەر سۆسیالیزمی بونیادنراو زووتر کەوتە خۆ و ئەو گۆڕانکاریانەی ئەنجامدا کە شۆڕشی زانستی و

تەکنۆلۆژی دەیسەپاند، بەمجۆرەش باڵابوونی خۆی سەلماند. ئەمە زیاتر بۆ ناوەنـدە پێشکەوتووەکانی سـەرمایەداری لـە جێگـای خۆیدایـە، کـە لـەژێر نـاوی جیهـانگیری تـەواوی جیهـان، سۆسـیالیزمی بونیـادنراویش تێیـدا، سـەرلەنوێ وەکـو زەریایـەك بەخۆیـەوە لکانـدووە. ئەمـەش وایکـردووە پەیوەندیەکانی نێوان ناوەند و کەنار ببێتە کێشە گەرمەکانی جیهانگیری نوێ.

ئەگەر نەتەوە یەکگرتوەکان خۆی نوێ نەکاتـەوە، مسۆگەر وەکو دەزگایـەکی نێودەوڵـەتی تێپـەڕ دەکرێت. یەکێتی و یەکینە هەرێمی و کیشوەریەکان پێویستیەکی هاوشێوەیان بە نوژەن بوون هەیـە. لـە بـواری سیاسیشـدا چـەمکی کلاسـیکی یـەکێتی نێـوان دەوڵـەتان لـە رەوشـێکدایە، نـە دەتوانـێ بـۆ جیهانگیری سەرمایەداری و نە بۆ پێوانەکانی شارستانیەت هاوچـەرخ ببێتـە وەڵام. ئەمـەش ئـەنجامی هاوسـەنگیەکەی نێـوان سـەرمایەداری کلاسـیك و سۆسـیالیزمی بونیـادنراو بـوو. هـەروەکو چـۆن ئـەم قۆناخە تێپەڕ کرا، پێویستە پێکهاتە سیاسیەکانیشی بەلاوە بنرێت.

پێویستە وەکو دەزگای سەرەکی سەربازی هاوپەیمانێتی ناتۆ و وارشۆ کۆتاییان پێبێت. بە گوێرەی ئەوەی لە مێژە هاوپەیمانێتی وارشۆ کۆتایی پێهاتووە، ئەوا هاوپـەیمانێتی نـاتۆش بـێ رۆڵ ماوەتـەوە. پێناسە نوێکانی سەبارەت بە رۆڵەکەشی دەکرێت هیچ واتایەك بە مانەوەی نابەخشێ. هاوپـەیمانێتی سەربازی بەمجۆرە سەردەمیان بەسەرچوو.

ئاستەمە رێکخراوە ئابووریەکان لە سەرووی هەمووشیانەوە سەندوقی دراوی نێودەوڵەتی و بانکی نێودەوڵەتی بە بێ خۆ نوێکردنەوە بتوانن درێژە بە هەبوونی خۆیان بدەن. لۆژیکی ئـەم رێکخراوانـە گۆشـەگیرکردنی وڵاتـەکانی سـەر بـە سۆسـیالیزمی بونیـادنراو بـوو لـە بـواری ئـابووری و بەسـتنەوەی ئابووری وڵاتە تازە پێگەیشتوەکان بە ناوەندە بەهێزەکانی ئابووری. بە گـوێرەی ئـەوەی ئـەم جیهانـە تێپەڕ کرا کە پشتی بەم لۆژیکە قەبەیە دەبەست ئەوا سەرلەنوێ رێکخستنەوەی ئابووری ناچـاریەکە. لە راستیدا نارەزایی دژی جیهانگەرایی دژی جیهانگیری نییە، بەڵکو زیاتر دژی ئەم رێکخستنە کـۆن و ناعادیلانەیە.

سـەرمایەداری هاوچـەرخ کـە بـە پێـی دەرك کـردن بـەم راسـتینانە هـەڵس و کـەوت دەکـات، بـە تایبەتیش لەسەر بنەمای ئـەو ئەزموونانـەی لـە میانـەی شـەڕی دووەمـی جیهـانی و چـەندین شـەڕی هەرێمی و ناوچەیی وەریگرتوە، بۆی روون بۆتەوە بـژاری فاشـیزم رێگـای رزگـاربوون لـە قەیرانـەکان نییە. لە میانەی سوود وەرگرتن لە ئەزموونەکانی دیموکراسیەتی بۆرژوازیەت، وادیـارە بـاوەڕی بـەوە هێنـاوە کـە سـەبارەت بـە ناوەنـد و دەوڵەتـەکانی کـەناریش، خـۆ گونجانـدن لەگـەڵ پێشـکەوتنی شارستانیەتی نوێ باشترین بـژارە. ئەمـەش فاکتەرێکـە لـە بـەرزترین ئاسـتدا دەرفـەتی پەرەسـەندنی

شارستانیەتی دیموکراسی زیاد دەکات. ئەو ناوەندانەی پێشتر لە دیموکراسی رایان دەکرد و هەوڵیاندەدا پەنا ببەنە بەر پاشڤەڕۆتی و فاشیزم، لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم بەدواوە وەکو بژارێکی گشتی بە چوار پەل خۆیان بە سیستەمی دیموکراسیەوە گرێداوە. سەرباری ئەوەی دەستی لەپێشینەیی و پێوانەکانی چینی خۆی بەرنەداوە، ئەوا بۆ ئەوەی هەموو شتێك لەدەست نەدات چینێکە لە تەواوی چینەکانی دیکە زیاتر دەرکی بە پێویستی پەیرەو کردنی پێوانە گشتیەکانی دیموکراسی کردووە.

بێگومان شارستانیەتی دیموکراسی دیاردەیەك یان داهێنانێکی سەرمایەداری نییە. هەروەکو لە بەشی پەیوەرستداردا ئاماژەمان پێکرد قۆناخێکی مێژوویی و کۆمەڵایەتیە لەپێناو دەرکەوتن لە قەیران. ئەوەی سەرمایەداری لەم بوارەوەوە سەرکەوتنی بەدەست هێنا، ئەوە بوو زوو لە قۆناخ تێگەیشت و خۆی لەگەڵدا گونجاند. سۆسیالیزمی بونیادنراویش کە لە کاتی خۆیدا دەرکی بەمە نەکرد و خۆی لەگەڵ نەگونجاند، بۆیە لە هەڵوەشان رزگاری نەبوو. چونکە لە ئەنجامدا لۆژیکی سەردەم و هێزی سورەکەی، فاکتەری یەکلایی کەرەوەیە.

داکەوتنی رەهەندی کاتی شارستانیەتی دیموکراسی بۆ پلەی دووەم بەرەو لێپرسینەوەی چلۆنایەتی پێشینەکەیمان دەبات. تایبەتمەندێتی گەردوونی پەرەسەندنی تەکنۆلۆژی و زانستی، فاکتەری هەرە سەرەکییە. زانست و تەکنۆلۆژیا دوو بەهای کۆمەڵایەتی سەرەکین کە موڵکی تەواوی مرۆڤایەتین. کارەکتەرێکی هاوبەشی ئەوتۆیان هەیە ناتوانرێ بکرێ بە موڵکی شارستانیەتێك یان چینێك و نەتەوەیەك. تەواوی مرۆڤایەتی بەشداری تێدا کردووە. ئەو یەك دوو هەنگاوە بچووکەی کۆمەڵە سەرەتاییەکانی سەردەمی هۆڤێتی هاوێشتوویانە، لەو هەنگاوانە کەم بایەختر نییە کە زانایە ئەمریکی و ئەوروپاییەکان هاوێشتوویانە. مێژوو ئەوە نیشاندەدات کە تەنیا لە ساڵانی ١٦٠٠ ی زایینی پێشکەوتنێکی زانستی ئایدیۆلۆژی ئەوتۆ هاتە ئاراوە کە هاوتای ئەو پێشکەوتنە بێ کە لە ساڵانی ٦٠٠٠ تا ٤٠٠٠ پ.ز لە هیلالی بە پیت ئەنجامدرا. بە گشتی کۆك بوون لەسەر ئەو بۆچوونە کە پێشکەوتنەکانی زانست و ئامرازەکانی سەردەمی نیۆلیتیك ئەنجامی گشتگیر و گەردوونی لە بواری مرۆڤایەتی و کات و بەرفراوانیدا خوڵقاند.

دوای ئەوەی زانست و تەکنۆلۆژیا تایبەتمەندێتی گەردوونی لەخۆوە گرت و شێوازی کۆن لە سەرلەنوێ دابەشکردنی جیهاندا بێمانا بوو، دیاردەیەکن بۆ یەکەمجارە بەم گشتگیریە بەدی دێن. ئەو دیاردانە نیشاندەدەن ناتوانرێ پەیوەندیەك لە نێوان بڵاوبوونەوەی جوگرافی و پێشکەوتنی ئاوا بکرێ. ئەم راستیەش داکۆکی لەسەر ئەوە دەکات، ناتوانرێ شارستانیەتی دیموکراسی وەکو بەرهەمی

ناوچەیەکی دیاریکراو هەڵسەنگێنرێ، بەڵکو هەروەکو زانست و تەکنۆلۆژیا داهێنانێکی گەردوونیە. بەهادارترین بەرهەمی شارستانیەتە و لە میانەی ئەزموونی درێژخایەنی مرۆڤایەتی پاڵێوراوە. جارێکی دیکە باس لە گەشەکردن و گشتگیری و شێوەبەندیەکەی ناکەین چونکە پێشتر لە چوارچێوەی پێناسە کردندا ئاماژەمان پێکردبوو. هەوڵدەدەین ئەو رەوشە روون بکەینەوە کە لە میانەی رەهەندی گەردوونیەوە ئەنجامدراوە و لە بواری فێربوونەوە سوددمەندە.

بەرلە هەموو لایەك ناوەندە بەهێزەکانی سەرمایەداری توانای گەیشتن بە شارستانیەتی دیموکراسیان نیشاندا. ئەم تایبەتمەندێتیەش پەیوەندیەکانی نێوان شارستانیەتی دیموکراسی و پەرەسەندنی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی دیاری دەکات. راستتر ئەوەیە کاریگەری شارستانیەتی دیموکراسی لەسەر گەشەکردن یەکلا کەرەوەیە. کامە دەوڵەت و سیستەمی کۆمەڵایەتی بە شێوەیەکی گشتگیر ئەم پەرەسەندنە بەخۆیەوە ببینێ، پێکهاتە ئابووری و سیاسیەکەی زیندووتر و بەرەوبوومتر دەبێ. هەروەها لەبەر ئەوەی ناوەندە پێشکەوتووەکانی سەرمایەداری بە شێوەیەکی بەرفراوان و زوو دەرکیان بەم رەوشە کرد، توانیویانە ببنە پێشەنگی پێشکەوتنەکانی سەردەمی نوێ. لە بواری لێکۆڵینەوەی وردەکارانەی تیۆری و کرداری دیموکراسیانە و هەرس کردن و پراکتیزە کردندا، زۆر بەرەو پێشەوە چوون.

لەم بوارەدا ئەوروپا رۆڵی پێشەنگ دەبینێ. هەرچەندە هەندێ جیاوازییان لە نێواندا هەبێت، بەڵام تەواوی وڵاتانی ئەوروپا دەرکیان بە پێویستی هەرس کردن و پێشخستنی سیستەمی دیموکراسی کردووە. بە تایبەتی ئەو ئامارە مەزن و خوێناویەی پێکدادانە ئایینی و نەتەوەییەکان رێگایان لەپێش کردەوە و بە سەدان ساڵی خایاند، ئەوروپای بەرەو ئەم ئاقارە برد بە شێوەیەکی توند و چڕ بە کارەکتەری ئاشتیخوازی و تەبایی و دیموکراسیەوە بئاڵێ. چارەسەر کردنی کێشە هەمە جۆرەکان لە رێگای رێککەوتن و بە بێ پەنابردنە بەر توندوتیژی گرنگترین تایبەتمەندێتی کلتووری نوێی سیاسییە، ئینجا ئەم کێشانە چەندە ئاڵۆز بن و کێشەکان مەسەلەی سنووری سیاسی بێت یاخود جیاوازی ئایینی و ئایدیۆلۆژی و فاکتەری ئەتنیکی و نەژادی. پێ بە پێ پەرەسەندنی دیاردەی یەکێتی ئەوروپا گوزارشتی هەرە بەرجەستەی ئەم پەرەسەندنانەیە. یەکێتی ئەوروپا تەنیا یەکێتیەکی سیاسی نییە بەڵکو پرنسیپێکی گشتییە. ئەم یەکێتیە کێشەی بەرفراوان بوون و قووڵ بوونی هەیە. شیمانەی هەرە مەزن کۆکردنەوەی تەواوی وڵاتانی ئەوروپایە لەژێر سایەی فیدراڵیەتێکدا. ناشێ رێگا بە ئەوروپایەکی دواکەوتووتر بدات. چاوەڕوانی دەکرێت لە میانەی ئەم پرۆژەی شارستانیەتی نوێ کاریگەری لە تەواوی جیهان بکات. هێندەی شارستانیەتی دیموکراسی

بەرفراوان و قووڵبکاتەوە بەو ئەندازەیە دەتوانێ پایەی پێشەنگایەتی خۆی لە جیهان تۆکمەتر بکات. بەڵام بەردەوامبوونی ئەو هەلومەرجەی سەرمایەداری هێنایە ئاراوە و رەگ داکوتانی ژیانی سەرمایەداری، هەڵگری ئەم وزە شاراوەیە نییە بتوانێ ئەم رەوشە زیاتر بەرەو پێشەوە ببات. نوێنەرایەتی هێزە راسترەوەکانی گەشەکردنی شارستانیەتی نوێ دەکەن. هەروەکو لە چەندین پێشکەوتنی شارستانیەتی دیکە بینراوە، پێویست دەکات رۆڵی ناوەندی لە گۆڕەپانێکدا پێشبکەوێت کە زۆر دووریەتی و تەنانەت لەگەڵێشیدا ناکۆك بێت. ئەوەی ئەم رۆڵە لە ئەستۆ دەگرێ، لە هەلومەرجی جوگرافی ئەو گۆڕەپانە زیاتر هەلومەرجی کلتووری پایەیەکی یەکلاکەرەوەی دەبێت.

تا رادەیەکی مەزن ئەوروپا وزەی شاراوەی خۆی بەکار هێناوە. شتێکی نوێ نەماوە بیخوڵقێنێ. لەبەر ئەوەی هزر و رۆحی سەرمایەداری پەردەیەکی پتەوی پێکهێناوە ڤەبوونی بەرەو کەسایەتی شارستانیەتی نوێ سنووردار دەبێ. بەڵام دیسان بەهۆی ناکۆکیە ناوخۆییەکان زۆربەی کەسایەتی و ناوەندەکانی هێز، رۆڵێکی بونیادگەرایی لە شارستانیەتی نوێ دەبینن. ناتوانرێ نکۆڵی لە تەواوی خاسیەتەکانی ئەوروپا بکرێت، مەگەر پاشڤەرۆکان ئەمە ئەنجامبدەن، بەڵام ئەمەش دەرفەت بە پەرەسەندن نادات. ئەوەی پێویستە ئەنجام بدرێت، لە میانەی هەڵوێستێکی رەخنەگرانەوە چی بە کەڵکی وەرگرتن دێ وەربگیرێ، توێکڵە موحافەزەکارەکەش تێك بشکێنرێ و فڕێ بدرێت. بەهۆی ئەوەی ئەوروپا لە میانەی کاردانەوەی خۆی توانای بەدی هاتنی شارستانیەتێکی نوێی نییە، تەنیا رۆڵی بەشداریکردن دەبینێ. هەڵوێستی هەرە راست ئەوەیە، نە نکوڵی لێبکرێت و نە چاوەڕوانی رۆڵی فریادڕەسی لێبکرێت. بەڵکو شیکردنەوە و بەرجەستەکردنی هێزی تێپەڕکردنی لە میانەی ناسنامەیەکی نوێی ئایدیۆلۆژی، پێویستیەکی ئەم هەڵوێستەیە. بەمرەنگە ئەوروپا بە رەوشێك دەگات؛ وەك ئەو سەردەمەی ناوەندەکانی شارستانیەتی سۆمەر، میسر، گریك و رۆما پێیدا دەرباز بوون. لە راستیدا دەربازی ئەم قۆناخە بووە. پێویست دەکات بە قووڵایی لەنێو ئەم قۆناخەدا بژیت. هەر لە ئێستاوە چەندین وڵاتانی کەنار وەکو ناوەندێك ئەوروپایان تێپەڕ کردووە. لە کاتێکدا ئەوروپا پیر دەبێت، نەوەکانی کامڵ دەبن.

ئەمریکا کوڕێکی لەخۆبایی ئەوروپایە و لە کیشوەرێکی دیکە لە دایك بووە. جوگرافیای دەست لێنەدراو و لەباری باکوری ئەمریکا دەرفەتی پێدا بە خێرایی مەزن بێت. ئەم جوگرافیایەی رەوتەکانی (مغامرة)ی ئەوروپیەکانی بەخۆیەوە بینی، هیندە سوورەکانی رووبەڕووی قڕکردن کردەوە. دوای بەرخودانێکی دیاریکراو لەم دوو سەدەیەی دوایی سەربەخۆیی خۆی بەدەست هێنا و لە گەڵێك بواردا باڵابوونی بەدەست هێنا. ئەو کۆچەی لەهەر چوارلای جیهان روودەدات مۆدێلێکی دونیای

هێناوەتــە ئــاراوە. دەشــێ ئەمــە بــە جیهــانی تــازە پێگەیشــتووەکان نــاو ببرێــت. لــەخۆبایی و هــیچ نەدیتیەکــەی لــەم تایبەتمەندێتیــەوە سەرچــاوە دەگرێــت. ئــەو دانیشــتوانەی بــە رق و تــووڕەیی ژێرکەوتنەکانی وڵاتی خۆیان دەجووڵانەوە؛ جیهانێکی رۆحی بێ ویژدان و پێکهاتەیـەکی لۆژیکی بـێ هەســتی پێکهێنــاوە کــە بــێ زەیینانەیــە، هــەموو شــتێکی پارەیــە و لــە تــەواوی پێوانــەکانی دا بەرژەوەنــدیخوازی و براگمــاتیزم بــە بنــەما دەگرێــت. دەتــوانرێ بگــوترێ تــەواوی نارەســەنەکانی مرۆڤایەتی لێرەدا کۆبوونەتەوە و بوون بەیـەك و جیهـانێکی دژیـان پێکهێنـاوە. ئەمـەش دوالیزمێکـی خوڵقاندووە، وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە لایەك و جیهان لە لایەکی دیکەوە.

ئەگەر بڵێین سەدەی بیستەم سەدەی ئەمریکایە تا رادەیەك و لە هەنـدێ بـوارەوە راسـتە. رۆڵ و بەشـدارییان لـە زانسـت و تـەکنۆلۆژیا لەپێشـەوە دێـت. لـە پێشخسـتنی شارسـتانیەتی دیموکراسیشـدا ناتوانرێ رۆڵی بچووك بکرێتەوە. لەگەڵ ئەوەی لە هەر دوو لایەندا تەواوکـەر و پاشـکۆی ئەوروپایـە، بەڵام لە بواری جیهانگیریدا هـەلگری هـەنگاوی خێـرا و بـەهێزترە. لـە کۆتاییـەکانی سـەدەی بیسـتەم خۆی لە لوتکەدا دەبینێ. بەڵام مسۆگەرە لە ناو خۆیدا دووچاری شپرزەیی هاتووە. تەنانەت ئەگەر لە دوا رۆژگارەکـانی ئیمپراتۆریــەتی رۆمــاش نەچــێت، بــەڵام دیســان لــە جیــاتی بەرزبوونــەوە زیــاتر نیشانەکانی رووخانی پێوە دیارە. ئەو داگیرکاریە نوێیەی خواستی بۆ جیهان پێشی بخات لە کەسایەتی ڤێتنام، تێپەڕ و بەلاوەنرا. هەرچی هەنگاوەکانی جیهانگیریە رۆژ بە رۆژ نارەزایی بەرامبەر زیاد دەبێ و گۆشەگیر دەبێ. باڵادەستی جیهان لە میانەی نەتەوە یەکگرتووەکان و سەندوقی دراوی نێودەوڵـەتی و ناتۆ زۆر بە سستی بەڕێوە دەچێت و خەرجیەکەی گران دەکەوێت؛ هەروەکو دیارە تێپەڕکردنی ئەم سەروەرییە لە سەدەی بیست و یەکەم و کەوتنە ریزی دووەمەوە، ناچاریەکە.

دەشێ ئەم رەوشەی ئەمریکا وەکو رەنگدانەوەیەکی ئەوروپاش ببینرێ. ناشێ بیر لەوە بکرێتــەوە ئەو رەوشەی ناوەند و دایك دووچاری دێت رۆڵەکانی پێیدا دەرباز نـابن. شـتێکی نـوێ لـە ئارادانییـە. وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا بۆ سەردەمی شارستانیەتی دیموکراسی ئەنجامی بدات. بەڵام دیسان ئـەو رۆڵە سنووردارەی لە جیهان دەیبینێ لەگەڵ رۆڵی یـەکێتی ئـەوروپا دەگونجێ. ئـیتر لـەخۆوە گـرتن و تێرخۆراك کردنی مەیلەکانی سەرەڕۆیی و فاشیزم دژی بەرژەوەندیەکانێتی. هێزێکی بەمجۆرەی نییە بتــوانێ دەســتێوەردانی راســتەوخۆ و ئاشــکرا ئــەنجام بــدات. بــە پشــت بەســتن بــە هێــزی زانســتی ــ تــەکنۆلۆژی و لــەژێر دەمــامکی دیموکراســیەت و جیهــانگیری درێــژەدان بــە تەمــەنی خــۆی کردۆتــە ســتراتیژیەتێکی ســەرەکی. مســۆگەرە لــە نــاوەوە و دەرەوەش رووبــەڕووی لێپرســینەوە دەبێتــەوە و سنوورێك بۆ کاریگەریەکەی دادەنرێت. ئەو رەوشەی سەردەمێك جیهانی گریك بەرامبەر رۆما پێیـدا

دەرباز بوو، ئەمڕۆ لە دووانەی ئەمریکا و ئەوروپا دەبینرێ. هەروەکو بڵێی مێژوو دووبارە دەبێتەوە. سروشتییە کە چارەنووسیشیان لە یەکتر بچێت. هەروەکو چۆن پەلاماری بەربەریەکان قۆناخی رووخانی رۆمای خێرا کرد، ئەوا ئەو رەوتانەی شوێنگەیەکی هاوشێوەیان هەیە هەرچەندە بە بەربەرەکانی جیهانیش ناوزەد نەکرێن، رۆڵێکی هاوتا دەبینن لە قەیران و هەڵوەشانەوەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. شێوازی دیالیکتیکی سەدەی بیست و یەکەم پێشبینی دەکات، ئەمریکاش دووچاری هەمان ڕەوشی سۆسیالیزمی بونیادنراوی روسیا بێت.

ئاسیای کیشوەری دایکی شارستانیەتەکان پێشکەوتنێکی پارچە پارچە بەخۆیەوە دەبینێ. ناتوانرێ باس لە شوێنگەی رەسەنی هیچ یەکێك لەمانە بکرێت؛ لە باکوور و ناوەڕاستی ئاسیا هاوپەیمانێتی کە روسیا رێبەرایەتی دەکات، چین لە رۆژهەڵات و زەریای ئارام، هیند لە باشوور و یابان و ئوستراليا هیچ رۆڵێکیان نییە و تەنیا بەردەوامی شارستانیەتی رۆژئاوان.

روسیا و روسەکان نە تەواو ئەوروپایین و نە ئاسیایین، لە نێو دوالیزمێکی قووڵدا دەژین. دوورن لە گەیشتن بە رەسەنایەتی. هەوڵدانیان بۆ رێبەرایەتی کردنی سۆسیالیزمی بونیادنراو هەم بۆ روسیا و هەم بۆ جیهان بەگرانی بۆتەماڵ. رۆڵێکی گرنگیان هەیە لە دەربازبوونی سەدەی بیستەم بە شێوەیەکی خوێناوی و خەمگینی. لە رێگای شێوە دۆگماتیك و یۆتۆپیا بێواتاکان هەوڵیاندا لەژێر ناوی سۆسیالیزم، کراسی شێتایەتی لە مرۆڤایەتی بپۆشن. کاتێك لەوەدا سەرکەوتنیان بەدەست نەهێنا پەنایان بردە بەر سیاسەتی خۆدزینەوە و هەروەکو بڵێی هیچ بەرپرسیارێتیەکیان نییە، بێ ئابڕوویی و داتەپینی خۆیان سەلماند. بەمجۆرە لە دێوەزمەی کۆمۆنیزمەوە بەرەو لایەنەکەی دی چوون و کەسایەتی مافیای سەرمایەداریان هەڵبژارد و بەمجۆرەش بە بێ هیچ دوودڵیەك گوزارشتیان لە دووڕوویيە دارزاوەکەیان کرد. ئێستاکەش لە نێو رەوشێکی حەپەساویدان و نازانن بە کام ئاقاردا دەچن. هەروەکو دیارە دوو لایەنیەکەی کەسایەتیان بەردەوام دەبێت. لە کاتێکدا سەرمایەداری قووڵ دەکەنەوە لە دەربازبوون بەم رەوشە درەنگ ناکەون کە لە رەوشی سۆسیالیزمی بونیادنراو دەچێت. هەر کاتێك بکەونە خۆ هەوڵدەدەن کاریگەری خۆیان زیاد بکەن بە تایبەتیش لە ئاسیای ناوین و قەفقاسیا. بەڵام چاوەڕوانی ناکرێت رەوشیان لە سەدەی بیست و یەکەمدا بگاتە ئەو ئاستەی سەدەی بیستەم. وەکو ناوەندێکی کەنار دەبێ شوێنگەی خۆیان پتەو بکەن و بە قۆناخی خۆماڵی بوون دەرباز ببن. هەوڵدەدەن لە بواری زانست و تەکنۆلۆژیا و شارستانیەتی دیموکراسی لاسایی ئەمریکا و ئەوروپا بکەنەوە، بیر لە ئەرکێکی رەسەن ناکەنەوە.

دەشێ چین پەرەسەندنی سەیر بەخۆوە ببینێ. تاوەکو ئێستاش توانیویەتی هاوسەرێتیەکی دژێو لە بواری ئابووریدا لەگەڵ سەرمایەداری و لە بواری سیاسیشدا لەگەڵ سۆسیالیزمی بونیادنراو درێژە پێبدات. ئەمەش تەواو هاوسەرێتیەکی نامەشروعانەیە. مەزنی ژمارەی دانیشتوان و چالاکبوونیان، رێگا لەپێش مەزنبوونێکی ئەژدەها ئاسایانە دەکاتەوە. تاکو ئێستا دیار نییە تا چ رادەیەك لە داهاتوو دەبێتە شارستانیەتێکی رەسەن. لە مێژوودا بالآبوونی چین و بە توانایی لە لاسایی کردنەوەی شارستانیەتە مەزنەکاندا دەبینرێ. دەشێ بگوترێ چینیەکان لاسایی کەرەوەیەکی کارامەن. یابانیەکان و گەلە هیندۆ ـ چینیەکانیش جێگای خۆیان لەناو ئەم لێشاوە دەگرن. بە شێوەیەکی نایاب لە لاسایی کردنەوەی سۆسیالیزمی بونیادنراویش سەرکەوتن. تاکو ئێستاکەش هەموو بوارە بە سوودەکانی هەر سیستەمێك وەردەگرن. دیار نییە بەرامبەر بەمە چی لە جیهاندا بڵاودەکەنەوە. شیمانەی بڵاوکردنەوەی ئاشتی و ئارامی بەهێزە. بەڵام لە کاتێکدا لەگەڵ هەر هێزێکی جیهان بکەوێتە نێو شەڕەوە، لە سەرووی ئەو هێزانەوە دێت کە توانای نانەوەی کارەساتیان هەیە. هەروەکو دیارە دەبێتە هێزێکی هەڵکشاو لە سەدەی بیست و یەکەمدا. چۆنیەتی دەرئەنجامی ئەم هاوسەرێتیە دژێوە بابەتێکی جێگای مەراقە. بەڵام نابێ چاوەڕوانی بکرێت کە ببێتە ناوەندی دەرچوونی شارستانیەتێکی جیاواز. بەڵام چینییەکان لە سەرمایەدارەکان زیاتر نوێنەرایەتی سەرمایەداری دەکەن، لە کۆمۆنیستەکان زیاتر نوێنەرایەتی کۆمۆنیستی دەکەن، لە میانەی نیشاندانی تواناکاری جامبازی تەنیا دەتوانن بە لاسایی کردنەوە بەرەو پێشەوە بچن. هیچ پەیوەندیەکیان لەگەڵ سەنتێزێکی نوێ نییە.

بەڵام هەروەکو دیارە رەوشی هیندستان لە کلتووری رەسەنی خۆی زیاتر، ئەم باڵادەستیە کلتووریانە قووڵ دەبێتەوە کە بە درێژایی مێژوو لە ئارادابوون. لە سەردەمێکی مێژوودا هیند لە میانەی دەنگدانەوەی دەنگی کلتووری ئاری پێشکەوت، بە براهمانیزم گەیشت و بودای خوڵقاند. کلتووری ئیسلامی بەخۆوە بینی. بە قووڵایی دەرەبەگایەتی کردە موڵکی خۆی. داگیرکاریەك نەماوە نەیناسیبێ و هەرسی نەکردبێت. بەمجۆرە رەوشی لەو ژنە دەچێ کە لەگەڵ هەر داگیرکاریەك دەخەوێ و دواتر لێی بە خاوەن دەردەکەوێ. هەروەکو بڵێی لەو مێردە ئینگلیزەی سوودمەند بێت کە لەگەڵ سەرمایەداریدا کردی بە هاوسەر. دەتوانێ دیموکراسیەتی ـ لیبرالی پراکتیزە بکات. دەشێ لە بواری زانست و تەکنۆلۆژیادا بە ئاستی ئەمریکا بگات. خاوەنی مۆزائیکێکی گەلەرییە کە لایەنی ئاشتیخوازی لەپێشە. وەکو هەمە رەنگترین کلتوور جێگای خۆی لە نێو نەریتی ئاسیادا دەپارێزێ. بەڵام زۆر لە هەنگاونانی بەرەو شارستانیەتێکی نوێ دوورە. پەرەسەندنی راستگۆیانەی خۆی لەسەر

رێبازی ئینگلیزی درێژە پێدەدات. لەم چوارچێوەیەشدا دەتوانێ ناسنامەی مێژوویی خۆی بپارێزێت و پێشکەوێت و درێژە بە هەبوونی خۆی بدات.

ئاسیا چەندین کلتووری مارژینالی وەکو تورکەکان و ئێرانیەکان و ئەندەنوسیەکانی هەیە. بەڵام ئەمانە زیاتر بە گوێرەی ئەوە گونجاوترن جێگای خۆیان لەناو هاوسەنگی رۆژهەڵاتی ناوین بگرن. ناشێ چاوەڕوانی بکرێت روسیا و چین و هیند لە بۆتەی ئاسیای هاوبەشدا ببن بەیەك. وا دیارە لە میانەی ئەو گەوهەرەی هەنووکەیان ناتوانن بگەن بە ئاستی ئەمریکا یاخود یەکێتی ئەوروپا. تەنانەت رەوشێکی رێککەوتنی گشتیشیان لە ئاسۆدا نابینرێ. ئاسیا تا ئێستا لە مێژوودا چۆن بووە هەروا دەمێنێتەوە و درێژە بە رەوشی بەرەی دواوەی تەواوی شارستانیەتەکان دەدات. بەڵام هیچ کاتێك دەست لەو رەوشەی بەرنادات کە خۆی بە زەبەلاحی نیشاندەدات.

بەڵام ئەمریکای لاتین تێکەڵەیەك و بەردەوامی ئەوروپا و وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکایە. ئەو پەیوەندییەی لەگەڵیاندا ئاوای کردووە، رێگای لەپێش هەمە رەنگیەکی نایاب کردۆتەوە. هەمە رەنگی نەژادی و کلتووری و سیستەمەکانیان بە جوانیەکانیانەوە چەندە سەیر و سەرنج راکێشە؟ ئاستەمە رەسەنێتیەك لەمە دەربکەوێت بەڵام کلتوورێکی ئامادەیە بۆ دەرکەوتنی قارەمانێتی و رەسەنایەتی تاك. دەشێ درێژە بە خوڵقاندنی کەسایەتی لە جۆری **بۆلیڤار** و **گیڤارا و زاپاتا و کاسترۆ** بدات. پێویستە چاوەڕوانی نەکرێت وەکو چین و هیند لاسایی برا گەورە بکەنەوە. روکاری یاخیبوونیان هەیە، بەڵام ئاستەمە لە میانەی کەسایەتی موتوربە کراویان بتوانن هەنگاوێکی شارستانیەتی نوێ بخوڵقێنن. بەڵام دیسان چاوەڕوانی دەکرێت لە میانەی هەنگاوی شۆڕشگێڕی نوێ، نوێنەرایەتی کیشوەر و کلتوورێك بکەن کە ئاواتەکانی نوژەن بوون بە زیندوویی بهێڵێتەوە. بە سانایی دەست لەوە بەرنادات بەردەوام ئەو کەسایەتیە دڵسۆز و شەرەفمەندانە بن بۆ ئەوانەی دووچاری تەنگەتاوی دێن. بەڵام هێزەکەیان توانای خوڵقاندنی سیستەمێکی نییە. تەنانەت دەتوانرێ هەرس کردنی شارستانیەتی دیموکراسی هاوچەرخ لە سەدەی بیست و یەکەمدا بۆیان بە سەرکەوتنێك لە قەڵەم بدرێت.

لە نزمترین ئاستدا ئەفریقیای رەش درێژە بە رۆڵی خۆی دەدات. نەژادی رەش وەکو کێشەیەکی مەزن بەردەوام دەکات. نەخۆشی ئایدز (AIDS) سەمبۆڵێکی ئەم راستینەیە. وەکو کیشوەر هەموو تواناکاریەکی هەیە کە بتوانێ ببێتە دایکێکی گەشاوە. بەڵام بە دەستی مێردە خراپەکانی ناوخۆ و دەرەوە، وا بە سانایی لە رەوشی خراپ رزگاری نابێت. ئەگەر درەنگیش بکەوێت، لە دایکبوونی لە شێوەی دایکێکی رەشی جوانکەلە دەبێت. دەبێتە گۆڕەپانێك زۆر بە سانایی ئەو شارستانیەتەی لێ بلاو

دەبێتەوە کە ڕەنگ و مۆری ژنی پێوەیە نەك پیاو. ئەمریکای لاتین و هیندیش پەیڕەوی دەکەن. لەهەر سێکیاندا نەریتی ژن و دایك بەهێزە و ئومێد بەخشن. ئەگەر درەنگ بکەوێت و ئاستەمیش بێت، ئەفریقیا بەرخودان دەکات و لەوانەیە لەگەڵ سەرکەوتنی تەواوەتی پێشکەوتنی شارستانیەتی نوێ، بە ناسنامەی ڕاستەقینەی خۆی بگات.

لە بەرامبەر پەرەسەندنی شارستانیەت، ئەو دۆگماتیزمەی پشتی بە بەردەوامکردنی کۆن دەبەستی و هێزی یۆتۆپیای گوزارشت لە خەیاڵەکانی دیاریکردنی نوێ دەکات، دووچاری تێکشکانێکی مەزن هاتن. بە گومانەوە پێشوازی لە تواناکاریەکانیان سەبارەت بە پەلکێشکردن دەکرێت. قۆناخی هاوشێوەی ئەمە لە مێژوو دەبینرێ. لە سەردەمی کەوتن و وەرچەرخانی شارستانیەتی سۆمەر لە دوای سالآنی ٢٠٠٠ پ.ز و هەڵوەشانەوەی دیدگای کۆیلەداری لە سەرەتاکانی زایین و قۆناخەکانی دەرکەوتنی جوڵانەوەی ڕێنسانس لە سالآنی ١٥٠٠ ی زایینی، هەموویان قۆناخی هاوشێوەی ئەمەن و تێیدا گومان سەبارەت بە رابردوو زیاد دەبێت. لێگەڕین و ڕەشبینی سەبارەت بە ئایندە بەناویەکداچوونە. جیهانی ٢٠٠٠ ڕەوشێکی هاوشێوە بەخۆوە دەبینێ. لە کاتێکدا دۆگماتیزم لە پەلەقاژەی لەناوچوون دایە، ئەو ڕەوشەی ئۆتۆپیاش تێی کەوتووە خەیاڵەکان پووچەڵ بۆتەوە، کاریگەری پراگماتیزمی مرۆڤایەتی سڕ کردووە و بێ جۆش و تا ڕادەیەکیش بێچارەی هێشتۆتەوە. بە تەواوی فەلسەفەی ڕۆژانە پەیڕەو دەکرێت. تواناکاری ئافراندنی خەیاڵی نوێ لە لایەن سەرمایەداری لە ئارادا نییە. ئەمریکا ئەم خەیاڵە نوێیانە لە میانەی فلمەکانی هۆلیۆد دەخوڵقێنێ، بەڵام ناتوانرێ لە ڕێگایەوە بۆ ماوەیەکی درێژ مرۆڤایەتی بخەڵەتێنێ و خەریکی بکات. ئەو براگماتیزمەی لە میانەی کۆمەڵگای بەکاربردن پەیڕەو دەکرێت، ناتوانێ پێکهاتەیەکی نەریتی فەلسەفی بنەڕەتی و خەیاڵێك بخوڵقێنێ، چونکە ئەمە لەگەڵ گەوهەرەکەیدا ناکۆکە. لە هەموو بوارێکدا پرەنسیپی ژیانی ڕۆژانەیی پەیڕەو دەکرێت. ئەمەش چەمکی قۆناخەکانی قەیرانە کە بەسەربردنی ژیانی ڕۆژانە بە بنەما دەگیردرێ. سەقەتیە هەرە سەرەکیەکەی بنەمای ئۆتۆپیای کۆمۆنیزمی، نیشاندانی پراکتیکی ناکۆك بوو لەگەڵ ئەو ئامانجانەی بۆی تێدەکۆشا لە میانەی نموونە نەرێییەکەی سۆسیالیزمی بونیادنراو گۆمانێکی مەزن بەرامبەر بە سەرنج ڕاکێشی سۆسیالیزم پێشکەوت. سۆسیالیزم پێویستی بە هەوڵ و کۆشش هەیە لەپێناو نوێبوونەوە و وەرچەرخانێکی ڕیشەیی.

بەرامبەر بەو ڕاستینەیە مرۆڤی ئەم چاخەمان ناچارە سەرلەنوێ بکەوێتە نێو لێگەڕینێکی مەزنەوە. دەشێ لە میانەی ئەو تواناکاریەی بە دەستیەوەیە ڕۆژی خۆی بباتە سەر، بەڵام ناتوانێ پێکهاتەیەکی بنەڕەتی بۆ ئاییندە ئاوا بکات. بە ڕەوشێك گەیشتوە چاوەڕوانی فریاکەوتن لە لایەن

دۆگماکان ناکات. ئەزموونی ئەوەشی بینی کە بە دواکەوتنی ئەو ئۆتۆپیایانەی هەڵگری بناخەیەکی زانستی و تەکنۆلۆژی پێویست نین، ئەنجامێکی جیاواز لەوەی دۆگماتیزم لەگەڵ خۆیدا ناهێنێ. لەگەڵ ئەمەشدا لە نێو گەورەترین شۆڕشی زانستی ــ تەکنۆلۆژی سەردەم دەژی. ئەو شارستانیەتە دیموکراسیەی ئەم بناخەیە دەرفەتی پێداوە، تەواوی جیهانی راپێچ کردووە. بەڵام خودی شارستانیەتی دیموکراسیش لەوە دوورە بتوانێ ئەو جەمسەرە دژانە نەرم بکات تەنانەت قۆناخی بەربەریەتیشیان دەرباز کردووە، هەروەها هەر نەیتوانیوە لە میانەی پلاتفۆرمی گونجاوی تەبایی چارەسەری ئاسان بکات، تاکو ئێستا لاوازی نەبوون بە ریشەیی و هەمیشەیی و درێژخایەنی بەلاوەنەناوە. لە راستیدا ئەم قۆناخەی لە ئارادایە قۆناخێکی مێژووییە پێویستە لە میانەی ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە و قووڵکردنەوەی لێگەڕینەکان و بینینەوەی چارەسەری ریشەییانە بەسەر ببردرێن و درێژخایەن و ناچارییە. بە بێ تێپەڕ بوون بەم قۆناخە توانای پەڕینەوە نییە. لە رەوشێکی پێچەوانەدا هەروەکو لە کۆمۆنەی پاریس و چەندین نموونەی کارەساتی سۆسیالیزمی بونیادنراو دەرکەوت ناتوانرێ رێگا لەپێش دەرئەنجامی تێکدەرانەی چارەسەریە پێنەگەیشتووەکان بگیردرێ.

ئەو ئەنجامە پڕ لە مەینەتیانەی چەندین پراکتیکی شۆڕشگێڕی خاوەن ئامانجی بەرز و پیرۆز دووچاری هاتن، گرێدراوی ئەم راستینەیە. سەنتێزێ نوێی مرۆڤایەتی سەردەمی شارستانیەتی دیموکراسی، لە ئەنجامی چەندین تێز و دژە تێزی هەمە لایەن و ئاڵۆز و لە میانەی تێکۆشانێکی هەمەڕەنگ و گەردوونی و مرۆڤانە بەدیدێت، کە جگە لە مافی بەرگری رەوا جێگای توندوتیژی تێدا نابێتەوە. لەگەڵ ئەوەی لە گەلێك ناوەندی جیاوازی جیهاندا ئەم توانستانەی پێشکەوتن لە ئارادایە، بەڵام چاخەکەمان زۆر لەوە دوورە بتوانێ سەنتێز بخولقێنێ. جارێکی دیکە ئاراستەکردنی چەمك و توانای چاودێری و بەدواداچوونمان بۆ نەریتی کلتووری رۆژهەڵاتی ناوین کە سەرلەنوێ بۆتە لانکەی شارستانیەت و لاوێتی خۆی ئافراندووە، هەڵسەنگاندنی وزە شاراوەکەی و ئاسۆکەی لە هێنانە ئارای سەنتێزێکی شیمانە بۆکراو، گەوهەرێکی چارەنووس ئامێزانە لەخۆوە دەگرێت.

# بەشی پێنجەم

# ئایا نەریتی کلتووری رۆژهەڵاتی ناوین

# دەتوانێت ببێتە سەنتێزی شارستانیەتی نوێ؟

# ئایا نەریتی کلتووری رۆژهەڵاتی ناوین دەتوانێت ببێتە سەنتێزی شارستانیەتی نوێ؟

ڕۆژهەڵاتی ناوین وەکو گۆڕەپانێکی هەلومەرجی جوگرافی خوڵقێنەری شارستانیەت، واقیعی نییە بۆ قۆناخی ئاییندە باس لە ڕۆڵی مێژوویی بکرێت. بە پێچەوانەوە بە هۆی زیادبوونی چۆلەوانی و گەرمایی و بێ ئاوی، چاوەڕوان دەکرێت بکەوێتە ڕەوشێکی نالەبارترەوە. لەم ماوەیەی دواییشدا سامانی دەوڵەمەندی نەوت بە هۆی ئەو شەڕ و پارچە بوونانەی ڕێگایان لەپێش کردەوە، ڕۆڵێکی باشیان نەبینیوە. ئەم سامانەش هیچ بەهایەکی نییە جگە لەوەی داواکاری بەکار بردن (أستهلاك)ی دەستەیەك دەوڵەمەندی دوور لە خوڵقکاری و داهێنان جێبەجێ دەکات. جگە لەوەی تەواو بوونی ئەم چاوگە نەوتیانە لە ماوەیەکی نزیکدا ناچاری و چاوەڕوان نەکراوە. هەرچی ڕووبارەکانی لە جۆری فورات و دیجلە و نیلە کە شارستانیەتییان خوڵقاندووە، زیاتر دەبێتە بابەتێکی گرژی و قەیران. دەشێ کشتوکاڵی ئاودێری لەسەر بنەمای تەکنۆلۆژی نوێ پێشکەوتن بەخۆیەوە ببینێ. ناشێ چاوگە سروشتییەکانی دەوڵەمەندێتی هاوشێوەی ئەمانە لەپێناو ئەرك و پایەی مێژوویی ناوچە، ڕۆڵی فاکتەری سەرەکی ببینن. زۆربەی ناوچەکانی جیهان لەم بوارەدا شانسیان لە ڕۆژهەڵاتی ناوین زیاترە. بە کورتی هەروەکو هەوڵماندا شیبکەینەوە لە سەنتێزی قۆناخی ئاییندە و مێژووی مرۆڤایەتیدا، کاریگەری یەکلاکەرەوەی هەلومەرجی جوگرافی لەخۆیەوە ناگرێت. دوا شارستانیەتی کە جوگرافیا ڕۆڵێکی چارەنووس سازی تێدا بینی شارستانیەتی سەرمایەداری ئەوروپی بوو. دوای ئەم قۆناخە ڕۆڵی دیاری کراو بۆ فاکتەری دیکە گواستراوەتەوە.

تەکنۆلۆژیای زانستی بە تەنیا ناتوانێ سەنتێزی سەرەکی شارستانیەت دیاری بکات. هێزی گەیشتنی تەواوی کۆمەڵگاکان بە زانست و تەکنۆلۆژیا توانستێکی بەمجۆرەی لە دەرفەتێکی بە کەڵك دەرخستووە. تەنیا دەتوانێ زەمینەی ماددی لەبار بۆ خوڵقاندنێکی نوێ پێك بێنێ. لە ڕەوشێکی بەمجۆرە دایە دەتوانێ ئەم ڕۆڵەی لە بواری گەردوونیدا ببینێ. هەموو کۆمەڵگایەك دەتوانێ پێی بگات. جوداخوازی ناوچەیەك یا کۆمەڵگایەك نابێ؛ تەکنۆلۆژیای گەیاندن و ڕاگەیاندن بە خۆی دەرفەت بەمە نادات. زیاتر دەتوانێ بە خێرایی و شێوەیەکی هاوسەنگ تازە ئافرێنراو لە دایك بووەکە بۆ ئاستەکانی گەردوونی بگوازێتەوە.

کارەکتەر و ڕۆڵی سەرەکی شارستانیەتی دیموکراسی ڕوون کراوەیە. لە سەدەی بیست و یەکەمدا ئەم شارستانیەتە لە تەواوی جیهان بە قووڵی و فراوانییەوە درێژە بە بڵاوبوونەوە دەدات. ناچارییەکە دەبێ تەواوی مرۆڤایەتی بە گشتگیری ئەم شارستانیەتە بە خۆیەوە ببینێ. دەشێ چاوەڕوانی بکرێ لە بواری بەڕێوەبردن و شێوەی ژیان بەرەو شێوەی دەوڵەمەندێتی و کامڵ بوون گەشە بکات. بەڵام تەنیا سەربەخۆ سەنتێزێك نییە. ئەو چوارچێوە و شێوەیەیە کە سەنتێز

دەئافرێنێ. بێگومان یەکێتی و تەواو کردنێکی دیالیکتیکی لە نێوان شێوە و ناوەڕۆك لە ئارادایە. بەڵام هاوتا کردنی هەر دووکیان بە واتای خزان بۆ میتافیزیکیا دێت. هەربۆیە پێویستە بۆ سەنتێزێکی هەمیشەیی مرۆڤایەتی لە چەمکی دیکەدا بگەڕێین و لەوێ بدۆزرێتەوە.

جەخت لەسەر ئەوە کرا کە ئەم قۆناخەی تێیدا دەژین قۆناخی لێکۆڵینەوە و لێگەڕینی ریشەییە. هەر لە ئێستاوە ناتوانین ئەنجامی ئەم قۆناخە دیاری بکەین، چونکە دیاری کردنی بە واتای کەوتنە نێو دۆگماتیزم و ئۆتۆپیایەکی بێ بنگە دێت. تاوەکو ژیان بەردەوام بێت، پەیڕەوی دیالیکتیکی بەردەوام دەبێت. گرنگ ئەوەیە، مەزەندە بکرێت ئەو هەبوونەی دێتە ئاراوە لەسەر بنەمای کامە توانست دەبێت.

کاتێك هەڵسەنگاندنمان سەبارەت بە ناوەندە هەرە گرنگەکانی جیهان کرد بینیمان بە لانی کەم ئاراستەی ڕێڕەوی خۆیان بۆ سەدەی بیست و یەکەم داناوە. تەنیا ئەگەر هەلومەرجێکی نائاسایی بێتە پێشەوە، ئەگەرنا ناشێ لەم ڕێڕەوە دوور بکەونەوە. شیمانەی هەرە لەپێش ئەوەیە لەمیانەی بەرفراوان کردنی رژێمە دیموکراسییەکان و قووڵ کردنەوەی بە ئاقاری چاوەڕوانکراو و لادانی بچووکەوە درێژە بە هەبوونی خۆیان بدەن.

رۆژهەڵاتی ناوین لەمیانەی ئەم جیهانە و رێنومایییەکانی سەردەم دەبێتە خاوەن شوێنگەی هەرە تایبەت. ئاماژەمان پێکرد ئەمە لەمیانەی پابەند بوون بە جوگرافیاوە بەدینایەت. کەواتە ئەم فاکتەرە سەرەکیانە چین کە ئەم تایبەتمەندێتییانە دیاری دەکەن؟ راسترین شت ئەوەیە لە **نەریتی کلتووری**دا بەدوای وەڵامدا بگەرێین. تەنانەت ئەگەری کاریگەری جوگرافیاش، تەنیا کاتێك رەنگدانەوەی خۆی بکاتە سەر کلتوور واتادار دەبێت. دوای پێکهاتنی کلتوور، گرنگی هەلومەرجەکانی دەوروبەر دەخاتە پلەی دووەمەوە. فاکتەری یەکلایی کەرەوە بۆ دینامیکیەتە گەوهەریەکان دەچێت. هاوبیریەکی گشتی لەسەر ئەوە هەیە کە مێژووی شارستانیەت مێژووی توانستەکان و پێشکەوتنی کلتوورییە. شتی گرنگ لێرەدا پێناسە کردنی کلتووری و شوێنگە رەسەنەکەیەتی لەپێشکەوتنی شارستانیەتدا. رۆژ بە دوای رۆژ جێگای رۆژهەڵاتی ناوین لە مێژووی شارستانیەتدا روون دەبێتەوە و لە ئەنجامی ئەو لێتۆژینەوانەی دەکرێت دەرکی پێدەکرێ.سەردەمی نیۆلیتیکی ١٠٠٠٠ ساڵ رۆڵی زایینی بەم جوگرافیایە بەخشی و دەرباز بوو. راستییەکی حاشاهەڵنەگرە تەواوی شارستانیەتەکان قەرزاری سەردەمی نیۆلیتیکن. شارستانیەتی سۆمەر و میسر کە بە یەکەمین شارستانیەت دادەنرێت پشتیان بەو داهێنانانەی سەردەمی نیۆلیتیك بەست کە لە ناوچەی هیلالی بە پیت ئافرێنران.

لـە تـەواوی بەشـە جیاوازەکـانی هەڵسـەنگاندنەکاندا هەوڵمانـدا لەمیانـەی زنجیرەیـەك چۆنیەتی کاریگەری ئەوە تا رۆژگاری ئـەمڕۆمان دیـاری بکـەین. لـە مـاوەی سـەدەی نێـوان دەیـەم و پازدەهـەمی زایینی ناوچەی رۆژهەلاتی ناوین کەوتە نێو قەیرانێکی قووڵ و بـەردەوام و تـا ئـەم قۆناخـە هـاتووە. داڕووخـانی رۆژهـەلاتی نـاوین لـە هەڵوەشـانەوەی هـیچ ناوچـەیەکی دیکـەی جیهـان ناچـێت، ئەمـەش سەرچاوەی خۆی لە کارەکتـەرەی دایکـی زایـین وەردەگرێـت. ئـەو ناوچـەیەی بـە درێـژایی ١٥٠٠٠ سـاڵ رۆڵێکی خوڵقکاری لەپێشکەوتنی مرۆڤایـەتی بینـی، لەگـەڵ قۆنـاخی هەڵوەشانەوەدا تایبەتمەنـدێتی جیاوازتری لە تەواوی ناوچەکانی جیهان بۆ ئەم گەوهەرە یەکلاکەرەوە و درێژ خایەنـە دەگەڕێتـەوە. بەم واتایە رۆژهەلاتی ناوین کەسایەتیەکە. ئەگەر خواستمان بە شێوەیەکی گشتگیر پێناسـەی بکـەین، دەتـوانین بڵـێین کەسـایەتیەکی مێژووییـە و پێشـکەوتنە مێژووییـەکانی کردۆتـە مـولکی تـەواوی مرۆڤایەتی، ناتوانرێ هەمان شت سەبارەت بە ناوچەکانی دیکەی جیهان بگوترێ.

بۆ نموونە چین و هیند و روسیا و ئـەمریکای لاتـین و تەنانـەت ئـەوروپا و شـوێن کـەوتووەکانی، هەروەکو بلێی جل و بەرگ دەگۆڕن سیستەمی جیاواز شایستەی ناسـنامەی خۆیـان دەبیـنن. واتـە لای ئەوان سیستەمی سیاسی هەروەکو جل و بـەرگ وایـە کـە نـاوە بـە نـاوە پێویسـتی بـە ئـاڵوگۆر هەیـە. کاتێك کۆن دەبێت یاخود مۆدێلی تازەتر دەردەکەوێ، گۆڕینی هیچ گیروگرفتێك پێك ناهێنێ. چونکە لە ناواخنی خۆیدا شارستانیەتی هەرس نەکردووە. بەلام بۆ کەسایەتی رۆژهەلاتی ناوین شارستانیەت جل و بەرگ نییـە بـەڵکو خـودی ژیانـە. بـە هـۆی ئـەو شارسـتانیەتانەی پێیـدا دەربـازبوون هـەروەکو یەکێتی گۆشت و ئێسقانی لێهاتووە. تەنانـەت تـاوەکو بۆهێڵـەکانی چووە و بۆمـاوەیی جێگـای باسـە. ژیانی خۆی وەکو بەرگێك فرێ نادات. هیچ ناوچەیەکی جیهان رەوشێکی بەمجۆرەی بە خۆوە نـەدیوە و وەکو رۆژهەلاتی نـاوین لـە نـاواخنی خۆیـدا تێیـدا نـەژیاوە. مێـژوو، کلتـوور، شارسـتانیەت و ژیـان، کەسایەتی و کۆمەڵگایەکی ئەوتۆی لە رۆژهەلاتی ناوین دروست کردووە کە لە هیچ ناوچەیەکی دیکـە ناچێت. کلتووری کشتوکاڵی هـەزاران سـاڵە بـۆهێڵی (جـین) کۆمەلایـەتی تایبـەتی خـۆی خوڵقانـدووە. شێوەکانی هزری میتۆلۆژی و ئایینی بە هەزاران ساڵ لە بیری (ذاکرة) کۆمـەڵگادا ژیـاوە. دۆگمـاتیزم و قەدەرگـەرایی بـووە بـە پارچـەیەکی جیـا نـەکراوەی ژیـان. بـەمجۆرە هـزری خوڵقکـار و رەسـەن بـۆ ماوەیەکی درێژ خایەن کەوتە خەوەوە. فەرموودە و رێنوماییەکانی ئیلاهییات، وەکو تابۆی پیرۆز، بە بێ هیچ گومانێك بۆ باوەڕی پێهێنانە. دەرکەوتن لـە فەرمانـەکانی کتێبـە پیرۆزەکـان بـە گـەورەترین تاوان لە قەڵەم دەدرێت. بەمجۆرە ئەو چیرۆکانەی لـە سـەردەمی میتۆلۆژیـا زار بـە زار دەگێڕدرانـەوە

بوونەتە رێسای وشکی باوەڕی؛ بووە بە ئایین و خوداوەندێك یادەوەری و خەیاڵەکانی خوڵقێنەری شارستانیەتییان بەند کرد.

تەنانەت مرۆڤ بۆخۆشی لەوە تێنەگەیشت کاتێك بوونە دیلی ئەو شتەی بە دەستی خۆیان خوڵقاندییان، چۆن کەوتنە ناو یەکەمین و گەورەترین نامۆیی مێژوو. کلتوورێك پێکهات کە خوڵقێنەری کرد بە خوڵقێنراو، خوڵقێنراوی کرد بە خوڵقێنەر، ئەوەش کرا بە بابەتێکی سەرەکی هزر و باوەڕی، تەنانەت بەندایەتی کردن و پەرستنی ئەم سیستەمەی کرد بە باشترین ناسنامەی مرۆڤ. بەمجۆرە گومان کردن لەو پیرۆزییە بە گەورەترین تاوان دادەنێن. لە لایەکی دیکەشەوە لە ئاکامی ئەو هێزەی بۆ یەکەمین جارە لە بە دەوڵەت بوون وەردەگیرێ میتۆلۆژیا بەهێزەکانی گەل و باوەڕییەکان لە بەرژەوەندی دەسەڵاتدارەکان خەسڵەتی خودایی پێدرا و بوو بە چەکێکی دەستیان. لە راستیدا مرۆڤ و کۆمەڵگای رۆژهەڵاتی ناوین کاتێك داهێنانەکانی خۆی لە بواری ماددی و مەعنەوییەوە لە دژی شکایەوە و بووە دیلی دەستیان، بە ناوی تەواوی مرۆڤایەتی خۆی کرد بە قوربانی. ئەم شارستانیەتەی لەسەر بنەمای ئەم نامۆ بوونە بەرز بۆوە لە چاخەکانی سەرەتا و ناویندا کاریگەرییەکی هێندە قووڵی هەبووە، هیچ گۆشەیەکی جیهان ناتوانێ لە ژێر کاریگەریەکەی رزگاری بێت. ئەمەیە ئەو دیاردەیەی بە کەسایەتی مێژوویی ناوی دەبەین لەمیانەی هەندێ بەراوردکارییەوە دەشێ زیاتر دەرك بەو رووداوانە بکرێت. کەسایەتی و مردنی دایك لە ئەنجامی زان و لە دایك بوونی نوێ بەدیدێت. دار گەورە دەبێت، کاتێك لە رێگای تۆوەکانییەوە دەوروبەری پڕ لە داری هاوشێوەی خۆی کرد دەمرێت. لە راستیدا مردن پێویستیەکی زیاد بوونە. داری کلتووری رۆژهەڵاتی ناوینیش دیاردەیەکە لەم راستینەیە دەچێت؛ تۆوەکانی خۆی لەهەر چوار لای جیهان بڵاوکردۆتەوە. لەبەر ئەوەی دارێکە لە دار بەڕوو دەچێت، هەرچەندە لق و پۆپەکانی لێبکرێتەوە ئەوا لەمیانەی رەگەکانییەوە بە گوڕتر درێژە بە ژیان دەدات. بە یەکەم داری کلتووری رۆژهەڵاتی ناوین لە قەڵەم دەدرێت.

دوای ئەوەی لە ساڵانی ١٠٠٠ تا ١٥٠٠ ی زایینی کەوتە نێو قۆناخی داڕووخان، کلتووری رۆژهەڵاتی ناوین رەسەنایەتی خۆی لە دەستدا. بەمەش لەو دار بەڕووە دەچێت کە تاوەکو رەگ پەلوپۆ و قەدەکانی بڕاوەتەوە. بە گوزارەیەکی دیکە هەروەکو بڵێی بۆ کۆنە گۆرستانی ئەو مرۆڤایەتیە گەڕاوەتەوە کە خۆی خوڵقاندوویەتی. گۆڕستانێکە هێندەی ئەهرامەکان و زیگۆراتەکان گەورەیە! ئەوە نزیکەی هەزار ساڵە روو دەدات لە بێدەنگی مردن بەولاوە هیچ واتایەکی دیکەی نییە. ئەو لە پەلوپۆ کەوتنەی لە ئەنجامی زایینێکی (ولادة) زۆرەوە هاتە ئاراوە، توانا و رەوشێکی ئەوتۆی نییە

هـەنگاوێکی خوڵقکارانـە بهاوێـژێ. سـەردەمی فەرمانڕەوایـەتی عوسمانییـەکان تـەواو گوزارشـت لـە زێرەڤـانێتی گۆڕسـتان دەکـات. ڕۆڵـی سەرەکیشـی ئـەوە بـوو مردنـی نـوێ فەراهـەم بکـات و لەمیانـەی بەخشیشەکانییەوە درێژە بە گوزەران بدات. هەرچی ئایین و بانگدان و سەلاواتە پڕێتی لە خەمگینی و لە پەیام و بانگەوازی مردن بەولاوە هیچ ئامانجێکی دیکەیان نییە. ترساندن لە ڕێگای باسی مردن، ئامادەکاری مردن لەمیانەی پەیامەکانی بەهەشت و دۆزەخ، بۆتە شێوەی شارستانیەتی قۆناخی دوایی. هەر لە مێژەوە دەست لە زانست و تەکنۆلۆژیا بەردراوە. کۆمـەڵگا و سیاسـەت بـە شـێوەی قـاڵبی هـەتا هەتایە (أزلي) سووڕاوە و دووبارە بۆتەوە. هەروەکو نموونەی گرگرەی بیر کە سووڕانەوە بە دەوری بیر قەدەرێك دەبینێ و بیر لە جۆرێکی دیکەی جولانەوە و بەڕێوە چوون ناکاتەوە. چەسپاندنی ئەم شێوە دۆگماتیکیە قووڵە بەسەر ئەو شارستانیەتە مەزن و خوڵقکارییە تۆڕێکی قەدەرگەرایی لەگـەڵ خۆیـدا دێنـێ و ئەمـەش دەبێتـە هۆکـاری قـەیران و داڕووخـان. بـەڵام ئـەم تابلۆیـە ڕاسـتییەکە و چیرۆکی ڕۆژهەڵاتی ناوین ڕوون دەکاتەوە. کۆتایی هاتنی تەواوی چیرۆکەکانی خۆشەویستی بە سووتان و بوون بە خۆڵەمێش پەیوەندی بەو واقیعەوە هەیە.

پانزدە هـەزار سـاڵ ڕۆڵـی دایـك دەبینـێ و هـەموو شـتێك بـۆ مرۆڤایـەتی دەخوڵقێنـێ، دواتـریش دەکەوێتـە ڕەوشـی بەنـدەیی بـێ توانـا و بێچـارە! ئـەو وڵاتـە بیـت کـە بـۆ یەکـەمین جـار خوداوەنـدە ژنەکانی خوڵقاند و هەموو پێویستیەکی مرۆڤایەتی بخوڵقێنێ، دواییش وەکو پارچە قوماشێك بـەکار بهێنرێت و فڕێدرێتە گۆشەیەکەوە! تەواوی مەزنایـەتی و خوداوەنـدەکان بخوڵقێنـە دواتـریش ببیتـە بەندەیەکی بێچارەی ئەم خوداوەندانە! تەواوی ئەو پیشانە دەخوڵقێنی کە جیهان تێـر دەکـات، دواتـر بە خۆت بە برسێتی دەمێنییـەوە! هـەموو شـوێنێك دەکەیتـە ئـاوەدانی، دوایـی بـە خـۆت دەبیـت بـە لانەواز! دەبیت بە چرا و هەموو کەسێك ڕۆشن دەکەیتەوە! تاکو ئێستاش لە تاریکایی ڕزگاریت نابێت! بۆ هەموو کەسێك دەبیت بە دەنگ، مۆسیقا و شیعر بخوڵقێنە؛ دوایی ببیـت بـە کـەڕ و لاڵ! زانسـت و ڕێزگرتن و ئامراز بۆ هەموو کەسێك بخوڵقێنە، دواییش بە نەزانی بمێنیتەوە! کۆشك و دیوەخـان بـۆ هـەموو کەسـێك دەخوڵقێنـێ، دوایـیش پێویسـتیت بـە بسـتێك خـاك دەبێـت! بـەڵێ شارسـتانیەتی ڕۆژهەڵاتی ناوین ناوی ئەم ناکۆکییە تراژیدیە گەورەیەیە. هۆکاری سووتان و بوون بە خۆڵەمێش لـە چیرۆکەکانی خۆشەویستیدا لەم ناکۆکییەدا شاراوەیە. لەمیانەی تەواوی ئەم بەهایانەوە گەورە دەبێت، دواییش دەبێت بە بستەباڵا. ئەمە تەنیا لەمیانەی سووتانەوە پـاك دەبێتـەوە. بـۆ یەکـەمین جـار بـە یەك گەیشتنی خودای ژن و پیـاو دەخوڵقێنـێ، دوایـی دەبیـت بـە ژن و پیاوێـك کـە کەوتوونەتـە نێـو سووکترین ڕەوشی سوالکەرییەوە! ئەمەش تەنیا بە سووتان پاك دەبێتەوە.

گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوین زۆر دەگرین. بێگومان دوای لەدەستدانی تەواوی ئەو بەهایانەی خولقاندوویەتی دەگرییێت. لەم هەزار ساڵەی دواییدا ڕۆژهەڵاتی ناوین لەسەر بێدەنگی مردن دەگرییێت. بانگدان، گۆرانی و ئاوازە مۆسیقییەکان پڕ لە خەمگینین و بانگەوازی مردن دەکات. ئەمانەش هیچ یەکێکییان ڕێکەوت نییە؛ گوزارشت لە ڕووداوەکان دەکەن. ئەگەر بە پێچەوانەی ئەمە ئەنجام درابایە بێ واتا دەبینرا. لێرەدا زیاتر ڕوون دەبێتەوە بۆچی ئەو گۆڕانکاری و ڕووداوانەی لە جیهان ڕوو دەدەن ڕۆژهەڵاتی ناوین پێی کاریگەر نابێت. ئەوانەی بناخە و گۆڕەکانیان هێندە گەورە و قووڵە؛ ناشێ لە کەسانی دیکە تێبگەن. چونکە بە بێ خواردنەوە بەردەوام سەرخۆشن، یانیش بە مردوویی لە دایك بوون. ناشێ ڕابردوویەکی بەمجۆرە لێی ببووردرێ. هۆکاری لێخۆشنەبوونیش دیارە. نابێ ئەم شارستانیەتە بە فرێدراوی بەجێ بهێڵدرێ. ئەوانەی بە جێی دێڵن لە نێو خیانەتی هەرە مەزندان. ئەوانەی لە نێو خیانەتێکی هێندە گەورەدان، لێیان نابووردرێ. خیانەت کردن لە شارستانیەت تاوانێکی گەورەیە و زۆرن ئەوانەی خیانەتییان کردووە. هەربۆیە جوڵانەوەکانی تۆڵەسەندنەوەش مەزن و زۆرن. بەڵام ئەمە چی ڕزگار دەکات؟ کوشتن و کوژران، لە گەورە کردنی گۆڕستان زیاتر هیچ سوودێکی هەیە؟ لە ڕۆژهەڵاتی ناوین لە ژێر بیانووی کێشمەکێشی ئایینی و بنەماڵەیی و مەسەلەی نامووس و موڵك و تەنانەت گەلێك بیانووی بچووکی هێندەی ناوکە هەنجیر، جۆگەلەی خوێن دەڕژێنرێ. تەواوی ئەمانەش بڕوبیانوون. شکستی گەورە و خیانەت بناخەی ئەم خوێن ڕشتنانە پێك دێنن. نەریتی تۆڵەسەندنەوە شتێکی سانایی نییە، چونکە ڕەگەکەی بۆ ڕابردوویەکی بەمجۆرە درێژ دەبێتەوە. گەلێك تاوانی ڕوو دەدەن کە بۆ ڕاستینەی داب و نەریت دەگەڕێتەوە. دیسان بناخەکەی ئەم مێژووە نەفرین لێکراوەیە. تەواوی بەهاکانی شارستانیەت زەوت کراوە و نامووسەکەی پێشێل کراوە. هەروەکو چۆن ئەم ڕاستینە لەسەر گەلێك شت پەیڕەو دەکرێت بەڵام لە مەسەلەی کچ و ژندا کراوەتە سەمبۆل. ئەگەر شتێك لە سەمبۆل بێت، واتا پیرۆزی مەزن پیس کراوە. هەربۆیە سزاکەی هێندە گران دەبێت و بە شێوازێکە پەسند ناکرێت. تراژیدیا سەرچاوەی خۆی لەم مێژووە وەردەگرێت.

ڕۆژهەڵاتی ناوین گۆڕە لەناو گۆڕێکی دی، گریێە لەناو گرێ. جیهان دەگۆڕێت بەڵام ئەو ناگۆڕێت. ناچارە وەکو خۆی بمێنێ. دار بەڕووە، بەردەوام ڕەگەکەی ئەستوور دەبێ. هەرچەندە لقەکانی ببڕدرێت دیسان بەخۆی دەمێنێتەوە. هیچ کاتێك ئومێد بۆ سەوز بوونەوەی نابڕێت. ڕۆژهەڵاتی ناوین مۆڵگەی ئومێدە. تەنیا ئومێد بە دەست ڕۆژهەڵاتی ناوینەوە ماوە. لە کاتێکدا نەریتەکە بێبەزەییانە و جێگای لێنەبوردنە و بەردەوام ئومێد چاوەڕوانی چەکەرە کردنی ڕەگی داربەڕووە.

ژیان تـەنیا وەکو ئومێـدێکی مـەزن ماوەتـەوە. دانـەبڕان لـە داب و نەریتـە باوەکـان، لـە هێزەکەیـەوە سەرچاوە دەگرێت. بەڵام سەرلەنوێ نەخولقاندنەوەی خـۆی، پـەرە بـە پووکانـەوە دەدات. لـە کاتێکـدا تەواوی ناوچەکانی جیهان رێـڕەوی پەرەسـەندنی خۆیـان دیـاری دەکـەن، ئـەوا پارێزگـاری رۆژهـەڵاتی نـاوین لـە تایبەتمەنـدێتی و رەسـەنایەتی خـۆی بـۆ کاریگـەری قـووڵی شـوێن پەنجـەی شارسـتانیەتی رابـردوو دەگەڕێتـەوە. ئـەم رەوشـە هۆکـاری ئەوەشـە کـە ناتوانـێ بـە شـێوەیەکی سـەرکەوتووانە گۆڕانکارییـە هاوچـەرخەکان هـەرس بکـات. شـوێنەواری شارسـتانیەتەکانی رابـردوو و شارسـتانیەتی هاوچەرخ دەکەونە نێو ململانێوە. بە واتایەکی دیکە، پێویستی پێکهاتنی سـەنتێزێکی نـوێ دەخاتـە روو. بەڵام سەبارەت بە هیندسـتان و ئـەفریقیا یـاخود ئـەمریکای لاتـین لـە سـەنتێزێکی نـوێ زیـاتر، لەسەر بنەمای ئەو چەشنەی سەرمایەداری درێژە بـە پەرەسـەندنی خۆیـان دەدەن کـە هـەنگاویان بـۆ هاوێشتووە. لە بەرخودان زیاتر، قۆناخی هەرس کردن پـەیڕەو دەکرێت. رەوشـی ناوچـەکانی دیکـەی جیهـانیش لەمـە دەچـێ. زەمینەیـەکی کلتـووری بـەهێز لـە ئـارادا نییـە. پێویسـتییان بـە ململانـێ و سەنتێزێکی نوێ هەبێت. لە رۆژهەڵاتی ناوین نە توانـەوە نـە وەرچـەرخان وا بـە سـانایی روو نـادات. ئالێرەدا بە هێزی نەریتی کلتووری جگە لەوەی بە سانایی ناتوێتەوە و بە وەرچەرخان دەرباز نابێت، ئەوا وزە شاراوەکەی لە خولقاندنی نوێدا جێگای بایەخ پێدانە. لە کاتێکدا لـە هـەموو لایـەکی جیهـان کێشە نەتەوەیی و ئەتنیکی و ئایینیەکان لەمیانەی رێگایەك بە چارەسەری دەگەن، ئەوا سەبارەت بەم بابەتەش جیاوازی رۆژهەڵاتی ناوین دەردەکەوێتە روو.

ئەگـەر کێشـەکان لەمیانـەی رێچکەکانی شارسـتانیەتی هاوچـەرخ چارەسـەر نابێـت، ئـەوا بـەهۆی بەرخودانی کوێرانەی کلتوورییە کە لە ناواخنی ئەم راستینەیەدا شاراوەیە.

پێویستە ئەم راستینەیە بە شێوەیەکی نێگەتیڤ هەڵنەسەنگێنین. بە پێچەوانەوە راستتر ئەوەیە وەکو تواناکاریەکی رزگـار بـوونی سـەرمایەداری لـەو قەیرانـە گشـتگیر و هەمیشـەییەی تێـی کـەوتووە هەڵیسەنگێنین. ئەو ناکۆکیەی لە ئارادایە ئەوەیە، نەریتی رۆژهـەڵاتی نـاوین خـۆی شـینەکردۆتەوە و نەبووە بە نـەریتێکی هاوچەرخ. هەندێ فاکتەری دەرەکی و ناوەکی رێگا بـەوە نـادەن وزە شـاراوەکانی ئـاکتیف بێـت. بـەڵام رەگـە بەهێزەکانیشـی کۆسـپ دەخاتـە پـێش ئـەوەی نـەریتی دەرەوە بکـات بـە خۆجێیی. ئەنجامیش قووڵ کردنەوەی بنبەستبوون و پێکدادانە. ئەم قۆناخە لە ماوەی نێوان ١٥٠٠ ــ ٢٠٠٠ ی زایینی قووڵ بۆوە و بەردەوام بوو. تاوەکو ساڵانی ١٥٠٠ بە بێ پچڕان هاوسەنگی و باڵابوون بە درێژایی ١٥٠٠٠ ساڵ لەدەستی کلتـووری رۆژهـەڵاتی ناوینـدا بـوو. ئـەم باڵابوونـەی لـە بـواری مـاددی و مەعنەوی و دەزگاکانی ژێرخان و سەرخانی کۆمەڵگا بەرەو بە خۆ بڕوابوونێکی زێدەی برد و باوەڕی

بەوە هێنا کە بۆتە سەنتێزی جیهان. باوەڕی بەوە نییە جیهانێکی شارستانی لەو باڵاتر پێشبکەوێت، خۆی لە جێگای تەواوی جیهان دادەنێ. ئەوانەی دیکە بە بیانی و گاوڕ لە قەڵەم دەدات. ئەم ٥٠٠ ساڵەی رابردوو تێری تێکشکاندی ئەم دۆگماتیزمەی نەکردووە. باڵابوونی شارستانیەتی رۆژئاوا دەبینێ و هەست بە هێزە ماددی و مەعنەوییەکەی دەکات، بەڵام بە شێوەیەکی دروست دان بەوە دانانێت و هەرسی ناکات. لێرەدا ئەو جیابوونەوە چینایەتیەش کاریگەرییان هەیە کە لە دەوروبەری سەرمایە پێکهاتوون. ئەمانە وەکو پێکهاتەی دروستکراو دەبینن. نە توانای هەیە لەمیانەی قووڵبوونەوە لێپرسینەوە سەبارەت بە بنەما مێژووییەکانی بکات، نە توانای رەتکردنەوەی هەیە. توانای ئەوەشی نییە شیبکاتەوە و بیکات بە کەرەستەی سەنتێزێکی نوێ. چونکە بەردەوامێکی ساکارانەی دەرەوەن. تەنانەت رێگانادات پێکهاتەی لەم جۆرەش ببنە هێزێکی ناوخۆیی.

تاوەکو ئێستاکەش نوژەنی سەرمایەداری رۆژهەڵاتی ناوین دوورە لەوەی دیالۆگ لەگەڵ کلتووری خۆجێیی ناوچە بکات. وەکو بریکارێکی بیانی دەمێنێ. لە لایەکی دیکەشەوە کاتێك خودی کۆمەڵگاش لە نێو قالبەکانی ١٠٠٠٠ ساڵ پێش ئێستای سەردەمی نیۆلیتیك دەژیت، لەهەمانکاتدا لە ژیانی قاڵبەکانی کۆیلەداری و دەرەبەگاتیش دوورنییە. کاتێك سەرمایەداری و سۆسیالیزمی بونیادنراویش لەسەر تەواوی ئەمانە زیاد بوون، قۆناخی هێندە سەخت هاتە پێشەوە کە دەرکەوتن لێی ئاستەم بوو. رەوشێك لە ئارادایە تاوەکو دوایی تێکچڕژاوە و پەشۆکاوە. هیچ رەوت و دەزگایەکی بە کاریگەر لە ئارادانییە. هەموو شتێك لە نێو شلەژان دایە. پێویست دەکات ئەم قۆناخە کۆتایی بێت و رزگاربوون بەدیبێت. ئیتر تێکەڵییەکی بەمجۆرە هاتۆتە ئاراوە ناتوانرێ هەڵوێستەکانی هەڵگەڕانەوە و خیانەت و هەڵوێستە رەسەنەکان لێك جیا بکرێتەوە.

پێویستە قەیران و داڕووخانی رۆژهەڵاتی ناوین پەسند بکرێ. گەورەترین بە هەڵەداچوونی شارستانیەتی رۆژئاوا ئەوەیە، کە بە پێی پێویست و بە شێوەیەکی واقیعیانە هێزی ئەو ناوچەیان هەڵنەسەنگاندووە کە بنچینەکەیان پێکدێنێ. هەرە زێدە رەگەکەی خۆی تاوەکو شارستانیەتی گریك و رۆما درێژ دەکاتەوە. بەڵام شارستانیەتی گریك و رۆما قۆناخێکی رۆژهەڵاتی ناوینن. مافی سەردەمی نیۆلیتیکیش نادات کە تێرخۆراکی کردووە و خۆپەرستانە هەڵسوکەوت دەکات. لەبەر ئەوەی ئەم بە هەڵەدا چوونە رێگا نادات دیالۆگێکی راست لەگەڵ رابردوو بکات، ناهێڵێ پەیوەندیەکی دیالیکتیکی واتاداریش لەگەڵ واقیعی لە ئارادایە ببەستێ. بە ئەندازەی ناسینێکی راست سەبارەت بە رابردوو، ئەوا پەیوەندی دیالیکتیکی لە دیاری کردنی سەنتێزی ئاییندەشدا وەکو ناچارییەکە. کاتێك ئەورووپا وەکو (تێز) بیرۆکەیەك پەسند دەکەین، ناشێ ئەمریکا، روسیا، چین یاخود کلتووری

ناوچەیەکی دیکە ببێتە (ئانتی تێز) دژە بیرۆکە. هەروەکو لە سروشتدا لـە ئارادایـە، بیرۆکـەکان، دژە بیرۆکەی خۆیان لەو ناوچانە پێك دێنن کە خۆیان لەوێوە هەڵکەوتوون. جگـە لـە رۆژهـەڵاتی نـاوین، دەشێ تەواوی ناوچەکانی جیهان ببنە بەردەوامی بیرۆکەی ئەوروپا، بـەڵام نـابن بـە دژە بیرۆکـە. یـان ئەوەتا هەڵگری جیاوازی و لە یەکچوونی وزەی شاراوەی پێویست نین، یان هێندە دوورن نـاتوانن بـبن بە دژە بیرۆکە. لە ئەنجامدا یـان پاشـکۆیەتی یـە یـان پێیـەوەلکاوە. بـوون بـە بیرۆکـە و دژە بیرۆکـەی یەکدی، پێویستی بە یەکێتی سەرچاوەی پێشوو هەیە. ئەمەش لە رۆژهەڵاتی ناوین لە ئارادایە.

ئەم هەڵسەنگاندنەش پرسیارێك دەخاتە روو ئەویش: چۆن دەتوانرێ رۆژهەڵاتی ناوین بکەین بە دژە بیرۆکەیەك؟ تەواوی هەوڵەکانی لە یەکچوونی بـە درێـژایی سـەدەی بیسـتەم بـەردەوام بـوو هـیچ ئەنجامێکی سەرکەوتووی لێنەکەوتەوە. نەتەوەپەرستی و سۆسیالیزم وەکو دوو تێـزی شارسـتانیەتی رۆژئاوا، لە ناوچەکەدا رزگاریان نەبوو لەوەی وەکو دیارەی دروستکراو نوێنەرایەتییان بکرێ. تەنانەت ئەو ئیسلامیەتەی هەرەسی هێنا و لێکدانەوەکانی خۆی لەدەسـتدا تـەنیا سـەربەخۆ توانـای نییـە دژە بیرۆکـە بخولقێنـێ، ئـەم تێـزە لـەوە دەچـێ کـە بـاری کـەرێك پـڕ لـە کتێـب بکـەیت و بـە ئۆتۆمبێـل بیگەڕێنی. رێکخراوەکانی شارستانیەتی دیموکراسیش بە هۆی لە ئـارادابوونی نەریتـەکانی کۆمـەڵگا و دەوڵـەت، دوورە لـەوەی خـاوەنی هەلومەرجـەکانی خـۆ گونجانـدن بێـت. بـە لانـی کـەم دامـەزراوەکانی شارسـتانیەتی دیموکراسـی پێویسـتی بـە رێنسـانس و شۆڕشـی رۆشـنگەری و ریفـۆرمی ئـایینی هەیـە. کلتووری رۆژهەڵاتی ناوین ئەم سێ قۆناخە مێژووییە سەرەکییەی بەخۆوە نەدیوە. هەربۆیە داکۆکی کردن لەسەر ئەوەی رێکخراوە دیموکراسییەکان بە سانایی پەرە دەسـەنن. بـەرەو هەڵەیـەکی مـەزنمان دەبات. هەربۆیە ئەم جۆرە دەزگایانـە رۆڵـی دامـەزراوێك دەبیـنن کـە لـە دەرەوە پارچـەکانی پێکـەوە لکێنراوە و چەسپێنراوە. راستینەی ئیسرائیل پێیەوە لکێنراوە و تاوەکو ئێستاش هەرسـی نـەکردووە. پارتە لیبرالییەکان و کۆمۆنیستەکان پارچەیەکی ئـەم پێـوە لکاندنـەن. لـە قووڵاییـدا لەگـەڵ قـەوارەی مێـژوویی و کلتوور ییەکـەی نـامۆ بـووە. دووبـارە زینـدوو کردنـەوەی ئیسـلام رێگـا لـەپێش هـیچ دیاردەیـــەکی خوڵقکارانـــە ناکاتـــەوە. تـــەنیا یادکردنـــەوەی مێـــژوو دەســـەپێنێ، ئەمـــەش لـــە لەبیرچوونەوەیەکی یەکجاری باشترە.

ئەو دەستێوەردانە جۆربەجۆرانـەی لـە رۆژهـەڵاتی ناوینـدایـە، لـەوە دەچـێ بـە حـەبی ئەسـپرین نەخۆشـییەك چارەسـەر بکرێـت کـە لـە سـەرەمەرگ دایـە. تـەواوی مەیلـەکانی بـەرخودان، لـە رەوتـە ئیسلامییەکانەوە تا پارتە کۆمۆنیستیەکان، لە نەتەوەپەرستی تا لیبرالیزم، تەنانەت شێوەکانی فشاری شێوازی ئیسرائیلیش لە مەزن کردن و وروژاندنی بچووکترین گرفت بـەولاوە هـیچ رۆڵێکـی دیکـەیان

نەبینیوە. ئەم راستینەیەش ئەوە روون دەکاتەوە دەستنیشان کردنی نەخۆشی و چارەسەر کردنەکەی زۆر لە واقیعی پێکهاتەکەی دوورە. قەوارەیەکی دروستکراو لە زاراوەی دروستکراوەوە پێك هێنراوە. وا مەزەنـدە دەکـرێ لەمیانـەی دەستنیشـان کـردن و چارەسـەریەکی بـەمجۆرە، کارەکـان ئـەنجام بـدرێت. تەواوی ئەوانەی بەناوی نوژەنیەوە لە رۆژهەڵاتی ناوین هەن، لە قەوارەیەکی بێ گیـان بـەولاوە هـیچ رۆڵێکی دیکە نابینن. تاوەکو ئێستا ناوچەکە خۆی نەناسیوە. سەبارەت بە مێـژوو لـە نێـو نەزانیـەکی کوێرانە و نامۆ بوونێکی قووڵ دایە. هەروەکو بڵێی کۆمەڵگا بووە بە کۆنکریت. دەزگاکانی سیاسـەت و دەوڵەت تەواو رۆڵی تەنێکی شێرپەنجە دەبینن. خەیاڵە لێـڵ و تاریکـەکانی دێوەزمـەکانی سـەردەمێك دەخولێتەوە. رەوشێکی لێکدان و رزین لە ئارادایە کە گەلێك لەو تێکدانانەی مەغۆل و ئاشـوورییەکان قـووڵترە. رۆژهـەڵاتی نـاوین بـە نهێنیـەکی شـاراوە و هاوکێشـەیەك دەچـێت گـەلێك نهێنـی لـەخۆوە دەگرێت و تاوەکو ئێستا شینەکراوەتەوە.

تواناکـاری شـیکردنەوەی رۆژهـەڵاتی نـاوین گرێـدراوی ئـاواکردنی پەیوەندیـەکی راسـتە لەگـەڵ شارستانیەتی ئەوروپا. کاتێك ئەم بابەتە لەمیانەی یەك بوونێکی دیالیکتیکی تـاوتوێ بکرێت. واتـای راستی خۆی دەبەخشێ. چەندەی پێویست دەکات ئەوروپا لە شارستانیەتی رۆژهـەڵاتی نـاوین بـەدوای بنەماکانی شارستانیەتی خۆی بگەڕێت و بەڕاستی دەستنیشانی بکات، ئـەوا رۆژهـەڵاتی نـاوینیش کـە بـەها شارسـتانیەتیەکانی بۆتـە پاشـخانەی کلتـووری، پێویسـتە بـە شـێوەیەکی راسـت شارسـتانیەتی ئەوروپا پێناسە بکات، تاوەکو بتوانێ بە گوێرەی ئەم سەردەمە دژە بیرۆکەی خۆی پێکبێنێ. هەروەها پێویستە بە بایەخەوە جەخت لەسەر ئەوە بکرێتەوە کە نابێ پێناسە کردن بە شێوەی هەرس کـردن یاخود لاسایی کردنەوە بێت. ئەوەی لەم دووسەد ساڵەی دواییـدا ئـەنجام دراوە لاسـایی کردنەوەیـەکی هەرزانە. سەرباری ئەوەی لاسایی کردنەوە قۆناخێکـە راکـردن لێـی نابێـت، بـەڵام هـەروەکو پـەیڕەوی فێر کردنی مەیموونی سەرەتایی و دواکەوتوو وایە. هەروەکو چۆن دووبارە کردنەوەی ئەم قۆناخە لە رۆژگـاری ئەمرۆمانـدا هـیچ واتایـەکی نییـە ئـەوا بـە خێرایـی بـەلاوەنانی قۆنـاخی لاسـایی کردنـەوە مەرجی یەکەمە بۆ رێزگرتن لە خود و شەرەفمەندێتی.

تاوەکو ئێستا قۆناخی هەرس کردنـی ئـەوروپا لـە ئارادایـە. نـاتوانرێ بـاس لـە راسـتینەی هـەرس کردنێکی دروست بکرێت. سەرکەوتنیشی لەو توانستە دەبینـرێ کـە بـە تـەواوی دەرفـەتی بـەدیهاتنی هەیە. قۆناخی هەرس کردن و بوون بە دژە بیرۆکە بە یەکەوە بەرێوە دەچـن. بینینـی هـەرس کـردن وەکو قۆناخێك کە دەشێ تا کۆتایی بەردەوام بێت، بە واتای داننـەنان بـە مـیراس و هێـزە مەزنـەکەی شارستانیەتی رۆژهەڵاتی ناوین دێت. چـەندین هێـزی ئایـدیۆلۆژی، سیاسـی، ئـەخلاقی و هونـەری کـە

ئەمەیان تاقیکردەوە لە شکست رزگاریان نەبوو. هۆکارەکەشی بۆ بێ توانایی و سنوورداری هەوڵ و کۆشش ناگەڕێتەوە، بەڵکو سەرچاوەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە ئەو میراسەی شارستانیەت و هێزەکەی ناناسێ کە بناخەکەی خۆی پێکدێنێ و هەروەها ئەوەی هەڵنەسەنگاندووە ئەم هێزە کارەکتەرێکی هەیە تاوەکو دوایی لاسایی کردنەوە و هەرسکردن پەسند ناکات. دەبێ هیچ کاتێك لە بیر نەکەین: کاتێك لە کارە ستراتیژییەکاندا وەرچەرخانێکی گشتگیری رەچاو نەکرێت، ئەوا رۆڵێك ناگێڕدرێ شایستەی مێژوو بێت. ئەو جوڵانەوە مێژووییانەی دەخوازن لە رۆژهەڵاتی ناویندا رۆڵ ببینن، ناچارن لاسایی و لەیەکچوون و هەرسکردن تێپەڕ بکەن و دژە بیرۆکەی خۆیان پێکبێنن. ئەو جوڵانەوانەی لەمەدا سەرکەوتن بەدەست نەهێنن لە بەلاوەنان رزگاریان نابێت. ئەم تێپەڕکردنەش یان لە ئەنجامی لەدەستدانی هێزی بەرخودان ئەنجامگیر دەبێ، یاخود لەمیانەی رەتکردنەوەی لاسایی کردن و هەرسکردن لەلایەن نەریتی کلتوورییەوە. پەیوەندیەکانی رۆژهەڵاتی ناوین لەگەڵ ئەورووپا بە تایبەتیش لەم دووسەد ساڵەی دواییدا ئەمەی پشت راست کردەوە کە هەوڵە رووکەشیەکانی نوژەنی ئەم دووسەد ساڵە لە رۆژگاری ئەمرۆماندا دووچاری شکست هاتووە، هەم بە شێوەیەکی ساختەکاری و بێناموسانە دەبوایە لە ئەنجامدا پەند و ئەزموونی لێوەربگیردرایە. بەڵام هەروەکو دەزانرێ ساختەکار و بێشەرەفەکان کێشەی پەند و ئەزموون وەرگرتنیان نییە. ئەوانەی دیکەش پابەند بوون بە خێڵایەتی کە شێوەیەکی بەرخودانی هەزاران ساڵ پێش ئێستا بوو، بۆ خۆیان وەکو مەعریفەت و شەرەف لە قەڵەم دەدەن. تاوەکو ئێستاکەش لەمیانەی دەوڵەتی نەتەوەیی و نەتەوەپەرستی کە شێوەیەکی هاوچەرخی خێڵایەتییە، بە بێ هیچ شەرمێك خۆیان بە قارەمان لە قەڵەم دەدەن و تەنانەت شانازیشی پێوەدەکەن.

بەرامبەر بە میراس و هێزی شارستانیەتی رۆژهەڵاتی ناوین، خێڵایەتی و شێوە هاوچەرخەکەی واتە نەتەوایەتی، بە بچووکی دەمێننەوە و ناچاریشن بەمجۆرە بن. دەشێ بەرخودانەکانی هۆریت و ئامۆریتەکانی تیرەکانی شاخ و بیابان بەرامبەر بە شارستانیەتی سۆمەر واتایەکی مێژوویی هەبێت. ئەم بەرخودانانە دەروازەی لەپێش داستانی خێڵایەتی کردەوە. هەروەها بەرخودانەکانی تیرە و هۆزە عیبرانییەکان بەرامبەر بە فیرعەون و نەمروود لە ژێر ناوی ئایینی تاکخودایی، واتایەکی مەزنی هەیە و کتێبە پیرۆزەکانی هێناوەتە ئاراوە؛ لە مێژوودا توانای بەشداری کردنیان لە پێکهاتنی بیرۆکە و دژە بیرۆکە نیشانداوە. بەڵام لە رۆژگاری ئەمرۆماندا ئەو بەرخودانانەی کە بنەمایەکی خێڵایەتی و ئایینی و نەتەوەییان هەیە بەرامبەر شارستانیەتی ئەورووپا هیچ تایبەتمەندێتیەکیان نییە کە ببن بە بیرۆکە و دژە بیرۆکە. زیاتر ئامانجیان لاسایی کردنەوەیەکی سەرکەوتووانە و هەرسکردنە وەکو

جۆرێکی پێشکەوتوی لاسایی کردنەوە و بوون بە خۆجێیی. دەشێ وەکو پابەند بوون بە بیرەوەری رابردوو ریش بهێڵنەوە و کەفیە (عەگال) ببەستن و بخوازن خۆیان وەکو دژە بیرۆکە نیشان بدەن. ئەمەش تەنیا گوزارشت لە گۆڕانی لاسایی کردنەوە بۆ جامباز دەکات. ئەو هەرسکردنەی لە وەرچەرخان بۆ خۆجێیی سەرکەوتوو دەبێت، ناشێ تایبەتمەندێتییەکی بەمجۆرەی هەبێ کە هێزی گەوهەری و دژە بیرۆکە بخولقێنێ. تەنیا دەتوانێ بانگەشەی ئەوە بکات کە لەخۆوەگرتن، قووڵبوونەوە و بەها خۆجێیەکانی لێ موتوربە کردووە.

تاوەکو ئێستا ئەو سیستەمە مۆنارشی و کۆماریانەی هەن زۆر لەمجۆرە هەرسکردنە دواکەوتووترن. ناتوانرێ بگوترێ بە گوێرەی واتا ئەوروپیەکەی بوونەتە مۆنارشی و کۆمارێکی تەواو. هەرچی کۆماری دیموکراسی و علمانیە تەنیا لە ئاستی وشەدا ماوە، تەنیا قسە و دیماگۆجیەتە. هەرچی شارستانیەتی دیموکراسییە هێشتا زۆر دوورە لەوەی بە واتای زاراوەی خۆی بگات. لەمیانەی قووڵکردنەوەی بابەتەکانی خێڵایەتی، بنەماڵەگەریتی، نەتەوەپەرستی سەرەتایی و شۆڤێنی بەرژەوەندیە تەسك و تاکە کەسێتییەکانی خۆیان دەشارنەوە و لەمیانەی بەدڕەوشتترین رێچکەکانی تەڵەکەبازی و پێشێلکاری بەسەر گەلێکدا دەچەسپێنێ. ناشێ بگوترێ پێکهاتەی سەرخانی باڵادەستی کۆمەڵگا لەمە بەدواوە خەریکی کارێکی دیکەی رەسەن بێت. هەروەها پێویستە بە بایەخەوە ئاماژە بەوە بکرێ کە زۆر لە رەسەنایەتی تیرە و هۆزەکانی چوارهەزار ساڵ پێش ئێستا دواکەوتووترن. هەرچی سیاسەتی فەرمی رۆژهەڵاتی ناوین و دەزگاکانی سەرخان و ژێرخانێتی، هەوڵدەدات دژوارترین شێوە ترسناکەکانی سەرکووتکردن بۆ سەپاندنی لاساییکردنەوە و توانەوە بەسەر جەماوەر پەیڕەو بکات و ئەمەش لە ژێر ناوی نوژەنی و پێشکەوتوخوازی ئەنجامدەدات، لە لایەکی دیکەشەوە لەمیانەی تالانکاری سەرەتاییترین سەرمایەداری، سامان کەڵەکە دەکات. ناتوانرێ بگوترێ سەردەستەکان پەند و ئەزموونیان لە رابردووی خۆیان وەرنەگرتووە. لە کاتی پێویستدا ریش دەهێڵنەوە و جل و بەرگێك دەپۆشن رابردوویان بێنێتەوە یاد، بەڵام شێوەکانی بەڕێوەبەرێتی دەسپۆتیزمی پاشماوەی کۆیلەداری و پادشایەتی کە پاشماوەی چەمکەکانی سەڵتەنەتی چاخەکانی ناوینە، لە ژێر ناوی نوژەنی رتووشی ئەوروپیانەیان بۆ کردووە، ئەمەش بۆتە داهێنانەکانیان. هەندێك ئەمە بە ریفۆرم، هەندێکی دیکەش بە شۆڕش ناوی دەبەن. لە راستیدا نە شۆڕش و نە ریفۆرم ئەنجامنەدراوە. بەڵکو ئەو ستاتۆیەی لە ئارادایە بەهێزکراوە. لەمیانەی چەقاندنی پارچەی نوێ و بزمارەکانی ئەوروپا، شۆڕشی کلتووری رۆژهەڵاتی ناوین لەولاوە بمێنێت، تەنانەت تاوەکو ئێستا رۆژهەڵاتی ناوین ئاشنای ریفۆرمیش نەبووە. ئەوەی لە دەرەوە دەسەپێنرێ نەك ریفۆرمە، بەڵکو بە

کۆلۆنیکردن و داگیرکردن ناودەبرێت. لەوانەیە پێشکەوتنێك لەوە بەدیبکرێ، بەڵام بە هیچ جۆرێك ریفۆرم و شۆڕش نییە. تەنانەت لەو وڵاتانەی قووڵبۆتەوە، داگیرکاری نوێ تێپەڕ ناکات و وەکو ئامانجێك پەسند دەکرێت. دەتوانرێ سەبارەت بە بەهاکانی شارستانیەتی رۆژهەڵاتی ناوین بگوترێ کە لەمیانەی چالاکیەکانی گەڕان و لێکۆڵینەوەکانی ئاسەوارناسی پاشماوەکانی دەردەهێنرێت. هەروەکو چۆن ئەمە سەرکەوتنێکی ئەو رۆژهەڵاتناسانەیە کە پشت بە شارستانیەتی ئەوروپا دەبەستن، ئەوا ئەمە لە رێگای شرۆڤە هەڵە و ناتەواوەکان بەرێوە دەچێت. جگە لەمەش زانست و تەکنۆلۆژیاش دوورە لەوەی نموونەی ئەو کەرەی دەربازکردبێت کە بارەکەی پڕ لە کتێبە. بە فیرۆچوون و زەوتکردنی چاوگە ماددییەکان ئەوە رووندەکاتەوە کە بە واتای سەرمایەداری ئابووری بونیادنانرێ. هەروەکو جەختی لەسەر کرایەوە، دەزگا سیاسییەکانیش لەمیانەی لەیستۆکە هاوچەرخەکانەوە درێژە بە دەسپۆتیزم و سیستەمی سەڵتەنەتی دەدەن. هەروەها لە بواری ئایدیۆلۆژیشدا کاریگەری کۆنکرێتی راستینەی میتۆلۆژیا و ئایین بەسەر مێشك و هزردا زاڵکراوە. هەروەکو چۆن ئەم کاریگەرییە تێکنەشکێنراوە، تەنانەت لە ئاکامی تێکەڵکردنی لەگەڵ فەلسەفە و زانستی هاوچەرخ شێوەیەکی ترسناکتری بەخۆوەگرتووە. بە کورتی ئەو کاریگەرییەی دووسەد ساڵەی دوایی شارستانیەتی ئەوروپا، لە ژێرکەوتووترین نموونەی جیهان رزگاری نەبووە. سەرباری دەوڵەمەندێتی شارستانیەت و چاوگە ماددییەکانی، ئەوا ئەم رەوشە گوزارشت لە قووڵایی نەزانی و گەندەڵی دەکات. جارێکی دیکەش ئەم بۆچوونە پشت راست دەکرێتەوە: تاوەکو ئەو شێوازەی پەیوەندی پێکنەیێت کە لەسەر بنەمای دژە بیرۆکە و سەنتێز بێت لەگەڵ شارستانیەتی ئەوروپا، کە ئەمەش رێگا بە شارستانیەتی رۆژهەڵاتی ناوین دەدات و پێویستیەکی دیالیکتیکی سەردەمە، ئەوا رابردووی مەزن لەو ناوچەگەرێتییە و لە گەندەڵی هەڵوێستی رۆژانەی نابوورێت.

ئەم بارودۆخەش پەیوەندی بە گەوهەری شارستانیەتەکان هەیە. ئەوانەی دەتوانن لە رێگای شارستانیەتی ئەوروپا و لەسەر بنەمای پێکهاتنی دژە بیرۆکە پەیوەندیەکی دیالیکتیکانە لە رۆژهەڵاتی ناوین ئاوابکەن، شایانی پێکهێنانی هێزی هەڵمەتی قەڵەمبازێکی مێژوویین، ئەمەش هەر تەنیا بۆ ناوچەکە نییە، بەڵکو بۆ تەواوی جیهانە. تەواوی پێهەلگرتنە مێژووییەکان ئەو واتایە لەخۆوە دەگرن. گلگامێش، سەرجۆن، ئیبراهیم، مووسا، زەردەشت، سوقرات، عیسا، مەحەمەد و رێنسانسخوازەکان یەکەمین نموونەن بە بیری مرۆڤدا دێن. رۆژهەڵاتی ناوین هەڵگری کلتوورێکە لە هەموو کلتوورەکان زیاتر ئەم قەڵەمبازە مێژوویی و سەرەتاکانی شارستانیەتەکانی بەخۆوە بینیوە. هەڵکشان و مەزن بوونی مێژوویی ئەم کلتوورە بە شێوەی ئەڵقە ئەڵقە و زنجیرە روویداوە. بەڵام

نزیکەی هەزار ساڵە ئەو زنجیرەیە پچڕاوە، ماوەیەکی درێژە و لەگەڵ خۆیدا رێگا لەپێش رزین و ژەنگارییەکی زیادە دەکاتەوە.

ئەو پرسیارە سەرەکییەی پێویستە بکرێت ئەوەیە: ئایا دەشێ قەوارەی مێژوویی و کلتووری رۆژهەڵاتی ناوین کە لەسەر بنەمای قەڵەمبازی مەزن بونیادنراوە لەمیانەی پێوەکردنی ئەڵقەیەکی هاوچەرخ خۆی زیندوو بکاتەوە و بە ئاییندەی بگەیەنێ؟ گرنگتریش ئەوەیە، دەشێ ئەڵقەیەکی نوێ بخاتە سەر ئەو نەریتە میتۆلۆژییەی بۆتە ئومێدی فریادرەسی مرۆڤایەتی؟ ئایا دەتوانێ بە هێزی پێکهێنانی دژە بیرۆکە و سەنتێز بگات و تەنیا بە هەرسکردنی ئەورووپا سنووردار نەبێ؟ رۆژهەڵاتی ناوین یان ئەوەتا ئەڵقەیەکی نوێ دەخاتە سەر زنجیرەی قەڵەمبازە مێژووییەکان و توانای جێبەجێکردنی ئەم ئەرکە بەدەستدێنێ، یاخود لەنێو قووڵایی ژیانێکی نەفرەتلێکراو رزگاری نابێت. هەمان مێژوو دەرفەت بە رێگای سێیەم نادات. مێژوو دەڵێ: "تۆ نابیت بە روسیا، چین، هیندستان یاخود ئەمریکایەکی نوێ، ئەوان وەکو دەوروبەری ناوەندێکی بەمجۆرە بەردەوام چاوەڕوانی قەڵەمبازێکی نوێی مێژوویین، مێژوو بەمجۆرە چارەنووسیانی دیارکردووە، بەڵام چارەنووسی تۆ کاروانی ئەو شارستانیەتە مەزنەیە کە لەسەر قەڵەمبازێکی بەهێز ئاواکراوە، ئەمەش لێشاوێکی بەهێزی لەجۆری رووبارەکانی فورات و دیجلەیە، ئەی رۆڵەی ناڕەسەن و نەفرین لێکراو، ئەگەر وەکو ئەوان نەبیت لێت نابوورم". لەهەمانکاتدا وەکو جێنشینی خوداوەندە ژنەکان رۆژهەڵاتی ناوین دەڵێ "ئەی پیاوەکە، ئەی مێردی خەڵەفاو و بێچارە! لەگەڵ تۆدا نابم، دەسووتێم و دەبم بە خۆڵەمێش، بەڵام لەگەڵتا بەشداری ژیانێکی خیانەتکارانە ناکەم". وەکو وڵاتی شوێنگەی خوداوەندەکان دەڵێ "ئەی گرگنەکان تەنانەت ئێوە بە بەندەی خۆشم پەسندناکەم، ئێوە نەفرین لێکراون، تەنیا لە نێو ئاگری دۆزەخدا شایستەی سووتانن". هونەرمەندە مەزنەکانیش دەڵێن: "ئیتر ئێمە گۆرانی ناڵێین و مۆسیقا ناژەنین و داستان نانووسین، چونکە ئێوە جوانی رۆحی ئەدەب و هونەری دێرینتان لەدەستدا"، تەواوی هونەرمەندە مەزنەکان بەرامبەر بە مێژوو دەوەستن و پێکەوە دەڵێن: "لێتان نابوورین".

شارستانیەتی رۆژهەڵاتی ناوین بە کپی ئەمە دەڵێ. بێباکانە وەڵامی فشارەکانی دەرەوە دەداتەوە. دەخوازێ لەمیانەی ئەنجامدانی وەرچەرخان ئەمە روونبکاتەوە و مانەوەی بە شێوەی بەرد بە شانازی و شەرەفمەندی دەبینێ. هەزاران ساڵە بە هێشتنەوەی نەوەکانی بەرامبەر بە هەموو جۆرێکی شکست و هەڵوێستی داتەپیو، تۆڵەی خۆی دەسەنێتەوە. بەمجۆرە وەڵامیدەداتەوە. لەوانەیە وەڵامی سەیر و سەرنج راکێشتری هەبێت؛ ئەمانەشی بۆ داهاتوو حەشارداوە، بۆ وەڵامدانەوە ئامادەیە، دەڵێت: "**ئەی**

**بەشە نەفرین لێکراوەکەی مێژوو و رۆژگاری گرگن، وەڵامت بەرامبەر ئەوجۆرە هەڵوێستانە چ دەبێت؟ ئەگەر ئازا و فارەمانی هەڵسە سەرپێ و وەڵامبدەرەوە"**.

دەشێ گەلێك هەڵسەنگاندنی بەرفراوان سەبارەت بە هەڵوێستی خۆڕاگری و بەرخودانی شارستانیەتی رۆژهەڵاتی ناوین پێشبخرێت. لەو باوەڕەدام ئەمە بۆ سەرنج راکێشان بەسە و تێردەکات. ئیتر با هەوڵبدەین لە مەسەلە گرنگ و بایەخدارەکە نزیکبینەوە. چۆن لەگەڵ شارستانیەتی ئەوروپا دەکەوێتە نێو پەیوەندی دژە بیرۆکە و سەنتێز؟ هەڵسەنگاندنمان سەبارەت بە چۆنێتی دەرکەوتن و پێشکەوتن و بڵاوبوونەوەی شارستانیەتی ئەوروپا لە جیهان، ئەنجامدا. هەروەها لەمیانەی هێڵە گشتییەکان دەرئەنجامەکانی هەڵوێستی داگیرکاری و تواندنەوەی سەبارەت بە رۆژهەڵاتی ناوینیشمان بینی. ئەگەر ژیان لەم جوگرافیایە بەردەوام بێت کە شارستانیەتی خوڵقاند و بەخێوی کرد، ئەوا لە ئەنجامدانی وەڵامدانەوەی پرسیاری "**چۆن بژین**" بە راستینەی خۆی دەگات. بێگومان تاوەکو ئەو رۆح و مێشکانە نەکرێنەوە کە سەدان ساڵە بوونە بە کۆنکریت و گرێکوێرە، ناتوانرێ وەڵامێکی راستی ئەم پرسیارە بدرێتەوە.

پێویستە ئەوەش روونبکرێتەوە مەبەست لەوە چییە کاتێ دەگوترێ پێویستە رۆژهەڵاتی ناوین وەکو لایەنێك لە پێکهاتنی دژە بیرۆکە و سەنتێزدا رۆڵ ببینێ. لە مێژە شارستانیەتی ئەوروپا بە رەوشێك گەیشتووە بیرۆکەکانی لە تەواوی جیهان بەهێزبێت. لە ئابووریەوە تا دەگاتە ئایدیۆلۆژیا، لە هونەرەوە تا سیاسەت، لە تەکنۆلۆژیاوە تا دەگاتە مێژوو و بنەما زانستییەکان و بیرۆکە بە ئەزموونەکانی بەهێز و پتەوە. بڵاوبوونەوەی قووڵایی جیهانگەرایی و جێنشینی بە حاڵەتی دیالیکتیکی تاکو ئێستاکەش لە رێگای هەرسکردنەوە دەکرێ بە موڵك. هەرچی لە رۆژهەڵاتی ناوینە، بڵاوبوونەوەیەکی بەمجۆرەی ئەنجامنەداوە، چونکە لێرەدا بەرخودان لە ئارادایە. ئەو مێژووەی ئەوروپاشی خوڵقاند، ناخوازێ یەکلایەنە تەسلیمی لاساییکردنەوە و هەرسکردن ببێت. ئەو میراسە مێژووییە مەزنە دەخوازێ خۆی بکات بە دژە بیرۆکە و سەنتێز، تاوەکو ببێت بە هێزی سەرەتاییەکی نوێی شایستەی مێژووەکەی. بەرامبەر بە بیرۆکەی ئەوروپا بوون بە دژە بیرۆکە بە واتای نکۆڵیکردنێکی رەها و قەبە نایێت. بۆ نموونە پێهەڵگرتنە ئیسلامییەکان هیچ بەهایەکی ئەوتۆیان نییە ببن بە دژە بیرۆکە. تەنانەت ئەگەر خاوەن بانگەشەش بن، ئەو هێزەیان نییە. ئەوە لەولاوە بمێنێ هەڵوێستەکانی نەتەوەپەرستی و کۆمۆنیستی لە ئارادایە ببن بە دژە بیرۆکەیەك، لە پرۆسەی لاساییکردنەوەیەکی ساکار بەولاوە هیچ رۆڵێکی دیکەیان نەبینیوە؛ تەنانەت هێندەی رۆژهەڵاتناسەکانیش رۆڵی رۆشنگەرییان نەبینیوە. ئەوانەی راستەوخۆ هاوکاری و رێککەوتن لەگەڵ

ئەوروپا دەکەن لە فەرمانبەری بچووك و نۆکەر بەولاوە تێپەڕنابن. هەربۆیە ئەرکی بوون بە دژە بیرۆکە چاوەڕوانی خاوەن لێدەرکەوتنە.

ئەوەی دەخوازرێ لەمیانەی دژە بیرۆکە پێناسە بکرێت ئەوەیە کە: چۆن دەتوانین هەبوونی شارستانیەتی رۆژهەڵاتی ناوین لەگەڵ پێکهاتەی شارستانیەتی ئەوروپا بکەین بە دژە بیرۆکەیەك رێگا لەپێش بانگەشە و قەڵەمبازێکی نوێ بکاتەوە؟ چۆن دەتوانین لە ئاکامی پەیوەندی هەردوو شارستانیەت دیاردەیەکی دژ یان تایبەت بێنینە ئاراوە؟ بە بێ ئەوەی لە ناویدا بتوێتەوە یان بە شێوەیەکی رەها رەتیبکاتەوە بەڵکو لەمیانەی پێبەخشین و تێرکردنی، دەتوانین ئەو دژە بیرۆکەی دیالیکتیکی پێکبێنین کە مرۆڤایەتی بەدوایدا دەگەڕێ. هێشتا کاتی بوون بە سەنتێز نییە. بەڵکو بە واتای ئەنجامدانی دژەهەڵمەتێك دێت، جیهان لە بوون بە چۆلەوانییەکی گشتی رزگاربکات و لە رەوشێکی ئەوتۆدا بیهێڵێتەوە تواناکاری و دەرفەتی ژیانی تێدابێت. چونکە مەترسییەکی بەمجۆرە لە ئارادایە کە بڵاوبوونەوەی یەکلایەنەی جیهانگیری و گەردوونی تێزی باڵادەست ئەگەر بە دیموکراسییانەترین شێوازیش بێت، دەشێ رێگا لەپێش فاشیزمی لە جۆری رەش و سپی بکاتەوە. جگە لە رۆژهەڵاتی ناوین ناوچەکانی دیکەی جیهان تا رادەیەکی مەزن وەکو رێککەوتنێك لەسەر کرداری هەرسکردن پێویستیەکانی خۆبەدەستەوەدانی ئەم بیرۆکەیە جێبەجێدەکەن. ئەنجامی ئەوەش فاشیزمێکی بە شێوازی دیموکراسییانە یاخود پەرەسەندنێکی هاوشێوەی ئەمە دەبێت. ئەمەش مەترسیدارترین ئاکامە بۆ مرۆڤایەتی. ئەگەر ئەمەی باس دەکرێت رووبدات، ئەوا دەبێتە "**کۆتایی مێژوو**". روونەدانی ئەم رەوشە گرێدراوی خوڵقاندنی دژە بیرۆکەیە. ئەو سۆسیالیزمە بونیادنراوەی بە سەرکێشی روسیا تاقیکرایەوە، کاتێ نەیتوانی ببێت بە دژە بیرۆکە و لە کۆتاییدا لەمیانەی خراپترین داڕووخاندا خۆی بەدەستەوەدا، بۆ مرۆڤایەتی ئەنجامی خراپی لەگەڵ خۆی هێنا. ئەو بەرخودانە پیرۆز و ترسناکانە، ئەو ئێش و ئازار و خوێنڕشتنانە، پێویستبوو بەمجۆرە ئەنجامگیرنەبێ. سەرەکیترین هۆکاریش ئەوەیە، بە بێ ئەوەی لە بوون بە دژە بیرۆکە سەرکەوتن بەدیبێنن، بە هەڵەداچوون و ساختەکارانە باسی ئۆتۆپیای کۆمۆنیستییان کرد. **هەر بە هەڵەداچوونێك لە کۆتاییدا بە خیانەت و خۆبەدەستەوەدان ئەنجامگیردەبێت.**

چەندین جار دووبارەمان کردەوە کە راستینەی مێژوویی رۆژهەڵاتی ناوین رێگا بە کردارێکی ساویلکەی هەرسکردن نادات. چونکە تەنانەت بەرماوەکانی شارستانیەتی رۆژهەڵاتی ناوینیش بە بێ دژە بیرۆکە ناتوانێ بێتەوە هۆش خۆی. بەمجۆرە دەتوانێ ئەو مرۆڤپەروەرییەی لە کەسایەتی ئەم شارستانیەتەدا هەیە، سەرلەنوێ لەو هەلومەرجەی لە ئارادایە، بۆ تەواوی مرۆڤایەتی ببێتە

ئومێدێك. پەسند کردنی لەمە کەمتر، تەنیا لەمیانەی نکۆڵیکردن لە خود دەبێت. زۆرن ئەوانەی ئەمەیان تاقیکردۆتەوە. زۆر ئاشکراشە هەبوونیان بە چ واتایەك دێت. ڕۆژهەڵاتی ناوین ئەم پێکهاتە دروستکراو و لاساییکەرەوانە پەسند ناکات، چونکە گەدە کلتوورییەکەی بەمە تێرنابێت. تەواوی جیهان بیخوات، ئەو نایخوات، دەخوازێ بە خۆی ببێتە بەهایەکی نوێ، ئەمەش پێویستیەکی گەوهەر و کەسایەتیەکەیەتی. کەواتە چۆن دەبێت بە دژە بیرۆکە؟ وەکو ئەرکێکی سەرشانمان هەندێ بۆچوونی خۆمان بە شێوەی هێڵی گشتی و قووڵ و بەبێ لادان پێشکەش دەکەین.

نوژەن کردنەوەی ناسنامەی ئایدیۆلۆژی ئەرکێکی مێژوویی لەپێشینەیە. جوڵانەوەکانی ڕێنسانس و ریفۆرم و ڕۆشنگەری کە تا ئێستا لە کلتووری ڕۆژهەڵاتی ناوین ئەنجام نەدراوە، پێویستە وەکو یەك جوڵانەوە ئەنجامبدرێ. ئەو وەرچەرخانانەی لەم سێ بوارەدا ئەنجام دەدەرێن ناسنامەی ئایدیۆلۆژی نوێ دیاریدەکات. ئەمەش بە واتای وەرچەرخانی بنەڕەتی و بواری هزری و ڕۆحی دێت.

شارستانیەتی ئەورووپا لەمیانەی ئەو شۆڕشە هزرییەی لە سەدەی پانزدەهەم تاکو سەدەی هەژدەهەم بەردەوام بووە، توانیویەتی دەزگاکانی خۆی ئاوابکات. دواترین قۆناخ کە پێیگەیشتووە ئەو شارستانیەتەیە کە لەسەر بنەمای دامەزراوە دیموکراسییەکانە. هەرچی ڕۆژهەڵاتی ناوینە ناوێرێ ئاشنایەتی لەگەڵ ئەم زاراوانەش بکات. بەڵام پێویست دەکات هەندێ بە هەڵەداچوون لەم بابەتە بەلاوەبنێین. هاوردنی زانست و تەکنۆلۆژیا و بونیادنانی کارگە و بوون بە خاوەن هەندێ دەزگای دیموکراسی بە واتای بەدیهاتنی ڕێنسانس و ریفۆرم و ڕۆشنگەری نایەت. ئەمانە پەرەسەندنی پارچە پارچەیە و پەیوەستی گەوهەر نین؛ لە پێکهاتەیەکی چینە بژاردەکانە، کە لە چوارچێوەی هەمان هزری توانەوە و کۆلۆنی پێکهاتووە، گوزارشت لە شتێکی دیکە ناکات. جگە لەو ئاستەی قۆناخی بە ڕۆژئاواییبوون کە لەم دووسەد ساڵەی دوایی پێیگەیشتووە، هیچ پەرەسەندنێکی گەوهەری نابینرێت. ڕەوتە ئیسلامگەراییەکانی وەکو کاردانەوەیەك گەشەیان کرد جگە لەو نەتەوەپەرستییەی ڕەنگی خۆی گۆڕیوە هیچ واتایەکی دیکەیان نییە.

دەشێ ڕەسەنایەتی لەمیانەی ئەنجامدانی ئەم سێ شۆڕشە هزرییە ئەنجامبدرێ. دوای بینینی نەبوونی ڕێگایەکی دیکە، دەرك دەکرێ لە بەدیهێنانی ئەم شۆڕشە لە واقیعی ڕۆژهەڵاتی ناوین بەملاوە هیچ ڕێگایەکی دیکەی چارەسەری لە ئارادانییە. لەپێناو ئەنجامدانی شۆڕشێکی ئاکاری و هزری لە ڕۆژهەڵاتی ناوین بەر لە هەموو شتێك دەبێ لێدانێك لە بواری ئایینی بوەشێنرێ. دەبێ داکۆکی لە سەر ئەوە بکەین ئەم هەلوێستەمان هیچ پەیوەندیەکی بە علمانیەتێکی هەرزانەوە نییە. لەهەمانکاتدا ئەوەی پێویستە لێدانی بەرکەوێ ئەم علمانیەتە ساختەیەیە. هاوکات ئەمە پەیوەندی

بـە تویـژە ئیمانـدار و دڵسۆزەکەش نییـە. بـە پێچـەوانەوە ئـەوان بـەهادارترین پێکهاتـەی کلتـووری ڕۆژهەڵاتی ناوینن و تا ئێستا هەڵنەوەشاوەتەوە. هەروەها ئەمە هیچ پەیوەندیەکی بە نکۆڵی کردن لە ئایین و خودا و سووکایەتیکردن بـە مزگـەوت نییـە. بـەڵکو ئەنجامـدانی شیکردنەوەی زانستی تـەواو سـەبارەت بـە پێکهاتـەی مێـژوویی ئـەم ناسـنامانە دەسـەپێنێ. ئـەوەی پێویسـتە ئەنجامبـدرێ، شیکردنەوەیەکی ڕاستی پێکهاتـە میتۆلۆژییەکانـە کـە تەسـەورەکانی ناسنامەی ڕاهیبـە سۆمەریەکان بوون؛ بیر لە ئیلاهییات (خوداناسی) بکرێتەوە کە دەرئەنجامێکی جیابوونەوەی چینایەتییە و سەرەتا هـەڵگری کارەکتـەر و کەسایەتیەکی میتۆلـۆژی بـوو دواتـریش بـووە خـاوەنی کارەکتـەرێکی ئـایینی، دواتریش گۆڕا و بوو بە کەرەستەیەکی خاوی ئەدەبی مێژوویی.

سۆمەریەکان بەردەوام میتۆلۆژیا و ئایینی خۆیان گۆڕیوە. بـە بـێ دوودڵی و بوێرییـەوە ژمـارەی خوداوەندەکانی خۆیان کەمکردۆتەوە و ناوەڕۆك و ناوەکانیان گۆڕیوە. لە نەریتی حەزرەتی ئیبراهیم دا بوێری لە ئاستێك دایە زۆرانبازی لەگەڵ خوداوەند دەکرێ (ئیسـرائیل = زۆرانبـازی لەگـەڵ خـودا)، لە دواییشدا بڕیار لەسەر "**ئەل**" واتـا **ئـەڵلا** دەدرێت. مووسـا ئـەوەی کـردووە بـە خوداوەنـدی قـەوم. عیسا جارێکی دیکە بۆ زاراوەی "**خوداوەندی سیانی**" گەڕاوەتەوە. بـەهۆی پێویستی بـە دەسـەڵاتێکی تـاك و یـەکبوو، حـەزرەتی مەحەمـەد بـە زاراوەی ئـەڵلا گەیشـت کـە لەمیانـەی ۹۹ تایبەتمەنـدی بـەهێزکراوە. ئـەم کورتـە دووبارەکردنـەوەش ڕووندەکاتـەوە تەنانـەت ئـایین و خوداوەنـدەکانیش بـەردەوام لـە نـاو گۆڕانکاریـدابوون. ئیسلامیەتیش گوزارشـت لـە یـەکێتی هەلومـەرجی بەرجەسـتەی قۆنـاخی دەرکـەوتنی و هـزرە ئایینیەکـەی ئەوکاتـە دەکـات. هەرچـی شـێوەکانی عیبادەتـە، لـە بەهێزکردنی کەسایەتی نوێ بەولاوە هیچ واتایەکی دیکەی نییـە. تەنانـەت دواتـر گۆڕانکـاری مـەزنی بـەخۆوە بینـی. مەسـیحیەت و یەهوودیـەتی خـاوەن هـەمان ریشـەن بـەردەوام بـە نێـو گۆڕانکاریـدا دەربـازبوون. لـە ڕۆژگـاری ئەمڕۆشمانـدا زیـاتر وەکـو سەرچـاوەی ئـەدەبیات و بەهایـەکی ئـەخلاقی دەبینێ. ریفۆرمەکانیان لە بواری ئاییندا بەردەوامە و لەژێر سایەی سەرکێشی زانست پەرەدەسێنێ. هەروەکو دەزانرێ لە ئاکامی ئەو گۆڕانکارییەدا دەسکەوتێکی زۆریان بەدەستهێنا.

تەنانەت تاوەکو ئێستا لـە ئیسلامیەت و نـەریتی هاوشێوەی ئـەو گۆڕینی تاکە وشـەیەکیش بـە گوناه دادەنرێت. ئەمەش لەیستۆکێکە لەپێناو دیلگرتنی پێکهاتەی هزری بە شێوەیەکی ترسناك. لـە هـیچ قۆناخێکـدا، تەنانـەت لـە سـەردەمی پێغەمبـەرە خوڵقکارەکـانیش ئـایین بەمشـێوەیە نەبۆتـە ئامرازێکی خراپبوون. ئایین لەمیانەی ئەو شێوەیەی جێگایەکی هەرە دواکەوتوو نەفرینی لە مێژوودا گرتووە. مافی هیچ دەسەڵاتێکی سیاسی و مەعنەوی نییە هێندە لە ئاستی ئایین نزمبکاتەوە و بیخاتە

ئــەم رەوشــە. کردەوەیــەکی لــەوە مەترســیدارتر بــۆ ژەهرخــواردەکردن و ئیفلیجکردنــی بــیری کۆمەڵگاکانیان، بە ئەقڵیاندا نایەت. کۆمەڵگاکانی رۆژهەڵاتی ناوین بـە تایبـەتیش لـەم هـەزار ساڵەی دواییدا کاریگەری بەردەوام بوونی ئەم مەترسییەیان بەخۆوە بینی. ئـەم شێوەبەندییە ئایدیۆلۆژیـە ترسناکەی هزر دەئاوسێنێ و دیلی دەکات و پێشکەوتنی رۆحی دەوەستێنێ و پووچەڵی دەکاتـەوە لـە رۆژگـاری ئەمڕۆشمانـدا لـە سـەرووی ئـەو سەرچاوە پاشـڤەڕۆیانە دێـت کـە لەوانەیـە هەستیشی پـێ نەکرێت. لەبەر ئەوەی کۆشش و تێخوێندنەوەیەکی راستی سەبارەت ئەنجامنەدراوە، تـاوەکو ئێسـتاش یەکلانەکراوەتەوە تـا چ رادەیـەك و چۆن کۆمـەڵگای لـە پـەلوپۆ خستووە. چـونکە تـەواوی دەسـەڵاتە ناوەنــدی و ناوچــەییەکان، علمانیەکانیشــی لــەناودا، ئەمــە وەکــو ئاســانترین ئــامرازی چەوســانەوە بەکاردێنن.

تەنانــەت کاتێـك ئیسـلامیەت لـە قۆنـاخی دەرکـەوتن و بڵاوبوونەوەشـدابوو بـەردەوام ریفـۆرمی پێویستی بەخۆوەدیوە. شیعەگەرایی ئێرانی، عەلەویگـەرایی کـوردان، بەگداشـییەت و مەولەویگـەرایی تورکان و چەندین تەریقەت و ئایینزای دیکە ریفۆرمن کە لـە ئـایینی ئیسـلامیەتدا روویانـداوە. ئـەم قۆناخـە لـە سـاڵانی ١١٠٠ زایینـی وەسـتێنرا، لەسـەر بنـەمای ئـەو سـتاتۆیەی لـە ئارادایـە تـا رۆژگـاری ئەمڕۆمان بە شێوەی هەرە وشکی خۆی بەردەوام بووە. مەترسی لەوەدا نییـە چـەندە راسـتی و هەڵـە لەخۆوە دەگرێت؛ بەڵکو وەستاندنی هزری ئازاد و لەناوبردنی کەسێتی تاکە. ئەو مرۆڤەی ئازادانە بیر نەکاتەوە و خەیاڵی تاکەکەسێتی نەکات، واتا هێزی خوڵقکاری ئەو مرۆڤە مردووە. ئەو کۆمەڵگایانەی لەسەر بنەمای ئەمجۆرە تاکە بونیاد دەنرێن سەرچاوەی ژیانیان وشکی کردووە. گـەورەترین کارەسـات بۆ کۆمەڵگاکانی رۆژهەڵاتی ناوین لەسەرپێهێشتنەوەی ئـەم رەوشـەیە بـە شـێوەیەکی پتـەو. لەوانەیـە تەواوی ستەمکارەکانی و تاڵانکارەکانی ناوخۆ و دەرەوە سوود لەم رەوشە ببیـنن. بـەڵام لەبـەر ئـەوەی کۆمــەڵگا و دەوڵــەت بــەهاکانی خوڵقکارییــان لەدەســتداوە، بۆیــە بــەردەوام لــە نــەداری و وشــکهەڵاتی رزگاریان نابێت.

لە حاڵـەتێکی بـەمجۆرە لـەپێناو ئـەنجامگیر کردنـی ریفـۆرمی ئـایینی کـە زۆر درەنـگ کـەوتووە و لەوەش گرنگتر بۆ رێخۆشکردن لەپێش تاکی ئازاد؛ پێویستە ئەو هەڵمەتە سـەربخەین کـە بـە تـەواوی دۆگمای ئایینی پارچە پارچە دەکات. رێگای ئەمەش بەوەدا دەرباز دەبێت کە هەموو کتێبە پیرۆزەکان وەکـو سەرچـاوەی ئـەدەبی هەڵسـەنگێنرێ و لەمیانــەی شـیکردنەوەی ئاکـاری و کۆمەڵناسـی بـەرەو ئەخلاقێکی ئازاد وەرچەرخێنرێ، مسۆگەر دەبێ لەم رەوشـە دەربخرێـت کـە وەکـو دۆگمایـەك بەسـەر تاکـدا بسـەپێنرێ. گرێـدراوی ئەمــەش لــەجیاتی شـێوەکانی عیبـادەت پێویسـتە لەسـەر بنـەمای

پەیوەندیەکانی کتێبە پیرۆزەکان و پاشکۆکانیان بە مەسەلە مێژوویی، کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابووری، چەوسانەوە، زانست، ئازادی، پێشکەوتن، ماتریالیزمی دیالیکتیکی، ئایدیالیزمی میتافیزیکی و ئاکارییەکان شیکردنەوەیەکی قووڵ بە زمانێك پێشبخرێت گەل لێی تێبگات. لەسەر ئەم بنەمایەش دەبێ شرۆڤەی ئایەت و فەرموودەکان بکرێت.

لێرەدا مەبەست ئەو پەیڕەوە وشکەی وەعزکاری نییە کە پڕوپاگەندەی سیستەم دەکات، بەڵکو پێشبینی ریفۆرمێکی ریشەیی دەکات و وەکو مەرجێکی دەبینێ. مزگەوتەکان و ناوەندە هاوشێوەکانی دەتوانن رۆڵی ناوەندەکانی زانست و هونەری ناوچەکەی خۆیان ببینن، بەمجۆرە دەتوانرێ شانۆگەری رەسەن سازبکرێ. نابێ لە بیربکەین نوێژ شێوەیەکی دواتری دراما سەرەتاییەکانە. نوێژ بە خۆشی بە واتا گشتییەکەی شانۆگەرییەکە. شتی گرنگ ئەوەیە ئەوەی کە ئاماژەی پێدەکەین لەلایەن توندڕەوەکانەوە چەواشە نەکرێت. دیسان دووبارەی دەکەمەوە با لێکۆڵینەوە سەبارەت بە سەرچاوەکانی رۆژو و نوێژ و جەژن و قوربانی سەربڕین بکرێ، ئەوکاتە دەبینرێ ریشەکەی بۆ ئەو نمایشانە دەگەڕێتەوە کە گەلان لە هەندێ وەرزی گرنگدا نیشانی دەدەن. عیبادەتەکان و ئەو نمایشانە، یەکەمین شێوەی شانۆگەرییەکانە (دراما، تراژیدیا، کۆمیدیا) دواتریش بە پێی پێویستی گۆڕانی بەسەردا هاتووە. هەربۆیە پێویست دەکات پێویستیەکانی ئەم چەرخە رەچاوبکرێت و بۆ شێوەیەك وەرچەرخێنرێ کە هزر بە سەربەستی بهێڵدرێ و بە هەموو قووڵاییەکەوە مێژوو روونبکاتەوە و بە چێژی هونەرمان بگەیەنێ و رێگا بە ئاکاری سوودبەخش بدات. رێوڕەسمەکانی پاڕانەوە، قوربانیدان، رۆژو و نوێژ کە هەموویان تەگبیرەکانی بە کۆمەڵایەتیبوونی قۆناخی خۆی بوو، پێویستە هەموویان لەسەر ئەو بنەمایە بە وەرچەرخاندا دەربازببن. بەمجۆرە سەرچاوەکانی سەردەمی لە دایکبوونی ئایینەکان بە واتای خۆی دەگات. باشترین رێگا ئەوەیە شوێنە پیرۆزەکان لە سەرووی هەمووشیانەوە مزگەوتەکان بکرێن بە شوێنی ئەکادیمیای فێرکردنی گەل و شانۆی هونەری. پێویستە زانا و هونەرمەند و بیریاران لەم ناوەندانە، وانە بڵێنەوە و گەل بێ پەروەردە بە نەزانی نەهێڵنەوە.

پێویستە هەمان رێکخستن سەبارەت بە شێوەکانی دیکەی عیبادەتیش بکرێت. باشتر و سوودمەندتر ئەوەیە لەجیاتی ئەو قوربانی سەربڕینەی کە ئیتر شێوەیەکی دڕندەیی بەخۆوە دەگرێت. سەندووقێك بۆ یارمەتیدانی هەژاران و کاری دیکەی خێرداری ئامادە بکرێت. پێویستە رۆژو گرتنیش بە ئامانجی پەروەردەکردن و راهێنانی نەفس بە شێوەیەکی سنووردار پەیڕەوبکرێت. لە ئەنجامدا پێویستە هەموو شێوەکانی عیبادەت بە گوێرەی پێویستیەکانی سەردەم سەرلەنوێ رێکبخرێنەوە. لەوانەیە هەندێ کەس بڵێن "**خودا لە کوێ ماوە؟**". لە سەرووی هەموو شتێکەوە پێیان

دەڵـێم: لەگـەڵ پەرەسـەندنی کۆمەڵایەتیـدا ئـەویش وەکـو ناسـنامەی تەسـەورەکانی ڕاهیبـە سۆمەریەکان بـەردەوام پەرەسـەندنی بەخۆیـەوە دیـوە،"**ئـەل**"ی ئیـبراهیم تیرەکەیـەتی کـە پێویسـتە بەهێز بێت، یاهۆڤا(یەهوە)ی مووسا تیرە و هۆزەکانی ئیسرائیل و یەهوودە کە پێویستە ببن بە یەك، رەب ی عیسا سـەنتێزی ئـایین و ویژدانـە سـەرەتاییەکەی چەوسـاوەکانی ئـەو سـەردەمەیە. ئـەڵڵای مەحەمەد گوزارشت لە یەکبوونی تیرە سەرەکییەکان و پێویستی بـەهێزبوونیان دەکات؛ تەسـەورێکی هاوبەشی تیرە ڕەوەندەکانە (بدوی) و هێزی تیرە و هۆزە عەرەبە یەکگرتووەکانە. هەر کۆمـەڵێکی بـە ئەنـدازەی ئـەوەی خـۆی بـەهێزدەکات، سـەرلەنوێ نیگـاکردنی (تصور) خوداکـەی خـۆی دوا ناکـەوێت. ئەمەیە ڕاستینەی مێـژوویی و کۆمـەڵگا. گەوهـەری زانسـت خـودای ڕۆژگـاری ئەمڕۆمانـە، ئـیتر خـودا بەخۆی لەسەر بنەمای دیالیکتیکی گەردوونی خـۆی هەڵدەسووڕێنێ، هـەموو شـتێکە، کـە بـێ کۆتـایی دەگۆڕێت و گۆڕانکاری ئەنجام دەدات. ئایا دەشـێ بـیر لـە فکرێـك بکرێتـەوە سـەبارەت بـە خـودا لەمـە شکۆدارتربێت؟

پێویستە ئەو ئۆتۆپیاگەراییەش تێکبشکێنرێ کە بەسەر پێکهاتەی هزری ڕۆژهەڵاتی ناوین زاڵە و هیچ بنگەیەکیشی نییە. هەروەها پێویست دەکات دەست لە خەیاڵە ئۆتۆپیاکانی لە جۆری بەهەشت و دۆزەخ، سیرات، مەحشەر، چاوەڕوانکردنی فریادڕەس، نەتەوەی بـاڵا، ڕەش و سـپی بەربـدات کـە زیـاتر داهێنانەکانی ڕاهیبەکانی میسر و سۆمەرن. هێندە ئایدیالیزەکردنی خۆپەرستی (أنانیة) ڕێگـا لـەپێش شێوە بێ هاوتاکانی چەوساندنەوە و سەرکوتکردنی دەکاتەوە. هـەروەکو هێـزی دۆگماکـان (قالبـەکان)، هێزی ئۆتۆپیاش دەبێتـە ئـامرازێکی دەسـتی خـاوەن هێـز و دەسـەڵاتداران. جگـە لەوانـەی زانسـتین و مەزەندەی بەدیهاتنیان هەیە، ئۆتۆپیاکانی سەبارەت بە هەتا هەتایی بن (أبدي) هزر دووچاری دیلی و تەمبەڵی دەکەن. بە تایبەتیش ئەگەر ڕیشـەیەکی ئایینیـان هـەبوو، ئـەوا ڕێگـا لـەپێش کاریگەرییـەکی بەستەڵەکی دەکەنەوە. چەندە پێویستی بەو پرۆژە و بۆچوونانە هەیە کە لەسـەر بنـەمای زانسـتی ـ تەکنۆلۆژین، ئەوا ئەوانەی بێ بنەمایـەکی زانسـتین هێنـدە پـووچ و مەترسـیدارن. تـاوەکو ڕاسـتینەی دۆگمـا و ئۆتۆپیـا تێکنەشـکێنرێ کـە لـە کلتـووری ڕۆژهـەڵاتی نـاوین زۆر بـەهێزن، ناشـێ ڕێنسـانس ئەنجامبدرێت. تەسـەورێکی هـەزاران سـاڵ بـەر لـە ئێسـتا، کـە بەرهـەمی زانسـت و (تەکنۆلۆژیا)یـەکی دواکـەوتووە (سـەرەتایی) و هـەروەها لەسـەر بنـەمای هەلومەرجـەکانی نایەکسـانی نـاو کۆمـەڵگا پێشکەوتوە، ئەگەر لە ڕۆژگاری ئەمڕۆشماندا بە بێ ئەوەی واتاکەی بزانرێت وەکو مـەزنترین پـیرۆزی دەپەرسترێ، بێگومان ئەمە گەورەترین نەخۆشی کۆمەڵگا و تاکەکەسە.

پێش هەموو شتێك تاوەكو ئەم نەخۆشییە بەلاوەنەنرێت، ناتوانرێ چاوەڕوانی گەڕانەوەی وشیاری ویژادن بکرێت بۆ ڕەوشی سروشتی خۆیان. کلتووری کۆمەڵگایەك کیژۆڵەیەکی پانزدە ساڵی بە بیانووی ئەوە بکوژێت کە کوڕێکی خۆشویستووە، نەخۆشییەکی ترسناکە. نابێ لە بیربکرێ هەر بوارێکی ژیان بەمجۆرە دەکوژرێ. ئەم خاك و کلتوورەی سەردەمێك بەردەوامی خەیاڵەکانی خوداوەندی ژن و پیاوی ئاوادەکرد، لەبەر ئەوەی وەرچەرخانی پێویست و خوڵقێنەری ئەنجام نەداوە، ئیتر ڕێگای لەپێش بێڕۆحی وڵاتێکی بێخێر و بیابان و نەزۆك کردۆتەوە. ئیلهامبەخش نییە، شیعر ناخوڵقێنێ، خۆشەویستی پێشناخات، چونکە لە مێژە ژەنگی گرتووە، بەدەستی ئۆتۆپیا و دۆگماکان وشکی کردووە، بەستوویەتی و بووە بە خاکێکی بێ خێر. شۆڕشی ڕێنسانس: بە واتای سەرلەنوێ رووانی ئەم خاکە و بوونی بە چاوگی ئیلهامی خۆشەویستی و داستانی نوێ و هەڵسانەوە سەرپێیەتی لەمیانەی خەونە نوێ و واقیعیەکانی بەهەشت و هەموو لایەك قەشەنگ دەبێت. بە واتا سەرلەنوێ ڕێگای خۆ بونیادنانەوە و خۆ خوڵقاندنەوەی هزرە بەستووەکان و ڕۆحە وشکهەڵاتووەکان و ڕۆحە رەقبوو و چەواشەکراوەکان دەکاتەوە. زەمینە بۆ هزری زانستی لەبار و گونجاوە، دەشێ گەلێك شت لە دەسکەوتەکانی ئەورووپا وەربگیردرێت. تەکنۆلۆژیاش ئامادەیە، بە سانایی بەدەستدەکەوێت. ئەم ڕاستینەیە شانس و هێزی ڕێنسانسی ڕۆژهەڵاتی ناوین دیاریدەکات. ئەگەر بێت و دۆگما کۆنەکان و خەیاڵەکانی ئاییندە لەسەر بنەمایەکی زانستییانە شیبکرێتەوە، ئەوا سەرلەنوێ مێژوو دەبێت بە تاڤگە و لێشاوەکەی بە خوڕ بەرەو ئاییندە دەچێت. ئەوکاتە بەڕاستی ئومێد دەبێتە هێزێك و وەکو لافاو دێتەخوار.

لەمیانەی زانستەوە توانستی بەهێزی ڕۆشنگەری پێکهاتووە. ئەوەی ناتەواوە ئاراستە کردنیەتی بۆ مێژوو و واقیع. لەمیانەی هزری زانستییەوە مێژوو بە ڕوونکردنەوەیەکی دەوڵەمەند دەگات. شیکردنەوە سەبارەت بە ڕۆژگاری ئەمرۆمان، ئان و سات ڕێگا لەپێش زیندووبوونەوە دەکاتەوە. تەنانەت شیکردنەوەی یەکێك لە مرۆڤەکانمان بەسە بۆ ئەوەی لە جیهان تێبگەین. لە شوێنێکدا چەندە کەوتن ڕوویدابێت، کەواتە هێندەش دەرفەتی مەزنبوون هەیە. چەندە تاریکایی قووڵبێتەوە، واتا ڕووناکیش هێندە نزیکە پێویستە سەبارەت بە هەموو شتێك ڕەخنەگرانە بین، بەڵام هەرگیز نابێت ئومێدی دۆزینەوەی ڕاستی لەدەست بدەین. پێویستە دەست لە خێڵایەتی و بنەماڵەگەرێتی و ژنایەتی و مێردایەتی و نەتەوەپەرستی و ئایینگەرایی من منێتی هەڵبزرکاو بەربدەین. پێویستە بۆ ئەم چەمکە دەوڵەمەند و مەزنەی مرۆڤایەتی بگەڕێینەوە کە گشت لە تاکدا دەبینێ و تاکیش لە گشت دەبینێ. پێویست ناکات چەمکی مرۆڤپەروەری لە دەرەوە وەربگرین. مەزنترین دەوڵەمەندێتی

ئـەم خاكـە مرۆڤپەروەریەكەیـەتی. پێویسـتە هەڵیسـێنینەوە سـەرپێیان و دیسـان دەروازە لـە پـێش خۆشەویسـتی مـەزن بكەینـەوە. پێویسـتە هـەزاران جـار بەرامبـەر بـە تیـۆری خـودایی و كـردارە پیرۆزەكـەی تۆبـە بكـەین و لەمیانـەی دەرك كـردن بـە دڵسـۆزی مـەزن و پابەنـدبوون بـە بـەهای شارستانیەت و خاكەكەی و بەهای مرۆڤ، هەوڵی بەرجەستەكردن و پـەیڕەوكردنی بـدەین. هـەروەها پێویستە ببینین لەیلا و مەجنوون، كەرەم و ئەسلی، فەرهاد و شیرین لە گۆڕەكانیان سەرهەڵدەبڕن و بە هێزی ژیان دەگەن و بە بێ دابڕان درێژە بە چیرۆكی ئەشقی خۆیان دەدەن. پێویستە بۆ زۆر كۆن، بۆ سەردەمی گلگامێش خۆمان درێژبكەینەوە، تاوەكو بە ئاگا بێتـەوە و ببینـێ كـە شارسـتانیەتەكەی نەمردووە و هێشتا ئەنكیدۆ زیندووە؛ پێویستە نیشانی بدەین كە ئەشـقی خـاوەن باوەڕەكـان كۆتـایی پێنایەت. پێویستە هەموو پێغەمبەرەكان هەستنەوە؛ پێویستە نیشـانیان بـدەین ئایینـەكانیان توانـای خوڵقاندنی چی هەیە، تا چ رادەیەك مرۆڤایەتییان مەزن كردووە.

پێویستە **ئیبن ئەلرشد** و **ئیبن سینا** و **كندی** و هەڤاڵەكانیشیان هەستنەوە؛ تاوەكو رۆڵی خۆیان لە دەسكەوتەكانی زانست ببینن و هزرە مەزنەكەیان لەمیانەی بینینی ئاستی پەرەسـەندنی زانست تێـر بكەن. پێویستە كاوەی ئاسنگەر و هەڤاڵەكانی، مەنسووری حەللاج، سەهرەوەردی، كۆرئۆغلـو و بابـەك و مەزدەك و هەڤاڵەكانیان هەستنەوە تـاوەكو ببیـنن بـەرخودان و جوامێری و ئـێش و ئازارەكـان بـە فیڕۆ نەچوون و خەڵكانێك دەسەڵاتدارن كە شایستەی رەنجەكانیـانن.

ئەمانە خەیاڵی هەرزان نییە؛ بەڵكو ئەو مەزنایەتییە مێژووییە شكۆدارانەن كـە پێویسـتبوو لـە زووەوە لەمیانەی رێنسانسـەوە هەڵیانسـێنینە سـەرپێیان. پێویسـتە لەمیانـەی ئـەدەبی هاوچـەرخەوە سەرلەنوێ لە سەرەتا تا كۆتـایی مێژووەكـەمان زیندووبكەینـەوە. گـرنگتریش ئەوەیـە مسۆگەر دەبـێ ئەدەبیاتی سەردەمی نیۆلیتیك بەدەسـتبێنینەوە. بـە تایبـەتیش پێویسـتە ئومێـد و خـەیاڵ و هـزر و رۆح و دایكەخوداوەنـد و دایكـی كۆمـەڵگای دایكسـالاری وەكـو خـۆی زینـدوو بكەینـەوە كـە هێـزی خوڵقاندن و زایینی هەموو شتێكە. ئەگەر بەمجۆرە مێژوو بناسین، خۆشمان دەناسین. جگە لە مێژوو ئێمە چین! لە مێژوو بەدەر، لە هیچ زیاتر ئێمە چین! سەرلەنوێ بەرجەستەكردن و رۆشـنكردنەوەی زاراوەكانی رۆژهەڵاتی ناوینی وەكو میتۆلۆژیا، ئایین، ئایینزا، تەریقەت، بنەچەی خانەدان، خێڵ، میر، خولام، بەندە، خوداوەند، خوداوەندە ژن، شێخ، سەرۆك، بەگ، دایك، بـاوك، منـداڵ، ئاسـنگەر، ئەسـپ، شمشێر، گاسـن، تـەور، كـانزا، تـالان، شـەڕ، ئەشـق، پێغەمبەرایـەتی، راهیـب، سۆفی، بلیمـەت، خـائین، سـاختەكار، شـەرەف، نـامووس، پـیرۆزی، قـەدەر، ئومێـد، جـەژن، مـردن، بـەهار، زسـتان، هـاوین، چـیا، رووبار، بیابان، رێگا، وشتر، سەگ، كەر، چێل، بزن، مەر، گا، مێگەڵ، شوان، جووتیار، نووسەر، خەلیفە،

سەرباز، فەرماندە، زانا، جوانی، دزێوی، لەمیانەی زمانێکی ئەدەبی هاوچەرخ، ئەرکێکی هونەری و زانستی شۆڕشی بووژانەوەیە (ڕێنسانس) هزری زانستی و ئەدەبیاتی لە ئارادایە لە ڕاستینەکانی کۆمەڵگا و مێژووی ڕۆژهەڵاتی ناوین دابڕاوە؛ گوزارشت لە بۆچوونی پارچە پارچەیی و فەنتازیای بێ سیستەمی ئەو گروپ و تاکە بێ بنگانە دەکات کە لەلایەنی کۆلۆنیالیزمەوە توێنراونەتەوە. هەرچی پێکهاتەی هزری کۆمەڵگایە لە ڕەوشێکی ئیفلیجی دایە. ئەو ئەدەبیاتەی هەڵگری پێکهاتەیەکی دۆگماتیکیانەیە و ڕێگای لەپێش ئەو ڕەوشە کردۆتەوە، پیاهەڵدانێکی بێ واتایە. ئەنجامدانی ڕێنسانس لە ئەدەبدا بناخەی سەرهەڵدانی کەسایەتی ئازادە. تەنیا ڕزگاربوون لە دۆگما و خەیاڵە بێ بنگەکان تێرناکا و بەس نییە. بەڵکو پێویستە لەمیانەی کاریگەریەکانی زیندوو کردنەوەی ئەدەبدا تەواو بکرێت.

لە ئەنجامدا ئەوەی دێتەئاراوە ئایینێکی نوێ نییە. بەڵکو ئایین لە ئاکامی خزانی بۆ گۆڕەپانی ئەخلاقی بە شوێنگەی شایستەی خۆی دەگات؛ بەمجۆرە ویژدانێکی دادوەر و ئازاد دەخولقێنێ. هێندە پەیوەستی بواری زانست نابێت، ئەمە بۆ فەلسەفە بە جێدێڵێ.

سەبارەت بە فەلسەفە و زانست کێشەی سەرلەنوێ ئاواکردنەوەیان نییە. لەمیانەی یەکبوونیان لەگەڵ وشیاری مێژوویی، ئەو هێزەی ڕۆشنگەری دێننە ئاراوە کە پێویستە لەسەر هزری ئازاد و خولقکارەکاندا زاڵبێت. کاتێك دەسکەوتە فەلسەفی و زانستییەکانی ئەوروپا لەگەڵ ڕاستینەی مێژووی ڕۆژهەڵاتی ناوین یەکانگیردەبن، ئەوا مێژووی گشتی جیهان و هزری مرۆڤایەتی بە ڕووناکییەکی زیاتر و پێشکەوتوتر دەگات. پەرەسەندنی دژە بیرۆکەش ئەم واتایە دەگەیەنێ. ئەو ڕۆژهەڵاتی ناوینەی بیر لەخۆی بکاتەوە دژە بیرۆکەیە. تەنیا لە ئەنجامی تەشەنەکردنی شۆڕشی ڕێنسانس و ڕۆشنگەرییەوە ئەم هێزە بەدەست دەخرێت. هەوڵی چەند کەسێك یان گروپێك تێرناکات. دەرکەوتنی خولقکارەکان لە هەموو نەتەوە و گروپێك و کاریگەریکردنە سەر کۆمەڵگاکانیان بە واتای ڕێنسانس و ڕۆشنگەری ناوچە دێت.

آ ـ تایبەتمەندێتی بەرچاوی ئەم قۆناخە دەرکەوتنی ڕۆشنبیری و تاکی ڕاستەقینەیە. تاوەکو ئێستا ئەم دیاردانە لە ڕۆژهەڵاتی ناوین دەرنەکەوتووە و دوورە. بوون بە خاوەن کەسێتی و ڕۆشنبیر، زۆر لە بوون بە جوڵانەوە و پارتی ئۆپۆزسیۆن سەختترە. **پەرەسەندنی کەسێتی تاك، واتای سەرهەلدانی کۆمەڵگای ئازادە. دەشێ هەندێك جار تاکێکی ڕۆشنبیر نوێنەرایەتی نەتەوەیەك یان کۆمەڵگایەك بکات.** کلتووری گروپ و خێڵ و بەندەیی بە سانایی دەرفەت بە پەرەسەندنێکی بەمجۆرە نادات. کاتێك تاك و ڕۆشنبیر پێویستیەکانی کاروانیان جێبەجێبکەن، ئەو ئاراستەیە بەدیدێت کە

کۆمەڵگاکان بۆ سەدان ساڵ شوێنی دەکەون؛ بەمجۆرەش ئەو کارەی چەندین شەڕ و پارتی ناتوانن ئەنجامی بدەن، ئەو جێبەجێی دەکات. پێویستە بەردەوام بە بیرخۆمان بێنینەوە هونەرمەندان و پێغەمبەران و فەیلەسوف و بیریاران، هەر یەکە و لە قۆناخی خۆی رێنسانس و کاروانێکی رۆشنگەری بوون. **ئەو کۆمەڵگایەی رۆشنبیری نەبێت وەك ئەم قافلە وایە کە رێزانی خۆی لەدەستداوە**. کاتێك بکەوێتە سەر رێگای چەوتیش بە مەودای سەدان ساڵ لە ئامانج دوور دەکەوێتەوە. لەبەر ئەوەی شۆڕشی رۆشنگەری و رێنسانس تاکی هێندە پێویست و ژیانی بۆ کۆمەڵگاکان دەخوڵقێنێ و خۆشی لەلایەن ئەو تاکانەوە دەخولقێنرێ، هەربۆیە بایەخێکی مەزن و دەست لێبەرنەدراویان هەیە. بەردەوام ئەوانەی بۆ یەکەمین جار رێگایەك دەگرنە بەر، پێویستییان بە رێزانێك هەیە. بە تایبەتیش کۆمەڵگایەك و کلتوورێك تازە هەڵسابێتەوە سەرپێیان بە رادەی هەرە زێدە پێویستی بە کەسایەتی رێزان هەیە. ئەو قۆناخەی لە ئارادایە زۆر لەو مەزەندانە زیاتر پێویستی بە نموونەی کەسایەتی بەمجۆرە هەیە.

گەیشتنی تاك بە کەسێتی خۆی لەبیرکردنەوە لەخود زیاتر بە واتای ئەو تاکە دێت کە بەو هێزە گەیشتووە لە کۆمەڵگادا کەسایەتی خۆی، لە کەسایەتی خۆشیدا کۆمەڵگا بونیادبنێ. ئەوەی لەخۆبایی بووە و بەدوای بەرژەوەندی خۆی وێڵە، ناشێ بە تاك ناوببرێت. هیچ کاتێك بەرژەوەندیخوازە ساویلکە و خۆپەرستەکان نوێنەرایەتی تاك ناکەن. کاتێك تاك پێدەگات، هونەرە جوانەکان بە تایبەتمەندێتی خوڵقکاری خۆیان دەگەن و گەشەدەکەن. تاك و هونەر پێویستییان بە یەکتری هەیە. کاتێك یەکێکیان بەدیدێن ئەوەیتریش شوێنی دەکەوێت. **هونەر واتای بالگرتنی هزر و رۆحە.** ئیتر لەجیاتی بەرێوەچوون، باڵدەگرن و دەفڕن. فڕین بۆ کۆمەڵگا و شارستانیەت واتای گەیشتنە بە هێزی خۆیی و بەرێوەچوونە بەرەو سەرکەوتن.

دەشێ هەڵسەنگاندنی زۆر بەرفراوان سەبارەت بە رێنسانس و ریفۆرم و رۆشنگەری رۆژهەڵاتی ناوین بکرێت. بەڵام ئەمە بەسە کە بزانین، بۆچوونە نێو بابەتەکەوە چ پێویستە. بە شێوەیەکی واقیعیانە بیرکردنەوە لە ریشەی خود و بڕیاردانێکی ئازادانە سەبارەت بەرپرسیاری "**چۆن بێت و چۆن بژین؟**" و چۆنێتی نیشاندانی هێزی پێویست لەپێناو ئەم ژیانە، ئەمە بناخەیەکە بۆ ئەوانەی بانگەشەی ئایندە دەکەن و دەخوازن ببن بە بیرۆکە و دژە بیرۆکە. سەرکەوتن لەمەدا بە واتای بەرێوەچوونێکی سەرکەوتووانە دێت لەسەر رێبازی رۆشنگەری و رێنسانسی مرۆڤایەتی خۆی. هەرچەندە درەنگیش کەوتبێت بەڵام تاوەکو دژە بیرۆکە لە رۆژهەڵاتی ناوین نەخوڵقێنرێت ئەوا شارستانیەتی ئەوروپا بە تەنیا ناتوانێ دەروازە لەپێش سەنتێز بکاتەوە کە لەهەمانکاتدا بە واتای

شارستانیەتی نوێ دێت. دژە بیرۆکەی رۆژهەڵاتی ناوین شارستانیەتی گریك ــ رۆمان بوو. بیرۆکە و دژە بیرۆکەی ئەم دوانە، شارستانیەتی ئەوروپای کرد بە سەنتێز. ئێستا شارستانیەتی ئەوروپا بیرۆکەیە (تێز). لەمیانەی رێنسانسەوە دژە بیرۆکە لە رۆژهەڵاتی ناوین پێکدێت. یەکێتی دیالیکتیکی هەر دووکیان سەنتێزێکی نوێ بۆ جیهان پێکدێنێت. دیالیکتیکی مێژوویی بەردەوام بەمجۆرەیە. دەشێ جارێکی دیکە وەرگێڕانی گۆڕانکارییەکانی لەسەر بنەمای دیالیکتیکی رێگا لەپێش قەڵەمبازێکی مێژوویی بکاتەوە.

ب ـ دیاردەیەکی سەرەکی کە پێویستە بە شێوەیەکی بە ناو یەکداچوو لەگەڵ سەرلەنوێ لە دایکبوون و رۆشنگەری رۆژهەڵاتی ناویندا بەڕێوەبچێت، پرۆسەی شارستانیەتی دیموکراسییە یاخود بیرۆکەی شارستانیەتی ئەوروپایە. لەبەر ئەوەی بە بەرفراوانی هەڵوەستە سەبارەت بە شارستانیەتی دیموکراسی کرا، بۆیە دیسان پێویستی بە روونکردنەوە نییە. بەڵام گونجاندنی لە رۆژهەڵاتی ناوین و پێکهێنانی دژە بیرۆکەکەی کێشەیەکی بەرفراوانترە. لەگەڵ ئەوەی نوێبوونەوەی هزر و رۆح و بناخەی ئەمە پێکدێنن، کەچی مەودایەك و کەلێنی لەگەڵ دەوڵەت و کۆمەڵگا هەیە. زیاتر دوور لە چوارچێوەی هەردووکیان بەدیدێت. تاکە رەسەن و گەوهەرییەکان لەخۆوەدەگرێت. هەرچی بیرۆکەی شارستانیەتی دیموکراسییە، بە پێچەوانەوە کۆمەڵگا و دەوڵەت بە بنەمادەگرێت و ناچارە حیساب لە هەردووکیان بخوازێ و لێپرسینەوەیان لەگەڵدا بکات.

ئەو وەڵامەی لەو لایەنەوە رۆژهەڵاتی ناوین دەیداتەوە بیرۆکەی ئەوروپا، تاوەکو ئێستا لە ئاستی وتووێژکردنیشەوە نەبووە بە رۆژەڤ و جێگیرنەبووە.

سەرنەکەوتنی وەڵامەکەی سۆسیالیزمی بونیادنراو، هەم رەوشەکەی سەختکردووە، هەم پێکهێنانی بژارەیەکی کردووە بە ناچارییەك. لە راستیدا لقی ئەوروپای شارستانیەتی دیموکراسی نوێنەرایەتی رەوتە راستڕەوەکەی دەکات. بە گوزارەیەکی راستتر شارستانیەتی ئەوروپا نوێنەرایەتی رەوتی راستڕەوی شارستانیەتی دیموکراسی دەکات کە ئەوی تێپەڕ کردووە. ئەم رەوشەش سەرچاوەی خۆی لە هێزی سەرمایەداری وەردەگرێت. ئەوروپا وەکو کۆنترین و گەورەترین ناوەندی سەرمایەداری ئەم رۆژگارەمان، لە راستڕەوی دانابڕێت. لەمە زیاتر پێش ناکەوێت. بەرەو دواوە فاشیزمە، بەرەو پێشەوەش سۆسیالیزمە. هەربۆیە رەوتی راستڕەوی ماقووڵترین شوێنگەیە. سۆسیالیزمی بونیادنراو بواری ئەزموونگەرایی بە واڵایی بەجێهێشتووە. ئەگەری ئەوە لە ئارادانییە ئەم بۆشاییە لەلایەن دەوڵەتە تازە گەشەسەندووەکان پڕبکرێتەوە. تەنانەت ئەگەر بتوانن ببن بە پاشکۆ و شوێن کەوتەش

ئەوا بۆ خۆیان بە سەرکەوتن لە قەڵەمدەدەن. چین و دەوڵەتەکانی هاوشێوەی ئەو، کێشەیەکی بەمجۆرەیان نییە.

تەنیا کاتێک قۆناخی دیموکراسییانە لە بوارەکانی کۆمەڵایەتی و سیاسی بچەسپێ ئەوکاتە ڕۆژهەڵاتی ناوین دەتوانێ ببێ بە دژە بیرۆکە. ئەنجامدانی لەمیانەی ریفۆرم یاخود شۆڕش، هیچ لە گەوهەرەکەی ناگۆڕێ. دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگا بە پەلەترین ڕۆژەڤە. هەروەکو لە تەواوی جوڵانەوە گەلەری و شۆڕشگێڕیەکاندا بینراوە، ژنان و لاوان پێشەنگایەتی ئەمە دەکەن. ئەم دوو هێزە بەهێزترین فاکتەری دیموکراسین.

ژن جێگایەکی ڕەسەن و تایبەتی لەناو ڕابوونی دیموکراسییانەی ڕۆژهەڵاتی ناوین هەیە. وەکو هێزی خولقاندنی شۆڕشی نیۆلیتیک، ناتوانێ بە هیچ جۆرێک ڕەوشی بچووککردن و بەلاوەنانی لەلایەن کۆمەڵگای چینایەتییەوە هەرس بکات. بەردەوام بە گومانەوە تەماشای سەرداری پیاوی کردووە. باش هەست بە زەوتکراوی مافەکانی دەکات. بێچارەییەکەی لە نێو ئێش و خەم و پەژارەیەکی ئێجگار زۆری هێشتۆتەوە. دەرك بەوە دەکات هیچ کاتێك شایستەی ئەمڕەوشە نەبوو کە تێیکەوتووە. لە ڕاستیدا بە نهێنی لایەنگری کلتووری خوداوەندی ژنە و پەیڕەوی دەکات. هیچ کاتێك لە دڵەوە باوەڕی بە خوداوەندە پیاوەکان نەهێناوە. ئەوەش دەزانێ کە بەردەوام لە نێو بۆشاییەکدایە. پڕ بە ئێش و تووڕەبوونەوە هەست دەکات ئەو خۆشەویستی و ڕێزەی بەرامبەر نیشان نەدراوە کە شایستەیەتی. هەرگیز لەوەی نەبووریوە کە بەمجۆرە بکەوێتە ڕەوشێك هێندە پێویستی بە پیاو بێت؛ زیاتر لە خۆی نەبووریوە. دەزانێ پیاو زۆر لە خۆشەویستی دوورە، دڵڕەقە و بێڕەوشتە، لە هێزی ئەشق بێبەشە. بوونی بە قوربانی تەواوی ئەم ناکۆکییانە بە پێچەوانەی مەزەندەکانی ژن بەرەو نەزانی نابات، بەڵکو زیاتر لە بلیمەتی نزیك دەکاتەوە. کاتێك باوەڕی دێنێ، هیچ هێزێکی دیکە ناتوانێ ببێتە ڕێگر و نەهێڵێ پێداویستیەکانی باوەڕهێنانی خۆی جێبەجێ بکات. بە گشتی تەواوی ژنان بە تایبەتیش ژنانی ڕۆژهەڵاتی ناوین بە هۆی ئەو تایبەتمەندێتییانەیان زیندووترین و چالاکترین هێزی کۆمەڵگای دیموکراسییانەن.

سەرکەوتنی یەکجارەکی کۆمەڵگای دیموکراسییانە بەدەستی ژن بەدیدێت. ژنان و گەلان کە لە سەردەمی نیۆلیتیك بەولاوە لەلایەن کۆمەڵگای چینایەتی ژێرخاککراون، وەکو خاوەنی ڕاستەقینەی هەڵمەتی دیموکراسی، هەم تۆڵەی خۆی لە مێژوو دەسەنێتەوە، هەم لەمیانەی چەسپاندنی ڕەوتی چەپڕەوی شارستانیەتی دیموکراسییانە دژە بیرۆکەی پێویست پێکدێنێ، لە ڕاستیدا لە چوون بەرەو کۆمەڵگایەکی یەکسان و ئازاد، پتەوترین کۆڵەکەی کۆمەڵایەتی پێکدێنن. چونکە دیموکراتیزە بوونی

کۆمەڵگای رۆژهەڵاتی ناوین و بوونی بە دەزگا و بیرۆکە، زیاتر لە سایەی ژنان و دواتریش گەنجانەوە بەدیدێت. وشیاربوونەوەی ژنان وەکو هێزی پێشەنگی کۆمەڵگا و جێگرتنی لە شانۆی مێژوودا، بەهای دژە بیرۆکەیەکی راستەقینەی هەیە. جیهانی ژنان و وشیاری و ویژدان و خۆشەویستییەکەی پاڵێوراوە بۆ خولقاندنی بەهای تایبەتی شارستانیەت. پێشکەوتنی پیاوسالاریانەی شارستانیەت کە وەکو پێویستیەکی کەسایەتی و کارەکتەرەکەیانە، لەم بوارەشدا ژنان بەرەو رەوشی دژە بیرۆکەیەکی بەهێز دەبات. هەم بەلاوەنانی جیاوازیەکانی کۆمەڵگای چینایەتی، هەم کۆتاییهێنانی بە بالأبوونی پیاو لە دژە بیرۆکە بەولاوە، بەهای سەنتێزێکی نوێی هەیە. هەربۆیە رۆڵی پێشەنگایەتی ژنان لە وەرچەرخانی کۆمەڵگای رۆژهەڵاتی ناوین بۆ کۆمەڵگایەکی دیموکراسییانە بۆ سەرتاسەری جیهان، بە واتای دژە بیرۆکە و سەنتێز دێت و تایبەتمەندێتی مێژوویی لەخۆوە دەگرێت.

رۆڵی لاوانیش تا رادەیەك لە هی ژنان دەچێت. لاوانیش کە بە خێرایی دەرك بە جیهانی هاوچەرخ دەکەن، رق و کینێکی مەزنی بەرامبەر بەو رەوشە بێچارەیەی رۆژهەڵاتی ناوین هەیە. تەکنۆلۆژیای زانیاری و گەیاندن لاوان بەرەو وشیاربوونەوە و تێگەیشتنێکی خێرادەبات. تەنانەت منداڵانیش وەکو نەوەی لاوان بە خێرایی پایەی هێزی دیموکراسییانە بەدەستدێنن. بێزار بوونی کۆمەڵگای رۆژهەڵاتی ناوین لە تیرەگەرێتی و نەتەوەپەرستی، بە هۆی ئەو بێچارەییەی رێگایان لەپێش کردەوە و زیاتریش بە هۆی لەخۆوەگرتنی شوێنەواری کلتووری مێژووی هاوبەش، وایکردووە ئەم کۆمەڵگایە لەمیانەی گەوهەری راستینەکەیەوە زیاتر نزیکی دیموکراسییەت بێت. رۆژهەڵاتی ناوینی دیموکراسییانە بە گوێرەی مێژووی گەلان و راستینەی کۆمەڵگاکان لەبارە. بەناویەکداچوونی جوگرافی و کلتووری، پێداویستیە ئابوورییەکان، هاتوچۆ و سەرچاوە ئاوایییەکان، فیدراسیۆنی دیموکراسییانەی هاوبەش دەکاتە باشترین ئەلتەرناتیف بۆ ناوچەکە. تەنانەت رابردووی مێژوویی رۆژهەڵاتی ناوین بریتییە لە فیدراسیۆنی گەلان و هۆز و تیرەکان. هەربۆیە فیدراڵیەت بە باشترین سیستەم دەبینرێ کە لەگەڵ بونیادی رۆژهەڵاتی ناوین دەگونجێ، ئەمەش سەرچاوەی خۆی لەم واقیعە ئاماژەپێکراوە دەگرێت. کۆمەڵگای دیموکراسی لە تەواوی سیستەمەکانی دیکە زیاتر لەگەڵ ئومێد و داخوازییە مێژووییەکانی گەلانی رۆژهەڵاتی ناوین دەگونجێ و کۆکە.

گەلان لەمیانەی تەواوی پێویستیە مێژوویی و کۆمەڵایەتیەکان هێزێکی دیموکراسی رادیکالن. لە رێگای ئەم شوێنگەیەیان راستینەی جیهانێکن هەرە زێدە نزیکی پێکهێنانی دژە بیرۆکەن لە ناو رەوتی چەپرەوی شارستانیەتی دیموکراسی. بژاری دیموکراسییانەی رۆژهەڵاتی ناوین لەمیانەی ژنان و گەلانییەوە، لە هەموو لایەنێك زیاتر پاڵێوراوە بۆ پێکهێنانی ئەو دژە بیرۆکەیەی شارستانیەتی

ئەوروپا زۆر پێویستیەتی. سروشتی راستینەکان ئەم دژە بیرۆکەیە دەخوڵقێنێ. یەکێتی دیالیکتیکی راست و چەپی ناوەندی هەردوو شارستانیەتی بەهێز کە بیرۆکە و دژە بیرۆکە پێکدێنن، جارێکی دیکە هەروەکو رابردوو رووبەڕووی ئەرکێکی مێژوویی تاوەکو دەست بەکاربێت و قەڵەمبازێك لەپێناو بەدیهێنانی سەنتێزێکی نوێی مرۆڤایەتی ئەنجامبدات.

بە جۆرێك مێژووی گەلانی رۆژهەڵاتی ناوین لە مێژووی ژن دەچێت. ئەویش لە سەردەمی نیۆلیتیکەوە بێ رۆڵ کراوە و ژێرخاك بووە.

تاکە ئاستەنگ ئەو دەوڵەتە دەسپۆتانەی کە لە ناوەندی دەزگا سیاسییەکاندا زاڵ و جێگیرە، بەڵام بە بنەماگرتنی جیهانگیری لەلایەن شارستانیەتی سەرمایەداری شکاندنەوەی بەلای شارستانیەتی دیموکراسییانە، دەرفەتی درێژەدان بە سیستەمی کۆنی کەمدەکاتەوە. هەروەکو دیارە نارەزایی گەلان لە ناوەوە کە لە رێگای تەکنۆلۆژیای گەیاندن و راگەیاندن زیادبووە، لە دەرەوەش لە ئاکامی جیهانگیری ئەو دەوڵەتە ستەمکارییانە دەڕووخێن. بۆ یەکەمین جارە مێژوو لە بەرژەوەندی پارچەکردنی ئەو تەنە نەخۆشەی ناو لاشەی کۆمەڵگا کاردەکات. هەربۆیە ئەگەری بەرخودانێکی درێژخایەنی سیاسەت و دەوڵەت بەرامبەر بە وەرچەرخانی دیموکراسییانە لە ئارادانییە. لە ماوەیەکی کورتدا لە پاکتاوبوون رزگاریان نابێت. بە ناویەکداچوونی تواناکاری و پێویستی وەرچەرخانی دیموکراسییانەی کۆمەڵگا و دەوڵەت وەکو شانسێکی مێژوویی، ئەم ئاراستەیە وا دەکات بژاری دیموکراسییانەی رۆژهەڵاتی ناوین بە خێرایی گەشەبکات. پەرەسەندنێکە دیاردەی بوون بە دژە بیرۆکە بەهێزدەکات. لە حاڵەتێکی بەمجۆرەدا کاتێك دەڵێین شۆڕشی هزری و دیموکراسی بە شێوەیەکی بەهێز ئەم دەرفەتە دەخوڵقێنێ کە شارستانیەتی رۆژهەڵاتی ناوین ببێتە دژە بیرۆکە، ئەم راستینانە رۆڵی دیاریکراو دەبینن.

ج ـ پەرەسەندنی شارستانیەتی دیموکراسی رۆژهەڵاتی ناوین لە نزیکەوە پابەندی تیۆری و کرداری گۆڕەپانی سێیەمە. بونیادی باوی دەوڵەت و کۆمەڵگا رۆڵێکی سەرەکی لەم مەسەلەیەدا دەبینن.

فشاری دژواری سەر کۆمەڵگای کۆن و دووچارهاتنی نامۆبوون لەخود، لەگەڵ ئەوەشدا شێوازی ژیانی باو رێگای لەپێش لەدەستدانی رادەیەکی مەزنی دینامیکێتی گەوهەری کۆمەڵگا کردەوە. ئەو نوژەنیە رووکەشیەی لەسەر بنەمای سەرمایەداری ئەنجام دەدرێت، ئەم رەوشە خراپتردەکات. دەوڵەتی کلاسیکی کە بە هیچ شێوەیەك رۆڵی پێشکەوتوخوازانەی سەرمایەداری نیشان نادات، بە تایبەتیش کلتووری قۆناخی رۆشنگەری بۆ کۆمەڵگا ناگوازێتەوە. بە پێچەوانەوە چەمکی توندڕەوی

نەتەوەپەرستی و تۆتالیتاری لەگەڵ پێکهاتە باو و دەسپۆتەکان دەکاتە یەك و لەمیانەی رتوشێکی دەزگاکانی دەیسەپێنێ، هێندەیتر بێچارەیی و رزینی پێکهاتەی کۆمەڵگای رۆژهەڵاتی ناوینی زیادکردووە. رەوشی دەوڵەتی کلاسیکی و باو و کۆنەپەرست و موحافەزەکارترن.

ئەم دوو فاکتەرە کاریگەرییەکی نیگەتیفانە دەکەنە سەر گەشەکردنی شارستانیەتی دیموکراسی و کۆمەڵگای مەدەنی. تا دواڕادە ئاستەمە کۆمەڵگا و دەوڵەتی کلاسیکی بە تەنیا تواناکاری وەرچەرخانی دیموکراسی نیشان بدەن. کۆمەڵگای مەدەنی و وەرچەرخانی دیموکراسییانە وەکو گۆڕەپانی سێیەم بایەخداردەبن. تەنیا ئەگەر کۆمەڵگای مەدەنی و دیموکراتیزەبوون وەکو فاکتەری سێیەم لە نێوان هەردوو فاکتەر پێشبخرێت، دەرفەتی وەرچەرخان دەڕەخسێ. بۆ کردنەوەی گرێکوێرە گەورەکانی رۆژهەڵاتی ناوین بە رادەی هەرە زێدە پێویستی بە پێشخستنی تیۆری و چالاکیەکانی گۆڕەپانی سێیەم هەیە. پێکهاتەی دەزگاکان و هزری کۆمەڵگای رۆژهەڵاتی ناوین کە بە بنبەستبوون گەیشتووە، هەبوونی دیموکراتیزەبوون لەسەر بنەمای کۆمەڵگای مەدەنی کە وەکو گۆڕەپانی سێیەمە، کردووە بە فاکتەرێکی چارەنووسساز و هەنگاوێکی گرنگ. بە بێ ئەوەی ئەم هەنگاوە سەرکەوتووانە ئەنجام بدرێت، ئەوا هەروەکو چۆن واقیعی نابین، کاتێك چاوەڕوان بین کۆمەڵگا و دەوڵەت لەخۆیانەوە بە بێ دەستێوەردانی دەرەوە ئەمە ئەنجامبدەن، ئەوا ئەم رەوشە رزان و بێچارەیی قووڵتردەکاتەوە. ئەو چالاکی و رێکخراوانەی دەخوازرێ لە جێگای ئەوان ئاوابکرێ و پشت بە دژواری و توندوتیژی دەبەستن رەوشەکە ئاڵۆزتر دەکات و دەیکات بە گرێکوێرە. لە کاتێکدا دەوڵەت لەمیانەی دژوارترین رێچکەوە خۆی بەهێزدەکات، کۆمەڵگا زیاتر پڕدەبێت. ئەو پێکهاتانەی خۆیان بە ئەو پەرگیری راستڕەو و چەپڕەو دادەنێن داب و نەریتێکی خراپی زەبریان لە مێژووی ناوچەکە تۆمارکردووە. لە سەدەکانی رابردووشدا هەڵوێستە هاوشێوەکانی توندوتیژی سەرکەوتنیان بەدەست نەهێنا. ئەم رەوشە بایەخی شێوازی بەرخودان نیشاندەدات، نەك بێ واتاییەکەی.

لەخۆڕانییە شارستانیەتی دیموکراسی کە لە سەرتاسەری جیهان سەرکەوتنی بەدەستهێناوە بە رادەی هەرە زێدە پشت بە کۆمەڵگای مەدەنی دەبەستێ؛ بەڵکو بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە سەلمێنراوە تەنیا بەم رێگایە دەتوانرێ موحافەزەکاری دەوڵەت و کۆمەڵگا تێپەڕبکرێت. رۆژهەڵاتی ناوین پێویستی بە تیۆری و پرۆگرام و ستراتیژ و تەکتیکی سەرتاسەری و بەرفراوانی کۆمەڵگای مەدەنی هەیە. لە هەموو بوارەکانی ئابووری تا تەکنۆلۆژیا و ژینگە، لە بواری کۆمەڵایەتی تا یاسایی، تاوەکو کلتوور و زانست، لە وەرزشەوە تا دەگاتە هەموو لقەکانی هونەرە جوانەکان، لە ئایدیۆلۆژیا تا سیاسەت پێویستی بە پێکهاتنی کۆمەڵگایەکی ئەلتەرناتیفی نوێ و بەربڵاو رێکخراو هەیە. ئەم

کۆمەڵگامەدەنییە ئەلتەرناتیفە کە پاشکۆی دەوڵەت و کۆمەڵگای کلاسیکی نییە و خاوەنی دیدگایەکی جیهانی سەربەخۆیە، لەمیانەی شێوەی پاڵێوراوە بۆ گەیشتن بە ئامانج، بەرنامەیەکی تێر و تەسەل و رێکخستنێکی چالاك و رۆڵێکی یەکلاکەرەوەی لە رەوشی ئاڵۆزدا هەیە، هەروەها لەمیانەی شێوە لەبارەکانی پراکتیزەکردن رێڕەوی رێگای پەیڕەوکراو دیاریدەکات، کۆمەڵگایەکی مەدەنی ئەلتەرناتیفی بەمجۆرەیە دەتوانێ گرێکوێرە بکاتەوە و کۆمەڵگا بێنێتە سەر رێبازی پێویست.

تایبەتمەندێتی گرنگی تیۆری گۆڕەپانی سێیەم ئەوەیە بە بێ رووخاندنی پێکهاتەی ئەو کۆمەڵگا و دەوڵەتانەی رێگا لەپێش بنبەستبوون دەکەنەوە هیچ چارەسەرییەك لەخۆناگرێت، بە بێ ئەوەی سیستەمی یاسایی لە ئارادایە بەرامبەر خۆی ببینێتەوە، بەڵام کەموکوڕی و هەڵە و بۆشاییەکانی دەبینێت و وەکو نموونەیەك خۆی بونیاد دەنێت و بەمجۆرە بەرەو ئەنجام دەچێ. هەروەکو بڵێی ئەمە پشت بە چەمکی **"تۆ ناتوانیت کاربکەیت، من ئەنجامی دەدەم"** دەبەستێ. هەرچی تیۆریەکانی شۆڕش و شۆڕشی چەواشەی سەردەمی رابردووە، بۆ گەیشتن بە ئەنجام رووخاندنی ئەو کۆمەڵگا و دەوڵەتەی لە ئارادایە، بە بناخە دەگرێت. زۆرجار بینراوە کە سەرکەوتنە خوێناوییەکانیان لە رەوشی گومانی بەردەوام رزگاری نەبووە. لە راستیدا ئەو رێبازانەی وەرچەرخان بەرەو پێش یاخود دواوە کە بەرهەمی قۆناخێکی دواکەوتووە و پشت بە دواکەوتوویی زانست و تەکنۆلۆژیا و پیادەکردنی جیاوازی چینایەتی لەمیانەی زەبر دەبەستێ، لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەم و دیسان لەسەر بنەمای شۆڕشی زانستی ـ تەکنۆلۆژی گرنگی و بایەخی خۆیان لەدەستدا. تیۆری و پراکتیکی کۆمەڵی مەدەنی پشت بە گەشەکردنی شۆڕشی زانستی ــ تەکنۆلۆژی دووەمین نیوەی سەدەی بیستەم دەبەستێ. دەرکەوتنی بناخە مادديیەکەی لەمیانەی ئەم شۆڕشانە، شانس و دەرفەتی سەرکەوتنی کۆمەڵگای مەدەنی زیاتر دەکات. لە رابردوودا دەزگا مارژینالْ و شازەکان بە بناخە دادەنرا. هەروەکو بڵێی تەقینەوەی شۆڕشی کۆمەڵگای مەدەنی روویدا. بایەخدار بوونی رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی لە رۆژگاری ئەمڕۆمان هۆکاری مێژوویی، زانستی، تەکنۆلۆژی، دەوڵەت و کۆمەڵگای بەمجۆرەی هەیە. پێویستە تەواوی کۆمەڵە و گروپەکانی لە جۆری پیشەکاران، فەلسەفی، ئایینی کە لە مێژوودا بە مارژینالی ماونەتەوە لە نێو کۆمەڵگای مەدەنیدا لە قەڵەمبدرێن. بەڵام لاوازی تواناکاریەکانیان کۆسپ بوو لەپێش ئەوەی ببن بە ئەلتەرناتیف. هەروەکو دەزانرێ چەندین کەسایەتی کە لەناو ئەو دامەزراوە ئاماژە پێکراوانە پێگەیشتوون، دواتر لە بەڕێوەبردنی دەوڵەت و کۆمەڵگا و پێشخستنیان رۆڵێکی هەرە گرنگیان بینیوە. جیاوازی هەرە گرنگی رۆژگاری ئەمڕۆمان، کۆمەڵگای مەدەنی هێزی بوون بە ئەلتەرناتیفی

بەدەستهێناوە. لەسەر بنەمای کۆمەڵگای مەدەنی تاوەکو دوایی رێگای وەرچەرخانی سیاسی و کۆمەلایەتی ئاوالا بووە.

لەبەرچاوگرتنی راستینەی سیاسی و کۆمەلایەتی و مێژووییەکان و بەرجەستەکردنی ئەم مۆدێلە لە رۆژهەلاتی ناوین، بایەخێکی مەزن لەخۆوە دەگرێت. ئەم چالاکییانەی لە مێژوودا لەمیانەی تەریقەتی جیاواز و کاسبکار و رێکخراوەکانی چەتەگەری بەڕێوەبراون، دیسان لەمیانەی بەخۆوەگرتنی شێوەی تەریقەت و نیقابەکان لە پێشکەوتنخوازی زیاتر، دەکەونە رەوشێکی کۆنەپارێزانە. هەرس نەکردنی شارستانیەتی دیموکراسی رۆڵێکی مەزن لەمەدا دەبینێ. پێویستە دیموکراتیزەکردنی پێکهاتە مارژینالە کۆنەکان وەکو ئەرکێکی گرنگ ببینرێ. بەلام گرنگتر خولقاندنی دەزگا هاوچەرخەکانی کۆمەڵگای مەدەنییە کە کۆڵەکەی سەرەکی شارستانیەتی دیموکراسییە.

ئەگەر هەوڵبدەین هێڵە گشتیەکانی دیاری بکەین دەتوانین بڵێین: لە بواری ئابووریدا لە سەرووی هەمووشیانەوە بواری بەکاربردن، رێکخستنی کۆمەڵگا و جڤات و گەلە پەیوەستدارەکە هێزێکی گرنگی وەرچەرخان دێنێتە ئاراوە. تەنانەت لە کۆمەڵگا پێشکەوتوەکانیشدا رێکخستنی بەکاربردن رێگای لەپێش کاریگەربوونیان کردۆتەوە. ئەگەر بە تایبەتی کۆمپانیای گواستنەوە و کۆمەڵەی بەکاربردن، کامپانیای گەشت و گوزار، یەکێتییەکانی بەرهەمهێنان، رێکخراوەکانی ئەوقاف، یەکێتی بازرگانی و داراییەکان لەسەر بنەمای گەلالە نامەیەکی ئابووری و گونجاو و بنچینە یاساییەکانی ئاوابکرێت، ئاشکرایە کە گرنگترین هێز پێکدێنن. ئەو کاتە دەشێ کۆمەڵگا و دەوڵەتی کلاسیکی بکەونە پلەی دووەمەوە. هەربۆیە دەبن بە گرنگترین ئامرازی بەڕێوەبردنی دیموکراتیزەبوون. توێژێکی گەل یان جڤاتێك کە رێکخراوەکانی بەکاربردنی خۆی هەیە و دەزگای وەکو ئوتێل، بانك، ژوور، وەقف و سەندووقی هاوکاری رێکخستووە، تەواوی کۆمەڵگا و دەوڵەت ناچارن بەهەندی بگرن و لەگەڵی رێکبکەون.

جڤاتێکی لە بواری کۆمەلایەتی لە سەرووی هەمووشیانەوە لایەنی پەروەردە و تەندروستی لەمیانەی هێزی گەوهەری خۆیان رێکخستووە، دەبێتە یەکێك لە هێزە دیاریکراوەکانی ئەو شوێنەی جێگای خۆی تێدا دەگرێت. هەروەها کۆمەڵگایەکی مەدەنی کە دەزگا گەوهەرییەکانی خۆی کردار و چالاکی لە جۆری شانۆگەری، سینەما، ئەدەبیات، مۆسیقا، رەسم، فیلم، دیکۆمێنت رێك دەخات، تا دواڕادە بە کاریگەر و سەرنج راکێشە. هەروەها ئاواکردنی هۆڵ و گۆڕەپانی وەرزشی و شوێنی رێپێوان لە چیا و لادێ بە تایبەتیش ئەوانەی سەبارەت بە جەماوەر و ژن و لاوانن، گرنگییەکی زۆریان

دەرهــەق بــە تەندروســتی و هــزری بــاش هەیــە. بــە تایبــەتیش لــە زەمینــە و هەلومــەرجی شــارە پێشــنەکەوتووەکان رێکردنــەوە لــەپێش وەرزشــی جــەماوەری، ئــیتر بــووە بــە پێویســتیەك. لــەجیاتی وەرزشی فەرمی و تەماشاکردن کـە کۆمـەڵگا سـڕدەکات، وەرزشـێك کـە لەسـەر بنـەمای تـەڤلیبوونێکی چالاکانەی کۆمەڵگای مەدەنی بێت، پاڵێوراوە ببێت بە یەکێك لە دەزگا هەرە هاوچەرخەکان.

رێکخستنی گەوهەری کۆمەڵگای مەدەنی لـە بـواری یاسـایی دامەزراوێکـە نـاتوانرێ دەسـتبەرداری لێبکرێت، چونکە رەوشی بـێ یاسـایی پەرەیسـەندووە و بـە شـێوەیەکی گشـتی وشـیاری یاسـایی لاوازە. خاوەنداری و گەیشتنی هـەموو یـەکێتی و گروپـە گەلەرییـەکانی کۆمـەڵگای مـەدەنی بـە نووسـینگەی یاسایی گرنگییەکی ژیانی هەیە. نووسینگەکانی سەبارەت بە ماف، هەم وشیاری یاسـایی بڵاودەکاتـەوە و بەرەو سیاسەتی دیموکراسییانەی راسـتیان راکـێش دەکـات، هـەم وەکـو بنـەما و چـەکەرەی سـەرەکی تێکۆشـان بەرامبـەر بـێ یاسـایی، لـە چەسـپاندنی سیسـتەمی یاسـایی گـەردوونی بـە پێویسـتیترین دامەزراوەی کۆمەڵگای مەدەنی دادەنرێت. بە شێوەیەکی گشتگیر تاوتوێکردنی رێکخراوەکانی نەقابەی پارێزگاران و مافی مرۆڤ، نەهێشتنی هیچ شوێنێك کە یاسا و مافناسەکانی پێنەگەیشـتبێت، تەنانـەت دەستنیشـان کردنـی نوێنـەری نووسـینگەکان لەهـەر گونـدێك رۆڵێکـی یەکلاکـەرەوە لـە سەرخسـتنی کۆمەڵگای مەدەنی دەبینێ.

لە بواری سیاسی بە تایبـەتیش بـە پـارتیبوون وەکـو ئـامرازێکی راسـتەوخۆ چـوون بـۆ دەسـەڵات، دەزگای ئەوتۆن پێویسـتە سـەبارەت بـە کۆمـەڵگای مـەدەنی بـە بایـەخێکی مەزنـەوە تـاوتوێ بکرێت. بەلاوەنانی ئەو بە پارتیبوونانەی پشت بە بەرژەوەندیەکانی کۆمەڵگا و دەوڵەتی کلاسیکی دەبەست و لـەجیاتی ئـەو بـە بنـەماگرتنی ئـەو پارتـە سیاسـییانەی هێـزی گەوهـەری کۆمـەڵگا دەخەنـە روو و ئاراستەی دەستووری بۆ خـۆی دەکـات بـە بناخـە و هـەڵگری وشـیارییە، مـەرجێکی گرنگـی کۆمـەڵگای مەدەنییە و بە بێ ئەوە نابێت. سیستەمی پارتە سیاسییەکان کە لقی تایبەتی خۆی لە هەموو لایەکی کۆمـەڵگای مـەدەنی تەنانـەت لـە گونـد و شارۆچـکەکانیش هەیـە، لەمیانـەی کـادری ئامـادەکراوەوە سیاسەتێکی تەباییانە لەگەڵ کۆمەڵگای کۆن و دەوڵەت بەڕێوە دەبات، لە رێگای فشاری ئاشـتیخوازانە وەکـو ئـامرازێکی سـەرەکی وەرچـەرخانی دیموکراسـییانە، دەوڵـەت و کۆمـەڵگا ناچـاری وەرچـەرخانی دیموکراسییانە دەکات.

بـەلاوەنانی کۆمـەڵگای توندوتیـژی کـە لـە هەنـدێ ناوچـە و جڤاتـدا بایـەخی زیـادی کـردووە و دەربــازبوون بــەرەو کۆمەڵگایــەکی ئاشــتی، پێویســتیەکی مــەزن بــە کۆمەڵــە و رێکخراوەکــانی دەستەبەرکردنی ئاشتی پێشدەکەوێت. مسۆگەر پێویسـتە رێکخـراوە ئاشـتیخوازەکان پێکبهێنـرێن کـە

واتا و گرنگی ئاشتی ڕووندەکەنەوە و ڕێگە و ڕێچکەکانی دیاریدەکەن و چالاکبوونی فەراهەم دەکەن. بە تایبەتیش بۆ کۆمەڵگاکانی وەکو ڕۆژهەڵاتی ناوین کە تاوەکو مۆخی ئێسقانیان توندوتیژییان لەخۆوە گرتووە، ئاشتی و ئامرازەکانی ئاشتی و چالاکیەکانی، دامودەزگایەکی مەدەنین کە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆمان دەردەکەوێتە پێش. باوەڕ پێهێنانیان و بەڕێوەبردنیان لەمیانەی هێزێکی مەزنەوە لە گەشەکردنی کۆمەڵگای دیموکراسییانە و دەوڵەت دەشێ یەکێك لە ڕۆڵە هەرە ژیانییەکان ببینن. یەکێتیە هەمە لایەنەکانی ژنان و لاوان کە لە هەموو چین و توێژەکانی دی زیاتر پێویستییان بە ئاشتی و ئازادی هەیە، لە سەرووی دامەزراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی دێت. ئەو ڕێکخستنانەی بوونەتە وەڵامدەرەوەی ئامانجە سیاسییەکان و ڕەوشی بەرجەستە و مێژووی لاوان و ژنان، لە لایەکدا کۆسپەکانی کۆمەڵگای موحافەزەکار و دەوڵەتی دەسپۆت بەلاوە دەنێت، لە لایەکی دیکەشەوە ئەو بناخەیەی بۆ بەڕێوەچوونی تەواوی کۆمەڵگا دیاری دەکرێت، ڕۆڵی ئامرازەکانی کۆمەڵگای مەدەنی دەبینێ. لەمیانەی ڕێکخستنێکی کە چەندایەتی و چۆنایەتییەکەی بەرنامەڕێژکراوە و باوەڕی پێهێنراوە، یەکینە و کۆمەڵەکانی ژنان و لاوان بنەڕەتیترین گەرەنتی سەرکەوتنی کۆمەڵگای مەدەنین.

لە چوارچێوەی سنووری ئەو وڵات و دەوڵەتانەی دامەزراوەی "**فیدراسیۆنی دیموکراسی**"یان هەیە کە تەواوی ئەم دەزگایانەی کۆمەڵگای مەدەنی لەخۆوە دەگرێت، هەروەها ئەو هاوکاری و هەمئاهەنگییەی لەگەڵ دامەزراوەکانی وڵات و دەوڵەتەکانی دیکە دەکرێت، ئەوا لەمیانەی شێوازەکانی ڕێکخستنی فیدراسیۆنی دیموکراسییانە سیستەم کامڵ دەبێت.

بەرگری ڕەوا بابەتێکی سەرەکی و گشتی کۆمەڵگای مەدەنییە و پێویستە بە شێوەیەکی دروست دەرکی پێبکرێت و پراکتیزەبکرێت. بەردەوام شیمانەی هێرشی دەوڵەت و کۆمەڵگای باو بۆ سەر کۆمەڵگای مەدەنی لە ئارادایە، چونکە ئەو هێزانەی دەخوازن کۆمەڵگای مەدەنی پووچەڵ بکەنەوە یاخود بورووژێنن ئینجا بە شێوازێکی نهێنی بێت یاخود ئاشکرا، ئەم ڕێچکانە بەکاردێنن. چونکە دەروازەی بەرژەوەندیەکانیان تا ڕادەیەك دادەخرێت، هەربۆیە ناشێ وا بە سانایی ئەم ڕەوشە پەسندبکەن. بە تایبەتیش لەبەر ئەوەی چەندین دەزگا لەکاردەکەون و دووچاری شڵەژان دێن، هەربۆیە هەموو کاتێك شیمانەی لادان لە یاسا و بە ڕۆژەڤ کردنی توندوتیژی هەیە. ڕەوشی بەمجۆرە بەرگری ڕەوا دەکاتە ڕۆژەڤ و بابەتێکی هەڵوێستەکردن، کە مافێکی دەست لێبەرنەدراوی یاساییە. پێویستە زۆر بە باشی دەرك بە ناوەڕۆك و شێوەی بەرگری ڕەوا بکرێت. کاتێك ئەو تاك و کۆمەڵانەی بۆ بەدیهێنانی ئەو مافانەی لەلایەن دەستوور و ڕێککەوتن و یاسا دەوڵەتییەکان دانی پیانراوە، ناچاربوون مافی بەرگری گەوهەری پەیڕەوبکەن، دەتوانن لەمیانەی ڕاپەڕین تا دەگاتە خۆپێشاندان

لە یاداشتی گشتی تا دەگاتە پەنابردنە بەر دادگا، دەتوانن هەموو ڕێچکە و شێوازێکی تاکە کەسی یان بە کۆمەڵ، گشتی یان پارچە پارچە، تا کۆتایی هێنان بە بێدادی و بەدەستهێنانی مافەکانیان، مافەکانی بەرخودان بەکاربێنن. ئەگەر ڕێگای یاسایی و سیاسییەکانی چارەسەری لەپێش گەلێك داخرابێت کە ستەمکاری بەرامبەریان و دژ بە زمان و کلتوورەکەیان پەیڕەو بکرێت. پێویست بکات دەتوانن دەربازی نێو بەرخودانێکی درێژخایەن یان کورت خایەن ببن. ئەمە یاخیبوونێك نییە بەڵکو مافێکی ڕەوا و یاساییە ئەگەر ئەنجام نەدرێت واتای پێشێل کردنی یاسایە.

داوانەکردنی ماف یاخود بەکارنەهێنانیان گەورەترین پێشێل کاری یاساییە. ئەو شوێنانەی ڕەوشەکەی بەمجۆرە بێت، یاساکانی دارستان پەیڕەو دەکرێت. هەربۆیە ئەو گەل و کۆمەڵە و تاکانەی خاوەن مافن و بەرامبەر بێدادی بێدەنگ دەمێنن، یاساکان پێشیل دەکەن. نەخواستنی ماف یاخود کاتێك لەمیانەی فشارەوە مافەکانی زەوت دەکرێ، پێویست بکات، سەرهەڵدانیش مافێکی پیرۆزی بەرخودانە. ئەمەش گەوهەری پێکهاتنی دادوەری و یاسایە. هیچ گەلێك یاخود تاکێك مافی نییە بەرامبەر بە بێ یاسایی و بێدادی بێدەنگ بێت و ملکەچی بۆ بکات. پێشێلکاری ڕاستەقینەی یاسا و ژەهراوی کردنی کۆمەڵگا و دەوڵەتێك، سەرچاوەی خۆی لەو ملکەچ کردنە وەردەگرێت. بەرگری ڕەوا هەڵوێستەیەکی یاساییە و بۆ خوڵقاندنی یاسا و بەکارهێنانی هەرگیز دەستی لێبەرنادرێت. ئەو تاك و جڤات و گەلانەی پێداویستیەکانی ئەوە جێبەجێ ناکەن، مافی سکاڵاکردن و خۆ بە مرۆڤ دانانیان نییە. مافی مەدەنی و ئابووری و کۆمەڵایەتی تاك، مافە کلتوورییەکانی و مافی دیاریکردنی گەلان بۆ چارەنووسی خۆیان کە بە مافەکانی یەکەمین و دووەمین و سێیەمینەوە دادەنرێت و بووە بە مافێکی فەرمی و ژیانی تەواوی یاسا گەردوونییەکان و بەهای هەڵکشاوی سەردەمن، یەکێکن لە بەردەکانی گۆشەی بناخەی شارستانیەتی دیموکراسییەت.

مەسەلەی ڕێبەرایەتی و کادیران کێشەیەکی گرنگی کۆمەڵگای مەدەنییە. لەپێناو ئەو پرۆژە بەرفراوانانەی کۆمەڵگای مەدەنی پێویستی بە دامەزراوەی زۆر گرنگ و بایەخداری پەروەردە و فێرکردن هەیە. ئەم مۆدێلەی کۆمەڵگا لە ڕێی کەسی ئاسایی و ناشارەزاوە ئاوا ناکرێت. هەربۆیە دەبێ بە گوێرەی پێویستی ئەو دەزگایانە ئاوا بکرێن کە کادیرە سەرەکییەکانی ئامادە دەکات. هەروەها پێویستە گشتگیری ئەم دامەزراوانە دەوڵەمەند بێت و لە گەوهەری ئایدیۆلۆژییەوە تا دەگاتە بوارەکانی تەکنۆلۆژیا هەموو بوارێك لەخۆوە بگرێت. هەروەها پێویستە ئەکادیمیا و ئەنیستۆی بە توانا ئاوا بکرێت کە هەموو بوارەکانی فەلسەفە، ئیلاهییات (لاهوت)، مێژوو، یاسا، زمان، هونەر، زانست، وەرزش، ئابووری، سیاسەت، ڕاگەیاندن و بڵاوکردنەوە لەخۆوە بگرێت. سیستەمی پەروەردەی

گشتی دەوڵەت و کۆمەڵگا کادیری پێویست بەرهەم ناهێنێ. دەشێ ئەم کادیرانە لەو فێرگانە ئامادە بکرێن کە لەگەڵ گەوهەرەکانیان دەگونجێن و شێواز و رێچکەکانیان بە گوێرەی ئامانجەکانیانەوە لەمیانەی ئەزموونگەراییەوە تۆکمە بکرێن.

پێویستە بە بایەخەوە شێواز و تەرزی کۆمەڵگای مەدەنی لەپێناو چارەسەرکردنی بنبەست بوونی پێکهاتەی دەوڵەت و کۆمەڵگای رۆژهەڵاتی ناوین تاوتوێی بکەین و خراپەکاری و تێکدانەکانی رێچکەکانی توندوتیژی کلاسیکی سنووردار بکرێت، ئەم مۆدێلە لەمیانەی هەڵوێستەی تیۆری و کردارییەوە، پێبەپێ بایەخدار دەبێت. پێویستە هەموو کەسێك لە سەرووی هەمووشیانەوە عەرەبەکان، ئیسرائیل، ئێران، ئێراق و کوردان دان بەوە دابنێن کە تەواوی رێچکەکانی توندوتیژی و چەمکەکانیان کە تاقی کرانەوە، بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکانی سەردەم سەرکەوتنیان بەدەست نەهێنا. ئیتر پرۆژەیەکی گشتگیری کۆمەڵگای مەدەنی کە بەردەوام مافی بەرگری رەوا لە رۆژەڤدا دەهێڵێتەوە، بۆتە ناچارییەك. هیچ کاتێك ناشێ لەمیانەی چەمکی نەتەوەپەرستییەوە کێشەی قودس چارەسەر بکرێت. ئەگەر ئەم چەمکە بەردەوام بێت، چارەسەرکردنی کێشەی کورد سەدەیەکیتریش بەردەوام دەبێت، شەڕەکانی ئایینزایی کۆتاییان پێنایەت، تیرەگەرێتی و خێڵەکی کۆتایی پێنایەت. ئەو کۆمەڵگایەی توندوتیژی لەخۆوە بگرێت، بەردەوام لە نێو یاخیبوون دەبێت، دەوڵەتیش دەست لە گۆپاڵ بەرنادات. بەڵام تەواوی ئەو رێچکانە بنبەستبوون قووڵدەکەنەوە. لە سەردەم نزیکی ناکاتەوە، بەڵکو مەودای نێوانیان زیاتر دەکات.

بەرامبەر بەمەش شێوازی چارەسەری کۆمەڵگای مەدەنی کە کۆڵەکەی سەرەکی شارستانیەتی دیموکراسییە، هەرچەندە لە سەرخۆ بێت و بە گوێرەی داخوازی هەموو کەسێکیش نەبێت، وەکو رێگاچارەیەکی گشتی و هاوسەنگکار لەمیانەی پێوانە دیموکراسییەکان و هەنگاوە یەك بە دوای یەکەکانی رێبازی چارەسەری، ئاشتی پێش دەخات و دەبێتە ناچارییەك. شارستانیەتی رۆژهەڵاتی ناوین کە بە درێژایی مێژوو فیدراسیۆنێکی سروشتی و خۆڕسك بووە، کاتێك لەمیانەی پێوانەکانی شارستانیەتی دیموکراسی پەرە بە کۆمەڵگای مەدەنی دەدات، دەشێ بە رەوشی دژە بیرۆکەیەکی خاوەن بانگەشە بگات. لە ئاکامی بیرۆکەی راستڕەوی شارستانیەتی ئەوروپا و دژە بیرۆکەی چەپڕەوی شارستانیەتی رۆژهەڵاتی ناوین یەکێتییەکی دیالیکتیکییانە پێکدەهێنرێت، بەمجۆرە هەروەکو لە مێژوو روویداوە جارێکی دیکە لە رێگای سەنتێزی پێویستەوە، دەشێ هەڵمەتێکی راست لەپێناو تەواوی مرۆڤایەتی ئەنجام بدرێت. بەمجۆرە هەڵسووڕانی رەوڕەوەی مێژوو دەشێ رێگا لەپێش هەنگاوی پراکتیکی سەرکەوتووانە و ئومێدی هەلکشاو بکاتەوە.

دواتـــرین بابـــەت کـــە پێویســـتە ســـەبارەت بـــە پێکهێنـــانی دژە بیرۆکـــەی رۆژهـــەڵاتی نـــاوین هەڵیسەنگێنین، رۆڵی گەلانە وەکو هێزێکی سیاسی کارا. ئایا ئەوانەی رۆڵی کلتوور گواستنەوەیان بینی و شارستانیەتەکەیان تێکچڕژاوە، وەکو کۆنترین گەلانی مێژوو لە رۆژگاری ئەمرۆمان گوزارشت لە چی دەکەن و لە ئاییندەدا رۆڵیان چۆن گەشەدەکات؟ وەڵامدانەوەی ئـەم پرسـە، دەشـێ رێگـای پێشهاتەکان رۆشن بکاتەوە. بە کورتی لە ئاستی پێناسەکردندا ئاماژەی پێدەکەین:

آ ـ راستینەی عەرەبی و ئیسرائیلی کە خاوەن هەمان بنەچەی سامین لە سەرووی ئەم دیاردانەوە دێـن کـە ناوچـەکەیان بـە خۆیانـەوە خـەریککردووە و بەردەوامیشـی پێـدەدەن. ئەمـە ریشـەکەی بـۆ چوارهەزار ساڵ بەر لە ئێستا دەگەڕێتەوە. لە ماوەی نێوان ۹۰۰۰ ـ ٦۰۰۰ پ.ز کلتووری سامی لە رەوشی پەیدابوون و پێکهاتنـدابوو. دواتـر بـە ئاراسـتەی رۆژهـەڵات و رۆژئـاوا و بـاکوور و باشـوور بڵاوبـۆوە. ناوچەکانی ناوەوەی نیمچە دوورگەی عەرەب کە ئەم کلتوورەی تێدا دەرکـەوت، لـە ۹۰۰۰ تـا ۳۲۰۰ پ.ز کەشێکی لەباریان هەبوو، ئەم کەشە لەبارەش رۆڵێکی سەرەکی بینی لە پێکهاتنی ئەو تـیرە سـامیانەی کاریگەریان کردە سەر تەواوی نیمچـە دوورگـەی عـەرەبی و بـاکووری ئـەفریقیا و رۆژهـەڵاتی دەریـای سپی و کەنارەکانی رووباری فورات و چیای تۆرۆس، لەم قۆناخەدا چەندین شێوە زمانی هەمە جۆری ســامی پەیــدابوون. ئــەو وشــکاییەی لــە ۳۰۰۰ ی پ.ز روویــدا کۆچــکردنی تیرەکــانی بــەرەو ناوچــە لەبارەکانی ژیان و گوزەران خێراترکرد. هێزی کاری سەرەکیبوون لە ئاواکردنی شارستانیەتی میسر و سۆمەر. دیسان ئەوانـەی بـۆ یەکـەمین جار لـە نێـوان هـەردوو شارسـتانیەت و نێـوان خۆیانـدا فێـری بازرگانی بوون، ئەم تیرانەن. سۆمەریەکان ئەم تیرانەیان بە ئامۆریتەکان (رۆژئاواییـەکان) نـاوزەدکرد کە بەرەو ناوچەکانیان کۆچیان کرد، میسرییەکان بە ئابیرۆ ناوزەدیان کردوون ( ئـابیرۆ: ئەوانـەی لـە بیابانەوە هاتوون، وشەی عیبرانی لێرەوە هاتووە). لە کاتێکدا کە لە سەردەمی ئەکەدییەکان و بابلی و ئاشوورییەکان، ئامۆرییەکان بە تەواوی بەسەر سۆمەریەکاندا زاڵبوون، ئـەوا عیبرانییـەکان لـە نێـوان هەردووکیان لە نێو هەڵکشان و داکشان بوون. ئیبراهیم لە ناوچەی سۆمەریەکان لە ئـور بـەرەو ئورفـا دەچێ، مووسا لە میسر پێهەلگرتن ئەنجام دەدات. ئەمـەش بەرامبـەر بـە شارسـتانیەتی کۆیلـەداری تـا رادەیەك شەڕە لـەپێناو ئـازادی. لـە ئاکـامی کاریگـەری چـڕی هـەردوو شارسـتانیەت، ئـەم قۆناخـە بـە دەرکەوتن و گەشەکردنی ئایینە تاکخوداییەکان ئەنجامگیربوو.

بەرامبەر بە فرەخودایی میسرییەکان و سۆمەریەکان، ئایینی تاکخودایی لەمیانـەی بـواری ژیـانی چۆنییەکی (رۆتینی) تیرەکان و پێویستی یەکبوون، بایەخداردەبێت. تەنیا لـە رێگـای باوەڕهێنـان بـە خودایەکی توند و تاقانە دەشێ ئەم تیرە و هۆزانە بکرێن بە یەك و بەڕێوە ببردرێن. کاریگەرییەکانی

هەلومەرجی نیمچە دوورگەی عەرەبی رۆڵێکی یەکلاکەرەوەی لەو قەڵەمبازە ئایینیە بینی. هەروەها ئەوە روونبۆتەوە و دەرکی پێدەکرێ دوای شەڕی ئایینی تاکخوداییەکان بەرامبەر بە ئایینە فرەخوداییەکان و تەوتەمگەراییەکان، ئەم قۆناخە بەدیهاتووە. ئیبراهیم هەنگاوی بەرایی بۆ ئەم قۆناخە هاوێشت و لە رێگای مووسا بوو بە ئایینی قەوم، عیساش دەیکات بە ئایینێکی گەردوونی. لەمیانەی مەحەمەدیشەوە دەبێتە ئایینی تەواوی عەرەبەکان، دواتر جارێکی دیکە دەبێتە ئایینی مرۆڤایەتی. ئەوەی عیسا بەناوی هەژاران ئەنجامیدا، مەحەمەد لە ژێر ناوی بازرگانەکان، واتە لە ژێر ناوی چینی ناوین ئەنجامیدا. هەردووکیشیان بە رادەی گەردوونی بوونی ئەم چینانە، وەکو ئایینی گەردوونی هێزی گەشەکردن بەدەستدێنن.

سووربوونی یەهوودییەکان لەسەر ئایینی قەوم، دەروازەی لەپێش ئەوە کردەوە ببنە فاکتەرێکی مەزنی گۆڕانکاری مێژوویی. لەم بوارەدا یەهوودیەت وەکو ئەو هێزە سەرەکییەی وەرچەرخان و تەنگەتاوکردن و وروژاندنی ناوەناوی مرۆڤایەتی وایە. لە سەردەمی دەرکەوتنیانەوە تا رۆژگاری ئەمرۆمان ئەم رۆڵەیان بەردەوامبووە.

عەرەبەکان وەکو دواترین نەوەی تیرەکانی بیابان، لەگەڵ نوێکردنەوەی ئایینی ئیبراهیم لەلایەن حەزرەتی مەحەمەدەوە تەڤینەوەیەکی مەزنی ئەنجامدا و جێگای خۆیان لەسەر شانۆی مێژوو گرت. ئیسلامیەت و ئەڵڵا و نەتەوەپەرستی عەرەب، ناسنامە و بونیادێکی ئایدیۆلۆژی چڕ پێکدێنن. ئاشکرایە لەلایەنی ئایینی و نەژادییەوە خزمایەتییان لەگەڵ یەهوودیەت هەیە. بەرزبوونەوەی ئاستی ناکۆکییەکانی نێوانیان سەرچاوەی خۆی لە جیاوازی چینایەتییەوە دەگرێت. لەگەڵ دەرکەوتنی ئیسلام ئەم ناکۆکییە هەنگاوێکیتر بەرەوپێشچوو. لە نێوان یەهوودییەکانی کە لە رێگای بازرگانیکردن دەوڵەمەندبوون و ئەو عەرەبانەی گوزارشت لە دواترین یەکێتی تیرەکانی بیابان دەکەن. لە راستیدا ئەم قۆناخە بە حەزرەتی ئیبراهیم دەستپێکردووە. ئەویش بەرامبەر بە پادشاکانی شاری سۆمەریەکان هەلوێستی نیشانداوە کە زۆر لە عیبرانییەکان دەوڵەمەندتر بوون. مووساش هەمان تیرە هەژارەکانی عیبرانییەکانی بەرامبەر پادشای میسرییەکان راکردۆتە سەرپێیان. لە ئیسرائیلی رۆژگاری ئەمرۆشمان ناکۆکی بەمجۆرە بەردەوامە. ئەم ناکۆکییانە لەگەڵ هێلینیەکان و رۆماییەکان و بابلی و ئاشوورییەکان کەم نەبۆتەوە. شارەزایی و وشیاری مەزنی یەهوودییەکان لە مێژوو بۆ ئەزموونەکانی ئەم ناکۆکییانە و هێزی بازرگانی دەگەڕێتەوە. یەهوودییەکان جگە لەو کۆچبەرییەی بەدەستی بابلیەکانەوە دووچاری هاتوون، لەلایەن رۆماییەکان دووچاری گەورەترین کۆچبەری هاتن و دوای ساڵی ٧٠ ی زایینی لە تەواوی جیهان پەرتەوازەبوون.

لەبەر ئەوەی یەهوودییەکان خاوەنی فێڵبازترین هزری بازرگانین، ئەو گەلانەیان ورووژاندووە کە لەگەڵیاندا ژیاون، ئەمەش بەردەوام ڕێگای لەبەردەم قڕکردنیان کردۆتەوە. لە دواییدا لە دەرئەنجامی فاشیزمی ئەڵمانی هیتلەر لە دایکبوونی دەوڵەتی ئیسرائیل بوو بە ناچارییەك. ئیسرائیل باجی ئەو قڕکردن و ڕیشەکێشکردنەیە کە فاشیزمی ئەڵمانی دژی یەهوودییەکان پەیڕەویکرد و بەسەر تەواوی لایەنە پەیوەستدارەکان شکاوەتەوە، لە سەرووی هەمووشیان عەرەبەکان. یەهوودییەکان لە سەرووی کاراترین ئەو گروپانەوە دێن کە لە پێشکەوتن و بڵاوبوونەوەی سەرمایەداری ڕۆڵیان هەبووە، لە سەرووی هەمووشیانەوە لە گەشەکردنی شارستانیەتی ئەمریکا و ئەوروپا. لە بوارەکانی بازرگانی، دارایی، زانستی، هونەری، تەنانەت لە لقە هەستیار و گرنگەکانی سیاسەتدا لە سەرتاسەری جیهان بە کاریگەرن. شارستانیەتی سەرمایەداری کۆمەکیان دەکات. سەبارەت بە مەسەلەی خاك ناکۆکییەکانیان لەگەڵ عەرەبەکان چڕبۆتەوە. لەناوبردنی ئیسرائیل مەحاڵە. بەڵام وەرچەرخانی ئەو شێوەی ئێستای دەشێ ئامرازەکانی چارەسەری بەرهەم بێنێ. بەڵام لەهەمانکاتدا وەرچەرخانی نەتەوەپەرستی عەرەبیش مەرجێکە. لە ڕەوشێکی پێچەوانەدا هەر دوو شێوەی نەتەوەپەرستی دەشێ ڕێگا لەپێش بەکارهێنانی بۆمبایەکی ئەتۆمی بکەنەوە. لە شێوازێکی بەمجۆرەی شەڕ بالآبوونی ستراتیژی ئیسرائیل لە ئارادایە. بەڵام ئەمە هیچ سوودێکی بۆ پێشکەوتنە مەیدانی و کردارییەکان نییە.

لە ڕاستیدا دژوارترین و بێزەییانەترین گرێکوێرەی نەتەوەپەرستی چەقبەستوو، کە ڕێگای لەپێش کردەوە، لە سەرتاسەری جیهان دووچاری بنبەستبوون هاتووە، گرێیی قودسە. هەروەکو بڵێی ئەم شارە پیرۆزە ماکی نەفرەتی نەتەوەپەرستی و تیرەگەریتی کۆن لەخۆوە دەگرێت. هەرچی ناوەکەیەتی بە واتای پیرۆزی و جێنشینی ئاشتی دێت. لە باوکێتی ئایینە تاکخوداییەکان یەهوودییەکان ڕۆڵیان بینی لە دەرکەوتنی چەمکی نەتەوەپەرستی. هەر بەخۆشیان لە ئاستێکی هەرە بەرزدا بوونە قوربانی ئەم دوو چەمکە. لەگەڵ ئەمەشدا لەمیانەی ئەو ئەزموونانەی لەناو شارستانیەتەکان وەریانگرتووە ڕێگای لەپێش ئەوەکردەوە لە بوارەکانی زانست، هونەر، ئابووری یەهودییەکان، بەهای بەهێز پێبگەیەنن و بێننە ئاراوە. لە نووسینەوەی کتێبی پیرۆز تاوەکو دەگاتە چەندین شاکاری زانایانە و هونەر، لەناو یەهوودییەکان دەرکەوتوون. لە بواری ماددی و مەعنەوییەوە بوون بە هێزێکی مەزن. تەنانەت تەواوی ئایدیۆلۆژیا و دەزگا سەرەکییەکان لەسەر پەنجەی خۆیان دەسووڕێنن.

عەرەبەکانیش وەکو دواترین گروپە سامیەکانی بیابان بە دواکەوتوویی ماونەتەوە. بەڵام بڵاوبوونەوەیان لە تەواوی نیمچە دوورگەی عەرەب و ئەفریقیای باکوور، بە لایەنی کەم ڕێگای

لەپێش ئەوە کردۆتەوە لە بواری جوگرافی بە دەوڵەمەندی و هێزی چەندایەتی بگەن. بەمجۆرە دوو گروپی بە رەچەڵەك سامی لە سەرتاسەری جیهان رووبەڕووی یەکتری بوونەتەوە. بوونەتە قوربانی ئەو ئایین و نەتەوەپەرستییەی بە خۆیان خولقاندییان، ئەو حەزیایانەی خۆیان خولقاندیان، قووتیان دەدات. هەربۆیە بەلاوەنانی ئەو هەڵوێستانەی پشت بە ئایین و نەتەوەپەرستی دەبەستن تاکە رێگای چارەسەرییە. ئەم دوو گروپەی دەتوانن رۆڵی گرنگ و پۆزەتیف (ئەرێیی) لە رۆژهەلاتی ناویندا ببینن، پێویستە لە چوارچێوەی پێوانەکانی شارستانیەتی دیموکراسی رێکبکەون. لەجیاتی پارچەبوونی میللی و ئایینی، فیدراڵیەتێکی میانڕۆ، تاکە رێگای رزگاربوونە. پێویستە فیدراسیۆنێکی عەرەب ـ ئیسرائیلی لە ژێر سایەی سیستەمی ئابووری بازاڕی سەربەست و ئازادی قەوارە کلتوورییەکان بۆ ماوەیەکی درێژخایەن بەرنامەڕێژ بکرێت. تەنانەت فیدراسیۆن بۆ عەرەبەکانیش ناچارییەکە، کە بۆ بیست و سێ دەوڵەتۆکە پارچەکراون. یەکێتی عەرەبان کە لە ئارادایە "الجامعة العربیة " کارا نییە. فیدراسیۆنێکی دیموکراسییانەی عەرەب ـ ئیسرائیل، عەرەبەکان ناچاردەکات لە ژێر یەك چەتردا ببن بە یەك. ئاشکرایە جگە لە هەندێ لایەنی کۆنەپەرست تەواوی رۆژهەلاتی ناوین سوود لەم فیدراڵیەتە وەردەگرێت. وادیارە پەیوەندیەکانی عەرەب ـ ئیسرائیل لە سەدەی بیست و یەکەمدا لە ژێر سایەی فیدراسیۆنی دیموکراسییانە بە چارەسەری دەگات. دەشێ ئەزموونی دیموکراسی ئیسرائیل لە سەرتاسەری جیهان رۆڵێکی مێژوویی لە دیموکراتیزەکردنی عەرەبەکان ببینێ.

هەروەها رێگای خۆدزینەوە لە علمانیەتێکی قووڵ نییە کە پارچەیەکی جیا نەکراوەی ئەم دیموکراتیزەبوونەیە. بەلاوەنانی ئەو پاشڤەرۆیەتی و تێکدانانەی بە هەزاران ساڵ لە ژێر ناوی ئایینەوە بەڕێوەبراوە ئیتر لەمیانەی ریفۆرمێکی ئایینی گشتگیر، بووە بە ناچارییەك. لەگەڵ ئەنجامدانی ریفۆرمی ئایینی سەرکەوتنی علمانیەت هەم هێز بە دیموکراتیزەبوون دەبەخشێ هەم هێزی لێوەردەگرێت. هەروەها پێویستە ئایدیۆلۆژی نەتەوەپەرستیش تێپەڕ بکرێت. کاتێك ئەو ئایدیۆلۆژیایانە تێپەڕبکرێن کە لەم دوو گۆڕەپانەدا پێکدادانیان قووڵ دەکردەوە، ئەوا دواتر فەلسەفەکانی ئازادی و یەکێتی دادوەرانە سەرکەوتن بەدەستدێنن کە پشت بە زانست دەبەستن. ئەم چەمکە فەلسەفیانەی بنەماکانی شارستانیەتی دیموکراسی پێکدێنێ، تەبایی و ئاشتییەکی هەمیشەیی بەدیدێنن. ئەم رەوشەش لەجیاتی پێکدادانی عەرەب ـ ئیسرائیل ئاراستە بەرەو رێککەوتنی عەرەب ـ ئیسرائیل و یەکێتی دیموکراسیانەیان دەگرێ، ئەم پێشکەوتنەش کاریگەری لەسەر رۆژهەلاتی ناوین و تەواوی جیهان دەکات.

تـەبایی عـەرەب ــ ئیسـرائیل تـەکانێکی مەزنـە بـەرەو رێگـای یـەکێتی دیموکراسـییانە و ئاشـتی رۆژهەڵاتی ناوین. بـەمجۆرە لەمیانـەی تـەبایی ئامـاژە پێکـراو، دژە بیرۆکـەی بەرامبـەر شارسـتانیەتی دیموکراسـی ئـەوروپا، هێـز بەدەسـتەوەدێنی کـە لـە رۆژهـەڵاتی نـاوین تێرخـۆراك دەبـێ، پێبـەپێ کاریگەری لەسەر تەواوی جیهان دەکات. هـەروەها ئـەم قۆناخـە نوێیـەی لەسـەر بنـەمای فیدراسـیۆنی دیموکراسییانە ئاوادەکرێت بەشداری دەکات و رۆڵی هانـدەری دەبـێ لـەوەی رۆژهـەڵاتی نـاوین بـەرەو سەنتێزی شارستانیەتی دیموکراسی قۆناخێکی شارسـتانی ئاراسـتە بکرێـت کـە شایسـتەی مێژووەکـەی بێت. ئەنجامە مێژووییەکانی رێککەوتنی عـەرەب ــ ئیسـرائیل زۆر گـرنگ و بایەخـدارە. ئەمـەش لـە ناوچـەکە چارەسـەرکردنی ناکۆکییـەکانی دیکـە خێراتردەکـات و رێگاچـارەی دیموکراسـییانە دەکاتـە ناچارییەك. ئەمجۆرە پێشکەوتنەی هەر لە ئێستاوە کاریگەریەکەی دەبینرێ دەبێتە خاوەن کەسایەتی و کارەکتەرێکی زاڵ. ئیتر چاوەڕوانی ئەوە ناکرێت ئەو قۆناخەی پێکدادانی لە ئارادایـە بـۆ ماوەیـەکی درێژخایەن لەنێو ناکۆکی و بێ واتایی و ناتەبایی بەردەوام بێت. نە هەلومەرجەکانی نێودەوڵەتی، نە هی ناوچە و ناوخۆش زیاتر بەرگەی ئەم رەوشە ناگرێت.

لـە سـەدەی بیسـت و یەکەمـدا ئاشـتیەکی لەسـەر بنـەمای دیموکراتیزەبـوون لـە نێـوان خـودی عەرەبەکان، عەرەب ـ ئیسرائیل و تەواوی ناوچە پێشبکەوێت، هەنگاونان بەرەو هەڵکشانی ئابووری و هونەری لەگەڵ خۆی دێنێ. لەسەر ئەم بنەمایەش رۆژهەڵاتی ناوین هێز بەدەستدێنێ و پێشکەوتنی ئەوتۆ دەخوڵقێنێ شایستەی مێژووی بکات و کاریگەری لەسەر هەموو جیهان دەکـات، تواناکـاری ئـەوە دێتە ئاراوە کە شارستانیەتی دیموکراسی بەرەو سەنتێزێکی نوێ گەشەبکات.

ب ـ گۆڕەپانی شارستانیەتی ئێران لە رۆژهەڵاتی ناوین بەرخودان لەسەر ئەو رەسەنایەتیە دەکات کە لە مێژووەکەیەوە بۆی ماوەتەوە. ئەو رۆڵەی لە دووڕیانی شارستانیەتی رۆژهەڵات ـ رۆژئاوا بینی، ئەمڕۆ لەمیانەی ئەزموونی دیموکراتیزە کردنی کلتووری ئیسلامی دەخـوازێ درێـژەی پێبـدات. ئـەم کارەکتـەرە ریفۆرمخوازییـەی گۆڕەپـانی ئێـران بـۆ کـۆنترین سـەردەمە مێژووییـەکانی درێژدەبێتـەوە. ئەوەی سیستەمی دژواری کۆیلەداری سۆمەریەکانی نەرم کردۆتەوە، شارستانیەتی ئێرانە. لـە راسـتیدا نەریتی زەردەشتی و هەڵکشانی پارس و ریفۆرمیزەکردنی کۆیلەداری، بـە گـوێرەی قۆنـاخی خـۆی بـە واتای سەرکەوتنی دیموکراتیزەبوون دێت. رۆڵی ئێران لە ئاشنابوونی کیشوەری ئاسیا بە شارسـتانیەت زۆر گرنگە. هەر لـە یەکـەم پێشـوازیکردنی شارسـتانیەتی دەرەبەگایـەتی ئیسـلامی دووچـاری ریفـۆرم کردووە. شیعەگەرایی ئێران یەکەمین ریفۆرمی ئیسلامە بەلای پۆزەتیفەوە. پێشـتر **مـانی** و **مـەزدەك** خواسـتوویانە سیسـتەمی کۆیلـەداری ساسـانیەکان ریفـۆرمیزە بکـەن. هـەروەها **بابـەك** بەرامبـەر بـە

سیستەمی سونیگەرایی عەباسییەکان ڕۆڵی ڕێبەرێکی گەلەری دەبینێ. رووخانی ئەمەوییەکان لە ژێر کاریگەری ئێران بوو. دیسان ئەوەی عەباسییەکانی نەرم کردووە ئەو کاریگەرییەی ئێرانە. بەرامبەر بە پاشقەڕۆیەتی ناوەندی دەرەبەگایەتی وشکی سونیگەرایی عوسمانییەکان، شارستانیەتی سەفەوی ـ ئێران زیاتر نزیکی گەلە، پشتگیری لە عەلەوییەکان دەکات. لە سەدەی نۆزدەهەمیش ڕۆڵی ریفۆرمخوازی ئێران بەردەوام بوو.

دواترین شۆڕشی مەزنی سەدەی بیستەم بۆتە بەشی ئێران. شتی سەیر ئەوەیە وەکو شۆڕشێکی ڕۆژهەڵاتی ناوین بە سانایی کز نابێتەوە. کاتێك کاریگەری دەرەوەی شارستانیەتی دیموکراسی لەگەڵ کارەکتەری ریفۆرمخوازیەکەی دەبێتە یەك کە لە مێژووەوە هاتووە، ئەوا هەڵوەشانەوەی موحافەزەکاری ئیسلامی لەژێر ناوی شۆڕشی ئیسلامی ئێران دەبێتە راستینەیەکی دەست لێبەرنەدراو. یان ئەوەتا شۆڕشی ئیسلامی ئێران بەخۆی کۆتایی بەخۆی دێنێ، یان لێپرسینەوە لەگەڵ ئەو موحافەزەکارییەی ڕۆژهەڵاتی ناوین دەکات کە لەژێر ناوی ئیسلامیەتەوە پەیڕەو دەکرێت، بەمجۆرە چارەسەریەکی ریشەیی ئەم کێشەیە دەکاتە ناچارییەك. هەربۆیە هێندە بە سانایی کۆتایی بە دەرئەنجامەکانی شۆڕشی ئیسلامی ئێران ناهێنرێ. ڕەوشی هەنووکە قۆناخی پەرینەوەیە. یان لە ناوخۆیدا زیاتر بەرەو موحافەزەکاری دەچێ، جەماوەریش بەرگەی ئەمە ناگرێت و پێی پەسند ناکرێت؛ یاخود پێویست دەکات دەربازی نێو قۆناخی ئەنجامی دوایی ریفۆرم بێت. لە ڕەوشێکی بەمجۆرەشدا لە تەواوی ڕۆژهەڵاتی ناوین دەروازە لەپێش شەپۆلێکی دیموکراسییەتی ئیسلامی دەکاتەوە. هەروەکو چۆن ڕۆژئاوا لەمیانەی دیموکراتیزەبوونی سەرمایەداری ئیسرائیل فشار دەخرێتە سەر فیودالیزم و نەتەوەپەرستی عەرەب و بەرەو دیموکراسییەتی راکێش دەکات، ئەوا لە ڕۆژهەڵاتیش بە تایبەتی ئێران لەناو ئیسلامدا هەوڵدەدات لەمیانەی دیموکراتیزەبوونەوە هەمان ڕۆڵ ببینێ.

هەروەکو بڵێی دەرەبەگایەتی ئیسلامیەت کە قورسایی عەرەبەکانی پێوەیە، کەوتۆتە نێوان هەر دوو زاری کەماشە. ناشێ ئیسلامی فیودالی و دژە دیموکراسی بۆ ماوەیەکی درێژ بەردەوام بێت. ئەم ڕەوش و قۆناخەی پەرینەوەی ئێرانیش درێژ ناخایەنێ. ئەگەر بەرەو موحافەزەکاری ئاراستە بگرێت، ئەوا لەلایەنی نەتەوەپەرستی و ریفۆرمخوازەکانی ناوخۆ تێك دەشکێنرێ. ئەگەر لە وەرچەرخان بەرەو دیموکراسییەتێکی تەواو سەرکەوتن بەدیبێنێ، یەکێتی فیدراسیۆنی دیموکراسییانەی ئێران دەبێتە مۆدێلێکی هەرە بەهێز و کاریگەری لەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوین دەکات؛ کۆماری ئیسلامی دیموکراسییانەی ئێران دەبێتە کۆڵەکەیەکی بەهێزی دیموکراتیزەبوونی ڕۆژهەڵاتی ناوین. هەروەکو چۆن ئەم شارستانیەتە ئەلتەرناتیفە، پەیوەندیەکی بەهێزتر لەگەڵ ریشە مێژووییەکەی دەبەستێ،

ئەوا لەمیانەی شارستانیەتی دیموکراسییەوە دەتوانێ کێشەکان لە نێو تەبایی و ئاشتی چارەسەر بکات. لەهەر دوو حاڵەتیشدا دەشێ لە واقیعی ئێراندا دژە بیرۆکە گەشەبکات. لەبەر ئەوەی ئێران بەردەوام رۆڵی شارستانیەتی بینیوە، بۆیە دیسان ناچارە هەمان رۆڵ بگێڕێ. ناشێ ئێران کاریگەری نەکاتە سەر ئاسیای ناوین و قەفقاسیا و تەواوی رۆژهەڵاتی ناوین. دەخوازێ ئەمە لەمیانەی خولْقاندنی چارەسەرییەکی ریشەیی ئیسلامی دیموکراسییانە ئەنجام بدات. دەشێ گفتوگۆ بکرێ، دەتوانێ لەمەدا سەرکەوێ یان نا. لە حاڵەتی سەرنەختنی ئەم هەوڵە، پێبەپێ سیستەمێکی موحافەزەکارتر دێتە ئاراوە، ئەنجامی ئەمەش پارچە بوون و تێکشکانە. بەڵام پارچەبوونێکی ریشەیی نەتەوەپەرستی چاوەڕوان ناکرێت. زیاتر یەکێتییەکی فیدراسیۆنی دیموکراسییانەی هاوچەرخ وەکو ئەلتەرناتیفێکی دیکەی چارەنووسی ئێران دیارە. ئەگەر ئێرانێکی دیموکراسییانە ئاوا نەبێت، ئەوەی لە ماوەیەکی درێژخایەندا پێکدێت، فیدراسیۆنی ئێرانی دیموکراسییانەی هاوچەرخە و پێویستی بە دەمامکی ئایینی نییە. لە ماوەیەکی درێژخایەندا ئەو بژارە ئەگەرێکی بەهێزە.

بە درێژایی مێژوو ئێران خاوەن کارەکتەرێکی فیدراڵی بووە. تاکو ئێستاش بۆ چوار هەرێمی مەزن دابەشکراوە. هەربۆیە فیدراسیۆنی ئێرانی دیموکراسییانە قۆناخێکی هێندە ئاستەم نییە. لەهەر دەوڵەتێکی رۆژهەڵاتی ناوین زیاتر و خێراتر دەتوانێ دەربازی ئەم قۆناخە بێت. لە راستیدا ئەو فیدراسیۆنە سنووردارەی ئێستا لە ئارادایە، دەتوانرێ زەقتر بکرێت و رووکارێکی دەستووری پێبدرێت.

بە دڵنیاییەوە دەتوانرێ بگوترێ پەرەسەندنەکانی ئێران دەبێتە یەکێك لە هێزە سەرەکی و دیاریکراوەکانی هەڵکشانی گەشە کردنی رۆژهەڵاتی ناوین لە سەدەی بیست و یەکەمدا. لە پێکهێنانی ئەو دژە بیرۆکەیەی کە رۆژهەڵاتی ناوین بەرامبەر شارستانیەتی ئەورووپای پێشدەخات، ئێران سێیەمین بەردی مەزنی گۆشەکەیەتی. ئەگەر یەکەمیان ئیسرائیل، دووەمیان عەرەبەکان بن، ئەوا لەمیانەی مێژووەکەی و لە بواری ئەو جوگرافیا سەراوبن بووەی لە ئارادایە، ئێران دەکات بە سێیەمیان. دژە بیرۆکەی رۆژهەڵاتی ناوین لەمیانەی ئەو قورساییەی ئێران، هێزێکی مەزن پێکدێنێ. لە کاتێکدا ئیسرائیل لەو دژە تێزەدا نوێنەرایەتی تەواوی شارستانیەتی رۆژئاوا دەکات، عەرەبەکانیش نوێنەری نیمچە دوورگەی عەرەب و کیشوەری ئەفریقیا دەکەن و ئێرانیش نوێنەرایەتی کیشوەری ئاسیا دەکات. ئەو دژە بیرۆکەیەی کە لە چەپڕەوی شارستانیەتی دیموکراسی رۆژهەڵاتی ناوینی سەدەی بیست و یەکەم جێگیردەبێ، لە واقیعی راستینەی ئێران و خولْقاندنی سەنتێزە نوێیەکەی شارستانیەتی شایستە بە مێژووی رابردوو خولْقکارتر دەبێت و هێزێکی هەمە رەنگ بەدەست

دەهێنێ، لەمیانەی بەشداری و رۆڵی مێژوویی لە ئومێدی مرۆڤایەتی سەبارەت بە شارستانیەتی نوێ، رێگا لەپێش هەنگاوە سەرکەوتووەکانی پراکتیزەکردن دەکاتەوە.

ج ـ ئەنادۆل، تورکیا، کە جێی خۆی لە باکووری رۆژهەڵاتی ناویندا دەگرێت و لە هەموو قۆناخێکدا رۆڵی دیاریکراوی بینیوە، لە قۆناخی شارستانیەتی هاوچەرخیشدا درێژە بە بانگەشەی خۆی دەدات. لە مێژوودا ئەنادۆل هێڵی وەرچەرخان و پەڕینەوەی سیستەمەکانە. بەهاکانی درێژایی ١٥٠٠٠ ساڵی رۆژهەڵاتی ناوینی لە رێگای قەفقاسیا و بەلکانەوە بۆ ئەوروپا گواستەوە، لەم دووسەد ساڵەی دواییشدا بەهاکانی ئەوروپا بۆ رۆژهەڵاتی ناوین دەگوازێتەوە. هیتیتەکان (الحثیون) کە بە رەچەڵەك ئارین، لە ساڵانی ٢٠٠٠ ساڵ پ.ز رۆڵی گەلانی بەرایی دەبینن. راستتر چەندین گەل لەژێر ناوی هیتیتەکان کۆبوونەتەوە. تازە بە تازە لە سەردەمی نیۆلیتیکەوە بەرەو شارستانیەتی کۆیلەداری هەنگاویان دەهاوێشت. لە ئاکامی کەوتنی یەك بە دوای یەکی قەڵاکانی تەروادە، فریگیا و لیگیا (١٢٠٠ ـ ٦٠٠ پ.ز) ئەنادۆل دەکەوێتە ژێر کاریگەری گریکەکان. قۆناخی هێلینی بەخۆیەوە دەبینێ. ئەمە تاوەکو ساڵانی ١٠٠٠ ی زایینی بەردەوام دەبێ. ئەرمەنییەکان لە هێڵی باکووری رۆژئاوا، کوردەکانیش لە هێڵی باشووری رۆژهەڵات دەمێنن و جێگیر دەبن. لە ساڵانی ١٠٠٠ ی زایینی بەدواوە ئەنادۆل بە رووی هۆزە تورکەکان دەکرێتەوە. ئەم جێنشینی بوونانە تا سەدەی چواردەهەم بەردەوام دەبێت. لەمیانەی شارستانیەتی عوسمانییەکان و سەلجۆقیەکان بە قووڵایی جیابوونەوەی چینایەتی بەخۆیەوە دەبینێ. دابەشبوونی ریشەیی چینایەتی تورکەکان لەم قۆناخەدا بوو. لە کاتێکدا تورکمانەکانی ناوچە شاخاوییەکان تایبەتمەندێتی تورکێتییان پاراست، تورکەکانی شارەکان دووچاری توانەوەیەکی دژوار هاتن. هەم سەلجۆقییەکان هەم عوسمانییەکان مەزهەبی سوونی ئیسلامیەت بە بنەما دەگرن. بەمجۆرە دەمارگیری دەرەبەگایەتی بەرامبەر ریفۆرمخوازی ئێران هێزی بەدەست هێنا. ئیمپراتۆریەتی عوسمانی هاوسەنگی هەستیاری نێوان سەرمایەداری و دەرەبەگایەتی بەدەست هێنا و تاوەکو سەردەمی گەشەکردنی شارستانیەتی سەرمایەداری بلاودەبێتەوە و بە دڵنیایی و ئاسوودەیی دەژیت. بەڵام بەرامبەر بە قۆناخی بڵاوبوونەوەی سەرمایەداری نەیتوانی بەرخودان بکات، لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەم هەڵوەشایەوە و بوو بە مێژوو. ئەم جارە تورکەکان لەجیاتی ئایدیۆلۆژیای ئیسلامی موحافەزەکار، لەژێر رێبەرایەتی مستەفا کەمال لەمیانەی ئایدیۆلۆژیای نەتەوەپەرستی بەرامبەر بە سوڵتانەکان و دارودەستەکانیان کە ببوونە نۆکەری کۆلۆنیالیزمی رۆژئاوا و کۆمپرادۆرە ئەرمەنی و رۆمەکان، لە دەرەوە لەگەڵ بەلشەفیکەکان و لە ناوەوەش لەمیانەی ئەو رێککەوتنانەی لەگەڵ کوردەکانیان بەست، هەم لە شەڕی رزگاری نیشتماندا سەرکەوتن، هەم هەنگاوێکی مێژووییان

هاوێشت و دەربازی قۆناخی کۆمار بوون. ئیتر ئەنادۆڵی سەدەی بیستەم وەکو کۆماری تورکیا رۆڵی خۆی دەبینێ.

کاتێك کۆماری تورکیا بە بیانووی یاخیبوون کوردەکانی سەرکوت کرد کە لەو قۆناخەدا رۆڵیان لە دامەزراندنی کۆمار بینی، ئیدی دەرفەتی گەشەکردنی مێژوویی لەدەستدا، چونکە وەرچەرخانی دیموکراسی ئەنجام نەدا. لە حاڵەتیکدا پاڵێورابوو بۆ ئەوەی بە ئاستی ژاپۆن بگات، بەهۆی کێشەی ئاماژە پێکراو کەوتە نێو قەیرانەوە، تاوەکو ئێستاش ئەم بنبەستبوونە بەردەوامە. لەمیانەی هەڵکەوتە جوگرافیەکەی لە رۆژهەڵاتی ناوین و ئاستی شارستانیەتدا زیاتر نزیك بە ئەوروپایە. گفتوگۆیەکی چڕوپڕی دیموکراسی بەخۆیەوە دەبینێت. بەهۆی دیموکراتیزە نەبوون، مەسەلەی ئەندامێتی لە یەکێتی ئەوروپا بەرەو پێشەوە ناچێت. مەسەلەی کورد لە بناخەی ئەمەدا شاراوەیە. ئەم کێشە سەرەکییەی تورکیا گەیشتۆتە ئاستێك چارەنووسەکەی دیاری دەکات. رووبەڕووی دووڕیانێك بۆتەوە، یان ئەوەتا لە چوارچێوەی کۆماری دیموکراسییانە کێشەکە بە رێگاچارەی دیموکراسییانە چارەسەر دەکات، یاخود گۆشەگیر دەبێت و لە ناوخۆیدا دەپووکێتەوە. تاوەکو ئێستاش چۆنێتی چارەسەرکردنی کێشەکە یەکلا نەبۆتەوە. هاوکات تەواوی هەلومەرجە ناوخۆیی و دەرەکییەکان چارەسەری دیموکراسییانە دەسەپێنێ.

تورکیا لە نێوان دەوڵەتەکانی رۆژهەڵاتی ناوین خاوەنی لەبارترین هەلومەرجی کۆمەڵگایە بۆ دیموکراتیزەبوون. لەم بوارەدا چەندین هەنگاوی هاویشتووە. لە حاڵەتێکدا ئەگەر هەنگاوەکانی دیکە بهاوێژرێ، ئەوا بە رەوشێك دەگات بتوانێ جێگای خۆی لە ئەندامێتی یەکێتی ئەوروپادا بگرێت. لەم چوارچێوەیەشدا لە رێگای شارستانیەتی دیموکراسی ئەوروپا هێز بە بژاری دیموکراسییانە دەبەخشێ، کاریگەرییەکی زیاتریش دەکاتە سەر تورکەکانی ئاسیای ناوین. شیمانەیەکی بەهێزە تورکیای سەدەی بیست و یەکەم گەشەکردنێکی بەمجۆرە بەخۆیەوە دەبینێ. لەم حاڵەتەدا دەبێتە چوارەمین بەردی گۆشەی بناخەی دیموکراتیزەکردنی رۆژهەڵاتی ناوین. بەمجۆرە ئیسرائیل، عەرەبەکان، ئێران و تورکیا وەکو هێزی سەرەکی چارەسەری ئاقاری هاوکێشەی دیموکراسی رۆژهەڵاتی ناوین و بە شێوەیەکی بەهێز دەکەونە نێو قۆناخی پێکهێنان و پەرەپێدانی دژە بیرۆکەی رۆژهەڵاتی ناوین. ئەگەر پێکدادانی عەرەب ـ ئیسرائیل و کێشەی دیموکراسییەت و یەکێتی نێوان عەرەبەکان خۆیان چارەسەر بکرێت، کە رۆڵی ئاستەنگ دەبینن هەروەها فیدراسیۆنی دیموکراسییانەی ئێران بە پێکهاتەیەکی هەمیشەیی بگات (لەژێر پەردەی ئیسلامی یان هاوچەرخ) و هاوکات تورکیا کێشەی دیموکراسی چارەسەر بکات، ئەوا سەدەی بیست و یەکەم بۆ تەواوی ناوچە دەبێتە قۆناخی هەڵمەتێکی

هەڵکشان. فیدراسیۆنی دیموکراسییانەی رۆژهەڵاتی ناوین کە لەسەر بناخەی ئەم چوار کۆڵەکە سەرەکیە ئاوا دەکرێت، وەکو دژە بیرۆکەیەکی راستەقینە بەرامبەر شارستانیەتی ئەوروپا دەتوانێ هەنگاوێکی بەهێز و سەرکەوتووانە بە ئاراستەی پێکهێنانی سەنتێزی مێژوویی لەسەر بنەمای پەیوەندی دیالیکتیکییانە بهاوێژرێ.

**د -** کوردان و کوردستان جێگایەکی رەسەنیان لەنێو مێژووی شارستانیەتی رۆژهەڵاتی ناوین هەیە. بۆ تێگەیشتنێکی راست سەبارەت بە قۆناخەکان پێویستە رۆڵی ئەم گەلە پێناسە بکرێت، ئینجا چ لە قۆناخەکانی هەڵسووڕانی رەوڕەوەی مێژوو بێت، یاخود ئەو پەرەسەندنانەی لە ئارادان.

شتێکی مسۆگەرە کە کوردستان بەهۆی هەڵکەوتە جوگرافییەکەی و کلتووری دانەوێڵە و ماڵیکردنی ئاژەڵ بۆ یەکەمین جار لە جیهاندا بۆتە بێشکەی سەردەمی نیۆلیتیك. ئەو گۆڕەپانەیە کە شۆڕشی کشتوکاڵی و گوندی تێدا ئەنجامدرا. لە رێگای پاشماوەکانی ئاسەوار و ئاسەوارناسییەوە سەلمێنراوە کە خاوەنی کلتوورێکی جێگیرە و ریشەکەی بۆ ١١٠٠٠ پ.ز دەگەڕێتەوە و مێژوویێکی لەوە کۆنتر لە جیهاندا نییە. ئێمە قەرزاری سۆمەریەکانین یان سەبارەت سەرچاوە نووسراوەکانی ناو لێنانی ئەو گەلەی چاخی نیۆلیتیکی خوڵقاندووە. ئەم گۆڕەپانە و گەلەکەی بە ناوچەی شاخاوی و گەلی شاخی ناو دەبەن. ئەم زاراوانە تا رۆژگاری ئەمڕۆشمان بەردەوامە. "**کور**" بە سۆمەری بە واتای شاخ دێت. پاشگری "**تی**" بە واتای (أنتماء) دێت. هەربۆیە "**کورتی**" بە واتای **گەلی چیایی** و **چیا** دێت. هەروەها هەندێ ناوبردنی دیکەی سۆمەریەکان هەیە. "**ئورارتی**" بە واتای **وڵاتی بەرزاییەکان** دێت، هەروەها لەبەر ئەوەی بە گامێش خاکیان کێڵاوە. بە"**گوتی**" ناودەبرێن کە واتای **گەلی خاوەن گامێش** دێت (گود = گا، تا ئێستا لە زمانی کوردیدا بەکاردەهێنرێ)، "**ئاریان**" بە واتای ئەو گەلە دێت کە بە گاسن زەوی دەکێڵن، هەروەها دواتر ئاشووریەکان بەهۆی چاوگەکانی کانزا (معادن) بە "**ماتا**" مادەکان ناویان بردوون، لووییەکان بە "**گوندوانا**"یان ناوبردووە و بە واتای مەملەکەتی بەرزاییەکان دێت، بە زمانی گریکییەکان "**کوردیانا**"ی پێگوتراوە، هەروەها بە "**کۆماگەنە**" ناوبراوە کە مانای گەلە خاوەن چادر و شوانکارەکان دێت، لەمیانەی ناوی جیاجیاوە هەمان راستینە زاراوەی جیاوازی پێبەخشراوە. کاتێك پەیوەندییان لەگەڵ عەرەبەکان بەست بە "**ئەکراد**" ناوبران (کۆی ووشەی کوردە)، هەروەها مێژوو دیاریکردووە کە سوڵتانی مەزنی سەلجۆقی **سنجار** ئەو ناوچەیەی بە "**کوردستان**" ناو بردووە. لە سەردەمی عوسمانیەکانیشدا زاراوەی کوردستان سەبارەت بە ولایەتی حکوومەتە هەرێمییەکان بەکار هێنراوە. هەروەها مستەفا کەمالی دامەزرێنەری کۆماری تورکیا بە دەیان جار باسی کوردستان و کوردانی کردووە و وەکو فاکتەرێکی دامەزرێنەری کۆمار ناوی بردوون. هەروەها

بەهۆی یاخیبوونەکانی سەدەکانی نۆزدەهەم و بیستەم ئەم ناوو زاراوانە بە بەربلاوی لە ئەدەبی جیهانیدا بەکار هێنراوە.

رۆڵی مێژوویی کوردان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە خوڵقێنەری سەردەمی نیۆلیتیکە. مسۆگەر بووە کە ئەم ناوچەیە نیو دەشت ـ نیو چیایی لەلایەن دیجلە و فورات و زنجیرە چیای زاگرۆس ــ تۆرۆس تێر ئاو دەکرێت شوێنی لە دایکبوونی سەردەمی نیۆلیتیکە. مسۆگەرە سۆمەریەکان، میسر، هیتیتیەکان و پارسەکان خۆراکی خۆیان لە کۆمەڵگای نیۆلیتیکی ئەم جوگرافیایە وەرگرتووە. بایەخداربوونی کانزا و هەڵکەوتنی چاوگە کانزاییەکان لەم ناوچەیە رێگای لەپێش ئەوە کردەوە ببێتە جێگای چاوتێبڕین و تالانکاری و دەست بەسەرداگرتن. لەهەر چوارلاوە تەنگەتاوکردن و فشار بۆهێنان وایکردووە ئەم گەلەی خوڵقێنەری شۆڕشی نیۆلیتیك لە چیاکان لە نێو رەوشی خۆپاراستندا بمێنێتەوە. ئەمەش زۆر بە باشی ئەوە روون دەکاتەوە کە بۆچی لە رەوشی خێڵەکی وشك و پارچە پارچە ماونەتەوە. چونکە بە گوێرەی هەلومەرجەکانی شاخ، تەنیا بە شێوەی یەکینەی خێڵەکی دەبێت. هەرە زێدە دەتوانرێ سیستەمی کۆنفیدراسیۆن ئاوا بکرێ. بۆ دامەزراندنی ناوەندی بەهێزی شارستانیەتی شار لەبار نییە. رەوشی جوگرافیاکەی کە وەکو قەڵایەکی بەرزکراوەی رۆژهەڵاتی ناوین وایە، بە شێوەیەکی خۆڕسکانە رۆڵی سەنگەری خۆپاراستن و بەرخودانی بینیوە. ئەم بارودۆخەش ئەم راستینەیە روون دەکاتەوە چۆن کلتووری رەسەنی ١٠٠٠٠ ساڵە تاوەکو رۆژگاری ئەمڕۆمان هاتووە.

کوردان و وڵاتەکەیان دووچاری تەواوی پەلامارەکانی سەردەمی کۆیلەداری هاتوون. ئەگەر لە گلگامێشی سۆمەریەوە دەست پێبکەین دەبینن کە بابلی و ئاشووری و پارس و هێلینی و رۆم و ساسانی و بێزەنتی و عەرەب و تورك و مەغۆلەکان یەك بەدوای یەك ئەم ناوچەیەیان داگیر کردووە. بەڵام سیستەمی سەرەکی تیرەگەرێتییە. هەندێ جار بوون بە یەك، زیاتریش لەگەڵ یەکتردا لەنێو ململانێ و پێکدادان بوون و تاوەکو رۆژگاری ئەمڕۆمان درێژەیان بەم نەریتە داوە.

لە سەردەمی دەرەبەگایەتیدا میرنشینە کوردییەکان پەرەسەندنێکی مەزنیان بەخۆیانەوە بینی. لەسەر ئاستی دەوڵەت و حکوومەتی هەرێمی رۆڵیان بینی. بە درێژایی ٤٠٠ ساڵ بە رێککەوتن و تەبایی لەگەڵ عوسمانییەکاندا ژیاون. لە ئاستی کەسایەتی و بنەماڵەیی دیاریکراو و بەرچاو لە ئیسلامیەت و شارستانیەتی ئێرانی بەر لە ئیسلامیەت رۆڵێکی بەهێز و کاریگەریان هەبوو. چینی سەردەستی کوردان دووچاری توانەوەیەکی بەربلاو هاتن. قەوارەی خێڵەکی کلتوورەکەی پاراستووە. یاخیبوونەکانی سەردەمی سەرمایەداری بە گرانی بەسەریاندا شکایەوە، رێگای لەپێش کۆنەپەرستانەترین رۆڵی دەرەبەگایەتی کردۆتەوە. لە سەردەمی سوڵتان یاووز و قەبوونی

ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بەرەو رۆژهەڵات و نیمچە دوورگەی عەرەبی، کوردان رۆڵێکی پشتگیری و سەرەکییان بینی و بەرامبەر بەمەش ئازادی خێڵەکییان و مانەوەیان بە شێوەی حکوومەتی هەرێمی بەردەوام بوو. پارچە پارچە بوونیان لە دوای شەڕی یەکەمی جیهانی بە دژی بەرژەوەندیەکانیان شکایەوە. ئەگەر چی وەکو ئەندامێکی دامەزرێنەر و ئازادیخواز جێگای خۆی لە رزگاری نیشتمانی گرتووە کە مستەفا کەمال رێبەرایەتی کرد، وەلێ کاتێك سیستەمی کۆماری رژێمی میرنشینی و عەشیرەتی تێکدا، جارێکی دیکە قۆناخی یاخیبوون دەستی پێکردووە، ئەمەش سەبارەت بە خۆیان رێگای لەپێش ئەنجامی ئێجگار تێکدەرانە کردەوە. لەهەمانکاتدا بەهۆی چەمکی نەتەوەپەرستی دەوڵەتی ناوەندی عەرەبەکانی ئێراق و فارسەکانی ئێران، کوردان دووچاری سەرکوتکردنێکی دژوار هاتن. دواتریش کوردان دووچاری شاڵاوێکی مەزنی توانەوە بوونەوە.

لە رۆژگاری ئەمڕۆماندا کوردان وەکو چەوساوەترین گەلی رۆژهەڵاتی ناوین هەوڵدەدەن لەسەر پێ بمێننەوە. سیستەمی پارچە پارچەیی و دەرەبەگایەتی تیرەگەرێتی و خێڵەکی، بۆتە هۆکار و ئەنجامی بەدواکەوتوویی مانەوەیان. بەهیچ جۆرێك نەیانتوانیوە خۆیان لە دەستدرێژییەکانی ناوەوە و دەرەوە رزگار بکەن. ئایدیۆلۆژی نەتەوەپەرستی و ئایینی وەکو گەلانی دراوسێ، لە پێشکەوتنی سیاسیدا رۆڵێکی پۆزەتیفانەی نەبینی. لە کاتێکدا ئایینی ئیسلامی، نەتەوەپەرستی عەرەب و فارس و تورکەکانی وەکو میللەت و نەتەوە بەهێز کرد و کردنی بە خاوەن دەوڵەت، وەلێ بۆ کوردان رۆڵێکی سەرەکی لە تواندنەوە و پلیشاندنەوەیدا بینیوە. کوردان نەیانتوانیوە ئایینی ئیسلامی دەرەبەگایەتی و ئایدیۆلۆژیای نەتەوەپەرستی سەرمایەداری بۆ خۆیان بکەن بە چوارچێوەیەکی میللی، ئەو هەوڵانەی ئەنجامیش دراون لە تاقیکردنەوەی مارژینالێ بەولاوە تێپەڕیان نەکردووە. وەکو گەلێکی پەرێشان و نەدار دەژیت و گەلێکە هەرە زێدە دووچاری خیانەتەکانی شارستانیەت هاتووە. لاوازییەکانی بواری نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی، بەردەوام لەلایەن بەهاکانی دەرەبەگایەتی و عەشیرەتگەرایی لەسەر پێیان رادەگیرێ. نەیانتوانیوە بۆ ئاستێکی بەرزتری نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی گەشە بکەن.

ئەم کورتە پێناسانە داکۆکی لەسەر ئەوە دەکەن وەرچەرخانی دیموکراسییانە تاکە رێگای رزگاربوونە لە رابردوو و رۆژگاری ئەمڕۆشماندا. بە گشتی تێپەڕاندنی نەتەوەپەرستی و ئایین، رووخانی دەرەبەگایەتی و عەشیرەتگەرایی بە شێوەیەکی خێرا، ئەو دیاردە سەرەکییانەن کە دەرفەتی گەشەکردنی دیموکراسییانەی کوردان دەرەخسێنن و زیادی دەکەن. پێوانەکانی شارستانیەتی دیموکراسی کە لە تەواوی جیهاندا دەردەکەوێتە پێش، کاریگەرییەکی زیاتر دەکاتە سەر ئەم قۆناخە.

ناچارکردنی ئێراق لەلایەن تەواوی جیهانەوە بۆ ئەنجامدانی دیموکراتیزەبوون، دیموکراسییەتی ئیسلامگەرایی ئێران، وەرچەرخانی دیموکراسییانەی هاوچەرخی تورکیا، دەبێتە هۆکاری ئەوەی ئابلۆقەکەی چواردەورەی لەجیاتی رۆڵێکی نیگەتیف، رۆڵێکی پۆزەتیفانە ببینن. تەواوی ئەم وەرچەرخانە ناوخۆیی و دەرەکییە گرنگانە، دەرفەت بۆ کوردان دەرەخسێنێ لەمیانەی پێوانەکانی دیموکراسی بۆ یەکەمین جار کێشەکانیان چارەسەر بکەن. بە هەمان شێوە بەخۆشیان لەجیاتی فاکتەرێکی پارچەبوون و یاخیبوون دژ بە دراوسێکانی، لەسەر بنەمای دیموکراتیزەبوون بوونەتە گەرەنتی یەکێتیەکی پتەو. هەرچەندە قۆناخی دیالیکتیکی سەبارەت بە هەردوو لایەن، بەرەو وەرچەرخانی دیموکراسییانە خێراتر بێت؛ ئەوا ئاراستەکردنی کێشەی کورد بەرەو رێبازی چارەسەری دەبێتە ناچارییەك. ئەم رێبازەش رێگای یاخیبوون و پارچەبوون نییە، بە پێچەوانەوە رێبازی ئاشتی و دیموکراسی و تەباییە. کوردان بۆ یەکەمین جارە لە مێژوودا لەگەڵ تەواوی ئەو گەلانەی بە یەکەوە لەگەڵیاندا دەژی، لە هەنگاوەکانی دیموکراتیزەبووندا دەرفەتی هەمئاهەنگی و سەرکەوتن بەدەست دێنێ.

لەم قۆناخەدا مێژوو رۆڵێکی بێ هاوتا دەخاتە ئەستۆی گەلی کورد. ئیتر مانەوەی لەنێو رەوشی سنووورە پارچەکراوەکاندا بووە بە فاکتەرێکی پۆزەتیف. تەنانەت نەگەیشتنی بە ئاستێك کە نەتەوەپەرستی ژەهراوی کردبێت، بووە بە دەسکەوتێك. کاتێك گەلی کورد وەرچەرخانی دیموکراسییانە ئەنجام بدات، ئەوا ئەو گەل و وڵاتەش ناچاری چارەسەری دیموکراسییانە دەکات کە لەگەڵیدا دەژی. لە رابردوودا جوڵانەوەی کورد وەکو ئامرازی پارچەبوون و گەمەکانی دەرەوە دەبینرا، بەڵام ئێستا بە پێچەوانەوە بۆتە گەرەنتی ئاشتی و ئازادی و برایەتی. بۆتە فاکتەرێکی بەهێزی یەك پارچەیی وڵات و بناخەی هەمیشەیی یەکێتی دەوڵەت. ئیتر هەر شوێن و دەوڵەتێکی گەلی کوردی لێبێت پێشکەوتنێك بە بیری مرۆڤدا دێت، کە لەسەر بنەمای ئازادییەکی شەرەفمەندانە و پێوانە دیموکراسییەکان دەست بەکارە. ئیتر چارەنووسی نێوچاوانی کوردان، نەزانی و یاخیبوون و سەرکوتکردن و جینۆساید نییە، بەڵکو دەبێتە وشیاری دیموکراسییانە و کۆمەڵگای مەدەنی گەشەسەندوو و یەکێتی ئازادانە.

کوردان لەمیانەی ئەم ئەرکە مێژووییانەوە دەبنە خاوەنی هەنگاوەکانی وەرچەرخانی دیموکراسییانە، لە ئێران لەژێر سایەی کۆماری ئێرانی دیموکراسی یان فیدراسیۆنی ئێرانێکی دیموکراسییانە، لە ئێراقیش لەمیانەی فیدراسیۆنی دیموکراسییانە دەبن بە زامنی سەرەکی بۆ ئێراقێکی دیموکراسی یان فیدراسیۆنی ئێراقێکی دیموکراسییانە، لە تورکیاش رۆڵێکی سەرەکی لە

ئاواکردنی کۆماری دیموکراسییانە و علمانیەت دەبینن. لە سوریاشدا هەرگیز ناتوانرێ لە خولقاندنی سوریایەکی دیموکراسییانەدا رۆڵیان بچووك بکرێتەوە. واتا کوردە دیموکراسیخوازەکان دەبنە گەرەنتیەکی رێبازی فیدراسیۆنی رۆژهەڵاتی ناوین و هێزی گەلەری بنچینەیی لە وەرچەرخانی دیموکراسی و ئاشتی رۆژهەڵاتی ناوین. هەڵسان بەو رۆڵەی کە مێژوو خستوویەتیە سەرشانی کوردان لەمیانەی جێبەجێ کردنی ئەرکی وەرچەرخانی دیموکراسییانە بە شێوەیەکی رێکخراو و وشیارانە و جوڵانەوەیەکی شایستە بە سەرۆکایەتی ستراتیژی راستەقینە، بە ئاقاری سەرکەوتندا دەڕوات.

لە رۆژهەڵاتی ناویندا گەلانی ئەرمەن و ئاشووری و بە رەچەڵەك قەفقاسی هەن، رۆڵی ئەم گەلانەش هاوشێوەی رۆڵی کوردانە. تەواوی هەلومەرجەکانیش ئەم گەلانە ناچار دەکات وەکو تاکە رێگای رزگاری لەپێناو وەرچەرخانی دیموکراسییانە دەست بەکار بن. بە ئەندازەی گەشەکردنی وەرچەرخانی دیموکراسییانەی ئەو دەوڵەتانەی تێیدا دەژین، دەرفەت و تواناکاری پێشخستنی قەوارەی کلتووری و ئازادی خۆی دێتە ئاراوە. چەندە وەرچەرخانی دیموکراسییانە لە رۆژهەڵاتی ناویندا گەشە بکات، لە بەرژەوەندی ئەواندایە. هەرچەندە ئەم گەلانەی لەلایەنی چەندایەتییەوە سنووردار بن، بەڵام لە ئاستی گواستنەوەی کلتووری و دەوڵەمەندی و هەمە رەنگی وەرچەرخانی دیموکراسییانە، خاوەنی بەهایەکی مەزنە.

کاتێك لەسەر بنەمای ئەم شیکردنەوانە بە شێوەیەکی گشتگیر تەماشای رۆژهەڵاتی ناوین بکرێ، دەبینرێ کە لە گەلێك ناوچەکانی جیهان پاشکەوتووترە. زۆر دوور لە رابردووە مێژوورییە مەزنەکەی بەرێوە دەچێت. لەم مێژووە بێ ئاگایە و تەنانەت بە کەنار ئەم راستینەیەدا دەرباز نابێ کە شایستەیەتی. لەلایەنی هەندێ گروپی مارژینالەوە بەرێوەدەبردرێت کە نە پشت بە بەهاکانی شارستانیەتی ئەوروپا دەبەستێ و نە ریشەکانی رۆهەڵاتی ناوین، لەمیانەی رێبازی سەربەخۆخوازی ساختە و هەرسکردنێکی نزیك بە تەسلیمیەت بەرژەوەندیەکانی خۆیان رێکخستووە. هەرچەندە بە دەگمەن هەندێ رێبەرایەتی دەرکەوتبن کە شایستەی مێژوو بن، بەڵام دوور بوون لەوەی فشار بخەنە سەر پێکهاتەی گشتی. ئەگەر رۆژهەڵاتی ناوین بە شێوەیەکی گشتگیر، رۆشنگەری و رێنسانس ئەنجام نەدات، ئەوا ئاستەمە بتوانێ ئەم تابلۆیە تێکبدات. بەڵام لە حاڵەتێکدا تەواوی جیهان بەرەو یەکێتی هەرێمی و نێودەوڵەتی ئاراستەیان گرتووە، ئەوا هێندە دوور وەستانی رۆژهەڵاتی ناوین لە هەنگاوەکانی یەکێتی و ستراتیژییەکی هاوبەش، لە بەرژەوەندی هیچ وڵاتێك و گەلێکدا نییە. هەروەها مێژووی رۆژهەڵاتی ناوینیش ئەم ئاڵۆزی و پارچە پارچەییە پەسند ناکات، چونکە مێژوویەکە زۆر لە یەکتری نزیکن و هەروەکو بڵێی لەژێر پەیڕەوی یەك فیدراسیۆندایە. هەلومەرجە

ناوخۆیی و هەرێمییەکانی وڵاتە مێژووییەکان، پێبەپێ رۆژهەڵاتی ناوینی دیموکراسییانە دەکەنە ناچارییەك.

له کاتێکدا قۆناخی سەبارەت بە دادگایی دادگای مافی مرۆڤی ئەوروپا دەستپێدەکات، پێشخستنی ئەم شیکردنەوانە بۆ من مانای دیکەش لەخۆوە دەگرێت. لە کاتێکدا لە رۆژهەڵاتی ناوین بەدوای مافدا دەگەڕام، هاتنم بۆ ئەوروپا بە نیازی رێککەوتن بوو لەگەڵ ئەو ئیمپریالیزمەی فشار و گوشاری دەکردە سەرم. هەوڵدان لەپێناو دۆزینەوەی دەرفەت و تواناکاری چارەسەرییەکی ماقووڵانە بە گوێرەی پێوانەکانی دیموکراسییەتی ئەوروپا، لەپێشەوەی ئەوە دەهات کە بەرەو چیاکان سەری رێ بگرم. کە ئەمەش قوربانییەکی زیاتری لەگەڵ خۆیدا دەهێنا. لە راستیدا چیاکان فەنتازیای راستەقینەی خەونەکانم بوون. چڵ ساڵ ئارامم گرت تا لە چیا بگیرسێمەوە. بەڵام چوونێك کە رێگای لەپێش مەینەتی و قوربانییەکی زیاتر لە نێو ریزەکانی هەڤاڵان و گەلەکەمان دەکردەوە، نەدەبوو ببێتە بژارێکی تاکە کەسی. بەرپرسیارێتی و چەمکی ئەخلاقی من رێگای بەمە نەدا. راستە مەزەندەی ئەوەم نەدەکرد لەمیانەی ئەم بۆچوونانەوە گرتنەبەری رێگای ئەوروپا بە تراژیدیایەك ئەنجامگیر دەبێ. هەروەها راستە کە من ئەگەری ئەوەم رەچاو نەکرد کە خیانەت و بەرژەوەندیخوازی بەرامبەر ئەم رەوشە ئۆقرە ناگرێت و بەمجۆرە رادەبێتە سەرپێیان. پێوایان و کێشایان، ئەملا و ئەولایان کرد، دواتر بە خیانەت و سپڵەییەوە منیان فرێدایە وڵاتی هۆڤان لە ئەفریقیا. هەروەکو بانگەشە دەکەن منیان خەڵەتاند و بە کارامەیی بە پاکێتکراویی کردمیان بە دیاری تاوەکو لە ئیمرالی بمخەنە ناو تابووت، بەمجۆرە بەرژەوەندیە شڵەژاوەکانی خۆیان خستە ژێر گەرەنتیەوە.

ئەگەر یاسا هەبێت، ئەوا ئەم رەوشە لەگەڵ یاسای ئەوروپا ناکۆکە. بینینی هەڵوێستی دادگا وەکو پێوانەیەکی ئەوروپا بۆ من بایەخدارترە. بەڵام ئەوەی لەمە گرنگتربوو، بینیم ئەگەر وەکو کەسێکی تەسلیمکار بچوومایە ئەوروپا ئەوا جێگام دەبۆوە. وەلێ من نەمدەتوانی شتێکی بەمجۆرە پەسندبکەم، تەنیا ئەگەر دژە بیرۆکەیەکم بدۆزیبایەوە دەمتوانی پەیوەندی لەگەڵ ئەوروپا ببەستم. ئەمەش تەنیا گرێدراوی خوڵقاندنی دژە بیرۆکەی رۆژهەڵاتی ناوین بوو بەرامبەر بە شارستانیەتی ئەوروپا لەسەر بنەمای پابەندبوون بە بنەما مێژووییەکانی. هەوڵمدا ئەمە شیبکەمەوە و بەدیبێنم. هەرچەندە سنوورداریش بێت لەو باوەڕەدام سەرکەوتنم بەدەست هێنا. لەو باوەڕەدام وەڵامێکی گشتی ئەو بۆچوون و رەخنانەی گەلێك لە دۆستان و هەڤاڵانم داوە کە بەهۆی نەبوونی تواناکاری نەیانتوانی پێمی بگەیەنن. ئەمەش پێویستیەك بوو. هەرچەندە هەندێ کەم و کوڕیش لەخۆوە دەگرێت، بەڵام لەو باوەڕەدام پێویستیەکانی بەرپرسیارێتی خۆم جێبەجێ کردووە.

ئەو بۆچوون و رەخنانەی پێشکەشم کردووە گەوهەری گەلالەی بەرگرینامە لەخۆوە دەگرێت و لە ناو سیستەمی ژووری ئینفرادی لەژێر کاریگەری پیلانگێڕییەکی سەخت و دژوار هەوڵی تەواوکردنی دەدەم. هەوڵدەدەم بەشی دووەمی بەرگرینامەکە ئامادە بکەم. لەم بەشەدا زیاتر هەوڵ دەدەم کێشەکانی پەیڕەوی مێژوویی کوردان و پەیوەندی کورد ـ تورك، چارەسەری دیموکراسی و چۆنێتی پێشکەوتنی پیلانگێڕی و واتاکەی و یاسای ئەوروپا و بەهای دادگایی مافی مرۆڤی ئەوروپا، تاوتوێ بکەم و بگرمە دەست. هەر رەخنەیەکی پێشبخرێت هێزم پێدەبەخشێ. چەواشە نەکردن و هەڵوێستی زانستییانە سەبارەت بەو بابەتانەی تاوتوێم کردووە جێگای بایەخە. زیاتر لایەنەکانی ئەزموون و فێربوونم رەچاو کرد. هەوڵمدا رێچکە و پەیڕەو پێشبخەم. زیاتر پێویستی بەو مێشکانە هەیە کە دەزانن بیر بکەنەوە. ئەو بابەتانەم زیاتر روون کردەوە کە بە گرنگم دەبینی، لەو باوەڕەدام کە ئەنجامێکی ئەرێنی لێدەکەوێتەوە.

لەوانەیە هەندێ هەڵسەنگاندنم سەبارەت بە ئایین و خودا چەواشە بکرێت. بەڵام هەر لە ئێستاوە جەخت لەسەر ئەوە دەکەمەوە لە هەموو شتێك زیاتر سەبارەت بەم بابەتە خاوەن هێز و توانام و سوورم لەسەر قووڵکردنەوەی شۆڕشی ئایدیۆلۆژی. **شۆڕشی هزری** لای من زۆر گرنگ و جێگای بایەخ پێدانە. هەروەها باوەڕیم بەوە هەیە دواتر ئەو ویژدانە گەشە دەکات کە دەزانێ گوێڕایەڵی بکات و ئازادە. تاوەکو شۆڕشی هزری و ویژدانی ئەنجام نەدرێت، ئەوا ئەمە لەولاوە بهێڵین کە ببین بە شۆڕشگێڕ، بەڵکو تەنانەت مرۆڤێکی وریا و بە ئەخلاقیش نایەتە ئاراوە. دەبێ ئاماژە بەوە بکەم کە من ئاسوودەم چونکە وەڵامی هەموو ئەو کەسانەم داوەتەوە کە بە گوێرەی ئاستی جیاوازی خۆیان بە گەلەکەمانەوە پەیوەستدار دەبن.


ئەم هەڵسەنگاندنەم پێشکەش بە قوربانیەکانی ئەم بێ ئامانییانە دەکەم، لە سەرووی هەمووشیانەوە شەهیدانی زیندان. هەروەها تا رادەیەك وەڵامی ئەو کەسانەشم داوەتەوە کە بە شێوەیەکی رەسەن و قووڵ گرێدراوی کەسێتی منن، هیچ لایەنێکی تایبەت بە خۆمم نەماوە و تەنیا ئەوە نەبێ لە هەموو کاتێك زیاتر ببم بە موڵکیان. گەورەترین خۆشەویستی و سڵاوی خۆم پێشکەش دەکەم.

**ـ مرۆڤایەتی سەردەکەوێت!..**

**٢/تەمووزی/٢٠٠١**

**ئیمرالی**

# عەبدوڵڵا ئۆجـ ئالان



پەرەسەندنی کەسێتی تاک، واتای سەرهەلدانی کۆمەڵگای ئازادە.
دەشێ هەندێ جار تاکێکی رۆشنبیر نوێنەرایەتی نەتەوەیەک یا کۆمەڵگایەک بکات. کولتووری گروپ و خێڵ و بەندەیی بە سانایی دەرفەت بە پەرەسەندنێکی بەمجۆرە نادات. کاتێک تاک و رۆشنبیر پێویستیەکانی کاروانیان جێبەجێبکەن، ئەو ئاراستەیە بەدیدێت کە کۆمەڵگاکان بۆ سەدان ساڵ شوێنی دەکەون؛ بەمجۆرەش ئەو کارەی چەندین شەڕ و پارتی ناتوانن ئەنجامی بدەن، ئەو جێبەجێی دەکات.
پێویستە بەردەوام بە بیرخۆمان بێنینەوە کە هونەرمەندان و پێغەمبەران و فەیلەسوف و بیریاران، هەر یەکە و لە قۆناخی خۆی رێنسانس و کاروانێکی رۆشنگەری بوون. ئەو کۆمەڵگایەی رۆشنبیری نەبێت وەکو ئەم قافلە وایە کە رێزانی خۆی لەدەستداوە. لەبەرئەوەی شۆڕشی رۆشنگەری و رێنسانس تاکی هێندە پێویست و ژیانی بۆ کۆمەڵگاکان دەخولقێنێ و خۆشی لەلایەن ئەو تاکانەوە دەخولقێنرێ، هەر بۆیە بایەخێکی مەزن و دەستلێبەرنەدراویان هەیە.